هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٥٠

ساڵی/ ٢٠٠٨ — بەرگی پەنجا

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٠٩

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: ٥٠
چاپی یەكەم: ٢٠٠٩
تیراژ: ٢٥٠
نەخشەسازی: شرمین خضر بهجت
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/٥ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٠٨/١١/٦ ل٣٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/١٢ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٠٨/١١/١٣ ل١١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١١/١٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١١/٢٤ ل٢٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/٢٦ ل٣٠٢


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١٢/١ ل٣٦١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٠٧/١٢/٢ ل٤١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١٢/٣ ل٤٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١٢/٤ ل٥٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٠٨/١٢/٣٠ ل٥٦١



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٣)**

**چوار شەممە رێکەوتی ٥\١١\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٣)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٥

كاتژمێر (١٠،٣٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەرێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەرێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بریاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١٠،٣٠) ی پێشنیوەرۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٥دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو وگفتووگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بەرنامەی كار:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو وگفتووگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای باری كەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

داوا لە ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەند دەكەم، وەكو هەمووجارێك بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەم، لە ئەصلی پرۆژەكە ماددەی ٢٣ بخوێننەوە كە لەوێوە وەستاین، دوایش رەئی لیژنەكان.

**بەرێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

نفقة الزوجة

يوقف العمل بالمادة الثالثة والعشرون ويحل محلها مايلي:

تجب نفقة الزوجة على الزوج، و في حالة يسار الزوجة تكون المسؤولية مشتركة.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەكان لەسەری تكایە، فەرموون لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان لەسەر ئەو ماددەی بیست وسێیە.

**بەڕێز بەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ مەشروعەکەین، هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ڕەئی ئێوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی (١١)ی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کە تایبەتە بە ماددەی (٢٣) لە ئەصڵی یاساکە، کە دەبێت بە ماددەی (٨)ی پرۆژەکە، لیژنەی هاوبەش بە زۆرینەی ئەندامان بە باشیان زانی کەوا ئەو عیبارەیە زیاد بکرێت، اما فیما یتعلق بالمادة الثالثة والعشرين من القانون والتی ستصبح المادة الثامنة من المشروع فان اللجنة المشتركة تؤيدها بالاكثرية بعد اضافة عبارة ﴿ إن رضيت بها ﴾الى الفقرة (١) منها كالآتي:

المادة الثامنة: (يوقف العمل بالمادة الثالثة والعشرين من القانون ويحل محلها مايلي:

١ـ تجب نفقة الزوجة على الزوج وفي حالة يسار الزوجة تكون المسؤولية مشتركة إن رضيت بها، واتە تەنها ئەو وشەیە زیاد کراوە (إن رضيت بها) ئەویش بەزۆرینەی ڕای ئەندامانی لیژنەی یاسایی و ئەوقاف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٣) ئەندامانی لیژنە بە تێکڕای دەنگ، لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەو بڕگەیە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە لەیاسای باری کەسی هاتووە، نەك بڕگەی پێشنیار کراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ڕوون کردنەوەیەکی ئەوێت، ئەصڵی یاساکە، دوێنێش باسمان کرد یاسای باری کەسی کەلە ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە، دواتریش (١٣)جار هەموارکراوە، ماددەکە دوو بەشە، ئەڵێ:

١ـ (يجب نفقة الزوجة على الزوج في حالة عقد الصحيح ولوكان مقيماً في بيت اهلها، الا اذا طلبها الزوج من انتقال الى بيته فأمتنعت بغير الحق).

٢ـ يعتبر الامتناع بحق مادام الزوج لم يدفع لها معجل مهرها او لم ينفق عليها.

ئەوە ئەصڵی یاساکەیە، ئەو پرۆژەی کە هاتووە بۆ هەموارکردن لەلایەن حکومەتەوە دەڵێت، ئەوە ببێت بەیەك فەقەرە لەجیاتی دوو فەقەرە(تجب نفقة الزوجة على الزوج، و في حالة يسار الزوجة تكون المسؤولية

مشتركة) يەعنى نەفەقە لەسەر پیاوە بۆ هاوسەرەكەی لە حالەتێكدا، ئەگەر هاوسەرەكەی ئیمكانیەتی هەبوو، مەسئولیەتەكە موشتەرەك نەبێت، لیژنەی مافی مرۆڤ ئەڵێت ئەصڵی یاساكە بمێنێتەوە ئەو دوو فەقەرەیە، لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەتان وژنانیش دەڵێت پشتگیری لە پرۆژەكە ئەكەین، كە ئێستا خوێنرایەوە، لیژنەی یاسایی و ئەوقافیش ئەڵێن وشەی (إن رضیت بها) بۆ زیاد بكرێت لەكۆتاییەكەیدا، واتە ئەگەر ژنەكە رازی بوو ئەو وەختە موشتەرەك ئەبێت، یەعنی لێرەدا سێ رەئی جیاواز هەیە، یەكەمیان: ئەڵێت ئەصڵی قانونەكە بمێنێت، دووەمیان: ئەڵێت پشتگیری لە پرۆژەكە ئەكەین، سێیەمیان: ئەڵێت وشەی ئەگەر ژنەكە رازی بێت دابندرێت لەكۆتاییەكەدا، لیژنەی مافی ئافرەتان و ژنان ئەڵێن روون كردنەوەمان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز بەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی(٢٣)ە كەمن ماددەیەكی ترم روونكردەوە بەس لێرە ئەڵێین لەدوای وشەی (الزوجة) كەلیمەی (معسرة) زیاد بكرێت و عبارەتی (من حین اجراء العقد الصحیح) ئیزافە بكرێت، بۆ دوای كەلیمەی ( الزوج) عبارەتی( وفی حالة یسار الزوجة تكون المسؤولیة مشتركة)لابرێت، چونكە لەو حاڵەتەدا ماناكەی روون نابێت، ماددەكەش وای لێ بێت نەفەقەی ژنی موعسر، واتە نەدار لەسەر مێرد ئەبێت، لەكاتی گرێبەستی راستەقینە، یەعنی( تجب نفقة الزوجة المعسرة، علی الزوج من حین اجراء العقد الصحیح). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەو كەلیمەی (تكون المسؤولیة مشتركة) كە نەفەقە لەسەر ژنیش بێت، ئێمە ئەمە بە خیلافی جمهوری عولەما ئەزانین، بە خیلافی شەرعی ئەزانین، چونكە نەفەقەی ژن لەسەر پیاو واجبە، موعسر بێت یان موسر بێت، واتە چ نەدار بێت یان خاوەن موڵك بێت، واتە واجبە لەسەر پیاوەكە نەفەقەی بدات، نەفەقە لە ئیسلام سێ سەبەبی هەیە، ئەگەر زەوجیە بێت هەر لەبەر عەقدەكە، چونكە عەقدەكە صەحیحە زەوجیەیە، لەبەر ئەو عیلاقەیە بە كاملی لەسەر پیاوە، ئیحترام بۆ ئەهلیەتی ژن، بۆ شەخصیەتی وی پیاو هی ویلایەتی لەسەر ژن نیە نەبەدەن ، ئەگەر بۆ قەرابەش بێت ئەوە حاجەیە، ئەگەر باوك ماڵی هەبێت یان كوڕ ماڵی هەبێت، نەفەقە واجبە بۆ موڵكیش ئەویش باسی عەبدایە ئەویش نەماوە، لێرە لە زەوجیەت نەفەقە لەسەر پیاوە، واجبی پیاوە، ژن هیچ مەسئولیەتی نەفەقە هەڵناگرێت، بۆیە لێرە ئێمە وای ئەبینین ئەگەر خۆی بە ئیختیاری خۆی ئەو تەبەرووعەی كرد یان تەنازولی لەو حەقە كرد، كە بەشێك لە مەسئولیەتی نەفەقەی خستە سەر شانی خۆی، ئەوە باشتێكی ئیختیاری بێت، ژن

مەحروم نەکەین لەو مافە، ئەمە لە مەسلەحەتی ژندا نیە، ئێستا هەندێجار موشکیلەمان هەیە، پیاو تەداخول لەماڵی ژن ئەکات، ڕاتب وەر ئەگرێت لێی ئەسەنێت، یان نایەڵێ نەفەقە لەسەر شتێکی تر بکات، نایەڵێ تەسەڕوفێکی تری بکات لەسەر ماڵەکەی، ئەمەی بۆ زیاد بکەین وا بزانم زیاتر لەڕووی واقیعی ئەشکالات دروست ئەکەین، من لەگەڵ ئەوەدام کە (إن رضيت بها) زۆر پێویستە، لەگەڵ مەحاکمیش دانیشتووین، لەگەڵ عولەماش دانیشتووین هەموویان ڕەئیان ئەوە بوو، هی یەکێتی زانایانیش، هی ئەوقافیش، هی حوکام هەموویان وتیان پێویستە بۆ ئەوەی شتێکی ئیختیاری بۆ دابنێین، ئەوکاتە جەمعەن بەینی هەردوو ڕەئیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە زۆربەی ئەندامانی لیژنەکەمان، لەگەڵ ئەوەداین نە کەفەقەی ژنی کەم دەرامەت لەسەر پیاو بێت، بەڵام هی ئەو ژنەی کە دەرامەتی باشە هاوبەش بێت، ئەم تێڕوانینەی ئێمە تێڕوانینێکی یەکسانیە بۆ ژن وپیاو، ئێمە کەداوای یەکسانی ئەکەین پێویستە لەماف وئەرکەکانماندا یەکسان بین، نابێ ئێمە داوای هەموو مافێك لە پیاو بکەین، بەڵام هیچ ئەرکێك نەخەینە ئەستۆی خۆمان، ناکرێت ژنێك وەزعی ماددی زۆر لە پیاوەکەی باشتر بێت، بەڵام نەفەقەی هەر لەسەر پیاوەکەی بێت، ئێمە لەم تێڕوانینەوە کە یەکسانیە، کە تێڕوانینێکی مرۆڤ دۆستانەیە بۆ ژن و پیاو، پێمان وایە لەکاتی ئەوەدا کە پیاو بتوانێ نەفەقەی خۆی یان هاوبەشی بکات لە نەفەقەدا، پێویستە هاوبەش بێت تەنها لەو تێڕوانینەوەیە، لە یاسای باری کەسێتی مەغریبیشدا بە هەمان شێوە هاتووە، نەفەقەی ژنی کەمدەرامەت لەسەر پیاوە، هی ژنی دەرامەت باش و دەوڵەمەند بە هاوبەشییە، ئەو پێشنیارەش کە هاتووە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیارە لەهەمان لیژنەدا کە دایان ڕشتووە خەڵکی شەریعەت ناس وخەڵکی شارەزای شەریعەتیشی تێدا بووە، بۆیە پێمان وایە خیلافی شەرع نیە، دووبارەی ئەکەمەوە لە تێڕوانینمانەوە بۆ یەکسانیمان لەماف وئەرکەکانمانەوە ویستوومانە ئەوە جێبەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر چ بنەمایەك ویستوومانە یاسا ئەصڵیەکە بمێنێتەوە، چونکە هەبوون ونەبوون هیچ بنەمایەکی نیە، ستاندارد نیە، ناتوانی بڵێیت ئەوە هەبوونە و ئەوەش نەبوونە، لەبەر ئەو حاڵەتە بۆیە گەڕاینەوە بۆ ئەصڵی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو برای بەڕێزیشم کاک خەلیل ئیشارەتی پێکرد، کە قەزیەی نەفەقە حەقە، واتە حەقی ژنەکەیەو فەرزە لەسەر پیاوەکەی، یەعنی پێویستە ئەو نەفەقەیە بدات، حەتا ئەگەر نەیدات حەقی ئەوەی هەیە، کە ژنەکە بچێتە مەحکەمەو داوای فەرز کردنی بکات لەسەر پیاوەکەی، حەتا ئەوەش کە چەند سالّی ڕابردوو نەیداوە، بۆ ژنەکە دەبڕێتەوە ، مەعنای وایە ڕاستە کەلێرەدا مەسئولیەتی موشتەرەك بەمانای وا نەبێت کە، ئەگەر هاتوو ژنەکە تەنازولی لە حەقی خۆی کرد، یەعنی وتی من ئەو نەفەقەیەم ناوێت، من خۆش ئەبم لەو حەقەی خۆم، بەس زۆر ئیحتیمالی هەیە ئێستا پرسیار بێتە پێشەوە بڵێت ئەو (إن رضيت بها) شتێکی زیادەیە، نەخێر تەحصیل حاصلّ نیەو شتێکی زیادەش نیە، بۆچی؟، چونکە ئەگەر هاتوو ژنەکە خۆی ڕەزامەندیدا لەسەر ئەوەی کە وتی من نەفەقەم ناوێت، دوایی ژنەکە بۆی نیە، بچێتە مەحاکم تەڵەبی چی بکات؟ هی ئەوە بکات کە بڵێ ئەو پیاوە نەفەقەم نادات، چونکە بە ڕێگای ئیسپات، ئیسپات ئەکرێت کە ئەو ژنە لە حەقی خۆی خۆش بووە، بەس بەو کەلیمەی کە وتوویەتی من ڕازیم کە ئەو پیاوە نەفەقەم نەدات، ئینجا تکایە لەبەر ئەوەی کە ئێستاش کەس ڕازی نیە بەوەی کە کابرایەك بچێت داخوازی کچێك بکات، بە ماڵەکە بڵێ من داوای کچەکەتان ئەکەم بەس بەشەرتێك من نەفەقەی نادەم، ئەوە کەس بەو شتە ڕازی نیە، بۆیە داوا ئەکەم با ( المسؤولية مشتركة)نەبێت، چونکە هەموو کەسێك لە کوردستان هەموو ئافرەتێك لە کوردستان ڕاتب و مەعاشی نیە، هەتا بتوانێ ژیانی خۆی دابین بکات، ئەوانەی کە ڕاتبیان هەیە و خاوەنی دەخڵێکن زۆر زۆر دیاری کراون، واتە مەحدوودن، با ئەو حەقە لە ژنان نەفەوتێ، ئەو موعسیرەش بە نەزەری من ئیجحافە لە ئافرەت ئەکرێت، ئەگەر تۆ بڵێیت ژنی موعسر مانای وایە ژنی فەقیر، ئەوەش باش نیە لەقانوندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوەی ئەیەوێت قسە بکات ناوی ئەنووسم فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی کەناویان نووسی نزیکەی ٣٠ کەس ئەبێت، خۆی تەنها لەسەر ئەوەیە کە (المسؤولية مشتركة) بێت یان موشتەرەك نەبێت، بیخەرە دەنگەوە، چونکە کەس ئیزافەی بۆ ناکات، من پێم وایە لە تەعریفەکەدا هاتووە ئەڵێت (المسؤولية مشتركة) با نەیکەین بە شیعرو شانامە، هی وا هەیە ١٦ جوملە ئەڵێت بۆ کەلیمەیەك، دوایی کەلیمەکەشی لێ تێك ئەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا قسەکەت بەجێیە، باشە با ڕوونکردنەوەیەك بدات پەخشان خان، دوایی قسەی لەسەر ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ڕەئیەکان نەشێوێت ورێك بێت، باسی ژن نەکراوە، کە لەسەر خۆی بێت، بەعام باس کراوە، ئەگەر ژنێك موسر بوو یەعنی ئەو زاتانەی کەدانیشتوون ئەزانن (یسار) یەعنی لەناوەندیش زیاترە، مامناوەندی تەنها باسی ئەو حاڵەتە کراوە ڕجا ئەکەم لەقسەکاندا، ئەگەر ئەوە دووبارە ببێتەوە، ئێمە نوقتەی نیزام بەکار ئەهێنین چونکە باسی ژن نەکراوە بەعام، ئێمەش ئەزانین ژنی کوردستان نیسبەتێکی زۆر زۆر کەمی دەخلی هەیە، بەڵام دەخلیشی هەبێت، واتە دەخلێکی وای هەبێت کە موسر بێت، کە ئیمکانیەتێکی باشی هەبێت، هەر لەو مونتەڵەقانەوە کە کوێستان خان ڕوونی کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە فەصڵی دووەم لەماددەی شەش، فەقەرەی سێ هەیە، (الشروط المشروعة التي تشترط ضمن عقد الزواج، معتبرة يجب الايفاء بها) مەسەلەن ژن هەیە دەوڵەمەندەو پیاویش هەیە دەوڵەمەندە، ئەملاکیان هەیە، ئەتوانن وەختی عەقدەکە هەر کەسێك بینووسێت هەتا بڵێن لەحاڵەتێ کە جیابین هەرکەسێك بۆ خۆی بێت، کەس داوا لەوی تر نەکات، ئەتواندرێ ئەمە بنووسرێت، بەڵام ئەمەی کە (إن رضيت بها) ئیزافە بکرێت بەحەقیقەت شەرتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال نوقتەیەکی گرنگی ئاماژە پێدا، ئەویش ئەوەیە لە عەقدەکەدا چ شروتێك ئیزافە بکرێت، ئەوە بەشێك نەبێت لەعەقدەکەو هەموو لایەکیش پێی پابەند نەبن، لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە کە ئەو پیاوە پێی وابێت کە خێزانەکەی دەوڵەمەندە، دەتوانێ مەسروفی خۆی بکات، ئەتوانێ بڵێ با نەفەقە موشتەرەك بێت، یان هاوبەشە یان ئەکەوێتە سەر ژن، ژنەکە وەزیرەیە یان ئەندام پەرلەمانە، پیاوەکە مومکینە کەم دەرامەت بێت یان موچەی کەمە، ئەتوانن ئەگەر شتێکیان هەبێت بۆ دواڕۆژ ئەتوانن لەعەقدەکەدا ئەو شەرتانە بنووسرێت، لەبەر ئەوە من ئیقتراحەکەی کاك بارزان کە ئەڵێت، بەڕاستی زیاتر لە ٣٠ کەس داوای کردووە کە قسە بکات، هەمووشی دوو، سێ جوملەیە، ئەگەر وا بڕۆین مانای وایە ئێمە لەسەر هەر کەلیمەیەك دانیشتنێکی ئەوێت، بەحەقیقەت ئەوە نابێت، ئەگەر ئیجازە هەبێت من پێم وایە وەکو حەلێکی ناوەندی لیژنەی یاسایی ئەو کەلیمەی ئیزافە کردووە، پڕ بەپێستی خۆیەتی (إن رضيت بها)

شتێکە کەحەقێکە ئەوی تریش ئەگەر لیژنەی داکۆکی کردن لەماف ئافرەتان وژنان سەحبی بکەنەوە، چونکە ئەوە ئەتواندرێت داوا بکرێت بخرێتە ناو عەقدەکەوە، ئەو کەلیمەیەش کە لیژنەی یاسایی و ئەوقاف بەزۆرینەی دەنگ لەسەری رێك کەوتوون کە کەلیمەی تەڕازی ئیزافە بکرێت، ئەوە لێرەدا ئێمە هەنگاوێك چووینەتە پێشەوە، یەعنی حەق دانێکە بەژنەکە، کاك شێخ فەتاح دەمێکە دەستی بەرزکردۆتەوە بابزانین چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبداللە نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەباسکرا، وەکو جەنابی دکتۆریش باسی کرد، (إن رضيت بها)جەنابیشت باست کرد، ڕاستە ئێمە لە لیژنەی موشتەرەك ئیتیفاقمان لەسەر ئەو صیغەیە کردووە، بەڵام ڕەئی هەموومان نەبووە، چونکە من پێم وایە ئەو نەفەقەیە لە هەموو نصوصێکی شەرعی واجبی پیاوە، لەبەر ئەوە ڕجا ئەکەم شێوازەکە نەگۆڕدرێت، ئەتوانین ئێمە بە نەوعێکی تر ئەو ئافرەتانەی ئێمە وەکو جەنابیشت فەرمووت، هەمووی ئەندامی پەرلەمان نیە، هەمووی ماعاشی باشی نیە، هەمووی ئیمکانیەتی مالی نیە، لەبەر ئەوە ئێمە با وای لێنەکەین ئافرەت مولزەم بکەین بەو نەفەقەیە، چونکە لە زەرەری ئافرەتە، لەشەریعەتی ئیسلامدا نەفەقە واجبی پیاوە، بۆ ئەوەی مولزەم بێت بە خزمەتی خێزانی خۆی و ماڵ ومنداڵی خۆی، زۆربەی پیاوانی ئێمە بێویژدانن بەحەقیقەت، بەرامبەر بە خێزانەکانیان، پیاوی وا هەیە زۆر بێویژدانانە موعامەلە لەگەڵ خێزان وئافرەتەکەی خۆی ئەکات، خێزانەکەی لێرەیەو خۆی لە ئەوروپا ئەژی، منداڵەکانی و خێزانەکەی دەروەزە ئەکات، لەبەر ئەوە باش نیە ئێمە بیخەینە ناو ئەو قانونەوە، کە نەفەقە بخەینە سەر ئافرەت بە هیچ شێوەیەك، وشەیەکی تر هەیە کەلیمەی (معسرة) نابێ بخرێتە ناو ئەم قانونەوە، چونکە تەئسیرە لە نەفسیەتی ئافرەتی کەم دەرامەت، دووەم: قانونیەن و شەرعیەن من حەز ئەکەم نموونەیەك بۆ جەنابتان بهێنمەوە، (عەبدووڵلای کوڕی مەسعود) یەکێك بوو لەئەصحابی (پێغەمبەر) (ص) زۆر فەقیر بوو ناحیەی مالییەکەی، خێزانەکەی زۆر دەوڵەمەند بوو، حەز ئەکەم خوشکان بیر لەو قسەیە بکەنەوە، خێزانەکەی کە دەوڵەمەند بوو بینی کە عەبدوڵلای مێردی زۆر فەقیرە، چووە لای (پێغەمبەر) (ص) وتی ئەی رسول الله عبدالله زۆر فەقیرە، منیش ئیمکانیەتی مالیم هەیە، ئەمرت بەچیە؟، زۆر بەفەرەحی خۆی فەرمووی (لك اجران: الصله والصدقه) فەرمووی تۆ دوو ئەجرت هەیە، یەکێکیان: صیلەی ڕەحم بەجێ دێنیت، دووەمیش: صەدەقەیە ئەیکەیت بەو پیاوە و بەو ماڵ ومنداڵەت، مەعنای چیە؟، مەعنای وایە بەهیچ شێوەیەك ئافرەت مولزەم نیە بەنەفەقە، ئەوەی کە ئەیکات با بیکات صیلەی ڕەحمە بەجێی دێنێت، یان صەدەقەیە بەو پیاوەی ئەکات، زیاتر ئیلزام کردنی پیاوە بەنەفەقە بەئافرەت، لەبەر ئەوە لەقازانجی ئافرەتدایە، حەز ئەکەم ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا قسەكانی جەنابت لەسەر كەلیمەی (إن رضيت بها) جەنابیشت باش تێدەگەیت، یەعنی موافەقەتی كرد، هیچ شتێك كەیەكێك ڕازی بێت كەسمان حەقمان نیە، بڵێین ڕازی مەبە، لەبەر ئەوە من بۆ حەسمی ئەو مەوزوعە، ئەگەر لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان وژنان پشتگیری لەزۆرینەی لیژنەی هاوبەش ئەكەن، ئەوە ئەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو وەختە ئەگەڕێینەوە بۆ موقتەرەحی لیژنەی مافی مرۆڤ كە ئەصڵەكە بمێنێت، پەخشان خان فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕازین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو موقتەرەحە كەبەزۆرینەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف، وە بەموافەقەتی لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەتان وژنانیش كە ئەڵێت (تجب نفقة الزوجة على الزوج وفي حالة يسار الزوجة تكون المسؤولية مشتركة إن رضيت بها)، دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتێ تەفسیری ئەو قانونە كراوە، كەی وەزیر و ئەندام پەرلەمان و سەفیری ژن هەبووە، ئێستا مەعقولە ئەندام پەرلەمانێك (حەوت ملیۆن ونیو) وەرئەگرێت، مێردەكەی مامۆستایە یان فەرمانبەرە، ئەو پارەكەی خۆی هەڵبگرێت بۆ خۆی و پیاوەكە كە مامۆستایە ئەو مەسرەف بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان ئەوەمان حەسم كردووە، زۆر سوپاس، ئەو صیغەی كە ئێستا هەیە هەنگاوێكە بەرەوپێشەوە، ماددەی دواتر تكایە، فەرموون.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما الفقرة(١) من المادة الرابعة والعشرين فيوقف العمل به ويحل محلها مايلي:

تعتبر نفقة الزوجة المعسرة غير المخلة بالالتزامات الزوجية الواردة في هذا القانون ديناً في ذمة زوجها من وقت امتناع الزوج الانفاق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموون ڕای لیژنەكان بڵێن، لیژنەی یاسایی، د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی ١٣ لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی (أما فيما يتعلق بالفقرة واحد من المادة ٢٤ من القانون والتي ستصبح المادة التاسعة من المشروع فأن اللجنة تأيدها كالاتي:

المادة التاسعة يوقف العمل بالفقرة واحد من المادة الرابعة والعشرين من القانون ويحل محلها مايلي:

١ ـ تعتبر نفقة الزوجة غير المخيلة بالالتزامات الزوجية الواردة في هذا القانون دينا في ذمة زوجها من وقت امتناع الزوج عن الانفاق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ، کاك أسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی ١ لە ماددەی ٢٤ بە هەمان شێوە ئەندامانی لیژنە پشتگیری لە مانەوەی یاسایەکە دەکەن، هەروەها لیژنە پشتگیری لەو دەقە دەکات کە لە یاسای باری کەسێتی دا لە بارەی نشوز ئاماژەی بۆ کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نشوزی پیاو ئاماژەی بۆ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی نشوز لە ماددەی دواترە، ئەوە جیاوازە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ڕاپۆرتەکەماندا لەگەڵ پرۆژەکە بووین، بەڵام ئێستا بە پەیوەست لەگەڵ ئەوەی کە ماددەی پێش ئەوە بڕیاری لەسەر درا، لەگەڵ ئەوەین کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە کە ئەویش هەمان ماددەکەیە تەنها موعسیرە هەڵگیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەش وەکو ماددەی پێشترە، هیچ موشکیلەی نیە، کەواتە موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان پشتگیری کراوە، فەقەرەی ١ لە ماددەی ٢٤ دێتە گۆڕین، لە جیاتی ئەوە دەبێتە (تعتبر الزوجة غير المخلة بالالتزامات الزوجية الوازدة في هذا القانون دينا في ذمة زوجها من وقت امتناع الزوج عن الانفاق) ئەوە مەعروفە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، ئەوەش بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، کاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

يوقف العمل بالمادة الخامسة والعشرين ويحل محلها ما يلي:

١ ـ على كل واحد من الزوجين أن يعامل الاخر بالمعروف ويحسن عشرته ويتجنب الحاق الضرر به.

٢ ـ يقوم الزوجان بالواجبات الزوجية وفق أحكام هذا القانون.

٣ ـ يتعاونان على تسيير الاسرة وحسن تربية الابناء وتصريف شؤنهم بما فى ذالك التعليم والسفر والمعاملات المالية.

٤ ـ يشترك الزوج والزوجة فى الانفاق على شؤون البيت ورعاية الاسرة والاطفال حسب الامكانيات المالية لكل منهما، ويلزم طرف المسير بالانفاق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموون ڕای لیژنەكان بلێن، لیژنەی یاسایی، د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە ١٣ ی ڕاپۆرتی لیژنەنی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف، (اما فيما يتعلق بالمادة الخامسة والعشرين من القانون فان اللجنة المشتركة لاتؤيد التعديل الوارد في المشروع وتقترح احلال مادة بديلة عنها نظراً لان المادة الواردة فى المشروع لا تتضمن احكاما الزامية وتنظيمية وان إلغاء المادة الاصلية تخلق فراغا قانونيا كبيرا للمحاكم بشأن المنازعات والقضايا التى تعرض عليها وتبقيها بلاحلول أو معالجات ولذلك فان اللجنة المشتركة تقترح المادة البديلة التالية لتصبح المادة العاشرة من المشروع وكالآتى:

المادة العاشرة: يوقف العمل باحكام المادة الخامسة والعشرين من القانون ويحل محلها مايلي:

أولاً: يعتبر عدم تقيد احد الزوجين بالالتزامات الزوجية التالية نشوزاً:.

١/ هجر الزوج أوترك الزوجة بيت الزوجية بلا أذن وبغير وجه شرعي.

٢/ تعسف أى من الزوجين في اداء الواجبات الزوجية او الاخلال بها قاصداً الاضرار بالزوج الآخر .

٣/ عدم تهيئة الزوج لزوجته البيت الشرعى المناسب لحالتهما الإجتماعية والاقتصادية.

٤/ منع الزوج او الزوجة من الدخول الى البيت دون عذر شرعي.

ثانياً: على المحكمة ان تتريث في اصدار الحكم بنشوز احد الزوجين حتى تقف على اسباب النشوز وان تستنفد جميع مساعيها في ازالة تلك الاسباب التي تحول دون ذلك.

ثالثاً: يعتبر النشوز سببا من اسباب التفريق بعد مرور سنة على اكتساب حكم النشوز درجة البتات وعلى الوجه الآتى:

١/ اذا كان الزوج هو الناشز فيلزم بنفقة الزوجة طيلة فترة النشوز وفي حالة التفريق بينهما يلزم بدفع المهر المؤجل و نفقة العدة والتعويض المستحق ان كان له مقتضى.

٢/ اذا كانت الزوجة ناشزاً فتحرم من النفقة ويسقط مهرها المؤجل في حالة التفريق بينهما بعد الدخول فاذا كانت قد قبضت جميع المهر الزمت برد نصف ماقبضته، اما اذا كان التفريق قبل الدخول فيسقط المهر المؤجل وتلزم برد ماقبضته من مهرها المعجل.

رابعاً: يعتبر التفريق وفق احكام هذه المادة طلاقاً بائنا بينونة صغرى.﴾

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئێمە تەئیدی مادەی ٢٥ دەکات بەو شێوەیەی کە لە پرۆژەکە هەموار کراوە، بەڵام بە پەیوەست لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەی کە لە دوو ماددەی پێشوو دابوو لە بڕگەی ٤ (ورعاية الاسرة حسب الامكانيات المالية لكل منهما..)، (.....يلزم الطرف المسر) کە ئەوە دەبێت لابردرێت، یەعنی بە ئیرتبات لەگەڵ ئەوە، ئەگەر ئەمە لە دەنگدان دا سەری نەگرت، ئێمە پرۆژەی ترمان هەیە بۆی، یەعنی ئیزافەمان هەیە بۆی، لەگەڵ ئەوەین کە لە پرۆژەکە دا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ ، کاك أسعد فەرموو.

**بەڕێز أسعد شاكر أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی مرۆڤ پشتگیری لەو دەقە دەکات کە لیژنەی هاوبەش خوێندیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەیەکی گرنگە لیژنەی هاوبەش و لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە لەو ماددەیەدا پێی وایە ناگونجێت، ماددەیەکی تریان داڕشتووە کە خوێندیانەوە، دەڵێن ئەگەر بێتو ژن و پیاو بە ئیلتزاماتی هاوسەریەتی کە دیاری کراوە بە ئەوانەی خوارەوە هەڵدەستن و ئیعتبار دەکەن بە نشوز، یەکەم لێرەدا نشوزەکە بۆ ژنیشەو بۆ پیاویشە، نشوز بە مانای چی دێت؟ تەبعەن خەڵك دەزانن، بەڵام لە کوردیەکەی دا بە مانای چیە؟ لە کوردی دا بە مانای یەکەم: خۆ بەشت زان، ناڕازی نەبوون، یاخی بوون، زۆر شت دەگرێتەوە، بەڵام موهیم ئەوەیە کە بە یەکتری ڕازی نین، جا هۆیەکانی هەرچی بێت، غروری بێت، خۆ بەشت زان بێت، ناڕازی بێت لە ئیدارەو ئەسبابی تریشی هەبێت یان نا، موهیم ئەوەیە کەلیمەی نشوز با بزانرێت چیە، لێرەدا نا تەبیعیش دێت کە بۆ هەردووکیانە، بۆ ژنیش و بۆ پیاویشە، شەرتەکانیشی دیاری کردووە و دەڵێت ئەگەر بێتو یەکێکیان ژن یان پیاوەکە ماڵی خۆیان جێ هێشت بە بێ ئەوەی ئیزن لە یەکتری وەربگرن، بە بێ ئەوەی کە لایەنی شەرعی ڕەچاوبکرێت، یەکەم: ئەگەر بێتو یەکێك لەو دوو هاوسەرە قاسر بوو و ئیخلالی کرد بە واجباتی زەوجی خۆی، ئەگەر بێتو پیاوەکە نەتوانێت

لەڕووی مادیەوەو لەڕووی ئیقتسادییەوە دابینی ئموری ژیانیان بکات، ئەگەر بێتو ژن یان پیاوەکە مەنعی یەکتریان کرد بۆ چوونە ماڵ بە شێوەیەکی ناشەرعی، دووەم: لەسەر مەحکەمەیە کە پەلە نەکات لە حوکم دان بۆ جیابوونەوە، لە حاڵەتی نشوزی هەر یەکێکیان، نابێت یەکسەر ببێتە هۆی ئەوەی کە مەحکەمە قەرار بدات تەڵاق بدرێن، دەبێت ماوەیەك یان فورسەتێکیان بداتێ بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکەن و یەکێکیان یان هەردووکیان پەشیمان ببنەوە بگەڕێنەوە لای یەکتری، تاوەکو مەحکەمە لەسەر هۆیەکانی نشوزەکە ئاشنا دەبێت و هۆیەکانی دەزانێت کە لەلای کامیانە، ئەوجا ئەو کات نشوزەکە دەبێتە هۆیەك لە هۆیەکانی پاش تێپەڕبوونی ساڵێك لەوەی کە لەبەر هۆی نشوزەکە لێك دوورن ژن و مێردەکە، پاش تێپەڕبوونی ساڵێك مەحکەمە بۆی هەیە قەراری نیهائی بدات، بەو شێوەیەی خوارەوە کە دیاری کردووە، ئەگەر بێتو پیاوەکە ناشز بێت، پێویستە نەفەقەی خێزانەکەی بدات لە ماوەی نشوزەکە دا، ئەگەر تەڵاق درا بوو و پیاوەگەی سەبەب بوو، ئەو کاتە دەبێت مەهری دواخراو و نەفەقەی عیدەو هەموو تەعویزاتەکانی موستەحەق بە پێی ئەوە دەبێت پیاوەکە بیدات، ئەگەر بێتو ژنەکە ناشز بوو ئەو کاتە مەحروم دەبێت لە نەفەقە و مەهرەکەشی نامێنێت و لە کاتی تەڵاق دانیشی ئەگەر بێتو مەهرەکەی وەرگرتبوو ئیلزام دەکرێت نیوەی بگەڕێنیتەوە، ئەما ئەگەر تەفریقەکە پاش گواستنەوەی بوو، ئەو کاتە مەهرەکەی دەفەوتێت و بۆی ناگەڕێتەوە، هەروەها ئیلزام دەکرێت ئەو شتەی کە وەری گرتووە لە مەهری مونەجەلەکەی بیگەڕێنیتەوە، چوارەم: ئەو تەڵاقە تەڵاقی بەینونەی سوغرایە، یەعنی تەڵاقی نیهائی نیە دەتوانن لە موستەقبەل دا داوا بکەن بە عەقدێکی شەرعی نوێ بگەڕێتەوە، ئەمە دەقی پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش و لیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیری لە ئەوە کردووە، سیغەکەشی زۆر وازحە زۆریش دیارە، هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتووە، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان ئەوان پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەن، ئەو پرۆژەی کە هاتووە و بۆتان خوێندرایەوە کە دەڵێت لەسەر هەر ژن و مێردێك پێویستە موعاملەی یەکتری بکەن بە چاکی و خۆیان دووربخەنەوە لە زەرەر گەیاندن بە یەکتری، دووەم: پێویستە هەردووکیان بە واجباتی بەرامبەر یەکتری هەڵبستن بە پێی قانون، سێیەم: هاوکاری یەکتری بکەن بۆ ئەوەی ئیش و کاریان بڕوات بۆ پەروەردەی مناڵەکانیان و بەڕێ کردنی کاروباری ماڵەکە و خوێندن و سەفەر و هەروەها هەر پێویستیەکی دارایی، چوارەم: مەسئولیەتی ژن و مێردە کە لەسەر ماڵ پارە سەرف بکەن بۆ پێ گەیاندنی منداڵ و پێگەیاندنی خێزان هەر یەکە بە پێی ئیمکانیەتی خۆی، ئەو جوملەیەیان داوا کردووە کە شەتب بکرێت، کە دەڵێت ئەو تەرەفەی کە ئیمکانیەتی زیاترە ئەو پێویستە زیاتر دەفعی بکات و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان هەموو پرۆژەکەی حکومەتی تەئید کردووە، بەڵام دەڵێت ئەوە شەتب بکرێت، وابزانم ئەو شەرحەم بۆ ئەوە بوو نەچینە ناو تەفسیلات، کاك خلیل ئەگەر رزگارمان بکەی لەوەی موناقەشاتەکە بە ئیختساری بڵێ و مەچووە ناو تەفسیلات، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیەی كە لە حكومەت هاتووە لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان تەئیدی كردووە، ئەم پرۆژەیە دەبێتە بەدیلی ماددەی ٢٥ كە ئەمە پرۆژەیەكی یەعنی دەتوانم بڵێم ماددەی قانونی نیە، زیاتر تەوجیهاتە و ئیرشادیەو جانبێكی نەسیحەتە، باشە، بەلاّم لێرە ناتوانی بیكەیە بەدیل بۆ ئەم ماددەیە، لەبەر چەند سەبەبێك، یەكەم: موعالەجاتی تێدا نیە، زۆر مەشاكل هەیە، دەعوا هەیە لە مەحكەمە، یەعنی شت هەیە كە موعالەجاتی تێدا نیە، ماددەی ٢٥ ئەوەی كە ئێستا ئێمە دامانرێشتووە، چەند موعالەجاتی تێدایە، كە موعالەجەی ٥ مەوزوع دەكات، جەنابت باش شەرحی ئەوەت دا لە فەقەرەی یەكەم و مەوزوعی یەكەم مەعالەجەی سقوتی نەفەقە دەكات بە بێ نشوز،مەوزوعی دووەم باسی ئەوە دەكات ئەگەر ژن مل نەدات بۆ پیاوەكە و باسی ئەوانە دەكات، باسی مەوزوعی ئیجرائاتی مەحكەمە دەكات كە چۆن بێت لە مەوزوعی نشوز، مەوزوعی چوارەم باسی ئەوە دەكات كە نشوز دەبێتە سەبەبێك لە ئەسبابی تەفریق، باسی نەتیجەی ئەو تەفریقەش دەكات كە دەبێتە بەینونەی سوغرا، ئێمە ناتوانین ئەوەی لە پرۆژەی حكومەت هاتووە بیكەینە بەدیل بۆ ئێرە، چونكە موعالەجات تێدانیە و فەراغێكی تەشریعی تەواو دروست دەبێت، ئەوەی ئێمە كردوومانە لە لیژنەی قانونی شتێكی باشە، كەلیمەی نشوز ئەگەر تۆزێك تەحەفوز هەبێت یان حەساسیەتێك بەرامبەری هەبێت، لە قورئان شتێكی مەعیب نیە و هاتووە، كەلیمەیەكە نە زەمی تێدایە و نە مەتحی تێدایە، نە موشكیلەیەكە، زۆر موستەڵەح هەیە كە بۆ پیاویش هاتووەو بۆ ئافرەتیش هاتووە، لێرە بۆ هەردووكمان بەكارمان هێناوە، شتێكی تر كە كراوە پێشتر ئەگەر دەرەجەی تەڵەبی تەفریق لە مەحكەمە حوكمی قەتعی وەرگرا بۆ ئافرەت دوای دوو ساڵ ئینجا حەقی داوە داوای تەفریق بكات، بۆ پیاو رەنسەن و موباشەرەتەن، لێرە هەردووكمان وەكو یەك لێ كردووە، ساڵێك بە ساڵێك، دوای ساڵێك تەڵەبی تەفریق هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەرحی موكەرەر ئیفادەی هەیە، ئەو پرۆژەیە، دوو موقتەرەحە، موقتەرەحی یەكەم، سێ لیژنەكەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو مەوزوعی نشوز تەلاّق و نەفەقەو ئەو شتانەی كە هەیە، لە ئوردن قانونێك هەیە ژن و پیاو لە دەرەوەی مەحكەمە ڕێك بكەون بە شاهێدی دوو شاهێد و وەكیلێك خۆیان چۆن ڕێك دەكەون لەسەر ئەوەی كە جیابوونەوەكە ئاسان بڕواو درێژە نەكێشێت لە مەحاكم و لەوانە، خۆیان چوونە ڕێك كەوتوون بە دوو شاهێد و بە عەقدێكی ئسولی دێن لە مەحكەمە تەسدیقی دەكەن، بەبێ تەفاسیلات و درێژەدانی مەحكەمە و سەرئێشەو ئەوانە، حەزدەكەم ئەگەر ژن و پیاو ڕێك بكەون و تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان، ئێمە حاڵەتێك باس ناکەین لە دەرەوەی مەحکەمە، ئێمە باسی حاڵەتی مەحکەمە دەکەین، ئەو حاڵەتانەی کە لە ناو مەحاکمیش دا هەیە یەکجار زۆرە، ئەوەی کە تازەیە لێرە زۆر بە ڕوونی نشوزەکەی روونکردوەتەوە پیاویش دەگرێتەوە، واتە هەردووکیان دەگرێتەوە، ئەوە شتێکی موهیمەو هیچ خیلافی قانون و شەرعیش نییە، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، بۆ ئەوەی ئەوەی کە جاران کەلیمەی نشوز خەڵك پێی وابوو تەنها بۆ ژنە، کە ئەو کاتیش وا نەبوو، بەڵام تێ گەیشتنەکی غەڵەت هەبوو کە دەتگوت نشوز کەئەنەهو ژنەکەی نشوز دەکات، ئێستاکە پیاویش نشوز دەکات و، فعلەن لە ڕووی عەمەلیەوە دەیان حاڵەتی وا هەیە کە لە مەحاکم دا پیاویش نشوزی هەیە، ئەوەی ڕێکخستووە، بەڵام لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان رەئی خۆتان، چونکە ئەوە دوو رەئیە، پێش ئەوەی بیخەمە تەسویت کوێستان خان شەرحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی کە خرایە دەنگدانەوە، ئەگەر پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئێمە داوا دەکەین موناقەشە بکرێت، چونکە هەندێك ئیزافەمان هەیە، ئێمە ئەمڕۆ لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکمان کردووەو کۆمەڵێك ئیزافەمان هەیە بۆ ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوەڵ جار ئێمە دەنگی بۆ دەدەین، ئەگەر دەنگی هێنا ئەو موقتەرەحە نوێیانەی ئێوە باس دەکەین، ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینە سەر موقتەرەحی ئێوەو موناقەشەی ئەوەی بۆ دەکەین، نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعی دەکەم، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هەموو یاساکان دا کە لیژنەکان قسەی خۆیان دەکەن، مەجالی موناقەشە دەدرێت، ئێستا بۆ ئەو دوو ماددەیە کە ماددەی پێشووش مەجالی موناقەشە نەدرا، بەڕاستی ئەوە تەئسیری هەیە بۆ رەئیەکان، با موناقەشە هەبێت، بەڵام بە کورتی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کوردەواری ناشیزە بەکاردێت، نەك ئەو وشانەی کە لێرە دەگوترێت، بەڵام ئەوەی کە دەیانەوێ باسی بکەن بە بەدیل بۆ ئەوە دەبێت ئێستا باسی بکەن و موناقەشەی بکەن، ئەوجا بخرێتە دەنگدانەوە، نەك

پاش دەنگدان، چونکە پاش ئەوەی دەنگدان کرا حەسم دەکرێت، نابێ بەدیلەکە تەقدیم بکەن، دەبێ ئێستا بەدیلیان بڵێن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەی ڕوون کردەوە، دەڵێ ئێمە موقتەرەحی ئیزافیمان هەیە، ئەگەر ئەوەی لیژنەی هاوبەش هێنای ئیزافەمان هەیە، حەقی خۆیانە ئەگەر ئیزافەکە لە شوێنی خۆی دابوو موافەقەتان کرد بۆی هینی دەکەین، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بەڕێزتان دوو پرۆژە دەخەنە دەنگدانەوە، پرۆژە ئەسڵیەکە ئەو تەعدیلەی لیژنەی هاوبەشە، دواتر ئیقتراحی تر دەکرێت و بخرێتە ناو هینەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکە لە ئێستاوە دەڵێت ئەگەر بێتو ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمە ئیزافەمان هەیە، تەبیعیە تۆ موقتەرەحێکت تەقدیم کرد هێشتا بۆ ماددەکە بە عام دوو فەقەرەی تریشی هەیە، ئەگەر موقتەرەحی تازەیان کە دەڵێت ئەوە ئیزافە بکرێت، ئەوە وەرگیرا تەعدیلی دەکەین و دەنگی بۆ دەدەین، باشە ئەوە شتێکی تازە هاتە پێشەوە پێش ئەوەی دەنگی بۆ بدەین، ئەوە حەسم بکرێت باشترە فعلەن، چونکە من زانیم موقتەرەحی تازەیە، دوو ڕەئی هەیە لەسەر موقتەرەحی هاوبەش و ئەوانەی کە خوێندرایەوە، لەسەر کەلیمەی نشوز و لەسەر کەلیمەی ٦ مانگەکە، ئەگەر موافەقەتتان کرد ئەوا دەیخەینە تەسویتەوە، فەرموون، با لەسەر ڕەئی لیژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان و دواتر لەسەر ڕەئی لیژنەی هابەش و ڕەئی مافی مرۆڤ بڵێین، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یەکەم جار نیە، هەر لەم پرۆژەیە کە مەسەلەی فرەژنی خرایە دەنگدانەوە کە موقتەرەحی ئەوەی لەگەڵ وەستانی نەهێشتنی فرە ژنی بوو سەری نەگرت، مەسەلەی فرەژنیەکە دوایی خرایە موناقەشەوە، ئەمەش عەینەن شتە دوو ڕەئیە، یەکێکیان ئەگەر سەری نەگرت، خۆ ئێمە ناچین تەواو بە زدی ئەوەی تر بێت، ئێمەش دەمانەوێت بەشداری بکەین و ئەوەی تریش بەعزێك مولاحەزاتمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕاستە، بۆیە دوو موقتەرەحە کە ئەمەتان قەبوڵ کرد دواتر حەقی خۆیانە موناقەشەی بکەن، ئێستا موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و پشتگیری لیژنەی مافی مرۆڤ کە خوێندمەوە، بەڵێ کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم موقتەرەحی حکومەت بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا یەك موقتەرەح دەمێنێتەوە، ئەو کاتە بۆمان هەیە قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وانییە کاك سەردار، موقتەرەحی تازە موقتەرەحی حکومەت و دوو موقتەرەحی تریش هەیە، موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش تازەیە، موقتەرەحی لیژنەی مافی مرۆڤیش و لیژنەی ئافرەتان و ژنان کە پشتگیری لە موقتەرەحی حکومەت دەکەن، بەڵام موقترەحی تازە هی ئەو سێ لیژنەیە کە ئەو ئەوەڵ جار دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوجا دەچینە لای پرۆژەکەی پێشتر، ئەو ماددەیە کە خوێندمانەوەو شەرحیشمان کرد بە کوردی و کاك خلیلیش شەرحی کرد، بۆیە ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو موقتەرەحەی وەربگرین دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە زۆرینەی دەنگ موقتەرەحەکە وەرگیرا، ئینجا لێرە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان رەئیان هەیە بۆ ئەو پێشنیارەی کە هی لیژنەی هاوبەش قبوڵ کرا، ئێستا لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان، رەئیان هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کە قبوڵ کرا لەلاتان، فەرموون رەئیەکە بڵێن، ئەگەر وەرتان گرت گۆڕانکاری لێ دەکەین و ئەگەر وەریشتان نەگرت ئەوا ماددەکە دەمێنێتەوە، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مەزمون دا تەحەفوزێکی ئەوتۆمان نیە، لە مەزمونی ئەو تەعدیلاتانەی کە راپۆرتی هاوبەشی هەر سێ لیژنە کردوویانە، بەڵام ئێمە رایەکمان هەیە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان دیتیان کە رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و زۆرێکی تر لە خەڵکانی مافی مرۆڤ کە با ناویان نەڵێم، بۆ ئەوەی گلەییم نەیەتە سەر، زۆرێکی تریش لە پیاوان، غەیری ژنان لەگەڵ کەلیمەی نشوز نەبوون، کەلیمەی نشوز کەلیمەیەکە لە قورئان هاتووە لەسەر تەوقی سەرمان، بەڵام ئەو کەلیمەیە بەڕاستی ئیحایەکی داوە بە درێژی ئەو چەند ساڵەی بەکارهاتنی کە ژن یەعنی ناشزە، هەموو دەزانن کە گوتت ناڵێن ژن ناشزە، شتێکی باش نەبووە بۆ ژن، ئەمەیان یەك، مەسەلەی نشوز کاتێك کە ژن ناشز دەبێت، شەرعیەن هەندە سلوکێك تەرەتوب دەکات لەسەر پیاو، کە ژنی ناشز دەشێت لێی بدرێت، هەرچەندە لە یاسای هەرێمی کوردستان، لە قانونی عقوبات، ئەوە لابراوە لە دەورەی پێشووی پەرلەمان، بەڵام ئەوە شەرعەن وایە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین لە جیاتی کەلیمەی نشوز (أو اخلال بالالتزامات الزوجية) زۆر وشە هەیە کە لە قورئان دا هاتووە، بەڵام لێرە لەم قانونە و لە قانونەکانی تردا، یەعنی مەزمونەکەی هاتووە بەڵام مەرج نیە هەمان وشە بەکاربهێنین، خاڵێکی تر بەڕاستی بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵگای خۆمان زۆر زەحمەتە پیاو تەحەمولی ئەوە بکات بە ناشز دەرچێت، پیاویش تەڵاقی بەدەستە لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی بگاتە مەسەلەی نشوز دەچێت تەڵاقی

تەعەسوفی دەکات، بۆ ئەوەش ئەگەر ئەمە هەر وا بڕوات، بەم شێوەیە ئێمە بۆ تەلاقی تەعەسوفی پێشنیاری ترمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك ئەوەی پەخشان خان گوتی و باسی کرد لە تەلاقی تەعەسوفی هەندێك ئیزافەمان هەیە، کە ئێستا ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەو دەسکاریانە بکەین یان نا، بۆ ئەوەی لەو کاتەی کە پیاو ناشزە دیارە ئێمە داوا دەکەین ساڵێك بۆ ژنیش و بۆ پیاویش بێت، دیارە کە لە قانونە ئەسڵەکە دوو ساڵە، کە ژن دەتوانێ دوای دوو ساڵ داوای تەفریق بکات، بۆ پیاویش هەر دوو ساڵە، ئێمە دەمانەوێت ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش کردوویەتی بە ساڵێك بکرێت بە ٦ مانگ لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەگەر ژنێك پیاوەکەی خۆی نەوێت یان پیاوێك کە ژنەکەی خۆی نەوێت لە شەش مانگ دا دەتوانێ قەراری خۆی بدات، بۆ ساڵێك پیاوێك بەدیار ژنێکەوە ببەستینەوە، یان بە پێچەوانەوە ژنێك بە پیاوێکەوە ببەستینەوە، با لەو شەش مانگە قەراری خۆیان بدەن، بۆ ئەو مەسەلەیەی کە دەبێت بە ٦ مانگ ئەم مەسەلانەمان هەیە، یەکەم: بۆ ئەوەی ڕێ بگیردرێت لە هەندێك لەو فێڵە قانونیانەی کە دەکرێت لە ماوەی ئەو ٦ مانگەدا ئەو پیاوەی ناشز دەکرێت بۆی نەبێت کڕین و فرۆشتن بە موڵکەکانیەوە بکات، چونکە دوایی کە پیاو ناشزە دیارە کە ژن مافی هەیە بەسەریەوە، بۆ ئەوەی لە ماوەی ٦ مانگەدا هیچ کڕین و فرۆشتنێك نەکات و ژن بێ بەش نەبێت لە مافەکانی یان ڕابگیرێ یان ئەسەری ڕەجعی هەبێت، مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە ئەو پیاوەی کە وەك پەخشان خان گوتی ناشز دەبێت، ئیجبار بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانم نوقتەی نیزامی چیە لەسەر قسەکانی، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامی من ئەوەیە، کە ئێمە دەنگمان داوە لەسەر ئەو ماددەیە وەکو خوێندرا، کەلیمەی نشوزی تێدایە، دوای تەسویت نابێت بڵێی لابچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، با قسەکانی تەواو بکات، یەکەم شت نوقتەی نیزامی نەبوو، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کە تۆ دەڵێی لە بڕگەیەك دا دوای ساڵێك، یەعنی دوای ساڵێك بۆیان هەیە تەڵەبی تەفریق لە ناو بڕگەیەك کە تەسویتی لەسەر دراوە و ئێستاش دەڵێن ببێتە شەش مانگ، چۆن نوقتەی نیزامی نیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خليل دیارە ئینتباهت نەکرد، نوقتەی نیزامیەکەت وا نەبوو، ئێمە دەنگمان دا و لەبەر ئەوەی گوتمان دەنگ بۆ پێشنیارەکە دەدەین، بەڵام بۆ ناوەرك و تەعدیلاتی دواتر بۆیان هەیەو حەقی ئەوەیان هەیە تەعدیلاتی لەسەر بکەن، نوقتەی نیزامیەکەت لەجێ نەبوو، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ تەئیدی قسەکانی بەڕێزتان ئەوەی فرەژنیش هەر وابووئێمە دوو مەسەلەمان خستە دەنگەوەو دواتریش بڕگەکانی تریشمان دەسکاری کردو هیچ کێشەیەکمان نەبوو، ئەوەش هەر وایە، ئەو پیاوەی کە وەك ئەوەی پەخشان خان باسی کرد ئیجبار بکرێت کە ژنەکەی تەلاق بدات، تەفریقی قەزائی بکات بە بێ ئیجبار، چونکە ئەمە زۆر لەسەر ژن دەهێڵێتەوە، خاڵێکی تر هەیە کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا پیاو ژنی بۆمارە نەکرێت، ئەو سێ، چوار ئیزافەیەمان هەیە دەشکرێت بتان دەینێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ وەڵام دانەوەکەت دەکرێت لەو شەش مانگەدا بۆی نییە ژنی تازە مارە بکات، تەنها بەو شروتەی نەبێ کە بۆی داندراوە و ئەوە شتێکی تەبیعیە، لەسەر کەلیمەی نشوز هەرچەندە من شەرحم کرد، ئەگەر بهاتبا بە تەنیا نشوز خێزانی بگرتباوە من خۆم لام دەبرد، بەڵام کە گوتت پیاو و ژن شتێکی تەبیعیە و شەرحیشمان کرد، ئەو یاسایەو ئەو نشوزە وا بڕوات قەت تەواو نابێت، لە شەریعەتیش دا وا ناوی هاتووە، لێرەش کە دەڵێت پیاو و ژن ئەوە حاڵەتێکی ئیعتیادیە، مادام پیاو و ژنەکە دەگرێتەوە عەدالەتێکی تێدایە، ناحەقی نییە ژن، بەڵام ئەوە دەمێنێتەوە سەر ڕەئی لیژنەکان، خۆی دوو ساڵ بوو وابزانم، ئێستا پرۆژەکە کردوویەتی بە ١ ساڵ و ئێستاش دەڵێن بکرێت بە شەش مانگ، ئەوە دەبێت قەراری لەسەر بدەن، مەوزوعی نشوزەکە ئەگەر ئیکتیفا دەکەن بە ڕەئی من با بیخەینە دەنگدانەوەو ڕەئی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان کە دەڵێت ئەو کەلیمەی نشوزە لابچێت، موفتەرەحی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێن ئەو کەلیمەیە نەمێنێت و لە جیاتی ئەوە ببێتە (الواجبات الزوجیة)، شەرحم کرد کە نشوز بۆ پیاو و بۆ ژنە، لەبەر ئەوەدەنگ نادەم، کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من پێم وایە با زیاتر قسەی لەسەر بكرێت، چونكە نشوز كەلیمەیەكی قورئانیە خوای گەورە باسی ژنی ناشیزە دەكات باسی پیاویش دەكات و دەفەرموێت (وان امراة من بعدها نـشوزا) بـۆ هـەردووكیان هەیـە كـە دەفـەرموێت (وان خفـت شـقاقا بينهمـا وابعثـوا حكمـا مـن أهلـه وحكمـا مـن أهلـها) ئـەوە بـۆ پیـاو، بۆ ئافرەتیش دەفەرموێت (واللاتی تخافون نشوزهم) ئەو كەلیمەیە بۆ هەردووكیان هاتووە، لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەو پێش كـە پـێش ئـەوەی ئێمـەش لـەدایك بـین گوتوویـەتی پیـاویش ناشـیز دەبێـت ئـافرەتیش، جـاری واشـە هەردووكیان ناشز دەبن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونكردنەوەیەت، ئێمە لێرە كە دەنگ دەدەین هەوڵ دەدەین قانونی بێت، پشت دەبەستین بە ئایەتی قورئانی پیرۆز، یەكێك لە دەرەوە نووسیویەتی كەئەنهو ئێمە ڕەئیمان داوە لەسەر ئایەتی پیرۆز، ئەوە بەڕاستی ناحەقیەكەبەرامبەر پەرلەمان و بەو گفتوگۆیانەی لێرە دەكرێت، حەق نیـە كـەس ڕێگـا بـە خۆی بدات بەو شێوەیە ئەو دانیشتنانە بشێوێنێ، پێیان وابـووە ئایـەتی قورئانمـان هێنـاوە و دەنگمـان بـۆی داوە، كەی شتی وا هەیە، جەنابت وات كرد كە ئەوە هین بێت، ئێمە ئایـەتی قورئـانی پـیرۆز دەهێـنین، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر وشەیەكی تر هەیە مانای ئەوە بدات، ئەوە باشە، بەڵام ئەوە ئیستلاحێكی شەرعی و قانونیە ناكرێت لای ببـەین، تەعریفـە عەرەبیەكـە ئەوەیـە (النـشوز هـو استعـصاء الـزوج أو جفـت الـزوج وحـدها) نـشوز حاڵەتێكی نەفسیە لە بەینی یەكێكیان دەبێت یان ژنەكە، ژنەكە مەسەلەن بە قسەی مێردەكەی ناكات بێ موبەرر و بێ ئەوەی سەبەبێك هەبێت، لێی یاخی دەبێت، بە قسەی ناكات و ماڵ بەجێ دیلێ و، پیاوەكەش هەروا بێ ئەوەی سەبەبێك هەبێت و عەیبێك لەو ژنە هەبێت ئاژاوە دەگێڕێت و كێشە دەنێتەوە لە ماڵەوە، لەگەڵ ژنی ناخەوێت و ئەمە موستەلەحێكە ناكرێت نەبێت بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی ئافرەتان و ژنان دەكەم، بۆ دەست نیشانی كردنی ژن و پیاو بـۆ حاڵـەتی نەشاز عەدالـەتێكی تێدایەو هەنگاوێكە بۆ پێشەوە، ڕوونكردنەوەیەكی باشەو هیچ ئەوەیەكی تێدا نابێت، ئەگەر لیژنەی ژنان و ئافرەتان بیانەوێت دەیخەمە دەنگدانەوە، بەڵێ پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە سەحبی ناكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، كاك رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنـەی داكـۆكی كـردن لـە مـافی ئافرەتـان و ژنـان دوو موقتـەرەحی هەیـە، یـەكێكیان ئەوەیـە كـە بـە موستەلەحێكی تر بگۆڕدرێت، دووەمیـان ئەوەیـە گـۆڕینی ماوەیەكەیـە لـە ساڵێكەوە بـۆ شـەش مـانگ، ئـەو دووانە با بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا باشە، ئەگەر نا هیچ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك تـەوزیحم هەیـە، لـە كێشەی فرەژنـی بـەو سیغەیە نـەبوو كـە ئێستا كـرا، ئـەوەی جـەنابت ئێستا ئیشارەت كرد لە بەینی لیژنەی هاوبەش بوو، خرایە دەنگدانەوە و تەسویتی لەسەر كرا، ئەوجا مـەجال درا بە لیژنەی ئافرەتان موقتەرەحی ئیزافی تەرح بكەن، بەو شكلە بوو، نەك بـەو شـكلەی پێشتر، بـە نیـسبەت نـشوزەكە ئەگـەر جـەنابت لـە ئـەوەڵی فەقەرەكە بـەو شـكلە بتگوتبا ئـەوا ئیمكـان هـەبوو فەقـەرەكانی تـر موناقەشە بكرابا، بە قەناعەتی شەخسی خۆم ئەوەی كە تەسویتی لەسەر كرا جێگای موناقەشە نیە، ئەگەر ئیزافەیەك هەبێت لەسەر فەقەرەكە ئەوە جێگای موناقەشەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا كاك شـێروان عـەفوو دەكـەی، ئێمـە موناقەشـەمان بـۆ ئـەوە نـەكردەوە نـە لـە پـرۆژە ئەسـڵیەكەو نـە لـە پرۆژەی پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، بۆ مەناقەشـە و هێشتا موناقەشـەی نـەكراوە ئـەو پێـشنیارەی لیژنـەی مافی مرۆڤمان قەبوڵ كرد، لەبەرئەوە پێشتریش شەرحمان داو گوتمان بۆیان هەیە رەئـی بـدەن، هێشتا دوو رەئیان داوە، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەڵێن ئاخر نوقتەی نیزام، فەموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك كەس دەست بەرز دەكاتەوە مەجالی دەدرێت، هەنـدێكی تـر دەست بـەرز دەكاتـەوە دەڵێی تـەواو، جیاوازی چیە لە بەینی من و برادەرێكی تر كە هەڵدەستەوە قسە دەكات و مـن دەسـت بـەرز دەكەمـەوە هەڵم ناستێنی؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرقەكەی دەزانی چیە؟ فەرقەكەی ئەوەیە لە حاڵـەتی وادا نـاتوانم رەئـی بدەمـە هـەمووتان، مەسئولیەتی سەرۆكایەتی ئەوەیە ئەو مەوزوعەی كە تەرحی دەكات لە توێی قانونی بێت روو دەكاتە ئـەو كەسـانەی كـە

قانونینه، عیلاقەی بە دینەوە بێت قسە دەدمە شێخ و کاك محمد و کاك حسن بۆ ئەوەی نەڵێن شتێکیان کرد دژی قورئان و دژی شەرعە، جەنابت لەگەڵ لیژنەی ئافرەتان و ژنانی و پشتگیریت لە رەئیەکەیان کردووە، ئەوە تەبیعیەو ئێوەش زدی ئەوە نین دەزانم، نا، نا کەسمان نابێت ئەو شتە قبوڵ بکەین کە بە یەکێکمان بگوترێت موحافز کار یان شتی تر، ئەوە شتێکی نادروستە، عەلمانی و نا عەلمانی شتی وانیە، خەڵکێك هەیە نوێنەری دوو حیزبی ئیسلامی تێدایە، لێرە دوو حیزبی ئیسلامی هەیە، من جارێك گوتم (ئیسلامیەکان)کە ئیعترازیان کرد، حەقیشیان بوو، نوێنەری دوو حیزبی ئیسلامین، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی هەیە، پارتی و یەکێتی و شیوعی ونەتەوەیی و تورکمان، هەموویان ئەفکاریان هەیە، سارا خان فەرموو نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعی دەکەم.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئەو قسانە دەکات نیشانەی ئەوە نیە دژی ئایین بێت، ئەگەر ڕێگامان بدەی رەئیەکانمان بڵێین ئێمەش قسە دەکەین و دیفاع دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو روونکردنەوەکانت بڵێ.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە کە لە حکومەتەوە هاتووە زانایانی ئایینی و خەڵکی شەرعی تێدابووە، باسی نشوزیشی تێدانیە، شتێکی وانیە کە ئێمە بڵێین نشوز نەمێنێت، لەگەڵ ئایینی ئیسلام نین، بەڵام کە پێناسەی هاوسەگیریمان کردووە (گرێبەستێکی ڕەزامەندە) وشەی نشوز هیچ لەگەڵ ئەو پێناسەیە نایەتەوە، بەڕاستی کۆمەڵگا گەشەی کردووە با ئێمە لەگەڵ ئەو گۆڕانانە بین، وەکو دەنگ نادەن بە پرۆژەی حکومەت بە داخەوە کە پرۆژەیەکی زۆر پێشکەوتووە، دەبوایە لیژنەی ژنان روونکردنەوەی دابا لەسەری، وەکو چۆن یاسایی و هاوبەش دیفاعیان لە پێشنیارەکەی خۆیان دەکرد، ئەو دەبوو زیاتر دیفاعی لە پێشنیارەکانی بکردبا بە بێ روونکردنەوە خرایە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لە ئێمە گوتی ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ژنان دژی ئایینە؟ تۆ ئەو تۆمەتە داوێیە سەر ئێمە، لەگەڵ ئەو قسەیە نیمە تەبعەن جوملەیەکیان گوتووە کە ئەویش عەینی شتی گوتووە، خۆ پرۆژەکە لە حکومەت نشوز لاداوە، کەس ئەو قسەیەی نەکردووە کە ئەو موقتەرەحە دژی ئایینە، بە عەکسەوە عەینی مەفهومە، بەڵام مادام بەو شکلە شەرح کراوە و دەشگونجێت لەگەڵ شەریعەت دا، ئەمەش وەری دەگرین، کەس ئەوەی نەکردووە، کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە زۆر موهیمە، ئەو وشەیەش زۆر زۆر وازحە كە نشوزە، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان وژنان پێشنیاری خۆیان كرد، با چوار یان پێنج بێت، جەنابت تەحدیدی بكە، كە قسە بكەن و بیخە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەردوو موقتەرەحەكە بخە دەنگەوەو برایەوە، یەكە یەكە بیخە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ نشوزەكەیە و كێ لەگەڵ ماوەیەكە و كێ لەگەڵ ساڵەكەیە؟ ئەوە دەبڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە قسەی تۆ بكەم سارا خان ئیعتڕازی ئەوەی كرد، كە بە نوقتەی نیزامی ئەو ئیعتڕازەی كرد، پێش ئەوە دەمویست بیخەمە دەنگدانەوە ئەو ئیعتڕازەی كرد، قسە دەدەم بە دوو كەس قسە بكەنن كاك ئارێز و كاك شێخ قسەی بكەن، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێزسۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێكی تر دەگەڕێنەوە سەر تەعریفەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نا، نا تەنها لەسەر ئەوە بێت نشوز هەبێت یان نا؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆچی تەئیدی ئەمانەكەی دەكەم، خۆ دەبێت كە تەئیدی دەكەم دەبێت ئەوەی تر قەناعەتم پێ بكات، ئەگەر من پێم باش بێت ئەمێنێت، لە بیدایەتەوە گوتوومانە كە مەسئولەیەتێكی موشتەرەكە و خۆشەویستی و رەحم و بەزەیی دادەمەزرێت، باشە كە تۆ ئەو خێزانەت هێنا و داوات كرد بەو هەموو مەرجە كە بە یەكتری ڕازی بوون، كە گەیشتنە ئەو نوقتەیە یاخود بڵێی ئەم دوانە نەیانتوانی پێكەوە بژین، ئیتر ئیتیهام بكرێت بەوەی كە بە قسەی منت نەكرد و تۆ ناشزی، تۆ تاعەتی منت نەكردووە، یەعنی من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە چ بۆ پیاو چ بۆ ژنیش عیلاقەی هەیە بەسەو شێوازی فێركردنی خێزان، بۆچی ئەوە بخرێتە چوارچێوەی ئەوەی بە پیاوەكە بڵێت تۆ بە قسەی منت نەكرد، پیاویش بە ژنەكەی بڵێت تۆ بە قسەی منت نەكرد، ئێمە لێرەوە دەڵێین هەیبەت بگەڕێنینەوە بۆ خێزانەكان، ئەوەی كە هەر

کەسە لەسەر شانیەتی با بیکات، لەوە وە با سەرچاوە بگرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەداین ئەوە لابرێت ئەو ماددەیەو ئەوەی حکومەت کاری پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە ئەسڵی ژن هێنان و لە بیدایەتی هاوسەریەتی کە داوایەکە دەکرێت بە زمانی گوڵە، جا ئێمە ئێستا زمانی خۆمان زمانی کوردیە ئەگەر ئەو شتە بە زمانی کوردی بڵێن کەلیمە نیە، باشە ئەگەر بە زمانی کوردی وشەی نشوز بڵێین ئیعتیادیە وەك لەوەی لە عەرەبیەکە دایە، چی تێدایە؟ زۆر نسوسی قورئانی هەیە بەکاری ناهێنین و هیچیش نەبووە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا پرسیارێك لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، لە دائیرەی ئەو پەڕی ڕێزو حورمەت بێت، داوای لێ بوردن دەکەم ئەگەر پرسیارەکەم هین بێت، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم بە تایبەتی لە سەرۆکی پەرلەمان ئایا بە دەنگ دان بە کەلیمەی نشوز کە کەلیمەی قورئانی پیرۆزە، بەوەی بمێنێت یان نەمێنێت ئەمەیان دروستە؟ حەقی خۆمە بپرسم بەس ئەشکال دروست نەکەن، حەقی خۆمە وەکوموسوڵمانێك و وەکو ئەندام پەرلەمانێکیش ڕەئی خۆم دەربڕم، حەتمەن لە کەسی ناکەم تەنها لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەم، قورئانی پیرۆز کە کەلیمەی نشوزی بەکارهێناوە، ئێمە وەکو موسڵمان باوەڕمان هەیە، گەلی کوردستان وەکو موسڵمان کە لە ٩٨٪ ی موسڵمانە، ئێستا ئەو کەلیمەی نشوزە کە کەلیمەیەکی قورئانە بەو برادەرانی کە ڕەئیشیان لەسەری نیە، هەموو دەڵێن موسڵمانین، بەڵام بۆ ئیستفزازن بە وشەی نشوز؟ بە ڕاستی ئەو ئیستفزازە ناپەسەندە، کە ئیستفسارێ زۆر هەڵدەگرێت، تەمەنای ئەوە دەکەم کە ئەو جۆرە ئیستفسارانە بۆ پەرلەمانی کوردستان نەکرێت، چونکە الحمدلله ٩٨٪ ی موسوڵمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جێی قبوڵ نیە لە حەقیقەتدا، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەستوری هەرێمی کوردستانمان هێشتا پەسەند نەکردووە، دەستوورێك هەیە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەستورە کاردەکەین، سێ بنەما هەیە بۆ دەرکردنی هەر یاسایەك کە ئێمە کاری لەسەر بکەین ئێستا ئێمە

لەبیرمان نەچێت،سێ بنەماکان دیارن،بنەمای ئەوەی لەگەل پرێنسیپەکانی دیموکراسی ناکۆك نەبێت، بنەمای ئەوەی کە ئازادی مافی تاکە کەس کەلەم دەستورە هاتوە ناکۆك نەبێت لەگەلّ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام ناکۆك نەبێت،بەراستی خەریکە وایلێدێت لە گەلّ دوو بنەمای پرێنسیپەکانی و ناکۆك لەگەلّ ئەوە تەنیا لەبیرمان دەچێت لەگەلّ ئەوە،تەنیا وادەبێت یەك بنەما لەبیر دەمێنێت ئەوە یەك، دوو من حەز دەکەم بەبیر برادەران بێنمەوە، یەکێك لەسەرچاوە سەرەکیەکانی یاسا تەنیا یەك لە سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامە، برادەرینە ئێمە نە خەلافەتی ئیسلاممان هەیە، نە ئێرەش حوجرەی فەقێیانە ٢٤ سەعات خەریکی شەرح کردنی ئەو ئایەت و ئەو ئایەتین، ئەوە دەخوێنین دەلێن غەلەتت کرد، ئەو دەلێت وات کرد، بۆ وات کرد؟ ئێمە حەز دەکەم زۆر بە وازحی قسە لەسەر ئەو مەسەلە بکەین،کەلیمەیەك لە قورئاندا هەیە پیرۆزە، من موسلّمانم خۆشم پێ لەهەموو ئەو کەسانە موسلّمانترە کە بەناوی ئیسلامەتی قسە دەکەن بە دلّنیایەوە، خۆم پێموایە، ئومێدیش دەکەم وابم لای خوای گەورە ئەوە یەك، کەلیمەیەك لە قورئاندا هاتوە پێی دەلّێن نشوز، نابێت لابدرێت، من پرسیارێك دەکەم برادەرینە ئایا هەر کەلیمەیەك لە ناو قورئاندا هەبێت پیرۆزە، ئایا کەلیمەی کەر لە قورئاندا هاتووە حەیوانێکی پیرۆزە ؟ ئایا سەدان کەلیمەی تر هاتووە بیئسەو نازانم چی ئەوانە پیرۆزن،جەنابی سەرۆك من چوار کتێبم هەیە، سەدان نووسینم هەیە بە عەرەبیشم نووسین هەیە، هەتا ئەو قانونەم لەو یاسایە نەخوێندۆتەوە نەمزانیوە نشوز چیە،حەزەکەم پێتان بلّێم لە کوردەواری نشوز دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتیە، ئەوەی ئێستا دەلّێی نشوز، دەلّێن تۆران، غەزرین، ڕۆیشتن هەموو ئەو وشانە لە کوردیدا بەلامەوە سەیرە خەلّك پێیوابێت نشوز دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتیە، لە کوردستان وای پێدەگوترێ و لەوێ وای پێ دەگوترێ، ئەوە یەك، دوو ئێمە دوو پرێنسیپمان هەیە کاری لەسەر دەکەین، جەنابی سەرۆك لەناو ئەو پەرلەمانە پرانسیپی دیالۆك، گفتو گۆ ، پرێنسیپی دەنگ دان، ئیتر پێویست ناکات ئەو هەموو ئیتیهام کردن و ئەو هەموو پەنا بردن بۆ ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی کاك دکتۆر، فەرموو دانیشە، ئێمە قسەمان داوە بە تۆ تەعلیق نەدەی لەسەر برادەرێکی تر، بۆ ئەوەیە کە لەسەر ئەو موقتەرەحە قسەی بکەی بەلّێ کاك حسین رشید فەرموو.

**بەڕێز حسین محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکەس قەبولّ ناکەین لێرە ئیهانە بە قورئان بکرێت یان بلّێت هەرچی کەلیمەیەك، هەموو کەلیمەیەك موقەدەسە،بۆ مەجلیسیش نابینین کەلیمەی قورئان بلّێتن هەمووی موقەدەس نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قورئان پیرۆزە، موقەدەسە، ئایاتەکانیش موقەدەسە بەلاّم کەلیماتی کە لە قورئاندا هاتووە چوار، پێنج مەعنای هەیە.لێی هین دەکاتەوە شەرحی دەکات و شی دەکات،ئەو تەوەرە وازی لێبێنن ، ئەو تەوەرە تەواو براوەتەوە، جوابی درایەوە، پێشمان وتن کاك محمد فەرەج ئاخیر کەس قسە دەکات.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دەزانم موناقەشەکان علمی نین، یان بڵێین قانونی نین زۆرترسیاسی و ئەوانە تێکەڵ دەکەین، یان فکرە ئایدە لۆجیە بەڕاستی، من پێم باشە کەس قسە لەسەر قسەی خەڵکی تر نەکات، سەرۆکایەتی هەیە فەقەت مولاحەزە ئەدا لەسەر قسەی من ئەگەر باشم نەووتوە یان ئەگەر باشم وتووە تەئیدم ئەکات،بەڕاستی ئەم هینە هەڵگرین ئەم ڕەوشە، داوا دەکەم وەکو سەرۆکی پەرلەمان هەرکەسێك تەعلیق لە یەکێك بدات، ئەوە لە پەیرەوی ناوخۆ نابێت، هەرکەسێك تەعلیق لەسەر قسەی خەڵك دەکات دەبێت بیوەستێنیت، ئەوە ئەو ڕەوشە لابەین،من لەسەر ئەمە قسە دەکەم،ئەم کەلیمەیە کەلیمەی نشوز ئەگەر ئێمە بە عەرەبی قسەمان نەکردایە ئێستا بەکوردی قسەمان لەسەری ئەکرد، بەڵام داخەکەم ئەسڵی پرۆژەکە بە عەرەبی هاتووە، ئێستاش ئەو کەلیمەیە ئێمە بەحسی لێوە دەکەین، ئەم کەلیمە لە قانونا تەعریف کراوە بۆتە موصتەلەح،بۆ پیاویش بریتیە لە چی بۆ ژنیش بریتیە لە چی،بۆ ژن بریتیە لە (استعصت علیە) یەعنی زال بوو بەسەر پیاوەکە ، یەعنی بەگوێی نەکردووە (أبغضتە وخرجت عن طاعاتي فترکت) یەعنی پیاوەکە چیە، (ضربها وجافاها وأضر بها) یەعنی لە قانون نشوز تەعریف کراوە، بەس ئیخلال تەعریف نەکراوە، تۆ ئێستا ناتوانی کەلیمەی ئیخلال بێنی، کێ مەعنای ئیخلال تەعریف دەکات،خۆ دەبێت لە ڕووی قانونیەوە بێی جارێکی تر تەعریفێکی بکەی، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو کەلیمە هەر کەلیمەیەك لەبەر ئەوەیە لە ڕووی قانونیەوە بۆتە موصتەلەح تەعریفی کردووە هی پیاو چۆنە هی ژن چۆنە، بەس ئیخلال ناتوانێت ئەوە دروست بکات، چیە یەعنی چیە ئیخلال؟ لەبەر ئەوە داوا دەکەم یەعنی بیخەیتە دەنگ دانەوە ئایا ئەم کەلیمەیە بێت یان نەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبا من پێش ئەوەی حەسمی ئەو مناقەشاتانە بکەم تکاتان لێدەکەم هینو ئەوانە،ئەوەلەن پرۆژەکە ڕەئی خۆم دەڵێم بەناچاری لەبەر ئەوەی زۆر هینە، پرۆژەکەی کە تەقدیم کراوە لەلایەن هەردوو لیژنەوە لیژنەی مافی مرۆڤیش، پرۆژەیەکی مەدروسە و قانونیشە، بەتایبەتی عەدالەتیشی تێدایە، باسی ژنیش دەنووسێ باسی ژنیش دەکات و ئی پیاویش دەکات،لە عەینی کاتیشدا ئەو ئەمانی نشوزەکە بەمانای عەکسەکەوە نیە، لەبەر ئەوەی کە لەلایەن حکومەتیشەوە هاتووە دیراسەت کراوە، لەوێندەریش پیاوی ئاینی تێدا بووە ماموستایانی ئاینی تێدابووە،مامۆستای زانکۆی تێدابووە،پێشتریش قەرارات دەرچووە بۆ لابردنی ئەو نشوزە، کە بە واجباتی زەوجی شتەك نیە، بەڵام ئێمە لێرە موناقەشەی ئەوە ناکەین، ئێمە فەقیە نین لێرە، دوو موقتەرەح (پرۆپۆزەڵ) هەیە لێرە، ئێستاکە لیژنەی مافی ژنان و ئافرەتان دەڵێت ئەو کەلیمەیە بگۆڕێت ببێتە واجباتی زەوجی، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی ژنانە دەستی بەرز بکاتەوە ؟ ٣٠ کەس لەگەڵ دایە، سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟٣٠ کەس لەگەڵ دانیە، سوپاس ، من لەگەڵ لیژنەی قانونی و مافی مرۆڤم، جارێکی دیکە دەیخەمە دەنگدان و ئیعادەی دەکەینەوە مادام ٣٠ بە

۳۰، من لەگەڵ لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤم،کاك کەمال داوای دەکات ئیعادەی بکەمەوە، کاك کەمال گوتی دیارە لە ژماردن تەدقیقت نەکردیە، مادام شکوك کەوتە سەر ئەوەی کە تەدقیق نەکراوە لەسەر ژماردن وتمان ۳۰ بە ۳۰ یە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەصویت کرا و مەتەعادیل بوو، جەنابت ئەو وەختە تەدەخول دەکەی کە موتەعادیل بوو، مەعنای وایە کەسی دیکە تەصویت بکات قبوڵ ناکرێ ئەوجا مەوقیفی جەنابت دیاری بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال لە مینەصە دانیشتووە، ئەندامی سەرۆکایەتیە و جێگرە، گوتی پێم وایە باشت نەژمارد، حەقی تەبیعیە کە شکوکێك بخرێتە سەر ئەوەی کە باشم نەژمارد، هەر چەندە خۆی وەکو من دەنگی بۆ ئەوە داوە، بۆ مانەوەی ئەوە بداتن، بەڵام ئێستاکە جارێکی دیکە دەیژمێرمەوە، ئێستا پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش و لیژنەی مافی مرۆڤ قبوڵ کرا، پاش ئەوە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان داوای کرد، دوو موقتەرەحی هێنا یەکێکیان ئەوەیە کەلیمەی نشوز نەمێنێ و لە جیاتی ئەوە ببێتە واجیباتی زەوجی، ئەو موقتەرەحە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ چیە نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز ملاسعد الدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نوقتەی نیزامەکەم ئەوەیە، لە لای ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، عەرەبیەکە مەقصودە یان کوردیەکە؟ ئەگەر کوردیەکە مەقصود بێت، یەعنی ئەو تەصویتە شتێکی زیادە، چونکە هەر ئەو نشوزە کەلیمەکە دەگۆڕدرێ و دەبێتە کوردی و تەسویتەکە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی راست دەکەی، بەڵام ئێمە لێرە قانونەکە عەرەبیە، مادەم شکوکیەت هەیە لە دەنگدانەکە، موقتەرەحی لیژنەی ژنان و ئافرەتان دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی با دەستی بڵند بکاتەوە، جارێکی تر دەژمێرمەوە، ئەوە ۳۵، دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ وەختێکی تر، فەرموون.

| عونی کمال بزاز | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| --- | --- | --- |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |
| بەوەکالەت | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٤)**

**پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٦**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٤)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٦

کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی کمال بزاز سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٦دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

داوا لە لێژنەی پەیوەندیدار دەکەم، ئەو بەڕێزانەی کە لەو شوێنە دانشتوون، ئەمڕۆش بێن دانیشن فەرموون، وەك هەمیشە بەخێر هاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، کاك (سعد)یش کە دوێنێ غائیب بوو، ئەمڕۆکە بەخێر بێت، ئیتیفاقمان کردووە کە من قسە دەکەم، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو قوتابیانەی کە ئەم ساڵ لە ناوەندەکانی وەرگرتن وەرنەگیران لەبەر زۆری ژمارەی دەرچووانی شەشەمی ئامادەیی، ئەمڕۆ هاتوونە بەردەم پەرلەمان، ئێمەش وەکو لێژنەی پەروەردە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ کاروباری قوتابیان کۆ بووینەوە بەیانی، پێویستە جەلسەیەکی زۆر بە پەلە ساز بکرێ لە پەرلەمان بە ئامادە بوونی وەزیرانی بەڕێز خوێندنی باڵا و پەروەردە و کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلان دانان، ئایا بەرنامەی حکومەت چیە بۆ ئەو قوتابیانە؟ نزیکەی دە هەزار قوتابین لە زانکۆکانی خۆمان مەحروم دەکرێن و ناتوانن بچنە ئەو زانکۆیانە، ئایا بەدائیل چیە

بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی ئەو قوتابیانەی کە ئەم ساڵ دەرچووینە و لەسەر شەقامەکان ماونەتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئێوە لەگەڵیان دابنیشن، دەتوانن تۆ و سۆزان خان لەگەڵیان دابنیشن و بزانن داواکاریەکانیان چیە؟ دوایی پێمان بڵێنەوە، ئێستا لێرە هاتوون و مەشغولیان بن، دانیشن راپۆرتتان بنووسن، دەتوانن هەردووکتان بڕۆن، دانیشن لەگەڵیان؟ بەڵێ هالە خان فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رەئیەکەی نازناز خان دەکەم، بەراستی دە هەزار کەس لەسەر جادده مانەوە، پێویستە ئێمە هەڵوێستێکمان هەبێ، کێشەکە بەو ئاسانیە نیە، پێویستە نوێنەری حکومەت وەکو وەزیری خوێندنی باڵا و پلان دانان و کۆمەڵایەتی و پەروەردە ئامادە بن بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو کەسانە بدەینەوە، لەبەر ئەوەی هەموویان وا دەڵێن کە ئایندەیان دیار نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمالیش چاوی بە خوێندکارەکان کەوتووە، دەکرێت ئەو داواکاریەی ئەوانیش لەگەڵ حکومەت قسەی لێ دەکەین و دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دەکەین، هەموو ئەو داواکاریانە ئەوانیش تێگەیشتوون، دێینە سەر مەوزوعی خۆمان، من حەز دەکەم دوو قسەی لەسەر دانیشتنەکەی دوێنێ بکەم، بەراستی خۆم دڵگران بووم بە بەڕێوەچوونی دانیشتنەکەی دوێنێ، چەند مەبدەئێك هەیە دووپاتی دەکەمەوە، سێیەم جار، چوارەم جار، لە موستەقبەلیش هەر دەیڵێمەوە، من لەوە دڵنیام کە هەر یەك لە ئەندام پەرلەمانێك زۆر دڵسۆزە بۆ ئەوەی یاسایەك کە دەردەچێ بۆ کۆمەڵگاکە سوودی هەبێت، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی راستیەکان بێت و واقیع بێت، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتن بێت لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، لە پرۆژەی دەستووری خۆمان، لەبەر رۆشنایی رێزگرتن لە ئایین، رێزگرتن لە ماق مرۆڤ، رێز گرتن لە دیموکراتیەت، ئەمانە هەمووی دەبێ لە پێش چاومان بێت، بەتەئکید تێگەیشتن و رۆشنبیری هەر ئەندامێك جیاوازی هەیە لەوەی تر، بەڵام هەر یەکە و لە دیدی خۆیەوە پێی وایە هەموو راستیەکان لای ئەوە، هەموو حەقائیق لای ئەوە، هەموو قانون لای ئەوە، حەقە هەندێ جاریش مەجال بدەینە خۆمان لە مەسەلەیەکی تایبەتدا خەڵکانێکی پسپۆر و شارەزای ئەوە مەسەلەیە زیاتر بایەخ بە رەئیەکانیان بدەین، مەسەلەیەکە کە هی ژنانە، لێژنەی داکۆکی کردن لە ماق ژنان زیاتر قسەی لەسەر بکات، لێژنەی یاسایی زیاتر قسەی لەسەر بکات، ئەو لێژنانەی پەیوەندیدارن، ماق مرۆڤە، ئەوقافە، هەر یەکە و لە رووی هێنەوە پەیوەندیدارە و ئیشی سەرەکی ئەو لێژنانەیە کە پرۆژەکە لە ئەسڵدا ئاراستەی ئەوان کراوە، کە دێین لێرە بۆ گفتوگۆکردن لەسەری هەر ئەندامێك ئازادە و حوریەتی خۆیەتی رەئی بدات، بەڵام پێی وا نەبێت ئەو رەئیەی کە ئەو دای هەموو حەقیقەتێکە، هەمووی راستیەکە، ئەوەی موقابیلەکەی ناحەقە و هەندێ جار بە بێ ئەوەی

ویستی ئەو برادەرە بێت کە قسەی دەکات، مومکینە وا تەفسیر دەکرێ کە عەکسی ئەوەی ترە، جا من لێرەدا بە تەئکید تەئکید دەکەمەوە کە ئەو قسانەی کە ئەو رۆژە کران هەمووی لە ئیتاری حیرسەوە دادەنێم بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەند بکرێ، چ ئەوەی کە بە ئیتیجاه قسەی کردووە و چ ئەوەی بە عەکسەکەی قسەی کردووە، رەنگە لە دۆزینەوە وشەدا فەرق بکات، بەڵام هەردوو لا مەبەستیان ئەوە بووە کە یاسایەك دەربچێ بۆ بەرژەوەندی خەڵك بێت و بۆ پێشکەوتن بێت و بۆ رێز هێنان بێت لە ماڧ ژنان و بۆ یەکسانی بێت، لە هەمان کاتیشدا لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی دەستووری هەمیشەیی بێت و لەبەر تێگەیشتنی کۆمەڵگا بێت و رێز گرتن بێت لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز، ئێمە شتێکی تازەمان نەهێناوە و چەند جار باسم کرد، ئەو پرۆژەیە کە موناقەشەی دەکەین و باسی دەکەین، یاسایەکە پەنجا ساڵە پەیرەو دەکرێ لەو هەرێمە، قیود لەسەر فرە ژنی ئێمە دامانەناوە، فرە ژنیش ئێمە دامانەناوە، یەك پێمان دەڵێ فرە ژنیتان سەپاند، فرە ژنی لە قانونەکە هەیە، یەك پێمان دەڵێ سنوورداری کرد، سنووردارییەکەش لە قانوندا هەیە، ئێمە هاتووین ئەو سنووردارییە زیاتر روونکراوەتەوە لەبەر رۆشنایی ئەو گۆرانکاریانەی کە لەناو کۆمەڵگادا دەکرێت، لە تێگەیشتنمان، مەسئولیەتی ئەوەیە کە دەست لە ئەساسیات نەدرێ، دەست لە دەستوور نەدرێ، دەست لە قورئانی پیرۆز نەدرێ، بەڵام ئەوەی کە قابیلی موناقەشەیە بۆ پێشکەوتن، ئەوە لە زەمانێکدا و لە مەکانێکدا دەگۆرێت، ئەوەی ئێستا دەکرێ لە پێش پەنجا ساڵ نەدەکرا، لەوەتەی کە قابیلی چاککردنە و قابیلی باش کردنە، لە ئەساسیاتمان نەگۆڕیوە، من هەموو جار تەئکید دەکەمەوە ئەو ماددانەی کە دەنگمان بۆ دا، لە ئەساسیاتی ئەو بنەمایانەی کە ئاماژەم پێکرد بە یەك مسقاڵ نەمانگۆریوە، موناقەشەکان ناڵێم لێرە کە ئەوەی برادەران قسەیان لێ کرد لە لایەکەوە و برادەران قسەیەکی تریان کرد، بەڵام لە هیچ شتێکدا نەمانگۆریوە، جارێکی دی دەڵێمەوە ئەوەی دەیەوێ ئەو دانیشتنانەی پەرلەمان هەڵسەنگێنێ، تکای لێ دەکەمەوە کە قانونی ئەحوالی شەخسی هی ساڵی ١٩٥٩ بخوێنێتەوە، ئینجا تەماشا بکات چ گۆرانکاریەکمان لێ کردووە، گورانکاریەکان لەبەر ئەو گۆڕانکاریەیە کە لە کۆمەڵگا کراوە، ئەو پێشکەوتنەیە کە لەناو کۆمەڵگادا هەیە، ئەو یەکسانیەیە کە دەمانەوێ لەناو کۆمەڵگادا هەبێ، ئەو رێزگرتنەیە کە دەمانەوێ زیاتر بێت بۆ خوشکان و دایکان و هاوسەرەکانتان، بۆیە تکا دەکەم هەرچی ئیسائەیەك بێت، یاخود وا تەفسیر کرا بێت کە لە دەرەوەی پەرلەمان دەرچوون و لە کۆبوونەوە دەرچوون لە بیرتان بچێتەوە، بەردەوام بوون لەسەر جۆری گفتوگۆ لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان زەرەرمان پێ دەگەینێ، لەگەڵ بنەماکانی رێز لێ گرتن و مەبادیئی پەرلەمان و پەیرەوی ناوەخۆ ناگونجێت، بۆیە گفتوگۆکان لەناو هۆڵدا نەوعێکە بۆ بەرژەوەندیە، بەڵام کە چوونە دەرەوە نابێ تەفسیرات بکرێ و زیاتر بوەترێ لەوەی کە یەکێك بڵێت ئەوە دژە یان لەگەڵە یان قسە بکات و بڵێت ئیهانە بە ئایین کراوە، خوا نەخواستە کەی شتی وا بووە، یەکێکیش وا تەصەوەر بکات کە ئیهانە بە ماڧ ژنان کراوە، کە هیچ شتی وا نەبووە، بەڵکو لەبەر رۆشنایی رەوشنبیری و تێگەیشتنەکەیە، دوو: بێینە سەر دانیشتنەکەی ئەو رۆژەمان ئەگەر ئیجازەم بدەن من سلبیاتەکانیش دەڵێم و ئیجابیاتەکانیشی دەڵێم، سێ لێژنە لێرە دانیشتوون، لێژنەی یاسایی و لێژنەی

ئەوقاف و لیژنەی مافی مرۆڤ، موقتەرەحێکیان هەبوو تازەتر بوو، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان پشتگیریان لە پرۆژەی حکومەت کرد بە گۆڕینێکی بەسیت، ئەو دوو پرۆژەیە خرایە دەنگدانەوە، کامەیان قبولٚ بکرێ بۆ موناقەشە؟ بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارە تازەکەی سێ لیژنەکە قبولٚ کرا، کە شتێکی تازە بوو و تەفسیرێکی زۆر تازەی تێدا بوو و پێشکەوتنێکی گەورە بوو، لە دیدی خۆمەوە و ئێستاش دەیڵێمەوە و شەرحیشی دەکەم و ئامادەم دە جاریش شەرحی بکەم، پێم وایە لە بەرژەوەندی ئافرەتان و ژنانە زیاتر لە پرۆژەکەی حکومەت، ئەوە رەئی شەخسی خۆمە و دیفاعیشی لێ دەکەم، چونکە یەکەم جارە وشەی نشوز بۆ پیاویش بەکار دێت لە قانون، چونکە لە قورئانیشدا هاتووە و پرسیارمان کردووە ئەوە خیلافی قورئان نیە، ئەو کەلیمەیە خیلافەکەی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان کە پرۆژەکەی قبول کرد و دوو مولاحەزەی دا، بەدوای ئەوەی بگەرێین کەلیمەیەکی تر بدۆزینەوە بۆ نشوز و بە دوای ئەوە بگەرێین کە ئایا دەکرێت دوو ساڵەکە کە داندراوە لە دەست پێ کردن رۆژی نشوز تا ئەو رۆژەی کە قازی بۆی هەیە تەلاق بدات لە هەردوو حالەتەکاندا پرۆژەکە وتوویەتی یەك ساڵ و ئەوان دەیانەوێ بیکەنە شەش مانگ، نەگەیشتنی، ئەوە لەسەر وشەی نشووزەکە خیلاف کەوت، خۆ جارێ ئۆتۆماتیکیەن بە دوو زمان دەردەچێ، بە زمانی کوردی ئەو کەلیمەیە نیە، دەبێ زمانەوانیەکان وشەیەك بدۆزنەوە لە جیاتی نشووز، عەرەبیەکە بەکار دێت، بەهەر حالٚ لەکاتی دەنگداندا ئێمە گەیشتینە ئەوەی کە ٣٠ بە ٣٠ یە، کاك د.کەمال وتی ژمارەکەت تەواو حیساب نەکردووە، کە بوو بە قسە و هێن و ئەوانە لە ناو موناقەشات و گفتوگۆکاندا تەوەری تەبیعی گفتوگوکان تەوەرێکی تری بە خۆیەوە دێت و لە ئوصولی خۆی دەرچوو، ئەگەر چی بەشی یەکەمی درایە دەنگدان، بەلاٚم لە حالەتی ناتەبیعیەکەدا خرایە دەنگدان، بۆیە من دەنگدانەکەی دووەمم تەواو نەکرد، یەعنی نەمگوت کێ لەگەڵی نیە، چونکە نا تەبیعی بوو، رامگرت جەلسەکە، دەنگدانی دووەم کە قەرارتان دا سەری نەگرت و تەواو نەبوو و قاعەکە بووە هۆسە و سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆی هەیە رایبگرێت، بۆیە رامگرت دوێنێ، دوایش تەماشای فلیمەکەمان کرد، بۆ ئەوەی هەر بۆ تەئکید بزانین دەنگدانی یەکممان چۆن بووە؟ ئایا هەڵەمان کردووە یان نا؟، من خۆم رەنگە دە جار زیاتر تەماشات کردبێ، هەڵەکەی من لە چییەوە هاتووە؟ نامەوێ ناو بێنم تەبعەن فلیمەکە هەیە و هەموومان تەماشان کردووە، تەبعەن دوو دەنگ نەهاتە ژماردن لە حالەتی یەکەم، سییەکە بە خۆی (٣٢)و رەنگە ٣٣ (یش) بێت، من (١٥)م ژماردووە و ئینجا لە فلیمەکە دەردەچێ دوو کەس پاش گەیشتنم بە (١٥) دەستیان هەڵگرتووە، کە من نەمدیون، لە پێشەوە دانیشتووین و دوایی کە گەیشتوومەتە (١٥) مەسەلەن لێرەمە و ئەو دەستی هەڵگرتووە لە تەلفزیۆنەکە دیارە، پێویست ناکات بڵێم کێیە وهێن و ئەوانە دیارە ئەو دوو کەسەم نەدیوە، ئینجا ئەگەر وابا ئەو وەختی کاك عەونی پرسیارم لێ نەکرد رەئی چیە؟ کاك کەمالیش پرسیارم لێ نەکرد رەئی چیە؟ لەگەڵ ئەوەن یان لەگەڵ ئەوانن؟ ئەویش بە تەواوەتی حەسم نەکرا، ئێوەش کە قەرارتان دا ئەو مەوزوعە دووبارە بکرێتەوە، یەعنی دەنگدانەکە بە هەر چ نەوعێکی بێت ئەوە دەبێ دووبارە بکرێتەوە لەبەر ئەوەی قەرارتان دا، بەلاٚم یەکەمیان بەو شکلە بووە و دووەمیشیان

سەری نەگرت و فەشەلی هێناوە، ئەو مەوزوعە مەسەلەیەکی گرنگە و خیلافەکە لەسەر دوو شتە فەقەت، وشەی (نشوز) وشەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە یان نا؟ خیلاف بەینی هەردوو لێژنەکە لەسەر ئەوەیە بۆی بدۆزینەوە یان نا؟ ساڵەکە بکرێتە شەش مانگ یان نا؟ پێم وایە باشترین ڕێگا بۆ ئەوە ئەو سێ، چوار لێژنەیە ڕێکبکەون لەبەینی خۆیاندا و مەوزوعەکە بەو تەریقەی کە کردمان نەخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە من داواتان لێ دەکەم موافەقەت بکەن موناقەشەی ئەو ماددەیە کە ماددەی (٢٥)ە چەند ڕۆژێك دوا بخرێت، دواتر کە دێینەوە ئێرە ئومێد دەکەین هەر چوار لێژنەکە گەیشتبنە قەرارێك، ئەگەر نەگەیشتبن ئەوە خۆتان قەرار دەدەن، بۆیە بێ موناقەشە داوا دەکەم دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ماددەی (٢٥) دوا بخرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێت دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ ماددەی (٢٥) دوا دەخرێ بۆ چەند ڕۆژێکی تر، بۆ ئەوەی بتوانین سیغەیەکی باشتری بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر نەمانتوانی ئەو کاتی دەیخەینە دەنگدانەوە و قەراری نیهائی لێ دەدەین، بەڵێ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت ئەو ڕوونکردنەوە باش بوو، من پێم وایە ئەو ڕەخنەی کە دوێنێ هەبوو لەبەر دوو شت بوو، یەکەم : بەڕاستی جۆری موناقەشەکە تۆزێك وەکو دەڵێن مەساری خۆی بە جێ هێشت و وەکو پێویست نەبوو، دووەم: پرۆسەی دەنگدانەکە بەهەمان جۆر، یەعنی جۆرێك لە ئاڵۆزی دروست کرد، خۆی بە ئەصڵ لەو هەرێمەی ئێمە یەك ڕیزی و یەك دەنگی نیە، هەتا ئەو دووانە مەحکەم تر و بە قوەت تر بێ، ئێمە گەورەتر و بەهێزتر دەبین بەرامبەر بەهەر شێوازێکی تر و بەرامبەر بە هەر تەعەدایەکی تر، پێم وایە تۆزێك نەرمی لەوە دروست بوو، لەبەر ئەوە من وەکو سەرۆکی کوتلەیەك داوا دەکەم پرۆژەکە چەند ڕۆژێك ڕابیگرین، هەر بە مەبەستی هێور کردنەوە، ئەوەی ئێمە تا ئێستا هێناومانەوە شتێکی جوان و مەحکەمە وەکو جەنابت وتت ئەوە ٤٩ ساڵە لە عێراقدا تەنها (نشوز) بەغەڵەتی بۆ ژن بەکار هێنراوە، مەعەلعیلم لە ئایەتەکان زۆر بە توندی بۆ پیاو بەکاری ئەهێنێ، موشەریعی عێراقی غەڵەتێکی گەورەی کردووە، ئایەتەکەی لەت کردووە، لەتێکی هێناوە و لەتێکی ئیهمال کردووە، بەڕاستی ئەوە پێم وایە جۆرێکە لەنا تەوازونی، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم وەکو سەرۆکی کوتلەیەك ئەوە بیخەیتە دەنگدان و خەڵکی تری لەگەڵدا بێت بۆ چەند ڕۆژێك ئەوە دوا بخەین، هەم هێور بوونەوەیەکی خۆشتر دروست دەبێت و هەم ئەو هاوڕێیە و دەنگەکانیشمان نزیك دەکەینەوە و، ئەو چوار لێژنەیە پێکەوە دابنیشن ڕاپۆرتێکی هاوبەش دروست بکەین، ئەو خاڵانەی کە خاڵی ناکۆکن بیگەیەنینە نەتیجەیەك ئینجا دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەگەر ئەو دوو ماددەی کە دواتر دێت پێم وابا قورسترە و خیلافی لەسەرە، قسەکەت زۆر مەنتیقی بوو و پشتگیریشم دەکرد، بەڵام پێم وایە یەك، دوو ماددە هەیە ج خیلافێکی لەسەر نیە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد دەرسەد تەئیدی قسەکەی کاک محمد دەکەم، وەکو دوێنێ کە من لێرە نەبووم، بەڵام تەشەنوجێکی زۆر پەیدا بووە، ئێمە ئەوە ٤٩ ساڵە ئەو مەوزوعە هەیە، دەتوانین ٤٩ ڕۆژی دیکەش ڕابوەستین، بۆ ئەوەی موتەکامیل بێ و بۆ ئەوەی هیچ موشکیلەیەکمان تووش نەبێ و بۆ ئەوەی ئێمە وەحدەکەمان بپارێزرێ، من سەد دەرسەد تەئیدی دەکەم ئەو مەوزوعە تەئجیل بکرێ و شتی گەورەتریشمان لەپێشە تا وەزعەکە تەهدیئە تر دەبێ زیاتر و کارێک دەربچێ لە بەرژەوەندی ئێمە دەبێ، من ڕجام ئەوەیە ئەو مەوزوعە تەئجیل بکرێ لە مەسڵەحەتی پەرلەمانە و لە مەسڵەحەتی میللەتی کوردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ٤٩ ساڵە بۆ دەیکەیە ٤٩ ڕۆژ؟ بیکە ٤ ڕۆژ و ٥ ڕۆژ قەیناکە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ١٠٠٪ دژی ڕەئیەکەی کاک محەمەد فەرەج و کاک خورشید شێرەم، لەبەر ئەوەی کە یەکەم: شتی گەورەترمان لە پێشتر نیە، ئەوە گەورەترین شتە بە نیسبەت زۆرمان، لەو دواییەداش زۆر تەئجیل کراوە، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە ئەوە هاتووە، سێیەم کەلیمەی (نشوز) لە تەرحەکەی حکومەت نەهاتووە و ئێمە لێرە قانون بۆ حکومەت دادەنێین و لەناو تەرحەکەی حکومەتیش عالیمی گەورە (شێخ زەلمی) تێدا بووە، ئەویش تەئیدی کردووە، لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنانیش تەئیدی پرۆژەکەی حکومەتیان کردووە، جا بۆیە حەقی وایە سەرۆک فراکسیۆنەکان ئەو ئیعازەیان دابا، چۆن جاران ئیعازیان بە ئێمە دەدا و دەیانگوت دەبێ پرۆژە قانونەکانی حکومەت بەرێ بکەین، بەڵام بە ڕێگایەکی قانونی، ئێستاش دەبوایە ئەوەیان بگوتیا بە ئەندامەکانی خۆیان و کەسانی کە لەناو فراکسیۆنەکانن کە ئەوە تەرحی حکومەتە و کۆمەڵێک عالیم و مامۆستای جامیعە ئیشیان لەسەر کردووە ئینجا هاتووتە ئێرە، بەڵام ئێمە بۆمان هەیە موتەکامیلتری بکەین، موتەکامیلیشی بە گۆڕینی صیغە ناکرێ، بۆیە ئێمە هەم وەکو ئەندامانی پەرلەمان و هەم وەکو ئەوەی کە ژنین و حاشا لە ژن بوونی خۆمان ناکەین، داوا دەکەین کە ئەو بەرنامەیە بە هیچ شێوەیەک تەئخیر نەکرێ، تەنانەت لە ڕۆژی یەکشەممەوە دەست پێ بکەینەوە و بە ئەقل حەدی نیسابیش بێ کە ٥٦ کەسە، ئیدامە با کارەکانی خۆمان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیکرەکەت گەیشت، بەڵام تۆ موناقەشەی شتێکت کرد کە قەرارمان لەسەر دا، قەرارمان دا دوای بخەین، تۆ حەق نەبوو ئەو موناقەشەیە بکەی، باسی ئەوە دەکەین لەسەر ماددەکانی تر، کاک کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وای بۆ دەچم کە ئێستا خەریکە تەشەنوجات دیارە لە قاعەکە، بۆیە پێم وایە دوای بخەین باشترە و لەگەڵ ڕەئیەکەی مامۆستا محمد و کاک خورشیدم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وا نیە تەشەنوج هەبێ و ئەو یاسایە نازناز خان باسی کرد، نەك سێ ساڵە لەو پەرلەمانە ئیشی لەسەر دەکرێ و پێش ئێستا دراوەتەوە حکومەت، حکومەت یەك ساڵ موناقەشەی لەسەر کردووە، چەند مانگێکیشە دوای ئەوە مانگێکە و دوو مانگە دراوەتە پەرلەمان و دەستمان پێ کردووە بە موناقەشە، با تەئجیلی نەکەین، چونکە ئیشی زۆرمان لە پێش ماوە، بۆیە ئەمڕۆ بەردەوام بین، ئێمە وەکو فراکسیۆنی سەوز رامان وایە کە بەردەوام بین، بۆ ئەوەی ئیشی ترمان کە ئیشی زۆرمان لە پرۆژەی یاسا لە بانگهێشتکردنی وەزیرەکان کە راپۆرتیان داوەتە لێژنە پەیوەندیدارەکان کە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن، ناکرێ بەو شێوەیە پەرلەمان ئیشەکانی خۆی تەئخیر بکات، من پێشنیارێك بۆ بەڕێزتان دەکەم، دوو ڕەئی هەیە دیارە، ڕەئیەك هەیە تەئجیلی بکرێ، ڕەئیەك هەیە تەئجیل نەکرێ، بۆیە وا باشترە بخرێتە دەنگەوە و ئێستا ئەوەندە قسەی لەسەر نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە ڕەئی هەیە مەعلومە، کاك شێروان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابت بگەڕێیەوە ڕۆژی یەکەمی جەلسە، ئەوەی جەنابت دەڵێی، تەصویتی لەسەر کراو و براوە، کە موناقەشات بەردەوام بێت، ئێستا دووبارە ئەوەی بدەینەوە تەصویت وا بزانم ئەوە وارید نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان وا نیە، چونکە من باش شەرحم کرد و وتم کە شکوکیەت خراوەتە سەر ژماردنی دەنگەکان، قەرارتان دا جارێکی تر دەنگەکان بژمێردرێتەوە، کە دەنگەکان ژماردراوە قاعەکە بووە فەوزا، کە قاعەکە بووە فەوزا و تەواو نەبوو هینەکە، ئەوە دوامان خست، کە دوامان خست ئێستاکە ناتوانین بگەڕێنەوە دەنگدانەکەی یەکەم، چونکە دەنگمان دا ، شەرحم کرد کە بە فیدیۆ دیتمان وا بوو، ئەوەی موناقەشەی ماددەی (٢٥) لەسەر ئەوەیە کە دوا بخرێ، ئەوەمان خستە دەنگدان و تەواو بوو ئەو مەوزوعە، یەعنی داوات ئەوەیە کە تەئجیل نەکرێ؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەقصەدم ئەوە نەبوو کە جەنابت چوویە سەر مەوزوعی دوێنێ و ئەو وەزعەی کە دوێنێ روویدا تەئجیل بکرێ یان نا؟ من دەڵێم ئەصڵی پرۆژەکە لە یەکەم رۆژ لێرە دەنگمان لەسەر دا ، وتمان ئەو پرۆژەیە موناقەشە دەکرێ لەو خولەدا و لەگەڵ ئەوە نەبووین کە ئەو پرۆژەیە بەهیچ شێوەیەك تەئخیر بکرێ، من لەگەڵ ئەوە بووم، ئێستا دووبارە تۆ بیدەیەوە تەصویت ئەوە بەراستی من ئەوەی بە خیلافێکی نیزامی داخیلی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان، ئەوەلەن: تەئجیلەکە ئەوە نیە کە کاك خورشید وتی کە ٤٩ رۆژ تەئجیل بکرێ، تەئجیلەکە ئەمرۆ تەئجیل دەکرێ بۆ بیدایەتی هەفتەی داهاتوو، ئەوەیە خۆ منیش تەعلیقم لێ دا وتم بۆ ٤٩ رۆژ بڵێ ٤ رۆژ، ئێستاکە دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحێك هەیە دەڵێ تەئجیل بکرێ چەند رۆژێك تەبعەن ئەوەی کە من تێگەیشتم لە کاك محمد فەرەج، موقتەرەحی موقابیل دەڵێ بەردەوام بین، بۆ هەفتەی داهاتوو، جا هەفتەی داهاتوو لە راستیدا من ئیلتیزامێکم هەیە رۆژی یەك شەم و دووشەممە ، دەکرێ رۆژی چوار شەم، چوار شەمیش بەیانیەکەی کاك سەعد مەوعیدێکی هەیە، نازانم تەسبیت بووە یان نا؟ باشە دەکرێ رۆژی چوار شەم بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێ بۆ رۆژی چوارشەم با دەستی بەرز بکاتەوە تکایە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێ بۆ هەفتەی داهاتوو؟ من دوایی خەبەرتان دەدەمێ چ رۆژێکە، بۆ هەفتەی داهاتوو، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، بیژمێرە کاك عەونی من لەمەودوا نایژمێرم، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ تەواو بەردەوام دەبین، ئێمە دوو ماددەمان هەیە ئاسانە خیلافێکی وای لەسەر نیە، بەردەوام دەبین لەسەریان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەجلیس شورای دەولەمان نیە، صیاغەی قانونەکە لە رووی زەمانەوانی و قانونیەوە لێژنەکانمان هەیە، ئەگەر خیلافەکان لە لێژنەکان هەبوو حەقە هەمووی بخرێتە دەنگەوە، برادەرێك دێت هەر ئاگای لە قانونەکە نیە، لێرە فیکرەیەکی بۆ دەردەچێت و قسەیەکی تر تەرح دەکات و عەرقەلەی بۆ دروست دەکات، ئێمە ئەگەر خیلافاتمان لە رووی شەرعیەوە بێت ئەوە مامۆستا خەلیل لەوێیە و کاك سعد الدین لەوێیە، ئەگەر لە رووی قانونیەوە ئەوە قانونیەکان لەوێنە، ئەوە شتێك نیە هەموو کەس تەدەخولی تێدا بکات بەراستی؟ هەر بۆ ئەوەی لەو تەلفزیۆنە دەربچێ، حەقە ئەوە مەنع بکرێ، ئەوەی خیلافی لێژنەکان ئەگەر هەبوو بخرێتە تەصویتەوە و تەواو.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر هەندێ جار ئەندام پەرلەمانێ حەقی خۆیەتی، بەلکم ئەفکاری تازەی هەیە؟ موفتەرەحی تازەی هەیە؟ بەلام بە عام حەقە بایەخ بدرێ بە راپۆرتی لێژنەکان، حەقی ئەندام پەرلەمانیشە شتی تازەی هەبێ بیلێت، ئێمە دەچینە سەر ماددەی دواتر کە داوا کراوە هەموار بکرێ، ماددەی (٢٩) لە یاساکە، لە پرۆژەکەدا هاتووە: راگرتنی کارکردن بە ماددەی (٢٩ و ٣٠)، و ئەوەی خوارەوە جێگایان بگرێتەوە، (اذا ترك الزوج زوجته المعسرة بلا نفقة و اختفى او تغيب او فقد او سجن، حكم القاضي لها بالنفقة من تاريخ اقامة الدعوى، وتقوم صندوق الرعاية الاجتماعية بصرف النفقة المقدرة لها) ، ئەوە ماددەی (٢٩ و ٣٠) کە پرۆژەی حکومەت داوای کردووە ئیلغا بکرێت و بکرێتە یەك ماددە ئەویش وەکو ئەوەی کە خوێندمەوە، دەڵێ : ئەگەر پیاوەکە خێزانی خۆی بەجێی هێشت کە خێزانەکەی موحتاج بوو و بە بێ نەفەقە بەجێی هێشت و ون بوو یان غائیب بوو یان بزر بوو یان گیرا بوو، قازی بۆی هەیە حوکم بدات بۆ ئەوەی بە نەفەقە لەو رۆژەی کە ئیقامەی نەفەقەی داوا دەکات لە مەحکەمە، سەندوقی ریعایەی ئیجتیماعی دەبێ ئەو پارەیەی بۆ خێزانەکەی سەرف بکات، ئەوە زۆر وازیحە، لێژنەی قانونی و لێژنەی هین رەئی خۆیان بڵێن تکایە.

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە ١٤ راپۆرتی لێژنەی یاسایی، هەر وەکو لە ماددەی (١١)ی پرۆژەکەدا هاتووە، ئێمە لێژنەی یاسایی و لێژنەی ئەوقاف دوو گۆرانکاریمان کردووە، یەکەم (الزوجة المعسرة) وشەی (المعسرة) لادراو تەنها (زوجة) ماوە، گۆرانکاری دووەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە لە لایەن حکومەت هاتووە، دەڵێ (حكم القاضي لها بالنفقة من تاريخ اقامة الدعوى)، ئەوە هەر دوو لێژنە پێمان باش بوو لە تەئریخی تەرك بێت، لەو تەئریخەی کە لێی دوور دەکەوێتەوە، یان ئەو حاڵەتانەی کە تێدا روو دەدات لە ماددەکەدا هاتووە، ئەو دوو گۆرانکاریانەمان کردووە کە بەو شێوەیەی بۆ بەرێزتان دەخوێنمەوە: (اما فيما يتعلق بالمادتين ٢٩ و ٣٠ من القانون فان اللجنة المشتركة تؤيد مضمونهما و تصبح المادة ١١ من المشروع و كالآتي:

المادة(١١): يوقف العمل بحكم المادتين ٢٩ و ٣٠ من القانون و يحل محلهما ما يلي : اذا ترك الزوج زوجته بلا نفقة و اختفى او تغيب او فقد او سجن، حكم القاضي لها بالنفقة من تاريخ الترك و يقوم صندوق الرعاية الاجتماعية بصرف النفقة المقدرة لها) ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەبەرژەوەندی ژنان و ئافرەتانە بە تەئکید و لێژنەی ئەوقافیش عەینی رەئی هەیە، لێژنەی مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەرێز اسعد شاكر امين:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان بیرو بۆچوونمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەکمان نەبوو لەبەر ئەوەی لە پرۆژەکەی حکومەت هاتووە، بەلام ئێستا بە حوکمی ئەوەی ئەو ماددانەی پێشەوە کەلیمەی (معسرە) لادرا، ئێمە لەگەڵ ڕەئیەکەی لێژنەی قانونین، هەروەها لەگەڵ ڕەئیەکانی کە لە جیاتی لە تەشریخی ئیقامەی دەعوا نەبێ و لە تەشریخی تەرکی زەوجە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە هەر چوار لێژنەکە موتەفیقن لەسەر ئەوە، جارێکی تر بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە و بە کوردیەکەش تەرجومەی دەکەم بۆتان تا بیخەینە دەنگدان:

المادة (١١): يوقف العمل بحكم المادتين ٢٩ و ٣٠ من القانون و يحل محلهما ما يلي: اذا ترك الزوج زوجته بلا نفقة واختفى او تغيب اوفقد او سجن حكم القاضي لها من تاريخ الترك ويقوم صندوق الرعاية الاجتماعية بصرف النفقة المقدرة لها)، بەکوردیش شەرحم کرد کی لەگەڵ ئەو ماددە تازەیە؟ دەستی بڵندکات، تکایە، کێ لەگەڵدانیە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، ماددەی (٣٣) لەپرۆژەکەدا بیخوێننەوە ودواتر ڕەئی لیژنەکان بڵێن، کاک سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

يوقف العمل بالمادة الثالثة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

لاطاعة للزوج على زوجته ولا للزوجة على زوجها في كل امر مخالف لاحكام الشريعة وهذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەکان جیە؟ فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف هەر وەکو لەئەصڵی پرۆژەکە هاتووە تەنها ئەوەی (هذا)کەی نەخیری کە لەپێش قانونەکە هاتووە ئەوەمان هەڵگرتووە کە دەبێتە : لاحكام الشريعه والقانون، ئەوەیش تەنها شتێکی صیاغیەو هیچ گۆڕانکاریەك نیەو تەئییدی پرۆژەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان، مافی مرۆڤ، کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی (٣٣) بە هەمان شێوە ئەندامانی لیژنە بەتێکڕایی دەنگ پشتگیری بڕگەی پێشنیار کراو دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان، کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو دەقەین کە لەپڕۆژەکەی حکومەتدا هاتووە وپێمان وایە لە (وهذا القانون) (هذا)کە بمێنێتەوە باشترە، چونکە بەپێی حوکمی ئەم قانونەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنها مولاحەزەیەك دەدەم لەسەر ئەو مولاحەزەی لیژنەی ژنان و ئافرەتان، ئەگەر بڵێیت (وهذا القانون) زۆر قانونی تر هەیە لەبەرژەوەندی ئێوەیە ناتانگرێتەوە، بەراستی یەعنی (وهذا القانون) زۆر قانونی تر دەرچووە ناتانگرێتەوە، زۆر قەوانینی تر دەرچووە لەبەرژەوەندی ژنانایە، ئەگەر بڵێت: وهذا القانون، یەعنی ئەوانەی تر ناتانگرێتەوە، والقانون باشترە جاکەیفی خۆتانە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك جوملە دەڵێم، ئەم قانونە زۆر جاریش وترا تەنها بۆ ژن نیە، یەعنی طاعەی هەردووکیان بەپێی ئەم قانونە هەر بۆ ژنەکە نیە ئەمە یەك، دوو: ئێمە ئەم قانونە تەنزیمی عیلاقاتی ئوسەری و زەوجی دەکات لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان وا ئەبینن لەبەر ئەوەی من کەسێکی قانونی نیم، ئەگەر قانونییەکان وا ئەبینن با بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوە ئەگەر ئیجازە بدەیت، لەقانونی مەدەنی، قانونی قاصرین، قانونی ئەحداث، هەمووی لەبەرژەوەندی ریعایەی ئیجتیماعیە، جگە لەوەیشە، ئێمە هەندێ قەوانین و قەراراتمان دەرهێنا لەپەرلەماندا، مەسەلەن قانونی عفوعام کە دەرمان کرد لێرە وتمان ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بەتوهمەتی شەرەف ژنەکانیان کوشتووە یان کچیان کوشتووە نایانگرێتەوە، یەعنی زۆر لەقانونینی تریشدا هەیە، کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەدام کـەوا وشـەی (هـذا القـانون) بمێنێتـەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو قانونانـە خۆیـان جـێ بەجێدەکرێن، قانون بۆ دادەنرێت؟ بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت، لێرەدا ئەم قانونە تایبەتە وەکو پەخشان خان ئاماژەی بۆ کرد بۆ باری کەسێتی، پەیوەندی نێوان تاکە کەس و خێزان وکۆمەڵ، کۆمەڵێك قـانونی تـر ماوەتەوە هێن سەردەمی حوکمی بەعسە، بەشێك لەو قانونانـە ناگونجێت لەگـەڵ مـافی ئافرەتانـا، بۆیـە مـن لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم وشە بمێنێتەوە لەجێگای خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتور جەنابت قانونیت و من قانونیش نیم، بـەلام لـە ناحییـەی سیاغە عەرەبێکە پـێم وانیـە، جـا (وهـذا القانون) یەکەم شت کە بڵێت (هـذا القـانون) ئـەو قانونـەیش دەگرێتـەوە و قانونـەکانی تـریش دەگرێتـەوە، رەئیی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان و ئافرەتـان دەڵێت: ببێتـە ئـەو قانونـە وکـاك د. نـوریش دەڵێت بـا (هذا القانون) بمێنێتەوە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ موشکیلە نیە کە بڵێین (هذا القانون) بەعەکسەوە دەقیقتریش دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، قانون عامەکە راسترە، بەلام کاك د. نوری ئەو شکەی تێخست بزان چۆن دەبێت، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان کێشەکە تەنها باسی یەك حاڵەت دەکات کە طاعەتە، طاعەتی زەوجە بۆ زەوج، بۆ طـاعـەتی شتێك بکات کە پێچەوانەی هەر قانونێك بێت، مەبەستەکە تەنها طاعەتە بۆ ئاگاداریتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لا طاعة للزوج علی زوجتـه ولا للزوجـة علی زوجها في کل امـر مخالف لاحکام الـشریعة والقانون)، ئـاخر ئەحکامی شەریعەت و قانون زۆرە، راستە طاعەیە، ئەحکامی شەریعەت و قانون زۆرە، یەعنی تـۆ موخـالیف ئەحکامی شەریعەو تەنها ئەو قانونە، ئەی قانونەکانی تر، ئەحکامەکانی تر، بەهـەر حاڵ، کـاك محمـد فـرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئەم حەصرە بە (هذا) بۆ ئەمە لەباری کەسێتیدایە فەقەت، یەعنی باری کەسێتی لەئێراقدا فیدرالیە و جاری تەنسیری لێ نەکراوە، بۆ ئەوەی وەهمێك دروست نەبێت کە ئەویش کاریگەری هەیە، ئێمە لەباری کەسیتیدا لەکوردستان مولتەزم دەبین بەم قانونە فەقەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د. ڕۆژان ئاماژەی پێدا لەجێگای خۆیەتی، مەسەلەکە طاعەیە، لێرە شەریعەو ئەحکامی شەریعەتی بەفراوانی وەرگرتووە، دەبێت ئەحکامی قانونیش بەفراوانی وەربگرێت، کە موتەعەلیق بێت بەطاعەی ژن بۆ پیاو، یان پیاو بۆ ژن، لێرەدا فەوانین باشترە (الشريعة والقانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێت: لا طاعة للزوج على زوجته ولا للزوجة على زوجها في كل امر مخالف لاحكام الشريعة وهذا القانون، خۆ مەقصود لەو قانونە نیە، یەعنی مەقصود موخالەفەی قانونی تریشە، یەعنی ئەگەر زەوجەکە ئەمری پێ بکات، یان زەوج ئەمر بە زەوجەکە بکات، یەعنی ئەگەر بەس ئەحکامی ئەوە بێت ئەوجا موخالەفەی تێدابکات، مەعنای وایە تەعارزدەکات لەگەڵ ئەحکامی شەریعەت، چونکە ئەحکامی شەریعەت زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو (هذا) بمێنێت یان نەمێنێت هیچ موشکیلە نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە تەئییدی ڕەئیەکەی لیژنەی قانونی دەکەین بۆ حەسمی نیقاش، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە مادام سەحبی رەئیەکەی خۆیان کرد، دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگەوە: (لاطاعة للزوج على زوجته ولا للزوجة على زوجها في كل امر مخالف لاحكام الشريعة وهذا القانون)، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵیدا نیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا.

مادەی دواتر ئەصلەکەی بخوێننەوە ودوایی رەئی لیژنەکان لەسەری، فەرموو کاک سعدالدین.

**بەرێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الرابع

انحلال عقد الزواج

الفصل الاول

الطلاق

يوقف العمل بالمادة الرابعة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

اولاً: الطلاق رفع قيد الزواج بصيغة صريحة تدل عليه لغة او عرفاً دون التقيد بصيغة محددة او لغة معينة بايقاع من الزوج او الزوجة ان وكلت به او فوضت او من القاضي.

ثانياً: لايعتد بالوكالة في اجراءات البحث الاجتماعي والتحكيم وفي ايقاع الطلاق ما لم يكن هناك مانع من حضور احد الزوجين.

ثالثاً: لايعتد بالطلاق الا بحضور شاهدين عادلين حين الايقاع او الاقرار به امامهما او امام القاضي.

زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەکان، د. رۆژان فەرموو.

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بەو مادەیە هەر وەکو لەپرۆژەکە هاتووە، لیژنەی یاسایی پشتگیری دەکات و تەئییدی دەکات، تەنها لە (اولا) کە هاتووە: ان وكلت او فوضت به، (بە)یکە زیاکراوەو، ئەگینا وەکو ئەصڵی پرۆژەکە هاتووە، وشەیەکی تر تەنها وشەی (عدلين) بکرێتە (عادلين) ئەو دووشتە، ئەو دوو گۆڕانکاریە کراوە ئەگینا پشتگیری پرۆژەکە دەکەین، (بە) زیادبکرێت پاش (فوضت)، و (عدلين) بکرێتە (عادلين) زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان ماڤی مرۆڤ، کاک اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دەربارەى مادەى (٣٤) لیژنەى مافى مـرۆڤ بەزۆرینـەى دەنگى ئەنـدامان دەقى پرۆژەكـەیان لا پەسـەند بـوو، شوێنى مادەى (٣٤) لەیاساى بارى كەسایەتى (١٨٨)ى ساڵى ١٩٥٩اى هەمواركراو بگەڕێتەوە كە دەڵێت:

المادة الرابعة الثلاثون:

اولاً: الطلاق هو رفع قيد الزواج بايقاع من الزوج او من الزوجه ان وكلت او فوضت او مـن القاضي و لايقع الطلاق الا بالصيغة المخصوصة له شرعا.

ثانيا: لا يعتد بالوكالة في اجراءات البحث الاجتماعي والتحكم في ايقاع الطلاق.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

لیژنەى داكۆكیكردن لەمافى ئافرەتان وژنان، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لیژنەكەمان لەگەڵ ئەوەیە كە لەپرۆژەكە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك محمد حكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەمەیان هەندێ قسە هەڵدەگرێت، بۆیە پێشتر حەزم كـرد داوا بكـەم پـێش ئـەوەى كۆتـایى پـێ بێنین بۆ هەفتەى داهاتوو، بەڵام جەنابت ڕێگات پێنەدام لێرەدا دەڵێت: بـصيغة صـريحة تـدل عليـه لغـة او عرفا، پێشتر كە شەرعەنە، مـن پـێم وایـە لەشـەرعەن بێینـە لەسـەر ئـەوەى مەصلەحەتە، ئـەویش ئـەبێت لەشەرعەن سیغەى طلاقي شەرعى زۆر تەزییقى كردووە، عورفەن لەكوردەواریا هەندێ شتى عـورف طلاقـي ئافرەت دەخەن كە لەشەرعدا نەكەوتووە، بۆ نموونە پیاوەكە بەئافرەتەكـە دەڵێـت مـاڵ بـەجێبهێڵە، بـچیتە دەرەوە، بـچیتەماڵ باوكت طـەلاقت كـەوتبێت، ئەمـە زۆربـەى مامۆستایلنیـشمان طـەلاقى دەخـەن و خـۆى لەرووى شەرعیشەوە بێیتە سەر شـەرعەكەو ڕەئـى عولـەماى موعتەبـەرى ئیـسلام ئەمـە دەكـەن بـە سـوێند خواردن وكەفارەتێك بەرامبەر بە پیاوەكە نەك طەلاقى كـەوتبێت، مـن بۆیـە لـەجیاتى ئـەوەى كـە دەڵێـت: (لغة او عرفا)، ئێمە بڵێین شرعا او قانونا من پێم باشترەو لەمەصلەحەتى موجتەمەعەكەمانەو بۆ ئـەوەى حاڵاتى طەلاق كەوتن تەزییق بكەین، كە بڵێین عرفا، یەعنى لەكوردەوارى خۆمان زۆر جار طەڵاقى ئافرەت بـە زوڵـم دەخـەن و زۆر مامۆسـتایان كـە دەیخـەن بەراسـتى مـن لێـرە ئـەو ڕۆژەیـەش لاى مامۆسـتایەكى موعتەبەر بووین كە لێمان پرسى، مامۆستایەكى هەم شەرع زانە، هەم قانونیـە، لێمـان پرسـى وتـى فیعلـەن

ئەو جۆرە طەلاقانـە ناكـەوێت، بـەڵام بەسوێند حيسابە، جا لێرە ئەگـەر تـەوزيحێك لەليژنـەی ياساييەوە هەبێت، من پێم وايە سيغە پێشووەكە لەمەصڵەحەتی موجتەمەعەكەمانە، ئەويش لـەجێگای (لغـة وعرفـا) بيكەينە (شرعا وقانونا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من موئەيـدی (عرفـا) نەكـەم بەراسـتی، چونكە بـابی تەفسيرێكی زۆر هەڵـدەگرێت، فەقـەرەی سێ دەڵێت: لايعتد بالطلاق الا بحضور شاهدين عـادلين، حـين الايقـاع او الاقـرار بـه امـام القاضـي، بەراستی مـانيع نيـە، بەڵام ئەو كەليمەيە ئەگەر لغة بێت باشـە، بـەڵام شـرعا وقانونـەنيش ئيزافـەبكرێت چيە، يـان قانونـا يـان شرعا، د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئييدی قسەكانی بەڕێز كاك محمد حكيم دەكەم، طەلاق زۆر تەشديدی بخرێتـە سـەر، وای لـێ بكرێت با لەمەحكەمە بەشەرعی طەڵاق بدرێت، نەك بەشەفەهی ولەماڵێ و بەبێ شهود، يەعنی شەك بكەوێتە نـاو مەسـەلەكە، تـەنها طـەڵاق وەكـو عەقـدی لـێ بێـت، چـۆن لەمەحكەمـە مارەدەكرێـت وعەقـدی زەواج لەمەحكەمەيە، بەهەمان شێوە با طەلاقيش لەمەحكەمە ئەمری پێ دەربكرێت، ئـەو فەقـەرەی ئـەخير كـە دەڵێـت: مـالم يكـن هنـاك مـانع مـن حـضور الـزوجين، لابـدرێت، يـەعنی ئـەوە هەنـدێك شـك دەخاتـە نـاو مەسەلەكە، ئەگەر لابدرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كريم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پـێم وايـە ئەگـەر بێـت و ئێمـە لـەجياتی تـدل علـى لغـه او عرفـا بنووسـرێت شـرعا پـێم وايـە ئـەو ئيشكاليەتەی كە هەيە نامێنێت، لەعرف بەڕاستی زۆر شت هەيە نادروستە، بـەڵام ئەگـەر وتـرا شـرعا ئـەوە هەموو شتەكان تەواو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی كاك محمد حكيم باسی دەكات ئەگەر هەبێت هيچ ئيشكالی تێدا نيە، بەڵام بەشی دووەم لـە قسەكانی لە قانونەكە موعالەجە كراوە، لە ماددەی (٣٥) دەڵێت: (لايحدث الطلاق للاشخاص الاتية:

١- السكران والمجنون والمعتوه والمكره ومن كان فاقد التمييز من غضب او مصيبة مفاجئة او كبر او المريض.

٢- المريض في مرض الموت او حالة يغلب في مثلها الهلاك اذا مات بذلك المرض او تلك الحالة.

مادەی سی و شەش دەڵێت: لايقع الطلاق غير المنجز او المشروط او المستعمل بصيغة اليمين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش بەشی يەكەم تەنييدی ئەوەی كاك كريم دەكەم، پێموايە عرف يەعنی هەڵەی زۆر تێدايە لەم بابەتانە، دوو: لەرووی شەرعيەوە بۆ طلاق دوو بۆچوونی شەرعی هەيە، ئەگەر تاوانەكە لەلای پياوەوە بێت، لای ژنەكە مانيعی نەبێت، شەرع موحاوەلە دەكات قيامی خێزانەكە بمێنێت، يەعنی خێزانەكە بگەيەنێتەوە بەيەك، هەتا زۆر جار پياوەكە ئيتيهام دەكەن بە حەيوانێك، يەعنی حەتا بەعەمەلی دەيكەن بەحەيوانێك بۆ ئەوەی تێبگەن كە ئەم حاڵەتەی استخدامی سوئی ئەم طەلاقەی كردووە حەيوان بووە نەك ئينسانێك بووە، بۆ ئەوەی حاڵەتەكە بگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر شەرع زانی ژنەكە نايەوێت و ژنەكە ئينكاری ئەمە دەكات، هەوڵی تەفريق دەدات، لەبەر ئەوە ئەگەر مەسەلەی شەرعيەكە بۆ ئەم حاڵەتانە زۆر زەورەو پێويستە بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسادری تەشرع سێيە، يەكەم: قانونە، دووەم عرفە، سێهەم شەريعەی ئيسلاميە، باعرفەكە بيمێنێتەوە، چونكە لەجێگای خۆيەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فتاح فەرموو.

**بەڕێز شێخ فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

والله كاك كرێم قسەكەی منی كرد، مەبەست بۆ تەئكيدێكە، ئێمە لەليژنەی موشتەرەك كە كۆبوونەوەمان كرد بە ئامادەبوونی مامۆستايانی ئاينی ئيتيفاقمان لەسەر ئەوسيغەيەكرد: لغة او شرعا او قانونا، كە هەر دوولای هەبێت، (شرعا او قانونا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو وشەی عرفا لابدرێت، چونکە بەو کەلیمەی عرفا زۆر نموونەمان بینیوە هەر وەکو کاك محمد حکیم باسی کرد، پیاو بەژنەکەی وتوویەتی بڕۆیتە دەرەوە طەلاقت کەوتووە، شرعا و قانونا یاسایی ترەو جوانترە وعرفەکە ئەبێتە هۆی دروستکردنی توندوتیژی زۆرتر وشتی خراپی لەگەڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر عرفەکە قسەم هەبوو وقسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. شکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەجیاتی، لغە او عرفا، بەرەئیی من بکرێتە، شرعا وقانونا، چونکە ئەوە لەژیانی کۆمەڵایەتیمانا وارۆیشتووە کە ژن مارە دەکرێت بەشەرعیش وبەقانونیش ئەمە یەك، دوو: ئێستا سێ حاڵەت هاتووەتە لامان لەلای کەلەك و دارەتووەوە، ئێستا کێشەیەك رووی داوە: کچێك چواردە ساڵانە لەبەر ئەوەی حەزی کردووە لەکوڕێك باوکی نایداتێ، چووە لەکابرایەك دوو ژنی هەیە مارەیکردووە بە ١٣٠ هەزار دینار، بەزۆر، کچەکە لەلای نەبووە، دوای ٢٠ رۆژ خۆی پێ طەلاق داوە، هەر عیلاقەی لەگەڵ کوڕەکە هەیە، ئێستا رەدووکەوتووە ئەوەتا لەسجنی ئەحداث کەوتووە و چاوپێکەونیشیان لەگەڵ کردووە، ئێستا باوکی کچەکە دەڵێت سێ دەفتەرم دەوێت (٣٠٠٠٠) دۆلار لەگەڵ ژنیکا، چونکە بەمەلا مارەکراوە، لەبەر ئەوە من نازانم چ شوێنێك بکەمەوە لێرە، ئەو مەلایانە دەبێت یان لەلایەن وەزارەتەوە، یان لەلایەن مەحکەمەوە شوێنێکیان بۆ بدۆززرێتەوە، دوو شاهیدە، ئەمە یەك، خاڵێکی تریشم هەیە، هەر نەفسی ماڵەکە باوکو دایکی کچەکە، کچێکیان داوە بەکوڕی ئەو ماڵە ئەڵێت لەبەر ئەوەی کچەکەتان رەدووکەوتووە ئیلا ئەبێت کچەکەی ئێمە طەلاق بدرێت، کابرا دەڵێت والله خۆشم ئەوێت، چوونە مەلایان بردووە لەگەڵ دوو شاهیدیان بردووە ئیلا ئەبێت طەلاقی بدەی، بەکچەکەی وتووە طەلاقت بدەم؟ ئەویش ترساوە لەدایك و بابی خۆی وتوویەتی بەڵێ، یەك سەر طەلاقی دەدات، ئەمڕۆش تەلەفۆنێکی ترم بۆ هات، لایەکی تریش عەینەن مەوزوعی هەیە، کابرایەکە هیچ شتێکی نیە لەزێرەڤانیە، ١٩٥ هەزار وەرەگرێت، ئەڵێت: کوڕکەم حەزی لەکچێك کردووە وباوکی نایداتێ، داوای ژنێکم لێدەکات وفلسیکیشم نیە، سەیارەیەکی شکاوم هەیە سێ وەرەقە دەکات (٣٠٠٠)

هەرزار دۆلار، باوکی کچەکە داوای ٥٠ وەرەقەم لێدەکات (٥٠٠٠) هەزار دۆلار بۆ نەختەکە، باشە لەناو ئەم یاسایە نەنەختی تێدایە، نە قانونێکم هەیە، روولەکۆێ بکەن ئەوانە، من ئەوە حەفتەیەکە دێم بەو برادەرە دەڵێم، بەو برادەرە دەڵێم، من بچمە کوێ شکات بکەم، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە عورفەکە لابدرێت و شرعاً وقانوناً، زیاد بکرێت بۆ نموونە لەبڕگەی سێهەم دەڵێت: حزوری شاهیدین هەبێت لەکاتی کەوتنی طەلاقەکەدا، راستە ئێمە لەئایەتەکەدا کە دەڵێت: اذا طلقتم النساء، کەوا دوو شاهید هەبێت، بەڵام بەعەکسەوە ئێمە وەرمان گرتووە، هەمووجارێ بۆ عەقدی زەواجەکە دوو شاهید دەبەین و بۆ طەلاقەکە نایبەین، بەڵام حاڵەتی وا دێتە پێشەوە ئەگەر وشەی شەرعی تێدا نەبێت بۆ نمونە ئێستا ئەگەر پیاوێك ژنەکەی طەلاق بدات لەماڵەوە هیچ شاهیدێکی نیە، ئەچێتە بەردەم قازی ژنەکە دەڵێت طەلاقی داوم، شەرعەن دەبێت، بەڵام لەو کاتەدا پیاوەکە پەشیمان دەبێتەوەو حەزوری شاهید نیە، یەعنی لەوێدا چیبکات لەبەر ئەوە ئەو وشەیە بەلای منەوە زەرورە لەوێدا دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەقسەکانی کاك محمد حکیم دەکەم کە ئەو عرفە نەمێنێت و شرعا دابنرێت وشرعا وقانونا تەسبێت بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاعیدەیەك هەیە دەڵێت: (ثلاثة جدهن جد و هزلهن هزل)، یەعنی ئەو سێ شتانە بەتایبەتی نیکاح وطلاق بەجیدی هەر جیدیە وبەگاڵتەیش هەر گاڵتەیە، هەر خەتەرە و نابێت درابێ بکەوێت، هەندێ ئەندامی بەڕێز دەڵێن: لەقانون نەبێت یان لەمەحکەمە نەبێت بانەکەوێت، ئەوە پەیوەندی بەمەسائیلی تر هەیە،

یەعنی شەرعەن دەکەوێت، دوایی قانون رەسمیاتەکەی دەداتێ، هیچ شتێ کە نیە، بۆیە منیش لەگەڵ عـرف نیم بەراستی پێم وایە شەرعەن بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

والله مـن تەئییـدی قـسەکانی د. هالـە دەکـەم، بەراسـتی ئـەوەی لـەدەرەوەی مەحکەمـە طـەلاق بـدات حەقـە غەرامە بدرێت، لەبەر ئەوەی طەلاق دان لەمەحکەمـە زیـاتر رێگـە لـەطـەلاقی تەعەسفی و تـورە بـوون و حاڵاتی تر دەگرێتەوە ولەمەحکەمەدا رەنگە نصوڵی تربێت، دوو: ئەوەی برگەی دووەم کـە لیژنـەی قـانونی دەڵێت: مالم یکن هناك مانع من حضور احد الزوجین، لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، ئێستا ئەوانەی کە قسەیان کرد تەواوبوون، بەنیسبەت ئەوەی کـە لـەدەرەوەی مەحکەمـە طەلاق نەدرێت، خۆ طەلاقەکە مومکین نیە لەخاریجی مەحکەمە بێت، چونکە ئەگـەر حاڵـەتی ئینفیعالیـە یـان شـتی تـرە، بـەڵام دەبێـت لەمەحکەمـە تەسـبێت بکرێـت، مـادەی (٣٩) عیلاجـی کـردووە دەبێـت لەمەحکەمەبێت، ئەگینا ئیجرائاتی قانونی هەیە وەرناگرێت، ئەگەر نەچێتە مەحکەمە، ئەگەر بەتایبـەتی غەرامی نەبێت، ئیقتیراحێك هەیە کـە دەڵێت: ئەگـەر بێت و لـەدەرەوەی مەحکەمـە طـەلاق بـدرێت ئـەو جیهەتەی کە لەدەرەوەی مەحکەمە طەلاق دەدات غەرامەی لەسەر دابنرێت، لـەمادەی (٣٩)دا هـاتووە ئـەوە، دەگرێت کە گەیشتینە ئەو مادەیە بیکەینە بابێك، لەمادەی (٣٩) هاتووە کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـەیش وەکـو لیژنـەی داکۆکیکردن لەمافـەکانی ژنـان پـشتگیری هـەردوو پێـشنیارەکەی د. هالـە و کـاک بـارزانیش دەکـەین لەسـەر دانـانی غەرامـەو لابردنـی: مـالم یکـن هنـاك مـانع مـن حـضور احـد الـزوجین، لەفەقەرە دوو لابدرێت، تەئییدی هەردوکیان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسمان کرد کە لەمادەی ٣٩ دا ئەو ئیقتیراحەتان تەرح کەن، کەهات لەوێ باسی بکـەن، لـەمادە ٣٩ کـە بـاس هاتە پێش ئەوە موقتەرەحتان تەرح کەن، فەرموو کاك سعد الدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە دەڵێت: (تدل علیە لغة او عرفا)، پێش ئەوەی کە بچمە ناو مەوزوعەکەی، ئێمە باسـی سیغەی صـریحمان کـردووە، صیغەی صـەریح لەشـەرعەن طـەلاقـە، یـەعنی هـیچ ئیـشکالی نـەماوە، ئێمـە

لەفەقەرەی دووەم دەڵێت: لايعتد بالوكالة في اجراءات البحث الاجتماعي، لەكوێندەریش لە طەلاقیش، باشە چۆن لەتەعریفەكەی دەبێت بڵێیت: ان وكلت بە، ئەمە لەفەقەرەی دووەم باسی ئەوەمان كردووە كە وەكالەت نیە كەدەڵێت: الطلاق رفع قيد الزواج بصيغة صريحة تدل عليه لغة او عرفا دون التقيد بصيغة محددة او بلغة معينة بايقاع الزوج او الزوجة ان وكلت به، هەر لێرە لەفەقەرەی یەكەم، ان وكلت بە، ئەوە تەفویزە ئەوە تەوكیل نیە فەرق لەبەینی تەوكیل و تەفویز هەیە، ئەگەر پیاوەكەی طەلاقەكەی دابەدەست ژن لەعەقدەكەدا، ئەوە تەفویزە، ئەگینا ئەوەی تر هەر مەعنای تەوكیل دەگرێتەوە، ئێمەیش لەفەقەرەی دووەم باسی ئەوەمان كردووە دەڵێین: اعتبار بۆ وەكالەت نیە لە طەلاق، یەعنی موحامیەك بێتە وەكیلی كابرایەك و بڵێت ئەوە من ئەو ژنەم طەلاق دا لەباتی پیاوەكەی، ئەو وەكالەتە لێرانەدا نەمێنێت، ئەوە شەرحی قانونی احوال الشخصیەشم لایە ئەوەی ئیشكالی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو وەكالەتە كە لەزەواجا لەبیدایەت لەعەقدەكەدا دەكرێت، ئەوە خۆی حازرە، قازی لێی دەپرسێت دەڵێت تۆ ئەتەوێت ئەم شەخصە وەكیلت بێت، ئەویش دەیكات بەوەكیل، بەڵام لەم تەفریقەدا موەكیلەكە دیارنیە ئەو كە سەی كە تەوكیل دەكات دیار نیە، دیارنیە كە لێی بپرسی وبڵێت ئەرێ تۆ ئەمەت كردووە بەوەكیل؟ ئەوەیش كە لیژنەی ژنان دەڵێن من پێم وایە ئەوە زۆر خەتەرە بۆ ئافرەتان، پیاوێك لەئەوروپابێت خۆ حازر نابێت، ئەی ئەم ژنە بمێنێتەوە هەتا ئەو دێتەوە، ئەوە خەتەرە زۆر، پیاوێك وژنی، پیاوەكە لەئەوروپایە ئەبێت هەردووكیان حازربن، بەڵام ئەو ناتوانێت حازربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە بۆ فەقەرەی یەكەم كاك سعدالدین دەڵێت: ان وكلت بە، راستە، كاك عبدالكریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(ان وكلت بە)، زیاد نییە، چونكە ئەمە لەقەیدی دوایی ئیستسنامان كردووە، فەقەت مەجال هەیە بەوەكالەت بیكەن بۆ ئەو وەختە، بۆ حاڵەتی ئەوەیە كە بەوەكالەت بكرێت، چونكە شەرتمان بۆ دانابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اسأل المجرب ولا تسأل الحكيم)، وکالەت ئەخوات، بەتایبەتی ئەگەر بۆ ئەو کەسانەی کە بەتایبەتی ئێستا حاڵەتی دووره وڵاتمان هەیە، ڕاستە وەکالەتی خصوصی ئەبێ بکرێت، واتە وکالە خاصە، بەڵام حاکم هێشتا تەنها بەو وەکالەتەش باوەڕ ناکات، بۆ ئەوەی شتەکە بگاتە یەقین، لەسەر تەلەفۆن تەئکید ئەکاتەوە، کەواتە ئەبێ لەو حاڵەتەی دووەمیش ئەوە نەبێت کەلیژنەی ژنان داوا ئەکەن، (مالم یکن هناك مانع)؟ چونکە هەندێ حاڵەتمان هەیە، ئەبێ ئێمە بزانین خەڵکەکە نەتیجەی وەرنەگرتووە، هیچ دۆکۆمێنتێکی نیە پێی بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە ئەچێت موحامیەك تەوکیل ئەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قازییەکە لەسەر تەلەفۆن لەخۆی ئەپرسێت تەئکیدی لێ ئەکاتەوە، بە دەمی خۆی بە وجودی موحامیەکە وەکو وەکیل تەواو تەئکید ئەبێت، ئەگینا بەبێ ئەوە نایکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئیەکەی مەلا سعدالدینم چونکە ئێمە بەڕاستی بەشەرت تەفویزمان داوەتە دەست ئافرەت، تەڵاقەکە، تەفویزیش نەتەملیکە نە تەوکیلە، یەعنی ئەبێ ئێمە لەبەینی ئەوەدا فەرق بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێرەدا (وکلت) هەم (فوضت) دروستەو لەجێگای خۆی هاتووە، ئەبێ بشمێنێت وەکالەت پیاوەکە ئەیدات بەژنەکەی بۆ ئەوەی تەڵاقی بدات، لێرەدا بۆی هەیە پیاوەکە ئەو وەکالەتە عەزل بکات، واتە ژنەکە عەزل بکات، بەڵام لە تەفویز بۆی نیە، ئەوەیە جیاوازی تفویز و وەکالەت، تەفویز ئەبێت بە موڵك، بە تەنازول لە حەقێکی خۆی بۆ ژنەکەی، کە دەبێتە موڵکی ژنەکە، بەڵام لەوەکالەت بۆی هەیە عەزلی بکات لەوەکالەت هەر دەمێك پیاوەکە بیەوێت، مەبەستی (اجراءات البحث الاجتماعي) و وەکالەت زۆر زۆر دروستە، لێرەدا وەکالەت کە دەڵێت(لايعتد بالوكالة) مەبەستی ئەوەیە موحامیەك ناتوانێ ببێ بەوەکیل لەباتی باحیسەی ئیجتماعی بچێ لەجیاتی ژنەکە یان پیاوەکە لە بەحسی ئیجتماعی دابنیشێت، ئیفادە لەباتی هەردووکیان بدات، مەبەستی لێرەدا ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یەكەم، زۆر باسی عورفەن وعادەتەن كراوە كە لابچێت، یان لانەچێت، ئەوەی ئەم مەشروعەی داناوە مەبەستی بووە، كە چۆن ئیلزامی تەرەفێك نەكات بە لەفزێكی مەخصوص بڵێ ئیلا ئەم لەفزە بێت، ئینجا مەعنای ئەوە ئەدات، مەبەستی ئەوە بووە بڵێت لە قورئان ولە سونە، هیچ نەصێك نیە ئیلزام بە صیغەیەكی موحەدەد یان لوغەیەكی موعەیەن بكات، چونكە ئێستا باسی لوغەی عەرەبیە، ملیارو نیوێك موسوڵمان هەیە، بە لوغاتی جیاواز، ئیلزامی ژن یان پیاو بە صیغەیەكە ئێمە باسی موشەریع ئەكەین لێرە خاوەنی ئەو مەشروعە، ئەڵێت یەكێك عەرەبی نازانێت یان ئەم صیغەی بۆ دابنێین وتی (بصيغة صريحة تدل على الطلاق) مەبەستی ئەمەیە ئەمە قەزائەن، ئینجا مەبەستی لەوە كە وتوویەتی بصيغه مخصوصه، ئەمە یەك، دووەم: باسی توكيل و تفويز لێرەدا كراوە، (وكلت به او فوضت)تەڵاق حەقی پیاوە بنفسه ئەوە لە لایەكەوە، لاكەی تری (من تصرفاته القابلة للتوكيل) واتە (للتصرفات القابله للانابه) ئینابەش دوو جۆری هەیە، یەكێك لەجیاتی ئەو بیكات، یان تەوكیلە یان تەفویضە، تەوكيل و تفويض چوار فەرق لەبەینیاندا هەیە، موەكیل ئەتوانێ رجوعی بكات مفوض ناتوانێ رجوعی بكات، موەكیل ئەگەر ئینعدامی ئەهلیە بوو وكالە ساقت ئەبێ، بەڵام مفوض ئینعدامی ئەهلیە بوو ساقت نابێ، یەعنی مەبەستم لێرەدا ئەوەیە كەزۆر باش هاتووە، جوان هاتووە، لێرە باسی ئەوەی كە ژن ببێت بەوەكیل كابرا بەژن بڵێت (وكلتك في طلاق نفسك) ئەوەیە ماناكەی، یان بڵێیت (وكلت غيري في طلاق زوجتي) تفویزیش ئەوەیە بەژنەكە بڵێت ئیشی تۆ لە دەستی تۆیە، مەبەستی تەڵاقە، یان بڵێت (ملكتك حقي في الطلاق) ئەم حەقە هی من بوو بەس دام بەتۆ، بۆت هەیە بەكاری بهێنی، ئینجا چ بە مەشیئە یانیش هەركاتێك تۆ ویستت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە بەنیسبەت لوغەتەن یان عورفەن زۆرینە داوایان كرد، ببێت بە شەرعەن وە قانونەن، ئەوە ئیتیفاقمان كردووە، دووەم: ئەمێنێت (وكلت او فوضت)ئەوەش كاك سعدالدين و دوو برادەری تر ئیشارەتیان پێدا كەوتیان تەنها با وكلت بێت، باشە ئێستا صیغەكەم پێ بڵێ تابیخەمە دەنگەوە، ئەصڵی قانونەكە یەكەم ئەڵێت(الطلاق رفع قيد الزواج بايقاع من الزوج او الزوجة ان وكلت به او فوضت او من القاضي) لە قانونی ئەصڵیەكەشدا باش هاتووە، لێرە فەقەرەیەك ئیزافە كراوە، لەگەڵ تەعدیلێكی بەسیت، قانونە ئەصڵەكە ئەڵێت(الطلاق رفع قيد الزواج بايقاع من الزوج او من الزوجة وان وكلت به او فوضت او من القاضي)زۆر باشە، ئێستا صیغەكەش هەر وایە، (ولا يقع الطلاق الا بصيغة مخصوصة له شرعا) ئەوە وتمان (شرعاً و قانوناً)، (٢- لايعتد بالوكالة في اجراءات البحث الاجتماعي والتحكيم وفي ايقاع الطلاق) ئەوەش هەر هەبووە، شتێكی تازەمان نەهێناوە بەس مەشروعەكە بڕێك دەوڵەمەندی كردووە، ئینجا من فەقەرەی یەكەم ئەخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگەوە، چونكە گۆڕانكاری تێدا كراوە، (١- الطلاق رفع قيد الزواج بصيغة صريحة تدل عليه شرعاً او قانوناً دون تقيد بصيغة محددة او لغة معينة بايقاع من الزوج او

الزوجـة ان وكلـت بـه او فوضـت بـه او مـن القاضـي) وەكـو مەشـروعەكەيە بـەس گۆرانكـارى هەيـە، كێـى لەگەڵدايە بادەستى بڵند بكات؟ فەرموون كێى لەگەڵدا نيە؟ بەزۆرينەى دەنـگ وەرگـيرا، (٢- لايعتـد بالوكالـة في اجراءات البحث الاجتماعي والتحكيم وفي ايقاع الطلاق مالم يكن هنـاك مـانع مـن حضـور احـد الـزوجين) ليژنەى داكۆكى كردن لە مافى ئافرەتان وژنان، ئەڵێن ئەو جوملەيە با نەمێنێت (مـالم يكـن هنـاك مـانع مـن حضور احد الزوجين) قسەشى لەسەر كرا، باشە كەواتە ئەوانيش موافقن چونكە پێويست ناكات گۆڕانكارى تێدا نـەكراوە، (٣- لايعتـد بـالطلاق الا بحضور شاهدين عـدلين حـين الايقـاع او الاقـرار بـه امامهمـا او امـام القاضي) ئێستا هەر سێ فەقەرەكە ئەخەينە دەنگەوە كێى لەگەڵدايـە بادەستى بڵنـد بكـات؟ فـەرموون كێـى لەگەڵدا نيـە؟ بـەكۆى دەنـگ وەرگـيرا، پـێم وابـێ بەسـە كۆتـايى بـە دانيـشتنەكە دێـنين هەفتـەى داهـاتوو ئاگادارتان دەكەينەوە، فەرموو كاك محمد حكيم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

گروپى ئێمە يەك شەممە ناتوانين ئامادە بين، بۆيە داوا ئەكەين لەجـەنابت كـەوا دواى بخـەيت، باشـە يـەك شەممە خۆشم لێـرە نـيم، بەتەئكيـد ئەكەوێتـە دوو شـەممە يـان سـێ شـەممە، يـان چـوار شـەممە، ئيعلانـى ئەكەين، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **عونى كمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |
| **بەوەكالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٥)**

**چوار شەممە رێکەوتی ١٢\١١\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٥)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢

کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی کمال بزاز سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت, دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی دووەم, ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١٠,٣٠)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢دا بەم شێوەیە بێت:

١-گفتوگۆ کردن دەربارەی کێشەی قوتابیان و خوێندکاران بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- پێش چاو خستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لێژنەی ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە، بەڕێز کاك ئیسماعیل مەحمود، بەڕێز کاك محمد حکیم، بەڕێز کاك ئارێز عبدالله.

٣- بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

١-گفتوگۆ کردن دەربارەی کێشەی قوتابیان و خوێندکاران بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- پێش چاو خستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لێژنەی ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە، بەڕێز کاك ئیسماعیل مەحمود، بەڕێز کاك محمد حکیم، بەڕێز کاك ئارێز عبدالله.

٣- بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

٤- سەرەتا زۆر بەخێر هاتنی بەڕێز د. ئیدریس هادی دەکەین، وەزیری خوێندنی باڵا، بەڕێز کاك دلشاد وەزیری پەروەردە، بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، لەگەڵمان ئامادەن، دیارە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار: گفتوگۆ کردن دەربارەی کێشەی قوتابیان و خوێندکاران بە ئامادەبوونی بەڕێزان

وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا، دیارە پاش ئەوەی ناوی ئەو خوێندکار و قوتابیانە دەرچووە لە زانکۆکانی کوردستاندا، ڕێژەیەك لە دەرچووانی ئەم ساڵ وەرنەگیراون، ئەمەش بوویتە نیگەرانی هەم ئەو خوێندکار و قوتابیانە و هەم کەسوکاریان، هەم حکومەت و هەم پەرلەمانیش ، لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، داوا کراوە کە بانگهێشتی وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا بکرێ بۆ ئەوەی بۆمان روون بکەنەوە لە هۆی بۆ چی ئەو ڕێژەیە وەرنەگیراون و سیستەمی وەرگرتن ئەم ساڵە چۆن بووە؟، ئەو بەڕێزانەی خوارەوە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە: کاك غەفور مەخموری، خاتوو نازناز محمد، خاتوو سۆزان شهاب، خاتوو د.شوکریە، خاتوو پەخشان عبدالله، کاك ئایدن عوسمان، خاتوو کوردستان پیرداود، خاتوو فەخریە موستەفا، خاتوو د. رۆژان دزەیی، کاك طلعت خضر، کاك کەریم بەحری، کاك فاروق کەریم فەتاح، خاتوو ڤیان دزەیی، کاك رەشاد احمد، کاك شەوقی حسین، کاك عوسمان بانی مارانی، کاك طارق جامباز، کاك د. ناصح، کاك شێخ الله ابراهیم، کاك حاتم حەمە جان حسن، کاك سوارە محەمەدەمین، کاك فەتاح نەقشبەندی، ئەوانە هەموو ئیمزایان کردووە بۆ ئەو داواکاریە، داوا لە بەڕێز هەردوو وەزیر دەکەم کە باشترە بێن و روویان لە ئێوە بن بۆ ئەوەی وەزیر کاك ئیدریس شەرحی ئەو هینە بکات، کاك دڵشادیش رەنگە هەروەها هەندێ پرسیار ئاراستەی ئەو بکرێن، حەز دەکەم گەر ئەزیەت نەبێ بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، فەرموون، جارێکی تر بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەین کە لەگەڵمان حازرن و لە سەرەوە دانیشتوون، ئەم دانیشتنەمان لەگەڵ هەردوو بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیری پەروەردە تایبەتە بۆ ئەو حاڵەتەی کە باسمان کرد، ئەو ژمارەی خوێندکار و قوتابیانەی کە وەرنەگیراون، دیارە بابەتی تریش هەیە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پرسیار ئاراستەی هەردوو بەڕێز کراوە، سەبارەت بە مەسائیلی تر کە پەیوەندی بە خوێندنی باڵا هەیە و پەیوەندیان بە پەروەردە هەیە، وەکو سیستەمی تازەی پەروەردە کە لە پارەکەوە جێبەجێ کراوە، هەندێ ئەندامی پەرلەمان داوایان کرد کە هەڵسەنگاندنێك هەبێ بۆ ئەوەی بزانین ئەم ساڵ چۆن بووە؟ لەگەڵ جەنابی کاك دڵشاد باسمان کرد و بڕیار بوو کە جارێکی تر بێ لێرە و قسەی بکات، هەڵسەنگاندنێك هەبێ و وەڵامی پرسیارەکانیش جوابداتەوە بزانین لەو ساڵەدا چۆن بووە جێبەجێ کردنی ئەو سیستەمە، مەسائیلی تریش ئەگەر بێتە پێشەوە و پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردە هەبێ لەو رۆژە باسی دەکەین، هەروەها چەند پرسیارێك ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کراون کە دیسان پەیوەندی بە خوێندنی باڵادا هەیە، پەیوەندی بە کۆلێژەکانەوە هەیە، بە زانکۆکانەوە هەیە، کۆلێژی کوردستانە، ئەویش لە دانیشتنەکی تردا بۆ ئەوەی ئەم دانیشتنە تایبەت بێ بۆ ئەو کێشەیەی کە ئاماژەم پێکرد، ئێستاش داوا لە د. ئیدریس دەکەم، بۆمان روون بکاتەوە سەبارەت بەو مەوزوعەی کە لە پێناویدا ئەو دانیشتنەمان ئەنجام داوە، فەرموو کاك د. ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پێشەکی زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو میوانداریە کە بۆ ئەوەی تیشکی بخەینە سەر و روونکردنەوە بکەین، بۆ چی هەموو خوێندکاران و قوتابیان وەرنەگیراون، پێشان بە ئیحسائیەك دەست پێ دەکەم، دوایش بەو پلانەی کە ئێمە دامانڕشتبوو، کە نووسراوێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردبوو لە ٢٠٠٧/٨/٧ ەوە و وەڵامەکەشتان بۆ دەخوێنمەوە کە ئێمە بە چ پلانێك ویستوومانە کار بکەین، بێگومان خۆتان دەزانن ساڵ بە ساڵ دەرچووانی ئەعدادیە زیاد دەکەن، ئێمەش بە پێی ئەو پلانەی خۆمان کولیاتمان کردووتەوە و زیاتر بەشمان کردووتەوە و هەروەها کۆلێژ و زانکۆی ئەهلیشمان کردووتەوە بۆ ئەوەی بوار زیاتر برەخسێنین و زیاتر ژمارەی قوتابی و خوێندکار وەربگرین، پار ساڵ تەقریبەن ئەوانەی کە داخیلی ئیمتیحانی وەزاری بوون نزیکەی ٣٧٠٠٠ کەس بوون، لەوانە ئێمە نزیکەی ٢٦٠٠٠ مان بۆ هات لە عیلمی و ئەدەبی، هەروەها بە پیشەییکانیشەوە، بەڵام ئەم ساڵ ٥٧٠٠٠ کەس داخیلی ئیمتیحانی وەزاری بووە و لەو ٥٧٠٠٠ تەقریبەن ٣٧٠٠٠ بۆمان هاتووتەوە و لەو ٣٧٠٠٠ تەقریبەن ١١٠٠٠ عیلمی بووە و ٢٢٠٠٠ ئەدەبی بووە، باقییەکەشی پیشەییەکان بووە، ئێمەش بە پێی پلانی وەرگرتن تەبعەن لە پار ساڵەوە ئێمە نووسراومان کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، داوامان کردبوو کە ١٠٠٠٠ خوێندکار و قوتابی زیادمان هەیە، رەزامەندی بدەن بۆ دروست کردنی هۆڵی خوێندن و ئیمکانیات، ئەوەبوو ئەوەمان کرد و پارەکە توانیمان ئەو ١٠٠٠٠ کەسە وەربگرین، بۆ ئەم ساڵیش بە هەمان شێوە، ئێمە لە پار ساڵەوە پێشبینیمان دەکرد کە هەموویان ناتوانین وەربگرین، نووسراوێکمان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە کرد کە لە قوتابخانەکان بە قوتابیەکان رابگەیەنین بۆ ساڵی دابێ، یەعنی بۆ ئەم ساڵ هەموویان وەرناگیرێن، بەڵام پار ساڵ ئەوەمان نەکرد لەبەر ئەوەی زەمینەمان خۆش نەکردبوو، هێشتا زانکۆ و کولیەی ئەهلی نەبوو کە جوزئێك لە تاقەکەی ئیستیعاب بکات، هەر ١٠٠٪ مان وەرگرت، بەڵام بۆ ئەم ساڵ، نزیکەی (٥٠٠٠) کەسمان جێگا کردۆتەوە لە زانکۆ و کۆلێجە ئەهلیەکان، پاش ئەوەی کە ئەو تەوعیەیە کران، خەڵك دەیزانی لە پارەکەوە کە ١٠٠٪ خەڵك وەرناگیرێ، بە پێی ئەو ئیمکانیاتەی کە هەیە، بۆیە ئەو کارە کرا، ئێمە ئەوانەی کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵابوو، لەو ٣٢٨٨٠ تەقریبەن ٣٢٠٠٠ کەسەی کە بۆمان هاتبوو ١١٠٠٠ای عیلمیە و ٢٢ هەزاری ئەدەبیە، ئەوانەی کە بۆمان هاتبوون، ئەدەبیەکان زۆر زۆر بوون، بەشی وێژەیی، ئەو بەشانەی کە هەن لە زانکۆکان بەشی ئەوەی نەدەکرد کە هەموویان وەربگرین، بەشی عیلمی لە مەعەدەلی ٥٥ ەوە دابەزێتە خوارەوە، ئەدەبیەکان لە ٦٥ راوەستاوە، بەڵام ئەدەبیەکان لە عیلمیەکان کەمتر وەرنەگیراینە، ئەگەر هاوسەنگی بکەین تەقریبەن ئێمە ٢١٤٠١ کەسمان وەرگرتووە، ئەدەبیەکە زیاترە لە ٥٠٪ زیاترە و عیلمیەکەش کە وەرگیراوە، ئەقسامی عیلمیمان زۆرە و ژمارەی عیلمیەکانیش کە بۆمان هاتووە کەمن نیوەی ئەدەبیەکانن، لەو ژمارەی کە وەرگیراوە، لە ٣٣ هەزارەکە تەنها ئەوانەی کە فۆرمیان پڕ کردۆتەوە، ٣١٣٩٣ کە بووە، هەندێکیان دەیانزانی وەرناگیرێن هەر فۆرمیان پڕ

نەکردۆتەوە، باقی دیکە کە لە دەرەوە مانەتەوە و وەرنەگیراوە٩٩٩٢ کەس بووە، ئێمە بە پێی مەوقیعی جوگرافی محاوەلەمان کردووە خەڵك وەربگرین، لەبەر ئەوەی کێشەی بەشی ناوەخۆییمان هەیە، مەحاوەلەمان کردووە لە ٨٠٪ بە پێی مەوقیعی جوگرافی وەربگیرێن، ئەوانەی کە خەڵکی شارەکانن تەنها لە ٢٠٪ی لە زانکۆکان لە دەرەوە بن، بەڵام ئەو رێژەی کە وەرگیراوە لە هەولێر مەسەلەن لە ٧٦٪ بە پێی مەوقیعی جوگرافی بووە، لە سلێمانی لە ٩٨٪ بووە، لە دهۆك لە ٨٨٪بووە، لە کۆیە لە ٥٩٪ بووە، بەڵام مەجموعی کۆی گشتی ئەگەر لێکی بدەینەوە لە ٨٠,٥٪ بووە، یەعنی لە ٨٠٪ بە پێی مەوقیعی جوگرافی وەرگیراوە لە هەموو کوردستان، لەم ژمارەیە ئێمە محاوەلەمان کردووە و سیاسەتی ئێمە ئەوە بووە بۆ کادری وەسەتی خەڵکەکە بنێرینە پەیمانگاکان، لەبەر ئەوە رێژەی ئەوانەی کە وەردەگیرین لە پەیمانگا زیادمان کردووە، ساڵانی پێشوو لە ٢٠٪ زیاتر نەبووە، ئەم ساڵ ئەو رێژەی کە لە پەیمانگاکان وەرگیراون، بێگومان پەیمانگای تەکنیکی دەڵێم، لە ٤٣٪ لە پەیمانگای تەکنیکی وەرگیراون، تەنها لە ٥٨٪ لە زانکۆکان وەرگیراوە، کەمترین معەدەل کە وەرگیرا بێت لە پەیمانگا و زانکۆکان (٥٥٪) بووە بە نیسبەت فەرعی عیلمی، (٦٥٪)بووە بە نیسبەت فەرعی ئەدەبی، ئێمە ئەوەی حیسابمان کردبوو بە پێی تاقەی خۆمان بوو، بەڵام یەك لایانانە ئەوە بەرێز وەزیری پەروەردە لە تەنیشتنمە، پار ساڵ ئەوان پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانیان داخست، پێنج پەیمانگایان داخست و ئەم ساڵیش ئەوانەی دیکە، ئەو پەیمانگانە ئەوە بە پێی ئیحسائیە چوار هەزارو پێنج سەد کەسی وەردەگرت، بەپێی تاقەی زیادیش کە بۆ زانکۆکانمان ناردبوو، بۆ پەیمانگاکان، لە نێوان شەش هەزار تا شەش هەزار و پێنج سەد کەسی وەردەگرت، ئەوە سیاسەتی وەزارەتی پەروەدەیە خۆیان دەزانن و ئێستا دوایی بەرێز وەزیری پەروەردە باستان بۆ دەکات، لەبەر چی دایخستیە، بەڵام ئێمە چووین پارەکە و دانیشتین لەگەڵی گوتمان ئەگەر بکرێ ئەم ساڵ دانەخرێ، وتیان نا زیادمان هەیە، دەعوەتی وەزارەتی تەعلیم عالیشمان کرد، هەموو سەرۆك زانکۆکان، گوتمان ئەگەر محاوەلە بکرێ ئەو پەیمانگایانە بەردەوام بن، بەڵام دیارە لە سیاسەتی خۆیان بڕیاریان وەرگرتبوو کە دایخەن، ئەو ژمارەی کە ماوەتەوە لە پەیمانگاکانی ئیعدادی موعەلمین و موعەلیمات وەردەگیران، بەڵام ئەوە تەبعەن ئایا لە سیاسەتی پەرلەمان حکومەت ئەوەیە ئایا لە ١٠٠٪ خەڵك لە زانکۆکان و پەیمانگان وەربگیرێن؟ وا بزانم لە هیچ شوێنێك نیە ئەو رێژەیە ببێ کە هەموو وەربگێرین، بەو جۆرە نیە، چونکە ئەو نووسراوەی کە ئێمە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، ئەوە دەردەخات کە شەرت نیە ١٠٠٪ خەڵك لە زانکۆکان وەربگیرێن، بۆیە ئێمە ئەوەندەی پێمان کراوە تاقەی ئیستیعابی جاری یەکەممان ١٤ هەزار کەس بوو، کۆبوونەوەیەکی ترمان کرد و کردمانە ١٧ هەزار کەس، پاشان دوو، سێ کۆبوونەوەی ترمان کردووە، ئێمە وەکو وەزارەتی تەعلیم عالی، عادەتەن، ژمارەی وەرگرتن ئێمە لە زانکۆکان وەریدەگرین، ئێمە دەڵێین تاقەی ئیستیعابی خۆتانمان بۆ بنێرن، ئەوان دەینرن و دەڵێن ئەوەندە دەتوانین وەربگرین، دوایی دادەنیشین چەند هۆڵتان هەیە و مامۆستاتان چەند دەوام دەکەن و چۆن دەوام دەکەن؟ ئێمە بە پێی خیدمەی جامیعی هەتا دەوامیشمان تەمدید کردووە، ئێستا ئەوە دوو ساڵە خوێندنی

ئێواران كە زانكۆكان دەڵێن دایدەخەین، بەردەوامەمان كردووە ئێنجا توانیومانە ئەوەندە وەربگرین، یەعنی نەك هەر بەیانیان، هەتا بەشی ئێواران لە زانكۆكان هەیە، بۆ پەیمانگاكانیش كردوومانە دوو دەوام، نەك بەشی ئێواران، دەوامی بەیانیان و دەوامی ئێوارانیش بۆ ئەوەی بتوانین بەشێكی زیاتر وەربگرین، بەڵام ئەو ژمارە زۆرە كە دێت ساڵانە، لەبەر ئەوەی خەڵك رووی لە خوێندن دەكەن، موشكیلەمان ئەوەیە ساڵێكی تر كارەساتەكە گەورەتریش دەبێ، چونكە ئەم ساڵ خەڵك دەیزانی وەرناگیرێ و نزیكەی ٢٠٠٠٠ كەس زیاتر خۆی هێشتووتەوە، ئەصڵەن ئیمتیحانی نەداوە لە شەش، ئەو ٢٠٠٠٠ كەسە و خەڵكی دیكەش ساڵێكی تر نازانم ژمارەكە چەند دەكات لە شەشی عیلمی و ئەدەبی دێت، ئەوە ژمارەیەكی زۆر زۆرتر دەبێ، لەوانەیە ببێتە زوعف، جا لەبەر ئەوە ساڵ بە ساڵ ئەو ژمارەیە زیاد دەكات هەر چەندە ئێمە خۆمان ئامادە دەكەین، بە نیسبەت زانكۆكانی حكومی و پەیمانگاكان، بەشی زیاتر بكەینەوە و كۆلێژی زیاتر بكەینەوە، ئێمە هەر پار ساڵ مەجموعەیەك كۆلێژمان كردەوە، دوو كۆلێژمان هەر لە چەمچەماڵ كردۆتەوە، ئێستا كەلار دووی تێدایە، خانەقین دووی تێدایە و هەڵەبجەی شەهید دووی تێدایە، لە زاخۆ دووی تێدایە، سۆران چواری تێدایە، پەیمانگای تازەمان كردۆتەوە، یەعنی تەوەسوعێكی تەواو كراوە ئینجا توانیمانە ئەوەندە وەربگرین، ئاخر شت كە من لەگەڵ زانكۆكان دانیشتووم و پێیان زیاد بكەین، لە ١٤٠٠٠ هێناومانە سەر ٢١ هەزار و نیو، یەعنی تەقریبەن ٢٢ هەزار كەسمان وەرگرتووە، یەعنی ئێمە حیسابی ئەوەشمان كردووە موسبەقەن كە ئێستاكە خەڵكەكە تەقدیمی ئەهلی كردووە، تەقدیمی حكومیشی كردووە، ئەو ژمارەیە دەمێنێتەوە لەوێ ، ئێمە لە ١٠٪ زیاتر لە خوتەی خۆمان داناوە بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی كە لە ئەهلیەكان وەرگیراون ئەوەی لە مێشكی دەركەین و تەوازونێك ببێت و تەنەقولات نەبێ لە بەینی ئەهلی بۆ حكومی، یەعنی ئەوانە هەمووی حیساباتی بۆ كراوە، هەندێ جار راگەیاندنەكان وا پێشان دەدەن كە ئێمە دەمانتوانی ٣٦ هەزار كەس وەربگرین، دوێنێ مەقالەیەكم خوێندەوە لە گوڵان، چاودێرێك نووسیویەتی چەند ئەقسامی عیلمی هەیەو زەربی ١٠٠ بكە، ئەوە عەملیەكی حیسابی نیە، هەر بەشێكی زانستی ناتوانێ ١٠٠ كەس وەربگرێت، بەش هەیە لە ٣٠ كەس زیاتر ناتوانێ وەربگرێ، بەش هەیە لە ٢٥ زیاتر ناتوانێ وەربگرێ، ئەوە مامۆستای دەوێ و ئەوە هۆڵی دەوێ، تەزاروب لە جەدوەل دەبێ، دوو دەوام دەوام دەكرێ، ئەوە بە حیساب نابێ، پێی بڵێ وەللا بەشت هەیە دەبێ ١٠٠ كەسی وەربگری، هەندێ ئیختیصاص هەیە، ئەو ئیختیصاصە زۆر پێویستە ئێمە ژمارەكەی بۆ زیاد بكەی، چونكە كەم و كوریمان لێی هەیە، بەڵام هەندێ ئیختیصاص هەیە خۆمان كەممان كردۆتەوە، لەبەر ئەوەی شەرت نییە تۆ هەموو بەشێك بە یەكسانی ١٠٠ كەس وەربگری و بڵێی زەربی بەشی عیلمی بكەی و تۆ دەتوانی ٣٦٠٠٠ كەسی وەربگری، ئیستیعابی بەو جۆرە ناكرێ و بەو جۆرەش دابەش ناكرێ، بەڵام ئێمە محاوەلەمان كردووە بە باشترین شێوە هۆڵەكانی خوێندن بەكار بێنین، بەڵام زۆر لە بەشەكان موختەبەراتی دەوێ و مەسائیلی تری دەوێ، جا لەبەر ئەوە وای لێ هاتووە ئێستا ئێمە ئەوەی خوێندنی حكومی و ئەهلی رێژەكە لە ٨٠٪ تۆزێ زیاتریشە، بەشێكی كەم ماوەتەوە كە لە ٢٠٪ وەرنەگیراون لە زانكۆ ئەهلیەكان، ئەوانەشن كە مەعەدلاتیان كەمە، یەعنی هەمووی وەرنەگیراوە، ئەوانەی

ماونەتەوە زیاتریان لە بەشی وێژەییە، لەبەر ئەوەی وەکو وتم بەشی وێژەیی لە دوو بەرامبەری بەشی زانستی هاتووە، ئەوەی لە بەشی زانستی هاتووە تەقریبەن نزیکەی هەر ٥٠٠ کەس ماوەتەوە، باقیەکەی هەمووی لە بەشی وێژەییە، ئێمە ئەوانەی پیشەییش ئەوەی معەدەلی لە ٧٠ کەمتر نەبێ، ئەوانیشمان وەرگرتووە، جێگامان کردوونەتەوە لە پەیمانگا تەکنیکیەکان، هەمووشی بە گوێرەی پلان بووە، ئێمە ئەگەر پێویستی کرد ئەو نووسراوەی کە من بۆ ئەنجومەنی وەزیرانم ناردووە، لە پار ساڵەوە، یەعنی لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨ هەموو ئەو پێشبینیانە لە پار ساڵ کراوە، من وەکو وەزیری خوێندنی باڵا محاوەلەم کردیە زۆرترین ژمارە وەربگیرێ، محاوەلەم کردووە ١٠٠٪ خەڵك وەربگرم، بەڵام کە ئیمکانیەت نەبووە، هەر ئەوەهای لێ هاتووە، ئێستاش هەر بۆ مەعلوماتتان دوێنێ پەیوەندیم بە وەزیری خوێندنی باڵای عێراقی فیدراڵ کرد، کە ئەگەر بتوانێ هاوکاریمان بکات، چونکە هەندێ کەس دەڵێن دەچینە ئەوێ، ئەو رەزامەندی نیشان دا و هەفتەی دابێ دەچمە بەغدا بزانم چەند کەس دەتوانێ وەربگرێ، بە تایبەتی ئەو زانکۆیانەی لێمان نزیکن لەگەڵ پەیمانگاکان، بەتایبەتی پەیمانگاکان، وەزعی تکریت ئێستا باشە و خەڵکێك هەبێ بۆ بەغداش ئێمە موشکیلەمان نیە، ئێمە جەدوەل و شتەکان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین، خۆشمان ئیعادەی نەزەر دەکەینەوە، ئەگەر بکرێ، بەڵام ئەوە واقیع حاڵەکە ساڵ بە ساڵ خەڵك زیاد دەکات، بەڵام شەرتیش نیە وەکو گوتم لە هەموو دونیا هەموو کەس بچێتە زانکۆ، یەعنی ئەگەر ئەوە سیاسەتەکەیە هی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان کە ١٠٠٪ ئێمە خەڵك لە زانکۆ وەربگرین، با بزانین بۆ ئەوەی کاری بۆ بکەین، بەڵام بە پێی ئەوەی کە من رێنمایی کرایمە شەرت نیە هەموو کەسێك لە زانکۆ وەربگیرێ، ئەگەر پێویستتان کرد دەقی ئەو نامەی کە نووسیومە بۆتان دەخوێنمەوە و زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەرێز کاك د.ئیدریس، وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئەو شەرحەی کە کردی، داوا لە کاك دڵشاد دەکەم ئەگەر قسەیەکی هەبێ بەتایبەتی سەبارەت بەوەی ئەو پەیمانگای مامۆستایان کرا، ئەم ساڵ وەریانەگرتووە و هەموو ساڵ بەشداری دەکەن لەوەی کە رێژەیەك وەربگیرێ، ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە و هەر چی نوقتەیەکی تریش هەبوو کە پەیوەندی بەو تەوەرەوە هەبوو بۆمان باس بکات، زۆر سوپاس.

**بەرێز دڵشاد عبدالرحمن/وەزیری پەروەردە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، دیارە قسە کردن لەسەر بابەتی وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیان ئەوەیە ئێمەی هێناوە لە پەرلەمان لە خزمەتی ئێوە بین، بۆ ئەوەی روون کردنەوەی تەواو و پێویست بدەین، من بەو پرسیارە دەست پێ ئەکەم: ئایا پێویستە ئێمە پلانمان هەبێ یان بێ پلان بین؟ ئەگەر پێویستە ئێمە پلانمان هەبێ کەواتە بە جێبەجێ نەکردنی پلانەکانی ئێمە کۆمەڵێك خەڵك زەرەرمەند دەبن، و نارەزایی دەردەبڕن و دێنە سەر شەقامەکان، بەڵام ئێمە پێویستە پلانەکانی خۆمان روون بکەمەوە، ئێمە بۆ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانمان داخست؟ ئەوە پرسیارێکە زۆر جار دەوروژێندرێ لێرە و لەوێ و زۆر جار

تەفسیری نا بەجێشی بۆ ئەکرێ، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان دامەزراوەیەکە هەر وەکو دامەزراوەکانی تر، بەپێی ئامانجێك و بۆ مەبەستی هێنانە دی ئامانجێك بۆ کاتی خۆی دامەزراوە، ئامانجەکانیش دیار و روونن بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی قۆناغی یەك بۆ شەش لە کوردستان، بێگومان لە کاتی خۆی کە بڕیار دراوە ئەو پەیمانگایانە بکرێنەوە بە پێی ئەو زانیارانەی کە لەبەر دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردەدا هەبووە، ئەو پەیمانگایانە بە پێویست دانراوە، کە ئێمە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەمان پێ سپێردرا بەرامبەر بەو یاسایەی کە بەرێزتان دەنگتان لەسەر دا، ئێمە مولزەم بووین بە جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی ئەو یاسایە، ئەویش خۆی لە دوو خاڵ دەبینێتەوە، یەکەمیان بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە کوردستان، دووەمیشیان هێنانەدی فورسەتی خوێندن بۆ هەموویان، کە سەرژمێریەکمان کرد لە کوردستان ئایا ژمارەی مامۆستای قۆناغی یەك بۆ شەش چەندمان پێویستە بۆ ئەوەی زیاتر بکەین؟ پەیمانگاکان زیاتر بکەین یان کەم بکەینەوە؟ سەیرمان کرد ئێمە لە راستیدا تووشی هەڵاوسانێکی زۆر زیاتر بووین لە ژمارەی مامۆستایان لە قۆناغی یەك بۆ شەش، بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا ئێمە مامۆستامان هەبێ، مامۆستایەکی زۆرمان هەیە بە شێوەیەکی نارێك دابەش کراوە، خراپ دابەش کراوە، لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری زۆر، ئایا بەردەوام بین ئێمە ئەو پەیمانگایانە ساڵ بە ساڵ ژمارەیەکی زیاتر وەربگرێ و دەرچووەکانیشی دانەمەزرێن؟ بێگومان ئێمە ئەو کاتە تووشی فەوزا دەبین کە هەم سەروسامانی میللەت بە فیڕۆ دەبەین و هەم تەمەن و جوهدی ئەو گەنجانە بە فیڕۆ دەبەین کە ئەوان دێنە پەیمانگا و لە پەیمانگا تەنها فێری پیشەی مامۆستایەتی دەبن، وەکو پەیمانگای تەکنیکی نیە فێری پیشەیەك بن و دوایی بڵێین فەرموو بۆ خۆت تۆ بڕۆ کار بکە، خوێندن لە کوردستاندا خوێندنی قیتاعی گشتیە، لەبەر ئەوە ئەرکە لەسەر حکومەتی هەرێم هەر مامۆستایەك دەرچوو دایبمەزرێنێ، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی تر بوو، ساڵی پار لە چوار پەیمانگەی مامۆستایان لێرە و لەوێ مانیان دەگرت لەبەر ئەوەی دانەمەزران، لەبەر ئەوەی ژمارەی دامەزراوان زۆر بوون، پێرێ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەرچووانی پاری پەیمانگای مامۆستایانی کەلار ئەڵێ: مانگرتنی ئەم ساڵمان زۆر جیاوازتر ئەبێ لە پار، هێشتا دانەمەزراون، ئەم ساڵ ئەوانەی کە لە قۆناغی دوون دەرچوون ژمارەیان لە ئەو پەیمانگایانەی کە قۆناغی دوویان مابوو، ٥٤٢٣ دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانمان هەیە لە کوردستان هی ئەم ساڵ، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ٤١٨ مان هەیە، واتە کۆی هەردووکیان ٥٩٠٠ دەرچووی پەیمانگا کە پێویستە ئێمە دایانبمەزرێنین بە مامۆستا، بەڵام ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە هەر چۆنێکی بکەین ناتوانین لە ١٠٠٠ دەرچوو زیاتر دابمەزرێنین، ئەوانەی کە ئێستا ئەم ساڵ ئەچنە دوو، ئەوانی دی دەرچوون پەیمانگاکە ئێستا سەڤ یەکی نەماوە، بەڵام هەندێکیان قۆناغی دوویان ماوە، ئەوانەی کە ئەم ساڵە لە سەڤ دوونە و دەر ئەچن ئەم ساڵە ژمارەیان ٣٣٢٧ خوێندکار و قوتابیە، کەواتە ئێمە ساڵێکی تریش نزیکەی ٣٥٠٠ دەرچوومان هەبێ و ئەم ساڵیش ٦٠٠٠ هەبێ، ئەوە ٩٠٠٠، چەند هەزارێکیش هی پار ماوە کە دانەزراون ئەوە نزیکەی ١١٠٠٠ ، ١١٠٠٠ ئێمە ئەبێ دایانبمەزرێنین کە ئەوە مافیشیانە بەراستی، کە وەرگیراون ئێمە تەعەهودێکمان

پێیان پڕ کردۆتەوە و گوتوومانە ئێوە کە دەرچوون هەر ئەبێ دابمەزرێن، ئەگەر دانەمەزرێن ئەبێ دوو ملیۆن دیناریش بدەن، ئەوە لە راستیدا بێ پلانی بووە، ئێمە ئەبێ دان بەوە بنێین کە لەبەر هەر بارودۆخێك بێ ئەو وەرگیرانە وەرگیرانێکی نا زانستی بووە، بۆیە ئێمە زۆر بە خۆشحاڵیەوە، تەبعەن دیاردەیەکی زۆر خۆشحالیە و ئەوە موژدە بەخشیشە کە من ئێستا ژمارەی مامۆستایان لە دەرچووی پەیمانگا پێویستیم پێی نیە، هاتم چی ئەکەم بۆ ئەوەی ژمارەکانیش کەمتر بێتەوە ئاستی زانستیش بەرز بێتەوە بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستمان کرد بە گۆڕینی پەیمانگاکان بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، ساڵی پار هەر ئەوانەی کە لە پەیمانگا وەرگیرابوون، پەیمانگای کەلار کران بە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و ئێستا لە قۆناغی دووەمی کۆلێژەکە ئەخوێنن، لە پەیمانگای مامۆستایانی هەڵەبجە ئەم ساڵ بینا و هەموو شتێکمان پێشکەش کردن بە کەل و پەل و کارمەندیشەوە، هەروەها لە سۆران و هەروەها لە چەمچەماڵ و لە شارە گەورەکانیش هەر خۆی هەیە، کەوابێ ئێمە ئامانجی دووەمیش کە ئیتر بێگومان ژمارەی وەرگرتن لەو کۆلێژانە کەمتر ئەبێ لە ژمارەی وەرگرتن لەو پەیمانگایانە، بۆیە لە کاتێکدا کە دەردەچن ئێمە پێداویستیەکانی خۆمان پێ پڕدەکەینەوە، کەوابێ لە راستیدا ئەوە تەبریرێکی هەڵەیە کە ئێمە بڵێین هۆی وەرگرتنی ئەو خوێندکارانە داخستنی مەڵبەندی مامۆستایانە، من کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن لەگەڵ ئەو دەرچووانە، باشە ئێوە ئەڵێن هەموو کور و کچی هەژارن، من ئێستا وەرتان بگرم و بتانێرم بۆ هەڵەبجە و سۆران و شەقلاوە دوای دوو ساڵ دێن داوای دامەزراندن دەکەن، کە دانەمەزران نالێن بۆ چی وەرتانگرتم؟ لە پەرلەمان لێم ناپرسن تۆ بۆ داتنەخست ئەو پەیمانگایە کە ئێستا بەردەمی پەرلەمانیان لی گرتووین و داوای دامەزراندن دەکەن، ئەو کاتە من تووشی لێپرسینەوە دەبەم بەرامبەر بە جەنابتان، بۆیە من بە ئەرکی خۆمانمان زانیوە کە ئەو راستیانە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بگەیەنین کە ئێمە ئەبێ ئەو پەیمانگایانە بگۆڕین و دایانبخەین، ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە، لەڕاستیدا هەموو دەزگایەکی حکومی ئامانجێکی دیاری کراوی ئەگەر نەما پێویستە دابخرێ و بگۆڕدرێ بە شتێکی تر، ئەوەش لە رووی زانستیەوە ئەم ساڵ لە کۆنگرەی پەروەردەو فێر کردن کە لە عێراق بەسترابوو لە یۆنسکۆ، وەزیری پەروەردەی عێراق لەبەر دەمی بەڕێوەبەری گشتی یونسکۆ بە ئینجازێکی زۆر گەورە ئیعلانی کرد و وتی ئەم ساڵ بڕیارمان داوە پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان دابخەین لە عێراق بۆ ئەوەی ئاستی زانستی مامۆستایەکانمان بەرز بێتەوە، ئێمە پێش دوو ساڵ ئەوەمان کردووە، کەوابێ لە رووی زانستیەوە پلانەکەی ئەوەمان دروستە، ئەی ئەو ژمارانە لە کوێ دێن؟ وەکو برای بەڕێزم کاك د.ئیدریس وتی لە راستیدا هۆکاری تر هەن، کە ئەویشیان دڵخۆشکەرن، ژمارەی خوێندکاران و قوتابیانی ئێمە ساڵانە زۆر زیاد دەکەن، ئەوەش دەبێ هەموومان دڵمان پێ خۆش بێ نەك موسیبەتە، لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ ، ١٥٢٨ قوتابی وێژەیی هەبووە، کە تاقیکردنەوەی وێژەیی داوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨ ، ٢٣٥٥٣ قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی کردووە، تەنها ئەو فەرقەی لەگەڵ ساڵی پار لە ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ، ٢٣٥٢١ کەس بەشداری کردووە، بەڵام ئەمساڵی کە تێیدا بووین ٣٣ هەزار واتا دە هەزار خوێندکار لە ئەدەبی بە یەك ساڵ بەشداری

تاقیکردنەوەی بوون، کە ئەوە ژمارەیەکە لە راستیدا دەبێ هەموومان دڵخۆش بکات، بەراستی خوێندەواری و زانست زۆر پێشکەوتووە، لە زانستی لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ تەنها ١٩٢٨٣ قوتابی و خوێندکار بەشداری تاقیکردنەوەی کردووە، ئەم ساڵ لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨ ، ٢٤١٢٠ کەس بەشداری کردووە، یەعنی ئەویش دوو هەندەیە لە خیلالی سێ ساڵ، ئایا دام و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لەم دوو ساڵە پێیان دەکرا؟ بێگومان نا، ناکرێ تۆ لە ماوەی سێ ساڵدا لەوەتەی حکومەتی عێراقی ٧٠ ساڵە دروست بووە دامەزراوەیەکت هەیە، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵدا زوعفی ئەو ژمارانەت بۆ دێت، لەبەر ئەوەی بەراستی ئەو تاقە و ئیستیعابی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگەر بە پێی پلانی زانستی بڕوات وەکو پێشتر ناتوانێ ئیستیعابی ئەوانە بکات، چونکە لە راستیدا داخستنی پەیمانگا و کردنەوەی پەیمانگایەك نین، ئێمە ئەبێ وەکو حکومەتی هەرێم و وەکو پەرلەمانی کوردستان و وەکو کاك دکتور فەرمووی بریارتان وایە هەموو خوێندکارەکان لە کۆلێژ وەربگیرێن ئەبێ پلانی زانستی بۆ دابنرێ، بودجەی بۆ دابنرێ، مامۆستای بۆ پەروەردە بکرێ، شتی بۆ بکرێ، هەر بۆ روونکردنەوە بۆ بەڕێزتان، دەرچووی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ ، ٦٥ هەزار کەس بەشداری تاقیکردنەوەی سێی بەکالۆریای کرد کە نۆی بنەرەتی ئێستایە، ٤٩ هەزاری دەرچووە، ئەوە ساڵ ٢٠٠٦-٢٠٠٧، تەنها لە ماوەی یەك ساڵدا چەند ژمارەکەی زیادی کردووە، لە ٢٠٠٧-٢٠٠٨ ژمارەکە لە ٦٥٥٢٠ بووە ٨٩٦٤٢ واتە نزیکەی ٢٣ هەزار کەس زیادی کردووە لە قۆناغی نۆی بنەڕەت لە ماوەی ساڵێك، ژمارەی دەرچووان لە ٤٩ بوویتە ٦٩، ئەوانە بەراستی دیاردەی دڵخۆشکەرن، ئێمە دروشمی خوێندنمان بۆ هەموویان بەرز کردۆتەوە و هەموو منداڵێکی کوردستان نۆ ساڵ بخوێنێت، ئەوە یاسای جەنابتانە لەسەر من پێویستە جێبەجێی بکەم، بۆ قۆناغی نۆی بنەڕەتی بۆ ئەوەی بەشێك لە هەلوەسانەکان کەم بکەینەوە، توانا و جوهدی گەنجانی خۆشمان بە فیڕۆ نەدەین، ئێمە لە قۆناغی نۆوە چەند دەرگایەکی تری خوێندنمان کردەوە، بۆ ئەوەی هەموو روو لە وێژەیی و زانستی نەکەن، پەیمانگاکانی کۆمپیوتەرمان کردەوە، پەیمانگاکانی وەرزشمان کردەوە، چەندین بەشی نوێ لە ئامادەیی پیشەسازیەکان لەوانە چاککردنەوەی کۆمپیوتەر، لەوانە درووما‌ن، لەوانە ئامێرە کشتوکاڵیەکان، لەوانە چاککردنی ئامێری فێنك کەرەوە و چاککەرەوەمان کردۆتەوە، ئێستا و لە چەند رۆژێکی ئایندەدا کۆنفرانسێك لەسەر خوێندنی پێشەیی ئەگرین بۆ ئەوەی وا بکەین ژمارەیەکی زیاتر لە دەرچووانی نۆی بنەڕەت روو لە خوێندنە پیشەییەکان بکەن، بۆ ئەوەی کە دەرچوون لە ئامادەیی پیشەیان دەست بکەوێت، هەموو کەسیش روو نەکاتە زانکۆ و پەیمانگاکان کە لە دونیاشدا لە حەقیقەتدا ئەوە نیە کە هەموو کەس لە ئەو زانکۆ و پەیمانگانە وەربگیرێ، رێژەی وێژەیی ئەگەر سەیری بکەی زۆر زیاترە، دوو هێندە بەرامبەری زانستیە، کە ئەوە بە پێڕەوەکان، رێکخراوە پسپۆرەکانی دونیا، ئەوە پێوەرێکی زۆر خراپە، هۆی نیشانە دواکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەرەو گەشەپێدان ئەڕۆن، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە بەرەو گەشەپێدان بڕوات پێویستە بواری تەکنیکی و زانستی زیاتر بێت نەك بواری وێژەیی، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، بۆ چی وێژەیی زیاتر بێ لە زانستی، لەراستیدا ئێمە نەمانتوانیوە پێداویستیەکانی خوێندنی زانستی لە هەموو کوردستان وەکو یەك

دەستەبەر بکەین، لە قەزایەك بۆ نموونە لە قەلادزێ یان لە چۆمان یان لە سۆران، من نەمتوانیوە مامۆستای فیزیا و کیمیا و بیرکاری وەکو پێویست دابین بکەم، بۆیە بەناچاری قوتابیان روو لە وێژەیی دەکەن، لەناو خودی پارێزگاکانیشدا، لەبەر ئەوە سەیری ئەگەی ژمارەکە چەند هێندە بووە، بۆیە ئێمە چارەسەری ئەوەش بکەین کە رێژەی وێژەیی کەم بکەینەوە، تاقیکردنەوەی دەرەکیش یەکێك لەوە بووە کە لە راستیدا زۆر بێ بەرنامە کراوە، کە ئێمە ئەوانەمان گۆڕیوە ئێستا دەنگێکی نارەزایی هەیە، بۆ نموونە. پێشتر وابوو قوتابیەك تاقیکردنەوەی سێی بەکالۆری نەدا (خارجی) دوای سالێك ئەیانووت فەرموو تاقیکردنەوەی شەش بدە، لە دونیادا بەراستی شتی وا نیە ئەوە تەنها پێدانی بڕوانامە بوو، بە بێ ئەوەی نرخێکی زانستی بۆ بڕوانامەکانمان دابنێین، ئێمە ئەوەمان گۆڕی، ئەوەی تاقیکردنەوەی سێ بدات ئەبێ دوای سێ سالێ تاقیکردنەوەی شەش بدات، ئەم سالێ وامان کردووە، ئەوەی بیەوێ تاقیکردنەوەی دەرەکی بدات ئەبێ لە قۆناغی چواری ئامادەیی واتە ١٠ بچێت تاقیکردنەوەی نیوەی سالیش بدات، تاقیکردنەوەی سەری سالیش بدات بە بێ خوێندن، کە چوو سالێکی تریش لە قۆناغی پێنج واتە ١١ بچێت لە مەکتەبێك ناوی خۆی بنووسێت و تاقیکردنەوەی نیوەی سالیش بدات و تاقیکردنەوەی سەری سالیش بدات، ئینجا سالی سێیەم بۆی هەیە تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی بدات، بۆ ئەوەی نرخی زانستی بڕوانامەکانیشمان بەرز بکەینەوە، تەنها بڕوانامەکان بۆ ئەوە نەبێ کە تۆ بڕوانامەیەك وەربگری بۆ ئەوەی تەرفیع و عەلاوەی پێ بکەی یان هەر مەبەستێکی ترە، کە ئەم پلانە زانستیانە دائەنێین بێگومان دەبێ نارەزایی وەکو کاك دکتۆر وتی لێرە و لەوێ قسەمان پێ ئەوەترێ و رەخنەمان لێ ئەگیرێ، بەلام لە راستیدا ئەوە قوربانی پلانی زانستیە و ئەبێ بیکەین، بۆیە من وا ئەزانم ئەو روونکردنەوانە بەرچاو روونکردنەوەیەکی باشە و بە شێوەیەکی گشتی ئێمە ئەبێ پلانی خۆمان وەکو کاك دکتۆر وتی ئەبێ ١٠٠٪ وەربگیرێن، ئەوە دیارە پلان و بەرنامەی خۆی هەیە، بەلام ناکرێ ئێمە ئەوە بەوە چارەسەر بکەین کە دەزگایەك بکەینەوە کە هیچ پێویستیمان پێی نیە کە لە ئایندەدا دیسان تووشی کێشەکە دەبینەوە، من زۆر سوپاستان دەکەم و ئەگەر هەر چ پرسیارێك و روونکردنەوەیەك پێویستە من لە خزمەتتان دامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ کاك ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری خوێندنی بالا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، زۆر سوپاسی کاك د.دلشادیش دەکەم، بەلام چەند تەوزیحێکم هەیە بە نیسبەت گۆڕینی پەیمانگاکان بۆ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، ئێمە محاوەلەمان کرد کە ئەو سیستەمی پەروەردەی تازە بۆ ئەوەی مامۆستا دابین بکەین بۆیان داوامان کرد وەزارەتی پەروەردە ئەو پەیمانگانەمان پێ بدات، بەلام پار سالێ مەجموعەیەکمان لە کەلار وەرگرت ئەو ناوچانە کەم و کوڕی زۆریان هەیە وەکو پەیمانگا، وەزارەتی پەروەردە وتی من ئەوێشم داخستووە و کردمان بە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەلام ئەم سالێ لەبەر

زەختی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید و ئەوانە گوتیان دەمانەوێ ئەو پەیمانگایە بکەنە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، داوامان کرد بە سوپاسەوە بینایە و ستافەکەیان دا بە ئێمە، بەڵام کە سەیرمان کرد ستافەکە تەنها دوو ماستەری تێدایە، ئێوە خۆشتان دەزانن کۆلێژ دەبێ بە شەهادەی عولیا بی دەرس بگوترێتەوە، لە پەیمانگا ئەوەی کۆلێژیش دەرس دەڵێتەوە، بەڵام من کە نەمبێ، نەمتوانیوە ١١ پەیمانگاکەی تر تەحویل بکەم کە ستافەکەم نەبێ، یەعنی تۆ قسمێکی عیلمی بکەیەوە ئەبێ پێنج دکتۆرات هەبێ، ئێمە چەند مامۆستایەك لە زانکۆی سلێمانیەوە وەکو موحازیر ناردوومانە ئەوێ، بەڵام ئەوان تەنها نزیکەی ٩٠ کەسمان وەرگرتووە ئەم ساڵ لە هەڵەبجەی شەهید، ٢٥٠ لە کەلار، یەعنی مەجموعی هەموویان ناکاتە ٣٤٠ کەس، بەڵام ئەگەر پێشتر هەموو پەیمانگاکان بمابا ٤٥٠٠ کەس ، بەڵام پێشتر روونکردنەوەی خۆی دا، فەرقەکە زۆرە من ئەگەر بمەوێ تەحویلی پەیمانگا بۆ کۆلێژ بکەم، دەبێ زەوابتی عیلمی کە من دامناوە گشتی تێدا متەوەفر بێ، جا لەبەر ئەوە ئەو فەرقە هەر ماوە، ئێمە وردە وردە تەحویلی دەکەین، وە نەبێ تەحویلی نەکەین، بەڵام دەبێ ئیمکانیات و مامۆستای پسپۆر و ئەو شتانەی بۆ دابین بکەین، جا لەبەر ئەوە ناکرێ بە ساڵێك ئەو پەیمانگانە تەحویل بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێز بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە کردیان، دیارە تەبعەن لێژنەی پەروەردە و ئەندامانی تری پەرلەمانیش پرسیاریان هەبێ، پێش ئەوەی من داوا بکەم کێ قسە دەکات، تکا دەکەم کە قسەکانیان تەرکیز بێت لەسەر ئەو تەوەرەی کە قسەی لەسەر کرا، ئەگەر بەڕێزێك قسەی کرد، دووبارە نەبێتەوە پرسیارەکەی، چونکە وەختەکەمان کەم مایە هەر نیو سەعاتمان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەی تر هین بکەین، ناوەکان دەنووسم، شێخ فەتاح نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا نوقتەی نیزامیە، بەڵام پێشنیارێکم هەیە و داوا دەکەم ئەوانەی ئیختیصاصیان هەیە بە ئیش و کاری تەربیە، ئەوانە زیاتر تەدەخول بکەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قسەی منیان نەکرد، بەڵکو بە قسەی جەنابت بکەن، قسەیەکی باش بوو، کێ دەیەوێ قسە بکات؟ نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك شێخ فەتاح وتی بەراستی نوقتەی نیزامە، داوا کردنی ئەو وەزیرە بەڕێزانە زائیدەن سێ وەزیری تریش بوو ئێمە کە داوامان کردبوون، بەڵام دیارە ئەمڕۆ وا بڕیار دراوە تەنها ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە بێن لەسەر داوای لێژنەی پەروەردە بوو جەنابت لە بیدایەت ئیشارەتت پێ نەدا، بەڵکو ئیشارەتت

بەو نامەیەدا کە ئیمزاکان کۆ کرابووە، ئەمەی هەوڵی دووەممان بوو کە ئەوە ببێت، چونکە دوو جار تەلەبەکان هاتینە بەردەمی پەرلەمان و دەبوایە قسەمان لەسەر بکردبایە، بۆیە ئێستا نوقتەی نیزامیەکەی من ئەوەیە، با ئەوەڵ جار بە لیستی ناوەکانی لیژنەی پەروەردە دا بێین، ئەگەر پرسیار ماوە کە ئێمە نەمانکرد، چونکە ئێمە ئاگامان لە کێشەکانە، ئەو کاتەی با ئەندامانی بەڕێزی تری پەرلەمانیش قسە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك لیژنەی پەروەردە داوای کردووە ئەو وەزیرە بەڕێزانە بێن، زۆر ئەندام داوای کردووە، نووسینگەی سلێمانی داوای کردووە، بەڵام ئەو دانیشتنە تەرخان کراوە فەقەت بۆ دیراسە کردنی کێشەی خوێندکاران و قوتابیان ئەوانەی دەرچووی ئەم ساڵن و وەرنەگیراون، ئەوە شتێکی پەلە بووە و بیست کەس ئیمزای کردووە، جگە لەوەی کە خوێندکاران و قوتابیان موزەکەرەیەکیان داوەتە ئێمە، ئێمەش دوێنێ لە دانیشتنی دوو قۆڵی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی ئەو مەسەلەمان باس کرد و هەردوولا و ئەوانیش بە پەرۆش بوون، وتمان ئەم دانیشتنە ساز دەکەین بۆ ئەوەی لای خەڵك روون بێتەوە سەبەبەکە چیە؟ ئەوە یەك، دووەم: لیژنەی پەروەردە، بەڵێ ئیختیصاصی هەیە و تەمەنا دەکەین کە ڕێگا بدرێ ئەوان زیاتر قسەی بکەن، بەڵام کە کۆبوونەوە لێرە کرا لە لیژنەی پەروەردە نیە، کە لێرە کرا ئەندامان هەموو وەکو یەکن لە هەر چ تەوەرێك بن، من داوا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمان خۆیان تەقدیری ئەوە بکەن و مەجال بدەن زیاتر ئەوانەی تایبەتمەندن و قسەی لەسەر بکەن، بەڵێ کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری قسەکانی جەنابت و کاك شێخ فەتاح و نازناز خان دەکەم، ئەگەر بکرێ لە پێشدا لیژنەی پەروەردە پرسیارەکان و قسەکانی خۆیان بکەن، رەنگە پرسیارەکانی ئەوان هەمووی پرسیارەکانی ئێمە بێت، ئەگەر پرسیار ماوە دوایی جەنابت هەموو ناوی بنووسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ناوەکان دەنووسم، فەرموو ڤیان خان نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتم ناوەکان زۆر زۆرن، زۆر کەس ئەیەوێ قسە بکات، لەبەر ئەوەی کە جەنابیشت ئیشارەتت بەوەدا کە کاتەکە زۆر تەسکە و نیو سەعاتە، بۆیە وتم ئەوانەی کە پرسیاریان هەیە چ ئەکات ئەگەر ئەم جارە پرسیارەکان هەمووی بە نووسین ئاراستە بکەن و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ شەرت نیە مەجال بدەمە هەر هەموویان قسە بکەن، داوا لە سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم یەکەم کەس فەرموو قسە بکات.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حوکمی ئەو سێ ساڵەی ئیش کردنمان لەو بابەتانە، بابەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، هەندی روونکردنەوە لە سەرەتادا دەدەم بۆ ئەوەی لەبەر چاوی ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستانیش دا بێت، دوای بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە مانگی پێنجی ٢٠٠٧، بڕیار درا لەبەر کرچوکاڵی مەعاهیدی پێگەیاندنی مامۆستایان، ئەم مەعاهیدانە دابخرێن، ئەمە راسپاردەی کۆنگرەی پەروەردەیی بوو لە مانگی پێنجی ٢٠٠٧ و لە مانگی حەوتی ٢٠٠٧ لیژنەیەك پێکهێندرا، پێنج وەزیر و سەرۆکی لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان بە دوو جەلسە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئێمە بە تێکڕا شەش سەعات دانیشتین بۆ تاوتۆ کردنی ئەم راسپاردانە، ئەم راسپاردانە لە کۆنگرە و لەم لیژنەیەوە دەرچووە کەئەو مەعاهیدانە دابخرێن لەبەر زۆر ئەسباب، بەڵام گەورەترین سەبەب ئەوە بوو، چونکە خوێندن کرا بە بنەڕەتی و نۆ ساڵە و دەرچووی مەعهەد ناتوانێ دەرسی ناوەندی بداتەوە، بێجگە لەوەی کە باگراوەندەکی لاوازیشی هەبووە لە پێگەیاندنی قوتابی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، بۆیە داخراوە، ئێمە پشتگیری لەو هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە دەکەین و دەبێ بەردەوامیش بێ و دیارە نموونەیەکی باشیشمان پێشکەش کردووە و تەرحێکی باشیش بووە بۆ وەزیری پەروەردەی عێراقیش و ئێستا تەبەنی ئەو مەوزوعەی کردووە و بڕیاریان داوە لە عێراقیش ئەو مەعهەدە نەمێنێ، بەڵام هەر لە هەمان دانیشتن ئەو لیژنەیەی کە پێکهێندراو دوا بە دوای دانیشتنی کۆنگرەکە هەر هەموومان لەوەی تەئکیدمان کردەوە کە دەبێ ئالیەتێکی تر بدۆزینەوە بۆ چارەسەری ئەو ژمارە زۆرە لە تەلەبە کە ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات، نفوسی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات، نفوسی خوێندەوارانمان شوکر بۆ خوا زیاد دەکات، کەشێکی رێك و پێك لە هەرێم هەیە بۆیە خەڵك رووی لە خوێندن کردووە، کەواتە حکومەتی کوردستان بە تێکڕا مەسئولە لەوەی کە دەبێ بەدائیل هەبێ، ئەو دوو وەزارەتە مەسئول نین لە وەرنەگرتنی ئەو تەلەبانەی کە وەنەگیراون، دەبوایە وەکو تیمێك کۆمەڵێك وەزارەتی پەیوەندیدار هەنە مەسئول بوون لەوەی، وەزیری پلان دانان تێدا مەسئولە، وەزیری مالیە تێدا مەسئوولە، هەروەها وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و لەوانەیە ژمارەیەکی تریش لە وەزیرەکان، بۆ چی؟، چونکە کە وەزارەتی پەروەردە دێت هەندێ مەعاهید دادەخات، بێگومان دەبێ کۆمەڵێك ئالیەتی تر لە شوێنی دیکە بۆی پڕ بکرێتەوە، کە پڕ نەکرایەوە هاوکاری ئەو وەزارەتە نەکرا بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کە وەرنەگیراون وەربگیرێن، ئەوە یەك، دوو: لەبەر زۆری تەلەبە دەبوایە بیر لە کردنەوەی کۆمەڵێك قوتابخانەی پیشەیی بکرایایەتەوە لە دوای کلاسی نۆی کە تەواو دەکەن بە تەنەوعێکی زیاتر و بە کوالێتیەکی باشتر بخوێنن کە بەداخەوە تەنها دوو مەعهەدی دی کراوە، مەعهەدی

کۆمپیوتـەر و وەرزش کـە دەڵـێین بەداخـەوە کـەمی ژمارەکەیـە دەنـا جێگـای دەستخۆشـیە، ئـەوەش بـۆ داهاتوومان فەراغێك پڕدەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو مەعهەدانە دەخوێنن کە ئـەوەش هـەنگاوێکی بـاش بـوو، بـەڵام لـەوەی کـە ئـەو ژمـارە زۆرەی کـە ئێستا بـاس دەکـەین، ئـەو دوو وەزارەتـە بـۆ ئێستا چ بکـەن؟ پێشنیاری ئێمە ئەوەیە زۆر بە پەلە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك دەوراتی تـەدریبی و میهـەنی بکاتەوە، ئەو دەوراتانە زۆر بە مورەکەزی ئیش بکەن لەسەر چەند پیشەیەك کە کوردستان پێویستی پێی هەیـە، ڕۆژ بـە ڕۆژ ئێمـە ئوتێلـەکانمان زیـاد دەکـات و ڕێستورانتەکانمان زیـاد دەکـات، مـەراکیزی خـۆش گوزەرانی خەڵك ئەنواعی جێگای دەگرێتەوە لە کوردستان، کادیری وەسەتمان زۆر زۆر کەمە، ئەوان دەتوانن ئیستیعابی ئەو ژمارەیـە بکـەن بـە کردنـەوەی کۆمـەڵێك دەوراتـی نـوێ بـۆ یەکـەم جـار لـە کوردستان، ئـەو نەوعە دەوراتانەش کە نـۆ مـانگ بـێ و لـە کۆتاییـدا شـەهادیەیکی باشیان بـدرێتێ، بـەو شـەهادەیە بتـوانن پیشەیەك فێر بن و ئیش بدۆزنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کە کاك دلشاد باسی کرد لەسەر مەسەلەی ئیمتیحـانی خاریجی، بەراستی لێرە کێشەیەك دروست بووە، ئەو تەلەبانەی کە دوو ساڵ پێشتر شەشی سەرەتاییان تەواو کردووە ئێستاکە پێیـان گوتراوە هێشتا دانیـشن تـاکو بتـوانن ئیمتیحـانی خـاریجی بـدەن، ئێستا تـەعلیمات گۆراوە دەبێ ئەوانە بچنەوە و لە پۆلی یەك و لە وەرزی یەکەم و دووەم بەشـداری بکـەن و لـە دواییـشدا لـە وەرزی یەکەم و دووەمی پۆلی دوو لە ساڵی داهاتوو بەشداری بکەن، لێرەدا دەبێتـە چـوار سـاڵ ئینتیـزار بـۆ ئەوەی بتوانن داخیلی ئیمتیحانی خاریجی بن و قەوسێکە لە دەرەوەی بازنەکە بۆ ئەوەی بەراستی بە هەنـد هەڵگیرێ بۆ ئەوانە نەبێتە چوار ساڵ ئینتیزار، پرسیارێك هەیە لە جەنابی کاك د.ئیدریس کە گوتی ئێمـە هەندێ کۆلێژمان کردۆتەوە، بەڵام بەو ژمارە کەمە کە خۆی حیسابی کرد ناگاتە هەزار کەس وەرگیراون لـە خانەقین و لە کەلار و لەو جۆرە شوێنانە و باسی سۆرانیـشی کـرد کـە تەبعـەن ئـەوە موسانەلەیەك هەیـە لەسەر ئەو مەوزوعەدا لە دواییدا ڕەنگە دانیشتنی تایبەتی بۆ بکەین، بەڵام لە سۆران ئـەم کۆلێژانـە زۆرتـر کراونەتەوە لە دواییشدا ئێوارانەکانیان داخست کـە خـۆی ژمـارە زیـاتر وەدگیرێ و ٤٥٠ کەسیش لـە سـۆران وەرنەگیران کە خەڵکەش هەمووی لـە لایـەن وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا بـوو کـە ئـەوان بـە جۆرەها شـێواز وەرگیرابوون و دوو ساڵیشیان خوێندبوو و پارەشیـان لـێ وەرگیرابـوو، ئینجا لـە دواییـدا داخـرا، بـەڵام ئـەوە ڕەنگە بۆ کاتێکی دیکە بێت کە قسەی لەسەر بکەین، لەسەر وەرگـرتنی قوتـابیش لـە هەنـدێك بـەش ڕاستـە لەگەڵ موقەڕیری لێژنەش ئەمڕۆ قسەمان کرد، لە هەندێ بەش ١٥ تەلەبە وەرگیراوە، لـە هەنـدێ بـەش ٢٥ تەلەبە، خۆشی د.ئیدریس باسی لەو حاڵەتە کرد، یەعنی لەو حاڵەتە ئـەوەی کـە ئێمـە تێکـەوتووین حـەقی وابـوو ئـەم سـاڵ مـادەم حکومـەتی کوردستان بەداخـەوە هـیچ پلانێکی نـەبوو، دەبوایـە لـە دوای کـۆنگرەی پەروەردەیی و پێنج وەزیریش ڕاسپاردەکانیان تاوتۆ کرد، دەبوایە بۆ سـاڵی خوێنـدنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨، کۆمـەڵێك بەدائیلیان دانابا بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کە دەمێننەوە و دایانەناوە، بۆیە داوا دەکەین لەو حاڵەتەی بێ پلانە، ئەو ژمارە زۆرە ماوەتەوە ژمارەی ئەو قوتابیانە لەو هۆڵانەی کە ٣٠ کەس وەرگیراون بۆ نموونە وەربگیرێن، تەنانەت هەندێ بەش هەیە ئەگەر ٦٠ کەسیش بێت زۆر ئیعتیادیە، چونکە علومی ئینسانیە و تەلەبە گوێ

دەگرێ، دەتوانێ هۆڵەکان ئیستیعابی بکات، تەنانەت ئەوانەی کە پێویستی بە موختەبەر هەیە بۆ نموونە لە زانکۆ سەلاحەددین کۆلێژی زمانەکان بەشی ئینگلیزی دوو ساڵیشە کۆریەکان موختەبەری دەنگیان بۆ داناون، بەڵام تۆزی لەسەر نیشتووە و کاری پێ ناکرێ لەبەر ئەوەی کە گوایە خەڵکی پسپۆریان نیە لەو بوارە ئیش بکەن، کەواتە شتەکە تەنها بۆ کەمی هۆڵ ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بێ پلانیە، من ئەو پرسیارە دەکەم بۆ چی ئەو تاقیگەیە تاکو ئێستا نەکەوتووتە کار، رەنگە ئەوە بیانووەك بێت بۆ ئەوەی ژمارەی تەلەبە کەمتر وەربگرن و بڵێین تاقیگەمان نیە، کە هەیە و کۆریەکان بۆمانیان داناوە ئەوە ئیشی پێ ناکەن، کەواتە بێ پلانیەکیش هەیە لە ژمارەی وەرگرتنی، هەندێ جار رەنگە هەندێ سەرۆك بەش و هەندێ لێژنەی زانستی بەراستی هەر لە خۆڕا ژمارەیەکی زۆر کەمیان دابێتێ بە بێ ئەوەی بە دوایداچووبن، ئیستیعابی ئەوەی زیاتر ناکەن کە تەلەبە وەربگرن لەگەڵ ئەوەی ئێمەی وەکو لێژنەی پەروەردە بڕوامان بە کرج و کاڵی زانکۆکان نیە، بڕوامان بە زۆر و بۆری نیە، لە هەموو دونیا قەد هەموو تەلەبە ناچێتە زانکۆ، ئێمە تەئیدی ئەو قسەیە دەکەین، خۆشمان یەك لەوانەینە کە دەڵێین دەبێ باشترین تەلەبەکان بچێتە زانکۆ کە لەوێ خوێندنێکی ئەکادیمی دەخوێنن و دەبێ لە مستەوایەکی بەرز بن، بەڵام کە تۆ رێگە بگری لەوانە دەبێ بەدائیلت پێشتر ئامادە کردبێ، بەدائیلەکانیش ئێستا نەچووە بچێ کە نەتوانین چارەسەری بکەین، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و مالیە و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە دانشتنێکی خێرا بکەن، بکرێ کۆمەڵێك دەورات نوێ بکرێتەوە بۆ ئەم ١٠٠٠٠ لە عەینی کات،بەرنامەیەکی درێژ خایەن هەبێ، قوتابخانە پیشەییەکان لە قوتابخانەکان زیاد بکەین، دوای کلاسی ١٢ زیاد بکەین، بۆ ئەوەی جەزبی ئەو کار و پیشانە ببن، ئەوە لەسەر مەسەلەی هۆڵیش رەخنەیەك ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا دەکەین کە پتر لە یەك ساڵە بە شاهیدی هەموو ئەندامانی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لێژنەکەمان وتی : ئێمە بەرنامەمان هەیە چونکە هۆڵەکان بچووکن و جێگای تەڵەبەی زۆر نابێتەوە و زۆر بە خێرا بەرنامەیەکمان هەیە کە ٣٠٠ هۆڵ دروست بکەین لە خیلالی سێ مانگ و شەریکەیەك لە دوبەی دێت و ئەو هۆڵانە دروست دەکات، موشکیلەی جێ تەنگی پار ساڵ عەلە ئەساس عیلاج بکەن ، نەك ئەوی حەل نەکرد، بەڵکو ئێستا ئەو ١٠٠٠٠ ماوە، ئەو ٣٠٠ هۆڵە دروست کردبایە بێگومان ئێستا دوو تا سێ هەزار تەلەبەی ئیستیعاب دەکرد، ئاگادار بووم لە بەشێك موشکیلەی وەزیری خوێندنی باڵا کە تا رادەیەك ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مالیە بۆ مەسەلەکە چوون و موافەقەتی پارەکەیان کرد و موافەقەتی پارەکەش وەکو من ئاگادار بووم ئەوەی نزیکەی هەشت مانگە ١٢ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرا، بە پێی دانشتنێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم هۆڵانە چی بەسەر هات و بۆ دروست نەکرا؟، چونکە ئەمڕۆ بەشێك لە موشکیلەکەی حەل دەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە نازناز خان بە ناوی هەموو لێژنەی پەروەردەی قسەی کرد، بۆیە وەختم زۆر دایی، لە ١٧ ئەندامی لێژنەی پەروەردە ئەو بە ناوی هەموویان قسەی کرد، باشە ئەندامانی لێژنەی پەروەردە هەر یەکتان یەك دەقەو نیوتان دەدەمێ، فەرموو کاك ئەسعەد.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێك داوا لە سەرۆکایەتی بەڕێز دەکەم کەوا دانشتنێکی دوور و درێژ و تێر و تەسەلی خاص بۆ ئەو دوو وەزیرە و جەنابی وەزیری پلان دابنێ، چونکە کێشە زۆرە و پرسیار زۆرە، بەو دە دەقە و نیو سەعاتە چارەسەر ناکرێ، بەڵام بۆ ئەو مەسەلانەی کە ئێستا لە ڕۆژگاردا هەیە لێرە پرسیارێك دەکەم : ١٥ موحافەزەی عێراق ٥٧ هەزار دەرچووی ئامادەیی هەیە، ٣ موحافەزەی کوردستان ٣٢ هەزار دەرچووی هەیە، تەبعەن هۆیەکانیان هەندێکیان جەنابی وەزیر و ئەوانە وتیان و نامەوێ دوور و درێژی بکەم، بەڵام چوار پێشنیاز دەکەم بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی کە ئێستا ١٠٠٠٠ قوتابی و خوێندکار لە دەرەوە مایە، یەکەم : ڕێککەوتنێك مۆر بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو وەزیرەوە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ وەرگرتنیان، ئەوانیش بریکاری وەزارەت وەڵامێکی ئیعتیادی دایتەوە کە وەربگیرێن، بەڵام بە مەرج، مەرجەکە چیە هەندێك مەسەلە هەیە تەلەبە کە قبول دەکرێ لە بەغدا ساڵێکی تر دووبارە موشکیلەکەی دەگەڕێنیتەوە بۆ کوردستان، ئەوە بە مەرجی تەواو کردنی کولیە و پەیمانگاکان، دووەم: زانکۆکان و پەیمانگاکان بەشی ئێوارەیان بۆ بکرێتەوە، بە عەینی بینایەت و بە عەینی مامۆستا و بە ئەوەی مەیدانی کە سوورراینەوە وەکو لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئامادەنە بە موحازەرە چارەسەر بکرێت، یەعنی بەشی ئێوارەی کولیەکە و پەیمانگاکان، سێیەم: ئەو ١٠٠٠٠ قوتابی و خوێندکارەی کە ماون و قبول نەکراون لە زانکۆ و پەیمانگاکان لە زانکۆ ئەهلیەکان قبوڵ بکرێن بە مەرجێك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاریان بۆ بکات، چوارەم: بۆ ساڵانی داهاتوو لە ئێستاوە وەکو نازناز خان فەرمووی، ئەو قاعە دروست کردنە وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێکرد لە ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار قوتابی بێ مامۆستا دەمێنێنەوە، ساڵێکی تر بەرەو زیادبوونە، بۆیە هەر وەکو خۆشی وتی شەریکەی دوبەی بە سێ مانگ هۆڵ دروست دەکات و با لە ئێستاوە حەل بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە لە ئیقتیراحەکانتان دووبارە نەبێتەوە بەس بڵێن پشتگیری دەکەین، فەرموو د.شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم دە هەزار کەسەی کە وەرنەگیراون خۆی لە خۆیدا هەم دیاردەیە و هەم کێشەیە، جا لەبەر ئەوە من وای دەبێنمەوە پلانێك نیە نە لە بەینی وەزارەتی پەروەردە و نە لە بەینی وەزارەتی خوێندنی

باڵا، ئەمە نەبووینە، بۆیە ئەم کێشەیە دروست بووە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر دەڵێ: دەبێ دابەش بکرێن بەسەر کۆلێژی ئەهلیەکان، ئایا ئێمە کۆلێژی ئەهلیەکانمان ئەو بەرزی و توانایە و ئەو مستەوایەیان هەیە کە ئەوە بکات؟، ئێمە دوێنێ جەماعەتێکمان چووینە یەکێك لە کۆلێژە ئەهلیەکان من هەر تووشی شۆك بووم، هیچ سیفاتێکی کولیەی ئەهلی تێدا نیە، پرسیارێکم لە وەزیری بەڕێزی خوێندنی باڵا هەیە، بە ئێمەی وت خیلالی سێ مانگ ئێمە پرۆژەیەك ئامادە دەکەین بۆ زانکۆی ئەهلی، ئەوە چی بەسەر هات؟ جا من لێرەدا بە نیسبەت ئەو دە هەزارەی کە وەرنەگیراوە و بوویتە کێشە و دیاردەیەك، من پێم باشە بەراستی پەیمانگایەکی پیشەییان بۆ بکرێتەوە، مەشغولیان بکەن، چونکە لێرە ١٠٠٠٠ بەتاڵە دروست دەبێ، کە من دە هەزارم دروست بوو ئەوە کاریگەریەکی زۆری لە رووی کۆمەڵایەتیەوە و لە رووی سیاسیەوە لەسەر هەرێمدا هەیە، باسی شوێن کرا، ئێستا کۆلێژی پۆلیسی نزیکەی چوار هەزار قوتابی دەگرێ، و بەتاڵیشە، کەواتە لێرەدا ئێمە شوێنێکی تایبەتیمان بۆ کردوونەتەوە و ئەتوانین چارەسەرێکی ئەو حاڵەتانەش بکەین، رەنگە ئێوە پرسیارێك لێرەدا خۆی فیت دەکاتەوە، ئەڵێ ئەوانەی کە حەزیان لە کۆلێژی ئەهلیە بچن، ئەی خۆ کۆلێژی ئەهلیش هەر بە معەدەل وەردەگیرێ، کەواتە ئەوانە زۆربەیان کە ماونەتەوە مەعەدەلیان کەمە، بە نیسبەت زانکۆکانی دەرەوەش کێ ئەڵێ ئەو قوتابیانە ئەو ئیمکانیەتانەیان هەیە بچنە زانکۆکانی دەرەوە، ئەگەر دابەش بکرێ؟ هەندێ پرسیارم لە د.دڵشاد هەیە، بەڕێز د.دڵشاد بەخێر بێی سەرچاوان، ئەم ساڵ دیاردەیەك روویدا بە نیسبەت ئەو قوتابیانەی کە ئیمتیحانیان دا، بۆیان هاتبووە دەرەجەکانیان و زۆربەی زۆریان نووسرابوو غائیب، یەکێك لەو حاڵەتانە یەکێك بوو کە دراوسێی من بوو، هەموو رۆژێك دەهاتە لای کچەکەم و دەرەجەکەی بۆ دا ئەنا ٩٠ ی وەرنەگرت و ٨٩ی وەرنەگرت و ٩٨ی وەرنەگرت، بۆی هاتەوە لە پێنج مادده نووسراوە غائیب، کە موراجەعە ئەکات ئەو باوکە و دکتۆری زانکۆیە، ئەچێتە هەر شوێنێك ئەڵێ وەڵا غائیب بووە، کاتێك کە سەیری ئەکەن نە دەفتەری پێشان ئەدەن و نە دەفتەری هەیە و نەهیچ، ئەڵێ برۆ ئیمتیحان بدەرەوە و کە ئیمتیحان ئەداتەوە ئەو دوو دەرسەی بۆی گەڕاوەتەوە لەو هەموو ماددەیە، ئەوە خاڵێکم، خاڵێکی تر : ئەم ساڵ بەراستی کە ئێوە ئەزانم زۆر زۆر ماندوون و حەز دەکەم بەڕێزتان ئاگاداری هەندێ حاڵەت بن لە دەرسی ئابووریدا زۆر زۆر قوتابی گەڕاوەتەوە، ئایا دیراسەی ئەو حاڵەتەتان کردووە؟ مەنهەجەکەیە؟ مامۆستاکەیە؟ قوتابیەکەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز دەکەم، من پێم خۆشە حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتووتە ئەو حاڵەتەی کە بڕیار بدات بە پلان کارەکانی خۆی بکات، چونکە هەتا ئێستا ئێمە هیچ پلانێکمان نەبووە،

سالانە کۆمەڵێکی زۆری خوێندکاران ئەوەی ئیمتیحانی داوە چوویتە کۆلێژەکان، خەڵکێکمان بەرهەم هێناوە کە تەنها خاوەنی شەهادەیە، بەڵام هیچ عیلمێکی پێ نیە، ئەم ساڵ لە دانانی پلانەکە هەڵبەتە زۆر ئایدیالیانە بیرمان کردۆتەوە، نموونە بۆ ئەو ئایدیالەتیەی ئێمە، پەیمانگای تەکنیکی کەلار هەشت بەشی هەبووە سالانی پێشوو، ئەم ساڵ بوو بە دە بەش، کە هەشت بەش بووە ٦٤٠ خوێندکاری وەرگرتووە، کە بوو بە دە بەش ٢٤٠ خوێندکاری وەرگرتووە، حەز دەکەین بزانین بۆ؟ بۆ کاتێ کە هەشت بەش بووە ٦٤٠ خوێندکاری توانی وەربگرێ ، کە بوو بە دە بەش تواناکەی بوو بە ٢٤٠، لە بەشی کشتوکاڵی کەلار ناوی سێ خوێندکار هاتووتەوە، بەش بووە تەنها بۆ سێ خوێندکار؟ لە بەشی کارەبای کەلار تەنها نۆ ناو هاتووتەوە، لە دەربەندیخان لە هەشت بەشەکە بۆ بەشی کارەبا نۆ ناو هاتووتەوە، کەواتە ئێمە ئێستا لێرە باس لە چ دەکەین؟ باس لەو سیستەمە ئەکەین کە ناوی قبوڵ مەرکەزیە، ئێمە راستە ئەگەر هاتو ئەو سیستەمە نەمێنێ، ترسی ئەوەمان هەیە کە نا عەدالەتی بەکار بێت، هەمووومان ترسمان لە نا عەدالەتی هەیە، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو سیستەمەش هێشتا هەر نا عەدالەتی هەیە، بە هێنی ئەوەی کە خوێندکارێك ٩٤ هەیە ناوی لە هێچ شوێنێك نەهاتووتەوە، ٩٢ هەیە ناوی لە هێچ شوێنێك نەهاتووتەوە، ئەی ئەگەر عەدالەتە ئەبێ جارێ ئەو ناوانەی لێ نەکەوتبێ، خاڵێکی تر بەڕێز د.ئیدریس جەنابت دەڵێی قسەم کردووە لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا، زەحمەت نەبێ وەزیرەکە کێیە؟، چونکە ئەوەی من ئەزانم وەزیری خوێندنی باڵا لە عێراق وەزیری هەیە، بەڵکو حەز دەکەم ناوەکەی بزانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەختەکەت تەواو بوو، و لە مەوزوع دەرچووی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، بەڵام د.شکریە داخیلی خەتەکەی بوو، د. سەلام خۆشناو وەکیل وەزیر تەنسیقەکەی زۆر کەمە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەر خۆشمان ئەبینین ئێستا بۆ زەمالەکەش هەر موشکیلەمان هەیە، یەك خاڵی کۆتاییم ماوە کە بۆ وەزارەتی پەروەردەیە: بەڕێوەبەری وەرگرتنی ناوەندی د. محمد صالح کە بە وەکالەت ئێستا بەڕێوەبەرە، لەناو لێژنەی پەروەردە و بە ئامادەبوونی ١٧ دانە لە ئەندامی لێژنە وتی ناوی سێ قوتابخانە نەچوویتە ناو تۆمارگای گشتیەوە، بەڕێوەبەرەکان نەیان بردووە، بەڕیز سکرتێری پەرلەمانیش ئامادە بوو، من حەز دەکەم ئەوەم بۆ روون بکەیەوە یەعنی کارەساتە ئەگەر سێ مەکتەب و سێ بەڕێوەبەری مەکتەب هەڵنەستن بەو کارەی کە چەندین خوێندکار هێنی لەسەر ئەوە وەستاوە، خاڵی چوارەم و ئەخیرم، تکا ئەکەم ئێمە پلان دائەنێن، پلانەکە ئەگەر بمانەوێ جێبەجێی بکەین ئەو ١٠٠٠٠ خوێندکارە کە ئێستا تووشی ئەو کێشەیە بوون، کە ئێستا قسەیەکی زۆری هەڵدەگرێ و بە دەقیقەیەك و دوو دەقیقە قسەی لێ ناکرێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو خەڵکانە، ئەوانە هەموو کور و کچی ئێمەنە، پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە وەکو چۆن باسی بازار ئەکا و بازارمان هەیە، هەتا ئێستا بازاری کارمان

نیە، ئەو ۱۰۰۰۰ بنێرێنە کوێ ئەگەر حکومەت پلانی تەواوەتی نەبێ، ئەگەر هەیتی حەز دەکەین بزانین چۆنە و چۆن ئەو پلانە جێبەجێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وکاک عەونیش ئاگادارە بە یەکەوە لەگەڵ کاک طارق لەگەڵ قوتابیەکان دانیشتین ئەو ڕۆژەی کە خۆپێشاندانیان کرد، هاتنە پێش پەرلەمان، دواتر کە لە پێش پەرلەمان ڕۆیشتنەوە دوای ئەوەی کە پەیامەکەیان گەیاند، من حەز دەکەم ئەوە بڵێیم ئەوەی کە من تێبینم کرد لە قسەی ئەو دوو بەڕێزە، هیچ چارەسەرێکم نەبینی تەنها شرۆڤە کردنی حاڵەتەکە بوو و هیچ چارەسەرێکیان پێ نەبوو بۆ ئەم گرفتە، ئەوە خاڵێك ، دووش: چارەسەر بەرەنی من ، من قسەکانم کورت دەکەمەوە لەبەر ئەوەی کاتەکەم کەمە، چارەسەر بەرەنی من ئەوەیە کە ئێمە بتوانین کۆلێژی بنیات، یەعنی ئەو پەیمانگایانەی کە هەن بە زووترین کات ئەوانەی کە داخراون کە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا وتی تا ئێستا ئیستیلام نەکراوە، بەزووترین کات ئیستیلام بکرێ، ئەوە یەك، دوو: کۆلێژی بنیات دەوامی ئێوارانی هەبێت، زۆربەی کولیەکان دەوامی ئێوارانیان هەیە، بۆ کۆلێژی بنیات نەیبێت؟ بەوەش ژمارەیەکی زۆرتر خوێندەواران وەردەگیرێن و دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە، خاڵێکی تریش لە هەندێ شوێن بەشی تر بکرێتەوە، مەسەلەن لە شەقلاوە بکرێتەوە، بەشی کۆلێژی بنیاتم مەبەستە، لە مەخموور بکرێتەوە و لە کۆمەڵێك شوێنی تریش بەوەش ئیستیعابەکە زیاتر دەبێ، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەراستی ئێمە کچ و کوڕی کورد بنێرینە بەغدا و بنێرینە تکریت لەو ڕەوشە خراپەی و دواتر هەموومان دەزانین ئەو ڕەوشە ئابووریەیان چۆنە ئەو قوتابیانە، ئەو خۆپێشاندانەی دەکەن بە شێوازێکی زۆر ئاشتیانە و داوای حەقی خۆیان دەکەن، پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین چارەسەری گرفتەکانیان بکەین و نەك تەنها وەزعەکانیان باس بکەین، بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا بۆ کەرکووکیش نێردران، من کە لەگەڵ ئەوەدا نیم لە چوار چێوەی کوردستان دەربچن، ئەگەر بۆ ئەوێش نێردران ئەوە دەبێ حکومەتی کوردستان هەوڵ بدات هاوکاریان بکات، بۆ موسڵ ڕەوشی ئەمنی زۆر نالەبارە، چەندین خوێندەڤانی کورد لە موسڵ هاتوونەتەوە کۆلێژەکانی هەولێر دەخوێنن، یەعنی ئەوەش لەوانەیە بار گرانیەك بێت لەسەر کۆلێژەکان، بەڕێز وەزیری پەروەردەش دەستی خۆش بێت کە ئیعتیراف دەکات و دەڵێ کە هەندێ شت هەبووە بێ پلانی بووە و پلانمان نەبووە، فیعلەن هەندێ شت هەبووە بە خێرا بڕیار وەردەگرین بێ ئەوەی دیراسەمان کردبێ، هیوادارم کە ئێمە بە هەموولایەك بتوانین لە نزیکترین دەرفەتدا چارەسەری ئەو گرفتە بکەین، ئێمە ئەمڕۆ بۆ چارەسەر دانیشتووین و وەزیرانی بەڕێز کە لێرەن گوێ لەو چارەسەریانە بگرن کە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان خستیانە ڕوو بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ئەو خوێندەڤانانە نائومێد نەکەین، چونکە

۱۰۰۰۰ کەس زۆرە تۆ بینێریە جاددە و هیچ ئیشی بۆ نەبینیوە بەڕاستی، لە کوردستانیش ئەمڕۆ بەتالە هەیە و گرفت هەیە، دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین وردە وردە چارەسەری ئەو گرفتانە بکەین تەدریجیەن، تۆ دەڵێی ئێستاکە هەموو قوتابیەك لە کۆلێژ وەرنەگیرێ راستە، بەلام تۆ یەکسەر وا بکەی تەلەبە تووشی ئیستیدام دەبێ، دەبێ تەدریجیەن تۆ هەوڵ بدەی ئەو بەرنامەی خۆت پێشکەش بکەی و جێبەجێی بکەی، دەبێ باوەڕمان بە قۆناغ بەندی هەبێ، هەموو شتێك کە یەکسەر بڕیاری لێ بدەی بتەوێ و نەتەوێ تووشی نارەزایی و تووشی گرفتیش دەبی، بۆیە من ئومێد دەکەم جارێکی تر لە کۆتایی قسەکانمدا کە بە زووترین دەرفەتدا ئێمە بتوانین چارەسەری گرفتی ئەو خوێدەڤانانە بکەین و نا ئومێدیان نەکەین و نەیانێرینە شەقام بەبێ ئیش و بەبێ هیچ شتێك، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت لەگەڵ ئەوەی کە پەیمانگاکان دانەخرێن؟

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پەیمانگاکان کە داخراون هەمووی ئێستاکە بدرێتە کۆلێژی بنیات و، خوێندنی ئێوارانی کۆلێژی بنیاتیش هەبێ، ئەگەر نا پەیمانگای تر بکرێتەوە لە مەجالی تر، یەعنی ئێمە یەك گرفتی گەورەمان هەیە، ئەوانەی ئێمە کە دەردەچن لە پەیمانگاکان و لە کۆلێژەکان، هەموو ئومێدیان دامەزراندنە، با ئێمە هەندێ وەرشەی کارمان هەبێ بۆ ئەوەی ئەوانە جارێکی تر بچن لای کارگەکان کار بکەن لە بورای پیشە سازی و لە بواری تر و ئەوەش خۆیان دەتوانن خۆیان بژێنن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێگەیشتم، کاك عوسمان احمد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانەی پێش من بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ۱۰۰۰۰ قوتابیە شتی باشیان تەرح کرد و، دەستیان خۆش بێ، من ناچمە سەر ئەو مەوزوعە لەبەر کات، پرسیارێکم هەیە بۆ هەردوو وەزیری بەڕێز، پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان رانیە، جەنابی د.دلشاد ئیشارەتی پێدا کە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان ئێستا بوویتە کۆلێژی بنەڕەت، ئایا بەرنامەی هەردوو وەزارەتی بەڕێز هەیە بۆ رانیە کە دوو مەنتیقەی زۆر فراوانی پشدەر و بتوێن کە دەیان گوند و ناحیەیان بەسەرەوەیە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی دابندرێ بۆ ئەوەی ئیستیعابی هەموو قوتابیانی ئەو ناوچەیە بکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە من ئەمەوێ زۆرتر قسەی لەسەر بکەم، ئەوەی کە پێش چاویش دەکەوێ ئەوەی کە بەڕاستی زۆر وەزارەت لەو حاڵەتەی کە تووشی کۆمەڵگای ئێمە بووە، چ لە بواری قوتابیانەکانەوە بە موقەسیری دەزانم، بە ئەوەی دەزانم کە وەزارەتەکانی ئێمە لە یەکتر دابڕان ئیش دەکەن، هەر یەکێك ئیش دەکات بە بێ ئەوەی هەماهەنگی تەواویان لە نێوان هەبێ، ئەگەر نا کە پەیمانگای مامۆستایان دانەخرێن و ئەبێتەوە کۆلێژ، کۆلێژی بنەڕەتی، کۆلێژەکان تەقلیص ئەکرێن، ژمارەی قوتابی ١٠٠٠٠ پێشتر دەبێ ئەو پلانە پێشتر هەبوایە، لێرە ١٠٠٠٠ قوتابی ئەمێنێتەوە دەبوایە رێگە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرایەوە، لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە کە کاروباری کۆمەڵایەتیەو کە وەزارەتی پلان دانانە، دەورەی تەدریبی و شتی وایان بۆ بکرێتەوە، بەڵام واقیعەکە، کە دەچینە ناو واقیع و دیراسەی مەیدانی ئەکەینەوە، زۆر جار شتەکان پێچەوانە دەبێتەوە، بۆ نموونە لە بواری پەروەردە، ئەڵێن: رێژەی مامۆستایان کە پەیمانگا هەبوو زۆر زۆر بوو، بەڵام من تەنیا باسی پارێزگای دهۆك ئەکەم، بۆ ئەوەی سەرەتایی ٢٢٧٨ شاغر هەیە، پێویستی بە ئەوەندە ژمارە مامۆستایەی هەیە، کە تەنیا ٣٠٠ مامۆستایان بۆ تەعین کراوە ئەم ساڵ، ئەوانەی تر هەموویان بە بەتاڵی مانەتەوە، بۆ دەرەجەی ناوەندی و ئامادەیی هەمووی پێکەوە ئەبێتە ٣٤٢٣ مامۆستا کەمە لە پارێزگای دهۆکەوە، کە هەمووی پێکەوە حیساب بکەین ئەبێتە دەرەجەی شاغرێتی مامۆستا بە هەموو قۆناغەکانی خوێندنەوە ٥٧١٠ ، باشە نەدەبوایە لە پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە کە ئەو شتە هەبوایە کە ئەو هەموو شتە شاغرە نەبایە، جگە لەمە شتێکی تریش هەیە، هەر ئاستی خوێندن و نارەزایی قوتابیان هەر ئەوەندە نیە، بەراستی بێ پلانیەکە زۆر زۆر لە هەندێ شتی تر هەیە کە مامۆستا ناتوانن دابین بکەن، ئایا ناتوانێ کتێبیش دابین بکرێ کە ٢٤ کتێب لە هەموو قوناغەکانی خوێندن لە سەرەتایی تا ئامادەییەوە لە قوتابخانەکاندا تا ئێستا کەمە، ئایا ئەو بەرنامەیە ناتوانرێ تەعینات کە ٣٠٠ مامۆستا بۆ من تەعین دەکەی، لە مانگی حەوتەوە دەست بە تەعینات بکرێ، نەك ئەوەی ئێستا کە خەریکە و نزیکەی نیوەی ساڵە و هێشتا نە تەلەبە و نە قوتابی نە کتیبی هەیە و نە مامۆستای هەیە، بەراستی ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی و بۆ درەنگ کارکردنی ئەو وەزارەتانە، بۆیە هیوادارم لە بەڕێزیان و هیوادارم لە سەرۆکی حکومەتیشەوە جارێکی تر بەسەر وەزارەتاکانیدا گرنگی ئەو داکۆکیە روون بکاتەوە و دەبێ هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوانیاندا هەبێ، باشە ئێمە باسی کەرتی زیراعە دەکەین کە مردووە، هەموو شتێك هەتا خەیار و تەماتە و ئەو شتانەمان لە وڵاتانی دەرەوە بۆمان دێت، باشە مەعهەدی کشتوکاڵمان نیە، بۆ ئەو مەعهەدانە یان دواناوەندی کشتوکاڵ دانامەزرێ؟، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکام وایە کە لە تەوەرەکە دەرنەچن، قوتابیانی وەرنەگیراو و رێگای چارەسەری و پێشنیار، پرسیارەکانیشتان لەو تەوەرە بێ، بۆ ئەوە دانیشتنێکی تر دەکەین و هەردوو وەزیری بانگ دەکەین، هەموو

مەسائیلەکانی تر کە لێرە هەندێ لە مەوزوع دەرچوون و ئاماژەیان پێکرد لەو دانیشتنەی تر باسی دەکەین، کەچی تەوەری موهیمیشن، بەلام لێرەدا بۆ ئەوەی سوود وەربگرین و بگەینە نەتیجەیەك و بزانین چیمان پێ دەگرێ، پێشنیارەکان کامەیان ئیمکانیەتی جێبەجێ کردنیان هەیە، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر لەگەڵ حکومەتی هەرێم رێگە چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، کاك بابیر فەرموو.

**بەڕێز بابیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەردوو وەزیر لە روونکردنەوەکانیاندا بۆ ساڵانی داهاتووش ئێمە کێشەمان دەبێ، بە تایبەتی بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلێژەکان، من پێم وایە ئەو کێشەیە کێشەیەکی حکومەتی کوردستان نیە بە تەنیا و هی هەردوو وەزارەت نیە بە تەنیا، ئەویش سەرچاوەی نەبوونی پلانە یان سیاسەتێکی دیاریکراو نیە لە کام کەرتی کشتوکاڵی و کەرتی پیشە سازی یان کەرتی کشتوکاڵ، من پێم وا نیە وەزارەتی تەختیت داوای کردبێ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا یان لە وەزارەتی پەروەردە، لەو بوارە ئەوەندە کادیری پسپۆرمان پێویستە بۆ فلان کەرت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە بنیات کرابێ، نەبوونی تەختیتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لێرەدا، دەبوایە هەموو وەزیرەکان ئامادە بوونایە ئەوانەی پێشتر برادەران ئاماژەیان پێکرد، لێرەدا لا سەنگی هەیە لە بواری زانستی و لە بورای وێژەییدا، ئەو لاسەنگیە پەیوەندی بە سیاسیەتی حکومەتەوە هەیە، هەتا لە راگەیاندنەکانیشدا ئەوەندەی گرنگی بە خەڵکی ئەدەبی دەدرێ ئەوەندە بە بواری زانستی نادرێ، من تا ئێستا نەمدیوە نە لە سەرۆکایەتی حکومەت و نە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و نە لە هەموو سیاسەتی وڵاتی ئێمەدا بواری زانستی هێندە گرنگی پێ بدەین و هێندە پێشوازی لێ بکەین، ئەوەندەی گرنگی بە هونەرمەندێك یان لە بوارێکی تر دەدەین، ئەوەش پێویستی خۆی هەیە، بەلام نەك ئەوها، ئومێد دەکەم حکومەت سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەوەی کە لێرەدا لە قسەکانی هەردوو وەزیر بۆم دەرکەوت، وەزیری پەروەردە فەرمووی کە ئێمە لەبەر نەبوونی مامۆستای زانستی نەمانتوانیوە شوێنە دوورەکان پڕ بکەینەوە، بەلام لێرە وەزیری خوێندنی باڵا باسی لەوەی کرد کە ناتوانین ئەو رێژەیە وەربگرین لە بواری زانستیدا زیاد بکەین، ٢٥-٣٠ وەرگرت لەبەر ئەوەی پێویست نیە، ئایا لێرە دەڵێ پێویستمان پێیەو لێرەش دەڵێ پێویستیمان پێ نیە، لێرەدا بەڵکو روونکردنەوەیەك بدەن لەسەر چ بنەمایەك، پرسیاری ترم ئەوەیە لە وەزیری خوێندنی باڵا، ئەوانەی کە لە بواری زانستی وەریان دەگری یان لە هەر بوارێکی تر کە باسی کرد ناتوانن ئەوە وەربگرن لەسەر وەزارەتی تەختیتە؟ لەسەر داوای ئەوانە ئەو رێژەیە وەردەگرن یاخود بە خۆیان تەختیتی وەزارەتی خوێندنی باڵایە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كێشەكە بۆ ئەوە ئەگەڕێنمەوە، یەكەم: ئەو پەیمانگانە داخران كە كاك د. ئیدریسیش ئاماژەی پێدا، لە هەڵەبجە دوو خەریج هەیە كە ماستەریان هەبێ، لە گەرمیانیش هەمان كێشەمان هەیە، ئەگەر بێت و دەرگا بكەنەوە بۆ ئەو مامۆستایانەی كە پێشتر لە پەیمانگا بوون ودیراسە تەواو بكەن، ئەوە كێشەیەكی گەورە چارەسەر دەكات، بەوەی هەم ئەتوانن كۆلێژە بنەڕەتیەكان ببەنە رێوە و هەم ئەو ستافەش تێك نەچێ، چونكە ئەزموونێك هەیە لە بەڕێوەبردنی پەیمانگاكان، بۆ هەڵەبجە و گەرمیان ئەوە دوو كێشەی سەرەكین، داواكارین ئەو مامۆستایانە وەربگیرێن لە خوێندنی باڵا، لە ساڵانی پێشوودا زۆر محاوەلەمان كردووە لە ئەتراف زۆر تەلەبە كەم وەردەگیرێ بۆ ئەوەی كە خوێندنی باڵا تەواو بكەن، زۆربەی لەناو شارەكانن، ئێستا كە ئەبینین بڕوانامەكانی ناو شار زۆر بەرزن و هی ئەتراف وا نیە، من لە قسەیەكی سەلام خۆشناو تووشی سەرسورمان هاتووم كە وەكیل وەزیری خوێندنی باڵایە لە عێراق و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن ئەڵێ: ئێمە كورسیەكی زۆرمان بۆ  بە حیساب چۆڵ ئەكا حكومەتی عێراق دایناوە بۆ هەرێمی كوردستان، بە رەقەم ئەڵێ بەس بۆ سلێمانی ٥٥ شوێنمان داناوە و تەلەبە نانێرن، لە هەولێر ٢٧ شوێنمان داناوە تەلەبە نانێرن، بۆ دهۆك ١٢، ئێمە ئەو پرسیارە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆكی زانكۆكان ئەكەین، ئێمە ئەم ئەزموونەمان هەیە بە دەست نەبوونی پسپۆڕەوە بۆ چی ئەوانە جێبەجێ ناكرێ؟ كێشەیەكی ترمان هەیە ئەویش كەمی بینایە لە ئامادەییەكاندا كە خەڵك دانامەزرێنین، ئێستا لە گەرمیان زۆربەی بینای ئامادەییەكان سێ دەوامیە، لەولاش ژمارەیەكی خەڵك دانەمەزراوە، بەدیلمان چیە، ئێمە كە خەڵك دانامەزرێنین یان خەڵك لە كۆلێژ و پەیمانگاكان وەرناگرین بەدیلەكانمان چیە؟، بۆیە ئێمە تووشی كێشەیەكی گەورە بووینە، وەكو مامۆستا ڤیان ئاماژەی پێدا لە لایەك كێشەی نەبوونی مامۆستامان هەیەو لە لایەكیش دەیان كێشەمان هەیە كە خەڵك دانامەزرێنین، خەڵك جێی نابێتەوە لە زانكۆكان، پشتگیری لە زانیاریەكانی سۆزان خان دەكەم، بەڵی ئەو زانیارانە وایەو لە پەیمانگاكان ژمارەیەكی زۆر كەم وەرگیراوە، ئێمە پێوەستیمان بە گەشە پێدانی پەیمانگا میهەنیەكانە، پەیمانگامان پێویستە بۆ پۆلیس و پێكهێنانی پیشە دەستیەكان بۆ بەڕێوەبردنی پاركەكان و بۆ بەڕێوەبردنی ئوتێلەكان، كە ئەمانە هەموو لە كوردستان لە پێشەو دەستیكار بۆ خوێندكارەكان ئەرەخسێنێ، دەتوانێت لەبواری كەرتی تایبەتیشدا كار بەو ئیشانە بكەن، بۆیە داوا كارین لە پاڵ پەیمانگا تەكنیكیەكاندا ئەو پەیمانگانە بكرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیار و پێشنیارانەی کە ئەمانویست بیکەین، زۆربەی لە لایەن لێژنە و بریاردەری لێژنەوە کرا، بەڵام چەند تێبینیەکی تر هەیە لەوانە کە باس نەکرێ، مەسەلەن کە سۆزان خان باسی کرد ئەڵێ ٩٤ یان ٩٣ وەرنەگیراوە لە کۆلێژ، من زیاتر لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فۆرمەکانیان بە غەڵەت پڕ کردووتەوە، بۆ ئەوەی ئەو غەڵەتە دروست نەبێ چیتر، پێشنیارم بۆ وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە کە قوتابیەکانیان پێش ئەوەی بچنە سەر پڕکردنەوەی فۆرمەکانیان و پێش ئەوەی ئیزنیان بدەن بۆ سەعی کردن و ئەو شتانە، دەورەکیان بۆ بکەنەوە بۆ چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکانیان، بۆ ئەوەی زانیاریان هەبێ و بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبن لە پڕکردنەوەی فۆرمەکانیان، دوای ئەوە زۆر قوتابیان دەبینین کە ترسێکی گەورەیان هەیە لە بەکالۆریا، ئەوەش تۆزێك کێشە دروست ئەکات، ئەگەر بکرێ لە لایەن وەزارەتی پەروەردە خۆیان بەرنامەیان بۆ ئەوە هەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو ترسە، بە نیسبەت وەرگرتنی قوتابیانیشەوە بە راستی لە زانکۆکان، من خۆم یەکێکم لەگەڵ ئەوانەی کە دەڵێن: شەرت نیە ئەو قوتابیەی کە لە شەش دەرچوو لە زانکۆ وەرگیرێت یان لە پەیمانگاکان وەرگیرێ، بەڵام بەراستی پێویستە بەدیلی بۆ بدۆزرێتەوە، بەدیلیش بەراستی دەوراتە لە هەموو وڵاتێك، دەورات ئەتوانرێ بکرێتەوە لە هەموو مەجالێکی ژیان، ئەگەر ئەو دەوراتانە هەبێ بەراستی ئەبوایە پلانی ئەو دەوراتانە هەبوایە پێشتر، بەڵام پلان نەبووە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئێمەی تێدایە واقیعە و کێشەکە هەیە و بە بێ پلانە ئەو شتانە کراوە، بەڵام ئایا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵاش پلانی موستەقبەلیان هەیە؟ تەبعەن بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانەوە، چونکە بەراستی ئەو کێشەیە تەنها ئەو دوو وەزارەتە ناگرێتەوە، وەزارەتی دیکەش زۆر ئەگرێتەوە، کەواتە دەبێ لە حکومەتەوە ئەو کێشەیە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو تەلەبانەی کە لە کۆلێژ وەرنەگیراون بتوانن لە شوێنی دیکە جێگەی خۆیان بکەنەوە، چونکە بەراستی تۆ ئەو هەموو تەلەبەیە لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگری و دوایی تەعین کردنی ئەوێت و هەمووی ئەبێ بچێتەوە سەر وەزارەتەکانی حکومەت، ئایا مەجالی تێدا هەیە هەمووی تەعین بکرێن و بچێتەوە سەر وەزارەتی حکومەت؟ کە ئێمە ئێستا مەجالی تەعین کردنی هەموومان نیە، کەواتە دەبێ لێرە کەرتی تایبەت بچێتە ناوەوە، کەواتە کێشەکە کێشەیەکی بنەڕەتیە بۆ حکومەت بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باس لە کێشەیەکی زۆر گرنگ و جیدی دەکەین کە پەیوەندی نەك تەنها بەو قوتابیانەی کە ئەمڕۆ وەرنەگیراون و کێشەیان بۆ دروست بووە، بەڵکو پەیوەندی بە داهاتی وڵاتەکەمان هەیە، نەوەکانی

داهاتوومان هەیە، بۆیە پێویستە بە جیدی و بەراستی بیری لێ بکەینەوە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، باس کردن لەم کێشەیە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی دڵخۆشکەر، ئەوە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە هەردوو وەزارەتەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکیان هەیە بۆ چاکسازی و هەنگاوی جیدیان بۆ ناوە و کاریان بۆ کردووە، بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئەوە نیشانە و جێگەی داخە کە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم و وەکو کۆمەڵگا بە پلان بەراستی کار ناکەین، کار نەکردن بە پلان و بە نەخشە و بە شێوەیەکی هەرەمەکی ئەوە جۆرە پاشاگەردانیەکی لێ نەکەوێتەوە و کێشەیەکی تریشی لێ نەکەوێتەوە، بەڵام دەبێ یەکێك لەو لایەنە گرینگانەی کە پێویستە بە جیدی وەربگیرێ ئەوەیە کە پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی تێهەڵکێشە و پرۆسەیەکە کە هەموو وەزارەتەکان و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا ئەگرێتەوە، بۆیە ئەبێ بە جیدی بیری لێ بکرێتەوە، من نامەوێ ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە پێش من بابەتی زۆر گرینگیان وروژاند و پەنجەیان خستە سەر برینەکان، من نامەوێ ئەوانە دووبارە بکەمەوە، بەڵام پێم چاکە جەخت بکەمەوە سەر تێروانینێکی ئێمە کە چەند جارێك من چ لێرە لە پەرلەمان و چ لە شوێنی تر من جەختم کردۆتەوە سەر تێروانینی ئێمە بۆ بازاڕی ئازاد و تێگەیشتنمان بۆ بازاڕی ئازاد زۆر هەڵەیە، پایدۆست کردنی دەوڵەت و دامو دەزگا گشتیەکان لە چالاکیە ئابووری و کۆمەڵایتیەکان نیشانەیەکە کەوا ئەو پاشاگەردانیەی لێ دەکەوێتەوە و لە ئایندەدا پاشاگەردانیەکە زیاتر دەبێ، بۆیە یەکێك لەو چارەسەریانەی کە ئەبێ بکرێ بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکە و ئەو نەوانەی داهاتوو کە ناتوانن لە شوێنەکانی تردا خۆیان بدۆزنەوە، جگە لە کردنەوە و لە گرینگیدان بە خوێندنی پیشەیی ئەبێ و ئەبێ شوێنی کاریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەبێ بازاڕی کار گەرم بکرێت، ئەویش بە چ بێ؟ ئەویش بە دروست کردنی ئەو پرۆژە بەرهەم هێنانەی لە بواری کشتوکاڵدا بێت و لە بواری گەشت و گوزاریدا بێت، بتوانێت ئەو هێزی کارانە کاری تێدا بکات و نەخشە و پلانێکشمان هەبێ بۆ ئەو کرێکارانەی کە لە دەرەوەی هەرێم و لە دەرەوەی وڵات دێنەوە، بۆ ئەوەی نەبێتە جێگەی تەنگ هەڵچنین بۆ هێزی کاری خۆمان و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو رەمزیە، فەرموو.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز پرسیارێك دەکەم، ئەو ١٠٠٠٠ تەلەبە مانەوە لەسەر شەقام، چ بکەن؟، ١٠٠٠٠ تەلەبەنە و ١٠٠٠٠ هەندی ئەوان تەعین نەکرینە، ئەڤە دەبێتە کێشەکە مەزن بوو لە موجتەمەعی مە و کۆمەڵگای مە، ٢٠٠٠٠ کەس بەتاڵ بن لە کەسافە سوکانیە و ئیستیهلاکی و پتر لە ئەشیا ئینتاجی  و دەبێتە کیشەکی مەزن لە هەمی ناحیەك لە سیاسیە و ئابووریە و دەبێت چارەسەرێك هەر هەبێت چ بۆ تەلەبە و چ بۆ تەعین، یەعنی ٢٠٠٠٠ کەس بەتاڵ بمێنێ ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سیاسەتی حکومەتی ئێمە ئەوە بێت کە دەرچووان هەموویان وەرنەگرن، بێ دروست کردنی بەدائیل و عیلاجی دیکە، بەرەئی من سیاسەتێکی واقیع بینانە نیە بۆ ئەمرۆ، ڕاستە لە زۆر دەوڵەت و وڵات هەموو دەرچووەکان وەرناگرن، بەڵام ئەو وڵاتانە وڵاتی موستەقیرن و ئەوانە زەمانی ئیجتیماعیان هەیە و فورسی عەمەلیان هەیە، ئەوەی کە دەرنەچێ نابێتە موهەمەش و لە کۆڵان و لە جاددان بمێنێ، ئەوە یەك، دووەم: پێش ئێستا-زۆر لە تەلەبەکانی کوردستان و لە زانکۆکانی موسڵ و بەغدا و بەسرە و لەو جێگایانە دەهاتنە وەرگرتن، ئێستا عەمەلیەکە پێچەوانەیە، ئەوانەی لە بەغدا و لە موسڵ چ مەسیحینە و چ ئیسلامن و چ یەزیدینە و چ عەرەبن و چ کوردن ئەوانە جێگای خۆیان بەجێ دەهێڵن و دێنە کوردستان و دەبنە بارێکی زیاتر لەسەر حکومەت و تاقەی ئیستیعابی زانکۆکانی ئێمە، تەبعەن لە کوردستانیش بەداخەوە ئێستا ئەو فورسەی کار پەیدا نەبووە لێرە و دەوراتی میهەنی پەیدا نەبووە و وەزارەتی عەمەل و شوئونی ئیجتیماعی تا ئێستا نەیتوانیوە شتێکی وا بکات گەنجەکان و قوتابیەکان کە ئەوانەی مەجال نابێنن و بچنە ئەو بوارەی دیکە و قیتاعی خاصیش تا ئێستا ئەو گەشەی نەکردووە، من تاکو کورت بکەم قسەکانی خۆم، تەبعەن بەڕێز د.ئیدریس وەزیری خوێندنی باڵا قسەیەکی وای گوت وەکو تێگەیشتم وتی ئێمە ١٠٪ وەکو ئیحتیاتمان هەیە، ئەگەر نەهاتنە وەرگرتن لە زانکۆکانی ئەهلی و ئەو هەوڵدانەی حکومەت کە لە بەغدا بکات بۆ ئەوەی بێنە وەرگرتن، ئەو ١٠٪ تاقەی ئیستیعابی هەیە، ئەگەر ئەوە هەبێ، دوو پرسیارم لە وەزیر هەیە: بۆ هەر لە ئێستاوە ئەو ١٠٪ یان ئەو ١٥٪ وەرناگرێ، پێش ئەوەی خوێندن دەست پێ بکات، دوو: ئەگەر ئەو تاقەیە هەیە، چۆن دەتوانین تەعامول لەگەڵ معەدەلات بکەین؟، خۆ دەبێ زەحفی معەدەلات دروست بێت، باشە هەر لە ئێستاوە لە قبول مەرکەزیەوە بکرێ، چونکە هەموو نووسراوە لە کۆمپیوتەر، با زەحفی معەدەلات بکرێ، ئەگەر طبیة (٥٠) کەسی وەرگرتبێ، ببێتە ٧٥ کەس، ئەگر مامۆستا کەم بێت، با حیصە یان نیصابی مامۆستا زیاد بکەن، لە جیاتی ٨ سەعات ببێتە ١٠ سەعات، موقابیلی ئەوەش موکافەئە هەبێت، لەسەر ئەوەی کە پەیمانگا گۆڕاوە بۆ کۆلێژ، بۆ نەبێت ببێتە کۆلێژ بۆ نابێتە پەیمانگای تەکنیکی کەتاقەی ئیستیعابی زیاتر وەربگرێت و بە تایبەتی لە مەجالاتی میهەنی کە ئەمرۆ لە کوردستان پێویستی زیاتر بە ئەو مەجالە میهەنیە هەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شوکریە نوقتەی نیزامی چیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیازی ئەوە دەكەم لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆر ماوە قسە بكەن، ئەو دوو خاڵەی كە هەمانە تەئجیل بكرێ و تەركیز بكرێتە سەر ئەوە، چونكە ١٠٠٠٠ قوتابی لە دەرەوە چاوەڕێ دەكەن، ئەمڕۆ لە هەموو كەناڵەكانەوە سەیری پێشنیازی ئێمە و ئێوە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی جەنابت بڵێی من خۆم تەجاوزم كرد، نیو سەعاتەكە بوو بە ٥٠ دەقیقە، وازمان لە ئیقتیراحەكەی خۆمان هێنا، لەبەر ئەوەی گرینگە، فەرموو كاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا بابەتەكە زۆر گەرمە و كێشەكە زۆر گەورەیە، ١٠٠٠٠ قوتابی لە كۆلێژ و پەیمانگاكان وەرنەگیراون، ئەوە مەوزوعێكی زۆر گەورەیە، چونكە لە حەقیقەت مامۆستایانی بەڕێز و وەزیران ئیشارەتیان پێدا، ئێمە مەرج نیە هەموو قوتابیەك وەربگرین، بە تەصەوری من لە بەرنامەی حكومەت و لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ هاتووە دەڵێ: ئەبێ دەرفەتی خوێندن، خوێندنی باڵا لە كۆلێژ و پەیمانگاكان بۆ قوتابیان بكرێتەوە، ئێستا نابێت وەكو پێش ١٠ ساڵ و ٢٠ ساڵ بیر بكەینەوە، ئێستا خەریجی جامیعە لەوانەیە لە ئاستی خەریجی ئیعدادیە بێت، ئەبێ ئەو فورسەتە پێ بدەین بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانە بچن و بخوێنن، ئێستا ١٠٠٠٠ كەس، مەعنای وایە هەر ٣ تەلەبە یەكێكیان لەسەر شەقام دەمێنێتەوە، لە هەر ٣ كەس تەلەبەیەك بمێنێ و نەچێتە پەیمانگا و كۆلێژ لە حەقیقەت ئەوە شتێكی دروست نیە و لە بەرژەوندی ئێمە نیە، لەوانەیە لە چوارچێوەی ئەو پلانەی كە وەزارەت هەیبێتن، ئەگەر بیر بكەنەوە تەشجیعی كادری وەسەت بكەن، نازانم هیچ فورسەتێك بۆ دامەزراندنی كادیری وەسەت چ لە قیتاعی ئەهلی و چ لە قیتاعی حكومی هەیە؟ ئەوە نیە، كە پەیمانگای مەڵبەندی داخرا و خانەی مامۆستایان داخرا و بچنە كۆلێژی بنیات، ئەدی كۆلێژی بنیات دادەمەزرێن، وەكو ڤیان خانیش ئیشارەتی پێدا تەنها لە دهۆكیش لە سنووری ٣٠٠٠ زیاتر مامۆستای پێویستە لە هەموو بابەتەكان و ئیختیصاصات، كەواتە ئێمە پێویستیمان بە دامەزراندنیش هەیە، ئێمە پێویستمان بەوەیە قوتابیانیش بچن بخوێنن، بە تەسەوری من بۆ ئەو قۆناغە، ئەگەر بڵێین ئاستی خوێندن بەرز بێت و مامۆستاش مستەوای بەرز بێت و بتوانن لە قوتابخانەكانی بنیات دەرس بڵێن، تا ئێستاش خەریجی مەعهەدی مامۆستایانی مەڵبەندی دەتوانن لە پۆلی یەكەوە تا پۆلی شەش بە سەركەوتووانە دەرس بە قوتابیان بڵێن، كەواتە مەجال هەیە جارێ، ئەگەر ئەو پەیمانگایە كە بەدیلێكی چاكترمان نەدیت، ئەوە ١٠٠٠٠ تەلەبە ئەم ساڵ و ساڵێكی تر دەبێتە ٢٠٠٠٠ و ساڵێكی تر چەندانێكی دیكە، نازانم ئەگەر ئەوەش بكرێتەوە مامۆستایەكان دادەمەزرێن یان نا؟، ئێستا دانامەزرێن، ئەوە كێشەكی زۆر گەورەیە، كۆمەڵێك موقتەرەح لە پێشمانە، یەكێك، برادەرانیش ئیشارەتیان پێدا بە حەقیقەت كە یەكسەر دەبێ بەبێ عاتیفە تەماشای قوتابیانی خۆمان كە كوردن و لە دەرەوە و

دێنە ئێرە یەکسەر بڵێین وەللا تەهدیدی لەسەرە، ئەوە گیانێکی ترسنۆکی لەناو خەڵکی ئێمە هەیە، هەمیشە ئێمە لە شاخ بووین و لە دوور کەوتن عەرزی خۆمان بپارێزین، قوتابیان کە خەڵکی خودی مەنتیقەیە لە جێگای خۆی بخوێنێت و لەوێ بێت، بۆ بە عاتیفە تەماشای خەڵکی خۆمان دەکەین؟، خەڵکێك ڕا دەکات و بە خێزانیەوە دێت و ئێمە دەڵێین: وەرە لێرە دامەزرێ، ئەی چۆن ئێمە دەوڵەتێك جیا نەکەین؟ ، ئەی چۆن ئێمە سنووری خۆمان دەپارێزین؟ ئەوە شتێکی باش نیە، خاڵێکی دیکەش، بە حەقیقەت ئێمە حیصەیەکی بەرچاومان هەیە لە زانکۆکانی عێراق، با ئێمە تەشجیعی قوتابیانی خۆمان بکەین، با بە بوێرانە بچن بۆ زانکۆکانی عێراق و لەوێ بخوێنن، تەفاعولی خەڵکی خۆمان لەگەڵ خەڵکی تر لە عیراق بکەینەوە، لە ڕووی زانستیەوە ئیستیفادە دەکەین و لە ڕووی سیاسیشەوە، بۆیە ئەوە شتێکی زۆر گرنگە، شکریە خان ئیشارەتی بە ئەوە دا کە کۆلێژی پۆلیس، بە حەقیقەت ئەوە جێگایەکی فراوانە دەتوانین بیکەین بە کولیات یان کۆمەڵێك شتی تر کە کۆمەڵێك لەو قوتابیانە لەوێ وەربگیردرێن، شتێکی زۆر پێویستە، دەعمی حکومەت کە بۆ قوتابیانە کەلە کۆلیژی ئەهلی خۆی وەردەگرێت، ئەوەش هەنگاوێکی باشە، چونکە بە حەقیقەت ئەو پارەی کە کولیەی ئەهلی داوای دەکات لە قوتابی زۆر بەرز بووە، ئەوەش بارێکی قورسە، بەڵام مەجال هەیە حکومەت دەعمی ئەو قوتابیانە بکات بۆ ئەوەی بێنە وەرگرتن، هەروەسا سیستەمێکی تر هەیە کە جاران لە هەندێك جێگا و دەوڵەتان پەیرەو دەکرێت ئێستا لەو مستەوایە هاتووەتە خوارێ، سیستەمی تەحسینی موعەدەل بکەن، ئەوانەی موعەدەلیان زۆر کەمە کە داخلی ئیمتیحان دەبن لەوانەیە کۆمەڵێك خەڵك هەبن بۆ ساڵێکی تر بۆ مستەوایەکی باشتر بخوێنێت بۆ ئەوەی شتێکی باشتر بە دەست بێنێت، هەروەسا تەوەقوعی مەجالاتی تر هەیە بۆ کردنەوەی کولیژی تر لە کوردستان، بۆ نموونە کۆلیژی نەوت کە ئێستا هەر نیە، ئێستا ئێمە دوو فرۆکەخانەمان هەیە وەکو ئیختساسی فرۆکەوانی، کە لەوانەیە کۆلیژی تایبەت هەبن، ئەوانەش ئەگەر بیریان لێ بکرێتەوەو کۆلیژی تایبەت هەبن ئەوەش شتێکی باش دەبێت، خاڵێکی تر بە تەسەوری من گرنگە ئەویش ڕێژەی سەرکەوتن بەرز بکرێتەوە، تا ئێستا ٥٠٪ ناجیحە با ئێستا ٦٠٪ ڕێژەی سەرکەوتن بێت، ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ ئەوەی مستەوای عیلمی بەرز بکرێتەوە، بە تەئکید بەو ڕێگایەش دەتوانرێت بەرزبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ئاریان فەرموو.

**بەڕێز د. ئاریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی برادەران دەکەم، کە تەئکیدیان کردەوە لەسەر هەماهەنگی نێوان وەرگرتنی ئەو قوتابیانە و لەگەڵ پلانەکانی ستراتیژی حکومەتی هەرێم بۆ کار دوای ٥ ساڵ، ئایا ئەو شتە هەیە؟ ڕوونکردنەوەیەکی تەواومان دەوێت لەسەر ئەوە، ئەگەر مەجال هەبێت زەحمەت نەبێت، باسی ئەوەیان کرد کادری وەسەتیمان ناوێت، لە جیهان و لە هەموو عالەم بە کالۆریۆس بە کادیری وەسەتی دادەندرێت، باشە ئێمە دوای پێنج

سالْ كە وەزعی كوردستان دەگۆڕدرێت، چەند كایری وەسەتیمان هەیە؟ ئێستا كادیری وەسەتی تەنها دەرچووی پەیمانگا نیە، بەڵكو دەرچووی بەكەلۆریۆسە، شتێكی تریش هەیە با تەئكیدی لەسەر بكەینەوە، كە ئێستا تاقەتی شەبابی زۆرمان هەیە، با ئیستسماری بكەین باشتر نیە لەو فەترە زەمەنیە حەریجەی لە ناو جەوی زانكۆ بژین؟ پرسیارەكی تریشم ئاراستەی وەزیری خوێندنی بالاّ دەكەم، زیاتر لە یەك مانگە ٤ هەزار قوتابی كۆلیژی پزیشكی لە دەرەوەی پۆلەكانن، هەڵوێستی جەنابی چیەو چی بۆ كردوون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەوەی كە ئیختسارت كرد، تكایە جارێكی تر تیكراری دەكەمەوە تەركیز لەسەر پێشنیاری مەلوس بكرێت، چی بكرێت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەیە، پێشنیارمان چیە بۆ حكومەت؟ مەسائیلەكانی تر دانیشتنی تری بۆ دەكەین، هەم بۆ ئەوەی لە ئێوە كات نەگرین و هەم بۆ وەڵامەكان، لە ئێستاوە داوا لە هەر دوو وەزیر دەكەم وەڵامی ئەو مەسائیلانە مەدەنەوە كە خارجی ئەو دوو تەوەرەیە، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە هەموو ئەو خوێندكارانەی كە شەش تەواو دەكەن، تەمەنا دەكەن و چاویان لە ئەوەیە بچنە پەیمانگا یان زانكۆ، بەرچاوی خوێندكار و كەسوكاریان روون نییە لەوەی هەموو خوێندكارەكان وەرناگیرێن، ئەمڕۆ دە هەزار كەس، دە هەزار خێزان، تووشی حاڵەتێكی ناخۆش دەبن، دەزانن خۆیان وەرناگیرێن یان كەس و كاریان دەزانن ئەوانە وەرناگیرێن، بەڕاستی لەبەر ئەو نا لەبەر چاویە كە لەبەر چاوی خوێندكاران روون نەبووە هەتا ئێستا، یاخود ڕوون ناكرێتەوە، ئەوە حكومەت لێی بەر پرسیارە، دەبوایە زووتر لەبەر چاوی خوێندكاران روونی كردباوە، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەم ، دوو، سێ پرسیارم هەیە لە وەزیری خوێندنی بالاّ ، یەكەم پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا ناكرێت هەموو كۆلیژەكان زەحفێك بكرێت بە پێی نمرە جارێكی تر قوتابی وەربگیرێت لە هەموو كۆلیژەكان بۆئەوەی بەشێك لە كێشەكان چارەسەر بكرێت، یەكەم، دووەم، وەرگرتن بە مەركەزیە، یەعنی قبولی مەركەزی، بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ دەتوانێت دڵنیامان كاتەوە لەوەی كە ئەو پێوەرەی نمرەیە، واتە پێوەرێكە عەدالەتی تێدایە، دەتوانێت دڵنیامان كاتەوە لەوەی سەرپێچی لەو پێوەرە نەكراوە، جگە لەو نمرانە لە كۆلیژی تر وەرنەگیراون؟ پرسیارێكی ترم ئەوەیە، ئایا ئەمساڵ لە زانكۆكانی تری عێراق چەند خوێندكار لە بەغدا، لە موصل، لە كەركوك، هاتوونەتەوە كوردستان؟ لە كاتێكدا ئێمە دەزانین چەند پێویستیمان بەوەیە خەڵكمان لەدەرەوەی كوردستان فێری خوێندن بێت و فێری زانست بێت، بەڵكو پێویستیمان بەوەیە خەڵك رابهێندرێت لەوێ تێكەڵی كەلتوری تر بێت، بۆ ئەوەی كەلتوری خۆمان بگەیەنێتە شوێنەكانی تر، شتێكی تر هەیە من حەز دەكەم روونی بكەمەوە، ئەمەش روونكردنەوەیەكە زۆركورتە گومانێك هەیە ئەمساڵ، گومانێك لای خوێندكاران و

کەسوکاری خوێندکاران، لەلای خەلکی ترو رۆشنبیران دروست بووە، دەلێن بۆیە ئەو ژمارە خوێند کارە زۆرە وەرنەگیراوە بۆئەوەی خوێندکاران بەناچاری روو بکەنە کۆلیژە ئەهلیەکان، چونکە کۆلیژە ئەهلیەکان هی مەسئولەکانە، هی بالاّ دەستەکانە، بۆئەوەی زیاتر بکەن، ئەمە تەنیا گومانە، ئایا وەزیری پەروەردەو وەزیری خوێندنی بالاّ دەتوانن بەرچاوی خەلك روون بکەنەوەو ئەو گومانە لەسەر حکومەت و لەسەر دام و دەزگاکانی خوێندنی بالاّ لابدەن؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردلّ، فەرموو.

**بەرێز شێردلّ عبدالله حەوێزی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا موشکیلەیەکمان هەیە، موشکیلەیەکی هەنوکەییشە، گەورییەکەی لەوە دایە چونکە زیاتر لە دەهەزار گەنج لەسەر شەقامن، بەرامبەر هەموو سەتەلایت و بەرامبەر هەموو عالەمی ئیعلامی هەموو کەس دەبینێت، ئەو موشکیلەیە زۆر گەورەیە بەیەك خەتوە و بەیەك بازدانیش حەل ناکرێت و، ئێمە دەبێت لە هەنگاوی یەکەم یەك شت بکەین، ئەو تەجەموعە نەمێنێت لەسەر شەقام، خۆتان دەزانن ئێمە لەزروفەکی ئیستیسنائی دەژین، ئەوانەش کۆمەلێکی زۆرن، لەعومرێکی زۆرحەساسن، ئەگەر لایەنێك ئیستیغلالی کردن شتێکیان کرد، تەقینەوەك بوو ئەوکاتە ئێمە وەلاّمان چی دەبێت؟ لەبەر ئەوە من لەگەلّ ئەوەمە لەپێشەوە لیژنەیەکی موشتەرەك لە پەرلەمان و لە حکومەت و لە سەرۆکایەتی هەرێم وەلاّمەکیان بدەنەوە، وەلاّمێکی عاقلاّنە، وەلاّمێك بۆ ئەوەی بەنارامی، بە هێدی ئەو تەجەموعە نەمێنێت لەسەر شەقام، ئەوجا ئەو کاتە ئەو چارەسەرانە هەموو دەگرێن، بەلاّم ئەوانە هەر لەسەر شەقام بن و ئێمە لێرە بین، ئەو شتەناکرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت جوانە، بەلاّم یەك، دوو قسەی تێکەوت، بەلاّم پێشنیارەکەت جوانە، پاکی دەکەینەوە، یەك، دوو کەلیمەی لێی دەردێنین، قسەکەت باشە، کاك مەلا انور، فەرموو.

**بەرێز ملا انور محمد غفور:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو خوشك و برا بەرێزانەی پێشی من زۆر پێشنیاریان کردو کە مەوزوعەکەش زۆر حەیەوییە، من حەزم دەکرد لیژنەی پەروەردە راپۆرتێکی هەبوایە بیخوێندبایەوە بۆئەوەی زیاتر بەر چاومان رۆشنتر دەبوو لەبەر ئەو مەوزوعە، مەسەلەی ئەو دەهەزار قوتابیە ئێستا کێشەکەیان وازحەو لەسەر شەقامن دەهەزار گەنجە، لەگەلّ ئەو خانەوادانەی کە ئینتیمای بۆ دەکەن هەمووی کێشەیەکی گەورەیە، سەرەرای ئەو کێشانەی تر کە هەن، لەوانەیە ئێمە ئاگامان لێی نەبێت یان نەمانزانی بێت مامۆستا یان ئەو کەسانەی کە دەرچوون و تا ئێستا ئەوانیش تەعیین نەبوونە، ئەویش خۆی کێشەی تری هەیە، لەو باسەی هەردوو

وەزیرە بەڕێزەکان دڵخۆشکەرێکی زۆر بوو بۆ ئەو کەسانە و بۆ زیادبوونی ڕێژەی خوێندن و ڕەغبەتی خوێندن لە کوردستان، بەڵام ئەگەر بارەکە وا بڕوات بەڕاستی ئەو تموحاتانە و ئەو ئاواتانە کەم دەبنەوە، خەڵکەکە وای لێ دێت کە ئیستقبالی خوێندن نەکات و نەگاتە ئەو ئاستە، من باسەکە زۆر درێژناکەمەوەو هەر ئەوەیە کە پێم باشە خەم لە ئەوە بخورێت، چونکە مامۆستا باسی ئەوەی کرد، کە ١١ پەیمانگا قەپات کراوە و سێ مەرکەزی کراوەتەوە، یەعنی ئەو موعادەلەیە زۆر لێك دوورن ١١ و ٣ فەرقەکی زۆریان هەیە، ئەوە پێویستی بە خەم خواردن هەیە بۆ داهاتوو و بۆ ئێستاش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تەنەوعەکی تێدا بکەین، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم لە بارەی ئەو ١٠ هەزار قوتابیانەیە کە ئێستا لەسەر جادەکانن، بەڵێ ڕاستە هەندێکیان فۆرمەکانیان بەغەڵەت پڕ کردووەتەوە، بەڵام هەندێکیشیان بەڕاستی پڕیان کردووەتەوەو ناویشیان نەهاتووەتەوە، ئەمانە لەسەر شەقامەکان هەموو بێزاریەك و دڵە ڕاوکێ و ترسیان لێ پەیدا بووە، کە هەندێکیان دەڵێن خۆمان دەکوژین، دەبێت بە زووترین کات چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت بە هەر ڕێگایەك بێت، دووەم پرسیارم لە بەڕێزی وەزیرە کە ئاماژەی بە ئەوە کرد کە قوتابیان با بچن لە بەغدا و لە شارەکانی تر بخوێنن، بەڵێ ڕاستە با ژمارەیەکی مەحدود بچن بۆ بەغدا، بەڵام بە هاوکاری و هەماهەنگی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی باڵای پەرلەمانی عیراق و ژمارەیەکی کورد لەوێ لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای کورد لەگەڵ بەرپرسانی کورد لەوێ تەنسیق بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ژیانیان بکرێ، لە کۆتایی دا داوا لە حکومەت و وەزارەتیش دەکەم، بە زووترین کات چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت لەم ساڵ، چونکە ئەگەر ئەمە چارەسەر نەکرێت خوێنکارانمان وایان لێ دێت واز لە خوێندن بهێنن، لەبەر ئەوە با بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە هەرچەندە تەرکیز بکرێتە سەر حەل باشترە بۆ ئەم بابەتە گرنگە، چونکە ئەم کێشەیە وەکو کێشەی فەرمانبەرێك نیە داوای زیادەی مووچە دەکات، وەکو کێشەی خەریجێك نیە کە تەخەروج دەکات و داوای تەعیین دەکات، تەعیینەکە هەر تەعیین دەکرێت، ئەمە دابڕانە لە خوێندن و ئەمە وەستانە لە خوێندن، چونکە ئەوانە چاوەڕێی مەسیری خۆیان دەکەن، بۆیە تەرکیز دەکەمە سەر دوو پێشنیار بۆ حەل، کە جەنابی وەزیر داوای کرد ئێمە قبوڵمان کردووە لە زانکۆکان و

کۆلیژەکان، دیارە کۆلیژەکان بە پێی بەرنامەی خۆیان وەڵامی وەرگرتنیان داوەتەوە، یەعنی پێشنیاری ئەوە دەکەم جارێکی تر بە لیژنەیەك پێداچوونەوە بکەن، ئاماژەش بە ئەوە کرا کە ئەم ساڵ ڕێژەی وەرگرتن کەمە، هەندێك لە ئامارەکان ئاماژەیان پێی کرد، پێداچوونەوەیەك بکەن بە کۆلیژ و بەشەکاندا بۆ وەرگرتنی بەشێکی تر لەو قوتابیانە، ئەوە شتێکی باش دەبێت بۆ حەل، دووەم: دیارە بەشێك لە چارەسەر ئەوەیە کە قوتابیان بۆ زانکۆی ئەهلی بچن، زانکۆی ئەهلی یەکەم شت پارەیەکی زۆری دەوێت، دووەم شت زانکۆی ئەهلی دەرەجەی دەوێت، ئەمانە دەرەجەیان کەمە، کەواتە ئەمەش ئەگەر حکومەت خۆی کارئاسانی نەکات بۆ زانکۆی ئەهلی، ناتوانن لە زانکۆی ئەهلی بخوێنن، ئەمە زەرورە کە حکومەت کارئاسانی بکات بۆ زانکۆی ئەهلی تا بتوانن سوودمەند بن، پێشنیارێکی ترم ئەوەیە ئەگەر بکرێت ئەوانەی دەرەجەی بەرزیان هێناوە ئەوانە بە زەمالە ڕەوانەی دەرەوە بکرێن بە پلە هەندێك قوتابی تر بەرز دەبێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا هەندێك لەو ئەندامانەی کە ناویان نووسیوە بە نووسین بۆیان ناردووین کە زۆر ئاسانتریشە، ئەگەر ئەوانەی کە تا ئێستا قسەیان نەکردووە ئەوانیش وا بکەن زۆر باشتر دەبێت، بۆیە کاك جمال شمعون کە داوای قسەی کردووە، دەڵێن ئەم جۆرە کێشانە ئیفرازاتی بێ تەختیتیە، پلانیش بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا بۆ ساڵێك و دوو ساڵ نابێت، چونکە پەیوەندی بە گەشە کردنی ئابووری و زانستی هەیە، پرسیارەکەی ئەوەیە ئایا هیچ پلانێکی درێژ خایەنی ستراتیژی لەوەزارەتی پلاندانان ئاراستەی ئێمە کراوە؟ ئەوەش پرسیارەکی لە جێیە، کاك کرخی ئیقتراحەکەی بە نووسین بۆ ئێمە ناردووە و زۆر چاکترە ئەگەر ئێوەش وا بکەن بە تایبەتی ئەوانەی کە تا ئێستا قسەیان نەکردووە، دوو سێ پرسیاری کردووە، دەڵێ ئەو شتەی کە سۆزان خان ئاماژەی پێی کرد بەڕاستی جێی هەڵوەستەیەو پێوستی بە تەفسیلاتە، دووەمیان پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك اسعد دەکات، سێیەم، پرسیاری ئەوەی کردووە کە بۆچی پەیمانگای پۆلیس و سەربازی ناکرێتەوە؟ چونکە پێویستیمان بە مفەوەزو بە زابتی کارامە هەیە، پێویستی بە کادیری پێویست و کارامە هەبێت،کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من حەزم لێیە مەدخەلەکەم شتێکی تر بێت، ئەوەی کە گوێمان لێ بوو لە وەزارەتی دارایی لە ٨٠٪ ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ مووچە دەچێت، یەعنی ٢٠٪ ی ماوە بۆ ئیستسمار، من وا دەزانم ئەم دوو وەزارەتە و وەزارەتەکانی تریش جۆرێك لە ئیفلیجیان دووچار بووە کە ناتوانن ئەو شتەی کە پێویستە وئەو میکانیزمەی کە پێویستە جێ بەجێ ی بکەن، تۆ کە ژمارە زۆر دەبێت دەبێت جێگەی بۆ بکەیتەوە، بە چی جێگەی بۆ دەکرێتەوە؟ تۆ لە ٢٠٪ ی ئەم داهاتەی هەرێمی کوردستان بۆ ئیستسمار و بۆ بینایە، کە ئەمە کارەساتەکە بە حەقیقەت لێرەدایە، لەوڵاتانی تر ئەمە پێچەوانەیە، سەدا بیست تا بیست و دوو بۆ

ڕاتبەو ئەوەی تری هەمووی بۆ ئیستسمارە، هەروەها لە وڵاتێکی وەکو عیراق کە کوردستانیش بەشێکە لە عیراق، ئێمە وڵاتێکی نەوتین کاسە دەکەین بە ئاوەوە و بە دۆلار، بەڵام خەڵکی بەرەنجی شانی پارە پەیدا دەکات، بە سناعەت و بەچی و بەچی.....، ئەم دوو وڵاتە بە قەناعەتی من خۆراك و خوێندنی بۆ تەئمین بکرێت، دەبێت حکومەت بەڕێوەی بەرێت، خۆراك بۆ جسممان و خوێندنیش بۆ عەقڵمان، یەعنی کەچی سەیری دەکەین حکومەت هەر ڕادەکات لەمانە، خوێندن بدرێتە کەرتی تایبەت و برۆ تۆ ببیە بەڕێوەو وەك ئەوەی کە باستان کرد نە ئیختساسی تیا بەدی دەکرێت، نە دڵسۆزیش کە ئەوە ترسناکە بۆ ئاییندەی ئێمە، یا زۆر ئاگامان لە ئەوە بێت باشە، من لە وەزارەتێك پرسیارم کرد گوتم ئەوە چیە ئەو فەوزایە و زۆری دیت دەڵێت من ٥٠٠ کەسم زیادەیە، بەڵام پێویستم بە ٢٠٠ کەسیشە، پێم گوت ئەگەر ئەوە بکەی بە مەتەڵ، بۆ؟ خەڵکێکی لەلایە کە بۆ ئەو هیچ ناکات، بەڵام خەڵکێکی تری پسپۆر و شارەزا ئیشەکانی ئەو بەڕێوە بەرێت، ئەم ١٠ هەزارە کەسە بە قەناعەتی من وەزارەتی پەروەردە دەبوو بەر لەوەی ئەم مەعهەدانە دابخات کەوا ئەگەر هەڵەم کرد داوا دەکەم  بۆم ڕاست بکەنەوە، ژمارەی ئەو مەعهەدانەی دایخستووە لە پار و پێرار و ئەم ساڵ دەچێتە ٣٠ زیاتر، لەبەرامبەر ئەمە ٦ کۆلیژی کردووەتەوە، بەڵێ باشە ١١ مەعهەد، بۆیە گوتم بۆم ڕاست بکەنەوە، زۆر سوپاس، بۆ نموونە پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی ١٣ بەشی هەیە، کەچی کولیەی بنەڕەتی لە سلێمانی چوار بەشی هەیە، ١٣ بەش بەرامبەر بە ٤ بەش، دەبوایە ئەوە زیاتر بوایە، لە کەلار دوو بەشی هەیە، بۆ؟ دیارە کە مامۆستای نیە یان پسپۆری نیە، یەعنی ئەمە گرفتە گەورەکەی لێرەوە دروست کردووە، چ مامۆستاشی نیە چ جێگەشی نیە، پێشنیارم هەیە بۆ ئەوەو قسە دەکەم لەسەر ئەوە، قسەیەك هەبوو دەبوایە ئەم قوتابیانەی کۆلیژی پزیشکی کە ٥ هەزار قوتابین، وەزیری خوێندنی باڵا ئەو ٥ هەزار قوتابیە ناچنە کۆلیژەکان و ناچنە پۆلەکانیانەوە، ٥ هەزار ژمارەیەکی زۆرە، لەوێ ١٠ هەزار قوتابی، فعلەن وەکو هەندێك لە برادەران گوتیان ئەمانە جێگەی تێروانینن، جێگەی کارەساتە، ئایا ئەمانە نابێت قسەیەکیان بۆ بکەن؟ مەسەلەی کولیاتی ئەهلی لە وڵاتانی تر جگە لە خەڵکەکەی خۆی خەڵکانی تریش دەخاتە خوێندنەوە، نموونەی دوو وڵاتی فەقیر دێنمەوە کە ئێمە وا دەزانین نانیان نیەو خەڵك لە برسان دەمرێت، سودان و هیند، خەڵکی ئێمە دەچن لەوێ دەخوێنن و پسپۆریش بە دەست دەهێنن، عەجەبەن یەعنی ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین، لە کاتێك لەو وڵاتانە ٦٠٪ ی ئەو کولیاتانە خەڵك بەڕێوەی دەبات، ئێمە لێرە ئەهلیەکەشمان هەر بە حکومەتەوە لکاوە، هەر چۆنێکی سەیری دەکەی پەیوەندیان بە ڕاستەوخۆیی یان ناڕاستەوخۆ بێت بە حکومەتەوە هەیە یان بە خەڵکێکی ترەوە هەیە، یەعنی تەمەنا دەکەم ئەمە چارەسەری هەبێت بە دوو شت، یەکەم: پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ کولیاتی ئەهلی، چۆن بێت و چۆن نەبێت، ئێستا کولیەی ئەهلی یەکێکیان ساڵی بە ملیۆن و نیوێکەو یەکێکی تر بە ٦ ملیۆن، ئەم فەوزایە چیە؟ ئایا لە وڵاتێکی فەقیری وەکو ئێمە کە راتبی مامناوەندی لە ٤٠٠ هەزار زیاتر تێ ناپەڕێت، ئایا خەڵکی فەقیری وەکو ئێمە ئەوەی پێ دەدرێت؟ دەبێت ئێمە دیراسەی ئەوە بکەین، چونکە جێگەی خۆیەتی قسەی لەسەر بکرێت، دووەم: بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو سەر جادەیە بکەین، ئەو ئیزرابەش لە

دڵی قوتابیان لاببەین، ئەگەر نا کۆچ و ڕەوێکی تر بەرەو ئەوروپا دەست پێ دەکاتەوە، جا بزانن ئەوە لەسەر ئێمە چەند دەکەوێت و لەسەرمان بە چەند ڕادەوەستێ، یەکەم شت ژمارەی خەڵك لەو کۆلیژانە زیادبکرێت کە ئەوانی تری لێ وەرگیراوە، یەعنی ئەگەر زۆریش بێت بۆ نموونە با ١٠٪ ی بۆ زیادبکرێت، لە هەر کۆلیژێك ئەو ڕێژەیە زیادبکرێت پێم وایە نیوەی ئەوە لادەبات، دووەم شت هێنانەوەی ئەو پەیمانگایانەی کە ئەو ساڵ داخراون، ئەوانەی پار نا، بۆ ئەوەی تۆحەلێك بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی کە تۆ دەڵێی ساڵێکی تریش ئەوەندەی تری دەچێتە سەر حەل بێت، تۆ لە ٢٠٪ بودجەی هەرێم ئیشی ئیستسمارە مانای وایە هەر لە ئێستاوە نە دەتوانی کۆلیژ بکەیتەوە و نە دەتوانی مەعاهدیش بکەیتەوە، هەروەها بۆ وەزیری خوێندنی باڵا ئێمە لە سەرەتای دروست بوونی جامیعە لە سلێمانی پسپۆر لە دەرەوە هێنراون، هێنانی مامۆستای زانکۆ لە دەرەوە پێم وایە ئەوە شتێکی زۆر گرنگە، زۆر لە موشکیلەکانی ئێمە چارەسەر دەکات، یەعنی دەتوانین جێگە چارەسەر بکەین بە دوو دەوام و بە سێ دەوام، بەڵام بەڕاستی پسپۆری زۆر لاوازە، تەنسیقێکی زیاتر لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەختیتیش هەبێت، دیار بوو کە ئەو مەسەلەیە لاواز بوو، هەموو شتەکانی تر کە جێگەی خۆیەتی ئێمە کۆمەڵێك پەیمانگای تر بکەینەوە، یەعنی دنیا بەرەو پێشکەوتن چووە لە ڕووی ئیدارەوە، لە ڕووی ژمێریاریەوە، لەڕووی مەساحەوە، ئەگەر کەمە زیادی بکەین، یەعنی کۆمەڵێك شتی نوێ پەیدابووە ئێمە دەتوانین کۆمەڵێك لەو خەڵکەش لەو جێگایانە جێگایان بکەنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، ئەوەی من دەمویست بیڵێم دوو جار و سێ جارو زیاتریش باسی کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو ئیختسار کردنەت، نموونەت زۆر بێت یا ڕەبی، کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە پەخشان خان دەکەم، بەڵام یەك، دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەمم ئەوەیە کە دەبووایە لیژنەی پەروەردە بۆ خۆیان موناقەشەی خۆیان بکردبا و تەقریریشیان هەبووایەو پرسیارەکان و پێشنیارەکانیان دیاری کردبا نەك ١٧ کەس لێرە قسە بکەن و مەجال نەهێڵن بۆ ئەوانی تریش، دیارە کە ئەو موشکیلەیە چەند ڕۆژێکە بەردەوامە، هەر ئەمڕۆ نیە، بە نیسبەت ئەو کێشەوە من پێم وایە ئەو کێشەیە پێویستی بە ئەوە بوو وەزیرەکانی تریش وەکو نازناز خان باسی کرد کە ئەوە زۆر زەرورە لێرە ئامادە بووبان، چونکە تەنها ڕووبەڕووی ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە نابێتەوە، ئەمە عیلاقەی بە بونیەی

تەحتیەوە هەیە، عیلاقەی بە نەخشەیەکی درێژخایەنەوە هەیە، چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین؟ تەنها وەسف کردنی کافی نیە، چارەسەرەکەی چۆنە؟ کاك شێردڵ باسی ئەوەی کرد ئێستا بیربکەینەوە چۆن چارەسەری بکەین؟ من بیر لەوە دەکەمەوە ڕەنگە بتوانین هەندێك پێشنیار بکەین کەدووبارەی ناکەمەوە وەکو ئەوەی کە هەڤاڵەکانم باسیان کرد، بە کردنەوەی دەوراتی تەئهیلاتی تەئهیلی و مەعاهدیش، بەڵام کێشەکە بە ئەوە کۆتایی نایەت، دەبێت بیر لەە بکەینەوەکە ئەو ئەرقامانەی وەزیری تەربیە و وەزیری فێرکردنی باڵا بەڕاستی هەم شادی بەخشە و هەم خەتەر ناکیشە، یەعنی ساڵێکی تر دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە دوو قات دەبێت، دوو ساڵی تر چوار قات دەبێت، ئەو کات دەبێت ئێمە لە کوێ دایانمەزرێنین، دوای ئەوە مەعاهدەکانمان هەتا جامیعەکانمان ئەگەر ئیستعابی ئەو هەمووە بکەن دەبێت بە مەعمەل دروست کردنی بەتاڵە، لەبەر ئەوە پێویستمان بە نەخشەیەك و پلانێکی درێژخایەن هەیە، بۆ چارەسەری بنەڕەتی بۆ موستەقبەل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی گێلاس خانم سرپەوە لەبەر ئەوە بە نامە ناردوویەتی کە دەڵێت پێشنیار دەکەم کۆلیژی پۆلیس و سەربازی بکرێتەوە، هەروەها کاری بە پەلەو جدی بکرێت بۆ کردنەوەیەك ژمارەیەك کۆلیژی بنەڕەتی بە تایبەتی وەزیری تەربیە ئاماژەی بە ئەوە دا کە مامۆستای پۆلەکانی ٧ و ٨ و ٩ بەسەرەوە کەمن، هەروەها کردنەوەی چەند پەیمانگایەکی پیشەیی جیاجیا بۆ پێگەیاندنی کادری پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت، پرسیارێکی هەیەو دەڵێت ئەگەر ئەو هەوڵەتان سەرکەوتوو بێت بۆ وەرگرتنی چەند خوێندکارێك لە باشوور و ناوەڕاستی عیراق دا کێ زەمانەتیان دەکات؟ زۆر سوپاسی دەکەین، کاك زانا پرسیارێکی کردووە، دەڵێت بۆچی پەیمانگای نەوت و تەیەران ناکرێتەوە؟ پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە دەڵێت کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین ئایا ڕاستە ٦٠ قوتابی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، بە قەدەرئەو ژمارەیەش ماستەر و دکتۆرای وەرگرتووە، ئایا ئەگەر ٦٠ قوتابی بەکالۆریۆسی وەرگرتبێت هەڵەیەکی گەورەیە، جێی ٦٠ کەسیان گرتووە، پرسیارەکی بەجێیە، کاك ئارام دەڵێت من پێشنیار دەکەم کە ئەو قوتابیانەی کە ماون بەرنامەیەکیان بۆ دابندرێت بۆ ئەوەی کار بکەن لە کەرتی گشتی و ئەهلیەکان وەك ( ئیکسپیریەنس)وە لە هەمان کات دا وەرشەی کاریان بۆ بکرێتەوە کە هەفتەی ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ دەوام بکەن تا تەواو کردنی وەرشەکان دەرماڵەیەکی هاوکاریشیان بۆ بکرێت، ئەو سیستەمە لە ئەوروپا زۆر هەیە، ئەمەش پێشنیارێکی بەجێیە، د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت لەسەر ئیستعابی زانکۆکان قسە بکەم، لەبەر ئەوەی هەموو ساڵێك دەرچووانی ئامادەیەکان لە زیاد بوون دایە، مەنتقیەن ئیستعاب مەفروزە زیاتر بکرێت، ئەگەر هاتو ئەو زیادەیە جێی نەکەینەوە ئەکید فەوزا دروست دەبێت، نموونەیەك بۆ سەر کۆلیژی پزیشکی ساڵی ٢٠٠٦ ، ١٥٠ قوتابی وەرگرتووە، ساڵی

٢٠٠٧ ، ١٢٠ قوتابی و ئەم ساڵیش ١٠٠، یەعنی من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا هۆڵ و موختەبەرات کەمی کردووەتەوە، لەبەرئەوە قوتابی کەمتر وەردەگرێت؟ یان ئەگەر پێویستمان بە ئەو هەموو پزیشکە نیە بۆچی ئێمە کۆلیژی پزیشکی ئەهلی دەکەینەوە؟ یەعنی ئەوانە هەمووی دژیەکیە کە وەزارەت لەگەڵ خۆی دەیکات، ئەگەر پێویستمان پێی نیە ئەهلی ناکەینەوە، ئەگەر زیادیشن با جێگایان بۆ بکەینەوە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە هەتاوەکو ئێستا چۆن وەزارەت نەیتوانیوە مەشاکلی موختەبەرات و هۆڵ جێ بەجێ بکات کە ئەو کێشەیە هەموو ساڵێك گوێمان لێی دەبێت، کە ئەو کێشەیە هەیە و لەگەڵ ئەوەش بودجە لە زیادبوون دایە، پرسیارێکیشم بۆ وەزیری پەروەردە هەیە کە ئایا ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە دەرەجە بەرزەکان لە سەرووی نەوەتەکان دیاردەیەکی تەبیعیە کە ئەو هەموو تەڵەبەیە کە ئەو ساڵ تەوەقوع دەکرێت زیاتر لە ٣ هەزار تەڵەبە سەرووی نەوەتی هێناوە کە ساڵانی پار ئەو شتە نەبووە، ئایا ئاستی پرسیارەکانی بەکالۆریە پێداچوونەوەی پێ ناوێت؟ کە بزانن لە ئاستی خوێندنە یان کەمترە؟ لەبەر ئەوەی ئەو تەڵەبانەی کە لە سەرووی نەوەتەکان دەهێنن لە کولیاتی بەرز وەردەگیرێن و دواتریش هەیە لەو کولیانە فەسڵ دەبێت و فەشەل دەهێنێت، مانای وایە پێویستە ئەو شتانە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، تەئکید لەسەر ئەو قوتابیانەی کۆلیژی پزیشکی دەکەمەوە کە تا ئێستا لەسەر شەقامەکانن و مانگێك لە فەترەی خوێندنیان لێ ڕۆیشتووە، پرسیارەکەش ئەوەیە کە هیچ هەماهەنگیەك هەیە لە نێوان وەزارەتی تەعلیمی عالی و وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی ئەو کێشانە حەل بکرێن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە تەوەر دەرچووی، بەڵام ئاماژە بە ئەوە دەکەین کە لە بەرنامەمان هەیە کە وەزیری تەندروستی بانگ بکەین بۆ ئەو مەوزوعە، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆیە پێم خۆش بوو قسە بکەم، لەبەرئەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوی کێشەی ئەو قوتابیانەیە کە ماوەیەکی زۆرە دێنە پەرلەمان و جەنابیشتان لەو بارەیەوە نووسراویشتان نووسی، بۆ ئەوە زۆر خاڵ هەیە کە ئیشارەتی پێ بدەم، بەڵام لە ئەنجامی ئەوەی کە ئەو بەڕێزانەی کە باسیان کرد، منیش کورتی دەکەمەوە تەنها یەك، دوو خاڵیان باس دەکەم، یەکەم: بە حەقیقەت من لە جەنابی هەردوو وەزیر دەپرسم ئایا ئەوان پلانیان چیە بۆ ئاییندەو بۆ ئەو کێشانەش؟ دووەم: ئەوە وەکو پرسیارێك کە ئاراستەی ئێمە کراوە، ئێمەش حەزدەکەین ئاراستەی ئەو بەڕێزانەو جەنابتان و پەرلەمانیشی بکەین، ئایا لەبەر بێ جێگەییە ئەو قوتابیانە وەرناگیرێن یان کەمی نمرەیە؟ خۆ ئەگەر لەبەر کەمی نمرە بێت بۆ بەغدا و تکریت و شارەکانی تر وەریان دەگرن؟ بە نیسبەت کۆلیژە ئەهلیەکان، هەمووومان دەزانین کۆلیژە ئەهلیەکان گرفتی ئەوەیان هەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێت، ڕەنگە قوتابیەك کە کوڕی هەژارێك بێت نەتوانێت بچێت ٦ ملیۆن و ٧ ملیۆن بدات، بۆچی ئیستعابیان ناکەن لە کۆلیژەکانی بەیانیان، بۆچی کۆلیژە ئەهلیەکان خەڵك

وەردەگرن و کۆلێژە حکومیەکان وەریان ناگرن؟ خاڵێکی تریشم ئەوەیە من لێرە ئەو پێشنیارەم هەیە کە جەنابی هەردوو وەزیر بە هەماهەنگی و پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرێك بۆ کێشەی ئەو قوتابیانە بکەن، چونکە بەڕاستی هەموومان دەزانین لە مەرحەلەی سەرەتاییەوە تاوەکو ئێستا دەرچوونەو ئێستاش ئەو گرفتەیان هەیە، هەموو ئەوانە خوێندنیان لە نەوەتەکان بووە، هەمووشمان دەزانین کە ژیانی نەوەتەکان دەزانین چۆن بووەو چۆن پێ گەیشتوون؟ چۆن ژیاون و چۆن پەروەردە کراون؟ بۆیە من ئەو پێشنیارەشم هەیە، سەرکەوتوو بن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خانیش ناوی دەسڕمەوە، چونکە بە نامە نووسیویەتی و دەڵێت بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بۆ کردنەوەی کۆلێژە بنەڕەتیەکان باسی کەمی مامۆستایانی زانکۆی کرد، بەڵام ئێمە خەڵکێکی زۆرمان لە دەرەوەی وڵات هەن کە خاوەن بڕوانامەی بەرزن و دەیانەوێت لە کوردستان خزمەت بکەن، بەڵام ئاسانکاریان بۆ ناکرێت، پێشنیاری ئەوە دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تایبەتی بۆ ئەوانە هەبێت، دووەم: هەندێك قەزای فراوان هەیە کە کۆلێژیان لێ نەکراوەتەوە، وەکو قەزای ئاکرێ کە داوایان لە لیژنەی پەرلەمان کردووە بۆ کردنەوەی کۆلێژی بنەڕەتی، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە مامۆستا پسپۆر لە ئامادەیەکان چارەسەری دەبێت، سێیەم: هەندێك شوێنی کۆلێژی توانای وەرگرتنی زیاتر و کردنەوەی بەشی تری هەیە، بۆ نموونە کۆلێژی زمان لە قەڵادزێ توانایان هەیە خوێندکار وەربگرن، ئەگەر بەشی ئینگلیزیان بۆ بکرێتەوە مامۆستاشیان هەیە، زۆر سوپاس بۆ سارا خان، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن کە موشکیلەیەك بەم گەورەییە دەکەوێتە بەردەمی جەماوەرو پەرلەمان و حکومەت و هەر دوو وەزارەت، بە تەئکید کارەکان وەکو پێویست نەکراوەو پلانیش نەبووە، دەبێت گۆڕانکاری بکرێت لەو وەزعە، من مەجموعەیەك ئیقتراحم هەیە چ بۆ پەروەردەو چ بۆ خوێندنی باڵا، بە نیسبەت خوێندنی باڵا بەڕاستی مەرج نیە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك دوو سەد تا سێ سەد هۆبەو ژوور دروست بکات لەبەر ئەوەی تەڵەبە وەردەگیردرێت، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای مەدەنی چی دەکەن؟ عادەتەن مەجموعەیەکی زۆر تەڵەبە وەردەگیردرێت، بۆ نموونە بۆ بیرکاری، لە سەعات ٨ تەڵەبە دەتوانێت بچێت بیرکاری بخوێنێت، لە سەعاتی ١٠ و١٢ و ٢ و ٤ و ٦ و ٨یش دەتوانێ بیرکاری بخوێنێت، یەعنی لە هەموو ڕۆژەکە دەتوانێ، لە باتی ئەوەی ئەوەندە هۆبە بکەیتەوە، سەعاتەکان زیاد دەکەی، ئەوسا عەددەی زیاتریش تەڵەبە وەردەگری، ئەوەندەی من شارەزاییم هەبێ و بیستبێتم هیچ مامۆستایەکی جامیعە ٤٠ دەرسی نیە، بە حەقیقەت لێرە زۆربەیان نیوەن و هەندێکیشیان لەوە کەمترن، یەعنی مانای ئەوەیە کە مامۆستا هەیە، لە فەرزەن ئەگەر مامۆستاکانیش لە ٤٠ دەرس زیاتر بڵێنەوە دەتوانن مەجموعەیەکی بە ئیزافی بڵێنەوە و پارەیان بدرێتێ، زۆر مەمنون دەبن کە بیکەن، بە نیسبەت ئەم جامیعە ئەهلیانەی کە هەیە، من گلەییم هەیە بەڕاستی

نابێ جامیعەی ئەهلی وەکو تیجارەتی لێ بێت، جامیعەی جیهان بە هەزاران فۆرمی تەوزیع کردووە، بۆ هەر فۆرمێك ١٠٠ هەزار دیناری وەرگرتووە، کە بۆ خۆشی ٣٠٠ ـ ٤٠٠ تەڵەبە وەردەگرێت، ئەمە مەنتق نیە، مەفروزە فۆرمەکان بە فراوانی بڵاوبکرێتەوەو بە بەلاش بێت، بەڵام باشترین تەڵەبە هەڵبژێرێت، مەرج نیە ١٠٠ هەزاری لێ وەرگرێت، بە نیسبەت تەربیە، عادەتەن ئەو موشکیلەیە کە ئێمە تەنها وڵاتێك نین کە مواجەهەی ئەو موشکیلەمان رووبەڕوو ببێتەوە، لە ئەمریکا و لە ئەوروپا و لە هەموو شوێنەکان ئەو موشکیلەیە هەیە، چونکە هیچ کاتێك ناتوانرێت هەموو تەڵەبەیەك بکرێت بە دکتۆر و بکرێت بە دکتۆری جامیعە، دەبێت ئێمە رێگە خۆش بکەین بۆ ئەوەی تەڵەبە تەوجیهی شتی تری هەبێت، من حەز دەکەم جەنابی وەزیر بچێتە بانکی کوردستان بزانێت چەند فەرمانبەری تیایە کە هیچی خەڵکی کوردستان نیە، لەبەرئەوەی کەسێك لە کوردستان دا نیە کە خیبرەی ئەوەی نیە لە بانکی کوردستان دا ئیش بکات، هەروەها ئەگەر بچێتە چێشتخانەکان بزانە عەمەلەیان لە کوێوە هێناوە؟ لە لوبنان و لە ئەسیوبیا و لە هەموو عالەم خەڵکیان هێناوە ، هەتا لە ئوتێلەکاندا، من حەزدەکەم شتێك بڵێم چۆن چارەسەریان کردووە، ساڵی پێنجەم و شەشەمی هەموو قوتابخانەیەك لە ئەمریکا هەموو تەڵەبەیەك پێویستە لە هەفتەیەکدا چەند رۆژێك لە شوێنێك ئیش بکات، جا لە بانکە، یان لە دائیرەی پۆلیسە یان لە مەتعەمە یان لە ئوتێلە... ، یەعنی دوو ساڵ تەوجیهیان دەکەن، ئەو کەسانەی کە دەچن لەوێ ئیش دەکەن لەسەریان قسە دەکرێت، ئەو تەڵەبەیە بە حوکمی ئەوەی دەچێت لە بانك ئیش دەکات بۆ ماوەی دوو ساڵ تەبیعی ئەوسا ئیتیفاقێك لەگەڵ بانکدا دەکات بەبێ پارە، ئەم تەڵەبەیە خیبرە پەیدا دەکات تاقەتی خوێندنی نامێنێت و نایەوێت بچێتە جامیعە، چونکە هەست دەکات ئەگەر یەکسەر پارە دروست بکات لەوانەیە یارمەتی کەسوکاری بدات، رێگەشی لێ ناگیرێت، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە لە هەموو مەجالەکاندا لە وەزارەتەکان و لە مەعمەلەکان لە مەسنەعەکان و لە فیتەرەکان لە هەموو شوێنەکان ئەگەر ئێمە فەرز بکەین هەموو تەڵەبەیەك پۆلی پێنج و شەش رێگەیەك بگرێت، زۆربەی تەڵەبە حەز دەکەن ببن بە میکانیکی و بچن لە مەعمەلێك دا ئیش بکەن، دە تۆ تەوجیهی بکە با ئەو دوو ساڵە فێری شت بێت، کە تەواو دەبێت یەکسەر ڕاناکات بۆ جامیعە، تەبیعی مواجەهەی ئەوە ناکەی ١٠ هەزار تەڵەبە بێتە بەردەستت هیچ شوێنێك نەبێت بۆی بنێری، ئەوسا ئەم ١٠ هەزار تەڵەبەیە ١٠٠ ی دەچێت بۆ بانك و ١٠٠ ی دەچێت بۆ پۆلیس و ١٠٠ی دەچێت بۆ ئوتێل و بە هەزارانی دەچێت بۆ مەتعەم و هەزارانی دەچێت بۆ شوێنە سیاحیەکان و ، یەعنی کۆمەڵە خەڵکێکی ئەکتیف دروست دەکەی، نەك ئەو کۆمەڵگایەی ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئێمە لە بەرامبەر کێشەیەکی گەورە داین، نەك بۆ ئەم ساڵ بۆ ساڵی داهاتووش و بۆ ساڵانی تریش، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کۆنفرانسێك ببەسترێت لە وەزاراتی مەعنی و جیهاتی مەعنی، ئەو کۆنفرانسە با دوو، سێ ڕۆژ بخایەنێت، ئەهلی ئیختساس دیراسەی ئەو مەوزوعە بکەن و چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، چونکە کێشەکە هەر ئەوە نییە کە خەڵکێك تەخەروج دەکات، ئەوانەی کە تەخەروجیش دەکەن کێشەی دامەزراندنیان هەیە، ئێستا لەشکرێکی خەریجی عاتڵمان هەیە لە کوردستان، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، یەعنی ئەوانە کە تەخەروج دەکەن تەئهیلیان دەکەین و دواتریش ڕا دەکەن و دەچنە ئەوروپا، ئەوە کێشەیەکی فراوانە، لەبەر ئەوە ئەو کۆنفرانسە ئەگەر بێتو خوتەیەکی خەمسی هەبێت بۆ ٥ ساڵ دیراسەی ئیحتیاجاتی کوردستان بکرێت لە هەموو لایەکەوە، لەڕووی ئیقتسادی و لە ڕووی ئیجتماعی و لە ڕووی پەروەردە، ئەو دیراسەیە ببێتە ئەساسێك نەك تەنها بۆ ئەمڕۆ و بۆ ئەم کێشەیە، ڕاستە کێشەیەکی هەنووکەییە، بەڵام کێشەیەکی موستەقبەلیە بۆ دوارۆژیش دەبێتە کێشە بۆ ئێمە، جگە لەوە هەندێك مەجالات هەیە تا ئێستا نە مەعاهد و نە کولیاتمان نیە، هەقە بیر لەوەش بکرێتەوە لە بواری ئیتسالاتە، بواری تر هەیە، هەقە ئەو مەجالاتانەی کە هەنە و ئیختساساتمان نیە یاخود کەمە یاخود دەینێرین بۆ دەرەوە کە فێر بن، با ئەو دەوراتانە بکەینەوە، لەبەرئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم سەنتەرێکی تەئهیلی میهەنی هەبێت لە هەر پارێزگایەك لە کوردستان، بۆ ماوەی ساڵێك بێت یان ساڵ و نیوێك بێت، ئەو خەڵکە تەئهیل بکەین لەڕووی فەنیەوە، چونکە ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە زۆر جار خەڵکی فەنی لە دەرەوە دێنین لە تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی ئیشەکانمان بۆ بکەن، ئەگەر خۆمان تەئهیلیان بکەین، من پێم وایە هەم لەلایەکەوە چارەسەرەو هەم لەلایەکی تریشەوە لە دوا ڕۆژ ئیعتماد لەسەر خەڵکی بیانی ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە سەبریان هەیە خۆم دەیاناسم، ئەوانەی کە برێك سەبریان کەمترە محاوەلە دەکەم بۆ ئەوەی زۆر هین نەبێت، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ خاڵم هەیە و دەمەوێت پێشکەشی جەنابتان و هەردوو وەزیرە بەڕێزەکانیش بکەم، یەکەم: ئێمە لە کوردستان داوا دەکەین کە نەخوێندەواری لە کوردستان نەمێنێت، کەچی ئێستا ١٠ هەزار کەس لەسەر جادەنە و ئینتزاری ئەوە دەکەن بۆ ئەوەی لە جێگایەکی دابمەزرێن، لە کولیە بێت یان هەر جێگایەکی تر بێت، ئێمە کە داوای نەخوێندەواری دەکەین سەد لەسەد ساڵێکی تر ئەو ١٠ هەزارە دەبێتە ١٥ و ٢٠ هەزار کەس، ئێمە دەبێت چارەسەریەکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی لەو گرفتە

دەرباز ببین، ئێمە وەکو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە گەشتێکی مەیدانیمان هەبوو لە پارێزگای دهۆك و لە بەردەڕەش و لە ئاکرێ و لە زاخۆ و لە ئامێدی و لە شێخان، لەو قەزایانە هەمووی ڕۆیشتین، بە دەیان و بە سەدان نەفسی مامۆستایان هەیە، لە هەندێك مەکتەب دوو دەوام و سێ دەوام دەگرێت لەبەر ئەوەی مامۆستایان نیە، پێویستە ئێمە چارەسەرێك بۆ ئەوانە بدۆزینەوە، ئەگەر ئێمە ئەو ١٠ هەزار کەسە پێ ڕابگەیەنین ئەو نەفسەمان نامێنێت، لەبەر ئەوە ئێمە شتی سەرەکی لێکۆلینەوەی بۆ ناکەین، بە فەرعی دەچینێ، ئێمە داوامان کرد کە لە ئاکرێ دوو کولیە بکرێتەوە کە جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا ئەو دوو کولیەی پەروەردە و کشتوکاڵی کردە یەك، مەعەل عیلم زۆر پێویستە هەر دوو کولیە لە ئاکرێ بکرێتەوە، چونکە مەنتیقەیەکی زراعیە و زۆر پێویستە، ئەو یەك کولیەیەش سەرۆکی زانکۆی دهۆك بە مەزاجی خۆی رەفزی کردەوە گوتی وەڵلا ئەوە ناکرێت، لەسەر قسەی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا دەڵێت نازانم لە کوێ ئێمە کولیەشمان کردەوە، بەڵام هیچ ماجستێرمان نیە، ئەگەر هەبێتیش یەك، دوومان هەیە، لە ئاکرێ دەیان ماجستێر لەوێ هەیە، مەعەل عیلم زۆریش پێویستە حدودی ئاکرێ لە موسڵ دەست پێ دەکات هەتا دەچێتە مەنتیقەی بارزان، بەو پانی و بەرینیە کولیەیەکی لێ نەکراوە، بۆ ناکرێتەوە بۆ ئەم هەموو موشکیلەیە حەل ناکەن و ئەو ١٠ هەزار تەڵەبەیە لەو کولیانە دانەمەزرێنین، ئێمە هەم کولیە و هەم مەعاهدمان پێویستە کە زۆر پێویستە بکرێنەوە، هی صناعی و کارەبا و میکانیك، ئەگەر ئەو شتانەمان کرد ئەو کێشەیەمان لە کۆڵ دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ ناومان بانگ کرد چوو بووە دەرەوە، پێی وایە موستەعزەفە، فەرموو قسە بکە، باشە ببورە، کاك عثمان فەرموو وابزانم ئەویش سەبری کەمە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەت و پێکهاتەکان لە کوردستان دەبێت ئادائی خۆیان چاك بکەن بۆ ئەوەی بەڕاستی بە موزاهەرەو بە خۆپیشان دان نێنە وەڵام دانەوەی خەڵك، یەعنی دەبێت بە شێوەی پلان و بە شێوەی کاری تەندروست کار بکەن نەك لە ژێر زەخت وەڵامی تەعین کردن و وەڵامی وەرگرتن هەمووی هەر بە زەخت بێت، بەهەرحاڵ دیارە کێشەی قوتابی و خوێنکاران بەڕاستی زەنگێکی مەترسیدارە، نەك تەنها بۆ ئەمڕۆ، بەڵکو داهاتووی گەلەکەشمان، ئێمە بەڕاستی پێکهاتەیەکین کە ئێستا حکومەتمان هەیە و لە قاچی خۆمان وەستاوین، ١٠ هەزار خوێندکار لەسەر جادە بکەوێت کەسیش خاوەنی نەبێت و کەسیش عیلاجەکی پێ نەبێت چ لە حکومەت و چ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و چ لە وەزارەتی پەروەردە، چۆن شتی وا دەبێت؟ یەعنی ئێمە هاتووین لە کاتێك دا سیستەمی خوێندنی دەگۆڕین، دەمانەوێت لەسەر ئادائی شتی تازەو شتی نوێ بێین سیستەمی خوێندن بگۆڕین، کەواتە ئەی چۆن ١٠ هەزار کەس ناتوانین ئیستعاب بکەین، ناتوانین پێشینەی بۆ دابنێین، باشە بەسەرچاو ئەو وەزعە ڕووی دا و وای لێ هات جا ئەوانە چ بە هۆی نمرە بێت یان بە هۆی

بێ شوێنی بێت، ئەگەر بێ شوێنیە ئێمە ساڵی پار باسی ئەوەمان کرد ئەگەر سیستەمی خوێندنی باڵا دەگۆڕێت، هەقە ئەولەویاتی بودجە بۆ وەزارەتی پەروەردە بێت، هەم لە ڕووی بیناسازیەوەو هەم لەڕووی کردنەوەی شوێنی خوێندکار و هەم لەڕووی کەفائەتی زانستیشەوە، ئێمە ناکرێت لەو سەردەمە ١٠ هەزار خوێندکارمان لەوگۆڕە بێت و کەس خۆی بە خاوەنی نەزانێت، بەڕاستی ئەوە کارێکی زۆر خراپە، حکومەت دەبێت بە پلان ئیش بکات بە پێی ئەو هەموو قسانەی کە برادەران کردیان پلانیان نیە، هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکە ئاگایان لە ئارائەکانی یەکتری نیە کە لێرە دانیشتوونە، لەوانەیە هاتوچۆی وەزارەتی یەکتریش نەکەن، بەڵام بەڕاستی بەو حاڵە ئیش ناکرێت، یەعنی ئێمە ناکرێت بێ دەنگ بین لەو حکومەتەی کە بەرنامەی کاری لە پێش بووە و ئەولەویاتی ئەوەی هەبووە کە زانست لە کوردستان پێش بخات، بەڵام ئەوە کوا؟ ناکرێت ئێمە وەکو پەرلەمان بێ دەنگ بین لەو مەسەلانە، جگە لەوەش مەسەلەی دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی کە ئەوە هەر زۆر خەتەرە، باشە دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی وا لەسەر جادەکان کەوتوون کە باسی گرێبەست دەکەن، باشە ئەی خەڵك چۆن خۆی ماندوو بکات و نەوەت و هەشت بهێنێت و بچێتە کۆلیژی پزیشکی؟ ئەوە مەسەلەیەکی زۆر حەساسە من دەمەوێت ئەوە باس بکەم کە کۆلیژی پزیشکی قوتابی بە ٩٨ وەرگیراوەو ئێستا دای نەمەزرێنین نازانم یەعنی چی؟ ئەگەر هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکە وەزیری تەندروستی و وەزیری خوێندنی باڵاش کە گوێم لە هەردووکیان بوو، یەکێکیان دەڵێت دکتۆرمان زۆرە و جێمان نیە دای مەزرێنین، وەزیری خوێندنی باڵاش دەڵێت کەفائەتی زانستیمان کەمە، بۆیە کولیاتی ئەهلی دەکەینەوە، باشە چۆن دەبێت لە حکومەتێك دوو وەزیر هەردووکیان هەر یەکە بە جۆرێك قسەی بکات، لەسەر تەلەفزیۆن و بۆ خەڵکیش، کە ئەوە بەڕاستی کارەساتە، داواکارم لە حکومەت فعلەن چاوبخشێنێتەوە بەکاری وەزارەتەکانی خۆی، بەرنامەی دابنێت بۆ کاری وەزارەتی خۆی، با پلانی هەبێت بۆ خوێندن و بۆ زۆر شتی تر........ ، بەبێ پلان چۆن کار دەکرێت؟ پلانمان نەبێت ئێمە چۆن گەشە دەکەین، بەهەرحاڵ ئەوانە لەگەڵ چەندین شتی تر کە ناکرێت، هەرچەندە زۆر تەئخیرتان کرد بۆ ئەوەی قسە نەکەین، بەڵام ئەوەی عیلاجی هەنووکەییە پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك شێردڵ دەکەم، فعلەن ئەو تەزاهورەیە دوو بەشی خوێندن، هەم دەرچووانی کۆلیژی زانکۆی پزیشکی و هەم خوێندکاران لەسەر جادەنە، ناکرێت ئێمە هەر وا بەبێ دەنگی لێی بگەڕێین، وەکو دەڵێن مانگرتنەکەیان بشکێنن، فعلەن منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیانەم کە باسی ئەوەیان کرد کە کولیەی شورتە جێی دوو، سێ هەزار کەس دەبێتەوە باشە بەکاری بهێنین، بۆ بەکاری نەهێنین؟ بەڕاستی ئەوە پرسیارێکە کە مەسەلەکە چیە؟ مەسەلەی کەمی نمرەیە با بەئاشکرا پێیان بڵێین ئەی خوێندکارینە ئێوە نمرەتان نیە و بەکەڵکی ئەوە نایەن وەرناگیرێن، ئەگەر مەسەلەکە شوێنیشە باشە ئەگەر لە خێوەتیش بێت با خێوەتیان بۆ هەڵبدەن لە تەنیشت کولیەکان، وەکو ئەو خێوەتانەی تازیەکان، با عیلاجی بکەین و پلانمان هەبێت بۆ دروست کردنی بینا بۆخوێندکاران، ناکرێت کە من لەگەڵ ئەوەم کۆلیژی پۆلیس بکرێت بە زانکۆیەك بۆ ئەوەی ئیستعابی ئەو خوێندکارانە بکات، وەکو برادەران باسیان کرد وەك قسەکانی کاك جمال قسەی زۆر باش بوون، کە بەشەکانی تریش

بکاتەوە، با بچنە ئەو بەشانە با کۆنەبێتەوە و لە زانکۆ کە وەرنەگیردرێن هیچ کارێکی تر نەزانن، نەك هەر دکتۆر و موهەندسمان بوێت، فعلەن دەبێت بەشەکانی تریش خەڵکی لێ وەربگیردرێت و جێگا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووجار لە مەوزوع دەرچووی، گوتیشمان ئێمە بۆ مەوزوعی پزیشکان وەزیری تەندروستی بانگ دەکەین ئەو تەوەرە تەئکیدە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ١٠ هەزار خوێندکار و قوتابیانەی کە بە پەلەیە بۆ ئەوە دانیشتوون ئەگەر نا زۆر مەسائیل هەیە کە هەم ئاراستەی هەردوو وەزیرو هەم ئاراستەی حکومەتیش بکرێت، بۆ ئەوەی خۆمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوام کرد ناوەکەم بسڕنەوە، بەڵام دەی من بەش بەحاڵی خۆم هەمان ڕای د. دلێر و نازناز خانم هەیە و لەگەڵ تێڕوانینەکانی کاك شێردڵ دام و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من بەش بە حاڵی خۆم من ڕەخنەم لە هەر دوو جەنابی وەزیر هەیە، چونکە ئەوان هەردووکیان ئەندامن لە حکومەت، یەکەم شت جەنابی وەزیری تەعلیمی عالی هەر شتێك دەبێت کتابەکەمان بۆ دەردێنێت دەڵێت من ناردوومە بۆ حکومەت، حکومەتیش کەیفی خۆیەتی! ئاخر ئەوانە ئەندامن لە حکومەت، دووەم: باشە سڕ چیە لەوەی کە پرسیار هەیە نهێنی ئەوە چیە کە ئەو ساڵ ١٠ هەزار تەڵەبە زیادی کردووە؟ بۆ ساڵەکانی تر ئەو نسبەیە زیاد نەبووە، ئەو ساڵ ١٠ هەزار تەڵەبە زیاد بکات؟ نهێنیەکە ئەوەیە کە وەزارەتی تەربیە مەعاهدەکانی قەپات کردووە، کە مەعهەدەکانی قەپات کردووە، تەڵەبە زیادی کردووە، حەلیش نییە ئەو ساڵ تەنها ئەگەر ئەو مەعاهدانە بکرێنەوەو هەتا پلانی تر دادەندرێت، ئەگەر نا هەروا دەمێنێتەوە، بۆ؟ چونکە ناعەدالەتیەك دروست دەبێت، ناعەدالەتیەکەش لە کوێیە؟ نا عەدالەتیەکە لەوەیە کە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە کە ئەوەی کە دەوڵەمەندە پارەی هەیەو دەچێتە کولیەی ئەهلی و فەقیرەکەش دەمێنێتەوە و هیچی پێ ناکرێتن مەعنای وایە دەبێت ئەوە حەل بکرێت و کەسیش ئێرە بە ئەوروپا و بە ئەمریکای ئەشوبهێنێ، کاکە لە ئەوروپای تەڵەبە دەخلی شەهری هەیە، دەتوانێ بچێ قەرز لە بانك وەربگرێ و لە جێیان پێی بخوێنێت، لێرە ئەو قەرزە نیە، ئەو دەخلە شەهریەش نیە، ئەو تەڵەبەیە دەمێنێتەوە، جا ئەگەر ئەو ساڵیش ئەو پلانە دانەندراوە با شتەکان نۆرماڵ بکرێت و وەکو پارو پێرار پلان بۆ ساڵی تر دابندرێت هەتاوەکو چ پلانی ئەوەی کە بودجە دێتە ئێرە و حەلی لە بۆ بکرێت کە

هەتا بۆ تەعلیمی عالی حەل نەکرێت و دانەنرێت، چ بەو ڕێگایە بێت، چ بەو ڕێگایانەی کەوا وردە وردە هۆڵ زیادبکرێت و تەڵەبە تێیدا جێگیر بێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەستوورو یاساکان جەخت لەسەر خوێندن و ڕەخساندنی هەلی خوێندن دەکرێت، ئەمڕۆ کێشەی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان کە داوای درێژە پێدانی خوێندن دەکەن لە پەیمانگاو زانکۆکان، مافێکی دەستووری و یاساییە، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە دوو پێشنیارم بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، چونکە کێشەکە بەرەو روومان بووەتەوەو پێویستە چارەسەر بکرێت، یەکەم: بەراوردێك بکرێت لە هەموو کۆلیژو پەیمانگاکان ڕێژەی ئەو قوتابیانە دیاری بکرێت کە ساڵی پار وەرگیراون و ئەم ساڵ، تاوەکو ڕێژەیەك دیاری بکرێت و قوتابیەکان دابەش بکرێن، چونکە جگە لەوە هیچ چارەسەری تر نابینمەوە، دووەم: پەلە کردن لە دابین کردنی پێداویستیەکانی ئەو بەش و کۆلیژانەی لە بەرنامەی وەزارەت دا هەیە دایانمەزرێنین، سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە، جەنابی وەزیری پەروەردە لە روون کردنەوەکەی دووجار ئاماژەی بە پلانی زانستی کرد، جەنابی وەزیر ئەگەر ئەو پلانە زانستیە لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی جێ بەجێ بکرێت، واتە لە پۆلی ٧ و ٨ و ٩ ئێمە لە ئایندە کەمتر بەرەو رووی ئەو کێشەیە دەبینەوە، چونکە قوتابی لە قۆناغی ٩ ئاستی زانستی تەقییم دەکرێت، دیاری دەکرێت ئایا شیاوە، بۆ ئەوەی بچێتە خوێندنی ئامادەیی، یان نەچێت؟ چونکە هەر قوتابیەك کە گەیشتە قۆناغی ئامادەیی بەو مەبەستە دەچێت کە لە داهاتوو و لە ئایندە بچێتە پەیمانگایەك یان کۆلیژێك، یەك پرسیارم لە جەنابی وەزیری پەروەردە هەیە، ئایا ئەو پلانە زانستیەی کە ئاماژەتان پێی کرد لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ٩٩٩٢ قوتابی بێ شوێنی خوێندن پێویستی بە پێداچوونەوە نیە؟؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو کێشە ڕاستە ئێستا ئانیە یەخەی گرتووین، کێشەی وەرگرتنی ئەو قوتابیانەیە، بەڵام چوار ساڵی داهاتوو کێشەی دامەزراندن رووبەڕوومان دەبێتەوە، بۆیە حکومەت پێویستە پلانێکی درێژخایەنی هەبێت بۆ ئەو کێشانەی کە هەموو ڕۆژێك وەکو کاك عثمان ئاماژەی پێ کرد، دەمەزراندن و وەرگرتن بە خۆ پیشاندان و مانگرتن نەبێت، من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا هەیە پێمانی نەگوت ژمارەی دەرچووانی ئەو ساڵ لە هەموو کۆلیژ و پەیمانگاکانی کوردستان چەندە؟ جەنابی گوتی ئێمە دامان

نابوو ۱۷ هەزار وەربگرین، بەڵام دوای چەند گفتوگۆیەك كردمانە ۲۱ هەزار، ئەمە بەڵگەیەكە بۆ ئەوەی كە وەزارەت خۆی پلانی نیە، چۆن بە چەند كۆبوونەوەیەك ٤ هەزارت زیاد كرد؟ ئەگەر بێتو وەزارەت ئەم ساڵ ئەو قوتابیانەی كە تەخەروجیان كردووە ژمارەیان ئەگەر ۲۱ هەزار بێت، ئەم ساڵ ۲۱ هەزارە وەربگرنەوە، كەوایە هیچیان وەرنەگرتووە و هیچ زیادەیەك نەبووە، كۆمەڵگا ئەوە نیە ڕاوەستێت و گەشە نەكات، كۆمەڵگا گەشە دەكات و ژمارەی دانیشتوانی زۆر دەبێت، بوارەكانی ژیانیش پێویستی پێی دەبێت، پێویستە ئێمە بزانین ژمارەی دەرچووان چەندە بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەك وەزارەت نەیتوانیوە ئیستعابی ئەوانە بكات، هەر ئەو هۆڵانە و ئەو مامۆستایانەی كە ساڵی پار دەرسیان گوتووەتەوەو ئەو جیلە كە تەخەروجی كردووە، ئەوانە دێنەوە شوێنی ئەوانە دەگرنەوە، مەفروزە وەزارەت پلانی بۆ ئەوە هەبێت كە ساڵانە نسبەی وەرگرتن چەند زیاد دەكات لەسەر ئەو ئەساسە چەندی هەیە، ساڵی پار دەڵێ ۲۷ هەزارم وەرگرتووە، ئەم ساڵ ۲۱ هەزار بۆ؟ خۆ هەر ئەو ۲۷ هەزارەیە چوار ساڵی داهاتوو تەخەروج دەكات، كەوایە تۆ تۆماتیكیەن دەبێت ۲۷ هەزارت وەرگرتبێت، ئینجا بیر لەوەی زیادەكە بكەیەوە، سەبارەت بەو پێشنیارەی كردنەوەی كۆلیژی پۆلیس بەڕاستی من ئەوەم پێ باشە لەبەرئەوەی ئاسایشی ناوخۆ ئەساسی ژیانە لە هەموو وڵاتێك دا، ئێمە پۆلیس و ئاسایش و ئەمانەمان هەیە، هیچی ئەكادیمی نیە، هیچیان دەرچووی ئەكادیمیایەكی پۆلیسی نین، بەڕاستی ئەوە پێویستە و هەروەها كردنەوەی پەیمانگا پیشەییەكان پێویستە بە تایبەتی پیشەییەكان، بە تایبەتی لە بواری كشتوكاڵ دا، ئەگەر ئێمە بەرەو ئەوە بچین لە داهاتوو دا كشتوكاڵ پەرە پێ بدەین و جوتیاری زانستی بەرهەم بهێنین كەوایە پێویستمان بە ئەوەیە كۆمەڵێ پەیمانگای كشتوكاڵیمان هەبێت، بۆ ئەوەی قیتاعی كشتوكاڵی لە داهاتوو دا بكەینە قیتاعێك كە بتوانین خۆراكی كوردستان دابین بكەین، چونكە ئێمە هەموو خۆراكەكانمان لە دەرەوە دێت، سەبارەت بە پەیمانگا پیشەسازیەكان و پیشەییەكان، یەعنی دەتوانرێ وەزارەت چەند پەیمانگایەكی لەو بابەتەش بكاتەوە كە ئێمە لە داهاتوو دا قانونی ئیستسمارمان دەركرد، ئەو قانونە وا چاوەڕێ دەكەین كە كۆمەڵێك كۆمپانیا بێنە كوردستانەوە بۆ ئەوەی بتوانێت كاریگەری هەبێت لەسەر دۆزینەوەی كار بۆ خەڵك و كاریگەری هەبێت لەسەر ئابووری كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێخ الله فەرموو.**

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی هەر دوو وەزیرە بەڕێزەكە دەكەم، من پشتگیری لە ڕاوبۆچوون و سەرنجەكانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەكەم، هەروەها پشتگیری لە ڕەئی هەر دوو برای بەڕێز كاك شێردڵ و كاك عادل دەكەم، بەڵام من تەئكید لەسەر یەك شت دەكەمەوە بێ پلانی پێم وایە زیاتر لەوە تووشی كێشەو گرفتمان دەكات، حكومەتی هەرێم لە پارەوە دەیزانی كێشەی ئەو قوتابیانە دێتە پێشی، ئەوەش

دەزانێ کە لە داهاتوودا زیاتریش دەبێت، لەبەر ئەوە چەندی هەوڵ بدرێت کێشەکە بە زوویی چارەسەر بکرێت و نەخرێتە سەر لیژنە و لیژنەکاری کە دوو مانگی تری پێ بچێت، با چارەسەری ئەو وەزعە بکرێت و ئەو قوتابیانە هەموو ڕۆژێك نەپرژێنە سەر شەقامەکان و ڕێگا نەگرن، پێم وایە کاردانەوەیەکی خراپی دەبێت و پێویستیشە چارەسەریان بۆ بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم کە کێشەکە لە دەرەوەی ئیستعابی ئەو دوو وەزیرە بەڕێزەو ئەو دوو وەزارەتە دایە، بەڕاستی ئەوە پەیوەندی تەواوی وەزارەتەکانی تر دەگرێتەوەو لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم دەبێت ئەم قەیسەیە حەل بکرێت، لەگەڵ ئەو وتەیەی بەڕێز د.دڵشاد دام کە دەڵێت من لەگەڵ خوتەدام کە خوتەمان هەبێت باشە، یان نا؟ لە سەدا سەد ئێمە لەگەڵ خوتە داین، بەڵام دەکرا ئەم خوتەیە بە تەنسیق بوایە لەگەڵ وەزارەتەکانی تری مەعنی، بۆ؟ چونکە ئێمە لێرە ئەگەر ئەشکالیاتی دامەزراندنی مامۆستامان هەبێت، موبەرەرێك بۆ داخستنی مەعاهدەکان و ئەشکالیەتی ئەوەمان هەبێت کە ئێمە لە حدودێکدا مامۆستا دەتوانین دابمەزرێنین و ئەشکالیەتی ئەکادیمی بوونی مامۆستامان هەبێت، بەڵام ئیفرازاتی نەفسیەتی تەڵەبە و داڕووخانیان لەڕووی مەعنەویەوە زۆر کەمترە، ئەگەر بیخەمڵێنین بەرامبەر بە ١٠ هەزار تەڵەبە موقارەنەی بکەین، چونکە لە ئێستاوە بۆ داهاتوو هەموو تەڵەبەکان لەو ئاستە دان کە ئێمە بۆ بخوێنین کە بزانین نتیجەمان نابێت، یەعنی لە ئێستاوە نەفسیەت و مەعنەویەتی دابەزیوەو ئێمە ئەگەر ٤٥٠٠ کە مەعاهد وەری گرتووە، بۆ نموونە دوو ٤٥٠٠ ی بۆ خۆی ١٠ هەزار تەڵەبەکەی جێ دەکردەوە، دوای ئەوە ئەگەر ئێمە ئەو تەڵەبانەی وەکو حەلێکی ثانی بۆ تکریت و بۆ کەرکووك و بۆ بەغدای بنێرین، بەڕاستی لەڕووی ئەمنیەوە شتەکە قورستر دەبێت، هەم لەڕووی تەمەنیشەوە، بۆ نموونە ئیشکالی دامەزراندنمان هەبێت باشترە یان ئەو تەڵەبە لەو تەمەنە دابڕێت لە خوێندن و باوەڕی بەهیچ شتێك نامێنێت و باوەڕی بە زانستیش نامێنێت، ئێمە دەتوانین دوایی ئەشکالی بەتاڵەو دامەزراندن بە خوتەیەکی تر لە وزارەتەکانی تر حەل بکەین و بەتاڵە نەهێڵین و بەتاڵەی موقەنەعیش نەهێڵین، بەڵام لێرەوە کە ئێمە تەڵەبەمان رووخاند ،مەعنەویەتی تەڵەبەشمان رووخاند نەمانتوانی حیسابات بۆ تەڵەبە بکەین، واتە نەمانتوانیوە حیساباتیش بۆ داهاتووی کۆمەڵێك تەڵەبەی تریش بکەین کە لە ئێستاوە ئێمە تووشی ئەو ئەشکالیاتانەمان کردوون لەبەر ئەوە وای بە باش دەزانم لەم مەرحەلەیە مەعاهدەکان دەتوانن ئەو دەورە پڕبکەنەوە، تاوەکو تەڵەبەی ئێمە وەکو مامۆستا محمد فرج فەرمووی تووشی ڕەو نەبێتەوە، تووشی ئەوە نەبینەوە ناوبانگمان لەڕووی ئیعلامەوە بە باشی نەڕوات، چونکە هەریەکە لەسەر قتعەی هینەکەی نووسی

بوو ١٢ ساڵ ١٢ ئەنفال دەكرێینەوە، یەعنی بەڕاستی بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لەو حاڵەتانە وا باشە پلانەكانمان هەمەلایەنە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. فؤاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستی دا ئەو كێشەیە زۆر لەوە قوڵترە كە كێشەی ١٠ هەزار قوتابی بێت، كە ئەم ساڵ لە كۆلیژەكاندا وەرنەگیراون و بە قسەی كاك د.دڵشادیش بێت لە ساڵانی داهاتوو دا ئەم كێشەیە تا بێت بەرەو زیادی و هەڵكشان دەچێت، لەبەر ئەوە ئەمە پێویستی بە چارەسەرێكی بنەڕەتی هەیە، پێویستی بە گۆڕانی عەقڵی حكومەت و عەقڵی هاووڵاتیان هەیە، كاتێك كەوا خوێندن لەم وڵاتە دامەزرا واتە لەدامەزراندنی حكومەتی عێراقەوە، ئامانجی ئەوە بوو كە فەرمانبەر دابین بكات بۆ دام و دەزگاكانی دەوڵەت، ئێمە ش بە هەمان رێچكە رۆیشتووین تا ئێستاش هەر ئەوە لە خەیاڵی هەموو قوتابیەك دایە، ئەو رۆژەی دەچێتە مەكتەب هیوای وایە رۆژێك لە رۆژان دابمەزرێت كە ئەمە شتێكی هەڵەیە و هیچ حكومەتێك پێم وایە ناتوانێت ئەوە بكات، دەبێت حكومەتیش سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، هاووڵاتیانیش بیروڕای خۆیان بگۆڕن كەوا دەبێت بگەڕێن بە شوێنی كار، لەبەر ئەوە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرتاپا پیا چوونەوەیەكی درێژخایەنی هەبێت لەسەر بنەمایەكی زانستیانە لەلایەن كۆمەڵێك خەڵكی پسپۆڕەوە بۆ ئەوەی بزانرێت بازاڕی ئەمڕۆی كوردستان پێویستی بە چ كادرێكە؟ بۆ ئەوەی ئەو كادیرانە لەو كۆلیژانە، لەو پەیمانگایانە دابنێن، لەبەر ئەوە ئەگەر پەیمانگاكانیش بكرێنەوە هەرچەندە من تێبینیم هەیە لەسەر ئەو قسانەی كە دڵشاد كردی بە تەئكید ئاستی كۆلیژەكان باشترە، بەڵام وەكو كاك د.ادریس باسی كرد ئیمكان نیە ئەمڕۆ هەموو ئەو پەیمانگایانە بكرێن بە كۆلیژ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم ئەو پەیمانگایانە بە شێوەیەكی كاتی بكرێنەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێت ئاستیان بەرز بكرێنەوە ئەم پەیمانگایانە و هەوڵ بدرێت بتوانرێت سیاسەتێكی حەكیمانە پەیڕەو بكرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئێمە لە هەموو بوارێكەوە چەندمان پێویستە، من دڵنیام لەوەی كەوا كۆلیژەكانی ئەمڕۆ هیچ یەكێك لە عەمیدی كولیەكان نازانێ چەند خوێندكاری پێویستە كە دەربچێت، بۆ نموونە عەمیدی كولیەیەكی پزیشكی ئەگەر لێی بپرسی لەم كوردستانە چەند پزیشكت پێویستە لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو دا، باوەڕ ناكەم بزانێ، ئەوە ئەركی وەزارەتەكانە كەوا پێشنیار بكەن چەند كادیریان پێویستە و لە چ بوارێكیشدا پێویستیانە، لەبەر رۆشنایی ئەو گەشەكردنە ئابووریەی كە لە كوردستان چاوەڕوان دەكرێت لە ماوەی ٥ ـ ١٠ ساڵی داهاتوودا، بۆ ئەوەی كادیر بەپێی پێویست بەرهەم بهێندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە وەزیری خوێندنی باڵا هەیە، ئایا ئەوەی کە ڕەت کراوەتەوە لە کۆیە لە کۆلیژی تەمریز، بەوەی کەوا ئەو خوێندکارانەی ڕەت کردووەتەوە کە پلەی نمرەکانیان زۆر کەمە، لەبەر ئەو خوێندکارانەی کە وەرگیراون بۆ ئەم ساڵ ڕەتی کردووەتەوە ئایا ئەوە تا چ ڕادەیەك ڕاستە؟ پرسیاری دووەمم ئەوەی کە د.فؤاد گوتی ئەو پێشنیازەی هەلی کارکردن کە گرنگە بدۆزرێتەوە هەر لە ئەستۆی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی نیە، لە ئەستۆی وەزارەتی زراعەو صناعەشە، بەوەی ئێستا بۆ پرۆژەیەکی ئەوها لە بەرنامەیەکی کورت خایەن دەورە بکرێتەوە بۆ ماوەی ٦ مانگ تا ساڵێك، بەلام بۆ بەرنامەی درێژخایەن دەبێت ئیهتمام بدرێتێ، ئەوەش کە وەزارەتی پەروەردە دەگرێتەوە کە گرنگی بدرێت بە خوێندنی پیشەییەکان کە زۆر گرنگە ئەو خوێندنە پیشەییانە، چونکە کادیری وەسەتیمان دەوێت لە هەموو شوێنەکان، پشتگیری لە ئەوە دەکەم کەوا پێشنیازێك کرا کەوا کۆلیژە ئەهلیەکان بە یاسا ڕێکبخرێت و یاساکەش لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو، باشە زۆر سوپاس، کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە قسە زۆر کرا لەسەر ئەو بابەتە، من ناچمە ناو وردەکاریەکان، بەلام ئەوەی من ڕەئیەکانە بۆ تەئکید کردنە لەسەر ڕەئیەکانی خۆم، نەریتێك لای ئێمە هەیە، خەلك کە دەخوێنێت و دەچێتە پۆلی ٥ و ٦ تەواو بکات بۆ ئەوەی بچێت لە جامیعە بخوێنێت، ئەمە نەریتێکە لای ئێمە کارئاسانیمان بۆ ئەوە نەکردووە کە شەشی تەواو کرد مەرج نیە لە زانکۆ وەربگیردرێت، لە ڕاستیدا ئەو دروشمە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە خوێندن بۆ هەمووانەو هەموو کەس حەقی ئەوەی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئاسانکاری زیاتر بکەین بۆ ئەوەی ئەو دە هەزار خوێندکارەی ئەم ساڵ حەقیان نەفەوتێت، بەڕاستی مەفروزە حکومەت بیر لەم کێشەیە بکاتەوە، چونکە ئەمە کێشەی حکومەتە، پێویستە بە جدی بێتە پێشەوە، من یەك، دوو پێشنیارم هەیە کە ئەمە دوولایەنی هەیە، هەم بۆ ساڵانی ئایندە ئەمە ئەهمیەت و گرنگی خۆی هەیە، چونکە قسە لەسەر ئەوە کرا ساڵانی ئایندەش ئەمە هەر دووبارە دەبێتەوە، ئەگەر میزانیەی ساڵی ٢٠٠٩ هاتە ئێرە بەڕاستی بڕێکی باشی دابندرێت، بۆ ئەو کێشەیە، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین و کە ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت هۆڵ نیە، بینا نیە و، مامۆستای پێویست نیە، خەلکی پسپۆرو شارەزاو ئەوانە نیە، میزانیەی بە ئەندازەیەك دابندرێت کە بۆ ساڵی ئایندە بتوانرێت ئەو کێشەو کەموکوڕیە پڕ بکاتەوە، ساڵێکی تر ئەو کێشانەمان بۆ دووبارە نەبێتەوە، ئەمە لەلایەك، ئاسانکاری زیاتر بکرێت، بۆ زانکۆ ئەهلیەکان، بەڕاستی زانکۆ ئەهلیەکان و کێشەو گرفتیان هەیە، کە هەم خەلك وەردەگرن هەم پارەیەکی

زۆر وەردەگرن لە خوێندکار کە توانای ئەوەی نیە، من پرسیارێکم هەیە لە هەردوو بەڕێزی وەزیر کاتێك کە پەیمانگاکان داخران، کە زانیان ئاوارەیەکی زۆر لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوەو ئاوارەیەکی زۆریش لە باشووری عیراق هاتوونەتە کوردستان وای کردووە ژمارەی خوێندکارەکانی زانکۆ زیاد بکات، هەموومان ئەو پرسیارەمان لا دروست بوو بوو کە پەیمانگا دادەخرێت و ژمارەیەکی زۆریش خەڵك دێنە کوردستان بە تەئکید ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکار دروست دەبێت، بۆ ناو زانکۆو زانکۆکانی ئێمەش خیبرەو توانایان دیاری کراوە، ئایا هەماهەنگی و هاوکاریەك هەبوو و قسەیان لەگەڵ یەکتردا کردبوو؟ بۆ ئەوەی بتوانن چۆن ئیستعابی ئەوە بکەن؟ چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئەو ١٠ هەزار خوێندکارە نەتوانرا وەڵامیان بدەنەوە، بۆ ئاییندە چیان پێ دەڵێن؟ ئایا دەتوانرێت کێشەکەیان چارەسەر بکرێت لە ساڵێکی تردا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. کمال فەرمو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەحەقیقەتدا ئەو کێشەیە، کێشەیەکە بووە و ڕووی داوە، پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، هەموومان لێی بەرپرسین، سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، چونکە پێش ئێستا بە شێوەیەکی وا زەق وەك ئەوەی ئێستا هەیە، پێشبینی نەکراوە کە پێشبینی نەکرا ئەم کارە ڕووی دا و ئێمە لە هەرێمی کوردستان پەروەردەکردنی خەڵکی کوردستان بەرەو پێش بردنی ئاستی زانیاریان لەسەر ئەستۆی ئێمەیە و نابێت بڵێین وەڵلا زۆرە و پێمان ناکرێت و خەلاس، پێویستە زۆر بە مەسئولیەتەوە بیربکەینەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، وەك ئەو بەڕێزانەی ئیشارەتیان پێی کرد کە باری بەرهەم هێنەری ناو کوردستان نەکراوە کە ئەوە عاملێکی ئەساسیە کە ئەوانەی کە بۆ مەعاهد بڕۆن و بۆ پیشەی نەجاری و صناعە و کارەبایی و مەعاهدی تر بڕۆن، ئەوانە کە نیە، تەبعەن ئەو خەڵکەش تموحی هەیە ئەوەی پێش بکەوێت بگاتە ئاستێك بتوانێ ژیانێکی بەختەوەری هەبێت، ئێمەش مەسئولین جا چ پەرلەمان و چ حکومەتیش چارەسەر بۆ ئەو خەڵکە بدۆزینەوە، ژیانێکی سەعادەتمان هەبێت، نابێت بڵێین وەڵلا پێمان ناکرێت چی تر وەربگرین، ئەگەر پێمان ناکرێت، یەعنی ئێمە ئیدارەی ئەم هەرێمە بکەین، بۆیە زۆر بە مەسئولانە دەبێت لەگەڵی تەعامول بکەین، چونکە عەدەدێکی کەم نییە، نە ئەو قوتابیانە مەسئولن، نە کەس و کاریان مەسئولن، وەزارەتە پەیوەندارەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان و ئێمە مەسئولین، بۆیە دەبێت زۆر بە حەکیمانەو زۆر بە جدی، ئەمەش ئاخر جەلسە نەبێت، بڵێین جەلسەیەکمان کرد، قوتابیەکان وای لێ بکەن و بڵێن بڕۆنە ماڵەوە، وەکو قوتابیەکان و لەگەڵیان دڵمان دەسووتێت دەبێت چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، دەبێت بە هەر شێوەیەك بێت لەگەڵیان ئینفعال بکەین، ئەوان بە هێمنی کە دەچنەوە ماڵی خۆیان بە هێمنی بخەون و بزانن خەڵکێك

هەیە دیفاعیان لێ دەکات بە تایبەتی پەرلەمانی کودستان وە لە پەرلەمانی کوردستانیش بە تایبەتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و لیژنەی دارایی و لیژنەی رۆشنبیری، بۆیە هەر پێویستە لە ئێستاوە ئەو بەڕێزانە لە حەرەکەیەکی دینامیکی تەواو بن لەگەڵ جیهەتانی پەیوەندار بە دیلێك بدۆزریتەوە کە لە جەلسەی داهاتوو، لەسەر ئەو مەوزوعە لێرە باسی بکەین و بڵێین قوتابیان ئێمە کە وەعدمان پێتان دان ئەمەمان بۆتان کردو ئەوەتان بۆ دەکەین، نەك بڵێین لە هەموو دونیا هەموو تەڵەبەیەك ناچێتە زانکۆ، لە هەموو دنیا هەموو تەڵەبەیەك مەجالی هەیە بڕواتە زانکۆو بڕواتە مەعهەدەو بڕواتە کارگە و دەتوانێ بڕوات لە بازاڕی ئازاد ئیش بکات، بەرەڵا ناکرێت پێی بڵێین بڕۆ هیچت بۆ ناکەین، خوێندنمان ئیلزامی کردووە هەتا ۹ ساڵ حەقێکی تەبیعیەو شتێکی زۆر پیرۆزەو دەست خۆشیش لە لایەنی پەیوەندارو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیش دەکەین کە خۆتان بڕیارەکەتان دەرکرد، هەتا ئەو ۹ ساڵە ئیلزامیە کە دەخوێنێت، پاشان چەند ساڵێکی بۆ دەمێنێت تموحێکی بۆ دروست دەبێت و مێشکی دەکرێتەوە لەگەڵ ئەنتەرنێت کاردەکات و دنیا دەبینێت، سەتەلایت هەیەو ئەوێ ژیانێکی باشتری دەبێت و لە ناکاو بڵێین وەڵڵا هیچمان پێ ناکرێت و هیچیشمان نیە و ئیشیشمان نیە، ئەوە نابێت، ئەوە زۆر زۆر زەنگێکی خەتەرناکە دەبێت زۆر بەوردی بیری لێ بکرێتەوە، من داوا لە وەزارەتە پەیوەندارەکان دەکەم کە پسپۆر پەیدا بکەن، پسپۆری کە لە ئیش بزانێت و باشتر بێت، من ڕێزم بۆیان هەیە خۆشم لە پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەش پسپۆری باش بهێنێت و ڕێمان نیشان بداتن بەم ئیمکانیەتە و بەم وەزعەی کە بەسەر خۆمانمان هێناوە، بە دەست خۆمانە کە چۆن چارەسەری بکەین، چونکە عەیب نییە کە لە خەڵك بپرسین ئێمە پسپۆر....... من ناڵێم و مەبەستم بزات ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە نیە هەر هەموومانە، هەم پەرلەمانی کوردستان و ئێنجا حکومەتەکەمان و ئینجا گشت وەزارەتەکان و وەزیرەکانیش وەك تیم لەگەڵ یەك ئیش بکەن، زۆر لەو کێشانە چارەسەر دەبێت، ئێمە کە دەڵێین کەموکورتی ئەرێ وەڵڵا کەموکورتی زۆر هەیە، تەفسیر هەیە و بڕیاری بە پەلە دراوەو هەڵە بووە، قوتابیەکی ئەمڕۆی کۆیە بێت لە هەولێر بخوێنێت دەبێت ۲۱ نمرەی زیاتر بێت لە تەڵەبەیەکی هەولێری کە دەیەوێت بخوێنێت، قوتابیەکی زاخۆی بڕوات لە سلێمانی بخوێنێت دەبێت ۲۱ دەرەجە، ۲۲ دەرەجەی زیاتر بێت لە قوتابیەکی سلێمانی کە لەوێ دەخوێنێت و خەڵکی ئەوێیەو حوجەتەکەشی ئەوەیە کە قسمی داخلی نییە، دەبێت قسمی داخلیمان هەبێت، بۆ تەڵەبەی جامیعە دەبێت ئەو زروفەی بۆ تەئهیە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕێك و پێکی عیلمەکەی دەخوێنێت و وەری بگرێت و قابیلیەتی زیاد بێت، چونکە دەڵێن مستەوایان نییە، خەتای ئێمەیە کە مستەوایان نییە، خەتای ئەو پەرلەمانەی کوردستانە کە ئەو قانونەی دەردەکات و تەساهولی لێ دەکات و موتابەعەی لێ ناکات، بۆ ئەوەی کە ئەو وەزیرەی کە موقەسر دەبێت و محاسەبەی ناکات، یان ئەو حکومەتەی موقەسر بێت و بانگی ناکات، بە دوو قسەی خۆش قەناعەتمان دێت، بۆیە دەبێت قەناعەتمان نەبێت، دەبێت لەو پەرلەمانە ئەم جارە لەسەر ئەو مەوزوعە بە دڵنیایەوە بەو تەڵەبانە بڵێن بڕۆنەوە ماڵی خۆتان، ئێمە خاوەنی ئێوەین، ئێمە داوا لە نوێنەرانی قوتابیان

دەکەین کە زۆر بە جدی لەگەڵ قوتابییەکان قسە بکەن و ئێمەش لە پشتانین، ئەم پەرلەمانە لە پشتی ئەو قوتابیانەیە، نەك بە هەراو بە ڕێگەگرتن و بە ماڵ تێکدان، یەك نەفەریشیان بێت وەکو ئەوەیە هەر هەموو قوتابییەکانی هەموو کوردستان بێتە ئێرە، هەر بەو شکڵە لەگەڵیان دەڕۆین، فیدراسۆنی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستانیش کە نوێنەری ئەوانن و لێرەن بە خێرهاتنیان دەکەین و دەست خۆشیشتان لێ دەکەین، دەمانەوێت زیاتر لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دابنیشن بۆ ئەوەی لە کەموکورتیەکان بزانین، بۆ ئەوەی ئێمەش لەگەڵ حکومەت دابنیشین و لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان وەکو یەکێك لە ئێوە، بە یەك تیم موشکیلەکان چارەسەر بکرێت، بۆیە بڵێین کە کەموکورتی نییە بەڵێ هەیە، بڵێن موشکیلەکە تەڵەبە دروستی کردووە، ناوڵڵا ئێمە دروستمان کردووە، تەڵەبە خەڵکی ئەم کوردستانەیە، لە ناو ئەم کوردستانەیە دەیەوێت ژیانێکی ئارام و هێمنی هەبێت، وەڵڵا لە ناکاوێکدا پێی بڵێی لە هەموو دنیا هەموو قوتابی وەرناگیردرێت، نەخێر وەڵڵا لە هەموو دنیا قوتابی هەموو ڕێگایەکی هەیە، لە زۆر دەوڵەت هەیە ٥٠ی هەیە دەچێت لە پزیشکی دەخوێنێت، ئینجا دەردەچێت، یان دەرناچێت ئەوە موشکیلەی ئەوە، مەعاهد هەیەو شتی ترش هەیە، بابە ئێمە ئیستا دەڵێین ئەی خەڵکی کوردستان و ئەی دنیا، ئێستا کە دەڵێین ئەی خەڵکی کوردستان و ئەی دنیا ئێمە تیمێکی دیموکرات و پێش کەوتووین، دەمانەوێت لەگەڵ حەزارەتی دنیا پێش بکەوین، دواتریش بڵێین ئێمە ناتوانین قوتابییەکانمان وەربگرین، ئەوە نابێت، بۆیە من سوپاسی ئەو وەزیرە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوەیان کردووەو پێویستە زیاتر خەڵکی پسپۆر دابنیشێن و لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستانیش زۆر ئەم ماوەیە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت، داواش دەکەم لە ئێوەی بەڕێز داوا بکەن وەکو پەرلەمان جەلسەیەکی فەوری لە هەفتەی داهاتوودا بکرێت و بزانین ئەو لیژنانەی ئێمە و ئەو وەزیرە بەڕێزانەو ئەو حکومەتە سەربەرزەی کوردستان چی کردووە، بۆ ئەو قوتابیانە؟ داواش لە فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکارانیش دەکەین، کە تەڵەبەکانیان بنێرنەوە ماڵەوە، وەعدتان پێ دەدەین، ئێمەش وەکو ئێوە هەوڵ دەدەین ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزینەوە، من ئێستا پێشنیار ناکەم چی بکەین و چی نەکەین، دەمەوێت نەتائیجی لیژنەکانی پەیوەندار، وەکو دارایی بزانن کە حکومەت چەند ئیمکانیەتی هەیە، بۆ ئەوەو چی کردووەو چی نەکردووە؟ لیژنەی ڕۆشنبیری و هەروەها پەروەردەو خوێندنی باڵاش، ئێوەش هەروا من نامەوێت زۆرتر سەرتان بیەشێنم، زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێرهاتنی ئێوەی بەڕێزیش دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەموو ئەوانەی داوای قسەیان کردبوو، تەواو بوون، کاتی ئەوە هاتووە بیر بکەینەوە کەچی بکەین؟ من پێش ئەوەی داوا لە وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پەروەردە بکەم کە قسەی خۆیان بکەن، داوایەکم لێیان هەیە وەڵامی پرسیارەکانتان نەدەنەوە، چونکە بەڕاستی زۆربەتان لە تەوەری مەوزوعەکە دەرچوون، هەدەف لێرە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکە، بۆ ئەو ١٠ هەزار خوێندکارو قوتابیانە کە کێشەیەکی ئانیان هەیە، زۆر لە پرسیارەکان و ٦٠٪ی لە تەوەرەکە دەرچوون، حەقی خۆیانە هەر دوو

جەنابی وەزیری وەڵامی بدەنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لەو مەوزوعە دەرنەچین و لێیان تێك نەچێت، لە دانیشتنێکی تر دا داوایان لێ دەکەین هەم وەڵامی ئەوە بدەنەوە و هەم ئەو دوو تەوەرەی کە باسمان کرد، سیستەمی خوێندن بۆ وەزارەتی تەربیە و چەند پرسیارێکی لیژنەی پەروەردە کە ئاراستەی خوێندنی باڵایان کردووە وەڵامی بدەنەوە، بۆیە ئێستا داوایان لێ دەکەم جوابی ئەو شتە بدەنەوە، من کۆم کردووەتەوە لە ٧ خاڵ، بۆ چارەسەر کردنی، هەدەف ئەوەیە، دەوڵەمەند کردنی شتەکان باشە، بەڵام چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە بە پەلە چارەسەر بێت؟ یەکەم: داوا دەکەین بە پێی ئیمکان پێداچوونەوەیەك بکەن و ڕێژەیەك دیاری بکرێت لە وەرگرتنی ئەوخوێندکارانە، چەند وەرگیراوە؟ زۆر، کەم وەرگیراوە لەچاو ئەوەندەی کە دەرچوونە، ٣٢ هەزار خوێندکار هەیە و ٣١ هەزار وەرگیراوە، یەعنی چی؟ پلاندانان شتێکی زۆر چاکە، بەڵام پلاندانان بەو شێوەیە نا کە ئیقرار بێت، ساڵی یەکەم با ١٥٪ بێت، ساڵی دووەم ببێتە ٢٠٪ .......... ئاوا بە گوێرەی ئیمکانیات و ئەوانە، لەبەر ئەوە ناتوانین بە ئەمر، چونکە ئەوە خۆیان تەقدیری دەکەن، بەڵام هەموو جهودێك سەرف بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە نسبەتێکی زیاتر بکرێت، بیر لەوە بکرێتەوە کە قسەی ئێوەیە تەبعەن من دەیکەم، کۆم کردووەتەوە، بیر لەوە بکرێتەوە ئەگەر وەزراتی تەربیە دەتوانێت ئەو پەیمانگایانەی کە ئەم ساڵ دایخستوون ئەو بڕیارە دوا بخات بۆ ساڵێکی تر و بۆ ئەوەی نسبەتێك لەو دەرچووانەی ئەم ساڵ لەو پەیمانگایانە وەربگیردرێت، ئەو ژمارەیەی کە لە بەغدا و شارەکانی تر وەردەگیردرێن لەو کەسانە بێت کە خۆیان ڕەغبەتیان هەیە، چونکە ئەمە ناگرێت بڵێی تۆ وەرە لەوێ بچۆ بخوێنە، ئەوەش نابێت، چونکە خۆی ڕەغبەتی لە جانبە ئەمنیەکە نیە، یەعنی هینێك بکرێت ئەو ژمارەی کە دەچن بۆ شارەکانی تر خۆی ڕەغبەتی هەبێت و موافەقەتی هەبێت، زانکۆ و کۆلیژی ئەهلی هەیە دەتوانن ئیستعابی ژمارەیەکی بکەن، بەڵام من لێرە پێشنیارێکی ترم هەیە کە کەستان نەتان کردووە، ئەو خوێندکارانەی کە کوڕە شەهیدن با حکومەت پارەکانیان بدات، هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە دەرامەتیان زۆر کەمە ئیمکان هەیە کە هاوکاریان بکرێت، یەعنی ناکرێت هەر هەموویان، بەڵام کوڕە شەهید حەقە حکومەت هاوکاریان بکات، ئەگەر لەو ١٠ هەزار کەسە بن، بۆ ئەوەی لەو کۆلیژانە بەردەوام بن لەسەر خوێندنیان، هەروەها کردنەوەی دەورات زۆر زۆر تەبیعیە و زۆر کەسیش ئاماژەی پێی کرد کە لە هەموو وڵاتانی دنیادا کە سانەوی تەواو دەکەی مەجالی خوێندنی تەواو نیە و حکومەت دەبێت دەوارت بکاتەوەو شەش مانگ فێری ئەو بوارەی بکات کە دەچێت ئیشی بۆ دەکات، لەوانە زراعەیە و صناعەیەو کاری جیاجیای ترە، بە شەش مانگ تەئهیلی دەکات و دەتوانێت ئیشی بۆ بکات، ئەوەش دەکرێت بەشێك چارەسەر بێت، ژمارەیەك لە ئەوانە لە دەوراتی پۆلیسی و عەسکەری با وەربگیردرێن، بۆ ئەوەی کە ئێمە نەقسێکمان هەیە لە پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ کە ئاستی خوێندەواری بەرزمان تێدانیە کە بتوانێت لەگەڵ ئەو یاسایانە، کە یاسایەکی زۆرمان هەیە نازانن جێ بەجێ ی بکەن و تێی ناگەن، پێویستیان بە کادیری هین هەیە، دەکرێت ژمارەیەك داخلی ئەو دەوراتانە بن، وەکو موفەوەزی دەرەجە یەك دەربچن و بتوانن لەو بوارەدا خزمەت بکەن، ئەمانەو شتی تریش هاتە پێشمانەوە، ئەو شتەی

کاك شێردڵ گوتی لیژنەیەك پێكبهێندرێت، ئەوەش كارێكی باشە، تاوەكو ئەو لیژنەیە پێك دەهێندرێت كە ئێمە ناتوانین تاوەكو لەگەڵ حكومەتیش پێكەوە بڕیاری لەسەر بدەین، دەكرێت چاوەڕێ بكەین كە تا چەند ڕۆژە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا موتابەعەی ئەو شتانە بكەن، ئینجا داوا لە هەردوو جەنابی وەزیر دەكەم ئەو پێشنیارانەو شتی تری كە بە پێویستی دەزانێت وەڵام بدەنەوە، كاك د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامە بەڕێزەكان، وەڵلاهی ٤٠ كەس قسەی كرد بە جەنابیشتەوە ٤١ كەس، حەزم دەكرد جوابی هەموویان بدەمەوە، ئەگەر مەجالتان هەبێت، چونكە ئێمە هاتووین شت روون بكەینەوە، یەعنی هەندێك پرسیار كرا وەڵامی پێتان نەگەیشت، ئەگەر وەڵامیشتان پێ نەگات، یەعنی مانای وایە شتەكە لە مێشكتتان دەمێنێت، حەقە یەعنی لە جەلسەیەكی پەرلەمان ماوەمان پێ بدەن كە شتەكان هەمووی روون بكەینەوە، ئەو كاتە ئەو شتانەی كە ئێمە نەمان كردووە و موفەسرین، دان بە ئەوە دادەنێین و دەڵێین ئەوەمان نەكردووە، ئەو شتانەی كە كراویشە و ئیجابیە دەبێت بیزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كە جەنابت دەفەرمووی من بە كورتی باسی هەندێك شت دەكەم، تەبعەن زیاتر تەركیز لەسەر ئەوە كرا كە پار ساڵ بۆ ١٠ هەزار كەس وەگیراو بۆ ئەم ساڵ كەمتر؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ادریس ئەگەر ئیجازەت هەبێت؟ مادام جەنابت وا دەڵێی رەنگە ئەو پێشنیارانەش پێویست بە… بكات كە تۆزێك ڕاوێژی لەسەر بكرێت، بۆیە با جەلسەیەكی تری بە پەلە دابنێین، هەم …بتان بۆ ئەوە هەبێت كە پێویست بكات لەگەڵ جەنابی سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی ق… بكەن، …ەروەها لەگەڵ وەزراتەكانی تر قسە بكەن، بۆیە ئەگەر حەزبكەن یەك شەممە س…ی ١١ باشە؟ باشە با ١٠,٣٠ بێت، چونكە من مەوعیدێكم سەعاتی ١٠ هەیە، باشە؟ بزانم كاك ادهم …ێ هەیە فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك تێبینیم لەسەر ئاخافتنەك هەبوو …ێرەدا هاتیە كرن، ئەویش دیار بوو لە ئاخفتنەك وا هاتە گۆتن كە سەرۆكایەتی هەرێما بەرپ… لەم موشكیلەیە، بە هیچ رەنگێك سەرۆكایەتیا هەرێما كوردستانێ بەرپرس نابینم لەڤی م…یلێ، چونكی حكومەتا هەرێمێا هەی و وەزائیف هەن، ئەركا سەرۆكاتیا هەرێمێ تشتەكی دینە… بەرنامە دانانە بۆ وەزارەتا خوێندنا باڵا و وەزارەتا پەروەردێ، من حەزكرد بەس ئەڤە ڕاست…ەم، چونكی ئێرە جهێت ئاخافتنێن یاساییەو تەڤیا تشتی یاسایی بێتە مەترەح كرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست لە ئەوە مەسئولیەتی تەزامونیە، نەك مەسئولیەتی موباشر، مەعلومە کە پەرلەمانیش مەسئوول نییە، بەلام بە تەزامون هەمووومان مەسئولین لە هەموو شتێك، یەعنی بۆ نموونە پەرلەمان ئیشی دانانی یاسایەو چاودێری حکومەتیش دەکات و موناقەشەی بودجە دەکات، بەلام مانای وانیە کە لە ئەوانی تر مەسئوول نییە لە هەموو شتێك بە تەزامون هەمووومان مەسئولین، ڕاستە دەسەلاتی جێ بەجێ کردن و ئێمەش دەسەلاتی تەشریعین، سەرۆکی هەرێمیش دەسەلاتی بالای جێ بەجێ کردنە، دەسەلاتی قەزاشمان هەیە، بەلام هەر چوارمان بە تەزامون مەسئوولین لە هەموو ئەو مەسەلانەی کە لە هەرێم هەیە، بەو مانایە مەسئولیەتەکە دەکەوێتە سەرمان، کاك کمال بوو ئەو قسەیەی کرد، لەبەر ئەوە با جواب بداتەوە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەسئوولانەی ئێمە لە ناو ئەو هەرێمە چی نەواقسێکی هەبێت هەمووومان لێی مەسئوولین، من دڵنیام جەنابی سەرۆك قەت لە بەرامبەر مەسئولیەت ناڵێت ئەوە مەسئوولیەتی من نیە، چونکە سەرۆکی هەمووومانەو سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو واجیبەتی کە بە هەمووومان بڵێت ئەمەتان غەڵەتە، بۆیە واجبی هەر هەمووومانە ئێمە لێرەوەو حکومەتیش و هەموو مەسوئلێکی بچووکیش کە لە ناو وەزارەتەکانن و لە ناو تەربیەش هەمووومان بە تەزامون مەسئولین بەرامبەر بە هەموو نەواقسی ئەم هەرێمە، کەس لێی جودا نیە، ئیمامی عمر دەڵێت (ئەگەر مەڕێك لە کوێ قاچی بشکێت من مەسئوولم بەرامبەری)، یەعنی ئەوە مانای ئەوە نییە کە تەشهیر بێت، یان قسەیەکی ناخۆش و ناشیرین بێت بۆ هەر بەرپرسێك، ئەم دوو وەزیرە بەڕێزەش کە لێرە دانیشتوون بە تەنها ئەوان مەسئوول نین بەرامبەر ئەو شتە، ئەوانیش کۆمەڵێك ئەسبابیان هەیە بۆ ئەو کێشەیە، بۆیە بە تەزامونی هەر هەمووومان مەسئولین بەرامبەر بە نەواقسی ئەم هەرێمەی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شەرحی دەکەمەوە جارێکی تر، دەسەلاتەکان جیا کراونەتەوە، هەر یەك مەسئولە لە مەسئوولیەتی خۆی، پەرلەمان مەسئولە لە مەسئوولیەتی خۆی وەکو ئەوەی بۆی دیاری کراوە بە یاسا، دەسەلاتەکان هەموو جیاکراونەتەوە، هەمووومان بە تەزامون مەسئولین، بەڕاستی ئەو وشەیە ناگونجێت لەگەڵ ئێستادا، هی ئیمامی عمرو ئەوانە، چونکە بەڕاستی ئێمە قانونمان هەیەو دەسەلاتمان جیاکردووەتەوە، ڕێزی هەر دەسەلاتێك بۆ خۆی هەیە، سوپاس، کۆتایی بەو موناقەشەیە دەهێنم، کاك د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی بالا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، مادام بڕیاره ئەوەتان دا کە جەلسەیەکی تر هەبێت، من وەڵامەکان بەجێ دێڵم بۆ جەلسەی ئاینده، هەمووم نووسیوەتەوەو وەڵامی هەموو شتێك دەدەمەوە، ئەگەر شتێکم بیر چوو ئەو کات گلەییم لێ بکەن، بەڵام ئەو شتانەی کە عەرز کرا، شتێکی تەکامولی دەوێت، وەکو ئەوەی ئێمە لێرە دانیشتبین کە سەرۆکایەتی حکومەت بین، هەموو شتەکان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە رەخساندنی دەرفەتی خوێندنە بۆ خەڵك، ئێمەش ئەوەمان کردووەو روونمان کردەوە بە ئەرقام، بەڵام مەسەلەکانی تر کە ترێنیك سەنتەر دابندرێت ئەوە دەبێ بکرێت و خەڵك فێری ئیش و کار بکرێت و خەڵکێك هەیە کە لە کادیری وەسەتی دروست بکرێت، تەوەجوهاتی ئێمە وابوو کە ئێمە زیاتر خەڵك بۆ پەیمانگاکان بنێرین، ناردوومانەو نیسەبەکەمان پیشاندان کە چەندمان لی ْوەرگرتووەو، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کۆکین و باسی زۆر شتیشمان کردووە پێکەوە، بەڵام خیلافمان لەسەر ئەو نوقتەیە بوو بەڕاستی، ئێمە پێمان وابوو  کە کۆنفرانس ڕاستە بڕیاریدا کە پەیمانگاکان دابخەین، بەڵام گوتمان وەختێکی زەمەنی زیاتری بدەینێ و یەکسەر نەبێت، لەبەر ئەوە خوشك و برا بەڕێزەکان ئێمە لە وزارەتی خوێندنی باڵا کە دەمەوێت پەیمانگایەك بکەینە کۆلیژێك، من دەبێت ستافی دکتۆراو ماستەرم هەبێت، ئەو ئیختساسانەی بەڕێزێکتان زۆر جوان باستان کرد، مامۆستا محمد گوتی ١٣ بەشی هەیەو ئێوە چوار بەشتان هەیە، چونکە ئێمە ناتوانین ئەو بەشانە بکەینەوە لە کۆلیژێك کە دکتۆرو پسپۆرت نەبێت، کەواتە تۆ مەرحەلەیەکی ئینتقالیت دەوێت و وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ مەنهەجی پەیمانگا بگۆڕێت و مەنهەجێکی پێشکەوتوو دابنێت و. بگۆڕێت بۆ مەرحەلەی یەك و دوو و سێ و چوارو پێنجی ئیبتدائی بە تەدریس، بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان پێ ڕادەگەین ئەو پەیمانگایانە دەکەینە کۆلیژو مامۆستا پەیدا دەکەین و...، مامۆستاش بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ پەیدا ناکرێت، ئێمە ئەو موناقەشەیەمان کردو بە فەترەیەکی زەمەنی و مەرحەلەیەکی ئینتقالی بێت و وردە وردە پەیمانگاکان بکەینە کۆلیژ، ئەوە بۆچوونی ئێمە بوو، کاك عبدالرحمن پێشنیارێکی زۆر جوانی کرد بۆ حەلەکە، کە حەلەکە لێرە دوو، سێ شت دەگرێتەوە و ئێوەش باستان کرد، یەك لە ئەوانە ئەگەر پێداچوونەوە بکرێت، من خۆم داوای ئیحسائیەکم کردووە کە بۆ پەیمانگا تەکنیکیەکان ئەگەر بتوانن دەوامی ئێواران بکەنەوە، ڕێژەیەکی ئیزافی وەربگرێن کە هەمووشیان نا، لەبەر ئەوەی یەعنی بە نیسبی کە دوو ڕۆژە کۆبوونەوەم لەگەڵیان کردووە، لەلایەکەوە پەیوەندیم بە بەغداوە کردووە، چونکە هەندێك لەو خوێندکار و قوتابیانە هاتن گوتیان یان خێوەتمان بۆهەڵبدەن یان دەبێت بچین بۆ ئەوێ، لەسەر داواکاری ئەوان بووە ئەو پەیوەندیە، ناوی وەزیری خوێندنی باڵاش د. عبد عجیلیەو لە کوتلەی تەوافوقە و ئینسحابی کردووەو ئێستا دوو، سێ مانگە گەڕاوەتەوەو ........ سۆزان خان ناوەکەت پرسی، ئەگەر دەتەوێ تەلەفۆنەکەشت دەدەمێ و قسەشی لەگەڵ بکە، چونکە من لەگەڵ ئەو قسەم کردووە، لەگەڵ وەکیلی وەزیری خوێندنی باڵاش قسەم کردووە، بەڵام دەسەڵات لە دەست ئەوە و لەگەڵ ئەو قسەم کردووە، قەرار وایە ئەو هەفتەی دابێت بچمە بەغدا و ڕێککەوتن بکەم، ئەگەر پێتان باشە خەڵکی ئێمە لە دەرەوەی هەرێم وەربگیردرێن من ئەو ئیتیفاقە دەکەم، ئەگەر پێشتان باش نیە، باشە ئەوە

هەمووی محاولاتە، ئەوانە دەبێت بەشێکیان دەتوانین لە پەیمانگا تەکنیەکیەکان پێداچوونەوە بکەین، بەڵام دەبێت لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش کۆببینەوە، باسی ئەو شتە بکەین و کە بگەڕێینەوە و بڵێین ئەو بۆچوونانە لە پەرلەمان ئەو شتانەمان گوێ لێ بوو، ئەوە پێشنیارەکانە، ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە هەموو کەسێك لە زانکۆ وەربگیردرێت، ئەگەریش پلانی حکومەت و پەرلەمان شەرت نیە هەموو کەسێك لە زانکۆ وەربگیردرێت، ئەوە شتێکی ترە و دەتوانین مەراکزی تەدریبی مهەنی بکەینەوە، خەڵکانێك بۆ کۆلیژی پۆلیس بنێرین، نسبەیەکیش بۆ ئەوان ئیستعاب بکەن، ئەوە هەمووی ڕێگا چارەسەرە، چونکە ناکرێت خەڵکێك بە پەنجا بێت و یەکسەر لە کولیە وەری بگری، نە مستەوای ئەوەی هەیە، ئەو پێشنیارەی کاك عبدالرحمن من تەبەنی دەکەم و ئاسانکاری بۆ کۆلیژە ئەهلیەکان دەکەم، هەروەها پێداچوونەوەیەکیش دەکەم، پێشنیاری خۆم ئەوەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە پێکەوە دادەنیشین و ئەو عەمەلیە تەحویلیەی پەیمانگاکان بۆ کۆلیژ چۆن دەکرێت، وەکو باسم کرد، ئەوەی ئاکرێش ڕاستە ئێمە دیراسەکەشمان تەواو کرد، بەڵام ئێمە دەیدەینە زانکۆ و زانکۆ دەڵێ پێداویستی زانستی مامۆستام نیە بۆ ئەوەی بیکەمەوە، ئەوەیان بە من گوتووە، من خۆ سەر بە وەزارەتی ناکەم ئەوانەی کە دەکرێتەوە، پلان لەلایەن زانکۆکانەوە دادەندرێت و بەشی زانستی دادەندرێت دەڵێت ئەوەندەیە، پار ساڵ کە ١٠ هەزارمان وەرگرت قەرار وابوو بە پێی پلان ١٧ هەزار زیاتر وەرنەگرین کە ئێستا ئەو ٥ هەزارەش وەرگیراوە سەرباری ئەوە یەعنی لە ژووری تاقەی ئیستعابیە، ئێمە خوێندنەکانمان کردە ئێوارانیش دەبڵ خوێندنە ئێستا لە زانکۆکان، یەعنی لەبەر ئەوە توانیومانە ئەو نیسبەیە وەربگرین، ئەو هۆڵانەی خوێندنیش ٦٠٪ ی یەکسەر دەستمان کردووە بە قەزاو ناحیەکان کە لەوێڕا، ئێستا بڕۆ مەنتقەی ئامێدی و سۆران دەبینی سەقفیشی تەواو بووەو بە دوو مانگی تر هەمووی تەواو دەبێت، تەبعەن بەو پەلە پەلیە ٢٠٠ هۆڵی خوێندن ئاسان نیە، بەڵام ئەوەش حەل نیە بۆ داهاتوو، چونکە ساڵ بە ساڵ خەڵك زیاد دەکات، ساڵی دابێت لەوانەیە ٢٠ هەزاری زیاد بێت، جا دەبێت بڕیارێکی ستراتیژی هەبێت، ئایا ئەو خەڵکانەی کە تەواو دەکەن هەموویان دەبێت بچنە زانکۆ؟ یان دەبێت وەزیرە پەیوەندارەکانی تریش بێن و هەر کەسێك بە پێی........ من تا ئێستا لە وەزارەتی پلان دانان هیچ شتێکم بۆ نەهاتووە بڵێت ئەوەندە دکتۆرم پێویستە و ئەوەندە مامۆستام پێویستە، ئێمە بەگوێرەی تاقەی ئیستعابی خۆمان بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان کە کۆمەڵگا پێویستی بە چیە، ئەوە دەکەینەوە، پێوستی بە فندقە و سیاحە هەیە، مەعهەدێکم کردووەتەوە لەگەڵ کولیەیەك، پێویستی بە کشتوکاڵە، مەعهەدێکمان لە بەکرەجۆ کردووەتەوە، ئێمە بە بۆچوونی خۆمان کە شارەزاین و یاسای وەبەرهێنانمان هەیە و بە پێی ئەوە چیمان لە ئاییندە پێویستە ئەو شتانەمان کردووەتەوە، ڕەجا دەکەم بە بێ پلانیش نەبووە، ئەگەر دەتانەوێ جەلسەیەکی تەفسیلی حەزدەکەن ٥ سەعات بۆتان باس دەکەم کە چی کراوە، یەعنی ئەگەر ئەو ڕوونکردنەوانە هەبێت وابزانم زۆر شت واژح دەبێت، ئەو کاتە کەموکوڕیەکان دیار دەبن، کە ئێمە لە کوێ ئیشمان نەکردووە، بەڵام بەو نەوعەی کە ئێمە لە ناو ئیشەکە داین و ئەو پرسیارانە حەقی خۆتانە بیپرسن، ئێمە ناڵێین حەقتان نیە، بەڵام ڕێگاش

بدەن ئێمەش وەڵامتان بدەینەوە، انشالله ئەو جەلسەیە بە زووترین کات دەکرێت، کە من هەموویم تەسجیل کردووە لەلای خۆمەوە و خاڵ بە خاڵ و هەموو وەڵامەکانیشم ئێستا پێیە، ئەگەر مەجالتان هەبێت پاش نان خواردن دێمەوە، ئەگەر نا بۆ جەلسەی دابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین، لە جەلسەی داهاتوو، کاک دڵشاد لەبەر ئەوەی تۆزێك شتێکی بەپەلە هاتە پێش، دوو دەقیقەش فەرموو.

**بەڕێز د.دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەکو کاک د.ادریس گوتی وەڵامی یەکە یەکەی پرسیارەکانی ئێوەمان لەلایە، من ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە ئەو بەرنامەیەی جێ بەجێم کردووە، بەرنامەی یاسای وەزارەتی پەروەردەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان بە کۆی دەنگ جێ بەجێ کراوە، ئەگەر ئێوە فەرمانێکی تر دەربکەن کە وەزارەتی پەروەردە بە بێ پلان ئیش بکات من ئامادەم جێ بەجێی بکەم، وەکو ئەوەی کاک د.ادریسش ئیشارەتی پێیدا بە پێی پێویستی بەش دەکەنەوەو ئێمەش بە پێی پێویست لە ڕاستی دا پەیمانگا دەکەینەوەو دای دەخەین، پەیمانگا مەبەستی ئەوە نەبووە بۆئیستعابی تەڵەبە، مەبەستی ئەوە بووە مامۆستا پێ بگەیەنێت، ئەمڕۆ مامۆستای پێگەیاندووەو زیادی هەیە، ئیتر کردنەوە و مانەوەی هیچ مانایەك نابەخشێت، کەی جەنابتان بڕیاری دامەزراندنی ١٠ هەزار مامۆستا، ٦ هەزاری ئەم ساڵ و ٤ هەزاری ساڵی داهاتوو کە دەردەچن، ٤ هەزاری تریش ئەگەر بێتو ئەم ساڵ بکرێنەوە، ئەو کاتە بە ئێمە بڵێت تەڵەبە وەربگرن، چونکە ئەمە کێشەیە ١٠٠٪ لەگەڵ ڕەئیەکانی کاک د.دلێر و کاک بکر و چەند بەڕێزێکی تریش کرا، کە ئەمە کێشەیەکی سەرانسەریە دەبێت هەموو جەمسەرەکانی تاوتوێ بکرێت، ئەی دەرچووەکان لە ئایندە بۆ کوێ دەچن؟ نەك هەر پەیمانگای مامۆستایان لەڕاستی دا زانکۆکانیش هەروایە، ئەمە لەشکرێکی بێ ئیش دەبێت، هەموو حکومەت بە یەکەوە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دابنیشێت و بەرنامەیەك دابنێت، نەك بە عاتیفەو بە سۆز ئێمە لێرە بێین، لەبەر ئەوەی ئەوەندە قوتابی وەرنەگیراوە دەرگاکان بکەینەوە، بەڕێزان، ئەو نۆ هەزار قوتابیەی وەرنەگیراوە هەموویان وێژەیین، من لێرەش دووپات دەکەمەوە هیچ یەکێکیان لەوانە پێویست نەبووە بە مامۆستایەتی، ئەوەی کە پێویستیمان پێیانە مامۆستای زانستە، مامۆستای کیمیایە، مامۆستای هەموو شتەکانی ترە، ئەوەی بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا بە کاک دکتۆر ئیدریس بڵێین، ئەوانە فرە پەیمانگا تەکنیکیەکانەوە، ئەوانە نەدەتوانن بچنە کشتوکاڵ، نە دەتوانن بچنە بەشی کارەبا، نە دەتوانن بچنە بەشی ئەلیکتریك، ئەوانە پسپۆریەکانیان ئەوەیە بە حەقیقەت، بۆیە منیش لە دانیشتنی داهاتوودا یەکە یەکە وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە، هەموو ئەو پلانانەی کە هەشمانە بۆ بەڕێزتان ڕوون دەکەینەوەو دڵنیاش بن، کە هیچ خاڵێك نییە وەڵامی قەناعەتەکەری ئێوەی پێ نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە ڕۆژی دوو شەممە کۆ دەبینەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی یەك شەممە هەردوو وەزیر بتوانن لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران و جێگرو لایەنەکانی تر قسە بکەن، ئەو پێشنیارانەی لای خۆیانە وەڵامەکە بەتەنیا هی خۆیان نەبێت حکومەتیش بێت، بۆیە دەیکەینە ڕۆژی دوو شەممە، ئێمە پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بێنین، ئەوە مەوزوعێکی ترە، من لەگەڵ جەنابی کاك شێخ بایز قسەم کرد ڕۆژی یەك شەممە دێتە لام، بۆ ئەوەی ڕۆژێك دابنێین، ئەویش دێتن ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە هاتووە، ئەوە رەبتی بەو مەوزوعەوە نییە، ئەوە کاك دکتۆر دلێر لێرەیە، ئەگەر ڕاپۆرتیان حازر بێت لەسەر ئەو دوو ڕاپۆرتەی وەزارەتی مالیە ڕۆژی یەك شەممە جەنابیشت وەرە قسەی لەگەڵ دەکەین، ئێستا من دەمەوێت ئەو فەقەرەی دووەمیش تەواو بکەین، زۆر نییە، کورتە، پاشی ئەوە کۆبوونەوەی خۆمان بەیانی دەکەین، بۆ ئەوەی پرۆژەی باری کەسێتی تەواو بکەین، بەیانی سەعات دەو نیو، ئەوەی ئیشی هەیە دەتوانێت بڕوات، بەڵام ناتوانین، چونکە ئێمە بەرنامەیەکی زۆرمان لەپێشە، ناکرێتن، عەصرێ من و دکتۆر کەمال ئیشمان هەیە، ناتوانین بێینەوە، دەنا عەصرێ پێشتر وا قەرارمان دەدا، بەڵام ئیشمان هەیە، با سبەینێ بێتن تەواوی بکەین، یەك شەممە لەگەڵ وەزیری دارایی ئیتیفاقمان هەیە ببینین، مەوعیدێکی تریشمان داناوە، بەیانی بیکەین باشترە سەبرتان هەبێت، چونکە ئەم هەفتەیە یەك کۆبوونەوە کراوە، هەر ئەمڕۆ کۆبوونەوە کراوە، زۆربەتان ئەمڕۆ بەیانی هاتوون، با سبەینێش لێرە بن.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار/ پێش چاو خستنی دەست لە کار کێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانەی خوارەوە لە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز داوای دەست لە کارکێشانەوەیان کردووە:

١- بەڕێز کاك ئیسماعیل محمود، هۆی دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی لیژنەی ناوخۆیە، دەڵێت من سەرۆکی لیژنەی ناوخۆم، تاکو ئێستا وەزارەتی ناوخۆ دوو وەزارەتە دەبێت چاودێری هەردوو وەزارەت بکەین، لەبەر ئەوەی کاتم زۆر کەمەو ناتوانم لە کۆبوونەوەکان لە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە ئامادە بم.

٢- بەڕێز کاك محمد حکیم جبار، هۆی دەست لەکارکێشانەوەی، دەڵێت من ئەندامم لە لیژنەی پەیوەندییەکان و سەرۆکی کۆمەڵی ئیسلامیشم، یەعنی دەرەوەی پەرلەمان، یەعنی عیلاقەی بە ئێمەوە نییە، مەقصەدت سەرۆکی لیستی، سەرۆکی لیستە، ئەندامانی کۆمەڵە، لە هیچ لیژنەیەکی تر پێم ناکرێت، غەیری لیژنەی پەیوەندییەکان نەبێت.

٣- بەڕێز کاك نارێز عبداللە احمد، هۆی دەست لەکارکێشانەوەی، دەڵێت من سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیریم، ناتوانم ئامادە بم، چونکە کارەکانی لیژنەی ڕۆشنبیری زۆرە.

هەرسێکیان داوایان کردووە، لیژنەکەش موافەقەتی کردووە، ئەمە بەحەقیقەت کە ناتوانن ئامادەبن، خۆی لە خۆیدا ئەگەر خاڵەکەیان قەبول نەکەین کۆسپێك دروست دەکات بۆ لیژنەکە، نیصاب دروست نابێت

ئەگەر بێتو ئەوانە، دوو کەس، سێ کەس، غائیب بێتن ناتوانن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، من یەکە یەکە ناوەکان دەخوێنمەوەو بۆ دەنگدان لەسەری.

بۆ بەڕێز کاك ئیسماعیل محمود کێ موافیقە دەست لەکار بکێشتەوە لە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

بۆ بەڕێز کاك محمد حکیم کێ موافیقە دەست لەکار بکێشتەوە لە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. بەڵێ کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك روون کردنەوەم هەیە، داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە رازی نین، هۆی چییە رازی نین؟ بەبێ ئەوەی هیچ ئاگاداریەکیان هەبێت لە دەوام کردنی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنەکەمان، یەعنی ئەوانەی کە رازی نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، هەر روون کردنەوەیەکە، زۆر سوپاس، قسەکەت بەجێیە، بەڵام لێرە نا، لەو خاڵە نییە، بۆ بەڕێز کاك ئارێز عبدالله کێ موافیقە دەست لەکار بکێشتەوە لە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. هەرسێکیان بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بەرنامەی کاری بەیانی سەعاتْ دەو نیو تەواو کردنی پرۆژەی هەموار کردنی باری کەسێتی، خواحافیزتان بێت، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |
| **بەوەکالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١٦)**

**پێنج شەممە رێکەوتی ١٣\١١\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣/ ١١/٢٠٠٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی کمال سعید بزاز سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت, دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی دووەم, ساڵی (٢٠٠٨) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (١٦)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٣/ ١١/٢٠٠٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین کە هەمیشە لەگەڵمانن، لەگەڵ ئەوانەی تریش کە لە کرماشانەوە هاتوون بەخێربێن سەرچاو، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەم، بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، پێش ئەوەی دانیشتنەکەمان بکەینەوە، حەزدەکەم ئیجازەم بدەن پێنج دەقەیەك هەندێ مەسائیل هەیە کە پێشتریش باسم کردووە، بەتایبەتی مادەی (٢٥)، ئێستایش عەرزتان بکەم، مادەی (٢٥) لەڕووی یاساییەوە جاری یەکەم کە دەنگمان بۆدا و دەنگەکانمان ژمارد (٣٠) بە (٣٠)بوو، گومان لەسەر ژماردنەکەکرا، بۆیە هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە سەرۆکی پەرلەمان دەنگی بەلایەکدا بوو کە وەکو یەك بوون دەنگەکان کۆتایی بە مەوزوعەکە دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دیسان سەرۆکی پەرلەمان ئەو گومانەی قبوڵ کرد لەژماردنی دەنگەکان، جارێکی تر خرایە دەنگدانەوە، ئەو جارەی کە خرایە دەنگدانەوە وتمان کێ لەگەڵیەتی ژمارەیەك زیاتر دەرچوون، قاعەکە سەیتەرەی لەسەر نەکرا، یەعنی بوو بە دەنگە دەنگ و لەشێوازی دانیشتنی تەبیعی دەرچوو، ئەویش دیسان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە دانیشتنەکە

رابگرێت، بۆیە من دانیشتنەکەم کۆتایی پێهێنا بەبێ ئەوەی دەنگدانی دووەم کۆتایی پێبێت، یەعنی دەنگدانی دووەم کێ لەگەڵیەتی کرا، بەلام کێ لەگەڵی نیە نەکرا وجەلسەکەم ڕاگرت، لەبەر ئەوە هەردوو حاڵەتەکە قانونی نەبوو، نە یەکەم، نە دووەم، بۆیە دواکەوتین، ئەو دواکەوتنەیش قازانجی هەبوو، قازانجەکەیش لەوەدا بوو کۆبوونەوەمان کرد پێری بەحزوری هەرچوار لیژنەکە، گۆڕانکاریەکی زۆرمان کردووە کە بەشێوەیەك بێت هەموو لایەك پێی رازیبن وهەموو لایەك ئیتیفاقی لەسەر بکەن، ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە ئەو مادەیەو هەموومادەکانی تر هیچ شتێك نەبێت دژی قورئانی پیرۆزبێت، لەهەمان کاتیشدا هیچ شتێکیش نەبێت لەماڤ ئافرەتان وژنان کەمبکاتەوە، لەدیموکراتییەت کەم بکاتەوە، چوار هەنگاویش بێت بۆ پێشەوە، ناڵێم هەنگاوێك، چوار هەنگاو دەچینە پێشەوە، ئەگەر ئێمە تەقییمی ئەو هەموارکردنە بکەین، ئەو داوایەم نەك تەنها لەئێوەیە لەهەمو کەسێك ولەپێش هەمویانەوە مامۆستایانی ئاینی ئینجا رۆشنبیران، ئینجا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە هەڵیدەسەنگێنن سێ حەقیقەتان لەپێش چاوبێت یەکەم: قانونی ئەحواڵی شەخصی ساڵی ١٩٥٩ لەپێش چاوتان بێت چ بووە، دووەم: ئەو گۆڕانکاریانە چ بووە لەو یاسایەدا کە لەو پەنجاساڵەی رابردوودا هاتوەتە سەری، سێهەم: ئێمە لەدوو ئیدارەییدا جیاوازیەك پەیدابووە، لە ئیدارەی سلێمانی قەراراتێك دەرچووە، هەموارێکی تری کردوەتەوە، لێرە ئەو هەموارە نەکراوە، هەدەفمان ئەوە بووە، ئەو هەموارکردنەیش یەك بخرێت، چونکە ئێمە یەك هەرێمین، دەبێت یەك قانونمان هەبێت، قەرارێکی پەرلەمانەو قەرارێکی حکومەتیشە، چوارەم: ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین، ئەگەر لەلایەنی ئاینیەوە بمانەوێ ڕەخنە بگرین تکام وایە، جارێکی تریش دەڵێم نیشانی ئەوەمان بدەنێ کە لەکوێندەر دژایەتی لەگەڵ نەصێك یان ئایەتێکی قورئانی پیرۆز هەیە، غەیری ئەوە بۆچوونی هەر کەسێك بێت، ڕێزم هەیە بۆی قبوڵمان نیە هەر کەسێك لەبۆچوونی خۆیەوە، لەتەجروبەی خۆیەوە، لە دینی خۆیەوە، لەرۆشنبیری خۆیەوە، ئەگەر پێمان نەڵێت ئەوە نەصی ئایەت هەیە، ئێوە واتان کردووە، دژی ئایەتە قبوڵمان نیە، لەهەمان کاتیشدا لایەنەکەی تەماشا بکەین، ئەوەی پێی وابێت کە ئێمە دژی ماڤ ژنان بووین، یان ئافرەتان بووین، یان پێشکەوتن بووین ئەمەیش بەبێ ئەوەی موناقەشەی بکەین ڕەدی دەدەینەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەماشای یاسای ساڵی ١٩٥٩ بکەن وهەموارکراوەکان بکەن، ئەو یاسایەیش کە لەسلێمانی هەموارکرا، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە دەیکەین چوار هەنگاو بەپێشەوە لەبەر روشناییە، بە مەبەستی ئەوەی کە یەکسانی هەبێت، ڕێزگرتن هەبێت و عەدالەت هەبێت وئەو زوڵمە زۆرەی کە لەسەر ماڤ ژنان و ئافرەتاندا هەیە لەکۆمەڵگاکەماندا نەمێنێت، یاخود بەرەو نەمان بڕوات، بۆیە بەو چاوە تەماشای دەکەین، ئێمە بەسوپاسەوە بۆ ئەو برادەرانەی کە بەشدار بوون لەدانیشتنەکەی پێرێ، دانیشتنێکی زۆر بەسوودمان کرد وگەیشتینە قەراراتێك پێم وایە کە زۆر باشە، یەکەم: پێش هەموو شتێك وشەی (نشوز) کە لەمادەی (٢٥)ە، لەپێشماندایە، ئەو وشەیە لەمێژووی کوردەواری خۆماندا بەشێوەیەك بەکار هاتووە، خەڵکەکە پێی وایە ئەمە وەکو کەلیمەیەکی ناشرین بەرامبەر بەژن بەکار دێت، بۆ ئەوەی ئەو بیروباوەرە بگۆڕین کە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە، وشەی (نشوز) بەکارهاتووە بەرامبەر بە پیاویش وبەرامبەر ژنیش، یەعنی واتا ئەو وشەیە پیاویش دەگرێتەوە وژنیش دەگرێتەوە،

پیاوی ناشیز هەیە و ژنی ناشیزەیش هەیە، زۆر کەس لەکۆمەڵگای ئێمەدا مەعنای نشوز نازانن، یەعنی چی نشوز؟ ئەمە بەمەعنای دوو شت دێت، یەکێکیان: بەو مەعنایەیە کە مەبەستێتی، ئەوی تریان بەمانا زمانەوانێکەیەتی، نشوز بەعەرەبی یەعنی چیە؟ نشوز بەعەرەبی، ئەگەر تەماشای قەوامیس بکەین، یەعنی خۆ بەزلزان، خۆ بەبەرزترزانین، جا ئەو خۆ بەبەرزتر زانین، ئەگەر پیاوەکە بێت بەرامبەر بەژنەکەی، یان ژنەکە بەرامبەر بەپیاوەکەی، ئەگەر پیاوەکە بێت بەرامبەر بەژنەکەی پێی ئەڵێن پیاوێکی ناشزە وخۆی بەبەرزترزانی بەرامبەر بەژنەکەی، ئەگەر ژنەکەبێت دەڵێن ژنەکە ناشزە، یەعنی خۆی بەبەرزتر زانیوە لەپیاوەکە، ئەلێرەدایە بۆیە ئێمە لەکاتێکدا نشوزمان هێناوە باسیشمان کردووە پیاو دەگرێتەوە، ژنیش دەگرێتەوە، یەکەم: لە قورئانی پیروزدا هەردوکیان باسدەکات، دەڵێت پیاوی ناشزو ژنی ناشزیش، دووەم: ئەو تێگەیشتنە بۆ ئەو وشەیە لێرە پێش ئەوەی دەست پێبکەین خەڵکەکە تێبگات کە ئەوە کەمکردنەوەی ماف ژنان و رێزگرتن لەژنان نیە، لەمەودوا خەڵکەکە بزانێت کە نشوز ئەو مەعنایە دەگرێتەوە و هەردوولایان دەگرێتەوە، پێناسەشمان کردووە، بۆ یەکەم جارە دەڵێین نشوز چیە؟ کەوتم خۆ بەزلزان پیاویش دەگرێتەوە وژنیش دەگرێتەوە، کەواتا بەعەرەبیەکەی ئەو تەعریفەمان کردووە کە دەڵێت نشوز: هو تعالی الزوج او الزوجە، او تعالی احد الزوجين احدهما علی الاخر، نەصەکەم لایە ئێستا دەیخوێنینەوە: هو تعالی احد الزوجين علی الاخر كما في الحالات التاليه علی الاخر، یەعنی ئەو نشوزە خۆ بەزلزانی یەکێکە لەژن و مێرد وەکو ئەو حاڵەتانەی خوارەوە:

حاڵەتی یەکەم: نشوزی پیاو، حاڵەتی دووەم: نشوزی ژن، ئینجا چی دەکەوێتە سەری، ئەو شتە بۆ ئەوەبووە کە ئەو خیلافە لەبەینی پیاوو ژنەکاندا نەمێنێت و هەرچوار لیژنەکە لەسەر ئەوە موافیقن، نوقتەیەکی تریشمان موناقەشەکرد کە مودەی یان ئەو فەترەیەی کە لەمەحکەمەدا شکات دەکات جیابێتەوە لەبەر نشوزەکە، دوو ساڵ بوو، سێ لەلیژنەکان داوایان دەکرد ببێتە ساڵێك، بەڵام لیژنەی داکۆکیکردن لەماف ژنان دەڵێن ساڵێکیش زۆرە بابېێتە شەش مانگ، ئێمە وجەنابی مامۆستا مصگفی زەڵمیشمان لەگەڵ بوو، هەموو لیژنەکانی پەیوەندیدارمان لەگەڵ بوو، لیژنەی یاسایی وئەوقاف و ماف مرۆڤ و لیژنەی داکۆکیکردن لەماف ژنان، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە هیچ زەرەرێکی نیە شەش مانگ بێت ولەوێندەریش شەش مانگەکەمان تەسبیت کرد، بۆیە کارئاسانیمان بۆ ئێوە کردووە بۆ ئەوەی نەگەرێینەوە جارێکی تر موناقەشە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە مادەکەمان هەمووی قبوڵ کردووە، تەنها ئەو دووکەلیمەیە مابوو، ئەو دووکەلیمەیەش بەو صیغەیە ئێستا داوایان لێدەکەم بیخوێننەوە، هەم تەعریفەکە و هەم حاڵەتەکەیش دەخەینە دەنگدانەوە ودواییش مودەکە، ئەگەر کەس ئیعتیرازی نەکرد لەسەری ئەویش بەو شێوە دەخەینە دەنگدان، دکتۆرە رۆژان فەرموو صیغەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگە دەی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان کە تایبەتە بەماددەی (٢٥) لەئەصڵی ئەو قانونەی ساڵی ١٩٥٩، دەڵێت: یوقف العمل باحكام المادة الخامسة والعشرون من القانون ويحل محلها مايأتي:

اولا: النشوز هو تعالي احد الزوجين على الاخر كما في الحالات الاتية:

١-هجر الزوج او ترك الزوجة بيت الزوجية بلا اذن و بغير وجه شرعي.

٢-تعسف احد الزوجين في اداء الواجبات الزوجية او الاخلال بها قاصدا الاضرار بالزوج الاخر.

٣-عدم تهيئة الزوج لزوجته البيت الشرعي المناسب لحالتهما الاجتماعية و الاقتصادية.

٤-منع الزوج او الزوجة من الدخول الى البيت دون عذر شرعي.

ثانيا: على المحكمة ان تتغيب في اصدار الحكم بنشوز احد الزوجين حتى تقف على اسباب النشوز وان تستنفذ جميع مساعيها في ازالة تلك الاسباب التي تحول دون ذلك.

ثالثا: يعتبر النشوز سببا من اسباب التفريق بعد مرور ستة اشهر على اكتساب النشوز درجة البتات وعلى الوجه الاتي:

١-اذا كان الزوج هو الناشز فيلزم بنفقة الزوجة طيلة فترة النشوز وفي حالة التفريق بينهما يلزم بدفع المهر المؤجل ونفقة العدة والتعويض المستحق ان كان له مقتضاه.

٢-اذا كانت الزوجة ناشزة فتحرم من النفقة وتفقد مهرها المؤجل في حالة التفريق بينهما بعد الدخول فإذا كانت قد قبضت جميع المهر الزمت برد نصف ما قبضته، اما اذا كان التفريق قبل الدخول فيسقط المهر المؤجل وتلزم برد ماقبضته من مهرها المعجل.

٣-يعتبر التفريق وفق احكام هذه المادة طلاقا بائنا بينونة صغرى.

بەڕێزان ئەوەی لەراپۆرتی هاوبەشی لیژنەکاندا هاتووە، سێ خاڵی زۆر گرنگی تێدایە، سێ خاڵەکە ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەصڵی مادەی (٢٥) کە لەئەصڵی قانونەکەدا هاتووە، کە نشوز لە مادەی (٢٥) تەنها بۆ ئافرەتان بوو، واتا ئافرەت ناشز دەبوو، بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بە پیاوی ناشز نەکربوو، لێرەدا لەپرۆژەکە، لەراپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان نشوز بۆ ئافرەتان و پیاوان وەکو یەکە، خاڵی دووەم: حاڵەتەکانی نشوزە کە لەراپۆرتەکەدا هاتووە، خاڵی سێیەم: کە حوکمی نشوزە، لەئەصڵی قانونەکە لەبەر ئەوەی نشوز تایبەتە بەئافرەت کە دادگا بڕیاری نشوزدەدات، دەبوایە ئافرەتەکە دوو ساڵ چاوەڕێ بکات پاش ئەوەی حوکمەکە دەرەجەی قەتعی وەردەگرت، ئەوجا دەیتوانی داوای جیابوونەوە بکات، ئەویش وەکو سزایەك بوو بۆ ئافرەت، چونکە نشوزەکە تایبەت بوو بەئافرەت، دەبوایە ماوەی دوو ساڵ وەکو سزایەك چاوەڕی بکات، ئەوجا داوای تەفریق بکات، لێرە ماوەکە کەم کراوەتەوە، ماوەی شەش مانگ هەموو لیژنەکان لەسەری کۆك بوون کەوا ماوەی شەش مانگ یەك جار گونجاوە کە تیادا دەتوانن کێشەکەیان یەکلا بێتەوە، ئەگەر پێکهاتنەوە، ئەگەر نا

ئەوە داوای تەفریق دەکەن، واتا ئەو پرۆژەیە، ئەو برگانە کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، ئەو نەگونجان و نادیاریەی کە لەئەصلی مادەی (٢٥) لەئەصلی قانونەکە هاتبوو، هەوڵمان دا نەیهێڵین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، لەبەر ئەوەی بەعەرەبی نووسراوە، هەوڵدەدەم بەکوردیەکەش بیخوێنمەوە، ئەوەنـدەی بۆم بکرێت: کار بەئەحکامی مادەی (٢٥) ڕادەگیرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

یەکەم: ناساندنی نشوز چیە؟

نشوز ئەوەیە وەکو عەرزم کردن، کوردێکەی ئەوەیە خۆ بەزلزان و بەبەرزترزانینی ژن و پیاو لەسەر یەکتری کەئەم حاڵەتانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- ئەگەر پیاوەکە ژنەکەی خۆی بەجێهێشت بـەبێ ئـەوەی هیـچ ئیزنێکی لێ وەربگرێـت، بـەبێ ئـەوەی هیـچ هۆیەکی شەرعی هەبێت، ئەگەر بێت وهەریەك لەژن ومێرد بەرامبەر یەکتری ئیخلالیـان کـرد، بـە واجیبـاتی ژن ومێردایەتی، یەعنی پێی هەڵنەسان بـەواجبی ژن و مێردایـەتی، ئەگـەر بێت وپیاوەکـە نـەیتوانی مـاڵێکی شایـستە دابـین بکـات لـەرووی کۆمەڵایەتیـەوە و لـەرووی ئابووریـەوە بـۆ ژنەکـەی، ئەگـەر بێـت و یـەکێك لەپیاوەکە یان ژنەکە رێگای نەدا بۆ هاتنی هاوسەرەکەی بۆ ماڵەوە بەبێ ئەوەی هیچ سەبەبێکی هەبێت.

٢- مەحکەمە دەبێت بە پەلە بڕیاری حوکمی نشوز دەرنەکات، دەبێت هەندێ وەختی بداتێ بۆ ئەوەی بزانێت هۆی ئەو نشوزە چیە؟ و هەموو جهودێك سەرف بکات بۆ ئەوەی ئەو هۆیانـە لاببـات و پێـك بێنـەوە جارێکی تر.

٣- ئەگەر بێت و لەوڕۆژەیدا لەمەحکەمە دەعوا قەیـد دەکرێـت بـەناوی نـشوز بـۆ جیابوونـەوە و هـەتا شـەش مانگ مەحکەمە بـۆی نـەکرا حـەلی موشـکیلەکەیان بکـات، دەکرێـت بەقـەتعی تەڵاقەکـەیان بڕیـار بـدات بـەو شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر بێت و پیاوەکە ناشز بوو دەبێت نەفەقەی ژنەکـەی بـدات، لـەو فەترەیـەی کـە حوکمەکـەیش تەسـجیل کـراوە، لەپاشـی جیابوونەوەکەیـشیان، پـاش تەڵاقەکـەی لەلایـەن مەحکەمـەوە، ئەگـەر خـەتای پیاوەکـە بـوو، پیاوەکە ناشز بوو، پیاوەکە ئیلزام دەکرێت بەمەهری مونەجەلی و نەفەقەی عـدەو هـەموو موسـتەحەقاتێکی تر کە بوو بەحـەق لەسـەری بیـدات، بـەپێی قـەراری ئـەو مەحکەمەیـە، ئەگـەر ژنەکـە ناشـزە بـوو لەنەفەقـە مەحروم دەکرێت و پێی نادرێت، ومەهری مونەجەلیشی پـێ نادرێـت، ئەگەر مەهرەکەی پێشتر وەرگرتبـوو، ئیلزام دەکرێت بیگەڕێنێتەوە، نیوەی بگەڕێنێتەوە، ئەوەی کـە وەریگرتـووە، ئەگـەر بێـت و پـێش گواسـتنەوە بوو هەموو مەهرەکەی سقوت دەکات و دەبێت بیگەڕێنێتەوە بەکاملی.

٤-ئەو تەڵاقدانە بەعەرەبی پێدەڵێن (بائنا بینونة صغری)، واتا دوو تەڵاقە، یەعنی رێگایان هەیە بیهێنێتەوە، بەڵام بەمارەبڕینێکی تازە (بائنا بینونة صغری)، یەعنی دوو تەڵاقە، مەجالی هەیە جارێکی تـر بیهێنێتـەوە، بەڵام جارێکی تر مارەی ببڕێت، ئێمە وەکو عـەرزمانکرد ئـەوە شتێکە کە زۆر موناقەشـەمان کـردووە، وەکو عەرزم کرد نامـەوێت دووبـارەی بکەمـەوە، هـەموو مەسـەلەکانمان لەچاوگرتووە کـە بەوشـێوەیەبێت کەباسـم

کرد، من پێم باشە ئەگەر شتێکی واتان نەبێت، داواتان لێ بکەم دەنگی بۆ بدەن، هەر چوار لیژنەکە موتەفیقن، لیژنەکان ئێوە موتەفیقن؟ کەس ئیعتیرازی هەیە؟ کەواتا موتەفیقن، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو مادەیە؟ دەستی بڵندبکات تکایە، فەرموون، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ فەرموون، بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس.

پیرۆزبایی لەهەموو ئەو کەسانەدەکەم کە هاوکاریان کردین لەو دانیشتنەی ئەو رۆژە کە بگەینە ئەو نەتیجە، چونکە ئەوە دوو جەلسەی بەسەردا چوو، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا، باس کرا و ئەوە سەرکەوتنێکە، پیرۆزبایی لەهەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، دەسکەوتێکی گەورەیشە بۆ مافی ژنان وئافرەتان، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشەوەیش و لەهەمان کاتیشدا ڕێزگرتنێکی گەورەیشە لەقورئانی پیرۆز، ئێستا بۆ مادەی (٣٥) لەقانونی ئەحوالی شەخصی، کە مادەی (٣٥) دەکات مادەی (١٤) لەپرۆژەکەی حکومەتدا، تکایە ئەصڵی مادەکە بخوێننەوە ودواتریش رەئی لیژنەکان، فەرموو کاک مەلا سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

يوقف العمل بالفقرة ثانيا من المادة الخامسة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

يقع طلاق المريض مرض الموت او في حالة يغلب في مثلها الهلاك اذا مات في ذلك المرض او تلك الحالة، ولم يكن فاقد التمييز وترثه زوجته ولو كان الطلاق بائنا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەکان تکایە، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەرەئی لیژنەکان، هەر وەکو لەراپۆرتی هاوبەش هاتووە، ئێمە پشتگیری لەپرۆژەکەی حکومەت دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان و ئافرەتان، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەیش پشتگیری لەپرۆژەکەی حکومەت دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی مافی مروڤ، فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەپرۆژەكە دەكەین، بەڵام ئێمە رەئێكیشمان هەیە، یەعنی ئیزافەیەكمان هەیە لە (أ) برگە دووی مادده سی وپێنج بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان مادەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، كە لەیاسای باری كەسی ژمارە (١٨٨)دا هاتووە، هەموار كراوە، ئەندامانی لیژنە بەپەسەندیان زانی كە برگەیەك بەم شێوەی خوارەوە زیادبكرێت، ئەوەی كە زیادكراوە بەعەرەبیە لەنێوان دوو كەوانەدا (يقع الطلاق اذا لم تقم الزوجة بالواجبات الزوجية لزوجها في حالة المرض الموت).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وەكو ناشز وایە، نابێت، كاك محمد فرج باشتر شەرحی بكە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەمان كردووە بە دوو بەشەوە، بەشی یەكەم: ئەگەر ئەم پیاوە مەبەستی (اضرار) بوو بەو نافرەتە، حرمان بوو لە (ارث) دەبی بڵێت: لا يقع الطلاق، چونكە كەوتنی طلاق، مانیعی ئیرثە لە ئەصلاً، تۆ بەچی حوكمێك ئیتر ئەڵێت (ترثه) ئێستا لەوێ وایە ئەڵێت: يقع الطلاق، جا ئەگەر طلاق ئەكەوێت تۆ بەچی حوكمێك ئیتر ئەڵێت یرث و یان ترث بۆ ژنەكە ترپ، لەبەر ئەمە ئێمە وتوومانە ئەم تەڵاقە لەئەصلاً ناكەوێت، ئەگەر لەوێ مەبەستی حرمانی ئەم ژنەبێت، اضرار بەم ژنەبێت تەڵاقەكە ناكەوێت، هەزار تەڵاق بخوات، لەحاڵەتێكی ترا، لێرە پیاوەكە تاوانبارە، ئەی ئەگەر لەجێگایەكی ترا ژنەكە تاوان بار بوو، پیاوێك بڵێین سەیارە لێیداو ئیفلیج بووە، ژنەكە بەجێی ئەهێڵێت، خزمەتی ناكات، ئێمە ئەمەمان وتووە ئەم تەڵاقە ئەكەوێت، تەڵاقی ئەم پیاوە ئەگەر ئێستا لەسەر جێگا كەوتووە وئیفلیج بووە و ژنەكە بەجێی هێڵاوەو خزمەتی ناكات، ئەگەر تەڵاقیدا ئەم تەڵاقە ئەكەوێت، چونكە بۆ اضرار نیە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هروبە، ژنەكە هروب دەكات، یەعنی لێرەدا ژنەكە تاوان بارە كە ئەم پیاوە بەجێ ئەهێڵێت، بەڵام لەحاڵەتی یەكەما ژنەكە تاوانبار نیە پیاوەكە تاوانبارە و دەیەوێت ژنەكە حرمان بكات، ئەو تەڵاقەی كە پیاوەكە دەیەوێت ژنەكە حرمان بكات ناكەوێت (لايقع) لەبەر ئەوەی لەمادە ئەصڵە كەدا واهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لەئەصڵی یاساكەی ساڵی ١٩٥٩ هاتووە: لايقع طلاق المريض مرض الموت، هەرچەند باس لە ئیرسەكەیشی دەكات، بەڵام ئێمە لێرە، ئەگەر لەمە لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ژنان باش دیراسەی بكەن كە بڵێت يقع، ئەم تەڵاقە لەوسەریش ژنەكە ئیرسی بەرەكەوێت، من پێم وانیە ژنان ئستیفادە لەم تەعدیلە بكەن بۆ چی؟ خۆی

لەئەصلا تەسەرف المريض مرض الموت، ئەوە كاك شێروان وكاك عونيش باشی ئەزانن دەچێتە دەعوای عەدم نەفازی تەسەروفەوە، تصرف المريض مرض الموت، نافذ نيە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو كەسەی لەحالی مرض الموت دايە جائيزە پاش شەش مانگ بمرێت يان پاش ساڵێك بمرێت، عادەتەن ئەو كەسانەی كە هەست دەكەن مردن لەبەر ڕێگايانە پێی ئەچێت و ئەوە شەرحی من نيە و شەرحی فوقەهائەو شەرحی قانونيەكانە، ئەوانەی كە زۆر ئيشيان تيادا كردووە، تەسەروف بەماڵەكەی خۆی ئەكات، تەسەروفێكی لاشعوری پێ ئەكات، تەسەروفێكی نا مەسئوليانەی پێ دەكات، قد يجوز، پێش ئەوەی بمرێت هەموو ماڵەكەی وەقف بكات، يان هيبەی كات، يان بيبەخشێتەوە، يان بيكات بەناوی يەكێكەوە وباقی تری لێ مەحروم بكات، لەو كاتەدا تەسەرەفەكەی ئەو ئەگەر وابڕوات ئەچێتە تەسەروق ماليك خۆی كە بەماڵی خۆی حورە، بەڵام ئەم تەسەروق المريض مرض الموت، كە قانون لەپێشا وتويەتی لايقع، باشترە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لايقع، ژنەكەی ميراتی خۆی بەرئەكەوێت، بەڵام وەكو باسم كرد، ئەگەر بێت و ئێمە وەها بيهێڵين، ئەو كاتە حوكمی بابێك لەقانونی مەدەنی ئەوەستێنێت كە پێی ئەوترێت حوكمی دەعوای بوڵيسە، دەعوای عدم نفاذ التصرف، من پێم وايە ئەومادەيە بەوتەعديلە ئەڕوات، چونكە ژنان لێرەدا زەرەرمەند دەبن بەحەقيقەت، پياوەكە لەوانەيە ئەو ڕۆژە نەمرێت ئيحتيمالە پاش شەش مانگ بمرێت، پاش هەشت مانگ بمرێت، المريض مرض الموت، ئەبێت بەتەقاريری گبی بێت، دەبێت دكتۆر تەفسيری بكات، خۆ هەروەها گاڵتە نيە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

يەعنی پێت وايە ئەصلەكە باشترە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ئەصڵی مادەكە بكەين لەقانونە ئەصڵيەكە بەوە دەست پێدەكات: لايقع طلاق الاشخاص الاتية بيانهم، ئەگەر ئێمە فەقەرە دوو بەو شێوە نوێيەی پێشنيار كراوە بنووسين دەبێت ئەو مادەيە لابدەين، چونكە عينوانی مادەكە باس ئەو كەسانە دەكات كە، لايقع طلاقهم، تۆ لێرە دەڵێت: يقع طلاقهم، دەبێت يان ئەو مادەيە لابدەين يان بيكەين بەمادەيەكی سەر بەخۆ يان دەبێت بگەڕێنەوە سەر نەصە ئەصڵيەكە، ئەو نەصە نوێيە من تێبينيم لەسەری نيە، ئەگەر داواكارييەكی ليژنەی ژنانە، ڕێگای تێدەچێت وشتێكی تەبيعيە، بەڵام دەبێت لەناو ئەم مادەيە لابكەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەيەكی بەجێيە، چونكە ئەوە فيعلەن نووسراوە لايقع، دەبێت ئەوە هەر شەتب بكرێت، هەر نەمێنێت لەناو قانونەكە، كاك سەردار فەرموو.

**بەرێز سەردار صباح بۆزو هەرکی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینی کاك زانام هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم فەقەرەی یەکەم بڵێین: یەك، لایقع گلاق السکران والمجنون، هەتا ئەخیری، فەرقەرەی دوو بەو نەوعە بێت کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسیانە تەعدیل بۆ فەقەرەی دووەم هاتووە فەقەت، کاك کرخی فەرموو.

**بەرێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە دامان ناوە بەراستی بۆ حاڵەتێکی موعەیەنە، یەعنی فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە لەنشوزدا هاتووە، نشوز حاڵەتێکی تەبیعیە، یەعنی مرض الموت، تێدا نیە، ئەوەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین مرض الموت تێدایە، لەحاڵەتێکدا ئەگەر پیاوێك تووشی مرض الموت بوو، مودەکەیشی دیار نیە و ژنەکە هەجری کرد، ژنەکە وازی لێ هێناو خزمەتی نەکرد، باشە حەقە ئەو ژنە تەڵاقەکەی لێ نەکەوێت؟ کە وازی لێ هێناو لەوانیە تووشی دەردە سەری تریش دەبێت، لەوانەیە اضرار روودەدات، ئێمە حاڵەتەکە لێرەیە بۆیە باسی ئەوەمان کردووە، دەنا عیلاقەی بە نشوزەوە نیە، نشوز حاڵەتێکە هەردووکیان ساغن، مرض الموتي، تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فضیلة خان فەرموو.

**بەرێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەصڵی قانونەکەمە، مادەی (٣٥) وەکو خۆی بمێنێتەوە وتەڵاق نەکەوێت وەکو مامۆستا زانا ئیشارەتی پێدا ئەوە یەکەم، دووەم: بەراستی ئەو تەڵاقە ئەگەر بکەوێت، ئەو پیاوە نیەتی خراپە و حەزی لێیە ئەو ژنە مەحروم بکات لەمیرات، من لێرە ئیشارەت پێدەدەم لایەنگیری مەعنەوی زۆر گرنگترە لە لایەنگیری مادی لێرە، یەعنی خەزلێیە ئەو ژنە بژێتن باشترە لەوە، یەعنی ئەو تەڵاقە نەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەرێز محمد حکیم جبار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینی عامم هەیە، ئەو من و بانە، ئەوەی کە دوای خۆی مەجرور دەکات لەیاساکە هەمووی بەباش نەهاتووە، مەسەلەن: یوقف العمل بالمادة الرابعة والثلاثون والرابعة والثلاثين، منەکانی پێشتریش هەمووی

گۆڕاوە ئەگەر تەماشای بکەن وەکو تەنبیهێك بێت و هەمووی چاك بکرێت زۆر باشە، دووەم: ئەم قەزیە بەحەقیقەت هەردوو وەجهەکەی هەڵئەگرێت یان دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە سەر یاسا کۆنەکە ئەوە تەسبیت بکەین، یان بۆ ئەو فەقەرەیە شەرتێك زیاد کەین، (ترثه زوجته شريطة ان يموت الزوج في مدة عدة الطلاق)، ئەوە من ئەو پێشنیارەم هەیە ئەوەی بۆ زیادکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، برادەران قسەکانی منیان کرد، لایقع بێت باشترە، ئەگەر خۆیشی ئەو مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە یەك و دوو، چونکە ئەگەر یەکێك لێرەدا مەبەستی یەقەعیش بێت و لەگەڵ یەقەعەکەشا ناتوانێت وەریس بێت، ئەگەر تەڵاقەکەی کەوتبێت چون ئەتوانێت وەریس بێت، لایقع بێت باشترە، زۆر سۆپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دلێر محمد شریف.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئیەکەی کاك عمرم هەیە، بەراستی ئەم ماددەیە زەرورە ئەصڵەکەی وەکو خۆی بمێنێت، چونکە لێرەدا خۆی (ولم يكن فاقد التمييز)، ئەمە بوەتە معیار، ئەگەر لەو حاڵەتەیشدا ئەوەیش ئیجتیهاداتی لەسەر دروست دەبێت، قازی دەتوانێت تەحدیدی هەندێ حاڵەت بکات، ئیحتیماله بەتەمییز وای دانەناوە کەوا حاڵەتەکەی تەمییزی لەدەست داوە، لەبەر ئەوە بەقەناعەتم ئەوەی کە کاك عمر ئەیڵێت زۆر ڕاست دەکات، پێم وایە ئەوە باشترە بۆمەصلەحەتی ژنان و وەکو خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مادەی (٣٥) لەئەصڵی مادەکە چۆن هاتووە، بەو شێوە بمێنێت، بە یەك ودوو بێت، لێرە زۆر جوان هاتووە دەڵێت: تەڵاقی ئەو کەسانەی خوارەوە ناکەوێت، یەکەم: سەرخۆش و شێت و گێل و زۆر لێکراو وهەروەها بێهۆش کە بەهۆی تورەیی، یان کارەساتێکی کتوپڕ، یان گەورە تەمەنی، یان لەبەر نەخۆشی هۆشەکەی لەدەست دابێت، ئەوە یەکەمە، دووەم: دەڵێت نەخۆشێك لەنەخۆشی مردندا بێت، یان لەبارێکدا بێت کەنومێدی مردنی زاڵ بێت بەسەریدا، ئەگەرپیاوەکە لەناکامی ئەم نەخۆشیە یان ئەو بارە مرد، ئەوە

ژنەکە میراتی لێدەگرێت، بەهەمووشتێك بێت بەپێوەری مرۆڤایەتی بێت، یان بەپێوەری مافی ئافرەتیش بێت، ئەگەر ئافرەت تەڵاقی کەوت ئەوە میراتی ناکەوێت، لەچیا لەگەڵ مافی ئافرەتیشا خۆی دەگرێتەوە، بۆیە پێمان وایە ئەگەر تەڵاقەکە لایقع بێت ئەوە پێمان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەمەوێت لیژنەکان قسە بکەن، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی کە پرۆژەکەمان ئامادە کردووە، لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەپەرلەمان، ئێمە لەسەر ئەم ماددەیە هیچ مولاحەزەیەکمان نەداو دەستکاریشمان نەکردووە، بەڵام کە چوەتە ئەنجومەنی وەزیران بەو شێوەیە گۆڕیویانە، بۆیە ئێمە پێمان وایە هەردوو رەئیەکە، هەرکامێکیان بێت ئێمە پشتگیری لێدەکەین، ئەکسەریەت چی هێنا،چونکە ئێمە خۆمان لەئەساسدا دەستکاری ئەم مادەیەمان نەکردووە، بەڵام ئەمە لەئەنجومەنی وەزیران ئەو لایقع کراوە بە یقع، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرشتێکی تر نەبێت، ئێستا زۆر وازیحە، ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی پەرلەمان دەڵێن ئەمە موقتەرەحی تازەیە کە ئەصڵەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە نەك پرۆژەی حکومەت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو مەوزوعەی ئێستا بەڕێزان ئیسارەیان کرد، ئێمە لەگەڵ لیژنەی فقهی ئەو مەوزوعەمان زۆر باش باسکرد وپێشمان وتن کە جۆرە تەناقوزێك هەیە، چونکە مەعقول نیە نەصێکی ئەصڵی بڵێت: لایقع الطلاق لەوێ میرات بگرێت، ولەنەصی دووەم بڵێت: یقع الطلاق ومیرات نەگرێت، ئەمە تەناقوزێکی وازیح وسەریحە، هەر وەکو کاك عمر ئیشارەتی پێدا، بەڵام بەراستی ئەوان چوونە ئیختیلافی مەزاهیب ورەئیەکە بەو شێوەیە هات، منیش بەهەمان شێوە تەئییدی برادەران دەکەم کە لایقع کە راستتر ودروستترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر خیلافی نەبێت دەیخەمە دەنگەوە، خیلافت هەیە کاك سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت، کە قانونەکە کردوویەتی بە یقع الطلاق، یەعنی یقع طلاق المریض، حەقێك هەیە لەقانونی ئەحواڵی شەخصی کە دەڵێت: یقع الطلاق من کل زوج بالغ، عاقل، مختار، مستیقض، لەناو فوقەهاکان ئەو تەڵاقە پێی دەوترێت طلاق الفار، لەبابی سد الذرائع، لەوێ باس کراوە، بۆ؟ ئەو کابرایە کە تەڵاقەکە دەخوات

عاقڵەو مستيقضە، تەڵاقەکەی دەکەوێت، بەڵام لەبەر زەنە سەيئەکەی، لەبەر ئەو زەنە خراپەی کە هەيەتی کە دەيەوێت ژنەکەی ميراتی وەرنەگرێت، ئەو تەڵاقەی لەبەر هەندێ دەخوات، عقوبەتەن لەبەر هەندێ فقەها ناويان لێ ناوە، طلاق الفار لرد قصده السئ، دەبێت ميراتی لێ بگرێت، يەعنی ئەوە شتێکی مەسموح بهيە، لايق بۆ نابێت؟ لەقانونی مەدەنی ساڵێکی دياری کردووە، چونکە مرض، مرض الموت، ئێستا کە مردن بەدەست خوايە، کابرا نەمرد، قانونی مەدەنيش ساڵێکی بۆ ئەو مرض الموتة داناوە يەك ساڵ نەمردو ئەو ساڵە تەواو بوو، باشە چۆن تەڵاقی ناخەيت؟ ئاخر لێرە سرەکەی لێرە بەديار دەکەوێت، کە هەتا ساڵێك نەمرد، چۆن لەدوايدا تەڵاقی ناخەيت؟، ئەو رەئيە باشترە کە دەڵێت تەڵاقەکەی بخەو با ميراتەکەيشی وەربگرێت، حەقەکەيش هەر لەميراتەکەيە زياتر نيە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا انور فەرمووو.

**بەرێز انور محمد غفور:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت ئەو مەوزوعە، تەبيعی دوو برگەيە، مەسەلەی کەوتنی تەڵاق، مەسەلەی کەوتنی ميراتەکەيە، لەهەموو مەزهەبەکان، وەکو مامۆستا سعدالدين باسی کرد، تەڵاقی خواردووە کابرا و هۆشی لەسەر خۆيەتی ج مرض الموت بێت، ض او مايشابە ذلك وەکو مەسەلەی ئيعدام کردن بێت يان کابرا مەسەلەن لەناو بەحرێك، يان لەناو تەيارەيەك ئەزانێت وەزعەکەی وايە ئەوە تەڵاقەکەی دەکەوێت، مادام ئەو ئينسانە زاکيرەو فکری تەواوە، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئايا نيەتی ئەوەيە کە ئافرەتەکەی مەحروم بکات لە ميرات؟ وەکو مامۆستا ئيشارەی پێکرد، ئەگەر مەقسەدەکەی ئاوهابێت حەتمەن دەبێت ميراسەکەی بگرێت هەتا لەکن جەنابتان ولەهەموو مەزهەبەکان باس دەکات لە حەنەفيە، لەمالکيە، لەوانە، يەعنی ئەوە عقوبەيەکە، زۆر کەس هەيە مەسەلەن هەتا لەزەکاتدا، ئەگەر کەسێك نيەتی وابێت سەيارەيەك بکرێت يان خانوويەك بکرێت مەقصەدی فيرار بێت لەزەکات، زەکاتەکەی هەر لێ ئەکەوێت، يەعنی ئەوە زۆر شتمان هەيە لەشەريعەتدا لەو قياسانەی هەيە کە مادام کابرا نيەتی خراپ بێت، ئەوە يەك، دووەمين: ئەگەر بێت و تەڵاقی بکەوێت، عدەکەی جيايە، عدەکەی سێ مانگە، يان پلاپە قروئە يان سێ عادەيە، ئەگەر بێت و تەڵاقی نە کەوێت، ئەوە لەشەرعدا هەم ئافرەتەکە مانگێك و دەرۆژی تر زەرەر دەکات لەو عدەيەی کەهەيە، ئەبێتە حاڵەتێکی تر، لەبەر ئەوە لە هەموو مەزهەبەکان تەڵاقەکەی ئەکەوێت، بەڵام پێی ئەوترێت( تەڵاقی فار) و ميراتەکەی وەرئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەليل فەرمووو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منيش هەر ڕەئی مامۆستا سعدالدين و مامۆستا ملا انوەرم هەيە، بەس تۆزێك شەرحی ئەكەم، ئەمە ئەصلی ئەو مەوزوعە ئەو كاتە ڕوويداوە، كە عبدالرحمانی كوڕی عوف، ژنەكەی خۆی كە ناوی تەمازوڕ بوو تەڵاقيدا، ئەو كات هاتنە لای( ئيمامی عوسمان)، لەداخی ئەوەی وتی ئێوە دەوڵەمەندن زوڵم ئەكەن، تەڵاق ئەدەن تا ئەمە مەحروم بێت لەميرات، تەڵاقی خست، وتی لازميشە واريسيش بێت، چونكە نيەتی ئەو نيەتێكی خراپە، ئيجماعی صەحابەو تابعين، هەموو لەسەر ئەوەن، كە تەڵاقەكە دەكەوێت، چونكە لەسەر وەعيە، بەئيختياری خۆيەتی، بەڵام هەندێ شەرتی بۆ دادەنێت هەتا بڵێن فيعلەن ئەوە نەخۆشی مردن بێت، دووەم: ئەم تەڵاقە نە لەسەر تەڵەبی ژن بێت، نە لەبەر سەبەبی ژن بێت، سێيەم: ئەڵێت ئەم تەڵاقە پاش دخول بێت، ئەو كاتی تەڵاق دانە لەكاتی كامل وەعی بێت، ئەو كاتە تەڵاق دەكەوێت، بەڵام لە مەوزوعی ميرات خيلافێك لەبەينی فوقەها هەيە، ئايا موتڵەقەن ميراتی دەگاتێ ئان بەس ئەگەر مرد لەكاتی عەدەدا بێت، لێرە بەموتڵەقەنی وەرگرتووە مشرعی عێراقی، وتوويەتی (تريثه زوجه) ئەوە ڕەئی مالیكی و ئيبازيە، من ئەڵێم واببينێت موافقی عولەمايە و ئيجماعێكی عولەما لەسەری هەيە، فەقەت زاهری ئەڵێن ناكەوێت، لەبەر ئيرسەكە، ئيرسەكە ئێمە لێرەدا ئەڵێين ئەيگەيەنێ، ئينجا دواتر مونسەجيم تر ئەبێت، لەگەڵ ڕەئی فوقەها، ئەگەر بڵێين(يقع) ئيرسيش ئەمێنێت، ئيرسەكە بۆ دەمێنێت يەكێكی وەكو كاك شێروان ئەڵێت، ئەوە تەناقوز دروست ئەبێت، ئەگەر وتت تەڵاق مانای وايە تەواو بوو زەوجيە نەما ( يعامل بقصد السيء) ( يعامل على نقض قصده)وەكو قاتلی لێ دێت، چۆن يەكێك باوكی خۆی بكوژێت تا ميراتی بگاتێ، ئەوا لێرەدا مەحروم ئەبێت لەميرات، چونكە مانعێك هاتە كايەوە لەوەی كە ميرات وەربگرێت، ئەم تەڵاقەش وايە، چونكە ئەم ژنە تا لە ميرات مەحروم بێت لە ميراتەكە ڕائەكات، بۆيە بەو شێوە بمێنێت ئەوە شتێكی باشە، بەڵام ڕێك بخرێت لەگەڵ بيدايەتی ماددەكە هی ئەصڵ و تەرتيبی بكەين، ئەوەش صياغەيە و ئەتوانين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان پرسيارت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسيارەكەم ئەوە بوو، ترپ بۆ هەتاكەی يان وەكو شكلێكی موتڵەق هەركاتێ ئەو پياوە مرد، پاش تەڵاقەكە، يان مودەيەكی دياريكراوی هەيە، ئەوە بوو كاك خەليل جوابی دامەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسەی لەسەركرا، هەردووكيشی لەيەك نزيكن، هيچی تێدا نيە، پرۆژەكەی حكومەت حجەتێكی هەيە، با عەرزتان بكەم، حجەتەكەی لەوەدايە، ئەگەر نەخۆشی مردنيش بێت، خۆ فەقدی وەعی نەكردووە، تەڵاقی

ئەدات لەبەر هەر سەبەبێك بێت، بەڵام لێرەدا چونكە كابرا ئەو نەخۆشیەی هەیە، لەوانەی عاملی تری وەكو وەرەسە هەبێت، مومكینە ئینتیقام هەبێت، مومكینە ئیغرا هەبێت، وا بكات ئەو قەرارە بدات، یەعنی تەلاقەكە ئەكەوێت، ئەگەر وەعی هە بێت، بەڵام وا نابێت كە ژنەكە لە وەرەسە مەحروم بێت، مەبەست لەوەدایە، ئەو صیغە تازەی كە حكومەت ناردوویەتی بۆ ئەوەیە كە تۆ ناتوانیت رێگە بگریت لەتەلاقدان، ئەگەر نەخۆشیش بێت بەس مادام وەعی هەیە، بەس ئەو نەخۆشە نەكەوێتە ژێر تەئسیراتی دەرەوە، هی خزم و كەس، هی منداڵ، چونكە بەپێی قانون ژنەكە لەژێر ئەو تەئسیراتانە تەلاق نەدات، بۆ ئەوەی لە تەوزیعی تەریكە ئەو فەرق و جیاوازییە هەبێت، ئەو صیغە دانراوە( یقع الطلاق) بەڵام وەرەسەكە وەری بگرێت، من پێم وایە حوجەتەكەیان لەوەدایە چونكە ئەساسەكە ماوە، هەدەفەكە ئەوەیە كەژنەكە مەحروم نەبێت لە میراسەكە، ئەگینا لەكاتی مردندا من نازانم زۆر دوور نین لەیەكتری بەحەقیقەت، یەعنی جیاوازییەكە تەنها ئەوەندەیە كەمەعنەوییە، تەلاقەكە دەكەوێت یان ناكەوێت، مادام میراسەكە ئەمێنێتەوە، شتەكە تەنها مەعنەوییە، بەڵێ كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك تەوزیح لەسەر ئەو قسانەو ئەوەی كاك خەلیل، ئەسبابی میراس چیە، ئەسبابی ئیرس( قەرابە و نیكاحی صەحیحە) ئەگەر هاتو عیلاقە زەوجیەكە نەما، چۆن دوای ئەوە ژنەكە میرات وەردەگرێت، ژن لێرەدا زەرەرمەند ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەزانین ئەسبابی میراس ئەوەیە كە كاك عومەر دەیڵێت، بەڵام ئیستسنایە، ئەمە عقوبەدانە بۆ ئەو پیاوەی كە ئەیەوێت زەرەر لەژنەكەی بدات، وەرە تەسەوری حاڵی ژنێك بكە، كە پیاوەكەی لە نەخۆشیدایەو تەلاقی ئەدات، ئینجا ئەو ژنە تەلاقی نەكەوێت،ساڵێك چاوەڕێ بكات، لەو موعاناتەی چ لەماڵی باوكی بێت، چ لەماڵی مێردی بێت، پیاوەكە دەری كردووە، یەعنی ناكرێ تەلاقی نەكەوێت، دەبێ تەلاقی بكەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی بەڕای من زۆر فەرقی نیە، هەردووكی ڕاستە، من لەبەر ئەوەی دوو موقتەرەحە، موتقەرەحێكی حكومەت، كەڕەچاوی ئەوەی كردووە واقیعی ترە، ئەوی تریش ئەگەر هەر وەكو خۆشی بمێنێتەوە، لە نەتیجەدا ناگۆڕێت، بەڵام حكومەت كە دەڵێت تەلاقەكە دەكەوێت، موهیم ئەوەیە تەئسیری سلبی نەبێت ئەو تەلاقە لەسەر ژنەكە، تەنها ئەوەندەیە، من یەكەمجار موقتەرەحی حكومەت دەخەمە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئینجا ئەوی تر، ئێستا كێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێ لەگەڵدا نیە؟

بەزۆرینە لەگەڵ ڕەئی موفتەرەحی حکومەتن، زۆر سوپاس، ماددەی سی وحەوت لە قانونەکە کە دەبێت بە ماددەی پانزە، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یوقف العمل بالفقرة (٢) من المادة السابعة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

لايقع الطلاق المقترن بعدد لفظاً او اشارة الا واحدة ولا يقع طلاق المعتدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەکان فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو برگەیە پشتگیری لە پرۆژەکەی حکومەت ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان، فەرموون.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لەپرۆژەکەی حکومەت ئەکەین بۆ ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ، فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە هەموو لیژنەکان لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەت بن، دیارە بە ئیجماعیش ڕاتان لەسەرە، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی سی وهەشت، تکایە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یوقف العمل بالمادة الثامنة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

١-رجعي/ وهو كل طلاق بعد الدخول للمرة الاولى او الثانية على ان لايكون عوض(خلعاً) ولا للمرة الثالثة وحكمه هو ان للزوج مراجعة زوجته اثناء عدتها منه دون عقد جديد.

٢-لايعتبر الطلاق الرجعي فكا لعصمة الزوج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەکان تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی پانزەی پرۆژەکە أما فیما یتعلق بالمادة الثامنة والثلاثین فأن اللجنة المشترکة تری الابقاء علیها لوضوح احکامها وکونها اکثر دقة مما هو وارد في المشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ڕەئیێکی تازەتان هەیە، بەیەکەوە ئیتیفاقتان کردووە، ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەو برگەیە زیاد بکرێت، علی ان تتوافر رغباتهما في الاصلاح یان بقصد الاصلاح وعدم الاضرار بها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان، فەرموون.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئیزافەی ئەو جوملەی پێشەوەین، (علی ان تتوافر رغبتهما علی الاصلاح)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەکۆبوونەوە موتەفیق بووین، لەگەڵ ئەو ڕەئیەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەکان ڕەئیان وایە کەوا ئەصڵی ماددەکە باشترە، واتە ئەصڵی فەقەرەکە، تەنها یەك ئیزافەیان هەیە لەفەقەرەی یەکەم کەنووسراوە، نوقتەی نیزامی هەیە کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێت یوقف العمل بالمادة الثامنة والثلاثون، خۆ الثامنة والثلاثون، تەنها باسی تەڵاقی ڕەجعی ناکات، باسی (بائنا بینونة صغری والکبری) ئەکات، ئەگەر وابێت ئێمە ئەو دوانەشمان ڕاگرت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر باسیانکرد جوابیشیان دایەوە، ئەوە گۆڕانکاری تێدا کراوە، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە سەبارەت بە برگەی (١)ەم تەلاقی ڕەجعی، ئەوە زۆر باسکراوە، لەو کۆبوونەوە هاوبەشەشدا کە جەنابی دکتۆر زەڵمیش لەوێ بوو، وەختی خۆشی باسکرا، ئێمە پێمان لەسەرداگرت کەوا موافەقەتی ژنی لەسەر بێت بۆ کاتی گەڕانەوە، هەر جانبێکی ئیعتیبارییە، یەعنی جانبێکی ئیحترامە، ئیتیفاقکرا کە ئیرادەی موشتەرەك بێت، یان ئەم فەقەرەی کە ئێستا دانراوە، لەبەر ئەوە قسە لەسەر قانونەکە نەبووە، قسە لەسەر پرۆژەکەی حکومەت بووە، جەنابیشتان لەوێ بوون و برادەرانیش زۆریان لەوێ بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی شەرحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزە بکەین لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان تەقدیم کرد لەسەرەتا، ڕەئیان وایە، کە پرۆژەی حکومەت وەرنەگیرێت، ئەصڵی قانونەکە بمێنێتەوە، بەڵام پاش کۆبوونەوە لەبەینی هەر چوار لیژنەکە بەسەرۆکایەتی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئیتیفاق کرا، لە مەوزوعی تەلاقی ڕەجعی ئەو مەوزوعەی کە ئێستا خوێندرایەوە ئیزافە بکرێتە سەر ئەو فەقەرەیە بەتەنها، وا بزانم ئەوەش ئیتیفاقمان لەسەر کرد برادەرانیش ئاگادارن، جوملەکەش ئەوەیە (علی ان تتوافر رغبتهما علی الاصلاح)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر قسە لەسەر ئەمە کرا، ئەگەر بێین تەماشای قانونەکە بکەین، تەلاقی ڕەجعی تەعریف نەکردووە، تەنها ئەوەندە نەبێت، (وهو ماجاز للزوج مراجعة زوجته) بەڵام لە مەشروعەکەی حکومەت ئەڵێت(وهو کل طلاق بعد الدخول للمرة الاولی او الثانية علی ان لایکون عوض(خلعاً) ولا للمرة الثالثة وحکمه هو ان للزوج مراجعة) تا کۆتایی ئینجا حوکمەکەی ئەڵێت، واتە قانونەکە تەنها حوکمی تەلاقی ڕەجعی ئەڵێت، لەبەر ئەوە ئەمەی پرۆژەکە زۆر زۆر دەقیقترە و وازحترە، لەگەڵ ئیزافەی ئەو عیبارەتەی کە دکتۆرە رۆژان خوێندیەوە، بۆ فەرقەکەشی ئەوەتا بیخوێننەوە تەنها حوکمەکەی ئەڵێت، ( الرجعي/ وهو ماجاز للزوج مراجعة زوجته)تا کۆتایی، بەڵام لێرە باسی کردووە کەچیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن لەدانیشتنی پێرێ ئەو مەوزوعە زۆر موناقەشە کرا، نەصی مەشروعەکەش نیقاشی لەسەرکرا، ئەصڵی ماددەکەش کەلە ئەصڵی قانونەکە هاتووە موناقەشەی لەسەرکرا، ڕەئی مامۆستا زەڵمی وئەوان وابوو، پێویستە پێشتر ئێمە حوکمەکە دەست نیشان بکەین بەنیسبەت تەلاقی ڕەجعی و ئەوانە، پاشان مەسەلەی تەلاقەکە بێتە کایەوە، تەعریفی بکەین، کە تەلاقی ڕەجعی چیە؟، بەلام دوای ئەوەی کە گفتوگۆیەکی زۆر کرا و ئەوەش مەداری باس نیە، ئێمە لەنەصی ئەصڵی هەتا ئێستا هیچ موشکیلەیەکمان نەبووە، چ بەنیسبەت تەلاقی ڕەجعی و چ بەنیسبەت تەلاقی بائینی کبراو صغراش، بۆیە ئەو نەصەی کە کاک عەونی ئیشارەتی پێدا، ئەوە هاتە ئاراوە کە لە تەلاقی ڕەجعی فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، لەسەر ئەو مەبدەئەش ئێمە ئیتیفاقمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان، ئەگەر ئێمە ئەو جوملەیە ئیزافە بکەین، ئیعتزازتان لەسەری چی دەبێت هی ئەصڵەکە، یەعنی چ زەرەرێکی هەیە، لەبەر ئەوە ئەصڵەکە تەفسیری تێدایە، ئەگەر ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێت کە ئیتیفاقمان لەسەری کرد، کاک محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: ئەوەی لە پرۆژەی حکومەت هاتووە، هەمووی زیادە، مەسەلەن، الطلاق الرجعي/ وهو کل طلاق بعد الدخول، خۆی تەلاقی ڕەجعی هەر بعد الدخولە، چونکە لەپێش دخول هەمووی بائینە، دووەم: خولع خۆی خولع تەعریف کراوە، ئینجا( طلاق بینونة الکبری) ئەویش خۆی لەدوایدا تەعریف کراوە، ئەمانە هەمووی زیادە، نەبێ بڵێت( طلاق الرجعي/ وهو ان للزوجە مراجعة) ئەوە هەمووی زیادە، قبل الدخول ئەوەش هەمیشە بائینە، یەعنی لەهیچ حاڵەتێکدا نابێتە ڕەجعی، ئینجا دووەمیش خولع دوایی هاتووە، تەعریفی ئەکات، لە فەقەرەی دوای ئەمەدا باسی خولع ئەکات و تەعریفی ئەکات، ئەمیش هەر زیادە بۆ لێرەدا باسی بکات، ئەمەی ئەصڵی ماددەکە بەقوەتترەو کورت تریشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەسەلەی ئەوەی کەخولع، لەگەڵ تەڵاقی ڕەجعیدا هاتووە، ئەو ڕەئیەی کاك محمد فەرەجم هەیە زۆر ڕاستە، چونکە ئەوە تایبەتە بەتەڵاقی ڕەجعی ئەوەش هەر عادەتەن هەر بعد الدخولە، واتە تەڵاقی ڕەجعی ئەوەیە کە عادەتە پاش ئەوەی پیاوەکە تەڵاق ئەدات، دوایی ئیعلانی ڕەجعی خۆی ئەکاتەوە، بۆ ئەوەی ژنەکە بهێنێتەوە ژێر عصمەتی خۆی، بەڵام من یەك مولاحەزەم هەیە، لەم تەڵاقی ڕەجعیەدا، تەڵاقی ڕەجعی ئەگەر بێینەوە سەر شەریعەتی ئیسلامی وبێینەوە سەر ئارائی فوقەهاو قانونیش هەر هەمووی، لەبەر ئەوەی عەقدی زەواج لە ئەصڵدا لەو عەقدانەیە کەپێی ئەوترێت، عقد ملزم للجانبین، کە دوو ئیرادە تەحەقوقی کردووە، بە روکنی ڕەزامەندی دێتە دی، ئەمە شەرعەن لە ئەصڵدا عەقدی زەواج عەقدی دوو ئیرادەیە، نەك بە ئیرادەیەکی مونفەریدە ئەو عەقدە هەڵبوەشێتەوە، بەو مانایەی ئەم تەڵاقە ڕەجعیە کە ئەدرێت، واتە کابرای مێرد کەتەڵاقی ڕەجعی ئەدات، دوایی ئیعلانی ڕەجعی خۆی ئەکات لەبەردەم دوو کەسدا، ئەڵێ ئیعلانی ڕەجعی خۆم کرد بۆ ئەوەی ژنەکە بێتەوە ژێر عیصمەتی خۆم، من پێم وایە ئەمە ئیرادەی مونفەریدە، لەبەر ئەوەی عەقدی زەواج لەو عقودانەیە کە دوو ئیرادە تەحەقوق ئەکات، وە ئیجاب و قبولی تێدایە، پێویستە لە تەڵاقی ڕەجعی روکنی ڕەزامەندی وەکو لە ئەصڵدا هەیە، بەنیسبەت ئیبرامی عەقدەکە، کە دەبێت رەزای زەوجە هەبێت، یەعنی ئەوەی کە ئێستا دکتۆرە رۆژان خوێندیەوە بە دوو ئیرادە، واتە بە روکنی رەزای ژنەکە ئەو تەڵاقە بگەڕێتەوە، بەتەنها بەیەك ئیرادە نابێ تەحەقوق بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی ئەگەر جوملەیەك لابەین فەقەرەکە وای لێ بکرێت( طلاق الرجعي/ وهو ماجاز للزوج مراجعة زوجته اثناء عدته على ان تتوافر رغبتهما في الاصلاح) ئەوە ئیتیفاقمان کرد لە چوار لیژنەکە، ئێستا ئەوە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەسی لەگەڵدا نیە، ئەوەی دووەمیش وەکو ئەصڵەکە ئەمێنێتەوە، بۆ ماددەی سی و نۆ، تکایە ئەصڵی ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو کاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن پەخش ئەکرێت ئەو دانیشتنە، پەیوەندیشی بەهەموو تاکێکی کوردستانەوە هەیە، بە هەموو خێزانێکەوە هەیە، ئەگەر بەکورتیش بێت پێش ئەوەی بخرێتە دەنگەوە بکرێت بەکوردی ئەوە شتێکی باشە، بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات، هەندێجار ئێمە بەکوردی قسە ئەکەین بەپێچەوانە دەخوێندرێتەوەو قسەی تری لەسەر دەکرێت، ئینجا ئەگەر بەعەرەبی بێت ڕەنگە خەڵك بەغەڵەت لێی تێبگات، بۆیە واباشترە بکرێتەوە بەکوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕاستە، بەڵام ڕۆژانی پێشتر ئەو تەلاقی ڕەجعیەمان زۆر باسکرد، برادەران باسیان کرد، من ئەوەی پێشتر کە نشوزەکە بوو، خەڵکێکی زۆر ئیتیصالیان بەمن کرد وتیان نازانین نشوز چیە؟ مانای چیە؟، لەبەر ئەوەی کە ئیشی منیش نەبوو بووم بە موتەرجم، شەرحم کرد، هەر ماددەیەك کە بزانم خەڵکەکە تێناگات وا دەکەم، بەڵام لەدانیشتنەکانی پێشوو تەلاقی ڕەجعی باسکراو دوایش باوە خەڵك ئەزانێت مانای چیە؟ دووەمیش: ئێستا ئاماژەتان پێکرد، لەبەر ئەوە بوو وتم با کاتەکەتان نەکوژم، ئەگینا قسەکەت ڕاستە، هەموو ماددەیەك ئەبێت بەکوردی شەرح بکرێت، دەبوایە ئەصڵەن پرۆژەکە بەکوردیش هەبێت، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری ئەویست، لەوانەش بوو لەسەر وشەی کوردی ئیتیفاق نەکەن بەو ئاسانیە، بۆیە بەجێمان هێشت تا قانونەکە دەربچێت، دوایی تەرجومەی بکەن، ئێستا ماددەی سی ونۆ ئەصڵەکەی بخوێننەوە دوایی ڕای لیژنەکان.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یوقف العمل بالفقرة(٢) من المادة التاسعة والثلاثين ويحل محلها مايلي:

٢-يلزم الزوج بوضع مبلغ من المال بقدر مساهمته في الانفاق على الاسرة لفترة ٣ اشهر في صندوق خاص لرعاية الاسرة عند رفعه دعوى الطلاق.

وتضاف هذه الفقرة الى المادة التاسعة والثلاثون:

٣-تلتزم الدولة برعاية المراة المطلقة التي لاتملك دخلاً شهرياً وتخصص مبلغ شهري لها من قبل الرعاية الاجتماعية ولغاية ايجاد فرصة عمل لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەکان تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی شازدەی پرۆژەکە ( اولاً- يوقف العمل بالفقرة(٢) من المادة التاسعة والثلاثين من القانون ويحل محلها مايلي: يلزم الزوج بوضع مبلغ من المال بقدر مساهمته في الانفاق على الاسرة لفترة ٣ اشهر في صندوق خاص لرعاية الاسرة لدى المحكمة عند رفعه دعوى الطلاق. لەو برگەیە تەنها وشەی (لدى المحكمة) مان زیاد کردووە، ئەویش بۆ ئەوەی مافەکەی زیاتر مسۆگەر بکرێت، واتە پارەکە لەلای مەحکەمە ئیداع بکرێت، ٣-( اذا طلق الزوج زوجته) ئەو برگە سێیەش هەمان برگەیە کە لە ئەصڵی قانونەکە هەیە، لە پرۆژەی حکومەتدا نیە، ئێمە بەباشمان زانی ئێستا وەکو دەیخوێنمەوە بۆ بەڕێزتان ڕوون ئەبێتەوە، کەچەند لەبەرژەوەندی تەرەفی عەقدی زەواجە، بۆیە بەباشمان زانی کە ئەو برگەیە هەر بمێنێتەوە لەئەصڵی پرۆژەی حکومەت نەهاتووە، ٣- اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعاسف في طلاقها وان الزوجة اصابها

ضرر من جراء ذلك يحكم المحكمة بطلب منها لمطلقها بتعويض يتناسب حالتها المالية ودرجة تعسفه يقدر جملةً على ان لاتقل عن نفقتها لمدة سنتين ولا تزيد على ثلاثة سنوات، علاوة على حقوقها الثابتة الاخرى)، برگەی چوار هەمان برگەیە کە لە پرۆژەی حکومەت هاتووە، ٤- تلتزم الدولة برعاية المراة المطلقة التي لاتملك دخلاً شهرياً وتخصص مبلغ شهري لها من قبل الرعاية الاجتماعية ولغاية ايجاد فرصة عمل لها. یەك ڕوونکردنەوەم هەیە سەبارەت بە برگەی سێ، ئەوەی لە ئەصلی قانونەکەدا هاتووە لەسەر برگەی سێ ماوەکە، ماوەی نەفەقەکە دوو ساڵە، لەو پرۆژەیە کراوە بەوەی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت، ئێستا دادگاکان بەو شێوەیە کاری پێ ئەکەن، چونکە لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١ یاسای ژمارە (٨) دەرچوو، قانون التعسف في الطلاق، کە لەماددەی یەکەم ئەو شتەی ڕوونکردووەتەوە کە مودەکە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت، هەمان یاسایە کە ئێستا دادگا پەیڕەوی ئەکات، ئێمەش کردوومانە بەبرگەیەو زیادمان کردووە لەو ماددەیە، چونکە ئێستا کار بەو برگەیە ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ مەشروعەکەین لەم حاڵەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ مەشروعەکەین و ئەو ئیزافەی لیژنەی قانونیش، فەقەرەی سێ کە لێرەدا هاتووە، لە مەشروعەکە لانەبراوە، چونکە ئەڵێت(یوقف العمل بالفقرة(٢) من المادة التاسعة والثلاثين) بەڵام کە ئەڵێت(وتضاف هذه الفقرة الى المادة التاسعة والثلاثون) یەعنی ڕەقەم سێی داوەتێ ئەوە پەیوەندی بەوەوە نیە، چونکە فەقەرە سێ هەرماوە، ئەمە یەك: دوو: بەنیسبەت فەقەرەی سێوە، ئێمە بەڕاستی لە حوکمی نشوزدا کە ئێستا بۆ پیاویش هاتووە، دڵەڕاوکێیەك هەیە کە پیاو نەهێڵێت بگاتە ئەوەی کە ناشز بێت، تەڵاقی بەدەستە بچێت تەڵاقی تەعەسوفی بکات، بۆ ئەوەی ڕێگا لەوەش بگیرێت ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠١ تەعدیلی کردووە، لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و لەسێ ساڵیش زیاتر نەبێت، ئێمە پێشنیار ئەکەین کەوای لێ بکرێت، لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت، ئەوە بۆ ئەو فەقەرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی ئەوە شتێکی زۆر چاکە ئەو موقتەرەحە، فەرموو پەخشان خان تەواوی بکە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا لەو حاڵەتەش بەعزێك ئیجرائات هەیە ئەبێ بکرێت، چونکە بەڕاستی کاتێك کە تەڵاقەکەی بەدەستە، نایەوێت حوکمی نشوز بکات، ئەچێت تەڵاق نەدات، ئێستا نەفەقە روبعی مەعاشە، هی پیاو مەعاشی ئەصڵی بەبێ موخەصەصات وشتە ئەبێ ئیعادەی ئەزەر بەوەشدا بکرێتەوە، ئەبێ ڕێگا بگیرێت لە بەعزێك حیەلی شەرعی کە ئەکرێتە ماڵ ئەفرۆشێ، شت ئەکات هەتا دوایی، ئەمانە کۆمەڵێك شتن کە ئەبێ ڕەچاو بکرێت، لە برگەی سێی ماددەی سی ونۆ کە عیلاقەی بەتەڵاقی تەعەسوفیەوە هەیە، تەڵاقی تەعەسوفی بەدەست پیاوە، ئێستا حجەیەکی بەقوەتتریشی هەیە، ئەفەوەن ئەوە بەخراپ ناڵێم کەمەسەلەی نشوزە، یەعنی زۆر زەحمەتە تا ڕادێت، لەگەڵ ئەوەی کە ناشز بێت، یەکسەر ئەچێت پێش ئەوەی ئەو حوکمەی بۆ دەربچێت، ئەچێت تەڵاقی تەعەسوفی ئەدات، بۆ ئەوەی ڕێگا لەوە بگیرێت دەبێ نەفەقەکەی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، من بەغەڵەت وتم سێ ساڵ ئەوە ڕەئی لیژنەکەیە، حەتا ئیعترازیش هەیە لەسەر ئەوەی کە ئێستا نەفەقە چۆن ئەبرێت، ئێستا روبعی ڕاتبی پیاو ئەبرێت لێی بۆ نەفەقە، بەس مەعاشەکەی بەبێ دەرماڵەو شتی تریش، ئەبێ ئەوەش تەعدیل بکرێت، ئەبێ ڕێگاش بگیرێت لەهەر حیلە قانونیەك کەبکرێت، ماڵ بفرۆشێت نازانم چی بکات بۆ ئەوەی نەفەقەکەی زۆر نەیەتە سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خیلاف فەقەت لەسەر مودەکەیە، کاك عەونی فەقەرەیەك هەیە حەز ئەکات تەوزیحی پێبدات، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی خوشکە پەخشان کە ئەڵێت پیاو حەقی تەصەڕوفی نەبێت لە موڵکەکانی، بۆ ئەو ماوەی پێش تەڵاقدان یان هەر وەزعێك بێت، ئەو بابەتە لە قانونی مەدەنی موعالەجە کراوە لە ماددە( ٢٦٣ هەتا ماددەی ٢٦٧) لە بابی (دعوی عدم النفاذ من تصرف المدين في حق الدائن) واتە پیاوێك، ئەگەر ژنەکەی خۆی تەڵاقدا، مەبەستی ئەوەیە کە پیاوەکە قەرزار دەبێت کە قەرزاریش بوو، ئەحکامی موعالەجە کراوە کە هەر تەصەروفێکی قانونی بکات، مەبەستی ئەوە بێت خۆی ئەجات بدات لە قەرزەکەی ئەوە ڕێگای لێ گیراوە بەپێی ئەحکامی قانونی مەدەنی، دووەم: من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئەو ماددەیە، کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، هەر پیاوێك ئەگەر هاتوو ژنی خۆی خارجی مەحکەمە تەڵاق بدات، غەرامە بکرێت لە ٥٠٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت لە ملیۆنێکیش زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو مەسەلەی کە نەفەقەی ژن ئیزافە کراوە، لە صندوقی ریعایە بێت یان هەتا هەلی دۆزینەوەی کارێك بۆی، یان جارێکی تر شوو بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەو پرسیارە بوو کە پەخشان خان جوابی دایەوە، کە حکومەت ریعایەی ئەو ژنە بکات، هەتا هەلی کاری بۆ ئەدۆزێتەوە، لەحاڵەتی شووکردنەوە، پرسیارەکەم ئەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەت بەجێ بوو، باش بوو جوابی دایەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە ئەصڵی مەشروعەکە کە ئەڵێت (یلزم الزوج بوضع المبلغ) ئەوە باس لەوە ئەکات ( عند رفعە دعوی الطلاق) ئەو عیبارەتە چیە؟ ( عند رفعە دعوی الطلاق)پیاوەکە رەفزی دەعوای تەڵاق بکات، خۆ ماددەی (٤٠ — ٤١)حەقی داوە بەژن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی پەخشان خان ئەکەم، بۆ چاککردنی بوارەکانی نەفەقەو گۆڕینی، لەگەڵ سەردەمدا، ئێستا خومسی ئەدەن بەژن ئەك روبعی، کاك عومەر ئیشارەتی بۆ کرد وتی خومس ئەدەن، ماڵ وموڵکەکەشی هەمووی ئەفرۆشن، کەسیش ناتوانێ پێی بڵێ تۆ وات کردووە، ئەیکات و بەردەوامیشە لەکردنی پیاو، چونکە ئەزانێت کەس بەدوای ئەم مەوزوعەدا ناچێت، لەبەر ئەوە ئێمە داوا ئەکەین، لێرە لەجەنابتان ئەو ئیقتراحانەی کە خاتوو پەخشان کردی، بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، مەوزوعی نەفەقە چاکبکرێت، ئەو ماددەیەش کە کاك عەونی باسیکرد، ئەو نەصە بخرێتە ناو ئەم یاسایەوە، بۆ ئەوەی بەو جۆرە مامەڵە نەکرێت، لەگەڵ ژندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەی کەهاتووە، ئەڵێت (یوقف العمل بالفقرة(٢) من المادة التاسعة والثلاثین) و، لێرەش باس ئەکات، (فی صندوق خاص لرعایة الاسرة)، ئێمە پشتگیری لەوە ئەکەین، تەبعەن فی صندوق خاص لرعایة الاسرة ئەبێ بەقانونێك تەنزیم بکرێت، ڕاستە ئەوە حکومەت وەعدی داوە، بەڵام قانون بەوەعد ناچێتە سەر، دەبێ ئێمە لێرە جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کەیان لێرە بنووسرێت ینظم ذلك فی القانون، یان بەشتێکی تر بێت، یان دەبێت ئێمە یەکسەر دوای ئەوە داوا لە حکومەت بکەین، یان خۆمان لەپەرلەمان یاسای سندوقی خێزان دابنێین، بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت، چونکە قانون بەوەعد دانادرێت، ڕاستە حکومەت وەعدی داوە، زۆر جەخت دەکەین کەئەو سندوقە پێویستە بەعەمەلی هەبێت، نەك بەقسە لێرە هاتبێت، ئەوە خاڵی یەکەم: خاڵی دووەم: بەنیسبەت تەلاقی تەعەسوفی بەڕاستی ژن تا ئێستا زۆر زەرەرمەند بووە، لەوەی کە وەری دەگرێت، بۆیە تا زۆر بکرێت ئێمە پشتگیری لێ ئەکەین، کە بەڕاستی ئەگەر لێرە باس لە ماڤی ئافرەت بکەین، ئافرەت لێرەدا ماڤی دەبێت، کە لە تەلاقی تەعەسوفی بەمودەیەکی زۆر مەسەلەن لەجیاتی ئەوەی دوو ساڵ بێت بکرێت بە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و حەتا، ئەگەر زیاتریش بێت ئەوە لە مەسەلەحەتیدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەوەندەم هەیە، کە ئیزافەیە پەخشان خان لەکاتی دانیشتنی لیژنەدا، لە بیری کرد هەرچەندە دووبارەشی کردەوە، کە ئەڵێت ئەو ژنە با موتەڵەقەش بێت، یەعنی دەوڵەت پارەی بۆ ببڕێتەوە، هەتا شوکردنەوەی دووەمی، ئەوە با جەختی لەسەر بکەین وبیرمان نەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی یەکەمم: لە برگەی دووەم، (بقدر مساهمته فی الانفاق علی الاسرة) بەپێی ئەو تەعدیلاتانەی کە لەماددەکانی پێشوو کردوومانە، لێرە دەبێ لابچێت، چونکە ئینفاق لەسەر خێزان هەمووی لەسەر پیاوە، بۆ لێرە کەمێکی لێ وەربگیرێت، بازۆری لێ وەربگیرێت پیاوەکە، ئەو تەعدیلە لێرە نابێ بمێنێت، چونکە ئێمە

حاڵەتی زەوجی موعسیرەمان لابرد، ئینسیجامەن لەگەڵ ئەو تەعدیلاتانەی پێشوو، تێبینی دووەم: برگەی سێیەم کە دەڵێت: وتخصص مبلغ شهری لها بکرێت بە یکفیها، یا دیاربێت حکومەت بە ٣٠ هەزار دینار ڕازی نەکات، وەکو لە چاودێری کۆمەڵایەتی ئەوە هەیە، مبلغ شهری یکفیها، ئینسانێك چەندی پێویستە بۆ مانگێك یا شتێکی دیاریکراو هەبێت، سەبارەت بە تەڵاقی تەعەسوفی کە پەخشان خان پێشنیار ئەکات، لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، یا بڵێین پێنج ساڵ ئەو زواجها ئەبینین لە خیلالی ساڵێك قیسمەتی هەڵ دەستێت و شوو نەکات، یا ئەو عقوبەی لەسەر نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من لەسەر برگەی یەکەم، لەسەر ڕۆشنایی ئەوە پرسیارێکم هەیە، کەلە مەحکەمە تەسجیل ئەکرێت، جا نازانم پرسیارەکەم لێرە جێگایەتی یان نا، بەلاّم هەر وەکو پرسیار لە لیژنەی قانونی ئەیکەم، کە لە مەحکەمە تەسجیل ئەکرێت، دەچنە دائیرەی ئەحوالی مەدەنی، لەوێشەوە خانەی ئەو ژن و مێردە جیا ئەکرێتەوە، هەویەی ئەحوالی مەدەنیان بۆ دەردەکرێت، لە هەویەکەی ژنەکە ئەنووسرێت، لەوێ حالەی زەوجی تێدایە، ئەنووسرێت موتەڵەقە، ئێستا ئێمە ژنیشمان تەفویز کرد بە تەڵاق، ئایا لێرە بۆ مێردەکەش ئەنووسرێت موتەڵەق، لە کوردی دەنووسرێت سەڵت و خێزاندار، شتێکی جوانە لەوێ ناکرێ شتێك بنووسین بێ ژن و بە ژن بێت، ئەوە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونەن ئەنووسرێت، بۆ پیاویش ئەنووسرێت موتەڵەق، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەزانی چۆنە من لە موحامیەکانم پرسیوە، ئەوان ئەیان بینیوە، لە هی ژنەکە ئەنووسرێت موتەڵەقە، ئەوە گرفتی ئیعتیباری زۆر بۆ دروست ئەکات، ئێستا هی پیاویش ئەبێت، ئەگەر ئەوە وەکو کوردیەکە بە سەڵت و خێزاندار بنووسرێت باشتر نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حەکیم قسەت کرد وانیە؟، دەی باشە فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من قسەیەکم هەبوو، کاك عومەر کردی و بۆمان ڕوون بوویەوە، ڕەفز نیە ڕەفعە، بەس ئەو پێشنیارەی کاك عەونی من پێم وایە، ئێمە ئەو میللەتەی خۆمان فێری ڕاست گۆیی بکەین، فێریان نەکەین کە تەحایل

لەقانون بکەن، تۆ کە عقوبەت دانا ئەو ژن و پیاوە، ئەگەر ڕازی بن تەڵاق لەیەکتری وەربگرن و جیا ببنەوە، ئەوە لەبەردەم حاکمدا، حاکم ئەپرسێت تەڵاق دراوی یان تەڵاقتان کەوتووە، ئەویش بۆ ئەوەی عقوبە نەدرێت دەڵێت نەخێر فەرموو ئێستا تەڵاقی دەدەم، ئەوە پێم وایە نەختێك ڕاستگۆیی تەنمیە ناکەینەوە لەناو کۆمەڵگای خۆمان، شتی دژەکەی زیاتر پەرە پێ ئەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان تەوزیحێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشوودا چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئەوەی بیرم مابێت، دکتۆرە هالەو کاك بارزانی حەمەی مینە بوو، مەسەلەیەکیان باسکرد، کە هەر پیاوێك لەدەرەوەی مەحکەمە ژنەکە تەڵاق بدات، غەرامەیەکی بۆ دابندرێت، ئێمەش وەکو لیژنەکەمان پشتگیریمان کرد، بەڕێزیشتان پێتان ڕاگەیاندین کە لێرە باسی بکەیت، هەر بۆ بیرخستنەوە ویستم پێتان ڕابگەیەنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە کاك عەونی باسیکرد، وەعدەکەمان بەجێهێنا، یەعنی وانەبێت ئێمە لەبیرمان چووبێت، ئێستا فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند روونکردنەوەیەکم هەیە سەبارەت، بەو پێشنیارانەی کە ئێستا بەڕێزتان خستانە ڕوو، با لە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان و ئافرەتانەوە دەست پێبکەم، سەبارەت بە پێشنیارکردنیان بۆ زیاد کردنی ماوەکە بۆ پێنج ساڵ، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لاریمان نیە، چونکە هەرچەند ماوەکە زیاد بکرێت، ئەوە زیاتر لەبەرژەوەندی ئافرەتەکەیە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە ئایا نەفەقەکە بگۆردرێت یاخود برگەیەك دابندرێت تایبەت بێت بەو نەفەقەیەی، کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت، ئەوە لەیاسایی قانونی تەنفیز باس لە پێوەرەکانی نەفەقەکراوە، پێویستە ئەو یاسایە هەمواربکرێت، چونکە لەو یاسایەدا یاسای باری کەسێتی، لە ماددەی (٢٤-٢٧-٢٨) باس لە نەفەقە کراوە، ٢٨ بەهەردوو برگەکەی باس لەوە ئەکات، کە ئەو نەفەقەی دادگا ئەیبرێتەوە لەهەر لایەنێك بۆیان هەیە داوا بکەن، کە زیاد بکرێت یان کەم بکرێتەوە، بەپێی ئەو گۆڕانەی کە لەبارودۆخی ئابووری ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژین روودەدات، واتە ئەو نەفەقەی کە مەحکەمە ئەیبرێتەوە و بڕیاری لەسەر ئەدات کۆتایی نیە، قابیلی زیادکردن و کەم کردنەوەیە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی تاڤگە خان، سندوقی چاودێری خێزان، دامەزراندنی و ڕەزامەندی حکومەت، لە ڕاستیدا ئەو سندووقە ئێستا لە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی هەیە و کاری پێ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو پرۆژەیەی كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە، لەبەر ڕۆشنایی موقتەرەحی لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەتان وژنان، كەداوا ئەكەن ئەم پرۆژەیە ئەڵێت پرۆژەی حكومەت هەمواربكرێتەوە، حوكمی ماددەی دوو لە ماددەی سی ونۆی قانونی ئەحوالی شەخصی ڕابگیرێت، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: ( یەكەم: پیاو ئیلزام ئەكرێت كە برێك لەپارە دابنێت بۆ ئەوەی لە نەفەقەی ماڵ موساهەمە بكات، لەماوەی سێ مانگ لە سندوقێكی خاص كەبۆ چاودێری خێزان دائەندرێت لەلایەن مەحكەمەوە، لەو كاتەی كەوا ڕەفعی دەعوای تەلاق دەكرێت، دووەم: ئەگەر پیاوەكە ژنەكەی خۆی تەڵاقدا، بۆ مەحكەمەش دەركەوت كە ئەم پیاوە زوڵمی كردووە، موتەعەسیفە، یەعنی بەتەعەسوف بەبێ ئەوەی سەبەبێك هەبێت، ناحەقە لەو تەڵاقەدا، خێزانەكەش زەرەری پێدەگات لەو تەڵاقدانە، واتە لەنەتیجەی ئەو تەڵاقە، بۆ مەحكەمە هەیە حوكم بدات، كە تەعویزی ژنەكە بكرێت، بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ دارایی پیاوەكە، بەدەرەجەی ئەو زەرەرەی پێی گەیشتووە لەنەتیجەی ئەو كارە، بەشەرتێك نەفەقەكە لەدوو ساڵ كەمتر نەبێت، لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت، بێجگە لەمافەكانی تری ئافرەتەكە، لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ئافرەتان وژنان، ئەڵێت ئەو دوو ساڵ وسێ ساڵە نەبێت، بووترێت بەشێوەیەك كە لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت، لیژنەی یاسایش پشتگیری لێكرد، هەندێ لەئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیرییان لێكرد، بۆیە ئەو فەقەرەی ئەخەمە دەنگەوە، باشە كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئێمە پێشنیارەكەمان پێشكەش كردووە، لەلایەن زۆر كەسیش تەئید كراوە، بەڵام ئەو پێنج ساڵە بەنیسبەت ئەو كەسەی كە فەقیر و هەژارە زۆر زۆرە، بەقەناعەتی من، ئەگەر مام ناوەندییەك وەربگیرێت، لەبەینی سێ و پێنج ئەوە زۆر باشە، بە تەصەوری من موقتەرەحەكە بەو شێوەیە بێت باشترە، كەلە سێ كەمتر نەبێت و لە پێنجیش زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی بیدایەتەكەشی خۆتان هەرواتان وت، لە سێ كەمتر نەبێت و لە پێنجیش زیاتر نەبێت، ئەوەش خراپ نیە، تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە عیلاقەی بەو برگەوە نیە، بەڵام سندوقی چاودێری خێزان لە هیچ مەحاكمێكی كوردستاندا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر داش نەمەزرابێت مادام لەقانونـدا هەیـە، دەسـتەڵات ئـەبێ دایبنێـت، ئەگـەر نەشـبێت ئـەبێ دایبنێـت، کەخرایە ناو قانون ئەبێ هەبێت، لەقانونی ئەحوالی شەخصی هەیە، ئێستا ئاماژەمان پێکرد، بەڵام کەنـەبێت ئەوە نەقسێکە ئەبێ حکومەت بیکات، کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من، لەگەڵ ئەوەدام تەعویزی تەعەسوف بدرێت، بەڵام با هەندێ شتیش هەیـە ڕەچاوی بکـەین، ئێمە کە ئەڵێین پێنج ساڵ حەقێکی تر دراوە بەژنی تەڵاقدراو، ئـەوە یاسـاییەکان باشـی ئـەزانن، حـەقی ژنـی تەڵاقدراو سەکەنە لەماڵی مێردەکەیدا بەبێ بەدەل بۆ ماوەی دوو ساڵ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، ئەو پیاوە عادەتـەن نەفەقـەی منداڵەکانیـشی ئەکەوێتـە سـەر، مەهریـشی ئەکەوێتـە سـەر کەبیـدات، ئێمـە پێـنج سـاڵ تەعویزیشی بخەینە سەر ئەمە بارێکی زۆر گرانە، ئەهوەنی شەڕەین وەربگیرێت باشە، من پێم وایە عەدالـەت لەوەدا زیاتر تەحقیق ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە هەمووی بۆ ئەوەیە زوڵم کەم بێتەوە، بۆ ئەوەی زوڵم کەمبێتەوە عقوبەکە زیاد دەکرێت، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پشتگیری لەوە ئەکەم، کە دوو ساڵ هەتا سێ سـاڵ بمێنێتـەوە، چونکە سـێ سـاڵ تـا پێـنج سـاڵ ئـەوە شتێکی زۆر تەعەسوفیە، بەتایبەتی خەڵك زۆربەیان لە تەبەقەی وەسەت بـۆ خـوارەوەن، یـەعنی ئیمکانیـەتی ئەوەیان نیە کەئەوە جێبەجێ بکەن، لەو حاڵەتە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی پەیدا ئەبێت، ئێمە وەکو موشـەریع بەڕەئی من دەبێ ڕیعایەتی ئەوە بەکەین کە ئیستیفادەی کۆمەڵایەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕوونمـان کـردەوە کـە بـۆ ئەمانـەوێت، لـە پێـنج سـاڵ کـەمتر نـەبێت، هەرچـەندە پێشنیارەکەی لیژنـەی یاسایشمان قبوڵکرد، کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنجیش زیاتر نەبێت، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: لە حاڵەتی نشوزدا تەڵاقی تەعەسوف زیاد ئەکات، تۆ ئەم قەیدانـە بۆیـە دروسـت ئەکـەیت، بـۆ ئـەوەی تەڵاق کەم بێتـەوە، هـەموومان لەسـەرەتای دانیـشتنەکانەوە قـسە لەسـەر ئـەوە ئەکـەین، کـە تـەڵاق زۆر بـووە لەکۆمەڵگای ئێمەدا، تەڵاقی تەعەسوفیش زۆرە، تۆ کە ئەم قەیدانەت دانا ئەو پیـاوەی کـە ئەیـەوێت ژنەکـەی

تەلاق بدات، زۆر زیاتر بیری لێ ئەکاتەوە، نەك هەر ئەوە بەڵكو لەكاتی زەواجدا زۆر بیر ئەكاتەوە، كە كێ ئیختیار بكات بۆ ئەوەی تووشی تەلاقی تەعەسوفی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم گفتوگۆ زۆر كرا، ئێستا بابێینە سەر ئەو فەقەراتانەی كەپێویست ئەكات هەموار بكرێن، یەكەمیان: ئەوەی كاك زانا تەرحی كرد، جوملەی یەكەم ئەڵێت،(یلزم الزوج بوضع مبلغ من المال بقدر مساهمته في الانفاق على الاسرة) ئەو (بقدر مساهمتة في الانفاق على الاسرة) ئیقتراحی كردووە كەلابرێت، ئەوەش شتێكی مەنتقیە، چونكە لەگەڵ هەندێك برگەدا كە دەنگمان پێداوە ناگونجێت، فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەكو خۆی بمێنێتەوە زیاتر ئەگونجێت، لەگەڵ مەوادەكانی پێشتر، چونكە دەنگمان لەسەری داوە، لەبەر ئەوە كە دەڵێت یوقف العمل بالمادة ٢٣ تجري نفقة الزوج على الزوجة في حالة یسار الزوجة یكون المسؤولیة مشتركة) ئێمە ئەوەمان ئیزافە كرد (ان رضیت) باشە لەحاڵەتی (إن رضیت) كە بوو بەموشتەرەكە، بەڵام كە بڵێین بقدر مساهمتها ئەوە باشتر ئەگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا تۆ شەرحەكەت بكە، بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەن و ڕەنگە ئەندامانی پەرلەمانیش لەبیریان نەمابێت، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(إان رضیت) یەعنی هیچ حوكمێكی قانونی بینا ناكات لەسەری، كەواتە بەرەزامەندی خۆی بووە، ئیلزامێكی قانونی نەبووە لەسەری، لێرە لەمەصڵەحەتی ژنانە ئەو پێشنیارەی من، بۆ ئەوەی پیاو پارەی زیاتر لێ وەربگیرێت بۆ ناو سندووقەكە، بەڵام ئەگەر (بقدر مساهمته) بێت، كابرا كەمتر دائەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر سێ لیژنەكە پشتگیری لە موقتەرەحەكەی كاك زانا ئەكەن، كە ئەو فەقەرەیە نەمێنێت، (بقدر مساهمتة في الانفاق) دەیخەمە دەنگەوە مەبەستم ئەو فەقەرەیە كە كاك زانا وتی كە ئەڵێت، (یلزم الزوج بوضع مبلغ من المال) كە دوایی ئەڵێت، (بقدر مساهمته في الانفاق) كەئەوەش لەسەر داوای كاك زاناو ڕای هەر سێ لیژنەكە كە لابچێت، ئێستا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ كاك سەردارو كاك محمد حەكیم، سوپاس بۆخوا با ئیتیفاقتان هەبێت، دووەم گۆڕانكاری كە ئەڵێت ئەگەر تەلاقەكە بكەوێت و دوایی دەرچوو بۆ مەحكەمە، كە ئەم تەلاقە غەدرە، لێرەدا نووسراوە كە دەبێ نەفەقەیەك بدات، لە دوو ساڵ كەمتر نەبێت و لەسێ ساڵ زیاتر نەبێت، ئێستا قسە ئەكەن، دوایی لەكاتی دەنگدان ئەڵێن نەمانزانی بۆچی دەنگمان داوە، ئێستا لەسەر موقتەرەحی لیژنەی داكۆكی كردن لەماف

نافرەتان وژنان، دواتر لیژنەکانی تریش موافەقەتیان کرد، گەیشتنە ئەو ئیتیفاقەی کە ماوەکە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ ئەوەش بوو بەئەوەی کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت، چوارەم فەقەرە دەڵێت(تلتزم الدولة برعاية المراة المطلقة التي لاتملك دخلاً شهرياً وتخصص مبلغ شهري لها من قبل الرعاية الاجتماعية ولغاية ايجاد فرصة عمل لها) او عند زواجها، دوایی سیغەکەی بۆ دابنێن، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو جوملەیە زیاد بکرێت بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، موفتەرەحی کاک عەونی لەبەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیەی کە ئەو ڕۆژە کردمان، کە فەقەرەیەکی تر ئیزافە بکرێت، کەداوای لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی نافرەتان وژنانە، ئەڵێت( يعاقب الزوج الذي يطلق زوجته خارج المحكمة بغرامة لاتقل عن ٥٠٠٠٠٠ الف دينار ولا تزيد عن ١٠٠٠٠٠٠ دينار) ئەوە تەبعەن لیژنەکانی تر ڕەئیان لەسەری چیە؟ کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتر شتێکمان وتووە، ئێمە وتمان مەحکەمە تەصدیقی تەلاق ئەکات، ئەو تەلاقەش ئەکەوێت، بەحزوری شاهیدەین، او الاقرار بهم امامهما او امام القاضي یەعنی تۆ ئەصڵەن ئەمەت نەکردووە بەجینایەت، موهیم ئەوەیە بچێت ئیسباتی بکات، تۆ چۆن لەوێ عقوبەی بۆ دائەنێیت، من بەگونجاوی نابینم لەگەڵ ئەوەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە، یەکەم: حوجەکەیان بۆ ڕێکخستنە، بەڵام حوجەی موقابیلیش هەیە، حوجەی موقابیلیش ئەوەیە کە تەلاق ئەکەوێت، خۆی ناتوانێ ڕابگرێت تاکو ئەچێتە مەحکەمە، مومکینە لەجێگایەکە مەحکەمەی لێ نیە، بەهەرحاڵ غەرامەکە هەر بۆ ئەوەیە کە شتەکە کەم بکەنەوەو بیروێنن، ئێستا گوێمان لێ بوو سەبەبی ئەوەی کە دانراوە، دەمانەوێ ناحیەی شەرعیش بزانین کەچ مانعێك هەیە، کاک مەلا انور فەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو مامۆستا خەلیل ئیشارەتی پێدا، ئێمە لەپێشەوە باسمان کردووە، کە شاهید هەبێ بۆ تەلاق، یەعنی ئێستا لێرە عقوبەیەکی تر دابنێین، وا هەست ناکەم لەڕووی شەرعیەوە هیچی تێدا بێت، بەڵام هەر پێم شتێکی زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال قسە ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەلاقی دەرەوە، تەلاق نیە، عەمەلیەکە بۆ تەلاق کەلە مەحکەمە تەلاق ئەدرێت، بۆ ئەوەی کە ئەم لەماڵەوە قەرار ئەدات کە تەلاقی بدات، موشکیلەیەك ئەکات ئەچێتە مەحکەمە لەوێ بەتەواوەتی تەلاقی ئەدات، لەسەر ئەوە عقوبە دابندرێت من ئەوەم پێ زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن: تەلاقی دەرەوە تەلاقە، دەلیلی ئەوەش ئێمە نالێین تەلاقی دەرەوە ئیلغا کراوە، دەڵێین پارە بدات، کەواتە تەلاقی دەرەوەش هەر تەلاقە، بەس ئەوەندەیە ناحیەی قانونی، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەلاق عادەتەن لە دەرەوەی مەحکەمە ئەدرێت و زۆر تەبیعیشە، پاشان تەصدیق ئەکرێت لەلایەن مەحکەمەوە، حوجەی تەلاق وەرئەگیرێت، ئیجرائات وەرئەگیرێت، بەڵام من تەئیدی برای بەڕێزم کاك دکتۆر کەمال ئەکەم، کە ئەو عقوبەیە وارد نیە بێتە ناو ئەو مەشروعە، چونکە رۆژانە مومکینە بەسەدان و هەزاران کەس تەلاق دەدرێت، ناکرێت بەڕاستی ئەوە بکرێت بەجەریمەو عقوبەشی لەسەر دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەرحاڵ ئێستا کاك شێروان سەرۆکی لیژنەی قانونیە، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر کەمال و کاك زاناو محمد حکیم کرد، کە خاوەنی موقتەرەحەکە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنانە، کە چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش صیاغەیان کرد لەوانەش کاك عەونی، جا بۆیە حەز ئەکەم، کاك عەونی حوجەکەی بڵێت پاشان دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعلومە لەلای هەمووومان تەلاق لەدەرەوەی مەحکەمە شەرعی و قانونیشە، مەبەستمان لەدانانی ئەو غەرامەیە ئەوەیە، تەنزیمی حاڵەتی تەلاق بکات، وانەبێ کەپیاو تەشجیع بکرێت ژنی خۆی لەدەرەوەی مەحکەمە تەلاق بدات، ئەگەر هاتوو تەلاقیشیدا، دەبێ غەرامەکەی لێ وەربگیرێت، چونکە یەکەم: واریداتێکە بۆ حکومەت، دووەم: تەنزیمی ئموری تەلاقە، موراجەعەت ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ موساعەدە بکەن، مەسەلەیەن نیە خیلافێکی قوڵ بێت، مەسەلەیەکی ئیجرائیەو ئیلزامیە، لەبەر ئەوە موقتەرەحەکە ئەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە تازەدایە کە غەرامە بکرێت ئەو کەسەی لەدەرەوەی مەحکەمە تەلاق دەدات، با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ زۆرینەی

لەگەڵدا نیە، پانزە کەسی لەگەڵدا بوو، ئەو تەعدیلاتەی بەو شێوەی کە خوێندمەوە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینە وەرگیرا، تەنها سۆزان خان و سارا خانی لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التفريق القضائي

يوقف العمل بالفقرة(٥) من المادة الاربعين ويحل محلها مايلي:

اذا تزوج الزوج زوجة ثانية يحق للزوج الاولى طلب التفريق.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لەدەقی ئەو بەندە دەکەین، کەلەپرۆژەکەدا هاتووە، ڕای لیژنەی یاسایی و ئەوقاف و مافی مرۆڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ئافرەتان وژنان چیە؟ فەرموون.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لەدەقی پرۆژەکە ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەر چوار لیژنەکە پشتگیری لێ ئەکەن، کێ ئیعتڕازی هەیە، با ناوی بنووسم ئینجا قسە بکات، کاک بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەك پرسیارم هەیە، ژنی یەکەم کە ژنی بەسەرهات حەقی ئەوەی هەیە جیا ببێتەوە، هەموو حقوقی ئەوەی کە وەکو ئەوەی ژنەکەی تەلاق ئەدات، لێرەدا ئەبێ باسی ئەوە بکەین کە هەموو حقوقی ئەوەی هەیە، بۆ مارەیی و شت، چونکە لێرەدا باس نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حەکیم، فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێكی چاكە، بەلام لەحاڵەتێكدا ئەم ئیزافەیەی بۆ بكەین، ( اذا كان زواجە بدون أذن من المحكمة) واتە ئەگەر زەواجەكە خارجی مەحكەمە بوو، بەلام ئێمە موقەیەدمان كردووە، بە ئیزنی ژنی یەكەم بێت زەواجی دووەم، جا ئەگەر لە مەحكەمە بووبێت و زەواجەكە تەواو بێت، ئەبێ ئەوەی بۆ بنووسین ( اذا كان زواجە بدون أذن من المحكمة) ئەو كاتە تەواو ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێم وایە، ئەو بڕگەیە زیادە، چونكە ئەڵێت(اذا تزوج الزوج زوجة ثانیة) ئەوە قانونێك هەیە ئەبێ بەو مەرجانە بێت، مادام حەسەب شروتە، چۆن داوای تەفریق بكات ئەو ژنە، بەلام ئەگەر هەر ئەشمێنێتەوە ( لو لم یكن ملتزماً بالعدالة) ئەگینا لەو گۆڕەی هەر ژنێك ژنی بەسەرهات بچێت داوای تەفریق بكات، ئەوە لەلایەك قانونێك دانراوە حەسەب قانون كابرا ژنی هێناوە، لەهەمان كاتیشدا بچێت داوای تەفریق بكات، من داوا ئەكەم یان لابرێت یان ئەو وشەی بۆ زیاد بكەین لەدواییدا، ( لو لم یكن ملتزماً بالعدالة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەتان سەرەتا كاك بەكر پرسیارێكی هەبوو، ئایا ئەو ئافرەتە هەموو مافێكی دەكەوێت، یان هەموو مافێكی وەردەگرێت، بەڵێ ئەوە وەكو هەموو حاڵەتێكی تەفریق هەموو مافێك وەردەگرێت، كاك محمد باسی حاڵەتێكی كرد، (بدون اذن المحكمة) ئەوە هەر نابێت، مەرجە بە ئیزنی قازی بێت و ئەبێ ئەو مەرجانەی تێدا بێت، هەمان وەلامیشم بۆ كاك شێخ فەتاح هەیە، كە باس ئەكات ئەو بڕگەیە زیادە، نەخێر زیاد نیە، چونكە ئەوە مافێكە دراوە بە ئافرەت، لەوانەیە داوای تەفریق بكات ولەوانەشە داوای نەكات و بە وەزعەكە ڕازی بێت، وەكو خۆی بمێنێتەوە، بۆیە بەڕێز بەزیادی نابینین، پێویستە ئەو دەقە هەبێت، وەكو مافێك كە ئافرەت هەیەتی، بۆی هەیە ئەو مافە بەكار بهێنێت، بۆشی هەیە تەنازولی لێ بكات، ئاساییە وەكو هەر مافێكی تر، ئایا عەدالەتی تێدا بێت یان نا، ئەو ئەگەر عەدالەت نەكات هەر قەزا ئیزنی نادات، زەواجی دووەمیش هەر ڕوو نادات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر ئەو برگەیە نیە، چونکە ئەوە مافی ژنەکەو پیاوەکەشە، ئەگەر حەزی کرد لێی جیا ببێتەوە، هیچ موشکیلەم نیە، لەگەڵ ئەوەدا پشتگیریشی ئەکەم و ئەبێ بمێنێتەوە، بەڵام من قسەم لەسەر برگەکانی تر هەیە، چونکە ئێمە ئەگەر سەیر بکەین ماددەی چل پێك هاتووە لە (١-٢-٣-٤-٥) ئەوەی کە ئێستا ئەیبینین لێرەدا، هەندێك لەمەحاکم هەندێکیش لەوانەی کە پەیوەندییان پێوە کردووین، حاڵەتێك هەیە دیاری کردنی (ضرر) مەسەلەن ژنێك داوای تەفریق ئەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانێت باسی زەرەرەکە بکات کە لێی کەوتووە، یان ناتوانێت سەبەبەکان بەوازحی بدات، دائیمەن حوکمی حاکمەکە بەلای پیاوەکە ئەبێت، نەك بەلای ژنەکەدا، ئا لێرەدا کێشە دروست ئەبێت، ئەگەر ئێمە بێین چاکسازی لەو برگەی یەکەم ودووەمەشدا بکەین بەتایبەتی برگەی یەکەم، ( اذا اضرت احد الزوجين بالزوج الاخر او باولادهما ضرر يتعذر معه استمرار الحياة الزوجية) ئەبێ زەرەرەکە دیاری کراو بێت، واتە لێرەدا نەوعی زەرەرەکە دیاریکراو بێت، کە زەرەرەکان چیە؟ چونکە لێرەدا باسکراوە لە مەحکەمە داوای شتی مەلموس ئەکەن، ژنەکە ناتوانێ بەسەراحەت بڵێ کە چیە، لەبەر ئەوە من زۆر پەیوەندییان پێوەکردووم بەتایبەتی لەناو مەحکەمەشدا تەلەفۆنیان بۆ کردووم، ئەگەر ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە ئێمە زۆر مەمنوونین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو ژنە کە حەقی خۆیەتی، مافی خۆیەتی، موستەقبەلی خۆیەتی، ژیانی خۆیەتی، ئەگەر نەیڵێت ئایا دەتوانین ئێمە لێرەدا بەنەصێك بڵێین با بیڵێت، ئەوە ناکرێت، بەڵام دڵنیابن کە دەیڵێت، بەس بەتەنها لەبەردەم قازییدا دەیڵێت، قازیش بۆی هەیە تەحقیق بکات، دانیشتنی نهێنی بکات، ئیلا ئەو کەسانەی کە ئەندامی مەحکەمەکەن، ئەگینا کەس نابێت گوێ بگرێت تا دەگاتە ڕاستی، ئێستا ئێمە فەقەرەی پێنج تەعدیل دەکەین، فەقەرەی پێنجەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هەموارکردنانەی کە کردمان بگونجێت، ئەگەر ئەو فەقەرەی پێنجە هەموار نەکەین نەیگۆڕین ئەوا ناگونجێت لەگەڵ ئەو تەعدیلاتەی کە کردمان، بۆیە ئەو فەقەرەی پێنجە ئیلغا ئەکرێت، چونکە زۆر شتی تێدا هاتووە لەفەقەرەکانی تر کە هەموارمان کرد بڕیومانەتەوە، تەواو بووە، تەنها ئەو جوملەیە کە دەڵێت(اذا تزوج الزوج زوجة ثانية يحق للزوج الاول طلب التفريق)، ئەوە ئۆتۆماتیکی ئەگەر نەشبێت، بێ موافەقەتی ژنەکە ئەتوانێت، چونکە یەکەم جار وتمان بۆ هێنانی ژنی دووەم ئەبێ موافەقی ژنی یەکەم هەبێت، ئەگەر موافەقەتی نەکرد ئەوەی بۆی هەیە داوای تەفریق بکات، ئەوە دەعمە، ئەگەر ئیزافەیەکیش بکەین لەسەری ئەوە هیچی لێ کەم ناکاتەوە، کاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە نابێ زەواج بە تەملیك بوون لێی حاڵی ببین، واتە ئەو ژنە بوو بە موڵکی ئەو پیاوەو پیاوەکەش بوو بە موڵکی ژنەکە، ئەوە شەراکەتی ژیانە، جاری وا هەیە لە مەسیرەی ژیاندا ئەو شەراکەتە خەلەل دێنێت، ڕاستە ئەگەر بێت وبەڕەزای ژنەکە بێت، ئەوجا بتوانێ ژنی تر بهێنێت ئەوە مەوزوعێکە، بەڵام لە خیلالی مومارەسەی ژیان بۆیان دەردەکەوێت، ئەو پیاوە ناتوانێ عەدالەت بکات، ناتوانێ وەکو پێویست بەدەم خێزانەکەیەوە بێت، مەسەلەی تەفریقی قەزائی حەقێکی ئەو ئافرەتەیە، حەقی خۆیەتی کە داوا بکات بۆ ئەوەی ئەو زوڵمەی لەسەر رەفع بێت، نەك هەر لەمەوزوعی تەعەدوددا، لەچەند مەسائیلی تردا کە ژن بۆی هەیە داوای تەفریقی قەزائی بکات، وەك ئەوەی پیاو ناتوانێ نەفەقەی بدات یان زوڵمی لێ ئەکات، لەبەر ئەوە مانەوەی زۆر شتێکی چاکە، یەکێکیشە لەو حەقانەی کە شایەنی ئافرەتە، لەڕووی شەریعەتیشەوە حەقی خۆیەتی شتێك نیە موخالیف بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم لەگەڵ مانەوەی ئەو فەقەرەیەدام، کە ئیزافەکراوە بۆ ماددەی چل، لەبەر ئەوەی بیجگە لەوەی کە لەپێش مەحکەمە زۆرجاران ئەبینین، کە پیاوەکە ئەچێت بەزۆر یان هەندێجاریش ڕەئی ژنەکە وەرئەگرێت، بەڵام ئەی چی لەو پیاوانە ئەکەیت کە بەدزییەوە ژنیان هێناوە، ئەوە پاشتر کەشف ئەبێت کەژنیان هێناوە، ئەو خیانەتی لە ئافرەتەکەش کردووە، لە هەمان کاتیشدا فێڵی لێ کردووە کە بەدزییەوە ژنی هێناوە، بۆ ئێمە ئەو حەقە بە ئافرەت نەدەین، ئەگەر پیاوێك وا تەسەڕوف لەگەڵ کرد، ئەویش ماف خۆی بەکار بهێنێت و داوای جیابوونەوە بکات، ئەمە مافێکی ڕەوای ئافرەتانە، ئەبێ ئێمە پشتگیری لەمانەوەی ئەو فەقەرەیە بکەین لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی تەوزیحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەو تەعدیلەی لێرەدایە بۆ ماددەی چل فەقەرەی پێنج لە قانونی ئەحوالی شەخصی، ئەوەیە کە ئێستا بۆ بەڕێزتان تەوزیحی ئەکەم، لە ئەصڵی قانونەکەدا دەڵێت (اذا تزوج الزوج من زوجة ثانية بدون اذن من المحكمة)، جوملەکانی ئەخیری ئەڵێت( وفي هذه الحالة لايحق للزوجة تحريك الدعوى الجزائية بموجب الفقرة (١) من البند (أ) من المادة الثالثة من قانون اصول المحكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ من بداية

الفقرة (٦) من المادة الثالثة من هذا القانون)، ئێمە ماددەی شەشمان تەعدیل کرد، واتە لێرەدا ئەو مافەش ماوە بۆ ژن، بۆی هەیە داوای تەفریق بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حەقەی هەر ئەمێنێت کە داوای ئیجرائاتی قانونی بکات، حەقی ئەوەی پیاوەکەی ژنی دووەمی بەسەر هێناوە، مەبەستی مەشروعەکە ئەوەیە، دوو ماف زیادی بۆ بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر وایە، چونکە من ئیشارەتم پێدا وتم قانونەکەمان هەموارکردووە، ئەو برگانەشمان تەسبیت کردووە، ئەبێ ئەو فەقەرەیە نەمێنێت، بەلام ئەو جوملەی کە خراوەتە جێگای ئەو هۆیانەشی کە باسیان کرد، زەرورییە تێیدا بێت، ئێستا کەس ڕەئی موخالیفی هەیە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژن کە ئیزنیدا پیاوەکەی ژنی بەسەر بێنێت، چۆن ماف تەحریکی دەعوای جەزائی دەبێت دوایی، کاك عەونی ئەو تەوزیحەیدا نابێ ئەوە ببێت، بەلام ماف تەفرقی هەیە، بەبێ هیچ سەبەبێکیش ژن ئەتوانێ داوای تەفریق بکات، کە لەگەڵ ئەو پیاوەدا ناحەوێتەوە، بەلام ئەگەر ئیزنیدا لەبەردەم مەحکەمەدا بە رەسمی کە ژن بێنێت، پاشان بێت تەحریکی دەعوای جەزائی بکات، ئەو عقوبە توندانەی کە دامانناوە لەسەر کابرا جێبەجێ ببێت، وابزانم ئەوە وارد نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی جوابی ئەداتەوە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جوابەکەمان ئەوەیە بۆ ئەو حاڵەتەی کە ئیزن وەرناگرێت، یەعنی ئەگەر ئیزنی وەرگرت ئەوە هیچ کێشەمان نیە، بەلام کە ئیزن وەرناگرێت ژنی دووەمیش دێنێت، لەو حاڵەتانەدا بۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی ئەو ماددەیە تازە وەکو زیاد بوون، ئێمە لە لیژنە موتەفیق بووین لەسەری، بەس وا دیارە کە زیادە بۆچی؟، ئێمە تەفریقی قەزائیمان هەیە، (تفریق بالضرر والشقق و تفریق لعلل والتفریق الاختیاري) کە خولعە، مانای وایە لە هەموو حاڵەتێدا ژنەکە، ئەگەر نە تەفریقی قەزائی بێت نە تەفریق بە عیلەل بێت نە تەفریق بە زەرەرو شیقاق بێت، بۆی هەیە تەفریقە ئیختیارییەکە بکات، کە خولعە، مانای وایە ئەمە لێرەدا شتێکی زیادەیە، دوا ڕەئیش ڕەئی جەنابتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعلومە ئەمە لەحیاتی ئەم فەقەرە پێنجەدا هاتووە، یەعنی ژن لە حاڵەتێکدا کە ئەوەی ماموٚستا مەلا ئەنوەر فەرمووی من دووبارەی ناکەمەوە، کە موافەقەتی کرد، بەڵام کە چووە واقیعەکەوە تەماشای کرد ناتوانێت و تەحەمول ناکات، ئەچێ داوای تەفریق ئەکات، ئەو وەختە بەپێی ئەحکامی تەفریق کە چۆنە تەعامولی لەگەڵ ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسەی لەسەر کرا، خۆ ناڵێین تەلاقی ئەدات، ئەڵێین حەقی هەیە داوای تەلاق بکات، تەلاق ئەچێتە مەحکەمە، مەحکەمەش هەموو حاقائیق وبڕگەکانی تری ئەو قانونە سەیر ئەکات، بەو شێوە تەعامول لەگەڵ ئەو کێشەیەدا ئەکات، لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی لەو قانونە، مەعنای وانیە کە تەلاقەکەی کەوتووە، بەڵام ئەو حەقە دەدرێت بە ژن، ژنی یەکەم ئەگەر ژنی بەسەر هاتبوو هەر وەختێك ئەیەوێت دەچێت داوای تەلاق بکات، بەڵام حاکم خۆ شەرت نیە هەر لەگەڵ داواکەی یەکسەر داواکەی قبوڵ بکات، چونکە لەوانەیە ئیعتیباری بکات بە ناشز، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو نەصە ئەگەر ببێت یان نەبێت موعالجە بەنیسبەت قانونی پێشتر، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە دەمانەوێت گۆڕانکاری لەسەر ئەو قانونە بکەین، بوونی ئەو نەصە لەو قانونە بە پێویستی ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسە کرا، هەندێ دەڵێت با ببێت هەندێکیش ئەڵێت با نەبێت، با ژنێکیش قسە بکات، شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ مانەوەی ئەو نەصەدام، چونکە ئێمە شتێکی زیادەمان نەهێناوە، هەر لەمادەدی چل دا باس لەوە ئەکات، ئەگەر هەموو بڕگەکانیشی بێنین هەر باسی ئەوە ئەکات، کە ئەو ئافرەتە بۆی هەیە تەڵەبی تەفریق تەقدیم بکات، لەکاتێکدا کە مێردەکەی سەرخۆش بێت یان موخەدەرات بەکار بهێنێت، یان خیانەی زەوجی بکات، هەموو ئەو حاڵەتانەی بۆ دیاری کراوە، کە دێینە سەر ئەو بڕگەیە نازانم بۆ وامان لێ دێت، ئەڵێت ئەگەر ژنی دووەم بهێنێت، لە نەصە ئەصلیەکەشدا باسی ئەکات، ئەڵێت (اذا تزوج الزوج من زوجة

ثانية) تەنها تۆزێك گۆڕانكارییەكەمان لەوەدا كردووە، كە ئەڵێت(بدون اذن من المحكمة) ئێمە لەماددەی تەقیدەكەشدا هەر (بدون اذن من المحكمة)مان سابت كردووە، ئێستاش كەتێیدا نیە هەر شتێكی ئاساییە لە دینیشدا بەموتڵەقی نەك بەهۆی تەعەدوودەوە ئافرەت بە موتڵەقی بۆی هەیە تەڵەبی تەفریق بكات، ئێمە هەموومان ئەو حەدیسە ئەزانین (كە ئەو ئافرەتەی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ص) باسی لەوە كرد وتی من مێردەكەمم بەدڵ نیە، پێغەمبەر(ص) فەرمووی بۆ بەدڵت نیە، وتی ئەمەوێت لێی جیا ببمەوە، وتی زۆر كورتەو ڕەشەو كەمەڵێ مواسەفاتی وت، پێغەمبەر (ص) فەرمووی ئەگەر ئەو باخەت باتێ یان ئەومت بۆ بكات ئەو هەر ... ـەمەوێت، یەعنی لە دینیشدا بە موتڵەقی بۆی هەیە بەبێ سەبەب تەڵەبی تەفریق بكات) ـەبەر ـەوە لەگەڵ ... ـانەوەی ـەو نەصەدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە ... زۆر ... ڕحە ئێستا ئەو بڕگەیە عەدالەت تەتبیق ئەكات، حەتا ئەگەر ژنی یەكەم بە ڕەزامەندی خۆی چوو لە مەحكەمەدا ڕازی بوو كە ژنی دووەمی بەسەر بێت، لە زروفێكدا بووە پیاوەكە وەعدی داوە كە عەدالەت دابین بكات، وەعدی داوە خانووی بۆ بكرێت، وەعدی داوە شتی تری بۆ بكات، بەڵام پاش ماوەیەكی تر عەدالەتەكەی بەجێ نەهێناوە، وەعدەكانیشی بەجێ نەهێناوە، ئەو كاتە ژنەكە بۆی هەیە بچێت داوای تەڵاق بكات، موختەسەرەكەدا لەوەدایە، بەهەرحاڵ ئەوە زەرەری نیەو خیلافی شەرعیش نیە، شەمسە خانیش زۆر بەڕوونی نموونەی ـاشی بۆ هێنایەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادە ... تی بەند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر ٤٢ فەرموون.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

يوقف العمس بالفقرة(اولاً) من المادة الثالثة والاربعين ويحل محلها مايلي:

اذا حكم على زوجها بعقوبة مقيدة للحرية مدة ثلاث سنوات فأكثر بعد مضي سنة على التنفيذ ولو كان ا مال تستطيع الانفاق منه.

اذا هجر الزوج زوجته مدة سنة فأكثر بلا عذر مشروع، ولو كان الزوج معروف الاقامة وله مال تستطيع الانفاق منه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ڕەئی لیژنەكان، دكتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پرۆژەكە ئەكەین، ئەو جیاوازییەی كە كراوە لە پرۆژەكەدا لەگەڵ ئەصڵی قانونەكە لە بڕگەی یەكەم، (بعد مضي سنة على التنفيذ) ئەوە زیاد كراوە، واتە تێپەڕبوونی ماوەی یەك ساڵ بەسەر جێبەجێ كردنی بڕیارەكە، كە بڕیاری گرتنی پیاوەكەیە، لە ... گەی دووە... ماوەكەمان كردووە بەیەك ساڵ

له ئەصڵی قانونەکە دوو ساڵ بوو، بەباشمان زانی کە کەمی بکەینەوە، ئەو ماوەی کە لێك جیابوونەتەوە یان دوور کەوتوونەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، بەس سەرەنج بۆ شتێك ڕانەکێشین، کە خەلەلێکی مەتبەعیە، ( یوقف العمل من الفقرة(اولا وثانية) من (اولا) ) نەك (اولا) هەمووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یوقف العمل بالفقرە(اولا) فەقەرە یەکەم ئەبێت بە دوو بەش (یەك و دوو) بەڵێ، بەڵێ ڕاستە ئەوە لیژنەی قانونی لە ڕاپۆرتەکەیان چاکیان کردۆتەوە، وا بزانم ئێستا شتەکە وازحە لە ئەصڵی قانونەکەدا هاتووە، دەڵێت( ئەگەر بێت و حوکم بدرێت بۆ ژن هەیە داوای تەلاق بکات، لە حاڵەتێکدا ئەگەر مێردەکەی حوکم درا بێت، لە سێ ساڵ زیاتر، ئێستا لێرەدا ئیزافە کراوە ئەڵێت پاش تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر حوکمەکەدا، ژنەکە بۆی هەیە داوای تەلاق بکات، بەپێی ئەم قانونە، ئەگەر بێت ومێردەکە خێزانی خۆی بەجێهێشت، لە ساڵێك زیاتر، پێشتر دوو ساڵ بوو ئێستا ئەڵێت هەموار بکرێتەوە، ببێت بەساڵێك، چونکە دوو ساڵ زۆرە، لە ساڵێك زیاتر بەبێ هۆ خێزانەکەی بەجێهێشت، وە جێگای دیاریشی هەبوو، پارەشی هەبوو، بەڵام بەبێ هۆیەکی دیاریکراو ژنەکەی جێهێشت لە ساڵێك زیاتر) مەبەستم ئەوەی کە تەعدیلەکە لەوەدایە لەکاتی حوکمدانی لە سێ ساڵ زیاتر و ساڵێکیشی بەسەردا بچێت، بۆی هەیە ژنەکە داوای تەلاق بکات، لە حاڵەتی دووەمدا ئەگەر مێردەکەی بەجێیهێشت لە ساڵێك زیاتر جێگاکەشی دیار بێت وپارەشی هەبێت، بۆی هەیە قازی تەفریقیان بکات، لەسەر داوای ژنەکە، وا بزانم خیلافی لەسەر نیە، ئەگەر شتێکی جەوهەریتان نیە تو ئەو خوایە وەختەکە مەکوژن، کاك عبدالرحمن قسەی نەکردووە فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل وسێ برگەی یەکەم کە باسی ئەو حوکمە ئەکات، دیارە عقوبەکە بە موتڵەقی هاتووە، هەندێ کارەساتیش هەیە مەسەلەن کابرا لائیرادیە بەکارەساتی سەیارە یان هەندێ حاڵەتی ترە، یەعنی بۆچی نەکرێ

بە جریمەیەکی عەمدی یەعنی لەحاڵەتی جەریمەیەکی عەمدی، ئەو کاتە تۆ ماڵەکەی تێك بدەیت، بەوە مافی منداڵەکانیشی پێشێل ئەکەیت، دیاری بکەین کاتێ جەریمەیەکی عەمدی بوو، ئەو کاتە ئەو حوکمەی بۆ دیاری بکرێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یەعنی ئەگەر ژنەکەی بەجێیهێشت کە جێگاشی دیار بوو، پارەشی هەبوو، توانیشی ئینفاق بکات، دیارە ئەو یەکەم ئەڵێت، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: پرسیارم ئەوەیە لەحاڵەتێکدا ئەگەر ژنەکە گیرابوو، بۆی هەیە جیاببێتەوە لێی نەك هەر بۆ پیاوەکە؟، دووەم: عقوبة مقیدة للحریة، ئەمە تۆزێك مەتاتیە، یەعنی مەسەلەن ئیقامەی ئیجباری، یان ئەسیری حەرب لەم حاڵەتانەدا چۆن موعالەجە ئەکرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا فەقەت باسی ژن ئەکات، باسی پیاوی نەکردووە، کاك محمد حکیم ئەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من تەئیدی کاك بەکر ئەکەم، لەماددەی چل و چل ویەك وئەوانەدا، کە باسی تەفریقی قەزائی ئەکات، ئەڵێت للزوجین بۆ لێرەش ئەو شتانەی کە بۆ پیاوە هاتووە، پێ ئەچێت حاڵاتیش هەبێت بۆ ژن بێت، کە ژنەکە پیاوەکە جێبهێڵێت و سەفەر بکات، بەبێ عوزری مەشروع، بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ پیاوەکەدا، لەهەمان کاتیشدا ئێستا ئێمە سجنمان هەیە، کە ئافرەت سجن ئەکرێت و حوکم ئەدرێت، پێم وایە للزوجین ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێ کەس ماوە قسە بکات، دکتۆرە شوکریە، سۆزان خان، شمسە خان، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لێرەدا بۆ دروست بوو، ئەگەر ئەو سێ ساڵە ئەو پیاوە لە سجندا بوو، عەفوی عامێکیش دەرچوو، یەعنی لێرەدا هەر ئەبێت ژنەکە داوای تەڵاق بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیاریکراوە ئەگەر ساڵێك بەسەر حوکمەکەدا بەسەر چوو، عەفوی عامیش دەربچێت ئەوە ئەگەر پەشیمان بوویەوە، سەحبی دەعوا ئەکات، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەتوانم لەسەر ئەو مەوزوعە قسە نەکەم، لەسەر بڕگەیەکی تر هەیە کە ئەبێت ئێمە لە پالپە لەبەینی دوو قەوسدا ئەڵێت (للزوجة العراقية طلب تفريق عن زوجها المقيم) ئەوە ئەڵێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، ئەوە ڕاگیراوە، ئەو فەقەرەیە ئەڵێم، شمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هیچ لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە ئەڵێت حەق بۆ ئافرەتە کە داوای تەفریق بکات، پیاویشی تێکەڵ بکرێت، بۆ؟ چونکە پیاو نەفەقەی بەدەستە، تەلاقیشی بەدەستە، کۆمەڵێك ئیمتیازاتی هەیە، ژنەکە بشگیرێت ماڵ ومنداڵەکەی پەکی ناکەوێت، ئەزراری پێناگات لەڕووی مادییەوە، زۆر ئاسانیش یاساکە ڕێگای پێدەدات کە ژن بهێنێت، یەعنی ئەو زەرەرانەی کە بەر ئافرەتەکە ئەکەوێت، بەر پیاوەکە ناکەوێت، بەڕاستی ئەوەش عەدالەت نیە ئەگەر وای لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمرۆ گفتوگۆکان تەندروستین، زۆرم پێخۆشە ئاوا بێ، فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەك ڕوونکردنەوەم هەیە، سەبارەت بەبڕگەی دووەم لە پرۆژەکەی کە لە حکومەت هاتووە، دەڵێت (تلغى العمل بالفقرة (ثالثا) من المادة الثالثة والاربعين) ئێمە تەنها کارکردن بەو بڕگەیە ڕائەگرین، ئەوەی کە سۆزان خانیش ئاماژەی پێکرد، ڕاگرتنی کارکردن بەو بڕگەیە، نەك ئیلغا کردن، چونکە دەسەڵاتمان ئەوەندەیە، ئەو یاسایەش لەپەرلەمانی کوردستان دەرنەچووە، تەنها مافی ڕاگرتنمان هەیە بەکارکردن بەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، لەسەر یەکەم ئەگەر بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت وای لێ بێت، (ئەگەر گرتنەکە یان سجنەکە یان بەند کردنەکە، لەسەر کارێکی عەمدی بوو)، چونکە بە حەقیقەت ئەوە ئەشکال دروست ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا کاك حاتم ئەوە شەرت نیە، چونکە لێرەدا مەقسەدی جانبە ئینسانیەکەیە، ئەو ژنەش ئینسانە، ئیحتیاجی ژیانی هەیە، خۆی قەرار ئەدات، زۆر ژن هەیە ١٥ ساڵیش ئەگەر مێردەکەی سجن بێت یان بزر بێت، داوای تەلاق ناکات، یان جیابوونەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەغبەتی خۆی، بەلام ئەو حەقەی هەبێت باشە، کە خۆی ئەیەوێت تەمەتوعی پێوە بکات، کە ویستی مەسەلەیەکە و نەشی ویست مەسەلەیەکی تره، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی لێرەدا من عەدالەت نابینم، لە فەقەرەی دوودا، (اذا هجر الزوج زوجته مدة سنة فاکثر بلا عذر مشروع) باشە بۆ بەبێ عوزری مەشروع، بێت و ساڵێکیش ڕابوەستێت، واتە بەبێ عوزری مەشروع وازی لێ هێناوە، ئینجا ژنەکەش یەك ساڵ ڕابوەستێت، حەتا ئەوە لەگەڵ ڕەئی هەندێ لە فوقەهاکانیش موخالیفە، یەعنی( ئیمامی عومەر) کەباسی لەوە کرد کە بەژنێکی وت چەند ئەتوانی کە پیاوەکەت نەیەتەوە، وتی هەر چوار مانگ، باشە با لێرەدا چوار مانگ نەبێت ناوەند بێت با شەش مانگ بێت، ساڵێك گەلێك زۆرە لە ژنەکەی دوور بێت و ژنەکەش هەر دابنیشێت و نەتوانێ تەڵەبی تەفریق بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا ئەوە دەلیلێکی تر بۆ تەندروستی ئەم دانیشتنە، نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە، هەرچەندە نوقتە نیزامییەکانی تۆ زیاتر شەرحە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتە نیزامیەکەم قسەیەکی خۆشە بەرامبەر بە مامۆستا سعدالدین، وەزعەکە عەکس بووەتەوە، لەوەی کە جەنابت وتت تەندروست، تەندروست تریشە ئەوەی ئەو، چونکە ئیسپاتی کردووە کە خەبات وشۆڕش وژیانی کوردستان بەڕاستی هەموو ژنەکانی ئێمە بەلایانەوە ئاسایی بووە، کە مێردەکانیان پێشمەرگە بووە یەك ساڵیش خەبەریان لێیان نەبووە، تەقەی سەریشیان هاتووە، یەعنی یەك ساڵ هەر هیچ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابم مەسئولی لقی چوار بووم لەبارزان، بەرفیقیەکم بۆکرا کوڕەکەم ئەیویست ژن بهێنێت، ژن بەژنیان کرد لەگەڵ مەلا عەزیز وتم خێری تێدابێت، من نەهاتمەوە کە گەڕامەوە کوڕەکەم ژنی هێنابوو منداڵێکیشیان هەبوو، ٢٣ مانگم پێچوو، ژنەکەشم داوای تەلاقی نەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم تو ئەو خوایە پێشمەرگایەتی عوزرێکی مەشروع نیە، کە دەڵێین ( بلا عذر مشروع)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقەشە تەواو بوو، لیژنەکانیش موتەفەقن لەسەری ئەو دوو بڕگەیە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە فەقەرەی یەك و دوو، فەقەرەی(اولاً) ڕادەگیرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە، کە پێشتر خوێندمانەوە (یوقف العمل بالفقرة(اولاً) من المادة الثالثة والاربعين ويحل محلها مايلي:

١-اذا حكم على زوجها بعقوبة مقيدة للحرية مدة ثلاث سنوات فأكثر بعد مضي سنة على التنفيذ ولو كان له مال تستطيع الانفاق منه.

٢-اذا هجر الزوج زوجته مدة سنة فأكثر بلا عذر مشروع، ولو كان الزوج معروف الاقامة وله مال تستطيع الانفاق منه) ئەمە هەر چوار لیژنەکە پیشتگیرییان لێ کرد، خۆشتان تەئیدتان کرد، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، دووەم: لە ماددەکە ئەڵێت( يوقف العمل بحكم الفقرة (ثالثا) من المادة الثالثة والاربعين من القانون في اقليم كوردستان) سێیەم: ئەوەی لە ئەصڵی قانونەکە هاتووە، ئەڵێت( للزوجة العراقية طلب التفريق عن زوجها المقيم خارج القطر بسبب تبعية جنسيته لدولة أجنبية اذا مضى على مقيمه خارج القطر مدة ثلاث سنوات بسبب منعه و امتناعه على دخول القطر) ئەوە تەبعەن لەقانونەکەدا ئەبێ عێراقیش تەعدیلی کردبێ، ئەوە ئەلف بوو، باء ( يعتبر تأيد الجهة المختصة بأقامة الزوج في الخارج لاغراض هذه الفقرة بديلاً عن اجرائات التبليغ في لائحة الدعوى و موعد المرافعة على ان يتم نشر الحكم الصادر ضد الزوج في احدى الصحف المحلية) ئەوە لە حەقیقەتدا کاری پێناکرێت لێرەدا، چونکە ئەوە ئیجحافیە و موعالەجە کراوە، دژی پێشمەرگە کراوە، دژی خەڵکی تێکۆشەر کراوە، لە زەمانی ڕژێمی لەناوچوو بووە، بۆیە ئێمە حەقمان هەیە بەپێی دەستوور کار بەوە نەکەین، بۆیە لێرەدا لیژنەی یاسایی ئەڵێت ئەو دوو بڕگەیە ڕابگیرێت، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەکانە کە ئەو دوو فەقەرەی ڕابگیرێت، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکە هەر هەمووی دەخەمە دەنگەوە بەو دوو بڕگەشەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ هەردووکی قبولکرا، بڕۆن بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما المادة الرابعة والاربعين فيوقف العمل بها ويحل محلها مايلي:

يجوز اثبات اسباب التفريق وانخلال عقد الزواج بكافة وسائل الاثبات بمافي ذلك الشهادات الواردة على السماع، اذا كانت متوافرة ويعود تقديرها الى المحكمة وذلك باستثناء الحالات التي حدد القانون وسائل معينة لاثباتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەکان فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری لە پرۆژەکە ئەکەین ئەوەی کەلە حکومەتەوە هاتووە، دەکرێت بەماددەی چل وچوار، ئەو جیاوازییەشی کە کراوە لە ئەصڵی قانونەکە، (يجوز اثبات اسباب التفريق وانخلال عقد الزواج) ئەو عیبارقیە زیادکراوە (وانحلال عقد الزواج بكافة وسائل الاثبات بمافي ذلك الشهادات الواردة على السماع، اذا كانت متوافرة ويعود تقديرها الى المحكمة وذلك باستثناء الحالات التي حدد القانون وسائل معينة لاثباتها) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان فەرموون.

**بەڕێز بەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، وانحلال عقد الزواج، یەعنی مەسەلە هەر تەفریق نیە، تەلاقە، خولعە، هەموو انحلالێکی عەقدی زەواج بە هەموو وەسائیلێك ئەکرێت ئیسپات بکرێت، ئەوەیە مەوزوعەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە خیلافێك نەبێت، وابزانم چاك هاتووە پرۆژەکە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، هەموو لیژنەکانیش پشتگیری لێ ئەکەن، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی چل و شەش تکایە.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

التفريق الاختياري (الخلع)

توقف وتوحد الفقرة(١-٣) من المادة السادسة والاربعين كالتالي:

الخلع ازالة قيد الزواج بلفظ الخلع او مافي معناه مقابل عوض لايزيد عن ماقبضته من المهر المسمى ولايشترط رضى الزوج في الخلع اذا تبين للقاضي عن طريق التحكيم ان الزوجة لاتطيق العيش معه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ڕای لیژنەکان، فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی (٢٤)ی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکەمان

اما فيما يتعلق بالفقرتين (١و٢) من المادة السادسة والاربعين فأن اللجنة المشتركة تؤيدها بعد حذف الجملة {من المهر المسمى ولايشترط رضى الزوج الى أخرها} لكونه يتنافى مع مبادئ التفريق الاختيارى (الخلع) الذى هو عقد بايجاب وقبول وتراضى بين الطرفين وتصبح المادة العشرون من المشروع وتكون صياغتها كالآتي:

المادة العشرون: يوقف العمل بالفقرتين (١و٢) من المادة السادسة والاربعين من القانون ويحل محلهما مايلى:

﴿ ١/ الخلع ازالة قيد الزواج بلفظ الخلع او مافي معناه مقابل عوض لايزيد عما قبضته من المهر المسمى.﴾

بەڕێزان لە ئەصڵی قانونەکەش کە خولعی ڕێکخستووەو پێناسەی کردووە، ئەڵێت عەقدە یان (عقد بأيجاب امام القاضي)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و شەشی پرۆژەکە ئێمە ڕامان وایە کە جێگای ماددەی چل وشەشی قانونەکە بگرێتەوە، واتە لەگەڵ پرۆژەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، ئێمە پێری کۆبوونەوە کرا جەنابیشت لەوێ بوویت، ئیتیفاق کرا، حەتا قسەش کرا، کە ئەو عینوانە تەفریقی ئیختیاری و خولع ئەو شتانە لابرێت، تەنها خولع بە تەنها بمێنێتەوە، ئەم دەقەی پرۆژەکە قبوڵ بکرێت، ئێستا نازانم لیژنەی یاسایی تەقریرەکەیان شتێکی ترە، ئیتیفاقکرا جەنابیشت لەوێ بوویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەخزمەتتان بۆوم ڕاست ئەکەیت، یەکەم: ئیتیفاقکرا عینوانەکە خولع بێت، تەفریقی ئیختیاری نەمێنێت، تەنها خولع بێت، دووەم: فەقەرەی یەك و فەقەرەی سێ دەمج بکرێت بە فەقەرەی یەك، ئەویش وەکو ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، دەڵێت الخلع ازالة قيد الزواج بلفظ الخلع او مافي معناه مقابل عوض لايزيد عن ماقبضته من المهر المسمى ولايشترط رضى الزوج في الخلع اذا تبين للقاضي عن طريق التحكيم ان الزوجة لاتطيق العيش معه. کاك شێروان ئەیەوێت قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیعلەن لەلیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو ڕەئیەدا بووین، بەڵام دوای دانیشتنی پێری کە جەنابی زەڵمی خۆی ئامادە بوو، زۆر لەو مەسەلەیە موناقەشە کرا، تەفصیلاتێکی زۆریشی درایە، موناقەشەکە لەسەر ئەوە بوو کە بابەکە هاتووە بابی تەفریقی ئیختیارییە، خولعیش تەبعەن ئەچێتە بابی تەفریقی ئیختیاری ئەوە زۆر ئاساییە و زۆر تەبیعیە، بەڵام شەتری دووەم لە خولعەکە کە دەڵێت(لايشترط) لێرەدا دەچێتە بابی تەفریقی قەزائی، ئێمە ڕەئیمان وابوو بەڵام مامۆستا زەڵمی ڕەئی وابوو کە ئەویش هەر خولعە، بەڵام خولعێکی قەزائییە بەبێ موافەقەی زەوج، ئەوەی کە ئیتیفاقمان لەسەر کرد بەو شێوەیە بوو، خولع بەتەنها بمێنێتەوە، لەگەڵ نەصی ئەصڵی پرۆژەکەش کە ئەویش بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە پاشی کۆبوونەوەی پێری موتابەعەی هەندێ قانونی مصری و نوردنیم کرد لەسەر خولع، ئەوەی کە کاك شێروان ئەیڵێت بزەبت لەوێشدا هاتبوو، خولع ئەوەیە کە بەبێ ڕەزامەندی پیاوەکە قازی تەفریق بکات، واتە قەرای حوکمەکە بدات، مونەخەری صەداقەو ئەوانەی لێ مەحروم نەبێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات موافەقەتی زەوج، ئەگینا پێی ناوترێت خولع، واتە ئەگەر پێویستی بە موافەقەتی پیاوەکە بوو ئەچێتە بابێکی تر نەك خولع، هەر ئەو حاڵەتەیە کە ژنەکە ئەچێتە مەحکەمەو دەڵێت من دەمەوێت تەفریق بکرێت، قازی بۆی هەیە خولعیان بکات، بەڵام لەو حاڵەتەدا مەحروم نەبێت لەمهر ولە صداقی موقەدەم و زۆر شتی تریش کەلە عەقدەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوە ئیسراری خۆیەتی بێ موافەقەی مێردەکەی تەڵاق دراوە، بۆیە بەو شێوەیە، ئەگەر مێردەکەی موافەقەتی کرد بابێکی ترە ئەوە، تەفریقەکە بە ئیتیفاق ئەبێت

که مێردەکە موافەقەتی کرد، بەڵام کە ئیتیفاق نەکرا ئەوە خولعە، ئێستا لە محاکمی مصریدا ٤ هەزارو شتێك حاڵەت هەیە و مەعروزە کە هەمووشی لەو بابەتانەیە، لەسەر ئەنتەرنێتیشە چەندین جاریش باسکراوە، ڕەئی محامیەکان، هی قازییەکان وەرگیراوە، هەندێ قەراردراوە کە تەفصیلاتێکی زۆری تێدایە، خۆ ئێمەش کە قانونێك دەردەکەین خۆ کۆتایی دونیا نیە، دەمێنێتەوە سەر قازییەکە، سەر تێگەیشتنی قازییەکە، زۆر جێگا هەبووە تەعن دراوە لەسەر قەراری قازی کە ئەڵێن ئەو قازییە ڕەئێکی شەخصی خۆی بەکار هێناوە، چووەتە مەحکەمەی تەمییز لەوێ ڕەد کراوەتەوە، بەڵام نەصەکە ئەوەیە کە عەرزم کردن، بۆیە من پێم وایە وەکو ئیتیفاقیشمان کرد لەگەڵ چوار لیژنەکە ئەو بابە ماددەی خولعە، وەکو باسمان کرد پێویست بە موافەقەی زەوجیش ناکات، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەو لیژنە بووم، وا نازانم ئێمە گەیشتبینە ئیتیفاقێك، ئەمڕۆ ئارائی لیژنەمان تەبع کردووە، هەروەکو دوو ڕەئی مابوون، ئەوەی مەشروعەکە هیچ شتێکی ئیزافە نەکردووە، چونکە لەبابی تەفریق بەکاملی هاتووە، لە ماددەکانی (٤٠ - ٤١ -٤٢-٤٣) لەوێ هاتووە، ئەمە بابێکی تر بەکاملی حەزف ئەکەیت کە پێی ئەڵێن خولع، خولع لە عقودی معاوەزەیە، معاوەزەش ئەوەیە کە ئیجاب و قبول لازمە هەبێت، ئێستا تۆ بەشێکی ئیزافی دائەنێیت کە هەیە، لە مەوادی تر بەتەواوی هەیە، شتێکی تر حەزف ئەکەیت کە ئەویش واقعێکە مومکینە ببێت ولە ئارائی فقهیش هەیە، تۆ ئێستا فەصڵێکی تەواوت هەیە بەناوی تەفریقی ئیختیاری کە خولعە، تۆ ئەمە هەمووی حەزف ئەکەیت لە محتەوای تەفریق ئەکەیت، شتێکی تر ئەکەیتە بەدیل بۆ ئەوەی کە ئەو شتە هەیە لەئەوانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خیلافەکەمان لەگەڵ کاك خەلیل، ئەگەر لەسەر بابەکە بێت، خۆی بەنیسبەت خولعەکە بابەکە ئیعتیادی هاتووە، ئەڵێت التفریق الاختیاری (الخلع)، ئێستا ئێمە، ئەگەر تەفریقی ئیختیارییەکە هەڵبگرین، خولعەکە بەتەنها ئەمێنێتەوە، هەم ئەبێت بەخولعی ئیتیفاقی، هەم ئەبێت بە خولعێکی قەزائی، بەقەراری مەحکەمە بەبێ موافەقەتی زەوج، ئەوە ڕەئی ئیمامی مالیکیشە، بەقەناعەتی منیش نەصەکە لەجێگای خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەلیژنەکەش وابزانم کاك خەلیل، لەگەڵمان موافق نەبوو، ئەکسەریەت لەوێ وابوو، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەصڵی مەشروعەکە خولع بە ئینحلالی عیلاقەی زەوجی هاتووە، کە بەو شێوەش هاتووە، وەکو تەفریقە قەزائیەکە جائیزە کە هەر تەرفێك لەتەرەفەکان بیکەن، وەکو کاك خەلیلیش باسیکرد، وا نیە کە ئەڵێت عیوەزە، بەس خۆی ڕاستی کرد کە خولع خۆی موقابیلی عیوەزە، ئەی ئەوە عیوەز نیە کە ئافرەتەکە(ماقبضته من المهر المسمی) ئەگەڕێنێتەوە یاخود تەنازول لە ئەخیری مەهرەکەی ئەکات، کەواتە پێویست ناکات ڕەزامەندی تێدا بێت مادام عیبرەی خولعیش بە ئینحلالی عەقدی زەواجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کەشەمسە خان پێشتر ئاماژەی پێکرد کە حەزرەتی پێغەمبەر(ص) لەژنەکەی پرسی وتی بەوە ڕازیت، وتی ڕازی نیم، وتی چی داویتێ، وتی باخچەیەکی داومەتێ، وتی ئامادەی بیگەڕێنێتەوە، وتی بەڵێ، ئەوەیە، خۆ قابیلە شتێکی تازەمان نەهێناوە لە خۆمانەوە، بەڕاستی شتێکە هەیە، حەقێکە هەیە، لە هەندێ وڵاتدا کاری پێنەکراوە، بۆ ئەوەی ئەو عەدالەتە دابین نەکراوە، ئێمە هاتووین لە قورئاندا دەفەرموێت، ئەگەر ئیصلاحتان پێکرد بیکەن، ئیصلاحەکە ئەوەیە پەرلەمان بۆ چیە؟، بۆ ئەوەیە کە ئیصلاح بکات، بۆ ئەوەی عەدالەت دابین بکەیت، یەکێك لەلایەنەکانی عەدالەت ئەوەیە کە ژیانی هاوسەرێتی بەزۆر نابێت، کە ژنەکە وتی من نامەوێت پێویست بە موافەقەتی پیاوەکە ناکات، کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە با غایەی مەسەلەکە بزانین، ، لە ئەصڵدا خولع چەکی ئافرەتێکە کە زیانی لێ ئەکەوێت، ، کە زەرەری لێ ئەکەوێت، خولع چەکی ئەم ئافرەتەیە کە زیانی لێ کەوتووە، ، بەوەش دەست هەڵئەگرێت لەحەقەکانی خۆی بۆ ئەو شتە، ، ئەو نەصەی کە وەختی خۆی هاتووە، ، کە ئەفەرموێت( اقبل الحدیقة وطلقها طلقة)عولەماش بوون بەدوو بەشەوە، بەشێك ئەڵێن ئەم ئەمرە وجوب نیە، بۆ ئیستیحبابە، یەعنی پیاوەکەی بۆی هەیە وا بکات، بەشێکی تریان ئەڵێن بۆ وجوبە، یەعنی ئەبێ پیاوەکە ئیستیجابەی هەبێت، بۆ؟ چونکە زەرەری ئەم ژنە موتەحەقیقە، ئەم ژنە زیان لێ کەوتووە موتەحەقیقە، تۆ نابێت ئەم تەحەقوقە جارێکی تر تەئکید بکەیتەوە، بینێریتەوە بۆلای پیاوەکە، چونکە ئەمە موحەقیقەو سەلمێندراوە، تۆ جارێکی تر ئەیسەلمێنیتەوەو ئەینێریتەوە بۆ جێگایەکی تر، ئەمەش ئەبێتەوە بە دوو زوڵم و شتی وا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرقێك لەنێوان تەفریق وخولع هەیە، فەرقەکەش لەکوێدا هەیە، لەوێدا هەیە کە، ئەگەر خولعی لەگەڵ کرد، نە مارەیی ئەکەوێت ژنەکە نە نەفەقەش، بەس لە تەفریق ئەوا ئەو ئاسارانەی لەسەر موتەرەتیب نەبێت مارەیەکەشی ئەکەوێت و نەفەقەشی ئەکەوێت، ئیحتیمال هەیە، ئەگەر پیاوەکە ناشز بێت، بەڵام لە خولع لە قەزیەی(لایشترط رضی الزواج) کە زیادەیان کردووە، ئەڵێت لایشترگ رچی الزواج ئەوە ئیستینادیان کردۆتە سەر حەدیسی پێغەمبەر(ص) ئەوە مالیکینە دوو خولعیان هەیە، خولعی ئیرادیان هەیەو خولعی ئیجباریشیان هەیە، ئیجبارییەکە ئەوەیە ئەڵێن پێغەمبەر(ص) کە خولعەکەی کرد پرسی بە سابت ئەکرد بڵێ ئایا تۆ بەو خولعە ڕازیت یان نا، بەڵام ئەوانەی کە ئەڵێن (لایشترط) ئەڵێن خولع پێویستی وەکو عیوەزێکی مالیە، پێویستی بە ئیجاب و قبوڵ هەیە کە ئەبێ ئیجابی تێدا بێت و قبوڵیشی تێدا بێت، لە تەرەفی ئافرەتەکەوە، ئەوە فەرەقەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

هەر کەلیمەی خولع یەعنی موخالەعە، یەعنی ئافرەتێك هەرچی هەیە دای دەنێت، لەپێناو ئەو ئازادییەی کە خۆی ئەیەوێت، یەعنی بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، لەوەی کە لەگەڵ هاوسەرێك ئەژی کە هیچ شتێك کۆی ناکاتەوە لەگەڵی، بۆیە ئەو ئافرەتە کاتێك چووە لای پێغەمبەر(ص) دەوری قازی بینی پێغەمبەر(ص) لەوێدا، ئەگەڕایەوە بۆلای مێردەکەی کە بپرسێت تۆ ڕازیت لەو ئافرەتە، لەبەر ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە کە کاری پێکردووە پێغەمبەر(ص) ئەمڕۆ زۆرێك لە دەوڵەتان کە باس لە خولع کراوە، ئەگەر وەکو تەفریق بێت وەکو مامۆستا ئیشارەتی پێکرد بەڕەزای تەرەفەین بێت و خۆیان ئیتیفاق بکەن، بەڵام خولع ڕیزای پیاوەکەی هیچ تێدا نیە، هیچ شتێکی نیە و نوقسانیەکیشی نیە، بەڵام ژنەکە ناتوانێ لەگەڵی بژی، بۆیە موخالەعەی ئەکات وهەرچیش وەریگرتووە تەنازولی لێ ئەکات، دەیداتەوە بە پیاوەکە بۆ ئەوەی ئازاد بێت، بۆیە ڕیزای پیاوی ناوێ تەنها قازی ئەتوانێ لەوێ حوکم بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل ئەگەر قسەی تازەت هەیە، ئەگینا قسەمان لەسەری کرد، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم ئەوە بابی چوارەم لە قانونی ئەحوالی شەخسیە باسی شتێك ئەکات عینوانی انحلال عقد الزواج سێ ڕێگای هەیە ڕێگایە فەصڵی یەکەم کە وتی تەڵاق، هی دووەم تفریقی قەزائی، فەصڵی سێیەمیش وتی

تفریق ئیختیاری (خلع) ئەوەی ئێستا ئێوە ئەیکەین هەر لە تەفریقی قەزائیە، هەر لەو بابەتەیە شتێکی تازەتان نەهێناوە، بەلاّم خولع مەوزوعێکی ترە بە ئیتیفاقی عولەما، ئەوانەی مالکی هەر موخالەفەی ئیجبارییە کە مەقسەدیان باسی تەفریقی قەزائیە، ئەوەی پێغەمبەر (ص) کە ئەو حوکمەی کرد، وەکو قازی بوو لەویٚ، ئێمە خیلافمان لە جەوهەر نیە، لە ناحیەی فەنیە خەڵتە بەینی ئەحکام، تۆ هەندێجار حوکمی تەلاّق دەدەیت بە خولع و هی خولع ئەدەیت بە تەفریق وکە هەریەکەیان جەوهەرێکی ئەحکامی خۆیان هەیە، ئەمە شێواندنی قانونە، ئەگەر رۆژێك بێت دیراسەت لەسەر ئەمە بکرێت پێکەنیمان بە موشەریع دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل لێرەشدا پیاوانی قانون زۆرن، ڕەئیان زۆر داوە، ئەوە تۆ ڕەئی خۆتە، ڕەئیەکەشت قابیلی ڕاستیەو هی غەڵەتیشە، بەلاّم تۆ ناتوانی حوکم بدەیت کەئەوانەی موقابیلت ڕەئیەکەیان دەرئەچێت بڵێیت غەڵەتن، ئەوە بەجێ بێڵە بۆ داهاتوو، لەوانەیە جەنابت غەڵەت بیت، مومکین هەیە ئێمەش غەڵەت بین، پێم وایە بەسە ئێستا پرۆژەکە بەو شێوە هاتووە (الخلع ازالة قيد الزوج بلفظ الخلع او مافي معناه مقابل عوض لايزيد عن ماقبضته من المهر المسمى ولايشترط رضى الزواج في الخلع اذا تبين للقاضي عن طريق التحكيم ان الزوجة لاتطيق العيش معه) ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ یەك کەسی لەگەڵدا نیە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کاك عبدالرحمن نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها مەبەستم ئەوە بوو لەو تێکەڵیە نەجاتمان بێت و بیکەین بە دوو برگە، لەیەکتریان جیا بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پرۆژەکە هەر وا هاتووە، ئەوە یەکەم شت، دووەمیش: ئەو دوو برگەی کە کاك خەلیل ئاماژەی پێکرد، ئەوەی منیش لەو یەك، دوو رۆژەدا موتابەعەم کردووە، هەر ئەو جوملەیە کەلێرەدا هاتووە، ڕەنگە تەفسیرەکەی یان صیغەکەی نەوعێکی تر بێت، بەلاّم هەر ئەو حاڵەتە ئەگرێتەوە کە ڕەزای ناوێت، مەهری موئەخەریشی نامێنێت، سەداقیشی نامێنێت، وەکو لێرەدا هاتووە، بۆ ماددەی دواتر تکایە بەڕێزان تەنها چوار مادده ماوە با ئەویش تەواو بکەین، هەمووشی لیژنەکان ڕەئیان یەکە و زوو تەواو ئەبێت، بۆیە با بەردەوام بین، چونکە ئەوە هەشتەمین دانیشتنە ئەوەش مەعقول نیە، با بەردەوام بین تکایە، فەرموو.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الخامس

في العدة

يوقف العمل بالمادة الخمسون و يحل محلها مايلي:

تجب نفقة العدة للمطلقة المعسرة على زوجها الحي ولانفقة لعدة الوفاة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكايە ڕای لیژنەكان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلق بالمادة الخمسين من القانون فان اللجنة المشتركة تؤيدها وتصبح المادة الحادية والعشرين من المشروع وكالآتي:.

المادة الحادية والعشرون: يوقف العمل بالمادة الخمسين من القانون ويحل محلها مايلي:

﴿تجب نفقة العدة للمطلقة على زوجها الحي ولا نفقة لعدة الوفاة.﴾ لێرەدا وشەی معسرەمان لاداوە، لە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ڕای لیژنەی موشتەرەكین لەو بارەیەوە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوە ڕەئیەداین كە معسرەكە لابراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر چوار لیژنەكە لەسەر لابردنی ئەو كەلیمەیە موافقن، كێ لەگەڵ هەمواركردنی ئەو ماددەیە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ بەس كاك سەردار، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب السابع

نفقة الفروع والاصول والاقارب

يوقف العمل بالمادة الثامنة والخمسون ويحل محلها مايلي:

نفقة كل انسان من ماله الا الزوجة المعسرة فنفقتها على زوجها من حين العقد الصحيح.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەکان تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ماددەکە ئەکەین تەنها وشەی معسرەمان لەو ماددەیە لابردووە، وەکو ئەوی تریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەئیدی پرۆژەکە ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەکەین، ئێمە کەلیمەی موعسیرە زوو لابرا، لەوەختی نەفەقەوە، دەنا ئەبوایە بمایەتەوە، بەڵام لە سەرەتاوە لابرا، لەبەر ئەوە ئەبێ ماددەکانی دوای ئەویش هەر لابرێت، بۆ ئەوەی مونسەجم بێت، بۆیە موافقین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ڕەئی لیژنەکاندایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، کاك سەرداری لەگەڵدا نیە؟بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی پەنجاو نۆ تکایە.

**بەڕێز سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يوقف العمل بالمادة التاسعة والخمسون ويحل محلها مايلي:

تعتبر نفقة الاولاد دينا في ذمة ابيهم حسب نسبة مسؤليته في الانفاق من وقت امتناعه عن الانفاق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەكان تكایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئێمە لیژنەكەمان، لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا نین، لەگەڵ ئەصڵی ماددەكەین كە لەقانونەكەدا هاتووە، چونكە زیاتر لەبەرژەوەندی منداڵەكانە، ئەصڵی قانونەكەش زۆر بەرێك وپێكی ئەو حاڵەتانەی ڕێكخستووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕەئیەین مادام كەلیمەی نسبەی موشارەكە لە ئینفاق وئەو شتانە، لە سەرەتاوە لابرا، واتە لەگەڵ ڕەئیەكەی لیژنەی قانونین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوە هەمووتان لەگەڵ ئەوەدان كە ئەصڵی یاساكە بێت، باشە لەگەڵ ئەصڵی قانونەكەن، مادام وایە ئێستا موقتەرەحی هەر سێ لیژنەكە كە پرۆژەی حكومەت ڕەد بكرێتەوەو ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵ ڕەئی لیژنەكاندایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ ماددەكە وەكو ئەوەی لە پرۆژەی حكومەتدا هاتووە، بۆ هەمواركردن وەرنەگیرا ئەصڵی یاساكە وەرگیرا، مام خۆرشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیقتراحێكم هەیە، چونكە لەقانونەكەدا نەهاتووە، مەوزوعی ئەوەی كە تەلاق دەدرێت ومنداڵیان هەیە، عیلاقەتی ئەو باوكە لەگەڵ منداڵەكانی، چاوپێكەوتنیان ئایا هەیە، من ئینجا مولاحەزەم لەسەر ئەوە هەیە، ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ دوو دەقیقەیەك، لە قانونی ئێمەدا یان ئەو قانونەی كە هاتووە، مانگی دووجار حەقی هەیە باوك منداڵەكانی ببینێت، هەر جارەو دوو سەعات، ئەویش لەجێگایەكی موحاید، وابزانم ئەوەی من لەزۆر كەسم بیستووە كە لەدونیاشدا شتی وا نیە، لە هەموو ئەورووپاش كە پرسیومە، دەبێ هەفتەی جارێك ئەو منداڵانە دێنە لای باوكیان شەوێك لەلای دەمێننەوە، لەبەر ئەوە مە عقول نیە مانگی دووجار ئەو كاتەش تەنها دوو سەعات بیانبینێت، لەبەر ئەوە حەز ئەكەم ئەو ماددەیەش ئیسارە بكرێت، لە شوێنێك جێگای بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە، كە دێینە سەری باسی دەكەین، ئێستا ماددەی دواتر دكتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی حەفتاو چوار لیژنەكەمان پشتگیری لێ ئەكات، و ژمارەكەی ئەگۆڕدرێت وئەبێت بەماددەی ٢٣ لە پرۆژەكە.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الباب الثامن**

**في الوصاية**

**الفصل الاول الوصية**

يوقف العمل بالمادة الرابعة والسبعين ويحل محلها مايلي:

١- اذا اجتمع اولاد الاولاد مع الاولاد أو اولاد اولاد الاولاد مع اولاد الاولاد وان نزلوا يحلون محل والدهم المتوفى او والدتهم المتوفاة وينتقل اليهم مايستحقه من الميراث لو كان على قيد الحياة على ان لايزيد عن ثلث التركة اذا لم يرثوا ولم يعطهم الجد او الجدة ما يساوي استحقاقهم واذا اعطاهم الاقل يكمل من الوصية الواجبة.

٢- تسري احكام الوصية الواجبة على اولاد الاخوة والاخوات ذكوراً كانوا او اناثاً وان نزلوا، وعلى الزوجين اذا كانت الزوجة من اهل الكتاب.

٣- للمورث حال حياته توزيع ماله على الورثة ذكوراً كانوا او اناثاً بالمساواة اوأن يوصى بذلك على ان لايزيد على ثلث التركة وباجازة البقية فيما زاد على الثلث.

٤- للمورث ان يوصى لوارثه بما لايزيد على ثلث تركته.

٥- اذا تزاحمت الوصية الواجبة مع الوصية الاختياريه تقدم الاولى على الثانية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ڕای لیژنەكان فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اما فيما يتعلقُ بالمادة الرابعة والسبعين فإن اللجنة المشتركة تؤيدها وتصبح المادة الثالثة والعشرون وكالآتي:

المادة الثالثةوالعشرون:

يوقف العمل بالمادة الرابعة والسبعين من القانون في إقليم كوردستان ـ العراق ويحل محلها مايلي:

١/ اذا اجتمع اولاد الاولاد مع الاولاد أو اولاد اولاد الاولاد مع اولاد الاولاد وان نزلوا يحلون محل والدهم المتوفى او والدتهم المتوفاة وينتقل اليهم مايستحقه من الميراث لو كان على قيد الحياة على ان لايزيد عن ثلث التركة اذا لم يرثوا ولم يعطهم الجد او الجدة ما يساوي استحقاقهم واذا اعطاهم الاقل يكمل من الوصية الواجبة.

٢/ تسري احكام الوصية الواجبة على اولاد الاخوة والاخوات ذكوراً كانوا او اناثاً وان نزلوا، وعلى الزوجين اذا كانت الزوجة من اهل الكتاب.

٣/ للمورث حال حياته توزيع ماله على الورثة ذكوراً كانوا او اناثاً بالمساواة اوان يوصى بذلك على ان لايزيد على ثلث التركة وباجازة البقية فيما زاد على الثلث.

٤/ للمورث ان يوصى لوارثه بما لايزيد على ثلث تركته.

٥/ اذا تزاحمت الوصية الواجبة مع الوصية الاختياريه تقدم الاولى على الثانية.

بەڕێزان ئەوەی کەلە ئەصڵی یاساکە هاتووە، تەنها منداڵی منداڵ ئەگرێتەوە، نەوەی نەوەکانی ناگرێتەوە، واتە وەکو ئەوەی لەو پرۆژەیەدا هاتووە، جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەصڵی قانون لەوەدایە کە باوکەکە مرد منداڵەکانی شوێنی دەگرنەوە، منداڵی منداڵی بەپێی ئەو پرۆژەیە ئەوانیش هەمان ماف وبەشیان دەبێت لە میراتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ئەوە ئەکەین کەلە پرۆژەکەدا هاتووە، بەس لەخوێندنەوەی دکتۆرە ڕۆژان، فەقەرەی یەکەم دێڕی سێیەم (على ان لايزيد عن ثلث التركة اذا لم يرثوا) وتی (او) خۆی (و)ەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەی حکومەت زۆر تەفصیل ترە، و قانونیشە وابزانم، پێری کە دانیشتین قسەمان لەسەر کردووە، خیلافێك نیە هەرچوار لیژنەکە، لەبەر ئەوە بابێك نیە ئیشێکی زۆر دەقیقە، ئەگەر شتێك زۆر دەقیق و موتەئەکید نەبن لێی تکام وایە، تەنها موداخەلەکەتان ئینشائی نەبێت ئەگەر موداخەلەیەکی قانونی هەیە پێمان بڵێن فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەتەئکید موئەیدی فەقەرەی یەکەمیم زۆر ڕاستە، ئەوەی (نزلوا واولاد اولاد) حەقی خۆیانە وەری بگرن، لە حەدی (ثلث) بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی سێی ئەم ماددەیەوە، کە ئەڵێت(للمورث حال حياته توزيع ماله على الورثة) من پێم وایە ئەو فەقەرەو فەقەرەی چوار زۆر ئیزافەیە، بۆچی؟ چونکە مورث لەحاڵی حەیاتی خۆیدا حورە لەتەصەروف بەموڵکی خۆی، هەموو ماڵکێك حورە تەصەروف بکات بەماڵی خۆی، کە چۆن

تەوزیعی نەکات یان وەصیەی لەسەر نەکات، ئەمە لە ئەحکامی عامەدا هاتووە، فەقەرە چوارەکەش کەباس لەوەصیە ئەکات، ئەوە تەحصیل حاصلە بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلامی وبەگوێرەی رەئی فوقەها و بەگوێرەی قانونیش، هیچ وەصیەتێك (مازاد عن الثلث)جائیز نیە، ئیلا موافەقەی باقی وەرەسەی ئەوێت، من پێم وایە ئەو دوو فەقەرەیە زیادە، ئەگەر نەشنووسێت هەرخۆی تەحصیل حاصلە باقی تری، لەگەڵ ماددەکەدام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا خۆی دوو نوقتە هەیە یەکەمیان: بۆ تەسبیت کردنی حاڵەتەکەیە بە قانون دووەمیش: بەموتڵەقی نەبێت بێجگە لەوەی کە شەرعی و شتیشە، ئەگەر وا نەبێت مومکینە لەبەر ئەوەی ئاخر عومری یەکێکە کە خزمەتی ئەکات، زوڵم لەوانی تر بکات کە لەوێ نین، تەئسیری لێ بکات، یەکێك کوڕێکی یان نەوەیەکی ٢٤ سەعات لەگەڵیەتی و خزمەتی ئەکات، تەنریخەکەی هەموو لەبیر ئەچێت لەبەر ئەو حاڵەتە هەموو موڵکەکەی دابنێت بۆ ئەو، ئەگەر موافق بوون قەیناکە، ئەگەریش موافق نەبن ئەو شتە زۆر دەقیق هاتووە، کە لە سێیەکەکە زیاتر نەبێت، بۆ پیاو و بۆ ژنیشە، تەریکەکە، وەصیەکە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی سێ، ئەوە زیادە نیە، چونکە حاڵەتێکی تریش هەیە، حاڵەتی ئیختلاف دیانەت، ئەگەر هاتو ژنەکە ئیسلام نەبوو، ئەوە بەپێی شەریعەت بەڕاستی ئەوە میراتی ناکەوێت. بەڵام پیاوەکەی ئەتوانێ لەڕێگەی وەصیەتەوە، کەوا وەصیەتی بۆ بکات لە سنوری ئەو سێیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیە زۆر باش هاتووە، چوار لیژنەکەش موافقن، ئەگەر ئیجازە هەبێت پێرێش زۆر موناقەشەمان کردووە لەسەر ئەوە، دەقیقیشە هەموو شتێك مولاحەزە کراوە، تەسبیتی عەدالەتەکە ڕەچاوکردنی بنەماکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، خیلاف لەسەر نیە، ڕێکخستنیشە، پێشکەوتنیشە، عەدالەتیشی تێدایە بۆ ژن و پیاو، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی [illegible]ەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ سێ کەسی لەگەڵدا نیە وەڵلاهی زۆرم پێخۆشە، سۆزان خان و شەمسە خان و کاك عومەر، سێ شتی موتەناقزی لەگەڵدا نین، بەهەرحاڵ بەزۆرین[illegible] دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب التاسع

في احكام الميراث

يوقف العمل بالفقرة(١)من المادة الواحدة والتسعين ويحل محلها مايلي:

يستحق الزوج مع الفرع الوارث لزوجته الربع و يستحق النصف عند عدمه اما الزوجة فتستحق الثمن عند وجود الفرع الوارث والربع عند عدمه بعد اخراج حصتها مما ساهمت به في تكوينه من التركة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان موتەفقن وابزانم، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موتەفقین ئەو جیاوازی هەموارکردنەی کەکراوە، لە ئەصڵی قانونەکەدا زیاد کردنی ئەو عیبارەیە(بعد اخراج حصتها مما ساهمت به في تكوينه من التركة) ئەو عیبارەیە لە ئەصڵی قانونەکە نیە، بەباشمان زانی کە زیاد بکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەمەین کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری ئیعتزازت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیشدا ئەگونجێت، لەگەڵ پرەنسیپێك هەیە لە قانونی فەرەنسیدا لەوێ کەحیساب هەیە، لەگەڵ هەردووکیان ئەگونجێت، چونکە لە شەریعەتی ئیسلامدا شەریکەی ئەبدان هەیە، پێکەوە هەوڵیانداوە ئەو ماڵەیان پێکەوە دروست کردووە، لە قانونی فەرەنسیشدا ئەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێرێ کە کۆبووینەوە لەسەر ئەوە زۆر وەستاین، بەکۆی دەنگ ڕێککەوتین کەوابێ، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەس سۆزان خان، بەس حەز ئەکەم بزانم بۆ؟ چونکە ئەو فەقەرەیە بۆ بەرژەوەندی ژنان کراوە، مام خۆرشید ئەو فەقەرەی کە جەنابت ئیشارەتت پێدا، لە قەرارێکدا پەرلەمان ساڵی ٢٠٠١ بەقەراری رەقەم (٨) دەرچووە، واتە ئەوەی تۆ دەیڵێیت بووە بەقەرار، ئەگەر تەنفیز ناکرێت جەنابت ئەندامی پەرلەمانی بڕۆ بۆی ببە، بڵێ ئەوە قەراری پەرلەمانە ئەبێ تەنفیزی بکەیت، دەبێ بچینە لای دەستەی قەزائی بڵێین ئەو قەرارە بۆ تەنفیز ناکرێت، سێ ماددەی پرۆتۆکۆلی هەیە، دەبێ ئیزافە بکرێت، دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان پێشنیار ئەکەن سێ ماددەی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەی خوارەوە.

ماددەی بیست و پێنج:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

لایعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و شەش:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و حەوت:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ ئەکرێت.

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في الجريده الرسميه (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکان پێشنیار ئەکەن، کە هۆکارەکان بەم شێوەی خوارەوە بێت:

الاسباب الموجبة

نظراً لأهمية قانون الاحوال الشخصية وعلاقته المباشرة بالفرد والاسرة والمجتمع وبغية تطوير المجتمع الكوردستانى وتنظيم العلاقات العائلية والاجتماعية السائدة فيه وتحقيق العدل والمساواة بشأن التعامل الاجتماعي والاسرى وخلق تنسيق وتناغم متوازنين بين القانون والتطورات المدنية المعاصرة وانعكاس تطلعات منظمات المجتمع المدني نحو تعزيز حقوق المراة الكوردستانية وضمانها وتحقيق المساواة الفعالة بين المراة والرجل جناحي الحياة الانسانية في المجتمع فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی کوردیەکەتان لانیە، کاك ئاریز تۆ کوردیەکەت لەلا نیە، کوردیەکەی موختەسەرەکەی ئەومیە، تۆ ئەتوانی بیخوێنیتەوە دکتۆرە فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر گرنگی باری کەسێتی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تاك و خێزان وکۆمەڵ و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵی کوردستانی و ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی خێزانی و کۆمەڵایەتی، بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری ویەکسانی لە هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵایەتی و خێزانی و ڕێکخستن یاخود هاوسەنگیەك لەنێوان یاسا وئەو پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵ بەخۆیەوە ئەبینێت، رەنگدانەوەی ئەو بۆچوونانەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ کاراکردنی مافەکانی ئافرەتی کوردستان، وە مسۆگەرکردن وبەدیهێنانی یەکسانی کارا لەنێوان ئافرەت و پیاو والرجل جناحی الحیاە الانسانیە في المجتمع ئەو یاسایە داندرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردووباڵی مرۆڤایەتی بەڵێ کاك حەسەن.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من ئەو کەلیمەی مساوات العداله بێت باشترە، چونکە مساوات لەنەفەقەو لە میراس ولەوێندەدا هەندێ شت نەکراوە، العداله مەفهومی فراوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی منیش لەجیاتی لیژنەكان موافقم، چونكە فعلەن مساوات ماویەتی، جا لەبەر ئەوە عەدالەتەكە ڕاسترە، من لەجیاتی ئەوان ئەیڵێم عەدالەتەكە فراوانترەو باشترە، مساوات ماویەتی، (وتحقیق العدالة) واتە مساواتەكە، یەكسانیەكە ئەبێت بە دادپەروەری، ئێستا هەموو ماددەكانی ئەو پڕۆژە یاسایە، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچواندنی دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا و یاساكەیان پەسەند كرد، زۆر سوپاس، سەیر ئەوەیە ئەوانەی كە موعتەریز بوون تەندروستیەكەش لەوەدایە كە لەوپەڕ تا ئەوپەڕی بوو، سۆزان خان و كاك زانا پێكەوە ئیعترازیان كرد، ئەوە دەلیلی ئەوەیە كە ئێمە بڕیارێكی وەسەتیمان داوە لە مەنفەعەتی كۆمەڵگادایە، سەركەوتنێكی گەورەشە پیرۆزبایی لەهەمووتان ئەكەم، لەخەڵكی كوردستان ئەكەم دەست خۆشی لەهەموو ئەندامانی پەرلەمانیش ئەكەم، كە ماندوو بوون بەڕاستی بەتایبەتی لیژنەكان، پرۆزبایش لەلیژنەی داكۆكی كردن لەماف ئافرەتان و ژنانیش ئەكەم، دەستتان خۆش بێت، بۆ سەركەوتنێكی تر هەر بژین، كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دێنین رۆژی دوو شەممە سەعات ١٠/٣٠ بەخێربێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی كمال سعید بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |
| **بەوەكالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٧)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی ١٧\١١\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٧)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٧

کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی کمال بزاز سکرتێری ئەنجومەن بە وەکالەت، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٧دا بەم شێوەیە بێت:

١- زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز خەمان زرار اسعد بۆ سەر لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.

٢- وەڵامدانەوەی بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە بۆ پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢ و، پێشنیاری پەرلەمان بۆ چارەسەری کێشەکە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، خولی دووەمی هەڵبژاردنی ساڵی چوارەمی ٢٠٠٨، خولی گرێدانی دووەم ژمارەی دانیشتن (١٧)، رۆژی دانیشتن ٢٠٠٨/١١/١٧، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٧دا بەم شێوەیە بێت:

١- زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز خەمان زرار اسعد بۆ سەر لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.

٢- وەڵامدانەوەی بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە بۆ پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢ و، پێشنیاری پەرلەمان بۆ چارەسەری کێشەکە، فەرموو کاك محەمەد.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، رجائەن دانیشە، ئەوە لە دەرەوەی بەرنامەیە، دوایێ باسی دەکەین، ئەوە جەلسەی بۆ دەکەین، ئێستا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین کاك دڵشاد وەزیری پەروەردەو ڕێزدار کاك دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵاو، هەروەها بەڕێز کاك سەعد زۆر زۆر بەخێرهاتنتان دەکەم، کە هەمیشە لەگەڵمانن، بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکانیش دەکەین، کە ئەمڕۆ گوێ لە دانیشتنەکە دەگرن، ئێستا خاڵی یەکی بەرنامە، زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز خەمان زرار اسعد بۆ سەر لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، دەیخەینە پێش دەنگدانەوە، کێ موافیقە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین. بۆ خاڵی دووەم، ئێستا داوا لە هەردوو وەزیری بەڕێز کاك دکتۆر ئیدریس هادی و کاك دڵشاد دەکەین بێنە سەر مەنصە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز، تکایە گوێ بگرن، چونکە ئێرە مەنبەرێکی عەدالەتە، مەنبەری دیموکراتییە، لە جەلسەی (١٢)ی مانگ هەموو ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری خۆیان ئاراستە کرد بە هێمنی، ئێستاش گوێ لە وەڵامەکانیان دەگرین، پاشان پێشنیارمان هەیە بۆ ئێوەی بەڕێزو دەخرێتە بەردەستتان، بۆ ئەوەی موافەقەتی لەسەر بکەن، زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك دڵشاد وەزیری پەروەردە فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، کە لە جەلسەی ١١/١٢ لە بەڕێزتان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.دڵشاد عبدالرحمن / وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**ئەو کاتەتان باش.**

سەرەتا دەمەوێت بە چەند شتێکی گشتی پێش ئەوەی وەڵامی یەکە یەکەی پرسیارەکانی ئەو ڕۆژە بدەینەوە، لەڕاستیدا یاسای وەزارەتی پەروەردە ئەرکەکان و واجیبەکانی وەزارەتی پەروەردەی دەست نیشان کردووە، بۆیە مافێکی سروشتی پەرلەمانی کوردستانە، هەر کاتێك بیەوێت داوا لە ئێمە بکات کە چەند بەرامبەر ئەو یاسایە مولتەزیم بووین؟ چەند پابەندی بووین؟ ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە لەسەر شانمانە کە هەلی خوێندن بۆ هەمووان لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی تا نۆی بنەڕەتی ساز بکەین، لەبەر ئەوەی خوێندنی وەکو چۆن دەڵێت بڕیاری خوێندنی ئیلزامی، کە ئێمە حەز ناکەین پێی بڵێین ئیلزامی، یان زۆرە ملێ لەڕاستیدا، بەڵکو ئەوە بۆتە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە پابەندین، لە دوای خوێندنی نۆی

بنەڕەتی، ئێمە بەرەو ئەوە هەنگاو دەنێین کە هەموو قوتابیانی دەرچوو لە قۆناغی بنەڕەتی بچنە قۆناغەکانی ئامادەیی و خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، لەوێدا خوێندنی هەمە چەشنە، خوێندنی پیشەیی، خوێندنی زانستی، خوێندنی وێژەیی، کەوا بێت ئێمە کاتێك لە کارەکانمان سەرکەوتوو دەبین، کە بتوانین ساڵانە هەزاران لە منداڵانی کوردستان بنێرینە ناو خوێندنەوەو قۆناغەکانی خوێندن پلە بە پلە بەرز بکەینەوەو لە کاتێکدا توانیمان ئەو منداڵانەی کە دەچنە قۆناغی سەرەتایی، ئەگەر هاتو ڕێژەیان چەند نزیك بێتەوە لە ١٠٠٪ کە قۆناغی ئامادەیی تەواو بکەن، ئەوە سەرکەوتنی تەواوە بۆ ئێمە، خۆ ئەگەر ڕێژەکە ساڵێك لە ٥٠٪ ئەگەر بێتو حیسابی دوازدە ساڵی تەمەن بکەین لە قۆناغی یەکدا بۆ نموونە سەد هەزار منداڵ چووبنە قۆناغێکی بنەڕەتی، دوای دوازدە ساڵ ئەو سەد هەزارە بووبنە پەنجا هەزار، ئەوە بۆ ئێمە بەڕاستی مایەی نشوستییە، بەڵام ئەگەر ساڵ بە ساڵ ئەو پەنجایە زیاد بێت تا نزیك دەبێتەوە لە ١٠٠٪، ئەوە سەرکەوتنی ئێمەیە، بۆیە بەپێی ئەو سەرژمێریانەی ئێمە لامانە خۆشبەختانە توانراوە کە ڕێژەی وەرگرتن و هاتنەوەی منداڵان بۆ قوتابخانەکان زۆر زیاد بکرێت، ڕێژەی دەرچوونیش دیسانەوە زیاد بکرێت، بۆیە ئەو سەرژمێریانەی کە ئەو ڕۆژە لەڕاستیدا ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیەو نیشانەی دروستی  ئەو یاسایەیە کە لەلای ئێوەی بەڕێزەوە پلانی بۆ دانراوە، نیشانەی سەرکەوتنی ئەو سیستەمەشە، کە ئێوە بە کۆی دەنگ دەنگتان بۆداو، ئێمە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی سیستەمەکەشمان ئامادەیە لە دانیشتنێکی تری پەرلەمانی کوردستان ئامادەین بێینە خزمەتتان و خاڵ بە خاڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێوە بڕیارتان لەسەرداو جێ بەجێ کردنی چۆن بووە؟ باس بکەین.

بۆ وەڵامی پرسیارەکان، ئەگەر پێویستی کرد جارێکی تر داتاکان لەبەردەست دایەو دەتوانین بیهێنینەوە ناوەوە، ئێستا بۆ وەڵامی پرسیارەکانی یەکە یەکەی ئێوەی بەڕێز، برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئیدریس لە سەرەتای ئاماژە کردنی بە وتەکانی خۆی ئاماژەی بەوەدا، کە وەزارەتی پەروەردە یەکلایانە پەیمانگەکانی مامۆستایانی داخستووە، لەبەر ئەوە ژمارەیەك لە خوێندکاران بێ شوێن بمێننەوە، لە بیرو بۆچوونی بەڕێزیانەوە دروستە، لەبەر ئەوە ئەو پەیمانگایانە چەند هەزار کەسێکی وەردەگرت، بۆیە ژمارەیەك خوێندکار زیاد دەمێننەوە، کە ئەو لە پلانی خۆی وا چاوەڕێ دەکات، کە بیانخاتە پلانی وەرگرتنیەوە، ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە ئەو بڕیارەمان زۆر بە دروست زانیوە، لەبەر ئەوەی پەیمانگای مامۆستایان و هەر دامەزراوێکی تر ئامانجێکی خۆی هەیە، لە یەکەم دێری سیستەمی پەیمانگاکان نووسراوە ئامانج لەم پەیمانگایانە ئامادە کردنی مامۆستایانە بۆ قۆناغی سەرەتایی، لە کاتێکدا کە ئەو ئامانجە نامێنێت، هیچ بەهانەیەك بۆ مانەوەی ئەو دامەزراوەیە نامێنێت، ئەگەر مایەوە دوای نەمانی ئامانجەکە، ئەوە نیشانەی بێ بەرنامەیی و بێ پلانی ئەو وەزارەتە، ئەو دەزگایەو، ئەو موئەسەسەیە، لەبەر ئەوە پێویست وایە ئێمە ئەو دامەزراوەیە بگۆڕین، ئەگەر ئێوەی بەڕێز بگەڕێنەوە بۆ دواوە لە ساڵانێك کە عێراق پێویستی بە مامۆستا هەبووە، دار موعەلمینی ریفی هەبوو، لە دوای شەشی سەرەتایی، بە سێ ساڵ لە دار موعەلمینی ریفی دەبوو بە مامۆستا، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئاستی خوێندەواری نزم بوو، دواتر کە ئەوانە

پێویستیەکانی عێراقی پڕ کردەوە ئاستی دار موعەلمین بەرز کرایەوە، بۆ دار موعەلمینی عالی و دواتر بۆ پەیمانگاکانی مامۆستایان و دواتر بۆ کۆلیژی بنەڕەت، لەبەر ئەوە ئێمەش کە سەیرمان کرد ژمارەی مامۆستایەکان ئەمڕۆ لە کوردستان زیاترە لە پێویستی ئەو قۆناغەی ئێمە، زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەوە نیشانەی پێشکەوتنی بواری پەروەردەو زانستە لە کوردستان، نیشانەیەکی گەشە، لە کاتێکدا ئاستی مامۆستا لە هەر وڵاتێکدا بڕوانامەکەی بەرزتر بێت، ئەوە نیشانەی گەشی ئەو وڵاتەیە، بۆ نموونە لە وڵاتانی دەرەوە زۆر جار بڕوانامەی بەرز، مامۆستای باخچەی ساوایانە، ئەمە مانای ئەوە نییە، تۆ جهودی خەڵك بەفیڕۆ بدەیت، نەخێر، ئەوە مانای ئەوەیە کە ئاستی زانستی ئەم وڵاتە پێشکەوتووە، هەر بۆ زانیاری بەڕێزیشتان لە وڵاتانی دراوسێشمان ئێستا هیچ مامۆستایەك لە بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نییە، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەند هەزار خوێندکارێك لە ساڵێکدا، ڕەنگە شوێنی کورسی وەرگرتنیان لە خوێندنی باڵا نەبێت، بەڵام ئەوە بەهانەیەك نییە بۆ من کە ئەو شوێنەیان بۆ پڕ بکەمەوە، لەبەر ئەوەی ئامانجە پەیمانگاکە لە کاتی خۆی وەرگرتنی خوێندکار نەبووە، بەڵکو ئامادە کردنیان بووە بۆ مامۆستا، بۆیە بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە، کە دیسان لە ئەنجامی پێشنیاری کۆنگرەی پەروەردەیی بە پشتگیری سەرجەمی ئێوەی بەڕێز بووە، بڕیارێکی زۆر دروستە، خۆشبەختانە وەکو جاری پێشووش گوتمان تازە وەزیری پەروەردەی عێراق وەکو ئینجازێك ئیعلانی کرد کە ئیتر لە عێراقدا پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان دادەخرێت و ئاستی مامۆستایانی عێراق دەبێت بەرز بێتەوە، ئێمە پێش دوو ساڵ ئەم بڕیارەمان داوە، ئەوان تازە وەکو سەرکەوتنێکی زانستی لە عێراقدا باسی کرد، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ژمارەیەکیان ئاماژەیان بەوەدا کە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا ئاگایان لە یەکتری نییە، هەماهەنگی نییە، لەڕاستیدا لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو بیرو بۆچوونانە، ئەوەش ڕاستی نییە، ئێمەو وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگامان لە یەکترییەو نزیکین لە یەکترییەوە، بەڵام بەرنامەکانمان جیایە، ئەرکەکانمان جیایە، ئامانجەکانیشمان جیایە، وەك عەرزم کردن ئامانجی من هەل هەلی خوێندنە بۆ ئەم قۆناغە، ئامانجەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی ئەو یاسایە کە دیسان بەخۆتان بڕیارتان داوە ئامانجێکی ترە، لەبەر ئەوە مانای ئەوە نییە، ئێمە لەڕاستیدا بێین هەردووکمان یەك پلان و یەك بەرنامە جێ بەجێ بکەین، ئێمە بەرپرسیارین لە پلانی خۆمان، لە یاسای خۆمان، بەڕێزیشیان بەرپرسیارن لە پلان و لە یاسای خۆیان، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە ئاگامان لە یەکتری نییەو هەماهەنگی نییە، بە پێچەوانەوە ئاگامان لە یەکترییە، وەزارەتی خوێندنی باڵا زۆر باش دەزانێت کە ئێمە ژمارەی خوێندکارانمان لە شەشەمی ئامادەیی چەندە؟ چەند دەردەچێت؟ چەند دەرناچێت؟ ڕێژەیی چەندە؟ زانستی چەندە؟ بەڵام ئەویش بەپێی پلانی خۆی، پلانی هەیە بۆ ئەو ژمارانەی کە مەبەستیەتی، خاتوو نازناز خان بە سوپاسەوە کە پشتگیری هەموو بۆچوونەکانی ئێمەی کردووە لە داخستنی پەیمانگاکان کە ئەوە وەکو گوتم بە هەماهەنگی هەردوولا بووەو بڕیارەکە بڕیارێکی تاك لایەنە نەبووە، بەڵکو لە لیژنەی پەروەردەیی خوێندنی باڵا کە نوێنەری ئێوەن بۆ ئەو دەزگایە بە کۆی دەنگی ئەوان و ئێوەی بەڕێز ئەم ئیشە کراوە.

دکتۆرە شوکریەی بەڕێز ئاماژەی بەوەدا کە پلانێك لەنێوان ئەو دوو وەزارەتەدا، ئەوە وەڵامم دایەوە، بەڵێ ئێمە ئاگامان لە یەکتریەو، بەڵام هەر وەزارەتێك پلانی خۆی هەیە، نابێت دوو وەزارەت یەك پلانیان هەبێت، پرسیارێکی کرد بەڕاستی لە لامەوە سەرنج راکێش بوو، دەڵێت قوتابیەك باوکی مامۆستای زانکۆیە، هەموو رۆژەکان چۆتە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا، هاتۆتەوە گوتویەتی (٩٠) دەهێنم، (٩٥) دەهێنم، بەڵام دواتر سەیریان کردووە لە هەموو دەرسەکان غائیبن، واتە لە حەوت دەرس ئەم قوتابیە چووە ئیمتیحانی داوە لە هەر حەوتی کە نەتیجەکەی بۆ هاتۆتەوە غائیبە، لەڕاستیدا تاکو ئێستا لە مێژووی تاقی کردنەوەکانی بەکەلۆری لە کوردستان شتی وا رووی نەداوە، من پرسیارم کردو تەحقیقم تیا کردو مامۆستایەکی زانکۆ ئەوەی بێنە پێشی خۆتان منداڵەکەی هەموو رۆژ بچێت بۆ تاقی کردنەوەکان و بێتەوە بڵێت (٩٠)م هێناوەو ئێمە هەمووی بە غائیب بدەین، ئایا ئەوە هەر وا بە ئاسانی لێی بێ دەنگ دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوە دەیان کەس ئاگاداری ئەو کارە دەبێت لەڕاستیدا، هەر لە تاقی کردنەوە، هەر لە هۆڵی تاقی کردنەوەکان، هەر لە مامۆستای چاودێر، هەر لە بەڕێوەبەری هۆڵ، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا من وەکو وەزیری پەروەردە ئامادەم، ئەگەر بێتو زانیاری تەواو بۆ ئەو بەڕێزە، تەبعەن دەبوایە یەکەم رۆژ وەکو پێم گوتی کەس بێ دەنگ نابێت لەسەر شتێکی ئەوها لە حەقیقەتدا، زانیاری تەواو بدات بە دەستی ئێمە، ئێمە ئامادەین لەسەر بەرزترین ئاست لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئێستاش بۆ ئەنجام بدەین، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك رێگا نادەین ماف هیچ قوتابیەك بخورێت بەو شێوەیە، پرسیارێکی تریان گوت کە پرسیاری ئابووری قورس بووە، لەبەر ئەوە رێژەی دەرچوون تیایدا خراپە، بابەتی ئابووری ئەمساڵ گۆڕدراوە، کە گۆڕدراوە رێژەی دەرچوون لە وانەی ئابووری بۆ ئەو قوتابیانەی تاقی کردنەوەی دەرەکیان داوە کەم بووە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی تاقی کردنەوەی دەرەکیان داوە، ئەوان بەو پرۆگرامە نوێیە ئاشنا نەبوون، ئەوە شتێکی سروشتییە، ئێمە پرۆگرام دەگۆڕین، ناکرێت لەبەر خاتری چەند قوتابیەك کەوا تاقی کردنەوەی دەرەکی دەکەن سیستەمەکەی خۆمان نەگۆڕین.

خاتوو سۆزان خان باسی بەڕێوەبەری وەرگرتنی کرد، گوایە لە لیژنەی پەروەردەیی وتوویەتی سێ قوتابخانە فۆرمیان نەناردووە بۆ خوێندنی باڵا، ئەوە کێشەی خوێندکارانی دروست کردووە، بەداخەوە من لە مانشێتی یەکێك لە رۆژنامەکانیش خوێندمەوە لەسەر زاری ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز بە مانشێتی گەورە دەڵێت وەزارەتی پەروەردە فۆرمی قوتابیانی نەناردووە بۆ قبولی مەرکەزی، بۆیە ئەم کێشەیە روویداوە، لەڕاستیدا ئەوەش دوورە لەڕاستی، دوای تەحقیق و لێکۆڵینەوە لە ئامادەیی پیرەمێرد لە سلێمانی بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا ئەحمەد مەحمود حەوت فۆرمی خوێندکارانی نەگەیاندووە، تەبعەن وەزارەتی پەروەردە فۆرمی نانێرێت، بەڕێوەبەری قوتابخانە فۆرم دەنێرێت، نەك وەزارەتی پەروەردە حەوت فۆرمی نەگەیاندووە بە بنکەی وەرگرتن لە سلێمانی، مامۆستا ژیان لە ناوەندی ژینی کچان لە سلێمانی یەك فۆرمی خوێندکارێکی نەگەیاندۆتە بنکەی وەرگرتن لە سلێمانی هەشت فۆرم، دوای دەرچوونی ئەنجامەکان ئەو هەشت خوێندکارە سەیری ئەنجامەکانی خۆیان دەکەن نییە، ئەوەش هەڵەیە، یەکسەر فۆرمی نوێیان بۆ

کراوەو دراوەتە قبولی مەرکەزی و ناویان دەرچۆتەوە لە کۆی (٣٤) هەزار فۆرم، حەوت فۆرم، یان هەشت فۆرم، لەڕاستیدا ئەوە هەموو بەڕێزتان لە بواری ئیحصائی و لە بواری زانیستیشەوە هەڵەیەکی زۆر تەبیعییە، چۆن دەڵێی ئەوە غەڵەتێکی مەعنەوی نییە، کە تا بڵێین کێشەی مانەوەی دە هەزار خوێندکار ئەوەیە کە پەروەردە حەوت فۆرمی نەناردووە، ئەمە راستیەکان چەواشە دەکات لەلایەن خەڵکی.
برای بەڕێز کاك غەفور مەخمووری، باسی چارەسەری گرفتەکە نەکرا، راستە، پێشنیاری کردووە کە کۆلیژی بنەڕەتی ئێواران بکرێتەوە، دیارە ئەوەش بەڕاستی هەموو ئەو پێشنیارانە سوود بەخشن، بەڕێز کاك دکتۆر ئیدریس دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوەو من پشتگیری رەئیەکانی کاك غەفور دەکەین، کە ئەو گرفتە چارەسەر بکرێت بەشێوەیەکی وا کە هەموویان تیایدا سوودمەند بن.
بەڕێز کاك عوسمان پرسیاری کرد کە پەیمانگای مامۆستایان لە رانیە بکرێت بە کۆلیژ، دیارە ئەوە دوای بوونی موستەلزەمات، ئەو کاتە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانێت بیکات بە کۆلیژ.
خاتوو ڤیان دەڵێت لێك دابڕان هەیە لەنێوان دوو وەزارەت، دیسان هەمان وەڵام بۆ بەڕێزی کە لێك دابڕان نییە لەنێوان دوو وەزارەت، هەر وەزارەتێك پلانی خۆی هەیە، باس دەکات لە دهۆك (٢٢٨٧) شاغیر هەیە لە مامۆستایانی سەرەتایی، ئەی چۆن دەڵێن مامۆستایانمان ناوێت؟
لەڕاستیدا هەر ئەو رۆژە بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتی دهۆك تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی هەر ئەمڕۆ (١٨٠) مامۆستامان لە ناوەندی دهۆك گواستۆتەوە بۆ قەراخ شاری دهۆك، لەبەر ئەوەی ژمارەی مامۆستایانی دهۆك زۆر زیاترن وەکو پێویست، وەکو جاری پێشووش عەرزمان کردن، ئێمە مامۆستامان زۆر هەیە، بەس خراپ دابەش کراون، بۆیە ئێستا پلانی دابەش کردنی تەواومان هەیە، پلانی دامەزراندنی ئەمساڵیش بەناوی مامۆستایەکە دەبێت بۆ ئەو قوتابخانەیە، یان بۆ ئەو گوندەیە، یان بۆ ئەو شارەی کە بۆی دەچێت، ئیتر ناڵێین (١٠) هەزار، یان شەش هەزار بۆ سلێمانی دابمەزرێت و لە دەوروبەری سلێمانی دانێت، نەخێر، چ گوندێك، چ قوتابخانەیەك پێویستی بە مامۆستا هەیە بەو شێوەیە دادەمەزرێنین، هەروەها پرسیارێکی تری کرد (٣٤) هەزار کتێب کەمە، بەڕێزان، شەش ملیۆن کتێب لە وەزارەتی پەروەردە چاپ کراوە، لە کۆی شەش ملیۆن کتێب (٣٤) هەزار کتێب کەمە، شتێکی زۆر ئاساییە، ئەوە یەك.
دوو/ ئێمە کە کتێب چاپ دەکەین، سەرچاوەکانی لەکوێوە وەردەگرین؟ بە کۆنووسی ئیمزا کراو لە بەڕێوەبەری گەنجینەی پارێزگاکان وەردەگرین، چەند کتێبت پێویستە بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە هەیە ئەوەندە کتێبەم پێویستە، هەر هەموو ئەو بەڕێوەبەرە گەنجینانە بە ئیمزا کراوی خۆیان لە لایە کە چەند کتێبیان داوا کردووە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سیستەمی زانستی، تا ئێستا لە لای ئێمەش هەندێك جار سەرژمێریەکان هەڵەن، هەندێك جار کەموکورتی لەسەرژمێریەکاندا دەبێت، بۆیە ئەوە لەوێدا کەموکورتی دەبێت، بیست هەزار کتێب، یان بیست و چوار هەزار کتێب لەوێ کەم دەهێنێت، یان کورت دەهێنێت، بەڵام لەڕاستیدا وەکو عەرزم کردن لە کۆی شەش ملیۆن، بیست و چوار هەزار کتێب ئەگەر کەم

بێنێت، له هەولێر ژمارەیەك كەم بوو، له سلێمانی هێنایانەوەو تەوزیعیان كرد، واتا ئەمە شتێك نییە لە چارەسەر كردن بە دەر بێت.
كاك باپیر، ساڵانی داهاتووش كێشەمان دەبێت، بێگومان وەكو عەرزم كردن ئێمە ساڵانە ژمارەی قوتابیانمان زیاتر دەبێت، ئەمساڵ نزیكەی (٧٣) هەزار قوتابی و خوێندكارمان لە شەشی ئامادەییە، هیوادارین هەموویان دەرچن، ئەو كاتە من دڵخۆش دەبم كە هەموویان دەربچن، ئینجا دوای ئەوە چۆن لە زانكۆ وەردەگیرێن، یان بازاڕی كار، یان هەر شتێكی تر، لەڕاستیدا ئەوە ئەركی وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی ترەو سیاسەتی حكومەتیش بڕیار لەوە دەدات، لەڕاستیدا تەنها وەزیرێك بڕیار لەوە نادات، ئایا ئەوە (٧٣) هەزارەكە هەموویان دەرچوون و لە زانكۆ وەربگیرێن؟ یان لە پەیمانگا؟ حكومەتی هەرێمی كوردستانیش سیاسەت و بەرنامەی خۆی هەیە، كە چۆن ئەوانە موعامەلە بكات.
بۆ وێژەیی زیاترە لە زانستی؟ لەڕاستیدا پرسیارێكە ئەو ڕۆژەش چەند جارێك كراوە، ئێمەش ئیشارەتمان پێدا لە هەر وڵاتێكی وەكو ئێمە مانانن، ئەگەر هاتو ڕێژەی وێژەییمان زیاتر بوو لە ڕێژەی زانستی، لە حەقیقەتدا ئەوە پرسیارێكە دەبێت چارەسەری بۆ بكەین، چارەسەرێكی زانستی بۆ بكەین، لەبەر ئەوەی ئەوە پێچەوانەی پێشكەوتن و تەنمیەو گەشەسەندنی ئابووریشە، وڵات پێویستی بە پسپۆڕە زانستیەكان و تەكنیكیەكان زیاترە، نەك لە پسپۆڕیە وێژەییەكان، ئەمەش كۆمەڵێك هۆكاری هەیە، یەكێك لەوانە لەڕاستیدا وەكو گوتم هەندێك ئاسان بوونی وێژەیی لەچاو زانستیە، دووەم/ هەلی وەرگرتن لە وێژەییەكانیش زۆر زیاتر بوو، دەیان كۆلیژی قانون كراوەتەوە، كە جاران خۆتان دەزانن لە عێراقدا كۆلیژێكی قانونی هەبوو، ئەویش یەكەمی ئەدەبیەكانی وەردەگرت، بەڵام ئێستا چەندین كۆلیژی یاساو رامیاری و جوگرافیاو مێژوو و ئەمانە هەیە، كە قوتابی هەست دەكات بە ئاسانتر لەبواری ئەوەی كە بچێتە زانستی كورسی زانكۆی بە دەست دەكەوێت، بەڵام ئەمساڵ تووشی شۆك هات كە بینی دە هەزار قوتابی وێژەیی وەرنەگیراوە لێرە، كە دەرەجەكانیان هاتە پێشەوە، جاران ساڵی پار بە پەنجاشەوە لەوێژەیی وەردەگیرا، بەڵام ئەمساڵ (٦٥) وەریگرتووە، بۆیە كێشەی وێژەییەكان لە حەقیقەتدا دووەم ژمارەی ئەو قوتابیانەی كە تاقی كردنەوەی دەرەكی دەكەن زۆربەی زۆریان وێژەیین، ئەوەی ڕێژەی وێژەییەكە زیاد دەكات و گرنگیدانی زیاتری ئێمەو كۆمەڵگاش، بەداخەوە كۆمەڵگاو میدیاكانیش دەرچوانی وێژەیین، بۆ نموونە هەموومان دەیان پرۆفیسۆری زمان و مێژووی كوردی دەزانین، بەڵام یەكێكمان ناوی پرۆفیسۆری كیمیا نازانین لە كوردستاندا كە هەمانن، هیچ ڕۆژنامەیەك، هیچ تەلەفزیۆنێك ڕۆژێك بانگی پرۆفیسۆرێكی كیمیا ناكات لە كوردستاندا كە ناوی بێنێت و باسی بكات، بەڵام دەبینین لە وێژەییەكاندا بانگ دەكەن، لەبەر ئەوە كۆمەڵێك كار هەیە لەڕاستیدا دەبێت وا بكەین، ئینجا ئیمتیازات لێرە هەموو شتێك وەكو یەك وایە، لە هەموو دنیا لەڕاستیدا ئیمتیازات فەرقی هەیە، پسپۆڕێكی كیمیا فەرقی هەیە لەگەڵ پسپۆڕێكی جوگرافیا دەردەچێت، شەهادەكانیان هەموو وەكو یەكن، بەڵام لەڕاستیدا پێویستی كۆمەڵگا كۆمەڵێك ئیمتیاز دەدات بە پسپۆڕێك نایدات بە ئیمتیازێكی تر، لەكاتێكدا ئێستا تۆ لە كیمیا دەربچیت و لە

جوگرافیا دەربچیت، یان لە مێژوو دەربچیت، لە جیۆلۆجی دەربچیت وەکو یەك وا بێت، زۆربەی گەنجەکان دەڵێن بۆچی دەربچین؟ بچمە ناو تاقیگەیەکی زانستی قوڵ و دوورو شەو نوخوونی بکەم، دوایش هەردووکمان وەکو یەك بین، هەردووکمان مامۆستاین، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا پێویستی بە پلانێکی ورد هەیەو دایبڕێژین، بۆ ئەوەی ڕێژەی چوونە ناو وێژەیی کەم بکەینەوە، ئێمە لەناو خۆمان هەنگاومان ناوە، یەکەم/ بە کردنەوەی چەند پەیمانگایەکی کۆمپیوتەر کە لە قۆناغی نۆوە وەردەگیرێت، پەیمانگای وەرزش، زیاد کردنی بەشە پیشەییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان، هەر ئەمساڵ چەند هەفتەی داهاتوو کۆنفرانسی ئامادەیی پیشەییەکان دەگیرێت، کە ئێستا پرۆگرامەکانیان گۆڕاوە، هەفتەی رابردوو لە ئەستەنبول لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی، کە ئێمە دوو ساڵ خەریکین بۆ ئەوەی پرۆگرامی ئامادەیی پیشەییەکان بگۆڕین بەشێوەیەك، کە دوای دەرچوونی خوێندکار لەو ئامادەییانە کاری دەسپێرێت لە بازاڕدا، واتە خوێندنەکە بە فیعلی ببێت بە پیشەیی، چەند بەشێکی نوێ کە ئەمڕۆ بازاڕی کاری کوردستان پێویستی پێیەتی بکرێتەوەو گرنگیدان لەلایەنی رۆشنبیریشەوە بە ئامادەییە پیشەییەکان بە هەموو شێوەیەك، ئەمە وا دەکات ئیتر وردە وردە ڕێژەی چوونە ناو ئامادەیی بە وێژەیی و بە زانیستیشەوە کەمتر بێتەوە لەوەی کە ئێستا هەیە، دەبێت ئێمە ئەو هەنگاوە زۆر گرنگی پێ بدەین.

خاتوو گوڵناز شتێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڕێز چرۆ خان ترس هەیە لە بەکالۆریا، ئایا ئێوە پلانتان هەیە؟
بەڵێ، بەکالۆریا دێوەزمەیەکە لەسەر سنگی هەموومان، بەخێزانەکانیشەوە، بە دایك و باوکیشەوە، بۆیە ئێمە چیمان کرد؟ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی، یەك.

دوو/ بۆ کەم کردنەوەی سام و ترس و لەرزی بەکالۆریا لە کۆنگرەی پەروەردەیی بڕیار درا، کە قۆناغی چواری ئامادەیی لە ساڵی پارەوە تێکڕای کۆ نمرەکانی لە ١٠٪ی بۆ حیساب بکرێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ، ئەوە ساڵی پار پۆلی چوار ئەوەی دەرەجەی هێنا بێت لە ١٠٪ی بۆ حیساب کراوە، ئەوانەی ئەمساڵ لە پێنجن، یان لە یازدەن تێکڕای نمرەکانیان لە ١٥٪یان حیساب دەکرێت، بۆ ئەوەی کە ساڵێکی تر چوونە شەش تاقی کردنەوەی شەشی بەکالۆریای ساڵێکی تر تەنها ٧٥٪ی لەسەر دەبێت، واتا قوتابیەك کە ساڵێکی تر لە پۆلی شەشە لە ٢٥٪ی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەمە دوو ئامانجە، یەکێکیان/ ئاستی زانستی لە خوێندنی باڵا بەرز دەکاتەوە، چونکە ئەوە دەکات قوتابیەك لە بواری زانکۆ هەبێت، دەبێت لە چوارەوە خەریك بێت لەڕاستیدا، نەك تەنها لە شەش مامۆستایەکی تایبەت بگرێت و بێت کتێبەکەی تەرقیم بدات و دەرەجە بێنێت لە خوێندنی باڵاش وەکو بەڕێزتان هەندێکتان پرسیارتان کرد، کە هەیە دەرەجەی زۆر بەرزی هەیە، بەلام فەشل دەهێنێت، بەلام ئەوەی کە بیەوێت دەبێت لە پۆلی چوارەوە خەریك بووە، ئەمە ئامانجێکی زانستی، ئامانجی دووەمیش/ نرخ و هەیبەتی ئەو تاقی کردنەوەیە کە تەنها بڕیاردەری وەرگرتن بوو کەم دەکاتەوە، ترس و دڵەڕاوکێی دایك و باوکەکان و خودی خوێندکارەکان و قوتابیەکان کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی وزنەکەی تەنها حەفتاو پێنجە، کەوا بێت ئێمە توانیمان بەمە دوو ئامانجی سەرەکی گرنگ بپێکین، کە لە ئایندەدا ئەنجامەکانی بەباشی دەردەکەوێت.

بـرای بـەڕێز کـاك دکتـۆر دلێـر، مـن ١٠٠٪ لەگـەڵ پێـشنیارەکانیم باسـی کـرد دوو لایەنـە، دڵخۆشـکەر، ئـەو لایەنانەی دڵخۆشکەرە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیـە، کـە وەکو عـەرزم کـردن تـەنها ئەوانـەی کـە لـە قۆنـاغی بنەڕەتینە، ئەمساڵ ٢٠ هەزار کەس زیادی کردووە، ئەوانەی لە ئامادەییشن زیادیان کردووە، لەبەر ئـەوە بـۆ لایەنەکەی تریش، بەڕاستی ئەوە ئەرکی حکومەتە وەکو جەنابیشت گوتت تەنها وەزارەتێك نییە لەڕاستیدا ئەرکی حکومەتە کە پلانی گەشە کردنی ئابووری دابڕێژێت، بۆ ئـەوەی بـزانین ئـەم دەرچـوانەمان چی لـێ دێت؟

کاك ئارێز بەرچاو روونی بۆ هەمووان کە وەرناگیرێن، لەڕاستیدا هەر لە ساڵی پارەوە چەندین چاوپێکەوتن کراوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاش کە ئەمساڵ قبوڵ لە ١٠٠٪ نییە، بەڵام لەڕاستیدا هەندێك کـەس بەهانـە دێنێتەوە، دەڵێت نەمانزانیوە کە ئەوە نییە، لە حەقیقەتدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خوێندکاران لە ساڵی پار خۆیان هێشتۆتەوە، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەمساڵ قبوڵ ئەوهایە.

بەڕێز کاك شێردڵ پێشنیارەکانی پێشنیاری زانستی بوون کە پەرلـەمان دیراسـەی دەکـرد، بـەڕێز کـاك مـەلا ئـەنوەر، پـەیمانگا داخـراوە، ئەوانـەی کـە داخـراون هێنـدە ئەوەنـدە کۆلیـژی بنـەڕەت نەکراوەتـەوە، راسـتە لەڕاستیدا ئێمە نـەهاتووین پـەیمانگا دابخـەین بـۆ یـەك بـە یـەك، ئـەوەمان داخـست موشکیلە گـەورە بێـت، نەخێر، ئەوە پلانێکی درێژخایەنە بەپێی دابین کردنی پێداویستیەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەیکاتەوە، جگە لە پێش داخستنی پەیمانگاکان، چەند کۆلیژێکی پەروەردەیی بنەڕەت هەبوون، لە زانکۆی سلێمانی، لە زانکۆی سەلاحەددین، لە زانکۆی دهۆك، واتا لە خودی کاتی داخستنەکانیشدا، ئەوانە هەر هەبوون.

خاتوو نەسرین خان، شتێکی وروژاند، لەڕاستیدا ئەو قوتابیانەی وەرنـاگیرێن، رەنگـە خوانەخواستە خۆیـان بکـوژن، مـن بەڕاسـتی ئـەوە بـە دروسـتی نـازانم بـەو شـێوەیە ئێمـە لـە پەرلەمانـدا باسـی بکـەین، قوتـابی وەردەگیرێت، دیارە وەرناگیرێت، هۆکاری خۆی هەیە، بەڵام نەك ببێت بە بابەتێکی لەو جۆرە چەشنە.

کـاك عبـدالرحمن زەمالـە بـۆ دەرەوە، لـە حەقیقەتـدا خـاڵێکی زۆر گرنگـە، کـە بەداخـەوە نـە فیدراسـیۆنی قوتابیان و خوێندکاران، نە ئێمەش زۆر جار باسی دەکەین، تا ئێستا هەموو داخوازییەکانی ئێمە بۆ ئەوانـە بووە، کە ئەو قوتابیانەی پلەی کەم دەهێنن چیان لێ بکەین و چیان لێ نەکەین، ئەی ئەوانـەی کـە تێکـڕای نمرەکانیان زۆر بەرزە؟ بەداخەوە ئێمە تاکو ئێستا بیرمان لێ نەکردۆتەوە، یەکەمەکانی کوردستان بنێرینـە زانکۆ بەناوبانگەکانی دنیا، بۆ ئەوەی ئـەوانیش بێنـەوە بـەو زانسـتە نوێیـەی سـەردەم بـێن، بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان داوا لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ناکـات دە یەکەمەکـەی کوردسـتان بنێرێـت بـۆ زانکـۆ بەناوبانگەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو وڵاتانی تری پێشکەوتوو، ئەمـە جاران لـە عێراقیشدا هـەبوو، یـەعنی ئێمە تەنها بۆیە ئەو پێشنیارەم بەلاوە زۆر گرنگ بوو، هەرچەندە بەسوودە هێندەی خەریکی ئەوانـەی کـە دەرەجەی کەمیان هەیە، ساڵانە داخوازیان بۆ بکەین، با هەنـدێك ئەوانـەشمان لـە بـیر بێـت، کـە لەڕاسـتیدا موتەفەوقن و سەرکەوتوون لە زانستدا دێین بە دەنگ شتیان بۆ دابین بکەین.

بەڕێز کاك جەمال شمعون، لەڕاستیدا باسی ئەوەی کرد، کە ئەوانە ئیفرازی بێ پلانییە، لە حەقیقەتدا ئەوە وەکو عەرزم کردن، هەر وەزارەتێك بەرنامەی کاری خۆی هەیەو هەمووشی پلانی هەیە، ڕەنگە روون کردنەوەی پلانەکان زیاتری بوێت بۆ ئێوەی بەڕێز.
کاك محەممەد فەرەج، دەڵێت حکومەت خوێندن دابین بکات، مافی خوێندن بۆ هەمووان دابین دەکرێت، بنەڕەتی ئیلزامییە، ئەوە لەسەر ئێمەیە، ئامادەییش وەك عەرزم کردن ئێمە هەوڵ دەدەین هەمووان بۆ ئامادەییش دەبێت، بەڵام لەڕاستیدا خوێندنی باڵاش مەرجدارە، یەعنی ئەوە نییە کە تۆ هەرچیەکی بیەوێت بڵێت دەرگاکانی خوێندنی باڵاشی بۆ بکەیتەوە، کۆمەڵێك مەرجی زانستی، کۆمەڵێك پێوەر هەن، پێویستە تیایاندا هەبێت، بەڵام ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کە ئێمە هەلی خوێندن بۆ هەمووان دابین بکەین، تەنسیقی زیاتر لەنێوان ئەو وەزارەتانە وەك عەرزم کردن، کاك دکتۆریش ئەویش دەتوانێت بداتن، ئێمە تەنسیقمان هەیە دیسان پلانەکانمان زیادن، کردنەوەی ئەو پەیمانگایانەی کە ئەمساڵ داخراون، وەك عەرزم کردن داخستنی ئەو پەیمانگایانە شتێکی مەدروس و بە پلان بووە، کردنەوەیان بێ پلانییە، کردنەوەیان نازانستیانەیە لەڕاستیدا، کردنەوەیان بە فیڕۆ دانی تەمەنی ئەو گەنجانەیە کە دەیانهێنین و دوای دوو ساڵ پێیان دەڵێین فەرموو ئیشمان پێتان نییە، کردنەوەیان بەفیڕۆ دانی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستانە، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئەو داوایە داوایەکی زانستی نییە.
کاك بەکر فەتاح، دوای دەرچوون چی دەکەن؟ هەمان پرسیاری کاك دکتۆر دلێرە، کە ئەوە پێویستە لەڕاستیدا هەموومان پێکەوە بیر لەوە بکەینەوە دوای دەرچوون چی دەکەن، چەند ساڵێکیش ژمارەیەکی زۆر لە کۆلیژو پەیمانگاکان دەرچوون، دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ئێمە بە هەموو شێوەکان وا بکەین لەگەڵ بازاڕی کار بیانگونجێنین، ناکرێت دەرچوو بێ ئیش بێت.
خاتوو گێلاس خان ژمارەی بنەڕەتی زیاتر بکرێت، بێگومان بە هەوڵدان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوانیش دڵسۆزانە بەڕاستی ساڵانە هەوڵی کردنەوەی زیاتری کۆلیژەکان دەدەن.
خاتوو دکتۆرە هالە، ئایا ئەو ژمارە زۆرەی سەرووی (٩٠) سروشتیە؟ زۆریان فەشل دەهێنن؟ باسمان کرد کە لەڕاستیدا بۆ چارەسەری ئەوەی ئێمە دڵنیام کە ساڵێکی تر، کە ئەوانەی دەگەنە شەش ژمارەی (٩٠)تەکان زۆر کەم دەبێتەوە، چونکە لە چوارەوە لەو بیست و پێنج دەرەجەیە زۆری لێ ڕۆیشتووە، لە حەفتاو پێنجەکەش کەمتر دەبێتەوەو لەم شێوازانەی ئێستا سروشتییە، لەبەر ئەوەی قوتابی، یان خوێندکار زیاتر ماددەکە دەرخ دەکات بۆ تاقی کردنەوە، کە دەرخی دەکات نمرەکان دەهێنێتە پێشەوەو دەڕوات.
کاك حاتەم، ئایا پلان هەیە بۆ چارەسەر کردن؟ دیارە هەموو بۆیە دانیشتووین، هەموو لێرە کە پلانێك دابڕێژێ بۆ چارەسەر کردنی.
بەڕێز کاك جەمال قاسم، سیستەمی خوێندن و بازاڕی کار گرێ بدەین، بەڕاستی پێشنیارێکی زۆر بەسوودو بەجێیە، بەڵام ئایا ئەم سیستەمە لە کوردستان کاری پێ دەکرێت؟ ئایا ئێمە ڕەنگە ئامادەییە پیشەییەکانمان هاوینان خولی مەشقی ڕاهێنانیان هەبێت تووشی دەیان کێشە دەبین و پەیمانگا

تەكنیكیەكانیش هەروان، لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆرە لێرە كارم كردووە، چۆن دەزگایەك پەیدا بكەین كەرتی تایبەت كە بۆ ماوەی دوو مانگ خوێندكارێكی دەرچوو لە هاویندا وەربگرێت، بۆ ئەوەی راهێنانی پێ بكات، یەكەم دامەزراوەكان، دووەم، ئەوەی كە هەیە ئامادە نییە، ئامادە نییە ئەو خوێندكارە وەربگرێت، ئەو قوتابیە وەربگرێت، مانگێك لەلای خۆی راهێنانی پێ بكات، ئەو سیستەمەی كاك جەمال باسی دەكات، سیستەمێكە لە زۆربەی ولآتاندا پەیرەو دەكرێت بەستنەوەی خوێندن بە بازاری كار لەگەڵ كۆمپانیایەك رێك دەكەوێت، جاری وا هەیە لە هەفتەیەكدا سێ رۆژ دەخوێنێت، ئەوەندە رۆژە لە كۆمپانیایەكە ئیش دەكەیت، ئەمە سیستەمێكە لەراستیدا پێویستی بە دابین كردنی موستەلزەماتی زۆر هەیە، ئەوەش وا دەكات ئیتر خەڵك هەر لە ئامادەییەوە بەرەو پیشەو بەرەو كار پەیدا كردن بڕوات، سیاسەتێكی راست و دروستە، بەلآم پێویستی بە دابین كردنی بونیەی ئەو جێ بەجێ كردنە دەكات.

كاك جەمال یوسف، كۆنفرانسێك ببەستین بۆ چارەسەر كردن لە ئایندە، هەمان پێشنیارەكانی كاك دكتۆرو كاك بەكر فەتاحە، شتێكی بەسوودە.

كاك عبدالرحمن داوا دەكات نەخوێندەواری نەمێنێت، بەلآم دە هەزار كەسیش لەسەر جادە، لەراستیدا نەخوێندەواری ئەمان پەیوەندی بەو دە هەزارەوە نییە، ئەو دە هەزارە لە نەخوێندەواری خەمڵیون، نەخوێندەوار نین و خوێنەوارن و برێكی باشیش زانستی خۆیان هەیەو ئەمە لەگەڵ دورشمی نەخوێندەوارە، یان نا بۆ نەخوێندەواری زۆر دوورە، ئێمە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەو سیستەمە نوێیەوە وا دەكەین لە ئایندەیەكی نزیكەوە لە كوردستان بێت لە نەخوێندەواری پاك بكرێتەوە، بەلآم ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو ئەوانەی كە لە یەكی سەرەتایی وەردەگیرێن دەچنە زانكۆ، یەعنی دوو دورشمەكە موتەناقیز نین، زۆربەی قوتابخانەكان سێ دەوامن، لەبەر ئەوەی مامۆستا نییە، بۆیە سێ دەوامن، نەخێر، بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی بینامان نییە سێ دەوامن، نەك لەبەر ئەوەی لەراستیدا كەوا ئێمە مامۆستامان كەم دامەزراندووە، بۆیە سێ دەوامن، بەپێچەوانەوە، ئێمە بینامان كەمە، هەر بۆ زانیاری بەرێزتان من سەرژمێرییەكی بینای پێویست بە ئێوەی بەرێز رادەگەیەنم، بۆ ئەوەی وێنەكە وازیح بێت لەبەردەم ئێوەی بەرێز، كە چەند بینا بەشێوەیەكی مەدروس لە كوردستان پێویستە، لە كوردستان ئێمە (٣٧٧) گوندمان هەیە قوتابخانەیان نییە، پێویستیان بە قوتابخانەی چوار پۆلی هەیە بۆیان دروست بكەین، لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتوانیەكانیان كەمە، (١٠٠٢) گوندمان هەیە قوتابخانەیان هەیە، بەلآم لە كابینەن، یان لە قوڕ دروست كراون، پێویستیان بەوە هەیە قوتابخانەیان بۆ دروست بكەین بەلایەنی كەم چوار پۆلی بێت، بۆی ئەوەی تیایدا بخوێنن، بۆ ئەوەی دەوامەكانمان لە سێ دەوامی بكەینە یەك دەوامی، لە دوو دەوامی و سێ دەوامی رزگارمان بێت، پێویستیمان بە دروست كردنی (٣٠١٦) قوتابخانەی قەبارە جیاواز هەیە لە نۆ پۆلی و هەژدە پۆلی و بیست و حەوت پۆلی، كۆی تێچوونی خەمڵێنراوی هەمووی بەیەكەوە (١٦٣٣١٣٦٥٦٥) یەك ملیارو شەش سەدو سی و سێ ملیۆن و سەدو بیست و شەش هەزار پێنج سەدو شەست و

پێنج دۆلارە، کە ئەمە نێردراوە بۆ وەزارەتی پلان و بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە هەوڵ بدەین ساڵانە خەریکی جێ بەجێ کردنی ئەو بینایانە بین.

بەڕێز کاک عوسمان بانی مارانی، هەردوو وەزیر ئاگایان لە یەك نییە، هەردوو وەزیر ئاگامان لە یەکترییە، زۆر جار بە یەك، دوو ڕۆژ جارێك بە تەلەفۆنیش قسە دەکەین، لە حەقیقەتدا وەك عەرزم کردن دیارە ئەوە پلانەکانمان جیاوازە.

کاك سەعدەدین، پرسیارێکی کرد سڕ چیە ئەم ساڵ دە هەزار قوتابی زیادی کردووە؟ خۆی وەڵامی سڕەکەشی دایەوە، ئەوە داخستنی پەیمانگاکانە، جا ئەوە پرسیارێك بوو وەڵامەکەشی زۆر ئاسان بوو، کە کاك سەعدەدین خۆی پرسیاری کردو وەڵامی خۆشی دایەوە، بەڵام دیسان بۆ ڕوون کردنەوە کە من بۆ بەڕێزیم ڕوون کردەوە، کە دیارە سڕەکە لەوێدا نییە، لەڕاستیدا سڕەکە لە ئەوەیە ئایا توانای وەرگرتنی زانکۆیەکان؟ ئایا پلانی حکومەتی هەرێم چۆن بووە؟ ئایا داوای لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە لە ١٠٠٪ قوتابیەکان وەربگرێت؟ ئایاو ئایا؟ چەندین شتی دیکە، کاك دکتۆر دەتوانێت وەڵامی بداتەوە، بەڵام سڕەکە ئەکید داخستنی ئەو پەیمانگایانە نەبووە.

دکتۆرە ڕۆژان باسی دەستوور دەکات کە مافی خوێندن بۆ هەمووان، بێگومان ئێمەش دەستوورمان جێ بەجێ کردووە، هەلی ڕەخساندنی خوێندمان بۆ هەمووان دابین کردووە، پرسیارێك ئایا لە دوای جێگە نەبوونی ئەو (٩٩٩٢) خوێندکارە، پێویست ناکات وەزارەتی پەروەردە بە پلانەکانی خۆیدا بچێتەوە؟

بێگومان پێویست ناکات پێدا بچێتەوە، بەپێچەوانەوە، دەبێت سوور بێت لەسەر پلانەکانی، لەبەر ئەوەی پلانی ئێمە ئەوەیە هەموو منداڵانی کوردستان نۆ قۆناغ تەواو بکەن و دوازدەش تەواو بکەن، ئیتر چەند دەمێنێتەوە دوای ئەمە، بەڕاستی ئەمە کێشەی ئێمە نییە، ئەرکی ئێمەش نییە لە یاسایەکەی بەدەری بەڕێزیشتان، کە جەنابتان منتان مولزەم کردووە، وەزارەتی پەروەردەتان مولزەم کردووە بە جێ بەجێ کردنی، پێم ناڵێت کە دوای دوازدە دەرچوون چیان لێ بکات، ئەوە سنووری ئەرکی وەزارەتی پەروەردە دیاری کراوە، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئێمە بەو پلانەی کە هەلی خوێندن بۆ هەمووان و تا هەموو قۆناغەکان پیا ناچینەوە.

کاك عادل، پەیمانگا پیشەییەکان زیاد بکرێن، زۆر ڕاستە پەیمانگا پیشەییەکان چەند زیاد بکرێن و ئامادەیی پیشەییەکانیش لەگەڵیاندا، چەند زیاد بکرێت هێشتا کەمە.

خاتوو شەمسە خان پشتگیری پلانەکانی کردین، زۆر سوپاسی دەکەین، کاك دکتۆر فوئاد بابان، پێویستی بە گۆڕینی عەقڵی حکومەت و هاووڵاتی و پەیمانگاکان بەکاتی بکرێنەوە، لەڕاستیدا باسمان کرد کە پەیمانگاکان بە کاتی کردنەوە، واتا تەئجیل کردنی کێشە، نەك چارەسەر کردنی کێشە، لەبەر ئەوەی ئێمەش هەموو لێرەین بۆ چارەسەر کردنی کێشە، نەك بۆ تەئجیل کردنی کێشە.

خاتوو ڤیان گرنگی بە خوێندنی پیشەیی بدرێت، زۆر ڕاستە، کاك جوتیار دورشمی خوێندن بۆ هەمووان جێگەی پرسیارە، نەخێر، دورشمی خوێندن بۆ هەمووان دورشمێکی ڕاست و دروستە لە هەزارەی سێیەمی

ئەم سەدەیە بۆتە دورشمێکی یونسکۆ ساڵانە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەم وڵاتانە دەکات کە چەند هەنگاویان ناوە بتوانن ئەو دورشمە جێ بەجێ بکەن، خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان لەوە هەنگاوی زۆر باشی ناوەو لە کۆنگرەی یونسکۆ لە پاریس لە (٢٩)ی مانگی رابردوو بەسترا بەڕێوەبەری گشتی یونسکۆی عێراق بە ئامادە بوونی نوێنەری سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان (بطرس غالی) ئاماژەو دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا لە بواری دەستەبەر کردنی خوێندن بۆ هەمووان تا قۆناغی نۆش.

لەڕاستیدا ئەمە کورتەی ئەو وەڵامانە بوو کە یەکە یەکەی بەڕێزتان داتاننابوو، من سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم، هەموو خاڵەکانیشتان جێگای سەرنج و جێگای تایبەتی خۆی دەبێت لە لای ئێمەو زۆر سوپاس بۆ هەمووتان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، ئێستاش ڕێزدار کاک دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی باڵا فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی (١٥) ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢، سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سوپاسی سەرۆکایەتی دەکەم و سوپاسی بەڕێزانتان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

یەك دەقیقە نوقتەی نیزام هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک دڵشاد وەڵامی یەك لە پرسیارەکانی منی نەداوە لەسەر ئیمتیحانی خارجی بوو، کە گوتم وەکو قەوسێك هاتمە ناو بابەتەکەوە لە هەفتەی رابردوو، ئەو قوتابیانەی کە پێشتر شەشی سەرەتاییان تەواو کردو پێیان گوتن پاش دوو ساڵی تر وەرنەوە سێی موتەوەسیتە ئیمتیحانی خارجی بدەن، بەپێی تەعلیماتی نوێی سیستەمی نوێ، ئەوانە جارێکی تر تەعلیمات گۆڕاوە، دەبێت بچن لە مەرحەلەی یەك و دوو دابنیشن، یاخود ئیمتیحانی وەرزی بدەن، بە تەلەفۆنیش بە جەنابتم گوتەوە، کە بڕیار بوو وەڵاممان بدەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

پاش کاك دکتۆر ئیدریس هادی تەواو بوو، ئینجا جەنابیان وەڵامی ئەو پرسیارەت دەداتەوە، فەرموو کاك دکتۆر ئیدریس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من حەزم دەکرد وەزیرە پەیوەندیدارەکان لەو جەلسەی دووەم ئامادە بن، بەلای کەمی لە جەلسەی یەکەم کە ئێمە هات بووین هەندێك شت بکەین پەیوەندی بە لایەنی تریشەوە هەیە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، بەڵام نازانم بۆچی ئەوان ئامادە نەبوون؟ لەوانەیە ئەوە شتێك بێت بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەنیسبەت منەوە جاری پێشوو روونم کردەوە کە چەند ژمارەمان بۆ هاتووە، چەندیش توانیمان وەربگرین، سیاسەتی ئێمە ئەوە بووە، کە زۆرینەی قوتابی خوێندکاران وەربگیرین لە زانکۆو پەیمانگاکان، ئەوەندەی توانیمانە بەپێی تاقەی ئیستیعابی، تەوجیهاتی حکومەتیش بۆ ئێمە ئەوە بووە، بەپێی تاقەی ئیستیعابی خەڵك وەربگرین، دیارە لەوە زیاتر ناکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە چەند جار کۆبوونەوەمان کردووە زیاد بکەین، پێش ئەوە بەراوردێك بکەین لە بەینی هەموو پارچەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان، کە ئێمە خۆمان بە ١٧٪ی دەزانین، پارساڵ لە پارچەکانی تر ماعدای هەرێمی کوردستان تەقریبەن (١٢٠) هەزار کەس تەقریبەن لە عێراق تەخەروجی کرد بوو، ئەوان نەیانتوانی لە (٨٥) هەزار زیاتر وەربگرن، ئەمساڵ لەبەر ئەوەی ئیمتیحاناتیان لەناو زانکۆیەکان تەشدیدیان کردووە، تەنها (٥٧) هەزار کەس لە هەمووی عێراق ناجح بوو لە ئیمتیحانی بەکالۆریا، کەچی تاقەی ئیستیعابی لە بەینی (٧٥) و (٨٥) هەزارە، هێشتا بیست هەزارێکیان ماوە پڕ بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ بیست و حەوت هەزار لە هەموو عێراق تەخەروجی کردووە، لە لای ئێمە سی و حەوت هەزارمان بۆ هاتووە، یەعنی تەماشای ئەو ڕێژەیە بکەن، کە زیاد دەکاتن، بێگومان ئێمە پلانمان دارێشت بوو، ئەوەشتان لە بیر نەچێت تەنها دوو ساڵ و چەند مانگێکە ئەم وەزارەتە دامەزراوە، لە خیلالی دامەزراندنی ئەو وەزارەتەوە، ئێمە پلانمان دارێشتووە کە چۆن بتوانین زۆرینەی ئەو خەڵکە وەربگرین؟ ئەگەر سەیر بکەین لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ (١٨٨٠٠) کەس وەرگیراوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ئێمە (٣٦) هەزار کەسمان وەرگرتووە، تەقریبەن هەزار، هەزارو پێنج سەدیش زیاتر هی مووسڵ و ناوچەکانی تری خانەقین و ئەوانەمان وەرگرت، قاعەو شت و خوێندنی خۆمان کردمانە دوو دەوام، پارساڵ زەمینەم خۆش کردو بە خەڵکمان راگەیاند کە ئەمساڵ هەموو خەڵکێك وەرناگیرێت، چونکە دەمانزانی ژمارەیەکی زۆر دەمێنێت، ئێمە نووسراویشمان بۆ وەزارەتی پەروەردە کردووەو ئاگادارن، ئەوانیش بەڕێگای خۆیانەوە خەڵکیان ئاگادار کردووە، قوتابییەکانیان ئامادە کردووە، کە بۆ ساڵی دابێت هەر لەبەر ئەوەش بوو لەو ژمارە زۆرەی کە (٥٧) هەزاری داخیلی ئیمتیحانی وزاری، (٣٧) هەزار زۆربەیان بیست هەزار زیاتر، نیوەیان نەچوونەتە ناو ئیمتیحان، چونکە نەیاندەزانی، یەعنی دەرەجە دەرناهێنن بۆ ئەوەی لە زانکۆیەکان وەربگیرێن، جا لێرە دەبێت دوو شت وازیح بێت، ئایا سیاسەتی هەرێم بە پەرلەمان و حکومەت و هەموو شتێکەوە ١٠٠٪ هەمووی دەچێتە جامیعە؟ یان نا؟ ئەوە پرسیارێکە لەلای من نییە، من وەکو وەزیری خوێندنی باڵا

محاوەلە دەکەم زۆرینـەی وەربگـرم، ئەوەنـدەی کـە دەتـوانم بـەپێی تاقـەی ئیـستیعابی، مـن ئـەوەم کـردووە، ئەوەندەی پێم کراوە بە زیادە وەرمگرتووە، یـەعنی زانکۆیـەکانیش تاقـەی ئیـستیعابی خۆیـان دەدەنـە مـن، هەر زانکۆیەك و پەیمانگایەك پێم دەڵێت، یەکەم جـار گوتیـان ئێمـە (١٤) هـەزار زیـاتر وەرنـاگرین، چونکە زۆرینـە مانـای وایـە نەوعیـەت کـەم دەبێتـەوە، یـەعنی لێـرە معادەلەکـە ئەوەیـە، ئایـا ئەگـەر هـەمووی وەردەگرین؟ دەڵێت نەوعیە کوا، ئەگەر کەمیش وەردەگریت، دەڵێت ئـەی بـۆ ئـەوەی تـر وەرنـاگرن، یـەعنی هەنـدێك جار بیروڕا هەیـە، مـن ڕێـزم بـۆ هـەموو بۆچوونەکان هەیـە، دەڵێت دەبێت هـەمووی وەربگریـت، هەندێکیش دەڵێت شەرت نییە هەمووی وەربگریت، بەڵام تۆ ئیهتیمـام بـە نەوعیـەت بـدە، بـەڵام سیاسـەتی ئێمە ئەوە بووە محاوەلە بکەین تاقەی ئیستیعابی خۆمان زیاد بکەین و خوێندنی ئێوارانیش بکەینـەوە، لـە پارساڵەوە تاکو ئێستاش مجموعەیەك کۆلیژی ئەهلیمان کردۆتەوە کە ئەمانە بەشەکانیانە، هەر حەز دەکەم پێتان بڵێم کە تاقەی ئیستیعابیمان چـەند زیـاد کـردووە؟ ئـەوەی کۆلیـژی دهـۆك و زانکـۆی ئێـوارانی هـەر هەبووە لە چەند ساڵێك پێش ئێستا (٥٥٠) کەسی وەرگرتووە، زانکۆی جیهان کـە کراوەتـەوە ئەمـساڵ (١٥٠٠) کەس وەردەگرێت، زانکـۆی ئـەمریکی تـەنها سـەد کەسـی وەرگرتـووە، پـەنجایان وەرگرتـووە محاوەلـەمان پـێ کردن کە زیاد بکەن لەگەڵ سەرۆکی زانکۆیەکە، گوتیان ئێمە سیستەم و نیزامـی خۆمـان هەیـە لـەوە زیـاتر وەرناگرین، زانکۆی کاروبـاری کـارگێڕی لبنـانی فەرەنـسی (٤٠٠) کەسـی وەرگرتـووە، زانکـۆی ئیـشق ئەمـساڵ (٣٠٠) کەس وەردەگرێت، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لـە قـەرەداغ تـەنها (٤٠٠) کـەس وەردەگرێـت، کۆلیـژی سایبێسی ئەکادیمی ئەوەی شویفات ئەویش بۆتە زانکۆیـەك (٣٠٠) کـەس وەردەگرێـت، بـەوە ئێمـە دەتـوانین ژمارەی (٤٠٥٠) کەس وەربگرین، ئێستا پێمان گوتوون پاش ئەوەی لە جەلسەکەی پەرلەمان لێرە ئامادە بوو، یەك لە پێشنیارەکان ئەوە بـوو کـە ئاسـانکاریان بـۆ بکرێـت، هەنـدێك ئیختیـصاصات هەیـە هـی کـارگێڕی و ئەوانەیـە گوتمـان لـە ٥٠٪ی لەسـەر مەعدەلەکـە بـێ و لـە ٥٠٪ش بـۆ ئیمتیحانەکـەی، بـۆ ئـەوەی ئەوانـەی ماونەتەوە بتوانن تەقدیم بکەن، چونکە ئێمە داماننابوو ئەوەی مەعدەلیان لە حەفتا کەمتر بێت نەتوانێت تەقدیم بکات، بۆ ئەوەی مجموعەیەکیش لەوانە وەربگرین، جـا کێشەکە لەوەیـە ئەوانـەی لـەو ژمـارە زۆرە، زۆربەشیان تەقدیمی هەردوولای کردووە، تەقدیمی حکومیشی کردووە، تەقدیمی ئەهلیشی کردووە، ئێمـە وا خەریکین ئەوانەش لێك جیا بکەینەوە، فکرەیـەکی دیکـە ئەوانـەی تەقـدیمی ئـەهلی کـردووە دەریـدەهێنین دەتوانین ژمارەیەك لەوانەی کە جێی بەتاڵ ماوە ئەوانـە پـڕ بکەینـەوە، جگـە لـەوەش ئێمـە کۆبوونـەوەمان لەگەڵ پەیمانگاکان کردووە، ئایـا دەتـوانن خوێنـدنی ئێـواران بکەنـەوە، هەنـدێکیان وەعـدیان پـێ دایـن، کـە بەشی ئێواران بکەینەوە لە پەیمانگاکان، چونکە ئەو دەرەجانەی مـاون لـە کۆلیـژەکان وەرنـاگیرێن هـەمووی دەرەجەی کەمن، مەسەلەن ئەوانـەی بەشـی زانـستی علمـی مەعـدەل تـا (٥٥) وەرگیـراون، تـەنها (٤٥٠) کـەس ماوە، ئەوەی کە زۆرینـە ماونەتـەوە هـەمووی ئەدەبیـە، ئەوانـەی کـە ماونەتـەوە بـرای بـەڕێزم کـاك دکتـۆر دڵشاد باسی کرد یازدە پەیمانگا داخراوە، کە تەقریبەن (٦٥٠٠) کەسی وەردەگرت، ئێمە دائیم پەیوەنـدیمان هەیە، کۆبوونەوەشمان هەیە، تەلەفۆنیشمان هەیە، بەس لەسـەر ئـەو نوقتەیـە هـەر کەسـە سیاسـەتی خـۆی

هەیە، ئێمە بۆچوونێکمان هەبوو وەکو وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوانیش بۆچوونی خۆیان هەبوو، بۆچوونی ئێمە ئەوە بوو گوتمان باشە ئەگەر ئێوە دایدەخەن بە جەدوەلێکی زەمەنی، ئێمە ساڵ بەساڵ پەیمانگا بە پەیمانگا تەحویلی کۆلیژی بنەڕەتی دەکەین، بەلاّم من ناتوانم هەمووی بەجارێك تەحویل بکەم، لەبەر ئەوەی کۆلیژ مواسەفاتی زانستی هەیە، دەبێت ماستەرو دکتۆرای هەبێت، من لە جەلسەی پێشوو گوتم مەسەلەن هەڵەبجەی شەهید تەنیا دوو ماستەری هەیە، چەند مامۆستایەکمان قەناعەت پێ کردووە لە سلێمانی بچێت بۆ ئەوێ، بە دوو مامۆستا کۆلیژێك ناکرێتەوە، من پلانی دیراساتی عولیام داڕێشتووە، ئەمساڵ ژمارەیەکی زیادم وەرگرتووە لە دیراساتی عولیای ناوخۆمان ماستەر، دکتۆرا زیادمان کردووە، ئەمانە پاش دوو ساڵ، پاش پێنج ساڵ ئینجا من کادیرم بۆ تەوفیر دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیمانگایانە هەمووی بکەمە کۆلیژی پەروەردەیی بنەڕەت، دوایی ئەو ئیختیصاصاتانەی لەو پەیمانگایانە هەبووە، مەسەلەن چەند ساڵە لە سلێمانی کۆلیژی بنەڕەت هەیە، لە هەولێریش هەیە، تەنیا سێ، چوار ئیختیصاصی تێدایە، بەلاّم لە پەیمانگاکان دە ئیختیصاصە، (١٣)، (١٤) ئیختیصاصی تێدایە، ئەو ئیختیصاصانە بە بەکالۆریۆس دەرس دەگوترا، بەلاّم ئەوانە ئێستا مواصەفاتیان تێدا نییە لە کۆلیژ دەرس بڵێنەوە، ئەگەر بەپێی جەدوەلێکی زەمەنی ئەوە ڕەئی ئێمە بوو، بەلاّم ڕەئی ئەوان لە کۆنفراس بڕیاریان داوە، وەکو گوتم سیاسەتی ئەوان جیایە، سیاسەتی ئێمەش جیایە، جا لەبەر ئەوە ئەوانەی ماونەتەوە بەو نەوعە بووە، چونکە ئەو دەرەجانە ساڵانە قبولی مەرکەزی بۆ ئیعداد موعەلیمینیشی دەنارد، ئەوە لە ڕێگای قبول مەرکەزی تەلەبە دەنێردران، جا لەبەر ئەوە ئێمە موحاوەلەمان کردووە، ئەگەر بێتو ژمارەیەکی ساڵانەی پێشووتان بدەمێ ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ (١٨٨٠٠) کەس وەرگیراوە، ساڵی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ گوتمان (٣٦) هەزار کەس وەرگیراوە، بە ئەوانی تریشەوە تەقریبەن تاقەی ئیستیعابی لەو کاتە لە (١٨) هەزار زیاتر نەبووە، ساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ (٢١٤٠٠) کەس وەرگیراوە، بە زیادەوە ئێستا ئەوانەی کۆلیاتی ئەهلی زیاد کراوە (٤٠٠٠)، یەعنی تەقریبەن (٢٥٠٠٠) کەس زیاتر دەکات وەرگیراون لەو ژمارەیە، ئەوانەی تەخەروجیان کردووە پرسیارێکی وا کرا، ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە چەند داخیل دەبێت و مەدخەلات چەندە؟ چەندنیش دەردەچێت؟ ئێستا ئەگەر بێتو لە ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ تەنها (٨٨٣٩) کەس ئێمە خەریجمان هەبووە، کەچی (١٨٠٠٠) کەس لەو ساڵە، تەقریبەن (١٩٠٠٠) کەس لەو داخیلی جامیعە هەبووە، مانای وایە ئەو خەڵکە هەموو خۆی دەهێڵێتەوە، یان ڕاسب دەبێت، یان داوای عبور دەکات، ئەو دیاردە نامۆیانە هەیە، کە ئەرکی حکومەتیش زیاد دەکات، وای لێ دەکاتن ساڵ بە ساڵ ژمارەی ئەوانەی کە دەمێنێنەوە لە زانکۆیەکان زیاتری تێدا بێت، چونکە هیچ کەسێك و ژمارەیەکی زۆر کەم بە چوار ساڵ کولیە تەواو دەکات، ئێمە خەڵکمان هەیە لە کۆلیژی پزیشکی دوازدە ساڵە کولیەی تەواو نەکردووە، ئایا هەر وای لێ بکەین بڵێین ئەوە زەحف بکەین و قەراری تەرقین قەید هەڵبگرین و عبور دابنێین، ئەوە شتێکی باش نییە، لە ساڵی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ (٨٦٤٥) کەس تەخەروجی کردووە، کەچی (١٩٠٠٠) کەس، لە ساڵی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ ئێمە (٢٧٠٠٠) کەسمان وەرگرتووە، کەچی تەنها ٠١٢٥٢٠) کەس تەخەروجی کردووە، یەعنی فەرقی ژمارەکان بکە ساڵ بە

سالْ، ئێستا ئێمە (٧٠٠٠٠) کەسمان هەیە، قوتابی و خوێندکارمان هەیە لە زانکۆیەکان، سالْ بەِ سالْیش زیاد دەکات، بۆ ئەوە ئێمە چیمان کردووە، ئەگەر سەیر بکەن (٣٨) بەشمان کردۆتەوە لە علمی و ئەدەبی لە هەموو کوردستان، هەر لە زانکۆی سەلاحەددین ئەگەر بگرین یازدە بەش کراوەتەوە، ژمارەکانیش ئەگەر بتانەوێت چەند وەریگرتووە، لە زانکۆی سلێمانی بیست و دوو بەش کراوەتەوە، زانکۆی کۆیە چەند بەشێك کراوەتەوە، لە دەستەی فێرکردنی تەکنیکیش هەمووی (٣٨) بەش کراوەتەوە، ئەو بەشانە توانیانە لە پارسالْ کراوەتەوە هەتا (٢٠٤٨) قوتابی و خوێندکار وەربگرن، ئەوە تەنها لە حکومیەکە، لە ئەهلیەکەش ئەوە ئاماژەم پێ کرد، ئەوانیش تەقریبەن (٤٠٥٠) بۆ (٥٠٠٠)یش زیاتر، چونکە ئێستا ئیعازمان داوە، (٥٠٠٠) کەس زیاتر وەردەگرێت، یەعنی بەو بەشانەی کە لە حکومی کراونەتەوە زائیدەن ئەهلیەکەش، تەقریبەن (٧٠٠٠) کەس زیاد بووە، ئەوەی کە ئێستا وەرمان گرتووەو توانیمانە دابین بکەین، دوایی شتێك هەیە مەسەلەن خوێندنی ئەهلی دەرفەتێك دەرەخسێنێت بۆ خەلْك و بە نیزامێکی باش و پێشکەوتوو و ئەرکی دارایی لەسەر حکومەتی هەرێم کەم دەکاتەوە، یەعنی یەك لە زانکۆیەکان من داوای ئەوەم کرد بوو، هەر قوتابیەك، خوێندکارێك چەند تەکلیف دەکات، لە زانکۆی کۆیە ئیحصاییەکیان کرد بوو دەلْێت سالآنە نزیکەی (٥٠٠٠) دۆلاری دەوێت لەسەر حکومەت دەکەوێت، کەواتە ئەگەر من ئێستاکە (٥٠٠٠) کەسم تەنها ئەمسالْ وەرگرتووە، سالّی پێشووش شەش، حەوت هەزار زیاتر وەرگرتووە لە زانکۆ ئەهلیەکان، ئەوە ئەرکی دارایی لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوە، هەر نەفرێکی ئەگەر لەسەر (٥٠٠٠) دۆلار زەربی بکەین، ئەگەر بۆ حەوتیش بێت، ئەوە تەقریبەن (٣٥) ملیۆن، (٥٠٠٠×٧) دەکاتە (٣٥) ملیۆن، تۆ ئەوە ئەرکێکە لەسەر حکومەت کەم دەکەیتەوە، خەلْك لەسەر حیسابی خۆی منداڵی خۆی دەنێرێت، ئەوە لەسەر حکومەت نابێت، بەلاّم ئەو کەسانە وا دەزانن بەینی فەقیرو دەولەمەند کە خەلْك لە حکومی وەردەگیرێت، ئەگەر دەولەمەندەکەش وەربگیرێت حکومەت دەبێت پارەی بۆ بدات، باشە بۆ خۆی نەیدات؟ یەعنی ئەوەش پاساو نییە، بلّێی ئەوە بۆ دەولەمەندە، بۆ هەموو کەسە، ئایا ئێستا ماوەی دوو سالە حەوت هەزار کەس لەو زانکۆ ئەهلیانە دەخوێنن، ئەوە هەموو کوڕە مەسئوولن، ئێمە حەوت هەزار مەسئوولمان هەیە، هەمووی کوڕە مەسئوول و دەولەمەندن؟ ئەوە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات، خەلّکێك هەیە دەیەوێت منداڵەکەی خۆی پێ بکات، ئێمەش دەمانەوێت و پێویستیمان بەوە هەیە، بەڕاستی لەبەر ئەوە سیاسەتی کردنەوەی خوێندنی ئەهلی بە سیاسەتێکی چاك دەزانین، ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە لێرەین ئێمە باسی وەزارەتی خوێندنی بالآ دەکەین، کە ئەوەی توانیمانە وەرمانگرتووە، ئێمە ئێستاش محاوەلە دەکەین مەسەلەن بۆچوونمان چیە؟ محاوەلە بکەین خوێندنەکانی ئێواران ئەگەر بتوانین لە پەیمانگا تەکنیکیەکان ژمارەیەکی دیکە وەربگرین، ئێمە لەگەلْ بەغدا قسەمان کردووە، من حەز ناکەم بلّێن ئەو قسانەی لە بەغدا لە کەرکووك و مووسلْ و لەو جێگایانە دەخوێنن نزیکەی (٤٥٠) تا نیو ملیۆن قوتابی دەخوێندرێت، ئەوانە هەمووی موهەدەدن بۆ ئەوەی بکوژرێن، یەعنی ئەگەر چەند کەسێکی ئێمە بگیرێت وەللا کچ و کوڕی خۆمان بە کوشت نادەین، ئەوەی رەغبەتی لێیە لەسەر مەسئوولیەتی خۆی ئەوە کەرکووك نزیکە، وەزعی ئەمنی باشە دەتوانێت

بچێت بخوێنێت، ئێمە ئەو ئۆفەرەیان دەدەینێ، ئەگەر یەکێك رازی بوو بچێت بۆ خۆی بخوێنێت ئەوە باشە، ئەگەرنا ئێمە بە زۆر خەڵك نانێرین، بەلاّم ئەوە دەرگایەکە دەیکەینەوە، دەڵێین ئەوێ کراوەتەوە بۆتان لە پەیمانگاو زانکۆیەکان بڕۆنە ئەوێ، ئەوە کۆلیژە ئەهلیەکان ئاسانکاریمان بۆ کردوون، پێشنیارێك هەبوو با ئەوانیش ئاسانکاریەکە ئەوانەی ماونەتەوە بتوانن تەقدیمی ئەوێ بکەن، من نازانم ئەگەر وەزارەتی پەروەردە ئەوە عایدی خۆیەتی، بەلاّم ئێمە بە باشی دەزانین بەلایەنی کەمی مەسەلەن چەند پەیمانگایەك ئەمساڵ بکرێتەوە، چونکە ئەوان پێویستیان بە سەڤ یەك و دوو و سێ مەسەلەن سەرەتایی هەر دەمێنێت، خۆ ئیلغا ناکرێت خەریجی پەیمانگا دەتوانێت لەو قۆناغانە دەرس بڵێتەوە، کۆلیژی پەروەردەیی بنەڕەتی زیاتر بۆ قۆناغەکانی ترمانە، بابڵێین شەش و حەوت و هەشت ئەوانی تریش هی پەروەردە دەو یازدەو دوازدە بۆ ئیعدادیمانە، ئەو کاتە پرۆگرامەکانی خوێندن تازە بکەنەوەو بگونجێت لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندنی خۆیان کە بۆ سەرەتایی دادەنرێت، ئەوە وەکو پێشنیارێکە عەرزی دەکەم، ئێمە وەکو تەواوکەری یەکتری ئیش دەکەین، چونکە ئەم دوو وەزارەتە نزیکی یەکترین، وەکو گوتی لەگەڵ یەك ئەم قسانەمان کردووە، بەلاّم حەز دەکەم بۆ جەنابتان روون بکەمەوە، ئایا ئەگەر ئەوان ئینتیزاری ئێمە بکەن بۆ پێنج ساڵ، یان شەش ساڵ تا ئەو هەموو پەیمانگایانە تەحویلی کۆلیژی پەروەردەیی بنەڕەتی دەکەم، چوار ساڵی تریش دەبێت ئینتزار بکات تا خەریخی دەبێت، هەشت، نۆ ساڵ تۆ تووشی ئەزمەیەکی کەمی مامۆستا نابیت، رۆژ بە رۆژ کە قوتابخانەو شت دەکرێتەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە، من حەز دەکەم بە لوغەی ئەرقام قسە بکەین بەڕاستی، من حەز ناکەم کەموکوڕی من لەگەڵ ئەوانە، هی ئەوانیش لەگەڵ ئێمە تەواوکەری یەکترن، لە هەندێك ولاّتدا لەوانەیە ئەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی ئەگەر ئیجازە بدەیت، فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دکتۆر ئیدریس هادی برایەکی عەزیزو کەسایەتیەکی لێهاتیە، بەلێ ئەز دبێژم لێرە تەوزیح دانە موجەرەد روون کردنە، ئەڤە روون کردنەوەی دانیشتنە پێش نوکەش یێ ١١/١٢ هەی گشت هاتەدان، ئەڤە دانیشتنە بۆ هەندێ هاتیە تەرخان کرن کو جەوابا پەرلەمانتار یەك یەك بدات، ئەوەی‌دی کاك دکتۆر دڵشاد ئەو پرسیارێ کو هاتیە کرن، بەرسڤێ دکتۆر دڵشادیش دایەوە حەقیقەت، بەرەئیا من وەیە حەقی ویە، حەقی کاك دکتۆریشە کە دیفاعێ لە وەزارەتێ خۆ بکەن، بەڵێ لێرە هەتا بەرسڤێت جەنابێ وی یەعنی جەوابێ خۆ و جەنابی ویش خۆیدا مە عیلاجێك، یان چارەسەریەك بۆ موشکیلە ڤە نەدی، ئایا ڤە خوێندکارێ مە، یان قوتابیە چاڤەرێ شتەك دکەن، بەرنامەیەك دکەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ جەنابی کاك ئەدهەم، پێشنیارەکەت گەیشت، پێشنیار هەیە بۆ ئەوە ئەمڕۆ لەم جەلسەیە نەتیجەی تەواو دەرناچێت، داوا لە بەڕێز کاك دکتۆر ئیدریس دەکەین وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەو پرسیارانەی کە کرابوو بە تەحدید، چونکە پاشان بەرنامەیەکی ترمان هەیە، کە چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، سوپاس بۆ جەنابت.

**بەڕێز د.ادریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من ئەوەی کە دەیڵێم لە ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی هەموو سەرۆك زانکۆیەکان، ئێمە بۆ ئەم کێشەیە دوو کۆبوونەوەمان کردووە لەم ماوەیەدا پێنج شەممەو دوێنێ، ئەو ئەفکارانە هی ئەوێیە کە چارەسەر چیە؟ خۆمان بەشێك وەربگرین لە بەغدا داوامان کردووەو موافەقەیان کردووە، هەروەها پێشنیار کراوە ئەگەر وەزارەتی پەروەردەیش هاوکاریمان بکات بە یەك، دوو پەیمانگا، ئەمە هەمووی حەل دەکات و تەرحی دەکەم، بۆ ئەوەی بەشێك وەربگرین، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ بەشێکی لە کۆلیژی پۆلیسی وەربگرێت، بەشێکی لە کۆلیژی عەسکەری وەربگیرێت، بەشێکیش لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیش، یەعنی هەندێکی بۆ تەدریبی میهەنی وخەڵك بکات، یەعنی ئەوە وەکو پێشنیار ئێمە لەوێ موناقەشەمان کردووەو دەیخەینە روو، ئینجا ئەوەی عیلاقەی بە ئێمە هەیە سێ شتە:

یەك/ خۆمان هی حکومیەکە زیاد بکەین.

دوو/ ئەهلیەکان زیاد بکەین.

سێ/ لەگەڵ بەغدا ئیتیفاق بکەین.

ئەو سێ شتە لەسەر ئەستۆی ئێمەیە دەیکەین، ئەوەی کە ئێمە دەیتوانین، بەڵام ئەمە چارەسەری کێشەکە ناکات، من گوتم ئایا سیاسەت ئەوەیە ١٠٠٪ وەربگرین، من دەڵێم نەخێر سیاسەتی ئێمە ئەوەیە بەپێی تاقەی ئیستیعابی، بەپێی پێویست خەڵك وەربگرین، ئەوە مومکینە لە ئەنجومەنی وەزیران و دکتۆریش ئاگاداری ئەو سیاسەتەیە، بەڵام دەبێت ئێمە ئەو حلولە ئانیانە چین؟ حلولەکانیان ئەوەی کە ئێمە باسمان کردو دەیخەمە بەردەم بەڕێزتان، ئەگەر ئێمە بەپێی تاقەی ئیستیعابیش دەتوانین زیاد بکەین، یەعنی ناتوانین بە غەیر مەحدود نازانم چەند؟ بەڵام ئەوە دەگەڕێمەوە لەگەڵ هەموو راگرەکان دادەنیشین، بۆ ئەوەی بزانین چەند دەتوانین زیاد بکەین، بێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڕێز نازناز خان بە کردنەوەی کۆلیژی سۆران زووتر کرانەوە، بەڵێ سۆران تەنها یەك کۆلیژی هەبوو، بەڵام پارساڵ سێ کۆلیژی تری لێ کرایەوە، کۆلیژەکانیش ئەوانەنە کە من ئاماژەم پێ کردووە، زمانی کوردی، هەروەها پەروەردەی بنەڕەتی سۆران، پێشان بەس پەروەردە هەبوو، ئەوە ئەو سێ کۆلیژە زیاتر لەوێ کراونەتەوە.

بەنیسبەت بریکاری وەزارەت، من قسەم لەگەڵ وەزیرو بریکاری وەزارەتی بەغدا کردووە، لە بەغدا خۆتان دەزانن دەسەڵاتی بڕیاردان لە دەستی وەزیر نییە، دەبێت ئەوانیش تەنسیقیان هەبێ، ئێمە تەنسیقێکی

باشمان لەگەڵ بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بەغدا هەیە بەڕاستی، وەزیرەکە کە قەراریدا گوتی وەریاندەگرم، یەعنی وەریاندەگرم، هۆڵی خوێندن ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە، لە هۆڵەکانی خوێندن گیروگرفتی دارایی کە تۆزێك تاخیر بوو و تەصامیم درایە مەکتەبی ئیستیشاری زانکۆی دهۆك، بەس دەمەوێت ئەوە بکەم شەریکەی دوبەی، هیچ دوبەی نییە نازانم ئەوانە لە کوێنە، شەریکەی ئەمریکییە لە تیکساس هاتووە، یەعنی نوسخەی عەقدەکەش مەوجودە، پەناڵەکان لە ئەمریکاوە تا گەیشتە ئێرە تاخیر بوو، ئێستاکە دەستیان پێ کردووە، ئێمە کردمانە دوو بەش هۆڵەکانی خوێندن، بەشێکیان کە لە ٤٠٪ی لە قەزاو ناحیەکان یەکسەر جێ بەجێ کرا، مەسەلەن لە سەلاحەددین کۆلیژی پەروەردەی سۆران چوار هۆڵی خوێندن، ئەوانە وەکو وەحدەیەکن چوار هۆڵ، ژووری مامۆستای تێدایە، هەموو شتێکی تێدایە، یەعنی کاملە وەکو وەحدەیەکی تەواوە لە ٨٠٪ی تەواو بووە، کۆلیژی یاسای ئێواران لە ٨٠٪ی تەواو بووە، پەیمانگای تەکنیکی سۆران ٧٠٪ی تەواو بووە، پەیمانگای تەکنیکی شەقڵاوە لە ٦٥٪ی تەواو بووە، کۆلیژی پەروەردەی زاخۆ لە ٨٥٪، تەکنیکی ئامێدی لە ٨٠٪، پەیمانگای تەکنیکی ئاکرێ ٩٠٪ تەواو بووە، ئەوانە هەمووی چوار چوارە، ئەوەی ئامێدی هەشت هۆڵی بۆ کراوە لە ٨٠٪ی تەواو بووە، پەروەردەی چەمچەماڵ چوار هۆڵە لە ٥٠٪، پەروەردەی کەلار دوازدە هۆڵە لە ٣٥٪ی تەواو بووە، ئادابی خانەقین چوار هۆڵە لە ٤٥٪ی تەواو بووە بەم شێوەیە، بەڵام لەناو شارە گەورەکان، چونکە تازە پەناڵەکان هاتووە، لە هەولێر دەستیان پێ کردووە، کە قالبەکان دادەنێین دوو ڕۆژ صەبەکە هەڵدەگرین، لە خیلالی دە ڕۆژ بە تەواوی چوار هۆڵ تەواو دەبێت لەگەڵ هەموو پێداویستیەکان تەواو دەبێت، ئەوە دەست پێ دەکەن وەعدیش وایە تا نیوەی ساڵ ئەوانەی ناو شارەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی هەمووی تەواو بکەن، ئەمانە بە تەکنەلۆجیەکی سەردەم و تازە کە قالب دادەنرێت و صەبی دەکات و دیوارو هەموو تەئسیسات و هەموو شتێکی لەگەڵە، کە لەگەڵیەتی بە دوو ڕۆژ قالبەکان هەڵدەگرین، بەڵام تەواو کردنی ناوەوەی و پێداویستیەکان ئەوە فەترەیەکی دەوێت، دە ڕۆژی دەوێت زائیدەن ئەساس و شتەکان ئیعلان کراوە، ئومێد دەکەین ئەوانە بۆ نیوەی ساڵ هەمووی تەواو دەکرێت، ئەمە جوهدێکی زۆر کرا مەجموعی دوو سەد هۆڵی خوێندنە، بەنیسبەت ئەو قوتابیانەی سۆران کە نازناز خان باسی کرد، ئەوانە خوێندنی ئێواران بوون، ئەوانە بەش بوون، واتا کولیە نەبوون، بەش بوون کرا بوونەوە، ئەمانە خۆیان کولیەکە کرد بوونیانەوە بە ڕەزامەندی زانکۆی سەلاحەددینیش نەبوو، چونکە کردنەوەی بەش لە دەسەڵاتی خۆیەتی، ئێمە کە پێمان زانی رامانگرت و تەحقیقمان کرد لە (٥٥٠) کەسی زیاتر تەقریبەن لە (١٨٠) کەس شەهادەی ئیعدادیی هەبوو، یەعنی ئەوەتا قائیمەکان هەمووی مەوجودە، زۆربەیان یان پیشەیی بوون، بەشێکیان شەهادەی نەبوو، بەشێکیش چەند کەسێکی کەم خەریجی پەیمانگا بوون، هی مامۆستایان ئەوانەی لە سێی ناوەندییەوە دەچن، ئێمە ئەوەی دەرچووی علمی و ئەدەبی نەبێ، یان ئەکادیمی نەبێت، ناتوانێت لە کولیات وەریانگرین، جا بۆ ئەوانە لیژنە تەشکیل کرا لەسەر ئاستی ڕێنماسەی وزەرا، لەوێوە تەحقیق کرا، ئەوانەی کە شەهادەیان هەبوو، ئەوانە هەمووی

گەڕانەوە خوێندنی خۆیان و تەعویزیشیان بۆ گەڕاوە، باقی تر نەماندەتوانی وەریان بگرین، ئەمە بەڕاستی گەندەڵییەکی زانستی بوو، ئێمە رامان گرت، یەعنی نەمانهێشت بەردەوام بێت، جا ئەوە هەر بۆ تەوزیح.

کاك ئەسعد دەڵێت دانیشتنی تایبەت بکرێتەوە، دەیکەین لەگەڵ بەغداش رێکەوتن کراوە دەربارەی ئەو شتە.

دکتۆرە شوکریە دەڵێت پرۆژەی یاسایەکە تەواو بوو، ئێمە دوو مانگە خستومانەتە بەردەم زانکۆیەکان، گوتمان وەکی جارەکەی تری لێ نەیەت، هەر زانکۆیەك دەڵێت ئێمە ئاگامان لێ نییە، تا ئێستا هەندێکیان دوو، سێ زانکۆ وەڵامیان داینەوە، ئەوانی تر ئینتیزاری وەڵام دەکەین و دەنێرینە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دوو مانگ زیاترە تەواو بووە، هەر کە وەڵامی ئەوان بێتەوە بە تەعدیلاتەوە دەینێرین، لەوێش لیژنەی یاسایی خۆی هەیە بۆ پەرلەمان دێت، بەنیسبەت کولیەی ئەهلی مواصەفاتی تێدا نییە، من پەیوەندیم بە دکتۆر هیمداد بەڕێوەبەری ئەهلی کرد، کە لەگەڵ جەنابت پەیوەندی بکات بزانە کامە کولیەیە بچنە ئەوێ و تەماشا بکەن، ئەگەر کەموکورییەك لە شتێك هەبێت، بەڵام من خۆم پێری چووم سەردانی ئیشق و جیهان و ئەوانەم کرد بە منیان گوت لیژنەی پەروەردەش هاتوون، قاعات و شتی رێك و پێك و چاکیان کرد، ئەوە لیژنەی پەروەردە لێرەن دەتوانن خۆیان تەقیمی بکەن، بزانن ئەمانە چەند ئیشیان کردووە، بەپێی ئەو شروت و زەوابتانەی دامانناوە، ئەوان خۆیان دەیکەن، ئەوەی بینایەی کۆلیژی پۆلیس، کە لێرە بوو لە تەنیشت کولیەی علومە، ئێمە کتابیشمان کرد بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە وەریگرین، بیکەینە کۆلیژێکی خوێندنی ئێواران، بۆ ئەوەی خەڵکێکی زیاتر وەربگرین، بەس دیارە وەزارەتی ناوخۆ خۆی پێویستی بەو بینایە هەبوو، بینایەکی چاك بوو ئەگەر وەرمان گرتبوایە، بەڕاستی نەمانتوانی نووسراویشمان کرد، محاوەلەشمان کرد نەیاندا پێمان، بەڵام ئەگەر ئەو بوایە لەوانەیە بینایەی وامان دەست ناکەوێت، ئەو هەموو هۆڵ و قاعەو مساحەیەی هەبێت بۆ دروست کردن، بەڵام دەستمان نەکەوت محاوەلە دەکەین، ئەوانەی خوێندنی ئێوارانیش دوازدە بەشمان بەس لە زانکۆی سەلاحەددین هەیە بیکەینە کۆلیژێکی خوێندنی ئێواران، ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی بتوانین تاقەی ئیستیعابیشی بۆ زیاد بکەین، ناحیەی ئیداریەکەشی تەنزیم بکەین، ئەو تێکەڵاویەی بەیانیان و ئێوارانیش نەمێنێتن.

سۆزان خان، دەبێت دڵنیات بکەمەوە ئێمە هەر بە پلان کار دەکەین، زۆر جار دەڵێن بە پلان کار بکەین خۆشە، ئێمەش حەز دەکەین بە پلان کار بکەین، شتەکان بە پلان دەبێت، ئەکید بە پلان کار دەکەین، مومکینە تۆش ئاگات لێیە، بەنیسبەت توانایەکان زیاد دەبێت، بەس ئەوە ئیعتیمادی سەر پەیمانگا دەکات، ئێمە پێیان دەڵێین چەندە تاقەی ئیستیعابی بۆمان بنێرن، ئەوان دەڵێن ئەوەندە، دیارە لە ساڵانی پێشوو خەڵکێك ماوەتەوەو راسب بووە، دەبینین لە شوعبەیەکی زۆر ماونەتەوە، کە ئەمساڵ کەمتر وەردەگرن، لەبەر ئەوەی راسب ماوەتەوە لە مەرحەلەی یەك، جا لەبەر ئەوە لە بەشەکان مەسەلەن ئێستاکە ئێمە هەندێك جێگا هەیە راستە منیش تەماشام کرد کە گەڕامەوە نۆ کەس وەرگیراوە، یان سێ کەس وەرگیراوە،

لە پەروەردەی وەرزش، لە هونەرە جوانەکان، ئەو جێگایانە بە موقابەلەیە، موقابەلە دەکات پەروەردەی وەرزش خەڵك موقابەلە دەکات، هونەرە جوانەکان، یەعنی لە موقابەلەکە دەرچوون بەس دەرەجەکەیان لە (٦٥) کەمترە، کە مەعدەلەکەیان وەرنەگیرا، من تەوجیهم دانێ گوتم ئەوەش بکەن، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر وەربگیرێن، یەعنی سەبەبەکەی ئەوەیە دەرەجەی وەرنەگیراوە، بەڵام لە موقابەلەکە دەرچووە، ئەوە تەنها ئەو بەشانە دەگرێتەوە کە بە موقابەلە خەڵك وەردەگرن، یەعنی بەشەکانی تر هیچ خەلەلی تێدا نییە، خەلەلەکەش لێرە ئەوەیە ژمارەی مەعدەلی گونجاو نییە، بۆ ئەوەی لەوێ وەربگیرێت، یەعنی موشکیلەکە ئێمە نینە، قبولی مەرکەزیش کۆمپیوتەرە، کە مەعدەلت داخیل کرد ئەو قەرار دەدات، یەعنی ئەوە نییە موناقەشەت لەگەڵ بکات، دەڵێت ئەو مەعدەلە وەرنەگیراوەو وەرناگیرێت، بەڵام ئەوەش چارەسەر دەکرێت.
ئەوانەی دەڵێن (٩٢)یان هەیە ناوی نەهاتۆتەوە، ئەو فەترەیە فەترەی ئیعتیرازاتە، دەتوانێت تەلەبێ تەقدیم بکات، دیراسەت دەکرێتن، بەڵام زۆربەی هەیە بە هەڵە فۆرمەکەی پڕ کردۆتەوە، یانیش نەینووسیوە، جاروباریش دەبێت غەڵەت هەبێت لە سیستەم وەرگرتنەکەوە، ئەوەی خەتای سیستەمی قبول مەرکەزی بێت، ئێمە پێمان گوتن هەموویان دەبێت چاك بکەنەوە، ئەوانی تریش ئەگەر ژمارەیان زۆر نەبێت و سیستەمەکەمان لێ تێك نەدات، ئەوەی بە هەڵە ئەو رۆژە من موقابەلەیەکی سەتەلایتی راستەوخۆم هەبوو، یەکێك پەیوەندی پێ کردم گوتی خۆم فۆرمەکەم بە هەڵە پڕ کردۆتەوە، ئیعتیراڤ کرد، ئێمە گوتمان عەریزەیەك بنووسە بزانین بتوانین چارەسەری بکەین، زۆریش هەیە خۆی وەکو پێویست فۆرمەکە پڕ ناکاتەوە، جارێکی تر دەڵێم وەزیری خوێندنی باڵا ناوی دکتۆر عبد زیابە لە جبهەی تەوافوقە، ناوی ئەو سێ قوتابخانە برای بەڕێزم وەڵامی دایەوە کە لە دەلیلی قبولی مەرکەزی دەرنەچووە، ئەوە لەوانەیە چەند کەسێك بن، ئەو دە هەزار کەسە بۆ کوێ بنێرین، ئەوە باسمان کرد، ئێمە پلانمان چیە؟ هەندێکی وەربگرین ئەوە زانکۆیەکانی تری عێراق پێشان خەڵك لێرەوە دەچوو بۆ بەسرە دەیخوێند، یەعنی مەفروزە ئەو تێکەڵاویە ببێت، بەڕاستی کە من وەکیل وەزیر بووم لە بەغدا پێنجمان دانا بوو کە هەردوولا تێکەڵاوی ئێمە هی ئەوان بێن و هی ئێمەش بچن، بەس ئەو زروفە ئەمنیە وای کرد کە نەبێت، جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەمشەو قسەی دەکردو من گوێم دابوویێ، دیار بوو نوقتەیەکی تەئکید کرد کە تەلەبەی هەردوولا لە جامیعەی زانکۆیەکانی یەکتر وەربگیرێن، دیارە ئەو سیاسەتە لێرەش یەعنی پشتگیرییە بۆ ئێمە، جا هەندێك شوێنی ئامن هەیە، مەسەلەن کەرکووك زروفی ئەمنی باشەو محافەزاتی جنوبیش باشە، ئەگەر دەیەوێت بە مەبەستی خوێندن، ئێمە دەتوانین بیان نێرین، بۆ نا؟ یەعنی ئێمە کە موافەقەکە وەردەگرین بۆ هەموو ئەو زانکۆیانە کە تاقەی ئیستیعابیان هەیە، بەنیسبەت کاك غەفور، کۆلیژی پەروەردەی بنیاد وەکو باسم کرد، ئێمە چەند کۆلیژێکمان، ئەو پەیمانگایانەمان ئیستیلام کردووە، بەڵام هەتا کادیر موتەوەفیر نەبێت بۆ پێویستی تۆ ناتوانیت دیراسە دەست پێ بکەیت، ئێمە موشکیلەمان هەیە کادیرمان نییە، بەڕاستی یەعنی مامۆستامان کەموکوڕیمان هەیە، ئەوەش فەترەیەکی زەمنیمان پێ دەوێت، بەڵام ئێمە ئیشکالاتمان نییە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کە ئیستیلامی نەکەین، ئێستاکە ئەوەی

کەلار ئیستیلاممان کرد، ئەوەی هەڵەبجەی شەهید، ئەوانی دیکەش بەڵام من کاتێک ئیستیلامی دەکەم کە کادیر دروست بکەم، بەڵام کە کادیرم نەبێت، چۆن دەست بە دیراسە بکەم، کۆلیژی بنیاد دەوامی ئێوارانیان هەبێت، ئەوەش محاوەلەمان کردووە ئەگەر مامۆستایەکان بتوانن دوو دەوام لە بەیانیان و ئێوارە دەرس بڵێنەوە دەیکەینە دوو دەوام، ئەوەش پێشنیارێکی زۆر چاکە، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام کۆلیژەکانی دیکە دوازدە بەش دەوامی ئێوارانمان هەیە، پەروەردەی ئێوارانیش ئەوە پێمان گوتوون، ئەوان ئێستا لە دیراسەت کردن بەش دەکەن، ئەگەر بڵێین دەتوانین ئیعتیماد لەسەر خۆیان دەکات، لە هەندێك شوێنی تر مەسەلەن وەکو مەخمورو شەقلاوە ئەوە بەشی تر بکرێتەوە، حەقیقەتەن ئێمە ئەوەمان ویستووە بکەین، مەسەلەن پار لە شێخان ئەوەکمان کردەوە، بەڵام نەمانتوانی لە سنجار، لە سنجار رەئیەك وا بوو جارێك بوەستین، لەبەر ئەوەی ئەو مەشاکیلی سیاسی هەیە جارێ با تەداخولی ئەو شوێنانەی دەرەوەی هەرێم نەکرێتن، بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، ئەوەی مەخموریش لە موستەقبەل لەوانەیە پەیمانگایەکی لێ بکەینەوەو تەوجیهمان کردووە دیراسەتی بکەم، بەنیسبەت حکومەتی کوردستان هاوکاری داراییان بکات، ئەوانەی دەچن، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی مالیە قسە دەکەین، پێموایە ئەگەر خەڵکێك هەبێت بچێتە ئەوێ هاوکارییان دەکەین بەنیسبەت ئەو شتانە، بەنیسبەت ئەو شتانەش بە تەدریجی بێت، ئێمەش تەئیدی ئەو رەئیانە دەکەین، کە بە تەدریجی ئەو شتانە بکرێت، چونکە بەڕاستی یەکسەر ئەو شتانە ناکرێت، پرۆسەی خوێندنە.

کاك عوسمان بۆ رانیە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بکرێتەوە، وەڵڵاهی زۆر زەروورە، من پار چوومە ئەوێ، پێراریش بوو پێیان گوت، ئەو کولیەی لەوێش هەیە گوتم بیکەمە پەروەردە، دوایێ پەروەردەی بنەڕەتیش دروست بکەم، بەس بەخۆیان خەڵکی رانیە رازی نەبوون، دوایێ پاشان ئەمساڵ لە جەریدە نووسیان، ئێمە لە رانیە ئەمساڵ ئەوە کۆلیژی پەرستاریمان دامەزراندووە، کە پارساڵ تەحزیراتمان بۆ کرد، ژمارەیەکی باشیش خوێندکاری وەرگرتووە، بەڵام پەروەردەی بنەڕەت لە هەموو شوێنێك پێویستە، چونکە قوتابخانەکان دەکرێنەوە پێویستیان بەوە هەیە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە زیاتر هەماهەنگی دەکەین بەپێی پلان بزانین چەند مامۆستایان بۆ ئایندە پێویستە، ئێمە بەپێی ئەوە کۆلیژەکان دەکەینەوەو ئەو ئیختیصاصاتانەش دەکەینەوە، ئێمە زۆر ئیختیصاص هەبووە وەکو ریازەو منداڵ کە پێشتر نەبووە، ئێمە کردوومانەتەوە، چونکە پێویستمان پێیە، یەعنی پێش مەرحەلەی سەرەتاییش.

ڤیان خان کە دەڵێت وەزارەتەکانی ئێمە بە تەنسیق ئیش ناکەن، ئێمە ئاگاداری یەکترین لە ئیشەکان، بەڵام وەکو روون کرایەوە وەزیری پەروەردەش بەڕێزی باسی کرد، هەر کەسێك بۆچوون و ستراتیجیەتی خۆی هەیە، ئێمە دوو وەزارەتین تەنسیقمان هەیە، بەڵام ئەو دەڵێت وام پێ باشە بڕیاری خۆی بەم شێوەیە داوە، من بەخۆم، بەڵام لە ناحیەی تر تەنسیق دەکەین چ بکەین و چ نەکەین؟ ئەگەر تەنسیق نەما مەسەلەن ئەو دوو بینایە مەعهەدەمان چۆن وەردەگرت بە ستافەوە تەحویلی کۆلیژی پەروەردەمان دەکرد، بەڵام هەندێك خیلافیش هەیە، هەر کەس بۆچوون و رەئی خۆی هەیە، ئەو بۆچوونێکی هەیە لە وەزارەتی خۆی

ئەو مەسئوولە لەبەرامبەر پەرلەمان ئەگەر کەموکورییەکی هەبێت، منیش بە هەمان شێوە، جا لەبەر ئەوە تەنسیق هەیە دڵنیاتان دەکەینەوە، لە دەوێك نازانم گوتیان دوو هەزارو شەش سەد شاغیریان هەیە، ئەوە عایدی وەزارەتی پەروەردەیە، عیلاقەی بە ئێمە نییە.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تەئکیدی کردەوە لە جەلسەکە چارەسەر چیە بۆ ئەوانەی وەرنەگیراون، من لە سەرەتا گوتم چارەسەرەکە ئێمە لەو خاڵانە دەبینینەوە کە باسمان کرد.

کاك باپیر دەربارەی ساڵانی داهاتوو کێشەکە دەبێت، تەنیا ئەم دوو وەزارەتە نییە، راستە من گوتم وەزارەتی دیکەش هەیە، وەکو وەزارتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی، کە ئەوان دەتوانن پشتگیرییەکی تەواومان لێ بکەن، ئێوە خۆتان گوتتان لە ٨٠٪ی بودجەکە بۆ مەعاشات دەچێت، یەعنی تەسەور بکەن چەند بۆ ئێمە دەمێنێتەوە؟ جا لەبەر ئەوە ئێوە لەو پەرلەمانە لەسەر مصادەقەی بودجەتان کردووە، حەزیشم دەکرد من بە لیژنەی پەروەردەشم گوت، گوتم داکۆکی بکەن بودجەکەمان کەمە، زیادی بکەن، بەڵام هیچ نەکراو کەس تەرحی نەکرد بەڕاستی، بودجەی ئێمە لەو پەرلەمانە هی وەزارەتی خوێندنی باڵا باس نەکرا، من گوێم لێ نەبوو لە هەموو تەقریرەکە کە خوێندیانەوە باسی بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێت، لە وەزارەتی پەروەردە باس کرا، بەڵام هی خوێندنی باڵا باس نەکرا، چونکە من موتابەعەم کرد هەمووی بەناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا باسی بودجەی ئێمە نەکراوە، بەڵام باسی بودجەی وەزارەتی پەروەردە کرا، ناسەنگیەك هەیە لەنێوان علمی و ئەدەبی، ئەوە بەڕێز وەزیری پەروەردە باسی کرد، بەڵام ئەوە کە خەڵکەکە دەچێتە ئەدەبی خۆ کە دەچێتە علمی و ئەدەبی، خۆی هەڵدەبژێرێت، یەعنی ئێستا یازدە هەزار علمی و بیست و دوو هەزار ئەدەبی دوو بەرابەری زوعف بووە، ئێمە بەو خەڵکانەمان نەگوتووە بچنە ئەدەبی، خەڵکەکە خۆی چۆتە ئەوێ و بە رەغبەتی خۆی هەڵیبژاردووە.

وەرگرتن لەسەر داوای تەختیت، یان بۆ خۆیان، ئێمە بەپێی تاقەی ئیستیعابی پلان خەڵك وەردەگرین، لەگەڵ وەزارەتی تەختیتیش قسەمان کردووە، کە بۆ ساڵانی دابێت چەند ژمارەمان دەوێت لە دکتۆرو ئەندازیارو ئەوانە تا بەپێی ئەوەش تەختیتی خۆمان بکەین، بەڵام ئێمە لەسەرمانە ئەو بەشانەی کە هەیەو ئەوەی کە دەیبینین خەڵك وەربگرین و پلانیش بۆ ئەو پسپۆڕیانەی کە کۆمەڵگا پێویستی پێ هەیە.

گوڵاڵە خان دەڵێت دەرگا بکەنەوە بۆ ئەوانەی بەکالۆریۆس وەربگیرێن بۆ خوێندنی باڵا، ئێمە پلانی خوێندنی باڵامان هەیە، کە جیایە لە پلانی خوێندنی تر، ئەوانە بەپێی موونافەسەو دەرەجە دەبێتن، کە ئەو پلانە دادەڕێژرێت ئەولەویەت دەدرێتە زانکۆیەکان خۆیان کادیری بۆ خۆیان دروست بکەن، مەقاعید بۆ خۆیان دادەنێن، هەندێك جار چەند مەقعەدێك دادەنێن ئەو مەقعەدە ئەوانەی لە دەرەوەی خوێندنی باڵان موونافەسەی لەسەر دەکەن وەردەگیرێن، کەی ئێمە پێداویستی خۆمان دابین کرد لە کادیر، لە مامۆستای پێویست، ئەو کاتە پلانی ئێمە کە ئیعلانی دەکەین بۆ دەرەوەی خوێندنی باڵا، بەڵام تا ئێستا

مادام کەموکوڕی مامۆستامان هەیە ئەولەویەت دەدرێتە زانکۆیەکان خۆیان، لە کەلارو لە هەڵەبجەو ئەو شوێنانە ئەوەش هەر پەیوەندی بەوە هەیە، بەنیسبەت ئەوەی دکتۆر سەلام دەڵێت کورسیەکی زۆرمان هەیە، من باسم کرد کە پڕ کراونەتەوەو هەموو شتەکان دراوەتە ئەوان هی هەموو قوتابیەکان (١٨٠) بوو بەداخەوە لەوێ کردیانە (١٢٠)، ئەو رۆژەش کە هاتووە پێمان گوت، گوتی دەچم ئیشی لەسەر دەکەم بەزووترین کات، بەڵام دەمێکە هەموو فایلەکان تەحویلی بەغدا کراون، بەنیسبەت چرۆ خان بۆچوونەکەی راستە کە دەڵێت لەگەڵ ئەوەنیم هەموو کەس لە زانکۆ و پەیمانگا جیهاتی لا موستەقبەلیە، بێگومان ئێمە ساڵ بەساڵ پلان دادەڕێژینەوە بۆ موستەقبەل، من دەڵێم لە پارساڵەوە ئێمە پێشبینیمان دەکرد ئەو دە هەزار کەسە دەمێنێتەوە خارجی قبول، ئیشیشمان لەسەر کردووە، کە بەشی زیاتر بکەین بە حکومی و بە ئەهلی، بۆ ئەوەی بتوانین زۆرینەی خەڵکەکە وەربگرین، ئەگەر وانەبوایە، پلان نەبوایە بەعشوائی ئەو هەموو خەڵکە بە زیادەیی وەرنەدەگیرا، ئەو هەمووە لەکوێ تەعین دەکرێن؟ ئەوە پرسیارێکەو وەڵامەکەی هەمە لایەنەیە، حکومەت لە هەمووی بەرپرسە لێی، کەرتی تایبەت و کەرتی ئەوەش ئێستا خەڵك دەبێت بەرەو کەرتی تایبەت بنێرین زیاتر، ئێمە خۆتان هەموو باش دەزانن بەتاڵەی موقەنەعە هەیە فەرمانبەرێکی زۆر لە دەوائیر هەیە لەوە زیاتر ئیستیعاب ناکات، لەبەر ئەوەش تەعینات راوەستاوە، ئێستا قانونی ئیستیسمار لێرە دەرچووە، ئەو پرۆژە دەست پێ دەکاتن لە هەرێمی کوردستان، مەفروزە ئەو پرۆژانە خەڵك ئیستیعاب بکات، لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تەنسیقێکی تەواو هەبێت، لەو پرۆژانە خەڵکی خۆمان بەکار بێنین و ئیشی تیا بکەین، دەبێتی کرێکارێکی زۆر، خەڵکێکی تۆ لە دەرەوە، ئەگەر مەراکیزی تەدریبی هەبوو خەڵك بچێت لەوێ تەکید مەجالی کار کردن زۆرە لە کوردستان، بەڵام زیاتر تەنزیمی دەوێت، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرپرسە لە رەخساندنی دەرفەتی خوێندن بۆ خەڵك، نەك دامەزراندن، ئێمە دەرفەتی خوێندن بۆ خەڵك دەرەخسێنین، دامەزراندنەکەش لەسەر ئەستۆی لایەنی ترە.

دکتۆر دلێر، من تەعلیقم نییە لەسەر بۆچوونەکان و شتەکان فیعلەن وایە، ئەوەی گەشە کردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی مەسەلەیەکی تێکەڵکێشە.

خاتوو رەمزیە هەر ئەوەیە لە هەمان شتە لەوانەی مانەوە لە جادەو شارعەکان چ بکەن؟ کاك دیلمانیش هەر بۆچوونەکەی ئەوەی هەبوو باسی فرسەی عەمەل و دەرچووان دەکات، باسی مەسیحی و ئێزیدی دەکات کە دێنە کوردستان، ئێمە پارەکە وەرمانگرتن، بەڵام ئەمساڵ لەبەر ئەوەی خەڵکی خۆمان ماونەتەوە، ئێمە خەڵك دەنێرین بۆ زانکۆیەکانی تر، ئێمە ئەمساڵ کەسمان وەرنەگرتووە، گوتوومانە هەتا هەموو خەڵکی خۆمان وەرنەگرین، ناتوانین جێگای خەڵکی تر بکەینەوە، ئەوە وەکو سیاسەتێکی وەزارەت، چونکە پارساڵ کە وەرمانگرتن لە ١٠٠٪ خەڵکمان وەرگرتبوو، بەڵام ئەمساڵ مادام خەڵکی خۆمان ماونەتەوە، من ناتوانم لە دەرەوەی هەرێم خەڵك بێنە ئێرەوە، باسی ئەو ١٠٪ی ئیستیعابەکە مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئێمە تاقەی ئیستیعابی زانکۆیەکان مەسەلەن بۆ منیان نارد، زانکۆیەك دەڵێ من دەتوانم سێ هەزار کەس

وەربگرم، من لە ١٠٪م خستۆتە سەری، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەو لە خوێندنی ئەهلی وەرگیرا موسبەقەن ئەوە موعادەلەی حەل بکرێت، یەعنی دوایێ نەگەڕێمەوە شوێنی ئەوە بخەمە شوێنی ئەو، من مەبەستم ئەوە بوو، زەحفی موعەدەلات، ئەوە شتێکی ئاسان نییە زەحفی موعادەلات، ئەوە پرۆسەیەکە ئەو هەموو هەزار کەسە.

کاك ئیحسان، کێشەیەکی زۆر گەورەیە شەرت نییە هەموو قوتابی وەربگرین، ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە، تەشخیصی کادیری وەسەتی بکرێت، ئێمە گوتمان ئێستاکە ئێمە زیاتر تەوەجوهاتمان ئەوەیە خەڵك بنێرین بۆ پەیمانگا تەکنیکیەکان کە کادیری وەسەتی لە ٤٣٪ی چۆتە ئەوێ، لە ٥٧٪ی هاتۆتە زانکۆ، ئێستاکە مەجموعەیەکی تر وەردەگرین لە پەیمانگاکان، مانای وایە تەقریبەن پەیمانگاکان نزیکی زانکۆیەکان دەکەین، یەعنی لەوانەیە ببێتە پەنجا بە پەنجا، ئەوە حیصەیەکی هەیە بەرچاو لە زانکۆیەکانی عێراقەوە باسم کرد سیستەمی تەحسینی مەعدەل بکەن، کردنەوەی ئیختیصاصی فرۆکەوانی و ئەو ئیختیصاصانە ئێمە محاوەلەمان کردووە، بەڵام ئەگەر کادیرمان نەبێت ناتوانین بیکەینەوە، یەکەم شت دەبێت خەڵك بنێرینە دەرەوە، ئێمە پلانی بەعسەمان هەیە، کە یەکێك پسپۆڕی فرۆکەوانی بێت، بێتەوە گوتمان بەشێك بکەینەوە، من مامۆستام نەبێت دەرس بڵێتەوە، بۆ چ ئەو بەشە بکەمەوە؟ بەڕاستی هەندێك شت هەیە، ئەمە خوێندنە، یەعنی ئەوە نییە من مەعمەلێك بکەمەوە، یاخود شەریکەیەك بکەمەوە، چەند کەسێکی بێنم تەدریبی رۆژانەی پێ بکەم، لە ٦٠٪ی رێژەی سەرکەوتن، ئەوە لەوانەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئەم شتە موناقەشە بکەین مەعدەلی نەجاح لە ٥٠٪ بێت، یان ٦٠٪، ئەوە بۆ پلانی ساڵی داهاتوو ئەوە دیراسەتی دەکەین، ئەگەر دیتمان ئەوە گونجاوە، من ناتوانم بڵێم لە ئێستاوە، بەڵام پێویستی بە دیراسەت هەیە.

دکتۆرە ئاریانیش تەنیسق کردن، ئەوە باسمان کرد، تاقەی شەبابی ئیستیسمار بکرێت، بەڵێ وایە، بەکالۆریە بە کادیری وەسەتی دادەنرێت لە دنیا، من نازانم مامۆستای ئێمە لە پەیمانگا بەرەو خوارەوە بە کادیری وەسەتی دادەنێین، خەریجی پەیمانگاو خەریجی قوتابخانە پیشەییەکان، ئەمانە کادیری وەسەتینە، بەڵام بەکالۆریۆس و بۆ سەرەوە بە کادیرێکی موتەقەدیمی دادەنێین، ئەوە لە لای ئێمە وایە، ئەوانەی ئێستا دەڵێن زیاتر لە چوار هەفتەیە قوتابیەکان لە دەرەوەی هۆڵی خوێندنن، من حەز دەکەم لێرە تیشکێك بخەمە سەر ئەوەی کە سەبەبەکە چیە؟ قوتابیانی کۆلیژەکانی مەجموعەی توبی، ئێمە دوو کۆلیژمان کردەوە، یەك صەیدەلیە، یەکێکیش توب ئەسنان، لە هەمان کاتدا بڕیارێك دەرچوو لە وەزارەتی تەندروستی گوتی ئێمە دکتۆر دانامەزرێنین، بەڵکو بە عەقد، ئەوان هاتن گلەییان کرد، گوتیان ئێوە ئەگەر دکتۆر دانامەزرێنن و تەخەروج دەکەن و موناقەسەی ئێمە دەکەن بە واستەو واستەکاری ئەوان دادەمەزرێنن، ئێمە دانامەزرێین، کۆبوونەوە کرا وەزارەتی تەندروستی تەبعەن بۆچوونی خۆی هەیە، بەڵام سەیرەکە لێرەیە بەڕاستی خوێندکارێك لە سەف دووە هێشتا پێنج ساڵی ماوە تەخەروج بکات، دەڵێت دامەزراندنم دەوێت، ئەوە ناکرێت نابێت تەخەروج بکات ئەوجا دابمەزرێت، کێ دەڵێت ئەسڵەن لەوێ تەخەروج دەکات، ئێمە نایەنە سەر ئەوە، بەڵام ئەوەیان رەبت کردووە، کۆلیژە ئەهلیەکانیش یەکەم جار

گوتیان مواصەفاتی تێدا نییە، گوتمان بابە ئەوە شروتەکان نابێت لە (٨٠) کەمتر بێت تەقدیم بکات، لە دەرسی علمی نابێت لە حەفتا کەمتر بێت تەقدیم بکات، ئەوانەمان هەموو پێ گوتن، شروتەکان علمینە، ئەوە توبی ئەسنان تەقریبەن لە (٩١) وەستاوە، توب صیدلیە لە (٨٧) وەستاوە، ئەوانەمان هەموو پێ گوتن ئەو شروتانەن، ئێمە کە ناتوانین ژمارەکە زیاد بکەین بۆ حکومی، مەسەلەن ئەگەر پەنجا کەس لە توبی صیدلیە وەردەگرین لە هەولێر، لە سلێمانی هێشتا یەکەم وەجبە لە صیدلیە تەخەروجی نەکردووە، ئەگەر تۆ عەدەدەکە زیاد بکەیت ئەوە لە پەنجاوە بۆ دوو سەد کەس، ئەکید (٩٠)کە دەبێتە (٨٩)، چونکە ژمارەت زیاد کردووە (٨٩) وەردەگیرێت، (٨٨ و ٨٧)یش وەردەگیرێت لە حکومیەکەش، جا لەوێ ئەوانەی بەدوای ئەوەوە دێن، ئەوانە وەردەگیرێن، بەلام بەپێی شروت و زەوابت بکرێت، جگە لەوەش بە ئیمکانیەت فەرز کراوە هەموو موختەبەرەکان دابین بکرێت، چ موختەبەراتی صیدلیە، چ موختەبەراتی توبی ئەسنان، ئیتر ئەوان ئێستا بەس عینادییە ماوە، من سێ جار لەگەڵیان دانیشتووم و خۆم لەگەڵ نوێنەرەکانیان قسەم کردووە، سەرۆکی زانکۆیەکان هی سلێمانی و دهۆك و هەولێریش، سەرۆکی زانکۆی هەولێر پزیشکی کە هەموو مەجموعەی پزیشکییە زیاتر لە پێنج جار لەگەڵیان دانیشتووم، یەعنی باشە پەرستاری، من صیدلیەمان کردۆتەوە، پەرستاریمان نەکردەوە، یان توبمان کردۆتەوە کە عیلاقەی بەوە نییە، تەلەفۆنیان لە بەینی هەولێرو سلێمانی ئەوە دامەزراندنمان بۆ بکەن، ئەوانەمان بۆ بکەن، ئێستاکە دەڵێن باشە ساڵێکی تر بکەنەوە، گوتمان بابە ساڵی یەکەم ئەسڵەن تەمهیدییە بۆ زمانی ئینگلیزی، یەعنی ئەوان تەدەخولی ئەگەر کێشەکە، یان داواکارییەکانیان رەوا بێت، ئێمە لەگەڵیان دادەنیشین و تەفاهومیش دەکەین، بەلام ئەوان عینادی لەسەر شتێك دەکەن، کە ئەسڵەن عیلاقەی بەوان نییە، ئێمە کە دەڵێن مامۆستا لەوێ وەرناگیرێت عیلاقەی مامۆستا لەسەر حیسابی ئێوە نییە، هۆڵی خوێندن لەسەر حیسابی ئێوە نییە، موختەبەرات لەسەر حیسابی ئێوە نییە، هەمووی ئەوە زانکۆیەکی جیایە، نیزامی خوێندنیش مەنهەجەکەمان داوەتە کولیەی صیدلیەو توبی ئەسنان لیژنەی علمی تەماشای کردووە، ئەگەر مەنهەجەکە تەواو بوو بە مەحزەر بۆ ئێمەی ناردووە، مەنهەجمان تەواو کردووە، یەکێك لە مامۆستایەکانی کە زۆر خیبرەی هەیە لە مەجلیسی کولیەکە ئەوان عوزوە، بۆ ئەوەی کەموکورییەکەمان پێ بڵێت لە جامیعەکەش پرۆفیسۆرێك لە بۆردەکە عوزوە، یەعنی ئێمە موتابەعەی موستەمیرمان هەیە کە ئاستی زانستیەکە جێ بەجێ بکەین، جا لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئێوەش لەلاتان روون بێت، ئەو کێشەیە بەراستی ئەوان عیلاقەیان پێوە نییەو حەقیشیان نییە، ئێمە روون کردنەوەی تەواومان بۆ کردن، چەند جار لەگەڵیان دانیشتووین، بۆ شتێك ئەگەر پەیوەندی هەبێت ئەو خوێندکارو قوتابیانەی لەو کولیە وەردەگیرێن، ئەگەر کەموکوریان هەبێت، ئەوان بێن پێمان بڵێن کوا موختەبەر؟ کوا مامۆستا؟ بەلام ئەوە عیلاقەی بەوە نییە یەعنی بەراستی، جا لەبەر ئەوە حەزم کرد ئەو تەوزیحەتان پێ بڵێم، چونکە زۆر جار پرسیار دەکرێت، زۆریش لەگەڵیان دانیشتووین، بەلام ناکرێت تۆ هەر یەکێك مان بگرێت بڵێت ئەوە نەکەن من ناچمە ژوورەوە، دەبێت ئیجرائات هەبێت، ئێمەش بەراستی ئیجرائاتی یاسایی چیە دەگرینە بەر، پێمان ناخۆشە،

چونکە بەپێی مەقایسی یونسکۆش بەڕاستی ئەگەر لە هەر کۆرسێك پازدە هەفتە دەوام نەکات ئەمسالە تەئجیل دەکرێت، ئێمە پێمان گوتن و ئەو شتانەشمان پێ گوتن، بەلام ئێمە دەمانەوێت تەتەور بکات، ئەمسالیش نەبێت، سالێکی تر دەکرێتەوە، نابێت تۆ ڕێگر بی لەبەردەم پەرەپێدان و بەرەو پێش بردن، ئەوەتا ئوردن پازدە، شازدە جامیعەی ئەهلی لێیە، ئەوە بەغدا دوو کولیەی صیدلیەی لێیە، کە ئەوان زەوابتی علمیشیان نییە، بڕۆ ئەوەتا لە بەغدا دەرەجەی کەمیش وەردەگرێت، تەنیا یەك حالەتی ئیستیسناش وەرناگرێت، ئەوە لە ئوردن و سوریاو قوبرس ئەو جێگایانە دەرەجاتی پەنجاو شەستیش وەردەگرن، بەلام ئێمە زەوابتی علمیشمان داناوە، ئێمە خەلکی خۆمان وا لێ بکەین بچنە دەرەوە، یان لێرە بۆیان بکەینەوە باشترە، کە لە ژێر چاودێری خۆمان بن، جا حەزم کرد ئێوەی بەڕێزیش ئاگاداری ئەو کێشەیە بن، کێشەکە زیاتر نییە، وەزارەتی تەندروستی سیاسەتی خۆیەتی ئەو دەلێت خەلك ناچێتە قوراو ئەریافەکان دەوام ناکەن، من جارێك بەشێوەی گرێبەست دایاندەمەزرێنم، پاش ئەوەی ئەگەر دیتم ئەوان باشن و کەفائەیان هەیەو دەچن و واجیباتی خۆیان جێ بەجێ دەکەن دەیانکەمە دائیمی، جا لەبەر ئەوە ئەوان ئەو شتانە لێك گرێ دەدەن، حەقیان نییە لەسەر ئەوە، کە چوار سال تەخەروجیان کردووە، ئێستا ئەوە هەتا چوار سالی تر ئێمە هەموو دەگۆڕێین، یەعنی ئەوە علاقەی بەوە نییە، جا لەبەر ئەوە ئەوە شتێکی گرنگە حەزم کرد سوپاسی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاش دەکەین، کە هاتینە ئێرە ئەوانیش روون کردنەوەی تەواویان دایێ و بەرچاویان روون کردینەوە، کە شتەکان چۆنە، هەروەها لایەنەکانی تریش کە لەگەلیان کۆبوونەتەوە، کە شتەکەیان لەسەر حەقیقەت و واقیعی خۆی پێیان گەیاندووە، بەلام ئێمە پێشمان گوتوونە نابێت عینادی لەسەر ئەو شتە بکەن، چونکە حەقی ئێوە نییە، یاخود داواکاریەکە ڕەوا نییە، ئەگەر شتێك ڕەوا بێت فەیدی ناکات، پارسال علومی حاسباتی سلێمانی گوتیان بیکەنە هەندەسەی حاسبات، ئێمە دانیشتین لیژنەمان تەشکیل کرد بینیمان مەنهەجەکانمان لە ٥٠٪ی فەرقی هەیە، پێمان گوتن، عینادیان کردو ئیمتیحانی یەکەم نەچوونە ژووری هی نیهائی، ئیمتیحانی دووەم نەچوون، دوایێ لەسەر داواکاری پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەو جەماعەت دانیشتین گوتمان بابە فورسەتێکی تریان دەدەینێ با ئیمتیحان بدەن، ئێستا ئیمتیحانی خۆیان دەدەن و کێشەکە تەواو بووە، بەلام هەندێك جار ئەوان تەئسیر لەسەر مەسلەحەتی حکومەت و خۆشیان دەکەن، کە سالێك لە قیسی خۆیان دەبەن، ئێمەش حەز ناکەین سالێك لەپاش بدەن و بمێننەوە، ئێستاش لەگەلیان خەریکین چارەسەریان بۆ بکەین.

کاك ئارێز بەرچاوی خوێندکاران روون نییە، وابزانم لە پارەوە وەردەگیرێن، ئێمە روونمان کردۆتەوە دەلێن هەموو کەسێك وەرناگیرێن، ئەوەی دەرەجاتی باش نەبێت لە جامیعات وەرناگیرێت، ئەوە هەموو دەزانن، لەبەر ئەوەش پارەکە زۆری نەچوونە ئیمتیحان خۆی هێشتەوە، ئێمە لە پارسالەوە ئیشمان بۆ کردووەو بەردەوامین لە کۆبوونەوەکان و لیقائات بە کتاب بۆ مەکتەبەکان گوتوومانە سالی دابێت هەموو کەسێك

وەرناگیرێت خەڵك دەیزانی، وابزانم بۆیان روون بۆوە بەرچاویان، بەڵام ئەگەر یەكێك بەخۆی خۆی وا پیشان دەدات كە بەرچاوی روون نییە، ئەوە خۆی بەرپرسە ئەو روون كردنەوانە كراوە.

ئایا ناكرێت لە هەموو كۆلیژەكان زەحف بكرێت بۆ ئەوەی هەموویان وەربگیرێن؟ ئەوە ناكرێت، چونكە تاقەی ئیستیعابیمان نییەو ئەوە زۆر زەحمەتە، ئەگەر بكرا بوایە ئێمە پێشتر دەمانكرد، من باسم كرد بەشێك لە كۆلیژەكان نا، بەڵام لە پەیمانگایەكان.

پێوەری نمرە سەرپێچی نەكراوە، ئەگەر سەرپێچیەك كرا بێت ئەوە چاك دەكرێتەوە، ئەكید كە ئیعتیراز تەقدیم دەكات لە حاڵەتێك هەبێت، كە ئێمە فەترەیەكمان بۆ ئیعتیراز داناوە بچن، چونكە تۆ لەو هەموو حاڵەتە ناكرێت، ئایا لە زانكۆیەكانی عێراق چەند لە زانكۆیەكانی تر هاتوون؟ ئەمساڵ هیچیان نەهاتووە، ساڵانی پێشوو هاتوون بە عەدەدێكی زۆر كەم، مومكینە لە دەوری دوو هەزار كەس هاتبێتن، بەڵام ئەمساڵ كەسمان قبول نەكردووە، چونكە نەمانتوانیوە ئەوانەی خۆمان وەربگرین، گومانێك هەیە بۆ ئەوەی خوێندكاران لە خوێندگە، ئێمە هەموو شتمان روون كردۆتەوە بۆ خوێندنی ئەهلی ئەو گومانەمان نەهێشتووە، ئەوانەی دێنە خوێندنی ئەهلی بەرچاویان روونە بەڕاستی، بۆ خەڵكیش روونە، ئەگەر هەر یەكێكیش بێت ئێمە هەموو شروت و زەوابتەكانیان دەدەینێ و ئەو یاسایەش بەو زووانە ئینشائەللا لەم پەرلەمانە بەڕێزە قەراری لەسەر دەدات پاش ئەوەی تاوتۆی لەسەر دەكات، ئەوە تایبەتە بە خوێندنی ئەهلی.

كاك شێردڵیش دەڵێ ئەو تەجەموعە نەمێنێت لەسەر جادە، تەقریبەن ئێمە ئێستاكە زۆر شتمان روون كردۆتەوەو هیوادارین كە نەمێنێت، كاك مەلا ئەنوەر دە هەزار كەس لەسەر جادە، ئەوەش هەمان شتە، یازدە پەیمانگا داخراوەو دوو كراونەتە بنەڕەتی، نەسرین خانیش هەر هەمان شتە ئەو دە هەزار قوتابیە، هەندێك بچن بۆ بەغدا بە هاوكاری لیژنەی پەروەردە، ئێمە ئەوە پێمان باشە، ئێستا ئەو پێشنیارە ئێمە ئەوە ئیشی لەسەر دەكەین.

كاك عبدالرحمن جارێكی دیكەش باسم كرد چەند نوقتەیەكی باس كرد، بۆ ئێمە شتی باش بوو، لە زانكۆ داوای قبول كرا كە پێداچوونەوەیەك بكرێت، گوتمان ئەوە كردوومانە، بەشێك بچێت بۆ زانكۆی ئەهلی كە كار ئاسانیان بۆ بكرێت، بۆ كار ئاسانی كردن ئەوەشمان كردووە، دەرەجەی بەرز بۆ دەرەوە، من دەمەوێت بزانن بەعساتی دیراساتی ئەوەلیمان نییە تەنها دیراساتی عولیامان هەیە بۆ دەرەوەی وڵات، تەنیا بۆ ماستەرو دكتۆرامان هەیە، ئەو بودجەی دادەنرێت تەنها بۆ ئەوانە، بەڵام لەوانەیە لە ساڵانی دابێت بۆ دیراساتی ئەوەلیشمان هەبێتن بۆ ئەوانەی كە یەكەمن، ئەوانەی كە لە كولیەو كۆلیجەكانیش دەردەچن، ئێمە تەعلیماتمان گۆڕیوە بەنیسبەت یەكەمەكان پێشان دەبوایە دوو ساڵ خزمەت بكات موعید، بەڵام ئێستا كردومانەتە یەك ساڵ، ئەوانی دیكە دوو ساڵ خزمەت دەكەن سێ یەكەمەكان تەعین دەكەین، ئەوانەی لە جەیدیش كەمتریان هەبێت بەپێی ئەو قانونی وەزارەتی خوێندنی باڵا موعید ئەوەیە كە لە جەید كەمتری نەبێت، ئەوانە تەعین دەكەین بۆ ئەوەی لە موستەقبەل بیان نێرینە دەرەوە ئەوەشمان

کردووە، بۆچی پەیمانگای پۆلیس ناکرێتەوە؟ فیکرەیەکی باشە، چونکە کۆلیژ هەیە، با پەیمانگاش بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکێك وەربگیرێت، ئێمە تەئیدی ئەو فیکرەیە دەکەین.

کاك محەمەد فەرەج، ئەویش شتی باشی باس کرد، بەنیسبەت ئەوانەی کەمی دەرامەتی و ئیختیصاص و پەیمانگاکان، من باسی ئەوەشم کرد کە ناچنە هۆڵەکانەوە، پەرلەمان یاسایەك دەربکات بۆ کۆلیژە ئەهلیەکان، ئەو یاسایە گوتمان لەبەردەستە، پێموا نییە رەئیەکی تر بەرەو ئەوروپا بڕوات، چونکە ئێمە کاری پێویستمان کردووە، زۆربەی خەڵکەکە ئیستیعاب بکەین، بەڕاستی ئەوەی ماونەتەوە ئێمە بە ئەهلیەوە زانیدەن حکومی لە ٨٠٪مان وەرگرتووە، ٢٠٪یش ئەگەر بتوانین بەشێکی موعالەجە بکەین، بەشێکی زۆر کەم دەمێنێتەوە، یەعنی عەدەدەکە ئەو دە هەزارە نییە، چونکە ئیستیعاب کراون لە کۆلیژی ئەهلی، راستە تێکەلاویەك هەیە، بەلام ئەوانە پێنج هەزاریان لەوێ ئیستیعاب کراون، ئەگەر بەشێکی تریشی بتوانین حەل بکەین نیسبەکە لەوانەیە هەر لە ١٠٪ بمێنێتەوە، یان کەمتر، ئەوەش هەر دەمێنێتەوە، یەعنی ئەوە نییە خەڵکێك پەنجای هەبێت بێتە کولیەو جامیعە، ئەوە ناکرێت، بەلام ئێمە ئیستیعابمان کردووە.

ژمارەی کولیەکان زیاد بکرێت، من باسم کرد (٣٨) بەش بە کۆلیژەوە زیاد کراوە بە هەموو کوردستان لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لەوە، ئێمە تەوسیعی عامودی و ئوفوقیمان کردووە، بەڕاستی لەوە زیاتر ناکرێت لەسەر ئاستی زانستەکە دەبێت.

هێنانی پسپۆر لە دەرەوە، ئەوەش رێگامان داوە کە خەڵك لە دەرەوە بێن، ئێستا کولیەی صیدلیەو ئەوانە نەقصیان هەیە ئەوەی سلێمانی و ئێرە، گوتمان عەقد بکەن موافەقەشمان بۆ کردن لە چوار ملیۆن و نیو تا سێ ملیۆن دینار عەقد بکەن مامۆستا بێنن، محاوەلات بەردەوامە، بەلام بە ئێمە نایەت، بە کۆلیژە ئەهلیەکان دێت، ئەوان پارەی زیاتر دەدەن، خەڵك دێنن، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە تەوزیعی کۆلیژە ئەهلیەکانمان کردووە، من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك بەکر فتاحم، دەبوایە لیژنەی پەروەردە خۆیان موناقەشەیان بکردایە، ئێمە ئەو موناقەشاتانە دەکەین لە موستەقبەل، سەرۆکی پەرلەمان ئایا راستە کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین شەست قوتابی بەکالۆری بە هەمان ژمارەی خوێندنی بالای وەرگرتووە؟ من حەز دەکەم بزانن پلانی خوێندنی بالا جیایە لەگەڵ پلانی خوێندنی بەرایی، ئەوەی کە وەرگیراوە ئێستاکە لەبەردەممە زانکۆی سەلاحەددین لە پلانی بەرایی لە یاسا (٢١٦) کەسی وەرگرتووە، (٦٠) کەسێ وەرنەگرتووە، (٦٠) کەس لە بەیانیان، (٦٠)یش لە سۆران، ئەویش هەر قانونە، (٤٨)ی ئێواران لە هەولێر، (٤٨)یش لە سۆران مەجموعی (٢١٦) کەسە، یەعنی ئەوەندە نییە، بە مەجموعیش لە هەموو کوردستان بە سلێمانی و دهۆکیشەوە (٦٥٣) کەس وەرگیراوە، بەلام ئەگەر بێینە خوێندنی ماستەر (٢١) کەس لە دکتۆرا وەرگیراوە، (٢٦)یش لە ماستەر وەرگیراوە، ئەوانیش دەکرێنە دوو، سێ وەجبە، بە یەك [illegible] ـەگەر ئەو ژمارە بیستە بەرامبەر بە شەش سەدەکە موقارەنە بکەین دەبینین زۆر زۆر کەمە بەو عەدەدە نییە، ئەوە هەمووشی ئەرقام لەبەر دەستمە، بەنیسبەت موختەبەری صوتیش کە ئیش

ناکات، من بیرم چوو بڵێم من لە سەرۆکی زانکۆم پرسی گوتی موختەبەرێکیان موشکیلەی تەکنیکی هەیە لە کۆرییەکان داوامان کردووە کە بێن چاکی بکەنەوە، بەڵام دوویان ئیش دەکەن و ئێستا ئێمە سوودیان لێ وەردەگرین، بەخۆی سێ موختەبەرە لە هەولێر هەیە هەر یەکی نزیکەی سی کەس دەگرێت، ئێمە پارساڵ لە کۆریەکان داوامان کرد سێی تریان لە سلێمانی کردەوە، سێی تریشیان لە دهۆلك ~~کردەوە، ئێستا~~ نۆ موختەبەر هەیە، ئەوانەی دهۆك و سلێمانی، لە هەولێریش تەنیا یەکیان پەکی کەوتووە، دکتۆرە هالە خان دەڵێت مەنتیقی نییە ئیستیعاب دەبێت زیاد بکرێت، ئێمە دەڵێین بە عەکسەوە، مەسەلەن ساڵی ٢٠٠٦ راستە (١٥٠) کەس وەرگیراوە، دوای ساڵی ٢٠٠٧ (١٢٠) کەس وەرگیراوە، ئەمساڵ (١٠٠) کەس وەرگیراوە، تۆ دەبێت حیساب بکەیت کە دەمێنێنەوە، مەسەلەن لە مەرحەلەی یەك کە هەموو ساڵ بیست، سی کەس دەمێنێتەوە، تۆ ناتوانیت دیسان وەکو ئەوە (١٥٠)ی دیکە وەربگریت بکرێتە (١٨٠) دوایێ ئێمە بەپێی تاقەی ئیستیعابی زانکۆیەکان خۆیان قەرار دەدەن، ئەگەر زانکۆی هەولێری پزیشکی بەنووسراوی رەسمی بڵێت ئەوەندەم دەوێت، ئەوە نووسراوەکەیە، برادەرێك هەموو جار دەڵێت دکتۆر نووسراومان پیشان دەدات، بەڵێ ئاخیر ئەوە دیکۆمێنتە، ئەوە نووسراوەکەیە سەد بە پەنجا، پەنجا بە پەنجا، من جەختیان لێ دەکەم کە زیاد بکرێن، دەڵێت ماوەتەوە، کە دەڵێت ماوەتەوە دوایێ نووسراوەکەتان پیشان دەدەم، بەڵام علیمیەنیش راست نییە، تۆ پارەکە چەندت وەرگرت، ئەمساڵیش ئەوەندە، لەبەر ئەوە خەڵکێك دەمێنێتەوەو راسب دەبێت، خەڵکێکی دیکە حاڵەتی (اضطراري) هەیە نەقل دەبێت بە جۆری تر دێت، ژمارەکە هەر دەگاتە ساڵانی پێش خۆی، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە دەبینی ئەمانە گروپاتیان هەیە، یاخود موختەبەراتیان هەیە، ئێمە دەمانەوێت ژمارەکە کەم بکەینەوە، مەسەلەن من چوومە کۆلیژی پزیشکی ددان، پێنج، شەش تا حەوت قوتابی لەسەر یەك جیهاز ئیشیان دەکرد، من باسم کرد، ئەگەر تۆ ژمارەکە کەم نەکەیتەوە بۆ چوار، پێنج جێگایان نییە تا جیهازی تازە بکڕی، پارە نییە جیهازی نوێ بکڕی، ئەوە هەمووی مەشاکیلە، من حەز دەکەم هەر قوتابیەك لەسەر یەك جیهاز کار بکات، لەبەر ئەوە ئێستا ئێمە شروتی ئەهلیات وایە هەموویان ئامێرێکیان هەبێت لە کۆلیژی پزیشکی ددان، ئێمە وەکو شەرت لەسەرمان داناوە، ئەمە زۆر موهیمە ئاستی خوێندن بەرز دەکاتەوە، جا لەبەر ئەوە هەمووی بە تەختیتە، ئەمانە هیچی تەناقوز نییە ئێمە دەیکەین، بە عەکسەوە ئێمە بەدیراسەت دەیکەین.

تا ئێستا وەزارەت نەیتوانیوە موختەبەرات و کێشە چارەسەر بکات، موختەبەرات و کێشە بە دوو شت بە تەدریجی چارەسەر دەکرێت، ئێمە پارساڵ زانکۆیەك بەپێی پێداویستی مەبلەغی (٧٦٠٠) هەزار دۆلار تەخصیص کرا بۆ کڕین هی ئامێری موختەبەری، دابەش کرا بۆ سەر زانکۆیەکان، زانکۆی هەولێری پزیشکی یەك ملیۆنی بەرکەوت کڕیان، بەڵام هێشتا کەموکوڕییان هەیە، چونکە ئامێر مەبلەغێك نییە، مەبلەغێکی زۆری دەوێت، دوایێ جێگاشی دەوێت، نازانم ئەگەر ئێوە چوو بن سەردانی کۆلیژی پزیشکیتان کرد بێت وەکو پزیشکی ددان دەبینن جێگاکانیان چەند تەنگە؟ موختەبەرات و قاعاتیان، یەعنی قوتابیەکان وایان لێهاتووە ریزی پێشەوە ئەگەر تەماشای بکەیت مامۆستا جێگای حەرەکەی نەماوە لەنێوان

تەختەکەوە هاتوچۆ بکات، ئەوەندە ژمارەکەی زۆرە، خۆ دەبێت حجمی قاعەکانی دیکە چەندی تێ دەچێت؟ یەعنی ئەمانە هەمووی کێشەیەکی زانستیە بەڕاستی، جا لەبەر ئەوە ئێمە چارەسەری ئەو کێشانەمان وردە وردە کردووەو پێشمان گوتوون ئەو میزانیەی کە دادەنێن پارەیەکی زۆر بۆ موختەبەرات و قاعە دانێن، ئێمە هەر پارساڵ سێ ملیۆن دۆلار بۆ هەموو زانکۆیەکان تەخصیص کرا بۆ کتێب کڕین، کە ئەو مەعرەزە دولیە کرایەوە، یەعنی پارە تەخصیص دەکرێت، بەلأم تۆ ناتوانیت پێداویستی ساڵ ١٩٩١ تا ئێستا بە ساڵێك دابین بکەیت، ئەوەش میزانیەی دەوێت، میزانیەکەش ئەو مەبلەغە نییە، ئێستا ئێمەش حەز دەکەین پێداویستیەکان دابین بکرێت، کە زیاتر لە سێ هەزار قوتابی سەرووی (٩٠)ی هێناوە، ئەمساڵ ژمارە زۆر بووەو خەڵك خوێندوویەتی دەرەجەی هێناوە، ئەوە شتێکی تەبیعییە، ئایا ئێمە وا بکەین کە دەرەجە نەهێنن، یەعنی ئەمە بەدەستی کەس نییە، کێشەی ئیزراب جەنابتان باستان کرد، ئێمە لەگەڵی داینە، ئێمە دەمانەوێت بە تێگەیشتن و روون کردنەوەی تەواو بکرێت بۆیان، قەناعەتیان پێ بکەین، ئەو وڵاتەش دیموکراتیەتی بەخۆیەوە بینیوە، حوریەتێك هەیە هەر کەسێك هەر شتێك بێت بۆ خۆی ئیزڕاب دەکات، ئەوجا رەوا بێتن، رەوا نەبێت، هەرچەندە بە ئاراستەو قەرار حەق نییە، دەبێت ئەو ئیزڕابانەی دەکرێت و مان دەگیرێت، دەبێت کێشەیەکی مەعقول و، یەعنی رێی تێ بچێت کە بۆیان حەل بکەین، کاکە حاتەم، ئەویش هەر دەربارەی عیلاج و چارەسەر کردن بوو، باسمان کرد هی ئەو دە هەزار کەسە، دەڵێت لەبەر بێ جێییە، یاخود کەمی نمرەیە، ئەوانەی وەرنەگیراون هەردووکیانە، چونکە ئەوانەی وەرنەگیراون نمرەکانیان کەمەو لە زانکۆکان وەرنەگیراون و، جێگاش کەمەو مامۆستاش کەمە، یەعنی هەر جێگا نییەو مامۆستاشمان کەمە، ئێمە کردوومانەتە دوو دەوام، بەو دوو دەوامیەش پێ راناگەین، پارەی محازەراتیش ئەوەندە زۆر نییە، هەموو مامۆستایەك ئامادە بکەم، مومکینە ئەوە د.دلێر دەزانێ، یەعنی دەزانێ کێشەکە چەند زۆرە؟ ئێستا لە وەزارەتی دارایی دەمانەوێت عەلەقەل وەکو کۆنی لێ بکەینەوە، کەس بە هەزار دینارو هەزارو پێنج سەد دینار ناچێت محازەرە بڵێتەوە، جا ئەوەش چارەسەری دەکەین، دەڵێت کۆلیژە ئەهلیەکان هەموو کەس ناتوانێت پارەی پێنج، شەش ملیۆن بدات، کۆلیژە ئەهلیەکان پارەکەی پێنج، شەش ملیۆن نییە، زۆربەیان لە سێ ملیۆنە، ئەگەر کەمتر بێت، زیاتر نییە، تەنها ئەو دوو کولیە علمیە نەبێت، کە صیدلیە، ئەویش لەبەر ئەوەی موختەبەراتی دەوێت، یەعنی ئەوەی کۆلیژی جیهان لەگەڵیان دانیشتووم بەس بۆ سەرفیەتی ملیۆنێك و نیو دۆلاریان دانابوو بۆ موختەبەرات، پاش چەند ساڵی تر ئەوە پڕ دەکەنەوە، کۆلیژی عیشق چوار ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەجهزە داناوە، ئەجهزەکانیان زۆر گرانەو قورسە، یەعنی کڕینی پارەی زۆری تێدەچێت، جا لەبەر ئەوەی ئەو کولیانە لە هەموو دونیا پارەیان زیاترە لە کۆلیژە ئەدەبیەکان، کە هیچی ناوێت و موختەبەراتی ناوێت و ئەو شتانەی ناوێت، ئێمە لەگەڵیشیان دادەنیشین چەند مامۆستایان بەکرێ گرتووە؟ چەند مەوادیان هێناوە؟ ئینجا سعرەکە تەحدید دەکەین، ئەوە نییە خۆیان تەحدیدی بکەن، ئێمە زۆریشمان پێ کەم کردینەوە، بۆ مەعلوماتتان خۆشیان گوێیان لێیە، لێرەوە ئێستا دەنووسن کە ئێمە چەند زەختمان کردووە، کە پارەکەی کەم بکەنەوە، ئێمە تەنها

زانكۆی ئەمەریكا نەبێت، كە ئەوان خۆیان پارەكەیان داناوە، ئێمە تەداخولمان نەكردووە، بەس باقی دیكە هەمووی ئێمە لەگەڵیان دانیشتوین بەشێوەیەكی مەنتیقی كە چەندی تێدەچێت، هەر قوتابیەكی، یان خوێندكارێك چەند مامۆستایان هەیە؟ چەند بنایەیان هەیە؟ حسابات كراوە، ئینجا پارەكە تەحدید كراوە، من دەڵێم لە حكومەتی ئێمە پێنج هەزار دۆلار تێ دەچێت بۆ هەر قوتابیەك و خوێندكارێك ساڵانە، ئێمە یەك لە زانكۆكان دیراسەتی كردووە، دەڵێت پێنج هەزار دۆلاری تێدەچێت، جا ئەوە ئەگەر بەراوردی بكەین تەقریبەن روونە، بەنیسبەت ئاكرێ ئێمە جارێكی تر لەگەڵ نوێنەرانی ئاكرێ و گوتمان لەگەڵ زانكۆی دهۆك قسە دەكەین، ئێمە كە كۆلیژێك لە شوێنێك دەكەینەوە، ئەو كۆلیژە سەر بەچ زانكۆیەكە، ئەو دەبێت موافەقە بكات، ئێمە داومانەتە زانكۆی دهۆك، ئەوان دەڵێن جارێ مەرجی زانستی تێدا نییەو، ناتوانین ئێمە لەگەڵ نوێنەرەكانی ئەوان دادەنیشین، با لە خۆیان ببیستن، ئیتیفاق دەكەین ئەو هەفتەی دادێت بۆئەوەی بەتێروتەسەلی، ئەگەر ئەو مەرجانەی ئەوان دەنیانەوێت تێیدا متەوەفرە، ئێمە دەیكەین، كاك جەمال قاسم دەڵێت كارەكان بەبێ پلان كراوە، من دەڵێم نەخێر، بە زمنی پلان و زمنی بەرنامە كراوە، جا ئەگەر ئەو مەبەستی بەپێی پلانی گشتی بێت، من عیلاقەم پێی نییە، بەنیسبەت وەزارەتی خۆم پلان هەیە، دەتوانن جەنابیان بێن پلانەكەشی پیشان بدەم، كە چۆن بە پلان ئێمە كار دەكەین، خوێندنی باڵا مەرج نییە هۆڵ دروست بكات بۆ قوتابی، سەعات زیاد بكرێت، ئەو شتانە هەمووی دیراسەت كراوە، هیچ مامۆستایەك ٤٠ دەرسی نییە، هەندێكیان نیوەن، ئێمە نیسابی مامۆستا لە پرۆفسۆرەوە لە هەشت سەعات دەست پێدەكات، مامۆستای مساعد دە سەعات، ئەوی دیكە مودەریس دوانزەیە، ئەوی دیكە چواردەیە، بەڵام باقی ئەوەی تر سەعاتی مەكتەبیەو ئەو مەسائلی ترە، ئەشاتی بەحسیەو ئەو شتانە كە ئێمە دەڵێین ٤٠ سەعات بەپێی تەفەروغی جامیعی، بەڵام هیچ كەسێك ٤٠ سەعات داوای لێ نەكراوە كە وانە بڵێتەوە، جا لەبەر ئەوە فەرقی هەیە سەعاتی وانە گوتنەوە لەگەڵ تەواجودی لەوێ، ئێمە دەمانەوێت مامۆستا مەوجود بێت لە دەرس، قوتابیان و خوێندكاران هەموو شتێك فێر نابن سەعاتی مەكتەبیەی هەبێت، پاش دەرس بچن پرسیاری لێ بكەن، هەندێك سەعاتی هەبێت توێژینەوە بكات، مامۆستا، ئێمە دەمانەوێت زیاتر خەریكی توێژینەوە بن، ئاستی زانستی خۆیان بەرز بكەنەوە، هەر دەرسەكە نەبێت، لەبەر ئەوە ئەو چل سەعاتە پێویستە تەواجودیان هەبێت، بە ئیزافی پارەیان بدرێتێ، بێگومان موحازەرات لە نیسابی خۆیان زیاتر بێت، ئەوە پارەیان پێ دەدرێت، جامیعە ئەهلیەكان نەبێتە تیجارەت، ئێمە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا گوتی، ئێمە دیراسەتمان كردووە لە ئاكرێ كادیرو ئەوانە نییە، پەنجاو حەوت ماجستێرو دكتۆرا لە ئاكرێ هەیە، ئەمە یەك.

دووەم/ قەرار بوو لیژنەیەك دیراسەتی ئەو مەوزوعە بکات، لیژنە چووە دیراسەتیشی کردووە، هەموو شتێك متەوەفرە، یەعنی ئەگەر چێ نەکەن، ئەوە شتێکی ترە، بەلاّم ئەگەر شروت متەوەفر بێت، ئەوە متەوەفرە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی بالاّ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، گوتم ئێمە داومانەتە زانکۆ، ئەنجومەنی زانکۆ ئەو بڕیارە دەدات، بە ئێمەیان گوتووە ئیمکانیەت نییە، جارێکی دیکە ئێمە لەگەڵیان کۆ دەبینەوە، بە جەنابتم راگەیاند، فەرموو جەنابت حازر بە لەگەڵمان، ئەو شتانە مناقەشە دەکەین، بەلاّم ئێمە رەئی زانکۆ وەردەگرین، جامیعە ئەهلیەکان نەبێتە تیجارەت، بەرێزان.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی کاك ناصح، فەرموو.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دانیشتنەی ئێمە بۆ چارە سەر کردنی کێشەی ئەو دەهەزار قوتابییە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، ئێستا دێینە سەری و ئاگاداریش دەکرێیت، بەرنامەکەش لە پێش دەستە، ئەمە فەقەت بۆ وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی ئەو رۆژەیە، پاشان پێشنیاری پەرلەمان بۆ چارەسەرەکەی، ئینجا دێینە سەری، سوپاس کاك دکتۆر.

**بەرێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری خوێندنی بالاّ بە تایبەتی وەلاّمی تا ئێستا دەڵێت تاقەی ئیستیعابی پەیمانگاو زانکۆکانی نازانێ چەندە؟ بۆ زانیاریتان لە دهۆك دانیشتن نەبوایە لەوێ چارەسەری بکرابایە، بزانرایە هیچ نەبێت لەم دەهەزار کەسە چەندێك وەردەگیرێت، یەعنی ئەو تا ئێستا ئەو وەلاّمەی پێ نییە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڵێ سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، ئێمە تاقەی ئیستیعابی خۆمان باش دەزانین، بەپێی ئەو تاقە ئیستیعابیە ئیعلان کراوە، ئەوە هی خۆمانە، بەلآم داوای زیادە دەکەن، زیادە گوتمان دەبێت ئێواران بێت، ئێواران من دەتوانم بڵێم بە تەقریبی ئەوەندەیە، بەلآم هەر مەعهەدێك ئێستا من ئینتیزار دەکەم دیراسەت بکات، هەر بەشێك چەند زیاد دەکات کۆی بکەمەوە، بڵێم ئەوەندە دەتوانم وەربگرم، من نامەوێت رەقەمێك بدەم لە خۆمەوە، من تەقدیریەن دەزانم، من کە قسە دەکەم مەسئوولم لەسەر قسەکانی خۆم، لەبەر ئەوە بە پلان شتەکان کراوە، جامیعە ئەهلیەکان قانونی ئیستیسمار لەو پەرلەمانە بەڕێزە بڕیاری لێدراوە، ئەگەر سەیر بکەین جامیعاتی ئەهلیش بەشێکە لەوێ، یەعنی لەوێ تێیدایەو، ئێمەش لە یاسای خۆمان تێیدایە، ئێمە نایەڵین، تۆ بتەوێت و نەتەوێت ئەوە ئیستیسمارە، نایەڵین ببێتە تیجارەت ئیسستیغلالی خەڵك بکرێت، هەرلەبەر ئەمەشە ئێمە دانیشتوین لەگەڵیان مفاوەزە دەکەین، کە سعرەکەیان پێ دادەبەزێنین، بۆ ئەوەی ئیستیغلال نەکەن، نەك تیجارەت، تۆ بتەوێت و نەتەوێت ئستیسمارە، ئیستیسماریش بەشێك لەوەی تێدایە، بەلآم لەمەرحەلەی یەکەم ئەوان لەسەر زەرەر دەڕۆن، بەلآم تا چەند ساڵێکی تر دوور بێت، بەلآم ئەوە خزمەتێکی گەورە بە دەوڵەتەکەمان دەکات و میزانیەکی زۆریش بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە، چونکە خەڵکێك لەسەر حسابی خۆی دەخوێنێت، ئەوەی جامیعەی جیهان بوو هەر قوتابیەك (١٠٠) هەزار دینار وەردەگرێت، ئەوانەی کە قبوڵ دەکرێن، بەلآم ئەوانەی کە قبوڵ ناکرێن، ئیتیفاقمان کردووە پارەکەیان دەدەنەوە، ئەو ئێستا مەسەلەن دەلێت من ١٠٠ کەسم دەوێت، (٥٠٠) کەس تەقدیم دەکات، فۆڕمەکە وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئیلتیزام بکات پارەکەی لێوەردەگیرێت، دوایی بەپێی دەرەجە لە ژمارە یەکەوە بۆ بەرزترین دەرەجە تا ١٠٠ وەردەگیرێت، ئەوانە ١٠٠٠٠٠ هەزارەکە هی فۆڕم و هی موعاملاتەو شتەکەیە، باقی ئەوانی تر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆیان، ئەوە ئیتیفاق کراوە لەگەڵیان، ئەوە حەل کراوە، بانکی کوردستان و مەتعەمی دەرەوە ئەمە ئوتێلە کاتی کە دەبینن لێرە دەکرێتەوە، پار ساڵ پەیمانگەیەکی گەشت و گوزارمان کردۆتەوە، فەندەقە، سیاحە لەگەڵ کولیەیەك، یەکێکیان ئەهلیە، یەکێکیان حکومیە پەیمانگاکە، لەبەر ئەوەی ئەو مەسائیلی ئوتێلەکان و ئەوەی لەدەرەوە خەڵك دێن بۆ ئەوەی لە ئایندە ئێمە چارەسەری ئەو کێشانە بکەین،خەریجەکانمان ئەمساڵ تەخەروج دەکەن لە پەیمانگا ئەو ساڵی دابێت، کۆلیژەکەش پاش دوو ساڵی تر کادری خۆت دەبێت، بەلآم وردە وردە، کاك جمال یوسف کۆنفرانس ببەستی لە وەزارەتی مەعنی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ئێمە چارەسەرەکان ئەوە کۆنفرانسێکی ئەوەمان کرد هەموو شتێکمان باس کرد، ئێمە پار ساڵ لە مانگی ١٢، بەلآم ئەو نەوعە چارەسەرانە شتی تەنفیزینە، ئێمە لە حکومەت دەتوانین چارەسەری ئەوەی کە هەیەو بەڕوونی و بە شەفافی قسە بکەین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، باسی هەندێك ئیختیساساتیش کرا وەکو ئیتیسالآت و شتی ئەوها، ئێمە ئێستا لە زانکۆ ئەهلیەکانەوە ئەوەمان کردۆتەوە لە زانکۆ حکومیەکانیش قسمی کارەبا هەیە، لە ساڵی سێیەم و چوارەمی هەندەسەی ئیتیسالآتیشی تێدایە،

لەویّ تەخەروج دەكەن لە پەیمانگا كانیش هەیە، بەلاّم لە ئەهلیەكەش كردوومانەتەوە، سەنتەری تەئهیەلی میهەنی هەبێت پێشنیار كراوە، ئێمەش زۆر تەئیدی دەكەینەوە و زۆر زۆر باشەو بەعەكسەوە لە پێداویستە هەرە زروریەكانە، كاك عبدالرحمان باسی ئەوەی كرد ئەو دە هەزارە ساڵێكی تر دەبێتە ٢٠ هەزار، راستە، بەلاّم خۆ ئێمە پێشبینی دەكەین لە بەر ئەوە لە بیدایەت گوتمان لە پارساڵەوە دەڵێین هەموو كەسێك وەرناگیرێت، بەلاّم ئێمەش دەبێت تاقەی ئیستیعابی خۆمان زیاتر بكەین، یەعنی لەگەڵ ئەوەش ئێمە دەڵێین دەبێت زیادی بكەین، ئەو كولیانەی داواتان كردووە لە ئاكرێ، ئێمە دیراسەت لیژنەمان تەشكیل كرد، داومانەتە زانكۆی دهۆك، ئەوان گوتیان ئەمساڵ پێمان ناكرێت لەوانەیە بۆ ساڵێكی تر، بەلاّم دادەنیشینەوە بۆ حەلی ئەو موشكیلەیە، كاك عوسمان بانی مارانی دەبێت حكومەت ئەدای خۆیان باش بكەن،من نازانم لەوە باشتر لەوەی كە ئێمە دەیكەین نازانم كە حكومەت مەبەستت كێیە؟ بەلاّم ئێمە ئەوەندەی كە پێمان دەكرێت ئەگەر ئەدامان باش نیە، وەرن مناقەشە بكەن و لێرانە بڵێن ئەوەت خراپە، ئەوەت خراپە، محاسەبەمان بكەن، بەلاّم نازانم ئەگەر جەنابتان بێن و لە نزیكەوە شارەزای كارەكانمان بن دەزانن ئەدای ئێمە چۆنە، من حەزدەكەم شتەكان نە بەحەساسیەت بێت نە لە دوورەوە تەقیم بكرێت، حەزدەكەم لە نزیكەوە، ئەندام پەرلەمان سەرچاوم، وەرن هەفتەیەك مەعایشەمان بكەن بزانن ئەدای ئێمە چۆنە، ئەگەر ئەدایەكە خراپە لە نزیكەوە تۆناڵێی سەفەرو معامەلە تۆ ناڵێی شارەزای جیهەتێك دەبی یان شەخسێك دەبی كە ئەدای باشە یان خراپە، دەبێت لە نزیكەوە نەوەك لە دوورەوە، لە دوورەوە تەقیم ناكرێت، ئێمە دەرگامان كراوەیە هەریەكەك دێت بزانێت ئەدای ئێمە چۆنە با بێت تەقیممان بكات و دەبێت لەسەر ئەساسێكیش بێت، كێشەی قوتابی زەنگی خەتەرە مانگرتن، ئێمە دەزانین قوتابیان ئەوەی داهاتون ئێمە ئیش دەكەین لەبەر چاویان روون بكەینەوە هەموو شتێكیان بە شەفافیەت لەگەڵ باس بكەین، بەلاّم ناكرێت بەهەڵەیان بەرین یان ئەو نازو فیزەی كە پێشان هەڵدەگیراو چیان دەوێت بۆیان بكەین بەبێ موبەریرات و بۆ هیچ شتێك، یەعنی ئەمن چەند رۆژێك لەمەو بەر یەك لە بەشەكانی ناوخۆ چارەگێك كارەبایان نەبووە مانیان گرتووەو لەسەر رێگاكە درێژ بوون، ئایا ئەمە كێشەیەكی رەوایە ئێمە هەمووومان كارەبامان هەیە، بۆ نیو سەعات كارەبا نەبوو ئەو كێشەیە بخولقێنن، یەعنی بەعزێك شت هەیە شت دەخولقێت، پێرێ شەو من خەبەرم پێگەیشت لەبەر دەرگای وەزارەت دوو خێوتیان هەڵداوە، ئەوە چیە؟ گوتیان ئەوانەی تەرقین قەید كراون دەیانەوێت دەریان چوێنن، ئەوانەی كە دوو، سێ دەرسیشیان هەیە بە عبوور پاڵیان پێوە بنێن، ئایا ئێمە وابكەین زەحفێك بكەین و هەركەسێك ناجیح بێت، ئەوەچیە رەشماڵێكی هەڵداوەو دەبێت من ملكەچ بكەم بچم تەرقین قەیدەكان هەموو بگەرێنمەوە، یەعنی رێژەیان چەندە، رێژەی دەرچوو(٩٦٪)، (٩٥٪) لە هەندێك زانكۆ، من ئەوەتا بە ئەرقام پێمە، یەعنی ئەوە رێژەكی زۆر كەمن كە ئەو گێرە شێوێنیە دەكەن، ئەو رۆژە بەردەرگای وەزارەتیان گرتبوو، خەڵكم نارد گەنجەكان لێیان پرسی بوون لە منداڵی (١٥-١٦) ساڵی ئێوە چینە؟ گوتبوویان ئێمەش بەگەڵ هەلاّ كەوتینە، یەعنی ئەو نەوعە شتە ئەو نەوعە بۆچوونە، دەبێت ئێستا وەعی هەبێت، دەبێ رێنمایی هەبێت بەراستی حەق نیە،

هەر خۆپیشاندانێك هەبێت ئێمە بەڕاست و دروستی بزانین، بزانین بەڕاستی کە حەقی ئەوانە سەر چاوم، ئێمە لەگەڵیان دادەنیشین بۆشیان حەل دەکەین، بەڵام ئەگەر کێشەکە ڕەوا نەبێت حەق نیە، دەبێت ئێمە پشتگیری لە یەکتر بکەین لە کێشە ڕەواکان ئەوانەی کە حەقیانە ئێمە ئامادەینە هەموویان بۆ چارەسەر بکەین، کەس خۆی بە خاوەنی نەزانیوە، وابزانم هەموومان خۆمان بە خاوەنی کێشەکە دەزانین، ئێمە لە جیهەتی تەنفیزینە ئیشەکان لەسەر شانی ئێمەن، ئێوەش خۆتان بەخاوەنی دەزانن، ئەوانەی لە مەسئولیەت و حکومەت و ئەو پەرلەمانەنە هەموویان خۆیان بە خاوەنی کێشەکە دەزانن، لەبەر ئەوە ڕۆژبە ڕۆژ ئێمە ئیشمان کردووە، کۆبوونەوەمان کردووە، ئەگەر خۆمان بە خاوەنی ئەوە شتانە نەزانین ئەدی چۆن ئەو هەموو کێشەیە هەبووە پێشتر ئەو هەموو خۆ پیشاندانە هەبووە لە گەڵیان دانیشتوین هەمووومان چارەسەر کردووە، دیسان دەڵێت ئەوە نامەوێت دووبارەی بکەمەوە هەردوو وەزیر ئاگایان لە یەکتر نیە، ئێمە ئاگامان لە یەکتر هەیە، دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی دەڵێن بە شێوەی گرێبەست ئەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئینشەللا ڕۆژەك وەزیری تەندروستی دێتە ئێرە قسەی لەگەڵ دەکەن، وەزیری تەندروستی دەڵێت دکتۆرمان زۆرە و وەزیری خوێندنی باڵا دەڵێت کەفائەتمان کەمە، بۆیە کۆلیژی خاص دادەمەزرێنین، ئێمە جارێکی تر دەڵێین ئێمە مامۆستامان کەمە ڕاستە، نەمان گوتووە کەفائەت، دەڵێین ماموستامان کەمە لەبەر ئەوەی ناتوانین تاقەی ئیستیعابی زیاد بکەین، ئەوە شتێکی وایە، بە بۆچوونی خۆشم ئێمە پێویستیمان بە دکتۆر هەیە هەتا بیست ساڵی تر، بەڵام چۆنی تەنزینم دەکەی ئەوە وەزارەتی تەندروستی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، بەڵام من لە بەریتانیاش بووم ئەو دەوڵەتە تا ئێستاش نەقسیان هەیە، هەریەکێك بچێت لە دکتۆری لە طب دایدەمەزرێنن، لەبەر ئەوەی نەقسیان هەیە، ئایا ئێمە لەوە گەیشتینەتە ئەوە، ئەوەی مشکیلەو کێشەی ئێمەیە ئێمە بانقی مەعلوماتمان نیە بلزەبت بزانین چەندمان دەوێت بۆ ئایندە چمان دەوێت و چۆن خەڵك دروست بکەین، ڕاستە ئەوە نەقسێکەو ئێمە هەستی پێ دەکەین، بەڵام کاریش دەکەین کە پڕی بکەینەوە، ئێمە لەگەڵ جەنابتین کە قسەیان لەگەڵ بکرێت و بانگهێشت بکرێت، لەبەر ئەوە دادەنیشین بە بەردەوامی سەرۆك زانکۆکان چەند کۆبونەوەیان کردووە، ئێمە خۆمان لەگەڵ نوێنەرەکان کۆبوونەوەمان کردووە، برادەرەك دەڵێت ئەوانەی ماونەتەوە با خیوەتیان بۆ هەڵبدەین، چۆن لە ژێر خێوەت خوێندن دەکرێت؟ ئێمە دەبێت ئەو پێشنیارانەی هەیە بیخەینە واقع بۆ ئەوەی چارەسەری بە شێکی کێشەکە بکەین، کاك سعدالدین دائیمەن ڕخنەی هەیە، هەرکە وەزیر دێت کتابەك دەردێنێت ئەو کتابانە مستەمسەکن کە ئیشمان کردووە،ئەگەر من هەر بە قسە وات پێ بڵێم دەبێت باوەڕم پێ نەکەی، بەڵام کە دەڵێم ئەوە نووسراوەکەیە یەعنی ساڵێك پێشتر پێشبینی ئەوە کراوە کە(١٠٠٠٠) هەزارە دەمێنێتەوە کە ئیشی لەسەر کراوە، لەگەڵ حکومەت قسە کراوە، ئەگەر ڕەخنەی هەیە لەسەر ئەوەی کە کتابەکەی پێشان بدەم ئەوە شتێکی ترە، کەیفی خۆیەتی، مەعهەد بکرێتەوە تاوەکو حەل بکرێت، ئەوە کاری بۆ دەکەین ساڵانە گوتمان چەند مەعهەدمان کردیتەوە، د.ڕۆژان لەبەینی پارو ئەمساڵ بەراورد بکرێت، من ڕەقەمەکەم دانێ گوتم ئی پارچەند کەسمان وەرگرتووە، هی پێراریش، سێ ساڵ پێشتر

چەندیش تەخەروج دەکەن، ئەو بەراورده چەندیش مایتەوه لەو بەینە، ئەوەندەی ماوەتـەوه ساڵ بـە ساڵ تەزەخوم زیاد دەکات و ژمـارەی قوتـابی، چونکه ئـەوەی کـه داخل دەبێت ئەوەنـده دەرناچێت، تۆ بیست هەزار کەس وەردەگری هەشت هەزار کەس دەردەچێت ١٢٠٠٠ هەزار کەس دەمێنێتەوه، ئێ ئەوه تـەزەخمێك زیاد دەکات ساڵ بە ساڵ ژمارەی قوتابیانی زانکۆو مەعهەدەکان زیاد دەکات لەسەرمان، پەلە کردن لـە دابـین کردنی پێداویستیەکان وەڵڵاهی ئێمەش حەزدەکەین پـشتگیریمان بکـەن پارەمـان بـۆ پەیـدا بکـەن هـەمووی دابـین دەکـەین، ئایـا وەرنـەگرتنی ئـەو کۆمەڵـە قوتابیـە پێویـستی بـە پێداچـونەوه نیـە؟ ئـەوەتا ئێمـە پێداچونەوەی بۆ دەکەین ئەکید پێویستی پێی هەیە، کاك عادل ژمارەی دەرچووانی ئەمساڵ چـەندە؟ ئـەوه باسـم کـرد، تەبعـەن ئەوانـەی کـه دەرچووینە ئـەوه ژمارەیـەی کـه ئەمـساڵ دەرچووینە ئـەو جەدوەلـەم دا جەنابت،ئەوانە خۆناچن هـەمووی بـبن بـە مامۆسـتا لـە وەزارەتـی پـەروەردە، بەشـێکی کـەمی ئێمـە چـەند کۆلیـژی پـەروەردە و پـەروەردەی بنـەڕەتمان هەیـە، چـوار، پێـنج کۆلیـژمان هەیـە، ئـەوه زۆرینـەی ئەوانـە ممکینە ٥٪ نابن بە مامۆستا دەچنە بوارەکانی تـر جا لەبـەر ئـەوه وا تەسـەور نـەکرێت، ئەوەنـدەی کـه لـە زانکۆ دەردەچێت هەمووی دەچێتە وەزارەتی پەروەردە، وەزارەت پلانی نیە چۆن لە ١٧٠٠٠ بۆ ٢١ هەزار زیاد بووه، ئەوه تەبعەن بە پێی پلان و بەپێی خوێندنی ئێواران و ئـەو بەشانەی کـه کراینـەوه مـن باسـم کـرد، ئەوه زیـاد بـوه بـە پێـی ئـەو پلانـەی کـه ئـەو بەشانە هـەموو ٣٨ بەشـی تـازه کراوەتـەوه، سـاڵی پـار ٢٧٠٠٠ وەرگیراوه ئەمساڵ بۆتە ٢١٠٠٠-٢٢٠٠٠ هەزار ئەوه ڕاستە ساڵی پار ئێمـە ئـەو قاعانـەمان دروسـت کـرد، ئێمـە هەتاوەکو ئێستا هەمووی تەواو نەبووه بەشێکی ماوه بەو زوانە هەندێ قاعـه هەیـه یـەك دوو مـانگی دیکـه تەواو دەبێت، بەس ساڵی پار لەسەر ئەو حسابە کراوه کە چوار ساڵ بەردەوام دەبێت ئـەو زیـادە چـوار سـاڵ لەگەڵ من دێت، خۆ بە ساڵێك کۆتایی نایێت بۆ ئەوەی ئەمسالیش وەکو پار وەرگرم، پارەکە ئەوه زیـاد بـوو من وەرمگرت، ئەمساڵیش مەجموعەیەك زیادکراوه ئەوه ئـەو زیـادە هـەر ماوەتـەوه، جگـه لـە مەدخـەلات و مەخرەجاتی خۆشم زیاد ماوەتەوه، جا لەبەر ئەوه ناکرێت هەموو ساڵ ئەو ژمارە زۆرە وەربگریـت، چونکە ژمارەیـەکی زۆر ماوەتـەوه، کردنـەوەی پـەیمانگا پیـشەییەکان، ئـەوه بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە گـوتی ئێمـە چەند پەیمانگایەکمان کردۆتەوەو زیاترش دەکەینەوه، کاك شێخ الله پـشتگیری خـۆی بـۆ لیژنـەکان دەربـڕی ئێمەش سوپاسی دەکەین، ئەو هیچی نەبوو، سۆزان خان کێشەی لەدەرەوەی ئیستیعابی ئەم دوو وەزارەتەیـە وەڵڵـەهی ڕاسـتە ئێمـە هـەمووومان وەکـو تیمێـك نـیش دەکـەین، مـن لەبـەر ئـەوه لەبیدایـەت وتم خۆزگـە وەزیرەکانی تریش لێـره بـان بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش رەئـی خۆیـان بدابایـە، کـاك د.فؤاد بابـان مـن پـشتگیری بۆچوونەکانی دەکەم، ڤیان خان تەمریز لە کۆیە، تەمریزمان کردۆتـەوه لـە کۆیـە نیـە بـەخۆی لـە رانیەیـە سەر بە زانکۆی کۆیەیـە، کۆلیـژه ئەهلیـەکانیش بـە یاسـا رێکبخرێت، ئـەوه یاسـاکە دێت بـەم زوانـە، هـەلی کـارکردن بدۆزرێتـەوه، ئێمـەش هـەوڵ دەدەیـن، لەگـەڵ وەزارەتـەکانی تـر، گرنگـی بـدرێت بـە خوێنـدنی پیشەییەکان، ئێمەش پشتگیری دەکەین لەو بۆچوونە، کاك جوتیار ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە دەڵێت خەڵك کە شەش تەواو دەکات مەرج نیە بچێتە زانکۆ، ئەمـە کێشەی ئاسـانکاری زیـاتر بکرێت بـۆ زانکۆ ئەهلیـەکان،

ئێمەش ئەو ئاسانکاریە دەکەین، کاتێك پەیمانگاکان داخران ئاوارەکانی ئێران لە دەرەوەی هەرێم بوون زیاد بکات، چۆن چارەسەردەکرێت؟ ئێمە ئەو ئاوارانەی دێنەوە چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە چونکە خەڵکی خۆمانن زمنی ئەو پلانەی کە وەریان دەگرین ساڵانە ئەوانیش داخیل دەکرێن، کاك د.کمال بەنیسبەت ئەوانەی بەس روونکردنەوەیە ئەو قوتابیانەی دەڵێت لە کۆی پیشە ٢١ نمرەیان زیاتر دەکرێت کە دێنە ئێرە، ئەو ٢١ نمرەیە لە دەوری یەکەم زیاد بکرێت، وەنیە کاك دکتۆر ئەوە لە دەوری یەکەم دەربچێت ٢١ نمرەی پێ دەدرێت ئەوە بۆ هەموان دەدرێت لە سلێمانی بێت، هەولێر بێت، ئەوەی تر بێت، بەڵام ئێمە بە پێی مەوقعی جوگرافی ٨٠٪ لە مەوقعی جوگرافی خۆیان مونافەسەی بەینی خۆیان دەکەن، ٢٠٪ مەسەلەن لە هەولێر خەڵکی دهۆك و سلێمانی منافەسە لەسەر ئەو ٢٠ مەقعەدە دەکەن، ئەو بیست کەسە لەوانەیە حەدی ئەدنایان بڕەك بەرز تر رابوەستێ، چونکە ژمارەی مەقعەدەکانیان کەمترە، بەڵام لەبەر کێشەی قسمی داخیلی و ئەو شتانە، ئێمە مەوقعی جوگرافیمان داناوە، بەڵام ئەو ٢١ نمرەیە ئەوەی لە دەوری یەکەم دەربچێت حەوت مادە هەیە ٢١ی دەدەنێ ئەگەرماددەکی کەمتر هەبێت ١٤ ی دەدەنێ، جا لەبەر ئەوە وابزانم شتەکی وایە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبد الله(د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا:**

ئەو پێوەرەی کە جەنابت باست کرد، وانیە بەو شێوەیەی کە جەنابت دەیڵێیت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رەجائەن نا، دوایی ئەگەر ئەوەمان هەیە لێی گەڕێن با قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێنماییە لەبەر ئەوە بوو گوتم بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر پرسیارەکە لەسەر ئەو دەرەجانە نەبوو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە هی جەنابت نەبوو، هی کاك د.کمال کەرکووکی بوو.

**بەڕێز محمد قادر عبد الله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر کۆتایی پێ بێنە بە پەلە، چونکە قسەمان هەیە، زۆریش قسە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی بالآ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەرەجانەی کە وەردەگرن دەوری یەکەم لەبەر ئەوە معەدەلات دەبینین ۹۹ ی هێناوە ۱۰۲ هەیە لەبەر ئەوە سێ دەرەجەی دەدرێتێ، دەورێك کە ناجح بووە ئەدی ۱۰۲ چۆن دێت ئەگەر ئەو سێ دەرەجەیەی ئیزافە نەکرێت، دەتوانن لە قبوڵ مەرکەزیش تەعلیماتەکە جوان وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبد الله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس جەنابی وەزیر، ئێستا کاك دڵشاد پرسیارێك لە جەنابت کرا ئەگەر کەرەم بکەی وەڵامی بدەیەوە.

**بەڕێز دڵشاد عبدالرحمن/وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو پرسیارەی خاتوو نازناز، دیارە کێشەی ئەو قوتابیانەی کە تاقی کردنەوەی شەشی دەرەکیان داوەتەوە، ئێستا سیستەمی تاقی کردنەوەکان گۆڕاون، بەکەلۆریای نوێ بنەڕەتیە، سێ نەماوە لەبەر ئەوەی تاقی کردنەوەی دەرەکی ئەوانیش گۆڕاوە ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ چارەسەری ئەمَ کێشەیە و بۆ ئەوەی ئەوانەی کە پێشووتر کە تاقی کردنەوەی شەشی دەرەکیان داوە زەرەرمەند نەبن، واتە سیستەمەکە قۆناغ بە قۆناغ بڕوات، بۆیە ڕاستی من وەڵامم نەدایەتەوە، من لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو چارەسەرە ئامادەکراوەم لە لانیە بەڵکو لیژنەکە دیراسەی دەکات و چارەسەری دەدۆزێتەوە بەس حەز دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبد الله(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی، بزانە تەعلیق لەسەر قسەکان نیە، یان وەڵام ئەدەنەوە، ئەگەر نوقتەی نیزام هەیە ئێستا بیڵێ، نابێت دوایی ڕایگری.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، من ویستم جەنابی وەزیر تەواو بوبایە، ئینجا نوقتەی نیزامی، ببورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو ڕۆژە کە دانیشتبووین ئەندامان هەندێکمان بە نووسراو پرسیارەکانمان ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد، سەرۆکی پەرلەمان خوێندیەوە بەس وەڵاممان وەرنەگرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ پرسیاری تر خاتوو پەخشان ئەڵێت: چۆن دڵنیا بین لەوەی کە دەرەجەی لە ١٠٪ کە لە قۆناغی چوار بۆ وەرگرتن لە زانکۆ لە ١٥٪ لە قۆناغی پێنج ئەوەی لە مەکتەبەکانا یاری پێناکرێت لە ڕاستیدا ئەوە دڵەڕاوکێیەکی ڕەوایە،بۆیە ئێمە کۆنترۆڵی مەحەلیمان داناوە لە تاقی کردنەوەکان، هەرسێ قوتابخانە بەیەکەوە لەساڵی پارەوە لە قۆناغی چوار هەرسێ قوتابخانە بەیەکەوە کۆنترۆلێکیان هەبێت، مامۆستاکان بەیەکەوە دەفتەرەکان دەپشکنن، بەیەکەوە دەرەجەکان دادەنێن، واتە بەتەنها مامۆستایەك بەرپرسیار نابێت لە دانانی ئەوە، وەحەزدەکەم تەنها یەك ڕوونکردنەوەی تری بچووك، ئێمە ١٦ پەیمانگامان لە ماوەی ئەم دوو ساڵە کردۆتەوە، لە پەیمانگای کۆمپیوتەرو وەرزش و هونەر کە ئەوانە قوتابیانی قۆناغی نۆی بنەڕەت وەردەگرن، واتە لەگەڵ داخستنی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان ڕێگایەکی ئێجگار زۆرترمان کردۆتەوە بۆ قوتابیەکان بێنە ناو خوێندنی ترەوە، هەروەها ئەو ١٠٠٠٠ هەزارەی کە وەرنەگیراوە، ساڵی پار تەنها ئەو پەیمانگایانەی مابوون ٣٢٠٠ کەسیان وەرگرتووە لە پەیمانگاکانی مامۆستایان، واتە ئەم ساڵ تەنها ٣٢٠٠ کەس لە پار کەمتر وەرگیراوە لە پەیمانگاکانی مامۆستایان، نەك ئەو دە هەزارە هەمووی بڵێین ئەوە هۆی داخستنی پەیمانگاکانی مامۆستایان بووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز وەزیری پەروەردە تکایە ئەو پرسیارانە کە بە نووسراو هاتبوو پێشتر لە لای ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمان کاك عدنان بوو، ئەوە ئێستا بۆ جەنابتمان نارد، ئەگەر جوابی سارا خان بدەیەوە.

**بەڕێز د.دڵشاد عبدالرحمن/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا کراوە، پرسیاری دووەم هەروەها ئاراستەی بەڕێزی کراوە، پرسیاری سێیەمیش هەروەها جەنابتی.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ باسی کردنەوە کۆلیژی بنەڕەتیەکان دەکەن دەڵێت، خەڵکێکی زۆرمان لە هەندەران هەیە خاوەنی بڕوانامەی بەرزن دەیانەوێت لە کوردستان خزمەت بکەن، بەلام ئێوە ئاسانکاریان بۆ ناکەن، ئەوەی ڕووی لە ئێمە کردووە ئاسانکاری تەواومان کردووە، بەلام بەداخەوە هەندێکیان ڕازی نین نە بە مەعاشەکە و دەیانەوێت جێگاو یەعنی نیشتەجێکردن و سەکەن و شتی واشیان بدەینێ، ئەوەی بەپێی ئەو نیزامەی کە مووچەو ئەو ئیمتیازەی کە هەیەتی ڕازیە بەوە سەرچاوم بێتەوە، بەلام شتی ئیزافی ئێمە ناتوانین بکەین تەمیز لەبەینی ئەو ماموستایانە بکەین کە لە دەرەوە دێنەوە لەگەڵ ئێرە، ئێمە هەموو ئاسانکاریەکمان بۆ کردوون، بەلام هەندێکیان دەیانەوێت هەندێ داواکاری تەعجیزیان هەیە حکومەت پێی ناکرێت، دەیەوێت ئەو مووچەیەکی تایبەتی پێبدرێت، خانووی بۆ بکرێت یان بۆی بەکرێ بگیرێت، یەعنی هەندێك داواکاری کە هەیە بەتایبەت ئەوانەی لێرەنە دەڵێن چەند ساڵە ئێمە خزمەتمان کردووە بۆ ئێمە ئەوەمان بۆ ناکەن،

یـەعنی ئەگـەر بـە هـەمان ئیمتیـازی ئەوانـە ڕازیـن هـی دەرەوە هـەموو ئاسـانکاریەکیان بـۆ دەکـەین زۆر مەمنوونیش دەبین کە بێنەوە، یەعنی ئێمە چەند جار داوامـان کـردووە، هەنـدێك قـەزای فـراوان هەیـە تـا ئێسـتا کۆلیـژان لێنەکراوەتـەوە بـۆ نموونـە، قـەزاری ئـاکرێ کـە داوایـان لـە لیژنـەی پەرلـەمان کـردووە بـۆ کردنەوەی، ئەوە باسمان کرد ئێمە دیراسەتیشمان کردووە حەقیشیانە، بەلأم لەگەڵ زانکۆی دهـۆك جارێکی تر دیراسە دەکەین، کردنەوەی کۆلیژ دەبێت زانکۆکە خۆی موافەقەتی لەسەر دەربکات، ئینجا بـۆ ئێمـە لـە ئەنجومـەنی وەزارەت بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت، هەنـدێك شـوێن کۆلیـژی هەیـە توانـای وەرگرتنـی زیـاتر کردنەوەی بەشی تری هەیە، بـۆ نموونـە کۆلیـژی زمـان لـە قـەڵادزێ توانـای هەیـە ٥٠ خوێنـدکار وەربگـرن، ئەگەر بەشی ئینگلیزیان بۆ بکرێتەوە مامۆستاشیان هەیە، وەڵڵەهی ئینجا ئەوە سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە دەزانێت، ئێمە کە داوایان لێدەکەین دەڵێن لەوە زیاتر ناتوانین، دوایـی خـەڵکیان بـۆ دەنێـرین، دەڵـێ ڕانیـە، قەڵادزێ جێگای قسمی داخلی نیە و نیشتەجێی نیە، ئێمەش قبوڵ مەرکەزیە نـاتوانین مەعـەدەلات بێنینـە (٥٠)، هەر خەڵکی مەنتیقە وەربگرین ئەوە دەبێت خەڵکی دیکەش بچێت لەوێ بخوێنێت، هەر بەشـێك یـان کۆلیژەك دەکرێتەوە بۆ هـەموو کوردسـتانە، لەوانەیـە لـە زاخـۆ بکرێتـەوە خـەڵکی خانـەقین بـچێتە ئـەوێ بخوێنێت، خۆ هەر بۆ خەڵکی زاخۆ نەکراوەتـەوە، جا لەبـەر ئـەوە لەوێنـدەر پێداویـستی تـر دەبێـت دابـین بکرێت، ئەگەر ئەو توانایە هەبێت پێمان بڵێن ئێمە پێمان خۆشە تەئکید بڕیـاردەدەین بـۆ کردنـەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکوکی):**

سـوپاس بـۆ ئێـوەی بـەڕێز، ئێـستا کـەرەم بکـەن بـۆ شـوێنی خۆتـان، تەشـریفتان بـچێتەوە جێگـای خۆتـان دابنیشن، هەردووکتان، هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە، زۆر سوپاس.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس بۆ ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە، کە وەڵامی خۆیان زۆر بـە سـەراحەت لـە جەوێکی دیموقراتی و نەفەسمان زۆریش درێژبوو کە وەڵامەکانیان دایەوە، وەکو ئەوانیش گوێیان لە ئێوەی بـەڕێز ڕاگـرت، دیـارە وەڵامـەکان بـۆ ئێمـە موقنـع نیەکـە چارەسـەری کێـشەکە بکـاتن، یـەعنی ئـەو وەڵامـە چارەسەری کێشەکە نەکراوە، کێشەیەك هەیە، کێشەیەکی واقعی ئیمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، (٩٩٩٢) قوتابی وەرنەگیراوە نە لە پەیمانگا نە لە زانکۆ نە لە هیچ شـوێنێك، لـە هـەولێر ١١٣٥٣ قوتـابی تەخـەروجی کردووە،(٧٤١٢) وەرگیراوە،(٣٩٤٠) قوتابی بێ شوێن ماوە ئەمـە لـە شـاری هـەولێر، لـە شـاری سلێمانی (١٣٥٤١) قوتابی وەرگیراوە شەشی تـەواو کـردووە، (١٠٤٢٩) وەرگـیراوە، (٣١١٢) قوتـابی بـێ سـەرو شـوێن مـاوە، جێگـەی نیـە، دهـۆك (٦٤٩٩) قوتـابی دەرچـوونە خوێنـدنیان تـەواو کـردووە، (٣٥٥٩) وەرگـیراوە(٢٩٤٠) قوتـابی وەرنەگیراوە، مەجموع (٣١٣٩٣) قوتابی دەرچوونە (٢١٤٠١) قوتابی وەرگیراوە، (٩٩٩٢) قوتابی لـە دەرەوە مـاوە، ئەمە کێشەیەکە ئەوانە کوڕی ئێمەن، کچی ئێمەن، خوشك و برای ئێمەو هەمووتان و هی هەموو حکومـەت و هەرێمن، واجبی ئێمەش لە هـەرێمی کوردسـتان ئیدارەیـەکی هـادئ و بـاش شـوێن بـۆ خـەڵك بدۆزینـەوە، بۆیـە ئـەم کێـشەیە زۆر بـە هەنـد وەردەگـرین، زۆر بـە گـرنگ وەردەگـرین، پێویستیـشە تـەفاعولێکی

مەسئولانەی لەگەڵ بکەن، من ئیحترامم بۆ هەرهەمووو هەیە، ناڵێم کەس هیلاك نەبووە، کەس هەوڵی نەداوە، بەڵام مشکیلەیەکیش هەیە، مادام کێشەکە هەیە پێویستە هەموومان وەکو تیمێك کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیارێکمان بۆ پەرلەمانی بەڕێز هەیە، ئەگەر ئەم بەڕێزانە موافەقەت لەسەری بکەن، لیژنەیەکی تایبەت پێك بێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان و خوێندکارانی کە لە زانکۆو پەیمانگاکان کە وەرنەگیراون کێشەی وەرگرتنیان هەیە، چۆن وەکو خۆیان دیراسەتی بکەین لە خیلال هەفتەیەك نەك کراوەبێت، نابێت دەرباز بێت، شوێنیان بۆ بدۆزینەوە، ئێمە فەرقە لەگەڵ بەغدا کەمی وەرگرتووە، بەغدا حەربی تیایە، شەڕی تیایە. ئیحتیمالە زۆر کەس نەچێت ئیمتیحان بدات، نەڕواتە مەکتەبیش، لەخوای بەزیاد بێت ئەمڕۆ کوردستان ئارامە، لە ڕێژەی قوتابیەکان دیارە، لەبەر ئەوە واجیبی ئێمەشە وەك دەسەڵاتی ناو ئەو هەرێمە هەر هەموومان پێکەوە بەرنامەیەك دابنێین چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیار دەکەین لیژنە پەیوەندارەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دوو نەفەریان سەرۆك و جێگرەکەی، یان کەسێکی تر خۆیان پێشنیاری دەکەن دوانیان، لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری، لەگەڵ لیژنەی دارایی، لیژنەی ماڤی مرۆڤ، ئەمانە ببنە لیژنەیەك لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەکان بە سەرپەرشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دابنیشین لە خیلالی ئەم هەفتەیە چی بکەین؟ بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە ئاسان بکەینەوە، چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، لەو هەفتەی لە جەلسەی رابردوو تا ئێستا ئێمە لە زۆر زانکۆیەکان و پەیمانگایەکان پەیامی خێرمان پێ گەیشت، کە دەتوانن قسمێکی تری ئیستیعاب بکەن، بۆیە لەگەڵ ئەم دوو وەزیرە بەڕێزەش کە مەسئوولی موباشیرن لەناو ئیشەکە لەگەڵیان دادەنیشین، لەگەڵ وەزیری پلاندانان و وەزیرەکانی تریش کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵیان کار دەکەین، بۆیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوا لە لیژنەکانی پەرلەمان دەکەین، کە هەر لیژنەیەك دانیشتنی خۆی تایبەت بکات بەیانی تایبەت بۆ ئەم مەوزوعە، پێشنیارەکانیان بخەنە بەردەستی بەرپرسی یەکەمیان رۆژی چوار شەممە سەعات دە سەرۆك لیژنەکان لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵتان دادەنیشن، پاشان بەرنامە دادەنێین لەگەڵ ئەو وەزیرە بەڕێزانە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، لێرە هەندێك پێشنیار هاتووە لە چەمچەماڵەوە دەڵێن ئێمە تەعهودمان داوە، دەبێت دابمەزرێین، ئەگەر دانەمەزراین ئینجا دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵ، ئەگەر دانەمەزرێین دەبێت پارە بدەین، ئەمە ئەو نوقتەیەو ئەو خاڵانەی کە قوتابیان دوێنێ هێنایانەو ئەمڕۆ هێنایانە لای لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان، کە مەسەلەی عبورەو گۆڕینی حاڵەت و هەژمار کردنی ئەمساڵ بە ساڵی نەکەوتن، ئەمەش لەو لیژنەیە دیراسەت بکەن، تکایە لەوێنە دیراسەتی بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگە چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، بە مەرجێك کە تەئسیر لە ئاستی زانستی نەکاتن، هەروەها قوتابیەکانیش وەزعیان تێك نەچێتن، دانیشتوانی قەڵادزێ دەڵێن ئێمە پێویستیمان بە (١٨٧) مامۆستا هەیە، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێویستە لە لای خۆتان بینووسن، مولاحەزاتی تریش هەیە پێتان دەدەین لەو لیژنەیە، من

قەناعەتم هەیە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەموو بە مەسئوولیانەو بە دڵسۆزی دەیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکرێتن، ئینجا ئەو وردەکارییە تکایە، چونکە ئێستا قەناعەتێکی موتڵەقمان هەیە لێرە دە سەعات دابنیشین کێشەکە چارەسەر ناکرێت، ئەو کێشانەو وردەکارییانە لەناو لیژنەکە، بۆیە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان لەم هەفتەیە لە دانیشتنی بەردەوام بن بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، چونکە بەڕاستی کێشەیەکی گرنگە، ئەو قوتابیانەش کەس و کاری ئێمەن، بەنیسبەت خوارەوە، ئێمە کەس بە زۆر نانێرین، کەس بەزۆر نانێرینە خوارەوە، چونکە بەڕاستی زروف موسڵ و شوێنەکانی تر ئارام نین، ئەوەی خۆی خۆبەخش ویستی بڕوات، ئەوە مانعمان نییە، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی بەوە کرد کە شاری ڕانیە خۆیان گوتوویانە پێویستمان بە کۆلێژ نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تکایە دانیشە، نازناز خان کەرم بکە، تکایە نوقتەی نیزامی بێت، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێتن مەجال نادەم قسە بکەن، چونکە لەسەر قسەی ئەم مامۆستایانە قسە ناکەین، ئێمە جەلسەیەکی تر دەکەین، ئەگەر لیژنەکەتان ئەو لیژنەیەی پێکهاتووە گەیشتە چارەسەر لەناو ئەم هەفتەیە باشە، ئەگەرنا ڕۆژی دوو شەممەی داهاتوو جەلسەیەکی تری وا دەکەین پەرلەمانی کوردستان خۆی قەراری خۆی دەدات، چونکە ئێمە خۆمان بە خاوەنی ئەم هەرێمە دەزانین و بەشێکین لەم هەرێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتە نیزامی من هەر ئەوە بوو بۆ ڕوون کردنەوە، ئینجا جەنابی دکتۆر ئیدریس وەزیری خوێندنی باڵا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ڕوون کردنەوە نابێت، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، لەناو لیژنەکە دەتوانیت ڕوون کردنەوە بکەیت و لە جەلسەی داهاتوو، چونکە بەڕاستی ئەگەر ڕێگا بدەم بە جەنابت، دەبێت ڕێگا بە هەمووان بدەم، ئەمەش نابێت، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان و موفەق بن.

| | |
|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق بەوەکالەت** | **کوردستان – عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٨)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨\١١\٢٤**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٨)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٤

كاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بە وەكالەت, دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی دووەم, ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٤دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی بەركاربەر و یاسای كێبڕكێی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، بەنووسراوی ژمارە(١١٩٢٠) لە ٢٠٠٨/١١/٥.

٢- باس كردنی كێشەی دەرچووانی قوتابیان و خوێندكارانی كۆلێژە پزیشكەكانی زانكۆكانی هەرێم، بۆ چارەسەركردنی كێشەكە و بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

١- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی بەركاربەر و یاسای كێبڕكێی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، بەنووسراوی ژمارە(١١٩٢٠) لە ٢٠٠٨/١١/٥.

٢- باس كردنی كێشەی دەرچووانی قوتابیان و خوێندكارانی كۆلێژە پزیشكەكانی زانكۆكانی هەرێم، بۆ چارەسەركردنی كێشەكە و بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی لە هەرێمی كوردستان.

سەرەتا بەخێر هاتنی كاك د.زریان وەزیری تەندروستی و، كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاوم، هەروەها بەخێر هاتنی میوانەكان دەكەین لەگەڵمانن، برادەرانی ڕاگەیاندنیش لێرە، خوشك و برایانی ڕاگەیاندن، خوشك و برایانی قوتابیان و خوێندكاران دەكەین، كە لێرە لەگەڵمان ئامادەن، زۆر بەخێر بێن سەرچاوم، سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بە هەوڵی بەردەوامی ئەو چەند ڕۆژەی دوایی دەكەم كە بۆ چارەسەر كردنی كێشەی خوێندكاران و قوتابیان وەرگیراو لە زانكۆكانی كوردستان بكەم، لەو چەند ڕۆژەی ڕابووردودا چەند كۆبوونەوەیەكمان كرد، كوبونەوەیەك لەگەڵ لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ئەنجامی دابوو، لەگەڵ سەرۆكەكانی زانكۆكان و پەیمانگاكان، سەرۆكایەتی ئێمەش

ئامادە بووین لەگەڵیان، زۆر بە تەفصیلێ چووینە ناو مەوزوعەکان، چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئەو کێشەیە، دواتر دوێنێش لەگەڵ وەزیرانی پەیوەندیدار، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری پەروەردە، وەزیری پلان دانان، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەیەکی ترمان سازدا، لە ئەوەی کە دەتوانم بڵێم سوپاسی هەموو وەزیرەکان دەکەین، سوپاسی سەرۆکی زانکۆکان و سەرۆکی پەیمانگاکان دەکەین کە هاوکار بوون لەگەڵمان بۆ ئەوەی چارەی ئەو کێشەیە بە شێوەیەك بکرێت، ئەو خوشك و برایانەو ئەو کچ و کوڕانەی کە دەرچووی ئەم ساڵن، بێ بەش نەبن لە خوێندن، ئەوەندەی بکرێت هاوکاریان بین، ڕێگایەکمان دۆزیتەوە، هەر ئێستا وەزیری خوێندنی باڵا تەلەفۆنی بۆ کردم، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کۆبوونەوانە دانیشتوون بە دوای ئەوە دەگەڕێن ژمارەیەکی باش وەربگرن لەوانەی کە ناویان دەرنەچووە، چ بە کردنەوەی کۆلێژی ئێواران و چ لە پەیمانگاکان، ئیستیمارەیان حازر کردووە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ بەردەوام بن و ئیستیمارەکان تەوزیع دەکرێ، ئەوەندەی بۆیان بکرێ لەو شوێنانە وەردەگیرێن، دیارە ژمارەیەك لە زانکۆکانی ئەهلی وەردەگیرێن، ئەوەش ڕێگایەکی ترە کە ژمارەیەك لەوان وەردەگرن، دیسان وەزیری خوێندنی باڵا لەو چەند ڕۆژەی داهاتوودا سەردانی بەغدا دەکات، بۆ ئەوەی ئەو خوشك و برایانەی کە ئامادەن بچن لە زانکۆکانی تری عێراقدا بخوێنن، لەوێش ڕێژەیەك وەربگیرێن ئەو خوێندکارانە، ئومێد دەکەین کە بەوە بتوانین زۆرینەی ئەوانەی ناویان دەرنەچووە جێگایان ببێتەوە، چونکە ئاسانکردنی بوار بۆ تەواو کردنی خوێندن حەقێکە هەموو لایەکمان دەبێ بیرەخسێنین بۆ ئەو کچ و کوڕانەو ئەو خوێندکارو قوتابیانە کە ئەم ساڵ تەواویان کردووە، هەموو ساڵێکیش، بەڵام تەبعەن بەرنامەیەکی تریش حکومەت لەبەر دەمێتی و ئێمە پشتگیری لێ دەکەین بۆ شتێکی ستراتیجی کە ئیهتیمام بدرێت بە جەوانبی پیشەیی و پەیمانگاکان بە قوەت بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە هەر ئەوەندە نەبێ کە تەنها کۆلێژ تەواو دەکات، بەڵکو بتوانێت لەناو کۆمەڵگادا جێگایەکی هەبێت و کار بکات و سوودمەند بێت بۆ خۆی و کۆمەڵگایەکەی، ئومێد دەکەم کە ئەمڕۆش کە لێرە دانیشتووین بۆ بواری تر کە دێینە سەری لەوەشدا بگەینە نەتیجەیەك کە سوودی هەبێت، هەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و هەم بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا، ئەو بەرنامەیە کە لە لایەن حکومەتی هەرێم داندراوە بۆ پێداچوونەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ گۆرانکاری بەرەو پێشکەوتن بەبێ ئەوەی خەڵکێکی تر تێدا زەرەرمەند بێت، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کارمان: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی بەرکاربەر و یاسای کێبڕکێ کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، بەنووسراوی ژمارە(١١٩٢٠) لە ٢٠٠٨/١١/٥، دیارە هەمووتان دەزانن پێشتر خوێندنەوەی یەکەمی بوو ، بەڵێ نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پرسیارێك دروست بووە بۆ ئەندامانی لیژنەکەمان، ئێمە لە ١١/٦ داوامان کرد بە کیتابی ڕەسمی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر کێشەی دە هەزار وەرنەگیراوەکە و داوامان کرد ئەو پێنج وەزیرە بەڕێزە بێن

و لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەمان کۆ ببنەوە وەکو پەیڕەوی ناوەخۆ کە باس دەکات هەر لێژنەیەکی موختەص لەگەڵ وەزیران دەتوانێ دابنیشێ و کۆببێتەوە، پاش ماندووبوونێکی ١٨ ڕۆژی ئێمە بە بەردەوام ڕۆژانە رەنگە سەدان تەلەبەمان دیتبێ و بە دوای کێشەکانیان دا چووین و هەموو ئەو نوقاتانەی کە لە ڕاپۆرتی ئێمەدا هاتبوو، ئەوە بووە ئەساسی کۆبوونەوەکان، تا دوێنێشی لەگەڵدا بوو، ئێستا پرسیارێك بۆ ئەندامانی لێژنەی ئێمە لە ئارادایە، ئایا قانونیە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە جیاتی لێژنەی موختەص لەگەڵ پێنج وەزیری بەڕێز کۆ بوویتەوە؟، ئەوە یەك، دووەم: داوا دەکەین و لەسەر ئەو داوایەی خۆمان سوورین، ئێمە وەکو لێژنەی پەروەردە لەگەڵ ئەو پێنج وەزیرە کۆببینەوە، ئەوە داواکاری ئێمەیە، داوای وەڵام دەکەین لە ئێوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا ئەگەر باش گوێت لە قسەکانم ببایە، ئەو سوئالەت نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامت دەدەمەوە، من وتم لێژنەی پەروەردە وەکو شتێکی حەقی خۆیان داوایان کردبوو سەرۆکی زانکۆکان و پەیمانگاکان لێرە ئامادە بن و حازر بن، ئێمەش بۆ هاوکاری لێژنەکان و بۆ بەهێز کردنی ئەو گفتوگۆیە، هەرسێکمان لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بووین، بە تەفصیلی گوێمان لە رەئیەکان بوو، حەتا من لەوێندەر وتم دەبوایە بانگی وەزیرەکانیش بکەن، بەڵام خۆتان بانگتان نەکردبوو، دوایش هەر لەو کۆبوونەوەیە کە تەواو بوو، لەو کۆبوونەوەیدا قەرارمان دا و خۆشت لەوێ دانیشتبووی کە بۆ ڕۆژی دواتر سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو وەزیرانە کۆ ببێتەوە، خولاصەی ئەو کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژە بە وردی بە وەزیرەکان بڵێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك، هەدەفیش ئەوەیە ڕێگا چارەیەك بدۆزینەوە، ئەوەی عەرزیشم کردن ئەوە ئەنجامی ئەوانەی دوێنێ بوون، جا فەرموو جوابت چیە؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم، جەنابت لێرە نەبووی ئەو کاتی لەبەر ئەوەی لە بەغدا بووی، بەڵام ئەوە دەقی کیتابەکەیە، حەز دەکەم بیخوێنمەوە، کە دەڵێین: بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، لە پاش گەڕانەوەی ناوی خوێندکاران و قوتابیان لە ناوەندی وەرگرتن و لە ئەنجامی نارەزاییەکی زۆری قوتابیان کە نزیکەی دە هەزار قوتابی ناویان لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی کوردستان نەگەڕاوەتەوە، بۆتە هۆی خۆپێشاندانی قوتابیان و دەربڕینی نارەزایی، داوا دەکەین کە ئەو وەزیرانەی خوارەوە بانگهێشت بکرێن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی دانشتنێك لەگەڵ لێژنەکەمان ئەنجام بدەن، بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانی پەروەردەو خوێندن:

١-وەزیری دارایی.

٢- وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی.

٣- وەزیری پەروەردە.

٤- وەزیری خوێندنی باڵا.

٥- وەزیری پلان دانان.

بە ئیمزای سەرۆكایەتی لیژنە، ئێمە قەت داوای سەرۆكایەتی زانكۆمان نەكردبوو، بەڵام ئەوەی دوای ئەوە كە نەكرا، ئێوە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران كۆبوونەوە بڕیار درا دوو وەزیر هات، ئەو دوو وەزیرە دوو حەفتە لەسەر یەك هاتن، لێرە مەشاكیلەكانی خۆیان بە وزوحی باس كرد، لە دواییدا لە ئەنجامی ئەو كۆبوونەوەیە بوو كە كۆبوونەوەی سەرۆك زانكۆكانی هاتە پێش كە گوتمان، چونكە دەمانویست تاك لایانە بڵێین كە بڕیار دەدا پەرلەمان لە ئیستیعابی زیاتری تەلەبە، نەخێر ناكرێ دەبێ رەئی سەرۆك زانكۆكانیش وەربگێرێ، بەڵام تا ئەو رۆژەش كاك عەونیش لەوێبوو و كاك د.كمالیش لەوێ بوو، بڕیار بوو سەرۆكایەتی لیژنە، دوایی د.كمال لێژنەیەكی هاوبەشی پێكهێنا لە چوار لێژنە كە تەبعەن ئەوە پێویستی نەدەكرد، چونكە ئەوە ئیشی لێژنەی موختەصە، لەگەڵ ئەوەش ئەندامانی ئەو لیژنانەش ئەو رۆژی بەشدار بوون، تا دوێنێ سەعات دە ئێمە لەگەڵ كاك عەونی و لەگەڵ دكتۆر لە پەیوەندی دابووین، بڕیار وابوو بەلای كەمی سەرۆكی لێژنەی پەروەردە لەو كەوبوونەوەیە بەشدار بێ، بەڵام لە دواییدا ئێمە ئێستا هیچ گلەییەكمان نەبوو، حەز دەكەین هۆكارەكەی بزانین ئایا بۆ بەشدار نەبووین؟ ئێوە واتان بە مەصڵەحەت زانیوە یان وەزیرانی بەڕێز ئامادە نەبووینە كە پەرلەمانتاری تر لەو كۆبوونەوەیە دابنیشن، چونكە بەراستی ئەوە دەبێتە هەڵوێست لە لای ئێمە، ئەگەر وا بێ ماندوو بوونی ئێمە بە بەردەوامی ئاوای لێ بێ و ئێمەش سیستەماتی ئیش نەكەین، یاخود ئەو مەركەزیەتەی كە دائیمەن ئێمە گلەیی دەكەین لە بەغدا دەڵێین: بە عەقلێكی مەركەزی دەڕوا بەڕێوە، ئێمەش لەناو دامودەزگاكانی خۆمان وا بەڕێوە بچێ، ئیتر مادام بۆ گلەیی لە خەڵكی تر بكەین كە وا لەگەڵ ئێمە دەجوولێتەوە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موساعەدە بكەن با جوابی بدەمەوە، ئەوەلەن هەدەف پەرلەمان و لێژنەكان چیە؟، چارەسەركردنی كێشەكانە، لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەو مەسەلەیەدا زۆر ماندوو بووینە و دەستیان خۆش بێت و جێگای تەقدیریشن، ئێمە هەڵسەنگاندنمان لەسەر ئەو لێژنەیە زۆر بەرز نرخاندووە، بەڵام ئەو دوو كۆبوونەوەی كە داواتان كرد بوو ئەنجام دراوە، بەڵام هەر هەموو وەزیرەكان نەهاتبوون، وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پەروەردە هاتبوون، من لەگەڵ ئەوەم رەنگە ئەگەر وەزیرەكانی تریش هاتبوون ئەوە باشتر دەبوو، بەڵام ئەو دوو وەزیرە كە راستەوخۆ پەیوەندیان بە مەسەلەكە هەیە، وەڵامی خۆیان دایەوە، پێویستی دەكرد لە هەندێ مەسائیل كە پەیوەندی بەو كێشەیە هەیە رەئی وەزارەتی دارایی وەربگرین، رەئی وەزارەتی كۆمەڵایەتی وەربگرین، ئەو چی دەتوانی بكات، پلان دانان ئاگادارمان بكات، بەڵام پاش ئەوەی كە كۆبوونەوە كرا لەگەڵ سەرۆكی زانكۆكان و پەیمانگاكان، ئێمە بە باشمان زانی وەزیرەكان ئامادەن بە هەر شێوەیەك بتانەوێت لە لێژنەكانداو كەسیان نەیانوتووە نایەین و، هاتوونەو هەموو ئەو پرۆژانەی كە پێویستی كردووە هیچ وەزیرێك نەیگوتووە نایەم، بەڵام ئێمە لە سەرۆكایەتی وامان بە باش زانی كە نەتیجەی ئەو هەموو كۆبوونەوانە كە كۆبوونەوەی پەرلەمان و چەندین كۆبوونەوەی لێژنەكان، نەتیجەكە

ئەوەیە کە بگەینە نەتیجەیەك، یەعنی دەبێ بگەینە رەدێك و وەڵامێك بۆ ئەو قوتابیانە، بگەینە نەتیجە، هەر کۆبوونەوەیەك فراوان بێ ئەوە وەخت بە زایع دەچێ، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی هەموو ئەو رەئیانەی کە لیژنەی پەروەردە لە نەتیجەی رەئی سەرۆکی زانکۆکان و پەیمانگاکان و قبولی مەرکەزیش وامان بە باش زانی کۆبوونەوەیەکی بچووك بکەین لە سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو وەزیرانە، خولاسەی ئەو بیرو رایانەو ئەو پێشنیارانە بخەینە بەردەم ئەوان و زۆر سوودمەند بوو، ئێمە نوێنەری لیژنەکانیش بووین دوێنێ لەوێندەر، بەڵام پێمان وابوو ئەگەر لیژنەیەك بێت و پێنج وەزیر بێت، ئەبێ پێنج لیژنە بانگ بکەین، یەعنی دەبێتە کۆبوونەوەیەکی فراوان و ناگەینە نەتیجە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ئێمە وەکو پەرلەمان، هاوکاری حکومەت دەبین بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و تەواوکەری یەکترین، بەڵام من لە رووی قانونیەوە دوو مولاحەزەم هەیە بەراستی، یەکەم: بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لوجانی پەیوەندیداری پەرلەمان داوایان کرد پێنج وەزیری بەڕێز بێنە ئەو پەرلەمانە، لەو پێنج وەزیرە دوو وەزیر هات، جەلسەی یەکەم هەر ئەو دوو وەزیرە بوو، گفتوگۆیەکی زۆر کرا و نەگەیشتینە نەتیجە، جەلسەی دووەم هەر ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە هاتن، ئەوانەی تر نەهاتن و نەگەیشتینە نەتیجە، لە جەلسەی دووەم بریارێك دەرچوو لەو پەرلەمانە و دەڵێ: لیژنەیەکی هاوبەش تەشکیل دەکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان قسە بکەن، بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو مەسەلە بدۆزنەوە، یەکەم خەرق کە کرایە، تەهمیشی ئەو لیژنە هاوبەشە کرایەو بە ئینفیرادی ئەو کۆبوونەوەیە کراوە، دووەم خەرق کە کرایە، وەزیرە بەڕێزەکان ئەو سێیەی کە ئامادە بوون دوێنێ لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی، ئیمکان هەبوو هەر ئەمرۆ ئەو پێنجەیان لێرە ئامادە ببانەو وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان و لوجانی پەیوەندیداریان بداباوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

- کاك د.کمال بەو ئیعتیبارەی کە سەرۆکایەتی ئەو کۆبوونەوەی کردبوو، جوابت دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکان هیچ تەهمیش نەکراوە، ئیحتیرامم بۆ ئەو بەڕێزە هەیە کە وای گوت، ئێمە ئەو لیژنانەی کە پێکهێنرا لەناو پەرلەمان و بریاریش ئەوەبوو بە سەرپەرشتی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێ، ئێمە دانیشتنێکمان کرد و داوامان لە هەموویان کرد و من شەخصی خۆم یەك یەك لە بەرپرسەکانی پەیوەندیم پێوەیان کرد و دانیشتنێکمان کرد و ئیعلانمان نەکرد لەگەڵ ئەو لیژنە موشتەرەکانە، دانیشتنی دووەم سەرۆکی زانکۆ و مەعهەد و قبولی مەرکەزیمان بانگ کرد و لەگەڵیان بە تەفسیل دانیشتین و دوایش لەناو ئەو دانیشتنەی وابوو کە لیژنەیەکی بچووکتر بکرێ و لەگەڵ وەزیرەکان دابنیشین و هەدەف چارەسەری

کێشەکە بوو، کێشەی ئەو قوتابیانەی کە وەرنەگیراون و ئێمە وەکو موحامیەکی ئەو قوتابیانە لە دوایین و، ئێستاش لە دوایین تا ئەو ڕۆژەی وەردەگیرێن ، ئەمە ئەوە ناگەینێ ئێستاش هەنگاوێکی باش نەنراوە، ئەبوو لێژنەی پەروەردە سوپاسی بکردبایە کە دانیشتنی دوێنێ ئیعلان کراوە کە ئەوەندە قوتابی تر وەردەگیرێن، مەعنای ئەوە نیە و دوایی لەگەڵ سەرۆکی لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پاش من هەم پێش دانیشتنەکە و بە تەلەفۆنی، خۆی لامان بوو، لەگەڵ کاك ئەسعەدیش لەوێ بوو، دوایی دانیشتنەکەش بە تەلەفۆن بە تەفصیلێ لەگەڵیمان باس کرد، نەتیجەیەکی زۆر ئیجابیشی هەبوو و هەدەف هەموومان لەم پەرلەمانە، لەم هەرێمە ئەوەیە ئەو موشکیلەیە چارەسەر بکەین، من ئەوەی بە تەجاوزێکی نازانین لە حەقی کەس، ئەوە بە تەجاوز ئەزانین کە قوتابیەکانمان بەبێ خوێندن لە دەرەوە بمێننەوە، ئەبێ حەلێکیان بۆ بدۆزینەوە بەهەر شێوەیەك بێت و بەردەوام بین لەوەی کە جێگایان بۆ بکەینەوە لەناو ئەم هەرێمەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئێمە بەردەوامین لەو جوهودە، ئەگەر پێشتان وایە وەزیرەکانی ترو هەر وەزیرێك بانگ بکەن لە لیژنەکان ئەوە هیچ مانیع نییە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نە هاتنی وەزیرەکان، یان بانگ نەکردنیان بەڕاستی جێی پرسیارە و نەکرێت دواتر وەڵام بدرێتەوە، دڵنیاتان دەکەمەوە لای هەموومان پرسیارە، ئایا ئەوان نایەن یان بانگ نەکراون؟ ئەوە یەك، دوو: بە بڕیاری پەرلەمان نەلێرە، کەجەنابت لێرە نەبووی حەفتەی رابووردوو ئەو لێژنەیەی نازناز خان باسی کرد و کاك شێروانیش تەئکیدی لەسەر کردەوە، پێك هات، ئەو لێژنەیە بۆ چارەسەرکردنی، بۆ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکاران بوو، جەنابی سەرۆك ئێمە دوو کۆبوونەوەمان کرد، هەندێ رێ و شوێنمان دانا، من بەش بە حاڵی خۆم لە لێژنەکەی خۆماندا لەگەڵ کاك جەمال قاسم زۆر پێشنیارمان هەبووە، زۆر رێ و شوێنمان هەبووە، دەبوایە دوێنێ لەگەڵ وەزیرەکان بیخەینە بەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دوایی ئێمە بووینە ئەندام لەو لێژنەیە هاوبەشە، پرسیارمان کردیە و بە دوایدا چووینە و پێشنیارمان هەیە و رێگا چارەمان دۆزیتەوە، بەڵام دوێنی لەو کۆبوونەوەی کە دەبوایە بەشداری بکەین، چ ئێمە و چ لێژنەی پەروەردە و چ لێژنەی ماڤ مرۆڤ بانگ نەکران، بەراستی منیش تەئکید دەکەمەوە خەرقێکی زۆر زۆر وازیحی ئەو بڕیارەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرکرا و پشتگوێ خستنی ئەو لێژنە تایبتمەندییە کە زۆر هەوڵی دا و زۆر دڵسۆزانە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەی خوێندکاری دەدەن، هەر ئەو پێشنیارانەی لێژنەی پەروەردە و لێژنە هاوبەشەکەشە کە ئێستا بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان نەك هیچی تر، لای ئێمە ئەوەش پرسیارە و ئومێد دەکەین لانی کەم جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو پێیەی کە جەنابت ئامادەی ئەو دانیشتنە نەبووی، ئەصڵەن هەر خۆی دروست کردنی ئەو لێژنەیە نایاسایی بوو لەبەر ئەوەی دەنگمان لەسەر نەدا، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان، بریارێك درا لە لایەن سەرۆکایەتیەوە کە لێژنەیەکی هاوبەش دروست بکرێت بەبێ دەنگدان و بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، خاڵی دووەممان ئەوەبوو : بەڕێز د.کمال ئەڵێ ئەبێ سوپاسی ئێمە بکەن کە گەیشتینە ئەوە، من پێم وایە ئەو شتانەی کە ئێوە جەنابتان یەکەم ڕۆژ باستان کرد زۆر زۆر لەوە لەو بریارانەی کە ئەم ئەخیرە زۆر لەوە زیاتری تێدا بوو، چونکە باسی ئەوە ئەکرا هەندێ منداڵی شەهید هەیە ئەگەر چ لە لایەن حکومەتەوە پارەی ئەهلی بۆ بدرێ یاخود فۆرمێکی تایبەت وەربگرن، ئەوە زۆر زۆر پێشنیاری زیاتری تێدا بوو، خاڵی چوارەمیشم ئەوەیە: ئایا پەرلەمانی کوردستان ئیتر لەمەودوا هەموو حکومەت هەر چی بریارێك دەربکات یاخود سیاسەتی خۆی کە دەردەکات و بریاری پێ دەردەکات، ئێمە دابنیشین و خۆمان بکەین بە موحامی لایەنێك و لە دژی لایەنێك، ئەوەیە؟یەعنی بەو نەوعەیە کارکردنی ئێمە؟ نەخێر ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە سیستەم هەبێ لە هەموو شتێکدا، ئەگەر یەکەم هەنگاوی سیستەم داڕشتنمان بەو نەوعە بڕوات، من گومانم هەیە لەوێ بتوانین قەت سیستەمی دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من بەراستی جوابی هەردووکتان دەدەمەوە کاك ئاریز و سۆزان خان، ئەوەڵەن: ئێمە وەزیرەکانمان بانگ نەکردووە، ئەگەر غەڵەتیش بێت ئەوە ئێمە تەحەمولی دەکەین مەسئولیاتەکەی، سەرۆکایەتی، پێمان وابوو مەسئولیەتەکە خوێندنی باڵا و پەروەردەیە، ئەگەر چی دوایی دەرکەوت پەیوەندی بە وەزارەتی کۆمەڵایەتیشەوە هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی داراییشەوە هەیە، بە پلان دانانیشەوە هەیە، بە دەلیلی ئەوەی کە دوێنێ ئەو سێ وەزیرە کە هاوکار بوون بە گەیشتن بە نەتیجە، ئەوە یەك، دوو: ئەوەی سۆزان خان دەڵێت، من کە لێرە نەبوویمە و خۆی ئاماژەی پێکرد بە حەقیقەت، بەڵام کە لێژنەیەك داندرا لێرە، شەرت نیە ئیلا بخرێتە دەنگدان، سەرۆکایەتی دایناوە و کەس ئیعتیرازی نەکرد وتی یەعنی ڕۆیشتووە، د.کەمال دەڵێ چەپڵەشیان بۆ لێداوە، ئەوە یەك، دوو: ئەو قسەیەت زۆر ڕاستە، ئەگەر گوێ بگرین، کە ئێمە ئیشمان ئەوە نیە ڕێگر بین بەرامبەر بە بەرنامجی حکومەت و قەراراتی حکومەت، حکومەت بەرنامجێکی هەیە و پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام هەندێ جار کە ئەو بریارانە و ئەو بەرنامەیەی حکومەتە دەبێتە هۆی ئەوەی وروژاندنی کێشەیەك لەناو کۆمەڵگادا و ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەگرێتەوە و دەچێتە ناو کۆمەڵگا، موشکیلە دەخولقێنێ، پەرلەمان واجیبێتی و پەرلەمان لە صولبی واجیباتی ئەوەیە لە دوای داواکاری خەڵك دابچێتەوە، دە هەزار خوێندکار و قوتابی ژمارەیەکی کەم نیە، یەعنی دە هەزار

عائیله، بۆیه ئەگەر نا بریارێکه له رووی عیلمیەوه، ئەسبابێکی خۆی هەیه و هۆکارێکی خۆی هەیه، بۆشی شەرح کردین، بەڵام ئێمه پێمان وایه دەبێ به بەرنامەیەکی دارێژراو بێت و دەبێ به مەراحیل بێت و دەبێ بۆ دۆزینەوەی رێگا بێت بۆ چارەسەری ئەو خەڵکه، بۆیه ئەگەر نا هەر کێشەیەك دروست بێت له هەر شوێنێکدا واجیبی پەرلەمان نیه بچێ وەڵڵا ئەو کێشەیه چیه؟، بەڵام ئەگەر کێشەکه بووه کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەموومان لێی مەسئولین و هەر یەکه به پێی لێپرسراوەیەتی و ئەو مەوقیعەی که هەیەتی، حکومەته؟ پەرلەمانه؟ دەسەڵاتەکانی تره؟ حزبەکانه؟ هەر یەکه به پێی مەوقیعی خۆی لێی مەسئوله، بەهەر حاڵ، دوا نوقتەم به نیسبەت سۆزان خان، ئەو قسانەی که له یەکەم جەلسەدا کردمان، پێشنیار بوو، پێشنیار شتێکه و ئەنجام شتێکی تره، ئەوه پێشنیار بوو، بەڵام له نەتیجەدا هەموو لایەك رێککەوتین و بریارمان دا ئەوانه بوو که باسم بۆ کردن و ئاماژەم پێکرد، مەسەلەی تریش هەیه هێشتاکه نەکەوتووته بریار، بۆیه نەمگوتووه و تیکرارم نەکردەوه، موفقەرەحاتی تریشمان هەیه خۆت ئاماژەت پێکردووه و ئەوانه، مەسەلەن وتمان ئیمکانیەی ئەوەی هەیه منداڵه شەهیدەکان، کچ و کوڕی شەهیدەکان که له کۆلێژی ئەهلی وەردەگیرێن عەفو بکرێن؟ پێویستی به دوو شته، پێشنیارەکه ماوه و باسیشمان کردووه، پێویستی بەوه هەیه که بزانین ژمارەیان چەنده؟ دووەمیش بزانین حکومەت چەند دەتوانێ هاوکار بێت؟ که ژمارەکه وەردەگیرێ دەبێ بزانین ئیمکانیەتی جێبەجێ کردنەکەی، دەبێ بزانین ژمارەیان چەنده، ئەگەر ژمارەیان کەم بێ ئاسانتره، ئەگەر ناوەندی بێت دەبێت بزانین ئیمکانیەتی مالیمان چەنده، بۆیه من ئاماژەم پێ نەکردەوه، ئاماژەم تەنیا بەو خاڵانه کرد که رێککەوتین لەسەری لەگەڵ وەزیرەکان له کۆبوونەوەکەی دوێنێدا، پێم وایه ئەو مەوزوعه به تێری باسمان کرد، بەڵێ فەرموو کاك بەکر.

**بەرێز بکر فتاح حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، به رەئی من ئەو رۆژەش باسم کرد، یەکێك له موشکیله گەورەکان ئەوەیه که هەندێ برایان و خوشکانی ئەندام پەرلەمان باسی ئەکەن، لێژنەکانی پەیوەندیدار بۆیان هەیه وەزیر بانگ بکەن، ئەوه له وەختی ئێمەش هین دەکات که ئەو وەزیره پەیوەندیداره بچێ لەبەردەمی لێژنەکه شەرحی مەوزوعه بکات، ئەوان ئیقتیراحات پێشنیار بکەن، رەنگه بۆ جەلسه عامەکانی پەرلەمانیش باشتر بێت، ئەتوانین وەختەکەی خۆمان زیاتر بەوه نەکوژین و ئەو خەڵکانەی که موختەص نینه بەو مەسەلەی هەڵدەستن قسەی لەسەر دەکەن، بۆیه پێم وایه ئەگەر ئەوه بکەین به پەیرەو و ئەو موشکیلانەی که دروست دەبێت، لێژنه پەیوەندیدارەکان وەزیرەکان بانگ بکات و وەزیرەکانیش بچنه بەردەمی ئەو لێژنانه له پێشتر و ئینجا دوایی بێنه ئێره، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئومێد دەکەم ئەوها بەدواداچوونمان بەردەوام دەبێت تا وەکو دەگەینه ئەنجامێکی باش، کێشەکەش چارەسەر دەکرێت، خاڵی یەکەم له بەرنامەی کاری ئەمرۆمان: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای

پاراستنی بەرکاربەر و یاسای کێبڕکێی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، دیارە پێشتر ئەو پرۆژەیە دوو پرۆژە هاتووە لەسەر ئەوە دوایی حکومەت پێداچوونەوەی کردووە لەسەر ئەوە و داوای لێ کردین کە رایبگیرێت و ئەوانە، ئەم پرۆژەیان کە ناردووە، پاش ئەوەی کە لە لایەن خۆیانەوە ناردوویانە و گۆڕانکاریەکی زۆری تێدا کراوە، بۆیە ئەو پرۆژەیە کە بریتیە لە ١١٤ مادده، یاسای کێبڕکێش ٤١ ماددەیە، ئاراستەی لوجانی پەیوەندیداری دەکەین، لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی و ئابووری و ج لێژنەیەکی تری پەیوەندیدار و هەموو ئەندامانی تر و لەگەڵ هەر لێژنەیەکی پەیوەندیدار بێت، ئاراستەی دەکەین بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و خۆیان ئامادە بکەن و راپۆرتی خۆتان ئامادە بکەن بۆ رۆژی دیاری کراو، دووەم خاڵ لە بەرنامەی کار: باس کردنی کێشەی دەرچووانی قوتابیان و خوێندکارانی کۆلێژە پزیشکەکانی زانکۆکانی هەرێمە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لێژنەی تەندروستی دەکەم و سەرۆکی لێژنەی تەندروستی و کێ لەگەڵیتی، هاوکارێتی بفەرمووێت بۆ خوێندنی راپۆرتی، هەروەها داوا لە وەزیری تەندروستی دەکەم لێرە دابنیشێ بۆ ئەوەی وەڵامی راپۆرتەکە و بیر و رای خۆی بۆ ئێوەی بەڕێز پێشکەش بکات، سەرەتا داوا لە د.فؤاد دەکەم راپۆرتی لێژنەی تەندروستی بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەت/راپۆرتی لێژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی

لێژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی گرێدا بۆ رۆژانی ١٣-١٦-١٧/١١/٢٠٠٨ لەگەڵ نوێنەرانی فێرخوازان و دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکانی زانکۆکانی هەرێم/هەولێر- سلێمانی - دهۆك، لە تەلاری پەرلەمان و نووسینگەی سلێمانی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر مانگرتنی فێرخوازان، لێژنەکەمان رۆژی ١١/١٧ کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنە، بۆ بەدواداچوونی کێشەی دامەزراندنی پزیشکان لە وەزارەتی تەندروستی بە شێوەی گرێبەست، لێژنەکەمان تێبینی کردووە کە دامەزراندنی فەرمانبەران لە هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا بە پێی یاسایەك بەڕێوە ئەچێ کە ئەویش یاسای خزمەت گوزاری شارستانیە، (قانون الخدمة المدنية) ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی راستکراوە، دامەزراندنی پزیشکی پلە بەند (التدرج الطبي) لە عێراقدا بە یاسایەك رێکخراوە کە پێی ئەوترێت (قانون التدرج الطبيّ) ژمارە ٩٩ی ساڵی ١٩٧٠، ئەمەش یاسایەکەیە، یاسای (قانون التدرج الطبي):

ئەم دوو یاسایە هیچ هەموارکردنێکیان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ نەکراوە، سەرەرای ئەوەی کە سیاسەتە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵیدا بە پێی برگەی ٥ی ماددەی ١١٤ لە دەستووری هەمیشەیی عێراق، کە ئەبێ ئەخشە کێشانی سیاسەتی تەندروستی گشتی بە هاوبەشی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیدا رێك بخرێت، لەسەر ئەم پێشینە یاساییانە دامەزراندنی پزیشکی تازە دەرچوو بە پێی شێوەی گرێبەست پاڵپشتێکی یاسایی نیە، هیچ سیستەم و بریار و رێنماییەك لەسەرووی یاساوە نیە، ماوەی

کارکردنی پزیشکی نیشتەجێی خولاو (فترە الاقامە الدوریە)، ماوەیەکە بۆ راهێنان هەر وەك یاسای ژمارە ٩٩ی ساڵی ١٩٧٠ لە برگەی دوو هاتووە:

الفقرة الثانية: يعين الطبيب سواء اكان تخرج من كلية طب عراقية او اجنبية معترف بها، مقيماً دورياً لمدة سنتين في المستشفيات التعليمية او الرئيسية في انحاء القطر، الذي تتوفر فيها الامكانيات الفنية للتدريب على مواضيع و فروع الطب المختلفة للتدريب، (مولاحەزە بکەن)، و يعقب ذلك الخدمة الالزامية، (یەعنی ئیختیاری تێدا نیە)، في الاقضية و النواحي لمدة سنة واحدة.

تەبیعی ئەم فەترەیە بەراستی لە عێراقیشدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لەلای ئێمەش هەندێ گۆڕانی بەسەرداهاتووە، دوایی دێینە سەری، لەم برگەیەدا دەردەکەوێ کە دامەزراندن مەرجە و بەشێوەی بریار یان ئەمر هاتووە نەك بە شێوەیەکی تر، ئەوە بۆ راهێنانە، کەواتە ئەرکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمە کە دەرچووانی ئەو کۆلێژانە دابمەزرێنێت بەبێ مەرج و گرێبەست، تا رابهێنرێت لەسەر نیشەکەی، ئەو پزیشکەی کە لەسەر نیشەکەی رانەهێنرێت ناتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵسێت بەبێ سەرپەرشتی پزیشکێکی لە خۆی شارەزاتر، ئێمە لەهەمان کاتدا تێدەگەین کە سیستەمی تەندروستی پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە، هەر بۆیە بریار وایە کۆنفرانسێك لەسەر ئەم بابەتە ببەسترێت لە هەولێر لە مانگی ٢ی ٢٠٠٩، بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی هەرێم و تیمی پزیشکانی پسپۆری فەرەنسی، ئەگەر بەشێك لە گۆڕانە پێشنیارکراوەکان لە دوارۆژدا وابوو کە دامەزراندن لە پیشە تەندروستیەکاندا بە گرێبەست بوو، ئەوە ئەو کاتە دەبێت پرۆژە یاسایەك ئامادە بکرێ و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ رێکخستنی بە یاسایەکی تایبەت، لەوکاتەدا ئەبێ دامەزراندن بۆ هەموو ساڵەکانی خزمەت کردن بە گرێبەست بێت نەك تەنها بۆ دوو ساڵ بێت، بۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیەی کە بوویتە هۆی پەککەوتنی خوێندن لە کۆلێژەکانی پزیشکی لە سەرتاپای هەرێمدا داوا ئەکەین ئەم گرێبەستە رابگیرێت، داواش لە خوێندکاران و قوتابیان دەکەین هەر لە ئێستاوە بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن بە گروتینێکی تازەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی بەفیرۆ درا، داوا لە پزیشکە دەرچووەکان ئەکەین کە پابەند بن بەو رێنماییانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەریدەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان، تەبیعی ئەوەش دەلیلی موقیمی دەوریە کە هەموو ئەو ئەرکانەی تێدایە کە دەبێ موقیمی دەوری دەبێ ئەو ئەرکانە چیە کە ئەبێ پێی هەڵسێ لە هەموو بەشەکاندا لە کاتی تەدریب کردنیان، داوا لە پزیشکە دەرچووانەکان دەکەین کە پابەند بن بەو رێنمایانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەری ئەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان و داوا لەوەزارەتی تەندروستی ئەکەین ئەو برگانەی کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە بە شێوەی رێنمایی پەخش بکات بۆ پابەندبوونی پزیشکان کە دڵنیاین ئەوان نموونەی تاکی دڵسۆزی وشیاری ئەو کۆمەڵگایەن، ئەندامانی لیژنەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە تەبعەن ئەو مەوزوعە لە لایەن سەندیکای پزیشکانی کوردستان/لقی هەولێریشەوە راپۆرتێکمان بۆ هاتووە، ئێمە دامانایە لێژنەی تەندروستی، هەروەها یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانیش بۆچوونی خۆیان بە راپۆرتێك بۆ هەرسێ سەرۆکایەتی ناردووە، ئەویش دیراسەت کراوە، ئێستا داوا لە جەنابی وەزیری تەندروستی کاك د.زریان دەکەم، رای خۆی و وەڵامی بۆ راپۆرتەکەی لێژنەی پزیشکی پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.زریان عثمان/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من هێوادار بووم کە ئەو راپۆرتەی بەڕێز لێژنەی تەندروستیم دیمبوایە پێشتر، بەڵام ئەوە یەکەم جارە تەنها لێرە گوێم لێ بێ بەداخەوە، حەز دەکەم ئەو واقیعە بزانن، بە پێی پەیڕەوی ئەم پەرلەمانە من حەقی وام هەیە هەر وەڵامی نەدەمەوە، بەڵام من خۆشحاڵم کە ئەمڕۆکە بانگ کراوم لێرە بۆ ئەوەی چەند روونکردنەوەیەك بدەم لەسەر ئەم پرۆژەیە کە وەزارەتی تەندروستی داویەتی بە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر داوە، حەز دەکەم تەئکید بکەمەوە لەسەر ئەوەی دوو خەتی لە بن بێ، ئەم بڕیارە بڕیاری دەسەڵاتی هەرە سەرەوەیە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی نیە، پرۆژەکە وەزارەتی تەندروستی داویێتی و ئێستاش باسی پرۆژەکەتان بۆ دەکەم بۆچی دراوە، بەڕێزان ئامانجەکانی وەزارەتی تەندروستی ئەوەیە گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی بە هەموو هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو ئامرازەی بە دەستمانەوەیە هەر لە وەزیری تەندروستیەوە بگرە هەتا بچووکترین کارمەندی وەزارەتی تەندروستی دەبێ لە خزمەت هاووڵاتی بێ، حەز دەکەم بە بیر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بێنمەوە کە وەزارەتی تەندروستی بە شێوەیەکی سەرەکی وەزارەتی نەخۆشە نەك وەزارەتی دکتۆر، ئێمە پابەندین کە پەیرەوی ئەو یاسایە دەکەین کە لێرە لە لایەن بەڕێزتانەوە پەسند کراوە، حەز دەکەم موراجەعەیەکی بکەن، ٢٣ خاڵی تێدا هاتووە، ٢٢ خاڵی تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر چی ئیمکانیات بەدەست ئەو وەزارەتەوە هەیە، هەر چی رێگایەکی بە دەستەوەیە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، خزمەت کردنی باشترین تەندروستی بۆ هەموو هاووڵاتیەك لەو پەڕی قەندیلەوە هەتا ناو شار بەکاربێنێت، خاڵی ٢٣ تەنها ئاخیر خاڵە باسی پزیشکە تازە دەرچووەکان دەکات، دەڵێ: پێویستە گەشە پێ بدرێن و پەرە پێ بدرێن بۆ ئەوەی زیاتر تەدریب بکرێن و هەلیان بۆ برەخسێ و بچنە دەرەوە بۆ زیاتر دەورات و ئێمەش بەڵزەبت ئەوەمان کردووە، ئێمە پێمان وایە ئەو پرۆژەیە تەنها گرێبەست نیە، زۆر جار بەس خاڵی گرێبەستەکەی لێ وەرگیراوە و شتەکانی تری تەرك کراوە، من دیفاع لە پرۆژەکە ئەکەم، چونکە وەزارەتی تەندروستی پێشکەشی کردووە، پرۆژەکە بریتیە لە چوار شت، یەکیان تەوەری گرێبەستە، لە هەموو دونیا گرێبەست پەیرەو دەکرێ، نەك هەر لە کوردستان، جا بۆ ئێمە نا ؟ بۆ ئێمە جیاین لە دونیا؟ زۆر کەس دەڵێ سیستەمێکی فاشیلە و زۆر کەس دەڵێ دیراسەی

بۆ نەکراوە، ئەگەر هەموو دونیا شتێکی کرد دیارە شتێکی زۆر خراپە، دوو سیستەمی کارکردنە لە شوێنی پێویست، سێ : بە نیسبەت خانەی پزیشکانە، رێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆمان، خاڵی چوار: هەڵسەنگاندنی بەردەوامی پزیشکە، بەڕێزان بروا بکەن من دوو ساڵ و نیوە لێرەم و گۆرانکاری لە سیستەمی تەندروستی نە بە جیهازی نوێ دەکرێ و نە بە بینای نوێ دەکرێ و نە بە بلۆك لەسەر دانان دەکرێ، بەداخەوە هەموومان لێپرسراوین لەوە، لە ساڵی ٩٠ەوە ئەوانەی لە ساڵی ٩٠ لە دایك بوون، ئێستا حەقی دەنگدانیان هەیە، تەنها ئیهتیمامیان بە بینا دروست کردن داوە و بە جیهاز کردن داوە، کەس ئیهتیمامی بە پەروەردەی ئینسان نەداوە، بە پەروەردەی دکتۆر نەداوە، لەبەر ئەوە من لە هەموو تاکەکی ئێوە دەپرسم بەراستی ئێوە لەناو خەڵکن و ئایندەی خەڵکن، کارمەندی تەندروستی دکتۆر چەند خۆشەویستە لەناو خەڵکن، ئایا ناگاتە ڕادەیەك هەتا بڵێین مەکروهیش بن لە ناو خەڵکی ؟ بۆچی ناوی پیرۆزی تەندروستی بەو شێوەیە سووك و زڕاو بێت؟ کەوا خەڵك لە هەموو شوێنێك ناڕازیمان لێ دەربڕێ؟ ئەم پرۆژە بۆ ئەوەیە کەوا متمانەی خەڵکی بە تەندروستی و بە دکتوران و بە وەزارەتی تەندروستی و بە کارمەندانی تەندروستی بگێڕێتەوە، بۆ پەرەپێدانی دکتۆر خۆیەتی بۆ ئەوەی ئەوەیەکی پرۆفیشناڵی میهەنی پابەند دروست بکات، زۆر لە برادەران پێم دەڵێین تۆ خۆت بۆ ماندوو دەکەی؟ بەراستی گەیشتووتە ڕێی نەگەڕانەوە و تازە هیچ چارەسەر ناکرێ، بەڵام من وا ڕەشبین نیم، من پێم وایە ئەو تاقاتانەمان تێدایە و دەتوانین خۆمان چاك بکەینەوە، خۆمان لە سەرەتاوە چاك بکەینەوە و لە بناغەوە چاك بکەینەوە، لە ئەولادەکانمانەوە چاك بکەینەوە، لەو منداڵە و کوڕ کچەکانمان کە ئەمڕۆ دەردەچن، پەروەردەیەکی چاکیان دەکەین بۆ پێنج ساڵی دیکە جیلێکی نوێی دکتۆری باشترمان بۆ دروست بێ لە ئەمڕۆ، حەز دەکەم هەندێ لەو باسانەتان بۆ بکەم کە بۆچی ئەو پرۆژەمان تەقدیم کردووە و چارەسەرەکانمان چی بوو بۆمان دۆزیتەوە، یەکەم: نەبوونی تەوسیفی وەزیفی، ئەوە شتەکە پێی دەڵێین تەوسیفی وەزیفی، یەعنی ( job description) بە ئینگلیزی، لە هەموو دونیا هەیە و بەکار دێت کە بۆ خەڵکی مانای ئەوەیە پێت دەڵێ: ئەرکەکانت چیە؟ کارەکانت چیە؟ من تۆم ئەوێ یەك، دوو ، سێ، ئەوەندە شتەم بۆ بکەی، مافەکانیشت ئەوەیە، یەك ، دوو، سێ، هەموو شتێکت پێ دەڵێم، بەداخەوە ئەو سیستەمەی پەیڕەو کراوە لە عێراق بە عام ئەوە بووە، لیستێك دەرچوون لە زانکۆ، لیستەکە بۆ وەزارەتی تەندروستی هاتووە و لە وەزارەتی تەندروستیەوە چوویتە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە، بەشەرێك پێی نەوتووە تۆ کارت چیە؟، دەچنە ناو ئەو نەخۆشخانانە و تازە دەرچووە لە کۆلێژ و مەعلوماتی کەمە و کەس پێی ناڵێ تۆ چ بکەی، سەر لێ شێواوە، نازانێ ئیشەکانی چیە، نازانی مەسئولیەتی چیە و مافەکانیشی نازانێ چیە، زۆر جار خۆتان دەزانن ئخیصائیەکان متەواجید نین، موقیمی فەقیر تازە چوویتە ناو نەخۆشخانەکە کاری ئیخیصائیم بۆ دەکات، مەسئولیەتی قەراردانی سەر ژیانی ئینسانێکی لە دەستە، هەندێ جار ئیشی مومەریزە دەکات و دەچێ حەرارە و نەبز دەگرێ، مومەریزەکەش هەندێ جار کاری دکتۆر دەکات، هەندێ جاریش کاری فەراش دەکات، بەهەمووی سیستەمەکە کەس تەوزیفی وەزیفی نیە،

کەس نازانێ ئەرکەکانی چیە، ئەم گرێبەستەی کە داندراوە بەلزەبت تەشخیصی ئەوەی کردووە بۆ دکتۆر، بۆ دکتۆری ددان، بۆ صەیدەلی، بۆ پەرستیاری زانکۆ، پێی دەڵێم کارەکانت ئەوەیە و واجیباتت ئەوەیە و مافەکانیشت ئەوەیە، چیی خەراپە من لە ئێوە دەپرسم؟، دوو: باری زانستی، بەڕێزان، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر زۆر ناوی پەرستیاران ناهێنم، چونکە زۆر جار عاجز دەبن، کە دەڵێم پزیشکان مەبەستم هەر هەموویانە و بە پەرەستیارانیش، ئاستی زانستی دەرچوون لە وڵاتی ئێمە بە گشتی بەرەو خوارە، هەمووتان لەگەڵمن، چونکە دەزانن وایە، کۆلێژی پزیشکیش بەدەر نیە لەوە، ئێمە بەو هیوایەین کە هاتە ناو تەندروستی، کە هاتە ناو نەخۆشخانەکان، بواری زانستی زیاتر بەرەو پێش بچێ، زیاتر خۆی پەرە پێبدات، ئامادەی کۆڕو کۆبوونەوەکان بێت، لەگەڵ ئیخیصائیەکەی برواتە سەر تور و ئیخیصائیەکەی دەرسی پێبدات و پێی بڵێتەوە و فێرە زانستێکی بکات بۆ ئەوەی دکتۆرێکی چاکتری لێ دەربچێ، بەڵام بە داخەوە ئەوانە زۆر بەدەگمەن دەبێنی لە وڵاتی ئێمە، بەغدا پرۆژەیەکیان هەیە و ئیقتیراحێکیان هەیە کە دکتۆری موقیم، دوای دوو ساڵ ئیمتیحان بدرێتەوە، پێش ئەوەی مۆڵەتی بدەنێ، کارێ بکات، لە زۆر شوێنی دونیا ئێستا هەموو پێنج ساڵ جارێك دکتۆر ئیمتیحان دەکرێتەوە، زانستی طبی موتەعەلیقە بە ژیانی ئینسان، شتێکی خەتەرە و ئەوە نیە تۆ فیتەری و سەیارەکەت لەدەست خەراپ بوو و سەقەت بوو، تۆ ئینسانێکت لەدەست دەمرێ، پێویستیت بە پەروەردەی بەردەوامە و بە خوێندنی بەردەوامە و بە فێرکردنی بەردەوامە، ئێمە دەزانین دکتۆر ئەگەر دوو ساڵ خۆی پەروەردە نەکات ئەبێ بە بەربەر، ڕێزم هەیە بەربەرەکانی جاران کاری پزیشکیان دەکرد، خۆی کاری پزیشکی و تەئریخی پزیشکی لە بەربەرشەوە هاتووە، بۆیە دەڵێین بەربەر کە دکتۆری بەربەر هەبوون و دوایی ئەوە بوونە دکتۆری ئێستا، حەزدەکەم باسی ئەوە بکەم بەڕێزان بڕوا بکەن کۆبوونەوەی وا هەبووە، خەڵکمان لە دەرێوە هێناوە و قاعەیەکی ئەوها دانیشتووە، هەموومان دەعەوەت کردوون، دوو دکتۆر نەهاتووە و ئامادەی کۆبوونەوەیەکە نەبووە و عارەقەی شەرمێمان ڕێشتووە لە داخا، وەختێك پێشی من وەزیرە بەڕێزەکان عوقوبەی خەڵکیان داوە، بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەیەکە بێت و بۆ ئەوەی گوێ بگرێت لە زانست، ڕێکخراوەکانی و ngo ەکان پارە ئەدەن بە خەڵك بۆ ئەوەی دابنیشن و گوێ لە کۆبوونەوە بگرن، ئایا پەرەپێدانی خۆمان پێویست بەوە ئەکات؟، من لە ئێوە ئەپرسم، چوارەم: نەبوونی هەڵسەنگاندن، دکتۆر لە رۆژی یەکەم دەرچوو لە زانکۆ ئیتر دکتۆرە هەتا دونیا ماوە، چاك بکات، خراپ بکات، خەڵك بکوژێت، ببڕێت، حەصانەی قانونی هەیە، ناتوانێ، ئێستا وا داوا دەکەن لە بەغدا یاسایەکی نوێیان داناوە و ئەڵێ دکتۆر نابێ داوای یاساش بیگرێتەوە، ئیلا بە موافەقەتی وەزارەتی تەندروستی، ئەم یاسایە هەبووە پێشتر و لێرە هەموار کراوە، بەڕاستی چۆن دەبێ دکتۆر هەڵسەنگاندنی نەبێ؟، دکتۆر دەبێ، ئەو سیستەمەی ئێمە بۆمان داناوە، دکتۆری موقیم هەموو سێ مانگ جارێك لەگەڵ مەجموعەیەك ئیخصائی دەڕوات، دامانناوە سێ ئیخیصائی و یەکێکیان ئیخیصائیەکان و رەئیسی قسمەکە و مودیری موستەشفایەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەو هەڵسەنگاندنە، چوار جار هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ لە ماوەی ساڵێك و دێتەوە وەزارەت و لە وەزارەت هەڵسانگاندنی کۆتایی

بۆ دەگرێ بۆ ئەوەی بزانێت ئەم دکتۆرە شایستەیە؟، خاڵەکانی هەڵسەنگاندن چیە؟، یەك: دەوام کردنی، حەز دەکەم بەڕێزان زۆربەی زۆری موقیمەکانی ئەمڕۆ لە مانگی ١٥ رۆژ دەوام ناکەن، تەعینی سابیتیشن و هیچمان پێ ناکرێ لەگەڵیان، ئەوە یەك و دووش نیە، دوو: دەبێ ئیهتیمام بدات بە بواری زانستی و دەبێ ئەو ئیخیصائیە بۆی ئیمزا بکات ئەم پیاوە ئامادەی کۆڕوکۆبوونەوەکان ئەبێ، دەچێت لە دوای (postmortem) ئامادە ئەبێ، کە یەکێك بمرێت پێی ئەڵێین دوای مردن کۆبوونەوەیەك هەیە ئامادە ئەبێ، (teamwork) هەیە، وەکو(team) کار دەکات، لەگەڵ ئیخصائیەکە کە ڕەت ئەبێ بەیانیان لە پێش ژوورەکەی، هەڵسێ بەگەری ئەکەوێ بزانێ چ تەوسیەکی هەیە بۆ ئەو نەخۆشە، بزانێ چی لێ فێر ئەبێ؟ چوار کەلیمەی لێ فێر ئەبێ؟، ئێستا پێتان ئەڵێم من باسی ئیخیصائی ناکەم باسی دکتۆرە گەنجەکان دەکەم، دەڵێ: من بەتەنیشت ژوورەکەی ڕەت ئەبم، لە ژووری خۆی دائەنیشێ و جگەرە ئەکێشێ و بەگەڵم ناکەوێ و نایەت، ئەوە قسەی ئیخیصائیەکان خۆیانە، من ناڵێم خەتای ئیخیصائیەکان نیە، خەتای ئیخیصائیەکانیشە خۆیان ماندوو ناکەن فێریان بکەن، وەکو پەلەیەتی سەعات ١٠ هەموویان ریزیان گرتووە، من کە دەڵێم هەموویان ڕێزم هەیە بۆ زۆریان، خزمەتێکی باش دەکەن، بەلام هەیانە ریزیان گرتووە لە نەخۆشخانە تایبەتیەکان بۆ ئەوەی عەمەلیات بکات، بەڕێزان ئەوە وەزعەکەیە و من دەیخەمە بەردەستی ئێوە گۆڕانکاری بۆ بکەین یان لێی گەڕێین بەرەو هەڵدێر بچێ؟، نەبوونی فلتەر، هیچ فلتەرێك نیە بۆ چاك وخراپ لێك جیا بکاتەوە لە وەزارەتی تەندروستی با پێتان بڵێم، بە ئێمە گرێبەست فلتەرێکی چاکە،ئەو خەڵکانەی کە باشن پێویست ناکات لە خۆیان بترسێن، ئەوەی چاوی لە خزمەت کردنی هاولاتیە، ئەوەی چاوی لە کارکردنە، چاوی لە خۆبەرەپێشبردنە، چاوی لە دەوام کردن مەزبووتە، دەبێت پێخۆشحاڵ بێت کە ئەو چەند کەسەی خراپەی کە چاویان لێ نیە و چاویان لە خۆدەوڵەمەند کردنە مەبەستیان کەشخەیی لێدانە، جیا بکرێنەوە و بەم گرێبەستە بتوانی جیایان بکەینەوە بەو شێوەی کە سومعە و ناو و ناوبانگی تەندروستیش بگەڕێتەوە و متمانەی هاوولاتی بۆ دکتۆریش دەگەڕێتەوە و ئەو دکتۆرە بەڕێزانەی کە بەراستی کاری خۆیان دەکەن، بەراستی جێی ڕێز و حورمەتی هەموو لایەك بن، باسی دەوامم کرد، زۆربەی دکتۆران ئەم ساڵە زۆر دەگمەنیان هەیە هەفتەی ٢٠ سەعات دەوام بکەن، یان ئەوەتا ١٥ سەعات لە مانگێك دەوام بکات، مودیری بەشەکەی غائیبی نادات، مودیری موستەشفایەکەی غائیبی نادات، ئەگاتە فەرمانگە و ئەگاتە وەزارەت، حەز دەکەم بەڕێزان بزانن ئەمڕۆ کە من ڕێزم زۆرە بۆ دکتۆران، من خۆم دکتۆرم و شەهادەی دکتۆریم هەیە و من لەو بڕوایەم لە هەموو خەڵکیش زیاتریشیانم خۆش دەوێ، ئەوانە ئەولادی ئێمەنە، بەلام میللەتی خۆمان زیاتر خۆش دەوێ لە دکتۆریش و لە خۆشمان، ئەمڕۆکە هەزاران خەریجی بایەلۆجی و فیزیا لە جادەکان پیاسە ئەکەن بە بێ کار، مەمنوونن بە ٢٠٤ هەزار دینار تەعین بن، ئەم دکتۆرانەی ئێمە یەکەم تەعینی نزیکەی ملیۆنێك دیناری وەردەگرێت، بۆچی خراپە؟ ئەگەر بێت و بە هەموو قیاسات لێرە بەراستی ئیعتیراف تێك چووە، وەزارەتی تەندروستی و حکومەت شوێنی دەزگایەکی خاوەن کار بێت و دکتۆر کارمەند بێت ناکرێ شرووتی خۆی لەسەر خاوەن کار فەرز بکات،

شرووتی وەزارەتی تەندروستی ئەوەیە کە دەوامم بۆ بکات بە مەزبووتی، خۆی پەرە پێبدات و دەچیتە ئەو شوێنەی کار دەکەیت کە پێویستم پێتە، دابەش کردنێکی زۆر ناعادیلانە هەیە، ئەم نەخۆشخانەی ویلادەی خۆتان دەبینن لە هەولێر، ئێستا با بچین سی دکتۆری موقیمی لێیە، وەرن دەچینە سۆران چوار موقیمی لێ نیە، فەرموو دەچینە رانیە و قەلادزێ چوار موقیمی لێ نیە، هەڵەبجەی شەهید کە هەموومان زمانمان دوو بست درێژە و خزمەتی ئەکەین، چوار موقیمی لێ نیە، دەچیە کۆیێ دوو موقیمی لێ نیە، شەش موقیمی بۆ دێنێ دەیکەنە سرە، هەر یەکی دوو حەفتە دەچێ، ناشتوانی سزایان بدەی، چونکە دامەزراون، ئەو وەزعەی ئیتر قبوڵ ناکرێ، ئەو وەزعەی ئیتر تەحموول ناکرێ، کاری بە گرووپ، کاری تیم نیە برادەران، بەراستی وەکو باسم کرد، ئیخیصائی ڕەت ئەبێ موقیم لەگەڵی ناچێ، دکتۆر لەگەڵی ناچێ، مومەریزە بە چاوێکی سووك تەماشا نەکات، مومەریزەکەش رەد فیعلێکی دەبێ بەرامبەری، بڕوا بکەن پارەکە ئەلێرە دکتۆرەکان ئیزرابیان کرد لەم هەولێرە، هۆڵێکیان هەبوو و شوێنی نان خواردن بوو، ڕازی نەبوون لەگەڵ کارمەندانی تەندروستی نان بخۆن، قبوڵیان نەکرد لە یەك هۆڵ لەگەڵ کارمەندی تەندروستی نان بخۆن، باسی خانەی پزیشکانتان بۆ بکەم (دار الاطباء) ئەوانە هەمووی چاك ئەبێ، رەجات لێ دەکەم مۆڵەتم بدەیی ئێستا باسی یاساکەی ئێوەش دەکەم، بەڕاستی ئێوە دکتۆرن و حەقی وا نەبوو تەداخولی یاسا بکەن، پێشتان ئەڵێم چۆن هەڵە بوون، لە خانەی پزیشکان بەرێزان ئەمرۆ ماڵت لە هەولێر بێ، لە سلێمانی بێ، تۆ دەبێ بەردەوام بیت لەو خانەی پزیشکانە، کەچی دەوامت سەعات دوو تەواو ئەبێ کەچی بە دەیان دکتۆری تر هەنە و لە شوێنێکی دوورەوە هاتوونە لەو خانەی پزیشکانەن و قەڵەباڵغیەکی زۆر دروست بووە، ئەڵێن مۆڵەتی برادەرەکەت بدە، تۆ ماڵت لێرەیە فەرموو بچۆ بۆ ماڵی خۆت دوای دەوام سەعات دوو با ئەو برادەرەی ماڵی لێرە نیە لێرە بێ، ئێمە وەکو وەزارەت پرۆژەیەکمان داناوە و دەڵێین یان ئەوەتا کافتریایەکت بۆ دەکەین لە شێوەی نادی جامیعە، یان ئەوەتا خواردنت دەدەینێ و شوێنی خەوتنت دەدەینێ سەفەری، بڕوا بکەن برادەران دکتۆر هەیە بە موقیمی لێرە بووەو ئێستا ژن و منداڵی هەیە، منداڵەکانیشی گەورە بوو هەر لە داری ناو خەستەخانە ماوەتەوە، نیوەڕۆیانیش سینی خواردن ئەباتە ماڵەوە، ئەگەر وا نیە ئەوە برادەرانی خۆمان با بڵێن وا نیە، گلەیی خەڵکی، خەڵك بۆ گلەیی لە ئێمە ئەکات؟، بەراستی چەند خەڵکانێکی خراپ ناوی وەزارەتی تەندروستی و ناوی دکتۆرانیان زڕاندووە، ئێمە ئەمانەوێ ئەو سومعەی دکتۆر بگەڕێنینەوە، ئەم قسانەی ئێمە ئەیکەین شتێکی غەریب نیە ئێمە هەموومان ئەزانین بۆیە ئەیکەم و خەڵکیش ئەزانێ وایە، بەراستی من نایشارمەوە، ئێمە دەمانەوێ سومعەی دکتۆر بگێرینەوە، ئێمە دەمانەوێ نەوەیەکی نوێی دکتۆر دروست بکەین، ئێمە ئەمانەوێ خزمەت گوزاری بگەینینە هەموو شوێنێکی کوردستان، ئەمرۆ لە رانیە من حەفتەی رابووردوو لەوێ بوویمە (٢٠) ئیخیصائی لێیە لە frcs لێیە هەتا هەموو ئیخیصائیەکانی دیکە، مەعنای هەیە بێ موقیمێك بێ؟، ئەمرۆ دونیا گۆڕاوە و هەرێمی کوردستان گۆڕاوە، جاران رانیە، کەلار یەك تەبیبی عام بەڕیوەی دەبرد، ئێستا بەدەیان دکتۆری ئیخیصائی لێیە، ئەو دکتۆرە ئیخیصائیانە پێویستیان بە موقیمە، ئەوە شەرت نیە کە دکتۆر ئیلا لە خەستەخانەیەکی

تەعلیمی پەروەردە بکرێ، ئەو پرۆژەی ئێمە دەڵێ دکتۆر بکرێتە چەند بەشێك، بەشێکی لەناو سلێمانی بێت بۆ نموونە، بەشێکی لەناو کۆیە، بەشێکی لەناو رانیە، بەشێکی لە هەڵەبجە، ئەوانە ئەسووڕێنەوە هەموو بەشێك کە سێ مانگی خۆی تەواو کرد دەچێتە کۆیە، دەچێتە رانیە، دەسووڕێتەوە و دەورەکەی خۆی تەواو دەکات، لەدوای دوو ساڵەکە، دکتۆری موقیم هەموو سنوورەکەی خۆ دیوە و هەموو ناوچەکەی ئاشنا بووە و لەگەڵ هەموو بوارێك و هەموو توانایەکی پزیشکیش کاری کردووە، شەرت نیە من ئەوە بڵێم ئیلا ئەوە تەعلیمی بێت و لەناو ئێرە، بۆ تەدریب نیە؟ یەعنی لە رانیە ئیخیصائیەکی هەیە تەدریبی پێ نەکات، بۆ چی ئەگەر عەینی ئیخیصائی لە سلێمانی ئەتوانێ تەدریبی پێ بکات؟، من دەمەوێ بێمە سەر ئەوەی کە بۆچی لە موقیم دەستمان پێکرد؟، بەراستی ئەم پرۆژەیە شمولی هەموو دکتۆرێك دەکات، هەنگاوی دیکەشی زۆری بەدواوەیە، لە چەندین گۆڕانی دیکە و لە کۆنفرانسی داهاتوو لە مانگی دوو ئینشائەللا گۆڕانکاری دیکەی گەورەشی تێدا دەبێ، چونکە موقیم بناغەی تەندروستین، موقیم دەرگەوانی تەندروستین، یەکەم کەس کە تووشی دەبێ و دەچێ ناو نەخۆشەکان، موقیمە، موقیم نەوەی نوێن، ئەگەر ئەم جیلە نوێیە پەروەردەیەکی چاکی نەکەین، ئیخیصائیەکان ٢٠ ساڵە و ٣٠ ساڵە دامەزراوە و لەسەر سیستەمێك فێر بووە، هەر یەکی چوار سیاسیی بەدواوەیە، عیادە و ئیستیفادەکانی خۆی تەسبیت بووە و من ناتوانم ئەمڕۆکە بیگۆڕم، بیگۆڕم و ئەمڕۆ ئیخیصائیەکان ئیزراب دەکەن و فەوزای گەورە دروست دەبێ، هەموو صیحە شەلەل دێنێ، بەڕێزان من لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ لێژنەی تەندروستی پەرلەمان دێمە سەر ئەوەی کەوا، ئەو خاڵەی ئەوان بەرزیان کردەوە و دەڵێن ئەم شتە یاسایی نیە و وەزراەتی تەندروستی بە بێ هیچ یاسایەك کردوویەتی، ئەوە قانونی تەدەروجی طبیە، دەڵێ : تەعین، تەعریفی تەعینی کردووە بۆتان دەخوێنمەوە، ئەوەی عەرەبی بزانێ دەڵێ: التعين يشمل التوظيف و الاستخدام براتب شهري او اجرة يومية او شهرية مقطوعة، یەعنی چی؟، (اجرة يومية او شهرية مقطوعة) یەعنی چی؟، یەعنی عەقد، تەعینە یان نا؟ تەعینە و لە هەموو دونیا دامەزراندن لە ئینگلیزی (employment) لێت دەپرسن، (employed or no? Yes or no?) کەس لێت ناپرسێ تۆ بەعەقد تەعینی یان نا؟ بەعەقد تەعینیی، بە مونەقەت تەعینی، بە دائیم تەعینی؟ تۆ موهیم تەعینی لای من، هەموو مافەکانت پارێزراوە، من حەز دەکەم ئەو برا پزیشکە بەڕێزانە بزانن کە تازە دامەزراون کە هەموو مافەکانیان و هەموو مووچەکانیان پارێزراوە، ئەو قسانەش رەت دەکەینەوە کە دەڵێین هەموویان وەرناگرین، چونکە من وەعدتتان دەدەمێ لێرە و هەر لە ئێستاوە و هەتا پۆلی یەکەکانیشیان دەردەچن هەر هەمووی تەعین دەکرێن و هەمووشمان پێویست دەبێ، چونکە ژمارەی دکتۆر بۆ هەر هەموو دە هەزار هاووڵاتی ئەمڕۆ لە شەش تا حەوتە، زۆر وڵاتانی دونیا دکتۆرێك بۆ چەند سەد دانەیەك بێ، هێشتا چەندین هەزار دکتۆری دیکەشمان دەوێ بۆ ئەوەی نەقصەکەمان پڕ بکەینەوە، ئەوە نیە کە ئێمە دکتۆر وەرنەگرین، دێینە سەر ماددەی ٣ قانونی لە ٩٩ی ساڵی ١٩٧٠ دەڵێ: يعين الطبيب سواء اكان قد تخرج من كلية طب عراقية او اجنبية، ئەوەی تەعریفەکەی خۆی کردوویەتی (يعين الطبيب) ، لە قانون و یاسا دەڵێ چیە، طبیب چیە؟

طبيب فاعليه و ئيسميْكى موعەرەفە، فەرديە و باسى يەكێك دەكات، بۆ دەلالە كردن و پاشتر وەسفى دەكات(سواء اكان قد تخرج من كلية طب عراقية او اجنبية)، هەر دكتۆرێك لە جامیعەیەکی عیراقی یان ئەجنەبی بێت بۆی هەیە دابمەزرێ، چۆن دابمەزرێ؟ (یعین) کەلیمەیەکی موتلەق هاتووە لێرە، نالێت چۆن یعین، دوایی ئێمە بەراستی ئەگەر یاسایەك وەربگرین یان هەمووی وەربگرین یان هەمووی فرێ بدەین، یان تەوەرێکی وەربگرین یان فەقەرەیەکی فرێ بدەین، وەرن با بۆتان بخوێنمەوە بەرێز د.فؤاد تەواوی نەکرد، چونکە لە ئاخیری فەقەرەکە دەڵێ: (اما المشمولين بالخدمة العسكرية فتبدأ خدمتهم في القوات المسلحة بعد احالتهم، فترة الاقامة الدورية)، باشە بابیانکەنە عەسکەر ئەگەر وایە و ئەگەر هەموو تەوەرەکە وەردەگرین، من لەگەڵ بەرێزت نیمەو لەگەڵ بەرێزان شەرح دەکەم کە وەزعەکە چیە، هەتا لە شوێنێکدا دەڵێ: من لەگەڵ رێزم یەکێتی پەرلەمانتاران بەیانێکی دەرهێناوە من ناکرێ لەسەرم رەت بێ، چونکە فەرموو تەرجومە کوردیەکەی دوو خەتی گەورە لە بنی کێشراوە و لەناو عەقدێك، من زۆر رێزم هەیە بۆ یەکێتی پەرلەمانتاران و تەصەوەرم نەدەکرد بکەونە هەڵەی وا، یان ئەوەتا زمانی عەرەبی نازانن، یان ئەوەتا یاسایەکەیان تەزویر کردووە، چونکە دەڵێ: هەموو پزیشکان دادەمەزرێن بە(تەعین بە فەرمی)، وەرە بنی بەعەرەبیەکە دەڵێ: یعین، کوا دەڵێ رسمی؟ دوایی دەڵێ (الطبيب) کوا دەڵێ هەموو پزیشکان؟، یەعنی تۆ بچی یاسا تەرجومە بکەی بە کەیفی خۆت بۆ ئەوەی لە صالحی خۆت بێ، دەکرێ شتی وا؟ بەرێزان هیچ لە خاڵەکانی تر نەگۆڕاوە بە نیسبەت ئێمە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە با تەواوی بکات، کەس موقاتەعەی نەکات تا تەواوی دەکات.

**بەرێز د.زریان عثمان/ وەزیری تەندروستی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێك هەیە حەز دەکەم روونی بکەمەوە لێرە برادەران، بە نیسبەت مافەکان هەموو مافێکیان پارێزراوە ئەو دکتۆرانە، بە مووچەی تەواو بۆ زەمان تەقاعود و هەموو دەسەڵاتێك، من بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانتان پێشان دەدەم بە گرێبەستێکی تایبەت بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە دەرچووە، ئەڵێ: دابمەزرێن، لە یاسای مەدەنی دەڵێ: لە قانونی مەدەنی، من موحامی نیم، بەلام موحامیەکان بیخوێننەوە، باسی (الموظف والملاك) دەکات، دەڵێ: (الملاك: مجموعة الوظائف والدرجات المعينة لها والمصادق عليها بموجب قانون الميزانية او من قبل وزير المالية)، وەزیری مالیە صەلاحیاتی هەیە و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت چی؟، دەڵێ: وەزیری سیحە بچۆ لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی قسە بکە بۆ ئەوەی هەموو مافەکانی بدەیتێ، لە تەقاعود و لە زەمان و لە مەعاشیان وەکو دکتۆرێکی دیکە، هیچ لە مافەکانیان کەم ناکەینەوە، فەقەت مەوزوعەکە چیە؟ گرێبەستە و چاودێری بەردەوامە و فێرکردنی بەردەوامە و چاوێکە لەسەریانە، بۆ ئەوەی دەوامی مەزبووت بکەن، وەکو پێویست بە هاوولاتیانەوە بچن بەراستی و ئیهتیمام بە هاوولاتی بدەن و لەو شوێنانە کە پێویستمانە بچن دەوام بکەن و دەوامێکی

مـەزبووت بکـەن، دیـسان دێمـە کۆتـایی ئەوانـە بەراسـتی کـە بڵـێم: ئـەوە بریـاری گرێبەسـتەکە بریـاری ئەنجومـەنی وەزیرانـە، لەبـەرزترین دەسـەڵات ئیمـزا کـراوە، مـن هـیچ مـانیعم نیـە ئەگـەر وەفـدێکی ئـەم پەرلەمانـە بـەڕێزە لەگـەڵ سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران قسە بکـرێ و بگەنـە حـەلێکی وەسـەت، ئایـا لەغوی دەکەنەوە، ئایا وشەکە دەگۆڕن، ئایا گۆڕانکاری تێ دەکەن؟، بـە نیـسبەت وەزارەتـی تەندروسـتی ئـەو ڕێنماییانەی کە دەرمان کردووە، من پێم وایە عادیلانەیە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە مرونەتێکی تەواومان هەیـە لەگەڵ ئەو پزیشکە بەڕێزانە بێن دەیگۆڕین، ئەگەر (دار الاطبـاء)کـەیان پـێ چـاك نیـە، دەیکەینـە کافتریـا، ئەگەر شتێکیان پێ چاك نیـە، دەوامەکـەیان تەساهولی لەگـەڵ نـاکرێ، ئەگـەر تەقیمەکـەی پـێ بـەدڵ نیـە دەیگۆڕین، دیسانەوە دەڵێم بەراستی وەزارەتی تەندروستی و ئەم دکتۆرانە وەکو باوك و ئەولاد وان، ئێمە لە یەکتری خۆش نـابین، ڕەنگـە ناتـەفاهوم هـەبێ، ڕەنگـە نەگەینـە ئـەنجامێك، بـەڵام لـە ئەنجامـدا هـەر ئـەبێ بگەینەوە یەك، ئەو خوێندکار و قوتابیانەی پۆلی یەکەمی کولیەی توبیەوە و بـەدواوە کـە٠مانیـان گرتـووە، بەراستی ئەوە جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە موستەقبەلی ئەفەوتێ، چونکە ئـەوەی کـە تەخـەروجی کـردووە، ئـەوە شـەهادەکەی وەرگرتـووە و لـە گیرفـانی خـۆی دانـاوە، منـەتی پـێ نیـە بـا سـێ مـانگی تـر تـەئخیر بـێ تەعینەکەی، بەڵام ئەوە تاوانی چیە؟ من دڵم لەلای ئەوانە بەراستی ئەو جارێ هەر شـەش سـاڵی هـەر مـاوە تەخەروج بکات، لە ئێستاوە خەمی چییەتێ؟ بۆچی دەترسێ؟ هیچ شتێك نیـە پێویـست بـە ترسـانی ئـەوان بکاتن، من چەندین جار کۆبوونـەوەم لەگـەڵ کـردوون و هـەوڵم داوە دڵنیایـان بکەمـەوە، دڵیـان بدەمـەوە و مرونەتمان نواندووە و بەداخـەوە ئـەوان لـە دوو شت دانابـەزن، یـەکیان دەڵێن: گرێبەسـت دەبێ قەتعیـەن نەمێنێ، دوو: زانکۆ تایبەتیەکان دابخرێن کە لـە دەسـەڵاتی ئێمـەدا نیـە، لـە دەسـەڵاتی وەزارەتـی خوێنـدنی باڵایە، من پرسیشم پێ نەکراوە، ڕەنگە هەندێ داواکاری دیکەش هەیە لـە دواتـر وەکو ئیمتیحانی ئیکمـالی بکرێتە دوو جار و عبور بکرێتە دوو دەرس و لە چوار کۆرس بکرێتە دوو کۆرس و نـازانم چی و ئەوانـە و ئیتر بەدواوەیە، من بەراستی بەشـك بـووم لەوانـەی بڵێم موعانـاتی مـن بـوو لـەم وەزارەتـە بەبـەردەم ئـەم کامێرانە و بۆ هەموو میللەتی خـۆم، زەمیری خۆشـم مورتـاح کـرد بەرامبـەر بـەڕێزتان و بریـار بـۆ ئێـوەی بەڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د.زریان بۆ ئەو هەموو هینە و بەتایبەتی تەرکیز لەسەر دوا قسەکانت دەکەمـەوە، قسەی بەجێنە و دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی دواییت هەندێك بگەینە ئەنجام ئینـشاء الله، ناوتـان دەنووسـم، ناوتان دەخوێنمەوە، بەڵام پێشتر دەنگ دەدەمە کاك د.فؤاد، فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی هەمووتان گوێتان لە قسەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی بوو، من تەبیعی بەعزێ لە قسەکان حەز دەکەم لە سەرەتاوە باسی بکەم، لە ڕاستی باسی ئەوە دەکات کەوا لیژنەی تەندروستی یان پەرلـەمان حـەقی

چیه بە یاساوە، جا ئەگەر پەرلەمان ئاگای لە یاسا نەبێت و یاسا دانەنێت؟ ئەبێ پەرلەمان ئیشی چی بێت؟ من ئەو پرسیارە دەکەم، ئەوە یەك، دووەم: دێمە سەر ئەوەی لە زۆر لە قسەکاندا باسی ئەوە کرا کە بەڕاستی ئێمە وەکو دکتۆر پێش ئەوەی کەوا ئەندام پەرلەمان بین، جەنابیشی وەکو دکتۆر پێش ئەوەی وەزیر بێت، لەیەك دەگەین کەوا واجباتی دکتۆر چیە و دەبێت پزیشك چی بکات و دەوری موقیمی خولاو چیە و ئەرکەکانی چیە و چۆن بیکات؟ هیچ گلەییمان لە ئەوە نیە، من تێ دەگەم کەوا ئەو بڕگانەی کە لە گرێبەستەکەدا هاتوون، هەر هەمووی ئەرکی سەرشانی پزیشکی خولاو و موقیمە دەبێت جێ بەجێ ی بکات، بەڵام بۆ جێ بەجێ ی ناکات؟ کامەیە خەلەلەکە؟ خەلەلەکە لەو ئیدارەیە کە نەیتوانیوە ئەو پزیشکە بە باشی هەڵسەنگێنێ و چاودێری بکات، خەلەلێکی تر ئەوەیە کەوا وەزارەتی تەندروستی نەیتوانیوە لە پزیشکەکان بگەیەنێ ئیش کردن و ڕاهێنان تەنها لە خەستەخانەی تەعلیمی دا نیە، دەبێت لە هەموو خەستەخانەیەك دا کە شارەزای تیا بێت، هەروەها پسپۆریشی تیا بێت، دەبێت دکتۆری موقیم بۆی بچێت، من قەت ناکۆك نیم لەگەڵ دکتۆر دا کە دەبێت بە پێی ئەو یاسایەش کەوا لێرە هاتووە، دەڵێت (یعین الطبیب المقیم فی المستشفیات التعلیمیة أو الرئیسیة التی تتوفر فیها الامکانیات الفنیة للتدریب) یەعنی دوو شتی تیایە، یان تەعلیمی بێت یان رەئیسی بێت و ئیمکانیاتی فەنیشی تیا بێت، تەبیعی وەختێك ئەو یاسایە نووسراوە کە لە عیراق دا تەنها لە پارێزگاکان دا خەستەخانە هەبوو، بە دەگمەن بنکەی تەندروستی و مەڵبەندی تەندروستی هەبوون، ئێستا لە سلێمانی دا لە ٥٠٠ بنکەو مەڵبەندی تەندروستی زیاترمان هەیە، هەروەها لە هەولێر دا بە سەدان هەیە، لە دهۆکیش هەر وا، لەبەر ئەوە من تێ دەگەم ئەو سیستەمە خۆی پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، بەڵام گلەییەکە بخەینە سەر شانی پزیشکە موقیمەکان و بڵێین هەموو خەتاکە ئەوانن، نەخێر بەشێکی خەتاکە لە ئێمەیە وەکو دکتۆر، خەتاکە لە ئێمەیە وەکو ئیدارە، ئێمەش بەرپرسیارین لە ئەوە، ئێمەش وەکو پەرلەمان بەرپرسین، بۆچی یاسایەك دەرنەکەین کە بتوانین پێ بەپێی ئەو پێشکەوتنە بێت کە ئەمڕۆ هەیە لە بواری تەندروستی دا، لە بواری ئیداری دا، ڕاستی منیش مودیری خەستەخانەیەك بم، منیش بەڕێوەبەری تەندروستی شارەکان بیم ئەرکم لەسەر شانە دکتۆر بنێرم بۆ بنکەیەکی تەندروستی و بینێرم بۆ هەڵەبجە و چەمچەماڵ و بنگرد، بەڵام دەبێت کەی بینێرم و کێ بنێرم؟ کێشەکە لەوەدایە، لەبەر ناردنی پزیشکەکان بۆ ئەم جێگایانە بەڕاستی پێویستی بە ئەوە هەیە کەوا کۆبوونەوە لەگەڵ دکتۆر دا بکرێت، لەگەڵ مەقیم و تازە دەرچووەکاندا بکرێت، تێیان بگەیەندرێت کە تۆ دەچی بۆ تەدریب و لە هەر جێگایەك تەدریبی تیا بوو تۆ دەتوانی تەدریب بکەی، شەرت نیە لە مەرکەزی پارێزگاکان دا بێت، ئەوە شتێکی زۆر بە جێیەو ئێمە هیچ گلەییمان لێی نیە و وەکو لیژنە هەڵسەنگاندن بکرێت زۆر شتێکی بە جێیەو هیچ گلەییمان لێی نیە و چاودێریش بکرێت هیچ گلەییمان لێی نیە، حەقی خۆیەتی ئەی چاودێری نەکرێت چۆن بەدواچوونی بۆ دەکرێت؟ ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە و ئەو کەموکوڕیەی لە دکتۆرەکان دەیبینن من دەبێت بە ڕێزتانی بڵێم ناگەڕێتەوە بە تەنها بۆ کەموکوڕی لە ئیدارەکانی تەندروستی دا، دەگەڕێتەوە بۆ پێگەیاندنی دکتۆر لە

کولیە پزیشکیەکان دا کە بە داخەوە ڕاگرەکانی کۆلیژەکانی پزیشکی ناتوانن دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر خوێندکارەکانی خۆیان دا و بەرەڵایەك هەیە لە کولیەکاندا وای لێ کردوون کە دەگەنە ئەوەی کە تەعیین دەبن لە خەستەخانەکاندا هەر بە هەمان سلوکی پێشوو دەڕۆن، لەبەر ئەوە بۆیان دابین ناکرێ و ناتوانن ڕایان بگرن لە جێگای خۆیاندا لەبەر ئەوە ئەمە هۆکاری زۆرە بۆ ئەوەی ئەوان ڕێنماییەکان جێ بەجێ ناکەن، سەرەڕای ئەوە فەترەی ئیقامەی ئێستا دوو ساڵەو لەم دوو ساڵە دا کە ئەمە زۆر زۆرە، کاتی خۆی لە عیراق دا کە دەرچووە ئیقامەی یەك ساڵ بوو، دوایی کرا بە دوو، دواتریش کرا بە یەك، ئێستا پێویستی بە ئەوە هەیە بەڕاستی ئەم یاسایە پیاچوونەوەی بۆ بکرێت، بەوەی کەوا فەترەی ئیقامە کورت بکرێتەوە بە شێوەیەك کەوا تووشی مەلەل نەبن و ئەرکی موقیم ببینن، نەك پاش ئەوەی ساڵێك ئیقامەکەی تەواو دەکات و یان ساڵێك و سێ مانگ کە دکتۆر چاك دەزانێت ئیقامە بریتیە لەوەی ئیش کردن لە فەرعە رەئیسیەکان وەکو هەناو و نەشتەرگەری و وەکو نەخۆشی ژنان و منالان و ئیسقان و قورگ و گوێ و لووت و چاو و پێست و ئەمانە، فەرعە رەئیسیەکان سیانن هەریەکی سێ مانگ، نۆ مانگ دەکات، شەش مانگی تریش دەتوانن دەوام بکەن لەو فەرعانە، لەبەر ئەوە دەتوانرێت ئەم دوو ساڵە بکرێت بە ساڵێك و سێ مانگ، پاشان کە دکتۆر دەنێردرێت بەو ساڵ و سێ مانگە دەبێت خەستەخانەکانی بۆ دیاری بکرێت، تۆ دەتوانی لە چەمچەماڵ بیت، دەتوانی لە سلێمانی یان لە هەولێر یان لە قوشتەپەش بیت، بەڵام پێی دەڵێی ئەو فەرعەی تۆ تەدریبی بۆ دەکەی ئیخسائی و شارەزای تیایە، دەتوانی بێی ئیش بکەی، ئەمە یەك، پاشان لەم یاسایە دەڵێت قەزا و ناحیەکان، قەزاو ناحیەکانیش دەبێت بە شێوەیەکی عادیلانە بێت، من لەگەڵتام دکتۆر بۆچی پەست بێت، چونکە ئێمە ناتوانین بەڕاستی عادل بین، ئێمە چۆن دەتوانین عادل بین؟ دکتۆرێك بنێرین بۆ خۆرماڵ و یەکێکی تریش بنێرین بۆ بەکرەجۆ و بڵێین وەڵلاهی هەردووکتان خەریجن و ئیتر خوا هەر ئەوەندەی داوەو تۆ دەنێرم بۆ ئەوێ و تۆش دەنێرم بۆ ئەوێ، لە هەموو دنیا دەبێت حیسابی ئەوە بکرێت دکتۆرێك یان هەر فەرمانبەرێك کە دەینێرێ بۆ جێگەیەکی دوور، دەبێت تۆ یارمەتی بدەی بۆ ئەوەی کە لە جێگایەکی دووردایە بتوانێ تەشجیع بێت و هاوکاری بکەی زۆر تەبیعیە، لە ئێران و لە یابانیش ئەوە هەیە، یەعنی بە کیلۆمەتر لە ئێران دەیپێون و تۆ چەند دووری لە مەرکەزی پارێزگاوە بە کیلۆمەتر دەڵێت ئەوەندە کیلۆمەتر دوورەو ئەوەندە پارەی دەدەنێ، بۆ نموونە بڵێین دکتۆرێك کە لە پێنجوین داندراوە شارەزایەکی باتنی تیایە دەتوانێ کە لەوێ تەدریب بکات، یەکێکی تریش لە بەکرەجۆ داندراوە، ئەوەی پێنجوین حەق وایە شتێکی بدرێتێ بۆ ئەوەی لە پێنجوین جێگیر بێت، ئەمە شتێکی زۆر تەبیعیە، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەوە مەسەلەیەکی ترە کە نەمان کردووە، کێشەیەکی تر هەیە کە ئیدارە تووشی بووە لە خەستەخانەکان کە من تەئکیدم کەوا یەکێك لە هۆکارەکانی کەوا دکتۆری ناچارکردووە بۆ ئەوەی پەنا بەرێتە ئەم گرێبەستە پابەند نەبوونی دکتۆرەکانە، خاڵێکی تر ئەوەیە وەکو گوتم بە سەدان بنکە و مەڵبەندی تەندروستی کراوەتەوەو دکتۆریان دەوێت، کام دکتۆر دەچێت بۆ ئەو مەڵبەندە؟ دکتۆرێك دەچێت کە پانزە، بیست ساڵە دەرچووە، ئیخسائیە و ناچێت بۆ ئەو مەڵبەندە،

لەبەرئەوە کێشە هەیە لەوەی کەوا تۆ چ دکتۆرێك دەنێری؟ لەبەرئەوە پاش ئەو قەزاو ناحیانە من پێشنیار دەکەم جەنابی دکتۆر زریان پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکات بۆ خزمەتی دکتۆر بۆ ئەو مەڵبەندە تەندروستی و بنکە تەندروستیانە کە دەشێت دکتۆری تیا بێت، نەك هەموویان، یەعنی بنکەیەکی تەندروستی کە کراوەتەوە بۆ چوار ماڵ لەبەر فلان شێخ و فلان مەلا و فلان لێپرسراو، ئەوە نایەوێت کە دکتۆر بنێری بۆ ئەوێ کە لە رۆژێك دا دوو نەخۆشی نەبێت، بەڵێ بۆ ئەو بنکە تەندروستیانەی کە پێویستن با ساڵێك بۆ ٦ مانگ با خزمەتی دکتۆر لەو جێگایانە بێت، پاشان با بچێت بە موقیمی ئەقدەمی پێ دەڵێن لە فەرعێکی تایبەتیەو پاش ئەوە دەتوانێ یان بچێت ببێت بە دکتۆری مومارس لەو جێگایانە جێگیر دەبێت کە ئیدارەکانی تەندروستی پێویستیان پێیەتی یان دەچێت دەبێت بە شارەزاو دەبێت بۆ بۆردێك یان خوێندنێکی باڵاتر، لەبەرئەوە من هەست دەکەم بەوەی کەوا ئەو رێنماییانەی کە کاك دکتۆر باسی کرد، لەو گرێبەستە هیچ گلەییمان لێی نیە و دەبێت دکتۆر پابەند بێت پێی و دەبێت هەڵسەنگێندرێ و دەبێت خزمەت بکرێ، بەڵام ڕاستە بە گرێ بەست دەتوانرێ خەڵك تەعیین بکەی بە گرێ بەست، بەڵام من دەپرسم ٤٨٠ هەزار فەرمانبەر لە کوردستان دا هەیە، سێ ملیۆن و کەسر لە عیراق دا هەیە، ئەم فەرمانبەرانە کامیان بە گرێ بەست تەعیین دەکرێن؟ تاکە تاکە نەبێت کەوا موتەقاعیدێك تەعیین دەکرێت بۆ ٦ مانگ یان بۆ ساڵێك بە گرێ بەست، ڕاستە بۆ ئەوە هاتووە، باشە ئێمە مولزەمین بە قانونێکی تر کە دەڵێت (يعين الطبيب) ئەو تەعینە بە شکڵی ئەمر هاتووە کاك دکتۆر! ئەمە یەك، لە پاشان ئەم دکتۆرانەی کە دەبن بە موقیم نابن بە دکتۆر و توانای پشکنینی نەخۆشیان نیە تا تەدریب نەکەن، کەواتە تەدریب نابێت ئیختیاری بێت، دەبێت ئیلزامی بێ و واجب بێت، بەڵام لە کاتی واجب دا خۆ من ناڵێم دەبێت بەرەڵا بکرێ و سەرپەرشتی نەکرێت و دەبێت هەڵنەسەنگێندرێ و دەبێت بەدوایدا نەچی و دەبێت فێر نەکرێ و هەر نەقسێك و کەموکوڕیەکی کە هەی بێت بە پێی یاسا دەبێت لێ پێچینەوەی لەگەڵ دابکرێت، بەدواداچوونی بۆ بکرێ و دەبێت پزیشکەکانیش وەکو تاکێکی دڵسۆزی ئەم وڵاتە دەبێت بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن، هیچ گلەییمان لە ئەوە نیە و ئێمە ناڵێین دەبێت دکتۆر بە ئارەزووی خۆی بێت و چۆنی دەوێ وا بکات، دەبێت بە یاسا بێت، بەڵام بە قەناعەتی لیژنەکەی ئێمە ئەوەیە کەوا ڕێکخستنی کاری دکتۆر دەبێت یەکەم پیاچوونەوە بکرێت بەو سیستەمەی کەوا داندراوەو لەسەر ڕۆشنایی ئەو قسانەی کە کردم، دووەم: دەبێت گرێبەستیش بە یاسایەکی ڕێك و پێك بۆ هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت و خەڵك وشیار بکرێتەوە و ئامادەکاری زهنی بۆ بکرێت، کەوا ئەوە لە خزمەتی هەمووان دایە، تەبیعی لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا کە دکتۆر بە گرێبەست تەعین دەبێت، هەموو فەرمانبەرانی بەریتانیا وا تەعین دەبن، هەموو کەسێك، فەراشێك و کرێکاری مەسعەدێك و حەرەسی خەستەخانەیەك، ئەوانە هەموویان بە گرێبەست تەعیین دەبن، من خۆم بە گرێبەست ئیشم کردووە، دکتۆر ڕەنگە بە گرێبەست ئیشی کردبێت، لەلامان سەیر نیە، بەڵام دەبێت ئەمە لە وڵاتێکا بێت بگونجێت لەگەڵ سیستەمی ئیداری و سیاسی و فەنی و کەلتوری ئەو وڵاتە، ئەگینا من هیچ گلەییم لەوە نیە کەوا هیچ ناکۆك نین لەگەڵ

دکتۆردا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ڕەخنەم هەیە لەگەڵ ئەو هجومەی کە کردیە سەر پزیشکان، ئێمە ڕازی نین بەڕاستی بیری هەموو برادەرانی دێنمەوە کە من ٤٠ ساڵە دکتۆرم دەزانم چ حەساسیەتێکی لە لێپرسراوانی حکومەتی عیراقی هەبووە بەرامبەر بە دکتۆر، بەرنامەیەك هەبوو لە زەمانی (سەدام حسین)ی دکتاتۆر دا یەکێك تەقدیمی دەکرد ناوی نابوو (من علی گفی الحصان الطائر) ناوی گعود بوو و بە ڕۆژانە هجومی دەکردە سەر دکتۆر، جا هەر ئەو کەلتورە دواکەوتووە پیسەیە کە بەڕاستی بەداخەوە نەقڵ بوو بۆ ئێمەش و پاش ڕاپەڕین بیرم دێت ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی بەرەی کوردستانی هەبوو بە ڕۆژانە شاڵاوی دەبردەوەو نوکتەی لەسەر دکتۆرەکان دەردەکردو من ئەو کاتە سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان بووم، نامەیەکم ئاراستە کردن کەوا ڕەخنەیان لێ بگرم بۆ ئەوەی ئەو قسانەی کە دەیکەن هەمان قەسەیە کە جەریدەی سەورەو جمهوریەی جاران دەیانکرد، بە داخەوە من حەزناکەم گوێم لەو قسانە بێت، لە هەموو توێژێکی ئەم کۆمەڵگایە، لەوانەیە خەڵکی نادڵسۆز هەبێت کە نەفسیان هەبێت، بەڵام پزیشك و کارمەند و هەموو فەرمانبەرانی خەستەخانەکان و بنکە تەندروستیەکان بە کاری خۆیان هەڵدەستن، بە بیرتان دەهێنمەوە کە بە هەزاران فەرمانبەر لە وەزارەتی تەندروستی هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕەخنەیەك لێرەو لەوێ تاکوتەرایەك هەبێت شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە بە ڕۆژانە لەگەڵ خەڵك دا ئیش دەکەن و پەیوەندیان بە خەڵکەوە هەیە، بۆ نموونە لە ساڵێك دا دەبێت بزانین لە شارێکی وەکو سلێمانی دا دوو ئەوەندەی نفوسی شارەکان دەچنە خەستەخانەکان و بنکە تەندروستیەکان، دکتۆر خۆی ژمارەی لەلایەو دەزانێت دوو ملیۆن کەس زیاتر موراجەعەی خەستەخانەکان دەکەن، دوو ملیۆن کەس لە ساڵێك دا موراجعە بکەن، یەعنی هەموو کەسێك دووجار چووەتە خەستەخانەکان و بنکە تەندروستیەکان، لەبەر ئەوە لەوانەیە گلەیی هەبێت، لەوانەیە قسەش هەبێت، لەوانەیە ڕەخنەشیان لێی هەبێت، ئەمە شتێکی تەبیعیە، بەڵام ئەو کارە پیشەییەی دڵسۆزانەی دکتۆرەکان پێی هەڵدەستن باوەڕ ناکەم نموونەی هەبێت لە دنیا، من حەزدەکەم بە بیرتانی بهێنمەوە کە یەکێك لە سەرەکی ترین هۆکاری مردن لە هەرە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو هەڵە فەنیانەیە کە پزیشك دەیکات، ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمە دواکەوتووین، لە ئەمریکا تەقریرم بە ژمارە لەلایە کەوا چەند کەس دووچاری هەڵەی پزیشکی بوونە، ئەمە شتێکی سەیر نیە و لە هەموو دونیا هەیە، خاڵێکی تر کە دکتۆر باسی دەکات، باسی نەبوونی تەوسیفی وەزیفی دەکات کە ئەوە خەتای پزیشك نیە، ئەوە لە عیراق دا خۆی هەبووە، بەڵام ئێمە وەکو ئیدارەو وەکو حکومەتی هەرێم پەیڕەومان نەکردووە، بەڵام ئەگەر چی خەتاکە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من ڕێگام داو کاتم تەحدید نەکرد بۆ کاك دکتۆر فؤاد لەبەر ئەوەی سەرۆکی لیژنەی تەندروستیە، داوا لە ئەندامانی لیژنەی تەندروستی دەکەم کورتی بکەنەوە و قسەکان تیکرار نەکەن، داوا لە دکتۆرە ئاریان دەکەم قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.ناریان خالص جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر نازانم ئەو تەعینە لەبەرئەوەی عقوبەیە بۆ موقیم یان (جۆب دسکرپشنە) یان پێویستمان بە کاتی تایبەتە بێتە ناوکار؟ تێ نەگەیشتم جەنابی زەحمەت نەبێت ئەو شتەمان بۆ تەوزیح بکات، ئەگەر بەس تەنها بۆ ئەوەی جۆب دسکرپشن بێت مەفروزە ئەو جۆب دسکرپشنە هەبێت لە هەموو مستەشفایەك هەبێت و دابین کرابێت و هەموو موقیمەك ئیشی خۆی بکات، ئەگەر هاتو تەنفیزیشی زەحمەت بێت لەبەر چەند هۆکارێك جا مەفروزە هەبێت، دووەم خاڵ بە نیسبەت بایەخ دان بە هێزی کار، جەنابی وەزیر لە هەموارکردنی قانونی وەزارەتی تەندروستی لێرە کە موناقەشەمان کرد لەگەڵ لیژنەی قانونی، ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی پەرلەمان زۆر زۆر داکۆك بووین، وابزانم ئەو خاڵەش پێشنیاری ئێمە بوو کە بایەخ دان بە هێزی کار بەردەوام تەقییمیان بکەین و هەتا ئەگەر کرا قانونی (CME) ( Continus Medical Education) هەموو دکتۆرێك مولزەم بێت لە هەرێمی کوردستان، ئەویش یەك لە بەندەکانە کە بچێتە کۆنفرانسەکان، بچێتە موحازەراتی پابەند بە گایبلاندەکی موحەدەد، بێتە (مەتینەڵی دێس) ، ئەوانە هەموو موفرەداتی تێدایە ئەگەر هاتو ئەو شتەمان هەتا بە ناو تەئکیدمان کرد کە (CME) داخل بێت، هەموو دکتۆرێك پابەندی بێت، زۆر بە ئاسانی حەل دەبوو، هەموو دکتۆرێك هیچ حەقیان نیە نەخۆش ببینێتەوە پاش پێنج ساڵ ئەگەر ئیعادەی تەقدیمی نەکەینەوە، ئەوە یەك لە نوقاتەکان بوو، نوقاتی دووەم دکتۆر باسی ئەوەی کرد کە دکتۆر کاری سیستەر دەکات، تەبعەن وەڵڵا ماوەیەك لە نەوەتەکان کاری فەراشی دەکرد، کاری سیستەری دەکرد، کاری حەرسیاتیشی دەکرد، لەبەرئەوەی دەیویست خزمەتی خەستەخانەکەی بکات، لە جەوێکی زۆر زۆر ناخۆش، یەعنی ئەوەی لە ناو مەوزوعەکەی نەبێت نەیدەتوانی تەقییمی بکات، نە ئەدەوات هەبوو، سەرباری ئەوەش شەڕ هەبوو و بریندار زۆر بوو، زۆر جەوێکی سەخت بوو، مەعاش نەبوو لە جەوێکی وا کاری کرد، کە تەبعەن کاری سیستەری دەکرد، ئەوکات کاری فەراشیشی دەکرد بە شانازیەوە، ئەگەر ئێمە بێین ئیعادەی تەقیمی سیستەمی تەندروستی بکەین چیمان پێ دەکرێت؟ کاری فیتاعی خاس چەند لەگەڵمان بەشدار دەبێت؟ ئەوە شتێکی ترە، دەبێت زۆر کۆڕو کۆنفرانسی بۆ دابنێین و بزانین چۆن ئێمە دەتوانین گۆڕانکاری لە سیستەمی تەندروستی بکەین بە باشترین نەوع و بە کەمترین مودە بێست کواڵتی و بێست کۆنتتی لە هەموو نەوعیەتی کادرمان و نەوعیەتی ئادامان، ئەدی تۆ بێ کادر بیت، تەبعەن کادیری عامل زۆر زۆر گرنگە، دەبێت ئیعادەی تەقییمی بکەی و باشترین نەوعیشی هەبێت تا بتوانی ئیمکانیاتت هەبێت باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەی، قانونێك هەیە ئێستا لە بەغدایە بە پێی ئەو قانونە دکتۆر ناگیردرێت، ئەوە قانونی مەدەنیە و وابزانم لە هەمووعالەمیش وایە، هیچ دکتۆرێك بانگ ناکرێتە مەحکەمە ئەگەر مەحامی ئەو مستەشفایە نەبێت، لەبەر ئەوەی قەتلی دکتۆر قەتلی غەیر عەمدیە، وابزانم یاساناسەکان لە من باشتر ئەو مەوزوعەی دەزانن، بەڵام ئەوە پێویستی بە هەموار کردنە و پێویستی بە بەدواچوونیش

هەیە، ئەگەر تیم وۆرکمان کرد تەبعەن، ئەوەش قانونی (CME) ی هەمووی عیلاج دەکات، بارمان پڕەو ناتوانین سەیتەرە بکەین لەسەری، ئەوەش کارە وەزارەتی تەندروستیە بە ئاسانی دەتوانی تەنسیق بکات لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، زۆر بە ئاسانی دەتوانی ئەو شتانە تەحدید بکات، بەلام ئەگەر هاتو نازانم ئەگەر جەنابی بۆمان ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی سەیتەرە بکات، بۆ ئەوەی سیستەمی تەندروستی بەس بۆ ئەوە و لەبەر ئەوەی تەعیینی نەکات گۆڕانکاری لە سیستەمی تەندروستی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تکایەکم هەیە کە لە تەوەری مەوزوعەکە هەوڵ بدەن دەرنەچن، ئەویش ئەو کێشەیەیە کە دروست بووە، دەتوانن ڕۆژێکی تر دابنێن و جەنابی وەزیر داوەت بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی باری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ولە هەموو بابەتەکانی، د.هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی جەنابی وەزیر تێگەیشتین کە ئەو کێشەیە لە چی حەصر بووە، کێشەکە لەوە حەصر بووە کە ژمارەی مەقیمی دەوری لە ناو شار زۆرەو لە دەرەوەی شاریش کەمە، کێشەکەی تریش ئەوەیە کە موقیم پابەند نیە بە دەوام کردنی، هەردوو کێشەکەش حەلی تری هەیە، تەنها حەلەکە ئەوە نیە کە ببێتە گرێبەست بۆ ئەمە کە ئەو دوو کێشەیە حەل بێت، بۆ نموونە مەسەلەی ژمارەی موقیمی دەوری کە لە ناو شار زۆرە لەبەر ئەوەیە کە ئیقامەکە بۆ ماوەی دوو ساڵە، پاش دوو ساڵ موقیم دەردەچێت بۆ دەرەوەی شار، هەموو ساڵێکیش خەریجمان هەیە، یەعنی وای لێ دێت هی پارو هی ئەو ساڵ پێکەوە لەناو شار دەبن، ئەو کێشەیە ئاسانە حەلەکەی، هەر دەکرێت مادام ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین یاسا هەموار بکەین و دەتوانین شت بگۆڕین، دەتوانین ئیقامە لە دوو ساڵ بکەینە ١٥ مانگ یان کەمتر حەسەب داوای وەزارەت، ئێستا دەتوانین ئەو کێشەیە بەو شکلەی تەقدیمی پەرلەمان بکەین بۆ ئەوەی هەموار بکرێت ئەوە، ئەگەر بووە ١٥ مانگ، هەم موقیم لەوە مەحروم نابێت لە ناو شار لەگەڵ پسپۆری جۆراوجۆر ڕاهێنان بکات، ئیقامەی دەوری بەشێکە لە ڕاهێنان کە موقیم تەخەروج دەکات لەڕووی تیۆرییەوە هەموو مەعلوماتەکەی تەواوە، بەلام لەڕووی پراکتیکەوە پێویستی بە ڕاهێنان هەیە، ئەو ڕاهێنانەش پێویستە لەگەڵ پسپۆرەکانی ناو شار کە ژمارەیان زۆرە، ڕاستە لە دەرەوەی شار ئێستا پسپۆری هەیە، بەلام بەو ژمارەیە نیە کە ئەو خیبرەیەی بۆ نموونە لە پسپۆری باتنیە لەوانەیە ئێمە ٣٠-٤٠ پسپۆرمان هەبێت مقیم لەگەڵ هەمووان دەوام دەکات، ئەو هەموو خیبرەیە وەردەگرێت، لەوانەیە لە دەرەوەی شار یەك دوویەكمان هەبێت لە نەخۆشخانەیەك، یەعنی ئەوە مەحرومی دەکەین لە خیبرە وەرگرتن، یەعنی هەر دکتۆرەك ئیجتیهاداتی خۆی هەیە و خیبرەی خۆی هەیە، چەند لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تر دەوام بکەن خیبرەی زیاتر وەردەگرێت، بۆئەوەی ئەگەر بکرێتە ١٥ مانگ ئەو خیبرە تەواوەی دەتوانێت بە مورەکەزی لەناو شار لەگەڵ پسپۆرەکان وەربگرێت، بەتایبەتی لە بەشەکان کە پێی دەگوترێت فەرعیات شەرت نییە لە هەموو شارۆچکەکان

هەبێت، ئەوەی نەخۆشی چاوە، نەخۆشی جلدیە، نەخۆشی لووت و قورگە، لە هەموو بنکەکان نیە ئەو ئیختیساسانە، خیلالی ئەو ١٥ مانگە ئەگەر ئەو ڕاهێنانەکەی بە تەواوی تەواو کردبێت دەتوانێت ٩ مانگەکەی تر وەکو ئیقامەی دەوری بچێتە شارۆچکەکان لە وێ ڕاهێنان بکات لەگەڵ ئەو پسپۆرانەی کە هەن لەوێ، لەبەرئەوەی ئەو ئامادە کراوە، دەتوانێت ئەو مەسئولیەتە لەوێش وەربگرێت، ئەوە یەك بە نیسبەت ژمارەکان، بە نیسبەت ئەوەی موقیم کە جەنابی وەزیر دەڵێت پابەند نابێت بە دەوام یان ئیلتیزامی تەواو نییە، ئەوەش دەتوانێت وەزارەت حەلی بکات، ئەو کێشەیە لە ناو قسمەکان هەیە، هەر موقیمەك لەگەڵ پسپۆرەك دەوام دەکات، ئەو پسپۆرە دەتوانێت لێپێچینەوە بکات و سزای بدات، دەتوانێت رەفعی بکات بۆ سەرۆك بەشەکە، رەئیس قسم مەسئولە لەوە، ئەویش دەتوانێت بۆ ئیدارە رەفعی بکات، یەعنی جاران هەڵسەنگاندنی نهێنی هەبوو هەر موقیمێك کە بەشەکەی تەواو دەکرد دوای سێ مانگەکە یەکسەر هەڵسەنگاندنی نهێنی هەبوو، یان باشە یان وەسەتە یان خراپە دەدرایە بەڕێوەبەری گشتی، یەعنی هەڵسەنگاندنەکەش هەر لە ڕووی زانستیەوە نەبوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش بوو کە بزانن تەعامولی لەگەڵ نەخۆش چۆنە؟ لەگەڵ زەمیلەکانی خۆی چۆنە؟ کێشەی هەبووە نەبووە؟ ئەوانە هەموو بە نهێنی دەدرایە بەڕێوەبەری گشتی، یەعنی هەڵسەنگاندن هەبووە بەس ئەمڕۆ ئەگەر تەفعیل ناکرێت ئەوە ئەرکی وەزارەتە، پێویستە پێداچوونەوە بەسەر سیستەمی خۆیان بکەن، یەعنی هەموو سیستەمێك ئەگەر لێپێچنەوە لەوە نەبێت ئەکید فەوزا دروست دەبێت، یەعنی ئەوە گەورەترین کێشەیە لەو سیستەمە هەیە، دەکرێت وەزارەت چارەسەری بکات و ئەوەش تەنها بە موقیم ناکرێت، یەعنی هەموو مەسئولن ئیخسائی ، پسپۆر، رەئیس قسم مەسئولە، هەموو دکتۆرەکان مەسئولن، تەنها ناکرێت  ئێمە یەك کێشەی بەسەر موقیم دا بسەپێنین، ئەو مەسئولیەتە بەو تەریقەیەش حەل نابێت، بۆ ئەوەی کە جەنابی وەزیر دەڵێت کە دەمانەوێ ئاستی زانستی موقیم زیادبکەین، ئاستی زانستی ڕاستە زۆر موهیمە، هەموومان لەگەڵ ئەوەین ئاستی زانستی زیاد بکرێت و موتابەعە بکرێت، بەڵام ئەوە لەناو نەخۆشخانە رەئیسەیەکاندا دەکرێ بەوە بێت کە جاران (دیث کۆنفرانس) هەبوو کۆنفرانس بۆ هەرحاڵەتێکی مردوو کە پێنج شەممان کۆنفرانس دەکرێت، هەموو موقیمەکان بانگ دەکران، موقیم ئەقدەمەکان بانگ دەکران هی ئەو بەشە، هەروەها ئیخسائیەکانیش بانگ دەکران موناقەشەی ئەو حاڵەتە دەکرا، بۆ ئەو وەفاتە ڕووی دا؟ کێ مەسئولە؟ کێ ئیهمالی کردووە؟ هەموو شتەکان وازح دەکران و دیاری دەکرا مەسئولیەتەکە لەسەر کێیە؟ بۆ ئەوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە، بەوەی ئاستی زانستی و زیاتر پابەند بوون دروست دەبێت، ئێستا ئەو شتانە زۆر کەم دەکرێن، یەعنی بەڕاستی ئەوەش بەشێکە لە سیستەمەکە کە دەکرێت کۆنفرانسات و میتینگ زیاتر بکرێت لە ڕۆژانەی دەوامی موقیم کە ئێستا زۆر کەمە،  بە نیسبەت ئەو مامەڵە کردنەی بە گرێبەست، ئێمە تەسەور دەکەین ئەوەش کێشەیەکی تر دروست بکات کە نادادپەروەری بڵاوببێتەوە لەناو دکتۆرەکان، یەعنی دادپەروەری هەیە کە هەر هەموو دادەمەزرێن و پاش ئەوە هەر هەمووشیان تەوزیع دەکرێنە سەر شاروشارۆچکەکان؟ ئەو کاتە ئەگەر بە گرێبەست بێت ئەکید بۆ هەندێکیان گرێبەستەکە ناو شار دەبێت و

بۆ هەندێکی تریان لە دەرەوەی شار دەبێت، بۆ هەندێکیان لە جێگای نزیك دەبێت و بۆ هەندێکیان لە شوێنە دوورەکان دەبێت، بۆ هەندێکیان نویێ دەکرێتەوەو بۆ هەندێکی تریان نوێ ناکرێتەوە، ئەوەش دەرگایەکی تر دەکاتەوە، ئێمە نامانەوێت ئەو نادادپەروەریە لە ناو دکتۆران دروست بێت، کێشەیەکی تر هەیە، ئەگەر هاتو ئەو دکتۆرە کە بە نیسبەت خوێندنی باڵا و تەڵەبەی دیراساتی عولیا بوو بۆی نوێ نەکراوە، ئەوە لەکوێ دیراساتەکەی تەواو دەکات، یەعنی بە نیسبەت خوێندنی باڵای پزیشکی دەکرێت لە ناو موستەشفەیاتی تەعلیمی بێت، ناکرێت لە هیچ جێگایەکی تر بکرێت ئەگەر مەبەستیان کەرتی تایبەتە بتوانێت ئەوە بکات، کەرتی تایبەت مەجبور نیە موقیم فێربکات، ئەو کەفائاتی باشی دەوێ بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ بکات، لەبەرئەوەی ئەو پارە لە نەخۆش وەردەگرێت، لەبەرئەوەی موقیمی مودەربی دەوێت، موقیمێکی ناوێت کە جارێ تەدریبی نەکردووە و لەوێ فێر بێت، یەعنی کەرتی تایبەت خزمەتی موقیم ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە موختەسەری بکەنەوە، د.رمضان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی دادپەروەری دەکەین وەکو کۆمەڵگاکەمان غەرق بووبێ لە دادپەروەری و بەس لە بورای دکتۆر و تەعینی دکتۆر دا مابێت، مەسەلەی گرێبەست بوون و نەبوونی، نە گرێبەست ئەو دەرمانەیە چارەسەری هەموو کێشەکانی وەزارەتی تەندروستی بکات و نە ئەو سیلاحەشە کە خەتەرێك بێت لەسەر پزیشکەکانمان کە لەلایان بووەتە دێوەزمەیەك، باسی تەقیم دەکرێت لە وەزارەت دا، تەقیم هەر ئەو کەسانە دەیکەن کە ئێستا بەرپرسن لە وەزارەت، جا ئەمە تەقیمی بەندی ناو گرێبەست بکەن یان بەندی تەعین بکەن، خۆ بە پێی تەعیناتیش ئەم تەقیمە هەر هەیە، هەر مودیر موستەشفایەك رەئیسی قسم و مودیری عام و ئەوانەمان هەن کە دەتوانن ئێستاش بەپرس بن، بەڵام کەسیان نایکەن، هەموومان لە کاغەزی بەپرس و سیاسیەکانمان دەترسین کە دەڵێن تەدەخولی هەموو شتێك دەکەن، ئێمە ڕاستیەکانمان شێواندووە، لە کاغەزی بەرپرس بترسین لە ناردنی پزیشك بۆ ئەتراف، باشە بۆ جەریئانە نەبین بە تایبەتی بۆ کەمکردنەوەی ئیمتیازاتی خەڵکانی ئیداریمان باشترین فورسەتە ئەو خەڵکانە جەریئتربن، مودیر عامێك شتێکی بە دڵ نابێت کورسیەکەی بەجێ دێڵێ، وەزیرێك بە جێ دێڵێ، بەڵام ئێمە هەموومان دەستمان پێوە گرتووە و دەمانەوێ، لەبەرئەوەی خۆمان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دانین، چاوپۆشی لەخوار خۆمان دەکەین، کێشەکان کێشەی هەموو کۆمەڵگایەو هی وەزارەتی تەندروستی نیە بە تەنیا کێشەی حکومەتە، کێشەی ئیدارەکەمانە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت پێیدابچینەوە، جارێ لە وەزارەتی تەندروستی دەستی پێ کردووە، بەڵام لە هەموو دەزگاکە کێشەی بەرپرسیاریەتی و لێ پرسینەوەمان هەیە، باسی ئەتراف دەکرێت، من لە ئەتراف بووم کێشەی پزیشکەکان و خەڵکی ئەتراف هەیە لەلایەن بوونی دکتۆری خولاوە، بەس

گوناهەکە لەوەدایە کە مودیری موستەشفاکە عقوبەکەی دەدات لای مودیرعام ڕەش دەکرێتەوە کاغەزەکەی بۆ دەنێردرێتەوەو لە باتی ئەویش پشتیوانی لێی بکات، مودیر عامەکە دەیدات لە وەزارەت ڕەت دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی کاغەزێکی لە پشتەوەیە، کەواتە ئێمە کە باس لە عەدالەتی ئیجتماعی دەکەین لە کۆمەڵگاکەمان دانیە، نەك لە ئەوەی کە خەستەخانەیەکی ئەهلی کراوەتەوە، چوار دەوڵەمەند دەچێت یان مەسئول دەچێت، کۆمەڵگا کە تێیدا نیە و بەوەش حەل نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری فەرموو، توخوا شاهێدیتان وەرگرن، من هەموو جارێك دەڵێم لە پشتەوە دەست پێ دەکەین، هەموو جارێك لە پێشەوە دەست پێ ناکات؟ کاك جمال ئەو توهمەیە بۆ بە بەلاش دەدەی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من تێبینیەکی زمانەوانیمان هەیە، وا خۆمان خەریکین زمانەکەشمان ئەنفال دەکەین، وشەی گرێبەست قەت کورد بەکاری نەهێناوە، خەریکە دەچەسپێ لە ناو زمانەکەماندا لە جیاتی وشەی ڕێککەوتن، قەت کورد نەیوتووە گرێم بەستووە سەبارەت بە فلان بوار، هەر گوتوویەتی ڕێککەوتووین، ئەوە جارێ یەکەم تێبینیە، بێینە سەر سیستەمی تەندروستی، جەنابی وەزیری تەندروستی ئاماژەی بۆ بەشێکی زۆر لە رووە خراپەکانی ئەو سیستەمە کرد، من لەگەڵی دام و زۆریش لەوە زیاترە کە جەنابی ئاماژەی بۆ کردن، هۆکارەکانیشی دیارن، پێویست ناکات کە باس لە هەموویان بکەین، یەکێکیان ئەوەیە کەوا ئێستا ئاستی زانستی لە هەموو زانکۆکانی کوردستان بە تایبەتی لە کۆلیژە پزیشکیەکان، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەچن، ئەویش هۆکاری دی هەیە، یەکێك لە هۆکارەکانی قبوڵی خاسە، قوتابیەك ٦٥ ی دەرهێناوە لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیراوە، ئەمە یەکێکە لە هۆیەکان دەبینین کە چەندین پزیشك هەن کە ئێستا لەبەرئەوەی کەوا کوڕی فلان بەرپرسە یان لەبەرئەوەی کەوا بە قبوڵ خاس وەرگیراوە بووە بە پزیشك و هیچی لێ نازانێت، ئەخلاقیەتی پزیشکی ئەمڕۆ بە داخەوە لە ناو کۆمەڵگای پزیشکانی ئێمەدا ئەویش لە دابەزین دایە، ئەویش هۆکاری زۆرە و ناتوانین لێرە ئاماژەیان بۆ بکەین، وەڵامی من زیاتر لەڕووی قانونیەوەیە، ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت دەسکاری ئەو قانونانە بکات کەوا لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە یان پێشتر لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە پەسەند کراوە، وا هەست دەکەم ماوەیەکە ڕاوبۆچوونێکی گەلێك مەترسیدار هەیە کە ئێمە ناتوانین دەسکاری ئەو قانونانە بکەین کەوا لەلایەن ناوەندەوە پەسەندکراون، ئێمە دەتوانین دەسکاری هەموو جۆرە قانونێك بکەین تەنیا ئەو ماددانە نەبێت کە پێی دەڵێن ماددەی حەسری، ئێمە دەتوانین لێرانە دەسکاری قانونی خدمەی مەدەنی بکەین، بەمەرجێك کەوا ئەمە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی بزانین، بۆیە ئەو قانونە پێویستە دەسکاری بکرێت، بەڵام لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەوەی کە بڕیار دراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەوە بە نیزام دەدرێتە قەڵەم، دەستوور هەیە، قانون هەیە، نیزام لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئینجا

تەعلیماتەکان لەلایەن وەزیری تایبەتمەندەوە، چاکتر بوو ئەوەی کەوا لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە بهاتبایە ئەم پەرلەمانە وەکو پرۆژە قانونێك لێرە زۆر بەوردی تەماشا دەکراو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرا و پەسەند دەکرا، ئەو کاتە وەزارەتی تەندروستی دەیتوانی کاری پێ بکات، زۆر درێژە بە قسەکانم نادەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس سەرۆکی ئەنجومەن، لە پێش هەموو شت من دڵنیام لە نیەت پاکی و داخوازی ڕیفۆرم لە سیستەمی تەندروستی لەلایەن جەنابی وەزیری تەندروستیەوە، بەلام ئەو کەسەی کە هاتووە لەناو کۆمەڵێك وێرانی و دواکەوتوویی ڕیفۆرمێك بکات، بۆیە ئەنجامەکەی وای لێ دەکەوێتەوە و خەڵکی ئێمە تەقەبولی ناکات، بەداخەوە ماوەیەکە ئێمە هەموومان دەبینین و شاهیدین، دوو ساڵە هەر هەنگاوێك کە کەرتێك لە کەرتەکان و وەزارەتێك لە وەزارەتەکان دەیانەوێ بیکەن و گۆڕانێك بکەن ئیعترازی کۆمەڵێك خەڵکی لێ دەکەوێتەوە، لەدانی فەرزی خانووبەرە ئەنواعی وتار دەگوتراو وتار دەنووسرا، لە مەسەلەی گۆڕینی مەنهەجی خوێندن لە زانکۆی پزیشکی هەولێر کە کراوەتەوە تەڵەبەکان هەمووی ئیعترازیان کرد کە بۆ دەبێت مەنهەج بگۆڕدرێت، لە بڕینی دەرماڵەو زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایان بە هەمان شێوە، یەعنی بەردەوام هەر گۆڕانێك کە ئێمە دەیکەین کە وەکو یاسای باری کەسێتی کە تەقینەوەیەك بوو، بەڕاستی ئەو نارەزایەتیەی لێ کەوتەوە بەهەردوو جەمسەریەوە، کێشەی ئێمە کێشەیەکی کلتوریە وەکو کاك د.رمضان باسی کرد، بەڕاستی تەنها لە کەرتی تەندروستی ئێمە ئەوە وەزعمان نیە، بۆیە لێرەدا لەگەڵ د.فؤاد موتەفقین کە تەنها دکتۆرەکان وانین، لەو ناحیەوە وا دەڵێم، ئێمە ئەو کەموکوڕیانە لە ناو مامۆستایەکانیش زۆردەبینین کە بەشێکی بۆ هەست بە مەسئولیەت کردن دەگەڕێتەوە، ئەو حکومەتە خەڵکی ئێمە بە حکومەتی خۆی نازانێت، بەلام ئەوانەی کەوا بیردەکەنەوە و نایانەوێت ئەو گۆڕانانە بکرێت، دائیمەن لە بێ هێزترین و بێ دەسەلات ترین کەسان دەست پێ دەکەن و لەوێوە دەیانەوێ کاریگەری خۆیان ببینن، بۆیە ئێمەش دەبێت بەردەوام تەڵەبە بۆتە ئامرازێك لە دەست کۆمەڵێك ئەو خەڵکانەی کە نایانەوێت گۆڕان بکرێت، بەڕاستی یەکەم دەردی ئێمە کلتوریە کە زۆر بە زەحمەت هەنگاو دەنێین بۆ گۆڕان، دووەمیش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی سیستەمی پەروەردەو خوێندنی بالامان کە ئەو جۆرە وەچەو بەرهەمەمان بۆ دروست دەکات کە هاوکار نیە لە گۆڕان و نایەوێت گۆڕان بکات، ئینجا لەدوایی دا بەڕاستی جەنابی وەزیری تەندروستی ئێوە وەکو ئەندامێك لە ئەنجومەنی وەزیران حەق وایە جەخت بکەنەوە لەسەر پلانی گشتی بۆ خەڵکی ئێمە بە ئاشکرایی و شەفافیەت باس بکرێت، پلانی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ٥ ساڵ چیە؟ ئێستا کێشەی ئەو ١٠ هەزار تەڵەبەیە ئیفرازاتی ئەوەیە کە

ئێمە پلانی گشتیمان نیە، جەنابت لێرە دەتەوێ گۆڕانێك بكەی لە بواری تەندروستی، ئێمە نازانین ئایا لە كەرتەكانی تر ئەو گۆڕانە دەیەوێت بكرێت یان نا؟ تۆ ئاوەدانی نەگەیەنی ئەقسا نوفاتی كوردستان، شوێنی حەوانەوە بۆ مامۆستاو بۆ دكتۆر تەئمین نەكەی كام گەنجی ٢٢ ساڵە و ٢٥ ساڵە حازرە بچێت لە سیدەكان و لەو ناوچە شاخاویانە بێ هیچ ئیمكانیەتێك، نە ڕێگاوبان و نە ژیان تەئیمین كردن بتوانێ لەو شوێنانە خزمەت بكات، ئەمە كێشەیەكە كە ئێمە ئێستا تێی چەقیوین، بۆ ئەوەی تەڵەبەكانمان لەو مەنتقانە لە خراپترین ئاست دان، هەرە ئەوانەن كە دوایی قەتیش نابن بە پزیشك و بگەڕێنەوە ناوچەكانی خۆیان، كۆمەڵێك گۆڕانی زۆر گەورەتر هەیە كە ئێمە ناكرێت بەس لە كەرتی تەندروستی دا دەست پێ بكەین یان بەس لە خوێندنی سەرەتایی و بنەڕەتیەوە دەست پێ بكەین، ئیرادەیەكی گەورەی سەركردایەتی كورد و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت كە دەیەوێت گۆڕان بكات لە سیستەمی ئیداری و لە سیستەمی پەروەردەو لە سیستەمی خوێندنی باڵاو بەڕاستی گۆڕینی عەقڵیەتەكانی كە حوكم دەكەن، تەداخولاتیش كەم بكرێتەوە لەسەر هەموو دامودەزگاكانی خۆمان، هەموو جۆرە تەداخولاتێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو كەسەی كە دەیەوێت گۆڕان بكات بتوانێ بەڕاستی هەنگاو بنێ بۆ گۆڕان ئەمانە هەمووی كێشەن كە ئومێدەوارم پەرلەمانیش بتوانێ هاوكاری حكومەت بێت، جەنابی وەزیریش كە ئەندامێكە لە ناو ئەو مەجلسی وزەرایە بتوانێ كێشەكان بەو شێوەیە كە هەمووی تێكهەڵكێشە ناكرێت لە شوێنێكەوە ئێمە دەست پێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من پێم خۆشە سڵاوڕێزی خوشكان و برایانی جالیەی كوردی ڕابگەیەنم بە سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، كە بە فورسەتمان زانی و لیقایەكی زۆرمان هەبوو و بە ناوی پەرلەمانەوە قسەمان بۆ كردن، ئەوانیش زۆر دڵ خۆش بوون بە پەرلەمان، سوپاس و ڕێزیان بۆتان هەبوو، داوایان لێتان دەكرد كە زیاتر بەدەمیانەوە بێن، بە تایبەتی كێشەیەكیان هەیە كە بەزۆر وڵاتی بەریتانیا دەیانێرێتەوە، پێیان وابوو كە پەرلەمان خەمێكیان لێ بخوات، لەڕاستی دا ئەو بابەتەی كە من گوێم لێ بوو بەڕێز د.زریان وەڵامی ئەو ڕاپۆرتەی دایەوە، من دەست خۆشی لێ دەكەم بۆ وەڵامەكەی و دەست خۆشیش لە لیژنەكە دەكەم، بەڵام من پێم باشە ئەوە بڵێم كە ئێمە چارەسەری ڕیشەیی ئەو بابەتانە بكەین، نەك زۆر جار پەرلەمان كۆدەبێتەوە یان حكومەت گرفتەكان هەروەكو خۆی دەمێنێتەوە، لە قسەكان دا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان هەموومان ئەوە دەخوێنینەوە هەر لە وەزیرەوە تا هەموو دام ودەزگاكان جۆرێك لە بێ دەسەڵاتیان پێوە دەردەكەوێ هەركەس كە دەیدوێنی لای ئێمە گرفتی ئەوەی هەیە ئیشەكانی لەبەر ناڕوات، لەڕاستی دا ئینسان كە دەرەوە دەبینێت ئەو وڵاتانە بەیەك شت توانیویانە چارەسەری كێشەكانیان بكەن،

ئاسایش و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکەن، ئەویش بە سەروەریەتی یاسایە، من داوا دەکەم پەرلەمانی بەرێز بە جدی هەڵوێست بگرین لەبەرامبەر حکومەت لە جێ بەجێ کردنی یاساکانەوە، چونکە ئەگەر یاسا سەروەر بوو ئیتر هەم دکتۆرەکە و هەم فەرمانبەرەکەی تر پێویستە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانەوە، وەزیر دێت لێرە گلەیی دەکات لای ئێمە، بۆ نموونە لە مەرکەزی شارەکاندا ئەوەندە پزیشك دەوام دەکات، بەڵام لە دەرەوەی شارەکانیش ئەوەندە، بەڵام ئەگەر یاسا سەروەر بوو بە گوێرەی یاسا هەرکەس پێویستە پابەند نێت بە یاساوە، جا من داوام وایە بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو شتانە زۆر نەوترێتەوە و نەبێتە قەزیەیەکی گلەیی و گلەیی لێ کردن، پەرلەمانی بەرێز لەمەودوا وەکو هەر بەشێك فشاربخەینە سەر حکومەت بۆ ئەوەی هەندێك گرفت کە ئێستا هەستی پێ دەکرێت لە قسەکاندا و لە بابەتەکاندا بۆ نموونە فلان دکتۆر لە نەخۆشخانەیە، لە خانووی نەخۆشخانەکە ماوەتەوە چەندین ساڵەو منداڵە گەورە بووە و خۆی لە ناوشارەکەدایە، ئەمە برێك شتی لێ دەخوێندرێتەوە و بەدواداچوونی بکەین بۆ کێشەی ئەو قوتابیانە کە بەو شێوەیە چارەسەربکرێت، خاڵێکی تر کە دکتۆر ئاماژەی پێ کرد، بە نیسبەت تەعین بوونەوە هەر ئەو یاسایە و ئەوەی کە دیارە پزیشکی دەرچوو دەتوانێ گرێبەست لەگەڵ هەموو وەزارەت و فەرمانگاکان بکات جگە لە وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستی پێویستە تەعینی بکات، من وا حاڵی بووم ئەگەر دکتۆر ئەوەم بۆ شی بکاتەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت و بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە سڵاویان بۆ ئێمە ناردووە، بەخێر بێیەوەو انشالله سەلامەتی، کاك دیلمان فەرموو.

**بەرێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی گۆڕانی سیستەمەکە منیش لەگەڵ ئەوەم کە هەموو سیستەمێکی ئێمە پێویستی بە گۆڕانە، بەڵام عەوامل و هۆکاری خۆی هەیە و دروستیش نیە هەر وا بە ئاسانی موقارەنەی ئێرە لەگەڵ سیستەمەکانی دەرەوەو وڵاتانی پێشکەوتوو بکەین، چونکە ئەوانەش لەسەر ئەساسی کۆمەڵێك تەرەکوماتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و موئەسەساتی ئەو سیستەمە دروست بووە، ئێمە وابزانم دەبێت موستەلزەماتی ئەو گۆڕانە پەیدا بکەین پێش ئەوەی بەلەزی بکەین، من لەگەڵ ئەوەم گرێبەستەکە ڕابگرین ئێستا، چونکە یەکەم: هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نیە، دووەم: ئێمە لە موازەنەی ٢٠٠٨ وابزانم بڕیارمان داوە بۆ وەزارەتی تەندروستی زیاتر لە ٥ هەزار دەرەجەی وەزیفیمان داناوە، ڕەنگە ئەم ساڵ ٢٠٠٨ ەکە دکتۆرەکان هاتبنە دامەزراندن، ئەوجا بە پێی پلانێکی وازح و تەهیئە کردن ئەو سیستەمەی تر هاتە وەرگرتن، تەبعەن ترس لە عەقدەکەو گرێبەستەکە هەیە، چونکە فعلەن تا ئێستا ئێمە هەڵسەنگاندن لەسەر ئەساسی میهەنی و موئەسەساتیمان نیە، هەتا دامەزراندنیش لەسەر ئەو ئەساسە نیە، کۆمەڵێك هۆکاری تر تەدەخول دەکات، قەرابەیە و حزبایەتیە و کۆمەڵێك شت کە دەبنە ئەساسی تەقیم، لەبەرئەوەیە کە ترس

له عەقدەکە هەیە، مومکینە ئەوەی کە هاتووە لە عەقدەکەو لە گرێبەستەکە یان لە تەوزیفی وەزیفی ئەوانە ببنە مەرجی تەعین، ئەوانە ببنە ئجرائاتی ئیداری بە موتابەعەی دکتۆرەکان و بە موحاسەبات و ئیلتزام بەو مەرجانە هاتنە کرن، یەعنی زیاتر لەلای ئیداریەوە مومکینە زەوابت دابنێن پێش ئەوەی ئەو عەقدە بکرێت، من لەگەڵ ئەوەم ئێستا گرێبەستەکە ڕابگیردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە زۆربەی قسەکانم کرا، بەڵام من هەر تەئکید دەکەمەوە کە هەمووومان کۆك و تەباین لەسەر ئەوەی کە سیستەمی تەندروستی لەم هەرێمەی ئێمە سیستەمێکی دواکەوتوو و خراپە پێویستی بە ئەوە هەیە ئەو سیستەمە بگۆڕێت بە سیستمێکی پێشکەوتووی سەردەمیانە، گۆڕانکاری بکرێت کە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی و گشتگیر، بۆیە داوادەکەم تا ئەو کاتەی کە ئەم گۆڕانکاریە بکرێت وە ئەم مەسەلەیە هەڵبوەشێتەوە و سیستەمەکەمان بکرێتە سیستەمێکی پێشکەوتووی وەك ئەو وڵاتانەی کە دکتۆرەکان تیایدا بە گرێبەست دادەمەزرێن و یاسای بۆ دەربکەین و چەندین یاسای تری بۆ هەمواربکەینەوە، پێویستە سیستەمەکە بگۆڕین و یاساکان هەمواربکەین ئینجا پزیشکەکان بە گرێبەست دابمەزرێنین تا ئەو کاتەی ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من زۆر بە ڕێزەوە تەماشای جەنابی وەزیر دەکەم، چونکە یەکێکە لەو وەزیرانەی کە ئومێدمان هەبووە لە کابینەی حکومەتی هەرێم سیستەمی تەندروستیش چارەسەر بکات و بەرەوپێشی ببات، یەك، دوو ساڵی یەکەمی وەزارەتەکەی زۆر گورج و گۆڵ هاتە بەرچاومان، بەڵام ماوەی ساڵێکە هەست دەکەم سست بۆتەوە لە بەرنامە ئیسلاحیەی کە بە دەستیەوە بوو، وەکو جاران نایبینم، وەکو یەکێك لە ئەندامی دەستەی باڵای پەرلەمانتارانی کوردستانیش ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك د.زریان لە تەقریرەکەی یەکێتی پەرلەمانتاران خاڵی یەکەم باسی ئەو مەسەلەیە دەکات شتێکی لەگەڵ دایە هاوپێچە و یەکێتی پەرلەمانتاران نیە، بەڵکو ئەو یاداشتنامەیە و ئەو شتانەی کە هاتبوون باسی ئەو کەلیمەی کە لە دوای تەعین نووسراوە بە فەرمی لە دەقی نووسراوەکەی یەکێتی پەرلەمانتاران نەهاتووە، ئەوە وەکو ڕوونکردنەوەیەکە بۆ جەنابیان، پاشان بەڕێزیان باسی ئەوەیان کرد کە دکتۆرەکان مەکروهن لەلای خەڵك، من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی وانیە، زۆربەی دکتۆرەکان باشن و لە هەموو شوێنێکیش و چینێکیش

خەڵکی کەمتەرخەم هەیە، دەبێ لە بیرمان نەچێت ئەو قوتابیانەی کە لە کۆلیژی پزیشکی دەخوێنن نوخبەی موجتەمەعن، ئەوانەن کە نمرە زانستیەکانیان لە ٩٥ بەرەو سەرەوەیە، ئەمانە دەبێت تەشجیع بکرێن، گیانی زانست خوازی لەنێو نەوەکانی ئێمە تەشجیع بکرێت، بەڵام هەر لە ئێستاوە ئەو قوتابییەی کە لە ئامادەیی دەخوێنێ و خۆی حازرکردووە کە لە پۆلی شەش نمرەی باش بێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە پزیشك، ئێستا بزانێت سەرئەنجامەکەی بەو شێوەیەو تەعینەکەی مسۆگەر نیە دەبێتە عەقد و لەوانەیە خانەنیشین نەبێت و لەوانەیە بێ بەش بێت، من پێم وایە ئەوە باش نیە، هەموو ئەو کەمتەرخەمیانەی جەنابی دکتۆر زریان باسی کرد جێی خۆیەتی تەوسیفی وەزیفی زۆر جێ بەجێ بکرێت، دابەش کردنی موقیمەکان هیچ پەیوەندی بە مەسەلەی گرێبەستەوە نیە، من نازانم گرێبەست چ لەو موشکیلانە حەل دەکات، کەس دەستی نەگرتووە بێت چارەسەری ئەو گرفتانە هەمووی بکات و ئێمەش وەکو پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان دەتوانین پشتگیری باشی بکەین، هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ خەڵکی ئێمە ئایا تا ئێستا توانیومانە لە وڵاتی خۆمان هەڵسەنگاندنی زانستی هەبێت؟ چ شتێك هەیە کە رێگر بێت لە واستەو واستەکاری و خزمایەتی و زۆر مەسەلەی تر، ئایا ئەو دکتۆرە باشە یان باش نیە؟ مەسەلەی تەعین لە حەفتاکانەوە ئەو یاسایە دەرچووە بۆ تا ئێستا هیچ کەس بە گرێبەست تەفسیری نەکردووە؟ وەکو جەنابتان لەتەعریفەکە باست کرد کە تەعین گرێبەستیش دەگرێتەوە، پێم وایە تەعین مەفهومەکەی زۆر وازحە، گرێبەست بۆ ئەوانەیە کە پاش خانەنیشین دەتوانی بیانهێنیەوە، یان کەسێك لە دەرەوەیە و عەقدی لەگەڵ دەکەی، کێشەی تر زۆرن پێم وایە وەزارەتی تەندروستی هەوڵی جدیان بۆ داوە، مەسەلەی دەرمانە کە چەندین جار کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە کە تا ئێستا حەل نەبووە، نەبوونی مەرجە تەندروستیەکان لە عیادەی پزیشکان، باوەڕ بکەن پسپۆڕ وەکو پێویست لە خەستەخانەکان نین، ئێمەش هاووڵاتین و بۆ نەخۆشی خۆمان موراجەعەی خەستەخانەکانمان کردووە، دەبینین کە خەستەخانەکان لە سەرشانی موقیمەکان ڕاوەستاوە، کەمتر وایە کە پسپۆڕەکان ئیلتزامیان هەبێت وەکو خۆیان فەرموویان، لەبەر هەندێك ئیرتباتاتی خۆیان یان ئەو عەمەلیاتانەی کە نەخۆشخانەکان هەیانە، بۆیە منیش داواکارم ئەو گرێبەستە کۆتایی پێ بێت، تەعینەکە هەمان مەبەست جێ بەجێ دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فضیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی دا من لەگەڵ هەر قسەیەکم کە بەڕێز وەزیر کردی، ئەو واقعەی تەندروستی خۆمان هەیە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، ئەوە بەرپرسەو ئەو مەسئولە، ئەو چی کردووە بۆ ئەو نەواقسە؟ بۆچی هەتا ئێستا کە ئەو موشکیلە هەیە و تەغیری باشتری نەبووە، دووەم: بۆچی خەڵك موعارزی تەغیر دەبێت؟ بۆچی خەڵك حەز لە تەغیر ناکات؟ لەڕاستی دا بابەتەکە ئەوە نیە کە کۆمەڵگای ئێمە حەز لە تەغیر ناکات، بۆ

هەر پرۆژەیەك و بۆ هەر یاسایەكی بێت، بەڵام كە تەغیرەك یان گۆڕینەك دێتە كرن مەفروزە دیراسەیەكی زۆر بە وردی بۆ بكرێت، بۆ ئەوەی نەبێتە ئەگەری پەیدابوونی دیاردەیەك پەیدا بكات، بۆ نموونە ئەو گرێبەستە مەفروزە هەر تەغیرەك كە دەبێت تەوعیەیەك هەبێت و خەڵك بزانێت قەسدی ئەوە چیە، یەكسەر پرۆژە تەقدیم دەكات و موافقە لەسەر پرۆژەكە دەهێتە كرن و هێشتا خەڵكیش هیچ هۆشیاری پێ نیە، ئەوە دەبێتە سەبەبی ئەوەی خەڵك گوێ نەگرێت و ببێتە موعارز بۆ ئەوەی مەشاكلی پەیدا بێت، ئەوجا هێڤی دارم خەڵك تەوعیەی بۆ بكرێت، چونكە ئەو یاسایانە بۆ خەڵكە، هەتاوەكو خەڵك بزانێت بۆچی ئەو گرێبەستە هەیە، وابزانم ئەو مەشاكلەی صحەی بەو گرێبەستەی حەل نابێت، مەفروزە دیراسەیەكی باشتر و یاسایەكی باشتر بهێتە دانان كەفعلەن بتوانی ئەو موهیمە ئینسانیە كە ئێستا فعلەن بووە بە تیجارەت، یەعنی موحتاجی دیڤچوونەكی دیە، موحتاجی موراجەعەكی دیە، موحتاجی هەندێك یاسای نوێن، بۆ ئەوەی بتوانن كێشەی تەندروستی لە كوردستان حەل بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمرفەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشەكی زۆر ڕێزم بۆ ئەو گوتانەی جەنابی وەزیر هەبوو، دیارە وەزیر یەكێكە لەو كادیرانەی كە پێی خۆشە چاكسازی لەبواری كارەكەی خۆیدا بكات، بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بە جەماوەری گەلی كوردستان بگەیەنێ، بەڵام پێم وایە جەنابی وەزیر باش ئەو هەدەفەی خۆی نەپێكا كە باس لەوە دەكات كە پەرلەمان كاری لە یاسادانانە و دەوری نیە لە یاسادانان، یاخود لیژنەكانی ناو پەرلەمان بە تایبەتی لیژنەی تەندروستی یان هەموو لیژنەكانی تر كە هەركەسە موتەخەسسن لەبواری خۆیاندا كە لەو یاسایانەی كە موتەعەلقە بە ئیشەكەی خۆیەوە و دەستی هەبێت و ڕەئی خۆی تێدا دەربڕێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە ئەو مەسەلەی گرێبەستە كە ئێستا بووەتە مەوزوعی دانیشتنەكەمان و كێشەی ئەو قوتابیانەی كەوا ئێستا دەوام ناكەن، ڕاستە جەنابی وەزیر ئەگەر لێكدانەوەی تەعین بەوە بدات بە گرێبەست، ڕاستە تەعین كردن، من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام ئەو كەسەی كە تەعین دەبێت تەڵەب تەقدیم دەكات و موافق دەبێت بەشروتی دەوڵەت، ئەوجا یەڵلا تەعین دەبێت، خۆی لەخۆیدا پێی دەوترێت گرێبەست، بەڵام ئەم گرێبەستەی كە ئێستا جەنابی وەزیر باسی كرد لەگەڵ ئەو سیستەمەی كە ئێستا خۆی پەیڕەوی دەكات و لە صحە دەڕوات بەڕێوە پێم وایە ناگونجێت، جەنابی وەزیر دەیتوانی ئەو گرێبەستەی كە ئەو ئێستا بە قەزیەی چاكسازی لە ناو كاری وەزارەتەكەی خۆی و بواری پزیشكان دا بكات، دەیتوانی دوای ئەو كۆنفرانسەی كە لە مانگی ٢ دا لە هەولێر دەبەسترێ بە ئیعتیباری ئەوەی تەتویر بە سیستەمی پزیشكی و تەتویر بە ئیمكانیەتی دكتۆرەكان بدەن، دەیتوانی لەسەر زمنی ئەوەوە بە پێی ئەو سیستەمە تازەیە مەشروعێكی تازە پێشكەش بە پەرلەمان بكات و لەوێدا باس لەو گرێبەستە بكات بە هەر سیفەتێك، بەهەر

نەوعێك كە هەیە، یان هەر شروتێكی كە بۆی دادەنێ، نەك ئەوەی كە جەنابی وەزیر ئیشارە بەوە بدات كە دەڵێت بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، من لەوە هاوكاری بەڕێز دكتۆر نوری دەكەم كە ئەوەی جەنابی سەرۆكی وەزیران دەكات، بڕیارە كە ئێستا ئیشی لەسەر دەكرێت یاسایە و یاسا بە یاسا دەوەستێت و یاسا بە یاسا دەگۆڕێت، یاسا بە یاسا زیاد و كەم دەكرێت، نەك بە تەعلیمات و نەك بە ئەنزیمات، لەبەرئەوە پێم وانیە ئەو گرێبەستەی كە ئێستا جەنابی وەزیر باسی لەسەر دەكات ببێتە هۆكاری ئەوەی كەوا ئەو تەعینەی كە لەناو قانونەكەدا هاتووە و لە ناو قانونی تەدەروجی وەزیفی توبی ببێتە هۆی ئەوەی كەوا ئەو تەعینە بوەستێنێ، خۆی ڕاستە بە كەلیمەیەكی موتڵەق هاتووە، یەعنی تەعین كردن بە هەموو شتەكانەوە، یەعنی بە سیفەی ئیزامی هاتووە و واجبە لەسەر شانی دەوڵەت، واجبە لەسەر شانی وەزیری تەندروستی تەعینی ئەو تەڵەبانە بكات، ئەمە ناحیە یاساییەكانی، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ناحیەكانی تری لە ئێستاوە ئەم گرێبەستە بووەتە هۆی ئەوەی كەوا تەڵەبەكان دەوام نەكەن، ساردبوونەوەیەكی تیادەبێت لەلای تەڵەبەكان هەوڵ نادەن ئیتر بەو شێوەیە هەوڵ بدەن و مستەوای زانستی خۆیان بەرزبكەنەوەو دەرەجەی بەرز بێنن و بچنە كولیە، ئەمە بۆچی؟ تەفسیری عەقدەكە دەكەن، ئەگەر ئەو عەقدەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیدا و وەكو یاساناسەكانی لێرە ئاگادارن، ئەو عەقدەی كە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیدا دەچێتە بابی عقودی ئیزعان، یەعنی لە تەرەفی حكومەتەوە دەبێت، لە تەرەفی قوت دەبێت، دەتوانێ شەرتێك دابنێ بڵێت ئەو دكتۆرە وەردەگرم و ئەو دكتۆرە وەرناگرم، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی كەوا تەڵەبەكان بەڕاستی پشت ساردبن لەوەی كە هەوڵ بدەن مستەوای زانستی خۆیان بەرزبكەنەوە، من پێم وایە و هاودەنگم لەگەڵ زۆر لە برادەرەكانی خۆم ئەو گرێبەستەی كە ئێستا جەنابی وەزیر بە دەستیەت با بیوەستێنێ و كاری پێ نەكەن، هەتاوەكو ئەو موئتەمەرەو ئەو كۆنفرانسە دەكرێت، دواتر مەشروعێكی یاسا تەقدیم بە پەرلەمان بكات، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە هاودەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی جەنابی وەزیریش و سەرۆكی لیژنەی تەندروستی، بۆ ئەوەی كە قوتابیان بگەڕێنەوە بۆ خوێندنیان و ساڵەكەیان لەدەست نەچێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عثمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر دوو ڕاپۆرتی جەنابی وەزیریش و ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستیش ئەگەر بە دوو دیوی ناراستەیەك دا بێت هەر بۆچارەسەری گرفتێكە لە واقعی كوردستان، ئێستا لەبەردەم نزیكەی ٥ هەزار قوتابی كولیەی توب داین كە بەڕاستی دیاردەیەكە، یەعنی جێگای ئەوەیە كە پەرلەمانی كوردستان و وەزیری تایبەتمەند و حكومەتیش گوێ لە داواكاریەكانیان بگرن، داواكاری ئەو قوتابیانە دوو شتە وەكو جەنابی وەزیر و لیژنەی تایبەتمەندیش باسی كرد، مەسەلەی گرێبەست و مەسەلەی زانكۆ ئەهلیەكان،

گرێبەستەکە لەوەوە دیارە و سەرچاوەی گرتووە کە ئەگەر یاسا سەروەر بێت، هەموو لەبەرامبەر یاسادا یەکسان بن، میزاج حاکم نەبێت لە تەعینات و لەسەر ئەساسی تەقیمی ئەو دکتۆرە موقیمەی کە تا چ ئەندازەیەك پابەندە بە ڕێنمایی و یاساکان ئەو کاتە وابزانم ئەو گرفتە دروست نابێت، مەسەلەی زانکۆ ئەهلیەکانیش بەڕاستی ئەو ١٠ هەزار قوتابییەش هەمان ئەو گرفتەیان هەیە کە قوتابیانی کولیەی توب باسی دەکەن، لەبەرئەوە لە ڕاپۆرتەکەی جەنابی وەزیردا دوو شتم لێی خوێندەوە، یەکەمیان: ئەوەیە کە زیاتر جەنابی دکتۆر لەوەی دەچێت موعاناتی گرفتی ئیداری زیاتر فشاری لەسەر جەنابی وەزیر دروست کردبێت، کەوای تێ دەگەم باسێکی ترە لەوەی کەوا ئێستا لە ڕاپۆرتەکەی دا باسی ئەوەی کردبا ئایا ئەو پشتیوانی لەوە دەکات ئەو گرێبەستە هەر بەردەوامی هەبێت، یان ڕێگا چارەسەر چۆن بێت، وای دەبینم بەیەك خاڵ ئەو گرێبەستە ڕابوەستێ، بۆ مەسەلەی زانکۆ ئەهلیەکانیش، چونکە زەمینەسازیەکی پێویستە بۆ ئەوەی لە زهنی قوتابی و لە زهنی جەماوەری کوردستانیش ئەو حاڵەتە فەراهەم بێ کە لە ساڵانی ئاییندە لەسەر ئەساسی گرێبەست، مەسەلەی زانکۆ ئەهلیەکانیش ڕێگا چارەسەر و لەسەر زەوابت و ستانداری نێودەوڵەتی چۆن زانکۆی ئەهلی دەکرێتەوە، کە بەڕاستی کرێ و پارەی زانکۆی ئەهلی چۆنە و هەتا نمرە و دەرەجەی قوتابی کە لە زانکۆی ئەهلی وەردەگیردرێت، ئایا بەهەمان ئەو دەرەجەیە؟ گرفت لەوەدایە بۆ نموونە لە کولیەی توب ٩٥ یان لە ٩٠ زیاتر وەرنەگیراوە، بەڵام لە زانکۆی ئەهلی وەکو ئەوەی کە دەڵێن ئەگەر ڕاست بێت جەنابی دکتۆر کە خۆی تایبەتمەندە بەو بوارەوە، گوایە دەرەجەیەکی وا وەرگیراوە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو دەرەجەی کە زانکۆی ڕەسمی وەرگیراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری تەندروستی دەکەین، زۆر سوپاسی دەکەین کە شەرحێکی کامل لەسەر کەموکوڕیەکانی تەندروستی و ئیداری باس کرد، هەروەها سوپاسی لیژنەی تەندروستی دەکەین کە ئەوانیش شتی زیاتریان خستە سەر، من وەکو دەبینم کێشە یەکجار زۆرە، بە ڕەئی من کە ئەمە باس دەکەین دەبێت چارەسەریشی بۆبدۆزینەوە، ئەم کێشە زۆرە بە ڕەئی من شەو و ڕۆژێك چارەسەر ناکرێت، دەبێت هێدی هێدی بۆی بچین و هەنگاوی بۆ باوێین بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین، ئەوە ماوەیەکی زۆر دەبات حەتمەن، جەنابی وەزیر باسی یەك، دوو خاڵی کرد کە یەکێك لەوان دەڵێت چەند کارناسێکی تەندروستی هاتنە ئێرە ویستمان سیمینار دروست بکەین بۆ دکتۆرەکان بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو خیبرەیە بکەن، کە چووینە قاعەی سیمینار کەس حازر نەبوون، یەعنی دکتۆرەکان حازر نەبوون، ئەوەی حازریش بوو عەدەدێکی زۆر کەم بوون، ئەوە پێویستی بە ئەوە بوو پێش وەخت زەمینە بۆ ئەو شتە خۆش بکرابا و خەڵك تێگەیەندرا با بۆ ئەوەی لەوێ ئامادە ببان، نەوەك خەبیرێکی بیانی بێتو کەس لەوێ نەبێت، وەکو

جەنابی وەزیر گوتی من شەرمم کردووە، حەقی خۆیەتی شەرم بکاتەوە، چونکە شتێکی نەقسە، دووەم: جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد موقیمەك لە موستەشفا کارە ئیخسائیەك دەبینێت، ئەم موقیمە کە لەوێ ئەو کارە دەبینێت، خۆی پێویستە موراقەبەیەك لەسەری هەبێت، پێویستە کەسێك لێپرسینەوەیەك لێ بکات بۆ ئەوەی بزانێ کێ بەرپرسە لەو شتەی، بۆ ئەو دکتۆرە موقیمە ئیشی موختەسێك دەکات کە ئیشی ئەو هیچی لێ نازانێت، هەروەها دەڵێت پەرستارێك یان سیستەرێك ئیشی دکتۆرێك دەکات، ئایا بۆ ئەو ئیشە دەکات، ئایا دکتۆرمان کەمە یان کەس نیە بڵێت وەرە ئەوە ئیشی تۆ نیە و ئیشی دکتۆرە، من زۆر تێبینی ترم هەبوون کە برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێزعبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو قسەیەی جەنابی دکتۆرەوە دەست پێ دەکەم کە ئامانی ئەو پرۆژەیە چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کاروباری وەزارەتی تەندروستیە کە ئەمە کارێکی باشە خۆی لەخۆیدا، بەڵام بەداخەوە هاوکات لەگەڵ چەند کێشەو گرفتێك هات، کێشەی ١٠ هەزار قوتابی و کێشەی زانکۆی ئەهلی و کێشەی گرێبەست، خۆی گۆڕانکاریش دیارە کە زەمینەی دەوێت، یان بڕیار بۆ ئەوەیە کە لە واقع تەنفیز بێت، پێویست بەوە دەکات کە تەقدیری هەوڵ و تێکۆشانی دکتۆر بکەین کە لەو چەند ساڵەی ڕابردوو دا جێگەی دەستیان دیار بووە، ئێمە دەبێت پرسیار بکەین و پرسیاریشمان کردووە لە نەخۆشخانەکان و لە دکتۆر کە موعاناتێکی زۆریشی هەیە لەو ڕوانگەیەوە، ئەوەش جێگای تەقدیرە، ئەم پرۆژەیە ڕاستە بۆ چاکسازیە، بەڵام پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەو ئەزمونەی خۆی بەسەر ئەم دەرچووانە و ئەم فێرخوازانەدا تەنفیز نەکەن، بەڵکو وەکو ئەوەی پێشنیاز کرا بەشێکی هەڵگرین بۆ کۆنفرانس، بۆ ئەو کۆنفرانسەی کە لە مانگی دووی ساڵی داهاتوو دا دەبەسترێت، هەموو شەریحەکان تێیدا بەشدار بن، دەتوانێ چاکسازیەکی باش لەو مەیدانە بکات، هەروەها پێشنیازی ئەوەش دەکەم کە بۆ پشتیوانی ئەو دکتۆرانەی کە تەعین بکرێن و دامەزرێن، ئەوانە پێش بخات بۆ داهاتوو کە دەچنە شاروشارۆچکەکانی دەرەوەی شارەکان، یەعنی دەچنە ناحیەو قەزاکان، ئەوەش وەکو تەشجیعێك، کە ئاماژەی بە ئەوە کرد کە موقیمەکان دەتوانم بڵێم بەڕێژەی ٣٪ و ٤٪ لە دەرەوەی شارەکان، پێشنیازی ئەوەش دەکەم کە دامەزراندن پێش بخات بۆ ناحیە و قەزاکان و ئەو چاکسازیەش بۆ کاتی کۆنفرانس بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر جار پەرلەمان لە جەلسەكان بانگی وەزیرەكانی كردووە و هاتوونە ئێرە، ئەوەڵ جار باسی موشاكیلی خۆیان كردووە، ئەو كاتەی كە بانگی وەزیر دەكرێت بۆ ئەوەیە كە حەل بۆ ئێمە بێنن، نەك باسی مەشاكلی خۆیان بكەن، ئێمە دەبینین زیاتر مەشاكل باس دەكەن، باری ئەوان زۆر گرانە، ئەمڕۆش جەنابی وەزیری تەندروستیش نەفسی شت، دیارە مەشاكلی زۆرە و ئەو باسی كرد كە دەوامی موقیم كە بۆ نموونە ١٥ ڕۆژە یان مانگێكە كە ١٥ ڕۆژ دێت یەعنی غیابە و ئیلتیزامیان نیە، وەكو ئەوەی كاك عبدالرحمن گوتی كە سیمینارێك هەیەو دكتۆر حازر نابێت، یەعنی مانای وایە حیساب بۆ كەس نینە و بۆ وەزارەتیش نینە، لێرە من تەعەجوب دەبینم، یەعنی ئیجرائات چنە؟ حەل چیە؟ یەعنی ئیجرائات نایەتە كرنێ؟ هەموو ئەو گلەیی و گازاندانەی دەكرێت مەعقولە، مەفروزە حەلی هەبێت كە هەرچەند گلەیی و گازاندەی ئێمەش زۆر بێت، هەروەها بە نیسبەت موقیم یان دكتۆر كە پتر ئێوە شارەزان و ئیختساسی ئەوانە، كە دەوام دەكەن و ئیلتیزام نینە چەندین حاڵەت ڕووی داوە، یەعنی وەكو باژێری خۆ لە زاخۆ ڕووی داوە كە سەبەبی ئەو موقیمە بووە، هەتا ئێستاش ئیجرائات نەهاتوونەتە كرن و تەقیمی ئەوانیش نەكراوە، یەعنی ئەو حەسانەیە زۆرەی موقیم هەی بێت، حەل چیە؟ دەبێت ئێمە بیزانین، خاڵی دووەم، تەبعەن مەشاكل زۆرە، نامەوێت باسی بكەم، بەڵام لێرە دكتۆر دەوام دەكات لە پشتی دەوامێ، سەعاتی ئیزافی لە هەموو عالەم مەبلەغێك هەیە بۆ ئەوان، تخسیس دێتە كرنێ، دەست نیشان دێتە كرنێ، لڤێرێ یەت مەنینە، مادام نینە تەبعەن ئیلتیزام نابێت و گەلەك جار مەسەلی موستەشفا دێتە كرن پشتی دەوامێت رەسمی ئەم دبینین بەس ستەرن، گەلە جارن ستەریش نینە، بەلكی فەراش بتەنێ هەنە، جا مە حەز دكەین ئیجرائات هەبن، هەم باسی مەشاكل بكەین و باسی گلەیی و گازاندە بكەن، ئیجرائات چنە؟ تەقیم چیە؟ یەعنی ئەو سلبیاتانەی لە موستەشفایەكان دەبینرێن كە وەكو باژێرەكی خۆ من دەبینم، متەئەكیدم لە هەموو جێگایەكی هەیە، ئەم حەز دەكەم ئیجرائات هەبێت و دیراسات هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی من سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم، كە بەڕاستی دەیەوێت گۆڕانكاری لە سیستەمی تەندروستی بكات، تەماشای ئاییندەش دەكات بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو سیستەمە، ئەمە بەڕاستی زۆر زۆر زاهیرەیەكی صحیە، بەڵام ئەوەی لە قسەكانی جەنابی وەزیر دەركەوت بەڕاستی سێ بەشی ئەو قسانەی كە كردی موعاناتی خۆیەتی و موعاناتی ئیدارەكەیە، بەڵكو بەشێكی پەیوەندی بە گرێبەستەكانەوە هەیە، بۆ ئەو مەوزوعانەی كە عیلاقەی بە ئیدارەوە هەیە بەڕاستی من بە گەندەڵی ئیداری دادەنێم كە پێویستە

وەزارەتەکەی ئەویشی بگرتبایەوەو، ئەو لیژنانەی کە تەشکیل کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران حەق وایە ئەو گەندەڵیە ئیدارییە لێی بکۆڵنەوە بزانن لەکوێیەو لەکام مەفصەڵە، ئەمە یەك، دوو: من درێژە بە قسەکانم زۆر نادەم، ئەوەی بەڕێزان باسیان کرد سەبارەت بە مەوزوعە یاساییەکە، ئێمە ئیمکان هەیە لەپەرلەمانی کوردستان، یاسایەك ڕێك بخەین بەتەشاور لەگەڵ جەنابی وەزیرو حکومەت، بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری لە سیستەمی تەندروستی خۆمان بکەین، وە هیچ مانعێکی قانونی و هی دەستوریش نیە، بۆیە ئیمکان هەبوو ئەو جۆرە بڕیارانە کە دێتە پەرلەمان لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بیکەین بە بڕیارێکی یاسایی لەسەرانسەری کوردستان پیادەی پێبکرێت، سەبارەت بەگرێبەستەکە، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو مەسەلەیە قۆناغ بەقۆناغ جێبەجێ بکرێت، ئێستا ڕابگیرێت تاکو یاسایەك لەم پەرلەمانە دەردەچێت، بۆی ئەوەی بزانین موعالەجات بۆ ئەو مەسەلەیە چیە؟، خاڵی سێیەمیشم ئەوەیە قوتابی کەلەکۆلێژی پزیشکی وەردەگیرێت تەعاهودێکی لێ وەردەگیرێت، بەم شێوەیە کە دوو بەرامبەری مودەتی خوێندنەکە خزمەت بە دام ودەزگاکانی تەندروستی بکات، ئەو تەعاهودە ئێستا لەبەردەستمدایە، واتە صیفەتێکی ئیلتیزامی تێدایە، بەنیسبەت دامەزراندنی ئەو کەسەی کە تەخەروج ئەکات لە کۆلێژی پزیشکی، زۆر زۆر سوپاسی هەموو لایەك ئەکەم، ئاخر تێبینیشم ئەوەیە کە دەبوایە پێش ئەوەی جەنابی وەزیر و لیژنەی تەندروستی بێنە سەر مەنەسەکە، دەبوایە کۆبوونەوەیەکی موسبەقیان بکردایە، لەنێوان هەردووکیان بۆ ئەوەی بیروڕاکان بەرەو ئاراستەیەکی ڕێك برۆیشتایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، من وەکو لە نووسراوەکەش نوسیبووم، لەگەڵ هەموو ڕاو بۆچوونەکانی جەنابی وەزیرم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی تەندروستی لە کوردستاندا، بەڵام مولاحەزەی یەکەمم ئەوەیە، گۆڕینی وشەی گرێبەست چارەسەری موشکیلەکە ئەکات، بۆچی نەیگۆڕین، پێم باشە وشەیەکی تر لەجیاتی گرێبەست دابنێین، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکەین، واتە با تەعین بێت، مادام هەمان ئیمتیازیان هەیە، هەمان شتیان هەیە کە بۆ تەعین ئەکرێت، مادام وایە با گرێبەستەکە بگۆڕدرێت بۆ تەعین، بۆ ئەوەی موشکیلەی تر دروست نەبێت، با تەعین بکرێن، دووەم: بەنسبەت ئەو دکتۆرانەی کە تەعین ئەکرێن واتە ئەو موقیمانەی کە تەعین ئەکرێن و ناچن، دەوام ناکەن، ئیلتیزام ناکەن، پێم وایە ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیرو لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی تەندروستی، هەرچەندە من موعاناتەکە ئەزانم، تا ڕادەیەك کە چۆنە و چیەو چارەسەر ناکرێت، بەڵام پێویستە ئەوان هەنگاو بهاون، ئەوان با بەپێی نیزام و بەپێی یاسا و بەپێی ڕێنماییەکان ئەو کەسەی کە دەوام ناکات

ئیجرائاتی لەگەڵ بکەن، ئینجا ئەو لایەنەی کە دەست دەخاتە ناوییەوە، ئەوان بەرپرسیارن و جەنابی وەزیر و ئیدارە بەرپرسیار نین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دەڵێن ( لەگوڵیان پرسی بۆ ڕەنگت جوانە وتی باخەوانەکەم مەردە)، بەڕاستی ئەگەر ئەمە بگوازینەوە بۆ مەسەلەی ئیدارە، من وا هەست ئەکەم کە ئەبێت تەنسیقێکی کامل هەبێت لەنێوان خوێندنی باڵاو وەزارەتی تەندروستی، چونکە هەردوولایان ئەو قوتابیانەی کە دەچنە کۆلێژی پزیشکی بە دەرەجەیەکی زۆر بەرز، بە شەونخونی، هەیانە دوو ساڵ مامۆستا ئەگرن تا دەرەجەی کۆلێژی پزیشکی دەر بهێنن، ئینجا کەلەوێ تەخەروج ئەکەن، ئەبێ ئیلزامە کە تەعینیش بکرێن، کەواتە کەوتووەتە سەر چ لایەنێك، بێگومان کەوتووەتە سەر وەزارەتی تەندروستی، وەزیری تەندروستی لەگەڵ ڕێزمدا کە مرۆڤێکە بەجدی خەمخۆری هەموو شتەکانە، یەعنی ساڵی پار کێشەیەك ڕوویدا لە سلێمانی دوو سێ دکتۆری سزادا، پێویستە هەمان شت هەر بەکار بێت، کەواتە بۆیە پێویستە لەناو وەزارەتیشدا کە تۆ بەڕێزت ئەفەرموویت وەزارەتەکەم وەزارەتی نەخۆشە، ئەی کەوابوو نەخۆش پێویستی بەدکتۆر نیە چارەسەری بکات؟ ئەی پێویستی بەدەرمان نیە، ئەی پێویستی بەشوێن نیە؟ کێ ئەبێ سەرپەرشتی ئەم هەموو شتە بکات؟ سەرەکەیە، کە بەڕێزتانە جەنابی وەزیر، کە دێتە خوارەوە سەرۆکی نەخۆشخانەیە، ئینجا سەرۆکی بەشەکانە، ئەو دکتۆرەی کە بە واجبی خۆی هەڵنەسێت بەڕاستی پێویستە سزا بدرێت، نابێ ئەمرۆ ئێمە سڵ بکەینەوە، جوانترین شتیش من مەبەستم بەڕێزت نیە، جوانترین شت ئەمرۆ ئەوەیە کە ئیش بەڕێوە نەبرێت لە ئیعلامدا ئاشکرای دەکەم، ئەوە لەبەر ئەو هۆیانە، چونکە تەداخولات لە ئیشم هەیە، بۆیە دەستم لەکار کێشایەوە، من مەبەستم هەر لەبەڕێزت نیە، من کە سەیری دکتۆر ئەکەم بەڕاستی وەکو مۆمێك وان، ڕووناکیان بۆ خەڵکەو تاریکییان بۆ خۆیانە، ئەوە بەڕێزتان لەبەردەمتانایە چوار دکتۆر دانیشتوون، ئەوەندەی کە من نزیکایەتیم لەگەڵ دکتۆرە ئاریان هەیە، لەجێگای خۆی دانیشتووە تەلەفۆنێکی بۆ دێت، لە نەخۆشخانەوە بۆ ئەوەی بزانێ نەخۆشەکەی چۆنە، لەسەعات دووی شەو ئەچێت بۆ نەخۆشخانە، ئەو دکتۆرانەش هەموویان وان، من دە یەکەمەکەم هەیە لە کولیە، کە تەخەروجیان کردووە، من ئێستا بیانخەمە سەرجادەکان و بڵێم تەعینیان ناکەم، ئەمە نیە، تەعینات خۆ کە ئەڵێت گرێبەستیان کردووە، خۆ گرێبەست وشەی نشوز نیە بڵێن نابێ، چونکە لە قورئاندا هەیە، پێویستە لابرێت، مەسەلەی گرێبەست دەبێ لابرێت، ئەبێ هەموویان تەعین بکرێن، ئەمە لەسەر شانی ئێمەیە، باوك هەتا منداڵی تەخەروج ئەکات لەسەریەتی هەتا ژن ئەهێنێت و کچی شوو ئەکات، لەسەری پێویستە بەدوایەوە بێت، ئەوەی کەوا چاوەڕوانی ئێوەش ئەکات، کە ئەڵێت (مەکتەب ماڵمانەو مامۆستا وەکو

باوكمانەو دەبێ تێبكۆشین ئەمرۆ مەردانە، چونكە نیشتمان چاوی لێمانە)، ڕاستە نیشتمان چاوی لەوانەیە، من بێم تەعینیان نەكەم، بەخوا گوناهن، هەر تەلەبەیەك كەمن لە دراوسێكەمەوە ئەزانم دوو هەزار لاپەڕەی هەیە، كە ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە ئەیخوێنێت، مەبەستم قوتابی كۆلێژی پزیشكیە، هەر مامۆستایەك دێت تەشریحی ئەو جسمە ئەكات، بە مەلاین خەلایە لەناو جسمی مرۆڤدا هەیە، ئەی كەمن بەیانی نەیخەمە نەخۆشخانەكان و تەعینیان نەكەم و نەیانبەمە دیهاتەكانەوە، وەكو قوتابیەكان ئەڵێن ئیتر ئیمە بۆ كێ بسووتێین، ئەی كەوابوو ئیتر ئەگەر من نەسووتێم و تۆش نەسووتێیت هەموومانە بەیەكەوە نەسووتێین وەكو (نازم حكمەت) ئەڵێت ئەی كێ بسووتێت؟ ئەی بڵێم خەتای ئەنجومەنی وەزیرانە، نەوەڵڵا واجبی وەزیر ئەوەیە بڵێت ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە هەڵەیە، پێویستە تەعین بكرێن، ئەو هەموو قوتابییانە، ئیتر با بەڕاستی بەس بێت كێشەی ئەم هەموو قوتابییانە كە ڕوو لە پەرلەمان ئەكەن، لە چەمچەماڵەوە بۆمان دێت ئەڵێن تەعین نابین و گرێبەستین، دوو ملیۆن دینارمان هەیە، ١٠ هەزار قوتابی دێتە پەرلەمان، خەڵك زەوی بۆ دەرناچێت، دێتە پەرلەمان، تەلەبە تەعین ناكرێت، دێتە پەرلەمان، ئەی باشە ئێمە ئیتر ئیشمان چیە؟، ئێمە یاسا دائەنێین یان هەر ئەبێت كێشە حەل بكەین، بەڕاستی من یەك شتم هاتەوە بیر جەنابی وەزیر، دایكێك هەیە، ژنە ئەنفالە، دوو منداڵی هەیە، باوەڕم پێبكە یەكێكیان لە كولیەی دەرمانسازییە، ئەوی تریان لە كولیەی پزیشكیە، ئەڵێت خوایە كەی بێت ئیتر من ئیشی ماڵان نەكەم، ئەم دوانەم بۆ پێبگات، ئیتر با بەس بێت بەڕێزیشت لەناو كیمیاباران بوویت و دونیاشت بینیووە، با ئێمە هەموومان لەخەمی ئەو قوتابییانە بین كەبەیانی تەخەروج ئەكەن، پێویستیشە دابمەزرێن، ڕای هەمووشمان لەگەڵ ئەوەدایە كە ئەم گرێبەستە نەمێنێت و تەعین بكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم هەموو تەعینێك بدایەتی عەقدە، دوو جۆر تەعین هەیە، تەعینی بەردەوام و تەعینی گرێبەست، حەتا ئەوەشی كە بەردەوامە كە بڕیارەكەی بۆ دەردەچێت، واتە ئەمرە ئیدارییەكە، دەنووسرێت ساڵێك لەژێر ئەزمووندایە، تەسبیت نابێت، ئەوە شتێكی چاكە، خراپ نیە، یەعنی ئەوەی كە وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران كردوویەتی، بەڵام ئەوەی كە برادەرانم باسی لێوە دەكەن، كە ئەوە پێشەوەچوونە لە سیستەمی تەندروستی، من بەغەیری ئەوە نایبینم، چونكە ئەگەر وابوایە موشكیلەكە ئیداری نەئەبوو، بۆچی ئەگەر موشكیلە ئیداری بێت، موقیم موقەصیر بێت، نابێ ئەو موقیمە عقوبە بدرێت، ئەی دەبێ كێ عقوبە بدرێت؟، دەبێ مودیرەكەی یان ئەو كەسەی كە مەسئولە لەسەری، دەبێ ئەوان عقوبە بدرێن، چونكە ئەو سەرپەرشتی موقیمەكە ئەكات، نەك موقیمەكە ببێت بە زەحیەی ئەو ماندووبوونەو ئەو خەفارەتەی كە هەیەتی، نەخێر موشكیلەكە ئیداری نیە، موشكیلەكە بەنەزەری من موشكیلەكە، سیستەمی

تەعينات گۆڕاوە، سيستەمى تەعينات ئێستا لە ئەنجومەنى وەزيران، ئيستيراتيژيەتى تەعين گۆڕاوە، چۆن گۆڕاوە؟، يەعنى ئەو كەسەى كە تەعين ئەكرێت بە عەقد، داى دەنێن تا پێنج ساڵ يان چوار ساڵە يان دوو ساڵە، تا بزانن ئەو كەسە ئەدائى چۆنە، ئينجا لەپاشاندا ئەگەر زانيان ئيستيفادەى لێ ئەكەن، داى دەنێنەوە ئەگەرنا دەڵێن خواحافيزت بێ، نەك تا مردن و تەقاعدى خزمەتى بكەن، ئەوە بەنەزەرى من ئەو دوو ساڵە يان ئەو سێ ساڵە، نابێ بەوەى كە تەعەدا لەسەر حەقى ئەو موقيمە ئەكرێت، مادام حەقى مەحفوز بێت، نەخێر با ئێمە نەبين بە عائيق لەبەردەم ئيشەكانى حكومەت، ئەوان ديارە باشتر ئەزانن پيشەوە چوونى ئەو كەسە بەو حاڵە دەبێت، بەوە دەبێت كە ئەو موقيمە زياتر هانبدرێت لەسەر ئەوەى كە ئيش بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەڕاستى من زۆر سوپاسى جەنابى وەزيرى تەندروستى ئەكەم، هەر خۆى لەخۆيدا وەزيرێك بەدواى كێشەى وەزارەتەكەيدا بچێت، ئەوە نيشانەى ئەوەيە كە وەزيرێكى دڵسۆزو ماندوو نەناسە، بەڵام لەسەرەتادا ئامـاژەى بـەوە كـرد، كـە ئێمـە ياسـايەكمان دەركـردووە لـەماددەى ٢٣ دا پێشنيارمان كـردووە، ئـەبێ ئـەو پزيشكانەى كە تازە دەردەچن، بايەخيان زۆر پێبدرێت بنێردرێنە دەرەوە، ئايا ئەگەر دامەزراندن نەبێت و گرێبەست بێت، يان گرێبەست نەبێت و دامەزراندن بێت، ناتوانين ئەمەيان بۆ بكەين؟، ئەوە پرسيارێك، پرسيارى دووەم: ئەگەر دامەزراندن نەگۆڕدرێت بۆ گرێبەست، ئايا ئێمە ناتوانين هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پزيشكانە بكەين كە تازە دادەمەزرێن؟، مەسەلەن بەڕاستى پێويستە هەڵسەنگاندن بۆ هەموو كەسێك بكرێت، هەر ئەندامێك لەهەر شوێنێك دەوام بكات، ئێمە كە ئەندام پەرلەمانين لێرەدا پێويستە سەرۆكايەتى پەرلەمان هەڵسەنگاندنمان بۆ بكات، كێ بە بەردەوامى دەوام ئەكات، كێ بە بەردەوامى دەوام ناكات، كێ بەدواى ئيشوكارەكانى خۆيدا دەچێت، كێش بەدواى ئيشوكارەكانى خۆيدا ناچێت، كێ ئامادەيە ئەگەر پسپۆڕێك بێت كۆمەڵێك زانست و زانيارى پێ بڵێت ئامادەيە گوێى لێ ڕابگرێت و زانست و زانيارييەكانى فێر بێت، لەو بوارەى كە ئيش ئەكات خزمەت بە هاووڵاتيان بكات، خۆ لەهەموو شوێنێك هەڵسەنگاندن هەيە، پێويستيشە هەبێت، ئەگەر گرێبەست نەبێت و دامەزراندن بێت، ئەو هەڵسەنگاندنە هەر ئەتواندرێت بكرێت، جەنابى وەزير من خۆم قوتابى بووم و زۆربەى ئەوانەشى كە لێرەن هەموويان دەرچووى كۆلێژو پەيمانگاو قوتابى بوون، بەڕاستى ئەو قوتابيانەى كە ئەنجامى تاقيكردنەوەكانيان وەردەگرنەوە، ئەوانەى كە (٩٨-٩٩) يان دەهێنا زۆر جياوازييان هەبووە لەوانەى كە ( ٥٤-٥١-٤٦-٤٥)يان دەهێنا، ئەوانەى كە بوون بەدكتۆر من ڕێزم بۆ هەموو دكتۆرەكان هەيە، ئەوانەى كە بوون بەدكتۆر و لە كۆلێژى پزيشكى وەرگيراون، چينە هەرە ڕۆشنبيرەكەى وڵاتەكەى ئێمە و هەموو دونيان، بەڕاستى خەڵكێكى زيرەك

و بەتوانان، ئێمە لێرەوە سوپاسی هەموو دکتۆرە بەڕێزەکان دەکەین، جەنابی وەزیر خۆت باش دەزانیت، ئەگەر کەسێك هەژدە ساڵ خوێندن تەواو بکات، وەرە بە حسابی دارایی حسابی بۆ بکە، چەند پارەی تێدەچێت، بڕێکی زۆر بە سەدان و هەزاران دۆلاری تێدەچێت، ئەگەر ئەو پزیشکانە تەقەبولی ئەوەیان نەکرد بەگرێبەست دابمەزرێن، خۆ کارەساتێکی زۆر خراپ ڕوو دەدات، لەوانەیە وڵاتەکەی ئێمە بەجێبهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن، ئەو کاتی ئێمە سەدان هەزار دۆلارمان لێ سەرفکردوون، بەڵام بە ئامادەکراوی دەچنە وڵاتێکی تر، لەوێ دەیانخەنە دەورەیەکەوەو بەبڕێکی کەم پارە دەتوانن خزمەتی ئەو وڵاتانە بکەن کە وەریان دەگرن، لەبەر ئەوە بەڕاستی من سەد دەر سەد لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابت دام کە دەڵێیت دەوام وەکو پێویست ناکرێت، کەدەڵێیت دکتۆرەکان نەك هەموویان، چونکە بەڕاستی دکتۆری زۆر دڵسۆز هەیە، لەهەموو شوێنێك ناتوانین بڵێین هەموویان، کۆمەڵە دکتۆرێك هەیە ڕاست ئەکەیت لەوانەیە لەکاتی نانخواردن هەر لە ڕوویان نەیەت لەگەڵ فەرمانبەرەکانیان نان بخۆن، بەس من لێرەوە بەو دکتۆرە بەڕێزانە ئەڵێم، ئەوانە گەورە نین هەر کەسێك خۆی لە فەرمانبەرەکەی خۆی بە گەورەتر بزانێ، هەرکەسێك وابزانێت لەفەرمانبەرەکەی خۆی گەورەترە، من لێرەوە پێی ئەڵێم، ئەوە گەورە نیە، چونکە خەڵکی گەورە خۆی بەگەورە نازانێت، هەر خەڵکی بچزوك خۆی بە گەورە ئەزانێت، تۆ کە گەورە بوویت، پێویست ناکات خۆت بە گەورە بزانیت، بۆیە من داوا لەبەڕێزت ئەکەم، چەند ئەندام پەلەمانێکی بەڕێزیش پێشنیاریان کرد لەدوای ئەو کۆنفرانسەی کەلە مانگی دوو دەبەسترێت، دوای ئەوە بڕیار بدرێت چی بکرێت و چی نەکرێت، یاساو بڕیاریش کە دەردەچێت، دەبێ لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو گرێبەستە ئێستا جێبەجێ بکرێت، من دەزانم جەنابت لە ئەنجامی ماندوو بوونت، لەئەنجامی بەدواداچوونەکانت بەڕاستی (ئەوەی نەبێت لەماڵان ئاگای نیە لەحاڵان) ئەوەی کە جەنابت لەناو وەزارەتی تەندروستیدایت من بەدڵ لەگەڵتدام کە چەند خەفەتت هەیە، دڵنیام، بەڵام ئەو گرێبەستە ئەمڕۆ چارەسەری گرفتەکانمان ناکات، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم، کە ئەو گرێبەستە سەر نەگرێت ودامەزراندنەکە سەر بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن دوای پشتگیری کردن لەهەندێك لەقسەکانی برای بەڕێزم کاك زرار، لیژنەی تەندروستی وتیان دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی نیە، منیش تەئکید لەسەر ئەو قسەیە ئەکەمەوە، هیواداریشم بەشێوەیەکی تەدریجی ئەم جۆری تەعین کردنە نەمێنێت، بەڵام دوای ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی دامەزراندن بەشێوەی گرێبەستی کرد، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەگەر ئەم شێوەی دامەزراندنە چاودێری کردن بێت، زیاد کردنی مەعلومات بێت، زیاد کردنی خیبرەو تەجروبە بێت، بەڕاستی منیش داوا

ئەكەم لەمەودوا دامەزراندنی دكتۆرەكان بەم شێوە بێت، وەكو ئەوەی كەلەسەرەتای قسەكانیاندا باسی ئەوەیان كرد، كە لیستێكی دەرچووانی كۆلێژی پزیشكی دەچێتە ئەنجومەنی وەزیران و تەعین دەكرێن، دوای ئەوە بەسەر نەخۆشخانەكاندا دابەش دەكرێن، بەشێوەیەك كە پڕە لە تێكەڵی و پێكەڵی لە ئیشەكانیان، ناهۆشیاری، دابەزینی ئاستی زانستی وهەروەها وشەی سەرلێشێواویش كە جەنابیان باسیان كرد، بۆیە من پێم باشە، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەم دوو جۆری دامەزراندنە بكەین، بەڕاستی دامەزراندنی بەشێوەی گرێبەست كەواتە چاكترە، كە لەسەرەتاشدا ئیشارەتم پێدا، بۆ ئەوەی نەمێنێت، من پرسیارێك دەكەم ئایا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەكان ئەمە ماوەی حەڤدە ساڵە یاخود زیاتر، ئاگاداری چۆنیەتی تەعین كردنی دكتۆرەكانی خۆیان و ئیشەكانیان نین؟، ئایا ئاگاداری ئەم تێكەڵی وپێكەڵیە لە نەخۆشخانەكان وناهۆشیاری و ناڕێكی لە ئیشەكانیان نین؟، هەروەها جەنابی وەزیریش بۆچی ئێوەش پێشتر باسی ئەم هەموو ناڕێكی وناسیستەمی و هەست نەكردن بە مەسئولیەت لەلایەن هەندێك لە دكتۆرەكان من دەڵێم نەك هەموویان، لەڕاگەیاندنەكان بەشێوەیەكی ڕەسمی داواتان لە حكومەت و خەڵك نەكردووە، بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم گیرو گرفتە بكرێت، دواتر من پرسیارێكی ترم هەیە، كە زیاتر لایەنە سایكۆلۆژییەكان دەگرێتەوە، بەڕاستی كە باس لەوە ئەكرێت، كە دكتۆر تەعین ئەكرێت یان یەكەمجار ئەنێردرێتە دەرەوەی شارەكان، با بڵێین شارە گەورەكان، ئایا ئەگەر هۆیەكە ئەوە بێت كە فێری ڕاهێنان و تەجروبە و خیبرە و پسپۆڕی بێت، بۆچی لەناو شارە گەورەكان زیاتر ئەم مەجالەیان نیە، بۆ ئەوەی فێری ئەم پسپۆڕییە ببێت، ئایا ئەگەر هۆیەكەی ئەوە بێت، كە هیوادارم وانەبێت، ئەمە تەنها پرسیارە، كە خەڵكی دەرەوەی شار واتە قەزاو ناحیە و گوندەكان، تەنها وەكو داوای لێبووردن ئەكەم، وەكو حەقلێكی تەجروبە باس بكرێن بۆ ئەوەی دكتۆرەكان لەوێ فێرە پسپۆڕی خۆیان ببن، ئەوجا بگەڕێنەوە بۆ شارەكان و لەوێ چارەسەری خەڵكی شارەكان بكرێت، لەكۆتاییدا داوا ئەكەم، هیوادارم هەموو دەرچووانی بواری تەندروستی بەحوكمی ئیشە پڕ لە مرۆڤایەتی و هەستیارەكەیاندا هەموویان دابمەزرێن و كۆتایی بەم نەگبەتیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك عوسمان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زنجیرەی ناوەكان ناوی منت خوێندەوە، نازانم هۆی چیبوو ئێستا پەڕاندت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیارە دەستت بڵند نەكردبوو بۆیە ناوت نەنووسراوە، ئەوە كاك عوسمان احمد بوو، لای من یەك عوسمان نووسراوە، باشە قسەت دەدەمێ، مادام دەڵێیت ناوم نووسراوە باوەڕت پێدەكەم، خۆ هیچ دوژمنایەتیەكمان نیە خوا نەخواستە، باشە پاشی خەمان خان تۆ قسە بكە، فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی وەزیری تەندروستی و لەقسەکانی لیژنەی تەندروستی و زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانیش، ئێمە هەموومان لەسەر یەك شت کۆکین، ئەویش ئەوەیە کە سیستەمی ئیداری لەوڵاتی ئێمەدا، لە هەموو بوارەکان و لە زمنی ئەوانەش وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵێك کێشەی ئیداریمان هەیە، هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆکین پێویستە هەندێ ئیجرائات و هەندێك ڕێککاری بکرێت بۆ چاککردنی ئەم وەزعە، ئێمە بەخۆشحاڵیەوە ئەیڵێین دڵیشم بەوە زۆر خۆشە، دەستیشی خۆش بێت جەنابی وەزیر، کاتێ خۆی وەکو دکتۆرێك و وەکو وەزیرێك باس ئەکات و ئەڵێت، وەزارەتەکەی ئێمە کێشەمان زۆرە، ڕەنگە یەکەم دکتۆریش بێت بەو شێوەیە باس بکات، بڵێت دکتۆرانی ئێمە تووشی نەخۆشیەکی خۆ بەزل زانی بوون کە لەبیریان چووە ئەرکە مرۆییەکەی خۆیان بەجێبگەیەنن، یەعنی دەستی خۆش بێت لەم کارەدا، جارێکی تریش وەکو پێشمەرگەیەك بوێرانە بڕیار ئەدات، ڕێنماییەك، میکانیزمێك دائەنێت، کە پێی وایە حەل بۆ ئەم موشکیلەیە ڕێگاچارەیەکی ئێستاکەیی یان هەنووکەیی ئەوەیە کە بکرێت، بە گرێبەستێکی کاتی ئەم دەرچووانە دابمەزرێن، لە کۆتایشدا ئەگەر بزاندرێت، یەعنی بکرێت بە هەڵسەنگاندنێك و تەقیمێکیش بۆ کەسەکە، ئەمە ڕێنماییە، ئەمە ئیجراائاتێکە کە وەزیری تەندروستی پێشنیاری کردووە، ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەری ڕازی بووە، ئێستا ئێمە کۆمەڵێك خەڵکمان هەیە، بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی یان کۆمەڵێك خەڵکە پێمان ئەڵێن، ئەی ئێمە بەدیلمان چیە بۆ ئەمە؟، لیژنەی تەندروستی ئێوە جەنابتان کە لیژنەیەکی تایبەتمەندن، ئەگەر ئەم ڕێنماییەی وەزارەتیان پێ باش نیە، ئەی بەدیلی تریان چیە؟، تا ئێستا بۆ قسەیان نەکردووە، ئەمە دەمێکە ئەم کێشەیە دروست بووە، لیژنەی تەندروستی تا ئێستاش هەر نەچووە، لەگەڵ وەزیری تەندروستی دابنیشن، یەعنی ئەم دانەنیشتنەو نەبوونی میکانیزمە بۆچی؟ ئەگەر میکانیزمەکە هەر ئەوەیە بڵێین نا، با جارێ وەزعەکە هەر وا بمێنێتەوە، وەکو پێشنیاری کۆمەڵێك لەئەندامانی هاوکارم، کە ئەڵێن با ساڵێك بوەستێت یان چەند مانگێك بوەستێت، کەواتە ئەگەر ئێمە پێمان وابێ بووەستێ ئەوە ماڤ خۆمانە، ئێمە پێمان وایە ئەمە حەلێکی باشە، بەڵام بۆ بوەستێت ئەگەر پێمان حەلە، ئەگەر بەدیلی ترمان هەیە، بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی ئەگەر بەدیلی ترتان هەیە بۆ پێشنیاری ناکەن، چونکە ئێمە خۆمان ئەزانین ئەم عەقدی کاتیە کارێکی قانونیە، لەقانونیش ڕێگای پێدراوە، ئەشزانین ئێمە بەخزمەتیش بۆیان حساب ئەکرێت، ئەشزانین هەر بەپێی ئەم گرێبەستە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دکتۆر و خەڵکی تر کراوە، هەموو کاتێك مووچەی دکتۆر زیاتر بووە لە خەڵکی تر، هەموو کاتێکیش ڕێزی دکتۆر زیاتر گیراوە، بەڵام خۆ نابێت ئەم ڕێز گرتن وبەگەورە زانینەی دکتۆر لەسەر ئەوە بێت کە ئەوان ببن بە موقەدەس وحەسانەیەکیان هەبێت، کە کەس نەتوانێت لێیان نزیك ببێتەوە، لەلایەکی تریش خەڵك بەکەم بزانن، عەقدی کاتی ئێستا وا خەریکە لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت کاری پێ ئەکرێت، من پێش مانگێك خوشکێکی خۆم ئیدارەو ئیقتصادی تەواو

کـردووه، بـه گرێبەسـتی کـاتی دامـەزراوه، مامۆسـتایەکی تـر تەخـەروج ئـەکات، ئـەینێرین بـۆ گونـدەکانی هەرێمی کوردستان، جیاوازی نێوان بەکالۆریۆسی توب ولەگەڵ بەکالۆریۆسێکی تر ئەبێ چی بێت؟، یـەعنی هەتا کەی ئێمە ئەو رۆحـه لـەلای تەلەبـەی کۆلێـژی پزیـشکی و دکتۆرەکان دروست بکـەین کـه ئـەوان زۆر بەرزترن له خەڵکێکی تـر، خۆزگـه ئـەم پێشنیارەی وەزیـری تەنـدروستی کـه کردوویـەتی ئەمـه پێنـشیاری سەندیکای پزیشکان بوایه، ئێستا لەسەندیکای پارێزەران بڕیارێکیان داوه ئەوانەیه که دەردەچـن، کـه ئـەبن بە موحامی بۆ ئەوەی جارێ تەقیم بکرێن، بۆ ئەوەی ئەوانیش جارێ مەجالێکیان بدرێتێ کـه ئـیش بکـەن، ئێستا هەر سەندیکای پارێزەران خۆیان پرۆژەیەکیان لەبەردەستدایه، کاتێ یەکێك خەریجی کولیەی قانونه، یەعنی وەکو دەورەیەکه، دەورەیەکی یەکساڵیه، بۆیان ئەگرێت لەژێر ئیـشراف موحامیـەکی تـر ئـەبن، وەکـو لەزۆربەی زۆری وڵاتـەکانی تـریش هەیـه، باشـه بـۆ ئـەبێ بـۆ هـەموو خـەڵك ئەمـه ئاسایی بێـت، بـەس بـۆ دکتۆرەکانی ئێمە ئاسایی نەبێت، بـۆ ئەوەنـده بەگـەوره خۆیـان دائـەنێن، خـۆ دکتـۆرەکانمـان گـەورەن بـەس بەوه گەورەن که خزمەت بکەن، بەوه گەورەن که ئیش بکەن، بـەوه گـەورەن کـه رێـزی خـەڵکی تـر بگـرن، نەك بەوه گەورەن که دەرەجەیەکی زۆریـان هێنـاوه، وەکـو خۆمـان ئـەزانین ئەوەنـدەی منداڵـه بەعـسیەکان لەکولیـەی پزیـشکی وەرئـەگیران ئەوەنـده بـۆ خـەڵکێکی تـر نـەبوو، یـان ئێـستاش ئـەزانین کـه لـەرێگای مەحسوبیەت و کۆمەڵێ شتی ترەوه هەمووجارێ دەرەجەی زۆر نیه، دوای ئەوه خۆشمـان ئـەزانین، دەرەجـه زۆری یـان پلـەی زۆری ئەمـه نیـشانەی گـەورەی وزیرەکـی و بەخـشندەیی کەسـەکه نیـه، بـا زۆریـش لـه قسەکانمان دەرنەچین، خۆزگه لیژنەی تەندروستی پێشنیارێکی تری پێبووایه، ئەگەر بەو حەلەی وەزارەتی تەندروستی ڕازین یان بەو حەلەی ئەنجومەنی وەزیران، خۆزگه لیژنەی تەندروستی بەدیلێکی بۆ ئەم حاڵه پێبوایه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆره هاله نوقتەی نیزامی هەیه، فەرموو.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه پێشنیارمان کرد هەر سێکمان و ئەندامانی لیژنـەی ئێمـەش، هـەموو پێشنیاریان هـەبوو، بـەس دیـاره خەمان خان گوێی لێ نەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاره ئەو ڕوونکردنەوەی جەنابی وەزیـری تەندروسـتی دای بەڕاسـتی لـەجێگای خۆیـەتی، موعاناتەکانیـشی دیـار بـوو لـەڕووی گەشـەکردنی زانـستەو هـەموو لـەڕووی ئیداریـشەوه هەردووکیـشیان زۆر ڕاسـته، ڕەنگـه

نیوەشی باس نەکردبێت، بەڵام بۆ تەئکید سیستەم سەقەتە، بەتەنها بە دکتۆری تەندروستی ئەو سیستەمە ناگۆڕدرێت، ئەو سیستەمە بەهەمووومان بەبەشداری ئێمەشەوە بێین ئەو سیستەمە بگۆڕین، هەروەکو جەنابی وەزیر باسیکرد، ئەو پێشنیارێکی کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەبوایە، ئەو پێشنیارەی کە پەسەندی کرد پێی وابوو کارێکی باشە، گۆڕانێکی بنەڕەتی دەبوایە لە بەرەوپێشەوە چوونی زانست لەکوردستان یان بەرەوپێشەوە چوونی تەندروستی، دەبوایە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو پێشنیارەی پەسەند کرد، نەیکردبایە بە بڕیارێکی تاك لایەنە، ئەو بڕیارەی ڕەوانەی پەرلەمان بکردایە، لێرە بەیاسا دەربچووبایە، سەرۆکایەتی حکومەت چۆن دەبێت لەخۆڕا بڕیارێك دەربکات، ئەو کێشەیە بۆ ئێمە دروست بکات، بۆ کەس قسە ناکات، بۆ لە هەدەفەکە نادەن، بۆ ڕاستیەکە ناڵێن؟، ئێمە پەرلەمانین، نوێنەری خەڵکین، دەبێ ڕاستی بڵێین، بەسە حزبایەتی وئەو ئەوی تر بشکێنێت وئەو ئەوی تر بشکێنێ، ئەوە ئێستا وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد، با لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمان داوا لەسەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان بکات، ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە، خۆ وەزیر پێشنیارە کردوویەتی، خۆ ئێمە سەدجار پێشنیار ئەکەین و جێبەجێش نابێت، ئەو بڕیارە فعلەن لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا خزمەت ناکات، سیستەمەکە خراپە، خوێندکارانی دەرچووی پزیشکی سیقەیان نیە، سیقەیان نیە بەو سیستەمە کاکە، کێیە ئەوەی کە هەڵی دەسەنگێنێت کادیری حزبیە، ئەگەر ئینتیمای حزبی نەبێت غەدری لێ دەکرێت، دادپەروەری ناکات، باشە خەتای خوێندکارە؟ یان خەتای تەندروستیە؟ یان خەتای سیستەمە؟، تۆ وەرە با ئێستا یەك نموونەتان بۆ بێنمەوە، لە خوێندنی سەرجەم کۆلێژەکانی پزیشکی (٦١٩)کەس بە قبوڵ خاص وەرگیراوە، ئەو پەرلەمان کەس قسە ئەکات، لەکۆی (١٠٧٦) کەس (٦١٩)کەس بەقبوڵ خاص وەرگیراوە، خوێندنیشتان نەهێشت، زانستیشتان نەهێشت، پەروەردەشتان نەهێشت، هیچ شتێك نەما لەم وڵاتە!، چۆن دەبێ لەخیلالی یەك دەوری ئەو پزیشکانە (٦١٩) کەسی بە قبوڵ خاص وەربگیرێت، ئەوەتا لەو هەولێرە هەیە، حەز ئەکەن ناو بەناو بۆتان دەخوێنمەوە، کە لەکام کۆلیژ، لەکام پزیشکی ددانن و لە پزیشکی گشتی ولەکام پەرستیاری، هەرهەمووی قبوڵ خاص وەرگیراوە، چۆن خەڵك سیقەی ئەمێنێت، ئەوان چۆن سیقەیان ئەمێنێت، خۆ ئەگەر سیقەیان هەبووایە بەم سیستەمە زۆر تەبیعیە، با بەگرێبەستیش دابمەزرێن، بەڵام سیقەیان بەو سیستەمە نیە، ئەو سیستەمە دەبێ بەهەموومان محاوەلە بکەین، حکومەت سیستەمێك دابمەزرێنێت، لەبەرژەوەندی هەموو خەڵك بێت، خاڵێکی تر ئێستا هەزاران خوێندکار لە جادە کەوتووە، ئێمە دوو وەزیرمان بانگ کرد لێرە، قەرار بوو چوار وەزیر بانگ بکرێت، وتتان خۆمان بانگمان نەکردوون، ئەوە کەیفی خۆتانە، سەرۆکایەتی دەسەڵاتتان هەیە، بەڵام دوو وەزیر هاتە ئێرە وەڵامێکیان پێ نەبوو بۆ ئەو خەڵکە، کاکە ئەوە دوو ڕۆژە ئێمە کۆئەبینەوە بۆ وەڵامتان نیە؟، وەڵامێکی سەلێنراویان بۆ ئەو خوێندکارانە پێ نەبوو، ئەصڵەن ئەتووت لەسەر مێزی ئیتیهام دانیشتوون، ئاخر وەزیر وەڵامی پێنەبوو نە ئەیووت دەسەڵاتمان نیە، نە ئەیووت عیلاجی دەکەین، هیچیان پێ نەبوو، بۆیە وەزیر کە دێت، قەناعەت و

مەنتیقی خۆی بەراشکاوی بڵێت بەراستی، جواب بداتەوە، دوایش کە ئێمە وەزیر بانگ دەکەین حەقە ئەگەر وەڵامی پێنەبوو لێپێچینەوەشی لەگەڵ بکرێت، سەحبی سیقەی لێ بکرێتەوە، هەر ئەوە نەبێت ئێمە. بڵێین جەنابی وەزیر ئەو بانگکردنەی تۆ بۆ موحاسەبە کردن نیە، بۆ ئەوەیە، بەرێ وەڵڵا بۆ ئەوەی ئەوە سیستەمەکەیە پێوەی دەناڵێنین، وەزعی میللەتەکەمان، وەزعی خوێندنمان، وەزعی زانستمان، ئێستا ئەو خوێندکارانە پێیان وایە کە وەرناگیرێن، بۆ ئەوەیە ئێمەی مەسئولین زانکۆی ئەهلیمان کردۆتەوە، دەمانەوێت لەدوو سەرەوە قازانج بکەین، یەکێکیان: خوێندکارەکان مەسرەفیان لێ نەکەین، لەسەر حسابی حکومەت، ئەوی تریان: زانکۆکانمان قازانج بکەن، ئەوانە ئیجبار بکەین بچنە خوێندنی زانکۆکانی ئەهلی، ئەوە کەی دادپەروەرییە، لە بەڕێوەبردنی میللەتی ئێمەدا، ئەوە کەی دادپەروەرییە لەبەڕێوەبردنی زانست لەوڵاتی ئێمەدا، ئەو خوێندکارانەی کە دایك وباوکیان بە شەونخونی گەیاندوونیان بەو پایە، ئێستا لەسەر جادە کەوتوون، چۆن ئەبێ تۆ حەلێکت نەبێ، بەهەرحاڵ من نامەوێت شتەکان زۆر باس بکەم، بەس حەل چیە؟ ئێمە وەڵامێکمان نەدایەوە بەو ١٠ هەزار خوێندکارە، ئەو دەهەزارەی کە لە جادە کەوتوون، ئەبوایە ئێمە ئەمرۆ لەپاش ئەو هەموو لیژنەیە، لەپاش ئەو هەموو کۆبوونەوەیە، دوو جەلسەی پەرلەمانی، جوابێك بدەینەوە بەو خوێندکارانە، با بەلایەنی کەمەوە بڵێین چەند پەیمانگایەکی پیشەیی بکەینەوە، جارێکی تر من قسەم هەیە لەسەر تاقی کردنەوەکان، هەموو( ٣٥)ێکی ئەو خوێندکارانەی کە وەرنەگیراون، بۆیان کردوون بە(٥٠)، لیژنەی ئیمتیحانی راپۆرتم لەلایە، خۆ ئەوان ئەو موشکیلەیان دروست کردووە، حکومەت ئەو موشکیلەی دروست کردووە، هەموویان (٣٥)یان بۆ کردوون بە (٥٠) ئەو خوێندکارانەی کە ماونەتەوە، هەموویان دەرچواندوون و ئێستاش وەریان ناگرن، باشە بۆ دەرتاچواندن، ئێستا حەقە ئەگەر خێمەشیان بۆ هەڵبدەن، هەموویان لە پەیمانگای پیشەیی یان دەوراتیان بۆ بکەنەوە، چونکە موستەقبەلی ئەو خەڵکە نابێ بڕوات، ئەگەر حکومەتیشمان پێناکرێت حەقە سەحبی سیقە لە حکومەت بکرێتەوە، ئەی ئێمە بۆ پەرلەمانین، ناکرێ هەموو رۆژێك ئەو کێشانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە هێشتا هەندێ قسەت هەیە نەتکردووە، بەهەرحاڵ قسەکانت دیارە لە حەماسەت و قسەکانت لە پەرۆشیەوەیە، بەڵام دەبوایە ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا بکەیت، ئاراستەی حکومەت بکەیت بە پرسیار ئێستا ئێمە، لەگەڵ وەزیری تەندروستی دانیشتووین، زۆربەی پرسیارەکان ئاراستەی ئەوان کراوە، قبوڵ خاص و ئەو شتانە ئەوەی کە کاك دکتۆر نوری وتی، حەقە ئەوانە بە موستەمسەکات پێشکەش بکەیت، ئێمە پرسیار بکەین لەوە کە وەزیر جواب بداتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد وەزیر بانگ بکەین، و جوابیش بداتەوە، بەغیابی وەزیری پەیوەندیدار کاك دکتۆر زریان عیلاقەی نیە بەو مەسائیلانەی کە جەنابت باست کرد، ئەوەی تر ١٠ هەزار تەلەبەکەش ئێمە لەسەرەتای دانیشتنەکە باسمان کرد، کە چیمان کردووە، گەیشتووینەتە چ ئیتیفاقێك، چارەسەرمان کردووە، ئەوە نەبێت وامان بەجێ هێشتبێ، تۆ دەمانگەڕێنیتەوە سەر سفر، کە ئەنەهو هیچمان نەکردووە، کەچی ئێمە دانیشتنەکەمان بەوە دەست پێکرد

باسی ئەو هەنگاوانەمان کرد کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا کردوومانە لەگەڵ حکومەت و گەیشتووینەتە ئەنجام، بە کردنەوەی پەیمانگاو کردنەوەی کۆلێژی ئێواران وهەوڵدان بۆ وەرگرتنیان لە هەندێ کۆلێژی ئێوارانیش، پرسیارەکەت ئەوەی کۆلێژە ئەهلیەکان هەرچەندە من وەڵامیشم پێیە، بەس من خۆم ناخەمە جێگای وەزیر باخۆی جوابت بداتەوە، کە جارێکی تر بانگمان کرد یان ئەتوانین بەنووسین ئاراستەی بکەین و وەڵامت بداتەوە، کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە قسەکردن لەدوای کاک عوسمان و کاک زرار زەحمەتە، ئەو بەلاغەت و فەصاحەتەی کە قسەیان پێ ئەکرد، من بەڕاستی زۆر پێخۆشحاڵم کە ئەم فەترە پەرلەمانی خۆمان وابببینین، یەعنی هەڵوەستەی جدی لەسەر کێشەکان بکات و بەدواداچوون بکات، جەلسە لەدوای جەلسە لەڕێگای لیژنەی هاوبەشەوە، لەڕێگای سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و لەگەڵ حکومەت کۆببێتەوە، یەعنی بەڕاستی ئەمە جێگای دڵخۆشیەو سەدایەکی زۆر باشیش لەناو میللەتی ئێمەدایە، با بەئومێد بین، خاڵێکی تر زۆر سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، بەڕاستی خەمخۆری و جدیەت وحرص زۆر دیارە، بەڵام ئەم مەوزوعە من دەست پێ ئەکەم لە مەوزوعی یەکێتی پەرلەمانتاران، یەکێتی پەرلەمانتاران بەیاسایەك دروست بووە، لێرە دەرچووە، یەکێك لە ئامانجەکانی بەرگری کردنە لەماف یاسایی ودەستووری هاووڵاتیان، وەکو هەرشتێك دەبێت بەکێشەو دەبێت بە زاهیرە، دەرهاویشتەی دەبێت لەناو کۆمەڵگە، لیژانی خۆی هی موختەصی هەیە، لەگەڵ موختەصینیش قسە ئەکات، یەکێتی پەرلەمانتاران دانیشتووە، لەگەڵ نوێنەرانی قوتابیان، پرسیار لەسەندیکا کراوە، هەموویان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە مەوزوعی گرێبەست ئەم هەدەفە ناپێکێت، ئەوەی جەنابی وەزیر بۆی چووە، هەرچەندە کەسیش شکی لە نیەتی نیە، کەس شکی لە ئیرادەو بڕیاریشی نیە، ئیحتیماڵە ڕەمزی ئەم چاکسازیەش بێت، ئەو تەتویرەو ئەو پەرەپێدانە، ئەو چاکسازییە، لێرە دەست پێناکرێت، چونکە ئێمە وەکو گۆڕانکارییەکی لەناکاو دروست بکەین، لازمە تەمهیدی بۆ بکەین، لازمە زەمینە خۆش بکەین، لازمە هەندێك موقەدیماتمان هەبێت، هەروا بەکتوپڕی یەعنی شتێکی وا بکەین لازمە حسابی ئەوەش بکەین، خۆپیشاندان دەبێت، مانگرتن دەبێت، مەسیرات دەبێت، هەرچەندە ئەم خۆپیشاندانانە زاهیرەیەکی باشە، بەڵام خراپی ئەوەیە کە ئێمە هەندێ ئیجرائات دەکەین و حسابی ئەم شتانە ناکەین، لێرەدا قوتابیان خصوصەن دەرچوانی کۆلێژی پزیشکی هەموو دەزانن ئەمە لەعێراق و لەکوردستان هەروا هاتووە، بە قانونێکی تایبەت تەعین ئەکرێن، تەعینیش مەقسەدیان تەعینی دائیمە، گرێبەست بەشێوەیەکی کاتی جێگای مەترسیە لە کوردستان، چونکە بەڕاستی گەندەڵی گەیشتووە بە مەفاصیلی تەعلیم بە تەعینات، ئەم مافە مسۆگەر بووە بۆ قوتابیان، بۆیە دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست ئیحباط بۆ قوتابیان دروست ئەکات، یەئس دروست ئەکات، خزمەتی ئەم پرۆسەیەش ناکات، ئێمە تەئید ئەکەین و دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگانە، کە ئەم گرێبەستە بوەستێنرێت وببێتە دامەزراندنی

دائیمی، ئەوە ڕەئی سەندیکای پزیشکانیشە کە موختەصن و مافی خۆشیانە دیفاع لەو شەریحەیە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەم، زۆر شتی بەڕاشکاوانە باسکرد، بەڵێنی دامەزراندنی ئەو قوتابیانەشیدا، من لێرەدا بەحەقیقەت زۆر لەشتەکانم باسکران، ئەوانەی کە دووبارەو سێبارە بوونەوە باسیان ناکەم، من تەنها یەك پرسیارم لەجەنابی وەزیر هەیە، ئەوەیە بۆچی جەنابی وەزیر زەبتی بڕیارەکانی خۆی ناکات؟، لە چۆنیەتی دانانی دکتۆرەکان لە هەر جێگایەك کە خۆی پێویستی پێی هەبێت، ئەگەر ناشکرێت وەکو پیشەی خۆی بەڕاشکاوی بڵێت پێم ناکرێت، ئەوە شتێکی ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لەجەنابی وەزیر ئەکەم، ئەوە ئەوپەڕی جورئەتە کە باسی کەموکورییەکانی وەزارەتەکەی ئەکات، ئەو بە ئێمە ئەڵێت وەرن چاکی بکەن، چۆنمان پێ ئەکرێت ئەبێ هەوڵبدەین بۆ چارەسەرکردنی بە ئێمەو بە حکومەتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمساڵ بوو بەساڵی کێشە، بەڵام ساڵی کێشەکە لەوەوە دەستی پێکرد، کە بەڕاستی تەوەجوهی شەخصی لە ئیشەکاندا هەبوو، یەعنی بەبەرنامە نەکرا، ئێمە یەك موشکیلەمان هەیە لە کوردستان نەك لەوەزارەتی تەندروستی، ئەوەیە کە شتەکان پێشەکی تەسهیلاتی بۆ ناکەین، یان کارئاسانی بۆ ناکەین لەڕێگای ئیعلامەوە، لەڕێگای کۆڕو کۆبوونەوەکان، ڕاستەوخۆ بڕیار ئەدەین، جەماوەر ئەبێ هاوکار بێت تا تەصادومێکی خراپ و موشکیلەیەك دروست ئەبێت، لە ١٠ هەزار قوتابیەکەوە موشکیلەکان گەورە بوون، ئەو قوتابیانەی کە ئێستا لە کولیەی پزیشکی دەرچوون، ئەو بەرنامەی کەوەزارەت و ئێمە خەریکی بووین، عیلم پێش بخەین، خەڵك ڕۆشنبیر بکەین، خەڵك فێری خوێندەواری بکەین، پێچەوانەکەی بەسەر ئێمەدا شکاوەتەوە ئێستا، ئەوەشی کە ئەیخوێنێ ئێستا وازی هێناوە، پشتی قوتابی سارد بووەتەوە، ئیهمالی دەستی پێکردووە، دەوامی مەکتەبەکانیش قوتابیەکان بەتەواوەتی نایکەن، بەتایبەتی قوتابیەکانی پۆلی شەشەم، لەبەر ئەوە ئەمە تەئسیرێکی زۆر سلبی کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی قوتابیەکان، بۆیە منیش پێشنیارەکەم هەر ئەوەیە لەجەنابی وەزیر ئەوانە تەعین بکرێن، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە، ساڵەکە بوو بەساڵی کێشە، لە سیستەمی مصرییەکاندا ئەو دکتۆرانەی کە عیادەیان هەیە تەعین نین، ئەوانەشی کە تەعینن عیادەیان نیە،

هەرچەند ئەمەش بووە بە کێشە، ئەگەر لە ئەنجامدا بیر لەمە بکرێتەوە، لەوە ئەچێت کۆمەڵێ کێشەو مەشاکیلی پێ حەل بکرێت، من ئەمەوێت شتێك بڵێم، من تەئیدی بەشێك لە قسەکانی جەنابی وەزیر ئەکەم، لەسەر مەسەلەی دکتۆرەکانمان، بەڵام من شاهیدیەك ئەدەم ئەو کۆمەڵە دکتۆرەی کە ئێستا لە هەولێرن، هەموویان ناڵێم بەشێکیان، بڕوام پێ بکەن لە مستەوای دکتۆرەکانی بەریتانیا زیاترن، ئەو عەمەلیاتەی کەلێرە بۆ ئێمەیان کردووە، ئەوراقەکەیان ناردۆتە بەریتانیا کاك جمال فەتاح بردوویەتی لەوێ نەك دکتۆرێك لیژنەی پزیشکی بەریتانیا بینیویەتی دەستخۆشیان لە دکتۆرەکانی هەولێر کردووە، کەوا ئەو عەمەلیاتەیان کردووە، دکتۆری ئەوەندە چاکمان هەیە، بەس ئەم دکتۆرە چاکانە کەوتوونەتە بەینی دوو بەرداشەوە، بەشێکیان گوێی نادەنێ، ئیهمالی ئەکات، ئەم دکتۆرە چاکەشی بەرکەوتووە، ئێمە حسابی هەردووکیان بە یەکەوە ئەکەین، چاکەکەو خراپەکە موشکیلەکە لەوەوە دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوە ئومێد دەکەم انشاءالله هەموومان هاوکاری جەنابی وەزیر بکەین، بۆ چاکسازی و هەولێش بدرێت قوتابیەکانمان وەربگیرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك جمال یوسف، فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی دکتۆر زریان ئەکەین، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدات، بەردەوام لە جەولاتدایە لە دامودەزگاکانی تەندروستی لە کوردستان، دیارە ئێمە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانین، بەڵام گۆڕانکارییەکان ئەگەر بەیاسا نەکرێت ڕەنگە لاواز بێت، من پێم وایە ئەو گۆڕانکارییانەی کە دکتۆر ئەیکات حەق وایە بەپرۆژەیەك لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت بۆ ئێرە، لێرە ببێت بەیاسا و یاساکەش ئیعلان بکرێت، کە ئەم یاسایە بۆ خەڵکە، دیارە کێشەکە لەوەدایە کەمن پێم وایە، لای خوێندکاران و قوتابیان کە ئەم گرێبەستە زەمانی نیە ئەو دابمەزرێت، کە گرێبەست کرا بۆ دوو ساڵ ڕەنگە تەعین نەبێت، هەرچەندە تەعینیش گرێبەستێکە پێی ئەوترێت ( من عقود الاذعان) بەڵام خەڵکەکە ڕانەهاتووە قوتابیان ڕانەهاتوون، وا ئەزانن ئەگەر دوو ساڵەکە تەواو بوو ئینجا دەرئەکرێت، چونکە عەقد دیارە شەریعەت ئەلموتەعاقدەینە، کە ڕەنگە تەرەف حکومەت ڕەفزی بکات، ئەو وەختە بێ ئیش بمێنێت، من دیارە لەگەڵ ئەوەدام ئەم ساڵ بە دامەزراندن بێت، بەبەرنامەی عەقدەوە، چۆن یەعنی ئەو پرۆژەی کەلە عەقدەوە هاتووە، ئەو خاڵانەی کە هەڵسەنگاندنە یاخود سیستەمی کارکردنە، زمنی دامەزراندنەکە خۆی بێت، جەنابی وەزیر خۆی باسیکرد، دوو ساڵ لەبەغدا ئیمتیحانێکی بەئێمە ئەکرد لە ریاز دوایش ئیقامەی قوضما ئەبوایە لەو دوو ساڵە ئیمتیحانیش بکەین و هەڵیشیان بسەنگێنین، عەینەن بەرنامەکەی جەنابی وەزیرە کە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ بێت، هەڵسەنگاندنەکە ئەکرێت بەو دوو ساڵەی کە ئیقامەی خۆی هی سەرەتایی تەواو کرد، ئیمتیحانێك بکرێت دوایی بەلیژنەیەکی پسپۆڕییەوە هەڵسەنگاندن هەبێت بۆ ئەوە،

ئەو وەختە ئێمە بەرنامەی عەقدەکەش جێبەجێ ئەکەین، بەناوی دامەزراندنەوە هەم دامەزراندنەکە ئەبێت، هەم بەرنامەکەی عەقدیش جێبەجێ ئەبێت، تا ئەو کاتەی ئێمە پرۆژەیەك، ئامادە بکەین لە کۆنفرانسی پزیشکی ساڵی داهاتوو، ئەوەش ببێت بە پرۆژەیەك ئەو پرۆژەیە بهێنرێت بۆ پەرلەمان، بۆ ساڵی داهاتوو زەمینە خۆش بکرێت وەکو ئەو خوشکە باسیکرد، زەمینەکە خۆش بکرێت، بۆ ساڵی داهاتوو ئەو (٣٠٠) کەسەی ئەمساڵ تەعیین بکرێن، بەهەزاران کەس تەعین کراوە، ئێمە خۆمان دەڵێین ملیۆنێك و ئەوەندە کەس فەرمانبەرمان هەیە، لەسەر (٣٠٠)دکتۆرەکە ماوە کە ئەوانەی ئەمرۆ لە کوردستانن و بووە بەکێشە بۆ قوتابیەکانی زانکۆ، من پێم وایە کێشەکە لەوەدا نیە، ئێمە دەکرێت ئەو کێشە بەئاسانی چارەسەر بکەین و نەبێت بەکێشە، مەسەلەی ئیلتیزام وئیلتیزامی پزیشکەکان و تەقصیر، من پێم وایە دکتۆر خۆشی ئەزانێت لەهەموو دونیا ئەگەر زەوابت نەبێت، ئەگەر سەواب و عیقاب نەبێت، ئەگەر غەرامە نەبێت، ئەگەر مەحکەمەی جەزائیشی نەبێت، ئیحالەی مەحکەمە بکرێت، خۆ پزیشکێك لە ئەوروپا ناتوانێت تەلەفۆنەکەی خۆی وەڵام بداتەوە، ئەگەر نەخۆشێك لەوێ ڕاوەستابێت، ئەبێ ئیزن لە نەخۆشەکە وەربگرێت ئینجا وەڵامی تەلەفۆنەکەی بداتەوە، یان تەلەفۆن لەدەستیدا بێت، ناڵێم ئێمە وەکو ئەوانین، بەڵام ئێمە حەق وایە خەڵکێك کەبە تەقصیری دکتۆر خۆی نەخۆشەکە ئەمرێت لەنەخۆشخانەکان رۆژانە، لە هەموو نەخۆشخانەکانی کوردستان مەحکەمەیەك هەیە بڵێت ئەمرۆ ئەو پزیشکەمان داوە بەدادگاو موحاکەمە کراوە و حوکم بووە؟، ئەی حەقی ئەم میللەتە نیە رۆژانە بپرسێت، کە چەندین کەس دەمرن لە نەخۆشخانەکانی ئێمە کە تەقصیر لەدکتۆرەکە خۆیەتی، تەقصیر هەیەو قانونەکەشی هەیە، کە قانونەکە جێبەجێ ناکرێت، کێشەکە لەوەدایە لەوڵاتی ئێمە قانون جێبەجێ ناکرێت، ئەزمەی جێبەجێ نەکردنی یاسایە، ئەزمەی قانونە لەوە ترسم هەیە، کێشەکە لەوە نیە جەنابی دکتۆر ئەزانێت و ڕەنگە ئیجرائاتیش بکات، بەڵام ڕەنگە لەسەرووی ئەوەوە هەبێت ئەو ئیجرائاتانەی ئەو رابگرێت، ئەوەش کێشەیە بۆ دکتۆر خۆ ڕەنگە قەناعەتی پێی هەبێت، دەزانێت خەلەلەکە لە چ شوێنێکە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە خەڵکێك هەیە لەسەرەوە ئەو ئیجرائاتە ڕائەگرێت، ئەو وەختە چی بکات، یان ئەبێ رابکات جارێکی تر بۆ ئەوروپا، یان لەماڵی خۆی دابنیشێت، کێشەکە لەوەدایە ئێمە ئیجرائاتمان نیە لەوڵاتی ئێمە، ئیجرائاتیش لەسەر ئەساسێکی قانونی نیە بەداخەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك جمال قاسم، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم بەداخەوە هەر کاتێك بویسترێت شتێکی باش بکرێت، ڕێگای لێ ئەگیرێت ومەجال نادرێت، لە هیچ شوێنێك جگە لەشەرقی ئەوسەت، خەڵك تەعین نابێت لە هیچ دائیرەیەك، بەتایبەتی نەخۆشخانە، چونکە هیچی هی حکومەت نیە، هیچ دائیرەیەك نە مەکتەبە نە مەصنەعە نە نەخۆشخانەیە، هیچ ئەمانە

هی حکومەت نین، خاوەنی ئەو نەخۆشخانەیە یان ئەو کۆمەڵەی کە ئەو نەخۆشخانەیە ئەبەن بەڕێوە عەقدیان هەیە، عەقدەکە لەگەڵ ئەو خەڵکە ئەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە عەقدەکە ئەکەن، ئەگەر عەقدەکە بۆ شەش مانگ بێت، بەڵام تەحتە تەجوربەشیان هەیە، وەکو چۆن خەڵکێکی موجریم ئەخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەو دکتۆرەش ئەخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەگەر تەنانەت لە مودەی عەقدەکەشدا، ئەگەر کەموکوڕی هەبوو، وەکو دکتۆر تەسەڕوفی نەکرد، ئەوە خاوەنی ئەو نەخۆشخانەیە بۆی هەیە بڵێت بڕۆرەماڵەوە، من زۆر سوپاسی کاک دکتۆر ئەکەم کە بەجورئەتەوە هات ئەمڕۆ لێرە باسی کەموکوڕییەکانی سیستەمی خەستەخانەو مەشاکیلەکانی کرد، چونکە بەحەقیقەت ئەوە جورئەتی ئەوێت، هەتا حەدێکی زۆریش زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان وا تێگەشتن کە جەنابت دەسەڵاتت نیە، ناتوانی بیگۆڕیت، ڕاستە ئێمە ئەزانین د ەسەڵاتت نیە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بیری لێ بکەینەوە، بەتەئکید دەسەڵاتت نیە، ئێمە نابێ تۆ گوناهبار بکەین، لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتت نیە، من چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد، بەڕاستی لیژنەی تەندروستی حەلی دابنایە بۆکارەکان، ئەصڵەن من کە ئەبینم و ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە ژیاوم وبەحوکمی ئەوەی کەشارەزایشم هەیە، مەبەستیشم هەبووە شارەزایم هەبێت، ئەصڵەن ئەم سیستەمەی کە ئێستا لێرە پیادە ئەکرێت، لە عیادەوە من زمنی عیادەکانی خۆشتان، ئەصڵەن ئەگەر لە شوێنان بن نایەڵن یەك ڕۆژ عیادەتان هەبێت، بە جوملە خەڵك ئەکەنە ژوورەوە، شەش کەس شەش کەس خەڵك ئەکەنە ژوورەوە، پرسیاری لێ ئەکەن، ئەمە یەك: تەبیعی هەمووی شەفەویە، دووەم: نەخۆشخانەکان تەبعەن فۆڕمێکم بینی لەم نەخۆشخانەی ئێرە چی پێ ئەڵێن جمهوریە، چیە؟ بەڵێ رزگاری، فۆڕمەکە هی ئیتیفاقی ئەو مقاولەیە کەخواردن بۆ نەخۆشەکان دروست ئەکات، تەبیعی تیایەتی مەلەسەن بۆ نەخۆشێك، ئەوەندە غەرام برنج، ئەوەندە غەرام گۆشت، ئەوەندە غەرام ڕۆن، بەم شێوەیە، چەند نەخۆشیان هەبووە، چەند لەدایك بووشیان هەبووە تازە، ئەو ڕۆژە لەدایك بووە، نووسیویانە ئەوەندە غەرام برنج، ئەوەندە غەرام گۆشت، ئەوەندە غەرام ڕۆن، ئەمە سیستەمەکەمانە، من موتەئەکیدیشم کە ناتواندرێت ئەو مقاولە موحاسەبە بکرێت، چونکە خەڵکێکی تری بەدواوەیە، پشتیوانی لێ ئەکات ودایناوە لەوێ، بەبێ تەندەرو بەبێ حساب، من هیوام وایە، هەر شتێکی چاکە کە ئەکرێت وەختی ئەوە ئێستا هاتووە، لە هیچ شوێنێك تەعین نیە بە دائیمی، ئێمە تەعینمان کردووە بەدائیمی و گەندەڵیمان خستووەتە هەموو دائیرەکان، هیچ دائیرەیەك وەکو خۆی ڕێکوپێك نیە، چونکە تەعین بووەو کەسیش ناتوانێت دەری بکات، با مەجال بدەین لە شوێنێکەوە چاکسازی بکرێت و ڕێگە باشبکرێت، من سوپاست ئەکەم وداوای سەرکەوتنت بۆ ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆربەی قسەکانم کرا، بەس هەندێك قسە هەیە منیش حەزەکەم ئەوانە بڵێم، دامەزراندنی پزیشك بە گرێبەست ئەوە دیاردەیەکی تازەیە، لە وەزارەتی تەندروستی ئەمساڵ ئەوە دەرچووە، بەحەقیقەت خەڵك نیگەرانە، چونکە هەمیشە ئەوەی گرێبەستە یەعنی شتێکی موئەقەتە، ئەو ئیلتزامەش لەلایەن هەردوولاوە نیە، لەوانەیە پاش کەمێك ئان ماوەیەك، هەر لایەنێکی دیکە بتوانێ ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە، ئیتر پاشەڕۆژی ئەو دکتۆرانە ئەو پزیشکانە بەلای ئیتیجاهێکی نادیار دەچێتن، خۆی کە قوتابی خۆی ماندوو ئەکات، دەبێتە یەکێك لەقوتابیە زیرەکەکان لە قوتابخانە، تا بتوانێت پلەیەکی باش وەربگرێتن، لەپاش دوانزە ساڵ ئەوجا دەچێتە کۆلێژی پزیشکی بۆ ئەوەی لەوێ سەربکەوێت و بێتەوە خزمەتی خەڵك بکات، کاری پزیشکی کارێکی زۆر زۆر باشە، وەکو ئەڵێن ئەوانە خزمەتی ئینسانی ئەکەن، خزمەتی کەسانێك ئەکەن کە نەخۆشن، نازانم لەوانەیە هەندێك پزیشك تەعامولیان یان رەفتاریان یان هەڵسوکەوتیان باش نەبێت، قسەیەك هاتە پێش بەحەقیقەت من پێم خۆش نەبوو بەدەمی جەنابی وەزیرەوە دەرچوو، وتی دەمانەوێت سومعەتی دکتۆرەکان بگەڕێنینەوە، بەڕەئی من دکتۆرەکان ئێستاش ئێمە ئەو هەوڵە ئەدەین، چونکە سومعەتیان باشەو خزمەتیان باشە، تا کارەکەیان باشتر بێت، ئەوانەی تر بێنە ریزی ئەوان، بۆ ئەوەی خزمەتێکی چاکتر بەخەڵکی خۆمان بکەین، ئەگەر ئەو قسەیە لابچێت بەڕەئی من باشترە، چونکە بەحەقیقەت ئەگەر رەفتارو هەوڵسوکەوتی کەسانێك بێت، نەك هەموویان بۆیە نابێ تەعمیمی بکەینەوە، خاڵی دیکە بەحەقیقەت ئێمە ئەم ماوەیە کەوتینە بەرامبەر کۆمەڵێك کێشە، یەکەم: کێشەی ئەو ١٠ هەزار قوتابیە کە هەموویان بەشێوەیەك بەگوێرەی سیستەمێکی تازە، لە ئامادەیی دەرچوون، بەڵام لە کۆلێژەکان قبوڵ نەکران، نازانم کۆمەڵێك سیستەم دێتە تەرحکردن بۆ ئەنجومەنی وەزیران، وەزیرەکان خۆیان بەرپرسن لەو سیستەمەی کەتەرحی ئەکەن، ئیتر وەزیری پەروەردە بێت، یان وەزیری تەندروستی بێت، یان وەزیری پلاندانان بێت، ئەبێ پلانی ستراتیژی بۆ موستەقبەلی ئەم میللەتە هەبێت، ئەوجا پێشنیارەکان یان پرۆژەکان لەلای وەزارەتەوە چووە ئەنجومەنی وەزیران بە تەئکید لەوێ پەسەندی ئەکەن، بەس دیارە دیراسەتەکە لەلایەن خودی وەزیرەکانەوە تەواو نیە، ستراتیژی نیە، لەبەر ئەوە کۆمەڵێك کێشەی لێ دروست نەبێت، ئەمڕۆ ئەو کێشانە ئێستا بەرامبەر دامودەزگای حکومەت و پەرلەمان دەبێتەوە، ئێمە ئەگەر نموونەی دکتۆرەکانی یان پزیشکەکان وەربگرین، دکتۆریش ئیشارەتی پێدا، بەحەقیقەت ئێمە لەکوردستان پێویستیمان بەپزیشکە، چونکە بەپێی ڕێژەی خەڵك پزیشك هەبێت بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵك بکەن، ئەگەر بەپێی پێویست بێت دامەزراندن یان تەعین کردنی فەرمانبەران عادەتەن، دەڵێین میلاکی زیاد هەیە لە دەوائیرەکان، بەڵام لای پزیشك ئان وەزارەتی تەندروستی نەقصی هەیە، کەواتە لێرە پێویستە دکتۆر ئان پزیشك دابمەزرێندرێت، نەك وەکو دائیرەکانی تر بێت، کە میلاکی زیادیان هەبێت، ئەڵێت دکتۆر ئێمە کەممان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر پارێزگای دهۆك وەکو نموونە

وەربگرین، زیاتر لە ملیۆنێك كەسی تێدا دەژی، لەو ملیۆن كەسە (٦٥٠) پزیشكمان هەیە، كەواتە چڕی دكتۆرەكان لەناو سەنتەری پارێزگای دهۆكن، لە هەندێ ناوچە هەیە لەوانەیە لە (١٠) هەزار نەفەر یەك پزیشكی بەرنەكەوێت، لەوانەیە لەناو خودی سەنتەری شار ئیحتیمالە لە (٥٠)كەس پزیشكێكی بەربكەوێت، ئەوە وادیار دەبێت بەحەقیقەت دابەشكردنی پزیشكەكانی بەرێكوپێكی نیە، لە دهۆك مەسەلەن لە مەجموعی (١٣٠)مەركەزی صەحی كەلەسەرتاسەری پارێزگای دهۆك هەیە، (٦٥) بنكەی تەندروستی یان مەركەزی صەحی تائێستا پزیشكی لێ نیە، جگە لەوە لەزۆربەی نەخۆشخانەكانی قەزاكان، پزیشكی ئافرەتی لێ نیە، كە كۆمەڵێك ئافرەت تووشی نەخۆشی ئەبن، دكتۆریان نیە موعالەجەیان بۆ بكات، ئەوەش كێشەیەكی ترە بەحەقیقەت ئەبێ بەرنامەی وەزارەت بێت، مەسەلەیەكی تر هاتەپێش مەسەلەی دیسپلین یان ئینزیباتی ئیداری، بەحەقیقەت ئەوە ئیشی هەموو وەزارەتەكانەو هی هەموو دائیرەكانە، ئەوە شتێكی تازە نیە كە ئێمە شتێكی تازە دابمەزرێنین، ئەوە سیستەمێكەو لەكۆنەوە هاتووە ئێمەش لەسەری دەچین، ئینزیباتی ئیداری لەهەموو دائیرەكان هەیە، كە مامۆستایەكە یان پزیشكێكە یان خەڵكانی دیكەیە كە ئیلتیزام ناكات، موراعاتی سیستەمی دەوائیر ناكات ودەوام ناكات، ئیجرائاتی یاسایی هەیە حەسەب اصول عقوبە وەردەگرێت، من نازانم چۆن ئێستا ئەڵێن ئەوانە پێویستی سیستەمێكە بۆ ئەوەی كۆنترۆڵی ئەوان بكەن، سیستەم هەیە ئەبێ جێبەجێی بكەن، ئەوەی نەقصی تێدایە وەزارەت ئەتوانێ وەكو پرۆژەیەك تەقدیمی بكات بۆ موعالەجەكردنی ئەو نەقسانە، بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەی كە هەیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەرەتا ڕێزو تەقدیرێكی زۆرم بۆ جەنابی وەزیر هەیە، ئەزانم زۆر ئەركی قورسە، بەڵام بەڕاشكاوانە قسەی لەگەڵ ئەكەم، پێشم خۆشە سەرەتای قسەكانم وتەیەكی برای بەڕێزم كاك عوسمان بانی مارانی ئیشارەت پێبدەم، دیارە ئەو بەشێوەیەكی تر ئیشارەتی پێدا، وەزیر بەرپرسی یەكەمە لەوەزارەتەكەی بەرپرسی دارشتنی سیاسەت وتەعلیماتی وەزارەتەكەیەتی، كە پێشنیاریان ئەكات بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كە قبوڵی بكەن، واتە ئەركی جەنابی وەزیر ونوسینگەی وەزیرو بریكارو وەزارەتەكەیەتی كە دیراسەیەكی ورد و هەڵسەنگاندنێكی ورد بۆ ئەو پێشنیارو بەرنامانە بكەن، كە نیازیان وایە وەكو تەعلیمات دابڕێژرێت، هەر بۆیەش من لێرە پرسیارم ئاراستەی جەنابی وەزیر ئەكەم، ئەڵێم جەنابی وەزیر ئێوە دیراسەتتان كرد كە بڕیارتاندا كە گرێبەست بكەن بەبەشێك لەبەرنامەی نوێ، ئەگەر دیراسەتتان كرد، ئەگەر هەڵسەنگاندنتان بۆ كرد، كاریگەرییەكانی كاتی و درێژخایەنتان لەپێشچاو گرت؟، بێگومان هەستتان بەوە ئەكرد كە نارەزاییەكی زۆری لێ ئەكەوێتەوە، كە نارەزاییەكی زۆریشی لێ ئەكەوێتەوە، دڵنیام ئەوكاتە هەوڵتان ئەدا كە ئەم پێشنیارە بەشێوەیەكی تر دابڕێژنەوە، ئەمە یەكەم:

دووەم: جەنابی وەزیر بەبێ گومان ئێمە لە قسەکانی بەڕێزت دەرکمان بەوە کرد کە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی ئیداری هەیە لەوەزارەتەکە، من پێشتریش لەم مینبەرەوە دەست خۆشیم لە هەوڵی جەنابت کردووە، کە هەوڵی ئەوە بدەی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی بکرێت، بەس من پێموانیە چاکسازی تەنها لەوەوە بکرێت کە ئێمە دەرچووە نوێیەکان بە شێوەی گرێبەست دابمەزرێنین، بە پێچەوانەوە چاکسازی دەبێت لە کۆمەڵێك بواری جیاوازدا بکرێت، دەبێت ئێمە بەڕاستی جەنابت ئیشارەتت بەوە دا کە ئیخصاییەکان هەندێك جار دەورەی خۆیان دەکەن، بەڵام موقیمەکان لەگەڵیان ناچن، من پێموایە ببورە ئەوە کەمتەرخەمی موقیمەکە نییە، کەمتەرخەمی دکتۆری ئیختصائیە، لەبەر ئەوەی جەنابت تەجروبەی وڵاتانی ئەوروپیت هەیە، ئەگەر دکتۆرێکی ئیخصائی جەولەی خۆی بکات، ئەوەك یەك و دوو چەند موقیمێك دەبێت لەدووییەوە بێت و خەریکی نووسینی مولاحەزات بێت و لە کاتی پشکنینەکاندا پرسیاری لێ بکات، بۆیە پێدەچێت لێرە دکتۆرە ئیخصائیەکە لەبەر ئەوەی ئیهتیمامی زیاتر بە کلینیکە تایبەتیەکەی خۆی دەدات ئەوەندە ئیهتیمام بە دەوامەکەی خۆی نادات لە نەخۆشخانە، بۆیە ئەرکەکە ئەکەوێتە سەرشانی موقیمەکە، موقیمەکەش متمانە بە خۆبوون زیاتر پەیدا دەکات کە بەو ئەندازەیە پابەندی دکتۆرە ئیخصائیەکەی نەبێت، جەنابی وەزیر لێم ببوورە من تەعلیق لەسەر دوو وتەی جەنابت دەدەم، یەکەمیان ئیشارەتت پێدا کە کەلە ساڵی ١٩٩٠ وە تا ئێستا هیچ ئیهتیمامێك بە پەروەردە کردنی ئەشخاس نەدراوە، بەڵکو زیاتر هەوڵ دراوە بینایە دروست بکرێت، من پێموایە لەگەڵ ئەوەی بینایەتیش پێویست بووە دروست بکرێت، بەڵام هەوڵێك هەبووە، ئەگەر زۆر باشیش نەبووبێت، ئەگەر لەئاستی تموحی جەنابت و منیش دانەبوبێت، بەڵام هەوڵێکی بەردەوام هەبووە، دەبێت ئێمە تەقدیر بۆ ئەو هەوڵە دابنێین، ئەمە یەکەم، جەنابتان بەهەمان شێوە ئیشارەتتان بەوەدا کە ئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان بەرەو خوارەوە دەچێت، بەڕاستی من ئەم پرسیارەی جەنابت ڕوبەرووی وەزیری پەروەردەو وەزیری خوێندنی باڵا دەکەمەوە، ئایا بەم شێوەیە ئێمە ئەمڕۆ دەبینین چەندین زانکۆی تری ئەهلی لە کوردستان دەکرێتەوە، خوێندکارو قوتابیەکانمان مەجالی بەدەست هێنانی تەکنەلۆژیاو شێوازی فێربوونی جیاوازی تازەیان لەبەر دەستدایە، بەڕاستی ئەو تەقیمە داوا لەبەڕێزت دەکەم کە بزانم پشت بەچ دراسەیەك، پشت بە چی ئیحسایەك دەبەستن تەقیمی ئاستی خوێندن بەرەو نزمی بکەنەوە، هیوادارم جەنابی وەزیر لەبەرنامەتان بۆ چاکسازی لە دام و دەزگاکانی تەندروستیو نەخۆشخانەکان بەردەوام بێت، بەڵام ئەوە لەسەر حسابی موقیمەکان نەبێت، ئەگەر بکرێت بەرنامەی گرێبەستە رابگرن، ئیجرائات بەرامبەر ئەو کەسە بکەن کە موخالەفە دەکات، ئەگەر موقیمە، ئەگەر دکتۆرە، ئەگەر بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیە، ئەگەر هەرکە سێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم دڵنیام کە وەزیری تەندروستی لەچ ڕوانگەیەکەوە هەوڵ دەدات، سیستەمی تەندروستی لەحکومەتدا بگۆڕێت، دەزانم لە چ ڕوانگەیەکیشەوە حکومەت پشتیوانی لێکردووە، بەڵام بەڕاستی شەرت نیە هەموو جارێ وەزارەتێك یان حکومەتێك بتوانێت بۆ بەرژەوەندیەکی گشتی، ڕای گشتی لەوەختێکی نزیك دروست بکات، ئەوە یەکەم: کۆمەڵێك هەوڵ هەیە بۆ گۆڕانکاری، گۆڕانکاری بکرێت، ئێمە دەزانین چ لەوەزارەتی پەروەردە چ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا چ لە وەزارەتی تەندروستی و لە وەزارەتەکانی تریش، بەڵام هەمیشە بەربەست دێتە بەدەم ئەو گۆڕانکاریانە هەندێك ئەو بەربەستانە بە مەبەستەو هەندێکیش لە تێنەگەیشتنە، ئەوەی بە مەبەستە دەزانین یەعنی دیارە، ئەوەی لە تێنەگەیشتنیشە هەقە کاتێك کە هەوڵی گۆڕینی شتێك دەدرێت، یاسایەك دەدرێت سیستەمی گۆڕینی خوێندن دەدرێت سیستەمی تەندروستی دەدرێت، یەعنی زیاتر لەبەر چاوی خەڵك ڕوون بکرێتەوە، ئەو گۆڕانکاریەی جەنابی وەزیر پێشنیاری کردووە یان حکومەت بڕیاری لێداوە یان سەرۆکایەتی حکومەت بڕیای لێداوە، ئەگەر هاتباو پشت بە یاسا بوایە پێشنیاری هەموارکردنی ئەو یاسایە بوایەو لە پەرلەمانی کوردستان هەموار کرابایە، داڕێژرابوایە ئێستا حکومەت و هەموو هاووڵاتیەکیش مولزەم دەبوو بۆ ئەوەی کە جێبەجێی بکات، هیچ ئەو کێشەیە دروست نەدەبوو، لەلایەك واراهاتووین کە تا ئێستا ئەو یاسایە لەگەڵ دامەزراندنە لەو کاتەی لە ٧٠وە یاسایەکە دەرچووە تائێستا وا هاتووە هەمیشە پێویستیمان بە دکتۆر هەبووە، لە لایەکی تریش بەرچاوی روون نییە جگە لە یاساکە ئەگەر مەجالی ئەوەشی تێدا بێت کە یاساکە کاتیە یان هەمیشەییە دامەزراندنەکە، بەڵام بەرچاو روونی نەبووە بۆ خەڵك، لە هەموو وڵاتان هەموو خوێندکارانی دەرچووی شەش وەرناگیرێن، بەڵام هەموو ئەو وڵاتانە وەکو کوردستان ئەمساڵ کێشە دروست بوو؟، کێشە دروست نابێت، چونکە خەڵك بەرچاوی روونە، دەزانێت لەسەدا ئەوەندەی خوێندکاران لە لایەن حکومەت وەردەگیرێت، ئەوەی تر دەرگای ئەهلی بۆ دەکرێتەوە، یان دەچێتە بواری تری ئیش کردن، سەبارەت بەو گرێبەستە من بە دڵنیایەوە دەزانم دیراسە کراوە، بەڵام ئەبوایە لایەنە قانونیەکەشی دیارسە بکرابایە، بۆ ئەوەی ئێستا سەرکەوتنی بەدەست بهێنا بایە، ئەگەر ئەوە کرابایە سەرکەوتنی بە دەست دەهێنا، ئێمە وەکو پەرلەمان پشتیوانیمان لێی دەکرد، ئێستا کە خەڵك و دکتۆرەکان یان ئەوانەی تازە دەرچوونە لە گرێبەست دەترسێن، ناحەقیان نیە برادەرینە! لەبەرئەوەی دەترسن لەوەی پێوەری تێپەڕاندنی مودەتی گرێبەستەکە دەوام کردن و کارکردن نەبێت، پێوەرەکە پێوەری پشتیوانی کردنە و پشتگیری کردن بێت لە دەرەوەی وەزارەتی تەندروستی، ئەو حاڵەتەش دەزانین کە هەیە، بۆیە دەبینین کە دکتۆرێك تازە دادەمەزرێ لە ناو خودی پارێزگاکان کە تازە دەرچووە و دادەمەزرێ و هەشە بە ئاسانیش ناگەڕێتەوە ناو پارێزگا، خەڵك ناحەقی نیە کە گلەیی هەبێت، پەیوەندی بە ئەوەوە نیە، لەبەرئەوە ئێستا ئێمە لە کوردستان دەبینین کە دکتۆرێك بە پێی پێوەری ئێستا حکومەت کە بە پێی ئەو بڕە پارەیەی

ئێستا کە وەزارەتی خوێندنی باڵا باسی دەکات، ساڵی ٥ هەزار دۆلار دۆلار هەر خوێنکارێك بە بەری دەکەوێت، کەواتە هەر خوێندکارێك تا کۆلیژی پزیشکی تەواو کردبێ و دەرچوو بێ ٣٠ هەزار دۆلارە، واتە ٣٠ هەزار دۆلاری لێ سەرف کراوە، خۆی تەڵەبەیەکی زیرەك بووەو هاتووە دەیەوێ دابمەزرێ، دانامەزرێت، تووشی ئیستیدام دەبێت، بەڵام لەبەرامبەر دا ئەو خوێندکارە دەبینی کە سەدان، بگرەو هەزاران چەکداری بێ چەك بە هەمیشەیی دامەزراون و مووچەش وەردەگرن، سەدان بن دیوار بە ناوی پاسەوانی ئەو بەرپرس و ئەو بەرپرس، مووچە وەردەگرن، هەزاران ساحێب دیوەخانی بێ دیوەخان بە ناوی دیوەخانەوە موچە وەردەگرن، سەدان سەرۆك عەشیرەتی بێ عەشیرەت مووچە وەردەگرن، کاتێك خەڵك ئەو نادادپەروەریە ببینن، بەوە گلەیی دەبێت و گلەیی دەکات، من کە دەڵێم سەرۆکی بێ عەشیرەت مەبەستم نیە عەشیرەت نیە یا خەڵك وا لێك نەداتەوە، مەبەستم ئەوەیە سەرۆك هەیەو ناوی هەیەو بەڵام عەشیرەتەکەی لەگەڵی نیە و سیستەمی عەشیرەتگەری لەگەڵ نیە، مەبەستم هیچ نیە و ئیحترامم بۆ عەشیرەتەکان هەیە و با وا لێك نەدرێتەوە وەکو کەلیمەی نشوزەکە، بەهەرحاڵ داواکارم ئەگەر دەکرێت ئەو مەسەلەیە چاوی پێدابخشێندرێتەوە، چونکە ئەوە تەقریبەن بووە رەئی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر لە دەسەڵاتی جەنابی وەزیردایە ئەوا بیکاتە خاتری ئێمە و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و، ئەگەر نا پەرلەمان بڕیارێك بدات کە حکومەت مەلزەم بێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات بۆ ئەوەی چیتر لەسەر ئەو کێشانە دانەنیشین و هەوڵ بدەین کێشەکانی تر چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ملا أنور فەرموو.

**بەڕێز أنور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ من دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم، پشتگیری لە هەموو گۆڕانکاریەك دەکەین کە بە قازانج و مەسلەحەتی هەموو کۆمەڵگا و هاوولاتی تەواو بێت، تەبیعی هەر گۆڕانکاریەکیش هەروەکو دەڵێت (لابد لكل ولادة من مخاض) وەکو دەڵێن گۆڕانکاری دائیمەن ئازاری بەدواوەیە و ئەوەش شتێکی حەتمیە و حەتمەن دەبێ تەحەمول بکرێت، ئەوەی کە جەنابی وەزیر لەسەرەتا دا باسی هەر باسی ئامانجی دروست بوونی وەزارەتی تەندروستی کرد بۆ خزمەتی هاوولاتیانە، یەعنی وەزارەتی تەندروستی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، لە مرۆڤ گەورەتر نیە لە کەوندا، بۆ ئەوەی کە خوای پەروەردگار ئەو ڕێزەی لێناوە بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بۆ ژێر باڵ خستووەو ئەویش زۆر گەورەیە و مەسئولیەتێکی زۆر گەورەشە هەم دونیایی و هەم قیامەتی، بۆ خزمەت کردنی ئەو ئینسانە بە تایبەتی دکتۆرە بەڕێزەکان کە دەبێت زۆر بە مەسئولانە تەعامول بکەن لەگەڵ مرۆڤ، بەڵام ئەوەی کە باس دەکرێت لێرە مەوزوعی تەعینەکەو مەوزوعی عەقدەکە، کە هەردووکیان من پرسیار دەکەم ئایا هۆی عەقد بۆ ئەوەیە کە ئەگەر تەعین هەبێت ناتوانێ دکتۆر جەنابی بپرسێتەوە لەو پزیشك و دکتۆرانەی کە بە ئەرکی خۆیان

هەڵناستن؟ حەسانەکە هەموو مەسئولیەتێکی ئیداریش دەگرێتەوە، یان عەقدەکە ئەگەر هەبێت دەتوانێ بە کەیفی خۆی بینێرێت بۆ شوێنێك و بۆ جێگایەکی تر، یەعنی دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم لە جەنابی دکتۆر، هەروەها مەسەلەی زانکۆ ئەهلیەکان ئایا سوودی هەیە بۆ بەرەوپێش بردنی بواری زانستی تەندروستی یان زیانی هەیە؟ بەڵام لە عەینی کات دا ئێمە کە تەماشا دەکەین هەموومان بۆ ئەوە هەوڵ دەدەین کە کوردستان ئاوەدان بێتەوەو خەڵك دڵی خۆش بێت بە ئیدارەی کوردی و بە حکومەتی کوردی، تەماشا دەکەین لە بواری تەندروستی دا چەندین بنکە لە ناحیەکان و قەزایەکان لە گوندەکان کراوەتەوە کە یەك دکتۆر و یەك کەس نیە کە سەرپەرشتی بکات، هەر لەو هاوینەدا لەوانەیە بە دەیان کەس وەفاتی کردبێت بە سەبەبی ئەوەی کە دووپشکێك یان مارێك پێوەی داوە کە لە شوێنی خۆی عیلاج نەبووە و دەرمان نەبووە، شتێك نەبووە هەتا گەیەندراوەتەوە پارێزگا گیانی لە دەست داوە ئەو ئینسانە، بەڕاستی ئەوە پێویستی بە پێداچوونەوەیەك هەیە بۆ دابین کردنی داودەرمان، کەسی ئەهل بۆ ئەو شوێنانە دابمەزرێت تا وەکو خەڵك هەم کودرستان ئاوەدان بێتەوەو هەم دڵی خۆش بێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم وایە هەر بڕیارێك و هەر یاسایەك کە دەردەچێت دەبێت لە خزمەتی خەڵك دابێت، دەبێت خەڵك قەناعەت پێ بکەی بەرامبەر بەو شتەی کە دەکرێت، زۆر خەڵکیش با تۆمەتبار نەکەین بەوەی کە خەڵکەکەی ئێمە نەزانە و نەفامە، ئێمە دەمانەوێ ئەو خەڵکە گەشە پێی بدەین و توانای لێ هاتنی و عەقڵی وهەر شتێکی تری، لەبەرئەوە گۆڕانکاریەکان دەبێت لەڕوانگەی ئەوەوە بێت، لەڕوانگەی پێداویستیەکانی ئەوەوە، نەك لە ڕوانگەو پێداویستی نوخبەوە، خاڵی دووەمم کە بەڕێز وەزیر گوتی و باسی ئەوەی کرد کە باشترین خزمەتگوزاری ئامانجی ئەساسی ئەو وەزارەتەیە، من پێم وایە ئەو باشترین خزمەتگوزاریە ئەگەر باشەکەشی لێ لاببەین هەر بڵێین خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی وا کە سێکوچکەیەکی دەوێت، کادیری بە توانا لەگەڵ پلان و نەخشەیەکی تۆکمەو بەهێز لەگەڵ ئیمکانیەت، ئایا ئەم وەزارەتەی جەنابتان وەکو وەزارەتی تەندروستی توانیویەتی تەوازونێك لە بەینی ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی کوردستان و ژمارەی پزیشکەکان بکات؟ لە دنیا نۆرماڵێك هەیە، من داتایەکم پێیە، لەوڵاتێك دەتوانم بڵێم زۆر پێشکەوتوو نیە، وەکو وڵاتی سعودیە کە ١٠ ساڵ لەمەوپێش هەر پزیشکێك بۆ ٥١٥ کەس، دەبێ لای ئێمە چەند بێت؟ من پێم وایە بۆ ٢ هەزاریش زیاتر دەچێت، لە کاتێك ئێمە ئەگەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٤ ملیۆن بێت کە نیزکەی ئەوە بە پێی بیتاقەی تەموینی دەبێت زەربی سێی بکەین، یەکێکمان هەر بەلای کەمەوە ساڵی ٣ جار دەچین موراجەعەی خەستەخانە دەکەین، بەلای کەمەوە، چونکە دەزانین ئەو وڵاتەی ئێمە چی بەسەر هاتووە لە نەتیجەی ئەم هەموو غارات و ئەم هەموو چەکی کیمیاوی و ئەم

هەموو خراپەی کە کراوە بەرامبەر بە میللەتەی ئێمە، من پێم وایە کەمترین کەس لە ساڵێك دا سێ جار دەچێت موراجەعەی دکتۆر دەکات، چوار ملیۆن، ئەوە بووە ١٢ ملیۆن، ئایا بەرامبەر بەم داتایە ژمارەی پزیشك هەیە؟ لەبەرئەوە پێم وایە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بۆیە من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارەم، چونکە تۆ پێویستی و پێیە، لەناو ئەو پرۆژەی جەنابتا چوار خاڵت دیاری کرد، یەکێکیان دامەزراندن بە پێی پێویست، ئێستا تۆ ژمارەکەت نەقسە، ژمارەکەت زۆریش نەقسە، کەچی بە گرێبەست دەیکەی، لە کاتێك دا فەرقی گرێبەست و تەعینی دائیم پێم وایە لە ئیدارە شتێکی جیاوازە، ئەگەر ئێوە بتانەوێ ئیمتیازێکی بۆ دروست بکەن دەبێت بە قانون بێت، جیاوازیەکەیشی بریتیە لە چی؟ بریتیە لەوەی کە تەعینی دائیم ئەم کەسە ئیمتیازاتی بەردەکەوێت، هەر لە ئەرز پێدانەوە بیگرە هەتا مردن، ئەگەر بەیانی مرد لەسەر حکومەت حیساب دەبێت، بەڵام لە گرێبەست شەرت نیە و هیچ حیساب ناکرێت، هەر ئیمتیازێکی تری مەعنەوی ببێت ئەم کەسە مەحروم دەبێت لێی، بۆ؟ چونکە کاتیە جێگاکەی، ئەمانەش بەڕاستی لەمە ئەترسن وەکو ئەو بەڕێزانە کە ئیشارەتیان پێی کرد، شتی تر هەیە کاریگەری دەکات لەسەر ئەمە، میزاجە، شتی سیاسیە، شتی تریش لەو بابەتانەی کە دەکرێت، لەبەرئەوە من پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە سەیری بکرێ و ئەم پێشنیارەش ئەگەر لەمەولا بکرێت بەڕێزی هەر وەزیرێك یان هەرکەسێك لەگەڵ یەکەکانی خۆیدا، بۆ نموونە مدیراتی تەندروستی کە لە پارێزگاکان دا، ئەم سەندیکایانەی کە هەن با ڕاوێژێك بکرێت لەسەر ئەو شتانە، من ئەمەم پێ تەندروست ترە هەتا ئەوەی کە ئێمە یاسایەکمان دەرکردبا، بۆ؟ ئەمە تێ گەیشتین خەلەلەکە لەکوێ دایە، بە یاسا باشتر و مەحکەم و ڕاست تری دەکەینەوە، خاڵێکی تر ڕێکخستنەوەی ناو ماڵ، من پێم وایە ئەمە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ پزیشکان دا تەنها لەڕووی میهنەوە دەتوانێ قسە بکات، ئەو چاودێر و موراقەبە دەگرێتە ئیداریەکان، وەکو پارێزگا وەکو قەزاکان دەبێت ئەمانە ئێمەش بیخەینە ئەستۆی ئەوانیش، چونکە ئەوان دەبێت لەڕووی ئیداریەوە بەرپەرسن بەرامبەر بەو نکوڵیانەی کە لەم دائیرانە دەکرێت، بەڵام هیچ ئیشارەتێکمان پێی نەکرد، من دەست خۆشی دەکەم لە وەزیر، بەڕاستی دەیبینم زۆر سەردانی ئەم نەخۆشخانە و ئەم پارێزگا و ئەم شوێنانە دەکات، بەڵام داوایەکم لێی هەیە لەمەولا کە سەردان دەکات بە تەنها نەبێت، یەعنی کۆمەڵێك خەڵگی ئیختساسی لای خۆی لە مودیراتەکان بەرێت، بۆ ئەوەی مانای لێپرسینەوەیەك دروست ببێت، هەر بەسەرکردنەوە نەبێت، مانای لێپرسینەوەیەکیش دروست ببێت، من دەڵێم بۆچی مەسەلەن ناتوانین ئێمە قسە لەگەڵ خەڵك بکەین، ناتوانین لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵك دا بکەین، کاتێك کە دەبینین بە زەقی فەوزایەك هەیە، ئایا ئەم شوێنانەی کە ئێمە دەمانەوێت تەئهیلی تیا بکەین، هەر دەمەوێ ئەو کەلیمەیە بڵێم ئەمە وەزارەتی نەخۆشەکان نەبێت، بەزەیی بە ساغەکانیش دا بێتەوە، هەر بۆ نەخۆش نەبێت ئەم وەزارەتە، یەعنی ئیشەکەی جەنابت هەم یوقایە بێت و هەم تەئهیلیش بێت، ئەم تەئهیلە ئەی بۆچی ئەگەر هەر لە پارێزگاکان دا ئەم مەسائیلە گرنگانە هەیە خەڵك تیایدا پەروەردە دەبێت، ئەی بۆ لە قەزاکاندا دروست نابێت؟ هەم لە بۆرد، هەم لەو کەرستانەی کە بۆ

پزیشکی پێویستە ئەو قوتابیە لەسەری ڕابێت و لەسەری مەحکەم بێت، من پێم وایە زۆر کەمە ئەو خەڵکانەش کەدەچێتە ئەوێ، نابێت، لەبەرئەوە یەك، دوو پێشنیازم هەیە ئەگەر لێمی وەربگرن، یەکەم: پلەبەندیەکی زانستی دروست بکەین، هەروەکو چۆن لە زانکۆ دا مامۆستاکان هەر لە مودەریسەوە تا دەبێتە پرۆفیسۆر و هەم ئیمتیازاتی خۆیشی هەیە، ئێوەش دەکرێت لەم دکتۆرانە بەڕاستی دروست بکرێت، چونکە ژمارەکە بەرەو زۆری دەڕوات، پێویستی بەم پلەبەندیە هەیە، پێم وایە شتێکی گرنگە، بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە پرۆژە یاسایەك بۆ تەعدیل کردنی ئەم مەسەلەیە پێشکەش بکرێت، پێم وایە شتێکی زۆر باش دەبێت، هاندان و ڕێککەوتنێك لەگەڵ وەحدەی ئیداری دا و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش لەڕێگە لێپرسینەوەو مەحاسەبە کارێکی گرنگ بکەن، ئەم گرێبەستە وەکو گوتم گرفتەکەی ئەوەیە کە متمانە نیە لەلایەن قوتابیان دا، چونکە هەم ترسیان هەیەو هەم کاریگەری و میزاجی ئەو خەڵکانەی کە مدیرن ئەوە ئەکەن، هەم جاری واش هەیە مەسەلەیەکی سیاسی کاردەکاتە سەر ئەو مەسەلەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەوە سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ سنگ فراوانی و بۆ تەحەمول کردنی ئەو قسانەی ئێمە، ئەو مەسەلەیەی کە ئێستا ئێمە باسی لێوە دەکەین دووشتە، یەکێکیان ئەوەیە کە دامەزراندن بە گرێبەست، دووەمیان تەوزیعی ئەو دکتۆرە موقیمانەیە لەو شوێنانەی کە پێویستیانە، ئەو خوشك و برا ئەندام پەرلەمانانە زۆر باسی مەسەلەکەیان کرد، لە زۆر لایەنەوە بە درێژی و بە تەفسیلی باسی لێوە کرا، بەڵام من هیوادارم ئەو قسانە زۆر دووبارە نەکەمەوە، من یەك شت دەڵێم ئەو سیستەمەی کە جاران لێرە بوو کە ئێمە بەڕاستی دەبێت فەرق بکەین لە نێوان واقعی ئەم وڵاتەی ئێمە لەگەڵ واقعی وڵاتانی دەرەوە، زۆر لەو برادەرانە باسی ئەوەیان کرد کە نیسبەتی بۆ نموونە دکتۆرێك لێرە چەند کەسی بەردەکەوێت، لە ئەوروپاش چەند کەس دکتۆرێکی بەردەکەوێت، لەو وڵاتانی دەرویشتیش چەند کەس دکتۆری بەردەکەوێت، لێرە من پێم وایە ئەو ئیحسائیاتانەی کە لەبەردەست دایە زیاتر لە هەزار کەس یەك دکتۆری بەردەکەوێت، لە کاتێك دا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا ڕەنگە لە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەس یەك دکتۆری بەربکەوێت، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو مەشروعەی کاك دکتۆر باسی کرد مەشروعێکی زۆر تەموحە، مەشروعێکە کە چاکسازیەکی زۆر گەورەی تیایە، هەمووماں هیواو ئەمەلمان هەیە کە لە پاشەڕۆژدا بتوانین ئەو نەوعە نیزامە هەبێت لە وڵاتی ئێمەدا، بەڵام ئەوە کاتی خۆی لە قانونی وەزارەتی تەندروستیش دا باسمان کرد خۆی حەقە هەر نیزامی صحیەکە بگۆڕی، کە سیستەمەکە لە ڕەگ و ڕیشەوە بیگۆڕی ئینجا دەتوانی تەقەبولی ئەم نەوعە تەعینانە دەکات کە مونسەجم بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەگەڵ وەزارەتی

صحەیا دەگرێت، بەڵێ مەسەلەن دەبێت گۆڕانکاری بکەین لە سیستەمی ئیش کردنی دکتۆرەکان لە عیادە، ئیش کردنی دکتۆرەکان لە خەستەخانەی ئەهلی، ئیش کردنی دکتۆرەکان لە خەستەخانەی عام، قسەکانی کاك جمال دووبارە ناکەمەوە کە وەزعی عیادە ئەهلیەکان و وەزعی خاسەکان لەگەڵ وەزعی خەستەخانەی حکومی چەند فەرقێکی گەورەی هەیە، لەبەرئەوە ئێمە کە دیراسەی وەزعەکەی و مەشروعەکە دەکەین و دەمانەوێت نیزامێکی تازە دابنێین، دەبێ لە هەموو لایەنەکانەوە دیراسەی بکەین، نابێت لە یەك لایەنەوە دیارسەی بکەین، من دووبارە تەئکید دەکەمەوە نیزامێکی زۆر باشە، بەڵام دەگونجێت بۆ ئێستای ئێمە؟ دەگونجێت لە حاڵەتێك دا کە ناعەدالەتێکی گەورە هەیە بەڕاستی لە تەعین کردنی خەڵك دا، چونکە خۆشتان دەزانن نابێت ئەوە بشارینەوە کە هەموو خەڵك باسی ئەوە دەکات نیزامی واستە و واستەکاری و ناعەدالەتی هەیە لە تەعین کردندا، ناعەدالەتی هەیە لە فێرکردنی دکتۆرەکان دا، ناعەدالەتی هەیە لە نادرنە دەرەوەیان بۆ دەرەوەی وڵات، دکتۆری وا هەیە چوار، پێنج جار چووەتە دەرەوەی وڵات، دکتۆرێکی واش هەیە کە موستەحەقیشە تا ئێستا نەچووەتە دەرەوەی وڵات، من تەنها دیفاع لە دکتۆرەکان ناکەم، چونکە دکتۆرەکانیش دەبێت هەست کردن بە مەسئولیەت لەناو ئەوانیش دا کەمە، وەکو هەست کردن بە مەسئولیەت لە ناو هەموو تەبەقاتەکانی ئەو موجتەمەعەی ئێمە بەڕاستی بەداخەوە دەیڵێم دابەزیوە، لەبەرئەوەی کەس هەست ناکات بە مەسئولیەت، لەبەرئەوە لە حاڵێك دا کە دکتۆر ناحەقی نیە ترسی لەوە هەبێت کە بەیانی بە گرێ بەست بێت، چۆن تەعینی دەکەن، من پێشم وایە تەعین کردن و گرێبەستیش فەرقێکی وای نیە، چونکە لە تەعین کردنیش دا خۆ سزادان هەیە، ئینزار هەیە، تەوبیخ هەیە، دەرکردن هەیە، فەسڵ کردن هەیە، ئەم نیزامەی کە هەیە ئایا وای کردووە دکتۆرەکان هەست بکەن بە مەسئولیەت؟ بەڕێکوپێکی ئەوەی کە کاك دکتۆر باسی کرد بەو شکڵەی کە خەڵك دەخوازێت ئیشەکانی خۆیان بەرن بەڕێوە، ئەرکەکانی خۆیان بەڕێك و پێکی ئەنجام بدەن، من پێم وایە بەڕاستی موشکیلەیەکی گەورە ئێمە مواجەهەی دەکەین ئەم نیزامەیە، ئەم نیزامەش خەلەل لە قانون دا نیە، خەلەل لە تەعلیمات دا نیە، خەلەل لە جێ بەجێ کردنی قانون دایە، خەلەل لە جێ بەجێ کردنی تەعلیمات دایە، ئێمە هەتا ئەمانە نەکەین ناتوانین ئەم نیزامە دابنێین بەو شکڵەی کە تەعین کردن بە شکڵی گرێبەست بێت، جا بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە بۆ ئەو وەزعەی ئێمە و بۆ ئەو نیزامەی کە هەمانە، ئەم مەشروعە پێموایە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، بەڵام لە تەوزیع کردنی دکتۆرەکان دا من بە تەواوی پشتیوانی لە کاك د.زریان دەکەم کە پێویستە ئێمە بەعزێك معیارمان هەبێت بۆ دابەشکردنی ئەو دکتۆرانە بەسەر ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێیەتی، ئەوە لە تەعین کردنیش دا ئەو سزادانە هەیە، جالەبەرئەوە ئەگەر ڕەچاوکردنی مەبدەئی سزادان و پاداشت بگرینە بەرچاو پێم وایە دەتوانین ئەو موشکیلانە حەل بکەین و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری تەندروستی دەكەم، لەڕاستی دا ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان لە كاتی متمانە بەخشین بەكابینەی ٥ ی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا لەكارنامەی حكومەت دا هاتبوو ئاماژە بەو گۆڕانكاریانە درابوو بە تایبەت لەبواری تەندروستی و لە بواری پەروەردە دا، ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان متمانەمان بەوە داوە، بە داخەوە من لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی كە دژی گرێبەست یان هەر گۆڕانكاریەك بوون لە بواری پەروەردەو ئەمانە، بەڕاستی ئەمە جۆرێك لە موفارەقەو جیاوازی دەبینم كە ئێمە بۆ خۆمان دەنگمان بە كارنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستان داوە، دەنگمان بە یاسای وەزارەتی تەندروستی داوە، دەنگمان بە یاسای وەزارەتی پەروەردە داوە، هەر خۆشمان لێرەوە، وەك هەنگاوێكی سەرەتایی بەو ئاراستەیە لەلایەن وەزارەتەكانەوە بندرێت لەژێر كارتێكردن و كاریگەری هەندێ شتی عاتیفی و سۆزی خۆمانە بەبێ دیراسە دژی دەوەستینەوە بە بێ ئەوەی بەدائیلی دیاری كراویشمان هەبێت بۆ ئەوە، لەڕاستی دا گۆڕانكاری و چاكسازی لە كۆمەڵگای ئێمە بووەتە زەرورەتێكی حەیاتی و داخوازیەكی جەماوەری، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هێشتنەوە و مانەوەی ئەو واقیعە كارگێڕی و ئابووریە لە هەرێمی كوردستان دا بەو شێوەیەی ئێستا هەڕەشەیەكی جدی نیە لە ئایندەی هەرێمەكەمان لە هەموو ئاستەكاندا؟ گرێبەست جەنابی د.زریان كە ئاماژەی پێ دەدات ئایا ئەمە هەنگاوێك نیە بۆ بەدامەزراوەیی كردنی دام دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك سەرەتایەك بۆ پەیڕەو كردنی دادپەروەری لەناو دەزگاكاندا بۆ جیاكردنەوەو دانانی سنوور لە نێوان كەسی بە توانا و شارەزا لەگەڵ كەسی بێ توانا و كەمتەرخەم دا، ئێ باشە ئەگەر ئێمە باس لە مونەسەسەكردنی دامەزراوەكان بكەین لە كوێوە دەستی پێ بكەین؟ من پێشنیارم بۆ جەنابی د.زریان ئەوەیە كە بەڕاستی بڕیارەكەی تۆزێك پەلە بوونی پێوە دیارە، لەبەرئەوە زەمینە سازی پێویست چ لەڕووی تەشریعات، چ لەڕووی ئابووری و لەڕووی خەدەمیشەوە نەكراوە بۆ جێ بەجێ كردنی یاسایەكە، پێشنیارم ئەوەیە كە دووبارە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوكێیەی كە لای هەمووومان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و دكتۆرە بەڕێزەكان و موقیمەكان و خوێندكارانیش هەیە، كە ئەویش ئەوەیە بەداخەوە مەحسوبیەت ومەنسوبیەت، تەداخولی ئەم لاو ئەولاو خزم و خزمێنە بووە بە بەشێك لە سیمای كەلتوری كارگێری لە هەرێمی كوردستان دا، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی ئەوان و بۆ ئەوەی كە گۆڕان و پێشكەوتن لەبواری سیستەمی پەروەردە بكرێت، پێشنیارم ئەوەیە كە بە یاسایەكی تایبەت لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرێبەستەكە بێتە پەرلەمانی كوردستان و پەرلەمانیش دەنگی خۆی لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك د.كمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی كاك د.زریان دەكەین، دەست خۆشیشی لێ دەكەین كە تیشكی خستەسەر كەموكورتیەكانی ناو بواری تەندروستی، لە حەقیقەت دا بۆ ئێمە هەموو شتێك موهیمە، بەس تەندروستی لە هەمووی موهیم ترە، پێویستە چارەسەر بكرێت، پێویستە ئەو كەموكورتیەی لە ناو نەخۆشخانەكان هەیە چارەسەر بكرێت، ئێمە دەتوانین بڵێین لە كۆمەڵگایەك نەفەرێك، ڕێكخراوێك، حیزبێك، چەند حیزب غەڵەتە، بەس قەت ناتوانین بڵێین هەموو كۆمەڵگا خراپە؟ هەروەها لە موستەشفاش دكتۆرێك، دوو، دە ناتوانین بڵێین هەر هەموو سیستەمی پزیشكی، هەر هەمووی هەڵەیە، باشیشی تیایەو خراپیشی تیایە، بەڵام خراپەكانی كەمە و ناوی زۆرینەكەشی خراپ كردووە، پێویستە بۆ ئەو گوێ نەدان و پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەكانی وەزارەت، پێویستە ئیجرائات بكرێت، چاك بكرێتەوە، ئالیەتی بۆ دابندرێت، عیقاب بكرێت، نابێ بەو شكڵە بمێنێت، بە نیسبەت دامەزراندن بە حەقیقەت، خۆزگە پێش ئەوەی بهاتبایە پەرلەمان لەناو وەزارەت و لەگەڵ حكومەت چارەسەریان بكردبایە، بەڵام مادام هاتە پەرلەمان پێویستە ئیلتزام بە یاسا بكەین، وەك پەرلەمان نابێت قەرارێك بدەین بێ یاسایی بێت، قانونێك هەیە، قانونی ٩٩ لە ساڵی هەفتاكانەوە دەرچووە و ٣٨ ساڵە كاری پێ دەكرێت بۆ تەعینات، بووەتە عورفێك لە عیراق، ئێستا پێش ئەوەی ئیلغا بكرێت لەلایەن عیراق، پێش ئەوەی لە هەرێمی كوردستان هەموار كرابێ، پێویستە ئێمە ئیلتیزامی پێ بكەین، هەتاوەكو ئەو ڕۆژەی بەڕێگایەكی یاسایی كە تەئیدی كاك د.نوری دەكەم كە لە بیدایەتەوە ئیشارەتی پێی كرد، هەتا ئەو ڕۆژەی دێتە ناو پەرلەمانی كوردستان و هەموار دەكرێت واجبە لەسەرمان وەك پەرلەمانی كوردستان ئیلتیزام بەو یاسایەوە بكەین، بۆ بە عەقدیش یان كاتی یان تەعین، تەعینەكە لە صالحی عامەیە، من كەوا دەیبینم بۆ؟ چونكە ئەگەر هاتە عەقدی شەخسی باوەڕ بكەن لە ئەمڕۆی ئەم هەرێمە هەر ئەوانە تەعین دەبن كە واستەیان هەیە، من ڕێزێكی تایبەتم بۆ كاك د.زریان هەیە، مەبەستم نە ئەوەو نە كەسێكە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بە حەقیقەت ئەم زاهیرەیە هەیە و كە بووە شكڵێكی عام هەموو تەڵەبەیەك كە دەچێت ئەو ڕۆژەی كە تەعەهود دەدات دەچێتە كولیەی پزیشكی دەزانێت ئەگەر نەكسەیەك نەیەتە پێشی كەی تەخەروج دەكات؟ و كەی تەعین دەبێت، ئینجا تەدەروجی پلەی علمیشی دەبێت لێرە موقیم بێت، پاشان تموحی هەیەو دەرەوات بۆرد دەكات، دەرواتە شوێنی تر دەبێت ئێمە وەكو هەرێم ئیلتیزامان هەبێت بەرامبەر بە تەڵەبەكانمان كە هەم دایان بمەزرێنین و هەم لە ئاستی زانستیش پێشیان بخەین بۆ ئەوەی پێش بكەون، بۆیە عەقدی كاتی پزیشكەكانمان تووشی دڵەڕاوكێ دەكاتن، با دابمەزرێن و لەژێر تەجروبە بن، لە ناو تەجروبەی ئەو یەك، دوو ساڵە دەرنەچوون بۆی هەیە فەسڵ بكرێت، هەموو كەموكورتیەكانیش ڕاستە ڕێزدار جەنابی وەزیر لێرە لەگەڵی قسە دەكەین، مودیری موستەشفاشمان مەسئولە، مودیری قسمەكانیشمان مەسئولن، ئەو دكتۆرانەی كە بە واجبی خۆیان هەڵنەستن حەقە عیقاب بكرێن، حەقە

فەسڵ بکرێن، حەقە ئیجرائاتی ئسوڵی قانونیان لەگەڵ بکرێت، بەرەڵا نەبێت، یەکێك تەعین بێت وەڵلا ئەمە هیچ لێپرسینەوەی لەسەر نیە، ئەگەر لە هەر دەزگایەك، لەهەر شوێنێك لێپرسینەوە نەبێت زۆر شت خراپ دێتە پێشەوە، لێرە باسی هەندێك شت کرا من ڕێزم بۆ گشت پەرلەمانتاران هەیە، ئەزمەی ئیلتیزام نەکردن بە یاسا ئەو پەرلەمانتارەی کە دەقیق زانی لە شوێنێك ئیلتیزام بە یاسا ناکرێت حەقە بیهێنێتە لیژنەکەی خۆی لەناو لیژنەکە دیراسەت بکرێت، عەرزی پەرلەمان بکرێت، پێداچوونەوە بکرێت، نەهێڵین بڵێین وەڵلا ئەوە دەکرێت، ئەوەی ڕێزدار کاك جمال قاسم باسی ئەو موقاولەی کرد پێکەنین، من دەڵێم حەقی پێکەنین نیە، حەقی ئەوەیە هەموومان بگرییێن، هەمووومان بگرێین، چونکە گەندەڵیەکی وا هەیە و لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، من داوا لەو بەڕێزە دەکەم پێویستە ناوی ئەو مقاولەو ئەو نەخۆشە بهێنێتە لیژنەی خۆیان و بیداتە پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ حکومەتیش قسە بکەین، حکومەتیش دەیەوێت مەعلوماتی هەبێت بۆ ئەوەی شت چاك بکات، من دڵنیام لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار وەزیری تەندروستی لە زۆر لە دکتۆرە بەڕێزەکان، کە زۆر بەدلسۆزی کاردەکەن، بەڵام ئەوەندەیان لە دەست هاتووە، من رەئیم دەخەمە پاڵ رەئی لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئومێدەوارم جێگای ڕەزامەندی پەرلەمانیش بێت، گرێبەست یان کاتی کۆتایی پێ بهێنین و بخرێتە ئەو تەعینەی دائیمی لەژێر تەجروبە بۆ دوو ساڵ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت کە ناو دەنووسی یان لەوسەر دەست پێ دەکەی یان لەم سەر دەست پێ دەکەی، ئێوەی سەرۆکایەتی بۆ کاروباری دانیشتنەکان حەقی خۆتانە بۆ کۆکردنەوەی ئارائەکان و بۆ رەئیتان، بەڵام کاتێك کە دێتە سەر رەئی شەخسی بدرێت من وتۆ هیچ جیاوازیەکەمان نیە، چۆن لە دەنگدان دا جیاوازیمان نیە، لەبەرئەوە من داواکارم ئەو جۆرە نەبێت هەموو جارێك سەرۆکایەتی ئەخیری رەئی خۆی بدات، من مەبەستم هەر ئێستای بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان نیە، بە شێوەیەکی گشتی کە دەست پێ دەکەی لەوسەری، با لەو سەری دەست پێ بکرێت، کە لێرەش دەست پێ دەکەی با لەوێ دەست پێ بکرێت، لە خۆشتانەوە، ئەوە یەك، دووەم: پرسیارێکم هەیە ئێمە هەمووومان هەڵدەستینە سەر پێ کە قسەدەکەین و رەئی شەخسی خۆمان دەدەین، بۆ ئیدارە کردن نا، بۆئەوەی کە ئێوەش رەئی خۆتان دەدەن، ئایا بۆچی ئێوە ئیلتیزام بەو عورفەی ناو پەرلەمان یان بەو عورفەی پەیڕەوی ناوخۆ ناکەن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوەوە پەرلەمان ئەوە رەفتاری بووە، تۆ تەماشای پەرلەمانی بەغدا دەکەی، دیارە زۆربەشتان تەماشا دەکەن و دەتانەوێ زۆربەی شتی ئەوان تەقلیدی بکەن، بە زمنی ئەوانەش کە دەتانەوێ

تەقلیدی بکەن، لەوێ فەوزایە و سێ کەس پێکەوە قسەی دەکەن و کەس گوێ لەیەکتری ناگرێت، توخوا شتە باشەکانیان تەقلید بکەن، ڕەخنە گرتنەکە، ئیشی لیژنەکان تەقلید بکەن، بەدواداچوونی کێشە کۆمەلآتیەکان تەقلید بکەن، بەلآم لە بەڕێوە بردنی دانیشتنی پەرلەمان تکام وایە ئەوە نەبێتە نموونەتان، چونکە قەت نموونەیەکی باش نیە، بەڕاستی من لەوێ حازر بوومە، قەت تەمەنای ئەوە ناکەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوە بێتە ئێرە، ئەو چەگوشەش تەمەنا دەکەم بەکاری نەهێنم، بەلآم هەندێك جار ناچارم، تەماشای دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن، بەلآم تکایە، تکایە ئینتقال نەکاتە ئێرە ئەو فەوزایە، کاتێك قورئان دەخوێنن دە کەس لەگەڵ یەکتری خەریکن قسە دەکەن، موناقەشە دەکەن کەس ئاگای لە کەس نیە، ئەمە بە حەقیقەت نموونەیەکی باش نیە، بەڵێ نموونەی باشیان هەیە، کاری باشیشان هەیە، زۆریش دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن، ئەو کارانەی کە چاودێری حکومەت دەکات کاری باشە، لیژنەکان کاری باش دەکەن، چاودێری ئەوە بکەن، بزانن یاساکان چۆن دەردەچن، پسپۆریان هەیە بەدواداچوونی هینیان دەکەن، چۆن دەردەچن، ئەگەر دەشی گۆڕن، داوادەکەن ئێمەش هەڵبستین، مانعمان نیە، بەلآم تۆ جەنابت ئەوەت دیوە لەوێ مەنەسەیەك داندراوە، یەکێك بیەوێت قسە بکات دەچێتە سەر مەنەسەکە، هەمواری نیزامی داخلی خۆمان دەکەین ئەگەر بریارتان دا ئەو مەنەسەیە دادەنێین، ئێمەش دەتوانین لەوێ قسە بکەین، بەلآم شتێك لە سالی ١٩٩٢ەوەوە هاتووە، تازە تۆ رەخنەیەکت هەیەو لە تەلەفزیۆن دا دیوتە پەرلەمانی بەغدا وایە، دەتەوێ ئێمەش تەتبیقی بکەین، ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیە و پابەندین بە ئەوە، من پێش ئەوەی قسە بدەمە جەنابی وەزیر پێم وایە لیژنەی تەندروستیش هەندێك قسەی هەیە، بەلآم زۆرتان لە تەوەرەکە دەرچوون بەڕاستی، بەداخەوە دەڵێم تەوەری ئێمە ئەوە بوو ئەو کێشەیە هین بکەین، قەیناکە سوودی هەبوو قسەکان، زۆر سوودی هەبوو بە حەقیقەت چوونە سەر مەسائیلی تەندروستی و کێشەکانی کۆمەڵگا و گەندەڵی، بەلآن بەڕاستی وەختێکی زۆرمان لە دەست دا، ئێمە هاتووین بۆ کێشەیەکی تایبەت، ئەویش کێشەی دەرچووانی ئەمسالی کۆلیژە پزیشکیەکانە کە بە گرێبەست دامەزراون، ناڕازین، ئەو ناڕازی بوونە وای کردووە نەچنە سەر کاری خۆیان و وای کردووە خوێندکار و قوتابیانی پۆلی یەك و دوو و سێ و چوار کە دوام ناکەن کۆلیژەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، موزاهەرە بکەن و ناڕازی بن لەوەدا، ئێمە بۆ ئەوە هاتووین، بۆیە من ئەو قسانەی کە کران و کە سوودمەندن ئومێد دەکەم جەنابی وەزیر و لیژنەی تەندروستی و هەموو ئەندامانیش ڕەچاوی بکەن و لە بیریان بێت کە کاری باشن و لە وەختی خۆی دا بەدواداچوونی بۆ بکەن، بەلآم لێرەدا ئەو دوومەسەلەیە بێتە باس کردن، من پێش ئەوەی قسە بدەمە جەنابی وەزیر، قسەکانتان کۆدەکەمەوە لەیەك تەوەر، ئەویش ئەوەیە هەر هەمووتان بە تەنها کاك بارزان بوو لە دوایی قسەکانی دا ئەویش گەڕایەوە سەر ئەوەی کە ئەو گرێبەستە ئیلغابکرێت، هەموو ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن ئیلغابکرێتەوە، یەك، دوو کەس نەبێت، خەمان و بارزان و دوایش کاك بارزان گەڕاوە و تەئیدی کرد، بەهەرحاڵ دوو مەسەلە هەیە کە دوو بۆچوونی جیاوازن، ببورن بۆچوونی جیاواز نا، تەفسیری جیاواز هەیە، قانونێك هەیە لە سالی حەفتا دەرچووە لە بەغدا، ئەو قانونە مادام لێرە ئیلغا

نەكراوە و هەموار نەكراوەتەوە و لە بەغداش هەموار نەكراوەتەوە ئێمە پابەندین پێی، قانونەكە چی دەڵێت؟ دەڵێت (دكتۆر دادەمەزرێت، ئەو دكتۆرە دەرچووی كۆلیژی پزیشكی عیراق بێت یان هین بێت بەشەرتێك ئیعتراف پێكراو بێت بەشێوەیەكی دەولی) ئەمە بۆچوونی هەمووتان لەبەر ڕۆشنایی ئەوە بوو كە ئەو قەرارەی كە دراوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ یاسادا ناگونجێت، بەڵام وەزیری تەندروستی ئاماژەی بە خاڵێكی تری ئەو بڕیارە كرد، ئەویش لە پێناسەی قانونەكە داهاتووە، (قانون التدرج الطبی) تێیدا هاتووە كە دامەزراندن چیە، دەڵێت دامەزراندن ئەو كەسانە دەگرێتەوە بە وەزیفە یان بە مەستەخدەم، بە مووچەیەكی مانگانە یان ڕۆژانە یان بە مووچەیەكی مەقتوع دادەمەزرێن، جەنابی وەزیر پێی وایە ئەو یاسایە مادام ئەو پێناسەیەی بۆ كراوە بۆی هەیە گرێبەستەكە دەگرێتەوە، بەڵام تەبیعی ئەمە مەسەلەیەكی یاساییە، لەبەرئەوەی دەردەكەوێت موشەرع ئەو یاسایەی داناوە مەبەستی ئەوە بووە كە بە تێگەیشتنی من ئیمكانی ئەوەی هەیە غەڵەت بم، لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەند ڕۆژە، چەند پرسیارێكم كردووە لە خەڵكی زاناو پسپۆڕی ئەوەی موشەریعی ئەو قانونەیە، ئەوەی ئەو قانونەی داناوە، مەبەستی ئەوەیە دابمەزرێن، بە فەرمانبەر دابمەزرێن، دەلیلی ئەو شەرحەش ئەوەیە، لەوەتی ئەم یاسایە دەرچووە تائەمرۆكەش، هەر بەدامەزراندن چارەسەری كێشەی دەرچوانی كۆلێژی پزیشكان كراوە، ئیمكانی ئەو تەفسیرە هەڵئەگرێت، ئەگەر ناحیەی لوغەوی تەماشا بكەین، بەڵام لەو ڕۆژەوە تائێستاكە هیچ شتێكی وا نەبووە بەگرێبەست دابندرێت، بۆیە ئەوە لێرەدا موفەسیرین وادەڵێن، دەڵێن موشەریع ئەوەی قانونەكەی داناوە مەبەستی ئەوەیە كە دابمەزرێن، نەك بەگرێبەست، بەڵام لێرەدا پێناسەی كردووە، ئەوە مەسەلەیەكی ترە، بۆیە من لێرەدا لەعەینی كاتدا، داوا لەجەنابی وەزیر ئەكەم كەلەگەڵ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپەلە ڕای پەرلەمانی پێبگەیەنێت، كەزۆرینەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان داوا دەكەن ئەو گرێبەستە هەڵبوەشێتەوەو دامەزراندن بێت، لەهەمان كاتدا داوا لەلیژنەی یاسایی خۆمان دەكەم لەناو پەرلەماندا، بەزووترین كات لەخیلالی ئەمڕۆ سبەی دابنیشن، لەڕووی یاساییەوە وەڵامێكمان بدەنەوە بۆ ئەو یاسایە، پێمان بڵێن بەشێوەیەكی دەقیق، ئایا ئەم یاسایە وەكو من تەفسیرم كرد وایە، یاخود ئەوەی كەوەزیر تەفسیری كرد وایە، ئەو وەختە ئێمە لەبەر ڕۆشنایی ڕەئی لیژنەی یاسایی، دەتوانین ڕەئی بدەین لەو قەرارەی كەدراوە، مەبەستمان ئەوەیە شێوەیەكی ئصوڵی بگرێت، ئەگەر حەتا لیژنەی یاسایش بڵێت قەراری حكومەت ڕاستە لە ڕووی یاسایی ئەوە نیە كەئێمە داوا نەكەین لێیان كە ئەو گرێبەستە ئیلغا نەكەن، بیكەن بە دامەزراندن، ئەمە یەك، دووش: پشتگیری لەو ڕەئیە ئەكەم نەك مەسەلەی پشتگیری زۆرتان قسەتان كرد، ئەو مەسەلەیە بچێتە ئەو كۆنفرانسەی كە بەتەمایە وەزارەتی تەندروستی بۆ بواری تەندروستی لەهەموو مەسەلەكاندا بیكات، بەدیراسەت كردنێكی باشتر، پشتگیری دەكەین لەوەی كە لیژنەی تەندروستی پێویستە بەشداری بكەن لەو كۆنفرانسەدا، بەبۆچوون و دیراساتێكی باش، بۆ ئەوەی بواری تەندروستی لەهەموو جێگاكاندا، لەهەموو بوارەكاندا پێش بكەوێت، سێیەم: لەئێستاوە داوا لە خوێندكاران و قوتابیانی خوشك وبرا دەكەم، كەوا لە پۆلی (یەك، دوو، سێ، چوار،..)بە

زووترین کات بگەڕێنەوە دەوامی خۆیان، ئێمەش بەدوای کێشەکەدا دەڕۆین، چونکە من پەیوەندیم کردووە، قسەم کردووە لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکان، بەتایبەتی زانکۆکانی پزیشکان لێرە لەهەولێر، لەگەڵ عەمیدی کولیاتی پزیشکی لەهەولێر، لەشوێنی تر، ئەوان ئەڵێن ئەگەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بێت، ئێمە مەجبور دەبین کۆلێژەکان دابخەین، چونکە ئێستا دەچینە مانگی ١٢ خوێندن دوا بکەوێت وەکو خوێندنی کۆلێژی تر نیە، کەبتوانین تەعویزی بکەین، بۆیە داوایان لێ دەکەم بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرنامەکانیان بەردەوام بێت، ئەوان بچن دەوام بکەن، لەبەر ڕۆشنایی قسەکان ئەوە داوای ئێوەیە کەداوا ئەکەن بۆ ئەوان، ئێمە بەدواداچوون ئەکەین و داواش لەجەنابی وەزیر ئەکەم، وەڵامیان بداتەوە لەیەك، دوو ڕۆژەدا، دوای ئەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران قسە ئەکات، لیژنەی یاساییش ئەو دیراسەتەمان بۆ بکەن، دوایش جوابمان بدەنەوە، من ئەوە خولاصەی قسەکانی ئێوە بوو، جەنابی وەزیریش، ئەگەر قسەی هەیە، با بفەرمووێت.

**بەڕێز د. زریان عثمان/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من سوپاسی ئەو هەموو بەڕێزانەش ئەکەم، کەڕای خۆیانـدا بەڕاستی، دیـارە بـەڕێزان دەزانـن گۆڕانکاری ئاسان نیە، زۆریش زەحمەتە، تەماشا بکەن هەنگاوێکی ئـاوا بچووك، ئـاوا تەگـەرەی دێتـە پـێش ئاوا مەشاکیلی بۆ دێتە پێش، ئاوا تەداخولاتی سیاسـی وموزایـەدات وبەداخـەوە حـەتا قـەزایای شەخصیـشی تێدا دێتە پێش، من ڕەئی واشم بیستووە (١٨٠)دەرەجە پێچی کردۆتەوە، دیارە گۆڕانکاری خـەڵکێك ئـەیکات جیـاوازە، ئێمـە دەتـوانین سـەر کزبکـەین وهیـچیش نەکـەین، خـەڵکیش ئافـەرینیمان لـێ بکـات، بەڕاسـتی گرێبەست حەلێکی زۆر باش بوو، بۆ کۆمەڵێك لەمەشاکیل لە سیستەمی مـوقیمین، بـەڵام بەهـەرحاڵ مـادام ڕای زۆربەی بـەڕێزتان لێـرە وایـە، مـن بەتەئکیـد ئـەوە ئـەمرە بـۆمن و بـەرزی ئەکەمـەوە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیران، کەدەسەڵاتەکە هی ئەوانە، زۆربەی زۆرینەتان لەو بڕوایـەدان کـە ئـەم گرێبەسـتە هەڵبوەشـێتەوە، بکرێت بەبڕیار بەدامەزراندنی هەمیشەیی، لێرەدا هەرچەندە ئەوە کۆتایی بوو، ئەوەش دەگەین ئیتر ئـەوی تری دەمێنێتەوە سەر ئەنجومەنی وەزیران بەڕاستی، من لە یاسایی زۆر شارەزانیم ئەوان چ سەڵاحیەتێکیان هەیە ئەتوانن ئیعتراز بکەن، یـان بێنـە پەرلـەمان، یـان لەگـەڵتان دابنیـشن، مـن ئـەوە نـازانم بڕیارەکە هـی ئەوانـە، حـەز ئەکـەم کـەس گومـانی لـەوە نـەبێت، گـەورەترین دەسـەڵات ئیمـزای کـردووە، کـە بەگرێبەسـت دابمـەزرێن، ئـەوە نیـە کەلـەوەزارەتی تەندروسـتیەوە دەرچووبێت، مـن لێـرەدا داوای لێبـووردن ئەکـەم لـە هاوڕێیانم لە لیژنەی تەندروستی پەرلەمان کە وتم پلەیەکی یاساییە ئێـوە لێـی نـازانن، منـیش لێـی نـازانم چونکە منیش یاسایی نیم، ئێمە دکتۆرین لەشتی یاسایی نازانین هەرچەندە ئەندام پەرلەمانیش بین، بەڵام من پێم خۆش بوو لیژنەی یاسایی پێمان بڵێن، چونکە من بەپێی ئـەو زانینـەی کەهەمـە ئێـستاش موصـرم کەهیچ شتێکی نایاساییمان نەکردووە، بـەپێی مـاددەی (٩٩)ی یاسـای سـاڵی ١٩٧٠ کردوومانـە، بـەڵام مـن زۆر

چاوەڕوان ئەبم کە بەڕێز لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان بدەن، ئایا تەعریفی عەقد ڕاست کراوە یان نا؟ بەڕاستی من دوو شت هەیە، داوای لێبووردن ئەکەم لە هەمووتان من بەکورتی ئەیبڕمەوە، بەڵام هەندێ شت هەیە من عەزیەت ئەدات لەناخەوە، من ڕەئیم قبوڵە، بەڵام بۆ نموونە کاك دکتۆر فوئاد وتی وەزیر هجومی کردە سەر دکتۆرەکان، بەڕێزان من هجومم نەکردۆتە سەر دکتۆرەکان، من هجومم کردە سەر سیستەمی تەندروستی، کە سیستەمێکی خراپە خۆتان دەزانن، هەمووشتان لەگەڵمن، ئەگینا من دکتۆرم لەهەموو کەس خۆشتر دەوێت، من نمایندەی هەموو دکتۆرەکانم هەتا لەم پۆستە بمێنم وەکو وەزیری تەندروستی، ئەو شەرەفەی بەڕێزتان بەمنتان سپاردبێت، یەکەم مودافیعیشم لەهەموو مافەکانی دکتۆرەکان، بەڵام چاکەی ئەوانم ئەوێت، خاڵی دووەم: دیسان کاك دکتۆر فوئاد باسی زەمانی دیکتاتۆر سەدام حسینی کرد، کەوا ئەو قسانەی کە دەکرێت هەمووی قسەی سەدامە، ئەو زەمانە دەگوترێتەوە، من حەز ئەکەم ڕەئی زۆر لەبەڕێزان کە وا ڕەئیان بوو، ئایا هەمووتان قسەی سەدام ئەکەنەوە، من بەدەیان کەس دێن شکایەتم لەلا دەکەن، ئیعترازم لەلا دەگرن، ئایا ئەوانە هەمووی ڕەئی سەدام ئەڵێنەوە، ئەگەر مەبەستی ئێوەش نەبوو، مەبەستی من بوو ئەو ڕەئیانەی ئەمووت هی سەدامە، ئێوە هەمووتان دەزانن من سەرم بۆ سەدام شۆڕ نەکرد، نەك قسەی سەدام بڵێمەوە، بەڕێز دکتۆرە ئاریان باسی عقوبەی کرد، ئایا ئەم گرێبەستە عقوبەیە؟ بۆچی عقوبەیە، بۆچی گرێبەستێك بە ملیۆنێك دینار مانگی عقوبە بێت، بەس پرسیارێك یەعنی سەبەب چیە؟ من نەخۆشم نەفسیەن باشە ئەبێ ڕقم لەدکتۆر بێت، من پێنج هەزار میلم بڕیوە هاتوومەتە ئێرە لەجیاتی دکتۆر کە قسە بکەم، کەوا بوو ئێمە دکتۆرمان خۆش ناوێت، چیە ئەم هجومە شەخصیانە یەعنی چیە لەعقوبە، باسی ئەوەشکرا کە گوایە پەرستیار ئیشی دکتۆر ئەکات و جاری واش هەیە کاری فەڕاش ئەکات، بەڵێ ئێستاش وا ئەکات من باسی ئەو ساڵانە ناکەم کەوا ئەرکێکی یەکجار فەوقەل عادەیان بووە، من ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆیان، کە کاتێك لەم شارە ئیشیان ئەکرد تۆپباران بوو خەڵك شارەکەیان بەجێ ئەهێشت، هەڵ ئەهاتن ئەوان لێرە مانەوە، هەر بنکەیەکی تەندروستی ئەم شارە ببینی بەناوی شەهیدێکی دکتۆرمانە، ئێمە سەربەرزی و شانازی بەوەوە ئەکەین، ئێمە لەوەش خراپترمان کردووە، لەساڵانێکی قورستریش لەوە هەر ئەو ڕەنج و ماندوو بوونە بەشێك بوو لەو ڕەنج و ماندوو بوونەی دکتۆرەکانی ئێمە لە شاخ وپێشمەرگایەتی کە ئەمڕۆ ئێمەی لەم پەرلەمانە دانیشاندووە، باسی ناعەدالەتی کرا لەدامەزراندن، من پێم وایە ئەمە دژی ناعەدالەتی بوو، چونکە دامان نابوو بکرێن بە جەماعەت و گروپ، هەر گروپێك لێرە دەستی پێکرد فەڕمیەك لێ ئەدەن و ئەسوڕێنەوە، وەکو باسم کرد ئەوە نیە کوڕە دەوڵەمەندەکان لەناو شارەکان دابنێین وکوڕە فەقیرەکان بچنە لادێ، پرسیارێك زۆر کرا، ئەڵێن بۆ ئێستا ناکرێت بەبێ گرێبەست، ناکرێت بەڕێزان بڕوا بکەن ناکرێت، ئەزانن بۆ؟ چونکە ئەمە موشکیلەی تەتبیق کردنی یاسایە، سەد یاساو بڕیاریش دەربکە، تەتبیق ناکرێت، نەك هەر وەزارەتی تەندروستی وەزارەتەکانی تریش وان وەکو ئەو برادەرە باسی کرد وتی بێ دەسەڵاتن، بەڕاستی بڕیارەکان و یاسا تەتبیق ناکرێت، لە وڵاتی ئێمەدا پێدا چوونەوە نیە، من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، ساڵ پار ئێمە

کۆمیتەیەکی باڵامان دانابوو بۆ لێپرسینەوە لە شکاتی دکتۆرەکان، حەوت دکتۆرمان فەصڵ کرد، باشە، من ئەگەر دەسەڵاتێك نیە لە زەمانی سەدامەوە تا ئێستاکە بزانن کێ دکتۆری فەصڵ ئەکرد، بە یاسا، بەنووسین ئەتدەمێ کە دەیان دکتۆرمان عقوبە داوە، حەوت دکتۆر هەر فەصڵ کراون، منع ممارسە المهنە لە هەموو کوردستاندا، بەس ئەمساڵ کەزانیان وام یەك شکایەتم بۆ نەهاتووە، شکات ناکەن، بۆچی شکات ناکەن؟ دەزانن لێپێچینەوە هەیە، لەکێ بپێچیتەوە؟ لەچەند کەس بپێچیتەوە؟، ئەگەر دکتۆرێك کە ئەینێریتە شارۆچکەیەك بەشی ئەکەن لەبەینی خۆیان بەنیوە ئەچن هەریەکەو ١٥ رۆژ، ئەگەر مەسئولی بنکەکە خەبەری لێ نەدات، مەسئولی نەخۆشخانەکە لێی نەدات، مەسئولی قاتعەکە هی مودیرەکە، هەتا ئەگاتە من ١٥ مەسئولە، ئەی باشە کێ خەبەر بدات؟، باشە ئەم ئسلوبە پۆلیسیە باوی نەماوە، ئەگەر من مەسئولم ئەبێ زوو خۆم بکەم بە ڕزگاریدا بزانم چیە عقوبەی بدەم، ئەمە ئسلوبی سەدام حسەینە، ئەم ئسلوبە نەما، ئسلوبی دونیا ئەوەیە کە سیستەمێکی عادیلانە دابنێین، قانون بەسەر هەموویان یەك موزەڵە بێت و بەسەر هەموویان بەیەك شێوە بڕوات، خەڵکی چاك و خراپ لەیەکتری جیا بکاتەوە، خەڵکی چاك پاداشت بکرێت، خەڵکی خراپ سزا بدرێت، ئەم گرێبەستەی ئێمە ئەو سیستەمە بوو، بەداخەوە قبوڵتان نەکرد، باسی پێنج هەزار پلەیان کرد برادەرێك وەکو بڵێیت ئاگای لێ نیە، کە من نازانم ڕەنگە ئەو پێنج هەزار پلەیە هەر قسە بێت، پلەشم نەدیوە، زۆر کەس باسی ئەوە ئەکات کە دوای مانگی دوو بکرێت، زۆر لەو بەڕێزە دەرچووانەی کۆلێژی پزیشکیش داوایان کرد مانگی دوو بێ، بەس قەناعەت بکەن من نامەوێت بیان شکێنمەوە، هەندێکیان من ناڵێم هەموویان مەبەستیان ئەوە بوو شمولی خۆم نەکات، خوای ئەکرد دوای من چی ئەقەومێت با بقەومێت، حەز ئەکەم ئەوە بزانن، بۆچی لە موقیمەوە دەستمان پێکرد، بۆ لە هەموو کوردستان وانیە، بۆ لەمامۆستا وانیە؟، بۆ مەعلوماتتان پرۆژەکەم داوە بە وەزارەتی تەندروستی عێراقی ئێستا دیراسەی ئەکەن، لیژنەیەکی زۆر باڵایان نیازیان وایە لە وەزارەتی تەندروستی عێراقی جێبەجێی بکەن، ئەمە یەك: وەزارەتی پەروەردە نیازی وایە مامۆستا بکات بە گرێبەست، چونکە ئەمە بەڕاستی هەنگاوێکی ڕاستە، هەنگاوی هەزار میلیش بەیەك هەنگاو دەست پێدەکات، ئەمەش هەنگاوێك بوو، جا بۆ نا ئەی لە کوێوە دەست پێ بکەین؟، ئەی ئەگەر لەمامۆستاوە دەست پێ بکەین، ئەڵێن بۆ مامۆستا؟ ئەی لە کوێوە دەست پێ بکەین؟، هەر دەبێت لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین، باسی سەندیکای پزیشکان کرا، من حەز ئەکەم ئەو بەیاننامەیان بدەم بە بەڕێز کاك عەدنان، بۆ ئەوەی سەندیکای پزیشکانی کوردستان تەئیدی گرێبەستەکە ئەکەن، باسی ئەوە کرا دکتۆر زۆر کەمەو با دابمەزرێن، کێ دەڵێ دامان نەمەزراندوون؟، برادەرینە دامان مەزراندوون، نازانم بەس کەلیمەی گرێبەستەکەیە من بەهەندێ لەو برادەرانەم وت، ئەگەر حەساسیەتتان هەیە بەکەلیمەی گرێبەست ئەیگۆڕین، ئەیکەین بە کاتی بۆ ماوەی دوو ساڵ، بەڵام بەڕاسی وای لێهات کە من موجریمی یەکەمم لەم وڵاتەو بەرامبەر بەم کامێرانە دانیشتووم هەموو کەس حامی ئەوتان وحامی قوتابیان و دکتۆرانە، ئەوە ناعەدالەتە بەڕاستی ناحەقیە، پەرلەمان نابێت وابێ، ئێوە حەق وایە بە حەق بڵێن حەق، بڵێن ئەمە شتێکی باشە قوتابیان وەرن دەوام

بکەن، باشە بۆ ئێوە کوڕی ئێمەن، وەرن بچن بەگرێبەستیەکانی خۆتان دەوام بکەن، یان هەندێ نیتیهام ئەکات کە گوایە دیراسە نەکراوە لەلایەن قانونیەوە، من پرسم بە قانونیەکانی خۆمان کردووە، من یاسایی نیم وەکو ئەو بەڕێزانە لێی نازانم، ئەوان تەعریفیان بۆم کرد، ئیعرابیان بۆم کرد، منیش عەرەبی باش ئەزانم، ئەو یاسایەی کەمن خوێندوومەتەوە، ئێمە نەمان شکاندووە، یاسای (٩٩)ی ساڵی ١٩٧٠ وەکو خۆی تەتبیق کراوە، هیچ یاسایەکمان نەشکاندووە، من بەهەرحاڵ داوای لێبووردن ئەکەم، ئەگەر هەر قسەیەکی غەڵەتم کردبێ، وەعدیشتان ئەدەمێ کەوا ئەو داواکارییانەی بەڕێزتان هەمووی ئەگەیەنم بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هیوادارم منیش وەکو ئێوە ئەو کێشەیە تەواو ببێت، ئەو کوڕ و کچانەی ئێمە بێن دەوامی خۆیان بکەن، قەناعەت بکەن من شەوانیش ناخەوم لەبەر خەفەتی ئەو قوتابیانەی کەدەوام ناکەن وئەو دکتۆرانەی کەنایەن، بەڵام شتێکی باش ئەبوو ئەگەر پابەند بن، بەخزمەت کردنی خەڵکی و سیستەمەکەمان بۆ چاك بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەو ڕوونکردنەوەیە، پشتگیری لەوە کرد کە داواکەی نقلْ بکات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئومێد دەکەین کەرۆژی چوار شەممە وەڵامەکەمان بداتەوە، هەروەها لیژنەی یاسایش ڕاپۆرتی خۆی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزبکاتەوە بۆ ڕۆژی چوار شەم، تەفسیری کۆتایی لیژنەی یاساییمان بداتێ، دوا قسە دوو دەقیقە قسە ئەدەم بە کاك دکتۆر فوئاد، فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من نامەوێت درێژەی پێبدەم، بەڵام دووبارەی ئەکەمەوە، کەوا ئێمە پشتگیری ئەوە ئەکەین کەوا ئەو یاسایەی کەهاتووە بەصەریحی هەموومان عەرەبی تێئەگەین، داوا ئەکات تەعین بکرێن، موقیم ئەبێ تەعین بکرێت، ئەمەش یاساییە، تەعین کردنی بەعەقدیش نایاساییە، ئەوە یەك، دووەم: موقیم تەدریب ئەکرێت، تەدریب کردن بەعەقد یەعنی مەرج دانان بۆ تەعین کردنی، مەرج دانانیش بۆ تەعین کردنی، یەعنی هەندێ موقیم دائەمەزرێن هەندێکی تریش دانامەزرێن، باشە کێ تەحەمولی ئەوە ئەکات، موقیم دائەمەرزێت و پێی بڵێیت دکتۆر، کەواتە بەحەیاتی نابێت بەدکتۆر، بەڵام ئێمە وەکو بەعزێك لەبەڕێزان و خەمان خانیش قسەیان کرد، کەوا ئێمە پێشنیارمان نیە، بەڵێ ئێمە پێشنیارمان هەیە، من نامەوێت قسە لەسەر سیستەم بکەم، چونکە سیستەم شتێکی فراوانە، حەزیش ناکەم وا لێك بدرێتەوە کە سیستەم بریتیە لەدامەزراندن تەنها، بریتیە لەهەموو بەڕێوە بردن، سەرفکردن، لە عێراقدا چوار دۆلار بۆ نەخۆشێك سەرف ئەکرێت، لە ئوردن ٥٠٠ دۆلار سەرف ئەکرێت، ئەوە قەزیەیەکی مالیە، هی ئیدارییە، قەزیەیەکی سیاسیە، قەزیەیەك نیە تەنها موقیم دابمەزرێت بەعەقد ئیتر کێشەکانی تەندروستی هەر هەمووی حەل ئەبێت، وەکو ئەڵێن( دونیا ئەبێت بەشامی شەریف) بەڕاستی موشکیلەکە زۆر لەوە فراوانترە، زۆر لەوە گەورەترە، حەز ناکەم کورت بکرێتەوە بەوەی کەوا سیستەمی تەندروستیمان خراپە، ئەگەر هاتو

موقیمەکانمان تەعین کرد بەعەقد، ئیتر هەموو شتێك ئەبێت بە ماستی مەیو، ڕێك ئەبێتەوە، پێشنیارەکەشمان ئەوەیە کەوا بۆ ماوەی چوار ساڵ پاش دەرچوونی خوێندکاری کۆلێژە پزیشکیەکان ئیقامەی دەوری کورت بکرێتەوە بۆ ساڵێك، تەدەروجی قەزاو ناحیەکان بکرێت بەساڵێك، پاش ئەوە لە مەڵبەندە تەندروستیەکاندا کە ڕیعایەی صەحەی ئەوەلی پێ ئەوترێت، چاودێری سەرەتایی بکرێت بەساڵێك، ئەو ئەرکە ئەبووە لەعێراقدا، تا ئێستا نیە پاش ئەوە ئیقامەی قودەما دەست پێبکرێت، ئەمەیە چاکسازی، چونکە چاکسازی بەتەنها ئەمە نیە بەڕاستی، ئەمە بەشێکی زۆر زۆر بەسیتە لەو سیستەمەی کە ئەمانەوێت بیگۆڕین، سیستەم ئەوەیە کەتۆ بزانی چۆن نەخۆش بەڕێوە ئەبەیت، ئەم بنکە تەندروستیانە بڵاو کراونەتەوە بەو شێوەیە ئەکرێت، خەستەخانەکانمان هەر وابێت بەم شێوە بێت، نەخۆش هەر بەم شێوەیە دوو ملیۆن کەس لەشارێکدا موراجەعە بکەن، ئەبوایە پێش هەموو ئەمانە بیر لەوە بکرایەتەوە کە نیزامی بیتاقات دابندرێت لەکوردستاندا، ئەمەیە یەکێك لەکێشەکانمان، کێشەمان ئەوە نیە کەموقیم تەعین بکەین بە گرێبەست یان تەعینی نەکەین، پێم وایە کێشەکەمان لەوەدا نیە، من داوا لەسەرۆکایەتی ئەکەم، ئەم کێشەیە ئەگەر ئیمکان هەبێت، لەڕووی یاساییەوە بخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا بەگرێبەست بێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر کاك دکتۆر وا نابێت، ئێستا ئێمە دانیشتووین بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك، گەیشتووینەتە ئەو ڕەئیەی کەئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان تەعبیریان لێ کرد، داوا دەکەن لەوەزارەتی تەندروستی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەئەو بڕیارە ڕابگرن، دامەزراندن بێت، لەهەمان کاتیشدا ئەو مەسەلەیەو مەسەلەکانی تریش، بخەینە بەردەم ئەو کۆنفرانسەی کە بڕیارە ببەسترێت، لەسەرەتای ساڵی داهاتوو، ئێمە ئیعتزازەکەمان ئەساسەکەی دوو شتە، یەکێکیان لەڕووی یاساییە کە ئاماژەم پێکرد ئەو یاسایە هەیە هەموار نەکراوە، دووەمیشیان کێشەیەکی دروست کردووە، خوێندکارانی پۆلی( یەك، دوو، سێ، چوار) هەموویان لەکۆلێژەکانی پزیشکی ئیزرابیان کردووە، دەوامی خۆیان ناکەن، ئەوەش وای لێکردوون لەخوێندن دابڕێن، ئەگەری ئەوەش هەیە، کە کۆلێژەکان دابخرێن، ئەمساڵ تەئجیل بکرێن، من بەڕاستی پێیان وتووم، سەرۆکی زانکۆی پزیشکی لەهەولێر پێی وتم هەتا ماوەیەکی کورت، ئەگەر دەوام نەکەن ئەوا ناچار دەبین کەئێمە نەتوانین ئەو بەرنامەیە پەیڕەو بکەین، ناچار دەبین کەوا ئیعلانی بکەین کەخوێندنمان ڕاگرت، بۆیە ئێمە ئەو داواکارییەمان لەخوێندکاران وقوتابیانی ئازیزە کەوا بچن دەوامی خۆیان بکەن، ئەو کێشەیە چارەسەر ئەکەین، دوا بڕیار دادەنیشینەوە بزانین ئەو ڕەئیەی ئێمە چی بەسەرهات لێرە، ناکرێت کاك دکتۆر فوئاد شتێکی وا بدەین بە دەنگدان، پێش ئەوەی هەڵی نەسەنگێنین و هەموو لایەنێکی دیراسەت نەکەین، ئێمە گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە جەنابی وەزیرمان تەکلیف کردووە، بچێ چارەسەری بکات، بەبڕیارێکی لای خۆیان، ئەگەر چارەسەر نەکرا ئەو وەختە بزانین ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی چی دەڵێت دەیخەینە بەردەم ئێوە، ئێوە بڕیاری لەسەر بدەن، چوار شەممە ئێمە دادەنیشین،

چەند پرۆژەیەکمان لەپێشە، تەبعەن بەدواداچوون بۆ ئەوەش دەکەین، ئەگەر تا ئەو وەختە وەڵامەمان بۆ هاتەوە، تا چوار شەممە ئەوە ڕای دەگەیەنین، بۆ ئێوەو بۆ هەموو لایەکیش، ئەگەر لەو بەرنامەی کەهەمانە، بێجگە لەوەی دەیخەینە بەرنامەی کار، پرۆژەی یاسای چۆنیەتی کارکردن بەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەوەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هین کرابوو، وەکو دەڵێن خاریتەی تەریق چۆن ئەو دەستووورە ببێتە یان پیادەی پێبکرێت، لەرێگای بەرێوەبردن لەناو پەرلەمان لەپرۆژەکەدا کەهەمانە، دووەم: پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانیش، پرۆژەیەك هاتووە خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەلای خۆتانە، ئەویش باس دەکەین، سێ: پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆکەخانەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، ئەویش پێشکەش کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەتەسەلسول دایدەنێین، تەبعەن پێش هەموو شتێك یەکەم باسکردنمان نەتیجەی ئەم دانیشتنەی ئێستامان دەبێت، انشاءالله پێویست بەوە ناکات، کە ئیتر موناقەشەی لەسەر بکەین، دکتۆر وەڵامێکی باشمان دەداتی، بەڵێ کاك محمد فەرەج چیە؟.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا پێم باش بوو ئەوەی خوێندنی باڵا، هی ئەو قوتابیانە، هی ١٠ هەزار قوتابیەکە، رۆژی چوار شەممە ببێت بە دوو برگە، ئەوەی تەندروستی و ئەویش یەکلایی بکرێتەوە، بکرێن بەبرپیار بۆ ئەوەی هەم ئەوانیش نەمێنن لەسەر جادە، هەم مەسەلەکە کۆتایی پێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هی ئەوان باسمان کرد کاك محمد، وتمان قەرارات دراوە، لە بیدایەتی کۆبوونەوەکەمان باسمان کرد، برادەرێکی تریش هەمان پرسیاری کرد، لە بیدایەتەوە وتمان کۆبوونەوەی پێنج وەزیر لەگەڵ سەرۆکایەتی چەند قەرارێکماندا، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەمرۆ ئیستیمارەکان تەوزیع ئەکات بەسەر ئەو کەسانەی کەئەیانەوێت بەردەوام بن لە پەیمانگاکان، بەیانی وتمان جەنابی وەزیریش پەیوەندی پێوە کردین، وتی چەند سەد کەسێکیش ئەتوانین لە کۆلێژەکان وەربگرین، بەشی ئێواران دەکەنەوە، هۆڵمان بۆ پەیدا کردوون، ئەو هەموو تەفاصیلەمان وتووە، ئیتر جارێکی تر بێین موناقەشەی چی بکەین؟، وتمان برپیار دراوە هاوکاری بکەین، لەگەڵ زانکۆکانی ئەهلی قسە بکەین، سەرەتای قسەکانم دەستم پێکرد بەو شتانە، وتم لەم رۆژانەدا وەزیر ئەچێتە بەغداد، ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە ئامادەن بچن لەبەغداد، لەزانکۆکانی تر بخوێنن، ناویان بنووسن، ئەمە ئیتیفاقەو موافقەیان کردووە، ئەمرۆ لە بەدواداچوونی ئەو کۆبوونەوەیە وەزیری خوێندنی باڵا لەگەڵ ستافەکەی خۆی، لەگەڵ قبوڵی مەرکەزی کۆبوونەوەیان هەیە، ئەو ئیستیمارەیان کە دروست کردووە تەوزیعی ئەکەن بەسەر خوێندکاراندا، تەواو، نوقتەی نیزامیت چیە سۆزان خان؟، فەرموو.

جەنابی کاک محمد فەرەج خۆی تەصریحی داوە لەجەریدەی هاوولاتی دوێنێ، لەسەر ئەم خاڵانە، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان ئەمجارە دیفاع لەسەرۆکایەتی ئەکات، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، تا سبەینێ خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |
| **بەوەکالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٩)**

**چوار شەممە رێکەوتی ٢٦\١١\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٩)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٦

كاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١٠,٣٠) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٦دا بەم شێوەیە بێت:

١- راگەیاندنی ئەنجامی گفتوگۆ كردن لەسەر كێشەی دەرچوانی قوتابیان و خوێندكارانی كۆلیژە پزیشكیەكان و زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

٢- گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پەسند كردنی دەستووری هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

٣- خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

٤- گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای یاسای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٦دا بەم شێوەیە بێت:

١- راگەیاندنی ئەنجامی گفتوگۆ كردن لەسەر كێشەی دەرچوانی قوتابیان و خوێندكارانی كۆلیژە پزیشكیەكان و زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

٢- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پەسند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

٣- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

٤- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، هەروەها مێوانانی بەڕێز، خوێندکاران و پزیشکان و قوتابیان، هەروەها بەڕێز (رائهید بایندەر) ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لەگەڵ وەفدی یاوەری بەخێر بێن سەرچاو، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ راگەیاندنی ئەنجامی گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی دەرچوانی قوتابیان و خوێندکارانی کۆلیژە پزیشکیەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، دیارە لەو چەند رۆژەدا چەندین کۆبوونەوەو گفتوگۆمان کرد، لەوێ دانیشتنمان کرد لەگەڵ جەنابی وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پەروەردە، دواتر کێشەی پزیشکان و ئەوانەی کە بە گرێبەست بڕیار بوو دابمەزرێن لەگەڵ وەزیری تەندروستی دانیشتنمان کردو گفتوگۆمان کرد، ئەمڕۆش لەسەر داوای ئێمە جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی و کاک عومەر فەتاح، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتن، بۆ باس کردنی ئەو کێشانە، چونکە ئێمە پێشنیارمان کرد بوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، دەبێت پێویستە بە هاوکاری بێتن و دۆزینەوەی رێگایەك بێتن، سەبارەت بە ئەوانەی کە وەرنەگیراون، ئەو دە هەزار خوێندکارو قوتابیانەی کە وەرنەگیراون، خۆشبەختانە رەئی حکومەتیش وەکو ئێمە بوو، گوتیان دەبێت چارەسەرێکیان بۆ بدۆزینەوە، دیارە وەرنەگرتنی ئەو ژمارەیە لەبەر رۆشنایی توانای زانکۆیەکان بووە، کە گوتیان ئەوەندەمان پێ وەردەگیرێت، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەندەی قبوڵ کردووە، ئێستا لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لە دوێنێوە لە بەرنامە دان، کە ئەو مەسەلەیە ئەوەندەی بۆیان بکرێت چارەسەری بکەن، لە ئەمڕۆوە بڵاو کردنەوەی ئیستیمارە دەست پێ دەکات بۆ وەرگرتنیان، ژمارەیەکی تر لە پەیمانگاکان کە لە حدودی (٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠) کەس دەبێتن لە پەیمانگاکانی تەکنیکی و کۆمپیوتەرو هی تر کە پێویست دەکات وەردەگیرێت، هەروەها وەزارەتی کۆمەڵایەتی هەڵدەستێتن بە دانانی بەرنامەیەك بۆ کردنەوەی دەوراتی تایبەت، بۆ ئەوەی ئەوانەی تر کە وەرناگیرێن، یاخود ئەو ژمارانەی کە وەرناگیرێن رایان بێنێتن بۆ فێر بوونی کارێك کۆمپیوتەر بێتن، پیشەسازی بێتن، هەر بوارێك بێتن فێریان بکاتن، بۆ ئەوەی بتوانن لەناو کۆمەڵگادا بتوانن ئیش بکەن، دیارە ژمارەیەك لە کۆلیژەکانی ئەهلی وەردەگیرێن لە هەرێمی کوردستاندان، بەیانیش بڕیار وایە وەزیری خوێندنی باڵا سەردانی بەغدا بکاتن، بۆ ئەوەی بزانێتن چ ئیمکانیەتێك هەیە بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی تر لە زانکۆیەکانی عێراقدا، ئێمە پێمانوایە ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی فراوانەو ژمارەیەکی زۆر لەو رێژەیەی کە وەرنەگیراون چارەسەریان دەکرێتەوە، دیسان ئەو پێشنیارەمان بە هەند

وەرگیرا، کە لەو دە هەزار کەسە، ئەگەر کەسانێك لە کۆلیژە ئەهلیەکان وەربگیرێن و کچ و کوڕی شەهید بن حکومەت هاوکاریان بکاتن، ئێمە بە سوپاسەوە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی پشتگیریان لێ کردو ئامادەیی خۆیان نیشاندا، کە کچ و کوڕی شەهید لەو دە هەزار کەسەی کە وەرنەگیراون، ئەگەر لە کۆلیژە ئەهلیەکان وەرگیران حکومەت هاوکاریان بکات، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو پارەی کە پێویستە بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن بیدەن، ئەو خوێندکارو قوتابیانەی کە لە کۆلیژەکانی عێراق وەردەگیرێن، ئەوانیش حکومەت هاوکاریان دەکات، چونکە زۆریان مومکینە کەم دەرامەت بن، نەتوانن ژیانیان بەسەر ببەن لە جێگایەك وەکو بەغدا، یان بەسرە، یان هەر شوێنێك بێتن، ئەوانیش حکومەت هاوکاریان دەکات، دیسان لەو بەینەدا کە ژمارەیەك ڕەنگە ئاڵوگۆڕ بکرێت لە کۆلیژەکان، یەکێك لە کۆلیژی هەندەسە وەرگیراوە مەعەدەلەکەی زۆرە (٩٦)ە یان (٩٥،٥) دەچێتە کۆلیژێکی تر لە ئەهلیدا بۆشاییەك پەیدا دەبێت، ئەمە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە حاڵەتی فەردیدا ئەو ئاڵوگۆڕە لە کولیەکاندا بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکان، ئەمەش دەکاتن، پێمان وایە بەو بەرنامەی کە دانرا ئەوە تا حەدێکی زۆر ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکرێت و ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە ناویان دەرنەچووە جێگایان بۆ دەکرێتەوە، یاخود لە کوردستان، لە زانکۆیەکانی کوردستان، یان لە زانکۆیەکانی ئەهلی، کۆلیژەکانی ئەهلی، یان لە شوێنەکانی تری عێراق، مەسەلەی دووەم، مەسەلەی گرێبەستە، ئێمە نامەیەکمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نووسی، بۆمان شی کردەوە کە لایەنی یاساییەکەی هەڵەیەکی تێدایە، یاسای ساڵی ١٩٧٠ کە نووسیوویەتی دادەمەزرێن، ئەوانیش ئەمڕۆ نامەکەیان باس کردو بە هەندیان وەرگرت، بڕیارە ڕۆژی یەك شەممە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسی بکەن و ئاگادارمان بکەنەوە، بە هەر حاڵ یەعنی بە پەرۆشە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلانە، ئێمە سوپاسی هاوکاریمان کردن کە لەگەڵ پەرلەماندا هاوکارن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کارمان/ گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای پەسند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵی دووەم، فەرموون، ئەم پڕۆژەیە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان کاك عمر عبدالرحمن، کاك کەریم بحری، خاتوو کوێستان محمد، کاك عادل محمد، کاك دکتۆر ناصح، کاك سالم محمد علی، کاك دکتۆر دلێر شاوێس، کاك عەونی بەزاز، کاك شێروان حەیدەری، کاك خەلیل ئیبراهیم، کاك عبدالکریم هەماوەند، کاك تارق جامباز، لە لایەن ئەم برا بەڕێزانەوە پێشکەش کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، داوامان لە لیژنەی یاسایی کرد کە ڕاپۆرت پێشکەش بکات، ئێستاکە داوا دەکەم ماددە بە ماددە نەسڵی ماددەکە لە پڕۆژەکە بخوێنێتەوە، ڕاپۆرتەکەش بخوێنێتەوە لەدواییدا، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژەی یاسای پەسند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان

یاسای ژمارە ( )ساڵی ٢٠٠٨

یاسای پەسند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان

بەشی یەکەم

پێناسەکان

ماددەی یەکەم: مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ کاری ئەم یاسایە:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

دووەم/ ئەنجومەن: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

سێیەم/ پرۆژە: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠٠٢/١١/١٧ بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٦) لە لایەن ئەنجومەنەوە پەسند کراوە.

چوارەم/ لیژنە: لیژنەی تایبەتمەند کە بە بڕیاری ئەنجومەن لە ٢٠٠٥/٩/٨ راسپێدراوە بۆ بەدواچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قانون اقرار دستور اقليم كوردستان

الفصل الاول

التعاريف

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: المجلس: المجلس الوطني لكوردستان – العراق.

ثالثاً: المشروع: مشروع دستور اقليم كوردستان الذي تم تبنيه في ٢٠٠٢/١١/٧ من قبل المجلس بموجب قراره المرقم (٣٦).

رابعاً: اللجنة: اللجنة المختصة والمكلفة باعادة النظر في المشروع المشكلة بقرار المجلس المؤرخ ٢٠٠٥/٩/٨.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکە بەم شێوەیە:

لیژنەی یاسایی لە رۆژی (٢٠٠٨/١١/٢٥) ڕێکەوتی (٤/سەرماوەز/ ٢٧٠٨) کوردی کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی یاسای پەسند کردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی لەدانیشتنێکی ئاسایی پەرلەمانی ژمارە (١١) لە (٢٠٠٨/١١/٣) پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دواتر رەوانەی لیژنەکەمان کراوەو دوای گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەسەری، لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەی یاساکە دەکاتو راپۆرتەکەشی بەم راسپاردەو پێشنیارانە سەبارەت بە پرۆژەکە دەخاتەڕوو بەم شێوەی خوارەوە:-

١- لیژنە لە رووی روالەتیەوە، پێشنیازی هەلوەشاندنەوەی ئەو دەروازە بەندییە دەکات، کە لە پرۆژەی ئەم یاسایەدا هاتووە بەشێوەیەك کە تەنها زنجیرەی ماددەکانی بگرێتەخۆ.

٢- (ماددەی یەکەم)، لیژنە پێشنیاز دەکات هەردوو برگەی سێیەم و چوارەمی ماددەکە هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

سێیەم/ پرۆژە: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.

چوارەم/ لیژنە: لیژنەی تایبەتمەندی چاوپێخشاندنەوە بە پرۆژەی دەستوور کە بە بڕیاری ئەنجومەن ژمارە (٥) لەرۆژی (٢٠٠٥/٩/٨) پێکهێنراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی فەرقەکە چیە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرقەکە ئەوەیە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەن کراوە، کە بە بڕیاری ئەنجومەن کە کاتی خۆی ساڵی ٢٠٠٢ پەسند کراوە، ئەوەمان وەلا ناوە، چونکە لە ماددەی دووەمدا هاتووە.

بەڵێ لە ماددەی سێیەمی پرۆژەکەدا هاتووە، بۆیە لێرەدا لابراوە، سەبارەت بە چوارەم بڕیاری ئەنجومەن لەبەر ئەوەی ژمارەی بڕیارەکەی تێدا نەهاتبوو، ژمارەی بڕیارەکەمان بۆ زیاد کردووە، فەرقەکە ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی یەکەم لیژنەی یاسایی ئەو موقتەرەحەی کردووە، لەگەڵ واقیع دەگونجێت، کەس قسەی هەیە لەسەر ماددەی یەکەم؟ کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە رای لیژنەکە هیچ گۆڕانکاری نابینم لە فەقەرەی سێیەم، هەر وەکو خۆی نوسراوەتەوە، تەنها حەزفی تاریخی دامەزراندنی لیژنەکە، بەلام لە کوردیەکەی من نوسخەی کوردیم نییە، دەڵێت پرۆژەی یاسای پەسند کردن، لە سێیەم دەڵێت پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەگەر ببێتە پرۆژەی یاسای دەستووری هەرێمی کوردستان سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شکریە، فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە رووی مێژووییەوە دەڵێم، بۆچی یەك بخرێت فەقەرەی سێی و چوار، کە فەقەرەی سێیەم تاریخێکە، فەقەرەی چوارەمیش کە لیژنەکەیە لە مێژوویەکی تر دانراوە، هەردووکیشی پەسندە، لەبەر ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕێزم بۆ لیژنەی یاسایش، هەر لە رووی مێژووییەوە ئەوە نابێت، ئێمە فەرامۆشی ئەو تاریخە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك رۆمیۆ، مەبەست لێرەدا پرۆژە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، نەك پرۆژەی ئەم یاسایە، لێرەدا کە پێناسە کرا پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێناسە کرا لەم یاسایە، ئەوە یەك.

سەبارەت بە پرسیاری د.شکریە، لە ماددەی سێی ئەسلی پرۆژەکەدا بە روونی هاتووە، ئاماژەی بە ژمارەی بڕیاری پەرلەمان و رۆژی دەرچوونی بڕیارەکە کردووە، سەبارەت بەو لیژنەیە کراوە، سەبارەت بە پرۆژەی دەستوورەکە کە پەسند کراوە ساڵی ٢٠٠٢ بە بوونی هاتووە، بۆیە لێرە دووبارەیە، پێمان باش بوو لە پێناسەدا نەبێت لە ماددەی دواتردا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من قسەم نەدەکرد، بەڵام لەسەر ئەو وەڵامەی کاك کەریم بەحری، عادەتەن ئێمە هەموو جارێك دەڵێین پێناسە دەبێت هەموو شتەکانی تیا بێت، بۆیە پێناسەی دەکەین، بۆ ئەوەی لە ماددەکاندا جارێکی تر باسی نەکەینەوە بەدوورو درێژی، کەچی ئەمجارە بۆ پرۆژەی دەستوورەکە دەبینم بە پێچەوانەوەیە، دەڵێین با لە پێناسەکە لای ببەین قەیدی ناکات لە ماددەکەدا جێی کراوەتەوە، ئێمە دائیمەن لە هەموو تەعریفدا لە ماددەکەدا هاتووین، لە ماددەی یەکەمدا لە تەعریفەکاندا زۆرترین و چرو پڕترین مەعلوتمان داوە لەسەری، بۆچی ئەمجارە بە شێوازێکی تر، هەر حەز دەکەم روون کردنەوەیەك هەبێت، یان لە

تەعریفەکەدا بیهێڵنەوە لە ماددەی سێیەمدا لاببەن، وەکو هەموو جارێك، یان ئەوەتا ئەگەر تەعریفەش ئەوەندە گرنگ نییە، یان هەر هیچی تیا نەنووسین و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە زۆربەی زۆری ماددەکان، لەو پرۆژە یاسایەدا دووبارە بۆتەوە، کەواتە ناکرێت ئێمە لێرەدا پێناسەی بکەین، چونکە پێناسەمان کردووە، بەلآم بەو دوورو درێژیەی کە ئاماژە بەوە بکەین کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێکی ژمارە (٢٢)ی لە ٢٠٠٢/١٠/٤ کە دەریکردووە ئاماژە بەوە بدەین، پێویست ناکات ئاماژەی پێ بکەین، تەنها ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناسە بۆ ئەو شتەیە، کە لەناو پرۆژەکەدا هاتووە، ئەگەر پێناسەش نەکرا بێت ناوەکەی دەبێت بە کاملی بنووسرێت، مەسەلەن تۆ دەڵێیت هەرێم، ئەگەر هەرێم پێناسە نەکرا بێت، دەبێت بنووسی هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەگەر مەسەلەن مەجلیسی وزەرا پێناسە نەکرا بێت، مەقصەدم مەجلیسی وزەرای کوردستان دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، ئەمە لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو یاسایە، یاسایەکی موەقەتیشە، ئەو پرۆژەیە، تەنیا بۆ ئەوەیە چۆنیەتی موعامەلە کردن و بەڕێوەبردنی دەنگدان بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەو دوو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ واقیعدا دەگونجێتن لەبردنی ئەو تاریخە، من دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدان، چونکە شتێکی وا نەبوو، بە عەرەبیەکەی دەڵێت:

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً:المجلس: المجلس الوطني لكوردستان – العراق.

ثالثاً: المشروع: مشروع دستور اقليم كوردستان – العراق. (العراق) دەبێت ئیزافە بکرێت.

رابعاً: اللجنة: اللجنة المختصة والمكلف باعادة النظر في المشروع المشكلة بقرار المجلس المؤرخ ٢٠٠٥/٩/٨.

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بە موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ یەك کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

ڕێكارەكان

ماددەی دووەم: ئامانج لەم یاسایە دیار كردنی شێوەی بەرپا كردنی دەستووڕێكی هەمیشەییە بۆ هەرێم بەپێی حوكمەكانی ماددەی (١١٧ – یەكەم و ماددەی ١٢٠) لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

الاجراءات

المادة الثانية: يهدف هذا القانون الى تحديد طريقة اقامة دستور دائم للاقليم وفقاً لاحكام المادة ١١٧ – اولاً والمادة ١٢٠ من الدستور العراقي الاتحادي.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە جێ گۆڕكێمان بۆ ماددەكان كردووە، ماددەی سێمان كردووە بە ماددەی دوو لە پێشنیازی خۆماندا، بۆیە پێم باشە ئەسڵی ماددەی سێ بخوێندرێتەوە، چونكە دەبێت بە ماددەی دوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موشكیلە نییە زۆر فەرق ناكاتن، ئەگەر ئەوەش بێتن وەكو خۆی بمێنێتەوە، هیچ هین ناكاتن، ئەوە مەبدەئێكە تۆ تەسبیتت كردووە، هیچ فەرقێكی وای نییە، باشە ماددەی سێیەم پێش بخەن، ماددەی سێیەم بخوێننەوە كە دەبێتە ماددەی دوو، بیخوێننەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: خولی یەكەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن لە هەرێمدا بە كۆمەڵەی دامەزرێنەر دادەنرێت، لەبەر ئەوەی سیستەمی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ١٩٩٢/١٠/٤ بە بنەمای پەیوەندی نێوان هەرێم و عێراق داناوە، كە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦) لە ٢٠٠٢/١١/٧دا پەسند كردووە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: يعد المجلس في الدورة الانتخابية الاولى الجمعية التأسيسية للاقليم قد اقر الفيدرالية اساساً لعلاقة الاقليم مع العراق بقراره المرقم (٢٢) في ١٩٩٢/١٠/٤ وتبنى مشروع دستور اقليم كوردستان بموجب قراره المرقم (٢٦) في ٢٠٠٢/١١/٧.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی سێیەم پێش بخرێتو جێگەی ماددەی دووەمی ئەسلی پرۆژەکە بگرێتەوەو دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، کە دەبێت بە ماددەی دووەم:

ماددەی دووەم: خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەن لە هەرێمدا بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر دادەنرێت، لەبەر ئەوەی سیستمی فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (٢٢) لە ١٩٩٢/١٠/٤ بە بنەمای پەیوەندی نێوان هەرێم و عێراق داناوە، هەروەها پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش بەپێی بڕیارێکی ژمارە (٣٦) لە ٢٠٠٢/١١/٧دا پەسند کردووە.

ئەوەی لێرەدا گۆڕانکاری لە داڕشتنەکەدا هاتووە، کۆمەڵەی دامەزرێنەر لە ماددەکەدا بووە بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر، لەبەر ئەوەی هەر بە فعلیش وا بووە، ئەنجومەنی نیشتمانی لە خولی یەکەمیدا بەدەسەڵاتی دامەزرێنەر دادەنرێت لە هەرێم، هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە دامەزران لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دامەزراون، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەمیدا بە دەسەڵاتی دامەزرێنەر دادەنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو داواکارییەری لیژنەی یاسایی زۆر لە جێی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی پاشی هەڵبژاردن پەرلەمان دەسەڵاتە، نەك جەمعیە، بۆیە ئەو داواکارییە ئەوەیە دەڵێت دەسەڵاتی دامەزراندنی هەرێمە بەو ئیعتیبارەی بڕیاری فیدراڵیەتی داوە، نازانم من هەر خۆم پرسیارێکم هەیە ناتوانی بڵێیت دەسەڵاتی تەشریعی دامەزرێنرێت لە دامەزراندن ئەوەی ئیزافە بکەین (يعد المجلس في الدورة الانتخابية الاولى السلطة التشريعية التأسيسية)، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ناوتان دەنووسم، کە قسە دەکەن پێشتر ناوی خۆتان بڵێن، لەبەر ئەوەی لە ئینصات هەندێك جار ناوەکان دەرناچن، فەرموو کاك محەمەد.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە دەستوورەکە دەستوورێکی کاتی بێت، نەك هەمیشەیی کە هاتووە بە دەستوورێکی دائیمی، چونکە دەستووری کاتی دەتوانین بە ئاسانی تەعدیلاتی تیا بکەین، جگە لەوەی کە تاکو ئێستاکە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی بەلایەکدا نەکەوتووە، دەبێت جارێکی دیکە ئێمە ئیستیفتا بکەین، چونکە دەستووری دائیمی دەبێت ریفراندۆمی بۆ بکەین، ئیستیفتا لەناو خەڵکدا بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ببێتە دەستوورێکی کاتی، نەك هەمیشەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم لە لیژنەی یاساییە، دەڵێت خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەن پاش ئەو گۆڕینەی لیژنەی یاسایی کردوویەتی، بە رەئی من لە کۆتایی لە دێری ئاخیردا بنووسرێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی یاسا دانانە، یەعنی ئەو پەرلەمانە کە دامەزرا، بوو بە سەرچاوەی یاسا دانان، ئەوە ناکرێت ئیزافە بکرێت بۆی، لە ئاخیری دێرەکە بە تەعدیلەکەی لیژنەی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەوزوعی سوڵتەی تەئسیسی، یان جەمعیەی تەئسیسی، ئەمە لە فیقهی دەستووری باسی ئەمە دەکرێت چۆنیەتی ئامادە کردنی پرۆژەی دەستوور لە هەر وڵاتێك، کێ بەو کارە هەڵدەستێت؟ کێ ئەو مەسئولیەتە تاریخیە گرنگە دەخاتە سەرشانی خۆی؟

دوو شت هەیە لێرە، عادەتەن سوڵتەی تەئسیسی، ئەو سوڵتەیە ئەوەی مونتەخەب لە شەعب تەنیا بۆ ئەم کارە، بۆ ئامادە کردنی دەستوور، عەمەلی ئەم سوڵتەو، ئەم سوڵتە تەواو دەبێت بە تەواو بوونی ئەم کارە، ئەوە مانای سوڵتەی تەئسیسییە، لە کوردستان هیچ دەزگایەکمان هەڵنەبژارد بەتایبەت بۆ ئەم مەوزوعە، بەڵام ئێستا ئێمە پرۆژەیەکمان دروست کردووە، پەرلەمانێکی مونتەخەبمان هەبوو، ئیعتیماد کرایە، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین ئەوە وەکو سوڵتەی تەئسیسی کە بە مەسابتی سوڵتەیەکی مونتەخەبە بۆ ئەم کارە، هەر چەندە دەستووری ئەمریکی، دەستووری ئیتاڵی، دەستووری ئەڵمانی، یوغسلاڤ، ئەوانە هەموو ئەم پرۆژەیە سوڵتەیەکی تەئسیسی دانراوە، ئینجا ناوەکە موشکیلە نییە، تۆ ناوەکە دابنێیت (الجمعية التأسيسية) ئان بکەیە (المجلس التأسيسي) موهیم جیهەتێکی مونتەخەبە بۆ ئەم ئیشە، ئەم ئیشە دەکرێت و تەواو دەبێت، ئێستا ئێمە شتێکی بەتایبەت مەرجەعیەتێکمان لە کوردستان دانەناوە تەنیا بۆ ئەم کارە، پەرلەمانی کوردستان دەورەی پێش و ئەمیشە لازمە ئەم سیفەتەی بدەیتێ، ئینجا ئێمە لەوێ لە جێگای خۆیەتی سوڵتەی تەئسیسییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی هاتە بەشی یەکەم لەگەڵ قسەکانی کاک خەلیل هاوڕام، هەتا بەشی یەکەم ئەوەیە سوڵتە جەمعیە تەئسیسییەکەیە، بەڵام ئەم ماددەیە لێرە زیاتر هێنێکی وەکو چیرۆکێکی تاریخییە، یەعنی ئێمە ماددەی

یاساییمان هەیە، راستە فیدراڵیە، سیستەمی فیدراڵیە لە دەورەی یەکەمی ئینتیخابیدا دانی پێدا نراوە، بەلاّم ئێمە نەمانتوانیوە کار بکەین بۆ دەستوورەکە، هەتا دەستووری عێراق دەرنەچووەو حەقیشمان بەپێی دەستووری عێراق کە ماددەکەی لەسەرەوەیە، بەپێی ئەو ماددە دەستوورییە ئێمە توانیمانە دەستووری خۆمانمان هەبێت، یەکەم/ من دەبینم ماددەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، من لەگەڵ هەموو رێزێکم ئەم یاسایە لەلایەن لیژنەی یاسایی خۆیەوە هێن کراوە، خۆشیان جارێکی تر دانیشتوون و کۆبوونەتەوە تەقریریان لەسەر داناوە، من هەر ئەوەندە دەڵێم، وەك ئەو قوەتەی لەبەر دەستمانەوەیە قوەتە دەستوورییەکەی کە ئێستا بە دەستمانەوەیە بۆ دانانی دەستوورەکە، سەرچاوەی لە دەستووری عێراقەوە وەرگرتووە، ئەوە یەکەم قوەتە، قوەتی دووەمیش ئەوەیە، کە ئێمە سیستەمی فیدراڵی وەکو هەرێمی کوردستان لە دەورەی یەکەمی ئینتیخابی پەرلەماندا دانمان پێدا ناوە، ئیتر لەبەر ئەوە پێویستی بەو تاریخ و شتانە ناکات و، سوڵتەی تەئسیسییەکەش ئەگەر سبەی رۆژێ ئێمە خەرقێك هەبوو، یاخود خەلەلێك هەبوو لەو دەستوورەدا، یان ئەگەر کەسێك ویستی شکایەت بکات لەو دەستوورە بڵێ ماق منی تیا نییە، سوڵتە تەئسیسیەکەی ئێمە چۆن خەڵك بچێت بەرەو رووی ببێتەوە، کە ئەو ئێستا لە هیندا نەماوە، لە دەسەڵات و سوڵتەیەدا نەماوە، یەعنی من نازانم شتێکی زۆر تێکەوڵاو پێکەڵاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس مولاحەزەیەك سۆزان خان، ئەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو درا بە هەموو ئەندامان، کە هەموو ئەندامەکان خوێندیانەوەو مولاحەزەیان هەبێت حەتمەن دەبێت بیدەنە لیژنەی یاسایی، یان لێرە باسی دەکەن، هەر خۆشیان نین ئەو راپۆرتەیان کردووە، من ئاگادارم لە چەند خاڵێك کاك فرسەت کە ئەندامە لەو لیژنەیە مولاحەزاتی داوەو بە هەندیش وەرگیراوە، بۆیە ئەو مولاحەزەیەی دەمویست بدەم خۆشی سەرۆکی لیژنەی دەستوورییە، ئەندامیش نییە، لەوانەشە کە ئیمزای نەکردووە، بەلاّم راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەوڵەمەند کردووە، گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، پێویست بەو داتایانە ناکات، چونکە ئەوە دەستوورێکە تایبەتە بە هەرێمێك، هەر هەرێمێکیش پێویستە دەستوورێکی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت، ئێمە راستە دواکەوتووین، بەلاّم زەرورەتیشە کە هەرێم دەستوورێکی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم ماددەیە بە زیاد دەزانم، چونکە ئێمە پێویست ناکات کەوا هەموو کارەکانمان پەیوەست بکەین بە دەستووری عێراقەوە، پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۲دا کە سیستەمی فیدراڵی ڕاگەیاند، پرسی بە بەغدا نەکرد، ئەوە ماف ڕەوای خۆیەتی، لەو دەمەوە ئێمە ماف ئەوەمان هەبووە، کەوا دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان دەست نیشان بکەین، تاکو کاروباری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەوێدا دیاری بکرێت، لێرەدا من بە هیچ پێویستێکی نازانم کەوا خۆمان پابەند بکەین بە دەستووری عێراقەوە، چونکە ئێمە لەسەرەتاوە، وەك چۆن دەسەڵاتی ئەوەمان هەبووە، کەوا ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی بکەین، بەو شێوەش ئێمە ماف ئەوەمان هەیە کە لەسەرەتاوە، لەو دەمەوە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ شەرحەکەی کاك خەلیلم کە شەرح، بەڵام خاتیمەکەی ڕێك پێچەوانەی شەرحەکەی بوو، لە عێراقیش جەمعیەیەك دامەزراوە، ئینتیخاب کرا بۆ ئەوەی کە موهیمەی ڕەئیسی ئەوە بێت کە دەستوور بنووسرێت، بەڵام ئەو پەرلەمانەی دەورەی یەکەمی هەرێمی کوردستان موهیمەی ئەوە نەبوو، چەندین یاساشی دەرکرد، یەعنی فەترەیەکی زۆریش بەردەوام بوو، بۆیە لە ڕووی قانونیەوە ناکرێت، بڵێین ئەوە سوڵتەی تەئسیسییە، بەتایبەتی مەشروعی هەرێمی کوردستانیش ئەوە لە ساڵانی حەفتاکانەوە ئەو مەشروعە هەبووەو ئیتر پێ بەپێ تەتویری پێ کراوە، تا گەیشتە ئەوەی لە دەورەی پەرلەمانی پێشوو ئیقراری کرا، بەڵام ئەوەی کە ئێستا کە ئێمە دەیکەین لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراق دایە، نە ئێمە دەورەیەکی ئینتیقالی، یاخود بڵێین جەمعیەیەك بێت تەئسیس بوو بێت لەپێناوی ئەوەی کە دەستوور بنووسێتەوە، بۆیە ئەو سوڵتەی تەئیسیسییە پێموایە لێرە ناگونجێت، بەڵام دەکرێت ئێمە بڵێین لە ژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراق بەپێی ماددەکانی ۱۱۷ و ۱۲۰، ئێمە ئەو پرۆژە دەستوورییە، یاخود با بڵێین ئەو دەستوورە دادەڕێژین و بۆ ئەوەی تەقیمی بکەین و پاشان دەنگی لەسەر بدەین و بدرێتە ئیستیفتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی قسەیان کرد، کاك دلێر قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من راستە لە رووی فیقهی دەستوورییەوە باس لەوە دەکرێت، کە کاتێک دەستوورێك دەنووسرێت ئەنجومەنێك دروست دەکەیت، ئیتر ئەو ئەنجومەنە دەبێتە تەئسیسی، دوایێ هەڵدەوەشێتەوە، ئەم حاڵاتانە هەمووی واریدە لە هەندێك وڵات کراوە، بەڵام ئێمە باس لە دەوڵەتی فیدراڵی دەکەین، دەوڵەتی فیدراڵی لە هەموو دنیا نموزەجی سابت نین و هەموو کلێشەکانیان وەك یەك نییە، چونکە زروفی سیاسی، ئیقتیصادی، کۆمەڵێك ئەسباب هەن دەوڵەتی فیدراڵی دروست دەکەن، لە لای ئێمە زورفێکی تەعەددودی قەومی دروستی کردووە، ئەوەی لە ئەمریکایە، لەوانەیە مەساحە دروستی کردووە، ئەوەی لە هندستانە شتێکی ترە، لەبەر ئەوە زۆر تەبیعییە ئێمە لەم دەوڵەتەدا تەبیعەتی نووسینی دەستوورەکەی خۆمان بگەڕێنینەوە، بۆ ئەوەی کە خۆمان قەناعەتمان پێیەو بەپێی ئەو واقیعەتەی کە خۆمان لامان خوڵقاوە، ئێمە ناکرێت کلێشەی سابت وەك دکتۆر سەیر بکەین، تۆ رات هەیە، ئەو را دەچێتە لای دکتۆرێك لە بەریتانیا، ئێمەش نەفسی را دەچێت، دەبێت بەکاری بێنین، من پێموایە پەرلەمانی پێشان دەبوایە دەستووری بڕیار بدات لە خولی یەکەم، کە نەیکردووە، لە زووترە نەینووسیوەو تەواوی نەکردووە، بڕیاری نەداوە بە لایەنی کەم پرۆژەکەی حازر کردووە، پێموایە دەکرێت، ئەمە راستە وەکو کۆمەڵەی دامەزرێنەر دانرێن لە جێی خۆیەتی ئەوە، باس کردنی ئەوەی کە دیسان جارێکی تر بە ماددەی ١١٧ بۆ دەستووری عێراقی، دیسان ئەمە راستیەکی ترە، چونکە ئەوە بەقوەتی دەکات، چونکە لە دەوڵەتی فیدراڵی تۆ بتەوێت یان نەتەوێت یەك لەو دەسەلاتانەی کە بۆ هەرێمەکان هەیە لە پاڵ حکومەت و پەرلەمان و قەزاو ئەمانە، دەستوورە، ئەو دەستوورەش دەبێت هەیبێت، لەبەر ئەوە ئەمە هیچ پێشێل کاریەکی تیا نییە، پێموایە تەواوە لە رووی قانونی و دەستووری، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من لە جیاتی کاك کەریم وەڵام دەدەمەوە، بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەکەمان هین نەکاتن، شتێکی وا جەوهەری نییە، هەندێك برادەر دەڵێن ئەو ماددەیە زیادە، کە دکتۆر نوری وای گوتووە، سۆزان خانیش بەشێوەیەکی تر، بە تەفسیرێکی تر بە هەمان مەبەست وای گوت، لە لایەن گوڵناز خانیشەوە تەئید کرا، خۆی ئەو ماددەیە بۆ ئەوە هاتووە نیشان بدەین، کە ئێمە پێش ئەوەی دەستووری عێراقی هەبێتن پەرلەمانی کوردستان ئەو رێگایەی گرتووە، بڕیاری فیدراڵیشی داوە، ئەو دەستوورە حەقی خۆیەتی لە ساڵی ١٩٩٢ەوەو، ساڵی ٢٠٠٢ بڕیاری داوە دەستووری هەبێتن، ئەوە وەکو مەبدەئێکە بۆ خۆمان تەسبیتی دەکەین، کە قوەتێکە بۆ هەرێم و بۆ دامودەزگایەکەی کە لە پاش هەڵبژاردنی ١٩٩٢ دانراوە، ئەمە یەك.

دووەم/ لە ماددەکەی دواتر کە دێتن لەوێ دیسان وەکو حاڵەتێك قوەتێکی تازە وەکو کاك دلێر ئاماژەی پێ کرد، قوەتێکی تازە بۆ ئەو دەستوورەی کە دادەنێین، جگە لەوەی کە خۆمان قەرارمان داوە، دەستووری عێراقی هەمیشەییش هاتووە، ئەو دەسەلاتەی داوەتە ئێمە، یەعنی دوو جار بە دوو دەسەلات ئێمە ئەو

دەستووره دادەنێین، یەکێکیان هی خۆمان، پەرلەمانی خۆمان قەراری داوه، دووەمینیشیان/ وەزعی تازه لە عێراق کە دەستووری هەیە بۆتە فیدراڵی، ئەویش ئەو حەقەی داوەتە دەستوور، بۆیە ئەو قانونە دوو مەنتیقی بەکار هێناوه، بۆ ئەوەی ئەو رێگایە وەربگرێتن، بۆیە من پێموایە لەجێی خۆیەتی بەقوەتی دەکاتن، هەرچەندە لابردنی گۆڕانکارییەکی زۆر ناکات، ئەگەر شتێکتان نەبێتن، بەڵێ کاک کەریم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دەستووری کۆماری عێراق، دەبینین ماددەیەکی تایبەت دەربارەی هەرێمی کوردستان هەیە، دان بە هەموو قانون و بڕیارو قەرارات دەنات، کێ دایناوه ئەوە سوڵتەی تەنسیسی داینـاوه ئیقرارێك هەیە، ئەوە دەستووری عێراقی ئەگەر ماددەی ١٤٠ بکەینەوه، ئەوە دان پێدادەنێ، دەبێت لە جێی خۆی بمێنێتەوه، چونکە ئەوە شتێکی سابیتەو لە دەستووری عێراقیش تەسبیت کراوه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان رەئیت هەیە؟ کاك دکتۆر نوری گوتی ئیلغا بکرێت، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆچوونی خۆم روون کردەوه، من لێره تەنیا شتێکی تر دەڵێم ئەگەر هاتو ئێوه سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوه، لە کۆتایی ماددەکە دەبێت بنووسرێت بەپێی بڕیاری ژمارە ئەوەندە وەك پرۆژە پەسندی کردووه، چونکە ئەگەر ئێمە دەستوورمان هەبوایە، ئێستا بۆ دەستووری ترمان دادەنا، بڕیاری پەرلەمان لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا بۆ پەسند کردنی پرۆژەکە بووه، وەکو پرۆژە، نەك وەکو دەستوور، لەبەر ئەوەی ئێمە تاکو ئێستا دەستوورمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری ئەگەر بخوێنیەوه، دەڵێت (وتبنى مشروع دستور اقليم كوردستان)، ئەوە عەرەبییەکە لە پێشمانە، وابزانم قسەی کاك شێروانم کرد.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن قسەکەی منت کرد، بەس من دەمەوێت یەك تەوزیح بدەم، ئێمە لە دەورەی پێشتر هەتا ئازاد کردنی عێراق بڕیارێکمان وەرگرتبوو، هەموو دەسەڵاتی مەرکەزمان دابوو بە خۆمان و لە دەورەی پێشتریش بە هەمان شێوه ئێمە تەبەنی مەشروعی دەستوورمان کرد، بەڵام من ئەوە دەپرسم، ئایا لە پێش ئازاد کردنی عێراق ئێمە دەستوورمان دابنابوایە؟ ئێستا چۆن دەمانتوانی لەگەڵ دەستووری عێراقی بگونجێنین، ئەو دەستوورەی کە ئێمە پەسندمان کردووه، ئێستا ئێمە دەستووری عێراق هەیە، ئێمە لەناو قالبێکمان داناوه کە لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیەت دەگونجێت و هیچ تەعاروزێکی لەگەڵ دەستووری عێراقی نییە، خۆی ئەمە

ڕێگا ڕاستەکەیە، نەك ئێمە دەستوورمان هەبوایەو پەسندیش بکرا بوایە، ئێستا ئێمە موحاوەلەی ئەوەمان بکردابوایە بمانگونجاند بوایە لەگەڵ دەستووری عێراقی تازە، ئەمە یەك.

دووەم/ بەڕاستی دەورەی پێشتر تەبەنای ئەو دەستوورەی کردووە، ئیقراری نەکردووە، کە تەبەنیشی کرد جارێ ئەسڵەن مەسەلەی عێراق هەر لە گۆڕێ نەبووەو لیژنەی بۆ تەشکیل کردووە، بۆیە وەکو دەورێکی تاریخی ئەو دەورەی پێشتر کە سوڵتەیەکی تەئسیسی بووە، زۆر لە جێگای خۆیەتی لێرە پێش ئەوەی بە میکانیزمەکە بکرێت، ئیشارەت بە دەورەی پێشوو بکرێت سەبارەت بە ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا وازیحە، ئەگەر غەڵەتێك هەبێتن، لەنێوان عەرەبی و کوردیەکە، لەبەر ئەوەی پرۆژەکە بە عەرەبی نووسراوە، عەرەبیەکە دەبێتە ئەساس و دەبێت کوردیەکە هەموار بکرێت بەگوێرەی ئەوە، بۆیە ئەو تەبەنییە کە دکتۆر نوری ئاماژەی پێ کرد لە عەرەبیەکە هەیە، کوردیەکەش وا لێ بکەن (تبنى مشروع دستور) لە عەرەبیەکە نووسراوە، بەهەر حاڵ ئەو برادەرانەی کە داوایان کرد ئەو ماددەیە زیادە، ئەگەر ئیسرار دەکەن دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك دکتۆر نوری تۆ خۆت زیاتر هێنت کردووە، موسیری کە زیادە، ئەو موقتەرەحە کە دەڵێت ئەو ماددەیە زیادە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە زیادەو پێویست نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، هەم ڕەدی ئیقتراحەکەی شەتب بکرێتمان کرد، هەمیش ماددەکە قەبول کرا، زۆر سوپاس، ماددەی سێیەم کە پێشتر دووەم بوو، ئێستا دەبێتە ماددەی سێیەم، تکایە بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: ئامانج لەم یاسایە دیار کردنی شێوەی بەرپا کردنی دەستوورێکی هەمیشەییە بۆ هەرێم بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١١٧ – یەکەم و ماددەی ١٢٠) لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية التي يصبح المادة الثالثة:

المادة الثالثة: يهدف هذا القانون الى تحديد طريقة اقامة دستور دائم للاقليم وفقاً لاحكام المادة ١١٧ – اولاً والمادة ١٢٠ من الدستور العراقي الاتحادي.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

ماددەی دووەم جێگەی ماددەی سێیەم لە ئەسڵی پرۆژەکەدا دەگرێتەوەو دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێتەوە:

ماددەی سێیەم: ئامانج لەم یاسایەدا دیارکردنی میکانیزمی بەرپاکردنی دەستورێکی هەمیشەییە بۆ هەرێم بەپێی حوکمەکانی ماددەی ١٢٠ لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا.

لێرەدا بەو شێوەیە کە داڕێژراوەتەوە ئاماژە بە ماددەی ١١٧ – یەکەم کرا بوو لە دەستووری عێراقی، ئەوە وەلانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ فەرقێکی هەیە لەگەڵ ئەوەی پێشوو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئاماژەم پێدا، بە عەرەبیەکەی (کما وتحل المادة الثانية محل المادة الثالثة من اصل المشروع وتعاد صياغتها على النحو التالي:

يهدف هذا القانون الى تحديد آلية اقامة دستور دائم للاقليم وفقا لاحكام المادة ١٢٠ من الدستور العراقي الاتحادي).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا وازیحە، ئێستا دێینەوە سەر ئەو ڕەئیەی کاک محەمەد ڕەفعەت لەسەر ماددەی سێیدا، مەقصەدی ئێرە بوو، کە دەڵێت ئایا دەستوور دائیمە؟ یان موەقەتە؟ کەسی تر قسەی هەیە لەسەر ئەوە، من وامزانی یەکسەر دەڕواتن، باشە ناوتان دەنووسم، فەرموو کاک کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس تێبینم لەسەر وشەی بەرپا کردنی دەستوورێکی هەمیشەیی هەیە، یەعنی عادەتەن وشەی بەرپا کردن لە زمانی کوردی بۆ شۆڕش و شتی وا بەکار دێت، یەعنی چۆن بۆ دەستوور بەکار دێت؟ بوون و دانانی دەستوورێکە، بۆ دانانی دەستوورێکە، یەعنی دەبێت شتێکی گونجاوتری بۆ دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە کوردیەکە دەبێت وا بێتن دیاری کردنی ڕێگای دامەزراندنی، میکانیزمی، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵی یەکەمم هەر ئەوەی کاک کەرخی بوو کە باسی کرد، دووەمیش/ پشتگیری لەوەی کاک ڕەفعەت دەکەم، کە دەستوورەکە بۆ ئەم قوناغە کاتی بێت، نەك هەمیشەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو وشەیە بوو کە کاک کەرخی باسی کرد پشتیوانی لەوە دەکەم، لەبەر ئەوەی وشەی بەرپا بۆ شۆڕش و هەستانەوە دەبێت، وشەی دانان زۆر جوانترە لە وشەی بەرپا بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە قسەکەی کاک ڕەفعەت دەکەم بۆ دەستوورێکی موەقەت، بۆ دائیمی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسی کاک کەرخی دەکەم، هەروەها دەمەوێت بیخەمەوە بیری ئەندامانی پەرلەمان، کەوا دەستووری فەرەنسا کاتی خۆی لەلایەن کەسێکی سەنیگالییەوە دارێـژراوە، نەك یـەکێکی فەرەنسی، هەمیشە لە ڕۆژنامەکان ئەوەیان بەچاوی خەڵکی فەرەنسا دەدا، زۆر سوپاسی دەکەم، دووبارە سەبارەت بەم ماددەیە من ئەمەش بە زیاد دەزانم، کەوا پێویست ناکات ئێمە خۆمان ببەستینەوە بەدەستووری عێراق، چونکە ئێمە سیستەمی فیدراڵیمان پەسند کرد، لە پەرلەمانی کوردستان سیستەمی حوکمڕانی عێراقمان هەڵتەکاند، بەبێ ئەوەی پرس بە هیچ لایەك بکەین، من بە بیری ئەندامانی لیژنەی دەستووری دەهێنمەوە، لە مانگی ٢٠٠٦/٥دا ئەو کاتەی کەوا کۆبوونەوەیەك لە لایەن ئەنستوتی فەرەنسی لێرە بەسترا، مامۆستایەکی کەنەدی، فەرەنسی هاتە لیژنەکەمان لەوێ پرسیاری لە ئەندامان کرد، وتی چاوەڕێی چیتان کردووە، بۆ پێش دەستووری عێراق، دەستووری خۆتان پەسند نەکرد، ئێمە لەو ڕۆژەوە کەوا تەبەنی سیستەمی فیدراڵیمان کردووە، لەو ڕۆژەوە ئێمە حەقی ئەوەمان هەبوو، کەوا دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان پەسند بکەین، چاوەڕوانی ئەوە نەکەین کەوا دەستوورێك بۆ عێراق پەسند بکرێت، بۆیە ئەم ماددەیەش بە زیاد دەزانم، پێویست ناکات لێرە ئێمە ئاماژە بۆ دەستووری عێراق بکەین بەهیچ شێوەیەك، چونکە وا فەرز بکەین ئەگەر لە دەستووری عێراقدا ئەو ئاماژەی تێدا نەبوایە، ئێمە هەروا بێ دەستوور دەماینەوە؟ ئێمە حەقی خۆمانە میللەتێکین لەسەر خاکی خۆمان دەژین، مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆمان هەیە، بەوەی کەوا ئەو سیستەمەی کەوا دەمانەوێت پەسندی بکەین، بە پەسند کردنی دەستوورێشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم، کە بکرێت بە دەستوورێکی کاتی، لەبەر ئەوەی کەوا گۆڕان لەکوردستان و عێراقیشدا بەردەوام بەڕێوەیە، لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم هێشتا نەخراونەتە سەر کوردستان، بۆ بەرپا کردن من پێشنیار دەکەم بکرێت بە داڕشتن، دەڵێین دەستوور دادەڕێژین، ناڵێین بەرپا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یەکەم کەس کاك کەرخی ئەو قسەی کرد، نافەرین بۆ خۆی، بەڕاستی کوردیەکی جوان، لە بەشی کوردی تەخەروجی کردووە، پێش من کەوت ئەوە سوپاسی دەکەم، بەڕاستی بەرپا کردن یەعنی هەڵا نانەوە، جا لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەم رستەیە وا دابڕێژین (ئامانج لەم یاسایەدا دیارکردن و بەدیهێنانی دەستوورێکی هەمیشەییە بۆ هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمەکانی ماددەکانی ۱۱۷ی یەکەم و ماددەی ۱۲۰ ) من لەگەڵ ئەوەشدانیم بەڕاستی ئاماژە بە دەستووری عێراقی فیدراڵیش بکەین، چونکە ئێمە پێش ئەوانەوە جیا بوونەوەدا دامودەزگاکەیان کشانەوە بۆ مەرکەز، ئێمە توانیمان خۆشمان بەڕێوە بەرین و پەرلەمانێکیش دروست بکەین، ئەو پەرلەمانەی کە ئێستا ئێمە بەپێی دەستوورو بەپێی یاسا کار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نابێت (اقامە دستور) چونکە دەبێت سەن، نەك ئیقامە، سەن دەستوور، لە لیژنەی یاسایی هاتووە دەڵێت (یهدف هذا القانون الى تحدید الیة سن دستور دائم)، نەك ئیقامە، خاڵی دووەم/ ئەوەیە من بۆیە دەڵێم با لێرە یەکسەر دانی پیانەنێین بڵێین دەستوور دائیم، چونکە ئێمە کە لەماددەی شەش و حەوت کە لە دواییدا دێت، دەڵێت لە پێشدا ئەو دەستوورە لەناو مەجلیسەکەدا دەنگی لەسەر دەدرێت و شەش مانگ بە نافز حیساب دەکرێت، هەتا حکومەت خۆی حازر دەکات و ڕێگا دادەنێت بۆ ئیستیفتای عام، کەواتە ئێمە لێرەوە ناتوانین یەکسەر بڵێین ئەوە دائیمیە، چونکە ئێمە هەنگاو بە هەنگاو دامانناوە، هەتاکو هەنگاوی

ئەوەی ببێت بە دائیم چەند هەنگاوێکی تر هەیە، ئینجا هەر لە ئێستاوە ئەو دائیمە لێرە لابدرێت، لە کاتی خۆیدا لەناو ماددەکان باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێن دەستووری کاتی، خۆی وشەیەکی یەعنی مانای ئەوە دەدات کە شتێکی نادیموکراتیە، عەبرەت چیە کە کاتییە، یاخود هەمیشەیی ریفراندۆمە، لە موەقەتەن مەسەلەن کاتی خۆی مەجلیس سەورە، یان قیادەی سەورە دایناوو، یان پەرلەمان مەجلیسەکەی خۆی دادەنا دەبووە موەقەت، بەڵام کاتێك کە دەدرێتە ریفراندۆم، ئیستیفتا لەسەری دەکرێت لە لای میللەت دەکرێتە دائیمی، ئێمە بە هیچ وەختێك مەبەستمان ئەوە نییە، دەستوورێك دەربکەین، تەنها پەرلەمان دەری بکات، نەدرێتە میللەت، میللەت خۆی دەنگی لەسەر دەدات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە ناوی دائیمی بێت، ئەو دەنگدانەی لە پەرلەمان لەسەر ئەو دەستوورەی دەدرێت کاتییە، تاکو دەدرێتە ریفراندۆم، تاکو میللەت خۆی دەنگی لەسەر دەدات، ئەوەی سۆزان خان باسی کرد، بەڕاستی لە پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی گۆڕدراوە، مەوادی پاشی، یەعنی لە ماددەی شەش و ماددەی حەوتەوە دەستکاری لێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم رێگام پێ دەدەن دوو مولاحەزە هەیە، پێنج، شەش کەس ماوە، بۆ ئەوەی وەخت نەکوژین، ئەگەر ئیجازەم بدەن من خولاصەی رەئیەکان بدەم، ئەوەی کە دەڵێت دەستووری موەقەت بێت، ئەگەر دەستوور دائیمەکەی لێ لا بدەین ئیکتیفا دەکەین، لەبەر ئەوەی لە خاڵێکی تردا هەیە، لە ماددەیەکی تردا هەیە، دەڵێتن دەستوورەکە بە ئیستیفتا دەبێتە دەستووری دائیم، ئەوە یەك.

دووەم/ کە دەستوور دادەنێین لە پرۆژەکەدا، دەکرێت ماددەیەك ئیزافە بکەین بڵێین لەوێدا تا ئەو وەختەی ئیستیفتا دەکرێتن، ئەو دەستوورە بەشێوەیەکی کاتی جێ بەجێ دەکرێت، بەڵام لێرە هیچ پێویست ناکات بڵێین مەبەستمان دەستوورێکی موەقەتە، دەستوورێکی کاتییە، مەبەستمان دەستوورە، بەڵام تەفسیراتەکە بەو شێوەیە بێتن لەو دەستوورەی کە دێتن، ئەوەی کە تەریقەکە بۆ تەعدیل باشە، ئیقامەکە دەکرێت بکرێتە سەن دەستوور، یان (وضع دستور)، لەدەستووری عێراقیدا هاتووە دەڵێت (یقوم الاقلیم بوضع دستور) لێرەش دەتوانین وابنووسین، ئاخر دانان (وضع) دەکاتن، دانانی دەستوور (وضع دستور)، جا بۆ ئەوەی وەخت نەکوژین داوای لێبوردن دەکەم لەو برادەرانەی کە داوایان کردووە قسەی بکەن و کاك سالم و کاك سەعدەدین و سارا خان و کاك زرارو کاك دلێر، ئەگەر شتێکی ئیزافیتان هەیە لەوەی کە گوتم، باشە قسەی بکەن، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا لەسەر صیاغەکەی، صیاغەی ماددەکە (یهدف هذا القانون الى تحدید طریقة) لەنگە، با ئالیەت بێت موشکیلە نییە، (یهدف هذا القانون الى تحدید الیة اقامة) ئەو شتە چۆن دەبێت؟ (یهدف هذا القانون الى تحدید الیة لاقامة) دەبێت لامێکی لێرە بۆ زیاد بکرێت، ئەگەرنا غەڵەتە، هەتا ئەگەر (وضع)یش بێت دەبێت لامەکەی بۆ زیاد بکەین، ئەوە یەك.

بەنیسبەت ئەوەی ئاخر غەڵەتە جەنابی سەرۆك، ئەگەر باش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بزانە هەر مولاحەزەیەك ئەوەندە هێن مەکەن، ئاگاتان لە تەفسیلات نییە، ئەوە کاك سەعدەدین مولاحەزات دراو چاکیش کرایەوە، دووبارەی کردەوە، تکاتان لێ دەکەم گوێ بگرن، بۆ ئەوەی دووبارەی پێشنیار نەکەن کە کراوەو موعالەجەی کراوە، فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك کەریم خوێندیەوە هەر لامەکەی نەگوت، جەنابت خوێندتەوە هەر لامەکەت نەگوت، ئەی کێ چاکی کردۆتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئینتیباه دەکەم گوتم (لوضع) دەستووری عێراقیم خوێندەوە، ئەو لێرە نووسراوە (بوضع)، گوتم دەکرێتن ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە خوێندمەوە، ئاگات لێ نەبووە نووسراوە (یقوم الاقلیم بوضع دستور) لامیش یەعنی شت دەکات، فەرموو تەواوی بکە.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دائیمەن ئەگەر دەستوور دەربکرێت، فەرق لەنێوان دەستووری موەقەت و دەستووری دائیمی ئەوەیە کە بە ئیستیفتا دەبێت، یان دەبێتە دائیمی، یان موەقەت، ئەوە معیارێك نییە، ئێمە زۆر جار ئیعتیراز لەسەر ئەوە دەگرین، کە دەستوور بۆ نابێت موەقەت بێت، لەبەر ئەوەی کەوا تەعدیلاتی تێدا نەکرێت، هەتا ئێمە ئیعتیرازمان لە حکومەتی مەرکەزی ئەوەیە کە نابێت تەعدیلات لەسەر دەستوور بکرێت، چونکە شتەکە بە ئیستیفتایەکی عام بووە، داوا دەکەم ئەو دائیمی و ئەو موەقەتە هەر دائیمیەکە بێتن لە جێی خۆی باشترە، ئەوەك لە پاشان، چونکە دەبێت مودەی بۆ تەحدید بکەیت، ئەگەر بێتو بیکەیتە موەقەت، دەبێت لە ئاخیری ماددەیەکی بنووسیت، بۆ ئەوەی مودەی تەعدیلەکەی دیاری بکەیت و مودەی ئەوە دیاری بکەیت کە کەی دەستکاری ئەو دەستوورە دەکرێت؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرمنیا من (یهدف هذا القانون الی تحدید الیة وضع دستور) ئەو کەلیمە دائیم ژێ رابرت، یەعنی نەبێـژیت نە دائیمە نە موەقەت، حەتا ئەو وەختێ ئیقرارە موناقەشەی دەستوور دێتە کرن وێ کە بێژین دائیمە، ئان موەقەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کاک محەمەد رەفعەت و کاک دکتۆر نوری کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (ئامانج لەم یاسایەدا دیار کردن و دانانی دەستوورە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق)، کە دەڵێن دەستوورە، من تەئیدی کاک سالم دەکەم، نە دائیمیەکە بێت، نە کاتیەکە بێت، ئەو کاتی بڕیاری لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێموایـە بـەم شـێوەیە دابڕێژرێتـەوە باشـترە (ئامـانجی ئـەم یاسـایە دیـار کردنـی شـێوازی داڕشـتن و بڕیـاردانی دەسـتووری هەمیـشەیی هەرێمـە، وەك مـافێکی دەسـتووری لـە سیـستەمی فیدراڵیـداو بـەپێی حوکمەکانی ماددەی ١١٧- یەکەم و ماددەی ١٢٠ لە دەستووری عێراقی فیدراڵیـدا)، قەصد لەمـە چیـە؟ ئەمـە دەستوورەکە نییە، ئەمە قانونێکە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی ئـەو دەسـتوورەی هـەرێم و بڕیاردانیـشی، ئایـا بـە ئیستیفتا بکرێت؟ یان بە چی بکرێت؟ تەبعەن هەموومان موتەفیقن لەسەر ئەوەی لە پرۆژەکەشدا هـاتووە، کە دەبێت بە ریفراندۆمێکی میللی بکرێت، بـە ریفرانـدۆمی میللـیش دەبێـت دەسـتوورێکی دائیمـی بێـت، ناکرێت موەقەت بێت، پێموایە ئەو دەستوورەش کە دادەنرێشتووە لە ئەساسدا هەتا ئەگەر کێشەکە کێشەی

ناوچەکان و چەند ناوچەیەك بێت، کەوا لە دەرەوەی هەرێمن حالیەن عیلاج بۆ ئەوەش دانراوە بەپێی نەصێکی وازیح، کە ئەو ناوچانە لەج حاڵەتێکدانەو دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە زەرورەت وایە، ئێمە لێرە بە دائیمی بهێڵینەوە، چونکە ئەمە خزمەتمان دەکات، باشتریش دەبێت و بەقوەتریش دەبێت کاتێك ئەگەر کەرکووك بەپێی ماددەی ١٤٠ گەڕایەوە، یان نەگەڕایەوە لە حاڵەتێکدا بە ئیستیفتایەکی عامی میللەتی کورد هەموویان دەنگ لەسەر ئەوە بدەن، ئەو مەنتیقەیە بەشێکە لە کوردستان، لەبەر ئەوە دائیمی بێت باشترە، نەك موەقەت، من پێموایە بە سەریحی دائیمەکە بنووسین باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵ دەستووری کاتینە نازانن تەبریریان چیە، بەڵام من پێموایە بۆ یەکەم کیانی کوردی لە هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراق و لەسەرجەم رۆژهەلاتی ناوەڕاست، پێویستە دەستوورێکی دائیمی هەبێت، نەك دەستوورێکی کاتی، ئەوە یەك، دوو: زۆر برادەر دەڵێ سبەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێ و تەعدیل دەبێ، مەسەلەی دەستووری جامدو دەستووری مەرن هەیە لە گۆڕێ، دەستووری جامید عادەتەن تەعدیلاتی قورسە، دەستووری مەرن عادەتەن تەعدیلاتی نەرم و نۆڵە، بۆیە ئێمە لە پرۆژەی دەستوورەکەدا لەسەر ئەساسی دەستووری مەرن هاتینە خوارێ، بۆ ئەوەی تەعدیلاتەکەی سووك و ساناتر بێ، کە ئەگەر هاتو هەر گۆڕانکاریەك لە موستەقبەل هاتە ئاراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کە لێرەدا ئاماژەمان پێکرد، مەبەست لەو یاسایە، دانانی خاریتەی تەریقە، ئالیەتێکە بۆ ئەوەی ئێمە دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ کوردستان دابنێین، جا ئەگەر ئێمە لەو یاسایەدا ماددەیەك بێنینەوە و بڵین ئەو دەستوورە بە شێوەیەکی کاتی وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی پێدا، خۆ دەتوانین ماددەیەك دابنێین و بڵێین: ئەو دەستوورە بە شێوەیەکی کاتی پیادە دەکرێ و جێبەجێ دەکرێ، بەڵام لێرەدا زۆر زەرووریە کە ئامانج لەو یاسایە ئەوەیە ئالیەتێك بۆ دەستوورێکی هەمیشەییە، مەبەست ئەوە نییە ئەگەر لێرەدا هەمیشەیی باس نەکرێ، ئێمە ناتوانین بیکەینە کاتی، دەتوانین بیکەینە کاتی، سەبارەت بە مەسەلەی کە هەمیشەیی نەبێت، واتە معیارەکەی ریفراندۆمە، نەخێر، دەستووری تورکی ریفراندۆمی بۆ نەکرایە و دەستووریشی هەمیشەییە، یەعنی لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستوورەکە مەرینە یان جامیدە، دەستووری ئێمە کە ریفراندۆمان بۆ داناوە دەستوورێکی جامیدە وەکو دەستووری

عێراقی، بـه ئاسـانی نـاگۆڕدرێ، تەعـدیل نـاکرێ، بـەڵام دەسـتووری زۆر وڵاتـانی دیمـوکراتیش هەیـە کـە دەستوورەکەیان مەرینە و لە پەرلەمان وەکو چۆن یاسا تەعدیل و هەموار دەکرێ، بەو شێوەیەش دەستوور هەموار دەکرێ، ئەوە بەس بۆ روونکردنەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیـارە ئـەوە ئالیەتێکـە بـۆ نووسـینەوەی دەسـتوورو دیـاری کردنـی دەسـتوور، بەڕاسـتی کـێ بڕیـار دەدا دەستوورەکە موئەقەت بێ، یان دەستوورێکی دائیم بێ؟، ئـەوە مـەفروزە بخرێتـە بـەردەمی خـەڵك و خـەڵك ئەو بڕیارە بدات، بۆیە من زۆر قسە ناکەم، جەنابت روونکردنەوەکت داوە لەو مەوزوعە، من پشتگیری ئەوە دەکەم دەسـتوورەکە دەسـتوورێکی کـاتی بـێ و جەنابیـشت تەفـصیلت لەسـەر ئـەوەدا، بۆیـە مـن زیـاتر قـسە ناکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەڕێزان ئیشارەتیان پێکرد، ئێمە دەستوورێك دائەنێین، لە یەکەمین جار لە تەئریخمان بۆ نەتەوەیـەك لەم هەرێمە، هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەویش پێویستە دەسـتوورێکی دائیمـی هـەبێت، پێویـست ناکـات کاتی بێت، چونکە دائیمیش بێت گۆڕانکاری بوێت بەپێی پێویست شتێکی ئیستیراتیجی بێـت، یاسایەك بـێ دەردەکەی بۆ گۆڕینی و ئەخیرەکەی بە ریفراندۆم میللەت قەراری لێ ئەدات، دەستووری عێراق هی دائیمـی کە هەموو ئەزانن زۆر گۆڕانکاری ئەویست و نـەیانکردە کـاتی و ماددەیـەکیان بـۆ دانـا کـە هـەموار بکرێـت، بەڵام بۆیە ئەوەی لێرە هاتووە، زۆر رێك هاتووەو پشتیوانیش لەوە ئەکەم کە دەستوورەکەمان دەستوورێکی دائیم بێت، نەك کاتی بێت، چونکە کاتی بێت زۆر تەفصیلاتی تری بۆ دائەنرێ، بەپێی پێویست و لـە کـاتی زەروورەت پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەتوانێت یاسـایەك دەربکـات و داوا بکـات و بیخاتـە پـێش میللـەت و تەعدیلاتی تێ بکرێت و زۆریش تەبیعیە و زۆریش ئاسانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا من پێش ئەوەی هین بکەم، دووبارە قسەکانم ناچارم تکـرار بکەمـەوە لەبـەر ئـەوەی هـین بـوو، یـەك: دەسـتووری عێراقـی هـی ئـەفریقیا نییـە، دەسـتوورێکە ئێمـە دەنگمـان بـۆ داوە، کـە دەنگمـان بـۆ داوە نـابێ شەرمی بۆ بکەین، نابێ پێمان وابێ قورساییە لەسەرمان، دەستووری خۆمانە، لەبـەر ئـەوەی زۆر ئیعتیادیـە و بەعەکسەوە ئەوە هینی خۆمان بە قوەت دەکات، بڵێن ئـەو دەسـەڵاتەی خۆمـان حـەقی خۆمانـە و باسـمان

کردووه له ماددەی پێشتردا کە لە ١٩٩٢ەوە پەرلەمان وای کردووەو دواییش ئەو دەستوورەی عێراقیەی کە خۆشمان دەنگمان بۆ داوە، لەوێشدا ئەو دەسەڵاتەی داوە بە ئێمە و بە قومتمان دەکات و شەریکین ئێمە، دووەم: لیستی پەرلەمانی عێراقی تەحالوفی کوردستانیە، ئەوە یەك، دوو: تەبعەن من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم دەستووره عەمەلیەن هەتا وەکو دەنگی بۆ دەدرێت، دەنگی گشتی، مونەقەتە، بەڵام لێرە ناکرێت بڵێین کاتیە، تۆ لێرە رێگایەك دادەنێی بۆ دانانی دەستوور، ئەوە دوایی بۆخۆت کە دەستوورت دانا وەکو ئاماژەم پێکرد لە ماددەیەك دەڵێی: ئەو دەستووره بە شێوەیەکی کاتی جێبەجێ دەکرێ تا ئەو رۆژەی ریفراندۆمی بۆ دەکرێ، بەڵام تۆ لێرە لە هیچ شوێنێکدا نییە دەستووری مونەقەت، فەقەت دەستووری مونەقەت کێ دایدەنێ؟ دەسەڵاتێك کە هەڵنەبـژێردراوە، مەجلیس قیادەی سەورە دەستووری دانا مونەقەت، لیژنەیەك بوو، ئێمە لێرە دەستووری دائیمی دادەنێن و هەدەفیشمان دامانناوە ریفراندۆمی لەسەر دەکرێ، دەتوانین لە پرۆژەکەدا کە ئەحکامی خیتامی هەیە، ماددەیەك ئیزافە دەکەین و دەڵێین ئەو دەستووره هەتا دەنگدانی گشتی دەکرێ بەشێوەیەکی کاتی جێبەجێ دەکرێ، ئەوها دەبێت، بەڵام تۆ بێی و وەکو ئەوەی کە هەدەفت ئەوەبێ کە دەستوورێکی مونەقەتت هەبێ، ئەوە من پێم وایە هینە، کاك محمد رفعت یەکەم کەس بوو ئەو موقتەرەحەیدا، ئەگەر ئیصرار دەکەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو تەوزیحەی تۆ بۆ من کافیە، من رەئیەکەم سەحب دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەمێنێتە سەر ئەو دوو وشەی کە هات، کە دەڵێی: من پێموایە بە (بوضع) یان (لوضع) باشترە، بۆچی؟ سن الدستور، فەقەت پەرلەمان دەیکات، وضع الدستور ، پەرلەمانە، لیژنەی دانانی دەستووره، حزبە سیاسیەکانە، میللەتە، ئیستیفتائە، هەموویەتی، لەبەر ئەوە سەن نییە، (وضع)ە، ئەوەی لە دەستووری عێراقیدا هاتووە (وضع)ەکە راسترە، بۆیە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوەو کوردیەکەش وای لێ دەکەین: (یهدف هذا القانون الی تحدید الیة لوضع دستور دائم للاقلیم وفقاً لاحکام المادة ١٢٠ من الدستور العراقي)، کوردیەکەش وا لێ بکەن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەس د. نوری، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی چوارەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: پرۆژەکە بە دارشتنی کۆتاییەکەیەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەر کاتێکی کۆتایی بە کارەکانی هات لە لایەن لیژنەکەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکرێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: يتم تقديم المشروع من قبل اللجنة بصيغتها النهائية و باللغتين الكوردية و العربية الى رئاسة المجلس حال الانتهاء من اعمالها.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم لیژنە پێشنیاز دەکات ئەم ماددەیە دووبارە دابڕێژرێتەوەو بەو شێوەیەی خوارەوە:

لیژنە هەرکاتێك کۆتایی بە کارەکانی هات، پرۆژەکە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

لێرەداو لە صیاغەی نوێ تەنها (الصيغة النهائية) واتە دوا داڕشتنی پرۆژەکە بەس ئەوەمان وەلا ناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی وای تێدا نییە پێموایە، ئەگەر خیلافێك نییە؟ هەیە، کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێموایە ماوەیەکی زۆرە ئێمە بەداڕشتنی دەستوورەوە خەریکین و کارێکی کەمی بۆ نەکراوە، کۆمەڵە کەسانێکی زۆرو، کۆمەڵە دەزگایەکی زۆر خەریکی ئەم پرۆژەی دەستوورەن، هەنگاوی گەورە نراوە، بۆیە من پێم چاکە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە نەمێنێتەوە، (هەر کاتێك) وەختێکی پێویستە، بۆ دەست نیشان بکەین، بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو دەستوورە جێ بەجێ بکرێت و بێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت و بکەوێتە کار، چونکە نەبوونی دەستوورێك لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمە بۆشاییەکی گەورەیە، من پێم چاکە کاتێك دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە کاری خۆی بکات، بۆ ئەو دامودەزوگایانەی کە ڕادەسپێردرێن بەو ئەرکەو ئیشەکانی خۆیان بەزووترین کات جێ بەجێ بکرێت، من تەنها پێشنیازی ئەوە دەکەم کە کاتێك دەست نیشان بکرێت و لە چەند مانگێکدا، بۆ ئەوەی ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەندرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئومێدمان وایە چەند هەفتەیەك بێت، بۆ چەند مانگێك بێت؟ ئیشەکان ئەو لیژنەیە تەواویان کردووە، لەبەر ئەوە یەعنی خۆمان ئومێد دەکەین چەند هەفتەیەك بێت، بەڵام ئەو چەند هەفتیەش تەحدید بکەین، نەکرا، بۆچی خۆمان تووشی ئیحراج بکەین، لێرە تەحدید کردنی نەهاتووە، ئومێد دەکەین بەزووترین کات صیغەکەی شوبه نیهائی، یەك، دوو شتی بەسیت ماوە، ئینشائەڵلا پێش کۆتایی ساڵ دێتە جێ بەجێ کردن، بەڵێ د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من تێبینی تایبەتیم هەیە سەبارەت بەشێوەی ئامادە كردنی ئەو پڕۆژەیە، هەندێك كاری ناقانونی كراوە كاتی خۆی روونیشی دەكەمەوە، جگە لەوەش ئێستا لە دەرەوەی ئەو كارەدا كەسانی شارەزای تر پڕۆژەی دیكەیان ئامادە كردووە، كە پێویستە سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەكەم كەوا لیژنەیەكی تر لە لایەن پەرلەمانەوە پێك بێت لە كەسانی پسپۆر و شارەزا، لە كەسانی ناو پەرلەمان و كەسانی دەرەوەدا بۆ ئەوەی جارێكی تریش بەو پڕۆژەیەوە دابچێتەوە، چونكە دەستوور وەكو قانونی دیكە نییە، پێویستە زیاتر دیراسەت بكرێت و راو بۆچوونی هەموو لایەك وەربگیرێت پێش ئەوەی كەوا بخرێتە بەردەم پەرلەمان و پەسند بكرێت، بۆیە پێویست بەو ماددەیەش ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەڵەن ئەو لیژنەیە بە قەراری پەرلەمان داندراوە، بڕیاری خۆتان بووەو جەنابیشت ئەندام بووی، دواتر وازت لێ هێناوە، پاش ئەوەی كە تەواو كراوە، پڕۆژەكە دراوەتە هەموو حزبە سیاسیەكان، لە میدیاكان بڵاوبۆتەوە، داوا لەرێكخراوەكان و حزبەكان و كۆمەڵگای مەدەنی كراوە تێبینی و رەئی خۆیان بنێرن، بەسەدان نامەو پێشنیارو ئیمێڵ بۆ لیژنەكان هاتووە، نەك بۆ ئێمە، لیژنەكە ئەوەی بە پێویستی بزانێت بە مەسئولیەتەوە وەریگرتووە، ناكرێت ئێمە لێرە لیژنەیەكی تر دروست بكەین كاك د.نوری، یەعنی ئەوە قەرارێكی پەرلەمانە، ئیلا ئەگەر پڕۆژەیەك هەبێت بە ئیلغای ئەو لیژنەیە، ئەو كاتە دەكرێت ١٠ ئەندام تەوقیع بكات و بڵێت ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێتەوە، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بەكاری خۆی هەڵبستێت بەرەئی من واش نییە، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە باوەڕ ناكەم یاسایی بێت، لەبەرئەوەی ئێمە بە بڕیارێكی پەرلەمان ئەو لیژنەیە داندراوە، د. شكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من حەزم دەكرد كاك ئارێز لێرە بووایە، بەڵام كاك طارقیش لێرەیە دڵم خۆشە، بەڕاستی لە ماددەی چوارەم و هەروەها لە ماددەی پێنجەمیشدا هاتووە، كە باسی داڕشتنەوەی كۆتاییەكەی دەكات و دەڵێت (بەزمانی كوردی و عەرەبی) توخوا مادام ئێمە دەستوور دەنووسینەوە لە بەغداش هەروایە، لەوێ موناقەشە بە عەرەبی دەكرێت و با ئێمەش لێرە هەر زمانی كوردی بەكاربهێنین، وەكو خصوصیەتێك و لە بەیانی ١١ایش ئازاریشدا هاتووە، زمانی فەرمی لە هەرێمی كوردستاندا یەكەم كوردیە، ئینجا دوایی عەرەبیە ئەگەر پێویست بوو، ئەویش چەند مەكتەبێكی عەرەبیان كردەوە لە كوردستان، كاتی ئەوەش هاتووە با ئێمە هەر بە كوردیەكە بێت، ئێوە راست دەكەن دیراسەتان عەرەبی بووە، بەڵام ئێستا هەموو قوتابخانەكان لەدوای ڕاپەڕینەوە هەموویان بە كوردیە، شێوەی بیركردنەوەی یەكسەر داڕشتنەكە بە كوردی جوانتر دێت، تاوەكو ئەوەی ئێوە بە عەرەبی بیردەكەنەوە و بە كوردی دەنووسن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی بە عەرەبی بیر دەكەینەوەو بە كوردی دەنووسین، ئەومت گوت؟ ئەو جیلەی ئێمە وایە، ئەو جیلەی دواتر دەگۆڕدرێت بە تەئكید، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو جیلەی ئێمە هەمووی بگۆڕین، چی بكەین؟ هەر ئەوەندەی لێ دەزانین، لە دەستووری عێراقدا نووسراوە (اللغة العربية واللغة الكوردية، هما اللغتان الرسميتان للعراق)، بە هەردوو زمان، بۆیە ئێمە داوا لە دەسەڵاتی فیدراڵ دەكەین، كە زمانی كوردی بخوێندرێت و ببێتە زمانی رەسمی، لە پەساپۆرت داوامان كرد، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقمان هین كردووە، دوێنێ پەروەردەی رەسافەی بەغدا پێش چەند رۆژێك داوای كردووە لە قوتابخانەكان كە زمانی كوردی لێ بخوێندرێت، كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ روونكردنەوە، ئێمە كە لە بەغدا بووین بۆ داڕشتنی دەستووری كۆماری عێراق، ئەو ژمارانەی كە لەوێ چاپ كرا، جگە لە عەرەبی (٣٧٥٠٠٠٠)، كوردیەكەی (٩٥٠) هەزار بە سریانی و توركمانی هەریەكی (١٥٠) هەزار، مانای ئەوەی كە لە دەستوور هاتووە لەوێ جێ بەجێ كرا، دەبێت بە هەموو زمانەكان بێت، نەك بە یەك زمان بێت، ئێستا من داوا دەكەم دەستووری هەرێمی كوردستان نەك تەنها بە كوردی و بە عەرەبی، بە توركمانی و بە سریانیش دەبێت بڵاو بكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ماددەیە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنە هەر كاتێك كۆتایی بە كارەكانی هات، پرۆژەكە بە هەر دوو زمانی كوردی و عەرەبی پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

بە عەرەبییەكەی: (تقوم اللجنة بتقديم المشروع باللغتين الكردية والعربية الى رئاسة المجلس حال الانتهاء من اعمالها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كاك د.نوری و د.شكریە لەگەڵ دانین، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنج تكایە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: سەرۆكايەتی ئەنجومەن داڕشتنی كۆتايی پرۆژەكەی بە هەردوو زمانە فەرمیەكە دوای وەرگرتنی پرۆژەكە لە خشتەی كارەكاندا دايدەنێ و لە يەكەم دانيشتنيدا دەيخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة: تضع رئاسة المجلس الصيغة النهائية للمشروع بكلتا اللغتين الرسميتين فی جدول اعمالها لاول جلسة تالية لتسلم المشروع وعرضه علی المجلس للتصويت عليها.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای ليژنەی ياسايی.

ماددەی پێنجەم: ليژنە پێشنياز دەكات ئەم ماددەيە دووبارە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەيەی خوارەوە:

سەرۆكايەتی ئەنجومەن هەركاتێك داڕشتنی كۆتايی پرۆژەكەی وەرگرت هەڵدەستێت بە دانانەوەی لە خشتەی كارەكانيداو ماوەيەكی گونجاويش بۆ خستنە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەن دياری دەكات، بۆ ئەوەی پرۆژەكە هەڵسەنگێنن و دەنگيشی لەسەری بدات، لێرەدا ئەوەی گۆڕانكاری تێدا هاتووەتە كردن، تەنها ئەوەيە كە دەڵێت (پەرلەمان لە يەكەم دانيشتنی)دا (يەكەم دانيشتنەكەی) وەلا نراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەريم، ئەوە وابزانم باشتان كردووەو عيلاجی جانبەكتان كردووە، بەڵام جانبێكی تر هەڵسەنگاندن لە پەرلەماندا ناكرێت بۆ پرۆژەكە، پرۆژەكە لێرە دەنگی بۆ دەدرێت، ئەی ئەوە دوو ساڵە چی دەكەين؟ لێرە مادام موناقەشە ناكرێت، هەڵسەنگاندنی بۆ ناكرێت، پرۆژەكە لێرە دەخوێندرێتەوە دەنگی بۆ دەدرێت، فەرموو كاك كەريم.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا مەبەست لە تەقيم ئەوە نييە، ماددە بە ماددە بخوێندرێتەوەو جارێكی تر تاووتوێ بكرێ و قسەی لەسەر بكرێت، مەبەست لێرەدا دەستوورەكە بەشێوەيەكی گشتی چۆن وەسف دەكرێت لەلايەن ئەندامانەوە، هەروەكو چۆن ئێستاكە لە ئيتيفاقيەی ئەمنی كە لە بەغدادا ئەنجومەنی نوێنەران هەڵسەنگێندرا، بەهەمان شێوە ئێمە وامان بەباش زانی لێرەشدا ئەندامان هەڵدەستن هەر كەسە بەپێی خوێندنەوەی خۆی بۆ پرۆژەی دەستوورەكە بەشێوەيەكی گشتی و هەمووی، نەك ماددە بە ماددە، چۆنی هەڵدەسەنگێنێ ئەو كات دەخرێتە دەنگدان و دەنگی لەسەر دەدرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەخێر ئەوە بە ڕەئی من تەریقەیەکی خراپە، دەرگا دەکاتەوە، ماوەیەکی یەکجار زۆری دەوێ، بۆ ئەوەی بتوانین، یەعنی هەردەرگا بکرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن ناکرێتن، یەکەم/ بە بڕیارێکی پەرلەمان ئەو لیژنەیە داندراوە، لیژنەیەکی پسپۆڕە، هەمان لیژنە ڕەئی هەموو حزبەکان و ڕێکخراوەکانی وەرگرتووە، ئەوەندەی بە باشی زانیبێت، نەك هەموو شتێك، لەبەر ئەوە ئەوە پوختەکەی دێتە ئێرە، تۆ دەرگا بکەیتەوە موناقەشەی بکرێت، دەگەڕێیەوە سەر نوقتەی سفر، هەڵسەنگاندنیش ئەوەیە ناتوانین بڵێین باشە، یان نا هەمووی دەچێتە ناو تەفسیلاتەکانەوە، دەڵێ ماددەی فلان باشە، ماددەی فلان خراپ نییە، ئەوەی تر جوابی دەداتەوە، ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە سەر نوقتەی سفر، من پێم باش نییە بەحەقیقەت، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لاریمان لەسەر ئەوە نییە، کە ئەو تەقیمە لەناو ماددەکە لابچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر چاکە، کەواتە ئەو مەقتەرەحەی خۆتان زۆر باشتان کردووە، لەبەر ئەوەی پێشتر گوتبووتان جەلسەی یەکسەر ئەوەشتان لابردووە، ئەوە باشە، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی پاش ئەوەی ئەو کەلیمەی لادا دەڵێت (تقوم رئاسة المجلس بادراج الصيغة النهائية للمشروع في جدول اعمالها وتحدد مدة مناسبة لعرضه على اعضاء المجلس للتصويت عليه)، ئەوەش صیاغەکەی غەڵەتە، ڕیئاسەتی مەجلس جەدوەل ئەعمالی نییە، پەرلەمان جەدوەلی ئەعمالی هەیە، یەعنی فی (جدول اعمال المجلس)، مەبەستت ئەوەیە خوێندنەوەی یەکەم، بەرنامەی کار، د.دکتۆرە شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من ڕەئیم لەگەڵ ڕای بەڕێزت دایە، کە دەڵێی ڕەکیکە، جارێك کە دەڵێت لە خستنەی کارەکانیدا، دەبێت بڵێی لە خشتەی کارەکانیدا، ئەوە جوانترە، زۆر سوپاست دەکەم، بەڕاستی زۆر شت هەیە من تێی ناگەم، تۆ بۆمانی ڕوون دەکەیتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ترسی ئێوە خۆم فێر دەکەم، کاك رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەو ماوە گونجاوەش بۆ خستنە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان زیادەیە، چونکە ئێمە دەمێکە ئەو مەشروعەمان لایە، وەکو جەنابیشت باست کرد، ڕەئی هەموو لایەك وەرگیراوە لەو مەسەلەیە، لەبەر ئەوە

که هاته بەردەمی سەرۆکایەتی ماوەیەکی بۆ تەحدید دەکات و دێتە جەدوەلی ئەعمالەوەو موناقەشەی لەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی بگونجێت بەو شکلەی کە دامرێشتووە ئەگەر رازی بن، (تقوم رئاسة المجلس بادراج الصيغة النهائية للمشروع في جدول اعمال المجلس وتحدد اليوم المناسب للتصويت عليه)، یەعنی رئاسە تەحدیدی دەکات، کە دەڵێن (للتصويت عليه) عەینی رۆژە راست دەکەیت، (تقوم رئاسة المجلس بادراج الصيغة النهائية للمشروع في جدول اعمال المجلس للتصويت عليه)، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: پرۆژەکە لە ئەنجومەن بە پەسند کراو دادەندرێت، ئەگەر ۲/۳ی ئەندامانی دەنگیان بۆدا، ئینجا وەك دەستوورێکی جێ بەجێ کراو لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێت تا رۆژی ئەنجامدانی راپرسی گشتی.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: يعتبر المشروع مصادقا عليه فى المجلس اذا صوت لصالحه مالا يقل عن ثلثى اعضائه، ويعمل به كدستور نافذ للاقليم لحين اجراء استفتاء العام.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ئەم ماددەیە دووبارە بەو شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:
دوای ئەوەی ئەنجومەن بە زۆرینەی ۲/۳ ی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەکە پەسند دەکات، پرۆژەکە دەخرێتە بەر راپرسی سەرتاسەریەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو دارشتنەوەی لیژنەی یاسایم پێ باشە، چونکە هەر لە پرۆژە دەستوورەکەو لە ماددەی ۱۱٦ هاتووەو دەڵێت (پاش شەش رۆژ لە راپرسی ئەم دەستوورە کاری پێ دەکرێت و پاشان بە بریاری سەرۆکی هەرێم لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە) واتە دوای راپرسی کاری پێ دەکرێت، بۆچی؟ چونکە دەکەوێتە بەردەم هاووڵاتیان، خۆ یاسا بۆ جەماوەرە، بۆ جێ بەجێ کردنە، تاوەکو دەنگی لەسەر نەدەن و پێی ئاشنا نەبن، چۆن کاری پێ دەکەیت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام دەیخەینە ئیستیفتاوە، ٣/٢ ی بۆ چیە و زۆرینەی ئەندامان بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەسەرەتاوە پرسیارێكم لەلا بوو و خەریك بوو پرسیارەكە نەكەم، بەڵام وەڵامی كاك كەریم و بەشێك لە قسەكانی جەنابیشت بۆ ماددەی پێشوو تر كە دیاری نەكراوە، چۆن چۆنی دەنگ لەسەر ئەو دەستوورە دەدرێت، ماددە بە ماددە موناقەشە دەكرێت، یاخود بەشێوەیەكی گشتی چۆنە؟ بۆ نموونە من مولاحەزەم هەبێت، پێشنیاریشم هەبێت لەسەر چەند ماددەیەك، یان زۆرێك لە بڕگەكان، كە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی گشتی، یاخود بە مافی گەلەكەمان، ئایا ئەگەر ٣/٢ ی دەنگی هێنا گوێ لە مافەكانی ئەو لایەنانە ناگیرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی كاك رۆمیۆ باسی ئەوەمان كرد، لێرە ئالیەتەكە دەنگ بە هەموو پرۆژەكە دەدرێت، بەڵام گوێ گرتنەكە پێش ئەوەی بێتە ئێرە، ئەوە دوو ساڵە هەر باسی ئەوە دەكەین، جارێ پێش ئەوەی ناوەكە، مەبەستت لەوەدایە ناوەكە چی بێت؟ (الاشوریون والكلدان والسریان) یان (الاشوریون والكلدانیون والسریان) پێش ئەوەی بێتە ئێرە حەتمەن نوسخەیەكت دەدرێتێ و گوێ لە قسەكان دەگرین، بزانین چی دەكرێتن ئەغلەبیەتتان لە بەینی خۆتان چی دەڵێن؟ ئەو پێنج كەسەی لێرەنە، ئەغلەبیەتتان چی دەڵێن؟ دووەمیش/ ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو حزبەكان هەیەو ئەوان چی دەڵێن؟ پاشان ئێمە لەبەر رۆشنایی ئێوە ئەكسەریەتتان چیان گوتووە، ئەو صیغەیە دەخاتە ناو هێنەكە، بەڵام لێرە موناقەشە ناكرێت ماددە بە ماددە، لێرە دەنگ بۆ هەموو پرۆژەكە دەدرێت، كاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی كاتیەكە لێرە دابندرێت باشە، پرۆژەكە لە ئەنجومەن بە پەسند كراوی دادەندرێت ئەگەر ٣/٢ی ئەندامان دەنگیان بۆدا، ئینجا وەك دەستوورێكی كاتی جێ بەجێ كراو لە هەرێمدا كاری پێ دەكرێت، تا رۆژی ئەنجامدانی راپرسی، چونكە ئەوە دەخرێتە بەردەمی خەڵك بۆ راپرسی، تا ئەو كاتەی راپرسی دەكرێت، رەنگە رەئی جیا جیا دروست بێت، كۆ دەنگیەك دروست بێت رەئی خەڵكی بگۆڕێت، لە

راپرسیەکەشدا ڕەنگە خەڵك ڕەئیان بە نەوعێکی تر بێت، لێرە پێویستە تا ئەو کاتەی دەنگی لەسەر دەدرێت و لەبەردەم خەڵك پەسند دەکرێت، بە دەستوورێکی کاتی حیساب بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار ئەوەمان گوت ماددەیەك دادەندرێت لە ئەحکامی خیتامی دەڵێت ئەو دەستوورە بە شێوەیەکی کاتی جێ بەجێ دەکرێت، تا ئەو ڕۆژەی دەنگی بۆ دەدرێت، کە گوتت بە شێوەیەکی کاتی، ئەوەش ڕێگا دەدات ئەگەر هەرچی گۆڕانکاریەك بێتە پێشەوە، ئەو پەرلەمانە دەسەڵاتی هەیە ئەو گۆڕانکارییە بکات، بەڵام ئەگەر دەنگی بۆ درا پەرلەمان دەسەڵاتی نییە چاکی بکاتەوە، ئیلا بە ریفراندۆم نەبێت،کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە ڕەئی کاك جوتیار دەکەم بە دانانی وشەیەك ماددەیەك لە کۆڵ دەبێتەوە، کورت تر دەبێتەوەو چڕ تر دەبێتەوە یاسایەکە، ئەوە یەك.

سەبارەت بە کاتی کاری پێ دەکرێت تا دەنگدانی سەرتانسەری، پێویست بە ماددەیەك ناکات...... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێت کاکە باسمان کرد لە ماددەی پێشوودا، ئێمە دەستوور دادەنێین بۆ هەرێمێك، بۆ میللەتێك، تۆ لە هینەوە ناکرێت، ئەوە کاتیە، خۆی وشەکەش کاتیە، کارەکەش بۆ ئەو وشەیە کاتیە، لە ئەحکامی خیتامی ئیشی وایە دادەندرێت، بەڵام لێرە پێی بڵێی من دەستووری کاتی دادەنێم، ئەوە هەڵەیەکە دەیکەن، پێشتر حەسممان کرد ئەو مەوزوعە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئەو ڕۆژەی دەنگی سەرتاسەری لەسەر دەدرێت کاتیە، کە دەنگی لەسەر درا ئەو کات هەمیشەییە، ئەوە یەك.

دوو/ تۆ باسی ئەوە دەکەیت کە دەڵێی ئێمە لەبەر ئەوەی لیژنەمان داناوە، یەکسەر ئەو پرۆژیە دێنین دەنگی لەسەر دەدەین، من چۆن دەنگ لەسەر پرۆژەیەك دەدەم کە تا ئێستاکە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم نەمدیوە، دەیان جار من داوام لەو لیژنەی پێداچوونەوەیە کردووەو نەیانداوە بە من، لەگەڵ ئەوەشدا لە کوچە و کۆڵانان و لەولاو لەولا هەیە، با ئەوەتان پێ بڵێم، بەڵام بە ڕەسمی نەدراوە بە من بۆ ئەوەی من تێبینیەکیان لەسەر بدەم و من قسەیەکی لەسەر بکەم، چۆن دەکرێت؟

سێ/ شێوەی دەنگدان لەسەری بێگومان دەکرێت، یەعنی پەرلەمان نازانێت هێشتا چی لەسەرە، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ئەو حزب کرا، یان ئەو حزب کرایە، ئەوە ڕەنگە ڕەئی من نەبێت، ڕەنگە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان نەبێت ئەوانی تر، ئێمە نەماندیوە بەڕاستی، لەبەر ئەوە حەقە ئەو

مەسەلەیە دیسان بڕیاری لەسەر بدرێت کە ئەو مەسەلەیە دیسانەوە دیاری بکرێت ئایا مادده، مادده موناقەشەی لەسەر بکەین؟ ئەگەر واش نەبێت دەبێت دەنگی لەسەر بدەین، نەك ئێستا هەموو پڕۆژەکە بێنین و دەنگی لەسەر بدەین، لیژنەکە پڕۆژەی ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لە پەرلەمان بخوێندرێتەوەو رەئی پەرلەمانی لەسەر وەربگیردرێت، نەك بۆ ئەوەی هی ئەوان بدرێتە دەنگدان و پەسند بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز تۆ لێرەدا بەهەڵە چووی لەبەرئەوەی پێت وایە ئەوە پڕۆژەیەکە بۆ یاسا، لە دونیادا کە دەستوور دادەندرێت، تەریقەی دانانی دەستوور لیژنەیەك پێك دێت و ئەو لیژنەیە پسپۆڕەو متمانەی لە هەندێ وڵاتدا دەبێت دەنگ بۆ ئەو لیژنەیەش بدرێت، ئەو لیژنەیەی کە دەستوور دەنووسن خەڵك دەنگی بۆ دەدات، لەبەر ئەوە ئەو متمانەیە داروەتە ئەو، ناکرێت تۆ لێرە مادده بە مادده دایبنێی، ئەگەر نا تەکلیفی دە کەسمان دەکرد، یان هەر کەسێك پڕۆژەیەکی دەهێناو دەمانخستە ئێرە، لێرە مادده بە مادده موناقەشەمان دەکرد، دوو ساڵ و نیوە موناقەشە دەکەین، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەوە بخرێتە دەنگدان، بەڵام نوسخە پێش ئەوەی بێتە ئێرە کە ئێمە ئیستلاممان کرد لێرە، من بۆ صیغەی یەکەم کە لیژنەی یاسایی گوتی لە یەکەم جەلسەدا پاشی وەردەگریت چاکیان کردەوەو دەنگم لەسەری نەکرد، کە هاتە سەر سەرۆکایەتی پێش ئەوەی بیخەینە ناو ئەجیندە بۆ دەنگدان، بە تەئکید نوسخەی دەگاتە هەمووتان، خۆ ناکرێت بێین و لە ڕۆژی دانیشتن دا بڵێین فەرموو دەنگ بۆ ئەوە بدەن، نوسخە دێتەلای هەمووتان بە عەرەبیەکەو بە کوردیەکەش بەلای کەمی پێشی هەفتەیەك و دە ڕۆژێك پێش ئەوەی کە دەنگ بدەن، ئەو کاتە دەزانین بۆچی دەنگ دەدەین، مەعلومە ئەوە، فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك ئەوە ڕاست نیە تۆ دەڵێی هەڵەی، بۆچی من هەڵەم ئەگەر بۆچوونم جیاواز بێت لەگەڵ بۆچوونی جەنابت، بەڕاستی حەقە ئەوە ڕەش بکرێتەوە لە پرۆتۆکۆل و ئەو شتانەش بەکارنەهێندرێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەڵەی لە تێگەیشتنی بەڕێوە چوونی، پێت وایە کە منیش هەڵە دەکەم، هەڵە کردن چیە؟ بەشەر هەرکەسێك ئیش بکات، ئەوە هەڵە دەکات، هەرکەسێك ئیش بکات من ڕۆژێ دە هەڵە دەکەم، پێت ناخۆش نەبێت ئەو قسەیە، ئینسانێك ئیش بکات ئەوجا هەڵە دەکات، نە ڕەخنەم لێ گرتووی و نە گوتوومە تۆ غەڵەتی، هەڵەش شتێك، هەڵە ئینسانێکە قەرارات، ئەوە کاك عثمان دە جار پێم گووتووە هەڵەی، چی تێدایە، ئیعترازیشی نەکردووە، ئەویش بە من دەڵێت هەڵەی، وشەیەکی زۆر ئیعتیادیە، ئینسانێك ئیش بکات هەڵەش دەکات، ئەو ئینسانەی ئیش ناکات کە لە ماڵی خۆی دانیشتووەو هیچ مەسئولیەتی نییە،

ئەوە هەڵە ناکات، ئەو کەسە هەڵە ناکاتن، پێت ناخۆش نەبێت، ئەگەر پێشت ناخۆشە با شەتبی بکەین؟ کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو روونکردنەوەی جەنابت کە گوتت لە ئەحکامی خیتامی باسی ئەوە بکرێت، ناکرێت لێرە جێی بکرێتەوە و بە وشەی کاتی کۆتایی پێ بێت؟ ئەگەر بکرێت باشترە لەوەی کە لە ئەحکامی خیتامیدا باسی لەوە بکرێت ئەم دەستوورە کاتیە، یان هەمیشەییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە کاك محەمەد، کە دەڵێت (یعتبر المشروع مصادقا علیه فی المجلس) ئەو سیفەتەی هەیە بە تەنها، یەعنی مەشروعەکە پەرلەمان موسادەقەی لەسەر کردووە، نە بە مەعنای کاتی دێت، نە بە مەعنای دائیمیش دێت، ئەو مەشروعە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوەو موحەددەدە، کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لێرە دەڵێت وەك دەستوورێکی جێ بەجێ کراو لە هەرێم کاری پێ دەکرێت، تا رۆژی ئەنجامدانی راپرسی گشتی، لێرە مەبەستی ئەوەیە کە ئیحتماله لە راپرسی رەت بکرێتەوە، بەڵام هەتا ئەو رۆژە وەکو دەستوورێك کاری پێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك محمد رفعت گوتی دەکرێت کە لێرەدا لە ئەحکامی خیتامی نووسراوە، لەوێ جێگای هەیە موناقەشەی بکەین و داخلی ئەو کەلیمەی موەقەت بکەین، لەوێ نووسراوە (تعتبر الدستور النافذ: هو دستور الدائم للاقلیم اذا صوت لصالحه اغلبیة المصوتین) لێرەدا دەکرێت باسی بکەن، کاك دڵێر ئەگەر شتێکت نییە دەیخەمە دەنگدانەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی کەلیمەی کاتی و کەلیمەی هەمیشەیی دوو کەلیمەی دیاری کراون لەڕووی قانون و بە تایبەتی لەڕووی دەستوورییەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نییە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو نیشی پێ بکەین، یان نیشی پێ نەکەین، کە دەڵێی کاتی ئەم دەستوورە کۆمەڵێك بنەمای هەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆ تەعدیل کردن و چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەو دەستوورە، کاتێك کە دەڵێی دائیم دیسان بەجۆرێکی ترە، دەبێت لیژنە هەبێت و کۆمەڵێك عەرقەلە دێت وەکو ئەوەی کاك شێروان گوتی جامد دەبێت و تەعدیلی ئاسان نابێت، ئەم موەقەتە بە مانای کاتی نییە، کاتی لە زەمەنەکە، مەبەست لە شتێکی ترە، لەبەر ئەوە ئەوەی

که کاك دکتۆر گوتی، ئەو ماوەیە خۆی دیاری کردووە، دەڵێت تاوەکو دەستوورەکە پەسند دەکرێت لای خەڵك، یەعنی بە ماوەیەکی کاتی ئەم دەستوورە نافز دەبێت، نەك دەستووری کاتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر راستە قسەکانت، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان روونتان کردەوە کەوا پرۆژەکە پاش ئەوەی کەوا ئامادە دەکرێت بڵاوبکرێتەوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام وەك ئاگاداری بە عەرەبی دەڵێت (للاطلاع) مافی ئەوەیان نابێت کەوا بە هیچ شێوەیەك راو سەرنجی خۆیان دەربڕن دەربارەی ئەو ماددانە لەکاتی پەسند کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەوە من بەشێوەیەکی دیموکراسی نازانم و لە هەمان کاتیشدا من وابزانم ئەوە بەرەو هەڵەی وامان دەبات، کەوا ئەو پرۆژە دەستووریە بەو شێوەی کەوا لە پەرلەمانی عێراقدا پەسند کرا لێرەش بەهەمان شێوە پەسند دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت پێمان بڵێ لە پەرلەمانی عێراق چۆن پەسند کرا؟

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستووری نەبوو، پێویست بوو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە تاوتوێی هەموو ماددەکان بکرابوایە، پاشان دەنگیان لەسەر بدابا، ئەگینا دێتە ئێرە و تێکڕا دەنگی لەسەر بدرێت بە ئا یان بە نا، ئەوە بە کارێکی دیموکراسی نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت گوتت وەکو عێراق بین، دواتریش دەڵێی عێراقیش وایان کردووە، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکەم: ئەو لیژنە دەستووریەی کە دامەزرا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە بڕیارێکی پەرلەمانی دامەزراو هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش دەنگیان لەسەر ئەو کادیرانەدا، کە لەناو پەرلەمانن و، بووە جێگەی متمانەی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان، بۆیە ئەو دەستوورە لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوەو داڕێژراوە. دووەم: ئێمە ماوەیەکی زۆرمان لە لیژنەی دەستووری بەڕێزان کاك طارق و ئەوان هەموو ئاگادارن، ئێمە ماوەیەکی زۆرماندا بە هەزاران مولاحەزاتمان بۆ هات، چ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، چ ئەوانەی لە دەرەوەی ئەندامانی پەرلەمان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لە هەموو جیهەتێکەوە بۆمان هاتووە، ئەو رەئیانەی کە گەڵاڵەمان کردووە، ئێستا بەپێی ئەو

رەئیانەی ئەو خەڵکەیە کە لەناو دەستوورەکە خۆی دیتووتەوە، سەربەخۆ دامان نەناوە، بۆیە بە حەقیقەت من پێموایە جەنابی دکتۆر نوریش ئامادە بووە تا ئاخر مەرحەلەی، لەم دواییەدا ئیستیقالەیدا، خۆیشی ئامادە بووە لە مەسائیلی دەستووری و زۆربەی زۆری خاڵەکان، بۆیە بە حەقیقەت ئەم لیژنەیە جێگای متمانەی ئەو پەرلەمانە بووە کە ئەو دەستوورەی داناوە، ئێستاش دەستوور مەفروزە بەڕاستی بە شێوەیەکی کۆمپلیتی لە ناو پەرلەمان تەسویتی لەسەر بکرێت، نەك ماددە بە ماددە، چونکە باوەڕ ناکەم لە هیچ وڵاتێکی دونیا ئەوە هەبێت تۆ بچی ماددە بە ماددەی دەستوور موناقەشەی بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی وەکو ئەندامێکی لیژنەکە، وەکو نوێنەری گەلی تورکمان لەوێ شەرەفی ئەوەم هەبوو کە بەشداری بکەم، خۆی ئەوەی من لێی تێ دەگەم، ئەو دەستوورە کە ئامادە کراوە جیهەتێك شەرعیەتی دەداتێ، یەعنی ناکرێت تۆ دووجار شەرعیەت بدەی بە شتێك، ئەگەر دەچێتە ریفراندۆم، ئەوە میللەت شەرعیەتی دەداتێ، چۆن دەکرێتی ئەو تەسویتەی کە لێرە دەکرێت، ئەو تەسویتە بۆ شەرعیەتدان نییە بۆ دەستوورەکە، بۆ ئەوەی بچێتە ڕیفراندۆم، بۆ ئەوەیە، یەعنی ناکرێت ئێمە لە دوو شوێن بڵێین ئەو دەستوورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئیزافەیەك، پەرلەمان ئەو شەرعیەتەی هەیە تا ریفراندۆم، ئەو پەرلەمانە بە ئیعتیبار نوێنەری خەڵکە و مەرحەلەی ئینتقالیە، لە لیژنەکە کە تەواو کرا، بە کۆتایی صیغەکەی کە هاتە ئێرە، لێرەش دەنگی بۆ درا تا ریفراندۆم کاری پێ دەکرێت، ئەوەیە فەرقەکە، کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەگەر ماددە بە ماددەش بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی تیا نەبێت، ئەگەر لەسەر ماددەیەك ٣/٢ی نەهێنا، ئەو وەختە بە تەئکید رەنگە موناقەشەی بکەین، بەڵام هەڵسەنگاندنی با تیا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش ناکرێت کاك بکر، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەهمەکی وابزانم بە رەئی من غەڵەت هەیە لەو مەوزوعە، جەنابت ئەوە دوو، سێ جارە تیکراری دەکەیەوە، ئەو بۆچوونەی کاك کەرخی سەد لە سەد...... .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم دەكەی، ئێستا بە منی گوت غەڵەت دەكەی، كاك ئاریز بۆ ئەوەی ئاگادار بیت، كاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من جارێك باسم كرد، تۆ ئەوەندە جارت پێ گوتمەوە كە كاكە زەرەرم كرد من.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تەواو داوای لێ بوردن، مەبەستم فەهمەكە غەڵەتە، بەرەئی منیش ئیحتیماله من سێ جار غەڵەت بم، ئەوەی بەڕێز كاك كەرخی گوتی ئەوە بەرەئی من ئەوە دروستە، پەرلەمان بەس دەتوانێ تەصویت لەسەر ئەمە بكات دەبێتە پرۆژە بۆ ئیستیفتا، عەمەلیشی پێ ناكرێت، كە تۆ دبێژی دەستوور دائیمە، ئان عەمەلێكی موئەقەتی پێ دەكرێت، یان دەستوورێكی موەقەت، هەتا دەستووری موەقەتیش بیت لازمە هەر ئیستفتای لەسەر بكرێت، ئێمە لە لیژنەی یاسایی راوبۆچوونمان كە دوێنێ باسمان كرد لەو مەوزوعە بۆچی ئێمە گوتمان (یعتبر نافذا) ئەوەمان لادا، بۆ ئەوەیە تا لە دەستووری موەقەت لەگەڵ ئەوە نەبین، فەقەت شەرعیەت بە ئیستفتا وەربگرین، نە عەمەلی پێ دەكرێت، نە دەبێتە دەستووری دائیم، ئیللا دوای ئیستفتا فەقەت ئیشی پەرلەمانی ئێمە ئەوەیە، ئەوە یەك، كو ببێتە مەشروع بۆ ئیستیفتا.

دووەم: من ئەگەر ئەو رەئیەم لێ قبول بكەن و بڵێن (بأغلبیة ثلثی اعضاءه) ئێمە بیكەینە (بموافقة ثلثی اعضاءه) یەعنی (ثلثی)ی و زیاتر، ئیحتماله دەقیق تر بێت، ئەو كەلیمەی ئەغلەبیە بكەینە موافەقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە یەعنی هەمووی بابی ئیجتیهادە، ئیسرار لەسەر رەئیەك مەكەن تكایە، بۆیە تكا دەكەم بە خۆشمەوە دەڵێم، ئەو ئیجتیهادە، دەستوور دائیمی بكەی و دائیم نەبێت موەقەت دەبێت، ئەگەر بە قسەی جەنابت بكەین، ئیمكان هەیە ئێمە رابوەستین بۆ جێ بەجێ كردنی ماددی ١٤٠، مانای وایە دەستوورمان نییە، ئێمە لێرە ئیقرار دەكەین، ئالیەتەكەی ئیقرار دەكەین، دەڵێین ئەوە مەرحەلەی ئینتیقالیە، تا جێبەجێ كردنی ماددەی ١٤٠ ئەو دەستوورە بە شێوەیەكی موئەقەت موعامەلەی لەگەڵ بكرێ، ئێمە خۆمان لێی قەرار دەدەین و لە دونیادا هەندێ جێگا هەیە بە موئەقەتی مەجلیس قیادەی سەورە دەستووری لەسەر دانابوو لە ٥٨ەوە تاوەكو رووخاش ئیستیفتای لەسەر نەكراوە، دەستووری موئەقەت بووە، بەڵام دەستووری دائیم راستە، دەستووری دائیم ئێمە بۆمان نییە ریفراندۆمی لەسەر نەكرێ، ئەویش ئیجتیهادە، ئەمما ئیجتیهادی وەسەتی ئەوەیە ئێمە ئەو دەستوورە دەنگی بۆ دەدەین وەكو دەستوورێكی موئەقەت تا ریفراندۆم، كە لە

ریفراندۆم دەنگی بۆ درا دەبێتە دەستوورێکی دائیم، ئەوە دەبێ لە ماددەیەکی خیتامی بنووسرێ، وازیح بێت، ئەمما ئەگەر وا نەبێ بۆ وا دەکەی؟، کەواتە رای دەگرین تا ئەو وەختی کە دەتوانی تۆ ریفراندۆم بکەی با حەفتەیەك و دوو حەفتە، تۆ دێی لە پەرلەمان قەرار دەدەین و هەموو ئالیەتەکە حازر کراوە، ئێمە ئێستاکە موحتاجی ئەوەینە کە خاوەن دەستوور بین، ریفراندۆمەکە ئیمکان هەیە نەکرێ بەو ئاسانیە، چونکە ئێمە دەمانەوێت خەڵکی کەرکووك و خانەقین و مەخموور و سنجار و شێخان و هەموو ئەوانە دەنگی بۆ بدەن، دوو حالەت نەبێت، بەڵام دوو لەسەر سێیەکە هێنی ئەوەیە، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو پشیتوانیەی لە بۆچوونەکەی جەنابت، لەسەرەتای ئامادە کردنی ئەو پرۆژەیە بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدا بووم، هەمان رەئی جەنابت کە ئەو کاتەی کە لە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر دەکرێ، دەبێ کار بەو دەستوورە بکرێ و ناوی لێ نەنێین دەستووری کاتی، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی کاری پێ دەکرێ، تا ئەو رۆژەی ئیستیفتای لەسەر دەکرێ، بۆ؟، یەك: ئێمە ناتوانین چاوەڕێ بین هەتا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێتن، دوو: بەپێی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی ئێستاکە لێژنەیەك پێکهێنراو چەندین گۆڕانکاری لەو دەستوورەدا کراوە، دەستووری هەرێمی کوردستانیش مەعلومە لای جەنابتان مەحکومە بە دەستووری عێراقی، نابێ ناکۆك بێ لەگەڵ دەستووری عێراقی، ئەگەر ماددەیەك لەوێ گۆڕانکاری کراو ئێمەش ئیستیفتامان لەسەر کرد، ئەو کاتە زۆر زەحمەتە بۆ ئێمە جارێکی تر بێین بۆ گۆڕینی ماددەیەك ئیستیفتای لەسەر بکەینەوە، ئەوە دوو، سێ: ئەگەر هاتو سبەی رۆژێ هەر لە کاتی جێبەجی کردنی لەو ماوەیە تا ئیستیفتا دەکرێ لە کاتی پیادە کردن و جێبەجێ کردنی ئەو دەستوورە، هەر شەرخێك و هەر کەموکورتیەك لەم دەستوورەدا بەدی بکرێ، لە کاتی جێبەجی کردنیدا، بۆمان ئاسان دەبێ وەکو دەستوورێکی مەرن زوو بیهێنینەوە پەرلەمان و گۆڕانکاری تێدا بکەین، موصادەقەی لەسەر بکەینەوە، بەڵام جارێکی دیکە ریفراندۆم بکرێت زۆر زەحمەت دەبێ، بۆیە لەو ماوەیەدا وەکو تێست پێم وایە جێبەجی بکرێ، ئەوە دەستوورێکی زۆر زۆر باشە لە قازانجی ئێمەو گەلەکەمان دایە، لە بەرژەوەندی گشتیدایە، بۆیە لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئەو تەوزیحەم ویستم بکەم، ئێمە ناتوانین وەکو پەرلەمان موناقەشەی ماددە بە ماددەی دەستوور بکەین، لەبەر یەك هۆ، لەبەر ئەوەی دەستوور قانون نییە، دەستوور وەسیقەیەکە هەموو ئەتراف و هەموو لایەنەکان کە ئەم وڵاتەی پێوە ئەبەن بەڕێوە، ئیتیفاق ئەکەن لەسەر شێوازێك بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکە،

ئیتر خۆ شەرت نییە بە دڵی من بێ و بە دڵی یەکێکی تر بێ و هەر یەکە حەز بکات رەئی خۆی فەرز بکات، ئێمە لێرە بیکەینە چەلەحانێ لەگەڵ یەکتر بەڕاستی، ئێمە ئەمە خۆی ئەوەیە، بۆیە ناتوانین، بەس لەسەر مەشروعەکە ئێمە ئەتوانین بڵێین بەڵێ با دەنگی بۆ بدەین و بەڵێ با بۆ بەکار بێت، هەر ئەوەندە ویستم بۆ ئیزاح و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سێ کەسی تر قسەی دەکات و دوایی دەیخەینە دەنگدان، فەرموو د.نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک کەرخی و کاک خلیل دام، چونکە ئەم پرۆژەیە کاری پێناکرێت هەتاوەکو لە لایەن خەڵکی کوردستان دەنگی لەسەر نەدرێت، هەمان شێوەش بەکار هێنرا لە کاتی پەسند کردنی دەستووری عێراقدا، پەرلەمان پەسندی کرد، بەڵام کاری پێنەکرا، هەتا لە لایەن خەڵکی عێراقەوە دەنگی بۆ درا، سەبارەت بەوەی کەوا، سۆزان خان دەڵێت هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراق دەنگی بۆ دەدەن، ٨٠٪ خەڵکی کوردستان بێ لایەنن، سەر بە لایەنی سیاسی عێراقی نین، بۆ وەڵامدانەوەی کاک شێروان حەیدەریش، من لەسەرەتاوە لە تەمووزی ٢٠٠٦دا لە کاتی پشووی پەرلەمان کۆبوونەوەك کراوە لە ماوەی دوو رۆژدا دەستکاری نزیکەی ٢٠ مادە کراوە، بەشداریم لەو کۆبوونەوەیە نەکردووە، لەوەتەی کەوا لیژنەکەش دەستی بە کار کردن کردووە لەوەشدا بەشداریم تێدا نەکردووە، سەبارەت بەو پێشنیازانەی کەوا لە لایەن رێکخراو و هەموو لایەنەکانی ترەوە نێردراوە بۆ لیژنەکە، تەنیا دەستەی سەرۆکایەتی و ئەو لیژنەیە ئەو کارەی یەکلا کردۆتەوە بەبێ پرس کردن بە لیژنەکە، ئەویش کارێکی نا قانونیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عزالدین قسە بکات، دوایی وەڵامی بدەنەوە لیژنەی دەستووری.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم فەراغ کێندەر دایە، فەراغ ئەوە مە پێشنیاری خۆ پێشکەش کرینە بۆ لێژنێ، گەلەك پێشنیار هاتیە پێشکەش کرن، کردنا کە ئەو پرۆژە وا پێشکەش کرنا، بەلێ ئەو پێشنیارانە جێبەجی بوونە و ئالیە لێژنێ مە ئانا ژتێناگەین و مە ئەو مەشروعی نوکە هاتین کە دێتە بەردەستی مە نەدیتیە، ئێمە نوێنەری خەڵکینە لە چاو دەنگی خۆ خەڵك دەنگی خۆ دەداتن، دێ موعاتەبە دەکاتن دەنگی خۆ دای ئەوان پەسند کری، ئەویش دەبێ پەسند بکەین، ئەگەر فەراغێك تێدا هەبێت لە هەر شەریحەك هەبێت و ئەگەر قابیلی گۆڕینی هەیە ئەو مەشروعە پشتی تێدا پەسند کرن لە پەرلەمانی، ئان مولاحەزاتی پەرلەمانی بنووسن خیلالی ماوەیەکدا بێت، دە رۆژ بێت، ٢٠ رۆژ بێت، ١٥ رۆژ بێت، پشتی هەندی تەعدیل بکەن، ئەم مولاحەزاتە بگرن، چونکە ئەدای پەرلەمانی زۆربەی وان و ئەو مەشروعەی هەنووکە دێتە بەردەستی وان

و نەدیتیە و دێ ماوەیەك حەفتەك ببێنن قابیلی گۆڕین نییە، وەختی قابیلی گۆڕین نەبێتن مادەم بۆ دێتە بەردەم پەرلەمان؟ با نەییتە بەردەم پەرلەمانی و هەمان سەرووی مێزێ پەسند بکەین و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی برای بەڕێزم کاك کەریم کردی تەعبیر لە وجهەت نەزەری خۆی دەکات، بەڵام سەرجەم ئەندامانی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەو رەئیە نینە، ئەوە یەك، دوو: ئەگەر ئێمە وا بچینە ناو مەسەلەکان و بڵێین پەرلەمان ئەگەر دەستووری پەسند کرد، ئەوە دەستوورێکی وەقتیەو دوایی کە درایە ریفراندۆم ئەوە دەستوورێکی دائیمیە، ئێمە وا بزانم بە هەڵە چووینە، ئەوە معیار نییە لە بۆ دەستووری دائیم و دەستووری مونەقەت. سێیەمیش: ئەوەی برای بەڕێزم کاك د.نوری ئیشارەتی پێدا، ئەوە مەوزوعێکی دوور و درێژە لێرە باس ناکرێ، بەڵام بە موختەصەری دەڵێم، هەموو ئەو لوجانانەی کە تەشکیل کرابوو لە زمنی لێژنەی دەستووری و هەر کەس بە گوێرەی فەرعی خۆی، مولاحەزاتیان هێنا و پاشان مولاحەزاتەکانتان هەمووی فەرز کرا لە ژوورێکی تایبەت و داندرا، و داوا لە ئەندامانی لێژنەی دەستووری کرا کێ مولاحەزەی هەیە فەرموو بە فەهرەست داندرایە و با بچێ مولاحەزەی خۆی دەست نیشان بکات، ناشکرێ ئێمە ١٩ کەس دانیشین و ١٩ کەس ئاڵوگۆری رەئی خۆمان بکەین لەسەر مولاحەزەیەك، بۆیە دوای ئەوەی کە سەقفە زەمەنیەکە تەواو بوو و مولاحەزات نەبوو، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لیژنەی دەستووری هەڵساین ئەو مولاحەزاتانەی ئەوەی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا وەرگیرا، عەرزی لیژنەمان کردەوەو دووبارە کە عەرزی لێژنەمان کردەوە، لیژنەکان زۆربەیان حازر ببوون، ئەگەر جەنابی حازر نەبوو، ئەوە مەوزوعێکی ترە، پاشان ئەگەر جەنابی هیچ مەشاکیلەکی هەبوو لەگەڵ لیژنەی دەستووری، ئەوە لێرە مەجالی بەحس نییە، لێرە بەحس بکرێ بەراستی، بەڵام چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکە لە لیژنەی دەستووری بەو شکلە بووە، هەتا گەڵالە کرایە و ئەوەی کە ئێستا ئامادە کراوە بۆ خوێندنەوەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم ماددەیە بە صیغەیەکی زۆر رێك و پێك هاتووە لە شوێنی خۆیدا، لەبەر ئەوەی بێینە سەر ماددەی نۆ کە ئێستا پاش تۆزێکی دیکە دێینە سەری، ماددەی نۆ باس لەوە ئەکا کە دەڵێ: (یعد المشروع دستوراً دائما للاقلیم بعد موافقة اغلبیة المصوتین علیه في الاستفتاء)، ماددەی هەشت، ئێمە پێویستمان بە

دەستووریّك هەیە ئیّستا بۆ خۆمان، ئیّمە پیّش تۆزیّك هاوریّم كاك شیّروان باسی لەوە كرد كە ئیّمە تاكە حكومەتی هەریّمی كوردستان لە ناوچەی شەرقی ئەوسەت دروست بووین پیّویستمان بە دەستووریّك هەیە، ئیّمە تا ئیّستا دەستوورمان نییە، كار كردن بەو دەستوورە كە ئیّمە ئیشی پیّ ئەكەین كە سیفەتی نە دەستووری موئەقەتی هەیە و نە دەستووری دائیمی هەیە، راستە هەتاكو ئیستیفتای عامی لەسەر دەكریّ، لەبەر ئەوە ئیّمە فەراغیّكمان هەیە، فەراغی دەستووریمان هەیە و ئەو فەراغە ناوی نییە دەستووری موئەقەت و بە شیّوەی كاتی ئیشی پیّ ئەكریّ، هەتا ئەو دەستوورە عەرز دەكریّ بۆ جەماوەری گەلی كوردستان و دەنگی لەسەر دەدریّت، سوپاس.

**بەریّز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەریّز كریم بحری عبدالله:**

**بەریّز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستای بەریّز د.نوری ئاماژەی پیّدا كە لە بەغدا بەو شیّوەیە پەیرەو نەكرایە، كە دەستوورەكە لە لایەن جەمعیەی گشتیەوە موصادەقەی لەسەر كراوە، دوای ئەوە خرایە ریفراندۆم و كاری پیّ نەكرا، وابوو، راستە، لەبەر ئەوەی لە عیّراق فەراغی دەستووریان نەبوو، قانونی ئیدارەی دەولّەت وەك دەستووریّكی كاتی لە عیّراق پەیرەو دەكراو ئیشی پیّدەكرا، فەراغی دەستووریان نەبوو وەكو ئیّمە، ئیّمە فەراغی دەستووریمان هەیە، من دەپرسم ئایا كەی ریفراندۆم دەكریّ؟ خۆ سازدان و ئامادە كردن بۆ مەسەلەی ریفراندۆم بەراستی كاریّكی وا ئاسان نیە، كاریّكی زۆری دەویّ، لەوانەیە چەند سالّیّكمان پیّ بویّت، ئەگەر نەكرا خۆ ئیّمە چاوەریّی ئەوە ناكەین، بەلاّم ئەگەر بیّ و تا ریفراندۆم دەكریّ كار بەو دەستوورە بكریّت، نەك ناوی لیّ بنیّن دەستووری كاتی، بە شیّوەیەكی كاتی كار بەو دەستوورە بكریّ، پیّم وایە لە بەرژەوەندی گەلەكەمان دایە، بۆیە من جاریّكی تر تیكراری دەكەمەوە ئەوەی كە ئاماژەشی پیّكرد كاك شیّروانیش ئاماژەی پیّ كرد، رای خۆم بوو رای لیژنەی یاسایی نەبوو، من رای خۆم دەربری و پشتیوانیم لە بۆچوون و رای بەریّز سەرۆكی پەرلەمان كرد، بۆیە من جاریّكی تر تیكرار دەكەمەوە، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانیش داوای ئەوەیان كرد كە ئەو یاسایە لیّرەدا لەو یاسایەدا بیّت كار بە پرۆژە دەستووری هەریّمی كوردستان بكریّت بە شیّوەیەكی كاتی، من پیّم وایە داوایەكی رەوایە و شتەكە لە جیّی خۆیەتی و، زۆر سوپاس.

**بەریّز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا دیارە لەسەر مەسەلەی دەستوور، کار پێکردنی، یان کار پێ نەکردنی هەتا ریفراندۆمی لەسەر دەکرێ، بوویتە ئەوە کە لەوانەیە دەربچێ کاری پێ بکرێ، کەواتە ئەگەر کاری پێ بکرێ، من تەئیدی ئەو رەئیەی کاك خەلیل و کاك عیزەدین دەکەم، فیعلەن ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەی دە رۆژ، ١٢ رۆژ دەبێ یەکەو نوسخەیەکی لەو دەستوورەیان لا بێ، ئێمە ئێستا نازانین نە گۆڕان کراوە نە نەکراوە، وەکو نازانم ئەو سرە چیە؟ وا شاردرایەتەوە، ئەو دەستوورە کە ئێمە نوێنەری خەڵکین لەو پەرلەمانە دەستوورەکەی لە ئێمە دەشارنەوەو پێمان پێشان نادەن، ئەوە سرەو خۆی لە خۆیدا شتێکی تێدایە و جێگای گومانە، بۆیە من داوا دەکەم و پێشنیار دەکەم ئەو دەستوورە دابەش بکرێ بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ماوەی دە رۆژ ، پازدە رۆژ موناقەشەی لەسەر بکەن و مولاحەزاتی خۆیان بدەنەوە لیژنە تا دەچێتە ریفراندۆم و چاکسازی تێدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەوەلەن، هیچ شتێك نییە بشاردرێتەوە، ئەوە یەك.

دوو: ئەو پرۆژەیە بۆیە لیژنەی دەستووری نایداتن، چونکە گۆڕانکاری دائیم بەسەر دێت، تا ئێستا چەندین سایت و رۆژنامە بڵاویان کردووتەوەو زۆر هەڵە بووەو غەڵەتی تێدا بووەو گۆڕانکاری تێدا بووە، ئێستاش تەماشا بکەین لە سایتەکاندا ئەو پرۆژەیە بڵاوبوویتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئاخیر شتەو فەرقی هەیە، بۆیە لیژنەکە بڕیاریان داوە تا کۆتایی صیغە نەیەتن بڵاوی نەکەنەوە، لەم رۆژانەدا کۆتاییان پێ هێناوە و یەك، دوو نوقتە نەبێت و ئەویش دەبێ ئێمە باسی بکەینەوە لەگەڵ لیژنەکە و بگەینە صیغەی نیهائی، بەڵام پێش ئەوەی بدرێتە دەنگدان من ئاماژەم پێکرد بە حەفتەیەك، بە دە رۆژ نوسخەکە تەوزیع دەکرێتە سەر ئەندامی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بزانێت دەنگ بۆچی دەدات، ئەگەر بە دڵی نەبوو دەتوانێ دەنگی بۆ نەدا، لە پرۆژەکەدا هاتووە دەڵێ: هەموو تەئکید لەوە دەکاتەوە کە دەستوورە دائیمەکە بە ئیستیفتا دەبێ، دەڵێ: (یعد هذا الدستور نافذاً بعد مضي ٦٠ يوماً من تاريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام، ويتولى رئيس الاقليم نشر هذا الدستور في الجريدة الرسمية، خلال ١٠ ايام من تاريخ الموافقة عليه في الاستفتاء العام)، یەعنی مانای چی؟ یەعنی ئەو دەستوورە نابێتە دائیم، هەتا دەنگی بۆ نەدرێ، بەڵام ئەوەی کە دەڵێین کاتیەکە وەکو حوکمەکی، وەکو ماددەیەکی ئینتقالی مونەقەت بڵێم لە ئەحکامی خیتامیدا دانەندرێت، بۆ ئەوەی بێ دەستوور نەبین، ئەوەندەیە دەستوورەکە بە شێوەیەکی کاتی جێبەجێ دەکرێت و ئالیەتی گۆڕانکاریەکانیشی تێدا دیاری کراوە، ئێستا لێرەشدا لە ئەحکامی خیتامی مەجال هەیە ئەو جوملەیەی تیکرار بکەینەوە، بۆیە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدان تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: يعرض المشروع على الاستفتاء العام بعد مصادقة المجلس عليه باغلبية ثلثي اعضاءه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئەصلەکە باشترە، (فيما لا يقل عن ثلثي اعضاءه) باشترە، یەعنی دوو لەسەر سێی ١١١، یەعنی دوو لەسەر سێی ١١١ەکە، مەقصەدی لێرەدا وایە، نەك (حضور) وازیحە، ئەگەر مصوتین بێ یەعنی حازر، ئێمە دەبێ وا بکەین ئەو ڕۆژە کەسێکی وا غائیب نەبێ، بۆ ئەوەی بەلای کەمی ئەگەر ١١١ نەبێت، ١٠٥و ئەوانە کەمتر نەبێت، پێنج، شەشێك غائیب بن مەعقولە، بەلام زیاتر نا، بۆ ئەوەی قوەت وەربگری (اعضائه) باشترە، دوو لەسەر سێی ئەندامانی، کەمتر نەبێ لە دوو لەسەر سێی ئەندامانی، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی نیصابی قانونی ئینعیقادی جەلسە هەیە، خۆ دوو لەسەر سێی حازر بوونی ئەعزایەکە وەردەگرێ، زۆر تەبیعیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دەستوور جیاوازە، ئەم ماددەیە بۆ دەستوور فەرقی هەیە، بۆ دەستوور ئالیەت ئێمە قانونەکە ناوی ئالیەتە، ئەو دەستوورە وەکو قانونێکی تر نییە، ئەو دەستوورە مەسئولیەتی هەموو میللەتە، بۆیە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان ئەو شروتەی هەیە دەبێ ئەو ڕۆژە حازر بێ، ئیلا ئەگەر سەبەبێکی قاهر هەبێت، نەخۆشیە، شتێکە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەگەر پێتان باشە بیخوێنەوە (ما لایقل عن ثلثي اعضائه)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: يعرض المشروع على الاستفتاء العام بعد مصادقة المجلس عليه باغلبية ما لا يقل عن ثلثي اعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەغلەبیەکەی ناوێ زیادە، (يعتبر المشروع مصادقاً عليه في المجلس بموافقة ما لا يقل عن ثلثي اعضاءه)، ئەصلەکەی باشترە، دەیخەمە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی حەوتەم:

حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵدەستێ بە چاپ كردنی ژمارەیەكی پێویست لە پرۆژەی دەستووری پەسند كراوی ئەنجومەن، ئەوسا بە هەردوو زمان و دەخرێتە بەردەستی گەل و لە راپرسیەكی گشتیدا كە ماوەكەی لە مێژووی پەسند كردنی لە لایەن ئەنجومەنەوە ئەو پەری لە شەش مانگ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة السابعة:

تقوم حكومة اقليم كوردستان بطبع اعداد كافية من المشروع المصادق عليه من المجلس بكلتا اللغتين و عرضها على الشعب في استفتاء عام، خلال مدة اقصاها ستة اشهر من تاريخ مصادقة المجلس عليه.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی حەوتەم: لیژنە پێشنیاز دەكات ئەم ماددەیە دووبارە بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

حكومەتی هەرێمی كوردستان لەسەریەتی ژمارەیەكی پێویست لە پرۆژەی دەستووری پەسند كراوی ئەنجومەن، بەو زمانانەی كە لە هەرێمدا قسەیان پێ دەكرێت (كوردی، عەرەبی، توركمانی، سریانی) چاپ بكات، بۆ ئەوەی لەراپرسیەكی سەرتاسەریدا بیخاتە بەردەستی خەڵكی كوردستان كە لە ماوەیەكی گونجاودا ئەنجومەن دیاری دەكات. گۆرانكارییەكە لێرەدایە ماوەكە وەلا درایە، ماوەكەی تێدا نەماوە، یەك، دوو: ئیلزام كراوە كە بە چوار زمان بێت، نەك بەدوو زمان، بە چوار زمان كە لە كوردستان قسەی پێ دەكرێ، كوردی و عەرەبی و توركمانی و سریانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پرسیارێكم هەیە لەو صیاغەیەدا، ئەو دیاری كردنی رۆژی ئیستیفتائە ئیشی پەرلەمانە یان حكومەتە؟ مەفروزە ئیشی حكومەت بێت، ئێمە لێرە دەڵێین حكومەت تەبعی بكات و تەوزیعی بكات، ئیجرائاتی فەنی هەمووی حكومەت دەبێ بیكات، نابێ ئێمە بیكەین، رۆژی ئیستیفتائەكەش ئەوان تەقدیری دەكەن، ناحیەی ئەمنیە، ناحیەی فەنیاتە، كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جەمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەو باوەڕەدام كەوا ئەبێ بە تەنسیق بێت لە نێوان حكومەت و پەرلەمان و كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەوە ئیشی حکومەتە، بەڵام (بالتنسیق مع اللجنة العليا)، (يحددها حكومة الاقليم بالتنسيق مع المفوضية العليا للانتخابات)، ئەوە باشترە، چونکە ئیشی پەرلەمان نییە، ئەوە بەو تەعدیلەی کە کردمان دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی هەشت.

**بەرێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشی سێیەم

حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی هەشتەم:

دەستووری جێبەجێ کراو بە دەستووری هەمیشەیی دادەنرێت بۆ هەرێم، ئەگەر لە راپرسی گشتیدا زۆرینەی دەنگدەران، دەنگیان بۆدا.

**بەرێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

الاحكام الختامية

المادة الثامنة:

يعتبر الدستور النافذ هو الدستور الدائم للاقليم اذا صوت لصالحه اغلبية المصوتين في الاستفتاء العام.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەوەتان هیچ تەعدیل کردووە؟

**بەرێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکی موزافمان دانایە بۆی، لیژنەی یاسایی ماددەیەکی زیادی داناوە لەجیاتی ماددەی هەشت، بەو شێوەی خوارەوە:

المادة الثامنة:

ا- على حكومة الاقليم وبالتنسيق مع المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في الاقليم اعداد كافة المستلزمات الضرورية لانجاح عملية الاستفتاء العام على المشروع في الموعد المحدد.

ب- تقوم المفوضية العليا للانتخابات بالاشراف على عملية الاستفتاء العام في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەکرا لە ماددەی پێشتر داخیلی بکەن، ئیزافەی بۆ بکەن، یەعنی ئێمە کە وتمان حکومەت تەحدید دەکات، حکومەتی دەتوانێ ئەو ئالیەتە دابنێ، مەبدەئەکەمان داناوە، حکومەت ڕۆژەکەی دادەنێ بە تەنسیق لەگەڵ مفەوەزیە، وەجهەی نەزەری خۆتان شەرح بکەن مەقصەدتان چیە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە ئەو یاسایە، یاسایەکە ئالیەتە دەبێ ئەو شتە، ئەو ئالیەتە ئەو میکانیزمانە، ئەو شتانەی تێدا دیاری بکرێ، لێرەدا حکومەت ئیلزام بکرێت کە لەگەڵ مفەوەزیەی عولیا بە هەماهەنگی پێکەوە ماوەکان دیاری بکەن و، خۆشیان بۆ ئەوەی هەموو مەستەلزەماتی زەروری ئەوەی پێویستە بۆ سەرخستنی ئەو ئیستیفتا عامە، بۆ ئەوەی ئەو ڕاپرسیە سەرتاسەریە ئامادە بکەن، لە هەردوو لایەن، لە هەمان کاتدا ئێمە ئیلزامی مفەوەزیەی عولیا بکەین کە دەبێ سەرپەرشتی پرۆسەی ڕاپرسی سەرتاسەری بکات لە کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوەێ قسە بکات؟ فەرموو کاک ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمسیونی باڵای هەڵبژاردنەکان وەکو کۆمسیۆنێکی دیاری کراو، ئەرك و کاری دیارە کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و دەست نیشان کردنی ئالیات و پێویستەکانی دەکات، پێم وابێ تەئکید کردنەوەی لێرە هیچ ئیزافەیەك نییە، بە دڵنیایشەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چ لە هەرێمی کوردستان، چ لە عێراق، هەموو تەنسیق و هەماهەنگیەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، یان لەگەڵ حکومەتی ناوەندە، بۆیە ئەوە بەڕاستی بەس دووبارە باسکردنەوەیەتی و لە خاڵی پێشووش ئیشارەتی پێدراوە ئەو هەماهەنگیە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا دەکرێ، من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو خوایە وا سەریان لێ تێکداوم ئێستا من نازانم چیە مەوزوع، ئێستا ئێمە باسی ئەوەمان کرد لە ماددەکەی پێشوودا وتمان: (على حكومة اقليم كوردستان طبع) و ئەوە ئەکات، یەعنی خۆ ئامادە کردنەکە، باشە بۆ ئەوە بە ماددەیەکی جیاواز؟ ئەگەر بمانەوێت وەکو تەئکید بێ با هەر لەسەر ئەو ماددەیە دامان بنابایە، یەعنی وەکو چۆن باسی ئالیەت دەکەین، با لەیەك ماددەدا بوایە، بۆ لە دوو ماددەی جیاوازە؟ یان

ئەوەتا بیخەینەوە سەر ماددەکەی پێشووتر، یان بەخوا ئەگەر وەکو ماددەیەکی جیاواز بێ با هەر نەبێ، لابردرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا منیش هەر ئیشارەت بەوە ئەدەم، لە ماددەی سێیەمدا هاتووە دانانی میکانیزمی چۆنیەتی ئەوە، دوو: لە ماددەی حەوتەمیش هەر هاتووە کە حکومەت هەڵسێ بەو کارە، ئەم دوو برگەیە لە خوارەوە دایانناوە وەکو ماددەیەکی جیاواز، وەکو ژمارە نۆ، ئەوە من بە زیادی دەزانم، نەبێ باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئیشە پارەیەکی زۆری ئەوێ، مەسەلەی ریفراندۆمەکە پارەیەکی زۆری ئەوێ، میزانیەکی بەقوەتی ئەوێ، ئەو میزانیە ئەگەر عێراق هاوکارمان نەکات، کوردستان ئەتوانێ بەتەنیا ئەو میزانیە تەئمین بکات بۆ ئەو کارە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئەو ماددەیە هەبێت، بە تایبەتی لێرە کە ئاماژە بە مفەوەزیە عولیای هەڵبژاردن دەکات، لەبەر ئەوەی لە کوردستان ئێمە بەپێی قانونی هەڵبژاردن ئەو جیهەتەی کە ئیشراف دەکاتە سەر هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستان مفەوەزیەکە تایبەتمەندە بە هەرێمی کوردستان، کە دەبێت بە قانون تەنزیم بکرێ، تاکو ئێستا ئەو قانونەمان دەرنەکردیە بۆ دانانی مفەوەزیەکی هەڵبژاردن، ئینتیخابات لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لێرە ئێمە دەبێ ئەو حەقە یاساییەی بدەینە جیهەتێك تاکو ئیشراف بکاتە سەر ئەو ئینتیخاباتە، ئەوە یەك، دوو: لەسەرەوە من تەنیا پێشنیاری ئەوەم هەیە لەسەرەوە لە کۆتایی فەقەرەی أ – لانجاح عملية الاستفتاء العام على المشروع، ئیشنیار دەکەم بکریتة للدستور، ئەگەر بڵێین ئەوە مەشروعە، هێشتا مەشروعە نەبوویتە دەستوور، کە دەڵێن الاستفتاء العام للدستور، واتە ئیستیفتایە بۆ دروست کردنی دەستوور، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك عومەر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو ڕەئیەی كاك سەرداری برادەرم، لەبەر ئەوەی هێشتا قانونی مفەوەزیەی عولیای ئینتیخاباتی كوردستان دەرنەكراوە، من پێم وایە مانەوەی ئەوە زەروریە لێرە، هەرچەند لە ماددەكەی پێشووتردا باسمان لەوە كرد، كە حكومەت بە تەنسیق ئەو ئالیەتەی تەبع كردن بەو لوغاتەنە بكات، لەگەڵ هەیئەی عولیای ئینتیخابات بە هەماهەنگی هەردووكیان بتوانن ئیشرافی ئەو عەملیاتە بكات، لەبەر ئەوە من پێم وایە بۆ ئەم مەرحەلەیە پێویستە ئەو ماددەیە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك كەرخی فەرموو.

بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من ئەو شتەی بە زیاد دەزانم لێرە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو یاسایەك كە لە پەرلەمان دەردەچێ، حكومەت جێبەجێی دەكات، ئەوە پرۆژە یاسایەكە، یەعنی هیچ یاسامان هەیە ئێمە لێرە كە حكومەت جێبەجێی نەكات؟، ئێمە ئەصڵەن یاساكان بۆ حكومەت دەنێرین بۆ مەبەستی جێبەجێ كردنی، باشە لێرە ئێمە كە پێشتری لە یەك، دوو جێیان نووسیتمان كە ئەو شتە حكومەت بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەی عولیای مفەوەزیە ئەو ئیشە دەكات، با شتێك وەكو یاسایەكانی تر زیاد بكرێ بۆی لە كۆتاییدا، (علی حكومة الاقلیم تنفیذ بنود احكام هذا القانون)، تەواو، ئەوە زیادە و دووبارە دەبێتەوە.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستا هەشت كەس قسەی كرد، فەرموو دكتۆر.

بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان وجودی هەیە و چەند ساڵە كار دەكات بەپێی قانونێك كەوا لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پەسند كراوە، ئێمە كاتی خۆی لێرە هەندێ پێشنیازمان پێشكەش كرد بە نوێنەرانی كورد لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی ئەوە لەو قانونەدا دابڕێژرێ، بەداخەوە سەرنەكەوتن بە هۆی ئەوانەی كە ئێمە داوامان كرد لەوێدا بینووسین، لەبەر ئەوە پێویست ناكات كەوا ئێمە قانونێكی تایبەتی بۆ كۆمسیۆن بۆ هەرێمی كوردستان لێرەدا پەسند بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە راستە، کۆمسیۆن لێرە هەیە و لە پرۆژەی دەستووریشدا هەیە تا دادەمەزرێت، ئەگەر دامەزرا ئەو مانایە مەقصەدمان ئەوەیە، ئەگەر دانەمەزرا ئەوە ئێستا پێی هەڵدەستێ، ئێستا دوو رەئی هەیە، رەئیەك هەیە دەڵێ ئەو ماددەیە زیادە، کاك ئارام و کاك حاتەم و خاتوو سۆزان خان و کاك کەرخی وایان گوت، گوتم تاحەدێك، رەئیەکی تریش هەیە دەڵێ پێویستە، کاك سەردارە، کاك عومەرەو لیژنەی یاسایشە، ئەو موقتەرحی تازە کە دەڵێ ئەوە زیادە، تازەترە، کێ پێیوایە ئەو ماددەیە زیادە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، دیارە ئەقەلیەتە، کێ پێیوایە زەرووریە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، باشە ئەوە دەنگتان بۆ دا، جاری وا هەیە صیغەکەی ئەوەی وەکو کاك سەردار وتی، دەڵێ: پێی ناوێ بنووسرێ مەشروع یەکسەر بڵێ دەستوور، (الاستفتاء العام على الدستور)، یەعنی خۆی ئەگەر مەشروعیش بمێنێتەوە تا دەنگەکە نەدرێت هەر مەشروعە، کە دەنگەکە درا ئەو وەختی دەبێتە دەستوور، بەلام دەبێت لە ناحیەی نەفسی، (الاستفتاء العام للدستور)، (الاستفتاء العام) باشە عەیبی نییە، باشە بەو گۆرانکاریەی کە کاك سەردار ئیقتیراحی کرد، مەشروعەکە بووە للدستور، ماددەکە دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

لیژنە بە پیادە کار (قائیم) دادەنرێت تا ئەو رۆژەی گەل رەزامەندی لەسەر دەستوورەکە دەدات و دوای بلاو کردنەوەکەشی لە رۆژنامەی فەرمیدا لیژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

تعتبر اللجنة قائمة لغاية مصادقة الشعب على الدستور ومنحلة على اثر نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللاهی کاك کەریم پێش ئەوە هین بخوێنیەوە، من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە و باسمان کرد، باسکرا، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زیادە و دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغا کردنی، کاکە لەوێ لە دەستوور باسی کردووە، (يعرض المشروع للاستفتاء العام بعد مصادقة المجلس باغلبية ثلثي اعضاءه)، عەینی شت دەگرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى دى: (باغلبية ثلثي اعضاء البرلمان) بوو ، ئەوە باغلبيه المصوتين، لە شەعب، خەڵك ئەغلەبيەتى مصوەتينە، باشە لە نيوەى كەمتر لە شەعب دەنگى بۆدا، كەواتە دەنگ نايێ و ئيستيفتائەكە سەركەوتوو نەبوو، لێرەدا باس لە مصوتين لەگەڵ شەعبە، نەك پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن**

كاكە ئەوە لە پرۆژەى دەستوورەكەدا ئەو ماددەيە هەيە، دەڵێ: ئەگەر ئەغلەبيەتى خەڵك دەنگى بۆدا ئيعتيبار دەكرێ، ئەوە ئاليەتى دەنگدانە بۆ دەستوور، ئەوە زيادە، دەيخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە بۆ ئيلغاى ئەو ماددەيە دەستى بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ ئەوەيە ئيلغا نەكرێ دەستى بەرز بكاتەوە؟ پێمان وايە ئەو ماددەيە زيادە، كێ لەگەڵ ئەوەيە كە ئەو ماددەيە زيادە دەستى بڵند بكات تكايە، فەرموون، كێ لەگەڵ ئيلغا نييە؟ بەزۆرينەى دەنگ وەرگيرا، بۆ ماددەى دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى دەيەم:

ئەنجومەنى وەزيران بۆى هەيە رێنمايى پێويست دەربكات بۆ ئاسانكارى جێبەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم ياسايە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

باشە خۆ من ئەوەم نەديبوو، ليژنەكە خۆى ئيقتيراحى كرديە ئەوە ئيلغا بكرێت، باشە ماددەى دە دەڵێين هيچ مولاحەزەمان نييە، بيخوێننەوە تكايە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى دەيەم:

ئەنجومەنى وەزيران بۆى هەيە رێنمايى پێويست دەربكات بۆ ئاسانكارى جێبەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم ياسايە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ دەيخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ ئەو ماددەيە وەرگيرا، تكايە بۆ ماددەى يازدە.

**بەرێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نالێم، بەخوا سەریان لێ شێواندین، ماددەی نۆیەمیان داناوە، (يعد المشروع دستوراً دائماً للاقليم) بعد، ئێوە لێرەشدا ماددەی نۆ جارێکی تر وتووتانە: (تعتبر اللجنة قائمة)، ئێستا کاممان ئیلغا کرد؟ نۆی مەشروعەکە یان نۆی قەراری تەقریرەکەی ئێوە؟ نا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابت کە خستتە دەنگدانەوە، نەتووت کامیان ئیلغایە، من بەهەموو هێنەکی خۆمەوە وام زانیوە ماددەی نۆیەمی تەقریرەکەی ئەوانە ئیلغا کردۆتەوە، لێرە سەیر دەکەم ماددەی نۆیەم جارێکی تر باسی لیژنەکەی نووسینەوەی دەستوور دەکات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆ نووسرابوو: (تعتبر اللجنة قائمة لغاية مصادقة الشعب على الدستور ومنحلة على اثر نشره في الجريدة)، ئەوە نا وەڵڵا دەنگمان نەداوە بۆ ئیلغای، ئەوە قسەکەی سۆزان خان راستە، ئەو ماددەیەی کە موقتەرەحێکی تازە بوو لە لایەن لیژنەی دەستوورییەوە، پشتگیری لێ کرابوو، تەعدیل کرابوو، نەك تازە بوو، ماددەی هەشت بوو لە ئەصڵی مەشروعەکە، (يعتبر الدستور النافذ هو الدستور الدائم للاقليم اذا صوت لصالحه اغلبية المصوتين في الاستفتاء العام)، ئەوە دەنگمان دا بۆ ئیلغای، ماددەی هەشتمان ئیلغا کرد بە دەنگدان، ماددەی نۆ، نەمان خوێندەوە، راست دەکات، ماددەی نۆ بخوێننەوە تکایە لەگەڵ رەئی خۆتان لەسەری.

**بەرێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دووەم جار دەیخوێنمەوە: خوێندیتمەوەو لە تەسجیل هەیە: لیژنە بە پیادە کار قائیم دادەنرێت تا ئەو رۆژەی گەل رەزامەندی لەسەر دەستوورەکە دەدات و دوای بڵاو کردنەوەکەشی لە رۆژنامەی فەرمیدا لێژنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەنگە وا تێگەیشتوون کە موقتەرەحەو پێشتر ئیلغا بکرێت، نا ئەوە راست دەکەی، رەئی لیژنەی چیە لەسەری؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلتیباسەکە لێرە دروست بوو، لە خاڵی دە، لیژنە پێشنیاز دەکات بە دووبارە دارشتنەوەی ماددەی هەشتەم، لە ئەصڵی پرۆژەکەدا کە بوو بە ماددەی نۆیەم، ئێوە لێرە دەنگی لەسەر درا لە زنجیرەی نۆی ماددەکاندا، بەم شێوەی خوارەوە کە لە لایەن زۆرینە دەنگی هێنا کە ئیلغا بووە.

یازدە: لیژنە پێشنیار دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماددەی نۆ لە ئەصڵێ پرۆژەکەدا، نەك لە ئیقتیراحی ئێمە، لەبەر ئەوەی هیچ لە باسەکە ناگۆڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئیلتیباسەکە لەوەدا بووە، مەبەستی لیژنەی یاسایی ئیلغا کردنی ماددەی نۆ لە ئەصڵی پرۆژەکە، کە دەڵێ: (تعتبر اللجنة قائمة لغاية مصادقة الشعب على الدستور ومنحلة على اثر نشره في الجريدة الرسمية)، شەرحی بکە بۆ دەتانەوێ ئیلغا بێتەوە؟

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، تەحصیل حاصلە، یەعنی ئەگەر باسیشی لێ نەکەی بە بڕیاری پەرلەمان نەبێ ئەو لیژنەیە هەڵناوەشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو موقتەرەحەی لێژنەی یاسایی، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی ئیلغا بکرێت ماددەی نۆ لە ئەصڵی پرۆژەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی نۆ لە ئەصڵی مەشروعەکە ئیلغا کرا، ماددەی هەشتیش موقتەرەحی هین بوو و ئەویشتان ئیلغا کرد، دەنگتان بۆ دا، ماددەی دواتر دەنگتان بۆدا، (على مجلس الوزراء) ئەوە دەنگتان بۆدا، ئێستا دەکاتە ١١ لە ئەصڵی مەشروع، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش رۆتینە و دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوازدە لە ئەصڵی مەشروع.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

فەرمانی هەرێمی دەردەچێ بۆ دەرچوواندنی دەستوورو بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**بەڕێز کريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیاز دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ١٢ لە ئەصڵی پرۆژەکەدا، کە پێویستی پێ ناکات، لێرە بوویتە ماددەی ١١.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەوە جێی ئێرە نییە، جێی لە پرۆژەکەیە، پاشی ئیستیفتا ئەبێ مەرسومی پێ دەربچێت، ئەو ماددەیە بۆ ئیلغا کردنی لەسەر داوای لیژنەی یاسایی، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ئەوەش ئیلغا دەکرێتەوە، ماددەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم: دەستوورەکە دەبێتە دەستوورێکی هەمیشەیی و جێبەجێکراو دوای ٩٠ ڕۆژ لە دوای دەرچوواندن و بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەیە لە پرۆژەکە.

**بەڕێز کريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیاز دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ١٣ لە ئەصڵی پرۆژەکەدا، لەبەر ئەوەی بابەتەکە لە ماددەکانی دەستووردا چارەسەر کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش وەکو ئەوەی تر دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەکی تەبیعیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵیدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەوەش وەرگیرا، هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە

دانان بە سیستەمی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق پێی وەرگرتووە، بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٢ لە بەرواری ١٩٩٢/١٠/٤ دەرچووە، بۆ پیادە کردنی حوکمەکانی لە ماددەی ١٢٠ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە بەو پێیە ماف بە هەر هەرێمێکی عێراقی فیدراڵ دەدات، کە دەستووری تایبەتی خۆی هەبێ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەستووری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ پەسند کردنی ئەم دەستوورە کە پێویستی بە میکانیزمێك هەیە بۆ پیادە کردنی بەپێی ڕێ و شوێنەکان، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن، دەیخەمە دەنگەوە، بەڵێ کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوە لێـرە دەڵـێ (ان اقـرار النظـام الفـدرالي في دسـتور جمهوريـة العـراق، الـذي تبنـاه المجلس الـوطني لكوردستان_العراق بقراره المرقم (٢٢) في ٤/١٠/ ١٩٩٢)، یەعنی تەبەنیەکەی زۆر پێشی ئیقرارەکەیە، یەعنی ئەوە نازانم چۆن دەگونجێ لەگەڵ یەکتری یان نا؟، پرسیاریشە لەهەمان کاتدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا وازیحە کاك شەوقی ، دەڵێ: ئیقرار کردنی ئـەو نیزامـە فیدراڵیـە لـە هـەرێمی کوردسـتان، لـە دەسـتووری جمهوریەی عێراقـدا، پەرلـەمانی کوردسـتان بـە قـەراری ساڵی ٩٢ هـێنی کـردووە، تـەواو هاتیـە، کـاك رفعـت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت فەرمووت کەوا لێرە شوێنێك دەگەینەوە بۆ هێنی کاتی و دائیمیەکەی دەستوور، جا نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاماژەمان پێکرد لە شوێنەکە، نازانم من پێموایە لێرە جێی نابێتەوە، لە ئەحکامی خیتامی پرۆژەکە ماددەیەك دەبێ دابنێین، بڵێین: ئەو هێنە بە کاتی جێبەجێ دەکرێ، چونکە ئەو وەختی کە دەنگمان بۆدا لەوێ دایدەنێین، چونکە ئەوە کاتیە، ئەوە ئیشی ئەوەیە هەر ئەوەندەیە، لە پرۆژەکەدا کە چوو ئەوەی لەوێ

دادەنێین، دەیخەمە دەنگەوە بە هۆکاریەکانیەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەکەم، ماندوو بوون نیتر پێش ئەوەی تەواو بێت، دوو خاڵمان هەیە، ئەگەر تاقەتتان هەیە تەواوی دەکەین، ئەگەر تاقەتیشتان نییە سبەینێ، ئەگەر بەیانی بێت سەعات ١١ پەرلەمانتاران تەواو دەبێت، ئەوەی تریش دەخەینە حەفتەیەکی تر، باشە با دوو شەممە بێت سەعات ١٠,٣٠ بێت، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی کمال بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |
| **بەوەکالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٢٠)**

**دوو شەممە رێکەوتی ١\١٢\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٢٠)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/١

كاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەم، سالی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی هەلبژاردن لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/١دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠٠٦ی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی دووەمی هەلبژاردنی سالی چوارەمی ٢٠٠٨، خولی گرێدانی دووەم ژمارەی دانیشتن (٢٠)، رۆژی دانیشتن ٢٠٠٨/١٢/١.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەمواركراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی هەلبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/١دا بەم شێوەیە بێت:

١. خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٧)ی سالی ٢٠٠٦ی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین کە هەمیشە لەگەڵمانە، بەخێر بێت، هەروەها بەخێرهاتنی هەردوو ڕێزدار کاك کامەران احمد عبدالله سەرپەرشتیاری دەزگای فرۆکەخانەی سلێمانی و ڕێزدار کاك تاهیر هەورامی بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی هەولێر دەکەین، کە هەردووکیان لێرە هاوکار دەبن و مولاحەزاتەکانیان دەدەن بە جەنابی وەزیر، بەڕێزیان ئەگەر موداخەلاتێك هەبوو وەڵامەمان دەداتەوە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین تەشریف بێنن بۆ سەر مەنصە، ئێستا خاڵی یەکەمی بەرنامەمان خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم یاسایە لە لایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان (کاك خەلیل ئیبراهیم، قادر سعید، شێروان حەیدەری، دکتۆرە ڕۆژان دەزیی، طارق جامباز، محەمەد فەرەج، ئەسعەد ئەربیلی، عەونی بەزاز، دلێر محەمەد شەریف، بەڵێن عبدالله محمود، پێشکەش کراوەو دیراسەت کراوە، ئێستا پرۆژەکە ئامادەیە بۆ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن و بڕیاری ئێوەی بەڕێز لەسەری، لیژنەی یاسایی فەرموو کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی یاسایەکە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قانون التعديل الاول لقانون رقم ١٧ لسنة ٢٠٠٦

قانون اتحاد برلماني كوردستان

المادة الاولى:

تضاف الفقرة تاسعاً من المادة الثالثة في القسم الاول وتقرأ كالاتي:

(تاسعاً: المساهمة في عملية الاصلاح ومكافحة الفساد).

**بەڕێز قادر سعید خضر(ژانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

بڕگەی نۆیەم لە ماددەی سێیەم لە بەشی یەکەم زیاد دەکرێت، بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

(نۆیەم: بەشداری کردن لە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لێرە ڕەئی لیژنەی یاسایی درا، هەروەها قانونەکە خوێندرایەوە، ئێستا داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەری تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکرێت، زۆر سوپاس، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە خۆی یاسایەکی ڕێکخراوەییە، چونکە دوای تەقاعودی ئەندامانی پەرلەمان دێت، ئەمە لێرە دەڵێت بەشداری کردن لە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی، بە ڕەئی من ئەگەر بۆی زیاد بکرێت، پشتیوانی لە برگەکە دەکەم، ئەگەر بۆی زیاد بکرێت کە دەبێتە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرکەوتنی زیاتری کارەکانی، چونکە ئەگەر ئەوە زیاد نەکرێت، مادام وەکو ڕێکخراوێك سەرپەرشتیار بێت، دەبێت ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیان چاك بێت زیاد کردنی (کە دەبێتە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرکەوتنی زیاتری کارەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەم ماددەیە تێناگەم، ئەوەی کە دەڵێت (المساهمة في عملية الاصلاح ومكافحة الفساد)، یەعنی ئەمە ئەرکی یەکێتی پەرلەمانتاران نییە، موساهەمە جودایە، موساهەمە فەرقی هەیە، مادام وایە دەیەوێت بە بەشێك لەوە، کە دەیەوێت بە بەشێك، من پێموا نییە ئیشی ئەوان بێت، هاوکاری کردن جیاوازە، موساهەمە جیاوازە، ئەگەر بیەوێت هاوکاری بکات، یان معلوماتیان بۆ کۆ بکاتەوە، یان شتێك بکات، ئەم جیاوازە، بەس موساهەمە یەعنی موشارەکە، بەشداری کردن، یەعنی دوو شتی جیاوازە، من پێموایە ئەمە لە ئەرکی ئەوان نییە، یەعنی هیچ پەیوەندییەکی بە یەکێتی پەرلەمانتارانەوە نییە، بەتایبەتی کە سەندیکان، من لەگەڵ ڕێزمدا خۆشم ئەندامی ئەم سەندیکایەم، یەعنی ئەمە ئیشی یەکێتی پەرلەمانتاران نییە، بۆیە من لەگەڵ ئەم بابەتە نیم، یان دەیانەوێت بەشێوەیەکی تر دایبڕێژنەوە، شتێکی ترە، بەلام بەم شێوەیەی کەوا هاتووە، من پێموایە ئەمە هەڵەیەکی یاساییە، نابێت ئەمە هەبێت، لەگەڵ ڕێز سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ ئاخر فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە بۆچوونەکانی دکتۆر ناصح دەکەم، بەڕاستی لەبەرچاو ڕوون نییە، ئایا (المساهمة) لەگەڵ کێ (المساهمة)؟ پەرلەمانی کوردستان؟ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران؟ یەعنی باشە مەحەلی لە ئیعراب چیە؟ پەرلەمانتاران لە کام قەناتەوە تەداخولی جێ بەجێ کردنی موساهەمە، چونکە ئەوە دەڵێت موساهەمە لە ئیصلاحیشدا دەکەیت، یەعنی لە ئیصلاح کردن بە چ شێوەیەك، پێموایە ئەوە ئەرکی یەکێتی پەرلەمانتاران نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ باسی ئامانجەکان دەکات، ئامانجەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئەو ئامانجەی کە زیاد کراوە، ئەویش بەشداری کردنە لە چاکسازی و لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دیاردەی گەندەڵی، کە دیاردەیەکە نکوڵی لێ ناکرێت، جەنابی شێخ جەعفەر دەفەرموێت ئەو ئەندامیەتیە دوای تەقاعود دێت، نەخێر، ئەندامانی ئێستای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئەندامن لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، پاشان موساهەمە کردن هەوڵماندا کەلیمەیەکی زۆر دەقیق بکەین، موساهەمە هاوکاری کردنە، ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی حەملەیەکی نیشتمانیی دەوێت، ڕاگەیاندنیش پێی هەڵدەستێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش پێی هەڵدەستێت، ئەحزابیش پێی هەڵدەستێت، حکومەتیش پێی هەڵدەستێت، پەرلەمانیش پێی هەڵدەستێت، هاووڵاتیان، هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بۆی هەیە بەشێوازێك لە شێوازەکان موساهەمە بکات لە چاکسازی ئەو سیستەمە تازەی چاکسازی، ئەو ئیداراتانەی کە هەمانە، کەواتە بەشداری کردنە، ئیتر بە تەوعیە دەبێت، بە گەیاندنی ڕەئی خەڵك دەبێت بۆ دەسەڵاتداران، ئەنواعی ڕێگا هەیە، وابزانم وشەکە زۆر لە جێی خۆی هاتووە، بۆ کاك دکتۆر ناصح و شێخ ئاخیریش هەر هەمان وەڵامە، ئێمە پێمانوایە یەکێتی پەرلەمانتاران کە نوخبەیەکی زۆر سەرەوەی کۆمەڵگای کوردستانین، دەتوانن بەشدارییەکی باش بکەن، ئێستاش ئالیەتی زۆر باش هەیە، کۆمەڵێك لیژنە دروست کراوە لە یەکێتی پەرلەمانتاران، کۆمەڵێك کۆڕو سیمینار کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لەبەر ئەوەی ئەمە خاڵێکی حەساسە، دیارە زۆر ئەندامیش دەست بەرز دەکاتەوە، دووبارە ناو تۆمار دەکەین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت بە وردی قسە بکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، تکایە دوای ئەوەی ناو نووسرا دەست بەرز بکەن ڕێگەتان پێ نادەین، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم سەندیکایە، هەموو سەندیکاو ڕێکخراوەکان دەچێتە خانەی شتی لا حکومی، یەعنی ڕێکخراوەی ناحکومی، بابڵێین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئەرکی لەسەرە، هەروەکو ڕێکخراوی حکومی و دەزگا چاودێرەکان ئەرکیان لەسەرە، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیش ئەرکی لەسەرە، ئەرك بریتیە لە چی؟ بریتیە لەوە ئەو پرۆسەی لەو وڵاتەدا هەیە، دەبێت بە هەمووەوە بیپارێزین و گەشەشی پێ بکەین، لەبەر ئەوە ئێمە نابێت چینێك ئەگەر ئیشەکەی تەواو بوو ئیتر بیخەینە لاوە، ئەو

تواناو لێهاتنی هەیەتی وازی لێ بهێنێت، لەبەر ئەوە پێموایە دۆزینەوەی ئەم میکانزمەی کە یەکێتی پەرلەمانتاران کارێکی زۆر بەجێ و زۆر باش بوو، لەبەر ئەوە ئەمانە تەجروبەیەکی چاکیان هەیە، بەتایبەتی ئەمانەی کە پێش ئێمە بوون، شازدە ساڵ تەجروبەی پەرلەمانیان هەیە، یەعنی ئەم تەجروبەیە بۆچی بە خۆڕایی بڕوات، ئەی بۆچی ئیستیفادەیان لێ نەکەین، بەشداریش کە دەڵێت موساهەمە، موساهەمە یەعنی بە پێشنیار، ئەوانە لە قالبی بڕیاردا نین، ئەو شتانەی کە ئەوانیش دەتوانن قسەی تیا بکەن، ئێستا ئێمە زۆر جار بینومانە لەو یاسایانەی کە ئێمە قسەمان تیا کردووە، ئەوانیش ڕەئی خۆیان وتووە، یەعنی شتی جوان جوان دەڵێن بەرامبەر بەو شتانە، لەبەر ئەوە ئێمە لە رووی نیشتمانیەکەوە ئەو واجبەیان لەسەرە، ئەم واجبە کۆتایی نایەت، بە مردنی مرۆڤەکان کۆتایی دێت، یەعنی واجیبێکی نیشتمانی بە مردن کۆتایی دێت، لەبەر ئەوە هەر دەبێت ئەمە بمێنێت.

دووەم/ کۆمەڵێك سەندیکا هەیە ئەم مافەی هەیە، یەعنی ئەم نیوە حەسانەی هەیە، تەبعەن حەسانەی ئێمە کە ئێستا لە کاراین وەکو ئەو نییە، ئەو هەر ئەوەندەیە وەکو پارێزەران چۆن ئەگەر شتێکیان لێ دروست بوو بەر لەوە بگیرێن، سەندیکایەکەی لێ ئاگادار دەکاتەوە، هەر ئەوەندەیە، ئێمەیش بۆچی مەسەلەن توێژێك ببێت، ئەم نەیبێت، لە کاتێکدا ئەمە خەڵك دەنگی بۆداوە، بەڵام دەکرێت پارێزەران هەر خۆیان بوو بن، یەعنی ئەو مەسەلەیە بریتیە لە ڕێزگرتن لە ڕەئی جمهور، لە ڕەئی خەڵك، لایەزال خەڵك ئەو ڕەئیەی کە داویەتی بەم پیاوە جێگەی ڕێزە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئەمە حەسانە نییە، موساهەمە فەرقە لەگەڵ حەسانە، کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین موساهەمە، یەعنی واتا من کە موساهەمە دەکەم، کەواتە ئیشتیراك دەکەم، وشەی موساهەمە ئەسڵەن هەر نابێت، من پێموایە ئەوە هەر دەبێت ئەو خاڵە لابچێت، چونکە موساهەمە کردن لە ئیصلاح، یان لە موکافحەی فەساد، کەواتە ئێمە لە ئێستاوە ئیسپاتی دەکەین فەسادێك هەیە دەمانەوێت بچین ئیصلاحی بکەین، بەڵام ئیصلاح ئیشی ئێمە نییە، دەبین بە شەریك، وشەی موساهەمە لە لوغەی عەرەبی بە مانای شەراکەیە، من پێموایە ئەو وشەیە هەر ئەسڵەن لابرێت باشە، چونکە ئیشی پەرلەمانتار نییە، موساهەمە بکات، ئیشتیراك بکا لە لابردنی موکافەحەی عونف و فەساد، پێموایە ئیشی ئەو نییە، جا بۆیە من داوا دەکەم ئەو وشەیە هەر لابرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە جیاتی موساهەمە پێشنیاری ئەوە دەکەم بکرێتە هاوکاری کردنی پەرلەمان لە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی، موساهەمە لابرێت بکرێتە هاوکاری کردنی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین وشەی موساهەمە بکەینە دەعم، دەعم زۆر باشترە پڕ بە پیستی خۆیەتی، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ پێم باشە برادەرانی سەر سەکۆ راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەندامان بزانن رەئی لیژنەی قانونی چیە؟ چونکە ئیمزا کراوەو راپۆرتەکەش ئامادەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێموایە ئەو رێکخراوە وەکو هەموو رێکخراوەکانی تر پیشەییە، وەکو مامۆستایان، قوتابیان، یەکێتی ئافرەتان، بۆیە ئەوە زیاتر دیفاع لە حقوق و ماق ئەندامانی پەرلەمان زیاتر دەکات لەناحیەی قانونی و پیشەیی.

دووەم/ ئەو رێکخراوە وەکو هەموو رێکخراوەکانی تر ماق ئەوەی هەیە پێشنیار بکات، رەخنە بگرێت، هەر کێشەیەك لە کێشەکانی دێتە پێش عیلاقەی بە حکومەت و پەرلەمان و ماق میللەت هەیە، وەکو هەموو رێکخراوەکان حەقی هەیە پێشنیاز بکات، رەخنە بگرێت، مەسەلەی موساهەمە من هیچ لەگەڵ ئەوەدانیمە، چونکە هیچ رێکخراوێك موساهەمەی نەکردووە، هاوکاری دەکات، پێشنیار دەکات، رەخنە دەگرێت، چونکە ئەوە بەشێك نییە لەو جیهازانەی وەکو پەرلەمان، یان جیهازی تەنفیزی، یان تەشریعی، ئەمە بەشێك نینە، موساهەمەش دەبێت بەشێك بن تا موساهەمە لە ئیشەکان بکات، دەستەیەك نییە کە عوزو بێت تا موساهەمەی تێدا بکات، لەبەر ئەوەی منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەو کەلیمەی بگۆڕدرێت بە هاوکاری، یان بە تەعاون بە نەوعێك بێت، چونکە موساهەمە یەعنی بەشێکە لەو جیهازانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کاك زانا، وابزانم بۆچوونەکانی زۆر لە جێی خۆی نەبوو، بەتایبەتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ناوی یەکتر مەهێنن، ڕەئی خۆتان بەسەراحەت بدەن، زۆر زۆر سوپاس، ئازادن لە ڕەئی، بەڵام کەس نەڵێت ئەو وای گوت، ئەو وای نەگوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوێ بەناوی لیژنەوە وەڵام دەداتەوە، نەك بەناوی شەخص، بەناوی لیژنەوە وەڵام دەداتەوە، لەبەر ئەوە من حەقی خۆمە بەرامبەر بە بۆچوونەکەی ڕەئی دەربڕم، دیسان دووبارەی دەکەمەوە موساهەمە بەهیچ شێوەیەك نابێت، ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەمان بەشداری بکەن لە هاوکاری کردن و کەشف کردنی گەندەڵی، ئەوە شتێکی ترە، مەعلومات کۆ دەکەنەوە، دەیدەن بەو دەزگایە، پشتگیری ئەو دەزگایە دەکەن، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام بەم شێوەیە بێت موساهەمە نابێت، یان بڵێن پشتگیری دەکەن، دەعم وەکو کاك تارق پێشنیاری کرد، فعلەن ئیحتیمالە ئەوەیان باشتر بێت (دعم عملیە اصلاح ومکافحە الفساد)، ئەمە لەوانەیە شتێکی باش بێت، دەعمی دەکەن بە ئیسلوبی خۆیان، بەڵام موساهەمە شەراکەتە، شەراکەت نابێت لەو بابەتە، چونکە بەتایبەتی ئەو دەزگایە، ئەمە سەندیکا دەیکات، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من ژی ئەرکی پەرلەمان خۆیەتی پەرلەمانتاری خۆی دکاتن بۆ بەربەرەکانی گەندەڵی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە تەماشای ئامانجەکانی یاسای یەکێتی پەرلەمانتاران بکەین لە هەشت خاڵدا زۆر شتی بەقوەت هەڵدەگرێت، یەعنی دەتوانێت ئەو ئیشە بکەن، بەبێ ئەوەی ئەوە بکەنە بەندێکی جیاوازو بەم شێوەیەو بەو زەقیە بێنن ناوی، چونکە ئەگەر ئەوانە ئەو ئیشە بکەن، دەبنە شریکی خەڵکانی دیکە، خەڵکانی دیکە کە شەرعیەتی پێداوە، موئەسەساتی ڕەسمی کاری خۆی بە ڕێك و پێکی بە ئوصولی دەکەن، ئەوانە وەکو یەکێتیەك، وەکو خەڵکانێك کە پسپۆڕی و شارەزایی وەرگرتووە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەتوانن وەکو دەستەیەکی ئیستیشاری شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارەدا خزمەت و یارمەتیدەری ئەندامانی پەرلەمان، کە ئێستا لەناو لیژنەکانی پەرلەماندا کاری خۆیان دەکەن، بە تەسەوری من فەقەرەیەکی زیادە، بار گرانیەکە بەشێوەیەك هاتووە، دەتوانم بڵێم هەتا دەبێتە مای تێکردنێك لەگەڵ کاری پەرلەمان، خۆی لیژنەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوە با ئەم ئیشەی خۆ بکەن، ئەوان دەتوانن بەپێی فەقەرەی هەشتەم کە دەڵێت (کار بۆ

بە گەڕخستنی میکانزمەکانی داکۆکی کردن لەماف دەستووری و یاساکانی هاوولاَتیان دەکات)، کە ئێمە دەڵێین گەندەڵی خۆی لە خۆیدا پێشێل کردنی ماف خەڵکە، مومتەلەکاتی دەوڵەتە، لەبەر ئەوە بەپێی ئەو فەقەرەیە ئەوانە دەتوانن پێشنیاری خۆ و راوبۆچوونی خۆیان پێشکەش بە پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکەی شەرعی حکومەت بکەن و خزمەتی باشتر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من دەمەوێت خاڵێك هەیە باسی بکەین، ئەویش هەر لە سەرەتاوە بە قەناعەتی من تێگەیشتن و بۆچوون بەرامبەر سەندیکاو رێکخراوەو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لای ئێمە وابزانم پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، چونکە بەگوێرەی دەستوورو یاسا دامەزراوە مەدەنیەکان دامەزراوەیەکی خۆبەخشن، پێویستە ئەندامانی ئەو رێکخراوە خۆیان، یان ئەو سەندیکایە خۆیان ئەرك و کارەکانی خۆیان دیاری بکەن، بۆیە من هەر لە سەرەتاوە لەسەر یاسای یەکێتی پەرلەمانتاران قسەم هەبوو، قسەی خۆشم کرد لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا، گەورەترین گرفتیش لە کۆنگرەی پەرلەمانتاران بەرەنجامی ئەم یاسایە بۆ ئێمە دروست بوو، کە نەمانتوانی هەڵبژاردن بکەین بۆ دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بۆ ئەندامان، لەبەر ئەوە من وا دەزانم بەڕاستی ئەم بابەتانە کە لێرە دەروژێنرێت جۆرێك لە بێ دەسەلاَت کردن و زەوت کردنی ئازادی تاکەکان و ئەو سەندیکایانەیە، پێویست ناکات ئێمە هەموو بابەتێك لە یاسایی بکەین، ئەمە پێویستە یەکێتی پەرلەمانتاران خۆیان ئەرکی خۆیان دیاری بکەن و ئەوان قسەی لەسەر بکەن، جا من داوام وایە لەم پەرلەمانە بەڕێزە، بەڕاستی ئەوەندە نەچینە ناو کاروباری سەندیکاو رێکخراوەکانەوە، چونکە موصداقیەتی خۆیان لەدەست دەدەن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی موساهەمەو ئیصلاح واجبی هەموو تاکێکی میللەتە، کە موساهەمە دەکات، موساهەمە دەکات لەگەڵ ئاشکرا کردنی گەندەڵییە، رێکخستنی کۆمەڵگایە، موساهەمە ئەوە نییە دەست بداتە تفەنگی لەگەڵ شورتەی بڕوات ئیش بکاتن، موساهەمە ئەوەیە نەصیحەتە، تەوجیهە، ئیستیشارەیە، دەتوانێت بە هەموو کەناڵەکان، هەتا کەناڵی تەلەفزیۆنی دەتوانێت تەوجیهاتی چاك چاك بداتە خەڵك، ئەوە ناکات کە ئێمە بڵێین موساهەمە شەریك دەبێت لە سوڵتەو دەچێت لە سوڵتەی تەنفیزی شان بەشان ئیش دەکات، جا من لەگەڵ ئەوەمە ماددەکە زۆر بەجوانی هاتووە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دلێر محەمەد شەریف فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە بە قەناعەتی خۆم زۆر لەجێی خۆی هاتووە، ئێمە با وا سەیری نەکەین کە یەکێتی پەرلەمانتاران، پەرلەمان نا، ئەوە پەرلەمان نییە، ئێمە دەبێت ئیعتیبار بکەین، ئێمە لە دەرەوەی ئەوەین کە لێرە دانیشتووین، ئەوە سەندیکایەکە، یەکێتیەکە، کۆمەڵێك مەهامی هەیە، یەك لەو مەهامانە وەکو هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری دەکات لە چاکسازی کردن لەو کۆمەڵگایە، ئیتر ئەو چاکسازیە لە کۆمەڵگای دیموکراتی لەوانەیە ڕێژەییە، لەلای ئێمە دیاردەی گەندەڵی هەیە، هەموومان ئیعتیراف بەو حەقیقەتە دەکەین، ئەویش هاوکاری دەکات لەگەڵ دەزگاکانی تردا، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا، بۆ چارەسەر کردن و چاکسازی لەم دیاردەی کە وەکو نەخۆشیەك لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، لەبەر ئەوە وشەی موساهەمە لە کوردیەکە تۆزێك هێن هاتووە، موساهەمە بە بەشداری نایەت، ئەگەر ئێمە تەرجومە حەرفیەکەی بکەین، حاڵەتەکە وا سەیر بکەین، ئەمە بەشداری دەکات لەگەڵ موئەسەسەیەکی تری حکومی، ئەوها نایەت لێرە، خۆی موساهەمە بە مانای هاوبەشی کردن دێت، موشارەکە بەشداری کردنە، ئەگەر تەرجومەی حەرفی بکەین، لەبەر ئەوە هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت بە قەناعەتی من، وەکو مام رەشاد گوتی ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بەشداری دەکات لەگەڵ هەر هەمووان لە چارەسەر کردنی ئەم چاکسازیەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر وەڵلا ئیشارە بە هەندێ دەدەم، موساهەمە یەعنی موشارەکە نابێتن، مەفروزە دەعم بێتن، تەئیدی رەئی کاك تارق دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە موساهەمەو دەعم و موشارەکە لە نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازیدا ئەرکی هەموو ڕێکخراو و هەموو هاووڵاتیەکە، دەتوانن بەشداری تیا بکەن، بەشداری کردن بەپێی موعلوماتی بچووك بێت، بە ڕاپۆرتێك بێت، بە ساغ کردنەوە بێت، هەر موشارەکەیە، ئەم برادەرانە مەفهومی موساهەمە بە مەفهومی

ئیقتیصادی وەریدەگرن، ئەمە شەریکە نییە تۆ لە بانك بچێت موساهەمەت هەبێت و ئەوانە، دەعمی دەکات و ئەرکی هەموو هاوولاتییەکە، ئێمە موراقەبەی دامودەزگاکانی حکومەت بکەین.

دووەم/ من پێموایە ئەم ئیزافەیەی بۆ بکەین (بەشداری کردن لە پرۆسەی چاکسازی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی وەك رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی)، ئالیەتی ئیش کردنی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دیاری کراوە، ئیتر ئەو مەفهومی موساهەمەو دەعم و موشارەکەش وازیح دەکاتەوە، پێموایە کاك محەمەد فەرەج باش شەرحی کرد، رەنگە ئیزافەی زیاتر هەڵنەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵامتان تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی وەڵامدانەوەی کاك تارق لەجێی خۆیەتی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێندرێتەوە، ئێمە لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٩ رۆژی چوار شەممە بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامداوە، لیژنەی یاسایی دوای تاووتوێ کردنی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات، هیچ سەرەنجێکمان نەبوو لەسەر پرۆژەکە، تەنها پشتگیری لێ دەکەین.

دوو/ ئێمە حەز دەکەین لێرە یەك خاڵ روون بکەینەوە، هەرچەندە کاك رەشاد باشی بۆ چوو، کە موساهەمە چیە؟ موساهەمە ئەوە نییە بڵێین یەکێتی پەرلەمانتاران لیژنە دادەمەزرێنێ، یاخود دەچێت سەردانی وەزارات، یان دەوائیر دەکات، نەخێر، موساهەمە لەوانەیە راوێژ، یان موقابەلە، لەوانەیە هەندێ جار تەنها بەشداری نەکردن لە گەندەڵی خۆی لەخۆیدا چارەسەر کردن بێت بۆ مەسەلەی گەندەڵی، هەندێك لە برادەران، نازناز خان باس ئەوەی کرد، کە موساهەمە بکرێتە هاوکاری، کاك تارق گوتی بکرێتە دەعم هەمووی موساهەمەیە، هاوکاریش موساهەمەیە، دەعمیش موساهەمەیە، واتا ئەگەر خۆی موساهەمە بمێنێتەوە، هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆرێت، ئێمە لێرە پرسیار دەکەین ئەوەی دەبینین لە هەرێمی کوردستان هەموو میدیاکان و رۆژنامەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەشداری دەکەن لە مەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی گەندەڵی بە موقابەلات، بە پێشنیارەکانیان، هەروەها هەموو رێکخراوەکانی ناحکومی، سەندیکاکان و هەتا هەندێك جار ئەشخاصیش هەیە، ئۆفیسی پەرلەمانی سلێمانی کوردستان چەند پرۆژەیەکیان بۆ ئێمە هێنا، هەندێك پرۆژەی یاسایی بوو، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەندەڵی، بەراستی زۆر زۆر سوودمان لێ وەرگرت، پێمان وابوو ئەو پرۆژانە خۆی لە خۆیدا ئەویش موساهەمە بووە، یەعنی بەشدارییەکی راستەوخۆیان نەکردووە، بەڵکو تەنها پێشنیاریان بۆ ئێمە ناردووە، ئەوە خۆشی موساهەمە بووە، ئێمە لێرە پرسیار دەکەین، یەعنی یەکێتی پەرلەمانتاران، کە پێشتر لە پۆستەکەیان خیبراتێکی زۆر زۆریان وەرگرتووە لەو بوارەدا، بەتایبەتی لە مەسەلەی یاسادانان، هەروەها عیلاقاتێکی فراوانیان هەیە لەگەڵ میدیاکان، لەگەڵ خەڵکانی یاساناس، لەگەڵ مونەزەمات، یەعنی ئێمە بۆ سوودیان لێ وەرنەگرین، بۆ ئەو

رێگایەیان پێ نەدەین، کە ئەوانیش بەشدار بن لە راوبۆچوونیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی گەندەڵی، بۆ نموونە یەکێتی پەرلەمانتاران پێشتر لەسەر چەندین یاسا، چەند پێشنیاری خۆیان بۆ ئێمە ناردووە، وەکو یاسای باری کەسی و چەندین یاسای تر، بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لەوانەیە لە پەرلەمانیش زۆر سوودمان لێ وەرگرتبێت، لەو مەسەلەیەش پێموایە باشتر وایە کە سوودیان لێ وەربگرین، جەنابی شێخ فەتاح حەز دەکەم لە رووی شەرعەوە وەلامی بدەمەوە، یەعنی لێرە بەبیری دەهێنمەوە کە موساهەمە واتای ئەوە نییە راستەوخۆ بەشدار بێت وەکو پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فان لم يستطيع فبلسانه فان لم يستطيع فبقلبه وذلك اضعف الايمان)، یەعنی تەنها ئەگەر بە دڵیش بێت ئەوە موساهەمەیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، ئێستا رەئیەکان وازیح بوو، چوار رەئی هەیە، چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز دەیانەوێت ئەو موساهەمەیە لابچێت و نەمێنێت، کۆمەڵێك هەیە دەیانەوێت بیکەنە دەعم لە جیاتی ئەمە، رەئیەکی تر هەیە دەڵێت وەکو رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەوە ئیزافە بکرێت، لیژنەی یاساییش رەئیەکەی لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا ئەوانەی کە دەڵێن لابچێت ئەسڵەن پێویست ناکات، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کە موساهەمەی تیا نەبێت، دەڵێن چونکە ئەمە رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنییە، خۆی تەحصیل حاصلە، ئیشەکە هەر دەکات، کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێش ئەوەی بدرێتە دەنگدانەوە بکرێت بە هاوکاری موساهەمە، باوەڕ ناکەم کەس موعارز بێت، چونکە هاوکاری و موساهەمە عەینی شتە، یەکسەر هیچ دەنگی ناوێ، ئەگەر هەموو رازی بن، پێموایە نەخرێتە دەنگ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نوقتەیەکی نیزامی وەجیهە، ئەگەر موساهەمە بکرێتە دەعم کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٣٧) دەنگ لەگەڵ ئەوەیە دەعم بێت، (٢٩)ش لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێت، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ بووە دەعم، زۆر سوپاس، تکایە ئێستا بخوێنەوە لە جیاتی موساهەمە بکرێتە دەعم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تضاف الفقرة تاسعا في المادة الثالثة في القسم الاول وتقرأ كالاتي:

(تاسعاً: دعم عملية الاصلاح ومكافحة الفساد).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەكوردیش كاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نۆیەم: پشتیوانی كردن لە پرۆسەی چاكسازی و نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

اولاً: تعدل الفقرة اولاً (١) من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

١- ان يكون من مواطني كوردستان او يمثل شعب كوردستان في احد البرلمانات.

ثانياً: تعدل الفقرة اولاً (٣) من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

٣- ان يكون عضواً عاما في مجلس النواب العراقي او كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق سنة ٢٠٠٣ ممثلاً عن شعب كوردستان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

یەكەم: لە بڕگەی یەكەم (١)ی ماددەی چوارەم هەموار دەكرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

١-هاووڵاتی كوردستان بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی كوردستان بكات لە یەكێ لە پەرلەمانەكاندا.

دووەم: لە بڕگەی یەكەم (٣)ی ماددەی چوارەم هەموار دەكرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

٣- ئەندامی كارا بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاخود كۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، یان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتیی عێراق ئەندام بوو بێت لە دوای رووخانی رژێمی لەناو چوو لە ساڵی ٢٠٠٣ كە نوێنەرایەتی گەلی كوردستان دەكەن. ئەگەر ئیزن بدەن روون كردنەوەیەك بكەم لەسەری.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو روون كردنەوەیەك لەبەرچی ئەم هەموار كردنە پێشنیار كراوە؟ خاڵی یەك/ هاووڵاتی كوردستانی بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی كوردستان بكات، بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە ئەزموونی هەموو ئەو ئەندام

پەرلەمانانە وەربگرین، کە لە غەیری کوردستانی عێراقیش ئەندام پەرلەمانن، بۆ نموونە لەوانەیە لە پەرلەمانەکانی ئەوروپا ئەندام پەرلەمانێکی کوردمان هەبێت سوود لە ئەزموونی ئەویش وەربگرین بەشێوەیەك لە شێوەکان.

خاڵەکەی تریش/ ئەندامی کارا بێت، ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراق لە یاسا کۆنەکەی باس نەکرا بوو، تەنها ئەنجومەنی نوێنەران باس کرا بوو و کۆمەڵەی نیشتمانی باس کرا بوو، ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراقیش ئەنجومەنێك بوو لە دوای رووخانی رژێم دروست بوو، ئەو ئەندامانەی کە لەو ئەنجومەنەش بوون ماڤی خۆیانە، کە ئەندام بن لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر بەشی یەکەم کە دەڵێت (ان یکون من مواطني كوردستان، او یمثل شعب كوردستان في احد البرلمانات)، تەبیعی خەڵك لە دەرەوە دێت بەڕاستی تەمسیلی خەڵکی کوردستان ناکات، ئەو کەسانەی کە دەبن بە ئەندام پەرلەمان، دەبێت لە یەکێك لەو حزبانەی ئەوێ ئیش بکەن، ئیتر مەسەلەن ئەگەر لە ئەمریکا بێت، یان ریپەبلەك بێت، یەعنی ناتوانیت تۆ بڵێی نوێنەری کوردستانم، دەمەوێت ببم بە عوزو لە پەرلەماندا، شتی وا نییە، لەبەر ئەوە ئەمە شتێکی واقیعی نییە، ئەو بەشە (ان یکون من مواطني كوردستان)، ئەوە کافیە، ئەوەی تر دەبێت لابدرێت، چونکە بەنیسبەت خاڵی دووەم/ ئێمە تەنها پەرلەمانتارێکی ترمان هەیە، کە بەناوی کوردستانەوە دەتوانێت بەشداری بکات، ئەویش پەرلەمانی عێراقیە، لە خاڵی دووەمدا ئەوەی تیایە، کەواتە لێرە ئەم یەکە زیادە لەوێ دەبێت لابرێت، چونکە کەس ناتوانێت وەکو مواتنی کوردستان ببێت بە عوزوی پەرلەمان لە هیچ پەرلەمانێکی تردا، ئیلا ئەگەر ئەندامی ئەو حزبە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ قسەکانی کاك زانام، هی ئەو راست بوو، من لەگەڵ ماددەکەم، بەس ئەگەر تەعدیلێکی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لەو پرۆسە بەرچاو روونی هەبێت، لە کۆتایی ماددەکە زیاد بکرێت، لە پەرلەمانەکانی کوردستانی عێراقدا، یاخود لە هەر شوێنێکی دیکە بێت، مەقصەدم پەرلەمانی کوردستانیەکانی دیکەیە بەڕاستیەکەی، چونکە ئەگەر ئیزافەیەك هەبێت لەوێ، بۆ ئەوەی بەرچاو روونیەك هەبێت لەنێوان

کوردستانی عێراق و لە هەر پەرلەمانێکی دیکە، مەقصەدمان پەرلەمانی کوردستانەکانی دیکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریبەن ئەوەی کاک شێخ باسی کرد، بەڵام من ئەو پێشنیارەم هەیە کە بکرێت بەو شێوەیە (هاووڵاتی کوردستان بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لە یەکێ لە خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانەکان)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم لە فەقەرەی یەکەم منیش هەر لەگەڵ ئەوەمە (ان یکون من مواطني كوردستان) دانیشتوانی کوردستان، (او يمثل شعب كوردستان في احد البرلمانات) نازانم ئەوروپا قەت نوێنەری ئێمەی نییە، مەبەست شوێنی ترە، پێموایە ئەو مەشروعەی کە دادەنێین بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ کوردستانی عێراقیشدا، لەبەر ئەوە من ئەوەی بە زیاد دەزانم، پێم باشە ئەوە ڕەش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پرسیارێکە تەقریبەن لە لیژنەی یاسایی، من جیاوازییەکی ئەوتۆی نابینم لەنێوان ئەسڵی ماددەی تەعدیل کراو، لەگەڵ ئەو ماددەی ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، یاسای پەرلەمانتارانی کوردستان، چونکە لە ئەسڵی یاساکە دەڵێت هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، تەبعەن لە فەقەرەی (ا- هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، یان نوێنەرایەتی هەرێم بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە) لەوەی تەعدیلیش کراوە دەڵێت (ان يكون من مواطني كوردستان، او يمثل شعب كوردستان في احدى البرلمانات)، فەرقەکەی نازانم، شتێکی وا نازانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم برگەیە لەگەڵ برگەی یەکەمی یاساکەدا جیاوازی زۆرە، ئەسڵەن پێویست بەم تەعدیلە ناکات، ئەگەر ئەم تەعدیلە بکەین بەمەی کە ئێستا هاتووە، ئەوەلەن/ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە هاتووە لە ولآتانی ئەوروپیدا ئەندام پەرلەمانن وەکو کاك جەمالیش ئاماژەی پێدا، ئەوانە نوێنەری کوردستان نین، نوێنەری حزبەکانی خۆیانن، ئەگەر مەبەستمان دراوسێیەکانمان بێت تورکیاو ئێران، ئەو وەختی دەبێتە تەدەخول لە ئیش و کاری ئەوان، ئێمە هیچ نابێت یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی عێراق لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانانە، ڕێزێکی تایبەتیمان بۆیان هەیە، کە بەڕاستی خزمەتی کوردو کوردستان دەکەن و دیفاع لە بەرژوەندیە بالآکانی گەلی کوردستان دەکەن، بەلآم ئەوان ناتوانن، یان یاسا ڕێگا بە ئێمە نادات ئێمە ئەوان بکەین بە ئەندامی خۆمان، بۆیە هەر ئەوەی لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، ئەوەیان دروستترە، ئەمەیان زیادە، من پێموایە ئەم برگەیە لابدرێت باشترە، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالاتی یاساییمان نەکاتەوە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێموایە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی تر لە پەرلەمانەکانی تری دەرەوەی کوردستانن، هەروەکو برادەرەکانم باسیان لەسەر کرد، ئەوان بتوانن دیفاع لە بەرژەوەندی بالآکانی کورد بکەن، چونکە بەناوی حزبەکانی خۆیانەوە لەوێ ئەندامی پەرلەمانن، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە لە ئەهداف و ئامانجەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان گەیاندنی خزمەتە بەسەر کوردستان، ئەوان ناتوانن ئەو خزمەتە، ئەو هەدەفە بەجێ بگەیەنن، هەروەها هەمیشە ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی فیدرالیە، ئەوە بۆ دەوڵەتێکی موستەقیلی دەتوانرێت، کە ئیتیحادێکی پەرلەماناتی عالەمی دروست بکرێت وەکو ئیتیحاداتی پەرلەماناتی عەرەب و هەموو دەوڵەتە عەرەبە سەربەخۆیەکانی دیکە، لەبەر ئەوە داوای لابردنی ئەو فەقەرەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران باسیان کرد هەمان ڕەئیم هەیە، بە حەقیقەت ئەوەی لە فەقەرەی یەك باس دەکرێت، پێموایە تەحصیل حاصلە (ان یکون من مواطني کوردستان، او یمثل) یەعنی من نازانم دارشتنی ئەو برگانە، ئەو

قانونـه چۆن چۆنى بـووه؟ مـن لەگـەڵ ڕەئـى بـرادەرانم پێموایـە ئـەوەیان لابـچێت باشـترە، چـونكە ئـەوەی ئەنـدامی پەرلەمانـە، ئەنـدامی پەرلەمانـە، ئـەی مومەسـیلەكە كامیانـە؟ لـە بـەینی ئەنـدام پەرلـەمان و مومەسیل، نازانم فەرقێك هەیە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەو ڕەئیەی كاك جەمال قاسمم، كە دەڵێت ناكرێت بگوترێت (او يمثل شعب كوردستان) دەكرێت بەو شێوەیە بێت، بڕگەكە بەم شێوەیەی لێ بێت (ان يكون اصلا من مواطني كوردستان وعضواً منتخباً في احدى البرلمانات)، یەعنی نەگوترێت (يمثل شعب كوردستان)، چونكە شەرت نییە مومەسیلی گەلی كوردستان بێت، ئەگەر مەبەستەكە ئەوە بێت، ئەوەی كاك زانا ئاماژەی پێداو ڕوونی كردەوە.

ئـەوەی دووەم/ مـن لەگـەڵ ئـەوەدام بـەو شێوەیە نەیـەت، شێوەكەی زۆر ڕەكیكـە، دەڵێـت (ان يكـون عـضواً عاملاً) مانای چیە عوزوا عامیلەن؟ هەر بگوترێت (عضواً منتخباً في احدى البرلمانات).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایە جارێ تەنیا فەقەرەی یەكەم.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ، من لە فەقەرەی یەكەم شەرحی خۆمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤيان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی من كران، من هاوڕام لەگەڵ قسەكانی كاك عومەرو دكتۆر ناصح، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤيان سليمان حاجي بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی منیش گوترا، بەڵام لێرە یەكێتی پەرلەمانتاران بەنووسراوێك داوایان كردووە، كە ماددەیـەكی تـر بۆی ئیزافە بكرێت، من پشتگیری خۆم بۆ ئـەو ماددەیـە دەردەبـڕم، داواكارم ئـەم ماددەیـە بەرچـاو بگـرن،

دەڵێت ئەو فەقەرەیەش ئیزافە بکرێت لە یاسای ئەندامیەتی (لایجوز ملاحقة العضو او القاء القبض علیە دون اذن).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لەسەر ئەو نوقتەیە دەرمەچوو، ئەوە تەواو بووین، پاشان، مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(او یمثل شعب کوردستان في احدی البرلمانات)، ئەوە غەڵەتێکی زۆر فەزاعەیە، یەعنی دیارە (او یمثل شعب کوردستان في احدی البرلمانات)، (احدی)ەکەش غەڵەتە (احدی)یە (في احد البرلمانات)، یەعنی لێرە تەمسیلی ئەویٚ ئەوە نابێت، دوو شتی زۆر لێك دوورن، دوایێ لە پاشان هەیە زۆر لە ئەوە تێگەیشتووە کە ئەوەی کە موساهەمە دەکات، وادەزانی یەعنی دێ لێرە دادەنیشێت، یان دەچێت لە حکومەت دادەنیشێت موساهەمەی دەکات، شتەکە وا نییە، موساهەمە وەکو کاك بارزان گوتی لەوانەیە لە مەعلوماتێك بێت، هەتا راپۆرتێك و تەقریرێکی گەورە تەقدیم دەکات، مانای وایە ئەگەر هەتا یەکێك کە لە پەرلەمانی دەرەوە عوزو بێتن، تەنیا لەو سەندیکایە عوزو بێت، تەئسیری لەسەر صنعەتی قەرارات نییە، یەعنی تەنیا عوزوێکە لەو سەندیکایەو تەواو زیاتر نا، ئیستیفادەی لێ دەکرێتن، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئیحسان نامێدی فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئی برادەرانم، کاك جەمال و کاك دکتۆر ناصح و برادەرانی ترم، دەبێت وازیح بێت، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە کوردستان و لە عێراقیش لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە شتەکە وازیح بێتن، لە سنووری دەسەڵاتی خۆی بەپێی دەستووری عێراق و بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەپێی سیاسەتی هەرێمی کوردستان شتەکە دیارو وازیح بێت، خۆیان تووشی مەشاکیل نەکەن لەگەڵ لایەنێکی دیکە، لەبەر ئەوە لە برگەی یەکەم دەبێت بڵێتن (هاووڵاتی کوردستان لە عێراق بێتن)، ئەوە دەبێت وازیح بێتن، پەرلەمانی ئێمە یەعنی یەکێتی پەرلەمانتارانی ئێمە لەدوای خەڵکی دەبێتە ئەندام، کە خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت.

دووەم/ یان نوێنەرایەتی کوردستان بکات، بە تەسەوری من موحەدەد لە پەرلەمانی کوردستان، یان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەعنی دەبێت شتەکە مەحدود بێت، چونکە ئێمە بە حەقیقەت پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانێکی شەرعیەو خەڵکێك دەبێتە ئەندام کە نوێنەری خەڵکی کوردستانە، هەروەها لە عێراقی تازەدا، عێراقی دیموکراتی، فیدراڵ نوێنەری خەڵکی کوردستان، لەوێ دەبنە ئەندام، بەلاّم لە دەوڵەتانی دەوروبەر تورکیایە، یان ئێرانە، هەتا لە ئەوروپا، ئەوانە دەبنە ئەندامی پەرلەمان، هەر یەك

بەرنامەی خۆی دەبێت، ڕێگەی خۆی هەیە، ناگونجێت ئەسڵەن لەگەڵ سیاسەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئارمانجی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانی عێراق، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من دەبێت شتەکە تەحدید بکرێت، یەکەم/ هاوولاتی کوردستانی عێراق بێت.

دووەمیش/ لە یەك لە پەرلەمانی کوردستان، یان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کار بکات، لە فەقەرەی دیکەش، دەبێت کەلیمەی عێراق زیاد بکرێت، کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان – عێراق پێوە بێت، بۆ ئەوەی شتەکە مەحدود بێتن، تووشی مەشاکیل نەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین، مەفروز وایە لە یاسایەکەدا سنووری دەسەڵاتی پەرلەمانتارانی کوردستان دیاری بکرێت، یەعنی سنووری کار کردنمان چییە؟

خاڵی دووەم/ ڕەنگە خەڵکی کورد هەیە پەرلەمانتارە لە دنیا، بەڵام ئایا نوێنەرایەتی شەعبی ئێمە دەکات؟ مەسەلەن لەسەر لیستی حزبێکی بیانی ئەندامی پەرلەمانە، نەك کوردو کوردستان، تەبعەن لەسەر لیستی حزبێکە بۆتە ئەندام پەرلەمان لەو ولاتەی خۆی تیایدا دەژی.

خاڵێکی تر، ڕاستە پەرلەمانتارانی کورد هەیە لە ولاتانی دراوسێیەکانمان، بەڵام چۆن ئێمە دەتوانین بیانکەینە ئەندامی یەکێتی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی تەداخولی ئیش و کاری تێدایە، بۆیە حەقە ئێمە سنووری کاری پەرلەمانتاری خۆمان دیاری بکەین، ئەو کەسانەی کە لە کوردستاندا دەژین و نوێنەرایەتی شەعبی کوردستان دەکەن، حەقی ئەوەیان هەیە ئەندامی سەندیکای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بن، من لەگەڵ ئەوەمە ئەو بڕگەیە نەمێنێت، زیادە ڕەش بکرێتەوەو هیچ موشکیلە نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی ڕەئیەکەی کاك جەمال دەکەم و ئەندامانی پەرلەمان، ئەو کوردانەی کە لە دەرەوە دەبنە ئەندامی پەرلەمان، هاوولاتی ئەو ولاتانە قانونیەن و لەلایەن جەماوەری ئەو ولاتە هەڵدەبژێرن، تەنها بە ڕەگەز کورد بن کە تەمسیلی کوردستان دەکەن و نوێنەری شەعبی کوردن لەوێ، دەنا وەکو من و تۆ کە کوردین کە مەجالێك بێت، قەزیەی کورد بێتە پێش، یان کێشەیەك قسەیەکی بکەن، لەبەر ئەوە هیچ

قانونێك و مەجالێك نییە، ئێمە ئەوانە وەكو ئەندام پەرلەمانێك، وەكو ئەندامی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان قبول بكەین.

دوو/ ئەوەی كاك عوسمان باسی كرد حەساسیەتێك هەیە، ئەو ماددەیە زۆر غامیزە، تێكەڵاوە، وازیح نییە، ئێمە ناوی كوردستان دێنین، ئایا كوردستانی گەورە؟ یان كوردستانی عێراق؟ ئێمە كە دەڵێین كوردستان، یەعنی كوردستانی گەورە، ئێمە لە ئێران، لە توركیا، چەند ئەندام پەرلەمانی كوردمان هەیە، ئایا ئێمە دەتوانین ئەو ئەندام پەرلەمانە بكەینە ئەندام پەرلەمان لە یەكێتی نیشتمانی، نیشان نەدراوە لە ماددەكە، لەبەر ئەوە تێكەڵاویەكی زۆری تێدا دەبێت، ئەگەر مەبەستمان سوود وەرگرتن بێت لە ئەزموونی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دەرەوە، كە كوردن دەتوانین دەعوەتیان بكەین بێن ئەو ئەزموونانەی خۆیان لە پەرلەمان بۆمان باس بكەن، بە سەعاتێك، یان دوو سەعات موحازەرەمان بۆ بدەن و مەعلوماتمان پێ بدەن، بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی ئێمە بیری لێ دەكەینەوە لەو ماددەی كە هاتووە، چونكە كۆمەڵێك مەشاكیل تووشی خۆمان دەكەین، لەگەڵ ئەوەمە كە تەنها ئەوەمان نیشان بدەن ئێمە سەندیكای پەرلەمانتارانی كوردستانی عێراقین، ئەو كوردانەی عێراق لە زیمنی چوارچێوەی نەخشەی عێراق كار دەكەن، چ لەو سێ قۆناغەی پەرلەمان و ئەنجومەن و حوكمی موەقەتی عێراق ئیشیان كردووە، چ لە ئەندامانی پەرلەمانی پێشووی ئێمە تەنها ئەوە بگرێتەوە، تەجاوز نەكرێت، چونكە زروفی سیاسیمان دەبێت تەقدیر بكرێت، زروفی دەروروپشتمان دەبێت تەقدیر بكرێت، كۆمەڵێك مەشاكیل تووشی خۆمان دەكەین، بۆیە بە هیچ شێوەیەك من لەگەڵ ئەوە نیمە، كە بە غامزی بێت، یان تەحدیدی بكەن كە ئەو ماددەیەی من گۆتم، تەنها لە سنووری عێراق و كوردستان، یان ئەو ماددەیە لە ئەسڵەن هەر نەمێنێت، چونكە زەرەری تێدایەو غموزەتی تێدایە، مومكینە هەزارو یەك تەفسیری خراپیشی تێدا بۆ بكرێت، لەگەڵ رێزم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەرێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بیرو بۆچوونەكانی كاك جەمال قاسم دەكەم، بەراستی ئەوانەی لە ولآتانی تردا هەڵدەبژێرن نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان ناكەن، بەڵكو نوێنەرایەتی خەڵكی ئەو ولآتە دەكەن كە دەنگیان بۆ دەدەن، بۆیە ئەگەر ئەمە بمێنێتەوە ئێمە بمانەوێت ئەو دەرگایە بكەینەوەو سوود لە توانای ئەو كەسانە وەربگرین، دەبێت بەو شێوەیە دابرێژرێتەوە: (هاوولآتی هەرێمی كوردستان بێت، ئەندام بوو بێت لە یەكێ لە پەرلەمانەكاندا)، بەو شێوەیە ئێمە دەتوانین سوود لە تواناو ئیمكانیاتی ئەوانە وەربگرین، سوود لە ئەزموونەكانیان وەربگرین لە هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە زیاد کردنی دوو وشە کێشەکە لێرە حەل دەبێت، (هاوولاتی هەرێمی کوردستان – عێراق بێت، یان نوێنەرایەتی گەلی هەرێمی کوردستان – عێراق بکات لە یەکێ لە پەرلەمانەکاندا)، ئەو کاتە تەحصیل حاصلە، هەر ئەو دوو پەرلەمانەی هەولێرو بەغدا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من ئەوە دەڵێم ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، پێویستە بەناوی تموحەوە، یان ئەو هەستەی لەناخی هەر تاکێك لە ئێمەدا هەیە، یاسایەك دانەنێین کە پێچەوانەی دەستوور بێت، یان لە دەسەلاتی خۆماندا دەربچێت و کە دواتر کێشەمان بۆ دروست دەکات، لەبەر ئەوە بەگوێرەی پێوەرەکان و یاسای کەسانێك دەتوانن ئەندام بن لەم یەکێتیە، کە ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بوو بن، یان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە من تکا دەکەم ئەو بابەتانەی کە ئیستیفزازین، یان پێچەوانەی دەستوورو یاسان، ئێمە ڕێگەی پێ نەدەین لەم پەرلەمانە بڕیاری لەبارەوە پێ بدرێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەم دەقە نیم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، قسەکانم کران.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئی و بۆچوونی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانتان بۆ دەرچوو، ئەگەر لەگەڵ ئەوەبن، تکایە ڕەئیتان بدەن.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بۆ وەلامدانەوەی بەڕێز کاك جەمال قاسم و کاك جەعفەرو کاك دکتۆر دلێر زائیدەن بەشێك لە قسەکانی ئەندامانی تر لە صیغەی کۆنی یاسایەکە، یاخود لە ئەسڵی یاسایەکە لەگەڵ پێشنیارەکە لە هەردوولا ڕێگا بەو ئەندام پەرلەمانانە نادرێت، ئەوانەی چ لە ئەوروپان، یاخود لە ئەمریکان، یاخود لە هەر شوێنێکی تر بن، ئەگەر تەمسیل و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان نەکات لەو پەرلەمانە نابنە ئەندام لە

یەکێتی پەرلەمانتاران، چونکە نەصی قانونە ئەسڵەکە دەڵێت (من مواطني كوردستان او من مثل الاقليم في البرلمانات المشمولة بهذا القانون)، ئەوەی ئێستا پێشنیار کراوە دەڵێت (ان يكون من مواطني كوردستان، او يمثل شعب كوردستان)، کەواتە ئەگەر لەوێش بێت، ئەگەر نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەوێ وەردەگیرێت لێرە، ئەگەر نوێنەرایەتی گەلی کوردستان نەکات وەرناگیرێتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەوە دەڵێت ئەسڵی قانونەکە (او من يمثل الاقليم في البرلمانات المشمولة) یەعنی لە پەرلەمانی ئیتیحادی ئەوانەی نوێنەری هەرێمن، ئەوانە شمول دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لێرە روون کردنەوەیەك بدەم، هەدەف و ئامانج چیە لەو گۆڕانکاریەی بەسەریدا هاتووە؟ لە ئەسڵی قانون دەڵێت (من مثل الاقليم في البرلمانات المشمولة بهذا القانون) لەو قانونە لە برگەکانی دوو و سێ کە لە پاشی دێت خوردی دەکاتەوە، دەڵێت (عضواً عاملاً في دورات المجلس الوطني)، لە ماددەی سێ (مجلس النواب، الجمعية الوطنية) حەصری کردووە بەوەی، ئێستا ئەو صیغەی کە هاتووە زۆر فراوانترە،

یەك/ دەڵێت (من مثل شعب كوردستان) نەیگوتووە ئیقلیمی کوردستانی عێراق.

دوو/ ئەگەر روخصەتم بدەن، گوتی (البرلمانات) واتە لێرە رێگە دەدات بە ئەندامانی پەرلەمانی کورد ئەوەی لە دەوڵەتەکانی تری ئیقلیمە، ئەوانیش ببن بە ئەندام لەو پەرلەمانە.

بەڕێز کاك عوسمان بانی مارانی، دەڵێت ئەگەر سنوورێك دابنرێت بۆ یەکێتی پەرلەمانتاران، یاخود ئیش و کارەکانیان، لە ماددەی سێ لە هەشت فەقەرە ئەو سنوورە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وازیحە مەبەست لە هەموار کردنەکە چیە، بەڵام ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان وایە ناگونجێت، ئەوە دوا رەئی رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، ئێمە ویستمان لەرێی رێکخراوێکی ناحکومیەوە دەرگایەك بکەینەوە بۆ تەواصول لەنێوان یەك نەتەوە، بتوانن سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا دەخەینە دەنگدانەوە، هیچ موناقەشەی تر نەما، هەموو بەسەرڕاحەت قسەتان کرد، زۆر لەو بەڕێزانە داوایان کرد کە ئەو تەعدیلە نەکرێت، وەکو خۆی لە ئەسڵی ماددەکە بمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو ئەسڵی ماددەکە بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ ماددەی دوو وەکو ئەسڵەکە بمێنێتەوە (يشترط لعضو هيئة الاتحاد ان يكون:

١- من مواطني اقليم كوردستان، او من مثل الاقليم في البرلمانات المشمولة بهذا القانون).

بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو تەعدیلە نەکرێت، دوایی دێینە سەر خاڵەکانی تر کاک عوسمان، ئەوەلەن کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو تەعدیلە نەکرێتن دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی قانونی وەرنەگیرێت، یەعنی تەعدیلەکە نەکرێتن، دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٤٢) لەگەڵ ئەوەیە لابچێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەعدیلەکە وەکو لیژنەی یاسایی کردوویەتی بمێنێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٨) دەنگ لەگەڵە، زۆر سوپاس، تەعدیلەکە رەفز کرایەوە، تکایە لیژنەی یاسایی فەقەرەی دووەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیاً: تعدل الفقرة الاولى (اولاً- ٣) من المادة الرابعة وتقرأ كالاتي:

٣- ان يكون عضواً عاملاً في المجلس العراقي، او كان عضواً في الجمعية العراقية والمجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط نظام السابق سنة ٢٠٠٣ ممثلاً عن شعب كوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم: برگەی یەکەم (سێ)ی ماددەی چوارەم هەموار دەکرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە: (٣- ئەندامی کارا بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاخود لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، یان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتی عێراق ئەندام بوو بێت لە دوای رووخانی رژێمی لەناوچوو لە ساڵی ٢٠٠٣، کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئەم برگەیەشمان وەلاناوە، لەبەر ئەوەی دەنگدانەکە بۆ هەموو ماددەکە بوو، کە ماددەکە وەك خۆی بمێنێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نەخێر کاک کەریم بەس بۆ ئەوە بوو ئەو تەعدیلەی فەقەرەی یەك لابچێتن، دەنگتاندا بۆ ئەوەی لابچێت، ئێستا تەعدیلی فەقەرەی دوو، موناقەشە لەسەر ئەوەیە، تکایە لە نەصەکە دەرمەچوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو بڕگەیەدا دەڵێت (عضواً عاملاً)، من پێموایە ماددەكە بەشێوەیەكی تر دابڕێژێتەوە:

ئەوەلەن (ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی ئەنجومەن ئەندامە، چ كارا بێت) نازانم كارای و ناكارای تێدا نییە، عامیل و غەیر عامیلی تیا نییە، ئیتر هەمووی هەر عامیلە، من پێموایە بگوترێت (ان یكون عضواً منتخباً في احدى الدورات البرلمانية في العراق بعد سقوط النظام السابق عام ٢٠٠٣ ومثلاً عن شعب كوردستان)، یەعنی بەو شێوەیەی لێ بێت: (ان یكون ممثلاً عن شعب كوردستان وعضواً منتخباً في احدى الدورات البرلمانية في العراق بعد سقوط النظام السابق عام ٢٠٠٣)، پێموایە ئیكتیفای پێ بكەین بەو شێوەیە زۆر زۆر رێكترە لەوەی كە هاتووە لە بڕگەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

خاتوو گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدين محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هاوڕام لەگەڵ كاك كەریم، بەتایبەتی پێشنیار دەكەم ئەو وشەی كارایە لابدرێت، چونكە ئەندامی پەرلەمان، هەموو ئەندامێكی پەرلەمان دەتوانێت بێت ببێت بە عوزو لەو سەندیكایە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەكەم ئەو كارایە لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگەش وەكو بڕگەكەی دیكە لەسەر ئەسڵەكەی بمێنێتەوە، چونكە من پێموایە شێوازەكەی زۆر خۆش نەهاتووە، (ان یكون عضواً عاملاً) پرسیار دەكەم لەو بەڕێزانەی كە تەعدیلیان كردووە، ئەی ئەگەر عامیل نەبوو، بۆ خۆی هەر دابنیشێت؟ بیانگوتبا فەعال قەیدی ناكات، بەڵام عوزوەن عامیلەن، نازانم چۆن چۆنیە؟ بۆیە داوا دەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەڤ یاسایە ژی تە عامیل و ژی تەقاعودی هەردووكی دەگریت، جا ئەمبێژین (ان یكون عضواً عاملاً او متقاعداً في مجلس النواب..............)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران باسیان لەسەر عوزوی عامیل کرد، فیعلەن تەحصیل حاصله عوزوی عوزو هەیه له پەرلەمان، ئیتر عامیل مونتەخیب هەر عوزوە، عوزوی پەرلەمانـه، بـەڵام مـن پێموایـه عـوزوی مەجلیسی عامیلەکەی لێ بکرێتـەوە، هـەر بکرێت بـه (عـضو في مجلس النـواب العراقـي او كـان عـضواً في الجمعيـة الوطنيـة العراقيـة، مجلس الوطني العراقي بعد سقوط النظام الـدكتاتوري)، هـەر ئـەوە کافیـەو عامیلەکەی لێ بکرێتـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك محەمەد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە عوزوی عامیل لابرێت، چونکە ئێمە عـوزوی فـەخریمان نییـه لـه هـیچ پەرلەمانێك، له بڕگەی دووەمی مونتەخەب زەرور نییە، بەڕاستی عـوزوێکی فـەخری، یـان عـوزوی شـەرەف له پەرلەمانەکان نییە، له ئاخیری بڕگەکەش (ممثل عن شعب كوردستان) یـان عێراقـی لەگـەڵ بـدەین، یـان مومەسیلی شـەعبی کوردسـتان ڕەت بکرێتـەوەو ئیکتیفـا بـه دوای (بعـد سـقوط النظـام الـسابق سـنة ٢٠٠٣) بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە تێبینیەکم هەیە، تەبیعی مەرج نییە هەموو ئەنـدامێکی ئەنجومـەنی عێراقی بتوانێت ببێت بـه ئەندام لەمە، دەبێت کوردستانی بێت، کەواتـه مـن ئیقتیراحێکم هەیـە (ان يكـون مـن مـواطني كوردسـتان عضواً في مجلس النواب العراقي او عضواً في الجمعية العراقيـة او مجلس الـوطني العراقـي المؤقت بعـد سـقوط النظام السابق سنة ٢٠٠٣)، یەعنی ئەوەمان لەبیر نەچێت ئەو هەموو ئەندامی عێراقیـه خـۆ خـەڵکی بەسـرە چۆن دەکرێت مەسەلەن بە عوزوی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمـه تەحدیـدی بکـەین، کـه خـەڵکی کوردستانن و عێراق ئەندامی پەرلەمانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وشەی کاراوە لەگەڵ ئەوەمە لابرێت، چونکە بەڕاستی ئایا ئەوانەی ئێستا ئەندامن لە سەندیکایەکە بە کارایی هەڵبژێردراون، ئەو پێوەرانە چین بۆ کارایی کردن، پێوەرەکانیان بۆ حیساب کراوە بەوە، تا بۆ کەسانی تریش ئەو پێوەرە بەکار بهێنرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی وشەی کارا لە جێی خۆی نییە، بەنیسبەت ئەو کەسانەی لە ئەنجومەنەکاندا بن، بە رەئی من لێرە تەواوی کردووە لە کۆتاییەکەی کە دەڵێت نوێنەرانی گەلی کوردستان بکەن، ئەگەر صیغەکە ئەو وشەیە بخرێتە پێشەوە، ئەو بەشەی کە لە ئەخیرەوە نووسراوە نوێنەرایەتی گەلی کورستان دەکەن دەخرێتەوە پێشەوە، یان تەرتیبب بکرێتەوە لەگەڵ رستەی یەکەمداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوۆزی هەر دگەل ئەڤە (ان یکون عضواً عاملاً) ئەو عاملە نەمێنێت، ئەگەر شەرحێك بۆ ئێمە بدەن باشە، یەعنی قەصدی ئەوان چیە عامیلە، چونکە هەمی ئەندام.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەم برگەیە بەم شێوەیە بێت: (ان یکون عضواً في احدى دورات مجلس النواب العراقي ومن مواطني اقلیم کوردستان العراق، او في الجمعیة العراقیة والمجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق سنة٢٠٠٣ ممثلاً عن شعب کوردستان)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، یەعنی عامیلەکە نەمێنێت، بەڵێ سوپاس، کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پێ دەچێت ئەو کارایان لەبەر ئەوە هێنا بێت مەبەستیان لەوەی کە ئێستا ئەندام پەرلەمانن، ئەوانەی کە خانەنیشینن، لەڕاستیدا ئەوە کافیە، کە بکرێت ئەندامی کارا بێت ئەوە لەلایەك، بەڵام ئەمە بۆ خۆی کۆمەڵێك ئەشکالی تیا ئەبێت، ئەشکال هەڵگرە، چونکە لەڕاستیدا بەشداری کردن لە رێکخراو و سەندیکاکاندا ئارەزومەندانەیە، ئەمە بە یاسا فەرزی دەکات بەسەر هەموو ئەندامێکدا، کە ببێت بە ئەندام،

بەلاّم لەویّ ئەمە ریّکخراویّکی دیموکراتی و ریّکخراوی کۆمەلّگای مەدەنییە، ریّکخراوی کۆمەلّگای مەدەنی و دیموکراتیش ئارەزوومەندانەیە، دەکریّت کەسیّك نەبیّت لەویّ بچیّت ئیش بکات و خۆی بە ئەندام دابنیّت، سوپاس.

**بەریّز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دلیّر محەمەد شەریف فەرموو.

**بەریّز دلیّر محمد شریف:**

**بەریّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتم ئەم برگەیە لەجیّی خۆی هاتووە، بەلاّم کاراکە زەرورەتیّك نییە، لیّرە هەم رابردوو و هەم رانەبردووی تیایە، هەم شمولی ئەم ئەندامانە دەکات کە ئیّستا ئیش دەکەن لە پەرلەمان، هەم ئەوانەش کە لە رابردوودا بەناو تەحدیدی کردووە، کە لە سالاّنی پیّشووتر ئەندام بوونە، من پیّموایە ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی بەو هاوولاّتی کوردەوە هەیە کە نویّنەرایەتی خەلّکی کوردستان دەکات، ئینجا ئەو هاوولاّتیە کوردە مەرج نییە، ئیحتیمالە لە بەسرە دابنیشیّت، بەلاّم نویّنەرایەتی خەلّکی کوردستان دەکات لە پەرلەمانی عیّراقی، چونکە هاوولاّتی کوردی کەواتە رابیتەی خاکەو رابردوو، ئەوەی خەلّکی ئیّرەیە لە ئەسلّدا، بەلاّم ئیّستا حالیەن لە بەسرە دانیشتووە، بەس لەو ئینتیخابە نویّنەرایەتی خەلّکی کوردستانی کردووە، بۆ نموونە لە پەرلەمانی بەغدا، وەکو ئەندامیّکی پەرلەمانی بەغدا لەوییە، بەلاّم لە لیستی پەرلەمانی کوردستانیە، کەواتە لە ئاخیریدا نویّنەرایەتی خەلّکی کوردستان دەکات، لەوانە دیفاع لە بەرژەوەندی خەلّکی کوردستان دەکات، ئینجا مەرج نییە کوردیش بیّت ئەوە، ئیّمە لە هاوولاّتی کوردستانی دەلّیین، کوردستانی نالّیین کورد، لەبەر ئەوە هەموو نەتەوەکان دەگریّتەوە عەرەب و کوردو تورکمان و مەسیحیش دەگریّتەوە، لەو حالّەتەدا کە نویّنەرایەتی خەلّکی کوردستان دەکەن بە مفهومە عامەکەی، سوپاستان دەکەم.

**بەریّز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر دلیّر فەرموو.

**بەریّز د.دلیّر اسماعیل حقی شاویّس:**

**بەریّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بیرو بۆچوونەکانی کاك دلیّر دەکەم، جگە لەوە من قسەم هەیە بەراستی لەسەر رژیّمی لەناوچوو، ئەگەر ئیّمە رژیّم بە دەم و چاو تیّگەین، بەراستی کۆمەلّە دەموچاویّك لەناوچووە، ئەگەر رژیّمیش بە هەلّسوکەوت و بە یاساو بە رەفتار دەزانین، من پیّموا بیّت ئەم وشەیە لە جیّی خۆی نییە، ئەو رژیّمە وەکو پیّویست لەناو نەچووەو بەکارهیّنانی ئەو زاراوەیە لە رووی سیاسیەوە راست نییە، پیّشنیاز ئەوەیە ئەمە بکریّت بە رووخانی رژیّمی بەعس لە سالّی ٢٠٠٣، یان رژیّمی عیّراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك خضر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کرا دەربارەی کەلیمەی زیادەی وشەی کارا بوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لەبەر ئەوەی نیصاب بۆ دەنگدان کامل نییە، ئینتیزار دەکەین تا ئەو بەڕێزانەی لە دەرەوەن بێنە ژوورەوە، ئەو کاتە لیژنەی یاسا رەئی خۆیان دەدەن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان کارا مەبەستمان ئەوە بووە، ئەوانەی ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانن، ئەگەر بگۆڕێت بە وشەیەکی تر ماناکەی باشتر بێت، یان ئەگەر نەمێنێت وشەکە لەو شوێنە نەمێنێت تەواو ئەندام بێت لە نوێنەرانی عێراق، یان وەکو ئەو شێوازەی کاك محەمەد رەفعەت تەرحی کرد (ان یکون عضواً في احدی الدورات مجلس النواب) ئەو دەورەیەو دەورەکانی دواتریش دەگرێتەوە، مەسەلەیەك نییەو دەگونجێت.

بەنیسبەت کاك جوتیار فەرمووی، ئەوە وەکو بڵێی فەرزی ئەندامیەتییە، لەو ڕێکخراوانەش ئەندامیەتی خۆبەخشانەیە، نەخێر فەرز کردن نییە، ئەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەندامیەتی، کەسێك کە دێت پێشکەش دەکات ببێت بە ئەندام لەم یەکێتیە، تەماشای مەرجەکانی دەکەیت، بەپێی مەرجەکە دەیگرێتەوە، یان نایگرێتەوە، ئەوە بۆ ئەوە نییە، کە فەرز بکرێت هەرچی ئەندام بێت لەوێ، بەپێی قانون ئەندامە لەم یەکێتیە، نەخێر وانییە، بە دەلیلی ئەوەی ئێستا هەبێت ناسنامەی وەرنەگرتبێت ببێتە ئەندام پەرلەمان لە یەکێتی پەرلەمانتاران و مەسەلەك نییە، مافێکە بەکاری دەهێنێت تەواو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

پێشنیارێکی کاك کەریم بەحری هاتووە، بۆ لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران گوێیان لێ بێت.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(٢- يكون ممثلاً عن شعب اقليم كوردستان ومنتخباً في احدى الدورات البرلمانية في العراق بعد سقوط النظام السابق عام ٢٠٠٣)، ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، چونكە زۆر فراوانترە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

یەك ئەندام كەمە، كەی هات ئینجا نیصاب تەواو دەبێت، لیژنەی یاسایی پێی وایە پێشنیارێكیان هەیە، بەس نوێیە تكایە گوێی لێ بگرن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەست لەم هەموار كردنە تەنها زیاد كردنی ئەو ئەنجومەنە كاتیە بوو، كە لە یاساكەدا نەبوو، ئێستا تەنها ئەمە ئیزافە بكرێت، هیچ كێشەیەكمان نییە، وشەی كارا هەبێت، یان نەبێت، دەتوانین لە دەقە كۆنەكەی وەكو خۆی بێتەوە، تەنها ئەو ئەنجومەنەی زیاد بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەصەكە بەم شێوەیە (عضو يعمل في مجلس النواب العراقي او كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق سنة ٢٠٠٣).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

بەكوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەندام بێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان ئەندام بوو بێت لە كۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق، یان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كاتی عێراق دوای رووخانی رژێمساڵی ٢٠٠٣. باسی مەجلیسی حوكم نییە، باسی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

تكایە وازیحە، دوای ٢٠٠٣ هەر پەرلەمانێك لەناو عێراق و كوردستان بووەو شمولی دەكات بۆ كوردستانی پێشتریش هەندێك ئەوەی هەبووە، دكتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك سەردار كە خوێندیەوە موەقەری خوێندەوە لە ئەسڵەكە موەقەری تێدا نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

كاك سەردار تكایە دووبارە بخوێنەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(عضو يعمل في مجلس النواب العراقي او كان عضواً في الجمعية الوطنية العراقية او المجلس الوطني العراقي المؤقت بعد سقوط النظام السابق سنة ٢٠٠٣).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئەو صیغەی تازە دەخەینە دەنگدانەوە، دیارە لیژنەی یاسایی موقتەرەحەكەی پێشوویان سەحب كرد، كە عوزوی عامیل بێتن، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەم صیغەیەی ئەخیر خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا وەكو خۆی بەو ئیزافەتەو بەو صیغەیەی كە ئاخیر جار بە كوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، زۆر سوپاس، ئێستا ماددەكە بەهەردوو فەقەرە دەخەمە دەنگدانەوە، یەكەم ئەوەی كە رەفز كرایەوە بووە دەعم لەگەڵ ئەمەی ئێستا بەیەكەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

اولاً/ تبدل عبارة الهيئة العامة بكلمة المؤتمر حيث ما وردت في هذا القانون.

ثانياً/ تبدل الهيئة الادارية الى الهيئة العليا حيث ما وردت في هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەكەم/ لە هەر شوێنێكی ئەم یاسایە دەستەی گشتی هاتبێت دەكرێتە كۆنگرە.

دووەم/ لە هەر شوێنێكی ئەم یاسایە دەستەی ئیداری هاتبێت دەكرێتە دەستەی باڵا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسەی بكەن لەسەری تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، ئێستا سێ بەڕێز كاك كەریم بەحری و كاك جەمال قاسم و كاك دكتۆر ناصح، كەسی تر هەیە بیەوێت قسە بكات، سوپاس، كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پێموایـە هەینـەی عامـە، هـەموو ڕێکخراوێـك هەینـەی عامـەی هەیـە، هەینـەی عامەکـە کۆنگرەکـە دەبەسترێت، کە کۆبوونەوەی گشتی دەکات کۆنگرەی ناوە، واتا مونتەمەر جێگای هەینـەی عامـە ناگرێتـەوە، ناوەکەی هەینەی عامە بمێنێتەوە، بەڵام بگوترێت مونتەمەر دەبەسترێت، مونتەمەرەکەی بـۆ زیـاد بکرێـت باشە، بەڵام هەینەی عامە وەلا نەنرێتەوە، لەگەڵ ئەو پێشنیارە دام، لەگـەڵ پێـشنیارەکەی تریـشم هەینـەی ئیداری بکرێتە هەینەی عولیای ئیداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

سوپاس، کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، هەینەی عامە کۆمەڵێکن ئیش دەکەن، مونتەمەر کۆبوونەوەیە، لەبـەر ئـەوە جائیز نییە بگۆڕێت بەو کەلیمەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی دووەمـیش هەینـەی ئیـداری بگۆڕێـت بـۆ هەینەی عولیا من هیچ مانیعێکم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

سوپاس، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بـۆ خـاڵی یەکـەم مـن پـشتگیری کـاك کـەریم بـەحری دەکـەم، دوو شـتی جیـاوازن هـەردووکی، یـەعنی مونتەمەریش پێویستە، پێموایە مونتەمەر بمێنێت و هەبێت باشە، بەڵام بۆ خاڵی دووەم، من نازانم بۆچی بـۆ هەینـەی ئیـداری ئێمـە وا بەکەمی بـزانین، نـاوی تـری لـێ بنـێین، هەینـەی ئیـداری بـۆ خـۆی هەینـەی ئیدارییە، پێویست ناکات ئێمە بە سووکی تەماشای بکەین و بە کەم تەماشای بکەین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە خاڵی دووەم بمێنێتەوە وەکو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

سوپاس، ئێستا ڕەئی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئـەوە زۆر مەسـەلەیەکی جەوهـەری نییـە خۆتـان دەزانـن، دوو وشـەیە ئـەو وشـانە باشـتر بـەکار بهێنرێـت کۆنگرە لە جیاتی هەینەی گشتی، چونکە هەینەی گشتی کراوە چەند ساڵ جارێك دادەنیـشێت، یـان کـۆنگرە دەکات، ئیتر بەکارهێنانی دوو وشە بۆ؟ جارێك بڵێین دەستەی گشتی، جارێك بڵێین کـۆنگرە دەکات، یـەکجار

دەڵێین کۆنگرە دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت، یان چەند ساڵ جارێك دەبەسترێت، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەوەی دەستەی ئیداریش دەستەی باڵا، ئێمە پێمانوایە واریدترەو باشترەو وەقعی زیاترە بۆ ئەو یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داواکارییەکی وابزانم زۆر زەحمەت نییە، ئەگەر جەنابتان بۆ یەکێتی پەرلەمانتاران پەسندی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك کەریم بەحری و کاك جەمال قاسم دەکەم، کۆنگرە جێگای هەیئەی عامە ناگرێتەوە بە دەلیل لە ماددەی پێنج هاتووە، دەڵێت (تتكون الهيئة العامة من كافة الاعضاء الذين اوفوا بالالتزاماتهم)، یەعنی هەر ئەندامێك، هەموو ئەندامەکان کە ئیلتیزاماتیان جێ بەجێ کردووە، پێی دەگوترێت هەیئەی عامە، بەڵام کۆنگرە شەرت نییە هەموو ئەو ئەندامانە ئەوەی ئیلتیزاماتیان جێ بەجێ کردووە، بۆیە جیاوازی هەیە، من پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، موقتەرەحێك بوو، یەکێکیش لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی پشتیوانی لێ کرد، کە فەقەرەی یەکەم لابچێتن، هەر هەیئەی عامە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەکو ئەسڵی قانونەکە، جارێك لەگەڵ ئەوەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو هەیئەی عامە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە کە نەمێنێت، وەکو لیژنەی یاسایی کە پێشنیاری کردووە بمێنێتن و ببێتە کۆنگرە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیە لابچێتن، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم هەیئەی ئیداری، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە موئتەمەر ئیزافە بکرێت بۆی پێشنیارە، لیژنەی یاسایی رەئیتان بۆ ئاخیر صیاغە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگمان بۆ ئەو پێشنیارەدا کە وەکو خۆی بمێنێتن، واتا ئەو مەوزوعە حەسم بووە، ئەو پێشنیارەی کە کۆنگرە دەکرێت لە مەوادی تر پێشنیار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا دەچینە فەقەرەی دوو، (الهيئة الادارية) بکرێتە (الهيئة العليا)، پێشنیار هەبوو کە هەیئەی ئیداری وەکو خۆی بمێنێت، چەند ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئیشارەیان پێ کرد، ئێستا ئەو موقتەرەحە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە هەیئەی ئیداری وەکو خۆی بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (١٤) دەنگ لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدایە بکرێتە هەیئەی عولیا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس،

زۆرینه لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە هەیئەی عولیا، سوپاس، بەڕێزان، ئێستا هەردوو فەقەرەو ماددەکە بە کاملی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو تەعدیلاتەی کە کرا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

(ينعقد المؤتمر كل اربع سنوات لتحقيق مايلي)، سوپاس.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی بێینە سەر موناقەشەی ئەو ماددەیە، ماددەیەکی پێشنیار کراوی تازە هەیە، دەبێت ئێستا باس بکرێت، پێش ئەوەی بچینە ناو بابێکی تر، چونکە هەر لە بابی ئەندامیەتیە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە بە کوردی ماددەی چوارەم بخوێندرێتەوە، چونکە بە عەرەبی خوێندرایەوە، ئێستا بەکوردی بخوێندرێت و موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

ماددەی شەشەم بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

(کۆنگرە هەرچوار ساڵ جارێك بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە کۆ دەبێتەوە)، ئەمە وەکو موقەدیمەی ماددەکەیە پاشان چەند برگەیەك هەیە، برگەی یەکەم لە ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ هەڵبژاردنی دەستەی باڵای یەکێتی بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان کە پێك دێت لە نۆ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی فەرموو ڕوون کردنەوە بدەن لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەرێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەین چەند روون کردنەوەیەك بدەین، یەك/ ئەو گۆڕانکاریانەی کە پێشنیار کراون بەسەردا بێت: یەکەم/ لە ئەسڵی ماددەی شەش، دەڵێتن (تجتمع الهيئة العامة كل سنتين لتحقيق مايلي)، چی لێهاتووە، کراوەتە (ينعقد المؤتمر) واتا هەیئەی عامە بۆتە موئتەمەر، ئێمە لە پێشتر کە دەنگمان بۆدا هەیئەی عامە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێموایە لێرەش دەبێت کۆنگرە بگۆڕێت بکرێتەوە هەیئەی عامە.

خاڵی دووەم/ ئەوەی پێشنیار کراوە دوو ساڵ بوو جاران کۆنگرە، یاخود هەیئەی عامە ئێستا بۆتە چوار ساڵ، لە تەعدیلی دووەم ئەوەی لە پرۆژەکە هاتووە (انتخاب أعضاء الهيئة العليا للاتحاد بالاقتراع السري باغلبية الاصوات يتكون من تسعة اعضاء) لە ئەسڵی قانونەکە حەوت بوو، لێرە بۆتە نۆ لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەرێز رۆمیۆ حزيران نيسان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من راستە دەبێت بنووسرێت و تحديد بکرێت کۆنگرە دوو ساڵ، یان چوار ساڵ، بەلأم هیچ کاتێك هەموو کۆنگرەیەك، یاخود زیاتر لە چوار ساڵی بردووە، یاخود کەمتری بردووە، بۆیە من پێم باشە بڵێن چوار ساڵ، یاخود لەکاتی زەرورەت ببەسترێت، یان کەمتر لە چوار ساڵ.

برگەی دووەم/ کە دەڵێت (انتخاب أعضاء الهيئة العليا للاتحاد بالاقتراع السري باغلبية اصوات الحاضرين المتكون من تسعة اعضاء)، کە تۆ دەڵێیت (اصوات الحاضرين) تۆ ناتوانیت تەحدیدی بکەیت بە نۆ کەس، لەوانەیە یەکێك لە نۆ کەسەکە ئامادە نەبوو بن، یان (اصوات الحاضرين)، یاخود دەڵێن نۆ کەسەکە، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ ئاخیر فەرموو.

**بەرێز اخر جمال انور:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە کۆنگرە دوو ساڵ بێت، هەروەکو خۆی کە پێشان دوو ساڵ بوو، ئێستاش هەر دوو ساڵ بێت، ئەوەی کاك رۆمیۆ گوتی لە حاڵەتی زەرورەت کۆنگرە ببەسترێت، ئینجا ساڵێك بێت لە هەر زروفێکی نائاسایی، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو نەصە لەجێی خۆیەتی وەك خۆی بمێنێت، لێرەدا مەبەست لە کۆنگرە چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت، نەك دەستەی گشتی، ئێمە پێشتر دەنگمان بۆ شتێکدا، من پێموایە بە غەڵەتی دەنگمان بۆدا، چونکە کۆنگرە بەرزترین هەیئەتەو دەستەی گشتیش دەکات، بەڵام بەپێکهاتە گەورەییەکەی خۆی، ئێستا ئەگەر وا نەڵێم بیکەینەوە دەستەی گشتی، کەواتە هەر ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە مولتەزمن، مەرجیش نییە وابێت، کۆنگرە عادەتەن گەورەترە هەموو ئەندامان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت لێرە کۆنگرە بێت، ناکرێت بیگۆڕین بە دەستەی گشتی، پێموایە غەڵەت دەکەین ئەگەر دەستکاری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدانیم کە چوار ساڵ جارێك بێت، لەبەر ئەوەی لە یەکەم موئتەمەری بڕیاری ئەوە درا کە دوو ساڵ جارێك ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت، هێشتان ئەو دوو ساڵە تەواو نەبووە، بەقەناعەتی من ئەو دەورەیە تەواو بێت، ئینجا پاشان ئەگەر موئتەمەر بە پەسندی زانی کە چوار ساڵ جارێك بێت، ئەو کاتە بڕیاری لەسەر بدرێت و تەعدیلەکە بکرێت، ئەگەرنا پێموایە شتێکی نایاساییە، ئێستا لە موئتەمەر بڕیاری لەسەر دراوە دوو ساڵ جارێك بێت، ئێستا ئەوە ساڵێکی بەسەر نەبردووە تەعدیلی بکەین و بڕیاری موئتەمەری هەڵوەشێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی منیش ئەو چوار ساڵە زۆرە، خۆی دەبێت دوو ساڵ بێتن، بەڵام زۆر جار وا دەبێتن زروف موناسب نییە، ئەو وەختی بڕیارێکی تر بدەن، یان هەتا زروفەکە هەندەك باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت چوار ساڵەکەوە، ئەو چوار ساڵە بکرێتە سێ ساڵ، یان دوو ساڵ، بۆ ئەوەی ئەو ئەندامانەی کە خۆیان هەڵبژاردووە بگۆڕێت، بەنیسبەت بەدەنگی نهێنی بێت باشترە، وەك لەوەی راستەوخۆ، ژمارەی ئەندامانیش بکرێت بە دوازدە، دووش یەدەگ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە دەستکاری کردنی ئەو ماددەیە پێویست ناکات، چونکە بەنیسبەت هەیئەی عامەوە جارێ لەگەڵ کۆنگرە کاك سەردار شەرحی کرد، هەیئەی عامە لێرە ماناکەی ئەوەیە کۆنگرە، چونکە ئێمە دەنگمان لەسەریدا، کە گوتمان هەیئەی عامە مانای کۆنگرە، پێویست ناکات نا لێرە وشەی کۆنگرە بێت، دوو ساڵەکەش بکرێت بە چوار ساڵ، من نازانم موبەریر چیە؟ ئەگەر زروفی قاهیرە، لەو فەرەزنا باسی ئەوە بکەین زروفی قاهیر بێت تەبیعیە، ئەگەر زروفێکی قاهیر هات، تۆ دەتوانیت ئەگەر لە دوو ساڵەکەی نەتوانیت بکەیت ئیشکال نییە، دەتوانیت هەر وەختێك، مادام زروفەکە قاهیرە لە کاتی کۆنگرە بەستنەکە، یان بڵێین هەیئەی عامەکە کۆ دەبێتەوە، ئەو وەختی شەرحی دەکات بۆچی بۆتە سێ ساڵ؟ بۆچی بۆتە دوو ساڵ و نیو؟ بەڵام هیچ موبەریرێك نییە دوو ساڵەکە بکرێتە چوار ساڵ، بەتایبەتی ئەمە سەندیکایە، نازانم ئەسباب چیە؟ هیچ شەرحێك نەکراوە، ئەگەر هۆکارەکانمان بزانی بوایە، ئێستا ئێمە لێرە دەمانتوانی وەڵام بدەینەوە، من لەگەڵ ئەوەم دوو ساڵەکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێت زۆر شەرح و تەفسیلی بدەمێ، چونکە برادەران زۆر بە وازیحی باسیان کرد، ئەو دوو ساڵە وەکو خۆی بمێنێت زۆر کافیە، ئەگەر شتێکی ئیستیسنائی پاریش هات، دەتوانرێت وەربگیرێت، ئەوە گرنگ نییە، بەنیسبەت ئەندامانی دەستەکەشەوە، من پێموایە نۆ ئەندام بە دوو ئەندامی یەدەگیش زۆرە، حەوت ئەندامەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر کافیشە، بڕوا ناکەم یەکێتی ئەوەندە ئیش و کارێکی زۆرو سەرقاڵیشی هەبێت بە نۆ، دوازدە، سێزدە ئەندام نەبێت ناتوانێت بیبات بەڕێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، محمد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ رەئی برادەرانم کاك شێخەڵلاو کاك عومەر، کە دوو ساڵەکە وەکو خۆی بمێنێت، هەروەها بەنیسبەت بڕگەی دووەمیش/ فیعلەن یەکێتی پەرلەمانتاران ئەوەندە سەرقاڵی ئیش و کاریان نین، هەروەکو خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك جەعفەر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیریم كردووە بە چوار ساڵ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ تەمەنی پەرلەمان چوار ساڵە، ئەویش چوار ساڵ بێت، ئەوە یەك.

دوو/ داوا دەكەم نۆیەكەش بكرێت بە یازدە، یازدە بە چوار، لەبەر ئەوەی ئێستا ئیش و كاریان زیاترە، ئێستا ئیش و كاریان زۆرترە، ئێستا یەكێك دەچێت بۆ خانەقین، یەكێك دەچێت بۆ هەڵەبجە، یەكێك دەچێت بۆ دهۆك، یەكێك دەچێت بۆ زاخۆ هەر لە یەكێتی پەرلەمانتارانە دەچێت، یەعنی ئەگەر عەدەدەكە زیاتر بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئاخیر ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ چوار ساڵەكە بۆ ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ دەورەی پەرلەمانی، كە چوار ساڵە، ئەو چوار ساڵەش بۆ ئەو دەورەی ئێستا نییە، ئێستا بۆ دوو ساڵ هەڵبژێردراون بۆ كۆنگرە، من لەگەڵ ئەوەمە، لە كۆنگرە بۆ دوو ساڵ هەڵبژێردراون، پاش ئەو دوو ساڵە كۆنگرە دەكرێت، بۆ داهاتوو دەبێتە چوار ساڵ، چوار ساڵەكەش گونجاوترە لەگەڵ دەورەی پەرلەمانی، چ لە ئەنجومەنی نوێنەران، چ ئەنجومەنی نیشتمانیی خۆمان، پاشان بەستنی كۆنگرە چوار ساڵ جارێك، ئەوە باسی حاڵەتی ئاساییە، هەندێك ئەندام ئاماژەیان بەوە كرد بارودۆخێكی نائاسایی دێتە پێش، ئەوە (للضرورة أحكام) ئەو كاتی دەگۆڕێت، زیاد دەكرێت و كەم دەكرێت، ئەگەر پێویست بێت بەشێوەیەكی نائاسایی، دەبینی سێ ساڵ جارێك پێشتر دەكرێت، یان دواتر دەخرێت، ئەمە ئاساییە، بەنیسبەت ژمارەی ئەندامانەوە، ئەو بەڕێزانەی باسی ئەوەیان كرد ژمارەیان زۆرەو ئەوەندە زیاد نەكرێت، ئاگایان لە چالاكیەكانی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان نییە، كە ئێستاكە ئیش و كارێكی یەكجار زۆری هەیە، لیژنەی زۆر دروست كراوە، كۆمەڵێك سیمینارو دەورات هەیە لە داهاتوو شتی گەورەتر لە پێشە، بەداخەوە هەندێك جار دەبوایە سەردانی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستانیان كردبایە، تا لە چالاكیەكانیان پرسی بوایە، بزانن ئایا بەش دەكات؟ یان بەش ناكات؟ خاڵێكی گرنگتر لێرە، من دەمەوێت ئاماژەی پێ بكەم، جیاوازی لەنێوان هەیئەی عامەو موئتەمەر، بەڕێزان، هەیئەی عامە هەموو ئەندامێكی یەكێتی پەرلەمانتاران دەگرێتەوە كە مولتەزیمە، بەڵام مەرج نییە هەمووی بێتە موئتەمەر، مەرج نییە هەمووی بێت لە موئتەمەر بەشداری بكات، سبەی ڕۆژێ ئێستا ئەندامەكانمان چوار سەدو ئەوەندە ئەندامە لە دەورەی داهاتوو دەڕوات بۆ هەشت سەدو نۆسەد، ئایا دەكرێت لە كۆنگرە ئەو ژمارە زۆرە هەمووی بێت

لە کۆنگرە دابنیشێت؟ ناگونجێت، بۆیە دەبێت بگوترێت (ینعقد المؤتمر)، یەعنی موئتەمەری ئەو ئیتیحادە جیاوازە، ئەوە هیچ هەیئەی عامە باس کرا هەموو ئەندامان هەیئەی عامەنە، بەس کەلیمەی موئتەمەر بە رەئی من دەبێت لێرە بمێنێتەوەو لە جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، ئێستا روون بۆوە، ماددەی سێزدە بۆ هەیئەی عامە هەیە ئیصداری تەعلیمات دەربکات، نیزام دەربکات بەوە دەتوانن خۆیان بکەن، ئێستا زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز بۆچوونیان ئەوە بوو چوار ساڵەکە بکرێتە دوو ساڵ، لە ئێستاوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە دوو ساڵ دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە چوار ساڵ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە دوو ساڵ، وشەی هەیئەی عامە، یان موئتەمەر لێرە هاتووە، لەو ماددەیە هاتووە، ئێمە پێشتر دەنگمان بۆدا بەناوی هەیئەی عامە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بکرێتە هەیئەی عامە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەنگمان بۆدا، بۆیە لە هەر کوێیەك بێت، لیژنەی یاسایی رەئیتان لەو ماددەیە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کەلیمەی موئتەمەر لێرە بمێنێتەوە، ئەوەی کە پێشتر دەنگمان بۆدا تەعدیلەکە قەبول نەکرێت، ئەوە هیچ کەلیمەی هەیئەی عامە دووبارە بۆتەوە لە شوێنی خۆیەتی، دەستکاری ناکرێت، بەس لێرە دەبێت بکرێتە موئتەمەر، هەر لە نەصەکە هاتووە، لە تەعدیلەکە هاتووە، کەلیمەی موئتەمەر لێرە دەبێت هەبێت، چونکە موئتەمەر بچووکترە لە هەیئەی عامە، هەیئەی عامە هەمووی ئەندامان دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموویان بتوانن بێن لە کۆنگرە بن، دەبینی صیغەیەك نوێنەرایەتی دەبێت هەر لە دە ئەندام، دوو ئەندامیان دێت بۆ کۆنگرە، بۆیە کەلیمەی کۆنگرە لێرە بمێنێتەوە تکایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەیئەی عامە کە کۆ دەبێتەوە لە جیاتی موئتەمەرە، ئێمە بەدیلی موئتەمەرمان هەیئەی عامە هێن کرد، لەبەر ئەوە هەر وەختێك هەیئەی عامە کۆ بۆوە، ئەو دوو ساڵ جارە، ئەوە کۆنگرەکەیە، کە ناومان لێ نەناوە کۆنگرە، بەس هەیئەی عامە دەمێنێتەوە، تەواو، چونکە پێشووتر وا ئیتیفاقمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك کەریم نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك زانا هاوڕام لەو مەسەلەدا، هەیئەی عامە قائیمە، بەڵام كە كۆبوونـەوە دەكات پێی دەڵێن موئتەمەر، بۆیە لێرەدا موئتەمەر لەجێی خۆی هاتووە، موئتەمەر بمێنێتەوە باشترە، هەیئەی عامە هەموو ئەندامان كە بەشداریان كردووەو ئابوونـە دەدەن و ئیشتراكات دەدەن، ئەوانـە لـە هەیئەی عامە بەشدارن، بەڵام ئەوانەی بەشداری لە موئتەمەر دەكەن، لێرەدا ئینعیقادەكە كۆبوونەوەكە خۆی لە خۆیدا پێی دەگوترێت موئتەمەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی زۆر بوو، لێرە لە ماددەی سێ كە باسیان لێ كردو، لیژنـەی یاسایی دەڵێت (تبدل عبارة الهيئة العامة بكلمة مؤتمر حيث ماورد في هذا القانون)، مانای ئەوەیە ئێستا هەیئـەی عامـە دەبێت لـە هـەر كوێیەك كە ناوی موئتەمەریش هات لەو قانونە، فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوەی تۆ دەڵێمەوە، ئێمە هەیئەمان هێشتەوە، گوتمان موئتەمەر بچێتە جێگای، ئەم وشەیەی كە لێرە هاتووە شوێنی هەیئەیە نابێت بیگۆڕین موئتەمەر بهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی دەنگمان لەسەریدا، لەم بڕگەیە وشەی هەیئە لەم جێگەی نابێت یەكسەر، چونكە دەنگمان لەسەریداوە، نابێت لەوێ بیهێڵێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

دیارە زۆر كەس هەیە دەیەوێت قسە بكات، بۆیە ئەم خاڵە دووبارە دەخەمە موناقەشەی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەوانەی دەیانەوێت قسە بكەن لەسەری ناویان دەنووسین، كاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە نابێت دەستەی گشتی بەكار بێت، لەبەرچی؟ كۆنگرەی سەندیكای پارێزەران، بڕیارێك لە پەرلەمان هەیە هەر مونەزەمەیەك پێنج سەد كەس پتر بوو لە دە كەس یەك كەس بێت، مانای وایە ئەگەر بێتو ساڵی ئایندە، ئەگەر ئەو دەورە تەواو بوو، دەورەی بەغدا، هاوپەیمانی كوردستان تەواو بوو، ژمارەكە لە پێنج سەد زیاتر دەبێت، لەجیاتی ئەوەی پێنج سەد، شەش سەد كەس زیاتر بەشداری بكات تەنیا پەنجا، شەست كەس بەگوێرەی ژمارەكەی لە دە كەس یەك كەس بەشداری دەكات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ئەعزای پەرلەمانەكانمان مەحدودن، یەعنی دیارن، بە هەردوو پەرلەمانی پێشی ئێستاو ئێستا هەمانە عەدەدێكی مەحدودە لەگەڵ ئەوانی بەغدا، چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەڵێت (ینعقد المؤتمر کل اربع سنوات لتحقیق مایلي)، (ینعقد المؤتمر)، یەعنی لێرەدا مونتەمەرەکە کردارە دەبەسترێت، بەڵام لە کوردیەکەدا کە تەرجومەی کردووە، دەڵێت کۆنگرە هەر چوار ساڵ جارێك کۆ دەبێتەوە، بەڕەئی من تەرجومەکەی زۆر غەڵەتە، بۆیە سەری لە ئەندامان تێکداوە، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کۆنگرە هەر چوار ساڵ کۆ دەبێتەوە کۆبوونەوەیەکە، فیعلەن دەبێت بکرێت بە دەستەی گشتی، ئەگەر مەبەستیشی کردارەکەیە کۆنگرە ببەسترێت، مانای وایە فعلەن دەبێت بە کۆنگرە بمێنێتەوە، جا بەڕاستی ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، بە عەرەبیەکەی، یان کوردیەکەی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەبوو کە چرۆ خان ئیشارەتی پێدا، دووبارەی ناکەمەوە، یەعنی بەستن لەگەڵ کۆبوونەوە فەرق و جیاوازییەکی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو ئەوەی گشتیەکەمان گۆڕی، هەیئەی عامەکەمان گۆڕی بۆ هەیئەی ئیداری، بەڵام لێرە لە موقەدیمەی ماددەی شەش بڵێ (ینعقد الهیئة الاداریة کل سنتان لتحقیق مایلي)، ئەوە شتێکی چەوتە، مونتەمەرەکە، کۆنگرەکە بمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ ئاخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە تەبعەن واقیعی کۆنگرە، دەستەی باڵا گەورەترە، هەر دوو ساڵ کە بڕیارمان لەسەرداو دەنگمان لەسەردا، کە کۆنگرە دەبەسترێت دەستەی باڵا دروست دەکات، کەواتە نازانم شەرحی کاك زانا بوو، کامە بوو؟ باسی ئەوەی کرد کە کۆنگرە فەرقی هەیە لەگەڵ دەستەی باڵا، تەبعەن فەرقی هەیەو ناویشی دەبێت کۆنگرەی لێ بێت، وجودی هەبێت ناوی کۆنگرە لە دەستەی باڵا هەڵدەبژێرێت بەوجودی بەشێکی زۆری ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەندی پێنجەمدا هاتووە، لە ئەسڵی یاسایەکە دەڵێتن هەیئەی گشتی لە هەموو ئەندامان پێك دێت، کەواتە یەکێتی پەرلەمانتاران هەیە، خۆی یەکێتی پەرلەمانتاران یەعنی هەیئەی گشتی، هەیئەی گشتی هەموو ئەندامان، دەڵێن ئیلتیزاماتیان بەرامبەر یەکێتی پەرلەمانتاران هەیە، خۆی شتێکی سروشتییە، ئەو هەیئە گشتیە، ئەو یەکێتی پەرلەمانتارانە کۆنگرە ببەستن، بۆ ئەوەی هەیئەی ئیداری، یان هەیئەی باڵا بۆ خۆی هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من دەبێت کۆنگرە هەبێتن، چونکە یەکێتی پەرلەمانتاران مانای ئەوەیە یەکێتی گشتی، یان هەیئەی گشتی، هەیئەی گشتی خۆی دەبێت لە کۆنفرانسێك، یان کۆنگرەیەك هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، بە تەسەوری من ناوی کۆنگرە لێرە پێویستە، چونکە جاران هەیئە لەوانەیە کۆبوونەوەیەك بکرێت بۆ هەیئەی گشتی، بەس باش نەبێتن بۆ هەڵبژاردنی دەستەی باڵا بێتن، لەبەر ئەوە کە کۆبوونەوەی تریش هەیە، جاران هەیئەکە کۆ دەبێتەوە، بۆیە دەبێت کۆنگرە بێتن، کۆنگرە بۆ ئەوەیە دەستەی باڵا هەڵبژێرێتن، پرۆگرامی خۆی تێدا بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید لە ڕەئیەکەی پێشان دەکەمەوە، چونکە کۆنگرە دەبێت ببەسترێت، هەیئەی گشتی، کە دەڵێی دەستەی گشتی لەسەر دەستەی گشتی کۆنابێتەوە، دەستەی گشتی لە هەموو ئەندامانی ئەو یەکێتیە پێك دێت، مەرج نییە کۆ ببێتەوە، کە دەڵێی کۆنگرە، کۆنگرە دەبێتە بەرزترین دەسەڵات، بۆ ئەوەی قەرار بدات، لەو کۆنگرەیە هەموو شتەکان دەتوانێت بگۆڕێت، دەتوانێت بەرنامەی خۆی بگۆڕێت، دەتوانێت شروتی ئەندامیەتی بگۆڕێت، دەتوانێت ئەو شتانە هەمووی بکات، بۆیە کۆنگرە ئێمە لێرە لە ئەسڵدا دەنگمان بۆدا بە غەڵەتی، دەستەی گشتی جیاوازە لێرەدا تێکەڵ ناکرێت لەگەڵ کۆنگرە، دەبێت لێرە کۆنگرە بمێنێت، دەستەی گشتی کۆنگرە چوار ساڵ جارێك دەبەسترێت، یان دوو ساڵ جارێك، یان سێ ساڵ جارێك بڕیار دەدات، ئەو کۆنگرەیە هەرچی شتێکی هەیە مولزەم دەبێت بۆ لای خۆی، بۆ هەموو دەستە گشتیەکە دەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو بەر لە ئێستا ئاماژەمان پێدا، دەستەی گشتی دەستەیەكە قائیمە، لە هەموو ئەنـدامان پێك دێت، بەلاّم كە كۆبوونەوەی گشتی ئەنجام دەدات پێی دەگوترێت موئتەمەر، ئەو موئتەمەرە بۆ ماوەی چەند رۆژێك قائیم دەبێت، دوای ئەوە كۆتایی پێ دێت كۆنگرە نامێنێت، بەلاّم هەیئەی گشتی هەر دەمێنێت، بۆیە كە دەڵێت ئینیعقاد دەكات، دەبێت موئتەمەر ئینعقاد بكات لەو ماوەیەدا، بۆیە موئتەمەر لە شوێنی خۆی هاتووە، هەیئەی عامە لەوێ لە شوێنی خۆی هاتووە، هەردووكی دروستە هەیئەی عامە، ئێمە دەنگمان بۆدا كە هەیئەی عامە هەبێت دروست بێت، بەلاّم لێرەدا دەنگ بدەین موئتەمەر ئیزافە بكەین، بۆ ئەو مەسەلەیە شتێكی زۆر دروستە لەڕووی یاساییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر یەكێتی پەرلەمانتارنی بەڕێز مەبەستیان بوو وشەی موئتەمەر، كۆنگرە لەم یاسایەدا هەبێت، دەبوایە پێشەكی داوایان بكردایە ئیزافەی وشەی كۆنگرە، یان موئتەمەر بكرایە لە تەعریفەكان، ئەوە یەك. كەواتە لێرەش بكرێت كاك كەریم بەحری پێشنیاری كرد لەكاتی هەیئەی عامەو كۆنگرەكە، بەداخەوە رەفز كرا، ئەگەرنا لەوێش دەمانتوانی عیلاجی بكەین، بەلاّم لەوێ دەنگمانـدا دەبێت هەیئە عامە بێت، هەیئەی عامە فەرقی هەیە لەگەڵ رێزمدا بۆ یەكێك لە برایان كە هەیئەی عامەی بە هەیئەی بالاّ وەسف كرد، ئەمە هەیئەی بالاّ نییە، ئەمە هەیئەی عامەیە، یەعنی دەستەی گشتییە، دەستەی گشتیش هەموو ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە ئیلتیزاماتیان جێ بەجێ كردووە بەرامبەر بە یەكێتی پەرلەمانتاران و ئامادەی كۆبوونەوەكەن، ئەوە بەوە دەگوترێت مەرج نییە، یەعنی هەموو ئەوانەی ئەنـدامانی دەستەی گشتی لەوێ بەشدار بن، ئەوەی ئیمكانیەتی هەیە، ئەوەی توانای هەیە، ئەوەی لەو وەختەدا دەتوانێت بەشداری بكات، ئەو بەشداری دەكات، كە بەشداری كرد جێگەی كۆنگرە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات وشەی كۆنگرە لێرە بێت، ئەوە بۆ خۆی كۆنگرەیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو وشەنە لە یەك جیانە، دەستەی گشتی كە ئێمە دەنگمان بۆ داوە لەجێی خۆیدا بوو، هەیئەی گشتی بكەرە وەك كە ناوی رێزمانی بۆ هەموو ئەندامێكی یەكێتی پەرلەمانتارانە، كۆنگرە كارێكە، دەستەی گشتی ئەنجامی دەدات، بۆیە ئان بێژین (تعقد الهيئة العامة مؤتمرها كل اربع سنوات)و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك پیر خدر لە ماددەی شەشدا هەیە (تجتمع الهیئة العامة کل سنتین لتحقیق مایلي)، یەعنی هەیئەی عامە لێرە جێگەی موئتەمەری گرتۆتەوە، زۆر سوپاس، ئێستا موناقەشە تەواو کرا، بەسە هەمووتان لێی تێگەیشتن، ئێستا دوو حاڵەت هەیە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەی شەشەمە، خاڵەکانی ماددەی شەش بخوێنەوە، یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم هەمووی ئیشی موئتەمەرە، من تەئکید دەکەمەوە جارێکی تر هەیئەی عامە ژمارەکانیان یەکجار زۆرن، مەرج نییە هەموویان بتوانن بکرێت، ئەمڕۆ ژمارەی کەمە، چوار ساڵی تر دووقات دەبێتەوە، سێ قات دەبێتەوە، ئەوە خەلەلێکی گەورەیە، لێرە دەبێت باسی موئتەمەر بکرێت، صیغەکمان پێشکەش کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر ئەو صیغەیە بخوێندرێتەوەو دەنگی لەسەر بدرێت، ئێمە پێمان باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی لە قانونەکە دەخوێنمەوە، لەو یاسایە کۆنگرە تەعریف نەکراوە، واتا ئەگەر بێتن لەو یاسایەدا، ئەگەر لە موقەدیمەی ماددەی شەش بڕێك تەعریفی پێناسەی بدەینێ، لەوانەیە چارەسەری بکرێت و بتوانێت کۆنگرەی پێك بێنێت، ئەوە یەك.

دوو/ پێناسەکە چۆن دەکرێت؟ لێرە دوو ماددەمان هەیە، ماددەی شەشمان هەیە، ماددەی حەوتمان هەیە، لە ماددەی شەش کۆنگرەیە لەکاتی خۆی کە دوو ساڵە، کە دەنگتان بۆدا دوو ساڵ بێت، لە ماددەی حەوت لە حاڵەتی ئیستیسنائی باسی نیصابی کردووە، لە حاڵەتی ئەسڵیەکە باسی نیصابەکەی نەکردووە، من پێشنیار دەکەم لە موقەدیمەی ماددەی شەشەم باسی نیصابەکەش بکرێت، دەبێتە تەعریفێك کۆنگرە بەو صیغەیە، بەو جۆرە دەتوانین وشەی کۆنگرە بەکار بێنین، بۆیە پێشنیار دەکەم (ینعقد المؤتمر کل سنتین مرة وبحضور اغلبیة اعضاء الاتحاد او نوابە لتحقیق مایلي)، لێرە هەم دەست نیشانمان کرد، دوو/ وشەیەکی تریشمان ئیزافە کرد کە نوابە، نواب چیە لێرە؟ یەعنی ئەو نوابە چارەسەری کێشەیەکی تر دەکات، زۆر جار ئەندامانی کۆنگرە وەکو سەندیکای پارێزەران ژمارەیان یەکجار زۆرە، دەکاتە پێنج هەزار هەموو ناتوانن بەشدار بن، بۆیە هەر یەکە نوێنەری خۆی دەنێرێت، بۆ ئەوەی وەکو ئەحزاب، بۆیە ئەگەر ئەوەش داخیل بکەین هەم دەبێتە پێناسە بۆ کۆنگرە، واتا دەتوانین بەکاری بێنین چارەسەری حاڵەتێکی موستەقبەلیش دەکەین، کە لەوانەیە لە موستەقبەل پێویست نەکات جارێکی تر ئەو قانونە هەموار بکەینەوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئاخیر صیاغەتان کە ئەوە بوو هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز پێیان وایە وەکو پێشتر دەنگیان بۆداوە، هەیئەی عامە جێگەی موئتەمەر دەگرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێکی نوێ بوو موئتەمەر جێگەی هەیئەی عامە بگرێتەوە، ئەوە بوو پێشنیارەکە قەبول نەکرا، واتا هەیئەی عامە وەکو لە قانونە ئەسڵەکەی هەبوو وەکو خۆی مایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دەزانم هەیئـەی عامـە گـشت ئەنـدامانی ئـەو ڕێکخراوەیـە کـە پەرلـەمانتارەکانی هـەرێمی کوردسـتان و پەرلەمانی ئیتیحادی پێکهاتووە لە نوێنەرانی هەرێم، تەحالوفی کوردستانی و ئەو بەڕێزانەی لە لیستەکەی ترن کە لە کوردستانەوە چونەتە ئەوێ، لەبەر ئەوە عەددەدەکە زۆر ناکاتن، بۆیە هەیئـەی عامـە لـە شوێنی موئتەمەر بێت، من لێرە دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیـە هەیئـەی عامـە وەکو خـۆی بمێنێتـەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تەوزیحەکەی من زۆر روون نەبووە، ئێمە لە پێشتر دەڵێین هەیئەی عامە لە هەر کوێی ئـەو یاسـایەدا هـەبێت لەسـەرەتاوە تـاکو ئـەخیری دەنـگ لەسـەر ئـەوە درا کـە موئتەمـەر بخەینـە جێـی، یـان نـا، ئێمـە بەدەنگدانی خۆمـان تەصنیفمان کـرد لـە هـەر جێگایـەك بـێتن نـاوی هەیئـەی عامـە بێـت وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە، کە وایە لێرە ناتوانیت، دەکرێت پێشنیارێکی تر موئتەمەر چۆنیەکەی، بەڵام ئەم وشەیە لێرە دەستکاری بکەین، یەعنی دژی دەنگدانەکەی خۆمان دەدەینەوە، ئەوە ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك کەریم بەحری نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگی بۆ درا، ناکرێت لە پاشی دەنگدان رەئی بگوترێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

نەمانویستووە دەنگی بۆ بدرێتەوە، کە نەمێنێت، کا دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنـگ درا، بۆچـی دەنـگ درا؟ لـە ئەسـڵی پرۆژەکـەدا بـەبێ حاڵـەت هـاتووە، دەسـتەی گـشتیش هـاتووە، کۆنگرەش، پێشنیاری یەکێتی پەرلەمانتاران ئەوەیە کەوا کۆنگرە بێتە جێی دەستەی گشتی لە هەر شوێنێك هاتبێت، دەنگمان بۆدا کە نەهاتە جێی، کەواتە دەبێت کۆنگرە لە کوێ هاتووە لە جێی خۆی بێت، دەسـتەی گشتیش لە جێی خۆی بێت، ئەوها بوو ئێمە موناقەشەکەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەو نوقتە نیزامانەی کە ئەو بەڕێزانە پێشکەشیان کرد لە جێگای خۆیەتی، بۆیە لە کوێ باسـی موئتەمـەر هـەبێت ئەمـەی لـە جێگـەی دادەنێـت، سـوپاس بـۆ ماددەیـەکی تـر، هـەردوو فەقەرەکـە ئێـستا دەخەینـە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە دەبێـت بخرێتـە دەنگدانـەوە، موئتەمەرەکە بمێنێتـەوە، یـان نەمێنێتـەوە، یـان هەیئـەی عامـە بمێنێتەوە موئتەمەر لە شوێنی دابنرێت، لێرە لە تەعریفەکە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە رەئیتان.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دوو پێشنیار هاتووە، ماددەی سێ هاتووە، ماددەی چوار لە هەموارەکە دەڵێت ماددەی سێ (أولاً: تبدل عبارة الهيئة العامة بكلمة المؤتمر)، ئێمە دەنگمان بـۆدا هەیئـەی عامـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، بـەڵام لـە ماددەی پاشی ئەو، پێشنیارێکی نوێ دێتەوە پێش، دەبێت سـەر لـەنوێ دەنگـدانی لەسـەر بکرێتـەوە، خـودی پێشنیارەکەی برادەرمـان کـاك کـەریم بـەحری ئـەویش داوای کـرد بـوو، کـە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، بـەڵام کەلیمەی موئتەمەریش ئیزافە بکرێتن، لێرەدا من پێموایە موئتەمەر جارێکی تر دەنگی لەسـەر بدەینـەوە، ئایا بکرێتە کۆنگرە؟ یان هەر هەیئە عامە بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

موئتەمەر لەوێ دەنگی نەهێنا کاك سەردار، بـەس بـۆ ئـەم ماددەیـە ئـاخیر صـیاغەتان وەکـو ئێـوە لیژنـەی یاسایی چۆنە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـاخیر صیاغەی ئێمـە (ينعقد المؤتمر كل سنتين وبحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او نوابهم لتحقيق مايلي).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرزترین دەسەلأت لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان هەیئەی عامەیە، دەستەی گشتییە، ئێمە ناتوانین بەدیلی بۆ دروست بکەین، کە بەدیلمان بۆ دروست کرد، یەعنی کۆنگرە دەبێتە بەدیلی، تکاتان لێ دەکەم ئەوە شتێکی نایاساییە، چونکە بەدیلی بۆ دروست دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە جەلسەکە دوا دەخەین بۆ سەعات سێی دوای نیوەڕۆ تکایە، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەڕێزان، دانیشتنەکەمان راگرت بۆ کاتژمێر سێ، ئێستا (٣:٢٠)یە، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەی خۆمان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ جێگای خۆیان، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ خوێندنەوەی ماددەکە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەیشت بووینە ماددەی چوار لە پرۆژەکە، لە کۆبوونەوەی خۆمان لەسەر ئەو صیغەیە پێك هاتین:

(تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل سنتين مرة وبحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم لتحقيق مايلي).

ئەوەی دووەم (وتعدل فقرة اولا من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

انتخاب اعضاء الهيئة العليا للاتحاد والمتكون من تسعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط بالاقتراع السري وباغلبية اصوات الحاضرين).

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):

لیژنەی یاسایی بەکوردی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەی گشتی کۆبوونەوەی فراوانی خۆی ئەنجام دەدات هەردوو ساڵ جارێك، بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی، یان نوێنەرەکانیان بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە.

برگەکەی تر بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم/ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی باڵای یەکێتی کە پێك دێن لە نۆ ئەندام و دوو یەدەگ بەدەنگدانی نهێنی و زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا فەقەرەی یەك دووبارە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان گوێیان لێ بێت، پاشان ئەگەر ویستیان قسەی لەسەر بکەن ناویان دەنووسین.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تعدل مقدمة المادة السادسة وتقرا كالاتي:

تعقد الهيئة العامة اجتماعها الموسع كل سنتين مرة وبحضور اغلبية اعضاء الاتحاد او مندوبيهم لتحقيق مايلي).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەمە بەو شێوەیە، لیژنەی یاسایی صیاغەی ماددەکەی کردووە، فەقەرە یەك، کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، با ناویان بنووسین، کاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە ئەو کۆبوونەوەیەمان بۆیە کرد، کە ئەو لیژنەیە موافەقەتی لەسەر کرد یەکسەر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڵێ سوپاس، بەس ئەمە پەرلەمانە، لیژنەکەش تەمسیلی گشت پەرلەمان دەکات، بۆیە ڕێزمان بۆ ڕەئی ئێوە هەیە، لێرە ئەوەی دەیەوێت قسە بکات و ڕازی بێت بەو موقتەرەحە کە زۆر موناسیبە، ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا داوا دەکەین ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، ناویان دەنووسین، لەسەر فەقەرەی یەك، یەك کەس هەیە ئەویش دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر تەرجومەی کوردیەکەی بوو، ئەگەر زەحمەت نەبێت بیخوێنێتەوە، کردار لە ئەخیردا، کردارەکەی خستۆتە پێشەوە مانایەکەی زۆر بە مەزبووت نییە، لە کوردیەکە کردار لە ئەخیرە، ئەگەر زەحمەت نەبێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی بە كوردی دووبارە بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەستەی گشتی كۆبوونەوەی فراوانی خۆی ئەنجام دەدات هەردوو ساڵ جارێك، بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی یەكێتی، یان نوێنەرەكانیان بۆ وەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

عەرەبییەكە لەسەری ئەوە دەكرێت، ئێستا بە عەرەبییەكەی دەدەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەگیرا، زۆر سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی فەقەرەی دوو بخوێننەوە بە كوردی و بە عەرەبی.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(وتعدل الفقرة اولا من المادة السادسة وتقرأ كالاتي:

انتخاب اعضاء الهيئة العليا للاتحاد والمتكون من تسعة اعضاء اصليين وعضوين احتياط بالاقتراع السري وباغلبية اصوات الحاضرين).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

فەرموو بە كوردیەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی باڵای یەكێتی كە پێك دێن لە نۆ ئەندام و دوو یەدەگ بەدەنگدانی نهێنی و زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەگەر دەتانەوێت قسەی لەسەر بكەن دەستتان بەرز بكەنەوە، تا ناوتان بنووسن، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە، دیارە كەس نییە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیە بە عەرەبی و كوردی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی پێنجەم لیژنەی یاسایی بخوێننەوە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەمە پرۆتۆکۆلیە، بەس ئەگەر دەتانەوێت قسەی لەسەر بکەن دەست بەرز بکەن، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك کەریم بحری فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێت، نەك بخرێتە کار، بەو شێوەیەی لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڵێ بە کوردی دووبارە بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەو شێوەیەی خوێندرایەوە بە کوردی و عەرەبیەکەی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شەش.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکات، بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، کەس نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ئێستا ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بغية دعم عملية الاصلاح والاستفادة من تجربة كافة ممثلي شعب كوردستان في البرلمانات واعادة تنظيم الهيكل الاداري لاتحاد برلماني كوردستان بما ينسجم مع اهدافه ومهامه ولاغناء القانون، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پرۆسەی چاکسازی و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانەکان و ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ گەورەیی ئامانج و ئەرکەکانی، بۆ دەوڵەمەند کردنی یاساکە، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا ئەسباب موجیبە خوێندرایەوە بەو شێوەیەی بە عەرەبیەکەی خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە تەعدیلاتێکیان تیا کرد بوو، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسەی تیا بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، چوار بەڕێز داوای کردووە، کە قسە بکەن، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکەم جارە بۆ تەعدیلی قانونی دەبینم ئەسبابی موجیبەی بە جیا هاتۆتە خوارێ، ئایا ئەوە پێویست دەکات؟ ئەوەی یەکەم، دواییش ناو لەو تەعدیلە نراوە یاسا، دەڵێت ئەو بۆشاییانەی یاساکە دەرکەوتن ئەم یاسایە دەرکرا، ئایا ئەمە لە رووی قانونیەوە بەتایبەتی لە کاك عەونی دەپرسم؟ ئایا ئەمە دروستە؟ سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ نازناز خان، دروستە، ئەوەش یاسایە، یاسا بە یاسا تەعدیل دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دێری دووەمدا هاتووە لە ئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانەکانی کوردستان و عێراق، کوردستان - عێراقی بۆ زیاد بکرێت، لە پەرلەمانی کورستان - عێراقی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە لەم یاسایەدا ئەندام پەرلەمانەکانی دیکەی بەشەکانی دیکەی کوردستانمان دەرکرد لەوەی کە بتوانن ببنە ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان - عێراق، بۆیە باشتر وایە لە ئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان – عێراقی بۆ زیاد بکەین، لەبەر ئەوەی هەر ئەم ناوچەی خۆمان بگرێتەوە، هەرێمەکەی خۆمان بگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی ڤیان خانم، مادام ئەو هەموارە جێی خۆی نەگرێتەوە کە نوێنەرانی هەموو بەشەکانی جێی بکەینەوە، بۆیە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانەکان هەر زیاد دەبێت ئەو عیبارەتە بە عام ئەو ڕستەیە، چونکە هەموارەکە نەکرا، کە نەکرا ناکەوێتن ئەو ئەسبابی موجیبەش ئەگەر لێرە لاببەین باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ئەندام بوون لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان شتێکە، لە ئەزموونی پەرلەمانتارانی کورد لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان شتێکی ترە، لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم تێدا بێت، بە عەکسەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی موقتەرەحێکیان هەیە، بۆ چاك کردنی ئەو ئەسبابی موجیبە، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خودی پرۆژەکەی لە ماددەی چوار پێشنیارێك هات، کە نوێنەرانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانات، ئەوانیش بۆیان هەبێت ببنە ئەندامانی پەرلەمان، بەس لێرە ئەندامانی گەلی کوردستان لە غەیری هەرێمی کوردستانی عێراق، ئێمە بەو پێشنیارە وەرمان نەگرت، بۆیە کە ئەومان وەرنەگرت، یەعنی ئەوەش دەبێت بگۆڕدرێت (والاستفادة من تجربة کافة ممثلي شعب کوردستان)، لێرە (کافة ممثلي شعب کوردستان) مەبەستی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئێمە پێمانوایە، یاخود ئەو رستەیە زیاد دەبێت، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەسبابی موجیبە بەو صیغەیە بێت (بغیة دعم عملیة الاصلاح واعادة تنظیم الهیکل الاداري لاتحاد برلماني کوردستان بما ینسجم مع اهدافه ومهامه ولاغناء القانون، فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پرۆسەی چاکسازی بۆ رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ گەورەیی ئامانج و ئەرکەکانی، بۆ دەوڵەمەند کردنی یاساکە، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەگەر قسەتان هەیە لەسەر ئەمە دەستتان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناوتان بنووسم، ئەگەر نییە ئەو پێشنیارەی کە ئاخیر صیاغە کرا، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لە جیاتی وشەی گەورەیی بیکەین بە گرنگی باشترە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك زانا دووبارە گەورەییمان لادا، ئەگەر بیخوێنیتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پرۆسەی چاکسازی بۆ ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ ئامانج و ئەرکەکانی، بۆ دەوڵەمەند کردنی یاساکە، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەگەر قسەتان نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، گشت یاسایەکە بەوەی کە هەموار کرا لەگەڵ ئەسباب موجیبە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، فەقەرەی دووی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بۆ دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی هەولێرو سلێمانی، سبەی سەعات دە و نیو جەلسەکەمان بەردەوام دەبێت، پێش ئەوە سەرۆکی فراکسیۆن و کوتلەکان و سەرۆك لیژنەکان بەیانی سەعات نۆ و نیو لە ژووری ١٤٠ دووبارە کۆ دەبینەوە، بۆ ئەوەی تەنسیقێکی تەواو هەبێت، کە بۆچوونەکان بە ئاسانی دەرباز بێت، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز سەرکەوتوو بن، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکانمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان — عێراق**

**عونی کمال بزاز**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان — عێراق**
**بەوەکالەت**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢\١٢\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی کمال سعید بزاز سکرتێری ئەنجومەن بەوەکالەت، دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی دووەم، سالی (٢٠٠٨) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (٢١)ی خولی دووەمی هەلبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢/ ١٢/ ٢٠٠٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەرنامەی کارمان دەست پێ دەکەین و جەلسەکە دەکەینەوە، خولی دووەمی هەلبژاردن، سالی چوارەمی ٢٠٠٨، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتنی ٢١ ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە ١ی ماددە ٢٠ لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ی هەموار کراوی سالی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی - کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ٢١ی خولی دووەمی هەلبژاردن لە کاتژمێری (١١) دەقیقەی پێش نیوەڕۆ لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنە ڕوو گفتوگۆ کردنی پروژە یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

بەخێرهاتنی بەڕێزان کاك تاهیر هەورامی بەڕێوبەری گشتی فرۆکەخانەی هەولێر، بەڕێز کاك کامران أحمد عبدالله سەرپەرشتیاری دەزگای فرۆکەخانەی سلێمانی دەکەین، بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، تەشریف بێنن بۆ شوێنی خۆیان و هەروەها لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە، لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی یاساکە، ماددەی ١ بە کوردی و بە عەرەبی بیخوێننەوە، پاشان ڕای لیژنەی موشتەرەکیش بخوێندرێتەوە، کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز دلێر محمد شريف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا یاسایەکە بە کوردیەکەی دەخوێنینەوە وەك هەنگاوی یەکەم، بەڵام ئیحتیماله هەندێك وشەی تیا بێت لە وەرگێرانەکەی دا لە هەندێك شوێن دا وەکو پێویست نەبێت، لەبەرئەوە ئیعتیمادی ئەساسی کراوەتە سەر عەرەبیەکە بۆ موناقەشە، بەڵام کوردیەکە وەرگێرانێك ئێمە دەخوێنینەوە.

دەروازەی یەکەم

حوکمەگشتییەکان

بەشی یەکەم

(پێناسەکان)

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم وشەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:-

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٣- وەزارەت: وەزارەتی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

٤- وەزیر: وەزیری گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

٥- دەزگا: دەسەڵاتی فڕۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

٦- ئەنجومەن: ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا.

٧- سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای فڕۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

٨-نەخشەسازی بنچینەیی فڕۆکەخانە: نەخشەسازیو هێلکاریەکانی ئاکارە بنچینەییەکانی فڕۆکەخانەو پاشکۆکانی پێش دامەزراندنو پاش دامەزراندنیو فراوانکردنی ئایندەی.

٩-بەکارخەری فڕۆکەخانە: هەر کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، فڕۆکەخانەکە یان بەشێکی دەخاتەکار.

١٠- وەبەرهێنەری فڕۆکەخانە: کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی کە فڕۆکەخانەکە وەبەردەهێنێو بەڕێوەی دەبات چ خودی خۆی، یان بەهۆی کەسان، یان لایەنی پەیوەست بەخۆی.

١١- بەکارخەری ئاسمانی (وەبەرهێنەر): هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، یان دەزگا یان کۆمپانیا، ئەرکی بەکارخستنی فڕۆکە دەگرێتە ئەستۆ، بۆ مەبەستەکانی گواستنەوەی ئاسمانی ناوخۆیی، یان نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان یان بەشێوەیەکی بەکرێدان یان پێشکەشکردن یان بەکارخستنی خزمەتگوزاریەکانی ئاسمانی یان هەر کارگوزارییەکی دیکە، چ بۆ حیسابی خۆی بێ یان لەبری کەسێکی دیکە یان دەزگایەك یان کۆمپانیایەکی دیکەو دەستەی فڕۆکەوانەکان ملکەچی فەرمانەکانی دەبن.

١٢- خزمەتگوزاریەکانی سەرزەوی: مەبەست لە خزمەتگوزاری سەرزەوی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە لە فڕۆکەخانەکان پێشکەش دەکرێن بەهۆی کۆمپانیاکان یان دامەزراوەکانی تایبەتمەند کە لەلایەن

دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراقی پشتی پێ دەبەستێ بۆ پێشوازیکردنو ڕاگواستنی فرۆکەو ڕێبوارانو ئەوەی فرۆکەوانەکان دەیگوازنەوە لە کەلوپەلو کاڵاوپۆستە لەوانەش داگرتنو بارکردنو هەروەها بار بوو کردنی فرۆکەکان بەخواردنەوەو کەرستەکانی خواردەمەنی شتی دیکەش، هەر لەدەرەوەی باڵاخانەکانی فرۆکەخانەو لەناو شوێنی جولانەوەی فرۆکەکان تاوەکو سەرکەوتن بۆ ناوفرۆکە بەرلەفڕینیو ئەو کەرەستانەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێ پێشکەش دەکرێ دەبێ هاوشێوەی ئەو تایبەتمەندییە پێوانەییانە بێ کەلەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراقی بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکان پشتی پێ ببەسترێ.

١٣- پێوانەکانی نێودەوڵەتی: هەرچییەك لەپاشکۆکانو قەواڵەکانی ڕێکخراوی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی (ICAO) هەموارکراوەکانی دا هاتبێت.

١٤- پێوانەکانی ناوخۆیی: هەر پێوانەیەك لەیاسای فرۆکەوانی شارستانیو هەموارکراوەکانیدا هاتبێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتەکانی هەرێم لەم مەیدانەدا بەجۆرێك لەگەڵ دەقەکانی دەستووری عێراقیدا ناکۆك نەبێت.

١٥- فرۆکەخانە: ڕووپێوێکی دیاریکراوە لەسەر ڕووبەری زەوی یان ئاو لەوانەش باڵاخانەو دامەزراوو کەرەستەکانی تایبەتکراوە سەراپای یان بەشێکی بۆ گەیشتنو جێهێشتنی فرۆکەکان یان لەبەر جوولانەوەیان لەسەر ڕووبەری زەوی.

١٦- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی: فرۆکەخانەیەکە حکومەتی هەرێم لە هەرێمەکەی خۆیدا دایدەمەزرێنێ بۆ هاتنەناوو دەرچوونی جوولانەوەی ئاسمانی نێودەوڵەتیو، وەرگرتنی هەموو ڕێکارەکانی پەیوەست بە گومرگو کۆچکردنو تەندروستیو کەرەنتێنە-قورمێنە لەوانەش بەرگرتن لە ئاژەڵو ڕووەك، زۆر ڕێکاری هاوشێوەی دیکەش.

١٧- ڕێپێدان: ڕەزامەندییەکە کە دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەریدەکات بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاریکراو کە دەکەوێتە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی.

١٨- ڕێبەری فرۆکەخانە: ئەو ڕێبەرەی دەسەڵاتی فرۆکەخانەکان دەریدەکات، ئەو پرەنسیپە بنچینەییانە لەخۆی دەگرێ کە لە پێرەو وپارێزنامەو ڕێنماییو ڕێساکانی پێویست کە دەبێ پەیرەوی بکرێ، داهاتووە، لەپێناو سەلامەتیو ئاسایشی فرۆکەخانەو فرۆکەکان.

١٩- ڕێپێدان بەفرۆکەخانە: ڕەزامەندییەکانی دیاریکراوە دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی دەریدەکات بۆ ئەوەی پرۆسەی بەکارخستنی فرۆکەخانە بگرێتە ئەستۆ.

٢٠- مۆڵەتدان: باوەڕنامەیەکە یان ڕێگەپێدانێکە دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دەیداتە کارمەندانی کەرتی فرۆکەوانیی شارستانی، ئەوانەی سروشتی کارەکانیان پێویست بەهەبوونی باوەڕنامە یان ڕێپێدان دەکات، بەپێی ئاستەکانی بڕیار لێدراوی نێودەوڵەتیەوە.

٢١- جوولانەوەی ئاسمانی: هەموو فرۆکەکانی بەئاسمانەوەن، یان لەناوچەی فرۆکەخانە مانۆڕدەگرن.

٢٢- شوێنی مانۆڕگرتن (سووڕانەوە) لە فرۆکەخانە: ئەو شوێنەیە بۆ فڕین و نیشتنەوەو جوولانەوەکانی دیکەی پەیوەست بە فڕین و نیشتنەوە بەکاردێت بەدەر لە گۆڕەپانی وەستانی فرۆکەکان.

٢٣- فرۆکە: هەر ئامێرێك بتوانێ لە ئاسمان بمێنێتەوە بەهۆی کاردانەوەکانی هەوا، ئەوەك بەهۆی ئەو کاردانەوانەی لەسەر ڕووبەری زەوی ڕەنگدەداتەوە، هەموو نەفەرهەڵگرەکانی هەوا دەگرێتەوە وەکو باڵۆنەکان و فرۆکەکانی چارۆگەدارو ئەو فرۆکانەی کە باڵەکانیان دەجووڵێتەوە هەتادوایی..

٢٤- ڕێککەوتننامەی شیکاگۆ: ڕێککەوتننامەی فرۆکەوانی شارستانی نێودەوڵەتی کە لە شیکاگۆ لە ٧/کانوونی یەکەمی/١٩٤٤ مۆرکراوەو بەیاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٤٧و پاشکۆو فەواڵەو پرتۆکۆڵەکانی تایبەت بە هەموارکراوەکانی پەسندکراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو بە عەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الاول

أحكام عامة

الفصل الاول

تعاريف

المادة الاولى:يقصد بالكلمات والتعابير التالية المعانى المبينة أزاءها لآغراض هذا القانون: -

١ - الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

٢ - مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان - العراق.

٣ - الوزارة: وزارة النقل فى اقليم كوردستان - العراق.

٤ - الوزير: وزير النقل فى اقليم كوردستان - العراق.

٥ - المؤسسة: سلطة المطارات المدنية لاقليم كوردستان - العراق.

٦ - المجلس: مجلس ادارة المؤسسة.

٧ - رئيس المؤسسة: رئيس مؤسسة المطارات المدينة لاقليم كوردستان - العراق.

٨ - التصمصم الاساسى للمطار: التصاميم والمخططات للمعالم الاساسية للمطار وملحقاته قبل الانشاء وبعده والتوسع المستقبلى.

٩ - مشغل المطار: أى شخص طبيعى أو معنوى يقوم بتشغيل المطار أو جزء منه.

١٠ - مستثمر المطار: الشخص الطبيعى أو المعنوى الذى يقوم باستثمار المطار وادارته سواء بنفسه له أو بواسطة اشخاص أو جهات تابعين له.

١١ ـ المشغل الجوى: (المستثمر): أى شخص طبيعى أو معنوى أو مؤسسة أو شركة يتولى/ تتولى مهام تشغيل الطائرة لاغراض النقل الجوى المحلى أو الدولى بشكل مباشر أو غير مباشر أو بصيغة تأجير أو يقدم/ تقدم أو يشغل/ تشغل خدمات جوية أو أية ترتيبات أخرى وسواء كان ذالك لحسابه/ لحسابها أو نيابة عن شخص أو مؤسسة أو شركة أخرى وتخضع هيئة قيادة الطائرة لأوامره/ لاوامرها.

١٢ ـ الخدمات الارضية: يقصد بالخدمة الارضية جميع الخدمات التى تقدم في المطارات بواسطة شركات أو منشآت متخصصة ومعتمدة من سلطة الطيران المدنى العراقى لاستقبال وترحيل الطائرات والركاب وما تنقله الطائرات من أمتعة وبضائع وبريد بما فى ذلك تفريغها وتحميلها وكذلك تموين الطائرات بالمشروبات والمواد الغذائية وغيرها بدءا من خارج أبنية المطار داخل منطقة تحرك الطائرات وحتى الصعود الى الطائرة قبل الاقلاع وتكون المعدات التى تقدم بها هذه الخدمات مطابقة للمواصفات القياسية المعتمدة من سلطة الطيران المدنى العراقى لكل خدمة.

١٣ ـ المعايير الدولية: كل ما هو وارد فى ملاحق ومستندات منظمة الطيران المدنى الدولى (ICAO) وتعديلاتها.

١٤ ـ المعايير المحلية: كل معيار ورد بقانون الطيران المدنى العراقى وتعديلاته مع الاخذ بنظر الاعتبار صلاحيات الاقليم فى هذا المجال وبما لا يتعارض مع نصوص الدستور العراقى.

١٥ ـ المطار: مساحة محددة على سطح الارض أو الماء بما فيها من مبان ومنشآت ومعدات مخصصة كليا أو جزئيا لوصول ومغادرة الطائرات أو لحركاتها على سطح الارض.

١٦ ـ المطار الدولى: مطار تعينه حكومة الاقليم فى أقليمها لدخول وخروج الحركة الجوية الدولية، وتتخذ فيه الاجراءات المتعلقة بالكمارك والهجرة والصحة والحجر الصحى بما فيه حجر الحيوانات والنباتات وغيرها من الاجراءات المشابه.

١٧ ـ الترخيص: موافقة تصدرها سلطة الطيران المدنى العراقى لشخص طبيعى أو معنوى لمزاولة نشاط معين يدخل فى نطاق اختاصاصاتها.

١٨ ـ دليل المطار: الدليل الذى تصدره سلطة المطارات والذى يتضمن المبادىء الاساسية الواردة فى الانظمة واللوائح والتعليمات والقواعد اللازمة الواجب اتباعها لتأمين سلامة وأمن المطار والطائرات.

١٩ ـ ترخيص المطار: موافقة محددة تصدرها سلطة الطيران المدنى العراقى لشخص طبيعى أو معنوى للقيام بعملية تشغيل المطار.

٢٠ ـ الاجازة: شهادة أو رخصة تمنحها أو تعتمدها سلطة الطيران المدنى العراقى للعاملين فى قطاع الطيران المدنى ممن تتطلب طبيعة عملهم حيازة شهادات أو رخص وفقا لمستويات مقررة دوليا.

٢١ ـ الحركة الجوية: جميع الطائرات المحلقة، أو العاملة فى منطقة المناورات فى المطار.

٢٢ ـ منطقة المناورات فى المطار: ذلك الجزء من المطار المستخدم لاقلاع الطائرات وهبوطها و تحركاتها الاخرى المتعلقة بالاقلاع والهبوط وذلك باستثناء ساحة وقوف الطائرات.

٢٣ ـ الطائرة: أى آلة في استطاعتها أن تستمد بقاءها فى الجو من ردود فعل الهواء وليس بسبب ردود فعل الهواء المنعكسة من سطح الارض، وتشمل كافة المركبات الهوائية مثل المناطيد والبالونات والطائرات الشراعية والطائرات ذات الاجنحة المتحركة وما الى ذلك.

٢٤ـ اتفاقية شيكاغو: اتفاقية الطيران المدنى الدولى الموقعة فى شيكاغو في ٧/ كانون أول/ سنة ١٩٤٤ والمصادق عليها بالقانون رقم (٦) لسنة ١٩٤٧ والملاحق والمستندات والبروتوكولات الخاصة بها وتعديلاتها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

بەڕێز وەختی بە عەرەبی دەخوێندرێتەوە، یەعنی (الاقلیم:) دواتریش ( كوردستان ـ العراق) بەو شێوەیە (الاقلیم: اقلیم كوردستان ـ العراق) (مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقلیم كوردستان ـ العراق).

پێویستە ئەوە ئیشارەی پێ بكرێت، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆكۆڵ تەسجیل بێت، ئێستاش رەئی لیژنەی موشتەرەك چیە؟ فەرموو مام رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتەكەمان موشتەرەكە لە نێوان هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، لەبەرئەوە ئێمە هیچ تێبینیەكمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێ گومان ئەو یاسایە هەر بەشێوەیەكی گشتی و بە تایبەتی ئەو ماددەیە كە ماددەی تەعریفاتە، تا بڵێی ماددەیەكی پسپۆری و فەنیە، هیچی لەخۆوە دانەنراوە، هەمووی پەیوەندی بە كۆمەڵێك ئیتیفاقیات و پرۆتۆكۆلات هەیە، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە و زۆر تێرو تەواو لەسەر خۆیەتی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئەو كەسانەی دەیانەوێت قسە بكەن؟ كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ناچارم لەسەر نوسخە عەرەبیەكەی هەندێك تێبینی دەربخەم، چونكە بەداخەوە نوسخە كوردیەكەی زۆر بەشێوەیەكی نادروست وەگێڕدراوە، لە بڕگەی ٥ دا نووسراوە (المؤسسة: سلطة المطارات المدنية لاقليم كوردستان ـ العراق)، موئەسەسە وەك لە قانونەكەدا دەركەوتووە پێویستە بوترێت (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان ـ العراق) نەك سوڵتە، چونكە سوڵتە بە مانای دەسەڵات دێت، لە وەرگێڕانیشی بۆ

کوردیەکەی موئەسەسە بەداخەوە کراوە بە دەزگا، بەڵام خۆی دامەزراوەیە، لە کوردی دا دەبێت بگوترێت دامەزراوە نەك دەزگا، لە برگەی ١٢دا لە کۆتایی برگەکەدا نووسراوەو دەڵێ (قبل الاقلاع وتكون المعدات التي تقدم بها هذه الخدمات مطابقة للمواصفات......... ) پێویستە بکرێت بە ( قبل الاقلاع على ان تكون المعدات التي تقوم بها هذة الخدمات مطابقة للمواصفات القياسية) وەکو شەرتێك لەسەر ئەو دامەزراوە، لەبرگەی ٢٣ دا (الطائرة: اي آلة في استطاعتها أن تستمد بقاءها.......) خۆی چاکترە بووترێت (أي آلة تستمد بقاءها) پێویست ناکات ئەو بووترێت (في استطاعتها أن)، هەرخوارەوەی دێری سێیەمی هەمان برگە نووسراوە (وتشمل كافة المركبات الهوائية مثل .....) باشترە بڵێین (كالمناطيد) لە جیاتی ( مثل) ەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش هەر لەسەر خاڵی پێنجەم لە پێناسەکان کە هاتووە وشەی دەسەڵات کە (السلطة) بە عەرەبیەکەی نووسراوە، من پێم وایە ئەمە زیادەیە هەر وەکو تێبینی کاك د.نوری بێت، بە تایبەتی ئەگەر تەماشای خاڵی حەوتەم بکەین، خاڵی حەوتەم بۆخۆیان دیسانەوە دەڵێن (رئيس المؤسسة: رئيس مؤسسة المطارات المدينة لاقليم كوردستان - العراق) کەواتە وشەی سوڵتە لێرە زیادە، پێویست ناکات، لە کوردیەکەیشی هەر وا نووسراوە، (سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانیە)، کەواتە لە جیاتی بڵێین دەسەڵاتی فرۆکەخانەکانی، لە ٥ بڵێین ( دەزگا: دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمی کوردستان - عیراق) من پێم وایە دەزگاش دروستە بەکاربێت یان دامەزراوەش بێت، بەڵام پێم وایە دامەزراوە ئەسڵەن وەرگێڕدراوە لە عەرەبیەوە، دامەزراوە یەعنی موئەسەسە، وشەیەکی عەرەبیە و کراوەتە کوردی، بەڵام دەزگا لە کوردی دا بەکارهاتووە لە جیاتی موئەسەسە، دەتوانین دەزگاش وەکو خۆی کە چۆن بەکارهێنراوە، هەر دەزگاکە بمێنێت، بەڵام وشەی دەسەڵات زیادە لێرە و پێویست ناکات وشەی دەسەڵات هەبێت لە جیاتی ئەوە دەزگا بنووسرێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

بۆ ئەوەی زۆر تیکرار نەبێتەوە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، چونکە لە حکومەتەوە پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی هاتووە، کوردیەکەش دەخوێنینەوە، بەڵام زیاتر عەرەبیەکە جێگای دەنگدانە لەسەری و پاشان بە کوردیەکەی، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر برگەی ٩ی ماددەکە، خۆی ئەو مەتارە لە پێناسەکە دەبوایە شتێکی تر بوترایە، برگەیەکی ئیزافی هەبووایە و پێناسەی ئەمنیەکە بکرایە، پێناسەی لایەنی ئەمنی نەکراوە لێرە، حەقە پێناسەی لایەنی ئەمنیەکەی بکرێت، ئەم ئەرزی ناو مەتار ئەگەر بکرێت جەویەکە دیاری بکرێت، کێ مەسئولە لەلایەنی ئەمنی، ئەمە یەك، دووەم: لە برگەی ٩ ئەگەر ئەو برگەیە بە پێی ئەو پێناسەیە بێت یان دەبێت ئەو کەسە کە دەڵێت بەکارخەری فرۆکەخانە، ئایا ئەو کەسە مەسئولی یەکەمە لەو ئیشە؟ یان پێویستە ئەو ئیلتیزامی هەبێت بەلایەنی پەیوەندارەوە، چونکە لە فرۆکەخانە هەرکەسێك هەستێت بە ئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت، ئەوە خەتەرێکی گەورەیە، لەڕووی ئەمنیشەوە دیسانەوە خەتەرە، ئایا ئەو کەسە مەسئولی یەکەمە یان دەبێت ئیلتیزام بکات بە لایەنی پەیوەندارەوە بە بەکارخستنی ئەو فرۆکەخانەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ئیلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، مولاحەزەی یەکەم بە گشتی لەسەر یاسایەکەیە، ئەو یاسایە هیچ ئیشارەتێکی نەداوە بەهەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٣ ی تایبەت بە فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی ........

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە ئەوە لە ماددەکانی دواوە دێت، ئەمە تەعریفەکانە، ئێستا باس لە ماددە یەك دەکەین، هەیە کاکە، ئەوە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هەیە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ئیلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی ٥ و ٣ یەکێکیان بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی موتەجانس بن لەگەڵی، یان سوڵتە ببێتە ئیدارە یان ئیدارە ببێتە سوڵتە، برگەی ١٦ کە دەڵێت (مطار تعينه حكومة الاقليم.....) بە ڕەئی من ببێتە (تأسسه) باشترە لە (تعينه) هەروەها (لدخول وخروج الحركة الجوية الدولية)، برێك عیبارەتەکە ڕەکیکە، من پێم وایە ببێتە (امام حركة الطيران) یان ببێتە ( أمام الملاحة الجوية) بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من هەر لەسەر بڕگەی ١٣ کە (ICAO) بە ڕەئی من ئەگەر بەکاملی کەلیمەکەش بنووسرایە باشتر بوو (International Civil Air Organization) ئەوە بنووسرایە باشتر بوو، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت ئەو (ICAO)یە چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونەکانی د.نوریم هەیە، تەنها موئەسەسە کە پێناسە دەکرێت لە بڕگەی ٥ لە جیاتی سوڵتە بگوترێت (مؤسسة المطارات المدنية) یەکسەر، چونکە موئەسەسە وشەیەکی موتڵەقە، لێرە تەخەسوس کراوە بۆمەتارات، سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی کە لە کودریەکەی داموئەسەسە بە دامەزراوە دێت، بەڵام دەزگا بۆ جیهازە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

عەرەبیەکەی ئەساسە، لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ ئەو پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المؤسسة) کورتکراوەی ئەو دەزگایەیە کە هەیە، فعلەن (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم) ئەگەر وشەی سوڵتە بکرێتە موئەسەسە باشترە و لەجێی خۆیەتی، مەبەستیش فعلەن ئەو دەزگایەیە لە هەر شوێنێك ئەگەر باسی ئەو دەزگایە کرا تەنها کەلیمەی‌موئەسەسەی بۆ بەکاردەهێنین، بە نیسبەت ئیلغای قانونی ژمارە ٢٠ ئێمە وەکو ماددەیەکی موزافە ئیشارەتمان پێی کردووە لە تەقریرەکەی خۆمان، لە کاتی خۆی باسی دەکەین، تەفاسیلی کەلیمەی (ICAO) بە ڕەئی ئێمە ئەوە بە عەرەبی نووسیومانە پێویست ناکات بە ئینگلیزیش بنووسرێت، مەسەلەی تەعریفی لایەنە ئەمنیەکە کاك شێخ جعفر باسی کرد، لەبەرئەوەی لە تەعاریف چی دەنووسین؟ ئەو شتانە دەنووسین کە لە ناو یاسایەکە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوەو پێویست بە ئەوە دەکات بە کورتی بیڵێین، بۆیە بە پێویستمان نەزانی ئەوە بنووسین، تێبینیەکانی تریش هەمووی زمانەوانی بوون، سیاغە بوون، دەتوانین سوودی لێ وەربگرین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا بۆ کەلیمەی سوڵتە دیارە لیژنەی یاسایی موافقە ببێتە موئەسەسە، فەقەرەی ٥ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە سوڵتە ببێتە موئەسەسە؟ تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە؟ کاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو تەعاریفانە جەنابیشت باسی کرد غەیری ئیقلیم وەزیر و موکینە ئەو تەعاریفانە تەعاریفی ستاندارن، لە ئەمازجی قەوانینی تر وەرگیراون، لە ئیماراتی و ئەمریکی، بەڵام برادەران دیارە لە مەسەلەی مونەسەسەکە پێیان باشە کە سوڵتەکە لابچێت، ئەگینا مونەسەسە تەسمیەکەیە، خۆی دەسەڵاتی مەتارە، هیچ ئەشکال نیە، بەڵام هەر ئیسرار دەکەن و پێیان باشە ئەوە با وەکو گوتەنی لەبەرخاتری ئەوان بگۆڕدرێت، بۆ ئینگلیزیەکەش ئەوە زۆر کێشە نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لە هەر دوو حاڵەت دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە سوڵتە ببێتە مونەسەسە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاک ئارێز........

دەنگەکەی دەرنەچووە........

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە تەعریف کراوە، مونەسەسەیان تەعریف کردووە، دەڵێ مەعنای ئەوەیە لەبەرئەوە ئێستا ئەو بەڕێزانەی ڕازین سوڵتە نەمێنێ و بۆ نموونە وەکو مونەسەسە بێت، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە؟ ١٥ کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تەعریفەکە، دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە تەعریفەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس، ئێستا کۆی ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا و دوو دەنگ دژە، زۆر سوپاس، بۆ ماددەکەی تر کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

چوارچێوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە

ماددەی دووەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر هەموو فرۆکەخانە شارستانیەکانی هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە ماددەی دووەم بە عەرەبی بخوێننەوە، کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثانی

نطاق سریان أحکام القانون

المادة الثانیة:

تسری أحکام هذا القانون علی کافة المطارات المدنیة فی اقلیم کوردستان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە؟ کاك ڕشاد فەرموو.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵی داین هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکات تکایە، باشە، جەنابی وەزیر مولاحەزەیەکتان هەیە لەسەری؟ فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە بۆ ماددەو بڕگەو بابەتەکانی لەمەودواش لەبەرئەوەی ئەو بەیانیە ئێمە کۆبوونەوەمان کرد هەرچی مولاحەزات و سەرنج و تێبینی هەبوو لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشەکە درا، بۆیە هەرچی ئەوان دەیڵێن ئەوە ڕەئی حکومەت و لیژنەی هاوبەشە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

نا، نا ئەوەی دەستی بەرزنەکاتەوە دوای ئەوە ناتوانێت قسە بکات، هیچ مومکین نیە وەختێ مەجال دەبێت ئەو کات با ناوی بنووسین بەسەر سەرچاو، ئەگەرنا دوای ئەوە داوای لێ بووردن دەکەم، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە وەکو لە مەشروعە ئەساسیەکە هاتووە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەی سێ تکایە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: لەمیانەی جێبەجێکردنی کارەکانی کارییو دەسەڵاتەکانی، دەزگا بەهەموو ڕێساو بەرزەفتکاریو ڕێنماییەکانی کە دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دەریدەکاتو پەیوەستە بەسەلامەتیو ئاسایشی فرۆکەوانی شارستانی و پشت بە پێوانە نێودەوڵەتیەکان دەبەستێ بەجۆرێك نابێ پێچەوانەی دەقەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: خلال تنفيذها لاعمالها وممارستها لصلاحياتها، تلتزم المؤسسة بكافة القواعد والضوابط والتعليمات التى تصدرها سلطة الطيران المدنى العراقى المتعلقة بسلامة وأمن الطيران المدنى المستندة الى المعايير الدولية وبما لا يتعارض مع نصوص هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

رەئى ليژنەى هاوبەش چيە؟ فەرموو كاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەندێك گۆڕانكارى تێدا كراوە لەو راپۆرتەى كە هاوبەشە لە نێوان ليژنەى ياسايى و ليژنەى گواستنەوە، بەو شێوەيە دارێژراوەتەوە:

المادة الثالثة: تلتزم المؤسسة بكافة القواعد والظوابط والتعليمات التي تصدرها سلطة الطيران المدنى العراقي المتعلقة بسلامە وأمن الطيران المدني المستندة الى المعايير الدولية وبما لايتعارض مع نصوص هذا القانون.

بەس موقەديمەكەى كە لێرە (خلال تنفيذها لاعمالها وممارستها لصلاحياتها) ئەوەندە حەزف كراوە ئەوەى تر وەكو خۆيەتى، زۆر سوپاس.

كێ دەيەوێت لەسەر ئەو ماددەيە قسە بكات؟ باشە، جەنابى وەزير پێشتر ئيشارەى پێ كرد موافقن لەگەڵ ئەو مولاحەزانەى كە هەيە، ماددەكە بەو شێوەيەى ليژنەى هاوبەش خوێنديەوە قبوڵ بكرێت؟ زۆر سوپاس بە كۆى دەنگ ئەو ماددەيە قبوڵ كرا بۆ ماددەى ٤ تكايە، فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دەروازەى دووەم

دەزگاى فرۆكەخانەى شارستانيى هەرێمى كوردستان

بەشى يەكەم

دامەزراندن

ماددەى چوارەم: بەپێى ئەم ياسايە دەزگايەك دادەمەزرێ بە ناوى (دەزگاى فرۆكەخانەكانى شارستانيى هەرێمى كوردستان_عێراق) فەرمانبەرێك بە پلەيەكى تايبەتى سەرۆكايەتى دەكات لەلايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە دادەمەزرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

كاك زانا فەرمووو بە عەرەبیەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الباب الثانی**

**مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان**

**الفصل الاول**

**التأسيس**

المادة الرابعة: تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة تسمى (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان ـ العراق) يرأسها موظف بدرجة خاصة يتم تعينه من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان چیە؟ كاك رشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش ئەو دوو ماددەیەی یەك خست، بەو شێوەیە:

تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان_العراق) وترتبط بالوزارة وتتمتع بالشخصية المعنوية ولها ميزانية خاصة تورد ضمن ميزانية الوزارة و يراسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وله خبرة فی هذا المجال ويتم تعيينه من قبل مجلس الوزراء كما تقوم بتعيين معاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين بناء على توصية من الوزير.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

كاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش رەئی وایە ماددەی ٤ و ماددەی ٥ دەمج بكرێت، ئەوەمان بۆ یەكلابكەنەوە، پاشان ئەگەر دەمج كرا و لەسەری رێككەوتین، حازرمان كردووە و دەیخوێنینەوە، بەڵام جاری یەكەم دەبێت ئەوەمان بۆ یەكلابكەنەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

ماددەی ٥ یش بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن كام ماددەیە دەمج دەكرێت، كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەو دەزگایە بەوەزارەتی گواستنەوە پەیویست دەبێ ، یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن لە لەسەر راسپاردەی وەزیری گواستنەوە، دەزگا کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کاگێری و هونەری هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە ئەو ماددە موشتەرەکە بەو سیاغە تازەیەی کە ئامادەتان کردووە بە عەرەبی بیخوێننەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ماددە کۆنەکە دەخوێنینەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باشترە، ئەوجا سیغە نوێیەکەی.

المادة الخامسة: ترتبط المؤسسة بوزارة النقل ويتم تعيين معاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين فيها بقرار من مجلس الوزراء بناءا على توصية من وزير النقل، وللمؤسسة شخصية معنوية واستقلال مالى وادارى وفنى.

ئەو سیغە نوێیەی کە هەردوو ماددەکەی تێدایە یەك دەخرێت و بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە بەو شێوەیەیە:

المادة الرابعة: تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان_العراق) وترتبط بالوزارة وتتمتع بالشخصية المعنوية واستقلال ادارى والفنى ولها ميزانية خاصة تورد ضمن ميزانية الوزارة و يراسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وله خبرة فى هذا المجال ويتم تعيينه من قبل مجلس الوزراء كما تقوم بتعيين معاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين بناء على توصية من الوزير.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان بۆ دەمجی ماددەکە ئەگەر مولاحەزەتان هەیە تەنها بۆ ئەوەی ئایا دەمج بکرێت یان نەکرێت؟ ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە بڕیارتان دا دەمج بکرێت ئەوجا موناقەشە دەکەین لەسەری، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن فەرموون.

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەمجەکەم، بەڵام کەلیمەی (تۆسس) وابزانم ئیداریەن کەلیمەی ...... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جارێ، تەنها دەمج بکرێت یان نەکرێت، دواتر دێینە سەر جوزئیات، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم پێکەوە دەمج بکرێن، بەلام قسەم هەیە لەسەر شێوەی دەمجەکە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەن کە ماددەی ٤ و ماددەی ٥ دەمج بکرێت دەست بەرز بکەنەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بەو سیاغە تازەیە تکایە بیخوێننەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة (مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان_العراق) وترتبط بالوزارة وتتمتع بالشخصية المعنوية واستقلال اداری والفنی ولها ميزانية خاصة تورد ضمن ميزانية الوزارة و يراسها موظف بدرجة خاصة حاصل على شهادة جامعية اولية وله خبرة فی هذا المجال ويتم تعيينه ومن قبل مجلس الوزراء كما تقوم بتعيين معاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين بناء على توصية من الوزير.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەمجە لە جێی خۆی بوو و دەست خۆشی لە برادەران دەکەین لە لیژنەی یاسایی، من پێم وایە ئێستا لە ناو دەمجەکە دا دوو جار وەزارەت هاتووە، ئەگەر وشەی وەزارەت ئەگەر تیکراری بکەینەوە من پێم وایە زەرەر نیە، چونکە ناوی وەزارەتی نەقل هاتووە، ئەگەر وەزارەتی نەقل لە بیدایەتی هینەکە بووترێت زەرەری نیە، دووەم: باسی خیبرە دەکرێت، خیبرەکە من پێم وایە تەحدید بکرێت باشە بەلای کەمی ئەوەندە ساڵە، بە نیسبەت ئێمەوە لەوانەیە زۆر هین نەبێت، بەلام باشە کە دوو، سێ ساڵ دابندرێت باشە، بۆ ئەوەی کەوا بڵێن خیبرەیەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەل ئەو دارشتنەی لیژنەی قانونیم، بەلام بە ڕاستی زۆر دوور و درێژە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا بکرێت بە سێ برگە، چونکە هەندێك شت هەیە کە پێویستە کەوا بە زەقی بخرێتە بەرچاو، بۆ نموونە لە سەرەتاوە کە نووسراوە هەتا دەڵێت (وترتبط بالوزارة ......) ئەوە برگەی یەکەم بێت، بەداخەوە

لەبەردەستم دانیە. برگەی (ب) (للمؤسسة شخصیة معنویة واستقلال مالی واداری) ئەوە بەڕاستی شتێکە پێویستە بە برگەیەکی تایبەتی بنووسرێت، ئەوەی تر بکرێت بە برگەیەکی تر باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەم لەسەر تەئسیسە، تەئسیس بۆ ئەشیا و شتومەك دەبێت، ئەمە تەشكیلیە، چونكە دەڵێین ئەم مونەسەسە شەخسیەی مەعنەوی هەیە، شەخسیەی مەعنەوی لەگەڵ ئەشیا دەبێت تەشكیلات بڵێین، ( یتشكل المؤسسة ...... ) شەخسیەتی مەعنەویە ئەشیا نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ڕێزدار باپیر كاملا فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیەكم هەیە لەسەر ١٠ ساڵ شارەزایی، ئێمە ٥ ساڵە مەتارمان دامەزراندووە، كە ١٠ ساڵ شارەزایی...... . لە كوردیەكە دەڵێت ١٠ ساڵ شارەزایی، لابراوە؟ باشە سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

ڕەئی لیژنەی یاسایی تكایە بەرامبەر ئەو پرسیارە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەتەعریفەكە گوتوومانە (الوزارة: وزراة النقل) هیچ وەزارەتێكی تر باس ناكرێت لەو یاسایە، بۆیە زەینت بۆ هیچ وەزارەتێكی تر ناچێت كە وەزارەتی نەقل یەكەم جار بنووسین، سەبارەت بە خیبرە هەموو لایەك شارەزان خیبرەی كوردستانی لە بواری مەتارات هەمووی دوو، سێ ساڵە، ئێستا ئێمە ئەگەر مەرجی خیبرە دابنێین بە ١٠ ساڵ، ٥ ساڵ و ئەوانە، ناچارین خەبیرێكی عەرەب یان ئەجنەبی بهێنین بیكەینە بەڕێوبەری ئەو مونەسەسەیەو ڕێگا لە توانا كوردستانیەكان بگرین، بۆیە با بە ئەوەندە ئیكتیفا بكرێت كە خیبرەی هەبێت لەو بوارە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە سەلاحیەتێك بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری تایبەتمەند لە دەست نیشان كردنی ئەو كەسە و دەرەجە خاسەشە كە پێویست ناكات خیبرەی زۆری بۆ دابندرێت، مەسەلەی دابەش كردنی ئەو ماددەیە، ئەگەر پێویست بێت وارده، بەڵام ماددەكە باش هاتووە و لە جێی خۆیەتی و وازحیشە و لە چەند برگەیەك ئاساییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕای جەنابی وەزیریش بۆ ئەوەی ئایا وەزارەی نەقل بنووسرێت باشترە یان نا؟ ئەگەر مولاحەزەیەکی ترتان هەیە؟ فەرموو کاك سعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە تەعاریف هاتووە، بۆیە وەکو بەڕێز کاك زاناش باسی کرد، داعی نیە و پێویست ناکات کە جارێکی ترلەوێ بگوترێت وەزارەتی گواستنەوە، ئەوەی تریش سەبارەت بە سیاغەی ئەو ماددە نوێیە کە دەمج کراوە، ئێمەش تەبیعی بەشداربووینە لە سیاغەکە، بۆیە ١٠٠٪ تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا ماددەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئەو بەڕێزانەی پێشنیاریان کرد کە ئەندامانی تری پەرلەمان ئەوە نەبوون، ئێستا ماددەکە وەکو خۆی کە لە مەشروعەکە هاتووە و لیژنەی موشتەرەکیش دووبارە سیاغەیان کردووەتەوە، وەکو سیاغەی لیژنەی موشتەرەك کێ لەگەڵە تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ ماددەی شەشەم تکایە کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی ٦:

یەکەم: دەزگا لەم دامەزراوانەی خوارەوەپێك دێت وبۆ هەریەکێکیان فەرمانبەرێك بەپلەی تایبەتی بەڕێوەی دەبات.

١- یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی.

دووەم: ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەو دامەزراوە ئاماژە بۆ کراوانەی لە برگە ( یەکەم)ی سەرەوەدا بەپێڕەوی ناوخۆیی تایبەت دیاریدەکرێت، کەئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا دەریدەکات و ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەو یەکەکانی نوێ دابهێنێ یان هەڵیانوەشێنێتەوە و یەکیان بخات بەپێی پێداویستی کارو بەرەزامەندی وەزیر. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی وبەرژەوەندی دەزگاکە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة ٦:

أولا: تتألف المؤسسة من التشكيلات الاتية ويدير كلا منها موظف بدرجة خاصة: ـ

١ ـ معاون رئيس المؤسسة.

٢ ـ المديرية العامة لمطار أربيل الدولى.

٣ ـ المديرية العامة لمطار السليمانية الدولى.

ثانيا: تحدد مهام وصلاحيات التشكيلات المذكورة فى الفقرة (أولا) أعلاه بنظام داخلى خاص يصدره مجلس ادارة المؤسسة ولمجلس ادارة المؤسسة استحداث مديريات وأقسام وشعب ووحدات جديدة والغائها ودمجها حسب متطلبات العمل وبموافقة الوزير مع مراعاة المصلحة العامة ومصلحة المؤسسة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ليژنەی هاوبەش ڕەئيتان چيە؟ فەرموو كاك رشاد.

**بەڕێز رشاد أحمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك گۆڕانكاری كراوە لەو ماددەيەو بەو شكلەيە دارێژراوەتەوە:

أولاً/تتألف المؤسسة من التشكيلات الاتية:-

١- رئيس المؤسسة.

٢- معاون الرئيس.

٣- المديرية العامة لمطار اربيل الدولي ويديرها موظف بدرجة خاصة.

٤- المديرية العامة لمطار السليمانية الدولي ويديرها موظف بدرجة خاصة .

٥- مجلس ادارة المؤسسة.

٦- الخبراء والمستشارون .

ثانياً/ تحدد مهام وصلاحيات التشكيلات المذكورة في الفقرة (أولاً) اعلاه بنظام داخلي خاص يصدره مجلس ادارة المؤسسة ولمجلس ادارة المؤسسة استحداث مديريات واقسام وشعب ووحدات جديدة والغائها ودمجها حسب متطلبات العمل وبموافقة الوزير مع مراعاة المصلحة العامة ومصلحة المؤسسة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، كاك كريم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت لە ماددەی پێشوو كە ماددەی چوارە هەر دوو ماددە دەمج كران، رەئیسی موئەسەسە بە دەرەجەی خاسەیە، نازانم لێرە چۆن مودیریەی عامەی مەتاری هەولێر و مودیریەی عامەی مەتاری سلێمانی عەینەن بە هەمان شێوە بە دەرەجەی خاسەن؟ لە هەمان كاتدا ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر قانونی وەزارەتی نەقل لەوێ مودیریەی عامەی مەتاری هەولێر بە دەرەجەی مودیری عامە، بە دەرەجە خاسە نیە، دەرەجەی خاسەش مەعلومە لای جەنابتان دەرەجەی خاسە یەعنی وەكیلی وەزیر، سەبارەت بە (ثانیا) لەوێ هاتووە و دەڵێت هەیئە یان مەجلسی ئیدارە بۆی هەیە نیزامی داخلی دەربكات، بەڕاستی دەركردنی نیزامی داخلی نیزام خاس، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، لە دەسەڵاتی وەزارەتیش نیە، نەك ئیداریەكی خاسی موئەسەسەیەك، بۆیە پێم باشە ئەو لەو دوو مولاحەزەیە ڕاست بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

شێخ فتاح فەرمووو.

**بەڕێز شێخ فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من مولاحەزەیەكی بچووكم هەیە كە ڕوو دەكەمە لیژنەی قانونی، كە من پێم وابوو ئەو سیغەیە بگۆڕی بە شێوەیەكی تر، چونكە نووسراوە (أولاً/تتألف المؤسسة) من پێم وایە موئەسەسە تەئلیف ناكرێت، موئەسەسە تەشكیل دەكرێت، دەبێت بگوترێت (تشكل المؤسسة من التشكيلات الاتية) چونكە تەئلیف بۆ نووسینە، ئەو تەتەئەلەفە لە جێی خۆی نیە، هەقە بیكەن بە (تشكل)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من هەمان تێبینیەكەی كاك كريم بحریە، دەربارەی مودیری عامەكان، بەڵام پێم وایە رەئیسی موئەسەسە پێشتر گوتمان دەرەجەی خاسەیە، مەعاونی رەئیسیش من پێم وایە لێرە دەبێت تەئكیدی لێ بكەینەوە كە ئەویش دەرەجەی خاسەیە، فەرقی هەیە لەگەڵ مودیری عامەكان، مودیری عام دەرەجی مودیری عامە پێویست ناكات دەرەجەی خاس دابنێین، یەعنی یان دەبێت ناوێكی تر بە ئایبەتی كاك كريم شەرحی كرد ئێمە لە یاسای وەزارەتی گواستنەوە ئێمە تەحیدیمان كردووە، مودیری عام بەڕێوبەرایەتی گشتی مەتار دەكات، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

د.شكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەكم هەیە دەربارەی ماددەی ٦، لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بكرێت كە بڕوانامەی زانكۆیی و پسپۆریشی هەبێت، دووەم: من لەگەڵ ئەوە نیم هەرچی دادەمەزرێ دەبێت بە دەرەجەی خاسە بێت و پسپۆریشی هەبێت، خاڵێكی تر دەربارەی ئەوەی لیژنەی هاوبەش نووسراوە (شارەزاگەل و ڕاوێژكار) یان لە زمانی كوردی دا ناوترێت (شارەزاگەل) هەر شارەزاو ڕاوێژكار دەوترێت، خاڵێكی ترم هەر دەربارەی لیژنەی هاوبەش بە عەرەبیەكەی دەڵێت ئیلغاشیان بكات، یەعنی هۆبە یەكەی نوێ بكاتەوەو ئیلغاشیان بكات و یەكیان بخات، لەجیاتی ئیلغاشیان بكات هەڵیان وەشێنێتەوە جوانترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (ثانیا) ئیحتیمالی ئەوە هەیە مودیریەی عامە مەتاری دهۆكیش دروست ببێت، چونكە موقتەرەحە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەكەم بنووسرێت ( استحداث مدیریات عامة)، ڕەنگە كەركووكیش ڕۆژێك لە ڕۆژان بێتە سەر ئەو مونەسەسەیە، بۆ نموونە دەیڵێم، مولاحەزەیەكی تر ( ودمجها حسب متطلبات عمل المؤسسة) ئەو فەقەرەی ئەخیر (متطلبات عمل المؤسسة مع مراعاة المصلحة العامة وموافقة الوزیر)، ئەو جوملەی ئەخیر من بە ڕەكیكی دەبینم، با سیاغەیەكی تازە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی من تەقریبەن لەسەر ئەوە بوو، ئەوەی كە لە پێشەوە نووسراوە، ئەو دەرەجە خاسەیە نابێت بەڕاستی لەوێدا، دەبێت ئەو دەرەجە خاسەیە بكرێت بە بەڕێوبەر، دووەم: لەو سێ خاڵەی كە نووسراوە خاڵێكی تری ئیزافە بكرێت وەكو ئەوەی كاك جمال گوتی حیسابی ئەو شوێنانە بكەن كە فڕۆكەخانەی لێ نیە و ئەو شوێنانەش كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانن، چونكە عینوانەكە لەسەرەوە نووسراوە (هەرێمی كوردستان)، ئەی ئەگەر ئەو شوێنانەی كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانن هاتنەوە كوردستان ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، ئەگەر خاڵێكی بۆ زیاد بكرێت و بكرێتە خاڵی چوارەم حیسابی دەكەین بۆ ئایندەو گەڕانەوەی ئەو شوێنانەی تری هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

فضيله خان فەرموو.

**بەڕێز فضيله رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

نەفسى تێبینى كاك كریمم هەیە، رەئیس ژى بێتن موزەف بەدەرەجەى خاسە بیتن، معاونەكەش لێرە، پێشنیار دكەم موزەف بە دەرەجەى خاسە بیتن، بنڤیسین موزەف بیتن و شەهادەى جامیعى هەبیتن، پێشنیار دكەم خالەكى دى ژ ئیزافە بیتن كو مستەشارین هەبیت ژ لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

كاك عمرفەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێم وایە مادام لە ماددەى ٤ رەئیسى موئەسەسە بە دەرەجەى خاس هات، دەرەجەیەكى تایبەتى بۆ تەحدید دەكرێت وەكو باقى موئەسەسەكانى ترى ناو حكومەتى هەرێمى كوردستان وەكو موئەسەسەى شوهەدا، موئەسەسەى ئیستیسمار و باقى موئەسەسەكانى تر، دوایى موئەسەسە بە تەشكیلەو هەیكەلەى وەزیفى مودەراى عامى دێن، پێم وایە مودیرى عام، مودیر عامە ئیتر پێویست بەوە ناكات لێرە دەرەجەیەكى خاسى بۆ دابندرێت، هەروەكو رەئیسى موئەسەسە بە تەنها ئەو دەبێت دەرەجەیەكى خاسى هەبێت، ئەمە یەك، دووەم: پێم وایە لە فەقەرەى ٢ دا تەحدیدى سەلاحیات و موهیمەكان بە نیزامى داخلى دادەندرێت، زۆر ڕاستە، بەلام كەلیمەى نیزامى داخلى خاسى ناوێت، خاسەى بۆ چیە؟ چونكە ئەو نیزامە داخلیەى كە موئەسەسە دایدەنێ هەر بۆ خۆیەتى، حەتمەن بۆ موئەسەسەكانى تر نیە، باقى ترى ئەو عیبارەتە كە دەلێت (تحدد مهام وصلاحيات التشكيلات المذكورة في الفقرة (أولاً) اعلاه بنظام داخلي خاص يصدره مجلس ادارة المؤسسة) پێم وایە ئەوە كافیە، بۆچى كافیە؟ لەبەرئەوەى ئیتر خۆ مەجلسى ئیدارەى موئەسەسە خۆى شەخسیەتێكى مەعنەویمان دایە، شەخسیەت ئیدارى موستەقیلمان دایە، مادام شەخسیەى مەعنەوى و ماددى و ئیدارى موستەقیلمان دایە ئەمەنە گەورەیە ئیتر بۆى هەیە نیزامى داخلى بۆ خۆى دابنێت، لە نیزامى داخلى باس لەتەشكیلى موئەسەسەكەى خۆى بكات، باس لە دەمج بكات، باس لە تەعین بكات لە نەقل بكات، كە ئێمە ئەو سەلاحیەتە گەورەیەمان دابیتێ، هەروەكو لە قانون دا كاك عونى و ئەوان باشى دەزانن (من يملك أكثر يملك أقل) یشە، یەعنى كە ئەو سەلاحیەتێكى زۆرى بە دەست بێت بە تەئكید بۆى سەلاحیەتى كەمتریشى بە دەست هەبێت، لەبەرئەوە پێویست ناكات هەر لە مەجلسى ئیدارەى موئەسەسە لەوێ كافى بێت، چونكە بتوانێ نیزام داخلى بۆ خۆى دیارى بكات، ئەو سەلاحیەتە زۆرەى هەیە و بەو فراوانیە داومانەتێ ئیتر پێویست ناكات بۆى باس بكەین چى هەیە بەدواى دا بیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە یەكەم دەبێتە ( المادة الخامسة) دەمێنێتەوە، دووەم: منیش ئەو تێبینیەم هەیە كەتەنها باسی فرۆكەخانەی هەولێر و فرۆكەخانی سلێمانی كراوە هیچ ئیشارەتێك نەدراوە لە داهاتوو كە من تەنكیدم فرۆكەخانەی تر لە كوردستان دەكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، لیژنەی یاسایی لە وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیتان چیە؟ كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزمان كاك كریم لە لیژنەی یاسایی لەگەڵمان بوو لە كاتی ئەو گفتوگۆیانە، خۆزگە ئەو كات هاوكاری كرابان و ئیمزای نەكردبا لەسەر ڕاپۆرتەكە، هەرچەندە ئەفكاری نوێ ئێمە بە دەوڵەمەند كردنی پرۆژەكەی دەزانین، دەرەجە خاسە دیارە كە یەك جۆری نیە، هەر مودری عام نیە، چەند جۆرێكی هەیە، مودیری عامیش دەرەجە خاسەیە لە قانون، بۆیە هاتنی بە درەجەی خاسە من با موشكیلەی نازانم حكومەتیش لەوانەیە جوابی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، حەزدەكەم ئەوان ڕوونی بكەنەوە، وشەی نیزام خاس هیچ مەبەستێك لە پەنای خاسەكە دا نیە، دەكرێت ئەگەر خاسەكە نەشنووسرێت پێم وانیە هیچ كێشەیەكی تێدا هەبێت، مەبەستمان نیزام بووە، ئەو نیزامەی كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەكرێت، بەنیسبەت (تتالف) بكرێتە (تشكل) ئەوە جوان نیە بڵێی (تشكل من التشكیلات) نابێت با وەكو خۆی بمێنێتەوە بە ڕەئی ئێمە هیچ عەیبی نیە، ئەگەر هەر بیشی گۆڕین دەتوانین بیكەینە (تتكون) ئەمە هەر لوغەویە و شتێكی وا نیە، د.شكریە تێبینیەكانی لەسەر زمانی كوردی بوو، سەرەتا باسی ئەوە كرا كە تێبینیەكان لەسەر نوسخە عەرەبیەكەی بێت، چونكە ئەو دەنگی لەسەر دەدرێت و كوردیەكەی دەسكاری كردنە، بە نیسبەت كاك جمال بۆتانی باسی لەوە كرد ئیستحداثی مودیریات و ئەوانە با باس نەكەین، نەخێر ئێمە لە هەموو یاسایەكان باسی ئەوە كراوە ئیستحداثی مودیریات و شوعەب و ئەقسام دەبێت بە قانون بێت، لێرە لە قانون دەبێت حەقەكەی بداتێ ناكرێت باس نەكرێت، بە نیسبەت قسەكانی كاك عمر هەر باسی ئەو نوقتەیەی كرد كە پێویست ناكات باسی ئیستحداث ئەوانە بكرێت، دەبێت ئەوە باس بكرێت وەكو لە یاسای هەموو وەزارەتەكان باسمان كردووە مودیریات ئەقسام و شوعاب كە لەوێ باس بكرێت لێرەش پێویستە باس بكرێت، كاك جمال باسی مودیریاتی عامە كرد لە مودیریاتی عامە ئێمە ناتوانین لێرە سەڵاحیەت بدەینە موئەسەسە كە بۆی هەیە مودیریەی عامە ئیستحداث بكات، نەخێر ئەوە ئیشی قانونە، مودیریەی عامە گەورەیە و مودیریاتیان پێ دەكرێت، ئەقسامیان پێ دەكرێت شوعابیان پێ

دەكرێت، بەڵام ئەگەر سبەی مەتاری دهۆك دامەزرا دەتوانن تەعدیلێك پێشكەش بكەن و مودیریەی عامەی مەتاری دهۆك ئیزافە بكرێت، بۆ جوابی كاك رۆمیۆ لە داهاتوو ئەگەر هەر پەرەسەندنێكی نوێ هەبوو لە شارەكانی تری كوردستان مەتارێك كرایەوە زۆری تێ ناچێت پێشنیارێك لە حكومەتەوە دێ و تەعدیلی دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان دەربارەی وشەی خاسە بمێنێ یان نەمێنێت و یان هەر مولاحەزەیەكی رەئیشت هەبێت فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە زیاتر مەسەلەیەكی قانونیە، یەعنی ئەگەر هیچ ئەشكال دروست ناكات چۆن لە پرۆژەكە هاتووە من لەسەر زەوقی رەئی برادەران و ئەسڵی پرۆژەكەین، ئێمە تەئیدی ئەو بۆچوونانەی برادەران دەكەین، ئەوەی تریش كە كاك زانا باسی كرد مەسەلەی ئیستحداثی مودیریەت عامەیە، دیارە لە قانونەكانی تریش و هەر بە پێی یاساش نەك لە دەسەڵاتی مونەسەسە، لە دەسەڵاتی وەزارەتیش نیە، هەر كاتێك كە ئیستحداثی بابڵێین مەتارێك كرا ئەو كاتە دەكرێ ئێمە بیهێنینەوە پەرلەمان و هەمواری بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك لە ئەندامان ئاماژەیان بە یاسای وەزارەتی نەقل كرد، بێگومان یاسای وەزارەتی نەقل لە ماددەی ٥ لەزمنی تەشكیلاتی وەزارەت خاڵی شەشەم و حەفتەم و هەشتەم باسی ئەم یاسایەیە، مونەسەسەی تەیەرانی مەدەنی باس دەكات، مودیریەی عامەی مەتاری هەولێر باس دەكات، مودیریەی عامەی مەتاری سلێمانی باس دەكات، بەڵام دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەو برگانە لەكاردەكەون و پێویستە یاسایەكە تەعدیل بكرێ، لەبەرئەوەی لەوێ گوتراوە تەیەرانی مەدەنی، ئێمە لێرە كردوومانەتە مەتار، وە مودیری عامەكانیشمان لێرە جێ كردووەتەوە، هەر بۆ ئاگاداری ئەندامانی بەڕێز ئەم یاسایە هەم بە ئەخیر ماددەی یاسایەكە هەموو نەسێكی تر ڕادەوەستێت كە پێچەوانەی ئەو یاسایە بێت، چونكە ئەوە تازە دەرچووەو ئەوەی پێشتر ڕادەگرێت، دواتریش دەبێت لەلایەن حكومەتەوە یان لەلایەن ئەندامانەوە تەعدیلی یاسایەكە بكرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بۆ وشەی دەرەجە خاسە، چەند پێشنیارێك هەبوو کە داوای ئەوەیان کرد لابردرێت، لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش پشتگیریان لێ نەکرد، لەبەرئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك کریم نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم لێرەدا خۆی ناکرێت رەئیسی موئەسەسە دەرجە خاسە بێت، مودیر عامەکەش...... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەوە رەجائەن ئەوە نوقتە نیزامی نیە، رەئیە، قسەی خۆت کرد لە وەختی خۆت، دانیشە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان گوێیان لە جەنابت گرت، ئێستا رەئی خۆیان دەدەن، بۆ مودیر عامەکان تکایە کێ لەگەڵ ئەوەیە دەرەجە خاسە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ ٤٢ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە دەرەجە خاسە لابردرێت بۆ مودیر عامەکان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە لانەبردرێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، ٦ کەس، بە زۆرینەی دەنگ لاچوو دەرەجە خاسەکان، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام دەرەجە خاسە لاکەوت دەبێت بڵێین (یدیرها موظف بدرجة مدیر عام) دەبێت ئەو تەعبیرە بنووسرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەوە رەئی لیژنەی یاسایی و موشتەرەکە؟ باشە بۆ جێگری مودیری عام، مودیر عامتان بە دەرەجە خاسە قەبوڵ نەکرد بۆ جێگرەکەی کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەرەجە خاسە لابچێت بۆمعاونی رەئیسی موئەسەسە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرەجەی معاونی رەئیسی موئەسەسە دەرەجە خاسەیەو ئیجتهادی ناوێت، ئەگەر بیخەیە دەنگدانەوە لێرە ئەشکالێکی قانونی دروست دەبێت بۆ ئێمە، مەعاونی رەئیسی موئەسەسە دەرەجە خاسەیە لە هەورازی مودیری عامەیە، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوە نەبن دەرەجە خاسە.... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش پشتگیری ئەو دەکەم کە مەعاونی رەئیسی موئەسەسە ببێتە دەرەجەی خاسە، چونکە کە ئەو نامێنێت یان بە ئیجازە دەچێت حەتمەن دەبێت یەکێك جێگەی بگرێتەوە، باشترە دەرەجە خاسە بێت، یەعنی بۆ؟ ئەشکالێك لەوە دانیە، خۆ مودیری عام نیە، دەتوانێ مودیری عامیش بێت، بەڵام باشترە دەرەجە خاسە بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مادام بە نیزامی داخلی بەو یاسایە هەموو سەلاحیەتەکانی رەئیسی موئەسەسە کە دەدەینە دەست مەعاونی رەئیسی موئەسەسە، کەواتە لەیەك مستەوای دەرەجەی وەزیفی دابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد أمین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو پرۆژەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەی دەکەین، سەرۆکی موئەسەسە بە دەرەجە خاسەیە، شەخسیەتی مەعنەوی هەیە و دەسەڵاتی فەنی و ئیداری و مالی هەیە، بۆیە جێگرەکەشی وەکو برادەران باسیان کرد کە دوو مودیریەتی عامیش سەر بەو موئەسەسەیە، کە وەزیر لەوێ نابێت جێگرەکەی دەبێت بە دەرەجەی خاسە بێت، من پێم خۆشە شتێکی تریش تەوزیح بدەین، یەعنی نەك واردە من پێم وایە هەر واش دەبێت، سەرۆکی موئەسەسەکە بە دەرەجەی وەزیر دەبێت، جێگرەکەی وەکیلی وەزیر دەبێت، مودیریەتی عامەکانیش مودیریەی عام بەڕێوەی دەبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کریم مولاحەزەیەکت هەیە دیارە زۆر بە پەلەی، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی جەنابی سەرۆك ئێمە لێرە دانیشتووین یاسا دابنێین، پێم خۆشە مەجالمان بدەی ئێمە قسەی بکەین.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەجائەن ئەوەی دەستی بڵند نەكات مەجالی نادەین، ئەم مەشروعە ماوەیەكی زۆرە لەبەردەستتانە و موناقەشەتان كردووە لە لیجانەكان، لێرە رەئی خۆت دەدەی و ئەو بەڕێزانەش تەقیمی ئەو رەئیانە دەكەن و رەئی خۆیان دەدەن، لێرە نایەن وەكو لیژنەیەكی بچووك دابنیشین دە سەعات موناقەشە بكەین، تكایە بە موختەسەری رەئی خۆت بدە، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم كە مەعاونی رەئیسی مونەسەسە هەمان دەرەجەی هەبێت، دەرەجەیان وەكو یەكە، لەبەرئەوەی هەمان سەلاحیەت و هەمان دەسەلات دەبینن، بەلام لە مەنسب جیان، ئەو رەئیسی مونەسەسەیە، ئەو مەعاونیەتی، لێرەدا لەڕووی یاساییەوە زۆر دروستە كە مەعاونیش هەمان دەرەجەی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە لیژنەی یاسایی ئەخیر سیاغەی یاساكە بەو دەقە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە تەسویت، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەعاونی رەئیس، نە لەو ماددەیەو نە لەو ماددەیەی پێشتر باسی پلەكەی نەكراوە، بە رەئی ئێمە باس بكرێت باشە، بە رەئی ئێمەش مودیر عامەكان باس كرا و پلەی رەئیسی مونەسەسەش باسكرا كە دەڵێین: (معاون الرئيس يعيين بدرجة خاصة)، لە بەرامبەری بنووسین: ئەو كەلێنە هەیە لە یاسایەكە ئەگەر رازی بن؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا رەئی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدان وەكو ئەوەی ئێستا خوێندیەوە و رەئی حكومەتیشە، تكایە ئەوەی لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، سێ كەس دژیەتی، تكایە ئێستا ماددەكە بە گشتی بخوێننەوە بەو تەعیلاتەی كرا بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اولاً/تتكون المؤسسة من التشكيلات الاتية:-

١- رئيس المؤسسة.

٢- معاون الرئيس و يعين بدرجة خاصة.

٣- المديرية العامة لمطار اربيل الدولي ويديرها موظف بدرجة مدير عام.

٤- المديرية العامة لمطار السليمانية الدولي ويديرها موظف بدرجة مدير عام .

٥- الخبراء والمستشارون .

ثانيا/ تحدد مهام وصلاحيات التشكيلات المذكورة في الفقرة (أولا) اعلاه بنظام داخلي خاص يصدره مجلس ادارة المؤسسة ولمجلس ادارة المؤسسة استحداث مديريات واقسام وشعب ووحدات جديدة والغائها ودمجها حسب متطلبات العمل وبموافقة الوزير مع مراعاة المصلحة العامة ومصلحة المؤسسة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی هەیە كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی ٥ مەجلسی ئیدارەی موئەسەسە نەخوێندراوە، نازانم وەلا نرا یان نا؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لە لیژنەی هاوبەش لادراوە، كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە (ثانيا) هاتووە و دەڵێت ( يصدرها مجلس الادارة)، مەجلسی ئیدارە ئەگەر لادراوە كەواتە نیە، بۆ لە (ثانيا) هاتووە؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی جوابی بدەنەوە، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەجلسی ئیدارە لە ماددەیەكی پاشتر هاتووەو باس كراوە و زۆر فراوانە و رەئیس و مەعاونی رەئیس و هەمووانیش دەگرێتەوە، بۆیە لە لیژنەی هاوبەش كە زانیمان ئەوە تیكرارەو جێی خۆی نیە، بۆیە لێرە با لابچێت، بڕگەی دووەمیش باسی هەموو موئەسەسەكە دەكات، یەعنی پاشان مەجلسی ئیدارە بۆی هەیە ئەو مودیریاتانە دروست بكات و ئەقسام و شوعەب دروست بكات و لاشیان ببات، هیچ تێك گیرانێك نابینم لەگەڵ پێش ئەوەی خۆی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا كۆی ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرزبكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ دوو كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا،بۆ ماددەیەكی تر تكایە، كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

ئامانج وئەرك و گرنگیەکانی دەزگا

ماددەی حەوتەم:

ئامانجەکان: دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانیی هەرێمی کوردستان _عێراق ئامانجی گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی هەمووکاروباری فرۆکاخانە شارستانیەکان لەهەرێمی کوردستان_عێراقی هەیە، هەروەها بەڕێوەبردن و بەگەڕخستن و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی گواستنەوەی ئاسمانی لەلایەنەکانی هۆنەری و بەگەرخستن و ئابووری و رێکخستنی کارگێڕی جوولانەوەی ئاسمانی کارا لە سەرزەوی و لە ئاسمانی فرۆکەخانەکانی هەرێم، بەجۆرێك ئاستەکانی ئاسایش و سەلامەتی بە پێی پێوانەکانی نێودەولەتی و ناوخۆیی بهێنێتەدی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**کاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثانی

أهداف ووظائف ومهام المؤسسة

المادة السابعة:

الاهداف/ تهدف مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان ـ العراق الى تولى مسؤولية جميع شؤون المطارات المدنية فى اقليم كوردستان ـ العراق وادارتها وتشغيلها وتنميتها ورفع مستوى النقل الجوى من النواحى الفنية والتشغيلية والاقتصادية وتنظيم وادارة الحركة الجوية العاملة على الارض وفى أجواء مطارات الاقليم بما يؤمن تحقيق مستويات الامن والسلامة وفقا للمعايير الدولية والمحلية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش فەرموو کاك ڕشاد فەرموو.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت ڕەئی بدات لەسەر ئەو ماددەیە دەستان بەرز بکەنەوە؟ کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ئیلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە دەمج بکرێت لەگەڵ ماددەی دواتر، چونکە ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە بەندە بە مهام بە ئاداب ناچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە؟ کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕامانوایە ئەوە هەروەکو خۆ بمێنێتەوە، بەڵام تێبینیەکی بچووك لەناو داڕشتنەکەی هەیە ئەگەر پێتان باش بێت چاکی بکەینەوە، ئێمە لەبەرئەوەی تەعریفی مونەسەسەمان کردووە، کە گوتمان (تهدف مؤسسة الطارات المدنية......) با بڵێین ( تهدف المؤسسة) کافیە، (المطارات المدنية لاقليم کوردستان ـ العراق) ئەوە زیادە، لە خەتی دووەم کە دەڵێت ( فی اقليم کوردستان ـ العراق) ببێتە (فی الاقليم) چونکە لە پێشەوە تەعریفی ئیقلیممان کردووە، بۆ جوانکاری ئەسەکە هیوادارم دەنگ، لەسەر ئەو ئیقتراحە بدرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

نیساب کەمە، دوو نەفەر کەمە لەبەرئەوە ئینتزار دەکەین تاوەکو دێنە ژوورەوە بۆ ئەوەی بخرێتە بەر دەنگدان، زۆر سوپاس.

بۆ ماددەی دواتر، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

ئەرك و گرنگیەکان

١ـ پەرەپێدانی ناوەندی فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمدا بەشێوەیەکی کاریگەر بەجۆرێك سەلامەتی و ئاسایشی فرۆکەکانی مسۆگەر بکات.

٢ ـ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاسمانی دیاریکراو بەلای کەمی بۆ فرۆکەکانی کارا لە شوێنی مانۆڕکردن و ئاسمانی فرۆکەخانەکانی هەرێم:

أـ خزمەتگوزاری چاودێری کردنی فرۆکەخانە
(AERODROME CONTROL SERVICE)
بەوبڕوایەی بەشێکە لە خزمەتگوزاریەکانی جوڵانەوەی ئاسمانی
(AIR TRAFFIC CONTROL SERVICE)
بـ خزمەتگوزاری زانیاریەکانی گەشت
(FLIGHT INFORMATION SERVICE)

ج- خزمەتگوزاریەکانی ئاگادارکردنەوە (ALERTING SERVICE)

٣- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێریکردنی سەرزەوی (GROUND CONTROL) بۆ فرۆکەو نەفەر هەڵگرەکان و کەسانی کرێکار لە گۆڕەپانی وەستانی فرۆکەکان.

٤- هاندانی وە بەرهێنان لە خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

٥- توێژینەوەو پێداچوونەوەو تۆمارکردنیان و دانانی پلانەکان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمدا.

٦- دابینکردنی سەلامەتی فرۆکەوانی شارستانی لە هەرێمدا بە پێی یاساو پێڕەووڕێنماییەکانی ناوخۆو نێودەوڵەتی تایبەت بە کاروباری فرۆکەوانیی شارستانی.

٧-بەکارخستنی بە توانای فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمداو هێنانەدی ئاستی خزمەتگوزاریەکانی گونجاو لەگەڵ پێداویستیەکانی ناوخۆیی ونێودەوڵەتی.

٨- دانانی پلان و سیاسەتەکانی تایبەت بە گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

٩- ئامادەکردن و راهێنان و پەرەپێدانی هێزی کارگەر لەمەیدانی فرۆکەخانەکانی هەرێم.

١٠- رێکخستن وبەرێوەبردنی کەش و هەواوسەرپەرشتیکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاریەکانی پێویست بۆ جوولانەوەی کەشتییەوانی ئاسمانی وەکو گەیاندنەکان و چاودێریکردنی ئاسمانی لە ئاسمان و فرۆکەخانەکانی هەرێم بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عیراقەوە پێی دراوە.

١١- رێکخستنی پرۆسەکانی بەرێوەبردنی جوولانەوەی ئاسمانی لە ئاسمان و فرۆکەخانەکانی هەرێم بۆ مسۆگەرکردنی سەلامەتی رەوانەکردنی بەشێوەیەکی خێراو رێكو پێك بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتیو ناوخۆییو ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق پێی دراوە.

١٢- پێشنیارکردنی دامەزراندنو ئامادەکردنی فرۆکەخانەکانی شارستانی لە هەرێمداو سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی کارگێڕیو بەگەڕخستنو وەبەرهێنانی.

١٣- مسۆگەرکردنی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی لە ئاسمانو فرۆکەخانەکانی هەرێم.

١٤-دابینکردنی بیناو موڵكو ئامێرو کەرەستەو وێستگەو منارەکانی بەتەلو بێ تەل بۆ فرۆکەخانەکانی هەرێم.

١٥- پشکنینی فرۆکەکان قەدەغەکردنیان لە فڕیندا یان گلدانەوەی هەر بەڵگەنامەیەك پەیوەندی پێیەوە هەبێت بەپێی هەبوونی پێداویستیەکانی ئاسایشو سەلامەتی فرۆکەکەو بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراقو دەسەڵاتەکانی هەرێم پێی دراوە.

١٦- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنەکانی ناوخۆییو تایبەتمەند بۆ دانانی بەرزەفتکاریو رێڕەوو رێنماییەکانی کە بەپێویستی دەزانێ بۆ پاراستنی ئاسایش لە ئاسمانو فرۆکەخانەکانی هەرێمو مسۆگەرکردنی سەلامەتی فرۆکەکانو یارمەتیدانی فرۆکەوانی (کەشتیەوانی)و رێکخستنی گەیاندنو پەی

پێ بردنی ئاسمانی (ڕادار)، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقو دەسەڵاتەکانی هەرێم پێی دراوە.

١٧- سەرپەرشتیکردن بەسەرکاروبارەکانی پەیوەندیدار بەسەلامەتی فڕۆکەوانی شارستانی لە ئاسمانو فڕۆکەخانەکانی هەرێمو چاودێریکردنی پابەندبوونی لایەنەکانی تایبەتمەند بەبەرزەفتکاریو ڕێڕەووڕێنماییەکانی بەکار بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق پێی دراوە.

١٨- گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ بەکارخستنو بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکان یان بنیاتنانو بەکرێدانی باڵەخانەو عەمبارو شوێنەکانی ئازادو گۆڕەپانەکان.

١٩- مۆڵەتدانو ڕێگەپێدانی تایبەت بە کردنەوەی نووسینگەی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیو بریکارەکانی کۆمپانیا فڕۆکەوانیەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن،وچاودێریکردنی کارەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی پابەندبوونیان بەمەرجەکانی ڕێگەپێدان بەپێی ڕێڕەوەکانی پشت پێ بەستراو.

٢٠- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ تەواوکردنی ئەم کارانەی خوارەوە بەپێی بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی:-

أ- ئەنجامدانی کاری بەدوادا گەڕان و بەهانا هاتنی ئەو فڕۆکانەی لەناو سنووری هەرێمدا پێویستیان پێی هەیە.

ب- ڕێگە دان بە فێربوون و ڕاهێنان لە سەر فڕۆکەوانی و کارەکانی ئاسمانی لەناو سنووری هەرێمدا.

ج- ئەنجامدانی پرۆسەکانی فێرکردن و ڕاهێنان لە جۆرەها مەیدانەکانی فڕۆکەوانی شارستانی لەناو سنووری هەرێمدا و لەمیانەی کردنەوەی خول و ئەلقەکانی خوێندن و کۆنگرەکان.

د- دانانی ڕێساکانی ئاسمانی و پێڕەوەکانی پەیوەندیدار بە فڕینی فڕۆکەکان و فڕۆکەوانی ئاسمانی و پاراستنی کەسان و سامانی گشتی و تایبەتی لەسەر زەوی و ڕێگای بەکارهێنانی پانتایی ئاسمان لەناو سنووری هەرێمدا.

هـ- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوو دەستەکانی نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتیی تایبەتمەند لە مەیدانەکانی فڕۆکەوانی شارستانی.

و- دەرکردنی ڕێگە پێدانی تایبەت بە گەشتەکانی ڕێکخراوو بە ڕێکەوتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی شارستانی ناوخۆ و بیانی کە ئاسمان و فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەکاردەهێنن و تۆمارکردنی ئەو ڕێپێدانانە.

ن- دەرکردن و نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانی کارایی پیشەکانیان بۆ کارمەندان لەهەندێ پیشەی فڕۆکەوانی شارستانی لە هەرێمدا، وتۆمارکردنی ئەو مۆڵەتانەو چاودێری کردنی پرۆسەکانی نوێکردنەوەیان بەپێی بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

ح- تۆمارکردنی فڕۆکەکانی شارستانی کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی نیشتمانی سەر بە هەرێم و ئەو ڕێپێدانانەی پەیوەستە بە سەلامەتی بەکارخستن و پاراستنی و تۆمارکردنی ئەو ئەنجامانەی لێیەوە پەیدا دەبن.

٢١- بەشداریکردن  لە کۆبوونەوەکانی پەیوەندیدار بە گرێدانی ڕێککەوتنەکانی دووانەو بە کۆمەڵ بۆ خزمەتگوزاریەکانی ئاسمانی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی فڕۆکەوانی شارستانی لە دەولەتەکانی دیکەوە، وتۆمارکردنی ئەنجامەکانی لێیەوە پەیدا دەبن، بە جۆرێك خزمەت بە بەرژەوەندی فڕۆکەوانی شارستانی و فڕۆکەخانەکانی هەرێم بگەیەنێ.

٢٢- مسۆگەر کردنی مافەکانی ڕێبواران و گواستنەوەی کاڵاکان بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی ناوخۆیی و نێو دەولەتی.

٢٣- سەرپەرشتیکردنی دامەزراندن و پاراستنی هەموو ناوەندەکانی کە خزمەت بە جووڵانەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم دەگەیەنێ.

٢٤- ڕێکخستنی بازاڕی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

٢٥- ئاڵو گۆڕکردنی شارەزایەتی و زانیاریەکان لەگەڵ دەسەڵاتی  فڕۆکەوانی شارستانی و دەسەڵاتەکانی فڕۆکەخانەکانی دەوڵەتانی دیکە.

٢٦- ئامادەکردنی دەرخستەکان و نەخشەسازیەکانی تایبەت بە دامەزراندنی ناوەندە نوێیەکانی خزمەت بە جووڵانەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم دەگەیەنێ.

٢٧- دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی هونەری و وەگەڕخستن و کارگێڕی و مرۆیی بۆ فڕۆکەخانەکانی هەرێم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة:**

**الوظائف والمهام**

١ ـ تطوير موافق المطارات المدنية فى الاقليم بصورة فاعلة تضمن سلامة وأمن الطائرات فيها.

٢ ـ تقديم خدمات الحركة الجوية المبينة فى الادنى للطائرات العاملة فى منطقة المناورات وأجواء مطارات الاقليم:

أ ـ خدمة مراقبة المطار (AERODROME CONTROL SERVICE) باعتبارها جزاء من خدمات مراقبة الحركة الجوية (AIR TRAFFIC CONTROL SERVICE).

ب ـ خدمات معلومات الرحلة (FLIGHT INFORMATION SERVICE).

ت ـ خدمات التنبيه (ALERTING SERVICE).

٣ ـ تقديم خدمات المراقبة الارضية (GROUND CONTROL) للطائرات والمركبات والاشخاص العاملين فى ساحة وقوف الطائرات.

٤ ـ تشجيع الاستثمار فى خدمات النقل الجوى فى الاقليم.

٥ ـ اجراء البحوث والدراسات وتوثيقها و وضع الخطط لتنمية وتطوير المطارات المدنية فى الاقليم.

٦ ـ تأمين سلامة الطيران المدنى فى الاقليم بموجب القوانين والانظمة والتعليمات المحلية والدولية الخاصة بشؤون الطيران المدنى.

٧ ـ الاستغلال الكفوء للمطارات المدنية فى الاقليم وتحقيق مستوى من الخدمات ينسجم مع المتطلبات المحلية والدولية.

٨ ـ وضع الخطط والسياسات الخاصة بالنقل الجوى فى الاقليم.

٩ ـ تهيئة وتدريب وتطوير القوى العاملة فى مجال مطارات الاقليم.

١٠ ـ تنظيم وادارة الاجواء والاشراف على الخدمات وللتسهيلات الضرورية لحركة الملاحة الجوية كالاتصالات والارصاد الجوية فى أجواء ومطارات الاقليم ووفقا للصلاحيات المخولة لها من سلطة الطيران المدنى العراقى.

١١ ـ تنظيم عمليات ادارة الحركة الجوية فى أجواء ومطارات الاقليم بما يؤمن سلامتها وانسيابها بشكل سريع ومنظم وفقا للمعايير الدولية والمحلية والصلاحيات المخولة لها من سلطة الطيران المدنى العراقى.

١٢ ـ اقتراح انشاء وتهيئة واعداد المطارات المدنية فى الاقليم والاشراف على عمليات ادارتها وتشغيلها واستثمارها.

١٣ ـ ضمان حقوق الارتفاق الجوى فى أجواء ومطارات الاقليم.

١٤ ـ تأمين المبانى والاملاك والاجهزة والمعدات والمحطات والمنارات السلكية واللاسلكية لمطارات الاقليم.

١٥ ـ تفتيش الطائرات ومنعها من الطيران أو حجز أية وثائق تتعلق بها وفقا لما تتطلبه الضرورات الامنية وسلامة الطائرة ووفقا للصلاحيات المخولة لها من سلطة الطيران المدنى العراقى وسلطات الاقليم.

١٦ ـ التنسيق مع الجهات المحلية المختصة لوضع الضوابط والسياقات والتعليمات التى تراها ضرورية لحفظ الامن بأجواء ومطارات الاقليم وضمان سلامة الطائرات والمساعدات الملاحية ونظم الاتصالات والاستطلاع الجوى ( الرادار) ووفقا للصلاحيات المخولة لها من سلطة الطيران المدنى العراقى وسلطات الاقليم.

١٧ ـ الاشراف على الشؤون المتعلقة بسلامة الطيران المدنى فى أجواء ومطارات الاقليم ومراقبة التزام الجهات المختصة بالضوابط والسياقات والتعليمات النافذة ووفقا للصلاحيات المخولة لها من سلطة الطيران المدنى العراقى.

١٨ ـ التفاوض مع الشركات لتشغيل وادارة المطارات أو انشاء وتأجير الابنية والمخازن والمناطق الحرة والساحات.

١٩ ـ منح الاجازات والتصاريح الخاصة بفتح مكاتب شركات الطيران ووكلاء شركات الطيران العاملة فى الاقليم ومراقبة أعمالها لضمان التزامها بشروط الترخيص ووفقا للسياقات المعتمدة.

٢٠ ـ التنسيق مع سلطة الطيران المدنى العراقى لانجاز الاعمال التالية ووفقا للضوابط والتعليمات الدولية والمحلية:

أ ـ القيام بأعمال البحث والانقاذ للطائرات التى بحاجة لها ضمن حدود الاقليم.

ب ـ منح تراخيص مزاولة التعليم والتدريب على الطيران والاعمال الجوية ضمن حدود الاقليم.

ج ـ القيام بعمليات التعليم والتدريب ضمن حدود الاقليم فى مختلف مجالات الطيران المدنى من خلال اقامة دورات أو حلقات دراسية أو مؤتمرات.

د ـ وضع قواعد الجوى والانظمة المتعلقة بتحليق الطائرات والملاحة الجوية وحماية الاشخاص والممتلكات العامة والخاصة على السطح وطريقة استخدام الفضاء الجوى ضمن حدود الاقليم.

هـ ـ الاتصال بالمنظمات والهيئات الدولية والاقليمية المختصة فى مجالات الطيران المدنى.

و ـ اصدار التصاريح الخاصة بالرحلات المنتظمة والعارضة لشركات الطيران المدنى المحلية والاجنبية المستخدمة لاجواء ومطارات الاقليم وتوثيق تلك التصاريح.

ز ـ اصدار وتجديد اجازات ممارسة المهنة للعاملين فى بعض مهن الطيران المدنى فى الاقليم وتوثيق تلك الاجازات ومراقبة عمليات تجديدها وفقا للضوابط والتعليمات الدولية والمحلية.

ح ـ تسجيل الطائرات المدنية العائدة للشركات الوطنية التابعة للاقليم والتراخيص المتعلقة بسلامة تشغيلها وصيانتها وتوثيق النتائج المترتبة على ذالك.

٢١ ـ المشاركة فى الاجتماعات المتعلقة بعقد الاتفاقيات الثنائية والجماعية لخدمات النقل الجوى مع سلطات الطيران المدنى فى الدول الاخرى وتوثيق النتائج المترتبة على ذالك وبما يخدم مصلحة الطيران المدنى ومطارات الاقليم.

٢٢ ـ ضمان حقوق المسافرين ونقل البضائع وفقا للقوانين والتعليمات المحلية والدولية.

٢٣ ـ الاشراف على انشاء وصيانة كافة المرافق التى تخدم الحركة الجوية فى مطارات الاقليم.

٢٤ ـ تنظيم سوق النقل الجوى فى الاقليم.

٢٥ ـ تبادل الخبرات والمعلومات مع سلطات الطيران المدنى وسلطات المطارات فى الدول الاخرى.

٢٦ ـ اعداد الكشوفات والتصاميم الخاصة بانشاء مرافق جديدة تخدم الحركة الجوية فى مطارات الاقليم.

٢٧ ـ تأمين كافة الاحتياجات والمستلزمات الفنية والتشغيلية والادارية والبشرية لمطارات الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

ڕەئى ليژنەى هاوبەش تكايە؟ فەرموو كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الثامنة والتي ستصبح المادة السابعة نقترح اعادة صياغة مقدمة المادة بشكل الاتي:

المادة الثامنة: تتولى المؤسسة الوظائف والمهام الآتية :-

ثم اعادة كتابة كافة الفقرات الواردة في المشروع كما هي .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، ئێستا ئەو بەڕێزانەى كە دەيانەوێت قسەى لەسەر بكەن، دەستيان بەرز بكەنەوە بۆ ئەوەى ناويان بنووسين، با ئەمەش تەواو بێت پاشان دێينەوە سەر ئەوە، تكايە وريا بن ئەوەى ناوى نەنووسراوە با ناوى بنووسين، تكايە ئەوانەى چوونەتە دەرەوە بێنەوە، چونكە نيساب نامێنێت بۆ دەنگدان با وەكو ماددەكەى ترمان لێ نەيەت، رمزيە خان فەرموو.

**بەڕێز رمزيە أحمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەڤە خاڵە چوارەم دەڵێت: تشجيع الاستثمار في خدمات النقل الجوية في الاقليم، ئەگەر دوو كەليمەى تر، تشجيع الاستثمار في خدمات النقل الجوية و فتح مطارات جديدة في الاقليم، چونكە موحەفازات وەكو دهۆكى هەتا هەنوكە مەتارى لێ نيە، يەعنى مەتار ئەبێ ئەوە كە نڤێژشتە سلێمانى و ئەربيلى.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

كاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێشنيار ئەكەم برگەى يەك بەم شێوەيە بێت: تطوير المطارات المدنية في الاقليم بصورة فعالة لتضمين سلامة و امن الطائرات فيها، ئەوە يەك، برگەى شەش بە رەئى من لەگەڵ برگەى ١٧ وەكو يەكە، باسى سەلامەتى تەيەرانى مەدەنى ئەكات، لەبەر ئەوە بكرێت بە يەك و دەمج بكرێت ياخود بكرێن بە يەك ماددە، برگەى حەوت، من پێشنيار دەكەم كە بەم شێوەيە بنووسرێتەوە، لە جياتى ئەوەى كە نووسراوە: استغلال الكفوء في المطارات المدنية في الاقليم و تحقيق مستوى من الخدمات ينسجم مع المتطلبات المحلية و الدولية، بەم شێوەيە بنووسرێتەوە: تقديم الخدمات في المطارات المدنية في الاقليم بحيث ينسجم مع المتطلبات المحلية و الدولية، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

سوپاس، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە برگەى هەشت، دانانى پلان و سياسەتەكانى تايبەت بە گواستنەوەى ئاسمانى لەهەرێمدا، تەصەور دەكەم دانانى سياسەت و پلان، ئەركى وەزارەت بێ نەك دەزگاكە، لەگەڵ ئەوەشدا كە لە زۆر جێگا دووبارە بوونەوە هەيە، بۆ نموونە لە فەقەرەى دە، كە هى بيستە لەگەڵ فەقەرەى ٢٢ يەك دەگرێتەوە، - مسۆگەر كردنى مافەكانى ڕێبواران و گواستنەوەى كالآكان بەپێى ياساو ڕێنماييەكانى ناوخۆيى و نێو دەولەتى، لەگەڵ (ب)ى بيستەكە، - دانانى ڕێساكانى ئاسمانى و پێڕەوەكانى پەيوەنديدار بە فرينى فرۆكەكان و فرۆكەوانى ئاسمانى

و پاراستنی کەسان و سامانی گشتی، دووبارە بوویتەوە، هەر ئەو (د)ە بمێنێ کافیە، ئەوەی ٢٢ لابەبردرێ، تەنها ماف بێتە لای کەسان، پاراستنی ماڤ کەسان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ڕێزدار د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت خاڵی دوو: (أ و ب و ت) کە ناوی بە ئینگلیزیەکەی بە کاملی هاتووە، ئێمە لە تەعریفەکەدا کە ناوی مونەزەمەی تەیەرانی دەولی هات، تەنها بە پیتی یەکەمی ئینگلیزی ناوەکانمان هێنا کە i.c.a.o، کە من پێم وایە لێرەش هەر زەروورەت نیە بەکار بێنین ناوەکانیان، یان بە حروفی یەکەم، یان هەر ئەصڵەن لابردرێ، چونکە هیچ هینەکی نیە و بە زەرووریەتی نازانم، خاصەتەن لە عەرەبیەکەی، (ب)یش ، الخدمات عن معلومات الرحلة، باشترە بە عەرەبیەکەی، چونکە الخدمات عن معلومات الرحلة، هیچ مەعنایەك ناگەیێنێ، خدمات عن معلومات الرحلة، ئەو نوقتەی (ه) هەشتەم، وەکو د.نازناز باسی کرد، منیش پشتگیری ئەو دەکەم، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتە، بەڵام ئەتوانی موشارەکە بکات، ئەگەر مەسەلە موشارەکە بێت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام: وضع الخطط و السیاسات، ئەوە لە دەسەڵاتی وەزارەتە و وەزارەتیش لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئەیکات، بۆیە ئەتوانێ، ئەگەر هەر بە زەروورەیەتی بزانێ، مشاركة وضع الخطط، یان هەر پێویست ناکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك جمال بۆتانی فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی بیستەم بە نیسبەت تەدریبەوە، القیام بعملیات التدریب و التعلیم ضمن حدود الاقلیم، بە رەئی من ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت، بالتنسیق مع مؤسسة الطیران المدني، ئێستا مەتارێکی زیراعیمان هەیە لە سلێمانی، رەنگە ئیشکالات دروست بێت کە مەتاری مەدەنی لەگەڵ مەتاری زیراعی، مەسەلەن بۆ میسال بڵێم لە شارەزوور، ئەو تەنسیقە هەبێ بەڕای من زەroورە ئەو فەقەرە ئیزافە بکرێ، خاڵی ٢٢، ضمان حقوق المسافرین و نقل البضائع، بە رەئی من: ضمان حقوق المسافرین و بضائعهم، یەعنی زەمانێك هەبێ بۆ ئەوانەی کە شتەکانیان دەفەوتێت، زۆر جار لە مەتاراتی ئێمە کەل و پەلەکانیان ئەفەوتێ، حەقە زەمانێك بۆ ئەمەش هەبێ، نوقتەیەکی تر وەکو مولاحەزە نازانم وەزارەت باشتر بزانێ یاخود ئەوانەی لە مەتاراتن، چ دەستوور ڕێگامان پێ دەدا کە ئێمە بیکەین، تطویر مطارت الاقلیم وفقآ للدستور، یەعنی دەستووری عێراقی چ ڕێگامان پێ دەدا ئەوە بکەین؟، خاڵی دووەم: تقدیم خدمات للحركة الجویة المبینة في الادنی، بە رەئی من ئەو صیاغەیە صیاغەیەکی زۆر رەکیکە، حەقە بگۆڕدرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

كاك عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی هەشت لە خاڵی ٢٢ ئەوەی كە دەڵێ: ضمان حقوق المسافرين و نقل البضائع، ئەم حقوقە چۆن تەزمين دەكرێت؟، زۆر جار وابووە لە مەتاری هەولێر موسافر هاتووە لە وەختی خۆی كە بڕواتن، دەبێنێ تەیارە نەهاتیە یان ئیشكالەك روویدا، لێرە ئەبێ شتێك دیار بكرێت، تەئمین مەحل ئیقامە و لە حالەتی دیكە بەزائیعەكە یان شتەكەی بزر دەبێت، دەبێ ئەوەش تەعویز بكرێت، یەعنی فەرمبوو بكرێت، ئەم دوو شتە لێرەدا دیار بكرێت زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

د.شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەكەم، من پێم باشە خاڵی ٦ و ١١ كە باسی تەئمینی سەلامە دەكات، یەك بخرێت، هەروەها پرسیارێكیشم هەیە لە بەڕێزان، لە خاڵی ١٠ و ١٦ كە باسی حەرەكەی مەلاحەی جەوی ئەكات، ئێمە لە كوردستاندا كوا مەلاحەی جەویمان هەیە؟ یان من تێنەگەیشتووم یان حەزدەكەم بۆم روون بكەنەوە بە راستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى):**

كاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە، ئەوەی كە د.ناصح باسی كرد، بە عەكسەوە من ئەڵێم زەروورییە لێرە بێ، چونكە ئەو كەلیماتانە كەلیماتی مەعمولین و لەناو مەتاردا بەكار دێت، دووەم : رەخنەم لە لێژنەی یاسایی هەیە بەراستی، ئەگەر جەنابتان شارەزایی لوغەوی لوغەتێكی ترتان نەبێ، حەقە ئیعتیباری وجهەت نەزەری برادەرێكی تر بكەن، عادەتەن لە ئینگلیزیدا ( abbreviation) بەكار نایەت، یەعنی ئیختیصار بەكار نایەت هەتا بۆ یەكەم جار كەلیماتەكان بە كاملی بنووسیت، ئینجا دوای ئەوە ئەتوانیت ئیختیصار بنووسیت، لەبەر ئەوە حەز دەكەم ئەو ماددەی یەكەیە كە ئێمە عادەتەن كە یاسایەك ئەنووسین، یاسایەكە با موتەكامیل بێ لە هەموو روویەكەوە، بە تایبەتی ئەگەر كەلیماتی ئینگلیزی تێدا بێت، قەی چی ئەكات با ئەوەش رێك و پێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە کراوە، تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆزگە جەنابی وەزیر لێرە بایە زۆر لە مەسەلەکان ئیختیصاصین و پەیوەندیان بەوییەوە هەیە، دەتوانن ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر بدەن، ئەوەندەی من دەمەوێ تەوزیحی بکەم، مەسەلەی کردنەوەی مەتاراتی نوێ لە هەرێمی کوردستان، لەوانەیە لە دەسەڵاتی مونەسەسەیەك نەبێت و کارێکی گەورەترە لەوە، چونکە دەبێتە مودیریەتێکی عامە، یەعنی ئیشێکی گەورترە لەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان وەزارەتی پەیوەندیدار ئەو ئیشە دەکات، نەك مونەسەسە وەك یەکێك پێشنیاری کرد، ئەو خاڵانەی کە نازناز خان باسی کرد، دەڵێ وەکو یەکن، لە ڕاستیدا لێك جیاوازن، خاڵی (د) لەگەڵ ٢٢، من زۆر دیقەتم دا و تەماشا دەکەم لێك جیاوازن و پەیوەندیان بە یەکتریەوە نیە و ناکرێ بە یەکەوە کۆ بکرێنەوە، بە نیسبەت ئەوەی کاك د.ناصح فەرمووی ئەوەی ترتان بۆ حەرفەکان خوێندەوە و ئەوەی ترتان بە ئینگلیزی خوێندەوە، ئەوە مولەخەصی ئیتیفاقیەکی نێودەوڵەتیە و ئەوەش عەمەلیەکی ناو مەتارە، تەقریبەن فەرقێکی هەبوو، هیچ مانیع نیە ئەگەر ئەویش بنووسرێ، ئەوانی ئەهلی ئیختیصاصن، چۆنیان پێ باشە دەکرێ، بەڵام ئەوەی ئێستاش هەیە هیچ موشکیلەی تێدا نیە لە ڕووی قانونیەوە، کاك جەمال فەرمووی (ج) لە فەقەرە (٢٠) ئەبوایە بە تەنسیق بێ، ئاگای لێ بێ (ج) بەشێکە لە فەقەرە (٢٠)، فەقەرە (٢٠) بە تنسیق دەست پێ دەکات، التنسيق مع سلطة الطيران المدني العراقي، ئەوجا تەدریب و تەعلیم و شت دەکرێت، ئەوە هەیە و تەنسیقەکە لە جێی خۆیەتی، ئەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە (في الادنى) بکرێتە (ادناه) باشترە لە خاڵی ٢، تقديم خدمات الحركة الجوية المبينة ادناه، للطائرات العاملة، لە ڕووی زمانەوانیەوە جوانترە لەوەی کە بڵێین في الادنى، منیش پشتگیری لێ دەکەم، سەبارەت بەوەی کە کاك عبدالرحمان و چەند برادەرێك باسی زەمانی مومتەلەکات و کەل و پەلی هاوڵاتیانیان کرد، کە بخرێتە ناو برگەی ٢٢، منیش پێم وایە پێشنیارێکی باشە، هەرچەندە (حقوق المسافرين) شتێکی گشتیە و کە وتت (حقوق المسافرين) هەمووی دەگرێتەوە، (بضائع) هەر نەقل نەبێت، پاراستنیشی، تەبعەن مەسئولیەتی ناقل لە قانون مەشهورە، مەسئولیەتی ناقل، یەعنی گواستنەوەی لە شوێنی دیاری کراو و فەوتانی و هەر چی بەسەر بێت مەسئولیەتەکە لەسەر ناقلە، ئەوە لە قانون وازیحە، ئەگەر تەوزیحی زیاتریش نەنووسین مەتار ناتوانێت لەو مەسئولیەتە دەربچێ و بڵێ وەڵلا من ناتوانم تەعویزی بکەمەوە، دەیگرێتەوە، (ضمان حقوق المسافرين و نقل البضائع) دەیگرێتەوە، ئەگەر هات و لەو ڕێیە و ئەو کەل و پەل و ئەشیایانە هەرچی بەسەر هات، مەسئولیەتی مەتارە و دەیگرێتەوە، پێم وایە خاڵەکە دەستکاریش نەکرێ زۆر باشە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا لەسەر وەڵامەکانی لێژنەی یاسایی، چەند کەس ئەیەوێت قسە بکات ناویان دەنووسین، نوقتەی نیزامی کاک د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ میسال من و د.نازناز مولاحەزەمان لەسەر خاڵی هەشتەم هەبوو، ئەصڵەن وەڵامی ئێمەی نەداوە.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزاتم لەسەر چەند بڕگەیەك دەربڕی و هیچ وەڵامم وەرنەگرتەوە، هی یەکەم وتم هینی تەزمین، بڕگەی شەش لەگەڵ ١٧ باسی سەلامەتی تەیەرانی مەدەنی ئەکات، بکرێت بە یەك، لە بڕگەی ٧ وتم دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە: تقديم الخدمات في المطارات المدنية في الاقليم بحيث ينسجم مع المتطلبات المحلية و الدولية، جوابم وەرنەگرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی قانونی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە پێشنیارن و دەبێ چەند ئەندامێکی تر پشتگیری بکات بۆ ئەوەی ئێمە پێویست بەوە بکات جوابی بدەینەوە، هەر بەڕێزێك خاڵێکی پێشنیار کرد ئەوە پێشنیارە، دەبێ پشتیوانی لێ بکرێ لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئینجا ئێمە گفتوگۆ و موناقەشەی لەسەر دەکەین، بەڵام یەك ئەندام نا، سەبارەت بەو خاڵەی هەشتەم کە دوو ئەندامی بەڕێز : وضع الخطط و السياسات الخاصة بالنقل الجوي في الاقليم، ئەوە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، دەکرێ بخرێتە تەصویت، ئایا ئەوە دەسەڵاتی مونەسەسەیە بەتەنێ یان گەورەترە لە مونەسەسە؟،

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی سێ کەس لەسەر خاڵی هەشت قسەیان کرد، لە جیاتی :وضع الخطط، ئیشارەتێك هەبوو، موساهەمە بوو یا شتێکی تر، موشارەکە بێت، رەئیتان لەو خاڵە ئەگەر روون بێت تکایە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقـەرەی هەشـت: وضـع الخطـط و الـسیاسات الخاصـة بالنقـل الجـوي في الاقلـیم، ئـەو مونەسەسـەیە بـە تەعلیماتێکی تایبەتی هەیە، بۆی هەیە خوتەی خۆی دابڕێـژێ و سنەویە و ساڵ بـە ساڵ بیگۆڕێـت، پاش ئەوەی موصادەقەی وەزیری لەسەر دەکرێ، ئەگەر پێویستی بکات دەینێرنـە ئەنجومـەنی وەزیـران، ئـەدی خوتە و سیاسات ئەوە کێ دایدەڕێژێ؟، هەر ئەو مونەسەسە دایدەڕێژێ، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە داویەتی، من پێشنیار دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە و چ عەیبی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، من بۆیانم نووسی کە بە نووسراو بۆمان بنووسن و بۆیـان بخوێنینـەوە، بـە پێـی پرۆتۆکۆڵ تـەنها وەزیـر بـۆی هەیـە لـەناو صـالەی پەرلـەمان وەڵام بداتـەوە، مـن بـە نووسـراو بۆیـانم نووسـی، ئەگـەر مولاحەزەیەکیان هەیە بنووسن، لێژنەی یاسایی ئەیخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی شەش بەڕێزان، ئەو قسانەی کە دەڵێین: تأمین سلامة الطیران المدني في الاقلیم بموجب القوانین و الانظمة و التعلیمات المحلیة و الدولیة الخاصة بشؤون الطیران المدني، ئەوە (تأمین سلامة الطیران) واتا ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی و پێویستە تـەئمینی بکات، باسی مەهامـە ئـەو مەوزوعـە، ئـەو ماددەیـەی ئێمە باسی مەهام ئەکات، واتە ئەرکی خۆیەتی، بەڵام خاڵی ١٧ دیارە بەڕێزێك پێشنیاری کرد و وتـی تێکـەڵ بکرێت، خاڵی ١٧ دەڵێت ئیشراف کردنی ئەو تەئمینە، ئەوەی تر تەئمین کردنە، ئەوە الاشراف علی الـشؤون المتعلقة بسلامة الطیران المـدني في اجواء مطارات الاقلیم، دوو کاری لێـك جیـان و نـاکرێ تێکـەڵاو بکرێـت، سەبارەت بە خاڵی هەشت کە چەند ئەندامێك باسی ئەکەن، من پێشنیار دەکەم لـە جیـاتی (وضـع الخطـط) بیکەینە (اقتراح الخطط و السیاسات الخاصة بالنقل الجوي في الاقلیم)، ئەگەر پێمان وایە کە دانـانی خوتـەت و سیاساتی ئیشی وان نیە، لـە هـەموو وەزارەتـەکانیش وامـان دانـاوە، یـەعنی وەزارەت بـە تـەنها نـەیتوانیوە خوتەت و سیاسات دابنێ، لێرە مەشروعەکە هی ئەوان بێ، پێویستی بە موصادەقە هەبێ، جا چ لـە وەزارەت ئەگەر صلاحیاتی هەبێ و چ لە ئەنجومەنی وەزیران بکرێتـە ئیقـتیراح الخطـط و الـسیاسات الخاصـة بالنقـل الجوي في الاقلیم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، چـەند ماددەیـەکی پێشترمان لەبـەر کـەمی نیـصاب تـەئجیل کـرد، خوێندرانـەوەش بـە ئـاخیر صیغەی، ماددەی حەوت، تکایە لێژنـەی یاسایی ئاخیر صیغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی دەنگی لێ بـدەین، تکایـە کەس نەچێتە دەرەوە.

**بەرێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە دەبێتە ماددەی شەش:

المادة السادسة:

اولاً: تتكون المؤسسة من التشكيلات الاتية:

١-رئيس المؤسسة.

٢-معاون الرئيس و يعين بدرجة خاصة.

ئەوە نيە؟ بەڵێ ببورن، المادة السابعة:

تهدف المؤسسة الى تولى مسؤولية جميع شؤون المطارات المدنية في الاقليم و، ادارتها و تشغيلها و تنميتها و رفع مستوى النقل الجوي من النواحي الفنية و التشغيلية و الاقتصادية و تنظيم و ادارة الحركة الجوية العاملة على ارض و في اجواء مطارات الاقليم، بما يؤمن تحقيق مستويات الامن و السلامة وفقاً للمعايير الدولية و المحلية.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان ئەوە موناقەشە كرا، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو ماددەیە پەسند بكرێ دەستتان بەرز بكەن تكایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیە پەسند كرا، ئێستا ئەڕۆین بۆ دەنگدان لەسەر ماددەی تر كە گفتوگۆی لەسەر كرا و، لەگەڵ ئەوەی كە خاڵی هەشت بە ئیزافەی ئێستا، لێژنەی یاسایی دەربارەی خاڵی هەشت، جارێكی تر بۆمان بخوێننەوە.

**بەرێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو گۆڕانكاری هەیە، لە خاڵی دوو: (في الادنى) دەكرێتە (ادناه)، لە خاڵی هەشت (وضع) لائەدرێت و دەنووسرێتە (اقتراح الخطط و السياسات الخاصة بالنقل الجوي في الاقليم)، برگەكانی تر وەكو خۆیان دەمێنێتەوە.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەرێزان بەو گۆڕانكاریەی كە كرا و گوێتان لێ بوو، ئێستا كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە هەمووی پەسند بكرێت تكایە؟، دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا

ماددەی نۆیەم:

ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١- سەرۆکی دەزگا. سەرۆك

٢- یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا. جێگری سەرۆك

٣- بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی هەولێری نێو دەوڵەتی ئەندام

٤- بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی سلێمانی نێو دەوڵەتی ئەندام

٥- شارەزاو ڕاوێژکاران لە مەیدانی فرۆکەوانی شارستانی ئەوانەی بە فەرمی و بەشێوەیەکی بەردەوام دادەمەزرێن یان لە ڕێگەی گرێبەست لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دەزگا و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت. ئەندام

٦- بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی ئەندام

٧- ئەندامێك یان زیاتر لە ناوەوە یان دەرەوەی دەزگا، سەرۆکی دەزگا بە پێویستی دەزانێ ئامادە بێت لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

مجلس ادارة المؤسسة

المادة التاسعة: يشكل مجلس ادارة المؤسسة من:

١-رئيس المؤسسة رئيساً

٢-معاون رئيس المؤسسة معاوناً للرئيس

٣-مدير عام مطار اربيل الدولي عضواً

٤- مدير عام مطار سليمانية الدولي عضواً

٥-الخبراء و المستشارين في مجال الطيران المدني الذين يتم تعينهم رسمياً بشكل دائمي او عن طريق التعاقد بناءاً على اقتراح رئيس المؤسسة دون ان يكون لهم حق التصويت اعضاء

٦-مدير الشؤون القانونية عضواً

٧-عضو او اكثر من داخل او خارج المؤسسة، يراه رئيس المؤسسة ضرورياً لامور جلسات مجلس ادارة المؤسسة، دون ان يكون لهم حق التصويت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش تکایە.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فیما یتعلق بالمادة التاسعة، ستصبح المادة الثامنة، لا توجد اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

تکایە کێ ئەیەوێ قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ڕێزدار د.نوری فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی پێنج، هەندێك تێبینیم هەیە، بنووسین: عدد من الخبراء و المستشارین في مجال الطیران المدني، لا یزید عددهم عن خمسة، یتم تعینهم بشكل دائمي او عن طریق التعاقد، باقتراح من رئیس المؤسسة، دون ان یكون لهم حق التصویت، چونکە ناکرێت ژمارەی ئەو پسپۆرانە بە دەست نیشان کراوی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر برگەی ٣ و ٤، من وا بەباش دەزانم ئەم یاسایەی ئێمە داهاتوویەکی دوورمان لەبەر چاو بێت، دیاری نەکەین بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و سلێمانی، بڵێین بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانە نێودەوڵەتیەکانی هەرێم، کێ ئەڵێ ئێمە لە داهاتوودا لە دهۆکدا، لە کەرکووکدا لە داهاتوودا نامانبێت؟ ، ئینشاء الله لە ئەوێش ئەمانبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەشێوەیەکی یاسایی، هەر ئەندامێك لە دەزگایەکدا، لە ئەنجومەنێکدا ئەندام بێت، حەقی دەنگدانی هەیە، بەراستی من تێناگەم بۆ چی دەنگدان بە نیسبەت خەبیرەکانەوە و موستەشارەکانەوە ئەندامیشن، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی دەنگادنیان نیە، من تێناگەم بۆچی؟، مادام وایە بکرێن بە ئەندام، خۆ ئەتوانن، یا سوودیان لێ وەربگرن و یا نەبن بە ئەندام، چونکە کە ئەندام بوو، لە هەموو دەزگایەکدا

که تۆ ئەندام بووی تێدا، مافی دەنگدانیشت هەیە، حەقی تەنها ئەوەت نیە راو و بۆچوونی خۆشی هەبێ و حەقی دەنگدانیشی هەیە مادام ئەندامە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار محمد فەرەج فەرموو.

**بەرێز محمد فرج احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پـێم باشـە ئـەو مونەسەسـەی فڕۆکەخانـە، ئێمە لـەو هەرێمـەی کوردسـتانە خـەڵك بۆچی رووماـن تێدەکات؟، چ مەبەستێتی رووماـن تـێ بکات؟، مەبەستی تیجاریـە؟ سیاحیە؟ ئـەبێ ئێمـە لێـرە شتێك زیاد بکەین بە قەناعەتی من، مومەسیلی وەزارەتی سیاحە، هی وەزارەتی مالی بۆ ئەو رسومات و ئەو شتانەی کە هەیتی ببێ و وەزارەتی تیجارە، چونکە ئێمە لەسەر بەحر نین، بەریش بۆ ئێمە گرانە، میلاحەی جەوی بۆ نەقڵ وا بـزانم دەستی پێکردووە لـە کوردستانیش، کۆمـەڵێ شتیش هەیـە پەیوەنـدی هەیـە بـە وەزارەتـی تیجارە و ئەوانە، ئەوە وەکو ئەو مەجلیسە ئیستیشاریانە وایـە کـە لـە وەزارەتەکانـە، یـەعنی پەیوەنـدی بـە هەر جیهەتێکەوە هەبێت ئەو جیهەتە ببێت باشە، وەکو ئەندام، بەڵام ئیتر موستەشار و شت بە پێی گۆڕان و گونجاو ئەکرێت، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

رێزدار گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەرێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش خاڵی یەکەم هـەمان تێبینی کـاك د.نـوری بـوو، پشتگیری لـێ دەکـەم، کـە لـە وەزارەتـەکان بـە چوار موستەشـار تەحدیـد کـراوە، وەلـەو لێـرە خـۆی وتـی پێـنج، یەکـەم : ئایـا پێویـستی پێیـەتی یـان نـا؟ لـە وەزارەتەکان ئێمە موستەشارمان داناوە، بە هەمان شێوە خاڵی ٧ کە دەڵێ: عضو او اکثر مـن داخـل، ئـەوەش تەحدید نەکراوە، تەحدید بکرێ یەك تا چەند ئەندام؟، سوپاس.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس بۆ جەنابتان، لێژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەرێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك د.نوری، دیاریکردنی ژمارەی خەبیر و موستەشارەکان واریدە ئێمە لە یاسای وەزارەتەکانی تریش ژمارەمان دیاری کردووە، دەکرێ کراوە نەبێ بەو شێوەیە، مەگـەر کـاری مونەسەسـەکە وا بخوازێ، ئەوەش پسپۆڕی خۆیانـە و دەتـوانن وا بنووسـن، ئەگـەر ئـەوها بـێ، دەنـا دیـاری کردنـی ژمـارەی شتێکی باشترە و نەك بە موتڵەقی بێت وەکو پێشنیارەکە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك هیوا لـە جیـاتی

نووسینی هەردوو مودیر عامی مەتاری هەولێر و سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی بنووسرێ، مودیر عامی مەتارەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش هەر واریدە، هەر وەکو خۆشی بمێنێتەوە ئیعتیادیە، هەر مەتارەی دروست بوو ئەتوانین فەقەرەیەك زیاد بکەین بۆ تەعدیلی یاسایەکە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك د.ناصح کە مافی دەنگدانیان هەبێت، پێم وایە لە هەندێ لە یاسای تریش وامان کردووە کە دەنگیان نەبێت، ئەوانە هەر خەبیرن و نایەتە ئاستی مودیر عامی مەتاری هەولێر، نایەتە ئاستی مودیر عامی مەتاری سلێمانی، نایەتە ئاستی معاون مودیر، چۆن دەنگی وەکو ئەوان بێت؟، باشتر وایە و ئەوە پرۆژەی حکومەتیشە و پرۆژەی موئەسەسەیە کە دەنگیان نەبێت باشترە لەم یاسایە، سەبارەت بە پێشنیارەکەی مامۆستا محمد فەرەج کە نوێنەری وەزارەتەکان هەبێ، لە ئەنجومەنی وەزارەتەکانی تر ئەوەمان کردووە، ئەگەر وەزارەت بوایە، مەجلیسی وەزارەت بوایە، دەکرێ نوێنەری وەزارەت بێت، بەلام ئەوە مەجلیسی موئەسەسەیەکە، لەوانەیە نەگونجێ نوێنەری وەزارەتەکان بێ، بەلام خالی ۷ جێی ئەبێتەوە، بەلام دەلێ: کەسێك یان زیاتر لە دەرەوەی ئەو موئەسەسەیە بهێندرێ بۆ کۆبوونەوەکان و مافی دەنگادنیان هەبێ، کاتێ زانیان پەیوەندی بە وەزارەتی بازرگانی هەیە یان سیاحە هەیە، دەتوانن داوای نوێنەری ئەو وەزارەتە بکەن و بەشداری پێ بکات، هەروەها ئەوەی گەلاوێژ خانیش لەو بابەتانە بوو و وەلامەکە ئەوانیش دەگرێتەوە، رەئی بەڕێزانیش وایە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەمان رەئی ئێمەیە کە ئێستا باسمان کرد و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا موناقەشە کرا و گوێتان لە وەلامەکان بوو، بە تەئکید مەتار تەجروبەیەکی تازەیە بۆ ئێمە، بە رەئی ئێمەش موستەشارەکان جارێ تەحدید نەکرێت، ئێستاش ئەیخەینە دەنگدانەوە، مەشروعەکە وەکو خۆی و کە لێژنەی هاوبەش پشتیوانی لێ ئەکا، کێ لەگەلێتی تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەلدا نیە؟ دوو کەس دژی بوو، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

١-سەرۆکی دەزگا یان یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی دەزگادا،سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا دەکات.

٢-ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا لە مانگێ جارێك کۆدەبێتەوە یان هەر کاتێ پێویست بکات و لەسەر بانگێشەی سەرۆکی دەزگا یان یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگا لەکاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی دەزگادا.

٣-لە حالەتی ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامەکان رادەی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا بە تەواوی دادەندرێت.

٤-بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا بەزۆرینەی دەنگەکان وەردەگیرێت، ولەحالەتی یەکسانیبوونیان ئەو لایەنەی سەرۆکی دانیشتنەکەی لەگەلدایە ئەو وەردەگیرێت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

١-يـرأس اجتماعـات مجلـس ادارة المؤسـسة رئـيس المؤسـسة او معـاون رئـيس المؤسـسة في حالـة غيـاب رئـيس المؤسسة.

٢-يجتمع مجلس ادارة المؤسسة مرة واحدة في الشهر، او كل مادعت الحاجة لذلك و بدعوة مـن رئـيس المؤسـسة او من معاون رئيس المؤسسة في حالة غياب رئيس المؤسسة.

٣-يعتبر نصاب مجلس ادارة المؤسسة كاملاً في حالة حضور اكثرية الاعضاء.

٤- تتخذ قرارات مجلس ادارة المؤسسة باكثرية الاصوات، و في حالة التـساوي، يـرجح الجانـب الـذي فيـه رئـيس الجلسة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عاشراً: فيما يتعلق بالمادة العاشرة و التي ستصبح المادة التاسعة، لا توجد اية ملاحظات عليها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە بـۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ڕێزدار کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر خاڵی چوارەم لە لێژنەی یاسایی و حکومەتیش، ئەویش ئەوەیە کە لێـرە ئـەڵێ : بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا بە زۆرینەی دەنگەکانەوە وەردەگیرێت، لە حاڵەتی یەکسان بوونیان ئەو لایەنەی کە سەرۆك لەگەڵیتی قبوڵ ئەکرێت، من لێرە ئەپرسم، ئایا هـەموو ئـەو بڕیـار و گفتوگۆیانـە کە ئەکرێ لەو لێژنانە کە کۆبوونەوە ئەکەن و وەردەگیرێ بۆ چالاك کردنـی بـارودۆخی فرۆکەخانـە نیـە؟، ئەگەر وایە بۆ بە زۆرینە و کەمینە وەربگیرێت؟.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ڕێزدار پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بینم فێ ماددێ خاڵا ئێك، کە چوار جارە مونەسەسـە دووبـارە کراوەتـەوە، ئەوسا خـاڵا سـێ ژی و خـاڵا چوار ژی، پێشنیار دەکەم کورت بکرێت : یرأس اجتماعات المجلس، رئيس المؤسسة او معاونه في حالـة غيابـه،

خاڵی دوو ژی ، دیسان گەلەك جار دووبارە بوویتەوە و خاڵی چواریش، لە ماددەی یەكدا كورت كرینە هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا من پێم وایە لە ماددەی شەش باسمان لە نیزامی داخیلی كرد كە موئەسەسە بۆی هەیە نیزامێكی داخیلی خاص بۆ خۆی بێنێتە دی، ئەمانەی كە لە ماددەی ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ تا ١٥ بە رەئی من، باس لە چۆنیەتی كۆبوونەوە و ئینعاقدی جەلسات و تەصویت و صەلاحیاتی رەئیس و صەلاحیاتەكانی مەجلیس و ئەوانە، پێم وایە ئەوە هەر لابردرێت لەو یاسایەو صلاحیات بدرێت بە رەئیسی موئەسەسە، بە تەعلیمات یاخود بە ئیصدار لەو نیزامە تەعلیماتەی كە هەیەتی ئەوانەی كە زۆر خاصن و بۆخۆیان چۆنیان هەیە بۆخۆیان دەریكەن، بەمەش بەو قانونە مەشغول نابین و قسەی لەسەر ناكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ڕێزدار كاك كەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونی كاك عومەرم هەیە، لێرەدا ئەو ماددەیە دەكرێت لەبەر ئەوەی ڕێ و شوێنی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی كارگێڕی دیاری دەكات، دەكرێ لە پەیڕەوی ناوەخۆدا جێگەی بۆ بكرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ڕێزدار كاك.د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئی ئەو دوو بەڕێزەم هەیە كە بە نیزام ئەتوانین ئەمە دابرێژین، پێویست ناكات، لە نیزامدا دیاری بكرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، ڕێزدار د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە، ماددەی دە زیادە، پێویست بە نووسینەوەی ناكات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەوە باسی تەفاصیلی ئیش و كارەكانی مەجلیسی ئیدارەیە، دەكرێ بە نیزام چارەسەر بكرێ و دەشكرێ لەناو یاسایەكە هەبێت، هیچ خیلافی قانونی لێرەدا نیە ئەگەر هەبێت، دوا ڕەئیش ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان لەگەڵ ئەوەیە لابردرێ یان لەسەر قەراری خۆتانن؟.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕەئی خۆمان داوە لە لێژنەی هاوبەش كە ماددەكە لە شوێنی خۆی بێت، بەڵام دوا ڕەئیش ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

ئێستا ماددەكە ئەخەینە دەنگدانەوە، هەندێك لە ئەندامانی بەڕێز داوایان كرد كە ئەو ماددەیە لابچێت و نەمێنێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە لابچێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدایە بمێنێ؟، ئەكسەریەت لەگەڵ ئەوە بوون لابچێت، ئەو ماددەیە ئیلغا كراوە، تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی كارگێڕی دەزگاو سەرۆكی دەزگا

ماددەی یازدەم: بەپێی یاساو ڕێنماییەكانی كارەكانیان ڕێكدەخەن، دەزگا مافی ئەوەی هەیە هەموو ئەو كارانەی كە بە پێویستی دەزانێ و گونجاوە، یان كاریگەرە بەسەر ئەنجامدانی ئەركەكانی كەلە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەنجامی بدات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

صلاحيات مجلس ادارة المؤسسة

المادة الحادية عشرة: وفقاً للقوانين والتعليمات التي تنظم عملها للمؤسسة حق القيام بكافة الاعمال التي تراها ضرورية وملائمة او تؤثر على انجاز وظائفها المبينة في المادة الثامنة من هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان تكایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الحادي عشر: فيما يتعلق بالمادة الحادية عشرة و التي ستصبح المادة العاشرة، نقترح الغائها لانها زائدة و الموضوع المتناول فيها هو تحصيل حاصل.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، لەگەڵ رای لێژنەی هاوبەشەوە كە ئەو ماددەیە نەمێنێ؟، كاك عومەر كەرەم كە.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشتریش باسم لەوە كردووە و رەئی لێژنەی هاوبەشیش هەر لەسەر ئەوەیە، پێمان وایە ئەوە زۆر وازیحە ماددەی ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤، لابردرێت، تەحصیل حاصلە رەئیس موئەسەسە هەر بۆ ئەو ئیش دەكات، ئەوەش پێویست ناكات لێرە بمێنێ، پێویستە لابردرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

نوقتەی نیزامی سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە باس لەوە دەكات، دەڵێ: ئەو دەزگایە بۆی هەیە بەو ئەركانە هەڵسێ كە لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە، برگەی ٢٧ دەڵێ: دابین كردنی هەموو پێداویستیەكانی هونەری و وەگەڕخستن و كارگێڕی و مرۆیی بۆ فرۆكەخانەكانی هەرێم، وا بزانم ئەوە ناتوانێ ئەو كارە ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی ئامادە كردنی كادر و بواری تەكنیكی و هێزی مرۆیی بۆ فرۆكخانەكان بەشێكی پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە، كە كۆلێژی تایبەت بە فرۆكەوانی كە وابزانم بۆشاییەك لە هەرێمی كوردستانە كە نیە، دابین بكات، لەبەر ئەوە هەندێ شت دابین نابێ، بۆیە ئەم ماددەیە روون نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا رەئی لێژنەی هاوبەش بۆ ئەوەیە كە ئیلغا بكرێ، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هەمان رەئیان هەبوو، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو ماددەیە لابچێ و ئیلغا بكرێ؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێ؟ بە كۆی دەنگ ماددەی ١١ لابردرا، بۆ ماددەی ١٢ تكایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بێ سەرپێچی کردن لەوەی کەلە ماددەی یازدەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، دەزگا فرۆکەخانەکانی هەرێم ڕێکدەخات و پەرەیانپێدەدات وچاودێری چالاکیەکانیان دەکات و سیاسەتەکانی گشتی گواستنەوەی ئاسمانیی پیادە دەکات ، ولە پێناو هێنانەدی ئەوانە، ئەنجومەنی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١-نەخشەکێشان و بڕیاردان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی دەزگا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت.

٢- پشکنین و چاودێری کردنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ جەختکردن لەسەر پابەند بوونیان بە بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکان.

٣- ڕاگرتن یان کۆتکردنی چالاکی هەریەك لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم ئەگەر هاتو سەرپێچیان لە مەرجەکانی بە کارخستن کرد.

٤- پەسندکردنی گرێبەستەکانی پەیوەندیدار بە بەرپاکردن و پەرەپێدانی دامەزراو و پرۆژەکانی فڕۆکەوانی شارستانی و وەبەر هێنانی دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لایەنەکانی تایبەتمەند.

٥- پەسەندکردنی ڕێکەوتننامەکانی هاوکاری کردن لە مەیدانی فڕۆکەوانی شارستانی لەگەڵ لایەنەکانی دەرەکی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت.

٦- ڕەزامەندی نواندن لەسەر پرۆژەی بودجەی ساڵانەو میلاکەکان و ژمێریاری کۆتایی دەزگاو بەرزکردنەوەی بۆ لایەنەکانی تایبەتمەند.

٧- ڕەزامەندی نواندن لەسەر کڕینی ئامێرو کەرستەو میکانزم و کەرستەکانی پێویستی دەزگاو فڕۆکە خانەکانی هەرێم لە دەرەوەی عێراق بەپێی ئەو ڕێکارو ڕێڕەوەکانی پەیڕەوکراو.

٨- هەڵسەنگاندنی ئەو ئەنجامانەی هاتوونەتەدی بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئەو ڕێڕەوانەی پیادە کراون و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە فڕۆکەو ڕێبواران کراون ئەو ئامێروکەرستە بەکارهاتووانە و میلاکی هونەری و بەگەڕخراو و کارگێری کە پرۆسەکانی بەڕێوەبردن و بەکارخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم، لەگەڵ بەرزەفتکاری و پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناو خۆیی گونجاوە ، بۆ وەرگرتنی ئەوەی بە پێویستی دەزانێ بۆ ئەم مەبەستە.

٩- دانانی بەرزەفتکاری تایبەتی بۆ ئامادەکردنی میلاکاتی هونەری و وەگەڕخستن و کارگێریی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم.

١٠- دەستنیشانکردنی میلاکەکانی هونەری و کارگێری و وەگەر خستن، کە پرۆسەکانی پەرەپێدانی تواناو بەجێهێنانی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەریم پێویستیان پێی هەیەو دەبێ هەڵبژاردنیان بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی بێ بەپێی سروشتی کاری هەریەکێکیان.

١١- دانانی پلانەکانی پێویست بۆ ئامادەکردن و پەرەسەندنی میلاکەکانی هونەری و بەکارخستن و کارگێڕی کارا لە دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێمدا، لە میانەی بەشداری کردنیان لە خولەکانی تایبەتمەند لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق و بەپێی پێداویستی کاری هەریەکێکیان.

١٢- هەناردنی میلاکەکانی هونەری و بەکارخستن و کارگێڕی کارا لە دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق، بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی تایبەتمەند یان بۆ بینین و ئاگاداربوون یان ئامادەبوونی سیمینار یان کۆبوونەوە یان کۆنگرەکان یان ئەلقەکانی خوێندن کە پەیوەستە بە سروشتی کارەکانیان بەپێی ڕێنماییەکانی بەرکار .

١٣- گرێبەستان لەگەڵ تاك و لایەنەکانی ناوخۆیی و بیانی ئامادەکراو بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی فەرمانەکانی هونەری یان بەکارخستن یان کارگێڕی کە پرۆسەی پەرەسەندنی تواناو بەجێهێنانی دەزگاو فڕۆکەخانەکانی هەرێم پێویستیان پێی هەیە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

١٤- گرێبەستان لەگەڵ لایەنەکانی ناوخۆیی و بیانی بۆ بەڕێوەبردن و وەگەڕخستن و وەبەرهێنانی هەندێ لە ناوەندەکانی هونەری یان بەکارخستن لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمدا دوای بەدەستخستنی ڕەزامەندی وەزیر.

١٥- گرێبەستان بە شێوەیەکی بەردەوام و کاتی لەگەڵ شارەزایان و ڕاوێژکاران دوای بە دەستخستنی ڕەزامەندی وەزیر.

١٦- ڕەزامەندی نواندن لەسەر کڕینی کەرەستەکانی یەدەگی لەناوەوە یان لە دەرەوەی عێراق کە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی کاری دەزگاو بەکارخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

١٧- گرێبەستان لەگەڵ لایەنەکانی تایبەتمەند بۆ پشکنین و پاراستنی ڕێکخەرەکانی لە پرۆسەکانی گەیاندن و ڕوانگەکانی ئاسمانی (ڕادار) و فڕۆکەوانی ئاسمانی و پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی جووڵانەوەی ئاسمانی بەکار دێت و بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

١٨- دەست نیشانکردن و وەرگرتنی ڕەسم و کرێیەکان لەبری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە فڕۆکەو ڕێبواران و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و لایەنەکانی دیکە دەکرێ، بەپێی بەرزەفتکاری و پێوانەکانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی بەو شێوەیەی پەسندی دەکەن، بۆ هاندانی گەشەسەندنی گواستنەوەی ئاسمانی لە هەرێمدا.

١٩- وەرگرتنی ڕێکارەکانی پێویست بۆ دابینکردنی سەلامەتی فڕۆکەوانی ئاسمانی تایبەت بە کۆسپی دامەزراوەکان یان ئەوانەی دەیانەوێ دایبمەزرێن لەچواردەوری فڕۆکەخانەکانی هەرێم و دامەزراوی ئامێرەکانی فڕۆکەوانی،و لابردن و قەدەغەکردنی بەرپاکردن یان بنیاتنانی هەر کۆسپێك کە مەترسی لەسەر سەلامەتی فڕۆکەوانی ئاسمانی دروست بکات، و بەپێی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی و ڕێنماییەکانی

تایبەت بە كۆسپەكان بەجۆرێك لەگەڵ یاساو ڕێنماییەكانی دەسەلاَتی فڕۆكەوانی شارستانی عێراق بڕواتە ڕێوە.

٢٠- دابین كردنی پێداویستیە زەروورییەكان لە ئامێرو كەرەستەو ڕێكخەرەكانی پەیوەندیدار بەئاسایشی فڕۆكەخانە و فڕۆكەكان بە جۆرێك لەگەڵ یاساو ڕێنماییەكانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی گونجاو بێت لە جێبەجێ كردنی پێڕەوی تایبەت بە ئاسایشی فڕۆكەخانەو فڕۆكەكان.

٢١- وەرگرتنی ڕێكارەكانی بەرایی سەبارەت بە مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووداوی فڕۆكەكان كەلە فڕۆكەخانەكان یان لە دەرەوەیان ڕوودەدەن، تاوەكو لێژنەكانی لێكۆڵینەوەی تایبەتمەند دەگونجێ و هاوكاریكردن و بەردەوامبوون لەگەڵیاندا لە بەكۆتاهێنانی پرۆسەكانی لێكۆڵینەوە.

٢٢- بنیاتنانی فەرمانگەكانی (كەرەنتینە_قورمتێنە) و كشتوكاڵ لە فڕۆكەخانەكان و چاودێری كردنی پیادەكردنی بۆ ڕێڕەو و ڕێنماییەكانی نێو دەوڵەتی و ناوخۆیی.

٢٣- ئەنجومەن بۆی هەیە بەشێك لە دەسەلاَتەكانی بە سەرۆكی ئەنجومەن بسپێرێ.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: والتي تصبح المادة العاشرة، دون الاخلال بالمادة الحادية عشرة من هذا القانون، تقوم المؤسسة بتنظيم مطارات الاقليم و تطويرها ومراقبة انشطتها وتطبيق السياسات العامة للنقل الجوي فيها، ولمجلس المؤسسة في سبيل تحقيق ذلك ممارسة الصلاحيات الاتية:

١-رسم واقرار السياسة العامة للمؤسسة بعد موافقة الوزارة.

٢-تفتيش ومراقبة مطارات الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

تكایە لێژنەی هاوبەش یا لێژنەی یاسایی بە عەرەبی بیخوێنێتەوە تكایە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم رەئیەكی وا هەیە كە ئەو ٢٣ خاڵەش لابردرێ و بە پەیرەوی ناوخۆیی خۆیان تەنزیمی بكەن، بۆیە بۆ ئەوەی وەخت بگەڕێنینەوە جارێ با گفتو گۆ بكەین بۆ ئەوەی بمێنێتەوە یان نا؟، ئینجا ئەگەر پێویستی كرد بە عەرەبی بیخوێنینەوە، بەراستی وەخت كەمە و مەجال نەماوە و بۆ ئەوەی قانونەكە بڕوات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەردەوام بە لە خوێندن فەرموو، موشكیلە نیە، ئەوانیش رەئی خۆیان بدەن بزانن ئەو خەبیرانە لێرەن، بزانین رەئی ئەوانە چیە؟ با بەردەوام بێ لە خوێندنەوەی بە عەرەبی، فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

٢- تفتيش ومراقبة مطارات الاقليم للتأكد من التزامها بالضوابط والتعليمات.

٣- وقف او تقييد نشاط اي من مطارات الاقليم في حالة مخالفته لشروط التشغيل.

٤- المصادقة على العقود المتعلقة باقامة وتطوير المنشآت ومشاريع الطيران المدني واستثمارها بعد استحصال موافقة الجهات المختصة.

٥-المصادقة على اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران المدني مع الجهات الخارجية بعد موافقة الوزارة.

٦- الموافقة على مشروع الميزانية السنوية والملاكات والحسابات الختامية للمؤسسة ورفعها للجهات المختصة.

٧-الموافقة على شراء الاجهزة والمعدات والاليات والعدد الضرورية للمؤسسة ومطارات الاقليم من خارج العراق وفقاً للاجراءات والسياقات المتبعة.

٨-تقويم النتائج المتحققة للتأكد من السياقات المطبقة والخدمات المقدمة للطائرات و المسافرين و الاجهزة و المعدات المستخدمة و الملاكات الفنية والتشغيلية والادارية التي تتولى عمليات ادارة وتشغيل مطارات الاقليم تنسجم مع الضوابط و المعايير الدولية و المحلية واتخاذ ما يراه ضرورياً بهذا الصدد.

٩-وضع الضوابط الخاصة بتهيئة و اعداد الملاكات الفنية و التشغيلية و الادارية للمؤسسة و مطارات الاقليم.

١٠-تحديد الملاكات الفنية والتشغيلية والادارية التي تتطلبها عمليات تطوير كفاءة اداء المؤسسة ومطارات الاقليم، على ان يتم الاختيار وفقاً للمعايير الدولية والمحلية التي تتطلبها طبيعة عمل كل منهم.

١١- وضع الخطط اللازمة لتأهيل وتطوير الملاكات الفنية والتشغيلية والادارية العاملةفي المؤسسة ومطارات الاقليم من خلال اشراكهم بدورات تخصصية داخل او خارج العراق وحسب متطلبات عمل كل منهم.

١٢-ايفاد الملاكات الفنية والتشغيلية والادارية العاملة في المؤسسة ومطارات الاقليم خارج او داخل العراق، للمشاركة في الدورات التخصصية او للمشاهدة او الاطلاع او حضور الندوات والاجتماعات او المؤتمرات او الحلقات الدراسية التي تتعلق بطبيعة عملهم وفقاً للتعليمات النافذة.

١٣-التعاقد مع الافراد والجهات المحلية والاجنبية المؤهلة وفقاً للمعايير الدولية والمحلية لاشغال الوظائف الفنية والتشغيلية والادارية التي تتطلبها عملية تطوير كفاءة اداء المؤسسة ومطارات الاقليم بعد استحصال موافقة الوزير.

١٤-التعاقد مع الجهات المحلية او الاجنبية لادارة وتشغيل واستثمار بعض المرافق الفنية والتشغيلية في مطارات الاقليم بعد استحصاال موافقة الوزير.

١٥-التعاقد بشكل دائم او مؤقت مع خبراء و مستشارين بعد استحصال موافقة الوزير.

١٦- الموافقة على شراء الادوات الاحتياطية من داخل او خارج العراق اللازمة لاستمرارية عمل المؤسسة وتشغيل مطارات الاقليم وفقاً للمعايير الدولية والمحلية.

١٧-التعاقد مع الجهات المختصة لفحص وصيانة المنظومات المستخدمة في عملية الاتصالات والاستطلاع الجوي (الرادار) والملاحة الجوية وعملية ادارة الحركة الجوية وفقآ للمعايير الدولية والمحلية.

١٨-تحديد واستيفاء الرسوم و الاجور لقاء الخدمات المقدمة للطائرات والمسافرين وشركات الطيران والجهات الاخرى وفقآ للضوابط والمعايير الدولية والمحلية وبالشكل الذي يراه مناسبآ لتشجيع نمو النقل الجوي في الاقليم.

١٩-اتخاذ الاجراءات اللازمة لتأمين سلامة الملاحة الجوية فيما يخص عوائق المنشآت والمراد انشاؤها في المناطق المجاورة لمطارات الاقليم ومنشآت اجهزة الملاحة وازالة ومنع اقامة او انشاء اي عائق يشكل خطرآ على سلامة الملاحة الجوية وحسب حقوق الارتقاء الجوية والتعليمات الخاصة بما يتماشى مع القوانين وتعليمات سلطة الطيران المدني العراقي.

٢٠-تأمين المستلزمات الضرورية من الاجهزة او المعدات و المنظومات المتعلقة بامن المطارات والطائرات بما يتلائم مع القوانين والتعليمات الدولية والمحلية في تنفيذ النظم الخاصة بامن المطارات والطائرات.

٢١-اتخاذ الاجراءات الاولية فيما يتعلق بالتعامل مع حوادث الطائرات التي تحدث في المطارات او خارجها لحين وصول لجان التحقيق المختصة والتعاون و الاستمرار معها في انجاز عمليات التحقيق.

٢٢-انشاء دوائر الحجر الصحي والزراعي في المطارات ومراقبة تطبيقها للسياقات والتعليمات الدولية والمحلية.

٢٣-للمجلس تخويل جزءآ من صلاحيته لرئيس المجلس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەكەین، بێگومان ئەو ماددەیە ماددەیەكی زۆر زۆر گرینگە، باس لە دەسەلات و سەلاحیات دەكەین، پێویستە قانون ئەو دەسەلات و صەلاحیاتانە بدات، ڕەئیمان وایە پێشەكی ماددەكە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە: تقوم المؤسسة بتنظيم مطارات الاقليم و تطوير و مراقبة انشطتها و تطبيق سياساتها العامة للنقل الجوي فيها و لتحقيق ذلك لمجلس المؤسسة ممارسة الصلاحيات الاتية، كما ورد في المشروع، یەعنی نوقاتەكانی مەشروع هەمووی بێتە خوارێ، پاشان لە خاڵەكان صیاغەكەی هەندێ لە فەقەرەكانی ئەو خاڵانەمان هەیە، ب- صیاغەی فەقەرە (٥) بكرێتەوە سەر لە نوێ بەم شێوەی خوارەوە: ٥- المصادقة على اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران المدني مع الجهات الخارجية بعد موافقة الجهات المعنية، بە خۆی جیهاتی خاصە بوو لە كۆبوونەوەكەی بەیانی كردمانە (الجهات المعنية)، ج- فەقەرە (٦) صیاغە بكرێتەوە بە شێوەیەكی نوێ: ٦- اعداد مشروع الميزانية السنوية والملاكات والحسابات الختامية للمؤسسة ورفعها للوزارة، د- دمج الفقرتين الثالثة عشرة والرابعة عشرة و اعادة صياغتهما على النحو الاتي: ١٣- التعاقد مع الافراد والجهات المحلية لادارة وتشغيل واستثمار بعض المرافق الفنية والتشغيلية واشغال الوظائف

الفنية او التشغيلية او الادارية التي تتطلبها عملية تطوير كفاءة اداء المؤسسة ومطارات الاقليم بعد استحصال موافقة الوزير، والتعاقد مع الافراد والجهات الاجنبية للغرض نفسه بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء، ٥- اعادة تسلسل الفقرات اللاحقة تباعاً لدمج الفقرتين، تەسەلسولەکان ڕێك دەخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لە ڕەئی لیژنەی هاوبەش بوو، هەندێ لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە ئەوە ئیلغا بکرێت، بەڵام لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش دەبینن صەلاحیات زۆر زەرووره و هەروەها لە خەبیرە بەڕێزەکانیشمان پرسی ئەوانیش بە نووسراو ئەڵێن ئەوە زۆر زەرووره، چونکە ئەگەر بە یاسا دەست نیشان نەکرێت، صەلاحیاتیان نابێت و ئەوە خەلەلەکە، ئینجا ئەگەر ئەو بەڕێزانە پێشنیارەکەیان سەحب بکەن، ماددەکە وەکو خۆی بەو تەصلیحاتەی کە هاتیە ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ کەس قسەی نەکردووە لەسەر ماددەکە و کەس پێشنیاری نەکردووە، لە گفتوگۆی ماددەکانی پێشوو یەك کەس باسی لێ کرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ قسە بکەن فەرموو با دەستیان بەرز بکەن با ناویان بنووسین، سوپاس لیژنەی یاسایی، بەڕێز کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەی ١١ لاچوو، ئەو موقەدیمەی کە ئەبێ بێتە گوتن، دەست پێبکرێت: تقوم المؤسسة ، ئەوە مولاحەزەی یەکەمە، دووەم: سەبارەت بە خاڵی یەکەم، نووسیە، ڕەسم و ئیقرار، ئەوەی لە پێشێ وەکو پێشنیار کراوە، لە ئامانجەکاندا ئەبێ سیاسات و خوتەتی خۆی پێشنیار بکات، لەبەر ئەوەی لێرە بۆ جێبەجێ کردنیان دەبێ بگوترێ: جێبەجێ کردنی او تنفيذ الخطط والسياسة العامة للمؤسسة التي توافق عليها الوزارة، ئەبێ ببێتە جێبەجێ کردن لێرە، خاڵی پێنجەم هاتووە: المصادقة على الاتفاق، خۆی ئیتیفاق دەکات، مەعنای وایە ببێتە عقد اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران، ئەوە لە جیاتی المصادقة، جارێ ئەبێ شتەکە بکرێت و عەقدەکە دروست بکرێت ئەوجا فەقەرەی دی و دوایی، چونکە تێدەگات با ئەوەی موصادەقەی لەسەر دەکرێ ئەبێ خۆی وەکو مونەسەسە پێی هەڵسێتن، خاڵی شەشەم : الموافقة على مشروع الميزانية، ئەبێ خۆی میزانیە ئامادە بکات، چۆن موافەقە لەسەر میزانیە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەبێ بگۆترێ ئیعداد مشروع الميزانيه السنويه، بەو شێوەیە باشتر دەبێ، خاڵی حەوتەم هاتووە : الموافقة على شراء، ئەی کێیە دەیکرێت؟، خۆی دەبێ ئەوانە وەکو مونەسەسە هەڵدەستێ بە کاری کڕینی دەزگاکان یان

شتەکان، لەبەر ئەوە: الموافقة لابردرێ، هەردەست پێ بکرێ بە: شراء الاجهزة و المعدات للمؤسسة، بۆ ئـەوەی کارەکە جێبەجێ بکات و، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بەندە و بەندەکانیش کە لە دوایی دێن، هەنـدێ وردەکاری تێدایـە، ئێمـە زۆر جار لـە کاتی پەسند کردنی یاسایەکان، باس لەوە دەکەین کـە ئـەو وردەکاریـە لێـرە پێویـست نیـە، بـەڵام دوو شـت هەیـە دەبێ لەبەر چاوی بگرین، یەکەمیان تایبەتمەندی ئەو دەزگایەیە، ئەو موئەسەسەیە، کـە زۆر لـە لایەنـەکان دەگرێتەوە، وەکو: بە تایبەتی لایەنی تەکنیکی ، لایـەنی بەسـتنی گرێبەسـت لەگـەڵ زۆر لایـەن و کۆمپانیـا، هـەروەها ئـەو کارمەندانـەی کـە دەزگایـەکان بـەڕێوە دەبـەن یـاخود کاردەکـەن، بۆیـە ئـەو وردەکاریـە زۆر پێویـستە، بۆیـە مانـەوەی ئـەو مـاددە و ئـەو بەنـدە زۆر پێویـستە، هـەروەها هـۆی دووەم بـۆ مانـەوەی ئـەو ماددەیـە ئەوەیـە کـە ئێمـە لەسـەرەتای ئـەو جـۆرە کارەینـە، واتـا هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان لەسـەرەوە موتـەفیق بـوون کـە ئێمـە ئـەزموونێکی وامـان نیـە و شـارەزاییەکی وامـان نیـە، لەوانەیـە ئـەو دەزگایـە ڕووبەرووی زۆر کێشە ببێتەوە، ئەو وردەکارییە لێرە پێویستە باس بکرێ و تێدابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك ڕەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لقی نۆ: باسی زەوابـتی میلاکـات ئـەکات و لقـی دە، باسـی تەحدیـدی میلاکـاتی فـەنی و تەشـغیلی و ئیـداری ئـەکات، وا بـزانم هـەردوو لقەکـە دەمـج بکـرێ و بکرێـت بـە یـەك لـق، کـە هـەردووکیان لەسـەر مـەوزوعی میلاکاتە، چ زەبت بێ و چ تەحدیدو ئیعدادی میلاکات بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ڕێزدار کەریم بەحری، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر گرنگە، دەبێ بە پێی یاسا ڕێك بخـرێ، لەبـەر ئـەوەی دەسـەڵاتەکانە و صلاحیاتی ئەنجومەنی کارگێڕیە، بۆیـە دەبـێ بـە یاسـا ڕێـك بخرێـت و ماددەیـەکی یاسایی بێـت و ناگرێـت بـچێتە نیزامـی نـاوەخۆ، پـەیڕەوی نـاوەخۆدا، سـەبارەت بـە نـاوەڕۆکی ماددەکـەش، ئـەوەی لـە ڕاپـۆرتی هاوبەشدا هاتووە دروستە و لە جێی خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عومەر عبدالرحمان فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی رای ئەو برادەرانە ئەو قسەیە دەكەم، لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێنجدا، باسمان لە شەخصیە مەعنەویەی ئەو موئەسەسەیە كرد، راستە موئەسەسەیەكی گرنگە و تازە دروست دەبێ، پێویستی بە بەرەو پێشچوون هەیە، پێویستی بەوە هەیە خزمەت بكرێ، ئێمە لە ماددەی پێنجدا دەنگمان بۆ ئەوە داوە كە شەخسیەتێكی مەعنەوی و ئیداری و مالی موستەقیلی خۆی هەیە، ئەو شەخسیەتە موستەقیلە مالیە زۆر گەورەترە لەو دەسەلاتانەی كە لە مەجلیسی ئیدارە دەدرێتێ پێی، ئەو موئەسەسەیە بتوانێ مومارەسەی ئەوەی خۆی پێ بكات، راستە ئەو موئەسەسەیە تازەیە و ئێمە پێویستمان بەوەیە خزمەتی بكەین و گەورە بكرێ، گرینگی ئەو ئیتیفاقیانە و ئەو عەقدانەی هەیە، بەلام لە نەتیجە عەقدەكان سەرۆكی موئەسەسە تەصدیقی دەكات و دوایی تەوقیعی دەكات، بەلام ئێمە بۆ ئێستا بێین ئەو موئەسەسەیە لە تەوری تەكویندا ین ئێمە، لە بیدایەتی دروست بووندا ین، حەصری بكەین بە چەند خاڵێك لەو قانونە، خۆی كە حەصرمان كرد و موصادەقەی لەسەر كرا ئەو فراوانیەی نامێنێ ئەو موئەسەسە بتوانێ ئیشی تێدا بكات و بتوانێ لە نەتیجەی مومارەسەی چەند ساڵێكدا پێویستیان بە شتە و پێویستیان بە گۆڕانكاریە و پێویستیان بە بەعزە صەلاحیاتی دیكەی هەیە، بەلام ئەگەر لە نیزام داخلیەكەی خۆی هەبێ، بە تەئكید ئەو بەڕێزەی كە دەبێت بە رەئیسی موئەسەسەی ئەو مەتارانەی كوردستان، حەتمەن خەڵكی دڵسۆزی ئەو ولاتەیە، كوڕی خۆمانە و بەتەئكید حەزی لەبەرەو پێشچوونە و گەورەكردنی مەتارەكەی و ئەو موئەسەسەیە ببێتە موئەسەسەیەكی عالەمی و شتێكی باشی لێ دەربچێ، بۆ چی ئێمە لێرە لە قانون حەصری بكەین؟، سبەینێ ئەگەر ویستیان تەغیراتێك، گۆڕانكاریەك، شتێك بكەن، بە قورس تر بۆیان بڕوات دەبێت بە مەشروع تەقدیم بە پەرلەمانی بكەن، بۆ لە نیزام داخلیەكەی خۆیان نەبێت؟ بۆ ئەوەی بتوانن هەر كاتێك كە پێویستی بە گۆڕانكاری كرد با گۆڕانكاری لە نیزامەكە دا بكەن بۆ خزمەت كردنی ئەو پرۆژەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من موقارەنەی ئەم سەلاحیاتانە دەكەم لەگەڵ سەلاحیەتی موئەسەسەكە، یەعنی بە ئەمە بێت موئەسەسەكە زۆر هەژارە، چی موافەقە و موسادەقە و تەعاقود و تەحدید هەیە لە مەجلسی ئیدارەیە، كەچی لە موئەسەسەكە ئەوە نیە، موئەسەسەكە زۆر لاواز ترە، مەفروز وایە هەرچی موافەقە هەیە لای

مونەسەسەکە بێت، هەرچی موسادەقە هەیە لای مونەسەسەکە بێت، نەك لای مەجلسەکە، چونکە مـەجلس موشەکەلەیەکی جیاوازیشی تیایە، بەڵام ئەسڵی مونەسەسەکە وەکو کاك عمر گۆتی رەئیسی مونەسەسـەکە دەبێت ئەو شتانە بکات، ئایا بۆچی هەرچی موافەقە هەیە لێرەیە؟ وەکو پرسیاریش دەیکەم، یـەعنی سـەیر بکە هەرچی موسادەقە و موافەقـە هەیـە لەسـەر شـتی گـرنگ، نـەك لەسـەر شـتی بـچکۆڵە، لەسـەر شـیرایە، لەسەر تەعاقودە لەگەڵ لایەنی ئەنجنەبی، ئەمانە هـەمووی چۆن دەبێت مەجلسی ئیـدارە بیکات؟ دەبێت مونەسەسەکە ئەو شتانە بکات، لەبەرئەوە پێم باشە هـەر شـتێك باسی موسـادەقەو موافەقەیـە بـچێتە لای مونەسەسەکە نەك لێرە، هەرچەنـدە دەنگیشمان لەسەری داوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی دا من لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونانە نـیم کـە دەڵێـت ئـەو ماددەیـە لابـبردرێت، بـەڵکو بگوێزرێتـەوە بـۆ لانیحەی ناوخۆ، ئەم ماددەیە پەیوەستە بـە دەسـەڵاتی ئـەو ئەنجومەنـەوە هەیـە، ئـەم دەسـەڵاتە تـەدەخول دەکات لەگەڵ زۆربەی بابەتەکان کە تایبەتـە بـە هـەموو هەرێمـەوە، لەبەرئـەوە مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم ئـەم ماددەیە لابـبردرێت، خاڵێکی تر لە برگەی ١٣ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر، پـێم باشـە دوای وەرگرتنـی ڕەزامەندی وەزارەت بێت، چونکە گرفتێك هەیە ئێمە هەستی پێ دەکـەین زۆر جـار سـەڵاحیەتەکان کـە لـە کەسێك دابێت، زۆرجار بە میزاجی ئەو کەسەیە، بـەڵام ئەگـەر بـوو بـە وەزارەت، ئەنجومەنەکە قـسەی تیـا دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

ڕێزدار د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیـە بەڕاسـتی بەشـێکی زۆری دەتـوانین بـە نـیـزام ڕێکی بخـەین وەکو ماددەکانی تـری پێـشوو کـە باسمان کرد، بەڵام ئەگەر هەر ئیسسرار بکرێت ئەمـە بمێنێتـەوە، دیـسانەوە خەلـەلی تیایـە بـە تایبـەتی لـە خاڵی یەکەم و چوارەم و پێنجەم هەر بە ڕاشکاوانە دیارە کە خەلەل هەیە، بۆ نموونە دەڵێت (رسـم واقـرار السیاسة العامة للمؤسسة بعد موافقـة الـوزارة) ئەوەڵەن ئیقـرار لەلایـەن ئـەم ئەنجومەنـەوە ناکرێـت، ئەمـە دەبێت کێ ئیقراری بکات؟ دەبێت وەزارەت ئیقـراری بکـات، بۆیـە ئەگـەر هـەر بیانوویـەك بهێننـەوە دەبێـت بڵێین (١ ـ رسم السیاسة العامة للمؤسسة لاقراره مـن قبـل الـوزارة)، یـەعنی ئیقـرار لەلایـەن وەزارەتـە، نـەك لەلایەن ئەمانەوە، رسم ئەمان ڕاستە دەتوانن بیکەن، بەڵام دەبێت کێ ئیقراری بکات؟ بـێ گومـان وەزارەت، بە نیسبەت خاڵی چوارەم دەڵێت (المصادقة علی العقود المتعلقة) عادەتەن موسـادەقە ئـەو نایکات، لـە عقود

ڕاستە دەتوانێ تەقیمی عقودەکە بکات، چونکە عادەتەن خۆی یەکێك لە موئەسەسەکە عەقدەکان جێ بەجێ دەکات، دوایی ئەم ئەنجومەنە چی دەکات؟ ئەم ئەنجومەنە تەقیمی دەکات، ئایا باشە یان باش نیە؟ هەڵی دەسەنگێنێ، بۆ ئەوەی ئاراستەی وەزارەتی بکات، یەعنی (تقيم العقود المتعلقة باقامة وتطوير المنشآت ومشاريع الطيران المدني لاستحصال موافقة الجهات المختصة) یان (لاستحصال موافقة الوزارة) ئەو کاتە ئاوا دروستە نەك موافەقە لەوێ هەبێت، موسادەقە دەبێت لەوێ هەبێت، نەك لەلایەن ئەم ئەنجومەنە، هەروەها دەبێت خاڵی پێنجەم بە هەمان شێوە (تقيم اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران للموافقة) دواتر لە ئەخیرەکەی (ورفعها للوزارة للموافقة عليها)، یەعنی دەبێت ئیعادەی نەزەر لەم سێ خاڵە بکرێتەوە، ئەوانەی تر بە قەناعەتی من زۆربەی هەرە زۆری پێویستە بچێتە نیزامەوە، تەنها خاڵی ١٣ و ١٥ و ١٧ و ١٨ من پێم وایە ئەوانەش دەتوانرێت لێرەدا بمێنێتەوە وەکو لە قانونەکە، بەڵام ئەوانی تر زۆربەیان دەبێت بچنە نیزام، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە تەرخان کراوە بۆ دەست نیشان کردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئەم دامەزراوەیە، بۆیە لەسەرەتاوە پێویست ناکات کەوا بڵێین (تقوم المؤسسة بتنظيم مطارات الاقليم وتطويرها) پێویستە لەوەوە دەست پێ بکەین (المجلس المؤسسة ممارسة الصلاحيات التالية)، من لەگەڵ ئەوە دام کەوا ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، چونکە بەشێك لە دەسەلاتەکان هەتا لە دەسەڵاتی وەزیریش نیە، دەبێت بچێتە ئەنجومەنی وەزیران بە تایبەتی بۆ بڕگەی ٥ کە دەڵێت (المصادقة على اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران المدني مع الجهات الخارجية) ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە، هەتا وەزارەتیش ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە دەکرێت ئەمانە بنووسرێت، بەڵام دەتوانین کەمیان بکەینەوە بە شێوەیەکی وا کەوا پوخت و دانیشتنێکی تایبەتی لەلایەن لیژنەی یاسایی دەوێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر دابڕێژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك ڕشاد فەرموو.

**بەڕێز ڕشاد ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەو مەسەلەیە، بە نیسبەت ئەو یاسایە، ئەوە یاسایەکە چەند مانگێکە دیراسەت دەکرێت و لیژنە دانیشتووە و ئیشی لەسەرکراوە و ٩٠٪ موقەنەنە لە شێوە یاساکانی دەوروبەر وەرگیراوە، بە نیسبەت ئێمە ئەو فرۆکەخانانە کە تازەن، ئەو یاسایە تازەیە و بۆ خۆتان دەزانن

هەر یاسایەك كە تازە دەردەچێت پاش جێ بەجێ كردنی كەموكوڕیەكەی بە دەردەكەوێت، هەر كەموكوڕیەك هەبێت خۆ دەكرێت هەموار بكرێت، ئەم هەموو سەلاحیەتە هاتووە لەو ماددەیە بە قەناعەتی من چۆن هاتووە با وا بمێنێت لەبەرئەوەی حیمایەتە بۆ ئەو مونەسەسەیە و لە بۆ ئەو كاتەی ئێستا، كاتێكی تر دەكرێت ئیعادەی نەزەر بكرێتەوە و پێداچوونەوەشی بۆ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان چیە؟ كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئكید لەسەر خاڵی یەكەم دەكەمەوە كە باسمان كرد، ئەم ماددەیە زۆر زۆر پێویستە لە ناو ئەم یاسایە هەبێت، بەدەل ئەوەی كە ئەو بەڕێزانەی كە دەڵێن لێرە لابردرێت دەڵێن با لە ناو نیزام هەبێت، مادام هەر لەوێ هەبێت، با لێرە هەبێت باشترە، قوەتەكە بۆ مونەسەسەكەیە بە تایبەتی مەسائیلی گرنگی تیایە بە سیغەی موافەقە و موسادەقە و تەعاقود و ئەوانە هاتووە، ئەوە دەبێت قوەتێكی یاسایی لە پشت هەبێت، نەك هەر نیزام بێت، ئەوە دەسەڵاتە، بۆیە دەسەڵات دەبێت بە یاسا دیاری بكرێت، بۆیە ئێمە تەئكید دەكەینەوە لەسەر مانەوەی ماددەكە لە شوێنی خۆی، سەبارەت بە موداخەلەی ئەندامان، بۆ نموونە برای بەڕێزم كاك احسان باسی ئەوەی كرد كە ئەم خاڵە تیكرارە، مەبەستم خاڵی یەكەمە (رسم واقرارالسیاسة العامة للمؤسسة بعد موافقة الوزارة) لێرە باسی سیاسەی عامەی مونەسەسە دەكات، ئەو خاڵەی تر باسی سیاسەی نەقلی جەوی دەكات، یەعنی دوو خاڵی زۆر لێك جیاوازن، پاشان باسی دەمج كردن كرا، كاك حمە رشید باسی دەمج كردنی فقەرەی ۹ و ۱۰ ی كرد، بكرێ و نەكرێت، گرنگ ئەوەیە ناوەڕۆكەكە هەبێت، جا ئەگەر زۆر پێویست نەبێت بۆ دەمج كردن، بە تەفسیل باشترە لە ساڵحی قانونەكەیە و لە ساڵحی مونەسەسەكەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە باشترە ، بۆیە با وەكو خۆی بمێنێتەوە، سەبارەت بە قسەكانی مامۆستا محمد فرج دەڵێت ئەو كارە كاری مونەسەسە بوو، ئەو مەجلیسە گەورەترین ئۆرگانی ناو ئەو مونەسەسەیە، ئەو مونەسەسەیە چیە؟ مونەسەسە پێك هاتووە لە كێ؟ پێكهاتووە لە رەئیس و معاون و ئەندامەكانی، ئەوانە هەموویان پێكەوە مەجلسەكە پێك دێنن، گەورەترین دەسەڵاتی ناو ئەو مونەسەسە مەجلسەكەیە، دەبێت مەجلس لەو قەرارە گرنگانە قەرار بدات، لە مونەسەسە تۆ ناتوانی بڵێی مونەسەسە وابكە، دەبێ بڵێی رەئیسی مونەسەسە وابكە، دەبێت بڵێی مەعاونی رەئیسی مونەسەسە وابكە، یان دەبی بڵێی مەجلیسەكە وا بكە، ئەو سەلاحیەتە گەورانە بەڕاستی هی مەجلسە، نەك هی شەخسێكە، یان كەسێكی ترە، ئەو خاڵەی د.ناصح ئیشارەی كرد، منیش پێم وایە لە جێی خۆیەتی كە دەڵێت (رسم واقرار السیاسة العامة للمؤسسة بعد موافقة الوزارة) یەعنی چی؟ ئەگەر وەزارەت موافەقەتی كردووە؟ خۆ وەزارەت باڵا ترە لە مونەسەسە، پێموایە لێرە دەبێت سیاغەكەی ڕاست بكرێتەوە، یەعنی (ورفعها للوزارة للموافقة علیها) ئەوە دەقیق ترە، هەروەها لە خاڵەكانی تریش وەكو لە خاڵی ٥ یش بە هەمان شێوە هاتووە و دەڵێت

(بعد موافقة الوزارة) گونجاو نیە، دەبێت رەفع بکرێت بۆ وەزارەت، بڵێی (ورفعها للوزارة للموافقة عليها)، چونکە وەزارەت بەرزترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك بارزان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆك پێویست ناکات جوابی هەموو ئەندام پەرلەمانێك بدرێتەوە، خۆ نوقتەی خیلاف نیە هەتاوەکو شەرح بکرێت، هەرکەسێك قسەیەك بکات ئەو جەلسەیە هەر تەواو نابێت، دوای ئەوە ئەگەر بووە دوو رەئی و سێ رەئی حەقە موناقەشە بکرێت ....... .

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێز ئەوە رەئی لیژنەیە، رەئی خۆیان دەدەن پاشان دێینەوە سەری، کاك زرار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من پێم باشە بەرچاو روونیەك هەبێت لەبەرچاوی ئەندام پەرلەمانان، ئێمە ڕای موشتەرەکی لیژنە کە لەسەر مەنەسە باس دەکرێت تەنها ڕای لیژنەی گواستنەوەو لیژنەی یاسایی نیە، ئێمە بەیانی هەموو سەرۆك لیژنەکان کۆبووینەتەوە، ئەو ڕایەی کە ئەوان دەری دەربڕن ڕای هەموو سەرۆك لیژنەکانە، ڕای سەرۆك فراکسۆنەکانە، ڕای جێگری سەرۆك فراکسیۆنەکانە، لەبەرئەوە پێم باشە ئەو بەرچاو روونیەتان هەبێت، ئەگەر مولاحەزەیەکی زۆر دەقیق هەبێت، ئەوە جێگای خۆیەتی، بەڵام بەڕاستی ڕای ئەوان ڕای هەموومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی کاك بارزان و کاك زراریش دەکەم، خۆ کۆنفرانس نیە هەموو قسەیەك جواب بدرێتەوە، ئەگەر بوو بە سێ رەئی ئەوە دەکرێت بخرێتە دەنگدانەوە یان نەخرێت، چونکە یەکەم جارە ئێمە ئەم شێوە جەلسەیە پەیرەو دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك طارق نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشت مانگ و نیوە ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمان خوێندنەوەی بۆ کراوە، دەبوایە ئەندامان ئێستا ڕەئی بدەنە ئەو دوو لیژنەیە، نەك لێرە ببێتە جێی سیبوەی و مامۆستا هەژار، بەداخەوە کوردیەکەی لەگەڵ دانیە، دەبووایە بە کورتی بیبڕنەوە، نەك ئێمە لێرە بڵێین ئەو وشەیە نا، ئەو وشەیە، بۆیە با ناحیەی سیاغە بدرێتە ئەو دوو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان بەو گۆڕانکاریەی کە ئێستا لیژنەی یاسایی سیاغەی دەکاتەوە بۆتان دەخوێنینەوە و دەیخەینە دەنگدان، زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا) :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە دەخوێنینەوە بەو گۆڕانکایانەی کرا لەسەری و بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش و پێشنیاری هەندێك لە ئەندامان، هەمووی نیە هەندێك لە بڕگەکانە کە گۆڕانکاری بەسەری دا هاتووە، سەرەتای ماددەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەم شێوەیە:

المادة الثانية عشرة: تقوم المؤسسة بتنظيم مطارات الاقليم وتطويرها ومراقبة انشطتها وتطبيق السياسات العامة للنقل الجوي فيها، ولتحقيق ذلك لمجلس المؤسسة ممارسة الصلاحيات الآتية:-

١ - رسم واقرار السياسة العامة للمؤسسة ورفعها للوزارة للموافقة عليها.

لە خاڵی ٥ یش گۆڕانکاری کراوە:

٥ - المصادقة على اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران المدني مع الجهات الخارجية ورفعها لوزارة للموافقة عليها.

(الجهات المعنية)، بەڵام بەو شێوەیە نەسەکە دووبارە دەکەمەوە:

٥ - المصادقة على اتفاقيات التعاون ضمن مجال الطيران المدني مع الجهات الخارجية بعد موافقة الجهات المعنية.

فەقەرەی ٦ هەر لە مەشروعەکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بەو شێوەیە:

٦- اعداد مشروع الميزانية السنوية والملاكات والحسابات الختامية للمؤسسة ورفعها للوزارة.

فەقەرەی ١٣ و ١٤ دەمج کراوە، بەو شێوەیەی کە پێشتریش خوێندمانەوە:

١٣- التعاقد مع الافراد والجهات المحلية لادارة وتشغيل واستثمار بعض المرافق الفنية أو التشغيلية واشغال الوظائف الفنية أو التشغيلية أو الادارية التي تتطلبها عملية تطوير كفاءة اداء المؤسسة ومطارات الاقليم بعد استحصال موافقة الوزير والتعاقد مع الافراد والجهات الاجنبية للغرض نفسه بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء.

پاشان تەسەسولی فەقەرەکان ڕێك دەخرێتەوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، سێ بەڕێز هەبوو ئیشارەتیان بە ئەوە كرد كە هەمووی ئیلغابكرێت، ئەگەر موفتەرەحەكەیان دوای ئەو گفتوگۆیە سەحب بكەنەوە ئەوا بەو سیاغەیەی كە لەلایەن لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە، بەو سیاغەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاستان دەكەین، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من موفتەرەحەكەی خۆم سەحب ناكەمەوەو موسیرم لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من پێم زیادەیە كاك د. كمال سەحبی ناكەمەوە رەئیەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

باشە، چونكە لیژنەی موشتەرەك و لیژنەی یاسایی و خەبیرەكان و سەرۆك لیژنەكان لەگەڵن، باشە ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بە كۆمپلیتی كە سەلاحیەتە ئیلغا بكرێتەوە؟ ٩ كەس، كێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت بەو گۆڕانكاریانەی كە لیژنەی یاسایی و موشتەرەك كردیان؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیەش مایەوە بەو گۆڕانكاریەی كە كرا، زۆر سوپاس، بۆ ماددەیەكی تر تكایە، بەڕێزان ئەگەر ئەمڕۆ دەتانەوێت سەعات ٤ دادەنیشین، ئەگەرنا سبەی؟ ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمڕۆ سەعات ٤,٣٠ دابنیشین؟ ٢٩ كەس لەگەڵە، ئەوە بووە ٣٠، كێ لەگەڵە سبەی تەواوی بكەین؟ زۆرینەی بۆ سبەی بوو سەعات ١٠,٣٠ ، خواتان لەگەڵ كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **عونی كمال سعید بزاز** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |
| **بەوەكالەت** | | |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٢٢)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨\١٢\٣**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٢٢)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣

كاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز عونی كمال بزاز سكرتێری ئەنجومەن بەوەكالەت، دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی دووەمی هەڵبژاردنی ساڵی چوارەمی ٢٠٠٨، خولی گرێدانی دووەم ژمارەی دانیشتن (٢٢)، رۆژی دانیشتن ٢٠٠٨/١٢/٣، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

بەخێرهاتنی بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین كە هەمیشە لەگەڵمانە بەخێر بێت، هەروەها بەخێرهاتنی هەردوو رێزدار كاك كامەران احمد عبدالله سەرپەرشتیاری دەزگای فرۆكەخانەی سلێمانی و رێزدار كاك تاهیر هەورامی بەڕێوەبەری گشتی فرۆكەخانەی هەولێر دەكەین، كە هەردووكیان لێرە هاوكار دەبن، زۆر زۆر بەخێر بێن سەرچاو، ئەمێدەوارین ئەمڕۆ یاساكەمان بە رێك و

پێکی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەمان و گشت موسافرەکان تەواو بێت، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش دەکەم تەشریفیان بێنە سەر مەنصە، بۆ بەردەوامبوونی کارەکانمان، دوێنێ ماددەی دوازدەمان تەواو کردو دەنگی لەسەر درا، تکایە ماددەی سێزدە لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوەو رەئی لیژنەی هاوبەش لەسەری بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم: سەرۆکی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١- بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاو سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی دەزگا دەکات و سەرپەرشتی فەرمانگەکانی سەر بەدەزگا دەکات.

٢- نوێنەرایەتی کردنی دەزگا لە کۆبوونەوەو کۆنگرەو سیمینارو ئەڵقەکانی خوێندنی تایبەتمەند لە ناوەوەو دەرەوەی عێراق، دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی وەزیر.

٣- نوێنەرایەتی کردنی دەزگا لەبەردەم دادگاو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار.

٤- ئیمزا کردنی ئەو نووسراوانەی کە لە دەزگاوە دەردەچێ.

٥- پێشنیار کردنی بودجەی تایبەت بە دەزگاو بودجەی ساڵانەو ژمێریاریەکانی کۆتایی.

٦- رەزامەندی نواندن لەسەر سەرف کردنی بڕە پارەکان بەپێی رێنمایی و یاساکانی بەرکار.

٧- ئیمزا کردنی هەموو گرێبەستەکانی پەیوەندیدار بە دەزگا دوای بە دەستهێنانی رەزامەندیەکانی ئوسولی.

٨- دامەزراندنی لیژنەکانی هونەری و بەکارخستن و کارگێڕی و دارایی و یاسایی و ئاسایشی و هەر لیژنەیەکی دیکە کە بەپێی پێداویستیەکانی کار بە پێویستی بزانێ.

٩- ئیفاد کردنی فەرمانبەرانی خاوەن پلەی تایبەت دوای بە دەستهێنانی رەزامەندی لایەنەکانی تایبەتمەند.

١٠- پیوستە سەرۆکی دەزگا بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە یارمەتیدەری سەرۆکی دەزگاو بەڕێوەبەرە گشتیەکان بسپێرێ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان وەکو پێویست بە جێبهێنن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

يمارس رئيس المؤسسة الصلاحيات التالية:

١- ادارة شؤون المؤسسة ويرأس جلسات مجلس ادارة المؤسسة والاشراف على الدوائر التابعة لها.

٢- تمثيل المؤسسة في الاجتماعات والمؤتمرات والندوات والحلقات الدراسية التخصصية داخل وخارج العراق بعد استحصال موافقة الوزير.

٣- تمثيل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة.

٤- التوقيع على الكتب التي تصدر عن المؤسسة.

٥- اقتراح الميزانية الخاصة بالمؤسسة والموازنة السنوية والحسابات الختامية.

٦- الموافقة على صرف المبالغ وفق التعليمات والقوانين النافذة.

٧- توقيع كافة العقود المتعلقة بالمؤسسة بعد استحصال الموافقة الاصولية.

٨- تشكيل اللجان الفنية والتشغيلية والادارية والمالية والقانونية والامنية واية لجان اخرى يراها ضرورية وفقاً لمتطلبات العمل.

٩- افاد الموظفين من ذوي الدرجات الخاصة بعد استحصال موافقة الجهات المختصة.

١٠- على رئيس المؤسسة تخويل جزءاً من صلاحياته لمعاون رئيس المؤسسة والمدراء العامين بما يمكنه من اداء واجباته بشكل مطلوب.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش کەرەم بکە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالث عشر:

فيما يتعلق بالمادة الثالثة عشرة والتى ستصبح المادة الثانية عشرة:

نقترح حذف الفقرة الخامسة لأنها من صلاحية مجلس المؤسسة ووردت في المادة السابقة وإعادة تسلسل الفقرات تباعاً بعد هذا الحذف.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت ئەو ماددەیە لەبەر ئەوەی صلاحیەتەکان تەحصیل حاصلە، لە هەمان کاتدا لە برگە یەکی ماددەی پێشوودا رەسمی سیاسەتی گشتی لەلایەن مونەسەسەوە دەکرێت، دەتوانێت بەپێی ئەو برگەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆی مونەسەسەدا تەواوی ئەو دەسەلاَتانەی کە بە سەرۆکی مونەسەسە بێت لەوێوە دیاری بکرێت، لەبەر ئەوە صەلاَحیاتەکان ئەو دەسەلاَتانەی لێرەدا هاتوون وەکو موراسەلەیە، تەمسیل کردنە لە پێش دادگاکان و ئەو شتانە، شتێکە تەحصیل حاصلە، بۆیە لێرە من بە زیاد دەزانم لەم یاسایەدا هاتووە، لە پەیڕەوی ناوخۆ جێی بۆ دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، ئەم ماددەیە بەزیاد دەزانم، چونکە ئەگەر ئەو سەرۆکی دەزگایە ئەم دەسەڵاتانەی نەبێت، ممارەسەی ئەم دەسەڵاتانە نەکات، ئەگەر لەو قانونەشدا نەبێت، ئیتر بۆچی لەوێ دانیشتووە؟ بەلایەنی زۆری هەموو خاڵەکان لە دەسەڵاتی خۆیەتی تەحصیل حاصلە، بۆیە منیش ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، ئێمە لە ماددەکانی پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە مونەسەسە عایدی وەزارەتی نەقلی مواصەلاتیە، بەڵام لێرە لە بڕگەی سێ دەڵێت (تمثیل المؤسسة امام المحاکم والدوائر) عەجیبە ئەو مونەسەسە بەخۆی تەمسیلی دەکات، یان لە ڕێگای وەزارەت تەمسیل دەکات، یان وەزارەت تەمسیلی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی نۆی ماددەی سێزدەیە، کە دەڵێت (ایفاد الموظفین من ذوي الدرجات الخاصة)، ئێمە لە بڕگەکانی پێشوودا دەرجاتی خاصەمان ئیلغا کرد، تەنیا جێگری سەرۆکی مونەسەسە دەرەجە خاصەیەو ئەویش پێویست ناکات بە بەندێك باسی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەو دامەزراوەیە، بەڵام ئەگەر هاتو بمێنێتەوە، ئەوە من پشتگیری لەوە دەکەم کەوا بڕگەی پێنج هەڵبگیرێت وەکو کاك ڕەشاد ئاماژەی بۆ کرد، هەندێك دەستکاریش بکرێت و شێوەی داڕشتنی یەکەم دەڵێت (ادارة شؤون المؤسسة وترأس جلسات مجلس ادارتها)، لە بڕگەی دەشدا (علی رئیس المؤسسة تخویل جزءاً من صلاحیاته لمعاون رئیس المؤسسة)

بەو شێوەی کە ئێستا هات وەکو ئەمر هاتووە، ئەوەش ناکرێت سەرۆکی موئەسەسە دەتوانێت بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە جێگرەکەی بدات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ لابردنی برگەی پێنج، بەس بۆ برگەی شەش ئێمە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان مەبلەغێکمان دیاری کردووە، دەسەڵاتی سەرف وەزیرەکان دیاری کراوە، چەندێك دەسەڵاتیان هەیە لێیان سەرف بکەن، لێرە دەبێت مەبلەغەکە تەحدید بکرێت، ئەو بەڕێوەبەرە چەندێك دەسەڵاتی هەیە، ئەو پارەکە، مەبلەغەکە چەندی لێ دیاری بکرێت لەو مەبلەغە تەسەروف بکات کە دیاری دەکرێت، نەك ئەوها بە کراوەیی بمێنێتەوە، وەکو وەزیرەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، پێشنیارا من سەر ئەوە بوو برگا چارا (التوقيع على الكتب التي تصدر عن المؤسسة، التوقيع على الكتب الصادرة عن المؤسسة)، چونکە (تصدر عن المؤسسة) بۆ موستەقبەلە، پێش نوکە چەند کتاب دەرچووینە، یەعنی بەردەوامە، نەك بۆ موستەقبەل (تصدر عن المؤسسة) بۆ موستەقبەلیە، باشترە ببێتە (التوقيع على الكتب الصادرة) هەردوو مەتاری هەولێرو سلێمانی کە کتابی پێش نوکەدا تەوفیر بێت (الصادرة) باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ وەڵامدانەوە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە حەز دەکەین بۆمان یەکلا بکەنەوە، وەڵامی هەمووان بدەینەوە، یان نا، دوێنێ رەخنەمان لێ گیرا، وتیان یەك، یەك وەڵامی هەمووتان دایەوە، رەئی جەنابتان چیە.

بەڵێ، دەربارەی ماددەکە هەندێك لە ئەندامان پێیان وا بوو کە زیادە، بەڵام وەکو لیژنەی هاوبەش داوا دەکەین ماددەکە لە جێی خۆی بمێنێتەوە، چونکە باسی صەلاحیاتە، صەلاحیاتی سەرۆکی موئەسەسەیە، زەرورییە بە قانون دیاری بکرێت و بۆ نیزام لێ نەگەڕێندرێت، ئێمە لەگەڵ مانەوەی ماددەکەین لە شوێنی خۆی، کاك تەلعەت دەڵێت چۆن دەبێت نوێنەرایەتی بکاتن، وەزارەتیش هەیە، ئێمە گوتمان موئەسەسە

شەخصیەتێکی مەعنەوی هەیە، مادام شەخصیەتێکی خۆی هەیەو موستەقیلە، بەڵێ دەبێت نوێنەرایەتی ئەو موئەسەسەیەش بکات بەرامبەر دادگایەکان، شتەکە لەجێی خۆیەتی، هاتنی وشەی دەرەجات خاصە، لێرە دەتوانین چارەسەری بکەین (ایفاد الموظفین) بەشێوەیەکی گشتی بێت، نەك دەرەجات خاصە، چونکە وشەی دەرەجاتی خاصەمان نەهێشتووە لە ماددەی پێشوو، ئێمەش لەگەڵ ئەو رەئیەینە، ئەو تێبینیانەی بەڕێز دکتۆر نوری کردوویەتی زۆر لەجێی خۆیەتی، بڕگەی یەکەم صیاغەکەی ئێمەش لەلای خۆمان حازرمان کرد بوو باسی بکەین، جەنابیان باشیان هێنا (ادارة شؤون المؤسسة وتراس جلسات المجلس) چونکە (المجلس) تەعریف کراوە لە شوێنی خۆی، صیغەکە زۆر جوانتر دەبێت، ئێمەش لەگەڵدایین، لە خاڵی دە کەباسی صەلاحیات دەکات، لێرە خاڵەکە بە واجیب هاتووە (علی رئیس المؤسسة تخویل جزء من صلاحیاته)، ئێمە لە قانونەکانی تر بەو صیغەیە نەمانهێناوە هەرگیز، بەڵکو بەشێوەی مافمان هێناوە (لرئیس المؤسسة تخویل بعض صلاحیاته)، ئێمە گفتوگۆشمان لەگەڵ ئەو بەڕێزانە کرد، ئەوانیش هەمان رەئیان هەبوو، کە ئەگەر گونجاو نەبێت لە یاسایەکانی تر چاکی بکەین، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە بیکەینە (یخول رئیس المؤسسة بعض صلاحیاته)، (لرئیس المؤسسة تخویل بعض صلاحیاته)، ئێمەش پێمان باشە، مەسەلەی صەلاحیاتی سەرف کاك شێخ جەعفەر باسی کرد، گوتراوە بەپێی تەعلیمات، بەپێی قەوانین هەیە، هیچ کێشەیەك نییە، پێویست ناکات بڵێیت ئەوەندە صەلاحیەتەیەو، ئەوەندە صەلاحیەتی کردیە، ئەوەی شیرین خانیش باسی کرد صیغەکە بە رانەبردوو هاتووە، زۆر لە جێی خۆیەتی، ئەوە ناکرێت بە رابردوو بێت ئەو کتابانەی کە صادیر کراون پێشتر ئەو قانونە بۆ داهاتووە، ئەسەری رەجعیەی لەسەر نووسراوەکانی رابردوو بنووسرێت، دەکرێت کەلیمەی (الکتب) ئەگەر زۆر بەکار نەهاتووە (التوقیع علی الکتب) (الکتب والمراسلات)، بۆ ئەوەی وازیحتر بێت، ئەو نووسراوانەی کە صادر دەبێت لە موئەسەسەکە دەبێت ئەو ئیمزای بکات، لەگەڵ ئەو تێبینیانەو راست کردنەوانەی کە هەبوون، خاڵی پێنجەمیش لە لیژنەی هاوبەش باسمان کرد بوو، کە دووبارەیە، لێرە لا ببرێت و تەسەلسولەکە راست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا روون بوو، لیژنەی یاساییش پشتگیری کرد فەقەرەی پێنج لابچێت، دەرەجاتی خاصەش چاك بکرێت، ئێستا بەو تەعدیلاتەی کە، فەرموو کاك کەریم نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار بکرێت ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

یەك دەنگ بوو، دانیشە تکایە، وەرنەگیرا، دوو کەس بوو، نابێت، کێ و کێ پشتیوانی لە رەئیەکەی کاك کەریم دەکات کە ئیلغا بکرێت، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر نیصابەکەی هێنا سێ کەسیش

پشتیوانی لێ کرد، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، دوو کەس بوو نابێتن، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە بەو گۆڕانکاریەی کە لیژنەی یاسایی لەسەری خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، پێنج کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی چواردە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی پێنجەم

دارایی

ماددەی چواردەم:

١- بودجەیەك بۆ دەزگا تەرخان بکرێت بەناوی (بودجەی دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانیی هەرێمی کوردستان) پاشان ئاماژەی بۆ دەکرێ بە ( بودجە).

٢- داراییەکانی بودجە لەمانە پێك دێت:

أ- ئەوی لە بودجەی ساڵانەی گشتی بۆی تەرخان دەکرێ.

ب- بەخششەکانی دارایی و نموونەیی وبەخشینەکانی پێشکەشی دەکرێن.

ج- هەر تەرخان کردنێکی دارایی کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی دەکات

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الخامس

المالية

المادة الرابعة عشرة:

١- ان يتم تخصيص ميزانية للمؤسسات يسمى (ميزانية مؤسسة المطارات المدنية لاقليم كوردستان) يشار اليها لاحقا بالميزانية.

٢- تتكون اموال الميزانية من الاتي:

أ- مايخصص لها من الميزانية السنوية العامة.

ب- المنح المالية والعينية والهبات المقدمة لها.

ج- اية تخصيصات مالية تقدمها حكومة الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابع عشر:

فيما يتعلق بالمادة الرابعة عشرة والتى ستصبح المادة الثالثة عشرة:

نقترح حذف الفقرة (١) وإعادة صياغة الفقرة.٢- التي ستصبح مقدمة المادة وإعادة كتابة الفقرات (أ،ب،ج، بالارقام ٣,٢,١) ثم حذف كلمة العامة التي وردت في الفقرة (أ)- لتكون بالشكل الآتي:

المادة الرابعة عشرة: تتكون مالية المؤسسة من:-

١- مايخصص لها من الميزانية السنوية.

٢ – المنح المالية والعينية والهبات المقدمة لها.

٣ – اية تخصيصات مالية تقدمها حكومة الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، یەك کەسە، کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر برگەی (ب- المنح المالية والعينية)، لێرە جێگەی میزانیە، عەینیە لێرە جێگەی نابێتەوە، چونکە ئەمە میزانیەیە، پارەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان لەسەری.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(المنح المالية والعينية) لە جێی خۆی هاتووە، لەبەر ئەوەی سبەی دەوڵەتێك لە دەوڵەتان شتێك هەدیە دەکات بۆ ئەو مونەسەسەیە، ئەوە عەینیە، بڵێین قەبول ناکەین، نەخێر ئەوە نابێت لە یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا ماددەکە وەکو لیژنەی هاوبەش کە صیاغەیان کردووە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پازدە.

بەرێز دلێر محمد شریف:

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەشی شەشەم

میلاك

ماددەی پازدەم: ئەنجومەن بۆی هەیە:

١- دامەزراندنی ئەو میلاکانەی دەزگاو فرۆکەخانەکانی هەرێم پێویستیان پێی هەیە بۆ بەجێهێنانی کارەکانیان وەکو پێویست و بەپێی میلاکی پەسندکراو و ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن وەزارەتەوە پێی دراوە.

٢- دەستنیشان کردنی تواناو بەرزەفتکاری و مەرجەکانی تایبەت بە میلاکەکانی دوای بە دەستخستنی رەزامەندی وەزیر.

بەرێز قادر سعید خضر(زانا):

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

الفصل السادس

الملاك

المادة الخامسة عشرة: يمكن للمجلس:

١- توظيف الملاكات التي تحتاجها المؤسسة ومطارات الاقليم لاداء وظائفها بالشكل المطلوب وفقا للملاكات المصدقة والصلاحيات المخولة لها من الوزارة.

٢- تحديد المؤهلات والضوابط والشروط الخاصة بملاكاتها بعد استحصال موافقة الوزير.

بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):

لیژنەی هاوبەش تکایە رەئیتان.

بەرێز رشاد احمد ابراهیم:

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خامس عشر: اما فيما يتعلق بالمواد من الخامسة عشرة الى المادة التاسعة والعشرون:

لا توجد اية ملاحظات على هذه المواد عدا اعادة تسلسل هذه المواد تباعا.

بەرێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):

تەنها ئەو ماددەیە رەئیتان لەسەری بدەن پاشان، ئەو بەرێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، دکتۆر ناصح فەرموو.

بەرێز د.ناصح غفور رمضان:

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەم ماددەیە لێرەدا من پێموایە زیادە، بەتایبەتی تەوزیف پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، لەوێوە دامەزراندنی دەکات، لەسەر داوای ئەوان دەتوانن داوا بکات، بەڵام ئەوە دەتوانن بەنیزام ئەوە هێن

بکەن، لەبەر ئەوە ئەسڵەن یەکەم و دووەم هەردووکی زیادە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە بەگشتی لێرە جێی نابێتەوە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکوکی):**

سوپاس، کاك رەشید ماوەتی فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو رەئیەی کاك دکتۆر ناصح دەکەم، چونکە بەڕاستی لە ماددەی دوازدە کە کرا بە ماددەی دە لە فەرعی نۆ و دە دووبارە هەر هەمان شت هاتۆتەوە، مەسەلەی تەوزیفی میلاك و تەحدیدی میلاکە، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری ئەوە دەکەم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئیحسان ئامێدی فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕەئی دکتۆر ناصح و برادەرانم، کە ئەو ماددەیە لێرە زیادە، چونکە موعالەجە کراوە لە بەندەکانی دیکە، ئەگەر هەر بمێنێت فەقەرەی دووەم (تحدید المؤهلات والضوابط والشروط الخاصة بملاکاتها بنظام وبموافقة الوزير)، یەعنی ئەگەر نیزامێکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو برادەرانە، بە تەئکید لە ماددەی دوازدە بە بیست و سێ فەقەرە صەلاحیەتێکی گەورە دراوەتە دەست مەجلیسی ئیدارە، ئینجا ئەو ماددەیە لێرە زیادەیە، پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رەئی خۆمان گوت لە راپۆرتی هاوبەش، ماددەکە لە شوێنی خۆی بێت، لە پێشەوە موقەدیمەی ماددەکە (یمکن للمجلس)، ئەو (یمکن)ە زیادە، بیکەینە (للمجلس) لە خاڵی یەکەم و دووەم، بەنیسبەت دووبارە بوونەوەی برگەی دووەم، بەڵێ برگەی دووەم دووبارە بۆتەوە لە برگەی نۆی ماددەی دوازدەی

رابـردوو (وضـع الـضوابط الخاصـة لتهيئـة وإعـداد المكاتـب الفنيـة والتـشغيلية والادارية للمؤسـسة ومطـارات الاقليم)، ئەويش هەر (تحديد المؤهلات والضوابط والشروط الخاصة)يە، بەنيسبەت بڕگەی یەکـەم (توظيـف الملاكـات الـتي تحتاجهـا المؤسـسة ومطـارات الاقلـيم لاداء وظائفهـا بالـشكل المطلـوب وفقـا للملاكـات المـصدقة والصلاحيات المخولة لها من الوزارة)، کەمێك جیاوازە لەگەڵ بڕگەی دەیەم کە (تحديـد الملاكـات)ە، ئـەو لێـرە (توظيـف الملاكـات)ە، پێمانوايـە ئەگـەر بمێنێتـەوە لـە جێـی خۆشـی زەرەری نییـە، ڕەئـی کۆتـایی بـۆ ڕەئـی ئەندامانە، ئەگەر نەشبێت لە جێی ماددەکەی پێشوو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەبارەی ئەو پێشنیاری ئەندامان فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە لەبەر ئەوە دەڵێت بەپێی میلاکی پەسند کراو، بۆیە موخالیف نییە، با بڵێین بەوە، یەعنی بـەپێی ئـەو میلاکاتـە پەسـند دەکرێـت لـەو چوارچـێوە حـەقی نییـە، ئـەویتریش دەسـت نیـشان کردنـی موئەهەلاتە، یەعنی بۆیە بە زەروری دەزانین بمێنێت، دوا ڕەئیش ڕەئی ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر دەڵێت لە عەرەبیەکەی دەڵێت (وفقا للملاكات المصدقة والصلاحيات المخولة)، ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتەوە نییە، ئامانجی ئەنجومەنی وەزیرانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەوە ڕەئیە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش پێمان باشـە بمێنێتـەوە وەکـو خـۆی، لەبـەر ئـەوەی ئـەو موئەسەسـەیە تازەیـە، بەڕاستی تەفسیراتی زۆری لێ دەکرێت، چەند وردەکاری بکرێـت لـە یاسـایەکە، ئەوەنـدە ئیـشەکە ئاسـانکاری دەکرێت، بۆ موئەسەسەو بۆ وەزارەتیش تووشی ئیشکالات و ئیجتیهادات نابن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا ژمارەیەك لە ئەندامان داوایـان کـردووە ئیلغـا بکرێـت، لیژنـەی هاوبـەش و یاسـاییش لەگـەڵ ئەوەن وەکو خۆی بمێنێتەوە، جەنابی وەزیریش لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتـەوە، ئێـستا دەیخەینـە دەنگدانەوە، ئێوەی بەڕێز بڕیاری لەسەر دەدەن، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی پازدە ئیلغا بکرێت دەستی بـەرز

بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٣٦) دەنگ لەگەڵ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەروازەی سێیەم

فرۆکەخانەو دەزگاکانی خزموتگوزاری فرۆکەوانی

بەشی یەکەم

بنیاتنانی فرۆکەخانەکان و بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی

ماددەی شازدەم:

هەموو فرۆکەخانەکانی شارستانی و دەزگاکان و بیناو موڵك و ئامێرو کەرستەو وێستگەکانی بەتەل و بێ تەل و منارەکان و یارمەتیەکانی فرۆکەوانی، بە ناوەندەکانی گشتی دادەندرێن، موڵکایەتیان بۆ دەزگا دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثالث

المطارات ومنشأت الخدمات الملاحية

الفصل الاول

انشاء المطارات وادارتها واستعمالها

المادة السادسة عشرة:

تعتبر جميع المطارات المدنية والمنشأت والمباني والاملاك والاجهزة والمعدات والمحطات السلكية واللاسلكية والمنارات والمساعدات الملاحية من المرافق العامة وتعود ملكيتها للمؤسسة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش تکایە رەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ماددەکەی دەکەین لەجێی خۆی هاتووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، خۆی شتێکی تەکنیکییە، یەك کەس، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ئێستا ئەوەی هەیە تەواوە، بەس ئەی ئەگەر ئیستیسماری بکرێتەوە، خۆ یەکێك لە ئیشەکانی ئەم موئەسسەسەیە گەشە پێدان و وەربەرهێنانە لەم بوارە، لە بواری مەتاراتدا، ئەی ئەگەر ئەوەی کرد، ئەوە دەبێت قەبول بکرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان لە بارەی ئەم پرسیارە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصەکە زۆر سەریحە، دیارە ئەو شتانەی کە لێرە نووسراوە بە دەق هاتووە، قەراراتی مەدەنی، مونشەئات، مەبانی، ئەملاك، ئەوەی لەناو ئێرە نابێتە قیتاعی خاص، نابێتە کەرتی تایبەت، دەمێنێتەوە بە کەرتی گشتی، مورافیقی عامە گشتیە، کەواتە نایانگرێتەوە، شتی تر هەیە دەردرێتە ئیستیسمار، ئەم شتانەی کە ناویان لێرە هاتووە ناچێت بۆ کەرتی تایبەتی، دیاری کراوە لە کەرتی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لێرە لە ئیستیسمار زیاتر مەرافیقی مەدەنیە، ئەملاك و ئەو شتانە ناگرێتەوە، ئەوە مولکی عامە بەپێی دەستووریش ئەوە دەبێت مولکی عام بێتن بەناوی موئەسسەسە بێتن، هیچ جوزئێك لە ئەملاك نادرێتە هیچ کەسێك، ئەوانەی دەدرێت لە مەجالی خەدەماتە، کافیتریایەکە، مەتەعەمێکە، شتێکی لەو بابەتەیە، زۆریان بە کرێیە، ئەگەر بکرێت لە دووری مەتارەکەی، لە موحەرەماتی دوور بێت، دەکرێت بە موساتەحەو بەو شتانە بدرێت، بەڵام بە تەمليك نادرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا ماددەکە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش پشتگیریان لێ کرد، وەکو پرۆژەکە هاتووە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم:

دەزگا چاودێری ئاستی ژاوە ژاوی ڕێگە پێدراو بۆ فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم بە کاردێن، دەکات بۆدڵنیا بوون کە تاچ ڕادەیەك لەگەڵ بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی لە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عێراق دەردەچێت، دەڕوات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(ژانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة:

تراقب المؤسسة مستوى الضوضاء المسموح به للطائرات التي تستخدم مطارات الاقليم للتأكد من انها تتماشى مع الضوابط والتعليمات الصادرة عن سلطة الطيران المدني العراقي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین، هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات دەستی بەرز بکاتەوە، تا ناوی بنووسین، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (ضوضاء) ئەوە ئیشی وەزارەتی ژینگەیە، ئەگەر لێرە ئاماژەی پێ بدەین بڵێین (بالتنسیق مع وزارة البیئة) وابزانم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو تێبینیەم کە دکتۆرە هالە نیشانیدا، ئیزافەتەن بۆ ئەوەش لێرە تەنها دەڵێت (تراقب)، یەعنی مەسەلەکە هەر موراقەبە نییە، خۆ ئەگەر مەنعیش بکرێت، جا نازانم بۆچی؟ من پێموایە نوقصانی هەیە لێرە، ئەگەرنا، چونکە هەر موراقەبە نییە، ئیشەکەی، ڕێگە نەدانیشە بەو تەیارانەی کە ژاوە ژاو دروست

دەكەن، يەعنى دەبێت شتێك هەبێت، جا نازانم لە شوێنێكى تر هەيە، لێرە جێگاى كراوەتەوە، يان نا، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

سوپاس، ليژنەى ياسايى ڕەئيتان تكايە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بە ڕەئى ئێمە دەقەكە زۆر باش هاتووە، نووسراوە دەڵێت (المسموح للطائرات)، يەعنى حەدێك هەيە (مسموح به) نييە، مەجالى پێ نادرێت، نووسراوە (للتأكد من انها تتماشى مع الضوابط والتعليمات) ديارە زەوابت و تەعليماتێك هەيە لە سوڵتەى تەيرانى مەدەنى عێراقى دەرچووە، كە سوڵتەيەكى ئيتيحادييە، كەواتە حەدێكى ديارى كراو هەيە، ئەگەر لەو حەددە تەجاوزى كرد ڕێگاى پێ نادرێت، هەر بە ديهييە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

ليژنەى هاوبەش ڕەئيتان تكايە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەر مەتارێك كە بڕيار دەدرێت، دادەنرێت و موافەقاتى فيتاعى وەردەگرێت لە هەموو دەوائيرى زات عيلاقە، يەك لەوانە وەزارەتى ژينگەيە كە لايەنى پەيوەنديدارە، موافەقەى ژينگەيە، موافەقەى دەوائيرى ديكەيە، ئينجا بڕيار دەدرێت، ئينجا ئەو مەتارە دروست دەكرێت، لە زۆر دەوڵەتان جەنابتان دەزانن، كە مەتاريش نزيك دەبێتەوە لە شار، دەيگوازنەوە بەپێى ئەو بڕيارو، ئەو قانونانەى كە هەيە، لێرەدا ماددەكە لەجێى خۆى هاتووەو زۆر ئيعتياديية، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكى):**

زۆر سوپاس، ئێستا دەيخەينە دەنگدانەوە وەكو ليژنەى هاوبەش پشتگيرى لێ كرد، حكومەتيش پرۆژەكەى بەو شێوەيە ناردووە، كێ لەگەڵدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەكەى تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەى هەژدەم:

١- دەزگا كرێ و ڕەسمەكان ديارى دەكات لە بەرامبەر بەكارهێنانى فرۆكەخانەكانى هەرێم، يان بەكارهێنانى بەشێكى، هەروەها بەرامبەر ئاسانكاريەكانى فرۆكەوانى ئاسمانى و خزمەتگوزاريەكانى جوولانەوەى

ئاسمانی کە پێشکەشی دەکات لە ئاسمان و زەوی ئەو فرۆکەخانانەو هەر خزمەتێکی دیکەی پێشکەشی دەکات، بەپێی سیستەمێك بەپێی ئەم یاسایەوە دەردەچێت.

٢- ئەو سیستەمەی بەپێی برگە(٢)ی ئەم ماددەیە دەردەچێت دەست نیشانی حاڵەتەکانی بەخشین و کەمکردنەوەی کرێ و رەسمی دیاری کراو دەکات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

١-تحدد المؤسسة الاجور والرسوم مقابل استعمال مطارات الاقليم، او اشغال جزءاً منها، وكذلك مقابل تسهيلات الملاحة الجوية وخدمات الحركة الجوية التي تقدمها ضمن الاجواء وعلى أرض تلك المطارات واية خدمات اخرى تقدمها بموجب نظام يصدر بمقتضى هذا القانون.

٢- يحدد النظام الذي يصدر بموجب الفقرة (١) من هذه المادة حالات الاعفاء والتخفيض من الاجور والرسوم المقررة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، تەنها تەسەلسولەکە رێك بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، کەس نییە، بۆیە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دووەم

مافەکانی هاوشانی (ارتفاق) ئاسمانی

ماددەی نۆزدەم:

مافی هاوشانی تایبەتی دادەمەزرێ بەناوی (مافەکانی هاوشانی ئاسمانی) بۆ دابین کردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی و بە باشی کار کردنی ئامێرەکانی پێیەوە بەندەو ئەمانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

١- لا بردنی، یان قەدەغە کردنی بەرپا کردنی هەر باڵاخانەیەك، یان بنباتنان، یان دار چاندن، یان هەر کۆسپێك، هەرچۆنێك بێت، یان دیاری کردنی بەرزیەکەی، ئەگەر لە شوێنەکانی چوار دەوری فرۆکەخانەکانی هەرێم و دەزگاو ئامێرەکانی فرۆکەوانی بێت.

٢- لا بردن و قەدەغە کردنی درێژکردنەوە، یان جێگیر کردنی تەلەکان لەهەر جۆرێك بێت.

٣- دانانی نیشانەکانی ئاگادار کردنەوە دەربارەی ئەو کۆسپانەی مەترسی لە سەر سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی دروست دەکەن، لە ئاسمان و زەوی فرۆکەخانەکانی هەرێم.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

حقوق والارتفاق الجوية

المادة التاسعة عشرة:

تنشأ حقوق ارتفاق خاصة تسمى (حقوق ارتفاق جوية) لتأمين سلامة الملاحة الجوية وحسن عمل الاجهزة المتعلقة بها وتقضي بالاتي:

١- ازالة او منع اقامة اية مباني او انشاءات او اغراس او اية عقبة مهما كان نوعها، او تحديد ارتفاعها وذلك في المناطق المجاورة لمطارات الاقليم والمنشأة والاجهزة الملاحية.

٢- ازالة او منع مد او تثبيت الاسلاك اية كان نوعها.

٣- وضع علامات الارشاد عن العوائق التي تشكل خطراً على سلامة الملاحة الجوية العاملة في الاجواء على ارض مطارات الاقليم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ماددەکەینە هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێز ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، تاکو ناوی بنووسین، تەنها کاك جەمال شەمعون فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی حاڵەتێك دەکەم لە مەتاری هەولێر هەیە، ئەویش وجودی مەزارێکی دینی، ئەوە سەدەها ساڵ خەڵکی دەڤەرەکە تەباروکی پێ دەکات بە مەسیحی و موسڵمانانیشەوە، مەسیری ئەو مەزارە لەناو مەتارە چی لێ دێت؟ بەگوێرەی ئەو فەقەرەیە، ئەو پرسیارە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو پارێزگاری لێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی و هاوبەش رەئیتان مەعلوم بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم:

دەزگا بە بەرزەفتکاری و رێنماییەکانی دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق دایدەنێ، پابەند دەبێت تایبەت بە چوارچێوەو رادەی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی و ئەو ناوچانەی لێی دادەسەپێ. لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی پاشکۆی چواردەمی رێککەوتنامەی شیکاگۆ و ئەوەی دەسەڵاتی فرۆکەوانی شارستانی عێراق بۆ دابین کردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

تلتزم المؤسسة بالضوابط والتعليمات التي تضعها سلطة الطيران المدني العراقي بخصوص نطاق ومدى حقوق الارتفاق الجوية والمناطق التي تفرض فيها في ضوء احكام الملحق الرابع عشرة لاتفاقية شيكاغو، وما تقرره سلطة الطيران المدني العراقي لتأمين سلامة الملاحة الجوية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش رەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، ماددەکە لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێز ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، تاکو ناوی بنووسین، کاك رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشيد كريم رشيد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وادەزانم (سلطة الطيران) هینێكی تیایە، ئەگەر لە دوای سوڵتەوە مونەسەسە بێت (سلطة مؤسسة الطيران) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە دووبارە دەبێتەوە، لە ماددەی سێدا بە وازیحی هاتووە، عەینی ئەم شتە دەگرێتەوەو بە شاملی هاتووە، (المادة الثالثة: خلال تنفيذها لاعمال وممارستها لصلاحيات، تلتزم المؤسسة بكافة القواعد والضوابط والتعليمات التي تصدرها سلطة الطيران المدني العراقي المتعلقة بسلامة وأمن الطيران المدني المستندة الى معايير دولية وبما لايتعارض مع نصوص هذا القانون)، لێرە هەمووی هاتووە، من پێموایە ئەو ماددەیە پێویست ناكات، چونكە ئەوە مەبەستە لێرە هاتووە، لەم ماددەیەدا هاتووە، لەبەر ئەوە من پێموایە دووبارە كردنەوەیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تكایە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە دووبارە نییە، ئەم ماددەیە باسی حقوقی ئیرتیفاقی جەوی دەكات، ماددەی سێ باسی حقوقی ئیرتیفاق ناكات، بۆیە ماددەكە لەشوێنی خۆیەتی، كەلیمەی مونەسەسەش لە پێش سوڵتەی تەیرانی مەدەنی دابنرێت لە جێی خۆی نییە، چونكە ئێمە مونەسەسەمان هەیە، سوڵتەی تەیرانی مەدەنی سوڵتەیەكی ئیتیحادییەو مەرج نییە بەشێوەی مونەسەسە بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی هاوبەش تكایە رەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە لە جێی خۆی هاتووە، چونكە بەشێكە لە ئیتیفاقیەی شیكاغو، كە ورد كراوەتەوە بە تەفاسیل دەبێت تەسبیت بكرێت و لە جێی خۆی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو قانونەکە لە مەشروعی حکومەت هاتووە، کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش و جەنابی وەزیر پشتیوانی لێ دەکەن، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەکەم:

نابێ هیچ باڵەخانەیەك بنیات بنرێ، یان هیچ کۆسپێك بەرپا بکرێ لە ناوچەکانی دەکەونە ژێر مافەکانی هاوشانی ئاسمانییەوە، یان هیچ گۆڕانکارییەك لە سروشتی، یان رووی بەکارهێنانی ئەو زەویانەی ملکەچی ئەو هاوشانیەن بکرێ، تەنیا بەپێی رێگە پێدانی پێشینە لەلایەن دەزگاوە نەبێ، بەپێی ئەو مەرجانەی دیاری دەکات.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والعشرون:

لايجوز تشييد اي بناء او اقامة اية عوائق في المناطق المشمولة بحقوق الارتفاق الجوية، او اجراء اي تحوير في طبيعة او جهة استعمال الاراضي الخاضعة للارتفاق الا بموجب ترخيص مسبق من المؤسسة وحسب الشروط التي تقررها.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی بەڕێز ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە، تاکو ناوی بنووسین، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لە ماددەی بیست و یەكدا، كە دەڵێت نابێ هیچ باڵەخانەیەك بینات بنرێ، هەست دەكەم وەكو ماددەی نۆزدەهەمە، لابردنی، یان قەدەغە كردنی بەرپا كردنی هەر باڵەخانەیەك، یان بیناتنانی، یان دارچاندن، لێرەشدا عەینی شت هیچ گۆڕانكارییەكی سروشتی، جا پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە لابرێت، چونكە لە سەرەوە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە لە جێی خۆی هاتووە، بەڵام بە عەرەبی و كوردی خوێندیانەوە ماددەی بیست و یەك، ماددەی بیست و یەك نییە، ماددەی بیست و نۆزدەهەمە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

پاشان بە تەسەلسول ماددەكان چاك دەكرێت، چونكە هەندێك ماددە حەزف كراو ماددەی تریش ئیزافە كرا، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، ئەوە هەمان هاوشێوەو لە نووسینی صیغەكەش وەكو ماددەی نۆزدەهەمە، ماددەی بیست و یەك، یەعنی پێشنیارەكەم كرا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێمانوایە ماددەكان هەندێك جیاوازن، ماددەی نۆزدە باسی لابردنی ئەو بینایەو شتانەو مونشەئاتانە دەكات، كە ئێستا هەنەو ڕێگرن لە مەلاحەی جەوی لە حقوقی ئیرتیفاق، بەڵام ماددەی بیست و یەك باسی ئەوە دەكات كە بەبێ ئیجازە نابێت شتێكی نوێ و تازە دروست بكرێت، كە كاریگەری دەبێت لەسەر حقوقی ئیرتیفاقی جەوی، بۆیە ماددەكە لە شوێنی خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە جێی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی باسی بینـای تـازە دەکـات، باسـی تـەحویر دەکـات، تـەحویر یـەعنی بینایەك هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت لە ماددەکانی تر نەهاتووە، ماددەکە زۆر لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو لە مەشروعی حکومەت هاتووە، کێ لەگەڵدایـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و دووەم، کە دەکاتە ماددەی بیست:

١- نابێ هیچ منارەیەکی تیشکدەر، یان بێ تەل لە شوێنەکانی تەنیشت فرۆکەخانەکانی هەرێم بنیات بنـرێ، تەنیا دوای رەزامەندی دەزگا نەبێ.

٢- دەزگا بۆی هەیە هەر ئامێرێکی تیشکدەر لا ببـات، یـان هـەمواری بکـات، چونکە بـۆی هەیـە ئامێرەکـانی تیشکدەری یارمەتیـدەری فرۆکـەوانی ئاسمانیـەکانی کـە لـە فرۆکەخانـەکانی هەرێمـدا بـەکار دێـن چەواشـە بکـات، هـەروەها بـۆی هەیـە ئـەوەی پێویسـتە لـە کۆتکردن بـسەپێنێ بەسـەر ئـەو دەزگایانـەی دوکـەڵیان لێ بەرزدەبێتـەوە، یـان هـەر ماددەیـەکی دیکـە کـە بـۆی هەیـە کاریگـەری بەسـەر بینینـەوە هـەبێت لـە تـەك فرۆکەخانەکانی هەرێمدا، یان بەسەر دابین کردنی سەلامەتی فرۆکەوانی ئاسمانی لەو فرۆکەخانانەدا.

٣- پێویـستە هـەر کەسـێك خـاوەن ئامێرەکـانی کارەبـا، یـان ئـەلیکترۆنی، یـان ئامێرەکـانی گەیانـدن، یـان دەزگاکانی کانیی جیگیر، یان جولاو بێت، یان بەکاریان بهێنی، کە بۆی هەیە تێکەڵاوییـەك دروست بکـات و کۆسـپ بخاتـە بـەردەم ئامێرەکـانی بـێ تـەل، یـان ئامێرەکـانی یارمەتیـدەری فرۆکـەوانی ئاسمـانی کـە لـە فرۆکەخانەکانی هـەرێم بـەکاردێن، پابەنـد بێـت بـەڕێوو شـوێنەکانی کـە دەزگـا دەسـت نیـشانی دەکـات، بۆ لابردنی ئەو تێکەڵاوییە.

٤- دەزگا مـافی ئـەوەی هەیـە داوای بـەکار نـەهێنانی ئامێرەکـانی کارەبـا، یـان ئـەلیکترۆنی، یـان ئامێرەکـانی گەیاندن بکات، یان لابردنی دەزگاکانی کاتیی ئاماژە بۆ کـراو لـە بڕگـە (٣)ی ئـەم ماددەیـە ئەگـەر پێویـستی بەوە کرد.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون من اصل المشروع:

١-لايجوز انشاء اية منارة ضوئية او لاسلكية في المناطق المجاورة لمطارات الاقليم الا بعد موافقة المؤسسة.

٢- للمؤسسة إزالة او تعديل اية جهاز ضوئي قد يحدث التباساً مع الاجهزة الضوئية المساعدة للملاحية الجوية المستخدمة في مطارات الاقليم، كما لها فرض مايلزم من القيود على المنشات التي يتصاعد منها دخان او اية مادة من شأنها ان تؤثر على الرؤية في جوار مطارات الاقليم او على تامين سلامة الملاحة الجوية في تلك المطارات.

٣- على كل من يملك او يستعمل التجهيزات الكهربائية او الالكترونية او تجهيزات الاتصالات او المنشأت المعدنية الثابتة او المتحركة من شأنها ان تحدث تداخلاً يعرقل عمل الاجهزة الاسلكية او الاجهزة المساعدة للملاحة الجوية المستخدمة في مطارات الاقليم ان يتقيد بالتدابير التي تحددها المؤسسة لازالة هذا التداخل.

٤- يحق للمؤسسة ان تطلب الامتناع عن استعمال التجهيزات الكهربائية او الكترونية او تجهيزات الاتصالات او ازالة المنشأت المعدنية المشار اليها في الفقرة (٣) من هذه المادة اذا مادعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، فەرموو شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر برگەی یەك، شەرت نییە ئەو شتەی کە زەرەری هەیە بۆ جەو، بۆ تەیارە نیشتنەوە، هەر لە نزیکی مەتار بێت، ئێستا لەناو شاری هەولێر کەس نازانێ لە کوێشەو تیشك بڵاو دەبێتەوە بەسەر شاردا دەسوڕێتەوە، حەقە ئەوانەش بگرێتەوە کە لەناو شاریش هەن، بەڕاستی نەك لە تەنیشتی، لە مەتاری سلێمانی موشکیلەیەك دروست بوو لەسەر شتێکی بەسیت، حەقە ئەو شتە هەر لابرێت، هەرچی شتێك تەئسیری لەسەر مەتاری جەوی بکات لابرێت لە هەر شوێنێك بێت، نەك هەر لە نزیکی مەتار، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەسەڵاتی موئەسەسەکە ئەو ئیشە بکرێت، بەس لەوانەیە لە ئەنجامدانی ئەو خاڵانە کۆمەڵێك خەڵك زەرەرمەند بن، لەبەر ئەوە ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت بڵێت (ان تلتزم المؤسسة بتعويض المتضررين)، ئەو فەقەرەیە ئەگەر ئیزافە بکرێت بە ڕەئی من موعالەجەی موشکیلەکە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ وەڵامان نییە بۆ ئەو پێشنیارانە، من پێموایە شتەکە باش هاتووە، تەنها ئەو شتانەی کاریگەری لەسەر میلاحەی جەوی دەکات لە حقوقی ئیرتیفاقی جەوی دەکات، کە ئەو شتانە لابدرێت، ئەمە لە هەموو شارو دەوروبەری شار ئەوە مومکین نییە لابدرێت، مەسەلەی تەعویزاتیش لە ماددەیەکی تر هەیەو باس کراوە، بۆ هەر کەسێك کە تووشی زەرەر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو عەوائیقەی کە مونەسەسەی مەتار بڕیار دەدات لابرێت، ئەگەر پێشی مەتار دروست کرا بێت، ئەوە تەعویز دەکرێت بەپێی قەوانین کە کاری پێ دەکرێت لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆشە هەر مولاحەزەیەکی هین بدەم لە ماددەی پازدە تا ماددەی بیست و نۆ، تەبیعی دوێنێ لە کۆبوونەوەی هەموو لیژنەکانی هاوبەشیش قسەی لەسەر کرا، ئەوە کۆمەڵێك ماددەن لە ستانداردی عالەمی وەرگیراوە، یەعنی ئەوە عیلاقەی بەوە نییە کە ئێستا یەکێك لەو ماددانە نەقص دەبێت قانونێك، جا بۆیە من پێم خۆش بوو هەر ئەوە بۆ برادەران تەوزیح بدەم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست وسێیەم کە دەکاتە ماددەی بیست و یەك:

دەزگا مافی ئەوەی هەیە داوای تەرخان کردنی زەوی و خانووبەرەی پێویست بکات بۆ وێستگەکانی ئامێری بێ تەل و ئامێرەکانی تایبەت بە فرۆکەوانی ئاسمانی و هەر ئامێریان ڕێکخەرەکانی دیکەی بە پێویستی بزانێ بۆ کاری فرۆکەخانەکان، بەپێی یاساکانی بەرکار بۆ ئەم مەبەستە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون من اصل المشروع:

يحق للمؤسسة طلب تخصيص الاراضي والعقارات اللازمة للمحطات والاجهزة الاسلكية والاجهزة الخاصة بالملاحة الجوية واية أجهزة او منظومات اخرى تراها ضرورية لعمل مطارات الاقليم طبقا للقوانين النافذة لهذا الشأن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، ماددەکە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، فەرموو دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم، کەوا ماددەی بیست و چوار بکرێتە فەقەرەی (ب) لەم ماددەیە، من پێشنیاز دەکەم ئەو ماددەیە بکرێت بە فەقەرەی یەکەم، ماددەی بیست و چواریش بکرێت بە فەقەرەی دووەم، پێکەوە دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە پەیوەندیان زۆر بە یەکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمانوایە ماددەی بیست و چوار هەر عیلاقەی بە ماددەی بیست و سێیەوە نییە، بەڵکو ماددەکانی بیست و دوو و بیست و یەك و ئەوانەش پەیوەندییان بە ماددەکانی پێشووتریش هەیە، بەتایبەت ئەو ماددە بیست و سێیە تەعویزەکە بەس مەسەلەکانی ناو ماددەی بیست و سێ بگرێتەوە، بۆیە ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، بۆ ئەوەی پێش خۆی هەموو بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، ماددەکە لە جێی خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە تەڵەبی تەخصیصە، دەبێت ماددەکە لە شوێنی خۆی بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی لە مەشروعەکە هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و چوارەم دەکاتە ماددەی بیست و دوو:

بەپێی ڕێساو یاساکانی گشتی قەرەبوویەکی گونجاو دەدرێت بەرامبەر بە داسەپاندنی مافەکانی هاوشانی ئاسمانی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون من اصل المشروع:

يدفع تعويض مناسب طبقا للقواعد والقوانين العامة مقابل فرض حقوق ارتفاق جوية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکات، سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی لە مەشروعەکە هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

پاراستنی فڕۆکەخانەو فڕۆکەکان و یارمەتیەکانی فڕۆکەوانی

ماددەی بیست وپێنجەم دەکاتە ماددەی بیست و سێ:

بە بەشداری کردن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تایبەتمەندی دیکە دەزگا چاودێری رادەی پابەند بوون بە بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی دەسەلاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق دایدەنێ دەکات و وەرگرتنی ئەوەی بە پێویستی دەزانێ بۆ پاراستنی ئاسایشی فڕۆکەخانەکانی سەربەون و مسۆگەر کردنی سەلامەتی فڕۆکەکان و یارمەتیەکانی فڕۆکەوانی، بۆی هەیە لە پێناو ئەوانەدا ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- کۆت خستنە بەردەم و قەدەغە کردنی چوونە ناوی تاکەکان بۆ هەندێ شوێنی فڕۆکەخانە.

٢- دڵنیا بوون لە کەسایەتی ئەو تاکانەو ئەو نەفەر هەڵگرانەی دەچنە ناو فڕۆکەخانەو چاودێری کردنیان و بەدەنگ هێنانی هەرکەسێکّ گومانی لێ بکرێ و ئەگەر پێویست بکات بپشکندرێ.

٣- پشکنینی هەر نەفەرێك گومانی ئەوەی لێ بکرێ کە چەك یان مادەیەك توانای سووتانی هەیەو هەڵیگرتووە، یان هەرمادەیەکی دیکە دەتوانرێ بۆ کاری تێکدەرانە، یان توندو تیژی، یان هەرەشە کردن بەکار بێت و لە کاتی گەشتەکەدا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

حماية المطارات والطائرات والمساعدات الملاحية

المادة الخامسة والعشرون من اصل المشروع:

تقوم المؤسسة بالاشتراك مع السلطات المختصة الاخرى بمراقبة مدى الالتزام بالضوابط والتعليمات التي تضعها سلطة الطيران المدني العراقي، واتخاذ ما تراه ضرورياً لحفظ الامن بالمطارات التابعة لها، وضمان سلامة الطائرات والمساعدات الملاحية ولها في سبيل ذلك كأن تقوم بالاتي:

١-تقييد او منع دخول الافراد الى بعض المناطق في المطار.

٢- التحقق من شخصية الافراد والمركبات التي تدخل المطار ومراقبتهم واستجواب اي شخص تشك في امره وتفتيشه اذا ماتتطلب الامر ذلك.

٣- تفتيش اي راكب يشتبه في حمله اسلحة او مواد قابلة لاشتعال او اية مواد اخرى يمكن استعمالها في اي عمل من اعمال التخريب او العنف او التهديد اثناء الرحلة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، فەرموو کاك کەریم بەحری.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو فرۆکەخانەی کە دەوروبەرو ئەوانەی هاتووچۆ بۆ فرۆکەخانەکان، بۆ هەموو هاوولآتیان ئازادە، بەو سەیارانەی کە دەچنە پێش دەرگای مەتارەکان لەوێ دێنە خوارەوە هیچ ئاست تەنگەیەکیان بۆ نییە، بەڵێ حیمایەی مەتارات دەکرێت، حیمایەی فرۆکەخانەکان دەکرێت، بەلآم بەشێوەیەکی نهێنی لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی ولآتەوە، بەلآم بەشێوەیەك دوو کیلۆ مەتر، سێ کیلۆ مەتر بۆ فرۆکەخانە مابێتەوە، هاوولآتی بێینە خوارێ، جارێك تەفتیشی بکەن، ئەوجارە بچێت بۆ بە سەیارەیەکی دیکە بگوازەوە بۆ نزیکی مەتار، بەڕاستی ئێستا لە کوردستان خەڵك زۆر موعاناتی هەیە لەبەر ئەوە، بۆیە من پێموایە بەو شێوەیەی ئێستا لێرەدا هاتووە، شێوەکە تۆزێك تەقلید وئازادی هاوولآتی لە هاتووچۆ بۆ فرۆکەخانەکان گران دەکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم بەو شێوەی کە لێرەدا هاتووە بێت و بگۆڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وادەزانم ئەو دوو خاڵی دوو و سێ زۆر لە یەك نزیکن، یەعنی شتەکانیان تیکراری تێدایە، لەوێ مەسەلەن (التحقق من شخصیة الافراد والمرکبات التي تدخل المطار واستجواب اي شخص تشك في أمره وتفتیشه)، لێرەش دیسان دەڵێت (تفتیش اي راکب یشتبه في حمل اسلحة او مواد قابلة للاشتعال)، یەعنی هەردووکی هەر تەفتیشە، بە ڕەئی من شتەکە دووبارەیە، حەقە هەردووکی بکرێتە یەك فەقەرە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە بارودۆخی هەرێمی کوردستان کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ بارودۆخی هەندێك وڵاتانی ئەورووپاو دنیای دەرەوە، تا ئەندازەیەکی زۆر لەو وڵاتانەی دەرەوە ئیستیقرارو هێمنایەتی هەیە، لێرە تاکو ئێستا عێراق بەگشتی، کوردستانیش بەری نییە لە مەترسییەکانی توندوتیژی و تیرۆرو پیاوی خراپ، بۆیە ئەو ئیجرائاتانە لەو مەرحەلەیە لەوانەیە لە جێی خۆی بێت ئەوەی کە ئێستا دەکرێت بەو شێوەیەی کە دانراوە، دەتوانێت لە قۆناغێکی تر ئاسانکاری تێدا بکرێت، بەنیسبەت تەفتیش لەو دوو خاڵەی کە هاتووە، حاڵەتەکان لێك جیایە، لە خاڵی دوو کە باسی تەفتیش دەکات هاتووە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، بەڵام لە خاڵی سێیەم هاتووە تایبەتە بە چەند حاڵەتێکی دیاری کراو، ئەگەر شتکیان لێ کرد، گومانیان لێ هەبوو کە چەکی پێیە، یان هەندێك مەوادی مەترسیداری پێیە، ئەمەی تر گشتییە، ئەمەیان تایبەتیە، هیچ زیانی تێدا نییە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی هیچ تێبینیەکمان نییە، پشتگیری لە لیژنەی یاساییش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و شەشەم کە دەکاتە ماددەی بیست و چوار:

١- ڕێگا بەهیچ کەسێك نادرێت لەناو فرۆکەدا بەبێ ڕێگە پێدان چەك، یان ماددەکانی توانای سووتانیان هەیە، یان هەر ماددەیەکی دیکە کە دەتواندرێ بۆ هەر کارێکی تێکدەرانە، یان توندوتیژی، یان هەرەشە کردن بەکار بهێندرێت لە کاتی گەشتەکەدا هەلگرێت.

٢- ئەگەر کاروبارەکە ئەوە بخوازێ کە چەك، یان هەر ماددەیەك دەتوانرێ بۆ کارێك لە کارەکانی تێکدەرانە، یان توندوتیژی، یان هەرەشە کردن بەکار بێت بگوازرێتەوە، پێویستە خاوەنەکەی رادەستی نوێنەری کار پێ کەری ئاسمانی (وەبەرهێنەر) بکات بەر لە چوونی بۆ ناو فرۆکەکەو ئەو کەسەی ئەرکیەتی لە شوێنێکی فرۆکەکە دایبنێ، کە کەس لە نەفەرەکان نەتوانێ بیگاتێ، هەروەها پێویستە بیداتەوە بە خاوەنەکەی دوای بەکار هێنانی گەشتەکە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون من اصل المشروع:

١- لايجوز لاي شخص على متن الطائرة ان يحمل بدون ترخيص سلاحاً او مواد قابلة للاشتعال او اية مواد اخرى يمكن استعمالها في اية عمل من اعمال التخريب او العنف او التهديد اثناء الرحلة.

٢- اذا ماتطلب امر نقل الاسلحة او اية مواد يمكن استعمالها في اية عمل من اعمال التخريب او العنف او التهديد اثناء الرحلة.

٣- يجب على حائزها تسليمها الى ممثل المشغل الجوي (المستثمر) قبل دخوله الطائرة والذي عليه وضعها في مكان بالطائرة لا يمكن وصول الركاب اليه كما عليه اعادته الى من سلمها بعد انتهاء الرحلة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، هیچ تێبینیەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تاکو ناویان بنووسین، فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە صیاغە عەرەبییەکەی لە ئەوەلەن، من پێموایە پێویستی بە صیاغە کردنەوە هەیە، چونکە ئیشکالێك دروست دەبێت، دەڵێت (لایجوز لاي شخص علی متن الطائرة ان یحمل بدون ترخیص سلاحاً او مواد قابلة للاشتعال)، ئەو (بدون ترخیص)ە بۆ سلاحیش و بۆ مەواد قابیلەش دەبێت، بۆیە من پێموایە بگۆڕدرێت چاکتر دەبێت (لایجوز لاي شخص علی متن الطائرة ان یحمل سلاحاً غیر مرخصاً به او مواد قابلة)، ئەو وەختە مورەخەصەکە تەنها بۆ سلاحەکە دێت، ئەگەرنا لەوێ ئیحتیماله وا تەفسیر بکرێت کە مەرەخەص لەوانەیە بۆ مەوادی قابیلە بۆ ئیشتیعالیش بێت، لەبەر ئەوە صیاغە عەرەبییەکەی بەم شێوەیە باشترە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، ئایا ماددەی بیست و شەش کە گۆڕانی تیا کراوە خاڵی یەکەم کە ڕێگا بە هیچ کەسێك نادرێت لەناو فڕۆکە بەبێ ڕێگە پێدان چەك، یان ماددەکانی توانای سووتانیان هەیە دەچێت بۆ هەر کارێك، تەماشا دەکەین لە خاڵی سێیەمی ماددەی بیست و پێنجەمدا دووبارەیە لێرە، کە تۆ کەسەکەت پشکنی زانیت چەك و ماددەی سووتەمەنی پێ بوو ڕێگەی پێ نادرێت ئیتر بچێتە ناو فڕۆکەکەوە، کەواتە من وا هەست دەکەم، حەز دەکەم وەڵامیشم بدەنەوە، لێکچوونێك هەیە لێرەدا، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە صیاغەکە باش هاتووە، لێرە باس باسی ئیجازەی چەك نییە، چەکی ڕێ پێدراو، یان ڕێ پێ نەدراو، باسی وەرگرتنی ئیزنە بۆ گواستنەوەی هەندێك مەواد، کە لەوانەیە پێویست بێت بگوازرێتەوە، یان مەوادی تر، وەکو لە بڕگەی دووش روون کراوەتەوە، هەروەها بە دووبارە بوونەوەی نازانین، چونکە حاڵەتی پێشەوە بەس باسی تەفتیشە، لێرە باسی هەڵگرتنە، ڕێگرتنە لە هەڵگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە، ماددەکە لەجێی خۆیەتی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو ماددانە کە هاتووە، جارێکی تریش تەئکید دەکەینەوە ئەوە هەر لە خۆڕا نییە، ماددەی سێیەم ئەوە تەفتیشی سەر زەوییە، ماددەی چوارەم بەپێی ئەو مەرجە مەرجی جەمعیەی تەیارە، کە چووە ناو تەیارە بەپێی ئەو ماددە دەتوانین بچین هینی بکەین، جا بۆیە ئەو شتانە کە هاتوونە هەمووی دیسان تەئکید دەکەینەوە، ئەوە ستاندارده عیلاقەی لەوە نییە، ئەوە دەبێت بەقانون ئەو دەسەڵاتانە بداتە موئەسەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و حەوتەم کە دەکاتە ماددەی بیست و پێنج:

دەزگا لە هەر فڕۆکەخانەیەك لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم لیژنەیەکی ئاسایش پێك دەهێنێ بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقەوە سەبارەت بەم مەبەستەوە دیاری دەکات.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والعشرون من اصل المشروع:

تشكل المؤسسة لجنة في كل مطار من مطارات الاقليم وفقا لما تحدده التعليمات الصادرة من سلطة الطيران المدني العراقي بهذا الخصوص.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشترە کەوا ئەو ماددەیە دروست کردنی لیژنەی ئەمنی، بەپێی نیزام بێت، نەك بەپێی قانون، بەڕاستی شتێکی جوان نییە، لەناو قانوندا باسی ئەو شتە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەپێی مولحەقی حەفدەی تەیرانی مەدەنی، یەعنی بۆ حیمایە کردن، پێویستە ئەو لیژنەی ئاسایشە هەبێت، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دەسەڵاتی فرۆکەخانەی شارستانی هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەروازەی چوارەم

حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی بیست و هەشتەم کە دەکاتە ماددەی بیست و شەش:

لەنێوان دەزگاو دەسەڵاتی فرۆکەخانەکانی شارستانی عێراق هەماهەنگی دەکرێ، لەوانەی پەیوەندی هەیە بە لایەنەکانی ئابووری و پەرەسەندنەوەو هەرشتێك پێویست بێت بۆ چاککردنی ئاستی بە جێهێنانی خزمەتگوزاریەکان لە فرۆکەخانەکانی عێراقدا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الرابع

احکام ختامیة

المادة الثامنة والعشرون من اصل المشروع:

یتم التنسیق بین المؤسسة وسلطة المطارات المدنیة العراقیة فیما یتعلق بتنظیم الجوانب الاقتصادیة والتطویریة وکل ماهو ضروري لتحسین مستوی اداء الخدمات في المطارات العراقیة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ماددەکەین لە جێی خۆی هاتووە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو ئەو بابەتانەی پێشوودا زۆر باسی تەنسیقیمان کردووە، زۆر زیادە پێویست ناکات، مـن پێموایـە زیـادە لێرە، من پێموایە لێرە شتێکی تر دروست بکرێت، باسی عقوبات و ئیجرائاتی قانونی، ئایـا کـە موخالـەفاتی ناو ئەو مەتارە بێت، یەعنی نابێت شتێك دیار بێت، مەسەلەن فلان جۆرە هەڵوێست عقوبەکەی چیە؟ لـە هـەموو یاسـای تەیەرانـدا هەیـە، مـادام ئێمـەش باسـی مـەتار دەکـەین لەسـەر زەوری کۆمـەڵێك موخالـەفات دروست دەبێت، دەبێت یاسایەك تایبەت بێت بەمە، راستە یاسـای عقوبـاتی عێراقـی هەیـە، بـەڵام کـە ئێمـە یاسای دادەنێین بۆ جێگایەك دەبێت (مـا حولـە) (مـایتعلق بـە) لـەناو ئـەوە جێگـەی ببێتـەوە، لەبـەر ئـەوە پێموایە دەبێت ماددەیەك زیاد بکەین، کە پەیوەندی بە عقوبات و ئیجرائاتەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە جاری یەکەم باسی (سلطة المطارات المدنية العراقية) دەکرێت، پێـشتر باسـی سـوڵتەی تـەیرانی مـەدەنی کـراوە، مـەتارات جیـاوازە، ئـەو سـوڵتەیەی لـە عێـراقیش تـەواجوهی دەکات بـەرەو ئـەوە دەڕوات، ئێـستاش دروست کراوە، جاری یەکەمە باسی تەنسیق دەکرێت لەگەڵ مەتارات، مەتاراتی تری عێراقی، بۆیە پێموایـە لەجێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی، بەنیسبەت موخالەفات قانونی عقوباتی عێراقی هـەمووی حـەل کـردووە، کۆتـایی پێهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بـەڕێزان ئێـستا ماددەکـە دەیخەینـە دەنگدانـەوە وەکو خـۆی هـاتووە، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کـێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بيست و نۆيەم دەكاتە ماددەی بيست و حەوت:

ڕێگا نادرێت بەهيچ كەسێكی سروشتی، يان مەعنەوی، هيچ چالاكيەك لە چالاكيەكانی خزمەتگوزاريـەكانی سەر زەوی ئـەنجام بـدات، بـەر لـە بەدەستهێنانی ڕێپێدانی داواكـراوو باوەڕنامـەی كـار گوزاری گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاكيانە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والعشرون من اصل المشروع:

لايجوز لاي شخص طبيعي او معنوي ممارسة اي نشاط من انشطة الخدمات الارضية قبل الحصول على ترخيص المطلوب وشهادة المزاولة المناسبين لمارسة تلك الانشطة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ليژنەی هاوبەش ڕەئيتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەينە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

سوپاس، ئێستاش بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، كێ دەيەوێت قسە بكات لەسەر ئەو ماددەيە، دكتـۆر ناصـح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموايە لێرە نوقصانيەك هەيە، دەبێت ئيزافە بكرێت (لا يجوز لاي شـخص طبيعـي او معنـوي ممارسـة اي نشاط من انشطة الخدمات الارضية في مطارات الاقليم قبل الحصول على ترخيص المطلوب وشهادة المزاولة المناسبين............)، (في مطارات الاقليم) دەبێت ئيزافە بكرێت لە دوای (انشطة الخدمات الارضية)، لەگـەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

ليژنەی ياسايی ڕەئيتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەو یاسایەدا هاتبێت باسی مەتاراتە، بەڵام ئەگەر بنووسرێت زیانی نییە، مەبەست ئەوەیە لەسەر ئەرزی مەتارەکان نابێ هیچ چالاکیەك بکرێت بەبێ ئاگاداری، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لەجێی خۆیەتی پێی ناوێت ئیزافە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە پێناسەی ئەسڵی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش هاتووە، بەڵام ئەگەر ئیزافەش بکرێت هیچ زەرەرێکی نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەن کە ئیزافە بکرێت، جەنابی وەزیرو لیژنەی هاوبەش پێیوایە ماددەکە لەجێی خۆیەتی و وەکو خۆی بمێنێت، نوقتەی نیزام کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند جارێك باس دەکەیت لیژنەی قانونی و لیژنەی هاوبەش، یەك لیژنەیە، یەك تەقریریان هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە لێرە کە دانیشتوون، لیژنەی یاسایی مەشروعەکە دەخوێنێتەوە، کاك ڕەشاد ڕەئی لیژنەی هاوبەش دەخوێنێت، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئێمە دوو نەوعە بۆچوون هەیە لێرە، یەك/ لە لیژنەکان بڕیاری خۆیان دەدەن موافەقەت دەکەن، لێرەش حەقی شەخصی بەکار دێت، ببوورن لە کۆبوونەوەی لیژنەکان وەکو لیژنە بڕیار دەدەن، بەڵام لێرە هەر کەس حەقی شەخصی خۆی بەکار دەهێنێت، ئەوەیە مەسەلەکە، ئێستا لە زۆر جێ بڕیارەکە نەوعێکی ترە، ئەوەی لە لیژنە تەوقیعی کرد بێت لەسەر ئەوەیە، لێرەش موناقەشەی تر دەکات، حەقێکی مەشروعی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ماددەکە دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی هاتووە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنج ماددەی ئیزافەمان هەیە بۆ پێشنیار.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ماددەی تریان ئیزافە کردووە، لیژنەی هاوبەش، تکایە یەك، یەك بخوێنەوە لە پرۆژەکەی حکومەتدا نییە، تکا لە بەڕێز وەزیری هەرێم و خەبیرەکان دەکەین گوێداری ئەو ماددانە بن، کە لیژنەی هاوبەش ئیزافەیان کردووە، چونکە رەئیتان لێ وەردەگرین، بۆ ئەوەی پاشان پەرلەمانتاران رەئیان بدەن، زۆر سوپاس، فەرموو کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والعشرون:

يلغى قانون مطار اربيل المدني المرقم (٢٠) لسنة ٢٠٠٣ الصادر عن المجلس الوطني لكوردستان _ العراق.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەو ماددەینە، چونکە ئەو پرۆژەیە دەرچووە دەبێت ئیلغا بکرێت، پرۆژی یاسای مونەسەسە هەمووان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەر بە هەمان شێوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان کەس هەیە لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والعشرون:

اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ئێمە پێمانوایە (على الوزير)، واتا وەزیر مولزەم بێت بە دانانی تەعلیماتەکان، هەرچەندە ئەو بەڕێزانەی ئامادە بووینە پێیان وایە ئەو تەعلیماتە مافی مونەسەسە بێت، ئەوان پێشنیاریان وایە (للمؤسسة اصدار التعليمات)؛ بەلآم تا ئێستا ئەوەی موتەبەعە لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن ئەنزیمە لە ئەنجومەنی وەزیران، تەعلیمات لە وەزارەتە، تا ئێستا ڕێگامان نەداوە بە مونەسەسات کە مافی تەعلیماتی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەو تەعلیماتانە ئامادە دەکەن، دەچێتە بەردەمی وەزیرو وەزیر ئیمزا دەکات، ئەوە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە، بەلآم خصوصیەتی ئەو مونەسەسەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر روون کردنەوەی لەسەر هەبێت، دەتوانێت روونی بکاتەوە، دوا بڕیاریش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، ئایا وەزیر بۆی هەیە تەعلیمات دەربکات؟ یان مونەسەسە بۆی هەیە؟

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مونەسەسە لەبەر ئەوەی لە هەموو کارو چالاکیەکانی دەگەڕێتەوە وەزارەت، پێم باشە وەزیر دەری بکاتن، هەروەکو یاسایەکانی دیکە، هەر پرۆژە یاسایەك کە دەردەچێت دەڵێت (على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ئەگەر تەبیعی چەند ئیمکانیات زۆر ڕێی نەچێت و سیادەی عام تاکو ئێستا هەروا بووە، وەکو بەڕێزانیش فەرموویان، بڵێین تەعلیمات وەزارەت دەریدەکات، ئەگەر ئەو خصوصیاتە ئەگەر ڕێی دەچێت

لەباری قانونی، من ئەو داوایە دەکەم ئەگەر رێی تێ دەچێت، ئەوە خراپ نییە، موئەسەسە بۆی هەبێت بۆ کار ئاسانی و جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە، کە یاسایەکە لە ئەساس هی ئەوانە، موئەسەسە شەخصیەتی مەعنەوی خۆیان هەیە، ئەگەر رێی تێ دەچێت تەعلیمات بۆیان هەبێت بۆ کار ئاسانی جێ بەجێ کردنی یاسایەکە تەعلیمات دەربکەن، ئەگەرنا وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی رەئی حکومەت تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رەئی خۆمان گوت، گوتمان بەشێوەیەك تاکو ئێستا موتەبەع بووە وەزارەت تەعلیمات دەردەکات، ئەگەر خصوصیەتی ئەو موئەسەسەیە رەچاو دەکرێت، رەئی حکومەت پەسند دەکرێت، ئەندامانی پشتگیری لێ دەکەن، دەکرێت جێی لێرە بۆ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەو نوقتەیە تازەیە، کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی شەش برگەی دوو، ئەو دەسەڵاتەمان بە موئەسەسەیە داوە، کەوا تەعلیماتی تایبەتی دەربهێنێت بۆشتان دەخوێنمەوە (٢- تحدد المهام والصلاحيات التشكيلات المذكورة في الفقرة اولا اعلاه التعليمات يصدرها مجلس ادارة المؤسسة)، کەواتە ئێمە دەسەڵاتمان بەو موئەسەسەیە داوە، کەوا ئەو تەعلیماتە دەربهێنێت، پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونم هەیە، ئەو ماددەیە زیادە، چونکە ئەوەی دکتۆر نوری خوێندیەوە، ئەوە دروستە، ئەوە هاتووە لەوێ پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پێشنیاری جەنابی وەزیر دەکەم، هیچ مانیعاتیش نییە، تۆ ئەو سەلاحیاتە بدەیە موئەسەسە، کارێکی ئیختیصاصیە، شەخصیەتی خۆی هەیە، ئەو دەزانێت، ئەوە شتێکی موخالەفەی قانون نابینم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک کەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رووی یاساییەوە تەدەروج دەستوور، قانون، ئەنزیمە، دوایێ تەعلیمات، دوایێ قەرار، ئەوە بەپێی قوەی قانونی، لێرەدا تەعلیماتی عامە مەکتەبی تێدایە، قوتابخانەی سەرەتایی دەتوانێت تەعلیماتی عامە دەربکات، بەلام لێرەدا مەبەست لە تەعلیماتی خاصە (لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون)، لێرە ئەوە سەلاحیەتی وەزارەتە، لە سەلاحیەتی مونەسەسە نییە، من پێموایە هەڵەیەکمان کردووە، ئێمە سەلاحیاتی دەرکردنی ئەنزیمەمان داوەتە مونەسەسە کە ناکرێت، سەلاحیەتی ئەنزیمە لە سەلاحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، هی وەزارەتیش نییە، بۆیە لێرەدا پێموایە تەعلیمات هی وەزارەتە (لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە حەقە ئەوە لە دەسەلاتی وەزیردا بێت، چونکە وەکو کاک کەریم گوتی دەسەلاتی وەزارەتە، بەلام کە وەزارەت بوو، دەبێت وەزیر ئەو کارەی بکات، ئەمرەکە لەلای ئەو بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هاوڕام لەگەڵ رەئیەکەی کاک کەریم، ئەگەر بە تەسەلسولی ئەهمیەت و گرنگی یاسایەکان ئەنزیمەو تەعلیمات و نیزامی داخلی بێینە خوارێ، هەروەکو موتەبەعی وەزارەتەکانی دیکە کردوومانە، ئەوەی کە لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە کردوومانە بۆتە عورف، مادام بۆتە عورفێکی قانونی، کە ئێمە هەموومان داناوە، بۆتە شەرت مەعروفی عورفەن وەك لە قانوندا دەڵێن شەرتەن، بۆتە شەرتی ئەساسی لە یاساکاندا، لەبەر

ئەوەی لە ماددەی شەشدا ئێمە سەلاحیەتی نیزامی داخلیمان داوەتە دەستی رەئیسی موئەسەسە، بەس تەعلیماتی تەسهیلی تەنفیزی ئەم قانونە دەچێتە سەلاحیاتی جەنابی وەزیرەوە، زۆر سوپاس، من پێموایە وا بێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مومکینە هەمیشە راستە، بەس ئەو دەسەلاتە بە وەزیر داوە، دەڵێم لە پێناسەکە دەڵێت (مؤسسة سلطة المطارات المدنية لاقليم كوردستان – العراق)، کەواتە موئەسەسە سوڵتەیە، ئیشەکە ئیشی ئەو موئەسەسەیە، موئەسەسە خۆی دەزانێتن چی پێویستە، چۆن دەتوانێت ئیشەکە بە ئاسانتر لێ بکرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بە تەسەوری من وا بێت (على الوزير بناءاً على اقتراح من المؤسسة)، یەعنی تەعلیماتەکە دەبێت موقتەرەحی موئەسەسە بێت، هەر بەناوی موئەسەسە بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئاخیر صیاغەیان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە ماددەی شەش هاتووە باسی نیزامە، لێرە باس باسی تەعلیماتە، بۆیە دەکرێت لێرەش هەبێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک ئیتیفاقیاتی دەولی هەیە، کۆمەڵێک تەعلیمات هەیە دەولیەو گشتیە، ماوە ماوەش پەیدا دەبێت، تەعلیماتی نوێ تەعمیم دەکرێت بۆ هەموو مەتاراتی دەولی، من وەکو پرسیارم لەو بەڕێزانە کردووە، لەوانەیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر تەعلیماتیان هەبێت، بۆیە داوایان کردووە، کە ئەوان بەخۆیانەوە ئەو مافەیان هەبێت، بەلام ئێمە لە رووی قانونییەوە تا ئێستا بە ئیشکالی دەزانین، بۆیە هەر ئەو رەئیەمان پێ باشترە کە بڵێین (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

دووبارە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو صیغەی نیهائی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثلاثون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە دەکات، کەس نییە، ئێستا ماددەکە پێشنیار کراوە وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والثلاثون:

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات، تەنیا یەك کەس هەیە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بە نووسراو پێشنیارێك ئاراستەی جەنابتانم کرد.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەوە لێرە نییە، ئەمە مەتارە، قانونێکی بۆ دادەنێین، ئەوانی تر لە مەجالی تردا، ئەوە دەکرێتن، جێی لێرە نابێتەوە، بەڕێزان، ئەم بەڕێزە مەشروعێکی تەقدیم کردووە دەیەوێت ئەوانەی موڵکیان بەر ئەوێ دەکەوێت، تەعویز بکرێنەوە، حەقێکی شەرعی خۆیانە، بەپێی یاسا، لە ماددەکانی پێشتر باس کرا، لەماددەی بیست و چوار، بۆیە ئێستا ئەوەی کە جەنابت مەشروعێکی دوورو درێژی تەقدیم کردووە، ئەوە لە شوێنێکی تر باس دەکرێت، ئێستا ماددەکە وەکو خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والثلاثون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێتە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان))، بۆ ئەوەی زۆری نەخایەنێت، هەتا ئیصدار دەکرێت و نەشر دەکرێت، با ئیصدار بکرێت و ئیشی پێ بکرێت، دوایێ نەشر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات، دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوە داین، مەسەلەی نەشری تەنفیز لە تاریخی نەشری لە وەقائیعی کوردستان، یان لە جەریدەی رەسمی ئەوە ئەسڵە، بەڵام ئیستیسنا زۆر جاران لە تاریخی صدورەوەیە، تکایە با تاریخی صدور نەکەینە ئەسڵ، ئەسڵەکە ببێتە ئیستیسنا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکەی کاك کەریم دەکەم، ئەم یاسایە سیفەتێکی ئیستعجالی نییە، بەخۆی چەند مانگێك لە پەرلەمان وەکو پرۆژە ماوەتەوەو هەتا بلاویش دەکرێتەوە لە وەقائیعی کوردستان هیچی نوێ پەیدا نابێت، بۆیە ئەو قاعیدەیە تێك نەدەین تاریخی نەشری لە وەقائیعی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆر پرۆژە یاسا کراوەو ئەهمیەتیشی بە ڕوبعی ئەو مەشروعە نەبووە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو بەڕێزانەی لەناو هۆڵی پەرلەمان ئاگادارن، ڕۆژانە هاووڵاتی تووشی هەزار کێشە دەبن لە مەتار، من پێشنیار دەکەم بەزووترین کات ئەو قانونە جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ماددەکە وەکو پێشنیار کراوە لە لایەن لیژنەی هاوبەشەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسباب موجیبە تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە

پرۆژەی ئەم یاسایە پێشنیار کراوە، لە چوارچێوەی ئامانجەکانی سیاسی و ئابووری هەرێمدا دێت، کە بایەخ تەواو بە چالاکیەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری دەدات، لەسەر بنچینەکانی بازرگانی و ڕێگە خۆش کردن لە قۆناغی ئایندەدا، بۆ کەرتی تایبەت، بۆ وەبەرهێنان لە خزمەتگوزاریەکانی فڕۆکەخانەکان، دوای دانانی یاساکان و میکانیزمی پەیوەست بە مسۆگەر کردنی دابین کردنی شارەزایەتی هونەری و توانای دارایی پێویست بۆ ئەم مەبەستە، لە پێناو دابینکردنی ماوەی گەنجاو بۆ گەشەسەندن و پەرەسەندنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێك لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی لە مەیدانەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و ئاستی زانستی بگونجێت، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

يأتي مشروع القانون المقترح في اطار التوجهات السياسية والاقتصادية للاقليم التي تركز على تشغيل النشاطات الاقتصادية والخدمية على اسس تجارية واتاحة المجال في المرحلة اللاحقة للقطاع الخاص للاستثمار في خدمات المطارات، بعد ان يتم وضع التشريعات والاليات المتعلقة بضمان توفير الخبرة الفنية والمقدرة المالية اللازمة لذلك، وبغية توفير الفرص المناسبة لنمو تطور مطارات اقليم كوردستان بما ينسجم مع التطور الحاصل في مجالات النقل الجوي على المستوى العالمي، شرع هذا القانون.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقەکە داین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەسبابی موجیبە کێ دەیەوێت قسە بکات، دەستی بەرز بکاتەوە؟ نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەم ئەسباب موجیبە بگۆڕدرێت بەم صیاغەی کە دەخوێنمەوە:

ئەم پرۆژە یاسایە بۆ دەزگای فرۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان دانراوە بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری پەرەپێدانی دەزگا لە چوارچێوەی ئامانجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە بایەخی تەواو بە چالاکی ئابووری و خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات، لەسەر بنەمای گەشەی بازرگانی و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاسانکاری بۆ پەیوەندی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوە، خزمەتگوزاریەکانی فرۆکەخانەکان دابین کردنی ئاسایش لە فرۆکەخانەکان بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان، ئینجا لە دواییدا دوای دانانی یاساکان و میکانیزمی پەیوەست بە مسۆگەر کردنی دابین کردنی شارەزایەتی هونەری و توانای دارایی پێویست بۆ ئەم مەبەستە، لە پێناو دابینکردنی ماوەی گەنجاو بۆ گەشەسەندن و پەرەسەندنی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کورستان بەجۆرێك لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی لە مەیدانەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و ئاستی زانستی بگونجێت، ئەم یاسایە دەرکرا.

مەبەستم ئەوە بوو بەڕاستی ئێمە تەنها کە کەسێك ئەسباب موجیبەی ئەم موئەسەسەیە دەخوێنێتەوە وا تێدەگات تەنها بە مەبەستی پەرەپێدانی بازرگانی و ئیقتیصادی و سیاسییە، دەبێت ئێمە دائیمەن مەسەلەی مرۆڤمان لەبەرچاو بێت، خزمەتگوزاری کۆمەڵگا بە دائیمی لەبەرچاومان بێت، ئەوەش بەشێکە لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و دروست کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە ئەم نوقتەیە پێویستە لەوێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی بۆچوونی نازناز خان دەکەم لە سەرەتاش بە عەرەبی نابێت بڵێت (یأتی مشروع القانون المقترح)، چونکە لێرە ئێستا ئێمە دەنگی بۆ دەدەین، ئەسباب موجیبە نابێت بڵێی مەشروعی قانونی، هەر بڵێ (في اطار التوجهات)، یەعنی بەوە دەستپێکە کە نابێت بەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەو دەقەی لێرە دەرچووە یەك ناگرێتەوە، چونکە یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی ئێمە لە دەقی یاسایەکە گرنگیمان پێداوە، هەموو موڵکایەتی دامودەزگاکانی فرۆکەخانەکانمان خستۆتە دوو موڵکایەتی ئەو دەزگایە، لەبەر ئەوە لێرە کەرتی تایبەت ڕۆڵی نییە، باس کردنی کەرتی تایبەت لێرە لەگەڵ ئامانج و مەبەستی دەرکردنی یاسایەکە ناگونجێت، بۆیە من پشتگیری لە پێشنیازەکەی دکتۆرە نازناز دەکەم، هیوادارم پەسند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی کاك خەلیل لە سەرەتا زۆر لە جێی خۆی بوو، ئەوە چارەسەری بکەین و داواکارم ڕێگامان پێ بدەن لەکاتێکی دیکە دایبڕێژینەوە، سوود لەو پێشنیارەی نازناز خانیش بکەین و بەشێوەیەکی باشتر، ئەندامان ڕێگامان پێ بدەن دوای دەنگدانەکە وەکو خۆمان دایبڕێژینەوە بەشێوەیەکی باشتر، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان بۆچوونمان هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەگەر نازناز خان صیاغەکە بنێرێت بۆ دەست لیژنەی یاسایی، با ئێستا لێرە چاکی بکەن و بیبڕێنینەوە، نەك پاشان تەصویت بکەین و بچن صیاغەی بکەن، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆرینە لەگەڵ ئەو چاکسازی کردنە لەوەی و برادەرانی لیژنەی یاساییش قبولیانە، ئێمەش قبولمانە، ئەوان با خۆیان دابڕێژنەوە بە صیاغەیەکی قانونی لەسەر ئەو ئەساسەی کە ئێمە زیادمان کردووە، بۆیە با ئێستا دەنگ بدەین و ئەوان دوایێ لە دوایدا صیاغەکەی دابڕێژنەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیازەی نازناز خان کە کردی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پێی پەسندە ئەسباب موجیبە بدرێتە لیژنەی یاسایی بەپێی یاسا رێکی بخەنەوەو دایبڕێژن و تەرجومەش بکرێت و دابنرێت، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بەڕێزان، هەندێك ماددە ئیزافە کران و هەندێکیش ئیلغا کران، تەسەلسولەکان دەگۆڕدرێت، لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی هاوبەش رێکی دەخەنەوەو دروستی دەکەن، ئێستا گشت ماددەکانی ناو مەشروعەکە لەگەڵ ئەسباب موجیبەکە بەو شێوەیەی کە پێشنیار کرا دەیخەینە دەنگدانە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، هیوادارین کە کارێکی سەرکەوتوو بوو، دەستتان خۆش بێت، جەنابی وەزیر قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆشە بەناوی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز وەزیری گواستنەوەو هەردوو ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتوون، بەراستی سوپاسی زۆر و بێ پایان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی گواستنەوەو هەموو ئەو لیژنانەی کە پەیوەندیان هەبوو بەو پرۆژە، بەتایبەتی ئەو کۆبوونەوەی دوێنێ بەراستی تەسهیلات و کار ئاسانیەکی یەکجار زۆر کرا، زۆر سوپاسیش تەبیعی یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان کە بە موداخەلەی باشیان پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد، پیرۆزبایی لێرەوە لە خەڵکی کوردستان

دەکەین، کە ئەوە بەڕاستی وەکو دەستکەوتێك بۆ کار ئاسانی و خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان بێت و جارێکی تریش زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

- سوپاس بۆ ئێوەش بەخێر بێن، مەشروعەکە تەواو بوو، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، موەفەق بن، خوا ئاگادارتان بێت، سوپاس.

**عونی کمال بزاز**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق بەوەکالەت**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٣٣)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤\١٢\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٢٣)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٨

کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٨دا بەم شێوەیە بێت:

١- زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز حاتم محمد جان حسن بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ.

٢- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سەردانی شاندی پەرلەمان بۆ بەریتانیاو ئێرلەندەی باکوور.

٣- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/١٢/٢٠٠٨دا بەم شێوەیە بێت:

١- زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز حاتم محمد جان حسن بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ.

٢- خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سەردانی شاندی پەرلەمان بۆ بەریتانیاو ئێرلەندەی باکوور.

٣- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك شێخ بایز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم لەگەڵ ئەو برایانەی ڕەنگە ناویان بە تەواوی نەزانم بەخێر بێن سەرچاوان، کاك دەشتی و پسپۆرانی وەزارەتی دارایی و کاك سەعد

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان میوانی هەمیشەییمان دەکەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لەم ڕۆژانەدا دادگایی کردنی تاوانبارانی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە دەستی پێ کرد، کە دەمێك بوو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەم دادگایەی دەکردو دەست بە کارەکانی بکات، ئەوە بۆ هەموو خەڵکی دنیا بسەلمێنین کە تاوان چەند دەوام بکاتن، تاوانباران هەر دەگەنە حەقی خۆیان، حوکمی یاساو حوکمی گەلیان بەسەریاندا دەسەپێنرێت، ئومێد دەکەین مەحکەمەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت و تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن، هەروەها ئومێدیش دەکەین ئەوانەی تەرجومەیان دەکرد بۆ شاهێدەکان تۆزێك یەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژ خەڵکێکی زۆر گلەییان دەکرد لە تەرجومەکە، ئەوەی تەرجومەی دەکرد، خەڵکی باشتر بێنن بۆ ئەوەی شاهێدەکان کە ڕاستیەکان دەڵێن وەکو خۆی بگاتە ڕای گشتی عێراقی و جیهان، ئەمڕۆ دیسان لێرەوە پیرۆزبایی لە هەموو خوشك و برا مەسیحیە بەڕێزەکان دەکەین بە یادی لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا (د.خ) لەسەر بێت، هەروەها پیرۆزبایی لە هەموو خەڵك دەکەین بەبۆنەی سەری ساڵی تازە، ئومێد دەکەین ساڵی داهاتوو ساڵی خۆشی و سەرکەوتن بێتن، ساڵی نەهێشتنی دیاردە ناشیرینەکان لە کوردستاندا بێت، ساڵی زیاتر یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم بێتن، ساڵی دابین کردنی دیموکراتیەت و چەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا بێت، ساڵی بەرەو پێشەوە چوون بێت، بۆ چەسپاندنی کۆمەڵگای مەدەنی و یەکلا کردنەوەی کەموکوڕیەکان، ساڵی ئەوە بێت جارێکی تر وڵاتەکەمان تۆپباران نەکرێت لە لایەن وڵاتە دراوسێیەکانمانەوە، بۆردومان نەکرێت لەلایەن تەیارەکانەوە، ئەو کێشانە یەکلا بکرێتەوە، خەڵکێکی زۆر باس دەکاتن کە پەرلەمان دەنگی نییە لەو تۆپبارانانەی کە دەکرێن، یاخود لەو بۆردومانەی کە بە تەیارە دەکرێن، جارێکی تر دووپات دەکەینەوە وەکو یەکەمین جار پەرلەمان ئەم بابەتەی خستە بەرنامەی کارو باسی لێوە کرد، ئیدانەی هەموو جۆرە بۆردومانێك و قەسفێك دەکەین، کە خەڵکی کوردستان تووشی زەرەر دەبن پێی، هیچ هۆیەکی وا نابینین و پێشمانوایە ئەم ڕێگایە چارەسەری هیچ کێشەیەك نییە، ئەگەر هەڵیسەنگێنین چەند بۆردومان کراوە؟ چەند بە تۆپ لێدراوە؟ هیچ نەگەیشتۆتە ئامانج و هەدەفەکانیشی نەپێکاوە، کە ئەوان بە بیانووی ئەوان ئەو هێرشە دەکەن، داوا لە هەردوو دراوسێی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەین، کۆماری ئێران و تورکیا کە ئەو بۆردومان و قەسف و شتانە ڕابگرن و بە ڕێگای ئاشتی و دیالۆك لەگەڵ حکومەتی هەرێم، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەر کێشەیەك بێتە پێشەوە چارەسەری بکەن، دیارە لە تەلەفزیۆنیش پێش چەند ڕۆژێك پیرۆزباییمان لە برا ئێزیدیەکان کرد بەبۆنەی جەژنیان، جارێکی تر لەو مەنبەرەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پیرۆزبایی لە برا ئێزیدیەکان دەکەین، ئومێدەوارین ساڵی داهاتوویان ساڵی خۆشی بێتن، هیچ ناخۆشیەکیان نەیەتە پێش، من سوپاسیشتان دەکەم، ئێستا دێینە سەر بەرنامەی کار:

خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز حاتم محمد جان حسن بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەندامی پەرلەمان کاك حاتەم محەمەد جان حەسەن داوایەکی پێشکەش بە، نوقتەی نیزام چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە غیابی کاك فرسەت، جەنابی کاك عەونیمان هەڵبژارد بوو وەکو سکرتێر بەشێوەی کاتی، مەفروز بوو ئێستا ئەو لەوێ دابنیشێت، جارێکی تر ئەوە هەڵبوەشێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو هینەکە وا نییە، گوتمان کاتی، تاوەکو کاك فرسەت غائیب دەبێت، کە کاك فرسەت هات ئۆتۆماتیکیەن ئەو کاتییە تەواو دەبێت، بەڵام ئەو نوقتە نیزامیەت بە فرسەت دەزانم سوپاسی کاك عەونی بکەم بەلای کەمی ئەو سوودەی هەبوو، زۆر سوپاسی کاك عەونی دەکەین لەو ماوەیەدا بە ئیش و کاری سکرتێری پەرلەمان هەڵستاوە دەستخۆشی لێ دەکەین ماندوو بوو لەگەڵمان، زۆر سوپاسی دەکەین.

کاك زاناو کاك کەرخی کاك سالی کۆچی ماوەیەتی، (٢٨)ی مانگ ئێمە کۆبوونەوەمان هەیە، ئەو رۆژە پیرۆزبایی دەکەین، لەبیرم بوو، بەڵام بەهەر حاڵ زۆر سوپاس (٢٨)ی مانگ دەکاتە رۆژی یەك شەممە پیرۆزە، تەبیعی لەو بۆنەیەش ئێمە بەیان دەردەکەین، پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی موسڵمان دەکەین لە کوردستان، لە عێراق، لە هەموو دنیا بەیانێکی سەرۆکایەتیش دەردەچێت، ئێستاش لە ڕێگەی ئێوەوە پیرۆزبایی لە هەموو برا موسڵمانان دەکەین، ئینشائەڵلا ساڵی خۆشی بێت و هەموو خەڵکێك و ساڵی ئاشتی بێتن، نەمانی تیرۆرو تیرۆریستان بێت، ساڵی خۆشەویستی بێتن لە بەینی موسڵمانان.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ زیاد کردنی ئەندامی ئەنجومەن بەڕێز حاتم محمد جان حسن بۆ سەر لیژنەی مافی مرۆڤ. کاك حاتەم داوایەکی پێشکەش بە ئێمە کردووە، دەڵێت من داوا دەکەم ببمە ئەندام لە لیژنەی مافی مرۆڤ، خۆی خەڵکی کەلارو گەرمیانە، حەقی خۆیەتی ئەو ناوچەیە ناوچەی شەهیدانە، ناوچەی ئەنفالە، خۆشی دەتوانێتن لەو لیژنەیەدا چالاکانە کار بکاتن، لیژنەی مافی مرۆڤیش خۆشحاڵی خۆی بۆ نیشانداوە، هیچ مانعێکیش نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بۆ ئەندامیەتی کاك حاتەم بۆ ئەو لیژنەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ قەبول کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین، ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بێت.

خاڵی دووەم/ خوێندنەوەی راپۆرتی سەردانی شاندی پەرلەمان بۆ بەریتانیاو ئێرلەندای باکوور، دیارە ئێمە سەردانێکی ئەو دوو وڵاتەمان کرد، خۆم لە خزمەتی ئەندامانی پەرلەمان چووین، ئێستا راپۆرتێکمان حازر کردووە، داوا لە خاتوو سۆزان و کاك ئارام دەکەم بێن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەیان، فەرموون.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

رِاپۆرتی سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ وڵاتی بەریتانیاو ئێرلەندای باکوور

رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١، شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار کاك عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەتی بەڕێزان: (کاك شێروان حەیدەری، کاك کەرخی نەجمەدین، کاك عبدالرحمان رضا، خاتوو سۆزان شهاب، کاك محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی)، ئارام رەسول مامند)و، ستافی هاوڕێی شاندەکە (طارق سارمەمی، علی دیدار، صباح سەلام عیسی)، بەرەو وڵاتی بەریتانیا بەرێ کەوتین.

شایەنی باسە شاندی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بانگهێشتی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەم سەردانەی ساز کردووە، لەگەڵ گەیشتن بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی (Heathrow) لە لندن لەلایەن:

(Mr. David Lawrie) – (Mr. Brian Thorp) – (Mrs. Hilda Pressede) کە بەرپرس و رێکخەری نۆفیسی سەردان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا پێشوازیمان لێکرا، دواتر هەمان رۆژ وەفدەکە بەرەو ئێرلەندای باکور بەرێکەوتین و لە فرۆکەخانەی Georg Best لە Belfas، پایتەختی ئێرلەندای باکور لەلایەن خاتوو Debbie Sweey نوێنەری وەزیری یەکەم و جێگری وەزیری یەکەم پێشوازیمان لێکراو و بەرەو شوێنی حەوانە لە هۆتێلی Eurpa بەرێکەوتین.

شایەنی باسە هۆتێلی Eurpa یەکێك بووە لەو شوێنانەی کە زۆرترین هێرشی کراوەتە سەر لە کاتی شەڕو پێکدادانە ناوخۆییەکان لە ئێرلەندای باکوورو ئێستاش بۆتە جێگای میوانداری شاندە باڵاکان، کە سەردانی پەرلەمان و حکومەتی ئێرلەندا دەکەن.

لە ٢٠٠٨/١٢/٢ وەفدی پەرلەمان سەردانی قەسری Stormontی کرد کە تەلاری پەرلەمانی ئیرلەندای باکوورەو لەلایەن Judith Murdoc پێشوازیمان لێ کرا، بەرنامەو دیدارەکان بەم شێوەی خوارەوە دەستی پێکرد:

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن Speaker: Mr. William Hay سەرۆکی پەرلەمانی ئێرلەندای باکوور پێشوازی لێکرا لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە ئارام رسول مامند تیایدا ئامادەبوو. سەرۆکی پەرلەمانی ئێرلەندای باکوور خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان و باسی

تەجروبەی ئێرلەندای باکووری کرد، کە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ شەڕو پێکدادان و کێشەی گەورەی تایفی و مەزهەبی توانیویانە هەموو لایەنە سیاسیەکانی ئێرلەندای شیمالی پێکەوە رێککەوتنێك کە لە ساڵی ١٩٩٨ بە رێککەوتنی (good faddy) ناسراوە ئیمزا کراو بووە بنەمای ئاشتی و تەبایی و پێکهێنانی سیستەمێکی ئیداری و خۆبەڕێوەبردن لەیەك پەرلەمان و حکومەتدا کۆببنەوە و خزمەتی هەرێمەکەیان بکەن، لەو دانیشتنەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سلاوی گەلی کوردستانی پێ راگەیاندن و بەفەرمی دەعوەتی سەرۆکی پەرلەمانی ئێرلەنداو سەرۆکی کوتلە سیاسیەکانی کرد، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و دواتر هەردوو لا جەختیان لەسەر پێویستی دروست بوونی پەیوەندیەکی بەهێز کردەوە، لە نێوان هەردوو پەرلەمانداو دوای گۆڕینەوەی دیاری، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دەفتەری میوانداری تایبەتی پەرلەمانی ئێرلەندای باکور یاداشتێکی نووسی و ئیمزای کرد.

دواتر شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دکتۆر Dr. Peidre Griffith کۆبوونەوە، لەو دانیشتنەدا Dr. Peidre باسی لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت پێکهاتەی پەرلەمانی کرد بۆ وەفدەکەو چەندین پرسیاری ئەندامانی وەفدەکەی وەلامدایەوە لەسەر سیستەمی پەرلەمان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و هەروەها سیستەمی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی بەریتانیا و ئێرلەندای باکور و.....هتد.

دواتر وەفدەکە سەردانی هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کردو لەو کاتەدا دانیشتنێکی پەرلەمان بەڕێوە دەچوو.

دواتر شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ Mr. John Tourne بەڕێوەبەری بەشی یاسایی کۆبۆوە، Mr. John Tourneلەو دانیشتنەدا بەوردی باسی لە رۆڵی لێژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان کردو چۆنیەتی ئامادە کردنی پرۆژە یاسایەکان و چاودێری کردنی وەزارەتەکان لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان و چۆنیەتی گفتوگۆ کردنی بودجەی ساڵانەو وەلامدانەوەی چەندین پرسیاری ئەندامانی شاندەکەمان. دواتر وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لە لایەن Mr. John Dallat جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئێرلەندای باکوور لە حزبی Social Democrate and Labour میوانداری کران. لەو دانیشتنەدا Mr. Leslie Cree ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستیUlster Unionect Pauty, Mr. Trevor Lunn ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی Alliance Party و

Mr. Alban Maginness ئەندامی پەرلەمان ئامادە بوون.

شایەنی باسە سەرۆکی پەرلەمانی ئێرلەندای باکور Mr. William Hay بۆ دووبارە بەخێرهاتنی شاندی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بەشێك لە دانیشتنەکە بوو، لە دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەڕێز Jeffrey Donoldson وەزیر لە کابینەی حکومەت و یاریدەدەری سەرۆك

وەزیرانی ئێرلەندای باکوور و ئەندامی پەرلەمانی ئێرلەندای باکوورو ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیاو بەرپرسی هەماهەنگی نێوان حکومەتی بەریتانیاو حکومەتی ئێرلەندای باکوور پێشوازیان لێکرا.

بەڕێز Jeffrey Donoldson باسی لە میکانیزمەکانی پەیوەندی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو حکومەتی ئێرلەندای باکوور کردو باسی لەوە کرد کە دەسەڵاتەکان دابەشن و ئەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانی (Westminster)ە، مەرکەزە ئەوان تەنها لە ڕێگای نوێنەرایەتیان کە ئەندامانی پەرلەمانن لە Westminster رای لەسەر دەدەن و ئەوەی لە دەسەڵاتی هەرێمە ئەوە پەرلەمان و حکومەتی خۆیان بڕیاری لێدەدات و بەردەوام لە هەوڵی چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان دانەو، دانیشتنەکە دوای وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری ئەندامانی شاندەکەمان کۆتایی پێهات و، شاندی پەرلەمان قەسری Stormontی بەجێ هێشت و بەرەو لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەرێکەوتن.

٢٠٠٨/١٢/٣ وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ نوێنەری حزبە کوردستانیەکان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم کۆبۆوە، لەو دانیشتنەدا کە خاتوو (بەیان سامی عبدالرحمان) نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا ئامادە بوو. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە وتەیەکدا باسی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و کوردستان و هەوڵەکانی چارەسەر کردنی کێشەکان کردەوەو هەروەها باسی لە دەستووری هەرێم و بەشێك لە پرۆژەکانی کە لە پەرلەمان دەرچوون و بەتایبەتی یاسای باری کەسیەتی کردو، دواتر سەرنج و تێبینی و وەڵامی پرسیاری ئامادە بووان درایەوە.

سەر لە بەیانی هەمان رۆژ شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ Mr. Alan Cogbill مودیری ئۆفیسی ناوچەی Wales لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کۆبۆوە. لەو دانیشتنەدا Mr. Alan باسی لە پێکهاتەی پەرلەمان و حکومەتی ناوچەی Wales کردو مێژووی دروست بوونی پەرلەمان و حکومەت ئاماژەی پێداو باسی ئەوەی کرد کە خەڵکی Wales بە ئارەزووی خۆیان مانەوەیان لەگەڵ بەریتانیا هەڵبژاردووە، لە ناوچەی Wales دەسەڵاتی جێبەجێ کردن زۆر گرنگی پێ دراوەو پەرلەمان ئێستا تەنها متمانە دەدات بە کابینەی حکومەت و بودجەی ساڵانە تەصدیق دەکات و تا ئێستا دەسەڵاتی یاسادانانی نەبووە، بەڵام لێرە بەولاوە لە هەوڵی ئەوەدان بەشێك لەدەسەڵاتی یاسادانان بۆ پەرلەمانی Wales دیاری بکەن. ناوبراو هیوای خواست لەسەردانەکانی داهاتوو بتوانین سەردانی پەرلەمان و حکومەتی Wales بکەین، هەروەها وەڵامی چەندین پرسیاری دایەوە.

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانی Westminsterی کردو لە لایەن بەڕێز Sir Alan Haselhurst جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیا پێشوازیمان لێکرا. لە دانیشتنێکی دۆستانەدا Sir Alan خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە سەردانی وەفدی پەرلەمانی کوردستان و

هیوای خواست ئەم سەردانانە بەردەوام بن و باسی لە پێکهاتەی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی سەرۆك و جێگرانی سەرۆکی پەرلەمان کردو پشتگیری خۆی بۆ هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان دەربڕی و هیوای خواست کە ئەم سەردانە سوودمەند بێت بۆ شاندی میوان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەو دیدارەدا سوپاسی بەڕێزیانی کردو داوای پشتگیری بەردەوامی پەرلەمانی بەریتانیا کرد لە گەلی کوردستان و دەعوەتی بەڕێزیان و سەرۆکی پەرلەمانی کرد کەسەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ وەفدەکەمان لەلایەن بەڕێز Lord Avebury کەسایەتی سیاسی ناسراو و دۆستی گەلی کوردستان و وتە بێژی لیبرال دیموکراتەکان لەسەر کاروباری پەیوەندیەکانی دەرەوەو Common Wealth لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەندامی مەجلسی لۆرداتی بەریتانیا پێشوازی لێکرا، لەو دانیشتنەدا Lord Avebury باسێکی لە مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستان و گەلی کوردستانی کردو دەست خۆشی لە هەوڵەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کردو، تەئکیدی لەوە کردەوە کە پێویستە حکومەتی بەریتانیا بەردەوام بێت لەسەر پشتگیری خۆی بۆ گەلانی عێراق و کوردستان بەتایبەتی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێوارەی هەمان ڕۆژ شاندی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی گرێدانی سیمینارێك بۆ سەرۆکی پەرلەمان کە لەلایەن سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی سەدەی داهاتووNext Century Foundation بۆ ئەندامانی سەنتەرەکە ئامادە کرابوو، سەردانی بارەگای سەنتەرەکەی کرد. شایەنی باسە سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی سەدەی داهاتو و گرنگی زۆر دەدات بە دیراسەکردنی کێشەو گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان بەتایبەتی و، ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەکانی لەسەرجەم ناوەندە دیبلۆماسیەکان هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆی هەیە. لەو کۆڕەدا سەرۆك و شاندی پەرلەمان بەوردی باسی لە پەیوەندیەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی بەغداد کردو، چۆنیەتی هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکان و، یاساکانی نەوت و غاز و هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کێشەی کەرکووك و مەجلیسی ئیسنادو ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و بەشێك لە یاساکانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوون و هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و ئافرەتان و منداڵان. دواتر بە وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری ئامادەبووانی سیمینارەکە کۆتایی هات.

لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٤ شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانی بەریتانیای کردەوە لە Minister West لەگەڵ Mr. Mike Gapes ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی بەریتانیا کۆبۆوە. لەو دانیشتنەدا Mr. Gapes بە وردی تیشکی خستە سەر کارەکانی لیژنەی

پەیوەندییەکان و هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی بەریتانیا ناوبراو باسی لەوە کرد کە ئەوان راپۆرتی جۆراوجۆر ئامادە دەکەن لەسەر کێشەو گرفتەکان لەجیهانداو پێشنیاری خۆیان بۆ حکومەت دەنێرن، زۆرجار لە کاتی دیاری کراودا وەڵامی راپۆرتەکان دەدرێتەوە و کار لەسەر پێشنیارەکانی لیژنەیان دەکرێت. هەروەها لەو دانیشتنەدا وەڵامی چەندین پرسیار داریەوەو سەرۆکی پەرلەمان بەفەرمی دەعوەتی Mr. Mike Gapes کرد بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات بە مەبەستی بینینی بەرەو پێش چوونەکان لە کوردستاندا. دواتر شاندی پەرلەمان لەگەڵ Mr. Mark Hahon بەرپرسی ستافی یاسایی پەرلەمان کۆبوونەوەو هاوکات بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەیاوەری شێروان حەیدەری سەردانی بەرێز Bill Rammell وەزیری دەوڵەت بۆ پەیوەندیەکانی دەرەوە کرد، لەو دانیشتنەدا کە خاتوو (بەیان سامی عبدالرحمن) ئامادە بوو. بەرێزBill Rammell سەرۆك و شاندی پەرلەمانی بەخێر هاتن کرد و هیوای خواست کە ئەم سەردانە سوودی لێ وەربگیرێت. لەلای خۆیەوە سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای کرد بۆ رێکخستنی ئەم سەردانەو داوای بەردەوام بوونی پشتگیری حکومەتی بەریتانیای کرد بۆ بنیاتنانی دیموکراسیەت لە عێراقدا، لە کوردستان، لە تەوەرێکی تر سەرۆکی پەرلەمان باسی لە بریاری حکومەتی بەریتانیا کرد بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی عێراقی و کوردەکان و داوای کرد کە حکومەتی بەریتانیا بەزۆر کەس نەنێرێتەوە بۆ کوردستان و، رەچاوی مافەکانی مرۆڤ بکات و، دەبێت ئامادەکاریان بۆ بکات و هاوکاری ماددی و مەعنەویان بکات، بۆ ئەوەی ئەوانەی دەگەرێنەوە بتوانن پەرە بە ژیانیان بدەن لە کوردستان. دواتر لەسەر شەرەفی سەرۆکی پەرلەمان و شاندی پەرلەمانی کوردستان لە ژووری Churchil لە تەلاری پەرلەمانی بەریتانیا نیوەڕۆخوانێك بۆ وەفدەکەمان ئامادەکرابوو لەلایەن گروپی پەرلەمانتارانی پارتە سیاسیەکان بۆ کوردستان/

(All Party Parliamentary Group For Kurdistan) کە لەم بەرێزانە پێك هاتبوو:

١- Mr. Dave Anderson (MP) – Labour Party

٢- Mr. Crispin Blunt (MP) - Conservative Party

٣-Lord Clement – Jones CBE ئەندامی مەجلسی لۆردات بوو.

٤- Lord Ahmed Nazir ئەندامی مەجلسی لۆردات بوو.

٥- Mr. Gary kent Advisor وەکو چۆن بڵێی شارەزایە.

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ لە تەلاری Portcullis House شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ Mr. Liam Laurence سەرۆکی ستافی بەشی پرۆژە یاسایەکان کۆبووینەوەو لەو دانیشتنەدا Mr. Liam بە وردی باسی لەو پرۆسەیە کرد کە چۆن پرۆژە یاسایەکان پێیدا تێپەڕ دەبێت، پێش ئەوەی لەپەرلەمان موناقەشە

دەكرێت و دواتریش سەرجەم پرۆژە یاساكان دوای ئەوەی كە لە مەجلیسی عموم قەراری لەسەر دەدرێت، دەچێت بۆ مەجلیسی لۆردات و ئەوانیش موناقەشەی دەكەن و دەتوانن گۆرانی لەسەر بكەن و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ مەجلیسی عموم و دووبارە موناقەشەی دەكەنەوەو ئەو پرۆسەیە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە پێش بڕیاری كۆتایی، لەو دانیشتنەدا Mr. Liam وەڵامی چەندین پرسیاری ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانی دایەوە. دواتر شاندەكەمان لەگەڵ Mr. Simon Patrick بەرپرسی ستافی یاسایی لە بەشی گۆڕانكاری لە پرۆژە یاساكان كۆبوینەوە، لەو دانیشتنەدا Mr. Simon باسی لەو پرۆژە یاسایانە كرد كە گۆڕانكاریان بەسەر دادێت و چۆن لیژنەكان تاوتۆی دەكەن و چۆنیەتی بۆ هەر یاسایەك لیژنەیەكی تایبەتی پێك دێت لە ئەندامانی پەرلەمان، وەك لیژنەیەكی یاسایی بۆ هەڵسەنگاندنی یاسایەكەو گۆڕانكاریەكە پێش نیازكراوەكان و راپۆرتی خۆی ئامادە دەكات و چۆنیەتی پێك هێنانی لیژنەكانی بە وردی باس كرد لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان كە لەلایەن ئەندامانی شاندەكەمان ئاراستەی دەكران.

بەس یەك تێبینی: هەرچیەكمان سوود لێ وەرگرتووە، ئەویشمان نووسیووە لە دواییدا بە هینێكی بچكۆلانە پێشكەشی دەكەین، وەكو نامیلكەیەك، چونكە بۆ گۆڕانكاریەكانی پەیڕەوی ناوخۆ زۆر سوودی لێ وەردەگرین.

لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٥ بەشێك لە وەفدی پەرلەمانی كوردستان بە سەرۆكایەتی رێزدار كاك عەدنان موفتی و ئەندامەتی بەڕێزان ((شێروان حەیدەری، كەرخی نەجمەدین، محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی)، عبدالرحمن احمد رضا))، سەردانی وەزارەتی خارجیەی بەریتانیایان كردو لەلایەن Mr. Frank Baker سەرۆكی گروپی عێراق و فایلی عێراق لە وەزارەتی خارجیە پێشوازیان لێ كرا، لە دانیشتنێكی دۆستانە Mr. Frank Baker وەفدی پەرلەمانی كوردستان بە خێرهێنا و هیوای خواست كە ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ دروست كردنی پەیوەندیەكی بەهێز لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان، سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لەلای خۆیەوە سوپاسی وەزارەتی خارجیەی كرد لە ئامادەكردنی ئەم سەردانەو هەروەها سوپاسی خاتوو Claire Bruce قونسوڵی بەریتانیای كرد لە هەولێر بۆ ماندووبوونیان و دواتر باسێكی كورتی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق و پەیوەندیەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق كردو جەختی لەسەر گرنگی جێبەجێ كردنی مادەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەی عێراق كردەوە بۆ چارەسەر كردنی كێشەی كەركوك. لە تەوەرێكی تری باسەكەیدا سەرۆكی پەرلەمان باسی لە رەوشی پەنابەرانی كورد كرد لە وڵاتی بەریتانیا و داوای كرد كە حكومەتی بەریتانیا بەشێوەیەكی نەرمتر مامەڵەیان لەگەڵدا بكات.

لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٧ وەفدی پەرلەمانی كوردستان بەمەبەستی كۆبوونەوە لەگەڵ جالیەی كوردی لە بەریتانیا سیمینارێكیان لەلایەن نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم و حزبە كوردستانیەكان لە هۆتێلی

Ramada بۆ ساز کراو لەو سیمینارەدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەوردی باسی رەوشی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و ماددەی ١٤٠ و دەستوور و یاسای نەوت و غاز و ناکۆکیەکانی تری نێوان هەردوو لا کرد، لە تەوەرێکی تری باسەکەیدا تیشکی خستە سەر بەشێك لە یاساکانی پەرلەمان وەك یاسای باری کەسیەتی و چەندین یاسای ترو تەئکیدی لە هەوڵەکانی پەرلەمانی پەرلەمانی کوردستان کردەوە بۆ یەك گرتنەوەی سێ وەزارەتەکەی کابینەی حکومەت و گرنگی رووبەڕوو بونەوەی گەندەڵی و بەرەو پێش بردنی سیستەمی ئیداری لە هەرێمی کوردستان.

دواتر ئامادە بووانی سیمینارەکە چەندین پرسیاریان ئاراستەی شاندی پەرلەمان کرد لەسەر کۆمەڵێك بابەتی جیاوازو بەتایبەتیش یاسای باری کەسیەتی کە بەشێکی باشی دانیشتنەکەی بۆ تەرخان کرا. سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ بەمەبەستی کۆبوونەوەی وەفدی پەرلەمان لەگەڵ جالیەی عێراقی سیمینارێك و ئێوارە خوانێك لە جەمعیەی لاوانی موسڵمان بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و وەفدی یاوەری ساز کرا. کە تێیدا سەرۆکی پەرلەمان بە وردی باسی هەڵوێستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی کرد لە بنیاتنانی عێراقی دیموکراتی نوێ داو، هەروەها باسی لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەردوولا کردەوەو هەنگاوە تاك رەوەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراقی بە بەشێك لە هۆکارەکانی هەندێك لە ناکۆکیەکان زانی و بەتایبەتیش لە پێکهێنانی مەجلیسی ئیسناد، لە تەوەرێکی تردا سەرۆکی پەرلەمان باسی لە یاسای نەوت و غاز کرد و روونی کردەوە بۆ ئامادە بووان کە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایی و دەستووری بووە لە گرێ بەستەکان و دواتریش تیشکی خستەسەر یاسای باری کەسیەتی و چەند یاسایەکی تر کە لە پەرلەمان دەرچوون و، وەڵامی چەندین پرسیاری ئامادە بووانی دایەوە. بەم شێوەیە شاندی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی بە بەرنامەی سەردانەکەی خۆی هێنا بۆ وڵاتی بەریتانیاو ئێرلەندای باکوور، بەشێوەیەکی گشتی هەردوو ئامانجی سەرەکی لەو سەردانە بە سەرکەوتوویی هەڵدەسەنگێنین:

یەکەم: لە دروست کردنی پەیوەندیەکی راستەوخۆی نێوان پەرلەمانی کوردستان و هەردوو پەرلەمانی بەریتانیاو پەرلەمانی هەرێمی ئێرلەندای باکوور.

دووەم: لە وەرگرتنی چەندین ئەزموونی جۆراوجۆر لە چۆنیەتی کار کردنی سیستەمی پەرلەمان لە بەریتانیاو ئێرلەندای باکوورو رێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوانیان کە دەکرێت لای خۆمان سوودی لێ وەربگرین و، لەم نزیکانەدا دەتوانین بەنامیلکەیەك بیخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان. ئەوەی لە کۆتایدا پێویستە باسی بکەین سوپاسی شاندی پەرلەمانی کوردستانە بۆ خاتوو Claire Bruceو تیمەکەی لە کۆنوسوڵیەتی بەریتانیا لە هەولێر و، سوپاسی خاتوو (بەیان سامی عبدالرحمن)و تیمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەریتانیاو نوێنەرایەتی حزبە کوردستانیەکان لەبەریتانیاو سوپاسی دەزگاکانی

راگەیاندن بەتایبەت کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەین  کە لەم سەردانەی شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵمان ماندووبوون و هاوکاری سەرکەوتنی سەردانەکە بوون. لەگەڵ ڕێزماندا، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم، ناوی کاک عبدالرحمن لە راپۆرتەکە بە کاك (عبدالرحمن رضا) هاتووە، بەڵام لە واقیعدا کاك (عبدالرحمن احمد رضا)یە، داوای لێبوردنی لێ دەکەم، هەروەها لە کۆتایی سەردانەکەمان بۆ ئێرلەندای باکوور لە ٢٠٠٨/١٢/٨ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەردانی برۆکسلی پایتەختی بەلجیکای کرد، کە داوای لێ دەکەین ئەگەر بەڕێزیان بتوانێت هەر بە کورتی تیشك بخاتە سەر ئەو سەردانە بۆ ئەندامان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خاتوو سۆزان و کاك ئارام و ئەندامانی شاندەکەمان، کە ئەو راپۆرتەیان ئامادە کرد بوو، دەستخۆشیان لێ دەکەین، ئەوەی راستی بێت رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٨ شاندەکەمان کۆتایی هێنا بە سەردانی بەریتانیاو ئێرلەندای باکوورو گەڕانەوە بۆ کوردستان، من دەعوەت کرا بووم بۆ برۆکسل، کۆنفرانسی حزبی رادیکالی ئیتالی لەناو پەرلەمانی ئەورووپادا بوو، کە ساڵانە حزبی رادیکالی ئیتالی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی دیموکراتیەکان و لیبرالیەکان لە یەکێك لە قاعە گەورەکانی پەرلەمانی ئەورووپی کۆنفرانسەکە بەسترا بوو، من و کاك بەختیار ئەمین کە سەرۆکی رێکخراوی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیە بۆ ئاشتی لەگەڵ خاتوو سەفیە کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە دەعوەت بووین لەو کونفرانسە، رۆژی یەکەم کە گەیشتینە هۆڵی کۆنفرانسەکە بیست دەقیقەیەك بەسەر دەست پێ کردنی کۆنفرانسەکە بەسەر چوو بوو، کە لە شوێنی خۆمان دانیشتین سەرۆکی کۆنفرانسەکە کە سەرۆکی حزبی رادیکالە بەڕێز (پاولۆ) وەرەقەیەکی بۆ چوو کە ئاگادار کرایەوە ئێمە چووینە ئەوێ، قسەکانی بڕی بەخێرهاتنی کردین بەناو، باسی خەباتی گەلی کوردستانی کرد، باسی پەرلەمانی کرد، دواتر گوتی من دەمەوێت لێرەدا شتێکتان بۆ بڵێم، ئێمە ئێستاکە کۆنفرانسەکەمان دەست پێ کردووە خەبەرێکی زۆر دڵتەزێنمان پێگەیشتووە، ئەویش تەقینەوە تیرۆریستیەکەی کەرکووك بوو، کە تیایدا دەیان کەس شەهید بوون و دەیانی تر بریندار بوون، لە کاتێکدا کە گەلی کوردستان خەبات دەکاتن بۆ دیموکراتی و بۆ ئاشتی تیرۆریستان کاری وا ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا کە سەرۆکی کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی لە کەرکووکدا خەریکی ئاشتی بوو، خەریکی پێکهێنانی پێکهاتەکانی کەرکووك بوو، بۆ ئەوەی عێراقیەکان شاد بن بە دیموکراتیەت، بەدامەزراندنی ئەو دەورە تازەیەی کەخۆیان دەنگیان بۆ داوە، تیرۆریستان جارێکی تر ئەم کارەیان کرد، دواتر داوای کرد لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی کۆنفرانسەکە  کە زیاتر لە (٦٠) ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا بوو تیادا بەشدار بوو، گوتی داواتان لێ دەکەم دەقیقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە لەو تەقینەوەیەدا شەهید بوون، بۆ گیانی پاکی هەموو قوربانیانی دەستی تیرۆریستان لە کوردستان و لە

عێراقدا، هەموو کۆنفرانسەکە دەقیقەیەك وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، دواتر گوتی لێرەوە ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستە دەکەین، دووپاتی پشتگیری خۆمان بۆ خەباتی گەلی کوردستان و گەلی عێراق بەگشتی لە پێناوی دابین کردنی دوارۆژێکی باشتر دەکەینەوە، لە پێناوی دابین کردنی ئازادی، تەبعەن پاشی چەند سەعاتێکیش داوای لە من کرد وتارێك بخوێنمەوە، منیش وتارێکم خوێندەوە لەو پەرلەمانە باسم کردو سوپاسم کرد بۆ ئەو هەڵوێستە مرۆڤانەی، ئەو دۆستایەتیەی نیشانیدا، باسی حکومەتی کوردستانم کردو ئەو هەنگاوانەی لە ناومانە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بۆ دابین کردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراسی و خەباتی گەلی کوردستان و گەلی عێراق لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان و خەباتی ئێستامان بۆ چاك کردنی کۆمەڵگای خۆمان و دژایەتی کردنمان بۆ ئەو شتە خراپانەی کە لە کۆمەڵگاماندا هەیە، بەتایبەتی گەندەڵی و تێکەڵاو بوونی خەڵکی ناحەز، کە دەیانەوێت وەزعی گەلی کوردستان و گەلی عێراق تێك بدەن، داواشم کرد پشتگیری بەردەوام بێت لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە، لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە، لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە بۆ خەباتی گەلی کوردستان، ئەو هەنگاوانەی کە خەباتی کوردستان لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ناویەتی، بەتایبەتی لە دەرهێنانی چەندین یاسا، ئاماژەم بە چەندین یاسا کرد، کە لێرەدا پەسند کراوە، هەروەها پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە چ ئاستێك دایە، هەروەها ئەو کێشانەی لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکان هەمانە ئاماژەم پێ کرد، داوام کرد کە شاندێکیان بنێرن بۆ کوردستان، دەعوەتم کردن و پێشوازیان لێ دەکەین، تەبعەن پێشوازیەکی گەرم کرا لە وتارەکەی من، پاشان کاك بەختیاریش قسەی کرد، ئەویش بە هەمان شێوە داوای لێ کردن کە پشتگیرییەکە بەردەوام بکات، هەر یەك ڕۆژ لە بروکسل مام، بەڵام بە فرسەتم زانی لەو یەك ڕۆژەدا سەردانی چەندین حزب و لایەنە سیاسیەکانی ناو پەرلەمانی ئەورووپا بکەم، لەوانە کۆمیسۆنی مفەوەزیەی ئیتیحادی ئەورووپی، دواتر بۆ نیومرۆیەکە دەعوەتی پەرلەمانی (فەلەمێز) بووین لە بەلجیکا کە لە ٦٠٪ی بەلجیکا، سەردانێکی ناو هینەکەمان کرد، چەندین ئەندامی پەرلەمانی فەلەمێز بۆ نان خواردن پێکەوە قسەمان کرد، وەختی ترمان نەبوو زیاتر بمێنینەوە لەگەڵ ئەوانی تر لەسەر نان خواردنەکە باسی پەیوەندی دوو قۆڵیمان کرد، ئەوانیش خۆشحاڵیان نیشاندا بەو سەرکەوتنانەی کە لە کوردستاندا دەبیستن، بەتایبەتی ئەندامێکیان سەردانی کوردستانی کرد بوو پێش ساڵێك ڕاپۆرتێکی زۆر بەنرخی نووسی بوو لەسەر وەزعی کوردستان، ئەو پێشکەوتنانەی هاتوونەتە کایەوە، دیارە تەبعەن هینی کوتلەی سەوز لە یەکێتی ئەورووپا مۆنیکای ناوە سەرۆکی ئەو کوتلەیە، ئەویش لە هەمان کاتدا لە کۆمیسۆن دایە لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری پەرلەمانی ئەورووپا، ئەویش پێشوازی لێ کردین و جارێکی تر پێشوازی خۆی و پەرلەمانی ئەورووپا سەوزەکان لە پەرلەمانی ئەورووپا دووپات کردەوە بۆ خەباتی گەلی کوردستان و بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەوێ کۆتایی هات بە سەردانەکەمان بۆ برۆکسل، پێموایە سوودێکی زۆری هەبوو بەتایبەتی لە کۆنفرانسەکە، دیارە بە سەریعی باسی ئەوەش دەکەم من لەو دوو، سێ ڕۆژەی ڕابردوودا لە بەغدا بەشداریم کرد لەو کۆنفرانسەی کە بۆ پسپۆران و شارەزاییانی عێراقی کە لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین لە

لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ساز کرا بوو، دەعوەت کرا بووین، ژمارەیەك لەو عێراقیانەی کە لە دەرەوە دەژین، بۆ ئەوەی هاوکاری و پەیوەندی قوول دروست بکەین لەگەڵ کۆمەڵگای عێراقیەکان لە دەرەوە، تەبعەن ژمارەیەکی زۆری بەرچاویش لە کوردەکان بەشدارییان کرد لەو کۆنفرانسە، ئێمەش وتارمان هەبوو وەکو سەرۆکی پەرلەمان لەو کۆنفرانسە، رەنگە لە تەلەفزیۆن ئەوە پیشان درا بێت، بەڵام بە هەندەم زانی سەردانی بەڕێز نوری مالیکیم کرد لە بارەگای خۆی نزیکەی سەعاتێك و چل دەقیقە دانیشتین بەو ئیعتیارەی پێشتریش دەیناسین، زۆر بە سەراحەت و بە تەفسیلەوە باسی وەزعی سیاسی عێراق و کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵمان کردەوە، وەکو لە ئیعلامیشدا تۆزێك بە موختەسەریش باس کرا بوو، تەئکیدم لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستیمان بەوە هەیە بە سەراحەت هەموو مەسەلەکان باس بکەین، دیالۆك ئەساسی چارەسەر کردنی کێشەکانمان بێت، پابەند بوون بە دەستوور لە کاتێکدا ئەگەر نەمانتوانی بگەینە نەتیجەیەك لەسەر چ مەسەلەیەك هاتە پێشەوە؟ ئێمە لە دەستووری هەمیشەییمان هەیە کە زۆربەی زۆری خەڵکی عێراق دەنگی بۆ داوە، ئەگەر خیلافاتمان هەبوو دەگەڕێینەوە بۆ دەستوور، ئەگەر نەمانتوانی لە خیلالی گەڕانەوەمان بۆ ئەو دەستوورە بگەینە نەتیجەیەك خەڵکی ئاسایی هەن، وەکو مەحکەمەی دەستووری، ئەوان دەتوانن یەکلایی هەر کێشەیەك کە دێتە پێشەوە بکەن، هەروەها سەردانی بەڕێز دیمستۆرام کرد لە بارەگای خۆیدا، بۆ ئەوەی بزانم دوا هەنگاوەکانی نوێنەری یوئێن چیە دەربارەی جێ بەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، ئەویش باسی لەو پەیوەندیانە کردو سەردانی خۆی بۆ چەند وڵاتێك کە کردوویەتی لە پێناوی ئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی، دووپاتی کردەوە کە ئەو پابەندە بەو وەعدانەی لێرە داویەتی لە پەرلەماندا، بۆ هاوکاری کردنی گەلی عێراق و گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی و بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەکانی ١٤٠، لەو بوارەوە گوتی من بەرنامەکەم بەردەوامە ئومێد دەکەم لەو چەند مانگەی داهاتوودا پاش تەواو بوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، من ئەو راپۆرتەی خۆم دەخەمە بەردەمتان و هەموو لایەنەکان، ئومێد دەکەم ببێتە هۆکاری ئەوەی کە بتوانین چەند هەنگاوێك بچینە پێشەوە لە جێ بەجێ کردنی ماددەی ١٤٠، هەر لێرەوە سوپاستان دەکەم هیچی ترم نەبوو، سوپاسی کاك دکتۆر کەمالیش دەکەم بیری خستمەوە کە پێویستە سوپاسی کاك دکتۆر فوئاد بابان و کاك شێخ جەعفەرو خاتوو صبریە غەفار بکەم، کە ئەوانیش وەکو شاندێکی پەرلەمان سەردانی بەغدایان کرد بوو، بۆ ئامادە بوون لە مەحکەمەی ئەنفال و کیمیاو ئەوانە بەخێر بێنەوە سەرچاو، بەڵێ بۆ مەحکەمەی کیمیابارانی هەڵەبجە.

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر بێنەوە، ئێمە ڕاپۆرتێکمان هەبوو ئەو سێ کەسەی کە چووینە بەغدا زۆر کورتە، هەرچەندە داخیلی بەرنامە نەکراوە، ئەگەر جەنابتان و برادەران ئیجازە بدەن کاک دکتۆر فوئاد بخوێنێتەوە، ڕاپۆرتێکی کورتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانع نییە جەلسەیەکی تر بخوێنەوە، بەڵام ئەگەر کورتە من شەخصیەن مانعم نییە، پێتان باشە، دەڵێن لە بەرنامەی کار نییە، لە هەفتەی دادێت، من خۆم مانعم نییە، بەڵام ئەگەر باستان کرد بوایە دەمانخستە بەرنامەی کار، هەفتەی دادێت دەیخوێنینەوە، هەفتەی دادێت دەیخەینە بەرنامەی کار، فەرموو صبریە خان.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا بۆیە حەز دەکەین، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤیش کە دۆسیەکە لەلای لیژنەی مافی مرۆڤە داواکارییەکمان ئاراستەی جەنابت کرد، کە هەمیشە پێنج دەقیقەی یەکەم لەگەڵ ئەو شتە ئانیەکانی کوردستاندا ئێمە تەفاعول دەکەین و ئاوێتە دەبین، مەسەلەی دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجەش یەکێک بوو لەشتە هەرە حەساس و گرنگەکان، یەعنی ئەگەر ئێمەش ئاماژەمان پێ نەکردایە دەبوایە جەنابتان لە کورتەیەکدا ئاماژەتان پێ بدایە، خاڵێکی گرنگیش هەیە ئەمڕۆ قسەو باسی زۆری لەسەر دەکرێت و ڕوو دەکاتە هەموو لایەکمان، ئەویش هەر پێویست بوو کە یەکێك لە پێنج تاوانبارەکان داوای هەڵوێستێك دەکات، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکمان هەبێت، بۆیە ئەگەر مەجالمان بدەیت هەر ڕاپۆرتەکەی بخوێنینەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەرار قەراری پەرلەمانە، لە بەرنامەی کار نییە، پێنج دەقیقەیەکە ئەگەر موافیقن، کێ موافیقە ڕاپۆرتەکە بخوێندرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ موافیق نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەرموو بیخوێنەوە، ڕاپۆرتەکە لە لای کێیە؟ صبریە خان فەرموو، قەراری پەرلەمان گرنگترە لەوەی نیزامی داخلیە، قەرارتاندا بخوێنێتەوە، تەواو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێمە وەفدێکی پەرلەمان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان (دکتۆر فوئاد بابان، کاك شێخ جەعفەر مستەفا، صبریە غەفار) ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٨/١٢/٣١ لەگەڵ خاتوو چنار سعد وەزیری شەهیدو ئەنفال لە بەغدا

بەشداریمان کرد لە یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی تاوانبارانی دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەم دۆسیە (٣٩٠) کەس سکاڵای تۆمار کردووە، لە قۆناغی یەکەمدا هەشت کەسیان لێ هەڵبژاردوون، لە دانیشتنی یەکەمدا تەنها یەك ئافرەت سکاڵای خۆی پێشکەش کردو بڕیارە ڕۆژانی ٢٣ی مانگ و لەوەودوا بەردەوام بێت، ئێمە ڕۆژی یەکشەممە هەمان وەفدی پەرلەمان لە پەرلەمانی حکومەت پێش دەست پێ کردنی دادگایی کردنەکە سەردانی بەڕێز کاك عارف شاهینمان کرد سەرۆکی مەحکەمەی جینائی، پێشوازیەکی گەرمی لێ کردین بە ئامادە بوونی هەر یەك لە بەڕێزان حاکم ڕەئوف و حاکم محمد عورەیبی قسە لەسەر دۆسیەی کیمیاباران و کۆمەڵێك دۆسیەی تر کە بڕیارە لە داهاتوودا بخرێنە بەردەم دادگا هاتە بەر باس و قسە لەسەر کردن، بەڕێز کاك دکتۆر فوئادیش کۆمەڵێك دۆسیەی باشی ئامادە کرد بوو سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە، کە بریتی بوون لەمانە: دوو لێکۆڵینەوەی زانستی کە لە ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٩٩ ئەنجامدراون بە سەرپەرشتی بەڕێزی و، ژمارەی ناوی (٢٨١) دێهات و شارۆچکە کە بە چەکی کیمیاوی لێ دراون ناوی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە چەکی کۆکوژیان داوەتە ڕژێم و لەگەڵ ناوی نەخۆشەکانی بەرکەوتووی کیمیاباران، بەپێی وتەی حاکمەکان ئەگەری ئەوە هەیە تا شەش مانگ ئەم دۆسیەی کیمیابارانی هەڵەبجە بخایەنێت.

تێبینیەکانی وەفد لەسەر ئەم دۆسیەو سەردانەکە:

یەکەم/ حاڵەتێکمان بینی لە سەرەتای دەست پێ کردنی دادگایی کردنەکەدا وەرگێڕ ئامادە کرا، کە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر لاواز کردنی گەیاندنی ئیفادەی سکاڵایەکە، هەروەها هەموو لایەکان ئاگادار بوون.

دووەم/ جگە لە وەفدی پەرلەمان و وەزارەتی شەهیدان هیچ بەرپرسێکی کوردمان نەبینی بەشداری بکات لەو دادگایی کردنە وەك ڕێزلێنانی زیاتر لەو کارەساتە گەورەیە.

سێیەم/ ژمارەی تاوانباران لە ناو قەفەسەکە چوار کەس بوو، کە لە چاو دادگایی کردنەکەی دوجێیل و ئەوانی تر زۆر بچووك کراوەتەوە، بەتایبەتی ئامادە نەبوونی تاوانباری پێنجەم کە شوفێری تەیارەکە بووە کەوتۆتە خوارەوە، بۆ سەلماندنی ڕاستی مەسەلەکە لە لایەن ڕژێمەوە، زۆر گرنگ بوو ئامادە بێت، گوایە هەڵهاتووە لە دەست ئاسایشی سلێمانی کە مەلەسەکە هی کوردەو لە ژێر دەستی کوردیش ئەمە بووە، لە کاتێکدا ئەمە هۆکارێکە بۆ لاواز کردنی دۆسیەکە، بەڕێزان شێخ جەعفەر مستەفاو دکتۆر فوئاد بابان و صبری غەفار، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەستتان خۆش بێت، بەڵام ئێوەش مەسئوولن و ئەندام پەرلەمانن بەرپرسن ئامادە بن لەوێ، کاك دکتۆر نوری چیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو بۆچوونە دام کەوا پێویستە سەرەتا پێنج دەقیقە تەرخان بکرێت بۆ قسە کردن لەسەر ئەو رووداوە هەنووکاییانەی کەوا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا روو دەدەن، جەنابتان ئاماژەتان بۆ تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان کرد لە لایەن هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیاوە، بەلاّم لەو باوەڕە دام کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان ئێستا جارێکی تر هەڵوێستی تازەی هەبێت، هەروەها سەبارەت بە حوکمدانی خاتوو لیلی زانا بەو چەند ساڵە چەند رۆژێك پێش ئێستا (٤٨) ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا ئەو حوکمەی ئیدانە کردووە، پێویستە ئێمەش هەڵوێستێکمان هەبێت، لێرە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو قسەکەت راستە، بەلاّم خۆزگە پێشتر پرۆژەیەکت تەقدیم کردبوایە بەنیسبەت ئەوە، ئێمە باسی تۆپبارانمان کرد گوتمان دانیشتنی تایبەتیمان بۆ کردووە، سێ جار دانیشتنی تایبەتیمان کردووە، ئێستاش دووبارە دەکەمەوە بە هەمان هەڵوێست بەرامبەر هەمان تاوان کە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەکرێت لە تۆپباران کردن و قەسف کردنی ناوچەکانی سنوور کە زیان بە خەڵك دەگەیەنێت، ئەگەر پرۆژەیەك تەقدیم بکەیت بۆ مەسائیلی تر، دەتوانیت تەقدیمی بکەیت و بیخەینە بەرنامەی کار، فەرموو کاك جەمال نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لیژنەیەك بووین لە ٢٥ و ٢٦ی مانگ بەشداری کۆنفرانسی فیدرالیزم و موشکیلەی گازو نەوتمان کرد راپۆرتەکەشمان لەلای جەنابتە نوقتەی گرنگی تیایە، بەتایبەتی لەسەر بەشدار بوونی ئێمە، لە مانگی سێدا کۆنفرانسەکە دێتە هەولێر، ئێمەش ئامادە نین، ئێمە لیژنەی تایبەتیمان نییە بۆ فیدرالیزم، بۆ مەسەلەی نەوت و گاز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمێکە یەکتریتان نەدیوە، ئەمڕۆ قسە کردن لەگەڵ یەکتری زۆرە، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی کۆنفرانسێکی تر لە مانگی سێدا دەکرێت لەسەر بنەمای بەشداری نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان لەو دانیشتنە، یۆنامی قەراری ئەوەیدا کە کۆبوونەوەی داهاتووی، دانیشتنی داهاتوویان لە هەولێر بکەن، لەبەر ئەوە پێویستیمان بەوە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لیژنەیەکی کاتیش بێت، لیژنەیەك دروست بکەین بۆ

فیدرالیزم، لیژنەیەکیش دروست بکەین بۆ کێشەکانی نەوت و گاز، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە خۆی ئامادە بکات بۆ بەشدار بوون لەو کۆبوونەوەیەی کە دەکرێت لە هەولێر لە مانگی سێدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من دەمەوێت تەوزیحێك بدەم فەقەت، تەبعەن ئێمە شاند زۆر دەنێرین، سەردانی ولاتان زۆر دەکەین، لە پاش گەڕانەوەمان دوو جۆر هین هەیە، یەکێکیان ئەگەر بێتو پەیوەندی بە یاسایەوە هەبێت، یان بە پەرلەمانەوە هەبێت راپۆرتەکە دابەش دەکرێتە سەر ئەندامانی پەرلەمان، تاوەکو هەموو ئەندامان ئاگادار بن، یاخود شاندێك لەو رۆژانەدا سەردانی قەزاو ناحیەکانیان کرد بوو، دیناو شەقلاوەو ئەوانە راپۆرتەکانیان بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمان، بەلام هەندێك سەردان هەیە، کە پێویستە خەلکیش لێی ئاگادار بێت و کۆمەلانی خەلکیش پێ بزانێت، بۆ ئەوەی رۆشنبیری پەیدا بکات، ئەمە دەیخەینە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بۆ ئێوە بخوێندرێتەوەو لە رێگای ئێوەشەوە بگاتە هەموو خەلکی کوردستان، ئەگەرنا من لەگەلتم هەموو راپۆرتێك دەبێت بە هەند وەربگیرێت، بەس ئەوەندەیە هەندێکیان ناراستەی راستەوخۆی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، هەندێکیان دەخرێنە بەرنامەی کار، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی پەرلەمان.**

لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/١٩ لیژنەی یاسایی پەرلەمان راپۆرتێکی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد سەبارەت بە هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی سالی ٢٠٠٧، لە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠٠٧/٦/١٧ لەسەر داواکاری جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کە نوێنەرایەتی حکومەتی کرد لە کۆبوونەوەکەدا داوای کرد گفتوگۆ لەسەر هەموار کردنەکە دوا بخرێت بۆ ئەو شەش مانگە، واتا بۆ ئەنجامدانی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی یاساییەکە لە کاتی جێ بەجێ کردندا زیاتر روون کردنەوە، ئێمە لە رێگای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پرۆژەکە پێشکەشی پەرلەمان کرا، مەبەستمان ئەوە بوو لە پرۆژەکە دوو ماددە بوو، یەکەمیان/ ئیلغا کردنی فەقەراتی دووەم و سێیەم و حەوتەم لە ماددەی دووەم لە قانونی باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی سالی ٢٠٠٧.

دووەمیان/ ئیلغا کردنی فەقەرەی هەشتەم لە ماددەی دووەم لە هەمان قانون.

واتا نیازمان ئەوە بوو ئاسانکارییەکی بۆ هاوولاتیانی کوردستان بێنینەدی، لەبەر ئەوەی بۆمان دەرکەوت لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆ فەرمانگاکان و بۆ دادگاکان کەوا گلەییەکی زۆر هەبوو لەسەر هەموار کردنی یاسایەکە، خەلك پێیان باش بوو کە یاسایەکە بگەڕێتەوە وەزعی خۆی، لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئێستا باسی دەکەم:

یەکەمیان/ قانونی کۆن ئیعفای تێدا بوو، بەگوێرەی تەعدیلەکە ئیعفا نەما.

دووەم/ لە قانونی کۆن هیبە لەنێوان باب و دایك و کوڕو کچ و ئەوانە هەبوو، ئێستا بەگوێرەی تەعدیلەکە ئەوانە نەماوە.

سێیەمیان/ ڕۆتین زۆر کەم بوو کە موعامەلەی کڕین و فرۆشتن دەبوو لە دەوائیری تاپۆ موعامەلەکە تەقدیم دەکرا لە ماوەی سێ ڕۆژی ئەنجامی موعامەلەکە دەکرا زەریبەکە ئەو ڕەسمەی کە تەقدیمی دەوائیری تاپۆ دەکرا ئەوە قەید دەکرا بە ئیراد بۆ خەزینە، سەدا نیوی ئەو پارەیە بوو، لەبەر ئەوە لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەی کە کرا لە ئەنجامی پێداچوونەوە پێمان باش بوو هەموار کردنەکە لەو دوو ماددەیە ئیلغا بکرێت، کار بکرێت بە یاسایەکە پێش هەموار کردنەکە، لێرە پاش ئەوەی کە جەنابی وەزیر داوای کرد گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دوا بخرێت، پێمان باشە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری کە ئێستا ئامادەیە لە پەرلەمان، سوپاسی دەکەین، ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بۆ پێشکەش بکات، تەوزیح بکات ئایا ئەنجامی ئەو جێ بەجێ کردنی ماددەکە چی لێهات؟ بەباشی دەزانێت ئێمە بەردەوام بین لە گفتوگۆ کردن و موناقەشە کردنی قانونەکە، هەتا بتوانین یاسایەك دەربکەین بەڕاستی خزمەتی هاوولاتیانی کوردستان بکەین، بارگرانی لەسەر شانی هاوولاتیانی کوردستان سەبارەت بە زەریبە کەم بکەینەوە، لە هەمان کاتیش ڕۆتین کەم بکەین، ئەو ڕۆتینەی کە ئێستا پەیدا بووە لە ئەنجامی بەدواداچوون لەسەر موعامەلەکان ڕۆتینێکی زۆر موعەقەدە، وەقتێکی زۆری دەوێت وەکو ئیشارەتم پێدا لەوەی پێشتر موعامەلەی کڕین و فرۆشتن لە تاپۆ لە ماوەی دوو، سێ ڕۆژ تەواو دەبێت، ئێستا دوو هەفتە، سێ هەفتەی پێ دەچێت، زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەندێك روون کردنەوەم نووسیووە دەربارەی ئەم یاسایە، پێشەکی داوای لێبووردن دەکەم، جاری یەکەم من ئامادە نەبووم وەزیری دارایی و ئابووری ئامادە بوو جەنابی کاك سەرکیس، من ئامادە نەبووم لەو کۆبوونەوەیە وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، ئێستا وەزارەتەکە خۆی ئامادە بوو، ئەو پرۆژەیەی کە بەڕێزتان ئامادەتان کردووە بۆ هەموار کردنی یاسای هەموار کراوی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموار کراو، باشتر وا بوو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، هەتا ڕاو سەرنج و دەرکردنی وردەکاریەکانی لە لایەن ئەو وەزارەتی داراییەوە بکرایە، ئێستا بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەمە ڕوو:

١-سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕگەکانی دوو و سێ و حەوت لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، کار کردن بە بڕگە هەڵوەشاوەکان، واتا گەڕانەوە بۆ یاسای کۆنی باجی دەرامەت کە داوای دووبارە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دوو لە بڕیاری ژمارە (٥٢٠)ی ساڵی ١٩٨٧، واتە بەخشینی هیبە لە باجی دەرامەت،

هەروەها جێ بەجێ کردنی بڕگەی (٢٠) لە ماددەی حەوتی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢، کە ئەم بڕگەیە دە حاڵەتی یاسایەکە لە خۆوە دەگرێت بە بەخشین لە باج بۆ مامەڵەکانی خاوەنداریەتی خانووبەرە، هەروەها جێ بەجێ کردنی ماددەی چوار لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩ کە هەمان بابەتی لێبووردنی رەهایە بۆ فرۆشتنی خانووبەرە، دیارە دووبارە جێ بەجێ کردنەوەی ئەو بڕگەو ماددانە بۆ مەبەستی بەخشینی لە باج پێویستی بە دیاری کردنی فازانج هەیە، ئەویش بە بەراورد کردن لەنێوان بەها (قیمة) و کولفەدا، پێش پێدانی ئەو بەخشینە، هەروەها پێدانی بەخشین لە باج واتا (اعفاء مطلق) پێویستی بەوەرگرتنی زانیاری تەواو هەیە سەبارەت بە موڵك، هەتا بزانرێت ئیعفاش شمولی دەكات، یاخود مەرجی ئیعفای نییە بەپێی یاسایەکە، ئەو بڕگەو ماددانەی کە خاڵی یەك و دووی سەرەوە ئاماژەمان پێداوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی تایبەتمەند جێ بەجێ دەکرێت، واتا بەپێی ئەو پڕۆژەیەی بەڕێزتان پێویستە هاووڵاتیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت و تاپۆ بکەن، واتا ئەمەش ئەرکی هاووڵاتیان ئاسان ناکات، بۆ زانیاری هەر باجێك دیاری بکرێت لەسەر مامەڵەی گواستنەوەو خانوو و خاوەنداریەتی موڵکدا، دەبێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت تایبەتمەند وەربگیرێت، ئاگاداری بەڕێزتان دەکەم کە وەزارەتی دارایی عێراق نووسراوێکیان ئاراستە کردووین بە ژمارە (٤٠١) لە ٢٠٠٨/٦/٢٦، ئێمەش لەسەر ئەو نووسراوە نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە (٣١٦٤) لە ٢٠٠٨/٨/٢٦، کە داواکارییەك لە لایەن وەزارەتی دارایی کە داواکارییەکانی وەزارەتی دارایی عێراقمان بۆ روون کردەوە، بەڕێزیشیان بە نووسراویان ژمارە ( ) داوای جیاوازیەکانی باجی دەرامەت، باجی خانووبەرەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵیان کردووەو، ئێمەش ئێستا خەریکی گەڵاڵە کردنی ئەو جیاوازیانەین، تا بزانین سیاسەتی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژەیە دوا بخرێت، هەتا بزانین لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەگەڕێینەوە کوێ، ئینجا بۆ مەعلوماتی جەنابیشت هەرچەندە لەو مەوزوعە دەردەچم، تەبیعی باجی دەرامەت هەر هەمووی لەگەڵ هەموو پارە رەسمەکان، لەگەڵ گومرگەکان هەموویان میزانیەی بە کۆتایی ئەم مانگە لە سولفەی میزانیەی ئێمەیان بڕی، یەعنی واتا ئیراداتیان لە ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ٢٠٠٧ ئەوەی لە میزانی موراجەعەدا ئێمە ناردوومانە بۆ بەغدا مەقاصەیان پێ کردو لە سولفەکان، لە ئیرادەکانمانیان بڕی لەو تەغیرەی کە بۆمان دەنێرن، بۆ مەعلوماتی جەنابت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر تۆ قسەت نییە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم یاسایە ساڵێك کەمترە ئێمە هەموارمان کردووە، دیارە هەموو یاسایەکیش لە بواری جێ بەجێ کردندا تا خۆی دەسەلمێنێت و تا لایەنی خراپ و باشەکانی دەردەکەوێت کاتێکی دەوێت لە پراکتیکدا، ئەو

کاتە بۆچوونی ئێمە هێشتا نەهاتووە، چاکتر وایە ئێمە چاوەڕوان بکەین بزانین زیاتر لێ بکۆڵینەوە، تاکو بزانین لایەنە خراپ و لایەنە چاکەکانی چیە؟ جگە لەوە لەسەر ئەو روون کردنەوانەی کە جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری رووونی کردەوە چاکتر وایە دوا بخرێت، پێشی هەموو شتێك بەڕاستی ئەم پرۆژە یاسایە نەهاتووە بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری، تاکو ئێمە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و راو بۆچوونی خۆمان لەسەر بدەین، بۆیە منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابی وەزیرم کە دوا بخرێت و وردتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئێمەش بتوانین رەئی خۆمان لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستی ئێمە لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری بوو وەختی خۆی کە داوامان کرد گوتی تا کۆتایی ساڵ ماوەمان بدەنێ، لە کۆتایی ساڵ ئەو هەموار کردنە بخرێتە ئەو وەختی، بۆیە ئێستا لیژنەی یاسایی پێشی چەند رۆژێك مابوو بۆ ئەمسالە ئەوەی پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوەشدا تەبعەن ئەو رەئیەی وەزیری دارایی و ئابووری داوا دەکات دوابخرێت، لیژنەی دارایی و ئابووری پشتگیری لە داوایەکەی دەکاتن، ئێستا کاك عەونی و کاك شێروان قسە بکەن وەکو دوو رەئی جیاواز، دوایێ دوو کەسی تر قسە دەکاتن، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دکتۆر دلێر جەنابی سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێت پرۆژەکەمان بۆ نەهاتووە، ئێمە لە سەرەتای قسە کردنمان ئیشارەتم پێدا لە ٢٠٠٨/٦/١٧ دواخرا لەسەر داواکاری جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری جەنابی سەرکیس ئاغا جان، کاك دکتۆر دلێر لەگەڵمان لەسەر مەنصە بوو ئاگای لە وەزعەکە هەیە، چۆن دەبێت بڵێت پرۆژەکە بۆمان نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە کە هەڵستاین وەکو پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسند کردنی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، دوو ئامانجی سەرەکیمان هەبوو، یەکەمیان/ ئەوە بوو ئیلغا کردنی ئەو قانون و ئەو بڕیارانەی لەکاتی هەردوو ئیدارە دەرچووە لە هەولێرو لە سلێمانی.

دووەمیان/ ئەوە بوو تەوحید کردنی ئەو یاسایانە بە یەك یاسا، ئەویش یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ بوو کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١/١وە پیادە دەکرێت تا ئەمڕۆ، بە قەناعەتی من ئەو یاسایە ئیجابیاتێکی زۆر باشی تێدایە، بۆ سووك کردنی باجی دەرامەت لەسەر هاووڵاتیان، چونکە ئەگەر تەماشای خاڵەکانی ئەم یاسایە

بکەین بە سەدان هەزار کەسمان ئیعفا کردووە، وەکو ساحێب تەکسیەکان، وەکو ساحێب پاصەکان، وەکو ساحێب پیکەبەکان، وەکو ساحێب دەراسەو تراکتۆرەکان، زۆر کەسمان ئیعفا کردووە لە زەرائیب، جگە لەوەش فەرمانبەرمان ئیعفا کردووە لە زەرائیب بەنیسبەت رەواتب تا حەددی حەوت سەد هەزار دینار لە هەمان کاتدا سماحاتمان بەرز کردۆتەوە سەبارەت بە خێزان، چ مەسەلەی ژن بێت، چ مەسەلەی پیاو بێت، چ مەسەلەی منداڵ بێت، چ مەسەلەی بێوەژن بێت، یاخود ئەو کەسانەی کە تەمەنیان زۆرە، لە هەمان کاتدا توانیمان رێژەی حیساب کردنی ئەرباح بەنیسبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن لە ٤٠٪ەوە دابەزی بۆ ١٥٪، بە حەقیقەت ئەمانە هەمووی ئیجابیاتی ئەم یاسایە، بەڵام ئەم یاسایە لە کاتی جێ بەجێ کردندا ئەکیدەن مومکینە کەموکوڕی هەبێت، زۆر شتێکی تەبیعی و زۆر شتێکی ئیعتیادییە، بەڵام پێویستە ئەمە هەمەلایەنە موعالەجە بکرێت، حکومەت و پەرلەمان و لیژنەی قانونی، لیژنەی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی و هاوکاری هەمووومان هاوکار بین، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی رێك و پێك ئەنجام بدرێت و پەسند بکرێت لە پەرلەمان، ئەوەی کە لەو پرۆژە دایە بەڕاستی لەو قەناعەتە دام کە خاڵی ئیجابی تێدایە، بەڵام خاڵی سەلبیشی تێدایە، خاڵە ئیجابیەکە ئەوەیە بەڕاستی خانووی سوکنە هاتۆتە گۆڕێ کە ئیعفایەکی موتلەق بکرێت، بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەمە کە خانووی سوکنە، یاخود شوقەی سەکەنی ئیعفایەکی موتلەق بکرێت، خازعی هیچ نەوعە زەریبەیەك نەبێت، ئەمە لە لایەك، بەڵام بەڕاستی ئێمە لەو وڵاتە بەناو سیستەمی موئەسەساتی دەچین ناکرێت ئێمە مەجال بدەینە دائیرەیەك لە جیاتی دائیرەیەکی تر رسومات وەربگرێت، ناکرێت ئێمە مەجال بدەینە دائیرەی تاپۆ کە سەر بە وەزارەتی عەدلە رسومات وەربگرێت لەجیاتی دائیرەی زەریبە کە سەر بە وەزارەتی داراییە، ناکرێت ئێمە هەروەکو لەو پرۆژەیەدا هاتووە مەجال بدەینە ئەو کەسانەی کە تیجارەت بە ئەرازی دەکەن تەصاعودیەکەیان نەمێنێت بێنینەوە سەدا نیو، من لێرە زەریبەی لێ وەربگرم، بۆیە لەبەر ئەو وەزعەی ناو پرۆژەکەدا هاتووە، منیش تەئیدی جەنابی وەزیر دەکەم کە تەئید بکرێت بە پەلە دیراسەت بکرێت خاڵە ئیجابیەکان کە دەگەڕێتەوە سەر هاووڵاتیان بە سووك کردنی باج لەو حاڵەتانەدا پەسند بکرێت، ئەوەی تریش بەلاوە بنرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم سەیرە حەوت مانگ پێش ئێستا مەجالمان داوە بە حکومەت کە بیری لێ بکاتەوەو قسەی خۆی لێ بکات و دیراسەی بکات، دوای ئەو حەوت مانگە هێشتا دیراسەکەیان وەك پێویست نییە، جگە لەوەی هەروەکو کاك عەونی باسی کرد لیژنەی دارایی پێویست بوو لە مانگی پێنجدا کە ئەو پرۆژەیان دراوەتێ تا ئێستا دیراسەی خۆیان بکردایە، جگە لەوە من هەفتەی پێشوو خۆم پەیوەندیم کردووە بە وەزارەتی هەرێم، قسەم لەگەڵ کاك دڵشاد کردووە کە لەگەڵ جەنابی وەزیردا پێکەوە دانیشتوون لە جیاتی هەردووکیان وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە، کە ئێمە ئەم هەموارە بکەین لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، من نازانم ئێستا بۆ رەئیەکە گۆڕاوە، بۆیە داوا دەکەم کە بەردەوام بین، لەکاتی موناقەشە کردندا، ئەگەر شتێکی تازە هاتە پێشەوە جەنابی وەزیر رەئی خۆی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار کە جەنابی سەرکیس لێرە ئامادە بوو ئەو بڕیارە درا کە تەئجیل بکرێت شەش مانگ، ئەو وەختە وەفدی عێراقی زیارەتی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقیان نەکرد بوو، ئەو قەرارەی خۆیان کە بۆ ئێمە ئاگاداریان کرد بووینەوە، ئێمەش ئاگاداری حکومەتمان کردۆتەوە، کە دەبێت ئێمە ئەوە جێ بەجێ بکەین، تا ئێستا لەبەر ئەوە ئەم وەختە ئەوە نەبوو.

دووەم/ ئەوەی کە کوێستان خان دەفەرموێت من دانیشت بووم، بەڕاستی فیعلەن تەلەفۆنی بۆ کاك دڵشاد کرد، کاك دڵشاد کە وەڵامی دایەوە خۆی جوابی دایەوە بە منی گوت، دوایی لێی پرسیم ئەو مەسەلەیە چیە، گوتی ئەوە مەوزوعە ئەوهایە، گوتم باشە فەرموو دیراسەتی بکەن، دیارە ئەوە کاك بێستون خۆی مەجودە، دیراسەت کراوە لە هەردوو وەزارەتی دارایی، یەعنی ئێستاکە بۆچوونەکەی ئێمە دەبێت تەئجیلی بکەین، یەعنی ئێمەش داوا دەکەین لە بەڕێزتان تەئجیلی بکەین، هەتا ئێستا ئێمە هیچ وەزعێکی خراپ نەهاتۆتە پێشەوە وەکو ئەوەی مولاحەزات تەسجیل بکەین لەسەر ئەو زەریبەی کە تاکو ئێستا بۆمان دێت، ئەگەر بێتو ئیحصائیاتی ئیعفائاتمان لە لایە ئەو تەبەقانەی کە ئیستیفادەیان کردووە لە ئیعفائات تەبەقەی فەقیرن لە ١٠٠٪، لە بیست هەزار معامەلە موجودە لەلامان، رەنگە پێنج هەزار موعامەلە مەشمول بێت بە دانی زەریبە، ئەوانی تر هەمووی ئیعفائات شمولیانی کردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەم مەشروعە لیژنەی پەیوەندیدار لەناو پەرلەمانی کوردستان لیژنەی دارایی و ئابوورییە، هەروەها لە حکومەتیش وەزارەتی داراییە، جەنابی وەزیر داوا دەکات و پێشنیار دەکات کە وەختی بدرێتێ بۆ ئەوەی جوانتر دیراسەت بکرێت، هەتاکو شتێك گەڵاڵە بکرێت لە بەرژەوەندی گشتی و هەرێمدا بێت، بۆیە من رەئیم دەخەمە پاڵ رەئی جەنابی وەزیرو لیژنەی دارایی، پەرلەمانی کوردستانیش کە مۆڵەتیان پێ بدرێت وردتر دیراسەت بکرێت و دوا بخرێت، بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەحمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەزانم سەرەتای تەعدیلەکە کۆمەڵێك پارێزەر ئەو پرۆژەیان دروست کرد دایان بە پەرلەمان کە ئەو تەعدیلە بکرێت، ئەو تەعدیلە لە صەلاحیەتی موشتەرەکەیە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو مەسەلەیە بکات، کورد پێویستی بە بەغدا نییە، کێشەکە لە چی دروست بووە؟ ئەم تەعدیلە نوێیە مەسەلەکەی درێژ کردۆتەوە، یان بڵێین فورسیەکی لەسەر جۆریەتی بەڕێوەبردنی معامەلە دروست کردووە، وەکو لە کوردیدا دەڵێین (گوێی چەپت کامەیە)، لێرەوە دەست نەبات بۆ ئێرە هەر یەکسەر ئەو پێشووەکە ئاسان بوو لە تاپۆ هەموو شتەکان دروست دەبوو، بەس ئێستا زۆر بووە، یەعنی هاووڵاتی زۆر ماندوو دەبێت، ئێمە ئەگەر بتوانین ئەوە بەشێوەیەکی نیزامی، یان بە هەر شێوەیەك چارەسەر بکەین، پێموایە تەعاونێك دەکەین لەنێوان ئەوەی کە ئێستا وەزارەتی دارایی دەیەوێت، ئەوەی کە ئێستا تەعدیلەکە کراوە، یەعنی ئەم خەڵکە کە ئێستا سکاڵای هەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنەکەیە زۆر بووە، ئەگەر جاری ئەوسا بە رۆژێك بکرایە، ئێستا بە دوو هەفتە ناکرێت، یەعنی خەڵك تەواو ماندوو دەبێت بە دەستی، دەتوانی بڵێی هەموو خەڵك ئەگەر کورتیەکە وا بێت، هەموو فەقیرێکیش دەتوانێت بە پارێزەر بیکات، بەس ئەوسا کابرا فەقیرە بەخۆی دەیکات، ئەمە چارەسەری مەلەسەگە پێموایە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەر یەك پێشنیارم هەیە، ماوەکە دیاری بکرێت لە ٤/١ەوە بۆ ٤/١٥ لە خیلالی ئەو پازدە رۆژە هەموار بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو ماوەیە دیاری نەکرێت، چونکە مانگی یەك و دوو پشوومان هەیە، لە

مانگی سێشدا لەوانەیە پازدە ڕۆژ بەسەر بچێ ئینجا دەست بەکار بینەوە بۆ دانیشتنی نوێ، یەعنی بە تەئکید ئەگەر لە ٤/١ بۆ ٤/١٥ دەست پێ بکات زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەقصەد ئەوەیە ئەو ماوەیە دوابخرێت، لە ئێستاوە چۆن قەرار بدەین هەموار بکرێت، ئێوە قەرار دەدەن پاش موناقەشە قەرار دەدرێت، بە هەر حاڵ ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەك ئەوەیە کە جەنابی وەزیرو لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێن دوابخرێت، هۆیەکانیشی دیار خست لەلایەن چەند ئەندامێکیش پشتگیری لێ کرا، ڕەئیەکەی تریش دەڵێت بەردەوام بین، وابزانم ڕەئی سێیەم نییە، ئەگەر ڕەئی سێیەم هەیە، کێ ڕەئی سێیەمی هەیە بڵێت؟ باشە فەرموو کاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی من ئەوەیە بۆ سەبەبێك دوو جار تەئجیل کردنی مەشروعێك کە پەیوەندی بە خەڵکە، وابزانم لەجێی خۆی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئی سێیەم نییە، یەعنی تۆ موئەیدی ئەوەی کە تەئجیل نەکرێت، کاك ئارام ڕەئیی سێیەم، ڕەئی مەدەن نابێت، چونکە دوو ڕەئیەکە درا، وازیح بوو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بکەین لەم هەموار کردنەی کە ئێستا پێشنیار کراوە، بەڕاستی ئەوان داوای ئەوە دەکەن ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسایەك کە لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، من بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بە بەرەو پێشچوون نازانم، ئێمە دوای گۆڕانکارییەك تا شەش، حەوت مانگێك کردوومانە جارێکی تر بڕیار بدەین و بگەڕێینەوە بۆ یاسایەك لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ڕەئی سێیەم نییە، ڕەئی سێیەم نییە، بەڵام هەر گوتم، ڕەئی سێیەم من پێتان بڵێم چیە، ڕەئی سێیەم تەمەنام دەکرد یەکێکتان بڵێن، بەس نەتانگوت، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی سێیەم ئەمەیە بڵێن خۆی ئەم پرۆژەیە هەندێك لە ئەندامان دروستی کردووە، فورسەمان دا جارێکی بۆ حکومەت کە ئەمە دیراسەت بکرێت، ئێستاش جەنابیان هەر دەڵێن پێویستمان بە زیاتر وەقتە، هەرچەندە وابزانم لەگەڵ ئەسڵی فیکرەکە نین، بەڵام هەر بەناوی تەئجیل دەنێن، ڕەئی سێیەم ئەوەیە

ئێمە دەڵێین ئەم پرۆژە لەغوە، هەر لەغو بێت تەواو، پاش ئەوەندە مانگی تر حکومەت پرۆژەیەکی تر بنێرێت بزانن ئەگەر نەواقص هەبێت ئەوە رەئی سێیەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك، جانبێك بەڵام خۆی نەك رەئی بڵێم ئەوە جەنابت شتێکت گوت نزیك بۆوە لە هینەکە، لەڕاستیدا کاك شێخ ئاماژەی بە شتێك کرد، باج فیدراڵیە پارەکە لەوێ لێیان دەبڕدرێت، لەبەر ئەوە رەچاو کردنی ئەو مەوزوعە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا یەکلا بکرێتەوە چەندە؟ چۆن نییە، داهاتەکەش بۆ ئەوێیە، مەسەلەیەکی وا ئاسان نییە ئەوەی بکەین، بۆیە بە حەقیقەت من رەئی تۆ ناتەوێت لێرە شتێك هەموار بکەیت، تۆ حکومەت کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی هەیە، کۆمەڵێك ئەسبابی نیشانداوە، کە ناکرێتن خۆی مەسئولیەتەکە دەخاتە سەر شانی خۆی دوابخرێت، ئەو دەزانێ، ئەگەر موافیقیش بێتن دیسان ئەو مەسئولیەتەکە هەڵدەگرێت، بە هەر حاڵ بڕیار بڕیاری خۆتانە، ئەو پێشنیارەی کە هاتە پێشەوە لەلایەن وەزیرەوە، لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە کە دوا بخرێت بۆ ماوەیەك لە مانگی چواردا بەڕێگای کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەدواچوونی بۆ دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەئیم وایە نە دوابخرێت، نە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوها لێبگەڕێت، ئەوە رەئی سێیەمە، پێشنیاریش دەکەم لەمەودوا هەردوو بەڕێز وەزیری دارایی، هەر دوو بەڕێزیان پێکەوە ئامادە بن، هەر جارێ یەکێکیان دێت داوای دواخستن دەکات بۆ ماوەیەك بۆ خۆی، هەردووکیان پێکەوە نەبێت ئامادە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن یەك وەزیرە ئێستا، کاك شێخ بایز وەزیری دارایی و ئابوورییە، یەعنی هەم هەرێمە، هەم وەزیری دارایی کاك سەرکیس نەخۆشە، ئینشائەڵلا چاك دەبێتەوە، بەڵام ئەو وەزیرە ئێستا، ئەوە یەك.

دووەمیش/ رەئی تۆ هەروا بەجێ بهێڵین، شتی وا نییە، ئەوە رەئی نییە، بەهەر حاڵ داوای وەزیری دارایی و ئابووری کاك شێخ بایز کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە بۆ دواخستنی گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دواخستنیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٤٠) دەنگ بە (٣٧) دەنگ، کەواتە دوا دەخرێت، رەئیەك هەیە دەڵێت پشوومان کەم بکەینەوە دوو مانگەکە، یان پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو بکەین، ئەوە یەك.

دووش/ خۆتان ئامادە بکەن کە هەر وەختێکی پرۆژەکەی دەستوور تەواو بێت بە دانشتنێکی نائاسایی.

سێ/ هەر وەختێکی پرۆژەی بودجە هاتەوە، بودجە هات بۆ ئێمە ئەوەش دەبێت بێن لە کوێ بن، نەك عوتلەکەتان هین بکەن، کەواتە هەفتەی داهاتوو پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان رۆژی سێ شەممە،

ئەوەك دوو شەممە عوتلە بێت، ئەگەر یەك شەممە عوتلە نییە، با یەك شەممە بێت، ڕۆژی سێ شەممە سەعات دەو نیوی بەیانی، سێ شەممەو چوار شەممە تەواوی دەکەین ئینشائەڵلا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا ڕۆژی سێ شەممە سەعات دەو نیو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٢٤)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٣٠\١٢\٢٠٠٨**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (٢٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣٠

کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی دووەم، ساڵی (٢٠٠٨)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگە (١) لە مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٣٠دا بەم شێوەیە بێت:

١- باسکردنی بابەتی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان.

٢- گفتوگۆ کردنی بابەتی دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- راگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی بەستنی دووەمی ساڵی دووەمی ٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار کە لەم خاڵانە پێك دێت:

١- باسکردنی بابەتی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان.

٢- گفتوگۆ کردنی بابەتی دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- راگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی بەستنی دووەمی ساڵی دووەمی ٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

دوو مەسەلەی تریش هەیە کە لە بەرنامەی کار دانیە، بەڵام لە سەرۆکایەتی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان باسمان کرد پێش ئەوەی بێینە ئێرە، داوا لە من کرا کە باسی لێوە بکەم.

یەکەم: ئەو ڕووداوانەیە کە لەو چەند ڕۆژەی دواییدا شەڕوپێکدادانی زۆر هاتووەتە پێشەوە، لە ئەنجامی بۆردومان کردنی شاری غەززە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلیەوە کە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر

بکوژرێن و بریندار بن، کە ئەوەش بووەتە جێگای نارەزایی سەرتاسەری دنیا کە ئەوانەی بە دوای مافی مرۆڤ و پاراستنی خەڵکی مەدەنین، لە هەموو دنیا خەڵك نارەزایی دەربڕیوە، چ وەکو پەرلەمان و چ وەکو حکومەت، چ وەکو ئەحزاب، ئێمەش وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان نارەزایی خۆمان رادەگەیەنین بە زیادبوونی توندوتیژی لەو ناوچەیەدا کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی سیڤیل بەربکەون، ئێمە داوا دەکەین بە زووترین کات ئەو شەڕە رابوەستێت و بەکارهێنانی چەك بەو شێوەیە لە هەر چ لایەنێك بێت، لەلایەن ئێمەوە قابیلی قبوڵ نیە و رەفزی دەکەین، داوایان لێ دەکەین کە مەنتق و عەقڵ پیادە بکەن، تەنها رێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە کە کێشەی فەلەستینە، کە میللەتی فەلەستینیش وەکو هەموو میللەتانی تر مافی چارەنووسی خۆی هەیە بە رێگای ئاشتی و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان کە داوایان کردووە شەڕ بە زووترین کات رابوەستێت، هەروەها دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی پەرلەمانی ئەوروپا و وڵاتانی ئیسلامی و دەوڵەتی حکومەتی عیراقی فیدراڵ کە داوای کردووە ئەم شەڕە رابگیردرێت و بە هیچ شێوەیەك زەرەر نەگاتە خەڵکی مەدەنی.... بەڕێز د.نوری گوتمان لەسەر ئەوە قسە ناکەین، بەڵام فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی جەنابت بۆ ئیدانە کردنی ئەو هێرشە نارەوایەی ئیسرائیل بۆ سەر ناچەی غەززە، ئێمە پشتگیری لە گەلی فەلەستین دەکەین، نەك لەو هێزانەی کەوا ئەو گەلەیان تووشی ئەو کارەساتە کردووە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کە پشتگیری لە هەموو گەلان بکەین کە کەوتوونەتە بەردەم ئێش و ئازار، بەڵام لە هەمان کاتیش دا لەسەر داواکاری جەنابت لە دوا کۆبوونەوەی هەفتەی رابردوو دا داواتان کرد دوو پرۆژە ئامادە بکرێت، یەکەمیان بۆ مەحکوم کردنی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکان لەبەردەم جەنابت دایە، هەروەها داواکارییەکی تر بە ئیدانە کردنی حوکم دانی خاتوو لەیلا زانا بە ١٠ ساڵ زیندانی لەلایەن دادگایەکی تورکیەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ پرۆژە یاسایەك نەهاتووەتە لای من دەبووایە بچێتە کاروباری ئەنجومەنی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەوێ رەئی خۆیان بدەن و بیخەنە بەرنامەی کار، لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر بهاتبایە ئێمە ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی رەئیس فراکسیۆنەکان باسمان دەکرد، بە هەرحاڵ ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە جارێکی تریش نارەزایی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ هەر بۆردومانێك کە لەلایەن دراوسێکانمان، کە لەلایەن ئێران و لەلایەن هێزەکانی تورکیا بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، پێشمان وایە وەك هەموو جارێکیش باسمان لە

ئەوە کردووە  کە ئەم جۆرە تۆپبارانانە بە سوودی هیچ لایەکمان نیە، نە بە سوودی دراوسێکانمانە و نە بە سوودی عیراقە ۆ نە لە سوودی هەرێمی کوردستانە و نە بە سوودی باشکردنی پەیوەندیەکانی هەرێمە کە دەمانەوێت لەگەڵ دراوسێکانمان لەسەر ڕێزگرتن لە یەکتری و تەدەخول نەکردنی لە کاروباری یەکتری دروست بێت، نامانەوێت گەشە بکات، باشترین شێوە ئەوەیە کە ئەو تۆپباران کردنە بە قەتعی ڕابگیردرێت و ڕێگای گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی کوردستان ببێتە ئەساسی چارەسەر کردنی هەر کێشەیەك کە لە سنوورەکانمان دا دێتە پێشەوە، هەروەها ئێمەش رەئیمان وەکو مافێکی مرۆڤ دەخەینە پاڵ ئەوەی کە لەیلا زانا تێکۆشەرێکی دێرینە و بەڕێگا دیموکراتیەت هەڵبژێردرا پێشتر لە خولێك دا و ئێستاش داوا دەکەین بە هیچ شێوەیەك حوکمێکی ناڕەوا بەسەری دا نەسەپێندرێت و بە ئازادی بتوانێت بژیت، خاڵی دووەم کە دیسانەوە داوایان لە من کرد کە قسەی لەسەر بکەم، مەسەلەی ئەو فڕۆکەوانەیە کە هەڵاتووە لە زیندانەکانی ئاسایشی سلێمانی، لەو چەند ڕۆژەی دوایی دا بۆتە هۆی ئەوەی نیگەرانی و ناڕەزایی خەڵکێکی زۆر کە ئێمەش ناڕەزایی دەردەبڕین لەوەی کە ئەگەر بێتو ئەو ڕاکردنە تەفسیلاتی نەدرێت بە ئێمە، حەقی خەڵکی خۆمانە کە داوا بکات لە حکومەتی هەرێم ڕوونکردنەوەی هەبێت، لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کودرستان دا یاداشتێکی داوەتە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی، (ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان داواکارین لە ڕێگای سەرۆکایەتیەوە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە ڕوونکردنەوەی تەواو بدات بە چۆنیەتی ڕاکردنی ئەو فڕۆکەوانەی کە ناوی (طارق رمضان)ە، لە کەیسی کیمیا بارانی هەڵەبجە ناوی هاتووە و یەکێکە لەو پێنج تۆمەتبارە، بۆ ئەوەی ڕاستی ڕووداوەکە بۆ خەڵکی کوردستان روون بکرێتەوە)، دیارە کە ژمارەیەك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخراوەکانی کە بەرگری لە مافی کەسوکاری کیمیاباران و ئەنفال دەکەن، بە شێوەی جۆراوجۆر لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتیش ئەوانیش داوایان کردووە ڕوونکردنەوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی بزانرێت چۆنە، ئێمەش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لێکۆڵینەوە بکات لەو مەسەلەیەدا، بۆ خەڵك روونبکاتەوە، داوا لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەکەین کە بەدواداچوونی هەبێت بۆ ئەو داوایەی ئێمە لە حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت و ئەگەر پێویستیشی کرد لەگەڵ وەزیری ناوخۆش پەیوەندی بکەن، بۆ ئەوەی ئاگاداری پەرلەمان بکەنەوە لە دوا هەنگاوەکانی حکومەت بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو تەفسیلات سەبارەت بەو ڕووداوە، دێمە سەر بەرنامەی کار، باس کردنی بابەتی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ......، بەڵێ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتێکی تر هەیە و من حەز دەکەم بە کورتی بیخەمە ڕوو، لە ماوەی ڕابردوو دا ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان بە دوای ئیش و کاری خۆمان دا چووین و ئەرکی خۆمان بە جێ گەیاندووە و ئەرکی سەرشانی خۆمان جێ بە جێ کردووە، داوامان کردووە و هەندێ تێبینی و سەرنجمان لەسەر وەزارەتی وەرزش و لاوان هەبووە بە ڕێگای ئسوڵی خۆی و لە ڕێگەی ئێوەوە و بە قسە کردن لەگەڵ ئێوە داوامان کردووە، دواتر ئەو خەبەرە بڵاوبوەتەوە ئێمەش ئەوەمان پشت ڕاست کردووەتەوە، بەڵێ ئێمە داوامان کردووە پێویستە وەڵامی پرسیارەکانمان بدرێتەوە و بۆچوونەکانمان ڕوون بکرێتەوە، زۆر بە داخەوە لە هەندێك دەزگای ڕاگەیاندن وەزیری وەرزش و لاوان هەندێك قسەی زۆر نابەجێی کردووە، تەشهیری بە شەخسی من کردووە، من وەکو حەقێکی خۆم و حەقێکی تایبەتی خۆم، داوا دەکەم لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ وەزیر بکرێت و هۆکاری تەشهیر کردن و هۆکاری ئەو قسانەی کە کردنی بۆچی؟ لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئێوەوە داوا لە حکومەت دەکەم لێپرسینەوەیەکی جدی لەو مەسەلەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بە داخەوە تەبعەن منیش موتابەعەی ئەو مەسەلەیەم کرد، کە ئەو پرسیارانەی کە لە ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی وەزیرەکان دەکرێت بە هیچ شێوەیەك نابێت بخرێتە سەر ڕووی جەریدەکانەوە، پێش ئەوەی وەزیر وەڵامی بدرێتەوە و بێتە ئێرە، هەروەها جەنابی وەزیریش حەق نیە ڕەد فعلی هەبێت بەو شێوەیەی کە کاك ئارێز ئاماژەی پێی کرد، لەبەرئەوە جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان بۆ پرسیارەکانتان هاتووەتەوە، دوا وەڵامەکە ئاراستەی لیژنەکەتان دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی پشووەکەمان لە پێشە ناکرێت ئێستا باسی بکەین، تەماشای وەڵامەکانیان بکەنەوە، نەك بەس ئەو، وەڵامی وەزیرەکانی تریش هاتووە هەریەکە لە لیژنە تایبەتمەندەکان با تەماشای بکات، ئەگەر وەڵامەکان ڕوونکردنەوەی باشی تیا بوو و کۆتایی بە پرسیارەکانتان هێنا بوو باشە، ئەگەر نا دەتوانن لە لیژنەکان داوەتی بکەن و کۆبوونەوەی لەگەڵ بکەن و ئێوەش لە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری دەتوانن ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی جەنابی وەزیر بکەنەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە حەدی خۆی دەرنەچێت لە گفتوگۆ کردن لێپێچینەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی شەخسی نیە، لە هیچ لێپرسینەوەیەك و پررسیارێك کە ئاراستەی وەزیر دەکرێت جانبی شەخسی نابێت وەربگیردرێت، نە لەلایەن ئەندامی پەرلەمانەوە نە لەلایەن وەزیرەکانەوە، هەروەها چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئەمڕۆ پرسیاریان ئاراستەی چەند وەزیرێك کرد کە لە پشووی پەرلەمانیش دا دوو ڕۆژی ماوە، خۆشی دەبێت لە ١٥ ڕۆژدا وەڵام بدرێتەوە، ئەگەر وەڵامیش بێتەوە دانیشتنی ئاسایی

ناکرێت بۆ وەڵامی وەزیر و ئەو شتانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بۆی دەنێرین، ئەگەر وەڵامەکەشی هاتەوە دەینێرین بۆ لیژنەکان بۆ ئەوەی تەماشای وەڵامەکانیان بکەن، ئەگەر بە دڵیان نەبوو وەکو پێشتریش عەرزم کردن دەتوانن وەزیر بانگ بکەن، لە دانیشتنێکی دۆستانە لە لیژنەکان دا گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسیارانە بکەن و وەڵامەکانیان هەڵسەنگێنن کە بۆتان هاتووە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەر وەکو هەموومان ئاگادارین ئەم یاسایە پێشتر لە ناو پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، دوای ئەوەش کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا هەر لە ناو پەرلەمان ئیحالەی لیجانی پەیوەندار کرا بۆ دیراسەت کردنی، پاش ئەوەی کە تەماشامان کرد ئەو یاسایە کەموکوڕیەکی زۆری تێدایە، ئەوە بوو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دانیشتنێك دا لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بانگی لیژنەی یاسایی کرا بۆ ئەوەی بەشداری لەو کۆبوونەوەیە بکات، ئیتیفاق کرا لەسەر ئەوەی لیژنەیەکی موسەغەر پێك بێت لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە لەسەر ئەو یاسایە بکرێت، لە یەکەم ماددەوە تا ئەخیر ماددەی، ئەوە بوو ئەو لیژنەیە دەست بەکار بوو و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان کرد، هەروەها ئەو لیژنەیە بڕێك تەوەسوعیشی پێکرا، بەڕاستی هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی و هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی ناوخۆش بەشداری کۆبوونەوەکانیان کرد، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش بەشداریان لە هەندێك لەو کۆبوونەوانە کرد، گەیشتینە ئەو ڕادەیەی کە ئەو یاسایەمان تا ڕادەیەکی زۆر باش گەڵاڵە کردووە، بەڵام نەگەیشتووینەتە کۆتایی گەڵاڵە کردنەکە، پێم وایە پرنسیپی زۆر باش لە یاسایەکە هاتووە بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەت لە ئەنجومەنی پارێزگاکان، چونکە ئێمە پێمان وایە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان سوڵتەیەکی ڕیقابی بەهێز بێت، ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگاکان سوڵتەیەکی ڕیقابی بەهێز بێت بە تەئکید موحافزێکی بەهێزی لێ دەردەچێت، ئێمە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان جیا کردووەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی مەحافز، زۆر خاڵی تریش هەیە ئێمە پێداچوونەوەمان لەسەر کردووە، بۆیە ئێمە پێمان باشە لەم کۆبوونەوەیە موناقەشەی ئەم بابەتە نەکرێت و تەئجیل بکرێت بۆ ئاییندەیەکی نزیك بۆئەوەی دووبارە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی کۆببنەوە، بۆئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن لەسەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن ئەو لیژنەیەوە ئامادە کراوە بۆئەوەی بگەینە یاسایەکی گونجاو لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان دا بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان چیە لەسەر ئەو قسەیە، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی یاسایەکە تێروتەسەل بکرێت، با دوابخرێت باشترە، بۆ کاتێکی تر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامیت هەیە د.شکریە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی تەفسیرەکە لای بەڕێزتە ئەگەر نیزامی بێت، لەم ماوەیە هەر کەناڵێك دەکەمەوە بەڕێزت باسی بابەتێك دەکەی هاتنی مالکی بۆ کوردستان، ئایا هاتنی مالکی بۆ پەرلەمانە؟ یان دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانە؟ یان مەسەلەی تاوتوێ کردنی مەسەلەی ئیسنادە؟ یان بۆ ماددەی ١٤٠ ە؟ یاخود بۆ مەسەلەی دەستوورە؟ حەزدەکەم بەڕێزت ئەوە ڕوون بکەیتەوە، چونکە ئەم بابەتە لە خودی بەڕێزتەوە دەرچووە، بۆیە دەچمە ناو ئەو مەوزوعەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با خاڵی یەکەم تەواو بکەم، دواتر وەڵامت دەدەمەوە، کاك سعد ڕەئیت لەسەر پێشنیاری لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی چیە؟

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من تەئیدی قسەکانی کاك شێروان دەکەم، کاری زۆر باش کراوە بۆ لێك نزیك کردنەوەی وجهە نەزەر، بەڵام بەڕاستی بۆ ئەوەی پرۆژەکە زیاتر ئینزاج بکرێت، پێویستی بە وەقتێکی زیاتر هەیە، یەك، دوو نوقتەش هەیە خۆشیان دەزانن ئێمە لەوێش ئەمانتوانی ساغی بکەینەوە، ئیحتیمالە بۆ ئێمەش پێویست بەوە بکات بگەڕێینەوە بۆ حکومەت، بۆیە منیش تەئیدی سەرۆکی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن دیارە ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگە و ئەهمیەتێکی زۆری هەیە و خەڵکیش چاوەڕوانی دەکات و جگە لەوەش گفتوگۆیەکی یەکجار زۆری بۆ کراوە و نێردراوە بۆحکومەت و جارێکی تریش هاتووەتەوە، لەو دوو هەفتەیەی ڕابردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ چەندین کۆبوونەوەیان کردووە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان و لەگەڵ پارێزگارەکان خۆیان، گەیشتوونەتە ڕادەیەکی باش لەوەی کە چارەسەری ئەو جۆرە

ئیختیلافەی بکەن کە لە نێوانیان دا هەبووە، بە تایبەت لە دەسەڵات، چۆنیەتی هەڵبژاردنی پارێزگار، بۆیە ئێستا پێویست دەکات هەردوو لیژنەکە دابنیشن، بۆ یەکلایی کردنەوەو ڕێکخستنی ڕاپۆرتێك سەبارەت بە ئەوە، بەڵام خاڵێکی تر هەیە کە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی ئێستا، دواتر باسی دەکەین، هەرچەندە بڕیار بۆ خۆتانە، بۆیە من پێم باشە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت بۆ ئەو لەحزەیەی کە هەر دوو لیژنەکە ڕاپۆرتەکەیان هێن دەکەن، یان بە دانیشتنێکی ئاسایی یان بە دانیشتنێك کە خولەکە کورت بکەینەوە، ئەوە دیاری دەکەین، ئەو کاتە من ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ کە ئێستا دوابخرێت بۆ ئەو کاتەی کە ڕاپۆرتەکەیان حازر دەکرێت دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو دواخستنەیە دەستی هەڵبڕێت تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس، بە زۆرینە دواخرا، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار گفتوگۆ کردنی دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، بەڵێ کاك کریم؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە جارێکی تر لە لایەن لیژنەی هاوبەشەوە داڕێژراوەتەوە، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئاگادار نین لەو پرۆژەیە، بۆیە پێویستە دابەش بکرێت لەسەر ئەندامان، بۆ ئەوەی ئەوانیش ئاگاداربن لەو پرۆژەیە و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خوێندنەوەی نوێی پێویست ناکات، بەڵام کەی لیژنەکە تەواو بوو ڕاپۆرتی لیژنەکە لەگەڵ پرۆژە ئەسڵیەکە بۆیان دیارە و ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، بە چەند ڕۆژ پێشتر ئەوە مەعلومە، خاڵی دووەم کە گفتوگۆ کردنی دواکەوتنی بابەتی یەك نەگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتەکەیە، دیارە وەکو عەرزم کردن ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە و چەندین جار لێرە باس کراوە و حکومەتی هەرێمیش چەندین بڕیاری داوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو سێ وەزارەتە یەکبخرێت، لە کۆبوونەوەکانی هەر سێ سەرۆکایەتی (سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت) دا چەند جار ئەو بڕیارە دراوە، بەڵام بە داخەوە ئەمە بۆ کۆتایی ساڵیش چووین تا ئێستاکە نەیانتوانیوە ئەو سێ وەزارەتە یەك بخەن، بە تەئکید ئەگەر سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لێرە بووبان گوێ بیستی ئەوان دەبووین کە هۆیەکەی چیە، بەڵام خۆشمان ڕەنگە هەندێکمان لە ئەسبابەکەی بزانین کە بەشێکی پەیوەندی بە رووی تەکنیکیەوە هەیە، بەشێکی ئەگەر کەمتەرخەمیش هەبێت لەلایەن ئەو لیژنانە بێت کە دانراون لە وەزارەتەکان بۆ کۆتایی هێنان بە هەر کۆسپێك کە لەبەردەمیان دا هەیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکخستنە بۆمان روون

دەبووەوە، بەلام بۆ جارێکی تر ئێمە لێرە تەئکید دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ نیە، بەردەوام بوون لەیەك نەخستنی ئەو سێ وەزارەتە، بە بێ ئەوەی ئەو سێ وەزارەتە یەك بخرێت، ناتوانین بڵێین ئێمە داواکاریەکانی حکومەت و بەڵێنەکانی پەرلەمان هاتۆتە دی، ئێمە بەڵێنمان بە خەڵك دا کە هەردوو ئیدارەکە یەك بخەین، کە هەر دوو ئیدارەکە یەکخرا، بەلام بە کاملی نیە، تاوەکو ئەو سێ وەزارەتە یەك نەخرێت ناتوانین بڵێین کەموکوڕی یەکخستنی هەر دوو ئیدارەکە نەماوەو یەکلاکراوەتەوە، بۆیە من بۆ ئەوە پێم وایە ئەو مەوزوعە هی ئەوە نیە بخرێتە موناقەشەوە، زۆردیارە، من لێرە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسەمان کرد، مەوقفمان ئەوە بوو کە لێرە ئیعلانی بکەین و بیخەینە دەنگدانەوە، وەکو هەڵوێستی پێشووی پەرلەمان کە گوتمان دەبێت ئەو حکومەتەو ئەو سێ وەزارەتە یەك بخرێتەوە پێش کۆتایی ساڵ، ئێستاش کۆتایی ساڵیش داهات، چی بکەین بۆ ئەوەی پشتگیری و دەنگمان بەرز بکەینەوە بۆئەوەی بە زووترین کات ئەو سێ وەزارەتە یەکبخرێتەوە، هەڵوێست وایە لەلایەن سەرۆك و سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە ئێمە پاش کۆتایی هاتن بە خولی پەرلەمان لە دانیشتنی یەکەم یان لە دانیشتنی دووەم دا سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بانگهێشت بکەین بۆ ئێرە، ئەگەر تا ئەو کات یەکیان نەخست، کە تا ئەو کات یەکیان خست ئەو کاتە بە تەئکید پێویست بە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی دەکات، کۆبوونەوەیەك دەکەین و بانگتان دەکەین، تا ئەو کات ئەگەر رێك نەخراوە ئەو وەزارەتە لە سەرەتای دانیشتنەکانمان بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین و ئەو کاتە بڕیار بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیانە رەئی خۆتان بدەن، ئەمەش تەبعەن بە ڕێگای ئەم دانیشتنە ئاگاداری حکومەتیش دەکەینەوە، کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحوکمی ئەوەی کە لە بەرنامەی کار دا باسی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بابەتە هاتووە، کە باسی هەر سێ وەزارەتەکە و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لێرە ئامادەیە، من پێم وایە باشترە ئەگەر نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکاری ئەمەمان بۆ روونبکاتەوە باشتر دەبێت، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تۆ ئەو ئەرکە قورسە بۆ دەخەیتە سەرشانی کاك سعد؟ کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ اللە ابراهیم شێخ اللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو کاتەوەی کە پەرلەمان دەست بەکاربووە، ماوە، ماوە سێ مانگ جارێك، چوار مانگ جارێك، شەش مانگ جارێك خولەکان کە تەواو بوون، ئێمە ئەو داوایانەمان هەر تیکرار کردووەتەوە، تا ئێستا بە داخەوە هیچ کاتێك گوێی لێ نەگیرا، بە قەناعەتی من ئەو ڕاوەستانەی پێ ناوێت بڵێین پاش مانگێکی تر، دوو مانگی تر، ئێستا داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی بکەین بێن لە پەرلەمان ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، ئەگەر نا پێم وایە بۆ ئێمە و پەرلەمانی کوردستان دەورەکەشمان تەواو دەبێت و بە هیچ ناگەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا زۆرم قسە پێیە، بەڵام هەندێکی هەر دەکەم، لە کابینەی یەکەمەوە پەرلەمانی کورستان سێ مانگ فەقیرانە لەو ژوورە عاسێ بوون شەڕ ڕابگرن، زۆریان گوێ لێ ڕاگیرا ! نۆبەتی ئێمەیە، قەناعەتم وایە ئەوەی جەنابت ئێستا عەرزت کرد، هەر بۆ ئەوەیە بڵێن پەرلەمان باسی کرد، ئەو باس کردنەش بە نیسبەت شارعی کوردی بۆ پەرلمان باش نیە، چونکە پەرلەمان لەو مەوزوعەی بێ دەسەڵاتە و هیچی پێ ناکرێت و ناتوانێت هیچ مەوقفێك وەربگرێت، قەرار قەراراتی سیاسیە و قەراراتی هەر دوو حیزبە، ئەوان دەتوانن بیکەن، بە رەئی من ئەوە ئیسارە نەکەین باشترە، چونکە قسە دەکەین و هیچیشمان پێ ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ئەو قسەیەی جەنابت نیم کە پەرلەمان بێ دەسەڵاتە، ئەگەر بتانەوێت دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، من بەس ئەوەت بە بیر دەهێنمەوە، لە سەرەتای دەست پێ کردنی خولی پەرلەمان دوای هەڵبژاردن، لێرە بڕیارێکمان وەرگرت کە تا هەردوو ئیدارەکە یەك نەخرێتەوە پرۆژە یاسا لە هیچ لە دوو ئیدارەکە قەبوڵ ناکەین، ئەوەشمان کرد و بووە هۆی ئەوەی زەحتێکی زیاتر بێت، ئێستاش من دەڵێم دانیشتنی داهاتوومان کە پاش پشووی پەرلەمانە بانگهێشتی سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی دەکەین، ئەو بڕیارە دەتوانین بیدەین ئەو کاتە، بڕیار، بڕیاری خۆتانە، ئەگەر خۆتان بتانەوێت دەسەڵاتی هەیە پەرلەمان، بەڵام ئەگەر نەتەوێت دەسەڵاتی هەبێت، ئەوە بەندە بە خۆت، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە درێژەی زۆری کێشا، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی بنوێنێ و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆی بەکاربهێنێت لەو مەسەلەیە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کاك خورشید دانیم کە دەڵێت پەرلەمان بێ دەسەڵاتە، پەرلەمان لەڕووی دەستووریی و یاساییەوە باڵاترین دەسەڵاتە لە کوردستان دا، بۆیە دەبێت ئێمە ئەو دەسەڵاتە بەکاربهێنین، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پێی نەکرا لەو ماوەیەدا ئەو سێ وەزارەتە یەك بخاتەوە، دەبێت پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی جدی و ڕاستەقینەی خۆی وەرگرێت بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەت هەرێمی کوردستان لەسەریەتی لەو ماوەیەدا ئەو سێ وەزارەتە یەك بخاتەوە، ئەگەر نا پەرلەمانی کوردستان پێم وایە دەبێت هەڵوێستی جدی وەربگرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە داواکاریەکەی جەنابت دەکەین، یەك نەگرتنەوەی ئەو سێ وەزارەتە بەڕاستی سیادیە، چونکە سێ وەزارەتی زۆر، زۆر گرنگن، وا دەتوانین بڵێین حکومەت یەکی گرتووەتەوە، ئێستا کەسێك بڵێت خانووەکەم تەواو کردووە بەس جێی پەنجەرەیەکی ماوە، ناتوانین بڵێین خانووەکەی تەواو کردووە، کەلێنی تێدا ماوە، ئەو سێ وەزارەتەش زۆر گرنگن، کرۆکی حکومەت پێك دەهێنن، بۆیە حەقی خۆیەتی ئەو هەڵوێستە وەربگرین و پشتگیریش لە داواکەی جەنابت دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ ئەو مەبەستە ئێمە پێویستە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی خۆمان بەکاربهێنین و سەقفێکی زەمەنیش دیاری بکەین، بڵێین لە ماوەی دوو مانگ یان مانگێك ئەگەر ئەو سێ وەزارەتە یەکیان نەگرتەوە، ئێمە وەك چۆن پێمان داگرت کە یەك بودجە پەسەند دەکەین، ئەو ساڵ ئێمەش بودجەی ئەو سێ وەزارەتەش پەسەند ناکەین لە پەرلەمان، دووەم: ئەوەی کە من تێبینی دەکەم بەڕاستی هەتا ئەو سێ وەزارەتە یەك نەگرێتەوە حکومەت یەکی نەگرتووەتەوە، یەعنی یەکگرتنەوەی حکومەت شتێکی شکلیە، من وای دەبینم، لەبەرئەوەی تەماشا دەکەین ئێستا یەکگرتنەوەکە تەنها لە ئاستی سەرەوەیە، لە ئاست

خوارەوە نیە، فەرموون لە سلێمانی و لە هەولێر لە تەواوی پارێزگاکان دەزگاکانی خوارەوە لەسەر مستەوای پارێزگاکان یەکیان نەگرتووەتەوە وەکو پێویست، بۆیە ئێمە دەبێت ئەو جارە هەوڵی ئەوە بدەین بریاری خۆمان هەبێت، نەك تەنها داواکردن، نا، با ئێمە بڵێین لەو دوو مانگە، مانگی یەك و دوو ئەگەر هاتوو ئێوە یەکتان نەگرتەوە لە مانگی ٣ کە دەورەی پەرلەمان دەست پێ دەکاتەوە ئەو سەقفە زەمەنیەی کە داندرا، بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی بانگ بکەین و قسەیان لەگەڵ بکرێت و حیسابیان لێ بخوازرێت، لەبەرئەوەی یەکنەگرتنەوەیان و مانەوە بەو شێوەیە کەواتە ئێمە لەرووی ئەمنیەوە دوو سیستەممان دەبێت لەو وڵاتە، ئەوە هۆکاریشە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش یەکنەخرێت، ئێمە دوو هێزی پێشمەرگەمان لە کوردستان هەیە، دارایی کوردستانیش یەکناخرێت، یەعنی ئەو بەش بەشیە هەر دەمێنێت، بۆیە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین لە نزیکترین دەرفەت دا زەخت بکەین و پاڵەپەستۆ دروست بکەین لەسەر حکومەتی کوردستان بۆ ئەوەی حکومەت بەشێوەیەکی واقعیانە یەکبگرێتەوە، دەمانەوێت یەکگرتنەوەمان شتێکی شکلی نەبێت، شتێکی جەوهەری بێت، لەگەڵ رێزم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وام زانی هەر لەگەڵ فراکسیۆنەکان ئیتیفاقمان کردبوو ئەو دوو جوملەیە بڵێم بۆ ئەوەی قسە نەکرێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دەمەوێت بڵێم ئێمە حەق نیە لەناو پەرلەمان سووکایەتی بە پەرلەمانی خۆمان بکەین، حەق وایە بایەخ بە پەرلەمانەکەی خۆمان بدەین، ئەو هەڵوێستەی کە کاك خورشید ئیشارەتی پێیدا، بەراستی هەڵوێستێك بوو ئەو کاتە ئیشادەی پێ دەکرا لە هەموو دونیا لە ناوەوە و لە دەرەوە، دوای ئەو هەڵوێستە ئێستا هەڵوێستەکە دەبینین چۆنە و هەر ئەو هەڵوێستە بوو کە پەرلەمانی کوردستان داوای دەکرد کە برایەتی و یەکبوون بوو، دووەم: بە نیسبەت ئەو سێ وەزارەتە، بەراستی رەخنە لە پەرلەمانیش دەگیردرێت، هەروەها رەخنە لە هەموومان دەگیردرێت کە هەتا وەکو ئێستا ئەو سێ وەزارەتە یەکیان نەگرتەوە و گلەییەکی زۆریشمان لەسەر هەیە کە پێویستە پەرلەمان فشار بخاتە سەر حکومەت، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو سێ وەزارەتە یەك بگرنەوە، من تەئیدی پێشنیاەکەی جەنابت دەکەم بۆ یەکەم جەلسە لە پەرلەمان لە ٢/١ کە دەست پێ دەکات ئەوەڵ ئیشمان ئەوە بێت کە بانگی بەرێزان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەکەین بۆ ئەوەی بۆمان روون بکەنەوە، ئەگەر هەر یەکیان نەگرتەوە، ئەو کاتە ئیمکان هەیە پەرلەمان هەڵوێستی خۆی وەربگرێت بۆ ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە بـرادەران زۆربـەیان تەئیـدی قـسەكانی جـەنابت دەكـەن، منـیش هـەر بـەو شـێوەیە، ئێمـە لەوەتـەی حكومەت یەكی گرتووەتەوە، هەموو وەرزێكی پەرلـەمان لـە كردنـەوەیـدا دەڵـێین پێویـستە لـە كۆتـایی ئـەم وەرزەیە هەر سێ وەزارەت یەك بگرنەوە، لە كۆتایش دا كە دەسـتمان كـردەوە بـە دەوام دەڵـێن پێویـستە بـۆ وەرزی داهاتوو ئەو سێ وەزارەتە یەكی گرتبێتەوە، بەڕاستی كاتی ئەوە هـاتووە كـە پەرلـەمان هەڵوێستێكی جدی وەربگرێـت، هـەروەك بـەڕێزتان ئیـشارەتتان پێـی كـرد، یـەك نەگرتنـەوەی ئـەو سـێ وەزارەتـە واتـە حكومەت یەكی نەگرتووەتەوە، بە تایبەتی ئەم وەزارەتی داراییە، كە دوو بودجەی جیا و لـە دوو وەزارەتـی جیا بێت حكومـەت یـەكی نەگرتووەتـە، كۆمـەڵانی خـەڵكیش ئـەمڕۆ چاوەڕێی ئـەو جەلـسەیەو هەڵوێـستی جدی ئێمەن، بۆیە پشتگیری جەنابت دەكـەم كـە لـە كۆتـایی ئـەو پـشووەمان دا هـەر دوو بـەڕێزان سـەرۆكی حكومـەت و جێگرەكـەی بانگهێـشت بكـرێن و ئەگـەر یـەكی نـەگرتبووە وە ئـەو ڕۆژە ئیعلانـی هەڵوێـستی خۆمان بكەین، بۆ ئەوەی فشارێكی گەورە بخەینە سەر حكومەت بـۆ یەكگرتنـەوەی ئـەو سـێ وەزارەتـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە ئیشكالی لەسەر هەیە ئەوەیە كە تا ئێستا بەرەسمی پەرلەمان نەهاتووەتە ئاگادار كردنەوە كە ئەو سێ وەزارەتە یەكناگرنەوە، دووەم: هەر لە بەینی فەترەیەك بۆ فەترەیەكی تر رادەگەیـەنین كـە سـەقفێكی زەمەنی داندراوە بە خیلالی دوو هەفتە كە ئەشكالاتی فـەنی هەیـە و یـەك دەگـرن، ڕاسـتە ئـەوە بڕیـارێكی سیاسیە و پەرلەمان پەیوەندی بە حكومـەت هەیـە، حكومـەتیش لـە زمنـی مونەسەسـەی سیاسـی هاتووەتـە دانان، ئەوەی كە دروست بێت كـە مـەوقفی پەرلەمانـە لـە دەورەی داهـاتوو بانگهێـشتی بكـەین و تـەوزیحی بكـەن كـە لەبەرچـی یـەك ناگرنـەوە؟ ئەگـەر موبـەرراتیان موقنـع بێـت، ئـەوا ئـەو كاتـە پەرلـەمان دەست خۆشیان لێ دەكات و موافق دەبێت لەگـەڵیان و هەماهـەنگیان لەگـەڵ دەكات، ئەگـەر موبـەرراتیان مـەقبول نەبوو ئەو كاتە هەڵوێستێكی وا وەربگرین بۆ ئەوەی بە زووترین كات یەك بگرنەوە، چونكە ئێستا ئێمـەش تووشی ئەو ئەشكالە بووینە لە سەحافە لە ناو خەڵك دا كە ڕەخنە لـە پەرلـەمانیش دەگـرن، لەبەرئـەوە بـا هەڵوێستی خۆی وەربگرێت، وابزانم هەڵوێستی دروست بـەو ڕێگایـە دەبێـت و پێـشنیاری جـەنابت پەسـەند دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا قسەی زۆری لەسەركرا، بەس من پێم باشە پەرلەمانیش قسەی خۆی دیار بێت لەم مەسەلەدا، چونكە ئەمە دەسەڵاتی باڵایە لەهەموو دونیا، یەعنی پەرلەمانات هەموو شتەكان دینەوە لای ئەو، پێم باشە لیژنەیەكی پەرلەمانی دروست بێت، ئەم لیژنەیە بگەڕێت بەدوای ئەوەی كە بۆچی ئێمە وانەكەین و بانگی حكومەت بكەین، ئەوە ١٠ جارە حكومەت بانگ نەكرێت، گرفتی ئێمە ئەوەیە یەكگرتنەوەی ئەم وەزارەتانە لە مەكتەب سیاسیەكان باس ئەكرێت هەمووجارێك، لەهەردوو مەكتەبی سیاسی پارتی ویەكێتی باس ئەكرێت، نەهاتووەتە كەناڵە ڕەسمیەكان، مەسەلەن پەرلەمان خۆی بەدواداچوونێك بكات، لیژنەیەكی بۆ دیاری بكات، ئەم لیژنەیە بەدواداچوونی بۆ بكات، ئەوە دیاری بكات كەبۆچی نەكراوە بڕیاریش بدات، ئەو كاتە حكومەتیش مەجبور ئەبێت، ئێستا كەسێك نیە ئەم فشارە بكات، مەبەستم فشارێكی ڕەسمیە، واتە دەزگایەكی باڵا نیە فشارێكی ڕەسمی بكات، هەتا ئەوانیش بەگوێی بكەن ئەمە یەك: دوو: من پێم باشە پەرلەمان كارێكی تریش بكات، لەكۆتایی دەورەی خۆیدا بڕیارێك دەربكات، ئەم تەوافوقەی كەهەیە وڵاتەكەی شێواندووە، ئێستا لەپەرلەمانی عێراقدا تەوافوق هەیە، ئەم دەورە نوێیەی پەرلەمان بێتەوە، سەرۆكی كۆمار ئیتر دوو جێگری نابێت، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دوو جێگری نابێت، كەوا بوو ئیتر مەشاكیل نەما، یەعنی یەك سەرۆك وەزیران هەیە، یەك سەرۆك كۆماریش هەیە، ئیتر كێشە دروست نابێت، سێ كەس دابنیشێت ئیقراری بكات و چوار كەس دیار نەبێت، لێرە ئەگەر سەرۆكی وەزیران شتێكی هەبێت ئەبێ جێگرەكەشی بزانێت، گرفتەكان لێرەدایە، من پێم باشە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئیدارە پەرلەمان لە كۆتایی دەورەی خۆیدا بڕیارێك دەربكات و چارەسەری ئەم مەسەلەیە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، ئەو بڕیارە چووەتە جێگای خۆی، شەرت نیە پەرلەمان بێت، حكومەت خۆی بەدواداچوونی هەیە، لیژنەیان داناوە بۆ ئەوە، وەزارەتی ناوخۆ لیژنەی تایبەتی هەبووە، دەیان كۆبوونەوەیان كردووە، نیزامیان یەكخستووە، قانونی خۆیان ناردووە، هی ناوخۆمان دواخستووە، هی پێشمەرگەشمان كرد، هی دارایش ئێستا حالیەن یەك دوو هەنگاوی ناوە، بەڵام وەكو پەرلەمان قسەكەی جەنابت ڕاستە، كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی من پێم وایە خەڵكی كوردستان و پەرلەمانیش زۆر تاقەتی ئەوەیان نەماوە، كە زیاتر گوێ لە موبەڕیرات بگرن، ئەوەندە موبەڕیرات دراو ئەوەندە ئەو شتە دوا كەوتووە، كە ئێستا ئەوە داواكارییەكی

هاولاتیانە، ئەو یەکگرتنەوەی سێ وەزارەتەکە، بۆیە پێم وایە، ئەگەر بەبڕیارێك لێرە دەربچێت، ئەگەر بتوانین جەنابی سەرۆکی حکومەت وجەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت بانگهێشت بکەین، بەلام بڕیارێکمان هەبێت، کەئەوان بڕیاری یەکگرتنەوەیان پێ نەبێت ئەی ئێمە چی بکەین، ئەگەر ئەوان دیسان موبەڕیراتیان هەبێت، بۆ ئەو مەسەلەی کەزیاتر دوابخرێت، ئێمەش لەژێر فشارین ئێمەش خەڵك داوامان لێ ئەکات، لەبەرئەوەی ئاگادارین لەحکومەتی مەرکەزییەوە چەند دەست دەخرێتە کاروباری ناوەوەی کوردستانەوە لەڕێگای یەك نەگرتنی ئەو سێ وەزارەتەوە، بەتایبەتی پێشمەرگەو دارایی، بۆیە من بڕوام وایە ئێمە بڕیارێکی موسبەقمان هەبێت، ئێستا بەبڕیارێك دەربچێت تا بانگهێشتیان بکەین و لە بەرۆشنایی قسەکانی جەنابیان بتوانین شتێك بڵێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم خولە لە دانیشتنێك ئەو بابەتە باسکرا، ئەو کاتەش من داوام کرد، کە پێویستە پەرلەمانی کوردستان سەقفێکی زەمەنی دابنێت، بۆ یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتەکە، ئەو برو بیانووانەی کەباس دەکرێت، تا ئێستا نەلای خەڵك موقنیعە نە لای ئێمەش موقنیعە، یەعنی ئەو بیانووانەی کە تائێستا باس ئەکرێت، ناشزانین چیە؟، هەتاوەکو بۆ ڕای گشتیش ڕوونەکراوەتەوە، کە سەبەبی یەك نەگرتنەوەی ئەو وەزارەتانە چیە؟، من نازانم ئێستا چ ڕێگرێك هەیە لەبەردەم پەرلەمان کە بڕیارێك دەربکەین سەقفێکی زەمەنی دابنێین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ئەو سەقفە زەمەنیەدا کە مانگێکە یان زیاتر، بۆیان دیاری بکرێت، بڕیارێك بدرێت لەدوای ئەو سەقفە حەق نیە پەرلەمان هیچ یاسایەك کە بودجەیە، یان هەر یاسایەکی تر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان قبوڵ بکات، وە کاری حکومەت بۆ ڕاهی بکەین، ئەگەر حکومەت گوێ لەپەرلەمان ڕانەگرێت، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم جارێکی تر تەئکیدیش ئەکەمەوە لەسەرەتای دەست پێکردنی ئەو خولەش تەئکیدم کردەوە، پشتگیریش لە ڕەئیەکەی کاك غەفوریش ئەکەم، مەفروزە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات و سەقفێکی زەمەنیش دیاری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز بابیر کاملا سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەرەکانم زۆر قسەیان لەسەر ئەو یەکگرتنەوەیە کرد، ئێمە ماوەیەکی دوورو درێژە باس لە یەکگرتنەوەی ئەو سێ وەزارەتە ئەکەین، ئەو سێ وەزارەتە پەیوەندی بەژیانی خەلکەوە هەیە، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، کە ئەرکی بەرگری و پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستانە، سێ وەزارەتی زۆر گرنگ کە مانای ئەوە ئەدەن حکومەت، لەشێوەی ناوەرۆکدا یەکی نەگرتووەتەوە بەڵکو لە شێوەی شکلیدا یەکی گرتووەتەوە، من پێشنیار ئەکەم، لێرە ئێمە لیژنەیەك پێك بهێنین، کە پێك بێت لەسەرۆکی لیژنەی دارایی، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ، سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگەش، هەر سێ سەرۆك لیژنەکان، ئەگەر ئیزافەش بکرێت بەچەند ئەندام پەرلەمانێکیش یان هەر یەکەو ئەندامێکی تری ئەو لیژنانەش، ڕاستەوخۆ بەدوایدا بچن، لەگەڵ هەرسێ وەزارەت دابنیشن، دوایش لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسیش، من ناڵێم سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، چونکە بڕیارەکە لە هەردوو مەکتەبی سیاسیە، دەزانین ئەو کێشەیە سەرچاوەی گرتووە، لە کێشەیەکی پێشتر کە لەنێوان هەردوو حزبدا بووە، ئێمە بڵێین و نەڵێین پێکهاتەی پەرلەمانیش پێکهاتەیەکی حزبیە، ئەبێ واقیعیانە بیر بکەینەوە، بۆیە من پێم باشە، لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسی ئەو لیژنەی پێك بێن و دابنیشن، دوایش بەرچاو ڕوونی بدەن بەئێمە، لەڕێگای ئێمەشەوە بەرچاو ڕوونی بدرێت بە میللەت، کە بۆچی یەك ناگرنەوە هۆکارەکانی یەکگرتنەوەو ڕێگا چارەشی بۆ دابندرێت، لەسەر سەرچاوە گرتنی ئەو زانیاریانەی کە دەستمان دەکەوێت لەڕێگای ئەو لیژنەوە کە دەچێت، من پێم وایە ئەوە لەبواری کردەیی دەچین و هەنگاو دەنێین، بۆ یەکگرتنەوەی هەر سێ وەزارەتەکە، ئەگەر نا ئەوەی تر بۆ خولی داهاتوو، بۆ خولێکی داهاتوو تریش هەر دەکەوێتە چوارچێوەی قسەوە، بۆیە من ئەو پێشنیارە ئەکەم، ئومێدەوارم پەرلەمان لێم قبوڵ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئیشارەتیان پێکرد، لەگەڵ جەنابتان، زۆر گرنگە ئەو وەزارەتانە یەك بگرنەوە، ئێمە لەناو پەرلەمان لیژنەی پسپۆڕی تایبەتمان هەیە بۆ، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پێشمەرگە، داوا ئەکەین لەو سێ لیژنەیە، بەدواداچوونی خۆیان بکەن لەم پشووەی کە دانیشتن نابێت، لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان ئیشی خۆیان ئەکەن، کەس دەست لەکار هەڵناگرێت، لەگەڵ

وەزارەتەکان دابنیشن لە تەفاصیلی ئەو یەك نەگرتنەوەیە تێبگەن، بەراپۆرتێکی موفەصەل بیدەن بەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەو وەختەی کە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەست پێدەکاتەوە دوای پشووەکە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەت وجێگرەکەی باس بکرێت، پێشووەختیش بەراپۆرت لەسەرۆکایەتیەوە سەرۆکی حکومەتی پێ ئاگادار بکەنەوە، لەسەر ڕووناکی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەو سێ لیژنە پەیوەندیدارەوە بۆمان دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان ئەزانین هۆکاری یەك نەگرتنەوەی ئەو سێ وەزارەتە، تێکەڵ بوونی دەستی حزبە، لەگەڵ حکومەتدا، هەر بەمزووانە لەم دواییەدا، بەڕێز مام جەلال پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە، بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حزب و تەداخولی حزب لەناو کاروباری حکومەتدا، ئەوە حکومەت نیە کە یەك ناگرێتەوە یان قبوڵ ناکات یەك بگرێتەوە، ئەوە حزبەکانن کە قبوڵ ناکەن، ئەو تێکەڵاوییەو ئەو یەك گرتنەوەیە دروست بێتەوە، بەڕای من پێش ئەوەی ئەو لیژنەی کە کاك دکتۆر کەمال باسی کرد، تەبعەن پشتگیری لێ ئەکەم، بەڵام پێش ئەوە پێویستە ئێمە لیژنەیەك دروست بکەین، بۆ بەیاسایی کردنی پرۆژەکەی بەڕێز مام جەلال، چونکە ئەوە بەیاسا ئەکرێت، میکانیزم ئەبێ دیاری بکرێت کە چۆن ئەم دەسەڵاتە ئەوەندە چووەتە ناو قوڵایی هەموو دام ودەزگاکانەوە ئەبێ بەیاسا وەکو نەشتەرگەری ئەبێ لێی جیا بکرێتەوە، بچێتەوە شوێنی خۆی، ئەمە کارێکە ئێمە ئەتوانین وەکو پەرلەمان بە یاسا بەدەرکردنی کۆمەڵێك یاسا، هەروەها بەتەفعیل کردنی کۆمەڵێك دەزگا کە ئێمە خۆمان یاسامان بۆ داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی یەك گرتنەوەی حکومەت بەڕاستی، مەسەلەیەکی کۆن و نوێیە، داوای هەموو خەڵکی کوردستانە، هەر سێ سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، زائیدەن سەرجەم خەڵکی کوردستان، وەکو داوایەکی گرنگ وبەردەوام وبەپەلەیانە، بەڵام کەچی تائێستا حکومەت یەکی نەگرتووە، باسی ئەو وەزارەتانەی کە یەکی گرتووە، بەڕاستی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە حکومەتێکی یەکگرتوومان هەیە، خاڵی دووەم من پشتگیری لە بیروبۆچوونی سەرجەم خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، بۆ وەرگرتنی هەڵوێست، بەڵام ئێمە ئەبێ بزانین کە هەڵوێستمان وەرگرتووە، زۆر هەڵوێست وەرگرتنیش بەڕاستی و بەدواداچوون نەکردنیش بۆ هەڵوێستەکانمان، مانای ئەوە

ئەگەیەنێت کە ئێمە ناتوانین ئەو هەڵوێستەو ئەو قسەیە بۆ یەکگرتنـەوەی حکومـەت نەکـەین، جێبـەجێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی تاوتوێکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨دا، بەشێك لەئەنـدامانی پەرلـەمان ڕەخنـەیان لـە هـەردوو وەزیری دارایی گرت، کە دوو وەزارەتەکەیان یەکی نەگرتووەتەوە، من لەو دەمەدا وتم، پێویست ناکات ئێمـە ڕەخنە لەو دوو وەزیرە یان لە وەزیرەکانی تر بگرین، چونکە ئەوە بڕیارێکی سیاسیە، بەداخـەوە بەدەسـتی پەرلەمان نیە، بەدەسـت هـەردوو مەکتـەبی سیاسـی هـەردوو حزبـی دەسـەڵاتدارە، کەخۆشـیان بەڕاشکاوانە هەموو جارێك پاش کۆبوونەوەکان بڵاوی دەکەنـەوە کـەوا باسـی ئـەو کـارە کـراوەو هەنـدێ کـاری تـەکتیکی ماوە، پاش ئەوە ئەو دوو وەزارەتە یان وەزارەتەکانی تر یـەك ئەگرنـەوە، ئێمـە هەڵوێـستی خۆمـان وەرگـرت لەکاتی خۆیدا، کاتێکیشمان دیاری کرد کەوا ئێمە تەماشای بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ ناکەینەوە، ئەگەر بێت وئەو وەزارەتانە یەك نەگرنەوە، بەڵام نـەشمان تـوانی هەڵوێـست وەربگـرین، چـونکە ئـەو کـارە کـارێکی سیاسـیە، کاروباری حزبی و حکومەتی ئەوەندە تێکەڵ و پێکـەڵ بـوون، کـە ئێمـە نـاتوانین بەداخـەوە هەڵوێـست لـەم پەرلەمانە وەربگرین، وابزانم ئەگەر بەم جۆرەش بڕوات، خولی ئـەم پەرلەمانـە تـەواو ئـەبێت، هێـشتا ئـەو حکومەتە یەکیان نەگرتووە، کە ئەوەش من بەکارەساتی ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ ئێمە بۆ خەڵکی خۆ ئیسپات بکەین، کۆ مە خـەمخۆرێ ئەوەینـە ئـەو سـێ وەزارەتـە ببنـە یـەك، ئـەوە ڕاستیەو زەروریشە ببەت، بەلام فێ ئەفرۆکە بڕیارەکی بـدەین، عـوتلاَ خـۆ قـەتع بکـەین، ئیلتیـزام بـەوەی بکەین هەتا ببنە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گرنگی وەزارەتەکانی تر کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەو سێ وەزارەتە دڵی حکومەتەکەن، هـەتا ئێـستا ئـەو سێ وەزارەتـە یـەکی نەگرتووەتـەوە، یـەعنی ئیدارە یـەکی نەگرتووەتـەوە، هەنـدێ لـە ئەنـدام پەرلەمانـە

بەڕێزەکان باسی لیژنە ئەکەن، بەڕاستی هەر شتێك هەبێت ئەوە بەلیژنە ناکرێت، پێویستیش بە لیژنە ناکات، ئەوان وەزارەتە مەعنیەکان خۆیان بەرپرسن لەوە، ئینجا حکومەت، یەعنی ئەگەر خۆیان بیانەوێت ئەیکەن، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئێمە هەر ئەمڕۆ هەڵوێست وەربگرین، کارەکانی خۆمان ڕابگرین، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەوان ئەیانەوێت یەك بگرنەوە لەم دوو مانگی پشووەی ئێمەدا، خۆیانی بۆ حازر ئەکەن، بەڵام ئێمە ئەگەر دوای پشووەکە هەڵوێستمان وەرگرت، دوو مانگ، سێ مانگی تری ئەچێتە سەر، بۆیە من پێشنیار ئەکەم هەر ئەمڕۆ ئێمە هەڵوێست وەربگرین، کارەکانی خۆمان ڕابگرین، تا ئەو سێ وەزارەتە یەك ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا بزانم تەواو، قسەی تەواو کرا، بەڵام کاك ئاریز و کاك ئارام، زۆر لە مێژە داوای قسەیان کردبوو، ئێستا فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا برادەرانم زۆر باسی ئەم مەسەلەیان کرد، جەنابیشت تیشکت خستەسەر، بەس من پێم وایە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ بەرچاومان ڕوون نیە، کە باسی ئەو بابەتە ئەکەین، لەهەمان کاتیشدا ئەزانین کە هەنگاوی زۆر نراوە، جەنابیشت ئیشارەتت پێدا، کە هەردوولا بەردەوام وەزارەتەکان لە کۆبوونەوەدان، لیژنەی تایبەتیان تەشکیل کردووە، من بۆیە دووبارە ئەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە ئەڵێم ئێمە ناتوانین ئەمڕۆ قەرار لەو بابەتە بدەین، پێشنیارەکەی جەنابت ئەخەمەوە ڕوو کە پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بین، کە ڕوونکردنەوەی زیاترمان هەبێت، تا بزانین هەنگاوەکان چی کراوە، پێش ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ قەراری ئەوە بدەین، کارەکانمان ڕابگرین، ئەو بڕیارەش کە لەسەرەتای دەورەی پەرلەمان درا، بۆ زەخت خستنە سەر حکومەت بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو کابینە، کاریگەری خۆی هەبوو، بۆیە من داوا ئەکەم، کە لەگەڵ دەست پێکردنەوەی خولی پەرلەمان، دەوورەی پەرلەمان ئێمە بانگهێشتی هەردوو سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین گەیشتووەتە چ قۆناغێك، خۆ ئەگەر ئەو کاتە دوای ئەوەی کە پەرلەمان بەتەواوەتی بەرچاوی ڕوون بوو، ویستیشی هەڵوێستی تر وەربگرێت، ئەوە شتێکی تەبیعیە، بەڵام ئەمڕۆ بەبێ بەرچاو ڕوونی تەواو من پێم وایە، ئەم هەڵوێست وەرگرتنە لەجێگای خۆی نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە هەر سێ وەزارەت نیە كە یەكیان نەگرتووەتەوە، ئێمە كێشەو گرفتی ترمان هەیە، دەزگاكانی ئاسایشیش هەیە، كە یەكیان نەگرتووەتەوە، كە ڕەنگە ئەو گرفتە گەورەتریش بێت باسی ناكرێت، بێجگە لەوەش كە من بەو پێیەی لە لیژنەی پەیوەندییەكانم لە پەرلەمان، ئەزانم لەدەرەوە جەنابی سەرۆك، ئێمە خوا خوامان بووە كاتی خۆی كە كەسێك هەبێت گوێمان لێ بگرێت، نوێنەرێكمان هەبێت، كورد نوێنەرێكی هەبێت، ئێستا لەدەرەوە لەهەندێك وڵات هەیە، ئەندامێكی حزبێك خۆی بەنوێنەری حكومەت ئەزانێت، لە هەندێ شوێن هەیە، دوو كەس خۆیان بەنوێنەری حكومەت ئەزانن، لەهەندێ شوێن هەیە، یەك كەس خۆی بەنوێنەری حكومەت نازانێت، لەهەندێ شوێن هەیە دوو كادیر یان دوو ئەندامی حزب خۆیان بەنوێنەری حزب ئەزانن لەزۆر لەوڵاتان، لەكاتێكدا ئێمە لەچەند وڵاتێكدا نوێنەرایەتی حكومەتمان داناوە، یەعنی ڕێككەوتن كراوە، ئەبینین ئیشوكاری ئەو نوێنەرایەتیە، زۆر زۆر باشەو بەڕێوە ئەچێت و گلەیی لێ ناكرێت، بەدڵنیاییەوە زۆر زۆر داوا ئەكرێت، یەعنی ئەو خەڵكەی ئێمە لەدەرەوە، هاووڵاتیانی ئێمە لەدەرەوە كێشەو گرفتی زۆر زۆریان هەیە، لەبەر ئەوەی نوێنەرەكانی خۆیان یان دوو نوێنەری هەیە، لەهەندێ لەوڵاتان، ئەوەش كێشەیەكە، من لێرە ئەمەوێت هەر بەو موناسەبەتەوە پرسیار لە حكومەت بكەم، ڕێگری چیە لەبەردەم ئەوەی كە لەهەموو ئەو وڵاتانەی دەرەوە، كە كوردی لێیە، كە خەڵكی كوردستانی لێیە، كە توركمانی لێیە، كە ئاشوری لێیە، سەدان كادیری باشمان هەیە، بەڕەسمی بكرێت بەنوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەو كێشەیەش لە كۆڵ بێتەوە، ئەوە یەك: دوو: ئەگەر هۆكارێك هەیە، یان بەرژەوەندی گەلی كوردستان لەوێدایە، كە ئەو سێ وەزارەتە یان ئەو دەزگایانە یەك نەگرنەوە، حەقە پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ئێمەش تەنیدی بكەین، ئەگەر هۆكارێكیش نیە، یەعنی ئەو شێوە حوكمڕانیەی كوردستان باش نیە، پێویستە بەدوای ئەنتەرناتیڤدا بگەڕێین، من قسەیەك ئەكەم سەرپێییە، ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت، بەڵام ئێمە ئێستا خەریكی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكانین، لەو ماوەیە پەسەندی ئەكەین، با وابكەین دەسەڵاتی حكومەت، ئەو دەسەڵاتەی حكومەتمان بدەینە پارێزگاكان، دەسەڵاتی سەرۆكایەتی هەرێمیش لەجێبەجێكردندا زیاتر بكەین و فراوانی بكەین، واتە ئەو كاتە ئێمە دوو دەزگامان ئەبێت، سەرۆكایەتی هەرێم وپەرلەمان و حكومەتەكانیش ئەو پارێزگایانە ئەبن، كە لەناو هەرێمی كوردستاندا هەیە، ئەوە قسەیەكە ئەیكەم پێویستە بیر لە ئەنتەرناتیڤیش بكرێتەوە، ئەگینا بەڕاستی بووە بەكارێك ئێستا ئێمە لەبەرچاوی خەڵك گلەییمان لێ ئەكرێت، سەركردایەتی سیاسی كوردی گلەیی لێ ئەكرێت، نەك هەر ئەوە كە برادەران باسیان كرد، فەرموو ئێمە كاتێك لە بوودجە یان كاتێ

بڕیارێك لەبەغداد دەردەچێت، كە تەنخیر ئەبێت ئێمە تورە ئەبین یان عەسەبی ئەبین لەوێ بڕوایان پێی نیە كە ئیشوكارەكانی ئێمە بكەن، یەعنی هاوكاریمان بكەن، لەگەڵ ئەوە نین كە سیستەمی حوكمڕانی لە كوردستان بەقوەت بێت، لەگەڵ ئەوەدا نین كە مافەكانی ئێمە بسەلمێنن، ئێمە لێرە تورە ئەبین، ئەی ئەوەی كە لێرە بەدەستی خۆمانە و نایكەین، ئەبێ كێ تووڕە ببێت، چەند ئەو دەرفەتانەی ئێمە كە لەدەستمان چووە، بەهۆی ئەو یەكنەگرتنەوە، ئێمە كەخۆمان هەست بەو كەمی و كوڕییانە ئەكەین بەدڵنیاییشەوە دوژمنانمان ناحەزانیشمان هەست بەو كەمی و كوڕییەمان ئەكەن، لەبەر ئەوە بەڕاستی هەڵوێست وەرگرتن كارێكی باشە، چونكە ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئیشوكارەكانمان لەناو عێراق و دونیا بڕوات، ئەبێ لێرە ئیشوكارەكانی خۆمان چاك بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنها تەعلیقێكم هەیە، بۆ ئەوەی بەسەریدا نەچین، ئەنتەرناتیف هی یەكگرتنەوە نیە، بیر نەكەین و ئەو موقتەرەحەش نەیەتە پێشەوە، بەڵام لە پرۆژەی ئەنجومەنی پارێزگاكانیشدا خۆی موقتەرەحێك هەیە، بۆ زیاتر دانی لامەركەزییەت، بەئەنجومەنی پارێزگاكان، ئەوە كردنی سیستەمی یەكگرتنەوەی ئیدارەیە، یەكگرتنەوەی حكومەت شتێكە، كەهیچ ئەنتەرناتیفی نیە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، ئەو پرۆژەی كەهەیە، كەلامەركەزییەت بەقوەت دەكات، ئەوە كارێكی باشەو دەبێ لەسەر هەردوو ئاست ئیش بیكەین، كاك سەعد وەكو حكومەت و كاكە حەمەش هەر وەكو حكومەت ئەگەر بیانەوێت قسە بكەن، فەرموو كاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشنیار ئەكەم كاكە حەمە لەباتی حكومەت جواب بداتەوە، یەك: وەڵڵا بەڕاستیش یەعنی من زۆر خۆشحاڵم كە بەشێكی زۆری ئەندامانی پەرلەمان كە بەپەرۆشەوەن، باس لە پرسێكی زۆر جدی ئەكەن، كە ئەو مەسەلەیە بڕوا ئەكەم نەك هەر بۆ ئێوە بۆ ئێمەش بۆ حكومەتیش بۆ حزبەكانیش ئیحراجییەكی زۆری دروست كردووە، ئەوەش حەقیقەتە، بڕوا ئەكەم بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش، ئەگەر خۆشی لێرە بوایە یان جێگرەكەشی هەمان قسە بكەن، بۆیە من پێم وایە ئەو مەوقیفە بەتەئكید، ئەو هەڵوێستە یان قسەكردن و تاوتوێكردنی ئەو مەسەلەیە، تەنسیری خۆی ئەبێت، بەڵام ئەو مەسەلەیە ئەبێت لەچوارچێوەی نیزامی داخلی پەرلەمان بێت، دوو: ئەوەی كاك ناصح باسی كرد، بەڕاستی من وەكو مەسئولیەتێكی تەزامونی تەبیعی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەم، بەس بەڕاستی جواب لای من نیە، جەنابتان و بەشێكی زۆری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش ئەزانن، كە بەشێك لە ئەسبابە سەرەكیەكانی یەك نەخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە چیە؟ ئەوەی من بەباشی ئەزانم تەئیدی پێشنیارەكەی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئەكەم، پێشنیارێكی تریشم هەیە، ئەویش تەبیعی هەردوو سەرۆكایەتی كۆبوونەوەی مانگانەیان هەیە، لە بیدایەتی مانگ، من پێشنیار ئەكەم جەنابی سەرۆكی ئەنجومەن، كە یەكێك

لەخاڵەکانی بەرنامەی کاری ئەمجارەی کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکایەتی ئەو مەوزوعە بێت، بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە جەنابت باستکرد، لە دەست پێکردنەوەی خول ئەکرێت بانگی سەرۆکی ئەنجومەن وجێگرەکەی بکرێت، سەبارەت بەو پرسیارەی کاک ئاریز یەعنی ئیسارەکردنی ئەو مەوزوعە کە تا ئێستا نوێنەرایەتیەکان لە زۆر وڵات دوو تەمسیلین، دوو نوێنەرایەتین، بەڕاستی ئەوە دەکرێ وەکو پرسیارێك ئاراستەی حکومەت بکرێت و جوابیش وەربگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە خۆلاسەی ئەو قسانەی بەڕێزان، کاکە حەمە قسەت هەیە، ئەگەر قسەت هەیە فەرموو حەزەکەم وەکو حکومەت قسە بکەیت، وەکو سکرتێری حزب نا، وەکو حکومەت فەرموو، باشە قسەت نیە، گوڵناز خان، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبێت پێت ئەبرم، فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك محمد لێرە وەکو ئەندامی پەرلەمان تەمسیل ئەکات، چونکە نوێنەری حکومەت دانیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو قسەیەکمان مەخەنە ناو میکرۆسکۆبەوە، خۆی ئەوە کاك سەعد تەعلیقێکیدا بۆ پێکەنین، منیش هەروەها بوو، ئەگینا کاك محمد لێرە ئەندامی پەرلەمانە نە سکرتێری حزبە نە وەزیریشە، لێرە تەنها ئەندامی پەرلەمانە، بەڵام ئەوەندەیە کە وەزیریشە، هەردوو سیفەتی هەیە، بەڵام کە دێتە کۆبوونەوە، ئەگەر بانگهێشت نەکرا ئەوا وەکو ئەندامی پەرلەمان دێتە کۆبوونەوە، چیە نوقتەی نیزامیت؟ فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاك محمد حەقێکی تەبیعی خۆیەتی وەکو وەزیر خۆی حساب بکات، نەك وەکو ئەندامی پەرلەمان چونکە، ئەندامی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر داوامان لێکرد وەکو حکومەت بۆ قسە بکات، چونکە نوێنەری حکومەت لێرەیە، ئەوە کاك سەعدە وەزیری حکومەتە، ئەگەر داوامان لێکرد بانگهێشتی وەزیرێکمان کرد، وەکو وەزیر قسە ئەکات، ئێستا سەبارەت بەخاڵی دووەم کە باسکرا، بەجیا ڕەئیەکان هەندێکیان ڕەئیان دەویست، هەندێك داوای ئەکرد هەڵوێست وەربگیرێت، هەندێکیان دەڵێن بڕیار بدەین، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی چونکە ئەوە پرۆژەیەك نیە، بڵێین بیخەینە دەنگدانەوە، بڕیار نا، بەس ڕەئیەکە وایە کە لێرەوە لەڕێگای کاك سەعدیشەوە، بەڕێگای ڕاگەیاندنیشەوە، سەرۆکی حکومەت و بەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەجەنابی سەرۆکی

هەرێمیش ئەڵێین، کە هەموو جوهدی خۆیان سەرف بکەن، بەزووترین کات ئەو سێ وەزارەتە یەك بخەنەوە، ئەگەر نا ئێمە لەسەرەتای دەست پێکردنی دانیشتنەکانی داهاتوومان، پاشی پشوو بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت وجێگرەکەی دەکەین، لێشیان دەپرسینەوە کەبۆچی نەکراوە. ئەو وەختەش بڕیار بۆ ئێوە دەبێت، کە هەنگاوی دووەممان چی بێت، یەکێك لەو موفتەرەحانەی کە ئاماژەتان پێکرد، ڕاگرتنی وەرگرتنی پرۆژەی یاسا لە حکومەتەوە، کە وەختی خۆی سەرەتای دەست پێکردنی پەرلەمان پاش هەڵبژاردن پەیڕەومان کرد، سوودیشی هەبوو، بەڵام ئومێد دەکەم پێش کۆتایی هاتنی پشووی ئێمە، ئەو یەکگرتنە بگاتە ئامانجێك وبگاتە نەتیجەیەك، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ بکەین، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی کارمان ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی ساڵی ٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی، من ئەگەر ئیجازەم بدەن دوو قسەتان بۆ بکەم، تەبعەن ئێمە لەسەرۆکایەتیش هەمان ڕەئیمان هەیە، تازە باش گوێتان لێبوو، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان پرۆژە یاساکەی دواکەوت، لەبەر ئەوەی کارەکانی تەواو نەبوو، هەروەها پرۆژەی دەستووری کوردستانیش گەیشتوەتە قۆناغە کۆتاییەکانی چەند خاڵێکی لەپێشە، ئێمە داومانەتە جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەوەی بۆ دواجار، لەئەنجومەنی حزبە سیاسیەکاندا باسی بکات، ئەگەر تێبینیەکیان هەبێت پێمان بڵێت، بیهێننە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن، ئەگەرنا بۆمان بنێرێت بۆ ئەوەی وەکو پێشتر باسمان کردبوو، ئەو ڕۆژە بڕیارمان وابوو، یان ڕەئیمان وابوو، کە پێش کۆتایی هاتنی ٢٠٠٨ دەنگی بۆ بدەین، لێرە وەکو هەنگاوی یەکەم، ئەویش چەند هەفتەیەکی ئەوێت تاکو ئەو هەنگاوانە بندرێت، چەند پرسیارێك لەناو پرۆژەکەدا هەیە، پێویست ئەکات یەکلا بکرێتەوە، لەلایەن ئەنجومەنی سیاسی حزبە سیاسیەکان ڕەئیان وەربگیرێت، مەسەلەن یەك لەوانەش ئێستا بەفرسەتی ئەزانم بەنیسبەت کلدان و ئاشوور وسریان، لەدەستووری عێراقیدا چۆن ئەوعێك نووسراوە لێرە پێشنیارەکان(نەتەوەی کلدان و ئاشووری و سریان) هەندێك لەو برا مەسیحیانە دەڵێن ئێمە سێ میللەتی جیاوازین، تەبعەن ئەوە بۆ خۆیان دەبێ بنووسن (کلدان و ئاشوور و سریان) هەندێکیان زۆرینەشیان لەناو پەرلەماندا نوێنەرەکانیان پێیان وایە یەك میللەتن، نوێنەرانیان ئەندامانی پەرلەمان لێرە، دەڵێن ئێمە هەموو یەك میللەتین با وابنووسرێت، لەبەینی قەوسدا (کلدان و ئاشوور و سریان)، جا لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین، لە کلدان و ئاشوور و سریان، کەلێرە لەگەڵمان بەشدارن، ئەو مەوزوعە لەم هەفتەو یەك دوو هەفتەی داهاتووەدا ئەوانیش یەکلای بکەنەوەو ڕەئی خۆیان بەوزوحی بنووسن وئیمزای بکەن، وەکو لایەنە سیاسیەکان، بینێرن بۆ لیژنەی دەستووری بۆ ئەوەی بەهەندی وەربگرن، چونکە ئێمە لەسەرکردایەتی سیاسی، لە ئەنجومەنی سیاسی ناتوانین بڕیار بدەین لەسەر ئەو مەوزوعە، خۆیان نوێنەری نەتەوەکان ئەو ڕەئیە قبوڵ دەکەن، ئێمە ئەو ڕەئیە پەسەند

دەکەین، ئینجا ئەو ڕەئیەی دەستوور، مەوزوعی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروەها چەندین پرۆژەی تر پاراستنی ماف بەکاربەر، قەدەغە کردنی ئیحتیکار، پەیڕەوی ناوخۆ، توندوتیژی بەرامبەر بەژنان، چەندین پرۆژەی ترمان لەپێشە، کە پێویست ئەکات ئێمە بەهەندی وەربگرین، وەختی بۆ تەرخان بکەین، جگە لەوەش لەهەمووی گرنگتر هەڵبژاردنی داهاتوومان پێویستە لەمانگی شەشدا لە ٦/٤ و لەو دەورووبەرە بکرێت، پێشتر ئێمە باسمان کرد، ڕەئیەکمان گەڵاڵە کرد وتمان ٥/١٩ یەکەمجار هەڵبژاردنی کوردستان کراوە، ئەگەر بۆمان بکرێت لە ٥/١٩دا هەڵبژاردن بکەینەوە، کەواتە ئێمە لەخولی داهاتوومان مانگی (٣و٤و٥) مان لە پێشە، کە ئەمەش زۆر کەمە، خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن پێویست ئەکات بەیاسای هەڵبژاردندا بچینەوە، پێویست ئەکات لەو ماوەیەدا دەستوور تەواو بکەین، پێویستە لەو فەترەیەدا ئەو یاسایانەی کە گرنگە تەواوی بکەین، پێویست ئەکات بەدواداچوون بکەین بۆ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم هی سێ وەزارەتەکە، وەکو عەرزمان کرد، ئەمانە هەمووی ڕەئیەك هاتووەتە پێشەوە، ئەو ڕەئیەش ئەوەیە ئێمە ئێستاکە پشووی پەرلەمانمان دوو مانگە، ئەو لیژنانەش پێویستیان بە کار هەیە بۆ تەواو کردنی ڕاپۆرتەکانیان، بۆ ڕەئیەك لەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەڵێت، پشووەکە کەم بکەینەوە بیکەین بەیەك مانگ، لە ١/١ تا ٢/١ لەجیاتی ٣/١ لە ٢/١ دەست بەکارمان بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو مانگە سوودی لێ وەربگرین بەتایبەتیش ئەگەر بیخەینە مانگی ٣ هەفتەی یەکەمی دەڕوات، ئینجا لەمانگی ٣ ئەو هەموو عوتلەیە هەیە، مانگی ٣کەش بەنیوە چڵی تەواو ئەبێت، من ئەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەخەمە بەردەمی ئێوە بۆ کەم کردنەوەی پشووی پەرلەمان، لە دوو مانگەوە بۆ یەك مانگ، یەعنی پشووەکە لە ١/١ تا ١/٣١ کۆتایی پێ بێت، لە ٢/١ دەست بەکار بین، لە هەفتەی یەکەمی مانگی دوو دانیشتنەکانمان دەست پێدەکەینەوە، ئەگەر کەس ئیعتزازی نیە، دەیخەمە دەنگەوە؟، کێ ئیعترازی هەیە؟، باشە با دوو کەس لەوانەی کە موعتەریزن قسە بکەن، ئێمەش قسەی خۆمان کرد، نازناز خان وکاك غفور ومام خورشید ئەو سێ کەسە قسە بکەن، دوایش دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕەخنەیەکی زۆر کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وخۆمان دەکەین، کە لەو کاتانەی کە پێویستە ئیش بکەین و دابنیشین، بەداخەوە وەکو پێویست ئیش ناکەین، ئەمەش حەزناکەم لەوەشەوە بڵێن جارێکی تر لەلایەن ئێوەوە بڵێن ڕەخنەمان هەیە و تەعلیقم لێ بدەن لەسەر ئەو قسەیە، ئەوە ڕەئی خۆمەو دانیمەنیش وام وتووە، ئێمە لە (٨ تا ١٢)ی مانگ جەژنی قوربان بوو، لە (١٣)ی مانگ تا ئەمڕۆ کە ١٢/٣٠یە یەك دانیشتنی بەبەرهەممان نەکردووە، یەك دانیشتنمان کرد کە ئەویش تەئجیل بوو، کەوابوو هیچمان

بەهیچ نەکرد، ئەوە ڕەخنەی یەکەممە لە ئەدائی ئیشی خۆمان، کە لەوکاتەی کە پێویستەو مولزەمە ئیمە هەفتانە بەلای کەمی جەلسەیەك بکەین، جەنابت دوو هەفتەیە لە بەریتانیا هاتوویتەوە، ڕاپۆرتتان هەمووی خوێندەوە بەووردی لە بەریتانیا هەفتەی دوو ڕۆژ دادەنیشن، لە ئیرلەندای باکوریش، هەروەها هەموو هەفتەیەکیش یەکجار وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش دێن لەپەرلەمان دادەنیشن، بۆ ئەوەی گوێ لەپرسیارەکان وئەو ڕووداوانەی کە هەنووکەییە، گوێی لێ بگرن.

بیرکردن و ڕەئی بگۆڕنەوە، ئێمە هیچی لەوانە ناکەین، ئەوە یەك، ڕەخنە لە هەموومان، دووەمین: سێ ساڵە بە نامەی ڕەسمی بە وتار لێرە داوامان کردووە پەیڕەوی ناوخۆ بگۆڕدرێ، ناگۆڕدرێ و ناخرێتە ناو بەرنامەی کار، ئەم فەتح کردنی پشووانەی بە تایبەتی هی زستان زۆر جار بۆ ئێمە هاتووتە پێش و زۆر بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی ئێمە لێرە زۆر جار بە سەعات قسەی لەسەر دەکەین و پەیڕەوی ناوەخۆ ئێمە تەعدیلمان دەکرد و یەکێك لە داواکاریەکانی ئێمە بوو، ئەصڵەن من دژی تەعتیلی ناوەڕاستی زستانم، مانگی یەك و دوو یەکێکە لە مانگە پڕە ئیشترینی مانگەکانی ساڵ، ناکرێ بەراستی هەر ئێمە ئەو دوو مانگە عوتلەمان هەبێ، عوتلە تەعویز کراوەتەوە بەو ١٥ ڕۆژەی کە ئەندام پەرلەمان لە هەر خولێك دەتوانێ بۆخۆی وەربگرێت، بۆیە من داوای دەکەم بەر لەو هەموو دانیشتنانە زۆر جار بە زیادەوە هەر وەکو ئەو مەسەلەی یەکگرتنەوەی سێ وەزارەتەکە و یەکگرتنەوەیان و ئەوە بەراستی لەو دەورەی خۆمان، ئەویش گۆڕینی پەیڕەوی ناوەخۆیە، ئەو هەموو عوتلەیە چوار مانگ عوتلە بۆ ئەندامی پەرلەمان گەلێك زۆرە، بۆ پەرلەمان گەلێك زۆرە بەراستی، نەك ئێمە بین و یان خەڵکێکی تر بێنە ئێرە، ئەو وڵاتە پڕە لە کێشە، پڕە لە ئیش، مەفروزە ئێمە ئیش بکەین، بەڵام هەموو کاتێکیش هەر کەسێك نەساغ بوو، پێویستی بە ئیسراحەت بووبێ، بەراستی لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئیجازەی وەرگرتووە و ڕۆیشتووە، بەدوای ئیشەکانی خۆشی ڕۆیشتووە و کەس ئیشی مەعتەل نەبووە لێرە، بۆیە من دژی ئەو عوتلەیەم بە هیچ شێوەیەك وەختی عوتلە نیە، ئیش زۆرە، بۆیە دەبێ بمێنێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە تۆزێك جیدی تر ئیش بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفوور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە تێبینی دەکەین بەراستی لە ئەوەی ئەو چوار مانگەی کە دەبێ ئیش بکەین ئیشەکان بە کەمی دەکەین، وەرە تێبینی بکە، ئەو چوار مانگە ٢٤ دانیشتنمان کردیە، لە چوار مانگ ٢٤ دانیشتن کراوە لە

پەرلەمانی کوردستان، کەواتە ئێمە وەکو پێویست ئیشمان نەکردووە، ئەوە یەک، دوو: من بەراستی لەگەڵ ئەوەدا نیم لە عوتلەکە بڕوات، هەر کاتێك پەرلەمانی کوردستان پێویستی بەوەدابوو و زروف هاتە پێشەوە، دەکرێ بانگێشتی پەرلەمانتاران بکات و دانیشتن بکات، بۆیە ئێمە پێشتر کاتیشمان درێژ کردووتەوە، بەڵام ئیلتیزامەکە نەکراوە و دوو جەلسە، سێ جەلسە کراوە، جا ئێستاش ئەگەر مەسەلەی دەستووری کوردستان لە پێش بێت، من باوەر دەکەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ کارێکی وا نیشتمانی شەویش بێ دەوام بکەن، ئەگەر مەسەلەی دەستوور بێت، بەڵام بەداخەوە مەسەلەی دەستوور زۆر زۆر دوا کەوت، مەسەلەی پەیڕەوی ناوەخۆ زۆر زۆر دوا کەوت، یەعنی ئێمە زۆر جار خەڵك گازاندەمان لێ دەکات، دەڵێن باشە پەرلەمانی کوردستان کە نەتوانێ پەیرەوی ناوەخۆی خۆی تەعدیل بکات و کاری ناوەخۆی خۆی رێك نەخات، ئەی چۆن ئیش و کاری کۆمەڵگای رێك دەخات؟، یەعنی بەراستی یەك لە زەرووریات بوو کە ئێمە پەیڕەوی ناوەخۆی خۆمان رێك بخستبا، نەمان کرد، ئەگەر بۆ ئەوەیە مەسەلەی دەستوورە، من لەگەڵدام، ئەگەر بۆ شتی تریشە، بەراستی من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە لە عوتلەکە بڕواتن، من داوای پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر کاتێك پێویستی کرد، ئێمە جەلسات ئیستیسنائی بکەین، زۆر زۆر شتێکی ئاساییە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی کاك غەفور دەکەم، ئێمە لە ٩/١ عوتلە تەواو بووە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بە پێی بەرنامەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادە دەبن بۆ ئەو کۆبوونەوانە کە داوا کرانە، ئێمە لە خیلالی ئەو چوار مانگەی چ موبەریرێك نەبووە کە کارەکانمان وەکو پێویست نەکەین و دەوامەکانمان وەکو پێویست نەکەین، ئەندامانی پەرلەمان موقەصیر نەبووینە کە لە دانیشتن بەشدار نەبن، لەبەر ئەوەی خۆمان وەکو پەرلەمان و وەکو هەیئەی ریئاسە زیاتر رەخنەی لێ دەگیرێ، چونکە بەهەر هۆیەك بێت کۆبوونەوەکان زۆر کەم کراوە و ئەو وەعدەی ئەو تەقریرەی کە جەنابت لە ئیفتیتاحی جەلسەی حەفتەی رابوردوو خوێندتەوە، دەنا وا بزانم یەك قانونمان تەنفیز کردووە، موناقەشەمان کردیە و باقی ئەوانی ترمان موناقەشە نەکردووە، کە وەکیلی نائیبی رەئیس وزەرا لێرە بوو، لەبەر ئەوە من تەئیدی کاك غەفور دەکەم، لە هەموو دونیا عوتڵە هەیە، ئێمە دەبینە شاز، لە هەموو دونیا عوتڵە هەیە، کورد نابێ عوتلەی هەبێ، عوتلەکە هەبێ، بەڵام وەکو باس کرا ئەگەر جەلسەی ئیستیسنائی بۆ دەستوور بیت یان بۆ نیزامی

داخیلی بیت یان هەر چ شتێکی زەرووری بیت، پەرلەمان دەتوانێ داوای ئەندامانی پەرلەمان بکات و بۆ کۆبوونەوەی ئیستیسنائی بەشدار بیت، بەلام بریار نەدرێ کە عوتلە کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک طارق فەرموو.

**بەرێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گلەییەك لە سەرۆکایەتی بکەین،هیچ رۆژێکی کۆبوونەوە ئێمە ئەو سەعاتەی کە بۆی دانراوە ناچینە پەرلەمان، ئەو گلەییەمان هەیە بەراستی، میوانەکان دوا بخرێت دوای کۆبوونەوە، یان رۆژێکی تر بێت،چونکە بەراستی دووبارە بوونەوەی ئەوە ئەندامان هەندێك جار دێن دووسەعات ئینتیزار دەکەن، سەعاتێك ئینتیزار دەکەن، ئەوە گلەییەکە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێم خۆشە کەم بکرێتەوە میوانداری، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمیش، ئێمە لیژنەی قانونی وەك نازناز خان باسی کرد ئێمە عوطلەمان نیە، ئەگەر بێتو سەفەرێکمان نەبێت ئێمە بەردەوام لە پەرلەمانین، بەلأم بەداخەوە جیاوازی نیە ئەوەی دەوام دەکات و ئەوەی دەوام ناکات، ئەو لیژنەی کاری کردووە و کاری نەکردووە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ئێمە لێرە پێویستە ئەو پرۆژە، پرۆژەی دەستوورە، پرۆژەی هەموار کردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان پێویستە بخرێتە پێش هەمووان، چونکە هەم بۆ پەیرەوی ناوخۆ، هەم بۆ دەستوور دەست دەدات،من پێشم باشە کەوا کاتی پێویست بوو، سەرۆکایەتی بانگهێشت بکات نەك ئەو عوتلەیە، چونکە ئێمە من کە لیژنەی یاسایی کە بەردەوام دەوام دەکەین، بەلأم ئەندامان رۆژێك پێویست بوو بانگهێشت بکرێت چەندی خایاند ئەوان ئامادەن بوون.

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، منیش تەبعەن، رەئیەك هەیە کاك کریم فەرموو.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وێرایی پشتگیری لە رەخنەکانی خوشك و برایان، بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لە دواین وەرزی یاسا دانانین، ماوەکە زۆر کەمە ماوە، بۆیە ئەگەر پەیرەوی ناوخۆ رێگەی بدابایە ئێمە دەبوایە نەك هەر مانگی دوو، یەعنی تەمدید کەینەوە دەبوایە هەردوو مانگەکانمان تەمدید کردایە، بەراستی من لەگەڵ ئەوەدام، بۆئەوەی ئێمە پێراناگەین و فریای ئەوە ناکەوین ئەو هەموو پرۆژانەی کە ئێستا لەبەر دەستدایە،

ئێمە خاوەنیەتی تەواوی نەکەین، کە زۆر زەروورەو ملیحیشە، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دام یەك مانگ تەمدید بکرێت، لە ٢٠٠٩/٢/١ ئێمە دەست بە خولەکە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعەك هەیە، چەندین جار لێرە روونمان کردۆتەوە، بەلاَم کە رەخنە دەگیرێت جارێکی تر تیکرار دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکەن، جارێ پشوی پەرلەمان، ئێمە دامان نەناوە پەیڕەوی ناوخۆ لەسەرەتا لە ١٩٩٢ کە دامەزرا دانراوە، دنیا هەموو پەرلەمانانی دنیا ئەو پشووەی هەیە، پشووی زستانی هەیە، پشووی هاوینی هەیە، ئەگەر بتانەوێت بیگۆڕن پەیڕەوی ناوخۆ کە مناقەشە دەکەن بیگۆڕن، ئەو کات رەخنە نەلە خۆتان و نە لە سەرۆکایەتی مەگرن لەسەر ئەوە، ئەوە یەك، دووەم، پشوو بەهەڵە تێگەیشتوون زۆربەتان، پشوو ئەوە نیە پشووی ماموستایان بێت و هاوین ناچێتە قوتابخانە، دانیشتن و کۆبوونەوە ناکرێت، جگە لەوەش فەرقی لە کاتی پشوودا دەبێت، ئەگەر سەفەرێکت کرد دەبێت سەرۆکایەتی موافەقەت بۆ بکات، لەکاتی پشوودا بەس ئاگاداری ئەنجومەن دەکرێتەوە عنوانی خۆشت بەجێدەهێڵی بۆ ئەوەی ئەگەر دانیشتنێکی نائاسایی کرا ئاگادار بکرێیت و بێیەوە، پشوو ینە بچی لەماڵ ئیسراحەت بکەیت و پێت وابێت عوتلەتە هەتا دوو مانگی تر نایەیتەوە، جگە لەوەش لیژنەکانی پەیوەندیدارلە پشوودا ئیشی خۆیان دەکەن، پشووی پێشو لیژنەی یاسایی لیژنەکانی تر، هیچ رۆژێك نەبووە وەکو سەرۆکایەتی دەوام نەکات، سەرۆکایەتی هەر پشووی نیە، هیچ پشوویەکی نیە لەهەموو کاتێك هەرلێرە بووە، دەوامیشی کردووە ئەگەر بە ئیشێك رۆیشتبێت ئەویش بە ئاگاداری کردن، ئەوە حەز دەکەم روون بێت، دووەمینیش، خاتوو نازناز ئاماژەی بە سەردانی وەفدی کرد بۆ بەریتانیاو ئەوانە، سەردانەکە رێگای نەگرتووە کە دایشتن نەبێت، بە دەلیلی ئەوە پاش سەردانەکە دانیشتنێکتان کردووە و یاسایەکیشتان پەسەند کردووە، کەواتە ئەوە حجەت نیە بڵێی ١٠ رۆژت پێچووە لە لەندەن و ئەوانە رێگەی نەگرت، ئەوەی رێگە دەگرێت بۆئەوەی کە دانیشتن نەکرێت، راپۆرتی لیژنەکانە، کە راپۆرتی لیژنەکان ئامادە نەبێت دانیشتن بکەین تەنیا بۆ گفتوگۆ کردن قسە کردن نیە، پرۆژە حازر بێت لە هیچ وەختێك نەبووە ئەوە کاك فرسەت لێرەیە، کاك عەونی و کاك شێروان راپۆرتی لیژنەکان حازر بووبێت و ئێمە سەرۆکایەتی دوامان خستبێت، بە نیسبەت هینەکەی کاك طارق راستە، وتمان هەندێك جار دوا دەکەوێت، بەلاَم باوەڕتان هەبێت عەلەقەل ئەوساڵی رابردوو، چونکە ئەوە رەخنەی پاریش کرا، دواکەوتنەکە لە ٩٠٪ بە هۆی میوانەوە نیە، بەهۆی ئەوەیە پەیوەندی بە کار نامەی ئەو رۆژمانەوە هەیە، ئێمە ئەمرۆ بۆ نموونە دواکەوتین لەبەر ئەوەی پێویست بوو لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان راوێژبکەین باس بکەین لەسەر ئەو پێش هاتانەی لەسەر مەوزوعی فەلەستین، لەسەر فرۆکەوانێك هەڵاتووە، لەسەر مەوزوعی پشووە، لەسەر

مەوزوعی وەزارەتەکەیە، دەبوایە بیرو را ئاڵوگۆر بکەین، بۆئەوەی رەئیـەکمان هـەبێت بـە نیـزام بێینـە نـاو قاعەکە نەوەکو پەنجا کەس قسە بکات، بۆیە دواکەوتین، ئەگینا میوان لەپارەکەوە کە ئەو رەخنەیـە گیراوە رەچاوی ئەوەمان کردووە، ئەوەندەی بۆمان بکرێت دواکەوتنەکەمان بەهۆی میوانەوە نیە، ئەوە حەزم کـرد ئاگادارتان بکەمەوە، کاك رۆمیـۆ هـەکاری دەڵێت، دەمانـەوێت لـە بـەڕێزتان بۆچـی ئەنـدامی گـەلی کلدان و سـریان لـە وەفدەکـەی پەرلـەمان بـۆ دەوڵـەتی بـەریتانیاو ئێرلەنـدا لەگـەڵتان نـەبوو، ئەگەرچـی چـەندین جـاریش باسـم کـردووە و خۆشـی دەزانێـت وەفدەکـە کـە تەشـکیل کـرا گەلاوێـژ خـانی تێـدابوو، ئەنـدامی وەفدەکەبوو بە رەسمـی، چونکە ناردمانەتـە دەرەوەی بـەریتانیا جارێکی تـر نـاوی ئەویـشی تێـدابوو، پـاش ناردنی بەهەفتەیەك انشاءالله تەندروستی باشە نەخۆش کەوت نەخۆشـیەکەی مەترسـیدار بـوو، ئێمـە لێـرە هاوکاریمـان کـرد، بەپەلـە نێـردرا بـۆ تورکیـا، کـە نێـردرا بـۆ تورکیـا، ئێمـە ئـەوەمان بـەوزارەتی خـارجی ئاگادارکرد وەفدەکەمان تێیدا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا (جانیـت خـان) کـە لـە کاروبـاری ئەنجومـەنی پەرلـەمان ئیش دەکات، وەکو ئەندامی وەفدەکە داخیلمان کرد لەگەڵمان بێـت، ناوی ئەومان خستە ناو بۆئەوەی ژنیشە بۆ جێگەی گەلاوێژ خان ، بۆئەوەمی لەهەمان کاتدا نوێنەری کلدان و سریان و ئاشووری ئەنـدام پەرلـەمان نیە، ئەندام پەرلەمان نیە بەپەلە پەل ناومان خستەناوی ئەویش بێشەنسی ئەو بـۆ ئوردن ڤیـزەی ئـەو لـە ئوردن گوتیان ئەوە بەناوی یەکێکی تر دەچێت ڤیزەیان نەدایێ، یەعنی هۆیەکە ئەوە نـەبوو، خۆشـت بـاش دەزانی ئەوانەش بە مەبەستم بوو، بۆ پێکهاتەی وەفدەکە وەکو پێکهاتەی هەموو لایەك بێـت، وەتـەعبیر لـە پێکهاتەکەی پەرلەمان بکات، لەوەش گرنگ تر ئێمە نوێنەری ئێوەین ئێوەش نوێنەری ئێمەن زۆر جێگا تـۆ چـووی و بـەناوی داهـاتووی هـەموو پەرلـەمان کـە بەتـەنیاش بیـت ممکنـە، یـەعنی هەرکەسـێك دەتوانێـت نوێنەری پەرلەمان بێت، ئێوە دەڵێن کە هیچمان نەکردووە، باشە ئەی ئەگەرلە چوار مانگی ڕابـردوو، ئـەوە چوار مانگ تەواو دەکـەین سبەی، ٢٣ قانونمـان چۆن دەرکـردووە، مـن هـەر ئەوەنـدە پرسـیار دەکـەم، ئـەی ئەگەر هیچمان نەکردبێت ٢٣ قانون کێ دەری کردووە؟، یەعنی خۆ بە ئەوە دەرنایینی، ٢٣ قانون لـە خـلالی چوار مانگ تەبیعیە، بەلام ٢٠٠٧ ڕاستە لە هەموو ساڵەکانی پێشتر کارێکی زۆر کرابـوو قـانوون لەگـەڵ ٢٠٠٧ کەمترە، بەهەر حاڵ دوو رەئی هەیە، رەئیەك ئی سەرۆکایەتیە، رەئیەکەی ترتەنیا نازناز خان دەڵێت پشوو نەبێ کەسی تر گوتی پشوونەبێ هیچ، کەواتە نازناز خان یـەك رەئـی هەیـە، یـەکێکیان رەئیـەکی تـر هەیـە دەڵێت، پشوەکە وەکو خۆی بێت، لەلام دانیشتنی نائاسایی هەبێت، عەفو ئەوە لەگەڵ ئـەوە موفتـەرەح نیـە، لەبەر ئەوە ئسولی تەبیعی هەروایە،لەبەر ئەوە موفتەرەحەکەی خۆمان کە ئاماژەم پێی کـرد، ئەگـەر نـەبوو ئەوی تر تەبیعیە، یەعنی پێویست ناکات بەو موفتەرەحە، موفتەرەحی خۆمـان ئەوەیـە پـسوەکە بیخەینـە مانگێك، لە ٢٠٠٩/١/١ دەست پێ بکات تا ٢٠٠٩/٢/١من ئەو موفتـەرەحەی سەرۆکایەتی دەخەمە دەنگـەوە، کێ

لەگەڵدایە پشووەکەمان کورت بکرێتەوە ببێتە مانگێك لە ٢٠٠٩/١/١ دەست پێ بکات تا ٢٠٠٩/١/٣١ دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەژمێرین ڕازی نی کاك حمە پشووەکە کورت بکرێتەوە؟ ٣١ کەس لەگەڵ ئەوەدایە کەپشووەکە کورت بکرێتەوە، سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پشووەکە کورت نەکرێتەوەو وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ئەویش دەژمێرین جا بۆ مەعلوماتتان کە وای لێهات خۆتان ئامادە بکەن دوو هەفتەی تر کۆبوونەوەی نائاسایمان هەیە،دەست پێدەکات پرۆژەی پارێزگاکان و دەستوور، عەمەلیەن ئیجازەکەتان دوو هەفتەیە، جارێ کۆتایم نەهێناوە تکایە، وەلامی د.شکریە ماوە، یەکەم جار کۆتایی بە دانیشتنەکە دێنم ئینجا وەلامی تۆ دەدەمەوە د.شکریە لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی کار نەبوو، کۆتایی بە خولەکەش دەهێنین و کۆتایی بە خولەکەش دەهێنین، تاوەکو کۆبوونەوەی نائاسایی انشاللە هەفتەی داهاتوو کە ١٠ ڕۆژی ترە، هەر کەسێك سەفەری کرد عینوانی خۆی بەجێ بهێڵێت و ئاگاداری کاك فرست بکاتەوە، چونکە من موتەئەکیدم لە ئەوە زوو دانیشتن دەکەین، ئەو هەفتەیە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ڕاپۆرتی هاوبەشیان تەواو بکەن بۆ پارێزگاکان، هی دەستووریش هەروەها ئومێد دەکەم زووتر تەواو بێت، بە نیسبەت وەلامی د.شکریە من لە تەسریحێك دا قسەم کردووەو باسی دانیشتنەکەم کردووە و لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لێیان پرسیم فعلەن لە زمنی قسەکانمان گوتی من چی بکەم و بۆ ئەوە ئیقتراحت چیە؟ گوتم پێشنیارم ئەوەیە سەردانی هەرێم بکەی، جەنابی سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێم چەندین جار سەردانی بەغدایان کردووە، گوتم تۆش وەرە بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لەو گفتوگۆیانە بۆ نەهێشتنی کۆسپەکان، گوتی باشە دێم پاش ئەوەی سەردانی تورکیا و ئێران، هاتنی بۆ حکومەتە بۆ پەرلەمان نیە، ئێمە دەعوەتمان نەکردووە، بەڵام ئەگەر بێتە پەرلەمان بەخێرهاتنی لێ دەکەین و پێشمان خۆشە، زۆر سوپاستان دەکەم، هەفتەیەك پشوویەکی باشتان دەبێت انشاللە.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق